د. محەممەد سوهەیل تەقوش

# عوسمانییەکان

## لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بە سەر خەلافەتدا



وەرگێڕانی

نەریمان خۆشناو

مستەفا سەید مینە




- ناوی کتێب: عوسمانییەکان- لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بە سەر خەلافەتدا
- نووسینی : د.محەمەد تەقوش
- وەرگێڕانی : نەریمان خۆشناو و مستەفا سەید مینە
- دیزاین و بەرگ : خەلیل هیدایەت مام شێخ ( 4924263 )
- تایپیست : خۆشناو عەزیز
- چاپ: دووەم
- شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەلاتی هەولێر
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 801)ی سالی 2009 ی پێ دراوە
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ (10000 ) هەزار دینار
- لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ژمارە (39)


- مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی ئاوێر

# ناوەروك


پێشەكی ♦ ........................................
بارودۆخی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی ♦ ........................................
قۆناغی دامەزراندن (1299 – 1512ز) ♦ ........................................
بەشی یەكەم : سوڵتانەكان : عوسمانییەكەم — ئۆرخان مورادی یەكەم ♦ ........................................
بەشی دووەم : بایەزیدی یەكەم - محەمەدی یەكەم و مورادی دووەم ♦ ........................................
بەشی سێیەم : هەردوو سوڵتان : محەمەدی دووەم و بایەزیدی دووەم ♦ ........................................
(ئۆرخان)(1326 -1360) ♦ ........................................
كارە ڕێكخستنەكانی(ئۆرخان) ♦ ........................................
دامەزراندنی سوپای ئینكشاری ♦ ........................................
پرۆسەكانی فراوانخوازی لە سەردەمی(ئۆرخان) ♦ ........................................
پرۆسەكانی فراوانخوازی لە ئاسیای بچووك ♦ ........................................
سەركەوتنەكانی (ئۆرخان) لە ئەوروپا ♦ ........................................
ڕێكخستنە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان ♦ ........................................
كۆچی دوایی ئۆرخان ♦ ........................................
موردادی یەكەم(1360 – 1389) زایینی ♦ ........................................
سەركەوتنەكانی موراد لە ئەوروپا ♦ ........................................







ڕزگاركردنی هەرێمی (تراقیا) ♦ ........................................
جەنگی كۆسۆڤۆ ♦ 1389 ........................................
سیستەمی دەرەبەگایەتی لە سەردەمی (موراد) ♦ ........................................
بەشی دووەم : سوڵتان : بایەزیدی یەكەم - محەمەدی یەكەم- مورادی دووەم ♦ ........................................
بایەزیدی یەكەم (1389 – 1403) ♦ ........................................
گەیشتنی بایەزید بە دەستەڵات ♦ ........................................
پەڵاویشتنی عوسمانییەكان لە ئاسیای بچووك ♦ ........................................
پەڵاویشتنی عوسمانییەكان لە ئەوروپادا — شەڕی نیقوپۆلیس 1396 ♦ ........................................
پێوەندیی نێوان بایەزید و تەیموور لەنگ ♦ ........................................
جەنگی ئەنقەرە 1402 ♦ ........................................
ئەنجامەكانی جەنگی ئەنقەرە ♦ ........................................
هۆیەكانی سەركەوتنی پەڵاویشتنی عوسمانییەكان لەسەدەی چواردەدا ♦ ........................................
محەمەد چەلەبی : محەمەدی یەكەم (1413 – 1421) ♦ ........................................
ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی ئەودا ♦ ........................................
بزووتنەوەی شێخ بەدرەددین ♦ ........................................
مردنی محەمەدی یەكەم ♦ ........................................
مورادی دووەم (1421 – 1451) ♦ ........................................
كارەكانی مورادی دووەم لە ئاسیا ♦ ........................................
فراوانبوونی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپا ♦ ........................................
جەنگی نیش 1443 ♦ ........................................
ڕزگاركردنەكانی ساڵەكانی 1431 – 1433 ♦ ........................................
جەنگی ناڤارین ♦ ........................................
ڕووداوە جیا جیاكان ♦ ........................................
بەشی سێیەم : ♦ ........................................
هەردوو سوڵتان :محەمەدی دووەم(فاتیح) و بایەزیدی دووەم ♦ ........................................

محەمەدی دووەم – فاتیح 1451 – 1481 ♦ ....................................
بارودۆخی سیاسی لە سەرەتای دەسەلاتیدا ♦ ....................................
سەرکەوتنی گەورە : ڕزگارکردنی قوستەنتینیە ♦ ....................................
دەرەنجامەکانی گرتنی قوستەنتینیە ♦ ....................................
ڕزگارکردنی وڵاتی سرب ♦ ....................................
ڕزگارکردنی مۆرە ♦ ....................................
ڕزگارکردنی ئەفلاق و بەغدان ♦ ....................................
ڕزگارکردنی بۆسنە و هەرسك ♦ ....................................
ڕزگارکردنی ئەلبانیا ♦ ....................................
ڕزگارکردنی ئەماستریس و سینوب و ترابزۆن ♦ ....................................
جەنگی هەرە گەورە لەگەڵ بوندقیەدا ♦ ....................................
1463 – 1479ز ♦ ....................................
ڕزگارکردنی وڵاتی قرم ♦ ....................................
ڕزگارکردنی باشووری ئیتاڵیا – گەمارۆی ڕۆدس ♦ ....................................
دەسکەوتە شارستانیەکانی سوڵتان محەمەد فاتیح ♦ ....................................
بایەخی دەستکەوتەکانی سوڵتان موحەممەدی فاتیح ♦ ....................................
بایەزیدی دووەم1481 – 1512 ز ♦ ....................................
ناکۆکی نێوان هەردووك برا : بایەزید و جەم ♦ ....................................
بارودۆخی سیاسی لەسەردەمی بایەزیدی دووەمدا ♦ ....................................
کێشەی ناوخۆ لەسەر دەستەلاٚت – دەست لە کارکێشانەوەی بایەزیدی دووەم ♦ ....................................
کەسایەتی سوڵتان بایەزیدی دووەم و کارەکانی ♦ ....................................
قۆناغی پەلهاوێشتن و بەهێزبوون**1512 – 1595** ز ♦ ....................................
بەشی چوارەم : سوڵتان سەلیمی یەکەم(**1512 – 1520** ز) ♦ ....................................
بارودۆخی سیاسی لەوکاتەوە کە سوڵتان سەلیم هاتە سەر تەخت ♦ ....................................
سیاسەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەمەڕ خۆرهەلاٚت ♦ ....................................







جەنگی عوسمانی و سەفەوی ♦ ....................................
دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێراندا ♦ ....................................
جەنگی چاڵدێران ♦ ....................................
سەرەنجامەکانی جەنگی چاڵدێران ♦ ....................................
ڕووداوە سەربازییەکانی دوای چاڵدێران ♦ ....................................
کشانی عوسمانی بەرەو وڵاتە عەرەبیەکان ♦ ....................................
(پێوەندیی عوسمانی و مەمالیکەکان) ♦ ....................................
جەنگی مەرجِ دابیق و، گرتنی وڵاتی شام (**1516**ز) ♦ ....................................
هۆی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە جەنگی مەرجِ دابیقدا ♦ ....................................
جەنگی ڕیدانیەوە و لکاندنی میسر (**1517**ز) ♦ ....................................
هۆیەکانی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە ڕیدانیەدا ♦ ....................................
ماوەی سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم لە هێنانەدی دەستەلاٚتە خۆرهەلاٚتیەکەیدا ♦ ....................................
گواستنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بۆ عوسمانییەکان ♦ ....................................
لکاندنی حیجاز ♦ ....................................
گەڕانەوەی سوڵتان سەلیم بۆ ئەدرنە ♦ ....................................
بەشی پێنجەم : سوڵتان سلێمانییەکەم ♦ ....................................
(سلێمان قانونی (**1520 – 1566**)ز) ♦ ....................................
یەکەم : پێوەندیی بە خۆرئاوای ئەوروپییەوە ♦ ....................................
بارودۆخی ئەوروپا لە سەرەتای سەردەمی سلێماندا ♦ ....................................
ڕزگارکردنی شاری بەلگراد (**1521**ز) ♦ ....................................
پێوەندیی عوسمانی و بوندوقی لە سەرەتای سەردەمی سلێماندا ♦ ....................................
گرنگترین ئەو بەندانە کە لە (**30**) بەند پێك دەهاتن بەم شێوەیە بوون ♦ ....................................
ڕزگارکردنی دوورگەی ڕودس (**1522**ز) ♦ ....................................
پێوەندیی سوڵتان سلێمان بە فڕەنسۆی یەکەمەوە ♦ ....................................
جەنگی موهاکس (**1526**ز) ♦ ....................................

ئەنجامەکانی جەنگی موهاکس ♦
تێشکانی عوسمانییەکان لە بەردەم ڤییەننادا ♦
پەیماننامەی ساڵی (**1535**ز) لەگەڵ فەڕەنسادا ♦
ئاکامەکانی ئەوکاتەی پەیماننامەکەی عوسمانی و فەڕەنسی ♦
بەردەوامبوونی ململانێ لەگەڵ نەمسادا ♦
هاریکاریی عوسمانی و فەڕەنسا لە ساڵی (**1553**ز)دا ♦
پەشێویی لە وڵاتی مەجەڕدا ♦
گەمارۆی دوورگەی ماڵتا ♦
گرتنی سیجتوار ♦
بەشی شەشەم : سوڵتان سلێمانییەکەم : قانونی (**1520 – 1566**)ز ♦
پێوەندیی بە خۆرهەڵاتی ئیسلامی و باکووری ئەفریقیاوە ♦
(بێ سەرە و بەرەیی لە وڵاتی شام دا لە سەرەتاکانی سەردەمی سلێماندا) ♦
ئاوڕدانەوە لە خۆرهەڵات :چوونی عوسمانیان بۆ نێو تەورێز ♦
لکاندنی عێراق (1534ز) ♦
پێوەندی یەکانی عوسمانی و سەفەوی لە کۆتاییەکانی سەردەمی سلێمانییەکەمدا ♦
کێشە لە بارەی باکووری ئەفریقیاوە ♦
(لکاندنی جەزائیر بە دەوڵەتی عوسمانیەوە ♦
کێشە لەسەر تونس ♦
تەڕابلوسی خۆرئاوا لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا ♦
لکاندنییەمەن بەدەوڵەتی عوسمانیەوە ♦
کەسێتی سوڵتان سلێمانییەکەم ♦
بەشی حەوتەم : هەردوو سوڵتان :سەلیمی دووەم و مورادی سێیەم ♦
سەلیمی دووەم : 1566 - 1574 ز ♦
بارودۆخی سیاسی بەگشتی لەسەردەمی سەلیمی دووەمدا ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی – فەڕەنسا : ڕێککەوتن نامەی 1569 ز ♦





هێرشی ئستراخان ♦
تێکچوونی وڵاتی یەمەن ♦
ڕزگا کردنی دوورگەی قوبرس 1570ز ♦
شەڕی لیبانت و دەرئەنجامەکانی 1571ز ♦
مورادی سێیەم 1574 – 1595 ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی —— فەڕەنسی لە سەردەمی مورادی سێهەمدا ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی – سەفەوی ♦
شۆڕشی ئینکشاریەکان ♦
سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان ♦
قۆناغی لاوازی و لێکهەڵوەشان ♦
تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانی و گەڕانەوەی بەرەو دوا لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا ♦
بەشی هەشتەم : بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا ♦
شۆڕشەکانی ئینکشاری ♦
ئینکشاری پێش سەدەی حەڤدەو هەژدە ♦
هێزی ئینکشاری لەنێوان سەدەی حەڤدە و هەژدەدا ♦
چاکسازییەکانی ناوخۆ ♦
چاکسازییەکانی سوڵتان سەلیمی سێهەم : ♦
بەردەوامبونی ناکۆکی دەربارەی یاسای تازە ♦
تێکچوونی بارو دۆخی بەلقان ♦
بەشی نۆیەم :پەیوندیەکانی عوسمانی – سەفەوی ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی – نەمساو مەجەر ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی سەفەوی لەسەدەی حەڤدەدا ♦
پەیوەندی عوسمانی و سەفەوی لەسەدەی هەژدەدا ♦
سەفەوییەکان لە نێوان عوسمانی و ڕووسەکاندا ♦
پەیوەندییەکانی عوسمانی و نەمساوی و مەجەری لەسەدەی حەڤدەو هەژدەدا ♦

پەیمانی زیتفا تورك ♦ ..........
شەڕی سان جوتار 1664 ♦ ..........
جەنگی ڤییەننا 1683 ♦ ..........
هۆیەکانی سەرنەکەوتنی هێرشەك ♦ ه..........
پەیمانی کارلوڤیتر 1699 ♦ ..........
پەیمانی پسارڤیتز (1718) ♦ ..........
پەیمانی زشتوی 1790 ♦ ..........
بەشی دەیەم : پەیوەندییەکانی عوسمانی و ڕوسیا ♦ ..........
پەیمانی فلکزن 1711 ♦ ..........
پەیمانی ئەدرنە 1713 ♦ ..........
پەیمانی بەلگراد 1739 ..........
دەستپێکردنەوەی کێشە لەگەڵ ڕوسیا لە سەردەمی سوڵتان مستەفای سێیەم ♦ ..........
پەراوێزەکانی پەیمانی کوچك قینارچی – پەیمانی یاش 1792 ♦ ..........
بەشی یازدەهەم : پەیوەندییەکانی عوسمانی – فەرەنسی ♦ ..........
پەیوەندییەکانی عوسمانی – پولەندی ♦ ..........
پەیوەندییەکانی عوسمانی – فەرەنسی ♦ ..........
پەیوەندییە سیاسیەکان لە سەدەی هەڤدەهەمدا ♦ ..........
پەیوەندییە سیاسییەکان لەسەدەی هەژدەدا ♦ ..........
گەیشتنی فەرەنساییەکان بۆ میسر ♦ ..........
جەنگ لە وڵاتی شامدا ♦ ..........
دەرچوونی فەرەنسییەکان لە میسر ♦ ..........
پەیوەندی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی دوای دەرچوونی فەرەنسا لە میسر ♦ .
پەیوەندییەکانی عوسمانی وپۆڵەندی ♦ ..........
سەردەمی چاکسازی و گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوە لەسەدەی نۆزدەدا ... ساڵی 1876 ♦
بەشی دوازدەهەم : سوڵتان مەحموودی دووەم 1808 – 1839 ♦ ..........





هەوڵەکانی چاکسازی ♦ ..........
چاکسازیە مەدەنیەکان ♦ ..........
بزووتنەوە جوداخوازەکان ♦ ..........
شۆڕشی یۆنان ♦ ..........
قۆناغی یەکەم ♦ ..........
قۆناغی دووەم ♦ ..........
قۆناغی سێیەم ♦ ..........
جەنگی محەمەدعەلی لەگەڵ وەهابییەکان ♦ ..........
جەنگەکانی شام ♦ ..........
خۆتێگەیاندنی وڵاتانی ئەورووپی – ڕێککەوتننامەی کوتاهیە ♦ ..........
لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا : پەیمانی خونکار ئەسکلەسی (**1833**ز) ♦ ..........
داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەڕەنساوە ساڵی (**1830**ز) ♦ ..........
بەشی سێزدەهەم : سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم **1839 – 1861** ز ♦ ..........
شەڕەکانی شام ♦ ..........
پەیماننامەی لەندەن (**1840**ز) ♦ ..........
تا چەند جێ بەجێکردنی پەیماننامەی لەندەن سەرکەوتووبوو و..........
ڕێککەوتننامەی (دەربەندان) **1841**ز ♦ ..........
دووبارە ڕێکخستنەوەی وڵاتی شام ♦ ..........
دۆسیەی لوبنان ♦ ..........
گەڕانەوەی نائارامی بۆ وڵاتی شام ♦ ..........
کێشەی لوبنان ♦ ..........
جەنگی قرم ♦ ..........
هۆیەکانی جەنگی قرم ♦ ..........
هۆکاری سیاسی ♦ ..........
هۆی ئایینی ♦ ..........

هۆکاری ئابووری ♦ ........................................................
هۆکاری کەسی ♦ ..........................................................
قۆناغی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی – رووسی ♦ ......................
کاری منتشیکۆڤ لە ئەستەنبوڵ ♦ ...................................................
کاردانەوەی ڕووسیا ♦ .......................................................
داگیرکردنی ئەفلاق و بەغدان ♦ ..............................................
ڕووداوەکانی جەنگی قرم ♦ ................................................
بەرەی دانووب ♦ ..........................................................
بەرەی قرم ♦ .............................................................
ناوبژی کردنی نەمسا ♦ ....................................................
پەیماننامەی پاریس (1856ز) ♦ ..............................................
دەرەنجامەکانی جەنگی قرم ♦ .................................................
چاکسازی ناوخۆیی ♦ ........................................................
بڵاوکراوەی گوڵخانە ♦ .....................................................
بەشی چواردەهەم : هەردوو سوڵتان عەبدولعەزیز و مورادی پێنجەم ♦ ....................
عەبدولعەزیز (1861 – 1876ز) ♦ .............................................
چاکسازی لە سەردەمی ئەودا : ♦ ...............................................
نرخاندنی بزوتنەوەی چاکسازی عوسمانی تا کۆتایی سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز ♦ .....
کەوتنەوەی ئاڵۆزی لە بەلقان ♦ ................................................
سرپیا ♦ ..................................................................
بۆسنەو هەرسك ♦ ...........................................................
بولگاریا ♦ ...............................................................
شۆڕشی کریت ♦ ............................................................
لادانی سوڵتان عەبدولعەزیز ♦ ...............................................
سوڵتان مورادی پێنجەم (1876ز) ♦ ...........................................





ماوەی جێ بەجێ کردنی بیرۆکەی جامعەی ئیسلامی و مشروتییە. لە ♦ ...............
بەشی پانزەهەم :سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876 – 1909ز) ♦ ...........
یەکەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا ♦ .........................
دووەم : گرنگترین ئەو کێشە سیاسی یانەی ڕووبەڕووی سوڵتان عەبدولحەمیدی ♦ ........
سێیەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنییەکان ♦ ...........................
یەکەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا ♦ ........................
بەردەوام بوونی ئاڵۆزی لە بەلقان ♦ ............................................
شەڕی عوسمانی و روسی (1877ز) ♦ .........................................
پەیمانی سان ستیفانو (1878ز) ♦ ............................................
نرخاندنی پەیمانی سان ستیفانو ♦ ............................................
هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپی دەربارەی پەیمانی سان ستیفانو ♦ ........................
کۆنگرەی بەرلین (1878ز) ♦ .................................................
دووەم : گرنگترین ئەو کێشە سیاسیيانەی تووشی سوڵتان ♦ ..........................
داگیرکردنی قوبرس لەلایەن بەریتانیاوە ♦ .......................................
داگیرکردنی تونس لەلایەن فەرەنساوە (1881ز) ♦ ..............................
داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە (1882ز) ♦ .............................
لکاندنی روملل‌ی بە بولگارەوە ♦ ............................................
کێشەی یۆنان ♦ ...........................................................
کێشەی ئەرمەن ♦ ..........................................................
سەرەداوی ئەو کێشە سیاسییانەی کە ڕووبەڕوو سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ♦ ..........
سێهەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنییەکان ♦ ..............................
چوارەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و بزوتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی ♦ ..............
بزوتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی پێش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : ♦ ...
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پاڵپشتی لە بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی دەکات ♦ ........
پانتایی سەرکەوتنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی ♦ ...................................

پێنجەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی چاکسازی: ♦ ........................
چاکسازییە دەستوورییەکانی پێش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم: ♦ ..........
چاکسازییە دەستوورییەکان لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا: ♦ ............
ناوەڕۆکی دەستوورەکە ♦ ........................................................
پاڵنەرەکانی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ دەرکردنی دەستوور ♦ ...........................
دەستوور لەجێبەجێکردنی کرداریانەدا ♦ ..........................................
ژیانی سیاسی لەدوای لەکارخستنی دەستوور ♦ .....................................
قۆناغی دووەم: ♦ ................................................................
مەشروتیەتی دووەم و باری یاخی بوونی گشتیساڵی 1908ز: ♦ ........................
دژە بزاڤــ و ئەنجامەکانی – لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ♦ ..................
شەشەم: چاکسازییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەڕووی ڕێکخستنەوە ♦ ..........
فێرکردن ♦ .....................................................................
دادگا ♦ .......................................................................
هۆیەکانی گەیاندن ♦ ............................................................
هێڵە ئاسنینەکان ♦ ..............................................................
بروسکە ♦ ......................................................................
ماوەی بەرپابوونی شۆڕش و کۆتایی هێنان بە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی ♦ ..........
بەشی حەڤدەهەم : ..............................................................
سوڵتانەکان : محەمەد ڕەشاد – محەمەد وەحیدەدین و عەبدولمەجیدی دووەم. ♦ ..........
محەمەد ڕەشاد. محەمەدی پێنجەم : 1909 – 1918ز ♦ ..............................
داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتاڵیاوە ♦ ...........................................
جەنگەکانی بەلقان ♦ ............................................................
ئەنجامی جەنگەکانی بەلقان ♦ ....................................................
جەنگی جیهانییەکەم ♦ ...........................................................
محەمەد وەحیدە دین : محەمەدی شەشەم : 1918 – 1922ز ♦ ..........................





عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز : عەبدولمەجیدی دووەم : 1922 – 1924ز ♦ .....
بەشی هەژدەهەم ♦ ...............................................................
هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی ♦ .........................................
یەکەم: لەخۆبایی بوونی عوسمانییەکان و خۆ بەرزگرتنیان ♦ ...........................
دووەم : سوڵتانەکا ♦ ن............................................................
سێیەم نەریتی کوژرانی میرەکانی کوڕانی سوڵتانەکان ♦ ................................
چوارەم : سەدرە گەورەکان ♦ .......................................................
پێنجەم : ژنە خانمەکانی (حەریمی) سوڵتانی ♦ .....................................
شەشەم : خواجەکان (خەسیوەکان) ♦ ...............................................
حەوتەم: سیستەمی دەرەبەگایەتی و جەنگی و یاسای پابەند بوون ♦ ....................
هەشتەم : ئیمتیازەکانی بێگانە ♦ ...................................................
نۆیەم: نێردراوەکانی بەمەسیحی کردن ♦ ...........................................
سەرچاوەکان ♦ ..................................................................

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی بابەتیانە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی لە ڕووی سیاسییەوە دەدوێت. لەڕاستیشدا ڕووداوەکانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی ئاڵۆز و لێکئالاو و لە ڕووی سیاسیەوە فرەلایەنن، چونکە ئەوە مێژوویەکە چەند ڕووداوێك بۆماوەی پتر لە شەش سەدەی نێوان مێژووی نێوە ڕاست و مێژووی نوێ دەگرێتە خۆ، کەدەوڵەتێکی ئیسلامیی گەورەو بەربلاوی تێدا دروست بوو، کە چەندین ڕەگەزی جیاجیای کارلێککەری تێدابەشداربوون و، گەلێك پێکهاتەی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتیی و ڕژێمی کۆمەلایەتیی جۆراوجۆری بەخۆوە دیتووە.

دەوڵەتی عوسمانیش، هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە بۆ ئەوروپا گەورەترین ئاستەنگ بوو، چونکە لەپێشدا دژی مەترسیی خاچپەرستان، کەخەریکی سەرهەڵدانەوە لە بەرانبەر نیشتمانی موسڵمانانداا بوو، ڕاوەستاو، بەهێزترین وسەرکەوتوترین بەرهەڵستی بوو لە دژی ئەوروپا، کە لە ماوەی سەدەی پازدە و شازدەدا خەریکی پەلهاویشتن بەرەو ڕۆژهەلات بوو و، لەدوایشدا پێشی بە پرۆژەکانی ئیمپریالیزمی ئەورووپی و هەولەکانی زایۆنیی لە ولاتانی عەرەب و موسڵماناندا گرت و، کاتێك لاوازیش





بوو، ڕق بەڕقە(منافسە)ی نێودەوڵەتانی لەوشتەدا کە بە مەسەلەی ڕۆژهەلات ناسرا، وروژاند، ئەوروپییەکانیش بەردەوام دەوڵەتی عوسمانییان بە گەورەترین دوژمنی مەسیحیەت ومۆتکەی سەر سینگی ئەوروپا دەزانی، کە ڕێ لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی دەگرێت و، خالێکی ڕەشە بەنێوچاوانی بەها شارستانیەکانی ڕۆژئاواوە.

لە ڕاستیشدا خەلافەتی ئیسلامیی کەلەدەوڵەتی عوسمانیدا بەرجەستەدەبوو، ئەونیشانەگەورە بوو بەردەوام ئەوروپا سێرەی لێگرتبوو و، ئەوروپییەکان بەجۆرەها ئامرازو شێوازو ڕێباز، ژەهری ڕق وقینیان بەسەردادەڕشت تا لە نێوی بەرن، کەگرنگترینی ئەوئامرازو ڕێبازانە، داگیرکردنی ئایدۆلۆژی (الغز و الفکری) بوو، کە چەند مێژوو نووسێکی ڕۆژهەلات، کە لەلێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕووداواندا، پشتیان بەچەندبنەمایەکی دوور لەبابەتخوازیی دەبەست، پێی چەواشە بوون، سەرباری داگیرکردنی سەربازیی کەبەشێکی گرنگی مێژووەکەی پێکدێنێ.

لەبەرئەوە دەولەتی عوسمانیی کەوتە بەر چەندان شالاوی سەخت، کە بەڕواڵەت مەبەستیان بەگژداچوونی ستەم و گەندەڵ بوو، بەلام لەڕاستیدا نیازیان بەدناوکردن و زەبرلێدانی ئەودەولەتە بوو بۆئەوەی بە لێدابڕینی میللەتەکانی ژێردەسەلاتی، یەکێتیەکەی نەهێلن و لەنێوی بەرن.

جا دوو هێزی دژ بە ئیسلام، کە ئیمپریالیزمی ئەورووپی و زایۆنیزم بوون، ئەو شالاوانەیان ئەنجامدان، هێزی یەکەم، کاتێك ئەوروپییەکان ویستیان مێژووی ئەوانەی ڕۆژهەلات وناوەڕاستی ئەوروپایان داگیرکردو، دوژمنایەتی وناکۆکییەکی سەختیان لەگەڵدانانەوە، بتوێژنەوە، لەپەیمانگەکانی ڕۆژهەلاتناسیی و زانستگەکانی ئەوروپادا، دەستی بە بایەخدان بەمێژووی عوسمانییان لەسەدەی شازدەدا کرد. مێژووی عوسمانییان کرد، لە سیاسەتی دەوڵەتانی ئەوروپادا، کەئامانجی لێك هەلوەشاندنییەکیەتی دەولەتی عوسمانیی ولەنێوبردنی بوو، بوو بەشەریك و برابەش.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە، کتێبەکانی مێژوو و تەنانەت کتێبەکانی ئەدەب ولێکۆڵینەوە زانستیەکان و ئەوبەلگەنامانەی حکوومەتەکانی ئەوروپاش بلاویان کردنەوە، پڕکران لەباس و بابەتیوا کەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیان بەدیاردەیەکی مێژوویی فرە

خەوش لەقەڵەم دەدا و، لەبیری نەوە یەك لەدوای یەکەکاندا، بە هەموو ئاستە جیاجیاکانیەوە، چەند وێنەیەکی ڕەش ودزێوی دەوڵەتی عوسمانیی جێگیربوون و، ناویدەوڵەتی عوسمانیی لەدڵ وبیریاندا، هاوتای زۆرو ستەم ومەینەتی نێودڵ و دەرونیان بوو. ئەوە لە کاتێکدا ئیمپریالیزمی ئەوروپی و زایۆنیزم جاڕیان دەدا کە لە دنیایەکدا بە دادپەروەریی و یەکسانیی هەلادەنێت و تەتبیقیان دەکات، دەوڵەتی عوسمانیی بەئاڕاستەی هەڵە دەڕوات و، سەرەنجام چەند نووسەر و مێژوونووسێك، بەتایبەتیی لەنێوعارەبان پەیدابوون، کە بەنەزانیی، یان بەخۆ گێل کردن، خەریکی جووینەوە و کاوێژکردنی ئەو بیروڕا هەڵانە بوون.

هەڵبەت مێژوونووسان لەنووسینەکانیاندا بایەخێکی زۆریان بە دەوڵەتی عوسمانیی داوە، بەلام بەشی زۆریان، بەکاریگەریی دەرەکیی یان خۆیی سەرچاوەگرتوو لە ڕق وقینێکی شاراوە، بە خراپ باسیان کردووە، ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە دروشمی ئیسلامی هەلگرتبوو، بەلام بڕیاردانی لەوجۆرە، لەگەڵ ڕاستیەکانی کە لێکۆڵینەوەی بابەتیانە ڕوونیان دەکاتەوە لەگەڵ تێڕوانینی وردی پاشماوەی عوسمانییان لەشوێنەواری ماددیی وسیاسی و کۆمەلایەتیی کە ئەوە دەسەلمێنن ئەوانە جەنگاوەری دوور لە بەهای شارستانیی نەبوون، نایەتەوە. دیارە ئەو تێڕوانینە ڕەشبینە چووە نێو تورکیای نوێ کە لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانیی بنیات نرا تازۆر بەتوندیی هێرش بکاتە سەر ڕابردووی عوسمانیان، بەلام لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە، ئەوتێڕوانینە قیناوییەی مێژووی عوسمانیی ودەوڵەتی عوسمانیی، لە ئەوروپاو تورکیا وردەوردە گۆڕانی بەسەرداهات و، بەرەبەرە هەندێك هاوسەنگیی و بابەتخوازیی بەخۆوە گرت.

له ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ بنەما مێژووییەکانی عوسمانی کە لەپێش سەدەی بیستەمدا نووسراون، مۆڵەتی خوێندنەوەی بابەتیانەی مێژووی ئەو دەوڵەتەمان بۆ دەڕەخسێنێ کە گەلانی موسڵمانی بێ هەلاواردن لەڕەگەزو ڕەنگدا لەچوارچێوەی یەکسانیدا کۆکردونەوە و لەپیادەکردنی بنەڕەتەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا، بەیەك چاوتەماشای موسڵمانان وشوێنکەوتوانی ئاینەکانی دیکەی دەکردو، دەوڵەتی عوسمانیی تاقە ڕێکخستنی





ئیسلامی بوو لەسەدەکانی ناوەڕاست وتازەدا کە بەڕەسمیی دانی بە هەرسێك ئایینە ئاسمانیەکەدا هێناوە، پێکەوە ژیانێکی کۆك وتەبایی لەنێودا وەدیهێنان.

ڕاستە هەندێك قۆناغی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیی لە چەند سەردەمێکی لێك نزیك یان لێك دووردا، بەهۆی هەڵە و خوارو خێچی هەندێك سوڵتان وکاربەدەست، چەند هەڵەولاڕێ بوونێکی تێکەوت، بەلام سەرباری ئەو ڕاستییە، ئەم فەرمانڕەواییە هەر بەشێکە لە مێژووی جیهانی ئیسلام و، ناکرێ ئەو سەرکەوتن وسەرفرازییانەی بنیاتی نان، لەو بنەڕەتە ئیسلامییانەی کە بەدرێژایی سەدەکان فاکتەری وەدیهێنانی سەرکەوتنە سەربازیی و ژیارییەکانی بوون، جیابکرێنەوە.

ئەو هەڵبەست و بوختانە زۆرانەی بەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیی کراون، ئەوە ناگەیەنن کەبەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیی مرۆڤی نموونەیی و بێ هەڵەبوو ون، چونکە هەموو دەوڵەتێك لایەنی چاك وخراپی هەیە، بێگومان دەوڵەتی عوسمانیی بەناوی ئیسلامەوە چەندان سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنان و، هێزەکانی چەندەها ناوچەی فرەوانی لە باشووری ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئەورپا گرت و، گەیشتە(ڤیەننا)ی پایتەختی نەمسا، دیارە ئەو ناوچە پێشتر قەت نەکەوتبوونە ژێر دەسەلاتی هیچ کاربەدەستێکی موسڵمان و، دەورێکی گرنگیشیان لە بلاوکردنەوەی ئیسلام لەوهەرێمانەدا گێڕا.

حکوومەتەکانی ئەوروپاش لەپەلهاویشتنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە بەرەو ئەوان، تووشی دڵەڕاوکە و نیگەرانی بوون و لەترسان پاڵیان وێکدا و، لە چەند هەوڵێکیاندا کە پاپا بانگەشەی بۆ دەکردو چەندان دەوڵەتی ئەوروپیی بەشداریان تێداکرد، ویستیان ئەو مەترسییە لەخۆیان لادەن و، ئیدی هەرجارەی لایەك سەردەکەوت ولایەکی دیکە تێدەشکا، بەڕادەیەك ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانە دەرفەتی پشوودان و هەناسە هەڵکێشانیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەدەدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێ ئەو دەوڵەتە لە دوای هەڵەنگووتن، هەڵدەستایەوەو، هێزی خۆی بنیات دەنایەوەو، کاروانی سەرکەوتوانەی خۆی دەست پێدەکردەوە.

دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیی گەیشتە کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو، ئەو سەرکەوتنانەش لە سۆنگەی سوپاکەیەوەبوو، کە لەوپەڕی ئامادەیی و ورد ڕێکخستن

دابوو، له ئاسیادا لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی فارسدا، لەسەر کێشەی مەزهەبی، کەوتە دوژمنایەتیەکی سەخت و، لە هەرێمەکانی ئەرمینیای ڕۆژئاواو ولاّتی نێوان دوو زێ و تفلیس و دیاربەکرو هەموو ناوچەکانی باشوورو ڕیقەو فارسیش، سەرکەتنی گەورەی وەدەست هێناو بلاّوبۆوە. پاشان دەگەڵ هەرێمە عەرەبیە ئیسلامیەکانی ڕۆژهەلاّت وڕۆژئاوادا کەوتە شەڕو کێشەیەکی توندو، ولاّتی شام ومیسری گرت و، وەکو دەوڵەتێکی دەریای سووری لێهات و، چووە نێو حیجاز و هەندێك ناوچەی یەمەن و، فشاری پورتوگالی لەسەر ولاّتانی ئیسلامی، بەتایبەتی میرنشینە عەرەبیەکانی لێواری کەنداوی عەرەب سووك کردووە، هەوڵەکانی پورتوگالییانی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی مەسیحی لەگەڵ حەبەشەدا لەدژی دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی، تێکداو، هەروا دەستی بەسەر باکووری ئەفریقاداگرت وڕێی لەکشانی دەوڵەتی ئیسپانیا بۆئەو ناوچە گرت.

لە شەڕەکانی لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویی و، دەست بەسەرداگرتنی ولاّتانی عەرەبیشدا، لەهەردووبواری سیاسی و مەزهەبیدا، سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناو، هەژموونی سیاسی خۆی بەسەرئەو ناوچانە دا کە گرتنی، سەپاند و، مەزهەبی شیعەی لە ئەنادۆڵ لەنێوبرد و، پەلهاویشتنی سەفەوییانی بەرەو ولاّتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەلاّت، بێجگە لە عێراق کە ڕەوشێکی تایبەتی هەبوو، ڕاگرت.

بە مردنی سولّتان سلێمانی قانوونیش لەساڵی 1566دا، سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی عوسمانیی کۆتایی دێت و، سەردەمێکی دیکە دەست پێدەکات کە بەهۆی ئەوخاووخلیچکی و خۆشگوزەرانییەوە کە کۆمەڵی عوسمانیی و دەزگای فەرمانڕەوا پێیدا تێدەپەڕی لەلایەکەوەو، ڕابوونی ئەورووپا بەرەو سەردەمێکی نوێی گەشەکردن لەلایەکی دیکەوە، بەسەردەمی پاشەکشەی دەوڵەتی عوسمانیی دەژمێررێت، کەبەرەبەرە لەهەردووك کیشوەردا ولاّت وناوچەکانی لێ دەبوونەوە و، پەیمانی کارلۆڤیتز (کانوونی دووەمی 1966) یەکەم پەیمان بوو وەکو دەوڵەتێکی بەزیو بەسەریدا بسەپێنرێت، کە بەپێی ئەو پەیمانە دەستی لەچەند ناوچەیەکی بەربلاّو هەڵگرت و ن ئیدی لەو کاتەوە وردە وردە پەیمانی ستەمکارانەی بەسەردا سەپێنرا و هەر لە کورتیی دا و بەرەوپاش چوو، تا کۆنگرەی بەرلین لەساڵی 1878 دا کە بۆی بوو بە سەرەتای کۆتایی، کە





دەوڵەتە ئەورووپیە داگیرکەرەکان لەدژی یەکیان گرت و، لەکۆتای سەدەی نۆزدەدا، زایۆنیزمیشیان رشەگەڵ کەوت وسەرەڕای هەوڵە گەورەو بەردەوامەکانی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆپارازتنی پێکەوە بەستران و یەکیەتیەکەی لەباروދۆخێکی ئەوپەڕی سەخت و ئاڵۆزداو، کەتوانیشی بەپێی توانای خۆی ن ئەوەندە تواناو دەسەلاّتی لێی مابۆوە، بپارێزێ ون دەست بەمۆرکە ئیسلامیی و ئەونەریتانەوە کەبۆی مابوونەوە، بگرێ، هەتالە ساڵی 1909 دا لەسەر کارلابرا، بەلاّم کاتێك ڕەوشی لەنێوبردنی پیاوەنەخۆشەکە لەکۆتایی دەوڵەتی عوسمانییدا پێگەیشت، بەهەموان پەرتەوازەو پەل پەلیان کردو لەنێویان برد ئەوەبوو سەرەنجام لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، بەهۆی دەست تێوەردانی دەوڵەتانی ئەورووپی و زایۆنیزم لەسەرێکەوە و، سیاسەتی هەڵەی ئەوسەرکردە سەربازییانەی لەدوای لەسەر کارلابردنی سولچتانی گۆڕین دەسەلاچتیان گرتە دەست کە دەوڵەتیان خستە هەڵدێری چەندان موغامەرەی دەرەکیی و شەڕوکێشەی نێو خۆیی نەتەوایەتی، لەسەرێکی دیکەوە، دەوڵەتی عوسمانیی هەرەسی هێناو کۆتای پێهات و تورکیای نوێ دامەزرا.

هەڵبەت دەست پێڕاگەیشتنی بابەتیانەی ئەو مێژووە فرەلایەن و پەل وپۆدارە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەموو جۆراوجۆرییەی بیرو زانیاریی و هەڵوێست وبۆچوونی هەموونووسینە تورکیی و عەرەبیی و ئەورووپییەکان لەبەرچاوبگرین، تەنیا بەگەڕانەوە بۆسەر بنەوان و بنەڕەت دەکرێت. سەرنج ڕاکێشیش ئەوەیە کە ئەو باس و توێژینەوە مێژووییانەی بە عەرەبیی نووسراون، تاڕاددەیەك مێژووی عوسمانییان پشت گوێ خستووە و، بەتایبەتی لە مەڕپەیوەندیی عەرەب وعوسمانییان و، لەڕابردوودا هەرلایەنی ڕەش وخراپی ئەو مێژووەیان دەرخستووە، کە ڕەنگبێ ئەوە لەبەر دوو هۆیانبێت:**یەکەم** :– کارتێکرانی ئەولێکۆڵینەوانە لەلایەن ئەو لێکۆڵینەوە ئەورووپیانەی بەدژایەتی دەوڵەتی عوسمانیی نووسراون و، **دووەمیش**:– ئەو زوڵم وستەمەی ولاّتانی عەرەب بە هۆی بەدکاریی و خێچ وخواریی هەندێك والی وکاربەدەستی عوسمانییەوە لێیان دەکرا، دیارە ئەو پشت گوێ خستنە سەری بۆسەرهەڵدانی چەند باس و لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کێشا، بەلاّم بۆلابردنی ئەوستەمەی لەوبارەوە لەعوسمانییان

کرابوو و، شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی بابەتییانەی تێروتەسەلی مێژووی عوسمانییان بەبیر چەسپاندن لەسەر چەند لایەنێکی دیاریکراوی ئەو مێژووە، بەس نە بوون.. هەڵبەت کتێبخانەی عەرەبیی، بەشێوەیەکی تایبەتی، لەلێکۆڵینەوەیەکی زانستی تێرو تەواو وسەرلەبەر لەمەڕ مێژووی عوسمانییان بێ بەشە، ئەمەش وای لێکردین لە سەرئەوباباتە بنووسین بۆبەرجەستەکردنی وێنەیەك کە هەرچی زیاتر لەڕاستی و واقیع نزیك بێت، تاکو وەچەکانی مێژوو خوێن لەسەر بەشێکی مێژووی ئیسلامی ڕاوەستن وئاگاداری ئەو خزمەتانەی دەوڵەتی عوسمانیی بە ئیسلام و موسڵمانانی کردووە و، پارێزگاریی کردنی دەستکەوتە بۆماوەکان بن، بەو هیوایەی ئەو چەمکە هەلأنەی دەربارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی بەهەست وهۆشی خەڵکی عەرەب وموسڵمانەوە نوساون، ڕاست بکاتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەدا پشتم بەچەندان سەرچاوەی گرنگ وجۆراوجۆر بە زمانی جیاجیا بەستووە. سەرچاوەعەرەبییەکان، بۆدیاریکردنی پێوەندیی ولأتە عەرەبەکان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە پشتم پێ بەستن و، بۆ مێژووی پێوەندیی دەوڵەتی عوسمانیش بە دەوڵەتانی ئەوروپاوە، پشتم بەسەرچاوە ئەوروپییەکان بەست و، بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوە تورکیەکانیش، مێژووی گەشەکردن وپەرەستاندنی دەوڵەتی عوسمانیی و پەلهاویشتنی و، پێوەنیی بە ولأتە رشزگارکراوەکانەوە لەڕوانگەی عوسمانییانەوە ڕوون کردۆتەوە.

جا هیوادارم بەو کارەم خزمەتی ڕۆشنبیریی مێژوییم کردبێت، هەروا ئومێدەواریشم ئەم لێکۆڵینەوە سادە، لانی کەمی مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی تێدا بن و، هەرچی زیندوو و بەکەڵکە پێشکەشی وەچەکانمانی کردبێت، پێکهاتەی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەش کەخوێنەر لەژێر چەند ناوێکیدرشتدا دەیانبینێ، لەڕووی کاتەوە بەسەرسێ قۆناغدا دابەشم کردوون، هەرقۆناغێکدا ڕوون کراوەتەوە، بەسەر هەموو قۆناغەکەدا دابەشکراون، قۆناغی یەکەم (دەروازەی یەکەم) بەسەرهاتی دروستکردنی دەوڵەت و پەرەستاندن و پەلهاویشتنی لە ئاسیای بچووك و ئەوروپادا، بەڕزگارکردنی قوستەنتینیە شەوە، هەتا سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەم لەساڵی 1512 دا،





دەگرێتەوە، قۆناغی دووەمیش (دەروازەی دووەم) سەرگوزشتەی پەرەگرتنی دەوڵەت لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم و سلێمانی قانونیدا وەخۆدەگرێ و، باسی مێژووی دەست بەسەرداگرتنی ولأتانی عەرەب و موسڵمانانیش و، پەلهاویشتن لەڕۆژ هەلأت لەسەرحیسابی سەفەوییان و، چوونە نێو ئەوروپا تاگرتنی ڤیەننا دەکات.

لەقۆناغی سێیەمیشدا (دەروازەی سێیەم) ڕووداوەکانی مێژووی عوسمانییانم لەسەدەی حەڤدەوە تا لەنێوچوونی ئەودەوڵەتە لەجەنگی جیهانیدا، باسکردووە. ئەوڕوداوانەش بەوکزیی ولاوازییەدەناسرێتەوە کە سەرباری هەوڵەکانی چاکسازیی هەندێك سوڵتان بەمەبەستی ڕاستکردنەوە وهێزبەبەرداکردنەوەی، هەموو بنیاتی دەوڵەتی عوسمانیی داگرتبوو و، ئیدی دەولچەت بەرەبەرە لەبەرانبەر فشاری دەوڵەتانی ئەوروپیدا پاشەکشەی کرد ودەستی لەدەستکەوتەکانی هەڵگرت، تاوای لێهات ئەودەوڵەتانە چاوی تەماعیان تێ بڕی و، دەستیان کرد بەهەوڵدان بۆپەرتەوازەکردن وتێکدانییەکیەتیەکەی و دابڕینی چەند بەشێك لەخاکەکەی، تاوای لێهات لەلاوازیان بووبە کێشەیەکی ئەوروپی و، سەرەنجام پتر لەجارێك مەسەلەی دابەشکردن ولێك بەشکردنی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، ساڵی 1924 بەهۆی شۆڕشی کەمالیەکانەوە ڕووخا.

کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشم بە ژماردنی چەند هۆیەکی ڕووخانی دەوڵەتەکە هێناوە و، دڵنیاشم خوێنەری بەڕێز چێژو سوود لەم لێکۆڵینەوە وەردەگرێ و، هەست دەکات ڕاست وبێلایەن و بابەتیانە نووسراوە لەخواشم داوایە ئەو کارەم تەنیا لەبەر خاتری وی بێت و، سوودی پێ بەخوێنەری موسڵمان بگەیەنێت، هەڵبەت خواش ئەوپەڕی بیسەرو قبووڵکەری دوعایە.

بەیرووت : 1994/ 9/1

د. محەممەد سوهەیل تەقووش

## بارودۆخی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی

لەوانەیە گرنگترین بەشەکانی توێژینەوەی مێژوویی عوسمانییەکان، دەستەبەر بوونی زانیاریەکی چڕپڕ دەربارەی گەلی تورکی عوسمانی و پێشڤەچوونی، بە تایبەت لە گورزەکاری سەرچاوە تورکیەکانەوە، جگە لە سەرچاوە مێژووییە ئەوروپییەکان کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاری تێروتەسەلیان لێوە دەست دەکەوێت، کە لە رووپەڕەکانی ئەم توێژینەوەیەدا تیشکی دەخەینە سەر، لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەی زایینیدا دوو رووداوی گرنگ روویدا، کە ترازان و کێشە و گرفت و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بارودۆخی جوگراف و سیاسی ناوچەی ئاسیای بچووک لێکەوتەوە.

رووداوی یەکەم : شاڵاوهێنانی مەغۆلەکان بوو بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك کە پەلی بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆما کێشا، کە دەکەوتە ناوچەکانی ئاسیای بچووك، دەرەنجام مەغرۆلەکان توانیان هەژموونی سیاسی خۆیان بەسەر دەوڵەتی (سەلجوقییەکانی ڕۆم) لە بەشی ڕۆژئاوای (ئەنادۆڵ) بسەپێنن. ناوچەی ئەنادۆلی ڕۆژئاوا ئەوکاتە بە دەست تورکەکانەوە بوو، لەو کاتەشدا هیچ ناوچەیەك بەدی نەدەکرا لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك کە گەلی تورکی تێدا نەبێت.

هەروەها تورکەکان لە ناوجەرگەی یۆنانیەکاندا نیشتەجێ بوو بوون و بێزەنتیەکانیش چەند شارێکی پەرتەوازە و شورەدار نەبێ هیچ شوێنێکی تریان بە دەستەوە نەمابوو، وەکو (بروسە) و (نیقومیدیا) و (فلادلفیا) و (مەغنیسیا)، سەرباری چەند بەندەرێکی سەر دەریای ڕەش و دەریای (ئیجە) کە لە ژێر ڕکێفی ئەواندابوو، لەسەرەتاکانی سەدەی چواردەهەم لە ناوچەی ئەنادۆڵ ئەو (دە) میرنشینە تورکییە دەرکەوتن کە لەسەر وێرانەی دەوڵەتی (سەلجوقیەکانی ڕۆم) دامەزران و ئیتر ناوچەکە ڕەنگێکی تورکی بەخۆیەوە گرت.

ئەو تورکانە چالاکیە جەنگیەکانیان بە هەڕەمەکی و بەبێ پلان سەرکردایەتی میرەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام شێوازی دەرکەوتنی ئەم میرنشینانە و دروست بوونیان





هێشتا بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرا نەبووە، زانیاریەکانیش بەگشتی لەمەڕ سەرەتا مێژووییەکان و شێوازەکانی دروست بوونی ئەم میرنشینانە کەموکورتن[1].

لە ڕاستیشدا دەوڵەتی سەلجوقی لە ساڵی (1304ز) لەناوچوو، موڵك و میراتەکەی لە ناوچەی (ئەنادۆڵ) بۆ (دە) میرنشینی بچووك دابەش بوو، کە هاوسنوور بوون لەگەڵ ویلایەتەکانی یۆنانی دێرین لە ئاسیای بچووك.[2]

### ئەو میرنشینانەش ئەمانە بوون :

1. **میرنشینی (قرمان):** ئەم میرنشینە بەهێزترین میرنشین بوو، کە پایتەختەکەی (قۆنیە) بوو، جا بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە بەر دەستدایە (قرمانیەکان) دوور چوونە ناو ناوچەکانی ئەنادۆڵەوە تا گەیشتنە ئەوپەڕی شاری (ئەنقەرە)وە و هەلی نەمانی سەڵتەنەتی سەلجوقیان قۆستەوە بۆ لابردنی پاشکۆیەتی خۆیان بۆ ئەو سەڵتەنەتە، هەروەکو هەلی تێکچوونی بارودۆخی (ئیلخانات)یان لە هەرێمەکانی فارس قۆستەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی (قۆنیە)، لە دەرەنجامی ئەوەش وای لێهات کە سەرجەم میرەکانی تری (ئەنادۆڵی)ی ڕۆژئاوا جزیەیان بەم میرنشینە دەدا، ناسراوترین شارەکانی ئەم میرنشینە (قونیە) و (لازیق) و (ئیسترا) و (مەکیدە) بوون.
2. **میرنشینی (تەکە):** دەکەوێتە سەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست لە ناوچەی باشووری ڕۆژئاوا و توانی دەست بەسەر (ئەنتانیا) و (عەلایا) بگرێت.
3. **میرنشینی (ئەلەحەمید):** دەکەوێتە ناوەوەی گردەڵانی ناوچەکانی ئەنادۆڵ و توانی دەست بەسەر (ئاق شەهر) و (ئەکریدور) بگرێت، هەروەها (ئەسپارتە)ش کرایە پایتەختی ئەم میرنشینە.
4. **میرنشینی (کرمیان):** دەستی بەسەر (عموریە)دا گرت.

---

[1] بڕوانە : دەربارەی بارودۆخی ئاسیای بچووك لە کۆتاییەکانی سەدەی (13) و بارودۆخی دامەزراندنی میرنشینە تورکەکان :کوبرولی، محمد فؤاد : **قیام الدولة العثمانیة ص (60 – 109دائرة المعاف الاسلامیة جلد(5) ص(162 – 165). مصطفی، احمد عبدالرحیم : : فی الاصول التاریخ العثمانی ص(24 – 29).**

[2] Wittekm paule: the Riseof the ottoman Empire p 33 – 37

لسترنیج، کی : بلدان الخلافة الشرقیة، ص 176 – 177.

5.**میرنشینی ( قزل ئەحمەدلی ):** دەکەوێتە سەر کەناری دەریای ڕەش، ناسراوترین شارەکانی (جنبرە) و (قستونی)ە.

6. **میرنشینی ( منتشا ):** دەکەوێتە ڕۆژئاواوە لەسەر کەناری دەریای (ئیجە)، ناسراوترین شارەکانی (مەغلە) و (میلاس)ە.

7. **میرنشینی ( ئایدن ):** دەکەوێتە سەر کەناری دەریای (ئیجە) ناسراوترین شارەکانی ئەم میرنشینە : (ئەزمیر) و (ژیاسلوق) و (برکی).

8. **میرنشینی ( ساروخان ):** کە دەکەوێتە سەر دەریای (ئیجە) ناسراوترین شارەکانی (مەغنیسیا) و (خوجە)یە.

9.**میرنشینی ( قرەسی ):** دەکەوێتە سەر کەناری دەریای (ئیجە) ناسراوترین شارەکانی (برمغە)یە.

10.**میرنشینی ( عوسمانی ):** لەسەرەتادا دەستی گرت بەسەر کەرتەکانی (فریجیا) و دەوروپشتی لە توێی زەوییەکانی سەر بە (بشینیا) و پاشان دەسەڵاتی خۆی تاکو دەریای (مەرمەرە) فراوان کرد، پاش ئەوە دەستی بەسەر (ئەزنیق) و (ملاجنە) و (بروسە) و (دوریلیوم)دا گرت.

هەروەها ڕووداوی دووەم کە ناوچەکەی بەگشتی شڵەژاند لە گێڕانەوەی شاری (قوستەنتینیە)دا بەرجەستە دەبێت لە (لاتین) ساڵی (1261) لەسەر دەستی ئیمپڕاتۆر (میخائیل)ی هەستەم (بالیولوگس) کە باروودۆخی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی ژیاندەوە و چاکسازی تیادا کرد.[1]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەباترە بێزەنتییەکان) زیاتر گرنگیان بە وڵاتانی (بەلقان)دا بۆ چاودێری کردنی دەروازەکانی ئیمپڕاتۆریەت و ڕێگرتن لە ئارەزووی فراوانخوازی (لاتین). ئەم کارەش بووە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی شیاو بۆ میرنشینە تورکەکان بەشێوەیەکی گشتی و میرنشینی عوسمانی بەتایبەت، لەبەر هاوسنووری و هاوتخوویی

[1] رستم اسد : (الروم في سياستهم وحضارتهم وثقافتهم)، جلد 2، ل 210.





دەگەڵ بێزەنتییەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان و چەسپاندنی هەژموونیان لەناو جەرگەی دەوڵەتی بێزەنتە.

لەژێر بارگرانی ئەو باروودۆخەدا میرنشینی عوسمانی وەك هەر (دە) میرنشینە تورکیەکەی تر لەژێر چەتری ئەو خزمەتگوزاریانەدا پەیدابوو کە (توغرل) میری میرنشینی عوسمانی بە سوڵتانی سەلجوقی (عەلائەدین)ی پێشکەشی دەکرد بەرانبەر بە وەستان دژ بە شاڵاوی خەوارزمەکان بۆ سەر دەوڵەتی سەلجوقی.[1]

عوسمانییەکان بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی (قایی) تورکی کە لە تورکە (ئۆغز)ەکانن و، لە سەرەتای سەدەی سێزدەی زایینیەوە کۆچیان بۆ ناوچەکانی ئاسیای بچووك کرد بوو و لە کەرتێکی سەر بە دەوڵەتی سەلجووقی جێگیر بوو بوون.[2]

سەرەتاکانی ژین و ژیاری ئەم عەشیرەتە تەمومژاوی نەزانراوە و، بگرە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکترن وەك لە ڕاستی، لە ڕووی مێژووییشەوە تەنیا ئەوە زانراوە کە ئەم هۆزە لە بەرایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیدا گەیشتوونەتە باکووری (جەزیرە) لە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و لە لەوەڕگاکانی دەوروبەری شاری (خەلات) نیشتەجێ بوونە و هەر لەوێشدا چەندەها تاشە بەرد و گۆڕستانی باوباپیرانی نەوەی (عوسمان)ی سەر بە عەشیرەتی (قایی) تیادایە[3].

جا ئەوەی لەم زانیارانە بەردەستەوە وەردەگیرێت ئەوەیە کە ئەم هۆزە ناوچەی (خەلات)ی لە ساڵی (1229) لە ژێر فشاری ئەو ڕووداوە سەربازیانە بەجێهێشتووە، کە لە ناوچەکەدا سوڵتان (جەلالەدین خەوارزمی) ووڕژاندویەتی بۆیە بە ناچاری دابەزیونەتە ڕۆخەکانی ڕووباری (دیجلە).

ئەوەبوو (کندز ئەلەب) ساڵی پاشتر کۆچی دوایی کرد و (توغرل)ی کوڕی سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی گرتە دەست و بۆ (ئەرزنجان) کۆچیان پێ کرد، ئەم شارەش (شاری ئەرزنجان) گۆڕەپانی جەنگی نێوان سەلجوقی و خەوارزمیەکان بوو، (توغرل) هەستا بە

[1] أورتونا : يلماز (تاريخ الدولة العثمانية)، ج1، ص 86.
[2] سعدالدين، محمد : تاريخ التواريخ، ج1، ل 13، 15.
[3] کوبرولی : ل 119 – 122.

پاڵپشت کردن و یارمەتی دانی هێزە سەلجوقییەکان ئەوەبوو سولّتانی سەلجوقی چەند پارچە زەویەکی بەپیتی نزیك (ئەنقەرە)ی پێبەخشی.[1]

پاش ئەم ڕووداوە (توغرل) هەر بە هاوپەیمانی و دڵسۆزی سەلجوقییەکان مایەوە و لە ڕیزەکانی سوپای سەلجوقیدا دژ بە مەغۆل و بێزەنتییەکان دەجەنگی، تاکو سولّتانی سەلجوقی پارچەیەك لە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لەسەر سنووری بێزەنتییەکان پێبەخشی، لەو ناوچەیەی کە بە (سکود) ناسراوە لە دەوروپشتی (ئاسکی شەهر)، ئیتر لەوێ ئەم هۆزە چوونە ناو ژیانێکی تازەوە.[2]

ئەم میرنشینە هەرچەندە میرنشینێکی تازە و بچووك بو بەڵام دوو سیفەتی بنەڕەتی تیادا هەبوو: یەکەمیان: لە ڕووی جوگرافیەوە دوور بوو لە شاڵاوەکانی مەغۆل و میرنشینە تورکیە بەهێزەکانەوە، کە دەکەوتنە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵەوە.

دووەمیان: ئەم میرنشینە تاکە میرنشینێکی تورك بوو کە گوزەرگایەکی پەیوەندی بوو بە ئاڕاستەی ئەو ناوچە بێزەنتیانەی کە هێشتا ئازاد نەکرابوون، بارودۆخە تایبەتیەکەی ئەم میرنشینە ڕێژەیەکی زۆری ئەو تورکانەی کە ئارەزووی (جیهاد) یان (جەنگیان) دژ بە بێزەنتییەکان هەبوو ڕاپێچی ئەم میرنشینە کرد.

جگە لەو جوتیارانەی لە دەست مەغۆلەکان هەڵدەهاتن لەم ناوچانە جێگیر دەبوون و لە بەپیتی خاکەکەی دەستیان دەدایە کشتوکاڵ و هەروەها ئەو دەروێشانەی کە بەدوای (مرید)دا دەگەڕان، ئاڕاستەی ئەم شوێنانە بوون[3]، جا لە بەرئەوەی (توغرل) بە بەردەوامی غەزای دژ بە بێزەنتییەکان دەکرد نازناوی (غازی) پێ بڕا.[4] کە لە ماوەی نیو سەدەدا وەك میرێك سەرۆکایەتی کەرتێکی سنووری کرد، توانی جوگرافیای دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات. (توغرل) لە ساڵی (680)ی کۆچی (1281 – 1282ز) لە تەمەنی (90) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد[5].

---

(1) القرمانی : تاریخ سلاطین ال عثمان، ص 9 – 10.

2- کوبرولی : ل 122.

3- کولز، بول : العثمانیون و اوروبا، ص 26.

4- Camb med History : iv. P. 655.

5- سعدالدین : سەرچاوەی پێشوو، جلد1، ل 15، 65.





لە ڕاستیدا پەیوەندییە پتەوەکەی ئەم عەشیرەتە بە دەوڵەتی تورکە سەلجوقییەکانی ئەنادۆڵەوە کە دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ لە ئامێز گرتنی ئایینی ئیسلامو موسڵمان بوونی ئەندامەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باری ئایینی ئەم عەشیرەتە لە سەردەمی (عوسمان)ی کوڕی (توغرل)دا یەکلابۆوە.

## دەروازەی یەکەم
## قۆناغی دامەزراندن (1299 – 1512ز)

**بەشی یەکەم** : **سوڵتانەکان** : **عوسمانی یەکەم – ئۆرخان موورادی یەکەم**

**بەشی دووەم** : **بایەزیدی یەکەم - محەمەدی یەکەم و مورادی دووەم**

**بەشی سێیەم** : **هەردوو سوڵتان** : **محەمەدی دووەم و بایەزیدی دووەم**





## بەشی یەکەم
## سوڵتانەکان : عوسمانی یەکەم – ئۆرخان - مورادی یەکەم
## عوسمانی یەکەم (1299 – 1326ز)

کاتێك (توغرل) کۆچی دوایی کرد، کوڕە گەورەکەی کە ناوی (عوسمان) بوو جێی گرتەوە و هەر ئەو بە بونیادنەری یەکەمی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت و هەر زوو لە سەردەمی ئەودا بارودۆخی ئایینی و سەربازیی و سیاسیی تورکە عوسمانییەکان یەکلابۆوە.

لەلایەنی ئایینیەوە (عوسمانی کوڕی توغرل) چووە ناو ئایینی ئیسلامەوە و بووە موسڵمان و تورکەکانی تریش ڕەدووی کەوتن و بوون بە موسڵمان، بەڵام پێش ئەوەی ببنە موسڵمان ئەو تورکانە عەقیدە و بیروباوەڕیان تەمومژاوی بووە و لە مێژوودا ڕوون نەبۆتەوە کە چ عەقیدە و بیروباوەڕێکیان هەبووە، لەوانەشە ئەوکاتە لە حاڵەتی گواستنەوەدا بووبێت لە عەقیدەی (وەسەنیە)وە بۆ باوەڕهێنان بە ئیسلام.[1]

---
[1] - القرماني : ص1.

هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە هاوسنووری عوسمانییەکان لەگەڵ زەوییەکانی دەوڵەتی بێزەنتی، هەلی ئەوەیانی بۆ ڕەخساند کە چالاکییە جەنگی و سەربازییەکانیان بخەنە گەڕ بۆ تەواوکردنی پەیامی دەوڵەتی سەلجوقی ئەویش بە ئازادکردنی هەرێمەکانی ژێر ڕکێفی دەوڵەتی بێزەنتی و ڕاپێچکردنی زەوییەکانی سەر بەو دەوڵەتە و لکاندنی بە زەویە ئیسلامییەکانەوە جا ئەوەی کە زیاتر هانی دان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم پڕۆسەیە ئەو لاوازییە بوو کە لە جەستەی دەوڵەتی بێزەنتی و دامودەزگاکانیدا تەشەنەی دەسەند، ئەم لاوازییەی بێزەتییەکان هەلی ئەوەی بۆ عوسمانییەکان ڕەخساند، کە بە سانایی فراوانخوزازییەکەی خۆیان بە ئاراستەی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ئەنجام بدەن و لە (دەردەنیل) بپەڕنەوە بۆ ڕۆژهەلاتی باشووری ئەوروپا و نەپەرژێنە سەر دراوسێ موسڵمانەکانی خۆیان[1].

هەروەها لە ڕووی سیاسییەوە (عوسمان) میرنشینەکەی خۆی لە باری میرنشینێکی سنوورییەوە گواستەوە بۆ باری دەوڵەتێکی خاوەن هەڵومەرجی سەربەخۆ وەك (پایتەخت) و (ئامانجی دیاریکراو) و (گەل) و (سنووری جوگرافی).

لە ڕاستیدا ئەم میرنشینە لەبەر ئارەزووی جەنگ و جیهاد کردن ژمارەیەکی زۆریان لەو جەنگاوەرانە لە میرنشینە تورکە ئیسلامییەکانی ئاسیای بچووك وەك خۆبەخش بۆ دەهات، هەروەها عوسمانی کوڕی توغرل لەگەڵ (الاخیة الفتیان)[2] و ئەو هۆزە تورکانەی کە دەهاتنە ئەنادۆڵ هاوپەیمانیەتی بەست و ئەوانیش هەمیشە ئامادەبوون بۆ بەرگری کردن و جەنگین دژ بە بێزەنتییەکان، چونکە ئەو تورکانە لە تورکە نیشتەجێیەکانی ناو شارەکانی کاترا بوون، تورکەکان جەنگاوەری لێهاتوو و بەجەرگ بوون و بەتاسەوە بەرەو

[1] - Shaw, Stanford: Hist od the ottoman Empire and modern Turkey vo ii . o. 12.

[2] - لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەن کە کاکڵەی ڕێکخستنی یەکەم بوون لە ژیانی میرنشینی عوسمانی تازەدا، کە دابی ئیسلامیان لە خۆگرتبوو بۆ بونیادنانی دەزگاگەلێك لەم میرنشینەدا کە وردە وردە لەماوەی دوو سەردەمەدا پەرەی سەند کە ئیتر لەوێوە تەشەنەسەندنی عوسمانییەکان دەستی پێ کرد, چاو بخشێنە بە (ئەو کۆمەڵەو تایفانەی کەلە ئەنادۆڵدا سەریان هەڵدا لە کۆتاییەکانی قۆناغی دەستەلاتی سەلجوقیەکان و بەرایی قۆناغەکانی دەستەلاتی عوسمانییەکان): کوبرلی – سەرچاوەی پێشوو:ل137 – 162 .





پیری جیهاد و جەنگاندن دەچوون، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ میرنشینی عوسمانی ڕەخساند تاکو لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا دەربکەوێ.

(میر عوسمان) دەبوایە لەسەر دوو بەرەدا کاربکات و بەرگری بکات، بەرەی بێزەنتییەکان وبەرەی میرنشینە تورکیەکان کە بەرهەڵستی میرنشینی عوسمانی بوون, بۆیە ئەمیش لەبرەنگاربوونەوەی میرنشینە تورکەکان خۆپارێزبوو وتەنیا خوازیاری ئەوەبوو کە فراوانخوازیەکەی بەرەو وڵاتی بێزەنتیەکان ئاڕاستە بکات[1].

لەساڵی(1291ز) قەڵای (قەرەجە حەسار)ی ئازاد کرد کەدەکەوێتە باشووری(سکود) ەوە و کردیە بنکەیەکی سەربازی بۆخۆی وفەرمانی دا کەبەناویەوە ووتاری هەینی بخوێنرێت[2],پاشان هەر لەوێوە سەرکردایەتی گەلەکەی کرد بۆ دەریای (مەڕمەڕە)و دەریای (ڕەش)، هەروەها لەساڵی (1301)ی زایینی توانی سەرکردەی بێزەنتی (موزایون) لە نزیك شاری (ئەفیون) ببەزێنێت کەدەکەوێتە نێوان (ئەزمید)و(نیقیە). ئەم سەرکەوتنەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کەلە ڕووی سەربازیەوە (بروسە)و(نیقیە)و(نیقومیدیا) کۆنترۆڵ بکات[3].پاشان شاری (یەنی شەهر)ی ڕزگار کرد و کردیە پایتەختی میرنشینەکەی خۆی[4] ئەوجا هێزەکانی خۆی ئاڕاستەی باکوور کرد تا گەیشتە ڕووباری(سقاریا) و لەوێوەش تاکو دەریای(ڕەش)و لەباشووری ڕۆژئاواشەوە بەئاڕاستەی دەریای (مەڕمەڕە)، ئەویش بەئامانجی گۆشەگیرکردنی ئەو شارە بێزەنتیانەی کە دەیویست ڕزگاریان بکات[5]، جا لەبەرئەوە دەوڵەتی بێزەنتە سەرقاڵ بوو بە بەرەنگار بوونەوەی شەڕو پشێویەکانی پایتەخت و ناوچەکانی(بەلقان)و هەمیشە خەریکی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە بەهێزەکانی خۆی بوو لەئاسیای بچووك وەکو(کوڕەکانی کرمیان)و میرنشینەکانی کەنار لەبەرئەوە نەپرژایە سەر ڕاگرتنی

[1] - shaw:PP-13 -14 Camd mef –History IV .P.656.

[2] - القرمانی : ل (11).

[3] - کوبرلی:سەرچاوەی پێشوو , لاپەڕە **163**.camb med History. IV. P. 657. Inal Gik H: The ottoman Empire. P. 6.

[4] - القرمانی : ل (11). .Gibbons. P. 32.

[5] - Shaw: P. 14.

فراوانخوازیەکـەی میرنـشینی عوسمـانی، بۆیـە عوسمـان بـەردەوام بـوو لـە ڕزگـارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی بێزەنتە.

هـەروەها نـەمانی دەولـەتی سـەلجوقی ڕۆمـی لەسـالّی(1304ز)، دەرفـەتی بـۆ (عوسمان) ڕەخساند کـە سـەرجەم ئـەو زەویانـەی کـە پێـی بەخـشرابوو بـۆ خـۆی بکاتـە موڵکی سەربەخۆ و نازناوی (پاشا ئالی عوسمان) لە خۆی بنێت.

پاش ئەوە عوسمان پایتەختەکەی خۆی (یەنی شەهر)ی شوورەدار کرد و وردە وردە هەڵمەتی جەنگاوەرانی ئاڕاستەی شـارە بێزەنتییـەکان دەکـرد ئـەوەبوو چـەند قەلآیـەکی ئازادکرد لەوانە (لفکە) و (ئق حەسار) و (قوچ حەسار)[1].

پاشان عوسمان پەیامی بۆ سـەرجەم ویلایەتـە بێزەنتیـەکانی ئاسـیای بـچووك نـاردو داوای لێ کردن کە یەکێك لەم سێ خالآنە هەڵبژێرن :

ئیسلام بوون وەیان جزیەدان یاخود جەنگ.

دەرئەنجام هەندێکیان موسڵمان بوون و هەندێکیشیان ڕازی بـوون بـە بەخـشینی جزیـە و ئەوانەش کەخۆیان بە بەهێز دەهاتە پێش چاو دەستیان دایە شـەڕ و بـەرەنگاری کردنـی سوپای عوسمانی، بەلآم (عوسمان) لـەو بەرەنگاریـەی ئـەوان نەسـلەمیەوە و سـوپایەکی گەورەی دروست کرد و(ئۆرخان)ی کوڕی بە سەرکردەی ئەو سـوپایە دەستنیـشان کـرد, کەلەسەرەتادا بەقەلآ شوورەدارو پتەوەکانی دەولەتی بێزەنتیە دەستی پێ کردو چـۆکی بە هەندێکیان دانەواندو خستنیە ژێر ڕکێفی میرنشینی عوسمانیەوە.

هەروەها (عوسمانییەکان) دوورگەی (کالولیمنی)یان کۆنترۆڵ کرد، کە دەکەوێتە سەر دەریای (مەڕمەڕە) نزیك کەنداوی (مودانیا) کە لە دوایدا بووە هۆکارێك تا بتوانن ئەو ڕێگا ئاویانە کۆنترۆڵ بکەن، کە هەردوو شاری (بروسە) و (قوستەنتینیە) بەیەك دەبەستنەوە، ئەوەبوو قەلآی (تریکۆکا)ی نێوان (بروسە) و (نیقیە)یان ڕزگارکرد[2]، کە دەڕوانێتە سـەر ڕێگاکانی گەیاندنی نێوان (نیقیە) و (نیقۆمیدیا)[3]، بەم شێوەیە عوسمانییـەکان توانیـان بڕواننـە سـەر دەریـای (بۆسـفۆڕ) (عوسمـان) کۆشـشەکانی خـۆی بـۆ شـارە گـەورە

[1] - shaw: p. 14.

[2] - عوسمانییەکان پێی دەڵێن (هود) . حصار **33.** Gibbons p

[3] - Gibbons : op. cit. p. 34.





گۆشەگیرەکان تەرخان کرد و لەسەرەتادا بە ڕزگارکردنی شاری (بروسـە) دەسـتی پێکـرد و بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە نزیکیـدا دوو قـەلآی دروسـت کـرد تـا بتـوانن لـەو دوو قەلآیـەوە دەوورەی بدەن، بە ئامانجی تۆکمە کردنی گۆشـەگیرییەکەی و تونـد کردنـی گـەمارۆدانی سەربازیی بۆ شارەکە، پاشان سەرکردایەتی ئەوم سوپایەی کە گەمارۆکردنەکـەی ئـەنجام دا بە (ئۆرخان)ی کوڕی سپارد. ئەوەبوو ئـەم شـارە کرایـەوە و لـە مێـژووی 6ینیـسانی ساڵی 1326ز کەوتە بەردەستی (ئۆرخان) و هێزەکانی عوسمانی چوونە ناوییەوە پـاش ئەوەی کە سەربازە بێزەنتییەکان لێی کشانەوە و (ئۆرخان)یش هیچ ئازارێکی نیشتەجێ بووانی بنکەکەی نەدا، ئەویش پاش ئەوەی کە پەیمانیاندا (جزیە) بدەن.[1]

(ئۆرخان) بە پەلە خۆی گەیاندە (سکۆد) بۆ گەیاندنی ئەم مژدەیە بە بـاوکی، بـەلآم ئەم هەواڵە خۆشەی پێنەگەیشت و لە تەمەنی (90) ساڵیدا کۆچ دوایی کرد و تەرمەکـەی بۆ (بروسە) گوازرایەوە و هەر لەوێش نێژرا.[2]

شـتێکی سـەرنج ڕاکێـشە کـە جەنگـە ڕزگاریخوازەکـانی (عوسمـان) بـە ئامـانجی فراوانخوازی بوو و بە مەرامی سەقامگیر کردن و ڕاپـێچ کردنـی زەوی بـوو بـۆ ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، چـونکە لـە بـاکوورەوە نزیکـی دەریـای ڕەش و لـە ڕۆژهەلآتیـشەوە ڕووبـاری (سقاریا) جودای دەکـردەوە، لـە باشـوورەوەش دەگەیـشتە سـنووری (ئەسـکی شـەهر)، بەلآم ئەو شارە بێزەنتییانـەی کـە دەکەوتنـە سـەر کـەنارەکانی ڕۆژئـاوا یـان نزیکـی ئـەو کەنارانە وەك (نیقیە) (نیقۆمیدیا)، پاشان بڕوشە تەنیا لە سەرەتای دەسەلآتی (ئۆرخان) دا کەوتنە ژێر ڕکێفی میرنشینی عوسمانییەوە، لێهاتوویی عوسمان لـەوەدا دەرکـەوت کـە دەوڵەتێکی ئەوتۆی دامەزراند کە بنەما و سیستەمەکانی لە دەوڵەتی سـەلجووقی ڕۆمـەوە وەرگرتبوو، جا سەبارەت بە داب و نەریتەکان بێ وەیان بـە مـوفرەداتی ژیـاریی و دەزگا گەلەوە بێ یـان پەیوەسـت بـێ بـە شـێوازی ڕێکخستنەکانی دەوڵەتـەوە کـە لـە جیهـانی ئیـسلامییەوە وەری گرتبـوو. لـەوەش دەچـێ کـە (عوسمـان) خـاوەن کەسـایەتییەکەی سـەرنج ڕاکـێش و بـەهێز بووبـێ کـە وای لـە خـەڵکانێکی زۆر کردبـێ کـە لـە خزمەتیـدا

[1] - سعدالدین : جلد **1**، ل**28** – **298**..**41** wittek : op. cit. p.

[2] - سرهنط :المیرالای اسماعیل : التاریخ الدولة الاسلامیة، ل **14**.

كاریكـه‌ن، جگـه لـه‌وه‌ی كـه (عوسمـان) كه‌سـایه‌تییه‌كی ئـارام و چه‌سـپاو و بـه‌هێز بـوو ده‌روونی خۆی كۆنترۆڵ كردبوو و هه رچه‌نده‌ش حه‌ماسه‌تی ئایینی و دڵسۆزی ئایینی لـه ناخیدا زۆربوو، كه‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا زۆر لێبووردە بوو.[1]

1 - مصطفى : سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل 36.





## (ئۆرخان)
## (1326 -1360)

### كاره رێكخستنه‌كانی( ئۆرخان )
### دامه‌زراندنی سوپای ئینكشاری

ئۆرخان كوڕی دووه‌می (عوسمـان) بـوو، جێـی بـاوكی گرتـه‌وه و له‌ساڵی(1326ز) بووه میری عوسمانییه‌كان, ئه‌ویش پاش ئه‌وه‌ی كه باوكی وه‌سیه‌تی كردبـوو بـه‌وه‌ی كـه ببێته جێگری. هیچ زانیاریه‌كی ئه‌وتۆ له‌بن ده‌ستدا نیه سه‌باره‌ت به تافی گه‌نجێتی ته‌نیا چـه‌ند زانیاریـه‌كی زۆر كـه‌م وكـورت نـه‌بێ, ئۆرخـان له‌ته‌مـه‌نی هـه‌ژده سـاڵیدا كـچی خـاوه‌ن(یارحه‌سـار)ی هێنـا كـه‌ناوی(نیلـوفر)بـوو دوو كـوڕی لێ بـوو كـه نـاوی(سـلێمان)و (موراد)ی لێنان[1]، كاتێكیش كه عه‌رشی میرنشینه‌كه‌ی وه‌رگرت ته‌مه‌نی له (40) سـاڵ تێده‌په‌ڕی،(ئۆرخـان) زۆر چـالاك و بلیمـه‌ت بـوو هـه‌ر لـه سـه‌رده‌می باوكیـه‌وه تواناكـانی ده‌ركـه‌وت و پـاش وه‌رگرتنـی ده‌سـه‌ڵاتیش بـه هـه‌مان شـێوه چـالاك و بـه توانـا بـوو، (عه‌لائه‌دین)ی برا گه‌وره‌شی به گشتی ژیانی كه‌نارەگیری هه‌ڵبژارد و ته‌نیا پله‌ی وه‌زاره‌ت و به‌ڕێوه‌بردنی كاروباری ناوه‌وه‌ی وڵاتی گرته ئه‌ستۆ، به‌م شێوه‌یه بووه یه‌كه‌م وه‌زیر له ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا[2] ئۆرخان میراتی ده‌وڵه‌تێكی له باوكیه‌وه بۆمایه‌وه كه خاوه‌نی هیچ یاسایه‌ك و سنوورێكی دیاریكراو و دراوێكی فه‌رمی نه‌بوو، بۆیه زۆر پێویست بوو له‌سـه‌ری كه ده‌وڵه‌تێكی چه‌سپاو دابمه‌زرێنێت و فراوانخوازیه‌ك له‌سه‌ر حیسابی دراوسـێكانی خـۆی ئه‌نجام بدات و ڕه‌دووكه‌وتووانی خۆشی بكاته نه‌ته‌وه.[3]

ئۆرخان له سه‌ره‌تادا ده‌ستی كرد به یاسا ڕێژی و دامه‌زراندنی ده‌زگاگه‌لی پێویـست و زه‌رور بۆ پاراستنی میرنشینه‌كه‌ی خۆی و هه‌ر زوو ده‌ركی به‌وه كرد كه ئه‌و بارگرانیه‌ی كه‌وتۆتـه سـه‌ر میرنـشینه‌كه‌ی زۆر لـه تواناكـانی گـه‌وره‌تر و قورسـترن بـه تایبـه‌تی پـاش

1 - سعد الدین ,ج 1 ,ص19.
2 - ابراهیم بك حلیم : تاریخ الدولة العثمانیة العلیة :ص 16.
3 - مصطفى: ص 38.

ئـەوەی کـە دەوڵـەتی بێزەنتـی بـە چـاوی سـڵەمینەوە و ترسـەوە تەماشـایان دەکـرد، لەبەرئەوە سەرەتا دەستی کرد بە بونیاد نانەوەی سوپا و پەنای بردە بـەر ئامرازێك کـە زامنی زۆر ڕێژەیی سوپاکەی بێت و توێژێکیش دابین بکات لە جەنگاوەران کە دڵسۆز بـن بۆ دەوڵەتەکەی[1].

لە سەرەتادا سوپای عوسمانی پشتی بـەو سـوارە تورکانـە ئەسـتور بـوو کـە بڕبـڕەی سوپاکەیان پێك دەهێنا، بەڵام ئۆرخان لە دەرەنجامی لێزانی و کارامەیی خۆی لـە بـواری سەربازیدا دەرکی بەوە کرد کە پێویستە سوپایەکی پیادە پێك بهێنێت بۆ کردنەوەی ئەو قەڵا و شورا پۆڵاینانەی کە (بەلقان) پێی ناسراوە.

بەڵام شارەزایی عوسمانییەکان لە پێش دا تەنیا لەسەر توێژی سوارەکان چـڕ بـوو بۆوە، ئۆرخانیش بە دەوری خۆی کۆششێکی بێ ئەنجامی خستە گەڕ بـۆ ئـەوەی سـوارە تورکەکان فێری پیادەیی بکات، ئەمە جگە لەوەی کە سوپای عوسمانییەکان هەمیشە بـە بەردەوامی ئامادە باشی نـەبوو، بـەڵکو لـە کـاتی جەنگدا کۆدەبوونـەوە، بـەڵام لـە بـاری ئاساییدا هەرکەس سەرقاڵی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەبوو، هەروەها (ئۆرخان) لـەوە دەترسا کە تیپە سەربازییەکان تەکەتول پێك بهێنن و هەرکەسە و بەلای هۆزەکەی خۆیدا بچێت و شیرازەی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵیاندا تێك بچێت، سـەرباری ئـەوەش زۆربـوونی کـار و فەرمانـەکانی جیهـاد و ململانێـی دژ بـە بێزەنتییـەکان دەخـوازێ کـە سـوپایەکەی بەردەوامی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا هەبێت[2].

[1] - هەمان سەرچاوە : أوزتونا، ص 93.

[2] - بەشی زۆری شەڕەکانی سەرەتا، جەنگاوەرە ئازاد و خۆبەخشەکان و ئەوانەی کە بە دوای دەستکەوتەکاندا دەگـەڕان و ئەنجامیان دەدا، ئەوانەی کە عوسمانییەکان بەکاریان دەهینان و ناویان لێنابوون (یایا) یان (پیادە)، کە لە کۆمەڵـەی (ئەخیان) ئایینی کۆمەڵایەتی پێکهاتبوون، ئەوانە لە پارچەی حەشاردراودا لە ئەنادۆڵ دەژیان، زیاتر گومانیش بۆ ئـەوە دەچێت کە لەگەڵ سوارە دەرەبەگەکاندا بنەچەی سوپای عوسمانیان پێکهێنابێ، جا لەبەر ئەوەی هـەم سـەرباز و هـەم دەرەبەگ بوون و نەش دەتوانرا پشتیان پێ ببەسترێ بـە تایبـەتی لـەو چالاکییە سـەربازیانەی کـە دوور لـە ناوچـەکانی دەرەبەگایەتی خۆیاندا ئەنجام دەدرا، لەبەرئەوە مەسەلەیەکی ئاسـایی بـوو کـە سـوڵتانە عوسمانییـەکان لـەپاش ئـەوان سەربازی پیادە بەکاربهێنن و ڕێکیان بخەن بەشێوازێك کە گرفتی سەختی و دووری ڕێگاکـەیان بـۆ چارەسـەر بکـات ئـەم مەسەلەیەش لە نیوەی یەکەمی سەدەی (14)دا مەیسەر بوو . بڕوانە : جب، هاملتون و بوون هارولد . المجتمع الاسلامی والغرب . ج 1، ل 85: لویس، برنارد : أستنبول. هامش رقم (91)، ل206.





لێرەوە بیرۆکەی ئەوە پەیدابوو لەلای ئۆرخان کە کەسانی غەیری تورك لە پێکهاتەی سوپایەکی پیادەدا بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە کاکڵەی سوپایەکی بـەردەوام پیـشەیی، عوسمانییـەکان دەسـکەوت و دیلـی زۆریـان لـەو شـوێنە ڕزگارکراوانـە زەوت دەکـرد و بـۆ خۆیان دەیان برد دەوڵەت ئەو کاتە یەك لەسەر پێنجی ئەو دیلانەی بـۆ خـۆی دەبـرد کـە زۆربەی زۆریان تەمەنیان بچووك بوو، کە ئۆرخان کردنی بە کاکڵەی سوپایەکی پیشەیی و هەرچی یەتیم و بێ باو ك و بێ کەس هەبوو لە منداڵە نەسرانییەکان کە باوك و دایکیـان و کـەس و کاریـان دەرەنجـامی شـەڕەکانی ڕزگـارکردنی زەوی یـەکانی سـەر بـە دەوڵـەتی بێزەنتی لەناوچووبوون هەموویان پێکرا خزانـدە نـاو ئـەم سـوپایەوە و هـەموویانی کردە یەك و زۆریش گرنگی بەوەدا کە پەروەردەیەکی ئیسلامی وز جیهادی پەروەردەیان بکـات بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئیسلام لە دڵیاندا هەرکاتێکیش کە گەورە دەبـوون دەیـان نایـە نـاو سـوپای (ئینکـشاریە)وە کـە پاشـان ئـەم سـوپایە بـووە هێزێکـی بـەردەوام و ئامادەباش بۆ سوڵتان[1].

خـاوەنی ئـەم بیرۆکەیـە و نـاوەرۆکی دامەزرانـدنی ئـەم سـوپایە بـۆ (قـەرە خـەلیل جاندرلی) دەگەڕێتەوە کە یەکێك بوو لە ڕاوێـژکارانی (ئۆرخـان) و ئـەم بیرۆکەیـەی خـستە مێشکەوە[2].

هەریەك لە ئۆرخان و (عەلائەدین) هەردووکیان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئامانج لـە دامەزرانـدنی ئـەم سـوپایە درێژەدانـە بـە جیهـاد دژ بـە بلێزەنتییـەکان و ڕزگـارکردنی زیاتری ئەو شوێنانەیە کە لەبن دەستیان دایە و، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامە لە ناوچەکانی بەلقان و دەوروەپشتی جگە لە سود وەرگرتن لەو بێزەنتیانەی کە دێنە ناو ئیـسلامەوە بـۆ ئـەوەی پاشـان بگەڕێنـەوە کۆمـەڵگاکانی خۆیـان تـا ئیـسلامی تیـا بـڵاو

[1] – بڕوانە بابەتی : تاسیس الجیش انکشاری : سعدالدین : تاج التواریخ : جلد**1**، ل **42**. تاریخ جودت : بەشی **1**، ل **98**. کوبرولی : سەرچاوەی پێشوو، ل **169 – 170**. ئەبو غنیمة، زیاد: جوانب مضیئة في تاریخ العثمانین الاتراك، ل **122 – 156**. الشناوی، عبدالعزیز : الدولة العثمانیة دولة اسلامیة مفترة علیها : جلد **1**، ل **471 – 490**. بروکلمان، کارل : تاریخ الشعوب الاسلامیة : ل **414**: دائرة المعارف الاسلامیة . جلد **3**، ل **76 – 81** و جلد **9**، ل **319 – 322**. جب و بوون : سەرچاوەی : **جلد 1**، ل **82 – 96**. Dohsson . I . M: Tableau cenera Lede L"empire ottoman : VII , PP**. 310 – 311 , 326 – 328.**

[2] - محمد فرید بك : تارخ الدولة العلیة العثمانیة، ل 122 – 123.

بکەنەوە، پاش ئەوەی کە پەروەردەیەکی ئیسلامی ڕاست و دروست وەردەگرن، ئەوە بوو ئۆرخان لە ساڵی (1330ز) بەدەستی کرد بە دامەزراندنی ئەم سوپایە بەڵام ڕێکخستن و تەواوکردنی پێداویستیەکانی لە سەردەمی سوڵتان محەممەدی دووەم، پاشان لە زەمانی سوڵتان سلێمانی قانوونی کۆتایی پێهات، ئۆرخان ئەم سوپایەی لە بنکە سەربازییە تایبەتەکاندا دانا، چونکە ئەندامانی ئەم سوپایە خانەوادەیان نەبوو و ژنیان نەدەهێنا و هیچ ئومێدێکیان نەبوو بۆ دامەزراندنی خێزان و تێکەڵی کۆمەڵگاش نەدەبوون، بەڵکو خۆیان تەرخان کردبوو بۆ بەرگری کردن لە ئایینی ئیسلام و پاراستنی ژیانی میللەت و سوڵتانی عوسمانی، چونکە تاکە عەقیدە و باوەڕیان ئیسلام بوو و قورئانی پیرۆزیش پەرتووکیان و سوڵتانی عوسمانیش باوکیان و بنکە سەربازییەکانیش ماڵیان و جەنگیش پیشەیان بوو، لە سەرەتادا ناویان (پنی چری) بوو واتە (سوپای تازە)، بەڵام پاشان ئەم ناوە وردە وردە لە ژێر فشار و کاریگەری زمانی عەرەبی گۆڕانکاری بەسەردا هات و بووە (ئینکشاری).

ئەم سوپایە کە عوسمانییەکان دایان مەزراند، بووە یەکەم سوپای بەردەوام و ڕێکخراو لە مێژوودا زانرا بێت[1].

سەربازە تازەکانی ئەم سوپایە لە سەرەتا جا لەژێر چاودێری دەروێشی تەریقەتی بەگتاشی دا بوون کە ئەم کارەیانی بەرز نرخاند ئەویش بەوەی کە قۆڵی عەباکەی خستە سەریان و بوونە شوێن کەوتووانی ئەم تەریقەتە[2].

---

[1] - بەپێی هەندێك لە گێڕدراوە مێژوویەکان (ئۆرخان) ئەندامانی سوپای ئینکشاریەی کۆکردەوە و بردیانیە لای (حاجی بەگ تاشی)ی شێخی تەریقەتی بەگتاشی لە (ئەماسیا) بۆ ئەوەی دوعای خێریان بۆ بکات و کارەکانیان بەرز و پیرۆز بکات ئەم شێخەش دوعای سەرکەوتنی بۆ کردن و ناوی (ینچری) واتە (سوپای تازە)یانی لێنا، پاشان لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی ئەم ناوە بووە (ئینکشاری). هەندێك گێڕدراوەی دیش هەن، کە ئەم ڕووداوە ڕەت دەکەنەوە بەو ئیعتیبارەی کە ئەم شێخە پێش سەدەیەك لە دامەزراندنی ئەم سوپایە کۆچی دوایی کردووە، بەپێی گێڕدراوەی دووەم یەکێك لە خەلیفەکانی ئەم شێخە بووە کە دوعای خێری بۆ کردوون نەك شێخەکە خۆی، بڕوانە : محمد فرید بك، ل **123**. دائرة المعارف الاسلامیة، جلد **3**، ل **77**. مصطفی الشیبي : اصلة بین التصوف والتشیع، جلد**2**، ل **339** – **340** . علی محمد کرد، خطط الشام، جلد **5**، ل **25**، جلد **4**، ل **37** – **39**. Itasluck , F. w: Christianity and Islam underA Sultans . oxford – 1929. pp. 483 – 493.

[2] - القرمانی : ل 15.





لەڕاستیدا ئینکساریەکان ئاوێتە بوون بە تەریقەتی بەگتاشیەوە و گوێ ڕایەڵێکی کوێرانەی شێخەکالنی ئەو تەریقەتە بوون، لە بەرئەوە هەندێك جار پێیان دەوترا سەربازە بەگتاشیەکان، هەندێك جاریش بە کوڕانی (حاجی بەگتاشی) ناوزەد دەکران[1].

سەربازە تازەکان کڵاوێکیان لەسەر دەکرد کە لە سووفی سپی دروست کرا بوو و لە پشتەوەشی پارچە قوماشێکی پێوە بوو کە هێمای ئەو بەرەکەت و پیرۆزیە بوو کە حەزرەتی شێخ بە دەروێشەکانی بەخشیوە، ئەویش بە ئاوێزان کردنی لایەکی پارچە قوماشەکە بە پشتەوە، لەسەر ئەم کڵاوەش نیشانێکی بچووك هەیە کە لە کەوچکێکی دار پێکهاتووە[2].ئەفسەرانی ئینکشاریە نازناوی سەرسوڕهێنەریان هەبوو کەلە کاروپیشەکانی موبەق(چێشتخانە)وە وەرگیرابوو, کەبەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە سەر بەخشش و ڕۆزیەکانی سوڵتان دەژیان، هەندێك لەو نازناوانە ئەمانە بوون : (شۆربچی باشی، عشی باشی، سقا ئاغاشی، ئاودەباشی) و چەندەها نازناوی تر کە وەك ناونیشان و پلەی سەربازی وابوون[3]. لەوەش دەچێت کە سەربازانی ئینکشاری ئەو دەفرە خۆراکانەی کە خواردنیانی تیادا دەخوارد، بە پیرۆز و گەورەیان دەزانی، چونکە لە خودی سوڵتانەوە خۆراکیان بۆ دەهات و دەیان کردە ئەو دەفرانە و دەیان خوارد بۆیە تەنانەت لە کاتی جەنگەکانیشدا ئەو دەفرانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و بگرە زۆر بەرگیشیان لێ دەکرد و نەیان دەهێشت بزر بێ و لە دەستیان بەسەنرێت، چونکە لە دەستدان و بزربوونی ئەو دەفرانە ئیهانە کردنێکی گەورە بوو بۆ خاوەنەکەی، هەروەها کاتێکیش کە ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەك دەرببڕیایە، ئەوە ئەو دەفرانەیان بەرانبەر ماڵەکانی خۆیان دادەنا و قلْپیان دەکردەوە[4].

سوپای ئینکشاری بە (ئوجاق) ناودەبرا و لە چوار جۆر تیپی سەربازی پێکهاتبوو[5]. هەریەکێك لەم تیپانە لە ژمارەیەك لە یەکەکان پێکهاتبوو کە پێیان دەوت (ئورتە)،

---

[1] - دائرة المعارف الاسلامیة، جلد 4، ل 39.

[2] - دائرة المعارف الاسلامیة، جلد 4، ل 39.

[3] - محمد فرید بك : ل 123.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 123 – 124.

[5] - ئەم تیپانە بەپێی گرنگیان بەم شێوەیە بوون : (سمکان) و (تیپی کوڕانی عەجەم)، (تیپی کۆمەڵ)، (تیپی بلوك).

ئەمەش یەکەی بنەڕەتی سەرجەم ئەو تیپانە بوو و ژمارەشیان لە نێوان (100) و (150) نەفەردا بوو.

ژمارەی ئۆرتەکانیش لە نێوان تیپە جۆراو جۆرەکانی سوپای ئینکشاری دا یەك نەبوو، جگە لەوەی کە ئەم ەیەکانە دابەش ببوونە سەر شاری ئەستەنبوڵ پاش ڕزگارکردنی و سەر ئەو هەرێمە ڕزگار کراوانەی سەر سنوور[1]، ئەم تیپانە لە چەند بنکەیەکدا ژیانیان بەسەر دەبرد، کە (ئۆرتە)یان پی دەوت، واتە (هۆدە)، بەڵام لە کاتی شەڕدا و لە گۆڕەپانی جەنگدا ئەم تیپانە دەچوونە ژێر چادری بازنەیی و گەورەوە کە نیشانە جیاکارەکانی خۆیانیان لەسەر هەڵدەواسی لەوێوە کارە جەنگیەکانیان ئەنجام دەدا جا هەمووتیپێك نیشانەیەکی تایبەتی هەبوو لەسەر دەرگای بنکەکانیان وەیان لەسەر ئاڵاکانیان وەیان لەسەر چادرەکاینان هەڵیان دەواسی، ئەم نیشانانەش شکڵی (ماسی) یان (کیلیل) وەیان (داڵی) وەرگرتبوو، جگجە لەوەش نەخش کردنی ئەو نیشانە جیاکارانە لەسەر قۆڵ و باسك و قاچیان بەشێوەی (کوتان) ببوە دابێك لەلای سەربازانی سوپای ئینکشاری[2].

هەروەها (ئاغا) سەرکردەی باڵای سوپای ئینکشاری بوو بەو ئیعتیبارەی کە گەورەترین پلە دار و ئەفسەری ئەم سوپایەیە. جا بەپێی سەرکردایەتی کردنی (ئاغا) بۆ ئەو سوپایە دوو وەزیفەوی تری لە ئەستۆ گرتبوو کە سەرکردەی هێزەکانی پایتەخت و ئەندامێتی ئەنجوومەنی دەوڵەت بوو[3].

هەروەها لەبەرئەوەی (ئاغا) سەرکردەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ناو (ئەستەنبوڵ)ی پایتەختە، پاش ئەوەی کە عوسمانییەکان ڕزگاریان کرد، لەبەرئەوە (ئاغا) بووە بەرپرسی یەکەمی پاراستنی موڵك و ئاسایشی ناو شار تەنیا کۆشکی سوڵتان و دەورووبەری لێ دەرچێ کە پەیوەندی بەوەوە نەبوو، ئەم سەرکردەیە بە پلەی وەزیر بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا و لە بان هەموو ئەو پلە و پایانەوە بوو کە ئاستیان لە وەزیر

---

[1] - D'ohsson , op. cit, VII, p. 33

[2] - دائرة المعارف الاسلامية : جلد 3، ل 76 . جب و بوون : سەرچاوەی پێشوو، جلد 1، ل 91.

[3] - جب و بوون : جلد 1، ل 88 – 89. **D'ohsson , op. cit, VII, p. 313 – 315.**





کەمترە[1] ئاغای سوپای ئینکشاری بارەگایەکی تایبەتی هەبوو لە پایتەخت و چەند نووسینگەیەکیش لەو شوێنانەدا هەبوو کە تیپەکە ئیشی تیادا دەکرد، لەم کارەشیدا سەرکردەی تیپی (سەکمان) یاریدەی دەدا کە پێیان دەوت (سەکمان باشی) کە جگە لە پیشەکەی وەك یاریدەدەری یەکەمی ئاغا و سەرکردەی تیپی (سەکمان) دەبووە جێگری (ئاغا) لە سەرکردایەتی گشتی سوپادا و لە کاتی جەنگەکانیشدا سەرکردایەتی هێزەکانی پایتەختی دەکرد[2].

لە لایەکی تریشەوە دەوڵەت چەند ئیمتیازێکی دابووە تیپەکانی ئینکشاری لەوانە دەستگیر نەکردنیان و سزا نەدانیان لەلایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە تەنیا ئەفسەرانی ئینکشاری دەیان توانی سزا سەربازییەکان لەسەر سەربازانی ئینکشاری جێبەجێ بکەن، ئەو سزایانە (جەڵدە کردن) و (زیندان کردن) و (خەساندن) و (لەسێدارەدان) پێکهاتبوو[3].

شایانی باسە سوپای ئینکشاری ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە فراوان کردنی دەوڵەتی عوسمانی و لە پاشیشدا بە هەمان شێوە ڕۆڵی لە هەرەس پێ هێنانی ئەو دەوڵەتەدا بینی کە ئەویش لەبەر ئەو پلە و پایە سەربازی و مەدەنییە خەتەر ناکەی کە پێیان بەخشرابوو، جا گەر دەوڵەتی عوسمانی لە چەرخی زێڕیینی خۆیدا و لە مەیدانی جەنگدا سوودیانی لێ وەرگرتبی، کەچی لە چاخەکانی دوایدا ڕۆڵیان گێڕا لە لاواز کردنی دەوڵەتدا ئەویش بە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون لە پێناو جێبەجێ کردنی هەندێك لە داواکاریەکیان وەیان بۆ دەستێوەردان لە سیاسەتی باڵای دەوڵەت کە لە زۆر باردا ئاکارەکانیان لە سەقفی پسپۆڕی خۆیان دەترازا کە دەوایە وەك جەنگاوەرێك بمێننەوە و دەست لە کاروباری سیاسەت و دەوڵەت وەرنەدەن، هەروەکو لەم لێکرڵینەوەیەی بن دەستیان بەرچاوتان دەکەوێ ئەوەی جێ ی سەرنج ڕاکیشانە کاتێك ئینکشاریەکان یەك ڕێزی و

---

[1] - Ibid

[2] - ibid.

[3] - دائرة المعارف الاسلامية : جلد 3، ل 79 . سويد، ياسين : التاريخ العسكرى للمقاطعات اللبنانية في عهد الامارتين، جلد 1، الامارة المعنية، ل 98 – 100 . لەم سەرچاوەیە ئەو سزا سەربازیانە ئەژمێرێ کە بەسەر سەربازانی ئینکشاری دا دەسەپێنرا، هەروەها ئەو سیستەم و یاسا و نەریتانە دەخاتە ڕوو کە تایبەتن بە سوپای ئینکشاریەوە.

پتەویان شێواو و تێکچوو ئەو کاتە زیاتر هەستیان بە هەڕەتی هێزی خۆیـان کـرد و زیـاتر ڕۆچوون لەسەر کێشی مل هـوڕی خۆیـان بەشـێوەیەك بوونـە هێزێکـی خەتـەر نـاك دژ بـە دەوڵەتی عوسمانی.

## پرۆسەکانی فراوانخوازی لە سەردەمی( ئۆرخان )

دەتوانین پرۆسە فراوانخوازیەکانی (ئۆرخـان) بـۆ دوو بـەش پـۆلێن بکـەین : بەشـی یەکـەمیان لـە سـاڵی ($1326$)وە دەسـت پـێ دەکـات تـا سـاڵی ($1344$ز) کـە زیـاتر هەوڵـدانێك بـوو بـۆ جـێگیر کردنـی کۆڵەکـەی دەوڵـەت و ئـەنجام دانـی فراوانخـوازی لـە ناوچەکانی (ئاسیای بچووك)، بەشی دووەمیش لە سـاڵی ($1344$ز)وە بـەردەوام دەبێـت تاکو ساڵی ($1360$ز) واتە ئەو ساڵەی کە (ئۆرخان) وەفاتی تیادا دەکات. ئەم قۆناغەش پرۆسەکانی فراوانخوازی لـە ناوچـەکانی(تراقیـا)و (مەقـدۆنیا)و بڵاوکردنـەوەی دەسـەڵاتی دەوڵەت لە ئەوروپادا دەگرێتەوە.

## پرۆسەکانی فراوانخوازی لە ئاسیای بچووك

(ئۆرخـان) وەکـو سـەرکردەیەکی ڕزگارکـەر لـەماوەی ژیـانی باوکیـدا دەرکـەوت, ئـەوەبوو تـوانی بـەبێ خوێنڕشـتن(بروسـە) بگرێـت و بیکاتـە پایتـەختی دەوڵـەتی عوسمـانی,پاشـان هەریـەك لـە(ازنیـق: نیقیـە)و (ئەزمیـد:نیقومیـدیا)ی کـردە ئامـانجێکی سەرەکی سیاسەتە فراوانخوازیەکانی خۆی[1].

لەڕاسـتیدا ئاسـیای بـچووك پـێش ئـەوەی ئۆرخـان بێتـە سـەر حـوکم بـۆ چـەند میرنـشینێك دابـەش ببـوو, هـەروەها میرنـشینی عوسمـانی گـەر توانـاو هێزێکـی دەسـت کەوتبێ ئەوا لەدەرەنجامی جوامێری و چاونەترسی عوسمان بوو, کاتێکیش کە (ئۆرخان) دسـەڵاتی وەرگـرت تـوانی هێـزی دەوڵـەت لـە گوزەرگـای کـارە فراوانخوازییەکانـەوە دەربخات. لەم بوارەشدا تیمێکی لێهاتوو لە سەرکردەکانی سـوپا هاریکاریـان دەکـرد کـە بەناوبانگترینیان (کوسی میخال) و (عەبدولرەحمان غازی) و (قەرە عەلی) و (قەرە مرسل)

[1]- Gibbons . op. cit . p. 55 – 56.





بـوون[1] ئۆرخـان لـە سـەرەتادا دەسـتی گـرت بەسـەر نیمـچە دوورگـەی (بیثینیـا) کـە دەکەوێتە ئەو پەڕی باکوور[2] هەروەکو دەستی گرت بەسەر هەردوو قـەڵای (سمنـدرە) و (ئەبی دوس)ی شورە دار[3] ئەم دوو قەڵایەش ڕۆڵی پاسەوان کردنی ڕێگـا جەنگییـەکانی نێوان (قوستەنتینیە) و (نیقۆمیدیا)ی دەبینی و بۆخۆشی لـە (تراقیـا) بنکـەی سـەربازی داکوتا[4].

بەم شێوەیە (ئۆرخان) زەمینە سازی بۆ ڕزگارکردنی (نیقۆمیدیا) کرد کە دەکەوێتە سەر دەریای (مەڕمەڕە) لە نێوان ساڵانی ($1326 - 1330$ز) کە بە ناچاری ئیمپڕاتۆری بێزەنتی (ئەندرو نیقوسی سێیەم) پاشە کشەی لێکرد[5].

لـەوەش دەچـێ ئـەم ئیمپڕاتـۆرە بێزەنتـی ویـستبێتی کـە گرنگـی پێدانی خـۆی دەربخـات بـە خەتـەرناکی و مەترسـی عوسمانییـەکان، بۆیـە لـە سـاڵی ($1330$ز) هێـزی سـەربازی نـاردە (نیقیـە) بـۆ بـەرگری کـردن لـەو شـارەو بەرەنگاربوونـەوەی شـاڵاوی عوسمانییەکان و گێڕانەوەی (نیقۆمیدیا) گەر بکرێ. سوپای عوسمانیش بەرەنگاری ئـەم سوپایەی ئیمپڕاتۆر بۆوە و سوپای بێزەنتیانی لەوێدا شـکاند[6] مەیـدانی ئـەم جەنگـەش شاری (فیلوکران) بوو کە شارۆچکەیەکی بچووکی سـەر ڕۆخـی دەریـا بـوو کـە سەرچـاوە عوسمانییـەکان باسـیان نـەکردووە. لـە ڕاسـتیدا داگیرکردنـی (فیلـوکران) لەلایـەن عوسمانییەکانەوە هیوا و ئاواتی بێزەنتییەکانی هەرەس پێ هێنـا. ئەممـەش بـووە هـۆی ئەوەی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی بووەسـتێت لـە بـەرگری کـردن لـە ناوچـەکانی ئـەنادۆڵ و شاڵاوە سەربازییەکانی خۆی لەوێدا ڕابگرێ، ئەمـە جگـە لـەوەی نیـشتەجێ بـوانی ئـەو دەڤەرە دژ بە عوسمانییەکان هیچ بەرگرییەکیان نەکرد و ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنی میر سلێمانی کوڕی (ئۆرخان) لە مێژووی 2 ی ئاداری ساڵی 1331 [7]، (ئۆرخان) زۆر بە

[1] - **دائرة المعارف الاسلامية : جلد 3، ل 127**.

[2] - camb med History , By Z    antine Empire vol Iv , prt I , p. 759.

[3] – القرماني : ل 13.

[4]- Gibbons op. cit. pp. 59 – 60. camb ,ed hist . By Zantine Empire Iv , prt I, P. 759. Ostrogorsky : Hist of the By Zantine hstate : p. 451.

[5] - سعدالدين : سەرچاوەی پێشوو، جلد 1، ل42 – 43.

[6] - دەربارەی داگیرکردنی (نیقیە) بڕوانە Gibbons .op. cit. pp**. 60 – 64.**

[7] - سعدالدين : سەرچاوەی پێشوو، جلد 1، ل 42 – 43.

لێبوردەیی و دڵفراوانیەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی ئەم شارەدا کرد کە بەبێ هیچ بەرەنگاریەك تەسلیم بوون، بۆیە زۆرێکیان ئایینەکەی خۆیان بەجێهێشت و بوونە موسڵمان.

هەروەها ئۆرخان فەرمانی دا بە چاککردنەوەی باڵەخانە و شوراکانی شارەکە و پوڵێکی زۆری لەو بوارەدا خەرج کرد سەرباری ئەوەش هەندێ: لە کەنیسەکانی کردە مزگەوت و قوتابخانە. بەم شێوەیە ئەم شارە گرنگیەکەی جارانی پەیدا کردەوە، بە تایبەتی لە بواری ئابووری و دروستکردنی (ئەلقاشانی) و چنینی ئاوریشم، بۆیە ئەم شارە لە پاشاندا بووە دەوڵەمەندترین و قەشەنگترین شارەکانی دەوڵەتی عوسمانی جگە لە بوونی بە بنکەیەکی ڕۆشنبیری و زانستی ئیسلامی[1].

پاش ئەوە ئۆرخان بە هۆی ئەو سوپا ڕێك و گەورەیەوە توانی هەڵمەتەکانی خۆی درێژە پێبدات، ئەوە بوو لە ساڵی 1333ز بە سەرۆکایەتی (سلێمان)ی کوڕی هێزێکی سەربازی نارد بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچە بێزەنتیانەی کە دەکەونە باکووری ڕووباری (تفاریا) بەم شێوەیە دەستی گرت بەسەر قەڵاکانی (کوینیك) و (مودرینە) و (ترکجی)[2] جا بە ڕزگارکردنی ئەم قەڵایانە موڵکەکانی دەوڵەتی بێزەنتیە لە ئاسیای بچووك دای لەکەمی و تەنیا چەند شارێکی پەرتەوازە نەبێ کە بەدەستیانەوە مایەوە کە ناسراوترینیان هەردوو شاری (الاشەهر) و (هەرقەلە) بوو[3].

هەروەها ئۆرخان شاڵاوی بردە بەر میرنشین و شارەکانی کەنار دەریابۆ درێژکردنەوەی ڕووبەری دەریایی وڵات و توانی میرنشینی (قەرەسی) بخاتە سەر میرنشینەکەی خۆی[4].

بەم شێوەیە میرنشینی (قەرەسی) یەکەم میرنشین بوو کە عوسمانییەکان توانیا بیخەنە سەر موڵکی خۆیان، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لە باشووری دەریای مەڕمەڕە و ڕۆژهەڵاتی دەریای (ئیجە). ئەویش لەبەر ئەو دوو بەرەکیەی کە کەوتە نێوان

[1] - دەربارەی داگیرکردنی (نیقیە) چاوبخشێنە بە Gibbons .op. cit. pp. 60 – 64.

[2] - سعدالدین : جلد 1، ل 44 – 45. دائرة المعارف الاسلامیة، جلد 3، ل 128.

[3] - ostrogorsky : p. 451.

[4] - محمد فرید بك : ل 124 . . Inal Gik : p. 9.





هەردوو برا (تورسون) کە لە کۆشکی ئۆرخاندا دەژیا و نێوان برا گەورەکەی (تیمورتاش)[1]، کە ئۆرخان توانی ئەو دوو بەرەکیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە، جا لەسەر داواکاری (تورسون)، سوپای ئۆرخان بەرەو پایتەختی میرنشینی (قەرەسی) شاڵاوی برد و دەستی گرت بەسەر چەند قەڵایەك و پاشان (برغمە)ی پایتەختی (قەرەسی) ڕزگارکرد[2]. ئیتر بەم شێوازە باشووری دەریای (مەڕمەڕە) بووە موڵکی عوسمانییەکان و توانیان کۆنترۆڵی بەندەری (دەردەنیل) بکەن و بەمجۆرە میرنشینی عوسمانی بووە گەورەترین میرنشینی تورکی لە ناوچەکەدا.

## سەرکەوتنەکانی ( ئۆرخان ) لە ئەوروپا

کاتێك کە ئۆرخان لەسەر تەختی میرنشینی عوسمانی دانیشت، هۆزە تورکییەکان سێ جار گەروەکانیان بڕی بوو بۆ ئەوروپا بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بێنن یا ئاسەوارێك بەجێبهێڵن، لەوەش دەچێ کە هاندەری ئەم شاڵاوانە جێگیربوونی دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی نەبووبێت، لەبەرئەوە ئیمپڕاتۆری بێزەنتە هیچ گرنگی یەکی بەم شاڵاوانە نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەگوزەر کردنی کات چەند هەڵمەتێك ڕیکخراو پەیدا بوو و، وردە وردە لەسەر دەستی میرنشینەکانی تورکی لە ئەنادۆڵ گەشەی سەند.

لەوەش دەچێت کە (ئامور بەگ) دەسەڵاتداری (ئایدین) لەو نیازەدا بووبێ کە پەیتا پەیتا شاڵاو بکاتە سەر زەوییەکانی بێزەنتە لە کیشوەری ئەوروپا جا لەبەرئەوە کە بێزەنتە ئەوکاتە بە دەست شەڕ و پەشێوییەوە گیری خواردبوو، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە پاڵپشتی کردنی (ئۆرخان) بۆ خۆی بەدەست بێنێت. ئەوەبوو لە ساڵی 1333ز ئۆرخان بەپێی پەیمانەمەیەك پەیمانی دا بە ئیمپڕاتۆری بێزەنتی (ئەندرۆ نیقوسی سێیەم) کە لە داهاتوودا دەست درێژی نەکاتە سەر زەوییەکاتی تری بێزەنتە لە

[1] – سعدالدین : جلد 1، ل 48.

[2] – هەمان سەرچاوە : ل 48 – 49 . . Gibbons . p. 66.

ئاسیای بچووك، ئەم پەیمانەشی پاشان بووە هۆكاری ئەوەی كە دەسەڵاتداری عوسمانی بەچڕی دەست لە كاروباری بێزەنتە وەربدات[1].

لەگەڵ بەستنی ئەم پەیمانەشی (ئەندرۆنیقۆسی سێیەم) شان بە شانی سەركردە سەربازییەكانی خۆی بەرەنگاری شاڵاوی عوسمانییەكان دەبۆوە وەك هەوڵدانێك بۆ ڕاگرتنی ئەو شاڵاوە چڕانە، ئەویش بە بەستنی هاوپەیمانیەتییەك لەگەڵ ڕۆژئاوا و نزیك بونەوە لە (بابا) یوحەنای بیست و دووەم، لە پێناو جۆشدانی خاچ پەرستان دژ بە عوسمانییەكان[2]، لەوەش دەچێ سەرقاڵی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا بە گرفتە ناوخۆی و دەرەكییەكان و ئامادە نەبوونی پیاوانی ئایینی بێزەنتە بۆ هاریكاری كردن لەگەڵ (بابای ڕۆما) ئەم پرۆژەیەی پوچەڵ كردبێتەوە بۆیە ئۆرخان هەلێكی باشی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی بە سەركەوتووی پرۆسە فراوانخوازییەكانی خۆی لە ئەوروپا ئەنجام بدات، ئەوەبو لە ساڵی 1337 ئۆرخان هەوڵی دا كە شاڵاو بەرێتە سەر قوستەنتینیە بۆ جێگیر كردنی پێگەی عوسمانییەكان لە (تراقیا)، ئەویش بەهۆی هێزێكی بچووكی دەریاییەوە كە لە (سی و شەش) بەلەمی بچووك پێكهاتبوو، بەڵام ئەم هێزە بەرانبەر بە بێزەنتی یەكان نوشوستی هێنا و سەرنەكەوت[3].

بەڵام پاش كۆچی دوایی (ئاندرۆ نیقۆسی سێیەم) بارودۆخی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی تێكچوو لە ساڵی 1341 شەڕی ناوخۆ و كێ بڕكێ لەسەر بە دەستهێنانی دەسەڵاتی بێزەنتە گەیشتە ئەو پەڕی و بوە هۆی لاوازییەكی زۆری دەوڵەت سەركردەكانیشی بێ هێزی و لاوازییەكی زۆر ڕووی تێكردن و دەركیان بەوە نەدەكرد كە چ مەترسییەك گەماریانی داوە[4].

لەلایەكی تریشەوە گەلی بێزەنتە باوەڕیان بەخۆ و بەو سەركردانەیان لە دەست دا كە هانایان دەبردە بەر عوسمانییەكان لە دژی یەكدی لە كاتێكدا كە هێزی دەوڵەتی عوسمانی لەبرەودابوو، بۆیە ئیتر پەیمانامەكەی نێوان ئۆرخان و (ئەندرۆ نیقوسی

[1] - كوبرولی : ص 164. cantacuzenus. Vol. i. pp, 446 – 447.

[2] - cibbons: opc. Cit. p. 85.

[3] - رستم : مرجع سابق، ج2، ص 230

[4] - سەرچاوەی پێشوو: ل 236.





سێیەم) هیچ سوودێكی نەما، بەختی باشی عوسمانییەكان وابوو كە بێزەنتییەكان خۆیان بانگەشەیانیان دەكرد بۆ ئەوروپا، تا یارمەتیان بدەن لە كێبڕكێی ناوخۆی وڵاتەكەیاندا، چونكە ئەو كاتە دو كەس لەسەر عەرشی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی شەڕیان دەكرد، یەكێكیان ئیمپڕاتۆری شەرعی (یوحەنای پێنجەم بالیولوغوس)بوو، ئەو ی تریشیان (یوحەنای شەشەم كانتاكوزین)بوو. ئەوەیوو (كانتاكوزین) دژ بە ڕكابەرەكەی خۆی داوای یارمەتی لە ئۆرخان كرد[1].

لەوەش دەچو كە ئۆرخان هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەرباری بێزەنتی كردبێ بە تایبەتی كاتێك كە خاتوو (ئانادی سافوا) دایكی یوحەنای پێنجەم و ڕاسپێراو لەسەر عەرشەكەی داوای لە ئۆرخان كرد كە سوپایەكی بۆ بنێرێت دژ بە (كانتاكوزین)، بۆیە (كانتا كوزین) هەستا بە كەمەندكێش كردنی (ئۆرخان)، بەوەی كە كچی خۆی (تیۆدۆرا)ی پێشكەش كرد بەرانبەر بەشەش هەزار سەربازی عوسمانی كە پاشان (كانتاكوزین) بەهۆی ئەم سوپایەوە توانی لە ساڵی 1347دەست بەسەر عەرشی ئیمپڕاتۆریەتدا بگرێت[2].

سڕبەكانیش ئەم كێشە ناوخۆیەیان قۆستەوە و لە ساڵی 1349دا شاڵاویان بردە سەر زەوییەكانی بێزەنتە، ئەوەبوو (ئەستفان دوشان) میری سڕبستان دەستی بەسەر (سالۆنیك)دا گرت و بەشێك لە زەوییەكانی ڕۆژئاوای بێزەنتەی خستە ژێر ڕكێفی خۆیەوە. ئەم سەركەوتنە گەورەیەش هانیدا زیاتر ڕۆبچێت و بیر لە داگیر كردنی خودی (قوستەنتینیە) بكاتەوە، بۆیە هیچ ڕێگا چارەیەك بەرانبەر (كاناتكوزین) نەمایەوە جگە لەوەی كە داوی یارمەتی لە (ئۆرخان) بكات. كە ئەویش بە دەوری خۆی دە هەزار سەربازی بە سەركردایەتی (سلێمان)ی كوڕی بۆنارد تاكو بەرەنگاری سڕبەكان ببێتەوە[3].

بەڵام ئەوەبوو (ئەستفان دوشان) پێش ئەوەی بگاتە (قوستەنتینیە) كۆچی دوای كرد، لە كاتێكدا كە هێزە توركییەكان لە دوورخستنەوەی سڕبەكان لە هەرێمی (تساليا)

[1] - Wittek : op. cit. p. 43.

[2] - ostrogorsky : op. cit, p. 454. inalcik : op. cit. p. 9.

[3] - cibbons : op. cit.p. 94. Temperley . Itarold History of serbia p. 74.

سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و (سالۆنیك)یش گەڕایەوە ژێر ڕکێفی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی و هێزە تورکییەکانیش بە (پاتاڵ)ێکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ ئاسیای بچووك[1].

لەوەش دەچێت (کانتاکوزین) دووبارە تووشی گرفت و کێشە بوبێت لەگەڵ ڕکابەرەکەی خۆی (یوحەنای پێنجەم) بۆیە دووربارە لە خزمە عوسمانییەکەی خۆی داوای یارمەتی دەکات و ئەویش هێزێکی سەربازی بۆ دەنێرێت. کە لە بیست هەزار سەرباز پێکهاتبوو و بە سەرۆکایەتی (سلێمان)ی کوڕی ڕەوانەی ژێر شووراکانی (قوستەنتینیە)ی دەکات، بەڵام کت وپڕ ئەم هێزە بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ پاشەکشەیان پێ دەکرێت[2].

لەم کاتەدا شاڵاوی تورکەکان بۆسەر زەوییەکانی بێزەنتە هەر بەردەوام بوو ببووە هۆکاری پەشێوی و شەڕەنگێزییەکی زۆر، کە ئۆرخان توانی زیرەکانە ئەو حاڵەتە بۆ خۆی بقۆزێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیەی خۆی کە هەمیشە لە خولیای دابوو ئەویش جێگیر کردنی پێگەی عوسمانییەکانە لە ئەوروپا.

لەڕاستیدا هاریکاری عوسمانییەکان بۆ بێزەنتییەکان لاوازی و بێ هێزی ئەو بێزەنتیانەی دەرخست، ئەمەش وای لە ئۆرخان کرد کە کۆنتڕۆڵی هەندێك خاڵی ستراتیجی بکات لەسەر ڕۆخەکانی کیشوەری ئەوروپا و بیکاتە بنکەیەکی دەست پێك بۆ ئەنجام دانی شاڵاوە سەربازیەکانی خۆی بەرەو ئەوروپا و هەروەها تۆکمەکردنی ئەو گۆشەگیریەی قوستەنتینیە.

ئەوەبوو گەرووی دەردەنیل پەڕینەوەیەکی دی عوسمانییەکانی بەخۆیەوە بینی کە لە ساڵی 1356بە سەرکردایەتی (سلێمان) ئەنجام درا، تاکو ڕۆخەکانی (ڕوملی) پەلی هاویشت و لە ساڵی 1357 دا دەستی بەسەر قەڵای (جەنگ)،(تزمب) گرت، پاشان دەستی کرد بە داگیر کردنی ناوچەکانی دەوروبەر تاکو قەڵای (غالیبولی)ی ستراتیجی کە دەڕوانێتە سەر (دەردەنیل)[3] و ئیتر دەستی کرد بە گەمارۆدانێکی چڕی شارەکە تاکو توانی دەستی بەسەردا بگرێت و هەروەها چەند قەڵایەکی دیشی داگیرکرد لەو ناوچانە وەکو قەڵای (ئەبسالا) و (ڕودستو). بەم شێوەیە هەڕەشی عوسمانییەکان بۆ سەر

1 - shaw: op . cit. I. P. 16.
2 - Temperley : op. cit. pp. 75 – 76.
3 - Inalcik : op. cit. p. 9. Vasiliev. A: History of the Byzantine Empire: II, p. 622.





(قوستەنتینیە) زیادی کرد و هەرێمی (تراقیا)ش کەوتە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکانەوە[1]، جا بۆ ئەوەی پێگەی عوسمانییەکان قایم بێت ئۆرخان ژمارەیەکی زۆری شوانکارە تورکەکانی نارده ئەو ناوچە تازانە بۆ بە تورك کردنی، هەروەها بۆ قەدەغە کردنی بێزەنتییەکان لە دەرکردنی هێزە عوسمانییەکان لە داهاتوودا[2].

بەڵام (سلێمان)ی سەرکردەی عوسمانی زۆر چێژی لەو دەستکەوتانە وەرنەگرت چونکە لە ساڵی 1358 و کاتێك سواری ئەسپەکەی بوو بوو لە ڕێگادا بەر درەختێك دەکەوێت و گیانی لە دەست دەدات، بەم شێوەیە شاڵاوی عوسمانییەکان بەرەو ئەوروپا ڕادەوەستێت[3].

## ڕێکخستنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

ئۆرخان ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کردە دوو بەشەوە بەشی (تایبەت)، بەشی (تیمار)[4]، ئەم هەنگاوەش بە سەرەتای دروست بوونی کەرتە جەنگییەکان و بەڕێوەبردنیان دادەنرێت، کە پاشان لەسەر دەستی سوڵتانە عوسمانییەکان ئەم بوارە پەرەی پێ دەدرێت و زیاتر گرنگی پێ دەدرێت.

بەروبوومی بەشی (تایبەت) بۆ خەزێنە و خانەوادەی شاهەنشاهی و بەرپرسە حکومیەکان تەرخان کرابوو، بەڵام بەروبومی (تیمار) بۆ سەربازەکان دانرابوو. ئەم دزوو جۆرە کەرتە وەك یەك نەبوون و لە ڕووی ئابورییەوە جودا بون، خاوەنی کەرتەکان بەرهەمی ئەو کەرتە ئابووریانەی بۆ خۆی دەبرد بەرانبەر بە بەخشینی (دەیە) شەرعییەکان، سەرباری دابین کردنی ژمارەیەك سەرباز کە لەگەڵ ڕێژە بەرهەمی کەرتەکان وەیان بەخشینی بڕە پارەیەك کە بۆ بەکرێ گرتنی هێزێکی دی خەرج بکرێت لە باتی ئەو سەربازانەی کە بە ئەرکەکان هەلچدەستان بەمجۆرە سەربازانەش دەوترا

1 – سعدالدين : ج1، ص 55. Temperley : op. cit. p. 96.
2 - مصطفى : ص 47. inalcik : op, cit. p. 10
3 - القرماني : ص 13. اوزتونا : ج1، ص 96.
4 - سرهنگ : ص 15.

(سباهیە تیمار)[1]. جا بەهۆی ئـەو دەسـتکەوتانە و خێـرا فراوانبـوونی ڕووبـەری زەوی و زارە ڕزگار کراوەکان عوسمانییەکان هەر لە سەرەتای ژیـانی سیاسـی خۆیانـەوە توانیـان مومارەسەی دەسەڵاتێکی ڕەها بکەن بەسەر ئەو موڵکە فراوانەی خۆیاندا، هـەروەها ئـەم شێوازە ڕێکخستنە دوو ئامانجی لە یەك کاتدا پێکا، یەکـەمینیان بەسـتنەوەی سـوراەکان بە سوڵتانەوە بەشێوازێکی تۆکمە و پتەو دووەمینیشیان هاندانی سەربازە عوسمانییەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕزگار کردنی زیاتر.

هـەروەها (عەلائـەدین) چـینێکی لـە سـوارەکان دامەزرانـد و نـاوی نـان (مـسلم) واتـە ئەوانەی کە (گومرگ نادەن) ئەو سوارانە لە کاتی ئاشتیدا پارچە زەویەکیان دانەپـچڕی و هیچ پارەیەکیشیان لـەبری ئـەو پارچـە زەویـە نـەدەدا. لـەوەش دەچـێت کـە ئـەم چـینە خەڵکە وەیان بەشێکیان لەگەڵ کەرتەکانی (تیمار) تێکەڵ بووبێتن[2].

هەروەها لە سـەردەمی ئۆرخـان لـە سـاڵی 1327 یەکـەم دەزگـای دروسـتکردنی دراو دامەزرێنرا و یەکەم دراوی زێـڕین و زیـوین بـەناوی (ئۆرخـان) دروسـت کـرا لـەباتی دراوی سەلجوقی خرایە بازاڕەوە و لە سەرانسەری دەوڵەتی عوسمانی بە کاردەهێنرا[3].

ئەمە جگە لـەوەی ئۆرخـان چـەندەها تەکیـە و قوتابخانـە و مزگـەوتی دروسـتکرد و لـە شاری (ازنیق) یەکـەم قوتابخانـەی لـە دەوڵەتـدا دروسـتکرد و شـێخ داوود قەیـسەری بـە مامۆستا تیادا دامەزراند، ئەمە جگە لەوەی کە چەندەها تەکیەی بۆ دەروێشان و هەژاران بونیـاد نـا[4]،ئۆرخـان کۆمەڵـە یاسـا و شـێوازی جـل و بـەرگ و هێمـای جیاکارانـەی بـۆ توێژەکانی گەل و خاوەن پلەکان دانا[5].

---

1 - مصطفى : ص 40. D'ohsson : op . cit. pp. 364 – 365

2 - دائرة المعارف الاسلامية : ج 6، ص 135.

3 - سعدالدين : ج1، ص 38 – 39.

4 - برجاوى، سعيد احمد : الامبراتورية العثمانية، تارخها السياسى واعسكرى، ص 28. inalcik : op. cit. p. 8.

5 - راجع فيما : يتعلق بتنظيمات اورخان : سعدالدين، ج1، ص 37 – 41.





## کۆچی دوایی ئۆرخان

ئۆرخان لە کۆتاییەکانی سـاڵی 1359 و سـەرەتاکانی سـاڵی 1360 دەرەنجـامی نیگەرانییەکی زۆر بۆ کۆچی دوایی (سلێمان)ی کوڕی وەفاتی کرد و لە شاری (بروسە) بە خاك سپێردرا[1].

گرنگی و پایەی سوڵتان ئۆرخان لەوەدا دەردەکەوێ کە ماوەی حوکمڕانی ئەو ئـەوروپا یەکەم سەقامگیری ئیسلامی لە ناوچەکانی (بەلقان) دا بەخۆوە بینی، ئەمە بێجگە لەوەی کە ماوەی دەسەڵاتی ئۆرخان سیستەمێکی سەربازی تازە سەری هەڵدا کـە مـاوەی چـوار سـەدە تـرس و بیمـی خـستە دڵـی گـەلانی ئـەوروپاوە، هـەروەها لـەو ماوەیـەدا بـوو کـە میرنـشینی عوسمـانی پـەدابوو کـە پاشـان ئەوەنـدە فراوانبـۆوە کـە لـە (ئەنقـەرە)وە بـۆ (تراقیا) درێژەی کێشا پاش ئەوەی کە ئۆرخان شەش ئەوەنـدەی ئـەو زەویانـەی کـە لـە بابی یەوە بۆی مابۆوە گەورە و فراوان کـرد و لـە هەووشـی گـرنگتر کۆڵەکـە یەکەمـەکانی ڕیکخستنی دەوڵەتی هێنایە دی[2].

---

1 - القرمانى : ص 14.

2 - عماد، عبدالغنى : السلطة في بلاد الشام في القرن الثامن عشر، ص 20.

# موڕادی یەکەم

## (1360 – 1389) زایینی

## سەرکەوتنەکانی موراد لە ئەوروپا

### ڕزگارکردنی هەرێمی (تراقیا)

پاش ئۆرخان، (موراد)ی کوڕی جێی گرتەوە، لە سەرەتادا بەرەنگاری دوو دوژمنی دوور لەیەك بۆوە. بۆ نمونە لە ناوچەکانی (ئەنادۆڵ) میرنشینی (قرمان)ی تورکی لێ بوو کە بە چاوی ترسەوە دەی ڕوانیە گەشە کردنی میرنشینی عوسمانی، بەڵام میری ئەم میرنشینە (عەلائەددین) هەلی گواستنەوەی دەسەڵاتی لە (ئۆرخان)ەوە بۆ (موراد) قۆزتەوە بۆ هاندانی میرەکانی دی، بۆ بەرپا کردنی جەنگ دژ بە عوسمانییەکان بەڵام (موراد) توانی گورزی توندی ئاڕاستە بکات و دەرەنجام دەست بەسەر شاری ئەنقەڕەدا بگرێت کە پایتەختی (قرمانیەکان)بوو[1].

سەرباری ئەوەش چەندەها قەڵا و شورای قرمانییەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ئەم سەرکەوتنەش بووە هۆی ئەوەی کە (عەلائەددین) داوای ئاشتی لە عوسمانییەکان بکات ئەویش بۆ ئەوەی باقی موڵکەکانی میرنشینەکەی خۆی بپارێزێت ئەمە جگە لەوەی کە کچی خۆی پێشکەش بە (موراد) کرد بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان توند و تۆڵتر بێت[2].

هەروەها (موراد) لەگەڵ چەند میرێکی ئاسیای بچووك هاوپەیمانی بەست وەکو میری (کرمیان). بۆیە کچی میری (کرمیان)ی بۆ کوڕەکەی هێنا شاری (کوتاهیە)شی کردە مارەیی ئەو هاوسەرگیریە لەلایەکی تریشەوە میری هەرێمی (حەمید)ی ناچار کرد بەرامبەر بەنرخێك دەست لەشاری (بسیدیا) هەڵگرێت و پاشان کردیە سەر موڵکی دەوڵەتی عوسمانی، ئنجا لاشالاوی کردە سەر میرنشینی (تکا) و دەستی بەسەر بەشێکیدا گرت. بەمجۆرە موراد بەشێکی لە میرنشینە تورکییەکان خستە سەر موڵکی خۆی.

[1] - القرمانی : ل 15.

[2] - محمد فرید بك : ل 129. wittek : op. cit. p. 44.





لە ئەوروپاش ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی (یوحەنا بالیولوغوس) هەمیشە لە هەوڵی سازکردنی هەڵمەت دا بوو بۆ سەر میرنشینی عوسمانی تا لە و ناوچە تازە ڕزگار کراوانە دەریان بکات کە لە سەردەمی ئۆرخان دا دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی شڵەژاوی ناوخۆ و سەرقاڵبوونی بەکێشە ناوخۆیی و ئەو شۆڕەشی کە (متی کانتا کوزین)ی کوڕی ئیمپڕاتۆری بێزەنتی لابراو (یوحەنا کانتاکوزین)، هەڵیگیرساند نەیتوانی ئەم کارە بکات[1].

لە هەمان کاتیشدا (بەنادیقەکان) لە مەترسی شالاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ ڕاگرتنی هێرشە سەربازییەکان، ئەویش بە ناردنی بیست هەزار سەرباز بۆ (ڕوملی)، بەڵام پاش بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ سوپای عوسمانیدا نوشوستیان هێنا و بەمجۆرە پڕۆژەی (بەنادیقەکان) هەرەسی هێنا[2].

بەڵام سربەکان پاش کۆچی دوایی (ئاستفان دوشان) و لەساڵی 1355ز تووشی لاوازی هاتن بێ هێز بوون و هیچ مەترسی یەکیان بۆسەر عوسمانییەکان دروست نەکرد، هەروەها بولگارەکانیشی بەهەمان شێوە کە لە هەڕەشەی عوسمانییەکان دەترسان دەیان ویست سۆزیان بۆلای خۆیانم ڕابکێشن، میرنشینە لاتینیەکانیش لە یۆنان و (مورة) بەهەمان شێوە لەژێر کاریگەری بارودۆخی ناوخۆ توشی بێ هێزی بوون و مەترسیان بۆسەر عوسمانییەکان نەما[3].

ئەم بارودۆخە هەلێکی باشی بۆ عوسمانییەکان ڕەخساند بۆ ئەوەی بیقۆزنەوە و لە هە رێمی (تراقیا)وە فراوانخوازیەکەیان درێژە پێ بدەن و تاکو دەرەنجام توانیان لە ساڵی 1362 کۆنترۆڵی شاری (ئەدرنە)ی ستراتیجی بکەن[4].

لەڕاستیشدا عوسمانییەکان لە دواهەمین ڕۆژگارەکانی ژیانی ئۆرخان گەمارۆی شاری (ئەدرنە)یاندا، بەڵام ئەوەبوو لەماوەی گەمارۆدانەکەدا ئۆرخان وەفاتی کرد و (موراد)ی

[1] – رستم : ج2، ص 242 – 243. خلع یوحنا السادس (کانتاموزین) عن العرش نتیجة ثورة شعبیة عام 1355م.

[2] – سرهنگ : ص 19. Gibbons : op. cit. p. 128.

[3] - Shaw : op. cit. I. pp. 17 – 18.

[4] – القرمانی : ص 15. pitcher. D. E: A Historican Geography of the Ottoman Empire . p. 42.

کوڕیشی لە گەمارۆدانەکە بەردەوام بوو تا دەرەنجام شاری (ئەدرنە) کەوتە ژێر دەستییەوە[1].

ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی لە توانایدا نەبوو پاش ئەو ڕووداوانە بە تەنها بەرەنگاری عوسمانییەکان ببێتەوە بەتایبەتی کە سوپایەکی ڕاهێنراوی بەهێزی بەدەستەوە نەمابوو کە بتوانێ بەرەنگاری سوارەکانی سوپای تورکی ببێتەوە، لەبەر ئەوە (یوحەنا بالیولوغوس) دانی بە موڵکداری عوسمانییەکان بۆ شاری (تراقیا) هێنا و لە بەخشینی جزیە بۆ عوسمانییەکان بەردەوام بوو[2].

لەوەش دەچێت کە ئەم ئیمپڕاتۆرە لە قۆناغێکی داهاتوودا ویستبێتی کە هاوپەیمانیەتیەك لەگەل سڕبەکان دژ بە عوسمانییەکان ببەستێت، بەڵام (موراد) دەرکی بەم کەین و بەینە کرد و بۆیە وەکو ڕەددانەوەیەکی ئیمپڕاتۆری بێزەنتە لە ساڵی 1366 شاری (ئەدرنە)ی ستراتیجی کردە پایتەختی خۆی ئەم مەسەلەیەش دەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی لە پایتەختە ئەوروپییەکاندا دایەوە بەتایبەتی لای (بابا)[3].

لە ڕاستیشدا عوسمانییەکان زۆر پێویستیان بەوەبوو پایتەختەکەیان لە (بروسە)وە بگوازنەوە بۆ (ئەدرنە) ئەویش لەبەر ئەوەی (ئەدرنە) لەناوچە ڕزگار کراوەکانی ناو ئەوروپا نزیکترە، جا پاش تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیە لە نێوان موراد و وەزیرەکانی ئەم بڕیارە درا و (ئەدرنە) بووە پایتەختی عوسمانییەکان تا ئازاد کردنی شاری (قوستەنتینیە)[4].

هەروەها ڕزگارکردنی (ئەدرنە) و کردنی پایتەخت کارێك بوو کە مەڵبەندێکی کۆنترۆڵکردنی دابین کرد لەسەر شاری (تراقیا) لە هەردوو ڕووی ئیداری و سەربازییەوە، چونکە ئەم شارە قەڵایەکی سەرەکی نێوان قوستەنتینیە و (دانوب) بوو و ڕێگا و گوزەرگا سەربازییەکانی بۆ چیاکانی (بەلقان) کۆنترۆڵ دەکرد و توانای پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانی ئەوروپا و هەوڵە فراوانخوازییەکانی عوسمانیان بۆ باکوور دابین دەکرد[5].

1 – کولز : مرجع سابق، ص **29**. camb Med. Hist. IV. P. 669. Inalcik, p. 10.

2 - vasiliev. II .p. 624. cam Med Hist, Byzantine, Empire, IV, prt I. P. 763

3 ابراهیم بك حلیم : ص **40**. Gibbons: pp. 125 – 126. Vasiliev, op. cit. II. P. 624.

4 - سرهنگ : ص **20**. shaw: op. cit. I. pp. 17 – 18.

5 -shaw: op. cit. I. pp. 17 – 18





جارێکی تریش بێ هودە بانگی خاچ پەرستانە بەرزبۆوە، لە کاتێکدا عوسمانییەکان لەسەر ڕزگار کردن و شاڵاوە سەربازییەکانیان بەتردەوام بوو و، شاری (فیلیبولیس)ی پایتەختی (ڕوملی) ڕۆژهەڵاتیان ئازاد کرد کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی (سۆفیا)وە. جگە لە ڕزگارکردنی هەردوو شاری (وردار) و (کوملجنە) کە دەکەونە باشووری ڕۆژئاوای (ئەدرنە)وە[1]، هەورەها دۆڵی ڕوباری (ماریتزا)شیان کۆنترۆڵ کرد کە دانەوێڵەی بۆ شاری (قوستەنتینیە) دابین دەکرد، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو سەرکەوتنانەی عوسمانییەکان وڵاتی بولگاری لە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتە جودا کردەوە[2].

جا بە ڕزگار کردنی هەرێمی (تراقیا) شاری (قوستەنتینیە) لە هەرێمەکانی تری بێزەنتیەی ڕۆژهەڵات لە کیشوەری ئەوروپادا جوداکرایەوە[3]، پاش هاتنی عوسمانییەکان ئیتر شاری قوستەنتینیە شێوازێکی وەرگرت کە لایە ئەوروپییەکەی بە زەوییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە گەمارۆ درابوو ، هەروەها لە میرنشینە مەسیحی یە بچووکەکانی نیمچە دوورگەی (بەلقان)یش جودابووەوە، بەم شێوەیە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ میرنشینەکانی (سڕب) و (بولگار) و (ئەلبانیا) هاوسنوور بوون.

جا ئەم گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەیەی دەسەڵاتی عوسمانی بوە هۆکاری دروست بوونی هاوپەیمانێتی یەکی تازە لە نێوان هێزە مەسیحییەکانی بەلقان دا بۆ ئاستەنگ خستنە پێش و ڕاگرتنی فراوانخوازی بەلقانییەکان چونکە گەر عوسمانییەکان بچنە ناو بەلقانەوە ئەوە دەگەنە ناوجەرگەی ئەوروپا و پاشانیش هەموو کۆششی مەسیحییەکان بۆلەمپەر خستنە پێش هێزەکانی عوسمانی بە فەتارەت دەچێ و مایە پووچ دەبێت. ئیمپڕاتۆوری بێزەنتی (یوحەنا بالیولوغوس) هەستی بەم خەتەر ناکی یە کرد بۆیە بە ئاڕاستەی وڵاتە ئەوروپییەکان ملی نا بۆ ئەوەی شەڕی خاچ پەرستی دژ بە عوسمانییەکان هەڵبگیرسێنێ، ئەوەبوو (بابا ئوربانۆسی پێنجەم) مەرجی ئەوەی بۆ یوحەنا دانا کە بێتە پێشی و لە بەردەستی دا گوێ ڕایەڵی خۆی بۆ (بابا) ڕابگەیەنێت[4].

1 - سعدالدین : ج**1**، ص **73** – **74**. Gibbons: pp. 114, 121. Cambb Med Hist, Byzantine Empier ,IV, prt I, P. 763.

2 - shaw: op. cit. I. p.18

3 - رسشتم : ج2، ص 245.

4 - رستم : ج**2**، ص **245**.

بۆیە ئیمپراتۆری بێزەنتی لە مانگی تشرینییەکەمی ساڵی 1364 دا گەیشتە لای بابا بۆ مل کەچ کردن و سەر دانەواندن نەك هەر ئەمەندەیە، بەڵکو ئەم ئیمپراتۆرە وازی لە مەزهەبی ئەرسەدۆکسی خۆی هێنا و چوە سەر مەزهەبی کاسۆلیکی[1]،هەرچەندە ئەم هەنگاوانەی ئیمپراتۆر مۆکێکی سیاسی هەڵگرتبوو کەچی بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی بەسەر بەرەی ناوخۆ و ناوەندە ئایینییەکاندا هەبوو بەتایبەت، سەرباری ئەوەی کە کاریگەری خۆی بەسەر ئەم ڕووەوداوانەدا هەبوو چونکە دەرەنجامەکەی پتربونی پچڕی و داتڵیشانی ڕیزەکانی دەوڵەت و نوشوست هێنان بو لەوەرگرتنی یارمەتی.

لەڕاستیدا (بابا) پاش هەرەسهێنانی (ئەدرنە) نامەی بۆ سەرجەم پاشاکانی ئەوروپا نارد و هانی دان کە دژ بە عوسمانییەکان بجەنگن، بەڵام ئەم بانگەشە کردنە هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا لە خڕکردنەوەی پاشاکانی ئەوروپا بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی خاچپەرستانە بۆیە (ئوروکی پێنجەم) کە پاش (ئاستفان دوشان) میری سڕبەکان دەسەڵاتی گرتە دەست پشت بە میرەکانی (ئەفلاق) و سوارەکانی (مەجەڕ) بەست بۆ سەندنەوەی شاری (ئەدرنە).

لەکاتێکدا کە (موراد) سەرقاڵی گەمارۆدانی شاری (بیجە) بوو کە دەکەوێتە باشووری دەریای (مەرمەرە)، بۆ دەرکردنی عوسمانییەکان و سەرکەوتن بە سەریاندا، بەڵام عوسمانییەکان توانیان ئەم هێزە هاوپەیمانیە لە (شیرمن)ی سەر ڕۆخی ڕوباری (ماریتزا) بشکێن و بەسەریاندا سەرکەوون. ئەم جەنگەش کە لە ساڵی 1364[2] دا ڕوویدا، لە سەرچاوە تورکییەکاندا بە (ڕێگای سڕب) ناسراوە[3].

دەرەنجامی ئەم جەنگە ئەوەبوو کە سڕبەکان هەموو موڵکەکانیان لە (مەقدۆنیا) دۆڕاند و بارودۆخی (بەلقان)یش بەم شێوازەی لێهات:

لەڕۆژهەلات، (تراقیا) و باشووری (بولگاریا) کەوتە دەستی عوسمانییەکان و دەسەلاتدارانی بولگاریا سەریان بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنەواند. لە ڕۆژئاواشدا

[1] Ibid.

[2] – محمد فريد بك : ل 130 – 131. Gibbons: op. cit. p. 121. Le Roulx: op. cit. p. 221

[3] - shaw: op. cit. I. P. 18. Ticher: op. cit. p. 44.





عوسمانییەکان دەستیان گرت بەسەر (مەقدۆنیا) و (سڕبستان)ی ڕۆژهەڵات دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوای سڕبستانیش دیسانەوە سەریان بۆ سوڵتانی عوسمانی دانەواند، ئەمە جگە لە ئیمپراتۆری بێزەنتی کە پاشکۆی خۆی بۆ (موراد)ی یەکەم ڕاگەیاند و تەنها پێنج بەشی جودای لە موڵکەکانی خۆی بۆ مایەوە، کە ئەمانە بوون :

1. قوستەنتینیە و دەوروبەری.
2. سالۆنیك.
3. نیمچە دوورگەی (مورە).
4. هەندێك لە بەندەرەکانی سەر دەریای ڕەش.
5. شاری فلادلفیا (الاشەهر) لە ئاسیای بچووك.

جا کاتێك کە دەوڵەت فراوان و گەورە بوو لە دەرەنجامی ئەو سەرکەوتن و ڕزگار کردنانە دراوسێکانی دەوڵەتی عوسمانی مەترسیان لێ نیشت و نەرمییەکی زۆریان بەرانبەری نواند بۆ نموونە کۆماری (ڕاجوزە) کە دەکەوێتە سەر دەریای (ئەدریاتیکی) لە ساڵی 1365ز، چەندەها نێردراویان بۆ لای (موراد) ڕەوانە کرد، بۆ بەستنی پەیماننامەی بازرگانی لەنێوانیان دا بەرانبەر بە بەخشینی سەرانە (جزیە)یەکی ساڵانە بە بڕی پێنج سەد (دوکا) زێڕ، ئەمەش یەکەم پەیماننامە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتێکی مەسیحیدا مۆری بکات[1].

بەڵام (موراد) هەر بەردەوام بوو لەسەر پرۆسە جەنگییەکانی خۆی بۆ ڕزگار کردنی ناوچەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەوەبوو لە ساڵی 1370ز توانی بگاتە سەر ڕوباری (دانوب) و لە ساڵی 1373 شکستی بەهێزە هاوبەشەکانی سڕب و بولگار هێنا، کە دەیانەویست لەمپەر بخەنە پێشی، هەروەها دەستی گرت بەسەر (مەقدۆنیا) و کەناری (دلماسیا) و میرەکانی (سڕب) و (بولگار)یشی ناچار کرد کە سەری بۆ دابنەوێن و ناچاری کردن کە پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵدا ببەستن بەرانبەر بە بەخشینی (خەراج) ساڵانەیەك و بە مەرجی ئەوەش کە کچی میری (بولگار) بە سوڵتان (موراد) ببەخشرێ[2].

[1] - مصطفى : ص 48. .Gibbons: op. cit. P. 127.

[2] - محمد فريد بك : ص 132.

ئەوەی ڕوون و ئاشکارەشە کە نوشوست هێنانی ئیمپراتۆری بێزەنتی لە بە دەست هێنانی یارمەتی یەکی ڕاستەقینە لە (بابا) و لە پاشاکانی ئەوروپا و ڕۆژئاواوە پاڵنەرێك بوون بۆ ئەوەی لە ساڵی 1374 سەر بۆ سوڵتان (نموردا) دابنەوێنن، بەتایبەتی پاش زیادبوونی مەترسی هەڵوێستەکە دەرەنجامی ئەو دووبەرەکی یەی کە لە نێوان خانەوادەی دەسەڵاتداری قوستەنتینیەدا سەری هەڵدا. سەرباری ئەوەی کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەکو (سربستان) و (بولگاریا) نەیانتوانی شاڵاوی عوسمانییەکان ڕابگرن، بەتایبەتی کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەرقاڵی گرفتە ناوخۆ و دەرەکی یەکانی خۆیان بوون و، (بابا)ش نەیتوانی سوپاکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ ئەنجام دانی هەڵمەتێکی خاچ پەرستانە جۆش بدات، ئەوەش وای کرد عوسمانییەکان هەڵوێستەکەیان بۆ خۆیان بقۆزنەوە و بتوانن لە ساڵانی داهاتوودا لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا پێگەی تۆکمە دروست بکەن.

## جەنگی کۆسۆڤۆ[1] 1389

(موراد) توانی ئەو بارودۆخە شلەژاوەی ئەوروپا و دەوڵەتی بێزەنتی بۆ خۆی بقۆزێتەوە و سوودی لێ وەربگرێت، بۆیە شاڵاوەکانی خۆی ئاراستەی ڕۆژئاوای بەلقان کرد و، لە ڕزگار کردنی شارەکانی (موناستیر) و (برلبە) و (استیب) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەروەها پاش گەمارۆدانێکی زۆر بۆماوەی سێ ساڵ (1381 – 1383) دەستی بەسەر شاری (سۆفیا) گرت. جگە لە شارەکانی (تورنوڤو) و (شوفی) کە هەردووکیان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بولگاریادان. عوسمانییەکان بەرەو ناوچەکانی تر شاڵاوەکانیان بەردەوام ئەنجام دەدا و لە ساڵی 1386 شاری (نیش)ی ستراتیجیان ڕزگار کرد[2] و سەرکردەی عوسمانی (خەیرەددین پاشا قەرە خەلیل جاندرلی) توانی هێزێکی سەربازی لە (غالیبولی)وە بۆ ڕزگار کردنی (مەقدۆنیا) ئاراستە بکات و لە ساڵی 1387 عوسمانییەکان (سالۆنیك)یان ڕزگار کرد و وەزیری عوسمانی (عەلی پاشای کوڕی

[1] - ماناکەی واتە مەیدانی باڵندە ڕەشەکان.

(2) القرمانی : ص 16. ابراهیم بك حلیم، مصدر سابق، ص 41. vasilier: op. cit. II. P. 624.





خەیرەددین پاشا) (سیسمان)ی پاشای بولگاری ناچار کرد کە هەڵبێت و لە ساڵی 1388ز خۆی لە شاری (نیقوبولس) حەشار بدات، بەڵام ئەم سەرکردە عوسمانییە لەو شارەدا پاشای بولگاری حەشاردا و توانی شکستی پێ بێنێت و دیلی بکات ، ئەوەبوو (موراد) نیوەی وڵاتەکەی (سیسمان)ی خستە سەر موڵکی خۆی و دانیشی بە حاکمیەتی نا لەسەر نیوەکەی دیکە(3).

جا ئەم پێشەڤەچوون و سەرکەوتنانەیی عوسمانییەکان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ دەوڵەتی (سربەکان) کە میر (لازار) سەرۆکایەتی دەکرد، چونکە پاش نوشست هێنانی هاوپەیمانی یەتیەکەی (سیسمان)، ئەوانیش ترسیان لێ نیشت، لەبەر ئەوە پەیمانی پاشکۆیەتی خۆی بۆ عوسمانییەکان هەڵوەشاندەوە و لەگەڵ (بەجناکیەکان)ی (ئەلبانیا) هاوپەیمانێتی بەست و، لە هەرێمی بۆسنە و لە ساڵی 1388 بەرەنگاری عوسمانییەکان بۆوە و شکستی پێ هێنان(1).

بەڵام عوسمانییەکان جارێکی دی بە سەرکردایەتی (موراد) ڕیزەکانی خۆیان یەك خستەوە و بەرەنگاری سربەکان بوونەوە و لە مێژووی 15ی حوزەیرانی ساڵی 1389 لە شەڕی (کۆسۆڤۆ)و لە سەرەتای جەنگەکەدا کە سربەکان بەهێز بوون باڵی ڕاستی سوپای عوسمانییەکان هەرەسی هێنا و سەربازەکانی ئەو باڵە لە مەیدانی جەنگدا کشانەوە(2) ، بەڵام (موراد) توانی لە شەڕەکەدا سەربکەوێ و بیباتەوە و ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری سەربازی سربی دەستگیر کران، هەروەها میر (لازار) میری سربەکان و ژمارەیەکیش لە دەست و پێوەندەکانی بەدیل گیران(3).

بەڵام پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە ڕووداوێکدا کە سوڵتان (موراد) کاتێك کە کوژراو و بریندارەکانی پاش جەنگی بەسەر دەکردەوە و لە گۆڕەپانی جەنگدا یەکێك لە سەربازە سربەکان کە ناوی (میلوشی) بوو بە خەنجەرێك هەڵی کوتایە سەر سوڵتان (موراد) و کوشتی. بەمجۆرە (موراد) کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی

(3) ابراهیم بك : حلیم : ص41. Gibbons : p. 172. Shaw: I. P. 2. Qostrogorsky: p. 485. Le Roulx: p. 221.

[1] – القرمانی : ص 16. ابراهیم بك حلیم، ص 43.

[2]- Le Roulx : op. cit. pp. 221 – 222. Note.4.

[3] - اورتونا : ج1، ص 100 – 101. Shaw: op. cit. I. P. 22.

هەڵمەتەکەی بە (بایەزید)ی کوڕی سپار، ئەویش بە دەوری خۆی دەست و برد فەرمانی بە کوشتنی (لازار) و دەست و پێوەندەکەی دا کە لەو شەڕەدا بەدیل گیرابوون[1].

پاش کوژرانی (لازار) (ئاستفان)ی کوڕی سەرکردایەتی گرتە دەست، کە دەرەنجام ڕازی بوو بە بەخشینی (جزیە) (سەرانە) و خزمەتکردن لە ڕیزی هێزەکانی عوسمانیدا[2].

جا دەرەنجامی ئەم شەڕە بەناوبانگە مەڵبەندی بەرەنگاری لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دژ بە عوسمانییەکان هەرەسی هێنا و (سربەکان) سەربەخۆی خۆیان لە دەستدا، هەروەها (بولگاریا) و (ڕوملی) و (ئەنادۆڵ)یش پێش ئەم کاتە سەربەخۆییان لە کیسدابوو و بەمجۆرە دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیای بچووك و ئەوروپا زیاتر فراوان بوو و ئەمەش هەلی باشتری بۆ عوسمانییەکان ڕەخسان کە کۆنترۆڵی ناوچەکانی (بەلقان) بکەن، و ئیتر هاوسەنگی هێزەکان ڕوون و ئاشکرا بەلای بەرژەوەندی عوسمانییەکا شکایەوە[3].

### سیستەمی دەرەبەگایەتی لە سەردەمی (موراد)

سەردەمی سوڵتانی (موراد)ی یەکەم ڕێکخستنێکی تازەی بەخۆیەوە بینی ئەویش دامەزراندنی تیپی سوارەکان و سیستەمی تازەی دەرەبەگایەتی بوو، چونکە پاش وەفاتی (بگلربگ لاشاهین)ی سەرکردەی عوسمانی کە هێزەکانی لە ناوچەکانی ئەوروپادا دە دەجەنگین (موراد) (تەیمورتاش)ی لە جێی ئەو دانا، دامەزراندنی ئەم تیپانەش لە سوای عوسمانی دا بە شێوازە تازەکەی بۆ ئەم سەرکردە سەربازییە دەگەڕێتەوە کە ناوی نرا (سباهی) واتە سوار، جگە لەوەی کە ڕەنگی سوریش بۆ ئاڵاکانیان هەڵبژارد کە پاشان بووە هێمای دەوڵەت[4].

لە ڕاستیشدا دامەزرادنی سوپای (سباهی) بۆ زەمانێکی زووتر لە دامەزراندنی سوپای ئینکشاری دەگەڕێتەوە سوارەکانیش لەم سوپایەدا دوو جۆربوون: (سباهی) بە مووچە کە سەربازی (بابی عالی) بوون و مووچەیەکی ڕۆژانەیان بۆ بڕدرابۆوە کە هەمو سێ مانگ جارێك وەریان دەگرت، جۆری دووەمیش (سباهی) بە کەرت بوون کە سەربازی ئەو

1 – القرماني : ص 16. ابراهيم بك حليم : ص 43.

2- Le Roulx : op. cit. pp. 221 – 222. Note.4.

3 – اوزتونا : ج1، ص 100 – 101. Shaw: op. cit. I. p. 22.

4 – سرهنگ : ص 21.





هەرێمانە بوون کە ئیمتیازی ئەو کەرتە سەربازیانەیان پێ دەبەخشرا کە بە میرات بۆیان دەمایەوە[1].

(تەیمورتاش) دەستی کرد بە دابەش کردنی کەرتە زەوییەکانی ئەو ناوچانە بەسەر سەربازانی هەرێمەکان بە تایبەتی تیپەکانی (سباهی) ئەویش بە ئامانجی بەرگری کردن لەم هەرێمانە لەلایەك و پاداشت کردنی ئەو سەربازانە لەلایەکی دیەوە. جا بەم شێوازە هەر سەرۆك تیپێك، کە کەرتێك دادەبڕێ بۆ خۆی، سوودێکی مادی لەم کەرتە وەردەگری ئەویش لە ڕێگای سەپاندنی بڕە پارەیەك بەسەر جوتیارانی زەوییەکە، ئەمە جگە لە مافی ئاغایەتی بەسەریاندا. جا هەر تیپێکی سوارەکان دەبوایە لە کەرتەکەی خۆی نیشتەجێ ببوایە و ژمارەیەك لە ئەندامانی تیپەکەی لەکاتی جەنگدا بخاتە پێش و لە شڕدا سەرۆکایەتیان بکات[2]، هەروەها ژمارەی ئەو جەنگاوەرانەی کە دەبوایە خاوەنی کەرتە زەوییەکە پێشکەشی بکات بەگوێرەی بەرهەمی کەرتەکان دەگۆڕدرا بەشێوەیەك وا پێویستی دەکرد کە بۆ هەر (3) یان (5) هەزار (ئەقجە) کە دەستی دەکەوێت تیپێکی سوارە پێشکەشی بکات، ئەم زیاد و کەمیەش بۆ جۆری کەرتە زەوییەکە دەگەڕایەوە. جا دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی زەوی تەنها بۆ نێرینە بە میرات دەمایەوە، لە حاڵەتێکیشدا گەر نەوەی نێرینە نەمایە ئەوە لەو حاڵەتەدا کەرتە زەوییەکە بۆ دەوڵەت دەگەڕایەوە کە ئەویش بە دەوری خۆ بە سوارێکی دی دەبەخشی[3].

**ئەم کەرتانە دەکرانە سێ بەشەوە:**

1. تیمار: ئەو کەرتە زەوییە بچووکانە بوو کە بەروبومی ساڵانەیان لە بیست هەزار (ئەقجە) کەمتر بوو (ئەقجەش لە پارچەیەك زیو پێکهاتبوو).
2. الزعامت: ئەویش کەرتە زەوییە مام ناوەندیەکانە کە بەروبومی ساڵانەیان لە ڕێژەی (20) هەزار تا (100) هەزار (ئەقجە) دەڕوات.

1 – جب، هاملتون و بوون، هارولد : المجتمع الاسلامی والغرب : ج1، ص 73.

2 – جب و بوون : ج1، ص 73.

3 – محمد فريد بك : ص 132. سويد : مرجع سابق : ج1، ص 105.

3. تایبەت: ئەمیش ئەو کەرتە گەورانەیە کە بەروبومی ساڵانەیان لە (100) هەزار (ئەقچە) زیاترە، بەمەرجی ئەوەی کە خاوەن(تایبەت)ەکە سوارێك بەرانبەر هەر (5) هەزار (ئەقچە) پێشکەش بکات[1].

گرنگی و زیرەکی سوڵتان (موراد)ی یەکەم لەوەدایە کە توانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی تا ڕۆخەکانی ڕووباری دانوب و دەوروبەری (بۆسنە) لە قوڵایی ئەورووپای ڕۆژهەڵات درێژە پێبدات، هەروەها چەندەها قەڵای لە میری میرنشینی (حەمید) کڕی، کە دەکەوتنە ئاسیای بچووکەوە وەکو (یەکی شەهر) و (ئاق شەهر). ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی ئەم سوڵتانەدا پێنج ئەوەندەی پێش خۆی فراوان بوو، جگە لەوەی دانیشتوانی وڵاتەکەشی ڕووی لە زیادبوون کرد[2]، هەروەها لە سەردەمی (موراد) شکڵ و شێوە و ڕەنگی ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی دەست نیشان کرا[3] و لە ڕاستیدا سەردەمی ئەم سوڵتانە عوسمانییە بە قەڵبەزەیەکی جۆری دادەنرێت لە زنجیرەی مێژوویی یەك لە دوای یەك بۆ هەنگاونا بەرەو قۆناغی بە دەوڵەتبوون[4].

---

[1] - الحصري، ساطع : البلاد العربية والدولة العثمانية، ص **20 – 30**، جب، هاملتون و بوون، هارولد : المجتمع الاسلامي والغرب : ج**1**، ص **71** . **D'ohsson : op. cit. VII. Pp. 372 – 373.**

[2] – الجميل، سيار، العثمانيون وتكوين العرب الحديث، ص **206**. اوزتونا : ج**1**، ص **101**.

[3] سرهنك : ص **21**.

[4]- **Shaw : op . cit. I. P. 17.**





# بەشی دووەم
# سوڵتان : بایەزیدی یەکەم
# محەمەدی یەکەم- موڕادی دووەم

## بایەزیدی یەکەم ( 1389 – 1403 ) گەیشتنی بایەزید بە دەستەڵات

بایەزید، کە بەعەرەبی(ئەبو زەید)ی پێدەڵێن، لە دوای کوژرانی باوکی، کە تەمەنی (32) ساڵ بوو، بە کۆڕای بنەماکانی دەوڵەت، دەستەڵاتی گرتە دەست، پیاوێکی زۆر ئازا و ڕەشید بوو. دوای ئەوەی سوپا و وەزیران لە مەیدانی شەڕی کۆسۆڤۆ بەیعەتیان پێکرد، بەخۆی و بەتەرمی بابیەوە هاتەوە(پرۆسە)و، بابی لەوێ ناشت[1]. بایەزیدی یەکەم نازناوی(یەڵدەرم – هەورە بروسکە)ی وەرگرت ، چونکە لە دانان و جێ بەجێ کردنی نەخشەی جەنگدا زۆرخێرابوو، بەڵام لە هونەری فەرمانڕەواییدا – کە باوکی شارەزاییەکی زۆری لێ هەبوو – کۆڵ بوو[2].

بایەزیدی کچی میری (کرمیان)ی هێناو، وەکو باسمان کرد مارەییەکەی شاری (کوتاهیە) بوو، هەروەها بەو نیازەی سربەکان بکاتە لایەنگری خۆی، (ماریا دسبینا)ی کچی(لازار)یشی خواست[3].

یەکەم ئیشی بایەزید، کوشتنی(یەعقووب)ی تاقە برای بوو، بۆ ئەوەی تەماع لە حوکمڕانی و دەستەڵاتەکەی نەکات " چونکە هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەتی بە پەرتەوازە بوون دەزانی ئەم دابە خراپە، ڕێ و شوێنی سوڵتانەکانی عوسمانی بوو تا سەردەکمی چاکسازیی[4]. جا هەرچەندە ئەم کارە لە دڵڕەقییەکی زۆرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئامانجی خۆی پێکاو بۆ ماوەی پێنج سەدە دووبەرەکییەکانی نێو بنەماڵەی حوکمڕانی، نەیانتوانی زیان بە دەوڵەتی عوسمانی بگەیەنن[5].

---

[1] - **القرمانى : ص**16.

[2] – ابراهيم بك حليم : سەرچاوەی پێشوو، ص46.

[3]- Gibbons: op. cit, pp. 82 – 83.

[4] – القرمانى : ص16 . دائرة المعارف الاسلامية، ج3، ص328، Shaw : op , cit , pp 28 - 29

[5] – مصطفى : ل51

## پەلهاویشتنی عوسمانییەکان لە ئاسیای بچووک[1]

بایەزید وای پێ چاك بوو سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرێ کە سوپای عوسمانی لە کۆسۆڤۆ وەدەستی هێنابوو، لەبەرئەوە سوپاکەی بۆ نێو وڵاتی سرب ڕۆیشت و گرتی و، میر ئەستەفانی کوڕی لازاری ناچارکرد ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بێت و، بۆئەوەی دڵی سربەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، بایەزید ئەستەفانی کردە حوکمڕانی وڵاتەکەی خۆی و ((دسبینا))ی کچیشی هێنا – وەکو باسمان کرد – و سەرانەیەکی ساڵانەی لەسەر دانا، سەرباری تیپێك سەرباز کە لەکاتی شەڕدا ڕەگەڵ سوپای عوسمانیی بخات و، ئیدی بایەزید وڵاتی سربی نەخستە پاڵ داهاتی دەوڵەتی عوسمانی[2].

لەدوای خاترجەم بوون لە سنووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی، بە نیازی دەست بەسەرداگرتنی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی، بایەزید ویستی وڵات گرتنەکانی عوسمانیان تەواوکات و ڕووی کردە ئاسیای بچووك.... لەبەرئەوە بەمەبەستی گۆڕینی ڕەوشی نێو خۆ بۆ بەرژەوەندیی خۆی، دەستی بە دەستێوەردانی سیاسەتی قوستەنتینیە کرد و، نەیارەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە (یوحەننای کوڕی ئەندرنیقۆسی چوارەم)ی هاندا و دەستی لە پشتێ دا تابچێتە قوستەنتینەو دەستەڵات بگرێتە دەست و(یوحەننای پێنجەم)ی ئیمپڕاتۆر ناچار بکات پەنا بەرێتە بەر قەلایەك لە 14ی4ی1390 دا، بەلام دوای چەند مانگێك، لەحەوتی ئەیلوولدا، یوحەننای پێنجەم بەهاوکاریی (مانویل)ی کوڕی بچووکی هێنرایەوە سەر حوکم و، یوحەننای کوڕی ئەندرۆنیقۆسی چوارەم پەنای بۆ بایەزید برد، ئەویش سەرزەویی (سەلمبریە)ی پێ بەخشی[3].

بۆ خۆلادان لەمەترسی عوسمانیان، یوحەننای پێنجەمی ئیمپڕاتۆری بێزەنتی، شوورەکانی قوستەنتینیەی چاك و قایم کردن و، چەند قەڵایەکی نوێ ی تێدا دروست کردن و،کاتێك بایەزید بەو کارانەی زانی،داوای لێکرد ئەو قەڵایانە تێك دات و،هەڕەشەی ئەشکەنجەدانی(مانوێل)ی کوڕی لێ کرد، کە ئەو کاتە لە دەرباری عوسمانی بوو،

[1] – دەربارەی وڵاتگرتنی بایەزید لە ئاسیای بچووك، بڕوانە : shaw op. cit, pp 30 – **31** .
Gibbons, op, cit, pp. 184 – 191 کە بەدرێژیی باسی کردووە

[2] - **Pitcher : op. cit. pp : 47 – 48**

[3] - رستم " سەرچاوەی پێشوو، ج 2، ل 255.





یوحەننای پێنجەمیش ناچار بوو بەقسەی بکات، هەروەها قایل بوو تیپێکی سوپای بێزەنتی بە سەرکردایەتیی مانوێلی کوڕی بنێرێتە پاڵ سوپای عوسمانی بۆ بەشداریکردن لەو هێرشەی بایەزید بە نیاز بوو لە ئاسیای بچووك بیکاتە سەر میرنشینە تورکەکان[1].

شاری ((ئالاشەهر)) تا ئەو کاتە هەر لەبەر دەستی بێزەنتیاندا بوو، لەبەر ئەوە بایەزید ویستی بیخاتە سەر سامانی خۆی،بەلام ڕازیی نەبوو، ئەویش گەمارۆی داو ساڵی 1391 گرتی،کە دوا سەر زەویی گرنگی بێزەنتیەکان لە ئاسیای بچووك بوو[2].

ئەو جار بایەزید ڕووی کردە میرنشینی(ئایدین)، میرەکەشی لێی ترساو، دەستی بۆ لێهەڵگرت، هەروا هەردوو میرنشینی(منشا) و(ساروخان)ی گرت دوای ئەوەی هەردوو میرەکانی هەڵاتن و پەنایان بۆ میری قستموونی برد[3] و،(علاوالدین)ی میری (قرحان)یش بۆ قایل کردنی بایەزید، دەستی بۆ لە زۆربەی وڵاتەکەی خۆی هەڵگرت، بەلام لە دواییدا سەرقاڵی ی بایەزیدی بەشەڕی فەلەقەکانەوە بەهەل زانی بۆ ستاندنەوەی ئەو بەشە داگیرکراوەی وڵاتەکەی و، سوپایەکی ئامادەکردو بەرەو شاری ئەنقەرەی بەڕێ کردو، لەگەڵ (تەیمورتاش)ی سەرکردەی عوسمانی لێکیان داو بەسەریدا زاڵ بوو و گرتی، بەلام بایەزید بۆ خۆی بۆ تەمبێ کردنی ئەو شۆڕشگێڕە ڕۆیشت و لە (ئاق جای) لەگەڵی بەشەڕ هات و بەزاندی و خۆی و محەمەد و عەلی کوڕی بەدیل گرت و، دەستی بەسەر هەموو وڵاتەکەیدا، بەتایبەتی قونیە و لارندا گرت[4] و، ئیدی بەو جۆرە میرنشینی قرمانیان ڕووخا و بوو بە ویلایەتێکی عوسمانی.

هەروەها بایەزید ویلایەتی سیواس و تۆقات – یشی گرت[5] و، لە ئەنجامی ئەو پەل هاویشتنەی عوسمانیاندا، بێجگە لە میرنشینی قەستموونی، هەموو ئەو میرنشینانەی لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سەلجوقیانەوە دروست بووبوون، کەوتنەوە بن دەست

[1] - رستم، ج2، ل255 .

[2] – محمد فرید بك، ل137

[3] - القرمانی، ل117.

[4] - سعدالدین، سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل131 – 132.

[5] - القرمانی، ل117.

دەوڵەتی عوسمانی، (قەستموونی)یش كوتورم بایەزیدی میری سینوب[1] كە لە بنەماڵـەی ئەسفەندیار بوو حوكمی دەكرد و، ئـەو كوڕە میرانـەی میرنـشینەكانمیان ڕووخـابوون بـۆ كاركردن لە دژی عوسمانیان پەنایان بۆ بردبوو.

بایەزید ویستی میرنشینی قەستموونی بخاتە سەر ولآتـی خـۆی، لەبەرئـەوە داوای لـە میرەكەی كرد خاوەن ئایدین و خاوەن ساروخانی تەسلیم بكات، مـیری قەسـتموونی– ش ئەو داوایەی ڕەفزكرد، بایەزیدیش دەستبەجێ بۆ خۆی كەوتـە ڕێ و هێرشـی كـردە سـەر ولآتەكەی و دەستی بەسەر شارەكانی سانسۆن و جانیت و عوسمان جـق[2] – دا گـرت و، ئیدی ئەو میرنشینە ڕوخـاو، عوسمانییـەكان دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی ئاسـیای چـووكدا گرت و، میری قەستموونی پەنای بۆ (تەیموور لەنگ)ی سەرۆكی مەغۆلان بـرد[3]. بایەزیـد سیاسـەتێكی تـازەی گرتەبـەرو، دەسـتەلآتی ڕاسـتەوخۆی خـۆی بەسـەر ئـەو ناوچـانەدا سەپاندو بنەماڵەی فەرمانڕەوای دەرپەڕاند و خستیە بن دەسـتەلآتی مەركـەزیی خـۆی و، هەوڵیـدا بەنـدە و پیاوەكـانی خـۆی لـە جێـی ئەرسـتۆكراتی خۆمـاڵی دانێـت و، ئـەم سیاسەتەش بوو بە مایەی نەهاتیی ئەنقەڕە، بایەزید دەوڵەتی عوسمـانی لـە دەوڵـەتێكی نیمچە دەرەبەگی یەوە كردە سوڵتان نـشینێكی ئیـسلامیی ڕاسـتەقینەی خـاوەن یاسـا و دەستوری باو[4].

## پەلهاویشتنی عوسمانییەكان لە ئەوروپادا – شەڕی نیقوپۆلیس 1396[5]

یوحەننای پێنجەمی ئیمپڕاتـۆری بێزەنتـی لـە شـازدەی شـوباتی سـاڵی 1391دا مرد،مانوێلی كوڕی كە لە بروسە لە دەرباری عوسمانیدا دەژیا، پێـی زانـی و، بـێ ئـەوەی بایەزید بزانێت هەلآت و چووە قوستەنتینیە، سوڵتانی عوسمانی ئەو كارەی مانوێـل – ی

[1] - سعدالدین، ج1، ل135.

[2] - ابراهیم بك حلیم، ص 47.

[3] - سعدالدین : ج1، ص135 – 136

[4] - مصطفى : مرجع سابق، ص52.

[5] - دەربارەی ڕووداوەكانی شوڕشی نیقۆپۆلیس، بڕوانە :
Vasiliev: op. cit. ii. Pp 630 – 631. Le Roulx: op. cit. pp 211 – 221
Shaw: op. cit, 1p, 31. Camp. Med. Hist: IV : p. 657





بە سوكایەتیی خۆی و بەكەم گرتنی پڕۆژەكانی داهاتووی لە نێو دەوڵەتی بێزەنتیدا زانی و، پێـشتریش لـە دەرفـەتێك دەگـەڕا بـۆ گرتنـی قوسـتەنتینیە، ئیـدی ئـەو دەرفەتـەی قۆستەوە و لەشكرێكی پێكەوەناو گەیشتە ئـەوروپا و گـەمارۆی قوسـتەنتینیەیدا، كاتێـك مانوێل – كە لە دوای بابی بوو بوو بە ئیمپڕاتۆر – بەوەی زانی، هەستی كرد دەرەقـەتی سوپای عوسمانیی نایەت، لەبەرئەوە بە مەرجەكانی بایەزید بـۆ سـەقامگیركردنی ئاشـتی ڕازی بوو و، بایەزیدیش ناچار بوو مل بۆ ئاشـتی بـدات بـۆ ئـەوەی ڕوو بكاتـە بـەلقان كـە نیشانەكانی هەڵگەڕانەوە و شەڕكردن لەگەڵ عوسنانیانی لێ دیاری دابوو.

بایەزید پێـشنیازی ئیمپڕاتـۆری لەمـەڕ زیـادكردنی ئـەو باجـەی دەیـداتێ و ـ دروسـت كردنی گەڕەكێكی تایبەتی بۆ موسڵمانان لە قوستەنتینیە و، دروست كردنـی مزگـەوتێك و دادگایەكمی شەرعی و جێگیر بوونی هێزێكی شەش هەزار كەسی دەوڵەتی عوسمـانیی بـە درێژایی لێواری باكووری ترۆپكی زێڕین، قبوڵ كرد[1].

لەڕاستیـشدا لـە دوای ئـەو ڕووداوانـە، بـەزەقی دیـار بـوو تـەرازووی هێزەكـان بـەلای بەرژەوەندیی عوسمانییەكاندا بـوو و، بایەزیـدی یەكـەم بـەرەی بـەلقانی لـەپێش بـوو كـە زۆربەی ولآتی بێزەنتی و سرب و بولگاریا و ئەلبانیای دەگرتەوە.

دوای ئەوەی توانی پشتگیریی سربان مسۆگەر بكات و، فەلـەق و ئـەلبانان بـشكێنێ، هـەر بـەرەی بـەلقانی لـەپێش مـا كـە مەڵبەنـدی پـێش پێگرتنـی كشانی عوسمانیـان لـە ڕۆژهەلآتی ئەوروپادا بوو.

بولگارەكان پێیان وابوو ئەوان بوونەتە میراتگری ئمپراتۆریـەتی بێزەنتـی لـە بـەلقان، لەبـەر ئـەوە لێكـدانی نێـوان ئـەوان و عوسمانیـان شـتێكی حـەتمی بـوو و، بولگاریـاش هەندێكی بـە دەسـتی بایەزیـدی یەكـەم و، هەندێكیـشی بەدەسـت(سـیگۆمەند)ی پاشـای مەجـەڕ–ەوە بـوو، كـە ولآتەكـەی لەسـەر ڕێـی پەلهاویـشتنی عوسمانیـان بـوو و، زانـی عوسمانییەكان چ هەڕەشەیەكی گەورەن بۆ سەر ولآتەكەی، لەبەرئەوە دەستی یارمەتیی بۆ بولگاریا درێژ كرد.

[1] - ابراهیم بك حلیم، سەرچاوەی پێشوو، ل46، ج2، ل254.

بولگاریەكان له پەلاماردانددا دەست پێشخەرییان كرد و، توانیان دەست بەسەر شاری نیقوپولسدا بگرن، كه دەكەوێتە سەر ڕووباری (دانووب) " ئەوەش دوای ئابلۆقـە دانێكـی دوور و درێژ له ساڵی 1392ز دا، بەڵام له دواییدا ناچار بوون بەجێی بێڵن چونكە زانیان لەشكرێكی گەورەی عوسمانیان بەسەركردایەتی سوڵتان بەرەو شارەكە بەڕێوەیە[1].

له ڕاستیشدا ئەو كاتە بایەزید دەوری قوستەنتینیەی دابوو، بەڵام دوای ئەوەی — وەكو گوتمان — لەگەڵ ئیمپرۆاتۆری بێزەنتی ڕێككەوت — گەمارۆی لەسەر هەڵگرت و، بۆ ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ بولغارییەكان وەڕێ كەوت و بەسەریاندا زاڵ بوو و، بۆ لاوازكردنی بەرەی بولگاریا و سوود وەرگرتن له شارەزاییەكانیان، هەندێكیانی بۆ ئاسیای بچووك گواستەوە و، ئیدی بولگاریاش  دوای ئەوەی سیسمانی میری كوژراو، كوڕەكەی تەسلیم بوو و بایەزید كردیە فەرمانڕەوای سامسۆن  وەكو ویلایەتەكانی دیكە، بووە ویلایەتێكی عوسمانی[2].

له ئەنجامی پێشكەوتن و سەركەوتنی بایەزید، سیگمۆندی پاشای مەجەڕ ترسی لێ نیشت و، مەترسیی ئەوەی هەبوو دوای ئەوەی حكوومەتی عوسمانی بوو بە هاو سنووری، وڵاتەكەی بە مەرەدی بولگاریا بەرن، لەبەر ئەوەی بایەزیدی دەنگدا كە له بولگاریا بچێتە دەرێ، بەڵام گوێی نەدایە، سیگمۆندیش زانی ناتوانێ بەبێ هاوكاریی دەرەكیی بەرەنگاری عوسمانیان بێت، له بەرئەوە داوای یارمەتی له ئەورووپای ڕۆژئاوا كرد[3].

پونیڤاسی نۆیەمی پاپا و پاشاكانی ئەورووپا زانیان ئەگەر بێتو مەجەڕ تووشی شكستی گەورە بێت، ئەوە ڕێگەی عوسمانیان بەرەو جەرگەی ئەورووپا ئاوەڵە دەبێتەوە و، پێویستە كشانی ئیسلامی كە ساڵ لە دوای ساڵ ناوچەی تازە قووت دەدات، ڕابگیرێت، هەروا خەڵكی (ڤینسیا — بندقیە)ش له لێك نزیكبوونەوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و بێزەنتی ترسان و زانیان گرتنی گەروە دەریاییەكان و قوستەنتینیە له لایەن

[1] - Gibbons. Op. cit. pp. 194 – 195 Lp Roulx op. cit. pp 225 – 226.

[2] - محمد فرید بك، ل140 . رستم، ج2، ل255.

[3] - Shaw. Op .cit. I. p. 31.





عوسمانیانەوە، مەترسیەكی گەورەیە، هەڕەشە له بەرژەوەندیەكانی بازرگانییان لەگەڵ باكوور دەكات[1].

ڤینسیا بەشێكی ئەركی بانگەشەكردن بۆ شالاوێكی خاچ پەرستانەی گرتە  ئەستۆ و، لەگەڵ باشوورییەكان پێكهات و، پێوەندیی بە(مانوێل)ی دووەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی یەوە كرد كە پێشنیازی كرد بۆ بەهێز كردنی، بە دەریادا بكەوێتەڕێ[2].

سیگمۆندیش بەشێكی دیكەی بانگەشەكەی وەخۆ گرت و، پێوەندیی بە كارلۆسی شەشەمی بۆردۆ و دۆق لانكستەرەوە كرد و، هاوئاهەنگی لەگەڵ ڤیسنسیەكان كردو، پاپاش قۆڵی كاركردنی له هەمان بانگەشە هەڵماڵی كە دۆقی بۆرگندیا — ش بە دەنگیەوە هات و(كۆنت دی نێڤەر)ی كوڕی بە شەش هەزار چەكدارەوە نارد و بەرەو مەجەڕ كەوتنە ڕێ. میرەكانی باڤاریا و ئوستریا و سوارەكانی قردیس یوحەنناش ڕەگەڵ شالاوەكە كەوتن و، بەریتانیاش چەند یارمەتییەكی سەربازیی پێكەش كردن[3].

ئامانجی هێرشەكە پاككردنەوەی فەلەقەكان و ناوچەكانی بولگاریا بوو له عوسمانیان، كە هاوكات لەگەڵ ئەوەدا هێزی دەریایی ڤینسیا شكاندنی هێڵی بەرگریی دەریایی عوسمانیانی پێ سپێررا كە لەهەردوو گەرووی دەریایی بۆسفۆڕ و دەردەنیل بوو[4].

ئەو نەخشە سەربازییەی لەسەری ڕێككەوتبوون، لە بەهاری ساڵی 1396 دا دەستی پێكرد " سوپای ئەورووپا كە ژمارەی 120 هەزار شەڕكەر بوو، بەسەركردایەتیی سیگمۆندی پاشای مەجەڕ بە درێژایی ڕووباری دانووب بەرەو ڕۆژهەڵات كەوتە پێشڕەویی كردن[5]، له هەمان كاتدا ڤینسییەكان بەرەو گەرووە دەریاییەكان كەوتنە ڕێ و توانیان كەلێن بخەنە هێڵەكانی بەرگریی عوسمانی و، چاوەڕوان بوون هێزەكانی وشكانیش ئەركی خۆیان بەجێ بێنن و، له ڕۆژئاواوە هێرش بكەن[6]، وا دیاربوو سیگمۆند نەیتوانی بوو

[1] - Gibbons. P. 201

[2] - رستم : ج2، ل275.

[3] – هەمان سەرچاوە. محمد فرید بك ل**140** – **141**

[4] – هەمان سەرچاوە: **252 – pp 251** **Ibid:** Vasilive : op. cit. ii. p.p. 630.

[5] – دیورانت، ول : قصة الحضارة : مجلد**6**، ج**2**، ل**33**. **Le Roulx: p.265**

[6] - رستم، ج**2**، ل**257** – **258**

بگاتە مەڵبەندەکانی پێشەوەی هێڵەکانی بەرەی شەڕ لەگەڵ عوسمانیان و، پێی چاك بوو لە بەڵقان چاوەڕێی بایەزید بکات، لەبەرئەوە لە دەوری شاری نیوپۆلیس دامەزران بەو نیازەی دوای پەڕینەوە لە ڕووباری دانووب، گەمارۆی بدات[1].

کاتێك بایەزید بە لەشکر کێشیی ئەوروپییەکانی زانی، بە لەشکرێکی زۆر گەورەوە بۆیان چوو و،(ئەستەخان)ی پاشای سرب و چەند میرێکی مەسیحیی دیکەش کە لە ژێر دەستەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، ڕەگەڵی کەوتن[2]

شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو لادا هەڵایسا، کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی عوسمانیانی لێکەوتەوەو، کۆنت دی نێڤەر و گەورە پیاوانی دیکەی فەڕەنسا بەدیل گیران و زۆر لە ئەوروپییەکان لەو شەڕەدا کوژران، پاشان بایەزید دی نێڤەرو هەندێك لە پیاو ماقوولانی بەردا بەو مەرجەی جزیە بدەن[3] و، بەو جۆرە هاوپەیمانیی ئەوروپی – بێزەنتی، بۆ لەنێوبردنی دەوڵەتی عوسمانی، سەری نەگرت.

شەڕی نیقۆپۆلیس یەك لەو سەرکەوتنە هەرە گەورانە بوو کە بایەزید لەماوەی دەستەلاتی خۆیدا بەدیهێنان و، لەمێژووشدا بە شەڕێکی زۆر مەزن لە قەڵەم دەدرێت و، لەبەر گرنگی ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتنەوە، بە ڕوداوێکی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێ، گرنگترین ئەو ئەنجامانەش ئەمانەن :

– دان پێداهێنانی ئەوروپا کەدەوڵەتێکی ئیسلامیی نوێ لە ئاسیای بچووك دامەزراوە.

– کرانەوەی ڕێگای ئەوروپا بەڕووی عوسمانیاندا.

– دەست هەڵگرتنی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بەیەکجاریی لەئاواتی دەرکردنی تورکان لەئەوروپاو ئاسیا، یان پشت بەستنی بە ڕاستی بە ئەوروپای ڕۆژئاوا.

– ئیعتیراف کردنی ولاتانی ئیسلامیی لە ڕۆژهەلات بە پێویستی هەبوونی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر شانۆی سیاسیی، چونکە سەرکەوتنەکانی بایەزید بەسەر هێزە مەسیحی یەکاندا، دەنگدانەوەیەکی قووڵی لەلای سوڵتانی مەملووکیی لەمیسرو، خەلیفەی

[1] - GIBBONS: OP. CIT. P. 215. Le Roulx: op , cit. pp 257 – 258.

[2] – أوزتونا : ج**1**، ل**10**. داهموس، جوزف : سبع معارك فاصلة في القرون الوسطة، معركة أنقرة، ص**185** Gibbons :p. 219.

[3] – دەربارەی ڕەوتی شەڕەکە ورووداوەکانی، بڕوانە :
Camp. Ned. Hist. Iv. P. 676. Gibbons: pp. 215 – 224. Le Roulx : pp 270 - 281





عەبباسی کە لە ڕووخانی بەغداوە لە قاهیرە دەژیا، هەبوو، لەبەر ئەوە خەلیفە وەکو خەلاتێك لە سەر هەوڵەگەورەکانی لەپێناوی ئیسلام و موسڵماناندا، نازناوی(سوڵتان)ی بە بایەزیدی یەکەم بەخشی و، شێوەیەکی ڕەسمیی و شەرعیی بە دەستەلاتی خۆی و باب و باپیرانی بەخشی.

دوای سەرکەوتن لە شەڕی نیقۆپۆلیس، بایەزید لە فەرمانڕەوا خۆماڵییەکانی دەوروبەری، بە تایبەتی کاربەدەستانی(مۆرە)، کە لەگەڵ خاچپەرستان بووبوونە هاوپەیمان دڵنیا نەبوو، بۆیە ڕووی کردە ولاتی یۆنان و، لە 21ی6ی1397 لە(لیۆنتاریۆن)لەگەڵ فەرمانڕەوای مۆرە بەگژیەکدا چوون و، بەسەریدا زاڵ بوو و ناچاری کرد مل کەچی بێت[1].

بایەزید بەوەندە دەستی هەڵنەگرت، بەڵکو ویستی هەرێمی مۆرە لاواز کات و، هەندێك لە شارەکانی وەکو ئەتیکاو سیلڤەریی گرتن و، نزیکەی سی هەزار کەسی لێ گرتن و بۆ ئاسیای بچووکی گواستنەوە[2].

لەدوای مۆرە، بایەزید ڕووی کردە قوستەنتینیە و، داوای لە مانوێلی دووەمی ئیمپراتۆری کرد تەسلیمی بکات، بەلاّم ڕەفزی کرد، بایەزیدیش بڕیاری دا بە زەبری هێز داگیری کات، لە بەر ئەوە قەلاّی ئەنادۆڵیی دروست کردو، گەمارۆی لێواری گەرووی بۆسفۆڕی دا کە هەشت کیلۆمەتر لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانییەوە دوور بوو[3].

مانوێلی ئیمپراتۆر ویستی پشت بە ڕۆژئاوای ئەوروپی ببەستێ، بەلاّم ئەو هاوکارییانەی بۆیان ناردن بەکەڵکی هیچی نەهاتن و، خۆی و شارەکەی لە تێشکان نەپاراست، تەنیا لە شالاّوی تەیموور لەنگی پاراست; چونکە بایەزید ناچار بوو گەمارۆی لەسەر هەڵگرێ و، لەشکرەکەی بۆ بەرەنگار بوونەوەی تەیموور لەنگ بباتە دەشتەکانی ئەنقەڕە[4] و، پێش ڕۆیشتنی تەنیا پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ بێزەنتی یەکان بەست و

[1] - ڕستم، ج2، ل258.

[2] - سرهنك، ل**24**. **Camp. Med. Hist: IV. P. 675**

[3] - ڕستم، ج 2، ل 258. أبراهيم بك حليم : ل47.

[4] - سعدالدين : ج1، ل149

هیچی دی، کە مەرجەکانی پەیماننامەی پێشووی نوێ کردنـەوە و، ئـەم مەرجانەشـی بـۆ زیاد کردن :

– ئیمپراتۆری بێزەنتی ساڵانە دە هەزار پارچە زێڕ بداتە عوسمانیان.
– موسوڵمانان لەچەند جێ یەکی دیاریی کراوی قوستەنتینیە جێگیر بکرێن.
– چەند مزگەوتێکیان بۆ دروست بکرێن.
– بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان، دادگایەکی شەرعییان بۆ دابمەزرێت.
– پارە بەناوی سوڵتانەوە لێ بدرێت[1].

## پەیوەندیی نێوان بایەزید و تەیموور لەنگ

لە کاتێکدا بایەزید لـە نیقۆپـۆڵیس سـەرکەوتنە گەورەکـەی وەدەسـت هێنـا، تـەیموور لـەنگ لـە سـەرتەختی حـوکمڕانیی ولاتـانی ڕۆژهـەلات دانیـشتبوو، هەڵبـەت تـەیموور داگیرکەرێکی شێواز مەغۆل بوو، تـوانی لـە چـەند سـاڵێکی کەمـدا دەوڵـەتێکی فـرەوان و بەربلاو پێك بێنێ کە لە دەشتەکانی سەمەرقەندەوە تا ولاتەکانی ئەفغانستان و هندستان و ئێران درێژ دەبۆوە ودەگەیشتە ولاتانی کەرەج و ئەرمینیا و کوردستانیش و، بەو جۆرە بوو بوو بە هاوسنووری دەوڵەتی لاوی عوسمانی و دەوڵەتی کۆیلەکان (مـەمالیك)و شـام و حیجازو دەوڵەتی تازە پێگەیشتووی تـورکی قـەرەقوینلوو (بـەرخی ڕەش) لـە ڕۆژهـەلاتی ئەنادۆڵ و میرنشینی داوەشاوی جەلائیری لە عێراق و تیرەی زێڕین لـە حـەوزی ڕووبـاری ڤۆڵگا[2].

تەیموور لەنگ بڕیاریدا هەموو کار بەدەسـتانی ولاتـە هاوسـنوورەکانی ملکـەچ کـات و بیان کاتە پێڕەوی خۆی، بەلاّم هەرچی بایەزید بوو بە کەمتر لەوە قایل نەبوو کە حوکمی دەوڵەتێك بکات کە لە دانووبەوە تا فورات و، بەڵکو تا نیل درێژ دەبێتەوە[3].

[1] - سرهنك، ل24. Camp. Med. Hist: Iv. P. 675.

[2] - لەمەڕ ولاّت داگیرکردنی تەیموور لە ولاّتی ڕۆژهەلاّتدا، بڕوانە : عجائب المقدور فی نوائب تیمور، ل39 – 122 کە بـە درێژی باسکراوە.

[3] - داهموس، مرجع سابق . ل187.





وادیـار بـوو تـەیموور لـەنگ توانیبـووی یـەك بـە یـەك لـە عێـراق و مـەمالیکی میـسر و بایەزیدی عوسمـانی بـدات و،ئـەوەی عوسمـانی و مەمالیکـەکانی بـەردەمی لاواز کردبـوو، ئەوە بوو کە بایەزید دەرفەوتی مردنـی بـەرقووق – ی سـوڵتانی مـەملووکانی قۆسـتبۆوە وشاری (مەلتییە)ی داگیر کردبوو، کە بوو بەهۆی سەرنەگرتنی هاوپەیمانیی نیـوان ئـەو و (فەرەج) کە لە دوای مردنی بەرقووق بوو بە فەرمان ڕەوا[1]، ئەوە بوو تەیموور لـەنگ لـە پێشدا شالاّوی بۆ ولاّتی شام برد، لەپاشان ڕووی لە دەوڵەتی عوسمانی کرد[2].

لـە ڕاستیـشدا نـاکۆکی نێـوان بایەزیـد و تـەیموور لـەنگ بـەدوو قۆناغـدا تێپـەڕی کـە کردەوەکانی تەیموور لەنگ لە ولاّتـی شـام و عێـراق و ولاّتـی کـەرەج لـە نێـوان سـاڵەکانی 1401 – 1402دا [3]، لێکیان جیادەکەنەوە.

تێکهەڵچوون لە نێوان هەردووك لادا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕوویدا، ئەوەش بـۆ ساڵی 1394ز دەگەڕێتەوە کاتێك تەیموور لەنگ نامەیـەکی بـۆ بورهانـەددین ئەحمـەدی کوڕی شەمسەددینی فەرمانڕەوایی سیواس ناردو داوای لێکرد وەکو ولاّتەکانی بن دەستی تەیموور پارە لێ بـدات و، وتـاری هـەینی بـەناوی سـوڵتانی جـەغتایی مـەحموودی کـوڕی سـیور کتمـشی داردەسـتی خـۆی بخوێنێتـەوە ; بورهانـە ددینـیش سـەری تەتـەرەکانی تـەیموور لـەنگی بـڕی کـە ئـەو نامـەیان بـۆ هێنـابوو و، سـوڵتانی عوسمـانی و سـوڵتانی مەمالیکانی لەو کارە ئاگادار کرد، بایەزیدیش ئاگاداری کرد کە لەو کارەی ڕازییە[4].

کاتێك تەیموور لەنگ زانـی بورهانـەددین وای لـە تەتـەرەکانی کـردووە، تـوڕە بـوو و، فەرمانی بە عوسمان قەرەشیلۆکی سەرۆکی ئاق قوینلوو(بەرخی سپی) کرد هێرش بەرێتە

[1] - بەررقوف – ی سوڵتانی مەمالیکان لە شەوالی 801 ی ك – ی بەرانبـە ر 1398ز مـرد. أبـن ایـاس: بـدائع الزهـور فی وقائع الدهور، ج1، قسم 2، ص536، 547 . أبن تغری بردی: النجوم الزاهره، ج13، ص313.
پێشتر بایەزید لەبەرئەو ڕەوشەی بەهۆی شەڕەکانی لە ئەوروپادا تووشی بوو بوو، هەوڵیدا لە مەمالیکان نزیـك بێتـەوە و ببێتە هاوپەیمانیان و، لە پێناوی ئەو مەبەستەدا گفتوگۆ لە نێوان دەوڵەتی عوسمـانی و مەمالیکیـدا ڕوویـدا، بـەلاّم ئـەو ڕەوشە نێوخۆییەی بەرقوف – ی پاشای مەمالیکان پێیدا تێدەپەڕی، مەودای نەدا بە دەنگ داوای سوڵتانی عوسمانیەوە بچێت – شهاب : فطهر تیمور لنگ، ص376 – 377.

[2] - ابن عربشاه، ص 152 – 160 – 204 – 283، کە بەدرێژیی باسی کارەکانی تـەیمووری لـەنگی لـە ولاّتـی شـامدا کردووە.

[3] - شهاب " سەرچاوەی پێشوو، ل257.

[4] - أبن عربشاه : ص 152 – 153 .

سەر سیواس، ئەویش ساڵی 1398ز لە ئامەدی پایتەختیەوە هێرشی کردە سەر سیواس و برهان الدین – ی فەرمانڕەوای ئەو شارەی کوشت و فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر شارەکەدا سەپاند، بەڵام دوای ئەوە ناچاربوو هەڵێت، چونکە دانیشتووانی شار بە حوکمڕانیی وی قایل نەبوون و، داوایان لە بایەزیدی سوڵتانی عوسمانیی کرد فەرمانڕەوایی شارەکەیان بکات، ئەویش ساڵی 1399 چووە ئەو شارە و، سلێمانی کوڕی لەسەر کردە فەرمانڕەوا و، هێزێکی گەورەی سەربازی لەگەڵ چەند دەفەرماندەیەکی سەربازیی بۆ بەجێ هێشت[1].

دوای ئەوە بایەزید ڕووی کردە(مەڵتییە) و لە مەمالیکانی ستاند، ئەوەش بەدەرفەت وەرگرتن لە ڕەوشی شێواوی وڵاتی شام، ئەوجار بەرەو ئەرزنجان ڕۆیشت کە فەرمانڕەواکەی ناوی (تەهارتن) و سەر بە تەیموور لەنگ بوو ; داوای لێکرد گوێڕایەڵیی تەیموور والانێت و ببێتە پێڕەوی عوسمانیان، تەهارتن – یش تەیموور لەنگی لەوە ئاگادار کرد کە بە دەست تێوەردانی بایەزید لە ئەرزنجان و کارێکی دوژمنکارانەی لە دژی خۆی لەقەڵەم دا[2].

دیاربوو کە چەند پاڵنەرێك بوونە هۆی هەڵایساندنی شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و تەیمووریدا ; وەکو :

– هاوسنوور بوونی هەردووك دەوڵەت، کە ئەگەری تێکهەڵچوون و لێکدانی پتر دەکرد,

– تەیموور لەنگ لە پەلهاویشتنی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵات ترسا، لەبەر ئەوە ویستی ئەو فرەوان بوونە ڕاگرێت و، ترسەکەشی لەوەڕا دەهات کە ئازەربایجان – کە گەلێك تیرەی تورکی لێ دەژیان – هەر لە دوای ئەرزنجان دەبێتە ئامانجی بایەزید و چارەنووسیشی وەکو چارەنووسی میرنشینە تورکەکانی ئەنادۆڵ دەبێ[3].

– تەیموور لەنگ بەتەمابوو وڵاتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات داگیر بکات، چونکە خۆی بە میراتگری ڕاستەقینەی نەوەکانی جەنگیزخان دەزانی، لەبەرئەوە هەوڵیدا بایەزید وا لێ بکات پەل

1 - هەمان سەرچاوە : ل 184 – 185، 191، یزدی، شەرەف الدین علی : ظفرنامة، ج2، ص185.
2 - یزدی " ج2، ص 185 – 186.
3 - المقریزی : السلوك ڤی معریفه دول الملوك، ج3، قسم 3، ص1091.





بەرەو ڕۆژئاوا باوێت و، ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵات کە دەستی بەسەر داگرتبوون، بۆ ئەویان دەست لێ هەڵگرێت[1] و، داوای کرد سیواس و مەڵتییە و بوستان و کەماخ بخرێنە ژێر حوکمڕانیی ئەو[2].

– تەیموور لەنگ ساڵی 1393ز، لەسەر داوای دانیشتووانی بەغدا، کەچی دی نەیان دەتوانی لە ژێر ستەمی ئەحمەدی کوڕی ئووەیس – ی سوڵتانیاندا هەڵ بکەن، بەغدای داگیر کردبوو، ئیدی ئەو ئەحمەدە و قەرە یووسفی تورکی هاوپەیمانی پەنایان بۆ بایەزید برد لە پڕووسە ئەویش پێشوازییەکی چاکی لێ کردن و، کوتایەی دا بە ئەحمەد و ئاقسەراشی بە قەرە یووسف بەخشی، لەبەرئەوە تەیموور لەنگ ترسا هاوپەیمانییەکی عوسمانی – جەلائیریی – تورکی پێك بێت کە لەوانەیە مەمالێکی ڕەگەڵ کەون، لەبەرئەوە داوای لە بایەزید کرد تەسلیمیان بکات و، گوتی : ئەو دووانە دز و چەتە و ڕێگرن و دەبێ سزا بدرێن، بەڵام بایەزید داواکاریی تەیموور لەنگی ڕەفزکردوو گوتی : ئەو کارە لەگەڵ داب و نەریتی میوانداریی تورکاندا ڕێك ناکەوێت[3].

– لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەی زاینیدا، میرنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ هەستیان بە بەهێز بوونی دەوڵەتی عوەسمانی دەکرد، میرەکانیان ترسان عوسمانییەکان بەسەریاندا دەن و دەستەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن، لەبەرئەوە ئامادە بوون تەیموور لەنگ لە خشتە بەرن کە بۆ لە نێو بردن یان لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی، پەلاماری بدات، هەرواش دەرچوو و، بایەزید دەستی بەسەر هەندێك لەو میرنشینانەدا گرت و میرەکانیان هەڵاتنە لای تەیموور لەنگ و، سکاڵای خۆیان لای ئەو کرد و هانیان دا بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر میرنشینەکانیان، خۆتێ هەڵقورتێنێ[4].

ئەو هێزە ئەوروپیانەی لە دەوڵەتی عوسمانیی داخ لە دڵ بوون، ئامادەبوون دەستی هاوکاری بۆ هەر هێزێك بتوانێ دەوڵەتی عوسمانیی ببەزێنێ درێژکەن لەبەرئەوە جەنووە

1 - المسقلانی : إبناو الغمرڤ أبناو العمر، ج2، ص252. یزدی : ج2، ص280 – 286.
2 - فریدون بك، أحمد : مجموعة منشأت السلاطین، ج1، ص 132.
3 - ابن عربشاة : ص 308. ابرو، حافظ : زبدة التواریخ : ص 155 – 156.
4 - رشاد، علي : تاریخ عمومی، ص 351.

و قەشتالە ویستیان ببنە هاوپەیمانی تەیموور لەنگ[1]، بەلام لەبەرئەوەی لە لایەکەوە پابەند بوو بە ئیسلامەوە، لە لایەکی دیکەشەوە پێی وانەبوو ئەو دوو دەوڵەتە بتوانن یارمەتییەکی بەسوودی بدەن، بەلام ئەو پێك گەیشتنانە تەیموور لەنگیان هاندا بکەوێتە دژایەتی کردنی دەوڵەتی عوسمانیی.

– هەردووك پاشا بە چاوی دوژمن لێکیان دەڕوانی، تەیموور لەنگ وای تەماشای بایەزید دەکرد کە ئەو تورکە هیچ وپووچ و ناڕەسەن و بیٚ ڕیشەو بنەچەکەیە کە نێوەندی ژیاری تاجیکی نامۆ لە داب و نەریتی ڕەسەنی تورکانی نەجیب، کە لە تورکە جەغتایی یەکاندا بەرجەستە دەبێت، گەندەڵی کردووە و تێکی داوەو، سەرچاوە تەیمووریيەکان بە(قەیسەر بایەزید)یان ناو دەبرد، کە نازناوێکە تەنیا بۆ پاشایەکی کافر بەکاردەهات، بەلام تەیموور لەنگ خۆی پیٚ نموونەی تورکی ڕەسەن بوو[2].

بەلام بایەزید تەیموور لەنگی بە سەرکردەی وەحشیی تووران دەزانی کە لەقوولایی ئاسیاڕا بۆ خوێن ڕشتن و بەدکاریی و سنوور بەزاندن هاتووە و، پێش پیٚ گرتنی، لە سەر کردنەوەی ژیارو شارستانێتییە[3].

هۆیەکانی ناکۆکییەکە بەگوێرەی جیاوازیی سەرچاوەکان دەگۆڕێن ; سەرچاوە تەیموورییە فارسیەکان پێیان وایە ناکۆکییەکە بە هۆی ملهوڕیی و لووت بەرزیی و بەدکاریی و دەستدرێژیی بایەزیدەوە بوو، ئەوە بوو لەخۆی بایی بوو و سیواس و مەڵتییەی داگیر کرد[4]، بەلام سەرچاوە تورکییەکان هۆیەکانی ناکۆکییەکە بۆ قایل نەبوونی تەیموور لەنگ بە ئاشتی و، ئەو زوڵم و ستەمەی لە موسڵمانانی دەکرد، دەگێڕنەوە[5].

---

1 - صفاء، ذبیح اللة : تاریخ أدبیات در أیران، ج4، ص40 . لەمەڕ پێوەندیی تەیمووری لەنگ بە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە، بڕوانە ئەو بەشەی ((مظهر شهاب)) لەو بارەوە نووسیویەتی، ل 385 – 370 .

2 - یزدی : ج2، ص 87، 184 – 186.

3 - فریدون : ج1، ص 119.

4 - یزدی : ج2، ص 185.

5 - کامل باشا، محمد : تاریخ سیاسي دولة علیة عثمانیة، ص47.





فرەوان بوونی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەلاتدا تەیموور لەنگی سەغڵەت کرد، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی بایەزید دەستی بەسەر سیواسدا گرت کە تەیموور لەنگ بە شارێکی گرنگی دەزانی لە ستراتیژیی ولات گرتنەکەیدا[1].

لەبەرئەوە تەیموور ڕووی کردە سیواس و هەژدە ڕۆژان گەمارۆیدا، تا سەرەنجام داگیری کردو، شمشێری لە خەڵکەکەی خستەکار و، لە5ی موحەڕمی 803 ك دا دەستی بە خراپەو وێرانکاریی کردو، تەیموور لە پاشان پاساوی شالاوەکەی بەوە دەهێنایەوە گوایە دانیشتوانی هەندێك دیاری یان بۆ سوڵتانی میسر ناردووە، بۆیە دەبوو سزا بدرێن[2].

داگیرکردنی سیواس کۆتایی قۆناغی یەکەمی ناکۆکیی نێوان هەردووك سوڵتان بوو و، لەوێوە تەیموور ڕووی کردە شام و عێراق و ولاتی کەرەج، پاشان سەرلەنوێ ڕووی کردە ولاتی عوسمانی و قۆناغی دووەمی ناکۆکییەکە دەستی پێکرد.

وا دیارە هۆی ڕاستەوخۆی گەڕانەوەی تەیموور لەنگ بۆ ولاتی ڕۆم بۆ شەڕ کردن لەگەڵ بایەزید، ئەو شالاوە بوو قەرەیووسفی تورك، کەپەنای بۆ سوڵتانی عوسمانی بردبوو، کردەیە سەر کاروانێکی حاجیان کە بەرەو حیجاز دەچوو و، پەنا بردنی هەندێك لەو سەر قافلانەی تووشی ئازار بوو بوون بۆ تەیموور لەنگ و، پێداگرتنیان لە سەر دەست تێوەردان و تۆڵە بۆ کردنەوەیان لەلایەن تەیمۆرەوە، لەبەر ئەوە تەیموور لەنگ هەستی کرد دەبیٚ سزای قەرەیووسف بدات و، سوڵتان بایەزیدیش کە پەنای دابوو، غافڵگیر و تەمبیٚ بکات[3].

ئەو نامانەش کە لەو ماوەدا لەنێوان هەردووك سوڵتاندا ئاڵوگۆڕ کران، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆری نەمابوو بۆ ئاشتەوایی و یەکدەنگ کردنی موسڵمانان پێك بێن، بەلام سوور بوونی تەیموور لەنگ لەسەر تەسلیم کردنی قەرەیووسف، ئەو هەوڵەی لەباربرد[4].

---

1 - أبن عربشاة : ص 191.

2 - هەمان سەرچاوە : ل 193 – 194، فریدون : ج1، ص131 .

3 - مظهر شهاب : سەرچاوەی پێشوو، ل 340.

4 - تەماشای دەقی نامە ئاڵوگۆڕ کراوەکانی نێوان هەردوو پاشا بکە لە : فریدون: ج 1، ل 126 – 129. یزدی : ج2، ل 279 – 281.

بایەزیدیش داوای لە تەیموور لەنگ کرد سیواس بداتەوە بە دەوڵەتی عوسمانیی و، ئامادەیی خۆی دەربڕی ئەگەر بیداتەوە ببێتە هاوپەیمانی و ئەوەی کردە مەرجێکی ئاشتەوایی، بەڵام تەیموور لەنگ بەداواکردنی قەڵای (کەماخ) بەرپەرچی دایەوە ؛ چونکە پێی وابوو ئەو قەڵایە ئی تەهارتنی پێرەوی خۆیەتی[1].

## جەنگی ئەنقەرە 1402

کاتێك کێشە و ناکۆکیی نێوان بایەزید و تەیموور لەنگ بوو بە شتێکی حەتمیی، دنیای مەسیحیی بۆ نزیکبوونەوە لە ساتە وەختی چارەنووسساز هەڵبژرایەوە ؛ چونکە هیوا ئاواتی پاپا و کاربەدەستانی ئەورووپاو ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەوە بوو شەڕ لەنێوان موسڵمانان و مەغۆلاندا هەڵبسێت و، لە ڕاستیشدا ئەو شەڕە نزیك بوو بۆوە.قوستەنتینەش لەگەڵ نزیکبوونەوەی شەڕدا هەستی بە ئارامی و ئاسودەیی کرد ؛ چونکە شوورەکانی لەژێر گەمارۆی عوسمانیاندابوو، لەبەرئەوە لەگەڵ تەیموور لەنگدا ڕێك کەوت و، (چارلی پێنجەم)ی پاشای فەرەنساش چاوی لە قوستەنتینیە کردو، تەنانەت میرنشینی بچووکەکەی (تەرابزۆن) یش ئامادەیی خۆی بۆ بەکارهێنانی تاقە بەندەرەکەی لەلایەن تەیموور لەنگەوە ڕاگەیاند، هەروا خەڵکی (جەنوە)ش کە ناوچەی(پێرا)ی پەنا قۆچی زێڕین – یان بەرێوە دەبرد، بەڵێنیان پێدا کە کەشتییەکانیان بنێرن و ئەگەر بایەزید لە ئاسیای بچووك شەڕی هەڵایساند، ڕێ لەهەرکۆمەکێکی عوسمانیان بگرن کە بیەوێ لە ئەورووپارا بۆئاسیای بچووك بپەڕێتەوە[2].

لە دوای ئەو هەوڵانەی نزیك بوونەوە لەلایەن هێزە مەسیحی یەکانەوە، تەیمور لەنگ زانی ئەو هێزانە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنن مەگەر ئەو و بایەزید یەکیان ئەوی دیکە لەنێو بەرێت و، هەرچۆنێك بێت هیچ کام لەو دەوڵەتە مەسیحیانە ناجولێن، مەگەر ئەنجامی ناکۆکییەکە ڕوون بێتەوە و بزانن کام لایەن سەردەکەوێت[3].

[1] - داهموس : ل 187 – 188 .
[2] - داهوس : ل 187– 188.
[3] - سەرچاوەی پێشوو : ل 190 .





بەهەرحاڵ، بەهۆی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو لایەنی عوسمانی و تەیموریی، تەیموری لەنگ لە مانگی ئایاری 1420. دا هێزەکانی خۆی بردنە (ئۆنیك)ی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و هەندێك لە تیپە سوارەکانی بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن و بە بێنووی بە دوا گەڕانی ئالیکی ولاخەکانیان، خۆیان گەیاندە قولایی ولاتی عوسمانیان[1].

تەیموور لەنگ دوو مانگان لە ئۆنیك مایەوە، چاوەڕوان بوو قاسیدەکانی وەڵامی بایەزیدی بۆ بێننەوە، پاشان دواکەوتنی ئەوانی کردە هەنجەت بۆ هەڵکوتانە سەر قەڵای(کەماخ)ی نزیك ڕێژگەی سەرەوەی ڕووباری فورات، کە نزیکترین شوێنی ولاتی عوسمانی بوو لە (ئۆنیك) ەوە.[2]

جا ئەگەر(تەقتەقمیش)ی سەرۆکی هۆزی زێڕین هەوڵی داگیرکردنەوەی ولاتی ئەودیوی ڕووباری نەدابا، دەیتوانی بەرەو(پرووسە) بچێتە پێش، بەڵام لەبەر ئەو هۆیە ناچاربوو ناوچەکانی خوارووی ڕووسیا دابگرێت و، لەوێشڕا دوا ئاگاداریی بۆ بایەزید نارد کە تەسلیم بێت.[3]

بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو کە بایزید بەهۆی سەرکەوتنی لە نیقۆپۆلیس متمانەی بەخۆی زیاتربووبوو، وەڵامی دایەوە کە سوپای تەیموور لەنگ تێك دەشکێنێ و، ژنەکەشی دەگرێت و دەیکاتە کەنیزەی خۆی [4] و، ئیدی هەردوو لا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون.

عوسمانییەکان پێش ئەوەی ئەو شەڕە لەگەڵ تەیموور لەنگ بکەن، لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەیان لەپەرەستاندن و پەلهاویشتندابوون، بەڵام لەشەڕکردنیان لەگەڵ تەیموور لەنگدا ناچاربوون بەرگری لەنێو جەرگەی دەوڵەتەکەیان بکەن ؛ چونکە تەیموور لەنگ شەڕی بۆقوولایی دەوڵەتی عوسمانی بردبوو.

لەبەرئەوە شەڕی داهاتوو دەوڵەتی عوسمانیی تەنگاو دەکردوو دەیخستە هەڵوێستی سەغڵەتییەوە بەهۆی دوژمنایەتی ی سەختی نێوان عوسمانی هێزە

[1] - شهاب : ل 342 .
[2] - یزدی : ج 2, ل287 . ابن عربشاه : ل314
[3] - شهاب : ل **342** . pietri , Luce : Le Monde EtSon Histoire . Tom iv pp . 216 -217
[4] - لەمەڕ نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان هەردوو کابرادا لەپێش شەڕەکە، بڕوانە : عربشاه : ل 307 – 314 .

مەسیحییەکانی ئەوروپا، سەرباری زل زەبەلاحیی ئەو سوپایەی تەیموور لەنگ سەرکردایەتیی دەکرد، کەقەت تێنەشکابوو.

تەیموور لەنگ هەوڵیدا جیاوازیی بخاتە نێوان بایەزید تەتەرە شوێنکەوتووەکانی کە لە ئەنادۆڵ نیشتەجێ بوون و دوو سێ یەکی سوپاکەیان پێکدەهێنا، ئەوە بوو نامەی بۆ فەرمانەکانیان نووسی و کردنیە لایەنگری خۆی و ئەوەش تەئسیرێکی بەهێز و ڕاستەوخۆی لەسەر ئەنجامی شەڕەکە هەبوو.[1]

پلانی سەربازیی بایەزید ئەوەبوو کە لەشوێنێکی دووری ولاّتی عوسمانی تەیموور لەنگ ببینێ و، لەکەنارەکانی سیواسیش ڕووبەڕوویان بێتەوە تا تەیموور نەتوانێ بچێتە نێو ولاّتەکەی و هەوڵی تێکدانی بدات بە تایبەتی کە ئەو کاتە وەرزی دروێنە بوو و میوە و بەر پێگەیشتبوو.[2]

بەلاّم پلانی تەیموور لەنگ بە پێچەوانەی پلانی بایەزیدەوە بوو ; دەیەویست هێزەکانی بچنە قوولاّیی ولاّتی عوسمانی بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر سولّتانی عوسمانی تووشی سەرکوێریی و شپرزەیی بکەن.

لەبەرئەوە سوپاکەی بەرەو ئەنادۆڵ کشاو، چووە قوولاّیی ولاّتی عوسمانی و، ڕووی کردە باشووری ڕۆژئاوا و ڕووباری (قزل ئەرمارق)ی کردە نێوانی خۆی و سوپای عوسمانی، تەیموور لەنگ بەقەستی بەدزی عوسمانییەکان هێزەکانی دەجولاّندو، ویستی شاخەکان بکاتە جیاکەرەوەی نێوان هەردووك هێز و، ئەو هێزانەش بە بیانووی کۆکردنەوەی ئالیك بۆ ولاّخەکانیان، لەکاتی ڕۆیشتنیاندا دەستیان بە لەنێو بردنی کشتوکاڵ و وێران کردنی ولاّت کرد.[3]

کاتێکیش هێزەکانی تەیموور گەیشتنە قەیسەریە، تەیموور لەنگ چەند پێشەنگێکی هێزەکەی بۆ ئەنقەرە ناردن بۆ سۆراغی دەنگوباسی عوسمانییان، ئەوجار بەشی سەرەکیی سوپاکەی بردە کەناری ڕووباری(قزل ئەرماق) و بەرەو شاری (قیرشەهر)

[1] - ابن عربشاه : ل 320 – 322، 328 .
[2] - سەرچاوەی پێشوو : ل 320 – 322 .
[3] - ابرو، حافظ : ل 177 . شهاب : ل 343 – 344.





خوارووی ڕۆژئاوای ئەنقەرە لێیپەڕییەوە و، لەوێ ئاماژەیەکی پێگەیشت کە هێزەکانی بایەزید بینراون کە لە دەورووبەری ئەنقەرە دەبەزیون.[1]

عوسمانیان پێیان زانی کە هێزەکانی تەیموور لەنگ هاتوونەتە قوولاّیی ولاّتەکەیان، لەبەرئەوە لە (تەوقات) ەوە بەرەو دەشتەکانی باکووری ڕۆژهەلاّتی ئەنقەرە چوونە پێش و لەوێ ئۆردوویان هەڵدا. لە دوای گەیشتنی ئەو هەواڵە، تەیموور لەنگیش هێزێکی سەربازیی ئامادەکر تا لە نزیك ئەو هێزەی ئەوان دامەزرێت، بۆ ئەوەی لەسەرێکەوە چاودێرییان بکات و، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدات عوسمانییەکان لە حەشارگەکانیان بێنە دەرێ و، سەرەنجام ئەو هێزە توانی بۆ نالچەیەکی سەخت و چۆڵی ڕۆژهەلاّتی ڕووبارەکەیان ڕاکێشێت[2].

پێشەنگێکی نوێی هێزەکانی تەیمووریش یەکسەر بەرەو ئەنقەرە چووە پێش، کە تەیموور بڕیاری دابوو شەڕەکە لەوێ بکات، بۆیە دەستی بەچەند کارێکی زەمینە ساز کرد وەکو بیر پڕکردنەوە و ژەهراویی کردنی هەندێکیان و، گۆڕینی ڕێبازی ئەو ڕووبارە بچووکەی شاری ئەنقەرەی ئاو دەدا تا نەهێلێت عوسمانییەکان سود لە ئاوەکەی وەرگرن.[3]

عوسمانییەکانیش کە لە سەر کەناری ڕاستی ڕووبارەکە بوون ئاخیری هەواڵیان گەیشتێ کە هێزەکانی تەیموور لەنگ لەپشتەوەی ئەوان لە کەنارەکانی ئەتقەرە وەدەرکەوتوون، لەبەرئەوە دەبوو بایەزید خێرا لەشکرەکەی بەرەو ڕۆژئاوا بگێڕێتەوە، ئەوە بوو سەر لە نوێ بەرەو ئەنقەرە لە ڕووبارەکە پەڕیەوە نابەدا هێزەکانی تەیموور لەپشتەوەڕا ولاّتەکەی داگیر بکەن و ڕێگاکانی کۆمەکی لێبگرن.

ئیدی لەشکری عوسمانیان بەخێرایی لەبەر هەتاوی سووتێنەری هاوین هەشت ڕۆژی تەواو ڕۆیشتوون تا سەربازەکانی لە ماندوەتی و لە تینوان وەك مردوانیان لێ هات و، هێزەکانی تەیموور لەنگیش کەلە پێش ئەوان گەیشبۆ جێی  شەڕەکە، ڕێی ئاوی لێ گرتن

[1] - یزدی : ج 2، ل 289، 2987 .
[2] - العسقلانی : ج 2، ل 228 .
[3] - یزدی : ج 2، 300 .

و، عوسمانییەکان تەماشایان کرد دوژمنەکەیان لەو سەربازگانەی پێش ماوەیەکی کەم بە جێیان هێشتبوون، مۆڵ بوون و، ئیدی لەو ڕەوشە نالەبارەدا شەڕیان بەسەردا سەپێنرا.[1]

ئیدی دوو سەرکردەی هەرە بەتوانایی ئەو سەردەمە لە (جیق ئاباد) کە یەك میل لە ئەنقەرە دوور بوو، لە ڕۆژی هەینی ی 28 ی 7ی 1402 تێکهەڵچوون[2] و ستراتیژیەتی تەیموور لەنگ عوسمانییەکانی ناچارکردن سەرباری ئەوەی ڕێگای دوور و درێژ کەنەفتی کردبوون، دەست بەشەڕ بکەن و، لەو شەڕەدا هێزەکانی سەر بەو میرنشینە تورکانەی تازە ملیان بۆ بایەزید کەچ کردبوو، ڕەگەڵ تەیموور لەنگ کەوتن و ئەوەش لەشکری عوسمانیانی لاواز کرد, بەلاّم هێزی ئینکشاریەکان _ کە کورد بوون _ و سربەکان خۆیان ڕاگرت , بەلاّم بەهۆی بالاّدەست بوونی بەرچاوی لەشکری تەیموور لەنگ و ماندوو بوونی ئاشکرای سەربازانی عوسمانی، خۆڕاگرتنەکە زۆری نەخایاند[3].

سەرباری ئەو ڕەوشە دسەختەش بایەزید بەبێ گوێ دانە ئەنجامەکان، درێژەی بەشەڕ داو، گوێی نەدایە داخوازیی هیچ کام لە(عەلیی پاشا)ی سەدری ئەعزەم و سلێمانی کوڕی بۆ هەلاّتن. لەبەرئەوە هەردووك لا هێزەکانی خۆیان بۆ(پرووسە) کێشایەوە و، هێزەکانی سربیاش بۆ ئەماسیا کشانەوە.[4]

سەرەنجام عوسمانی بەپیسیی شکان و، لە کۆتایشدا کە بایەزید ویستی هەڵێ، هێزەکانی تەیموور لەنگ دەورەیان داو بەدیلیان گرت و، کوڕەکانیشی هەریەکەی بەلایەکداهەلاّتن.[5]

لە دوای ئەو سەرکەوتنە تەیموور لەنگ بەرەو (پرووسە) کشاو چووە نێوی و سوتاندی[1] و، کتێبخانەی بێزەنتی و دەرگا زێوەکانی شارەکەی بردن و،(ئیزمیر)یشی لە دەستی سوارەکانی (ڕۆدس) دەرهێناو، لە(ئیفسووس) دامەزرا.[2]

---

1 - المقریزی : ج 3 . بەشی 3، ل 109.

2 - ابن عربشاه : ل 329 – 330.

3 - سەرچاوەی پێشوو، ل 328.

4 - سەرچاوەی پێشوو.

5 - ابن تعزي بردي : النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، ج 12، ل 268 . شهاب : ل 348 .





ئیدی دنیای مەسیحی جارێکی دیکە ڕاچڵەکی و،(جەنوە) کە(خیوس) و(فوشیا)ی تا ئەو کاتە هەر بەدەستەوە بوون، ملی کەچ کرد و جزیەی دا و، سوڵتانی مەملوکیی میسریش تەتەری تەیموور لەنگی بەرداو دانی بە دەسەڵاتەکەی داهێنا.[3]

لە کۆتاییشدا تەیموور لەنگ دوای ئەوەی ئەو ڕق و قینەی موسڵمانان بەهۆی ئەو زەبرەی لە عوسمانی دا لێیان هەڵگرتبوو، بەو زەبرە گورچووبڕانەی لە خاچ پەرستانیدا، نەیهێشت، گەڕایەوە سەمەرقەند[4].

لە ڕاستیدا ئەو زەبرەی لە عوسمانیانیدا، زۆر سەخت بوو بەلاّم ئەو پاڵنەرەی تەئسیری زەبرەکەی کەم کردەوە، ئەوە بوو کە تەیموور لەنگ نەیویست دەست بەسەر ئەنادۆڵدا بگرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر چین ئامادە بکات، گەڕایەوە سەمەرقەند.

تەیموور لەنگ سوڵتان بایەزید و بەردەستەکەی لەگەڵ خۆی برد و، سەرباری ئەو نامە پڕ لە سووکایەتییانەی لە ماوەی دواییدا بۆ یەکدییان ناردبوون، بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە ڕەفتاری لەگەڵ کردو، فەرمانی کرد زنجیرەکانی بکەنەوە و لە پەنا خۆی داینا و دڵنیای کرد نایکوژێ و، ڕای سپارد سێ خێوەتی گەورە بۆ دەست و پێوەندەکەی هەڵدان، بەلاّم کاتێك بایەزید هەوڵی هەلاّتنیدا، لە ژوورێکی پەنجەرە داخراوی کرد و، بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان لە زیندانی کردنەکەیدا زێدەڕۆییان کردووە و گوتوویانە لە قەفەسی ئاسنیان هاویشتووە.[5]

بایەزید نەخۆش کەوت، تەیموریش باشترین دکتۆری بۆ چارەسەری بانگ کرد و چەند کەسی تایبەتی بۆ سەرپەرشتیی و دڵنەوایی کردنی دانان، بەلاّم ئەو کارانە بۆ

---

1 – ابن عربشاه : ل 337.

2 – هەمان سەرچاوە : ل 346 – 347.

3 - دائرة المعارف الاسلامية : ج 6، ل 162. داهموس : ل192.

4 - شهاب : ل 352

5 - ابن عربشاه : ل 337 – 338.

وەگەڕخستنەوەی سولّتانی تێکشکا و هیچ سوودیان نەبوو و، لە 9 ی 3 ی 1403ز، کە دەکاتە ساڵێك دوای بەزینی لەشەڕدا، مرد.(1)

## ئەنجامەکانی جەنگی ئەنقەرە

شەڕی ئەنقەرە چەند ئەنجامێکی گرنگی لێ کەوتنەوە کە نەخشەی سیاسی ناوچەکەیان گۆڕی، لەوانە:

– سەرکەوتنی تەیموور لەنگ بەسەر بایەزیدا، دەرفەتی بۆ دەوڵەتی بێزەنتی، کە لە دوا هەناسەی ژیانیدا بوو– ڕەخساند کە ماوەی پەنجا ساڵی دیکە بژیت " چونکە بایەزید ناچار بوو ساڵی 1402 ئابلّووقە لەسەر پایتەختی بێزەنتییان هەلگرێ دوای ئەوەی ڕووخاندنی لەسەر دەستی ئەو چەند مانگێکدا چاوەڕوان کراو بوو و، ئەو ئیمپڕاتۆرییە یەکەم سوود وەرگر لە سەرکەوتنی تەیموور لەنگ بوو.

–لە ڕاستیدا شەڕی ئەنقەرە، سەرەڕای سەختییەکەی، نەیتوانی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوبەرێت، چونکە لە کاتێکدا ئەو شەڕە ڕوویدا کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی پێکهاتن و گەنجیدا بوو کە دەیتوانی خۆی لەبەر زەبری شەڕی سەخت ڕاگرێت و، دوایی لە ڕەوشی نێو خۆیی سەختدا سەر لە نوێ هەستێتەوە و بەخۆدا بێتەوە.

– گوێ نەدانی تەیموور لەنگ بە ئەنادۆڵ، یان بە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ هێشتنەوەی ئەو دەوڵەتە و پاشان بەهێزبوونەوەی سەربارەی ئەو گرفتە گەورانەی ناوخۆ کە لەو تێشکانە گەورە کەوتنەوە.

–لە دوای مردنی سولّتان بایەزید، دەوڵەتی عوسمانی بوو بە چەند میرنشینێکی چووك " چونکە تەیموور لەنگ دوای سەرکەوتنی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا، هەولیدا ئەو میرنشینە تورکانەی دەوڵەنی عوسمانیی سەربەخۆیی یەکەیانی لە نێوبردبوون، زیندووبکاتەوە، لەبەرئەوە هەموو ئەو میر و کاربەدەستانەی ئەو ویلایەتانە کە لە زیندانی عوسمانیاندابوون، ئازادی کردن و، گێرانیەوە سەر کاری جارانیان و، لەو میرانەی تەیموور لەنگ وەکو پێشووی لێ کردنەوە، میرەکانی قرمان و مەنچا و ئایدین و کەرمیان

[1] - ابن عربشاە : پەراوێزی ژمارە 6، ل 352.





و ساڕووخان بوون و، تەهازتنی مسکێنی دڵسۆزی خۆشی لەسەر فەرمانڕەوایی ئەرزنجان هێشتەوە و قەڵەمڕەوەکەی فرەوانتر کردوو، عوسمان قەرایلۆك –ی فەرمانڕەوایی دیاربەکر و سەرۆکی ئاق قۆنیلوو (بەرخی ڕەش)یشی هەروا لێکرد.(1)

–بایەزید دوای مردنی خۆی، پێنچ کوڕی لەپاش بەجێمان کە لە هەموان گەورەتر سلێمان بوو، پاشان عیسا و مستەفا و محەمەد و مووسا.(2) سلێمان لە دوای بڕانەوەی شەڕ لەگەڵ هێزە بەزیوەکانی عوسمانی بۆ پڕوسە کشایەوە بۆ دەربازکردنی سامان و بنەماڵە و ماڵ و منداڵ لە هێزەکانی تەیموور کە بەدوایەوە بوون. ئەوجار بۆ ئەدرنە ڕۆیشت دوای پەڕینەوە لە دەربەند و ئاشتەوایی لەگەڵ مانوێلی دووەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی، کە بەگوێرەی ئەو ئاشتەواییە دەستی لە زۆر شوێنی گرنگی دەوڵەتی عوسمانی ی نزیك پایتەختی بێزەنتی هەلگرت و، کەناری دەریای ڕەش و، کەناری دەریای مەڕمەڕە و، سالۆنیك و مۆرەی وێدایەوە و، لە دەستەوای هاوکاریی کردنی ئیمپراتۆر لەگەڵیدا، کوڕ و خوشکەکەی بە بارمتە ناردنە قوستەنتینیە.(3)

– کاتێکیش سلێمان لە ئەدرنە جێگیربوو، تەیموور لەنگ وەلاّمی دایە ئەو ماڵو سامانەی وەکو مسکێنی وی لەسەریەتی، بیدات... سلێمانیش چووە سەربازگەی تەیموور لەنگ و سامان و خەلاّتی بۆ بردن و پشتگیریی و مل کەچیی خۆی بۆ دەربڕی و، تکای لێکرد لەبابی خۆش بێت و، ڕەفتاری چاکی لەگەڵدا بکات و، تەیموور لەنگیش کیتابێکی تەسلیمی سلێمان کرد و کردیە فەرمانڕەوای ئەو بەشەی دەوڵەتی عوسمانی کە کەوتبووە بەشی ئەورووپا.(4)

– سلێمان پەیماننامەیەکیشی لەگەڵ مانوێلی دووەمی ئیمپراتۆری بیزەنتی مۆر کرد تا بۆ بەگژداچوونی برایەکانی کە لەسەر دەستەلاّت ڕقەیان لەگەڵ دەکرد، یارمەتیی بدات و، بۆ پتەو کردنی ئەو هاوپەیمانییە سلێمان ئافرەتێکی خزمی ئیمپراتۆری هێنا.(5)

[1] - سەرچاوەی پێشوو : ل 342. شهاب : ل356.
[2] - ابن عربشاە : ل 334 – 335.
[3] -Hammer G. Histoire L. Empire Ottoman. Vol. ii , p 125
[4] - القرمانی : ل 20.
[5] - سرهنك : ل 27.

– بەڵام کوڕەکانی دیکەی بایەزید لە دوای شەڕی ئەنقەرە پرژ و بڵاو بوون… محەمەدیان پاش ئەوەی نەیتوانی بابی لە گرتووخانە دەربێنێ، لە قەڵایەکی شاخاویی ئەماسیا خۆی قایم کرد و، دەستی بەسەر تەقات[1] داگرت و، مستەفاش لە دوای شەڕەکە، سەر و سۆراغی نەما، بەڵام عیسا چووە نێو قەڵایەك هەندێك لەشکری لە خۆ خڕکردەوە و لە شاری پرووسە بە هاوکاریی تەیموورتاش ناوی لە خۆی نا سوڵتانی عوسمانی، لەو سۆنگەیەوە ناکۆکیی کەوتە نێوان ئەو و سلێمانی برای.[2]

–شەڕی ئەنقەرە سست بونێکی مێژوویی خستە هەنگاوی بڵاوبوونەوە و پەرەستاندنی دەوڵەتی عوسمانی کە خەریکبوو لێکی هەڵوەشێنێ، بە تایبەتی لەماوەی کێشە و ناکۆکیی عوسمانیان لەسەر دەستەڵات، کە لە مێژوودا بەو ماوەیە دەڵێن(سەردەمی دابڕان) [3]« چونکە ئەو سیاسەتەی تەیموور لەنگ پێڕەویی کرد، یارمەتیی وەدیهاتنی ئەو ئامانجەی بە دوایدا دەگەڕا، دا، کە بریتی بوو لە پارچە پارچە کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای دروست کردنی ناکۆکیی و دووبەرەکیی لە نێو کوڕەکانی سوڵتان بایەزیددا، ئیدی بەو جۆرە محەمەد بە گژ عیسای برایدا چوو و کوشتی و، بۆ خۆی بەتەنێ بووە فەرمان ڕەوای ئاسیای چووك و، پاشان بە یارمەتیی مووسای برای لەگەڵ سلێمانی برا گەورەیدا بەشەڕ هات و، بەسەریدا زاڵ بوو و، ساڵی 1410ز لە دەرەوەی شورەکانی(ئەدنە) کوشتی.

– دوای ئەوە موساش هەوای دەستەڵات لەکەللەی داو، لە محەمەدی برای هەڵگەڕایەوە و، ویستی بە تەنیا دەستەڵاتی ناوچەکانی ئەورووپای بن دەستی عوسمانیان بگرێتە دەست و، بۆ ئەوەی قوستەنتینیەش هەر بۆ خۆی بێت، گەمارۆی داو، میرەکەی داوای کۆمەکی لە میر محەمەد کرد، ئەویش دەست بەجێ هات و براکەی ناچار کرد گەمارۆی لەسەر هەڵگرێ… دوای ئەوە محەمەد بوو بە هاوپەیمانی ئیمپراتۆری بێزەنتی و میری سرب بۆ لێدانی مووسای برای، تا سەرەنجام توانی ساڵی 1314ز بیگرێت و بیکوژێت.[4]

[1] - ابن عربشاه : ل 335.
[2] - سەرچاوەی پێشوو .
[3] - أوزتونا : ج 1، ل 113.
[4] - دەربارەی کێشە و ناکۆکیی براکان، بڕوانە : ابن عربشاه : ل 334 – 336.





–لە ماوەی ئەو ناکۆکییەی نێوان کوڕانی بایەزیددا، کە یازدە ساڵی پێچوو، تارمایی نیشانەکانی مەترسیی لێکهەڵوەشانی دەوڵەت لە ئاسۆ وردە وردە دیاریی دەدا… هەندێکیان دەیانەویست دەستەڵاتی ئەنادۆڵ بگرنە دەست ؛ هەندێکیش تەماعیان لە ناوچە عوسمانییەکانی ئەورووپا دابوو… ئیدی ئەوە بوو براکان پێك وەربوون و کەوتنە یەکدی کوشتن، تا سەرەنجام محەمەد یەکی لێ نەهێشتن و بە تەنێ خۆی کردە سوڵتان و، لە دوای ماوەی دابڕان و مت بوون، دەوڵەتی ڕێکخستەوە و، سەر لەنوێ دەستی بە جووڵە پەل هاویشتن کردەوە.[1]

– ئەمما لەبەشی ئەورووپای دەوڵەتی عوسمانیدا، زۆر گەل و میللەت کە پێیان وابوو دوژمنەکەیان نەماوە و لێك هەڵوەشاوە و، خۆیان بۆ شۆڕش کردن لەدژی عوسمانیان ئامادەکرد، لەوانە : هۆڵەندیەکان و بولغاریەکان و ئەلبانیەکان و فەلەقەکان زۆری دیش،بەڵام ڤینسییەکان و جەنەویەکان هەوڵی قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتەیان نەدا کە شەڕی ئەنقەرە بۆی ڕەخساند بوون بۆ دەرکردنی عوسمانیان لە ئەورووپا[2]، کە ئەسکەندەر بەگ لە ئەلبانیا و حەننا هۆنیادی لە ترانسلڤانیا، ئەو ئەرکەیان خستە سەر شان.

## هۆیەکانی سەرکەوتنی پەلهاویشتنی عوسمانییەکان لەسەدەی چواردەدا

بەمردنی بایەزیدی یەکەم، سەدەیەك تێکۆشانی عوسمانیان دوایی هات و، لە کۆتایی یەکەیدا میرنشینی عوسمانیان شێوەی دەوڵەتی وەرگرت و، لە ڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سەردەمی مورادی یەکەمەوە بەرەو گەشەکردن و پەرەستاندن ڕۆیشت و، دەتوانین هۆیەکانی ئەو پەرەستاندنە بۆ چەند شتێك بگێڕینەوە، وەکو :

–فرەوان بوونی ناوچەیی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیای بچووك لەسەر حیسابی میرنشینە تورکەکان.

– بنیاتنانی سیاسەتی سەربازیی عوسمانیان لەسەر بنەمای جیهاد و وڵات گرتن و تاڵان، کە وای کرد ئەو هۆزە تورکانەی چاویان لە تاڵان و ماڵی دنیا بوو، ڕەگەڵیان کەون.

[1] - تاریخ جودت : ج 1، ل 40
[2] - مصطفى : سەرچاوەی پێشوو : ل 59.

– عوسمانییه‌کان له داگیرکردنی شوێناندا، وێڕای ستراتیژیی سه‌ربازیی، سیلسه‌تی ئاشتییان پێڕه‌وکرد که له‌سه‌ر ژن و ژنخوازیی بنیات نرابوو، ته‌نانه‌ت له‌گه‌ڵ بێزه‌نتی یه مه‌سیحی یه‌کانیشدا، ئه‌وه سه‌ره‌ڕای کڕینی زه‌وی و زار.

– سیاسه‌تی ولاتگیریی عوسمانیان، تێکهه‌ڵچوونی ئه‌وانی له‌گه‌ڵ چه‌ند برایه‌کی دینی یاندا لێکه‌وته‌وه (هۆزه تورکه‌کان)، له‌به‌رئه‌وه بۆ داگیرکردنی ئه‌نادۆڵ پشتیان به ڕۆمللیی به‌ست.

– ئه‌و سیاسه‌ته چالاکه‌ی نیشته‌جێ کردن که جێ به‌جێ ده‌کرا، به تایبه‌تی له‌لایه‌ن مورادی یه‌که‌مه‌وه و، له دوای ئه‌ویش له‌لایه‌ن بایه‌زیدی یه‌که‌مه‌وه.

– به‌هێزیی و گورج و گۆڵیی ئه‌و ده‌زگا سه‌ربازییه‌ی عوسمانییه‌کان پێکیان هێنا بوو و، پشتیان پێ ده‌به‌ست، که له هێزی ئینکیشاریه‌کاندا به‌رجه‌سته ده‌بوو، که کورد بوون.

– درێژه‌دان به‌و ولاتگیریی و فره‌وانبوونه‌ی عوسمانییه‌که‌م و ئۆرخان بناغه‌یان دانا بوو.

– بنیات نانی ڕژێمێکی ده‌ره‌به‌گی له‌سه‌ر ده‌ستی مورادی یه‌که‌م به‌مه‌به‌ستی فره‌وان بوونی جوگرافی، سه‌رباری دروست کردنی سیسته‌مێکی باج و سه‌رانه له‌لایه‌ن ئۆرخانه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی له بنیاتنانی ده‌وڵه‌ته تازه‌که‌یان له‌باری ئابوورییه‌وه، سوودی لێ وه‌ربگرن.

به‌و جۆره سه‌ده‌ی چوارده، به‌و سه‌ده‌یه له قه‌ڵه‌م ده‌درێت که ده‌وڵه‌تی عوسمانی تێدا گه‌شه‌ی کرد و، له میرنشینه‌وه بوو به ده‌وڵه‌ت.[1]

1 - بروانه : سیار الجمیل : العثمانیون وتکوین العرب الحدیث، ل 307 – 308.





# محه‌مه‌د چه‌له‌بی : محه‌مه‌دی یه‌که‌م
(1413 – 1421)

## ڕه‌وشی ناوخۆ له‌سه‌رده‌می ئه‌ودا

له سه‌رده‌می محه‌مه‌دی یه‌که‌مدا چه‌ندان شه‌ڕی ناوخۆ هه‌ڵایسان بۆ ئه‌وه‌ی ده‌وڵه‌ت ده‌ست به‌سه‌ر ئه‌و میرنشینه تورکانه‌دا بگرێته‌وه که له دوای شه‌ڕی ئه‌نقه‌ره سه‌ربه‌خۆیی خۆیان ڕاگه‌یاندبوو، هه‌روا بۆ نه‌هێشتنی ئه‌و په‌شێوییه‌ی له دوای مردنی بایه‌زید په‌یدا بووبوو و، ئه‌و سوڵتانه هه‌شت ساڵه‌ی فه‌رمانڕه‌وایی خۆی له بنیات نانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌ت و مه‌حکه‌م کردنی پایه‌کانیدا بردنه سه‌ر.

جا بۆ ئه‌وه‌ی به‌یه‌کجاریی بۆ ئه‌و کاره یه‌کلابێته‌وه، ئه‌و په‌یماننامه‌ی له‌گه‌ڵ مانوێلی دووه‌می ئیمپراتۆری بێزه‌نتی به‌ستبووی، نوێی کرده‌وه و هه‌ندێك له‌و قه‌لا و شارانه‌ی میر مووسا لێی ستاندبوون، وێی دانه‌وه و، پێوه‌ندیی دۆستایه‌تیی ده‌گه‌ڵ میره‌کانی سربیا و ئه‌لبانیا و ده‌لماسیادا گرێدا.[1]

له‌مه‌ڕ گرتنه‌وه‌ی ئه‌و میرنشینه سه‌ربه‌خۆیانه، له میرنشینی قه‌رمانیه‌کانڕا ده‌ستی پێکردوو، میره‌که‌ی ناچار کرد مل که‌چی ده‌وڵه‌تی عوسمانی بێت و، ده‌ستی به‌سه‌ر چه‌ند قه‌لایه‌کی کوڕی قرمان داگرت،[2] ئه‌وجار ڕووی کرده ئیزمیر که فه‌رمانڕه‌واکه‌ی(قه‌ره‌جونه‌ی) بوو و هه‌ڵگه‌ڕابۆوه؛ محه‌مه‌د له‌گه‌ڵی به‌شه‌ڕ هات و به‌سه‌ریدا زاڵ بوو و، لێی خۆشبوو، پاشان کردیه فه‌رمانڕه‌وزای شاری نیقۆپۆلیس و[3]، ئه‌و سوڵتانه عاده‌تی وابوو که به‌نه‌رمیی ڕه‌فتاری له‌گه‌ڵ ئه‌و میرانه ده‌رکد که‌لێی هه‌ڵگه‌ڕابوونه‌وه.

1- Diehl . C. Europe Orientale , P. 354 Camp. Med. Hist: IV 687.

2 - القرمانی : ل 21 – 22.

3 - Shaw : op. cit, ii ,p.42

محەمەدی یەکەم ڕووبەڕووی شۆڕشێکی دیکەش بۆوە کە بەنۆرەی خۆی مەترسیدار بوو و، میر مستەفای کوڕی بایەزید کە داوای سوڵتانەتی ی دەکرد، سەرۆکی بوو و، قەرەجونەیدیشی ڕەگەڵ کەوت و، میری (فەلەق)انیش، کەسەر سەختترین دوژمنی دەوڵەت بوو، بە نیازی دروستکردنی پەشێویی و ئاژاوە لەنێو ولاتی عوسمانیدا، یارمەتیدا[1].

مستەفا بەسر ولاتی مەقدۆنیا و تسالیای ناوەڕاستی یۆنانی دادا، بەلام بە بەرانبەر لەشکری محەمەدی یەکەمدا بەزی و، پەنای بردەبەر شاری سالونیك، ئەو مستەفایە لە دوای شەڕی ئەنقەرە چووبۆوە ژێر دەستەلاتی بێزەنتیان و، محەمەدی یەکەم داوای لە ئیمپراتۆری بێزەنتی کرد تەسلیمی کات، ئەویش ڕازیی نەبوو، بەلام قەولی پێدا تا سوڵتان محەمەد مابێ، بەرەڵڵای نەکات.[2]

سوڵتان پێشنیازی ئیمپراتۆری قبوول کرد و، مووچەیەکی سالانەی بۆ مستەفا بڕییەوە و، دووبارە لەقەرەجونەیدیش خۆشبوو.

## بزووتنەوەی شێخ بەدرەددین[3]

محەمەدی یەکەم لەسەردەمی دەستەلاتداریی خۆیدا تووشی مەترسییەکی دیکەی گەورە بوو، ئەویش ڕاپەڕینێکی عەقیدەیی سۆفیەتیی خاوەنی ڕەهەندی کۆمەلایەتیی و ئابووریی بوو، کە دەیەویست ئیسلام و جوولەکایەتیی و دینی مەسیحی لێك نزیك بخاتەوە، ئەویش شۆڕشی شێخ بەدرەددین بوو، کە بەکوڕی قازیی سەماونە بەناوبانگ بوو، سەماونەش گوندێکی ولاتی ڕۆم بوو لە نزیك ئەدرنە.

شێخ بەدرەددین زانایەکی ئایینی بەناوبانگ بوو لەو سەردەمەدا و، چەندان کتێبی لەبواری فیقھ و تەفسیر و سەرف و نەحو دانابوو و، کاتی خۆی چووبووە میسر و لەسەردەستی (شەریف جرجانی) و (عەلی موبارەك شا مەنتقی)ی مامۆستای قاهیرە

---

[1] - Shaw : op. cit, ii ,p.42

[2] - سرهنك : ل 31.

[3] - **لەمەڕ** شۆڕشی شێخ بەدرەددین و میرەکانی، بڕوانە : سعدالدین، سەرچاوەی پێشوو، ج 1، ل 297 – 300. محمد حرب :العثمانیون في التاریخ والحضارة : ل **131 – 142** . **Shaw : op. cit. ii: p: 43.**





خوێندبووی، پاشان لەگەڵ موبارەك شا چووبووە حەج و، لە مەککە لەلای شێخ زەیلەعی و ساحب سولتان فەرەجی سوڵتانی میسر خوێندبووی و، بەناوبانگترین کتێب کە نووسیبووی،(واردات) بوو، کە مەعنای ئیلهام دەگەیەنێت و، شێخ لەوێدا گرنگترین بیر و بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی باسکردبوون.

کە مووسای کوڕی بایەزیدیش خۆی کردە سوڵتان، کردی بەقازیی سوپاکەی و، کاتێکیش مووسا لە دوای تێشکانی لەشەڕ لەگەڵ محەمەدی برایدا کوژرا، محەمەد نەیویست تۆڵە لە شێخ بکاتەوە، بەڵکو ناردی بۆ (ئیزنیق) و، لەوێ خستیە ژێر جێ نشین کردنی بەتۆبزیی و، مووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕییەوە، بەلام لەوێ هەلات و، پەنای بۆ (ئەسفەندیار ئۆغلوو) برد و، دەستی بەبانگەشە کردن بۆ ڕێبازەکەی کرد کەلەسەر یەکسانیی دامەزرابوو بەو حیسابەی هەموو دینەکان یەکسانن.

هێڵە گەورە و درشتەکانی بانگەوازەکی، کە لە ڕەوشە سەختەی کە دەوڵەتی پێدا تێدەپەڕی، سەری هەڵدا، لەم شتانەدا کورد هەڵدەهاتن... یەکیەتیی بوون، بانگەشە بۆ دنیا بەکەمگرتن (زهد)ی ڕەها، باوەڕ نەبوون بە بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژی قیامەت و فریشتە و پەریی و، کورت هەڵێنانی شایەتمان لە نیوەی یەکەمیدا کە (لااله الا اللـه)یە و، لابردنی نیوەی دووەمی کە (محمد رسول الله)یە.

لەلایەکی دیکەوە، شوێنکەوتووەکانی، بە پێغەمبەریان دەزانی و، پێیان وابوو بەلابردنی نیوەی دووەمی شایەتمان نەبێت، ناکرێ موسڵمانان لە ژێر ئالاکەیدا کۆبکرێنەوە.

شێخ سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دژی دەوڵەتی عوسمانیی کرد بەمەبەستی گرتنی دنیا و دابەشکردنی بەسەر مریدەکانیدا بەزەبری زانست و نهێنی تەوحید و، پووچەڵکردنەوەی یاساکانی ئەهلی چاولێکەریی و ڕێبازەکەیان و، حەلاڵ کردنی هەندێك شتی حەرام کراو.

شێخ شۆڕشگێڕێکی دڵ پڕ لە هیوابوو ، لەبەرێکترازانی دەوڵەت و ئەو بێ سەرە و بەرەیی و پەشێوییەی هەموو ولاتی گرتبۆوە، بۆ ورووژاندنی گیانی هەستان و یاخی بوونی بەدەرفەت زانی و قۆزتیەوە.

دوو مریدیش، کە زۆر چالاك و هەلسووڕاو و گورج و گۆڵ بوون، بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕ و بۆ چوونەکانی یارمەتییاندا " یەکیان جوولەکەیەك بوو ناوی(تور لاق هوود کەمال) بوو کە لەهەموو لایەکی ئەماسیا بانگەوازی دەکرد ; ئەوی دیکەش ناوی(پیرقلیجە مستەفا) بوو، کە لە ئیزمیر و دەوروبەری بانگەوازی دەکرد.[1]

وا دیار بوو جووڵانەوەکەی شێخ لە نێو کۆمەڵی عوسمانی، بە تایبەتی لە نێو جوولەکە و دیانان، پشگیرییەکی گەورە دەکرێ ; چونکە ئەو دوو پێرە بەتەمابوون بەهۆی ئەو جووڵانەوە دەوڵەتی عوسمانی لە بناغەوە هەڵتەکێنن، لەبەرئەوە زۆر بەهەراویی لەنێو مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوبۆوە، هەروا لەنێو جوولەکەکانیشدا، بەڵام کەمتر لە دیانەکان و، تەنانەت لەنێو تورکانیش بڵاوبۆوە.[2]

شێخ بەدرەددین لە سیاسەتدا ئارام و پشوو درێژ و لێزان بوو، لەبەرئەوە تا دەوڵەت دەستی بە بەخۆداهاتنەوە بۆ دەرهاتن لە زەلکاوی ئاژاوە و خوێنڕێژیی نەکرد، فەرمانی شۆڕش کردنی بە شوێنکەوتووەکانی نەکید و، شۆڕشەکە لەکاتێکی لەباردا هەڵایسا و، بە دوای یەکداهاتنی شەڕەکانی ناوخۆ زۆربەی دێهاتەکانی وێران کردبوو و، کشتوکاڵی لەنێوبردبوو و ژیانی ئابووریی ئیفلیج کردبوو و، ڕق و قینی هۆز و تیرەکانی لە حکوومەت لە بارودۆخی گەندەڵی کۆمەڵایەتیی پەرەی گرتبوو و، خەڵك بە ئاسانی بیری شۆڕش و ڕاپەڕینی گۆڕینی قبووڵ بوو.

جا کاتێك شێخ هەستی کرد بەهێز بووە و، دەرفەت لەبارە، فەرمانی بە (تۆرلاق کەمال)ی مریدی کرد کە لە ناوچەی مەگنسیا بوو دەست بە شۆڕش و یاخی بوون بکات و، لەهەمان کاتدا (پیرقلیجە مستەفا)ش لەشاخی(ئەستیلاریۆس) کە دەکەوێتە خوارووی کەنداوی ئیزمیر، دەستی بەخەڵك لەخۆکۆکردنەوە کردوو، بە هاوکاریی کۆمەڵە دەروێشێك دەستی بە پەلاماردانی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی کرد، تا وای لێهات یاخیبوونەکە هێندە پەرەی سەند، هەڕەشەی لە ئاسایشی دەوڵەت دەکرد، بۆیە سوڵتان محەمەدی یەکەم فەرمانیدا بەرپەرچیان بدەنەوە و پێشیان پێ بگرن.

---
[1] - ابراهیم بك حلیم : ل 53.
[2] - محمد حرب : سەرچاوەی پێشوو، ل 140.





چەند لایەنێکی ئەورووپی ئەو یاخی بوونەیان قۆزتەوە و پشتیوانییانن لێ کرد، ئەوە بوو شێخ یارمەتییەکی لە میری (فەلەق)انەوە پێگەیشت، کە وای لێکرد دەم و دەست بچێتە ناوچەی (دەلی ئۆرمان)ی بولگاریا تا لەوێوە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینەکە بکات[1] ; ئەو ناوچە پەنای باتینیەکان بوو و، پڕبوو لەشوێنکەوتوانی (بابا ئیسحاق) کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتی کۆچیدا ڕابەرایەتیی شۆڕشێکی چەکداری باتینییەکانی لە دژی دەوڵەتی سەلجووقیی کرد.

محەمەدی یەکەم سەرکردە سیسمانی کوڕی میی بولگاریای —کە موسڵمان بوو بوو و ئەوکاتە فەرمانڕەوایی شاری سامسۆن بوو —ڕاسپارد کە هەڵگەڕاوەکانی ناوچەی ئیزمیر لە نێوبەرێت[2] و، پیرقلیجە مستەفاش لەگەڵ لەشکرەکەی لە دۆڵ و شیوەکانی شاخی(ئەستیلاریۆس) خۆی قایم کردبوو وو، هەر کە دوو لەشکرەکە پێك گەیشتن، لەشکری سوڵتان شکاو، کاتێك محەمەدی یەکەم زانی لەشکرەکەی بەزیوە، لەشکرێکی دیکەی کۆکردەوە و بایەزید پاشای سەرۆك وەزیری کردە سەرکردەی ئەو لەشکرە و سەرکوتکردنی هەڵگەڕاوەکانی پێ سپارد... ئەو سەرکردە عوسمانییە لە کەنارەکانی ئیزمیر لەگەڵ لەشکری هەڵگەڕاوەکان بەسەرکردایەتیی پیرقلیجە مستەفا بەشەڕ هات و، بەسەریاندا زاڵبوو و، پیرقلیجە و زۆر لە شوێنکەوتوانی بەدیل گرت و هەمووی کوشتن[3].

پاشان سەرۆك وەزیر لەگەڵ میر مورادی وەلی عەهد بەرەو مەگنیسیا وەڕێکەوت، کە لەوێ بەگژ(تۆڕلاق هود کەمال)دا هاتوو، بەسەریدا زاڵ بوو و دەستگیری کرد و لە خاچیدا[4].

ئەمما سوڵتان بۆخۆی، لەشکرێکی گەورەی بردە سەر شێخ لە(دەلی ئۆرمان) و بەسەریدا زاڵ بوو و، شێخ هەڵات، بەڵام دوو کەس لە شوێنکەوتووەکانی، خیانەتیان لێکردوو تەسلیمی سوڵتانیان کرد، ئەویش ئیعدامی کرد[5].

---
[1] - محمد فرید بك : ل 150. ابراهیم بك حلیم : ل 53.
[2] - هەردووك سەرچاوەی پێشوو.
[3] Shaw: op. cit , I, p
[4] - محمد حرب : سەرچاوەی پێشوو، ل 141.
[5] - محمد فرید بك : ل 150 – 151. ابراهیم بك حلیم : ل 53 – 54.

بەوجۆرە جووڵانەوەی شێخ بەدرەددین سەری لە تێشکانەوە دەرچوو و، سەرەڕای پەرەگرتنێکی بەربلاو، ئاواتەکانی نەهاتنە دیی.

## مردنی محەمەدی یەکەم

محەمەدی یەکەم کە بەتەمای چەند کارێکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن بوو بۆ دابین کردنی سەقامگیریی وڵاتەکەی، ساڵی 1421ز مرد. ئەو سوڵتانە بە زەمینەسازی کردەیی گەشەکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەستی هەردوو جێنشینەکەی، مورادی کوڕی و محەمەدی دووەمی نەوەی‌دادەنرێت [1] و، مێژوونووسە عوسمانییەکان بەو ((نوحەی کەشتی ئیمپراتۆریەتی لە هەڕەشی شالاوی تەتەران پارازت))[2] لەقەڵەم داوە.

[1] - محمد فريد بك : ل 150 – 151 . ابراهيم بك حليم : ل 53 – 54.

[2]- Creasy , E. S. History of the ottoman Turks, Ed, Khayars , p. 54





## مورادی دووەم (1421 – 1451)

### کارەکانی مورادی دووەم لە ئاسیا

لە دوای مردنی کتوپڕی محەمەدی یەکەم، مورادی کوڕی کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، لە ساڵی 1421دا دەستەڵاتی گرتە دەست[1] و، ئەگەر سەردەمی محەمەدی یەکەم سەردەمی گێڕانەوەی دەوڵەت بۆ سەردەمی پێش نسکۆی ئەنقەرە بێت، ئەوە سەردەمی مورادی دووەم سەردەمی ئامادەکردنی دەوڵەت بوو بۆ ئەو ئەرکە گەورانەی پێش ئەو نسکۆیە بەتەمای ئەنجامدانیان بوو... لەبەرئەوە مورادی دووەم دەستی بە سازکردنی سوپایەکی بەهێز و ئابوورییەکی پتەو بۆ دەوڵەتەکەی و قایمکردنی سنوورەکانی وڵاتەکەی لە بەرانبەر ئەوروپا کە لە دژی هەستابوو، کرد.

وادیار بوو مورادی دووەم پێش ئەوەی ڕووبکاتە ئەوروپا، بە نیاز بوو ئەو ناوچانەی دەوڵەتەکەی لە دوای نسکۆی ئەنقەرە لێی ستێنرابوو، بگرێتەوە و، دەستەڵاتی عوسمانییان تێدا بچەسپێنێ و، بۆ ئەو مەبەستە هودنەی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپادا بەست ; ئەوە بوو پەیماننامەیەکی بۆ ماوەی پێنچ ساڵ لەگەڵ مەجەر گرێدا[2] و، پێشنیازی کرد مانوێلی دووەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەو پەیماننامەی پێشتر لەگەڵ بابی ئیمزای کردبوو، نوێ بکاتەوە، بەلام مانوێل داوای لە مورادی دووەم کرد بۆخاترجەم بوون لە چاك جێ بەجێ کردنی ئەو پەیماننامە، دوو برای بە بارمتە لە قوستەنتینیە دانێت، بەلام سوڵتانی عوسمانی بەوە ڕازیی نەبوو[3]، مانوێلیش هەڕەشەی ئازادکردنی مستەفای لێکرد کە داوای سوڵتانەتیی عوسمانیانی دەکرد.[4]

دوای ڕەفزکردنی داوای بێزەنتییان لەلایەن سوڵتانەوە، مانوێلی دووەم پاش ئەوەی مستەفا بەڵێنی دا هەرکاتێك شۆڕشەکەی سەرکەوت، هەموو ئەو شارانەی عوسمانییەکان

[1] - القرماني : ل 22.

[2] - سرهنك : ل 31.

[3] - رستم : ج 2، ل 264.

[4] - Shaw : op,cit, I,p.44.

دەستیان بەسەردا گرتبـوون، بداتــەوە دەوڵـەتی بێزەنتــی، مـستەفای بـەرەڵڵا كـرد[1] و، بەسـەركدایەتی دیمـتر یـوس لاسـكاریس پـێ بەخـشین كـە بەهۆیانـەوە دەورەی شـاری ((گالیبۆلی))ی داو گرتی، بەلاّم قەلاّیەكەی پێ نەگیرا، ئەویش حامیەیـەكی سـەربازیی لـە دەورەی بەجێهێشت و بە لەشكرەكەیەوە بەرەو ئەدرنە كشا[2].

مورادی دووەم ناچـاربوو پـێش گرتنـەوەی میرنـشینە توركـەكانی ئـەنادۆڵ، كێشەی مـستەفا یەكلاكاتــەوە ; لەبەرئـەوە لەشـكرێكی بەسـەركردایەتیی بایەزیـد پاشـای وەزیـر نارده سەر، بەلاّم مستەفا توانی سـەربازەكان بـەلای خـۆدا ڕاكێـشێ و بایەزیـد بكوژێـت، پاشان لەگەڵ قەرەجونەیت بەلەشكرەوە بەرەو شاری ئەدرنە بكەوێتەڕێ[3].

لەبەر گەورە بوونی ئەو كێشە و، سەركەوتنەكانی مستەفا بەسەر لەشكری سـوڵتاندا، موراد بۆ خۆی سەركردایەتیی لەشكرێكی گەورەی كردو بۆی چوو، لـە شـاری (ئۆلووبـاد) —لۆبـادیۆنی كـۆن— ی ناوچـەی (بێـسێنا) لەگـەڵی بەشـەڕهات و بەسـەریدا سـەركەوت و، مستنەفا هەلاّتـە شـاری (گـالیبۆلی)، بـەلاّم لـەوێ گرتیـان و، تەسـلیمی سـوڵتانیان كـردو ئەویش ساڵی 1422 لەشاری ئەدرنە هەڵی واسی و كوشتی[4].

بەهۆی هەڵوێستی دوژمنانەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، مورادی دووەم ویستی تۆڵە لە ئیمپراتۆر بكاتـەوە، ئیمپراتـۆریش لەبـەر بـەدكاریی خـۆی هەسـتی مەترسـیی هەڕەشـەی لێدەكات، بۆیە ویستی لە تووڕە بوونی سوڵتان كەم كاتەوە ; ئەوە بوو ناردی پیرۆزبایی سەركەوتنیان لێ كردو لەسەر هەڵـە و خراپەكـەی داوای لێبـوردنی لێكـرد، بـەلاّم مـورادی دووەم گـوێی نەدایـە و، سـاڵی 1422 بـە لەشـكرێكی (50) هــەزار كەسـیی بـەرەو قوسـتەنتینیەی پایتـەختی بێزەنتییـان كەوتـە ڕێ و گەمارۆیـدا [5]، بـەلاّم هەڵگیرسـانی شۆڕشـێكی نـوێ لـە ئاسـیای چـووك، ناچـاری گـەمارۆ لابردنــی كـرد ; ئـەو شۆڕشـە

[1] - الرشيدي سالم : محمد الفاتح : ل 38 . تاريخ الدولة العثمانية باشراف روبير مانتران، الجزء الاول، الفصل الثانى، صعود العثمانيين، بقلم : نيقولا ظاتان : ل 91.
[2] - القرماني : ل 23. camb. Med. Hist. IV .p689
[3] - هەمان سەرچاوە . ڤاتان : سورچاوەی پێشوو، ل 91.
[4] - هەمان سەرچاوە : اوزتونا : ج1، ل 120.
[5] - رستم : ج2، ل 264.





بەسەركردایەتی میرەكانی ئەماسیا بوو كە تـەیموور لـەنگ گێڕابوونیـەوە سـەر حـوكم[1]، وێـڕای ئـەوە، مـانوێلی دووەمـیش تـوانی برایـەكی چـووكی مـوراد كـە نـاوی مـستەفابوو لەخــشتە بــەرێت و، وای لــێ بكـات لــە كـاكی هەلگەڕێتــەوە و، میرەكـانی قــەرمان و گــەرمیانیش یارمــەتیان دا[2]، بــەلاّم مــورادی دووەم تــوانی زوو ئــاوری ئــەو ئــاژاوە دامركێنێتــەوە و، بەســەر میرنــشینی قەستموونیــشدا داو، كاتێــك میرەكــەی هەســتی بەگـەورەیی لەشـكری عوسمانیـان كـرد، بـۆ سـەلماندنی دڵـسزیی و پـشتگیریی خـۆی بـۆ سوڵتان مورادی دووەم، دەستی بۆ لە نیوەی وڵاتەكەی هەڵگرت و، كـچەكەی خـۆی دایـە و، ئەوەش ساڵی 1423ز بوو[3].

هەروا مورادی دووەم قەرەجوونەیدیشی كە لە شڕشەكەیدا پشتی مستەفای گرت، مل كەچ كردو، دەستگیری كرد و كوشتی و، توانی ویلایەتەكانی ئایدن و ساڕووخان و مەنـچا و ئەوانی دیكە بخاتەوە سەر دەوڵەتی عوسمانی، میر محەمەدی میری قەرمانیشی كوشت و میرنـشینەكەی بۆسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی گێڕایـەوە و، ئیبڕاهیمـی كـوڕی ئـەو مـیر محەمەدەی، لە بەرانبەر دەست هەڵگرتنی لە میرنشینی حەمید، لە جێی بابی كردە میری قەرمان[4].

سـاڵی 1428ی زیـش مـیری گـەرمیان بـێ پاشـەوار مـرد و، وەسـیەتی كردبـوو پاشماوەی میرنشینەكەی هەموو بدرێتە مورادی دووەم[5].

بەوجۆرە مردادی دووەم هەموو ئەو ناوچانەی تەیموور لەنگ لە دەوڵەتی عوسمانیی دابڕیبوون، خستنیەوە سەر دەوڵەتی عوسمـانیی و، خـۆی بـۆ كێشەكانی ئـەوروپا یـەكلا كردەوە.

[1] - shaw : op. cit, I: p . 45.
[2] - ابراهيم بك حليم : ل 56 – 57 . اوزتونا : ج1، ل121.
[3] - shaw : op. cit, I: p. 45
[4] - محمد فريد بك : ل 154. اوزتونا : ج 1، ل 120 . ڤاتان : ل 95.
[5] - سعدالدين : ج1، ل 341 . ابراهيم بك حليم : ل 58.

## فراوانبوونی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپا

### جەنگی نیش 1443

موورادی دووەم هەوڵیدا دەسەڵاتەکەی بەرەو باکوور زیاد بکات. کە هێزەکانی مەجەڕ بە فەرماندەیی (صلب العود) یوحەنا هونیادی میری ترانسلڤانیا بەرپەرچیان دایەوە، بەڵام موراد توانی بەسەریدا سەرکەوێت و شاری کۆشیفۆ هەڵکەوتوو لە خوارووی بلغراد ڕزگار بکات و ناچاری کرد پەیمانی لەگەڵ ئیمزا بکات کە دەست بگرێت بەسەر کەناری لای ڕاستی ڕووباری دانوب ئەو بەو مەرجەی ئەو ڕووبارە ببێتە جیاکەرەوەیەکی سروشتی لەنێوان خاکی عوسمانی و مەجەڕدا[1].

پاشای سرب (جورج برانکوڤیتش) بۆی دەرکەوت توانای بەربەرەکانی سوپای عوسمانی نییە ڕازی بوو ساڵانە جزیە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی بە بڕی پەنجا هەزا دوکای زێڕ و تیپێکی سەربازیش بخاتە خزمەت سوڵتانی عوسمانی لەکاتی شەڕدا بەکاریان بهێنێت و، کچەکەشی مارا لە سوڵتان مارە بکات و پەیوەندی یەکان لەگەڵ مەجەڕ بپچڕێنێت و وا لە شاری کرتفاتیش (الاجە حسار) کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری نیتش لە ناوەڕاستی وڵاتی سرب. هێزەکانی عوسمانیشس کردیان بە بنکەی سەرەکی بۆ هێرشەکانی داهاتوویان و پارێزگاری خۆیان[2]. لە ساڵی 1425 دا موورادی دووەم خۆی بۆ هێرش بۆسەر سالۆنیك یەکلای کردەوە[3].

بەڵام لەوکاتەدا ئیمپڕاتۆری بێزەنتی مانوێلی دووەم مرد ئیمپڕاتۆر یوحەنای هەشتەمشوێنی گرتەو[4] ە. بێزەنتی یەکان ئەو کاتە زۆر لاواز ببوون بەهۆی کەمی



دەرامەتەکانی لە دەستچوونی خاکەکەی[1] سەرباری ئەوەش لە هەموو بوارەکان دا ڕووی لە لاوازی بوو. توانی ئەوەی نەبوو خۆی لەبەردەم فشاری دەوڵەتی عوسمانی بگرێت بۆیە یوحەنای هەشتەم ڕازی بوو کە جزیە بدات بە عوسمانییەکان واز لە هەموو قەڵاکە بهێنێت بۆ عوسمانییەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی بێزەنتی دا بوو لەسەر لێوارەکانی دەوریای ڕەش و کەنارەکانی ڕووململی[2]. بەمە ڕێگا خۆش بوو سوپای عوسمانی شاری مۆرۆن ڕزگار بکات کە دەکەوێتە سەر نیوە دوورگەی مورە[3] لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەی عوسمانییەکان دا.

دانیشتوانی سالۆنیك هەستیان کرد بە سەرۆکایەتی ئەندرۆنیق برای ئیمپڕاتۆر یوحەنای هەشتەم کە ناتوانن لە ڕووی سوپای عوسمانی بوەستن بۆیە شارەکەیان دایە دەستی ئیتاڵی یەکان[4]. موورادی دووەم ئەو کارەی دانیشتوانی سالۆنیکیان بە سوکایەتی کردن بەخۆی زانی چونکە ئیتاڵیان دوژمنی سەر سەختی سوڵتان بوو. بۆیە سوپایەکی ئامادەکرد و گەمارۆی سالۆنیکیدا و ئیتاڵییەکانیش شاری سالۆنیکیان قایم کرد. ئستولێکیان نارد بۆ بەندەری عالی بولی بۆ سوتاندنی کەشتی یەکانی سوپای عوسمانی، بەڵام کەشتی ئیتاڵی یەکان سەرکەوتبوون لە کارەکەیان دا. کەشتی یە عوسمانییەکان لە ئامادەباشیدا بوون و سەرکەتنی گەورەیان بەدەست هێنا ئەم سەرکەوتنە، بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ورەی هێزە پیادەکانی عوسمانی بۆ ئەوەی پێشڕەوی بکەن بەرەو شاری سالۆنیك و توانیان بەشەڕ ڕزگاری بکەن لە 29یئایاری ساڵی 1430 دا سوپای ئیتاڵیاش پرش و بڵاوبوون شارەکەیان بەجێهێشت[5].

---

[1] - محمد فرۆید بك : ل 154 و ترانسلڤانیا گرنگترین هەرێمەکانی نە مسا بوو کە دەکەوێتە سەر سنوری مەجەڕ.
Shaw: i. p. 48.

[2] - سرهنگ : ل37.

[3] - عوسمانییەکان بۆ جاری یەکەم لە ساڵی 1386 دا لەسەر دەست ی مرادی یەکەم سالۆنیکیان ڕزگار کرد دوای ئەوە بێزەنتی یەکان دەستیان بەسەردا گرتەوە جارێکی تر بایەزیدی یەکەم ڕزگاری کردەوە لە ساڵی 1394 دیسان بێزەنتی یەکان گرتیانەوە. بۆ جاری سێیەم عوسمانییەکان ڕزگاریان کردەوە لەسەر دەستی محەمەدی یەکەم ساڵی 1413 کە ئەندرۆنیق بالیولۆغوس فرۆشتی بە ئیتاڵی یەکان لە ساڵی 1423 دا لە بەرانبەر پەنجا هەزار دوکا کە سوڵتان مرادی دووەم دانی نا بەو فرۆشتنەدا بڕیاری دا کە جارێکی تر ڕزگاری بکاتەوە.

[4] - رستم : بەرگی 2، ل 264 – 265 – 279.



[1] - دەوڵەتی بێزەنتی لە کاتی هاتنە سەر تەختی یوحەنای هەشتەم بەرەو هەڵوەشانم دەچوو کە بریتی بوو لە قوستەنتینیە و دەوروبەری و هەتا دەگاتە مسلبریە و هەندێك ناوچەی تەسك لەسەر کەناری دەریا. رستم : بەرگی 2، ل 279.

[2] - سرهنگ : ل **33**.

[3] - رستم : بەرگی **2**، ل **279**.

[4] - هەمان سەرچاوە.

[5] - اوزتونا : بەرگی **1**، ل **122**. ڤاتان : ل **96**. **shaw: op. cit. i. p. 49.**

موڕادی دووەم سەرکەوتنەکانی لە بەلقان درێژە پێدا ڕووی لە وڵاتی ئەولبانیا کرد شاری یانیای خستە ژێر دەستی خۆی دوای ئەوە هەرێمی ئەفلاقی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی میری ئەو هەرێمە ڕازی بوو کە جزیە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی[1].

## ڕزگارکردنەکانی ساڵەکانی 1431 – 1433

لەو نێوەدا برالکوفتش پەیمانی نێوان خۆی و عوسمانییەکانی لە ساڵی 1439 دا شکاند دژی دەوڵەتی عوسمانی شۆڕشی بەرپا کرد، چونکە سەرگەرم بوونی موڕادی دووەمی بەهەل زانی کە خەریکی دامرکاندنەوەی شۆڕی قەرمانیەکان بوو لە ئاسیای بچووك، بەڵام دوای ئەوە سوڵتان ڕووی کردەوە سربیا و مەجەڕ. هەستا بەڕزگار کردنی شاری سمندریە کە دەکەوێتە نزیك شاری بەلغراد. فرانکوفیتش بەرەو وڵاتی مەجەڕ ڕای کرد، ئینجا سوڵتان شاری بەلگرادی گەمارۆدا، بەڵام بێ سوود بوو بۆیە ڕووی لە وڵاتی ترانسلڤانیا کرد شاری هەرمنشتادی سەر بەمەجەڕی گەمارۆدا[2]. لەوکاتەدا ئیمپراتۆری بێزەنتی یوحەنای هەشتەم نیازی وابوو داوای یارمەتی لە ڕۆژئاوا بکات، چونکە لە دەستدانی سالۆنیك ترسی لا دروست کرد و سەرکەوتنەکانی موڕادی دووەم لە بەلقان نیگەرانی کردبوو. ڕقەبەری ئیتاڵییەکان و خەڵکی خواروو لەوکاتەدا زیاتر پاڵی پێوەنا[3]،کە پەنا بەرێتە بەر پاپا و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپی بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی یەك هەڵوێستی بەمەبەستی وەستان دژی بەرەو پێشچوونی عوسمانییەکان هەر بۆیە یوحەنای هەشتەم بەرەو ئیتاڵیا کەوتە ڕێ. بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ پاپا پێی ڕابگەیەنێت کە بە ئارەزووی خۆی دەیەوێت هەردوو کەنیسەی مەسیحی یەك بگرن.

لە ڕاستیدا بانگەشەکە بەهێزبوو لە ناوەندە سیاسی و ئایینییەکانی ئەوروپادا دەربارەی یەکگرتنی هەردوو کەنیسەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بۆیە بڕیاریان دا کە کۆمەڵەی

[1] - ئەلبانیا دوو بەشی باکوری و باشوری هەبوو. بەشی یەکەمی پیاوێکی فلۆرنسی قەرمانڕەوای بوو، بەڵام دوای مردنی کوڕەکانی وازیان لە دەسەڵات هێنا ئەمەش وای کرد سوپای عوسمانی بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرێت، بەشی دووەم یوحەنا کاستریونانی ئەلبانی قەرمانڕەوای بوو کە خۆی تەسلیمی سوپای عوسمانی کرد. محمد فرید بك : ل 155.

[2] - أوزتو نا : بەرگی 1، ل 123. ڤاتان : ل 101. Shaw : op. cit. p. 49.

[3] - Brehier. L: mondbyzantine p. 489





قەشەکان لە شاری فراری لە ساڵی 1431 دا کۆببنەوە دوایی ئەو کۆمەڵە گواسترایەوە بۆشاری فلۆرینا لە ساڵی داهاتوودا کە پاپا یوجنیوسی چوارەم داوای لە پاشا و سەرکردەکانی ئەوروپا کرد کە قوستنیە بپارێزن ئەگەر دەوڵەتی بێزەنتی ئەو کارەی پێ نەکرا بەربەرەکانی عوسمانییەکان بکات[1]. هەموو ئامادەبوانی کۆنگرەکە کۆك بوون لەسەر ئەوەی هێرشێکی سەلیبی تازە ڕێکبخەن بۆ قوستنیە و دەرکردنی عوسمانییەکان لە خاکی ئەوروپادا. لە ئەوروپادا بڵاوبۆوە کە هێرشێکی سەلیبی تر بەڕێوەیە بۆ بەربەرەکانی کردنی عوسمانییەکان، بۆیە شەڕی عوسمانییەکان و ئەوروپاییەکان لەوکاتەدا زیاتر مۆرکی شەڕەکانی سەلیبی پێوە دیاربوو[2].

پاپا هەستا بەهەڵنانی پاشا و میرە ئەوروپییەکان بەشداری لەو هێرشەدا بکەن. الڤونسوی پێنجەم پاشای ئەراغون و ناپولی بەهێزترینی کەسایەتی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست بوو. وەڵامی بانگەوازی پاپای دایەوە لادیسلاس دووەم پاشای مەجەڕ و پۆڵەندا و یوحەنا هۆنیادی قەرمانڕەوای الاردل و هێزەکانی سەکسونیا و ئەڵمانیا و تیشك وڵاتێن و فەڕەنسی و بشناقیە و ئەفلاقی یە و قرمانیە وەڵامی بانگەوازی پاپایان دایەوە هەموو ئەوانە خۆیان ئامادەکرد بۆ وەڕێخستنی شەڕی سەلیبی[3]. لە تەممووزی ساڵی 1442 دا هێرشەکە بە قەرماندەی هۆنیادی لە بوداسیتەوە دەستی پێکرد.

توانیان لە نزیك شاری هرمنشتاد سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی عوسمانیدا، یەزیربەگ سەرۆکی سوپاکە لەو شەڕەدا کوژرا. پاشماوەی سوپای عوسمانی بەرەو دوای ڕوباری دانوب پاشەکشەیان کرد[4] ، کاتێك موڕادی دووەم هەواڵی تێکشکانی سوپاکەی بیست. سوپایەکی ڕێکخست بە قەرماندەیی شاهین پاشا کە پێکهاتبوو لە هەشت هەزار سەرباز لە نزیك ناوچەی وازاج لەگەڵ سوپای سەلیبی بەشەڕ هاتن، بەڵام سوپایەکەش هەر شکستی هێنا و شاهین پاشا بە دیل گیرا[5]. لە ئەنجامی ئەوەدا سەلیبییەکان سوپایەکی

[1] - Ibid : p. 491. vasiliev: op. cit. I. pp. 672 – 673.

[2] - الاردل : خۆی شاری ترانسلڤانیایە.

[3] - رستم : بەرگی 2، ل 285. Shaw: op. cit. I. p. 15.

[4] - سرهنگ : ل 35

[5] - هەمان سەرچاوە.

گەورەیان بە قەرماندەیی هۆنیادی کۆکردەوە و لادیسلاس و جۆرج برانکۆڤیتش میری سرب پەیوەندیان پێوەکرد.

ئەو هێزە سەلیبییە گەورە لە شوباتی 1443 دا بەرەو ڕووی سوپای عوسمانی بەڕێکەوت. لە تەنیشت شاری سمندریە لە ڕوباری دانوب پەڕیەوە. لەگەڵ سوپای عوسمانی لە شاری نیش بەیەکگەیشتن کە بەسەریاندا سەرکەوت و شاری سۆفیای داگیرکرد[1].

هۆنیادی درێژەی بە پێشڕەویەکانیدا لە شاخەکانی بەلقان تێپەڕی و عوسمانییەکانی تێك شکاند لە نزیك شاری یالوڤاس لەنێوان سۆفیا و فیلیب بولیس[2]، وادیار بوو مەملەکەتی عوسمانی لە ئەوروپا پارویەکی ئاسان بوو بۆ فەرماندەیی سەلیبی سەرکەوت و واچاوەڕوان دەکرا درێژە بە پێشڕەوی بدات تا شاری ئەدرنە چونکە ڕێگە کراوە بوو دوای ئەو سەرکەوتنانە بەڵام وای نەکرد و لە پێشڕەوی وەستا بەهۆی سەختی ڕێگاکان و هاتنی وەرزی زستان لەوەش دەترسا عوسمانییەکان کەمینی بۆ دابنێن.

بەڵام لە ڕاستیدا قەرماندەکانی سوپای سەلیبی لە بڕیاردان زۆر دەترسان لە دژی عوسمانییەکان. گرنگی شەڕی نیش گیانی حەماسەتی ئایینی لە تەواوی ئەوروپادا ژیاندەوە وای لە مورادی دووەم کرد ناچار ئاشتی قبوڵ بکات چونکە لە ئاسیاش هێزەکانی لەسەر دەستی قەرمانییەکان تووشی شکست بوون کە ناچاربوو یەکێك لە بەرەکان ئارام بکاتەوە، هەر بۆیەش پێشنیازی ئاشتیدایە هێزە ئەوروپییەکان بەمەرجی دڵخۆشکەر بۆ ئەوان جورج فرانکوفیتش هەستا بە ناوبژی کردن بەو هیوایەی ئەمارەتەکەی خۆی دەستکەوێتەوە. لادیسلاس ڕازی بوو بە پێشنیازی ئاشتی کە بریتی بوو لە:

1. سرپیا و بۆسنە سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرنەوە بەو مەرجەی بەردەوام باج بدەن بە دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی پێشتر لەسەریان کۆبۆتەوە.
2. مورادی دووەم وڵاتی ئەفلاق واز لێ دێنێت سەربەخۆیی وەردەگرێت.

1 - shaw : op. cit. I . p. 51. camb. Med: his IV. P. 691.
2- Ibid.





3. سوڵتان هەردوو قەڵای سمندریە و ئالاجە حەسار دەگەڕێتەوە بۆ سرب.
4. عوسمانییەکان هێرشە سەربازییەکانیان لەباکووری ڕوباری دانوب ڕابگرن.
5. ئازادکردنی دیلەکانی هەردوولا.
6. ئەو پەیمانی ئاشتییە ماوەی دە ساڵ دەخایەنێت[1]،لە ساڵی 1444 ئیمزا کرا لەلایەن هەردوولاوە.

گرنگی ئەو پەیمانە لەوەدابوو کە ڕادەیەکی دانا بۆ پەلهاویشتنی دەسەڵاتی عوسمانی بەرەو باکووری ڕوباری دانوب. دەسەڵاتی عوسمانی تەنها لەسەر سرب و بۆسنە مایەوە بەشێوەیەکی نائارام. عوسمانییەکان ئەوەی لە ماوەی نیو سەدە دا بەدەستیان هێنابوو لەدەستیان چوو.

بەڵام ئایا ئەو پەیمانە لەواقیعدا جێبەجێ کرا؟ خێرا وەڵام دەدەینەوە دەڵێین نەخێر. هەندێك لەسەرکردە سەلیبییەکان بەتایبەت پاپا پێی وابوو جێبەجێ کردنی ئەو پەیمانە زیان بە ئامانجەکانیان دەگەیەنێت لە دەرکردنی تورکەکان لە کیشوەری ئەوروپا. بۆیە کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە لەکاری بخەن و تێکی بدەن، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بە قۆناغی بەخۆداچوونەوەدا تێدەپەڕی، بۆیە حەزی دەکرد ئەو پەیمانی ئاشتییە جێبەجێ بکرێت و بەردەوام بێت ئامادەی جێبەجێ کردنی بەندەکان.

## جەنگی ناڤارین

سوڵتان هەستی بە ماندوویی دەکرد، بۆیە بەباشی زانی کە واز لە تەختی دەسەڵات بهێنێت بۆ کوڕە چواردە ساڵەکەی (محەمەد) سەفەری کرد بۆ ولایەتی ئایدین بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکات لە مەغنیسیا، مێژوونووسەکان هۆیەکی تر باس دەکەن بۆ کەنارەگیری سوڵتان.

ئەویش ئەو دڵتەنگییە بوو بەهۆی کۆچی دوایی کوڕە گەورەکەی عەلائەدین تووشی بوو. ژیانی لەپێش چاوکەوت و خری لە سیاسەت گۆشە گیر کرد[2]، بەڵام باروذۆخ

1 - محمد فريد بك : ل 157. ڤاتان : ل 104.
2 - القرماني : ل 24.

نەیهێشت ئیسراحەت بکات کە سەرکردە مەسیحییەکان سەیری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکرد. هەرچەند پەیمانی ئاشتی هەبوو لەنێوان هەردوولادا کە لەنێوان سوڵتان مورادی دووەم و لادیلاسی دووەم مۆرکرابوو. کاردینال جولیانوسیزار بە قەرمانی پاپا ئەو بیرۆکەیەی دەجولاند کە پەیمانامەکە هەڵبوەشێتەوە[1]. ناوەندە سیاسییەکان لە ئەوروپا لەو بیروڕایەدا بوون کە دەوڵەتی عوسمانی لە بارودۆخی ناهەمواردایە بە تایبەت دوای وازهێنانی مورادی دووەم و هاتنە سەر تەختی کوڕە تازە پێگەیشتووەکەی کە لە سیاسەت شارەزایەکی ئەوتۆی نەبوو. وای بۆچوو کە دەوڵەتی عوسمانی ماندووبووە[2]. هەموو لایەکانی خەریکی لێکجیابوونەوەن سەرباری ئەوەش هێزی ئەوروپایی لە وڵاتی بەلقان مابوونەوە و دەتوانرا یەکسەر کەڵکیان لێوەربگرێت.

بێجگە لەوەش پاشا و میرەکانی ئەوروپا لە داهاتوودا ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ یارمەتی دانی هێرش کردن بۆسەر سوپای عوسمانی. پاپا ئەمەی بەهەلزانی پاشای مەجەڕی هاندەدا کە پەیمانەکە بشکێنێت. بێزەنتیەکانیش بەوە دڵخۆش بوون کە تورکەکان لە بەشی ئەوروپا بچنە دەرەوە و ناوچەکانی خۆیان بەدەست بهێننەوە.

تا وای لێهات هەندێك لە پاشاکانی ئەوروپا لۆمەی لادیسلاسیان دەکرد کە چۆن پەیمانی ئاشتی لەگەڵ کافران ئیمزا کردووە. بەو بیانووەی کە بەرژەوەندی مەسیحیەت لەسەررووی هەموو شتێکەوەیە دەبێت ئەو بەرژەوەندیە لەپێش بگیرێت.

قەرماندە مەسیحییەکانی بەلقان بەو لێکدانەوەیە ڕازی بوون و پەسەندیان کرد. ئەمە هەستی پاشای بەریتانیا و پاشای فەرەنسا و دەوڵەتەکانی بوندقیە و جنیوە و فلۆرنسای جولاند، هەرچەند کێشەیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو لە بەشداری کردن.

لەو شەڕە سەلیبیەدا[3]، دیاربوو هەندێك لە سەرکردەکان ئەو هاوپەیمانییەتیەیان ڕەتکردەووە، بە تایبەت جورج فرانکوفیتش کە ئامادە نەبووم سوێندی هاوپەیمانی

[1] - محمد فريد بك : ل 157. اوزتونا : بەرگی 1، ل 125.
[2] - القرماني : ل 24.
[3] - اوزتونا : بەرگی **1**، ل **125**. **Shaw: I. P. 52.**





بخوات هەندێك سەرکردەی تریش لەسەر ئەو ڕایە بوون[1]. بەم شێوەیە هەریەك لە مەجەڕ و پۆلۆنیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و بوندقیە و دەوڵەتی بێزەنتی و پاپایی و بورغندیا دژی عوسمانییەکان یەکیان گرت، بڕیاردار ئستوڵی بوندوقی لە گەرووە ئاویەکانەوە تێپەڕێت و دوست بگرێت بەسەر شاری غالیبولی. سوپاش لە وشکانییەوە بەرەو باشوور بکەوێتە ڕێ بۆ دابین کردنی ڕێگای گەیاندنی پێویستی یەکانی ئستوڵەکە بۆ شاری غالیبولی کە لە داهاتوودا دەبێتە بنکەی کاری سەربازی بەرەو قوستەنتینیە[2] بەم شوێوەیە هێزە سەوربازییەکان دوو ئامانج دەپێکن ئەویش دابڕانی سوڵتانە لە بنکە سەربازییەکانی لە ئاسیای بچووك. کردنەوەی ڕێگای قوستەنتینیە. بەم شێوەیە هێزە هاوپەیمانەکان پێشڕەوی خۆیان دەست پێکرد بە قەرماندەیی لادیسلاسی دووەم. هۆنیادیش هێرشەکەی دەجولاند بەرەو خاکی عوسمانی کە هەرزوو خۆیان گەیاندە کەنارەکانی دەریای ڕەش لە هەمکان کاتدا ئستوڵی بوندوقیەش بەرو گەرووە ئاویەکان بەڕێکەوت[3]. سەرەتای شەڕەکان وای دەرخست کە هێزە هاوپەیمانەکان سەرکەوتوون بە تایبەت هێزە دەریاییەکانی بوندوقیە دەستیان گرت بەسەر گەرووە ئاویەکاندا ڕێگایان گرت لە هێزەکانی سوپای عوسمانی لە ئاسیا بەرەو ئەوروپا بێت بۆ بەشداری کردنی شەڕەکە[4]. مورادی دووەم وەڵامی داواکەی دایەوە و جارێکی تر دەسەڵاتی گرتەوە دەست ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی سوپای عوسمانی بڕوا بە سەرکەوتن بە دەست بهێنێتەوە.مورادی دووەم سوپایەکی گەورەی ڕێکخست بەرەو ڕووی دوژمن ەکەوتە ڕێ ئەوروپییەکان بۆچوونیان وابوو لە پیشڕەویەکیان بەرەو خواروو دەچنە ناو گەلێکی ئاشتی خوازەوە، بەڵام ئەو سوپایە هاوپەیمانە ئەو دەستکەوتەی دەست نەکەوت کاتێك هەستا بە ئازاردانی هەندێك دێهاتی مەسیحینشین لەسەر ڕێگای خۆیان. کاردینال سیزارینی باوەڕی وابوو مەسیحی یەکانی بەلقان ئەرسەدۆکسی هەراقیتەن سەرباری ئەوەش ناکۆکییەکی زۆر هەبوو لەنێوان

[1] - دیورانت : چیرۆکی شارستانی، بەرگی **6**، بەرگی **2**، ل **41**.
[2] - Cambmed Hist: IV. P. 691.
[3] - OStrogorsky : op. cit. p. 503.
[4] - اوزتونا : بەرگی **1**، ل **126**. cambmed Hist : p. 692.

سەرکردە سەربازیەکانی سوپای ئەوروپی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرنامەی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرەو دوا دەگەڕایەوە کە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەبوو[1]، لە کۆتایی شەڕی ڤارنا ڕوویدا لەسەر کەناری دەریای ڕەش لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1444 دا لە هێرشەکەدا حاڵی لادیسلاسی دووەم تێکچوو لە مەیدانی شەڕ دواکەوت کەوتنەکەشی بوو بەهۆی تێکچوونی سوپای مەسیحی یەکان عوسمانییەکانیش کەوتنە وێزەیان. هەرەج مەرەج لە ڕیزەکانی سوپای مەسیحی پەرەی سەند. سەرکەوتنی ئەوانە لەوەدا بوو کە هۆنیادی کۆیان بکاتەوە لە ڕێگای دانوبەوە مەیدانی شەڕ چۆڵکەن و خۆ ڕزگار بکەن لە شەڕەکە کاردینال سیزارینی کوژرا کە پاڵنەری یەکەمی شەڕەکە بوو لە کۆتایدا سەرکەوتن بەشی موسڵمانان بوو[2]. لە ئەنجامی شەڕەکەدا وڵاتی بەلقان جارلێکی تر کەوتەوە دەستی عوسمانییەکان.

## ڕووداوە جیا جیاکان

لەڕاستیدا مورادی دووەم بەری سەرکەوتنە گەورەکەی نەچنی بوو گەڕایەوە بۆ گۆشەگیری یەکەی، بەڵام ڕووداوە سیاسی یە تازەکان ڕێگر بوون کە جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ کاری سیاسی، یەکەم ڕووداوی سیاسی کە بەرۆکی دەوڵەتی گرت لە کاتی گۆشەگیرییەکەیدا دەرکەوتنی بزووتنەوەی یاخیبوونی هێزی ئینکشاری بوو لە دژی سوڵتانی لاو محەمەدی دووەم. منداڵی سوڵتانیان بەهەلزانی یاخیبوون و شاری ئەدرنەیان تاڵان کرد لە ساڵی 1445 دا. مورادی دووەم شۆڕشەکەی کوژاندەوە[3]، ترسا لەوەی جارێکی تر یاخی ببنەوە بۆیە ویستی بە ڕزگار کردنی وڵاتان خەریکیان بکات.

لەوکاتەدا وڵاتی یۆنان لە بارودۆخێکی نالەباردا بوو ئیمپراتۆری بێزەنتی مانوێلی دووەم دەی ویست یۆنان دابەش بکات بەسەر کوڕەکانی دا. بۆیە سوڵتان بە شوێنێکی گونجاوی زانی بۆ فەتح کردن شایانی باسە نیوە دوورگەی مورە بەشێك بوو لە هەرێمی

[1] - نوار، عبدالعزیز سلێمان : گەلانی ئیسلامی، ل **44**. .

[2] - diehle : Europeoren in tale pp. 365 – 366. ostrogorsky : op. cit. pp. 503 – 504. Shaw: op. cit. I. P. 53.Temperley p. 105.

[3] - محمد فريد بك : سەرچاوەی پێشوو، ل 158.





تسالیا کە بەر میری بێزەنتی قوستەنتین کەوتبوو. کاتێك بیستی سوڵتان نیازی هێرش کردنی هەیە هەستا بە توند کردن و قایم کردنی سەنگەر و قەڵاکان، بەڵام ئەو کارانە نەبوونە هۆی پێش گرتن لە سوپای ئازای عوسمانی توانی لە ماوەیەکی کەم دا شورەکانی شار بشکێنێت و ئەو گەرووە ئاویە ڕزگار بکات. ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی ڕێگای بۆ بکرێتەوە و بەرەو شاری کورنسە ڕۆیشت لە 10ی کانوونییەکەمی ساڵی 1446دا شارەکەی ڕزگار کرد، دوایی بەرەو هەرێمی مورە کەوتە ڕێ. مورادی دووەم بەنیاز بوو کارە سەربازیەکانی بەردەوام بێت ئەگەر ئاژاوەگێڕی ئەسکەندەر بەگ نەبووایە لە وڵاتی ئەلبانیا[1]. بۆیە ناچار بوون ڕوو لەو ناوچەیە بکات بۆ کوژاندنەوەی فیتنەکە. ئەسکەندەر بەگ یەکێك لە میرەکانی ئەلبانیا ناوی ڕاستی جورج کاستریونا بوو کە موسڵمان ببوو بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت دا. وەکو بارمتەیەك بوو پەیمانی دایە سوڵتان کە ئاشتی دەگێڕێتەوە بۆ ئەلبانبا دوای ئەوەش سوڵتان کردیە والی ئەلبانیا[2]، بەڵام کاتێك هێزی لەخۆیدا بینی هەلی خەریکبوونی سوڵتانی بە شەڕی ئەوروپییەکان قۆزتەوە. هەوڵی ئەوەی دەدا ئەلبانیا لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بکاتەوە. توانی هێزەکانی عوسمانی لە ئەلبانیا دەربکات. سەرکەوتنی بەسەر سوپای عوسمانی دا بە دەست هێنا بە قەرماندەیی عەلی پاشا لە دەوروبەری قەڵای کردنە لە ساڵی 1443 دا[3].

بەڵام دوای شەڕی ڤارنا مورادی دووەم بۆ ئەسکەندەر بەگ یەکلایی بۆوە بڕیاری دا کە سزای بدات بۆیە سوپایەکی بەهێزی ڕێکخست لەگەڵی بە شەڕ هات لە ساڵی 1447[4]، بەڵام گەڕانەوە پەشێوی بۆ وڵاتی مەجەڕ ناچاری کرد کە بەرەی ئەلبانیا بەجێبهێڵێت بەرەو بولگاریا کەوتە ڕێ. هۆنیادی کە وەسی بوو لەسەر تەختی مەجەڕ هێرشی کردە سەر وڵاتی سڕب بۆ تۆڵە سەندنەوە لە عوسمانییەکان دوای سەرنەکەوتنیان لە شڕی ڤارنا. توانی خۆی بگەیەنێتە دەشتەکانی کۆسرڤر کە مورادی

[1] - محمد فريد بك : ل 158. اوزتونا : بەرگە 1، ل 128 . ڤاتان : ل 107.

[2] - سرهنگ : ل 37.

[3] - محمد فريد بك : ل 195.

[4] - سەرچاوەی پێشوو.

دووەم چاوەڕێی دەکرد. ئەو هۆنیادییە نیازی هەبوو لەو لەشکرکێشی یە لە وڵاتی سرب بە یارمەتی سرپییەکان خۆیان، بەڵام جورج برانکوفیتش ئەو داوایەی هۆنیادی ڕەتکردەوە یارمەتی کە ئاڕاستەی کرابوو وەکو خۆی ئامادەی یارمەتی عوسمانییەکان بوو. کە شەڕ هەڵگیرسا لە دەشتەکانی کۆسۆڤۆ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1448دا مورادی دووەم سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا دوای ئەوە هۆنیادی ویستی لە دانوب بپەڕێتەوە.

بەڵام کەوتە دەستی سرپەکان، بۆیە ناچار بوو بە ئاشتی یەك ڕازی بێت کە لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو.[1] دەرەنجامی شەڕەکە ئەوەبوو مورادی دووەم دەستی گرت بەسەر بەلقان دا. بەتەواوی دوای گرتنی شاری أرتا لە ساڵی 1449 دا تەنها ئەسکەندەر بەگ مابوو دژایەتی سوڵتانی دەکرد ئەویش لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان پەنای بۆ شاخەکانی ڕۆژئاوا بردبوو سوڵتان شاری (ئاق حەسار)ی گەمارۆدا بەڵام نەیتوانی شارەکە داگیر بکات[2]. هەستی کرد کە هێزەکانی لەشەڕ ماندووبوون بۆیە پێشنیازی ئاشتی کرد لەگەڵ ئەسکەندەر بەگ کە وڵاتی ئەلبانیای پێ دەبەخشێت لە بەرانبەر دانی جزیەی ساڵانە بە دەوڵەتی عوسمانی بدات، بەڵام ئەو مەرجەکانی ڕەتکردەوە ناچار مورادی دووەم گەمارۆکەی شکاند و گەڕایەوە بۆ شاری ئەدرنە بۆ ئەوەی سوپایەکی گەورە ڕێك بخات ئەو یاخیبوونە لەناو بەرێت، بەڵام پێش ئەوەی نەخشەکەی پیادە بکات لە 5ی شوباتی ساڵی 1451دا گیانی لە دەستدا. دوای ئەو کوڕەکەی محەمەدی دووەم دەسەڵاتی گرتە دەست. لاشەی سوڵتانی کۆچ کردوو گواسترایەوە بۆ شاری بروسە لەوێ بەخاك سپێردرا[3].

سوڵتان مورادی دووەم وا بەناوبانگ بوو کە پیاوێکی بەڕێز بوو زۆر گرنگی بە زانست دەدا ڕێزی زانایانی دەگرت سەردەمی ئەو کۆتایی ڕۆشنبیری عوسمانی کۆن بوو یەکەم

1 - رستم : بەرگی 2، ل 287. اوزتونا : بەرگی 1، ل 128 – 129.
2 - محمد فريد بك : ل 159.
3 - سرهنگ : ل 38.





کتێب چاپکرا بە زمانی تورکی بۆ ئەوەی جێگەی زمانی فارسی[1] و عەرەبی بگرێتەوە. سوڵتان پیاوێکی ئازا بوو پیاوێکی سەخی بوو هەمیشە دەی بەخشی. هەموو ساڵێك سێ هەزار و پێنج سەدی دیناری تایبەت کردبوو بۆ (حرمين الشرفين) هەرچەند فراوانخوازی لەسەردەمی ئەو کەم بوو، بەڵام بە دووەم بنیات نەری دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، چونکە ئەو دوو سوڵتانە توانیان جارێکی تر دوای شکستی ئەنقەرە توانیان ئیعتیباری دەوڵەتی عوسمانی بگێڕنەوە.

1 - مصطفى : ل 65.

# بەشی سێیەم

# هەردوو سوڵتان: محەمەدی دووەم(فاتیح) و بایەزیدی دووەم

## محەمەدی دووەم – فاتیح 1451 – 1481

### بارودۆخی سیاسی لە سەرەتای دەسەڵاتیدا

سوڵتان محەمەدی دووەم لەسەر تەختی پاسایەتی دانیشت دوای کۆچی دوایی باوکی کە تەمەنی بیست ساڵ بوو[1] کاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست ئاسیای بچووك لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوو بێجگە لە بەشێك لە ولاتی قەرمان و شاری سینوب و مەملەکەتی تەرابزون. ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی تەنها شاری قوستەنتینیەی لەدەستدا مابوو لەگەڵ دەوروبەرەکەی[2]. دەرەوەی ئاسیای بچووکیش هەرێمی مورە دابەش کرابوو لە نێوان بوندقیەکان و چەند میرنشینێکی بچووك. کە بێزەنتی یەکان فەرمانڕەواییان دەکرد ئەلبانیا و ناوچەی ئەبیروس لەژێر دەستی ئەسکەندەر دا بوو

1- Kritoruouiov : History of mehmeb the Qomqueror : p. 13.

2- دیورانت : سەرچاوەی پێشوو، بەرگی 6، بەرگی 1، ل 34.





بەلام ولاتی بۆسنە و هەرسك سەربەخۆیی یەکیان هەبوو لەژێر چاودێری دەولەتی عوسمانیدا[1].

### سەرکەوتنی گەورە :ڕزگارکردنی قوستەنتینیە

کاتێك سوڵتان محەمەدی دووەم دەسەلاتی وەرگرت دەولەت دووبەش بوو، ناوچەی ئەنادۆڵ کە ببوو بە ناوچەی ئیسلامی لەگەڵ شارستانی ئیسلامی تێکەل ببوو. ناوچەی ڕوملی تازە کەوتبووە دەستی دەولەتی عوسمانی هەتا ئێستاش هەر ناوچەی سنووری بوو چونکە تا ئێستاش ئاداب و ڕەوشتی موجاهیدانی سنوورنشینیان لەسەر بوو ناوچە سنووریەکانی هەڵگری بیروباوەڕی سۆفی گەری بوون کە خۆیان بۆ پاراستنی سنوورەکان یەکلایی کردبۆوە. لەوکاتە وا پێویست بوو پەیوەندییەك لەنێوان هەردوولا دروست بکرێت. لەنێوان پایتەختی کۆن کروسە لە ئاسیای بچووك و پایتەختی تازە لە ئەدرنە لە ڕووملی[2]. قوستەنتینیە ئەو پەیوەندییەی دروست دەکرد. سەرەڕای ئەوەش عوسمانییەکان چەند جار هەوڵیان داوە ئەو شارە ڕزگار بکەن کەوایان هەست دەکرد کە پایتەختی سروشتی یە بۆ دەولەتەکەیان، مانەوەی لە دەستی بێزەنتییەکاندا دەبێتە لێك پچڕاندنی مولکی دەولەتی عوسمانی لە ئاسیا و ئەوروپادا، بەلام گرتنی ئەو شارە دەبێتە هۆی تونددتر کردنی دەسەلاتیان بەسەر ناوچەکانیاندا بەمەش هێز و ترسی بێزەنتی یەکان لەناو دەچێت[3]. بۆیە ئەم کارە پێویستی یەکی سیاسی بوو. بێجگە لە پاڵنەرە ئایینییەکەی بۆیە سوڵتان سەردەمی دەسەلاتی خۆی بە ڕزگارکردنی ئەو شارە دەست پێکرد شەڕی ڤارنا هەوڵێکی تری سەلیبی یەکان بوو بۆ ڕزگارکردنی دەولەتی بێزەنتی و دەرکردنی عوسمانییەکان لە ئەوروپا، بەلام بەهۆی ئەو شکستەی توشیان هات گەیشتنە ئەو ئەنجامەی بە ڕێخستنی شەڕی سەلیبی ئەوەندە کاریگەر نابێت بە تایبەت لەو دۆخەی پێش ئیمپراتۆ پێیدا تێدەپەڕی. بۆیە ئیمپراتۆری بێزەنتی هیچ هیوایەکی بەکەش

1 - سەیری ئەو بابەتە بکە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی سەرەتای دەسەلاتی سولتان محەمەدی دووەمەوە هەیە. ڤاتان : سەرچاوەی پێشوو، ل 109 – 110.

2 - لویس، برنارد : ئەستەنبوڵ شارستانی ئیمپراتۆری بێزەنتی، ل 36.

3 - مصطفی : ل 15.

نەبوو تەنها دەبێت پشت بەخۆی ببەستێت و توانای خۆی بەکاربهێنێت بۆ دژایەتی کردنی عوسمانییەکان کاتێك هێرش دەکەنە سەری لە ڕاستیدا هیچ خاڵێکی هاوبەش نەبوو لەنێوان سوپای عوسمانی و سوپای بێزەنتیدا.

دوای شەڕی ڤارناش گرتنی قوستەنتینیە شتێکی چاوەڕوان کراوبوو. لەڕستیدا ئەو شارە هەمیشە ئامانجی هێرشی سوپای ئیسلام بووە لەسەردەمی معاویەوە، بەڵام هەڵە یەك لە دوای یەکەکان هەمیشە دووچاری شکست دەبوون بەهۆی شوێنی هەڵکەوتنی شارەکە و هێزی سوپای ئیمپراتۆری و بەهۆی نەخشە ستراتیجییەکانی هێرش بەرانی ئیسلام کە بنچینەیەکی دروستیان نەبوو لەوکاتەدا.

کاتێك بایەزیدی یەکەم لە ساڵی 1402 دا شارەکەی گەمارۆدا، ئیمپراتۆری بێزەنتی لەناو پایتەختدا گیری خواردبوو. سوڵتان دەستی گرت بەسەر دەریای مەڕمەڕەدا کە دەردەنیل فەرمانڕەوایی دەکرد.

دیارە بۆ ئەو شارە گەمارۆدراوە تێپەڕینی کات لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، لە کۆتایی نزیك ببۆوە هەتا وای لێهات دانیشتوانی ناو شار لە مردن نزیك بوونەوە هی وا هەبوو هەبوو ئامادەبوو لەسەر شورەی شارەوە خۆی فڕێدات لە پێناوی دەستکەوتنی پارویەك نان[1]. لەناکاو ڕزگارکەری قوستەنتینیە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەرکەوت کە نیازی هەبوو ڕێ لە گەشەسەندنی دەوڵەتی عوسمانی بگرێت بۆیە بایەزید ناچاربوو گەمارۆکە بشکسێنێت و پێش بە لافاوی سوپای تەیموری لەنگ بگرێت لە دەشتەکانی ئەنقەرە. بێزەنتی یەکان لەسەردەمی مانوێلی دووەم توانیان زۆربەی وڵاتی یۆنان بگرنەوە دەست خۆیان محەمەدی یەکەمیش جارێکی تر سوپاکەی ڕێکخستەوە مورادی دووەمیش بەو سوپایە بارودۆخەکەی لە شکستەوە گۆڕی بۆ سەرکەوتن[2].

لەساڵی 1422دا سوڵتان مورادی یەکەم جارێکی تر هێرشێکی ڕێکخست بۆسە قوستەنتینیە بەڵام لەوکاتەدا شۆڕشێك لە بەلقان ڕوودیدا ناچاربوو گەمارۆکە بشکێنێت وە ڕێگای دا بە ئیمپراتۆر یوحەنای هەشتەم بە ئاشتی حوکمڕانی خۆی بکات بەو

1 - دیورانت : بەرگی 6، بەرگی 2، ل 34.

2 - هەمان سەرچاوە : ل 35.





مەرجەی جزیە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی[1]، لە ساڵی 1449 دا قوستەنتینی پازدەم لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت کە پەیوەندی لەگەڵ عوسمانییەکان باش بوو. پەیمانی دا بە مورادی دووەم گوێ ڕایەڵی بکات بەڵام مورادی دووەم کۆچی دوای کرد لە ساڵی 1451 دا محەمەدی دووەم شوێنی گرتەوە هەر دوای ئەوەش پەیوەندی عوسمانی و بێزەنتی ڕووی لە ساردی کرد بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە ساڵی 1453 دا لە ڕاستیدا لەو ساڵەدا حکومەتی بێزەنتی نەڕووخا، چونکە هەر ئەو ساڵە نەیتوانی بەشداری سوپای سەلیبی یەکان بکات لەبەر بێ هێزی سوپاکەی. بەتایبەت لە مارێزا کۆسۆڤۆ و نیقوبولیس دەوڵەت توانای ئەوەی نەبوو کە هاووڵاتی یەکانی قەناعەت پێ بکات چونکە ئەوان تێگەیشتبوون لەو وتە پڕوپوچانە کە بەگوێیان دا دەدرا ئامادەی شەهیدی بن لە پێناوی نیشتمان دا. کێشەکانی ناوخۆش ئەوەندەی تر بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت بەتایبەت کێشە ئایینییەکان[2]، سوڵتان محەمەدی دووەم لەو کاتەدا ناچاربوو بپەڕێتەوە بۆ ئاسیای بچووك بۆ کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشانەی لەوێ سەریان هەڵدابوو بە پاڵپشتی ئیمپراتۆری بێزەنت یبە تایبەت شۆڕشی قەرمانیەکان بە فەرماندەیی ئیبراهیم بەگ. بۆیە ملکە ئەوروپییەکان خستە ژێر دەستی وەزیر خەلیل پاشا. کە ناسراوبوو بە دۆستایەتی لەگەڵ بێزەنتییەکان[3].

ئیمپراتۆری بێزەنتی قوستەنتینی پازدەهەم بە ئازا ناسراو تا زیرەکی، بۆیە ڕۆیشتنی سوڵتانی بۆ ئاسیای بچووك بەهەل زانی. بە وەزیری ڕاگەیاند ئەگەر ئەو یارمەتیەی بۆمیر ئورخان براوەتەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دوو بەرابەر نەکرێت ئەوە دەوڵەتی بێزەنتی داوا لە ئورخان دەکات کە داوای تەختی پاشایەتی عوسمانی بکات[4]. قوستەنتین پێی وابوو شۆڕش لە ئاسیای بچووك دەبێتە هۆی بێ هێزبوونی عوسمانییەکان لە ئەوروپا.

1 - هەمان سەرچاوە : ل 34.

2 - دەربارەی ژیانی گەلی بێزەنتی لەوکاتەدا هێزی سەربازی بێزەنتی سەیری هەمان سەرچاوە بکە . کلتی برناردین . گرتنی قوستەنتینیە : ل 767.

3 - دیورانت : سەرچاوەی پێشوو، ل **36**.

4 - cambmed Hist . IB. P. 694, Babigerf : II. Le con querant. Etson Tenps 1432 – 1481 p. 93.

بەڵام هاوپەیمانێتییەکەی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوا پشت گوێ خست. سوڵتانی عوسمانی ئەو کەڵێنەی بەهەلزانی پەیمانی دۆستی لەگەڵ بوندقیە بەسشت لە 10ی ئەیلولی ساڵی 1451 دا بەمەش زیاتر گۆشەگیر بوو لەگەڵ هۆنیادی لە 20ی تشرینی دووەم لە یەکگەیشتنێکی مۆرکرد و بەڵێنی پێدا کە یارمەتی فەرمانڕەوای ئەفلاق نادات دژی مەجەڕ و ڕێگەشی نادا سەنگەر و مەتەریز لەسەر ڕووباری دانوب دروست بکات لە پێناوی بەرپابوونی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا[1]. لە هەمان کاتدا دانی نا بەسەربەخۆیی کۆماری جنوە[2] و ڕاجوزە و سوارە پیرۆزەکانی یوحەنا لە ڕودس هەروەها هێزێکی سەربازی نارد بۆ مورە بۆ ئەوەی داگیری بکەن و ڕێگا لە میری مورە بگرن کە یارمەتی قوستەنتین بدات بە بەستنی ئەو هاوپەیمانێتییانە ئیمپڕاتۆری بێزەنتی بە تەواوی گۆشەگیر کرد لە بواری سیاسی دا لە ڕۆژئاوای جیاکردەوە[3]. لە ئاسیاش قەرمانییەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی[4] هەموو ڕێگایەکی هاوپەیمانی بێزەنتی – قەرمانی بڕی. پەیوەندی عوسمانی و بێزەنت بە تەواوی لێك ترازا کاتێك سوڵتان فەرمانیدا یارمەتی دیاری کراو لە ئورخان ببڕن لەولاشەوە خۆی ئامادە دەکرد بۆ گەمارۆدانی قوستەنتینیە و زاڵبوون بەسەر ئەو شارەدا کە کات ناکات دەوڵەتی عوسمانی هەڕەشە بوو بۆسە دەوڵەتی عوسمانی هەرچەندە (سەدر ئەلئەعزەم) خەلیل جندەرلی لەوکارە ناڕازی بوو ئیمپڕاتۆری بێزەنتی کە بینی سوڵتان لە خۆ ئامادەکردن دایە تووشی ترس بوو، بەڵام بە ناچاری ئەویش خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو[5].

سوڵتان هەنگاوی دەست پێکردنی نا. قەڵای (ڕوومللی حەسار)ی دامەزراند لەسەر کەناری ئەوروپا لە تەنیشت قوستەنتینیە[6]. لە بەرانبەر قەڵای (ئەنادۆڵی حەسار) کە

---

[1] - رستم : بەرگی 2، ل 36.

[2] - هەڵوێستی خەڵکی خواروو گۆڕاو بوو، لەکاتێکدا کە پشتگیری و دڵسۆزی خۆیان بۆ سوڵتان دەردەبڕن، لەهەمان کاتدا لەژێرەوە سەرباز دەنێرن بۆ ناو شار بۆ بەرگری کردنی بێزەنتییەکان . الرشیدی : محمد فاتح ,ل87.

[3] - ابراهیم بك حلیم: مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، ل 64.

[4] - Dieul : Eurpeorientale p. 370.

[5] - الرشیدی : سەرچاوەی پێشوو : ل 80.

[6] - القرمانی : سەرچاوەی پێشوو، ل 261. شەست میل دوورە لە باکورەوە . کلتی : ل 71. اوزتونا : بەرگی 1، ل 131.





بایەزیدی یەکەم دروستی کردبوو لەسەر کەناری ئاسیای لە تەنگترین شوێندا. کە وای کردبوو عوسمانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر گەرووەکەدا هەبوو بە ئاسانی و چاودێری ئەو کەشتیانەیان دەکرد کە لە دەریای ڕەشەوە دێن. بەمجۆرە سوڵتان ناوچەیەکی ستراتیجی و ئابووری دەستکەوت کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی یارمەتی لە مەملەکەتی ترابزونەوە نەگاتە قوستەنتینیە. بەمجۆرە ئەم شارە لە بواری ئابووریشدا گەمارۆی خرایە سەر دەی ویست ئەو قەڵایە ببێتە بنکەیەك بۆ شەڕەکانی داهاتووی لە ئەوروپا و بیکاتە شوێنی گەیاندنی پیتاك و کەلوپەلی جەنگی بۆ بەرەکانی شەڕ[1]. دروستکردنی ئەو قەڵایە خاڵێکی ناهەموار بوو لە گەیشتنی پەیوەندییەکانی هەردوولا. سوڵتان وا سەیری ئەو قەڵایەی دەکرد کە کلیلی گۆتنی ئەو شارەیە. ئیمپڕاتۆریش هەستی بەمە کردبوو. بۆیە دوو نوێنەری نادرە ئەدرنە بۆ لای سوڵتان بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر ئەوکارە، چونکە دروستکردنی ئەو قەڵایە و شکاندنی ئەو پەیمانە بوو کە لەنێوانیاندا هەبوو کەباوکی لەگەڵ ئیمپڕاتۆری بێزەنتی بەستوویەتی. یەکێك لە خاڵەکانی ئەوەبوو کە عوسمانییەکان قایم کاری نەکەن لەسەر سنوورەکاندا بەتایبەت لەلای کەناری ئەوروپابەرەو بۆسفۆڕ[2] ، بەڵام وەڵامێکی دڵخۆشکەری دەست نەکەوت. دوایی نوێنەرەکان گەڕانەوە زیاتر ترسی لێ نیشت،چونکە سوڵتان نیازی خۆی نە دەشاردەوە بۆی ڕوونکردنەوە کە هیچ پەیمانێك نییە تا پێشێلی کردبێ ئەو پیاوی ئاشتییە سەلامەتی وڵات و سوپاکەی لا گرنگترە لە هەموو شتێکی تر[3].

لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەی سوڵتان. ئیمپڕاتۆر بڕیاری دا نەهێڵێت قەڵاکە تەواو ببێت کە هەندێك لە پیاوانی دەوروپشتی ئاگاداریان کردەوە ئەو هەڵوێستە دەست پێشخەری بەرپایوونی شەڕێکی نابەرابەرە، ئیمپڕاتۆریش هەستی بەوە دەکرد، بەڵام باوەڕی وابوو دواخستنی شەڕ هیچ سوودێکی نییە[4].

---

[1] - الرشیدی : ل 82.

[2] - کلتی : ل 71. hritovoulos: pp. 15 – 16 , 19 – 21.

[3]- kritovouloes : pp. 17 – 18.

[4] - کلتی : ل 75.

هه‌ردوولا چه‌ندجار نامه‌یان بۆ یه‌كتر ده‌نارد ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌كه سارد بێته‌وه، به‌ڵام توندی هه‌ردوولا له به‌رانبه‌ر بۆچوونه‌كانیان داوای كرد هه‌لی به‌یه‌ككه‌یشتن دووربێت. هه‌ربۆیه ده‌ست درێژی ئیمپڕاتۆر له‌سه‌ر دروستكردنی قه‌ڵاكه بوو به‌هۆی هه‌ڵگیرسانی شه‌ڕ. سوڵتان له ماوه‌ی سێ مانگدا قه‌ڵاكه‌ی دروست كرد دوایی ده‌ستی كرد له كۆكردنه‌وه‌ی پێویستی یه‌كانی شه‌ڕ و ئاماده‌كردنی سه‌رباز سوپایه‌كی به‌هێزی پێكه‌وه‌نا كه نزیكه‌ی دوو سه‌د و په‌نجا هه‌زار سه‌رباز بوو هه‌موو شتێكی تازه داهێنراوی به‌كارهێنا له هۆكاره‌كانی شه‌ڕدا. به‌تایبه‌ت تۆپ و ئاله‌تی گه‌مارۆدان. پیشه‌وه‌ره مه‌سیحییه‌كانی به‌كرێ گرت كه گه‌وره‌ترین تۆپی بۆ دروست بكه‌ن له‌و سه‌رده‌مه‌دا دروست نه‌كرابێت[1]. سوڵتان خۆی سه‌ركردایه‌تی سوپاكه‌ی ده‌كرد و به‌ره‌و ئه‌وروپا په‌ڕیه‌وه. بۆ ئه‌وه‌ی گه‌مارۆی سه‌ر شار توندتر بكات له‌سه‌ر كه‌ناری ده‌ریا مه‌نجه‌نیق و تۆپی گه‌وره‌ی دامه‌زراند. بۆ ئه‌وه‌ی ڕێگا له هاتوچۆی كه‌شتی یه‌كانی بگرێت دوای ئه‌مانه ده‌ستی كرد به جێبه‌جێ كردنی نه‌خشه‌كه‌ی له‌سه‌ره‌تادا هه‌ستا به فه‌رمانده‌یی كردنی نزیكه‌ی په‌نجا هه‌زار سوار له كارێكی زانیاری كۆكردنه‌وه‌دا. بۆ ئه‌وه‌ی وڵاتانی ئه‌وروپی تاقی بكاته‌وه ئاخر پشتیوانی له ئیمپڕاتۆر ده‌كه‌ن یان نا. دروستكردنی حاڵه‌تێكی نه‌فسی له‌لای ئیمپڕاتۆر، هه‌روه‌ها هه‌ستا به‌ناردنی چه‌ند تیپێكی سه‌ربازی بۆ ده‌وروبه‌ری شار بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وێش پاك بكه‌نه‌وه. هێزێكی تری سه‌ربازی به‌فه‌رمانده‌یی قراجه به‌گ نارد بۆسه‌ر ئه‌و قه‌ڵا و سه‌نگه‌رانه‌ی تا ئێستاش له ده‌ستی بێزه‌نتی یه‌كان دابوو له ناوچه‌ی تراقیا. هێزه‌مانی سوڵتان له‌سه‌ر گرده‌كانی ڕۆژئاوای شار دامه‌زران ئه‌وه‌ش درێژ ده‌بۆوه تا كۆتایی باكووری كه‌نداوی (قرن الذهبي) نزیك كۆشكی بلاشیرنای به‌ره‌و ده‌ریای مه‌ڕمه‌ڕه له به‌رانبه‌ر ده‌رگاكانی ڕومانوس[2].

له‌و كاتانه‌دا ئیمپڕاتۆر زۆر واقیع بیستانه هه‌ڵوێسته‌كه‌ی هه‌ڵسه‌نگاند. كه ئه‌مڕۆ له هه‌موو كاتێك زیاتر برایه‌تی كاتۆلیكی – ئه‌رسه‌دۆكسی پێویسته بۆ پێشگیری له‌و ڕووداوه ترسناكه‌ی به‌ڕێوه‌یه هه‌ستی به‌وه‌ش كرد. شوره‌كانی شار و زنجیره ئاسنه‌كانی

[1] - هه‌مان سه‌رچاوه : ل **74**. الرشیدی : ل **91**. **Babiner: pp. 98 – 110.**

[2] - كلتی : ل **86**. kritovoulus: p. 36.





مه‌دخه‌لی به‌نده‌ری (قرن الذهبي) و حه‌ماسه‌تی پیاوانی به‌رگری كه‌ر و هاتنی كۆمه‌كی ڕزگاركه‌ر له ئه‌وروپاوه ده‌بێته هۆی ڕلزگاغركردنی شار و ڕاونانی عوسمانییكان له ده‌وروبه‌ری قوسته‌نتینیه‌ی پایته‌خت، بۆیه یه‌ك جار داوای پاره‌ی خێرای[1] كرد له وڵاتانی ئه‌وروپی، به‌ڵام كاردانه‌وه‌ی ئه‌وروپا جیاواز بوو هه‌ر وڵاته و سه‌یری به‌رژه‌وه‌ندی خۆی ده‌كرد، دانیشتوانی جنوه وه‌ڵامی بانگه‌وازی ئیمپڕاتۆریان دایه‌وه،ئستولێكی ده‌ریاییان نارد به فه‌رمانده‌یی یوحه‌نا جوستنیانی كه توانی خۆی بگه‌یه‌نێته ناو به‌نده‌ره‌كه دوای شه‌ڕێكی گه‌وره له‌گه‌ڵ هێزی ده‌ریای عوسمانی[2]، هه‌روه‌ها جه‌نه‌ویه‌كانیش چوار هه‌زار جه‌نگاوه‌ریان نارد كه ئامانجی سه‌ركییان یارمه‌تی دانی ده‌وڵه‌تی بێزه‌نتی نه‌بوو، به‌ڵكو پێشبڕكێی به‌ناتقه‌یان ده‌كرد له‌كاتی سه‌ركه‌وتندا. له‌ناو شاریشدا نزیكه‌ی هه‌زار و شه‌سه‌د كه‌س له به‌ناتقه ڕۆژئاواییه‌كان له‌ناو شار ده‌ژیان. وایان داده‌نا ئه‌و شه‌ڕه شه‌ڕی ئه‌وانیشه[3]، نیقولای پێنجه‌میش ئاماده‌ی خۆی نیشاندا به‌و مه‌رجه‌ی هه‌ردوو كه‌نیسه‌ی ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا یه‌كبگرن[4]. قوسته‌نتین ئه‌و مه‌رجه‌ی قبوڵ كرد، سه‌رباری ئه‌و دوژمنایه‌تییه مێژووییه‌ی له نێوانیان و هه‌ردوو مه‌زهه‌بی كاتۆلێك و ئه‌رسه‌دۆكسدا هه‌بوو. بۆ سه‌لماندنی نیه‌ت پاكی له یه‌ككگرتن مه‌ڕاسیمی ئاینی به‌شێوه‌ی كاتۆلیكی له كه‌نیسه‌ی ئایا سۆفیا به‌ڕێوه‌چوو. به سه‌رپه‌رشتی كاردینال ئیزیدوور كه پاپا ناردبووی بۆ جێبه‌جێ كردنی ڕێ و شوێنییه‌ككگرتنه‌وه[5]. دیار بوو گه‌لی بێزه‌نته له‌وكاره زۆر بێزار بوو كه سه‌رۆك وه‌زیری بێزه‌نتی نوتاراس و وته به‌ناوبانگه مێژوویه‌كه‌ی دركاند هه‌ستی خۆی ده‌ربڕی وتی ((من پێم خۆشه له وڵاتی بێزه‌نته عه‌ماله‌ی توركی ببینم نه‌ك كڵاوی لاتینی))[6]، به‌مشێوه‌یه ڕه‌گه‌ز په‌رستی ئاینی و توندی بوو به‌هۆی ئه‌وه‌ی كه پاپا یارمه‌تی نه‌كات. ده‌وڵه‌تانی ئه‌وروپی ترشی ئاماده‌یی یارمه‌تی دان نه‌بوون. قوسته‌نتین نامه‌یه‌كی نووسی بۆ پاشا و میره‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی

[1] - krilovoulos : p. 36.

[2] - رستم : به‌رگی **2**، ل **290**. ibid: pp. 36 – 41.

[3] - كلتی : ل **80**. Babimger : p. 108.

[4] - رستم : به‌رگی **2**، ل **289**. Ibid: p. 103.

[5] - ڤاتان : سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل **119** – **120**. Ibid.

[6] - كلتی : ل **78**. Diehi : op. cit. pp. 371 – 372. Camb med. Hist. p. 698.

ئیسلامی و مەسیحییەکانی ئەو ناوچانە بۆی ڕوونکردنـەوە کـە چ مەترسـییەك هەڕەشـەی لێ دەکات بەهۆی بەهێزبوونی دەوڵەتی عوسمانی لەو نێوەدا نامەی بۆ پاشای ترابـزون و کەرج و فارسەکان و میری قرمان و شای فارس و سوڵتانی میسر داوای کـرد کـە یارمـەتی بدەن، بـەڵام کـەس لەوانـە وەڵامیـان نەدایـەوە[1]. بۆیـە بێزەنتـی یـەکان ناچـاربوون کـە خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن و پایتەخت بپارێزن. لەڕاسـتیدا ئیمپراتـۆری بێزەنتـی زۆر پێویستی بەهێزی ئینسانی هەبوو. ئیمپراتۆر هیچ دەرگایەك نەما لێی نـەدات بـۆ دەسـت خستنی ئەوە. دەوڵەتانی ئەوروپی و پاپا ئەوەندە خۆیـان نەخـستە ژێـر بەرپرسـیاریەتی بەهۆی جیاوازی مەزهەبی و سیاسی، بەڵام گەلی بێزەنتی خۆیـان لەشـەڕ نـەدەدا لەسـەر ژیانی ئـارامی ڕاهـاتبوون، هەمیـشە گوێیـان لـە ئامۆژگـاری ڕاهیبـەکان دەگـرت و گوێیـان پڕلاکردبوون لە خەرافیات. وا ڕاهاتبوون لە کاتی تەنگانەدا چاوەڕێی موعجیزە بوون.

گەمارۆی وشکانی کە سوپای عوسمانی لە ڕۆژی 2ی‌نیسانی ساڵی 1453 گەماریەکی توند بوو شارەکەی گۆشەگیر کرد بەشێوەیەك کەس توانای ئەوەی نەبوو بچێتە نـاو یـان لێی دەرچێت[2]. لەلای دەریاوە شارەکە گەمارۆ درا. ئستوڵی دەریای پێکهێنا لە سـەد و هەشتا کەشتی و چواردە تـۆپی لەسـەر دامەزرانـدن. لـە بەرەبـەیانی ڕۆژی 12ی نیـسان ئامـاژە درا بـە تۆپـەکان دیوارەکـانی شـار تۆپبـاران بکـەن، بەمـشێوەیە شـەڕ دەسـتی پێکردەوە.

لە ڕاستیدا تۆپ چەکی سەرەکی بوو لە شەڕەکە کە دیوار و بورج و دەرگاکانی شـاری تۆپبـاران دەکـرد. لەگـەڵ هـەموو تۆپێکـدا چـەند پارچـەیەکی گـەورە لـە دیـواری شـار جیـادەبۆوە، بـەڵام هـەر کـە تاریـك دادەهـات بێزەنتییـەکان جـارێکی تـر دروسـتیان دەکـردەوە[3]، بـەڵام هـەنگاوی گـرنگ لـەو شـەڕە لەلایـەن هێـزی دەریـایی سـوپای عوسمانییەوە بـوو. ئـەویش کاتێـك سـوڵتان هەسـتی کـرد بـە گرنگـی گـەمارۆی دەریـایی لەسەر بەندەرەکانی شار، بەڵام چۆن ئەو کارە بکات کە بەندەرەکان بـە زنجـیری گـەورە

[1] - الرشیدی : ل 90.

[2] - کلتی : ل 86.

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 96.





گەورەی ئاسن داخراون و کشەتی جەنگییەکانی جنوەییەکان حەرەسـیاتیان لـێ دەگـرن، لەوکاتەدا سوڵتان بیری لە شتێکی سەیر کردەوە کە ئـەوە بەڵگـەی لێهـاتوویی سـەربازی سوڵتان بوو بۆ جێبەجێ کردنـی ئامـانجی سـەرەکی. بڕیاریـدا کەشـتی یـەکان لـە ڕێگـای وشـکانییەوە لـە پـشتی گردەکـانی غلَتـە لـە بەنـدەری بەسـکتاش تـا (قـرن الـذهبي) بگوازێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە پشتی زنجیرە گەورەکان. ئـەوکارە جێبـەجێ کـرا بە چاکردنی ڕێگای وشکانی کە درێژییەکەی فەرسەخێك بوو واتە سێ میل. تەختـە لەسـەر ڕێگاکە دانران تەختەکانیش چەور کران بۆ ئەوەی کەشتییەکان بـە ئاسـانی بخلیـسکێن[1] بەمشێوەیە نزیکـەی حـەفتا کەشـتییان گواسـتەوە. لـە شـەودات بەمـشێوەیە پایتـەختی بێزەنتی بە تەواوی لـە هەموولایەکـەوە گەمارۆدا بـوو[2] لـە کـاتی گواسـتنەوەی کەشـتی یەکاندا هەستان بە تۆپبارانێکی خەست بۆ ئەوەی سەرگەمیان کەن بەمشێوەیە لە پشتی شورەکانی غەڵتە و بەرزایی گردەکان و ڕومانە و تۆپ فڕێدرایـە ناوچـار بـە بـەردەوامی و بە شـەو و بـە ڕۆژ[3]، نەخـشەکەی سـوڵتان سـەرکەتوو بـوو کاتێـك بێزەنـت و جنویـەکان کەشـتیەیە عوسمانییـەکانیان بیـنین سـەیریان سـوڕما لـەناو (قـرن الـذهبي)[4] و ورەیـان دابەزی بـە هـاواری (اللـه أکبر) لـە خـەو ڕاپـەڕینی کەشـتییە عوسمانییەکانیـشیان لـەناو بەندەری (قرن الذهبي)دا بینی ئەم ڕووداوەش لە 22ی‌نیسان دا ڕوویدا.

کارەساتێکی دڵتەزێن بوو بۆ بێزەنتییەکان ئەم کارە ورەی بێزەنتـی یـەکانی داڕمانـد چونکە شورەی شار لەولایەوە زۆر لاوازبوو، چونکە کـاتی خـۆی حیـسابی ئـەوە نـەکرابوو ئـستوڵی دوژمـن دەگاتـە ئـەوێ. دوای شـەش هەفتـە لـە بۆردمـان و گـەمارۆ وردە وردە شوێنی هێرش کردن لە دیوارەکـان دا پەیـدابوو. بەتایبـەت لـە تکفـور سـەرای و دەرگـای ئەدرنـە و دەگـرای قـەدیس و ڕومـانوس و دۆڵـی لیکـۆس لـە نزیـك دەرگـای عەسـکەری سێیەم[5].

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 104. kritovoulos: pp. 55 – 57.

[2] - الرشیدی : ل 105. اورتونا دەڵێت شەست و حەوت کەشتی گواستراپەوە، بەرگی 1، ل 134. Luce: op. cit. IV. P. 242.

[3] - کلتی : ل 103.

[4] - Babinger : p. 111

[5] - الرشیدی : ل 118.

بەڵام بۆ ئـەوەی خـوێنی كـەمتر بڕژێت. سـولّتان نوێنـەرێكی نـارد بـۆلای ئیمپڕاتـۆری بێزەنتی ئەویش میر سینوب بوو داوای لێكرد شـارەكە تەسلیم بكـات بـەو دوو مەرجـەی خوارەوە:

1. ئیمپڕاتۆر دار و دەستەكەی و هەرچـی مـاڵ و سـامانی هەيـەتی لـە شـار دەربـچێت و بەرەو نیوە دوورگەی موره بكەوێتە ڕێ فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە بكات لە ژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانی دا.

2. پاراستنی گیانی دانیشتوانی شار دوای داخلبوونی سـوپای عوسـمانی بـۆ نـاو شـار[1] بەڵام قوستەنتین ئەم داوايەی ڕەتكردەوە و بڕیاری دا بەرگری لە شار بكـات هـەتا مـردن بەمجۆرە ئیمپڕاتۆر بقە ئازايانە بەرگری لە شار كرد.

بەهێزێكی حەوت هەزار سەربازی و چەند تۆپێكی كـۆن و تـیر و كـەوان و قـیری ئـاگراوی. هەمیـشە خـۆی سـەردانی سـەنگەرەكانی دەكـرد و بـە وردی چـاودێری دەكـرد و ورەی سەربازەكانی بەرزدەكردەوە. نە دەنووست تەنها كاتێكی كەم نـەبێت، بـەڵام شـورەكانی شار كۆن ببوون ردوای ڕۆژ دادەڕوخا بەلێدانی تۆپە بەهێزەكانی محەمـەد فـاتیح سـولّتان ئەنجومـەنێكی سـەربازی پێكهێنـا بـۆ ئـەوەی هەڵوێـستەكە هەڵـسەنگێنێت دوای ڕەتكردنەوەی ئیمپڕاتۆر بۆ داواكەی سولّتان دەربارەی خۆ تەسلیم كـردن. خـەلیل پاشـا پێشنیازی كرد كە دۆستايەتی لەگەڵ بێزەنتی يەكان هەبوو كە گەمارۆكە بشكێنن چـونكە وا بلاوبـۆوە كـە هێـزی ڕۆژئـاوای گەیـشتوونەتە بەنـدەری خیـوس، بـەڵام سـولّتان ئـەم پێشنیازەی ڕەتكردەوە بڕياريدا كە هێرشی كۆتای دەست پێ بكات كاری شەڕی دابـەش كرد بەسەر فەرماندەكانیدا[2]، دوای ئەوە هێرشی كۆتايی لـە 20ی ئايـاری دوای پـەنجاو سێ ڕۆژ لە گەمارۆكە دەستی پێكرد. تۆپباران بەردەوام بوو. كە لەسەر دەرگای پـیرۆزی ڕۆمانوس هێرشەكە خەست بۆوە. عوسمانییەكان لە كەناڵەكـە پـەڕینـەوە وەكـو شـەپۆلی دەريا بەسەر شورەكانی شاردا سەركەوتن شـارەكە لـە هەمووڵايەكـدا تـرس دايپۆشـی[3]،

1 - كلتی : ل 110 – 118 – 120.

2 - رستم : بەرگی 2، ل 293. .kritovoulos:pp. 64 – 65

3- **Ibid: pp. 71 – 76 – 79 – 81**





هێزی عوسمانی بەزۆر دەستیان بەسەر شاردا گرت و ئیمپڕاتـۆریش كـوژرا[1]. بـە گرتنـی شاری قوستەنتینیە ئیمپڕاتۆری بێزەنتیش ڕوخا دوای يازدە سەدە و نیو لە 30ی ئاياری ساڵی 1453م دا سـولّتان محەمـەدی دووەم گەيـشتە نـاو شـار لـە بـەرە ئـەو ئازايەتییـە ناوناوی (فاتیح)ی وەرگرت[2] سولّتان بڕیاری دا ئەو شارە بكات پايتەختی دەوڵەتەكـەی. پايتەختی گەورەی ئیسلام. ناوی قەستەنتینیەشی گـۆڕی بـە ئەسـتەنبوڵ[3] ، بـە زمـانی توركی واتە شاری ئیسلام[4]، زۆر لای گرنگ بـوو كـە خێـرا ژيـان تێيـدا ئاسـايی بێتـەوە. وەكو جاران لە هەموو بەتايبەت بواری سەربازی و ئـابووری و كەنیـسەی ئـەيا سۆفیاشـی كردە مزگەوت[5]. هەندێك هەنگاوی تری نا بۆ ژياندنەوەی شارەكە[6]، لەوانە:

1. بەرپرسیارێتی پايتەخت لەوكاتەدا زۆر گەورە بوو گەلێك بە ژمارەيەكی كـەم نـاتوانێن بەڕێوەی بەرێت بۆيـە كۆمـەڵ كۆمـەڵ موسـڵمان لەهـەموو لايەكـەوە كۆچـیان بـۆ دەكـرد هەستیان بەگرنگی شوێنەكەی دەكرد كە دەبێتە ناوەندێكی بازرگانی و سەربازی هەندێك هۆكاری تر كە دەبوو بە پايتەختی وڵاتێكی گەورەی وەكو دەوڵەتی عوسمانی بۆيـە كـۆچ كردن بەردەوام بوو بۆ ئەو شارە تا پايتەختێكی ئیسلامی تەواوی لێ دەرچوو. سـەرباری ئەوەش سولّتان كاروباری دانیشتوانە ئەسڵەكانی پشت گوێ نەخست. دوای لەوانش كرد كـە كۆچـیان كـردووە بگەڕێنـەوە شـاری خۆيـان، بـەمجۆرە شـارەكە بـوو بـە ناوەنـدێكی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری بەهێز.

2. سولّتان هەوڵی دەدا كە جاليەی جنويـەكان شـار بـەجێ نـەهێڵن، چـونكە كەسـانێكی شارەزابوون لە پێشكەوتن و بازرگانی دا ئیمتیازاتی زۆری پێشكەش كرد، بـۆ ئـەوەی دڵ

1 - كلتی : ل 125 – 137. عاشق زادە : ل 142.

2 - عاشق زادە : ل **141 – 142** . **Babinger : p. 132.**

3 - لەو ڕێكەوتنانەی كە سەرنج راكێشن قوستەنتینیە لەلايەن قوستەنتینی گـەورەوە دروسـت كـرا بـە ڕەسمـی لـە 11ی ئاياری ساڵی 1330م دا كرايەوە لە سەردەمی ئیمپڕاتۆرێكدا ڕووخا كە ناوەكەی وەكو ناوی دروستكەرەكەی بوو بـەناوی قوستەنتینی يازدە محەمەد فاتیح ڕزگاری كرد لە 30یئاياری ساڵی 1453م دا هەمان مانگ بوو كە تێيدا كرايەوە.

4 - القرمانی : ل 26 – 27. لەوكاتەوە شارەكە بە ئیسلام بول ناسرا يان ئەستاشە.

5 - عاشق زادە : ل 142.

6 - سەيری كارەكانی سولّتان محەمەد الفاتح بكە بۆ ئاوەدان كردنەوەی شار لە عاشق زادە : ل 142 – 143.

بە مانەوە ببەستن کە مانەوەیان دەبوو بەهۆی گەشانەوەی شار، هەروەها دەبوونە پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا.

3. سوڵتان سیاسەتی لێبوردنی ئایینی پەیڕەو کرد بۆ ئەوەی بتوانێت کەڵك لە مەسیحییەکان وەربگرێت کە ئەوانە بوونە هاووڵاتی عوسمانی بەرپرس لە ئاوەدان کردنەوەی وڵات. بۆیە ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکانی ئەرسەدۆکسی وەکو خۆی لە دەستی کەنیسەدا بمێنێتەوە و بگریکی ڕۆمی کردە بەرپرسی کەنیسە. بەمشێوەیە شار جوڵەی تێکەوتەوە هەرچەند مۆرکی یۆنانی هەبوو تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕەگەزی تازە کە لەگەڵ سوڵتان هاتنە ناو شار[1].

## دەرەنجامەکانی گرتنی قوستەنتینیە

4. گرتنی قوستەنتینیە دەنگۆیەکی گەوەی هەبوو لە ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها یەکێك بوو لە ڕووداوە گرنگەکانی جیهان. مێژوونووسەکان بەجیاکەرەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکانی تازەی دادەنێن.

5. بەو بۆنەیەوە قاهیرە ڕازێنرایەوە و خۆشی هەموو کەسێکی گرتەوە سوڵتان مەملوکی میسر نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ محەمەد فاتیح نارد و پیرۆزبایی لێکرد[2]. ئەمەش ڕاستی کارەکە بوو کە دڵەکان لە خۆئامادەکردن بوون بۆ سەروەری تورکی بۆ جیهانی ئیسلام قبوڵ بکەن، چونکە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی سەرکەوتنی ئاوای بەدەست نەهێنابوو.

6. سوڵتان هەواڵی سەرکەوتنی بەنامە بۆ سوڵتانی میسر و شای ئێران و شەریفی مەکە و میر قرمان، هەروەها نامەی هاوشێوەی نارد بۆ میرە مەسیحییەکان لە مورە و ئەفلاق و مەجەڕ و بۆسنە و هەرسك و ئەلبانیا و هەموو ناوچەکانی دەوروپشتی کە لە هەندێکیانەوە وەڵامی پیرۆزیایی پێگەیشتەوە[3].

1 - مصطفی : ل 67.

2 - القرمانی : ل 27. ابن تغری بروی : بەرگی 16، ل 70 – 71.

3 - kritovoulos : p. 85.





7. بەڵام لە ڕۆژئاوا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر داهاتووی ئەوروپ، بەشێوەیەك هەموو عەرشەکانی ئەو کیشوەرەی لەرزاند. میر و پاشاکان ترسیان لێ نیشت و هەستیان بەسەر شۆڕی دەکرد کە ئەو قەڵایە ڕوخا کە ساڵەها بوو پارێزگاری ئەوروپا و لە ئاسیا دەی پاراست. لێرە ترس لە ئیسلامیان لا بەرجەستە بوو. ترسی ئەوەیان هەبوو کە سەرکەوتنی سوڵتانی عوسمانی سەرەتای بەرەو پێشچوونیانە بەرەو ئەوروپا. بۆیە زۆر بە وردی چاودێری هەموو جوڵانەوەیکی بوون بە نیسگەرانی و گرنگی پێدانەوە هەستان بە ترساندنییەکتر و هۆشیار کردنەوەی یەکتر شیعر و پەخشانیان بۆ یەکتر دەنووسی. دەستیان کرد بە بەستنی کۆنگرە  و کۆبوونەوەی بەردەوام. هەستیان کرد کە هێز و بیر و باوەڕی ئیسلامی کە کەمتەرخەم بوون لە دژایەتی کردنی نەیان توانی ڕەوانەی ئاسیای بکەنەوە. ئێستا بەسەر لاشەی دەوڵەتی بێزەنتی تێپەڕیوە ڕێگای خۆی دەبڕێت بەرەو بەلقان و دەروازەکانی مەجەڕ، جا ئەگەر ئەو وڵاتانە تەخت بن لە بەردەم موسڵماناندا ڕێگایان بۆ دەکرێتەوە بەرەو ئیتاڵیا و ئەڵمانیا[1].

8. پاپا سەیری کرد مەسیحی یەکانی یۆنان بێنە ژێر دەسەڵاتی ڕۆما. ترسی ئەوەی لێ نیشت کە چەندین ملیۆن لە دانیشتوانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا موسڵمان بون، پاپا نامەی نووسی بۆ هەموو فەرمانڕەوایانی ئەوروپا. داوای لێکردن ناکۆکی یەکانیان بخەنە لاوەو تواناکیانیان یەك بخەن دژی عوسمانییەکان هەوڵ بدەن هاوپەیمانی یەکی سەلیبی تازە پێك لهێنن هەروەها جێنشینی پاپا بیبوسی دووەم هەوڵی دا ورەی ئەوروپا بەرز بکاتەوە بەڵام ناکۆکی نێوان پاشا و میرەکانی ئەوروپا بووە هۆی ئەوەی ئەو ئامانجە نەیەتەدی.

9. گرتنی قوستەنتینیە بوو بەهۆی ئەوەی کە خاوەندارێتی دەوڵەتی عوسمانی ڕوو لە زیادبوون بکات هەیبەت و گەورەی لە هەردوو جیهانی ئیسلام و ئەوروپا ڕووی لە زیادبوون بوو، چونکە ئەو کارە ستراتیجی یە کارێکی گەورە بو چونکە ئەو شارە ڕێگرێکی بەهێز بوو لە بەردەم موسڵماناندا کە دیارە هەر لە سەدەکانییەکەمی ئیسلامی یەوە هەمیشە گەمارۆ خراوەتە سەر ئەو شارە. بۆیە شورەی یەکەمی ئەوروپا

1 - الرشیدی : ل 158 – 161.

بەشێوەیەکی جزغرافیانە تێك شکا لە بەردەم کشانی موسڵمانان بەرەو ئەورووپا کە دەبێتە هەنگاوی یەکەم لە ڕزگارکاری تر لە ئەورووپادا.

10. ڕێگای بازرگانی جیهانی کەوتە دەستی عوسمانییەکان بە ئارەزووی خۆیان کاتی ئاشتی دەیکەنەوە کاتی شەڕیش دای دەخەن.

11. هونەر و شارەزایی بێزەنتی بۆ ئیتاڵیا و فەرەنسا کۆچی کرد، کە لە ساڵی 1397 دا دەستی پێکرد بوو و زیادی کرد و لە ئەورووپا پێشکەوت.

12. گرتنی قوستەنتینیە سەدەکانی ناوەڕاستی داخست و دەرگا لە بەردەم سەدەی تازەدا کرایەوە.

## ڕزگارکردنی وڵاتی سرب

لەلای سوڵتان محەمەد فاتح گرتنی قوستەنتینیە ئامانجی کۆتایی نەبوو، بەڵکو سەرەتای دوای خۆی بوو. بۆیە هەوڵی دەدا دەسەڵاتی لەناوچەی دانوب بەهێز بکات بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر مەجەڕ کە لە ماوەی سەدەکانی پێشوو سەلماندنی ڕێگرێکی سەرەکی بوو لە بەردەم فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەورووپا.

لە ئەنجامی گرتنی شاری قوستەنتینیە بە دەستنی عوسمانییەکان. یەکسەر هەندێك لە میرە سربەکان ملکەچی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند وەکو ڕانکوفیتش میری سرب، ئامادە بوو ساڵانە بڕی هەشتا هەزار دوکا وەکو جزیە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی بەڵام ئەسکەندەر بەگ لە ئەلبانیا هەر لەسەر ئەو ڕایەی پێشووی بوو، بەڵام میرەکانی ئەفلاق و بەغدان دەسەڵاتی عوسمانیان قبوڵ کرد. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ خۆپاراستن لە خەمی دوژمنە کۆنەکەیان مەجەڕ. هەرچەند جیاوازی ئایین لەنێوانیاندا هەبوو، هەروەها عوسمانییەکان دەستکاری ئایینی میللەتانیان نەدەکرد و ئازادبوون لەو بوارەدا. هەردوو برای ئیمپراتۆری بێزەنتی کە فەرمانڕەوای مورە بوون بەناوی دیمتربوس و توماس. ڕازی بوون سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بن لە بەرانبەردا جزیەی ساڵانە، هەروەها فەرمانڕەوای خیوس و لبوس کە ئەوانە جنوبییەکان بوون ئامادەی دانی جزیەی





ساڵانە بوون[1]، سوڵتان سیاسەتە ئاشتی خوازەکەی خۆی درێژە پێدا لە نیسانی ساڵی 1454 دا پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بوندقیە بەست بەپێی ئەو پەیمانە ئەو دەوڵەتە ئیمتیازە بازرگانییەکانی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، دوایی داوای لێبوردنی کرد لە سوڵتان کە هاووڵاتیانی بەشداری شەڕیان کردووە لە شەڕ لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی قوستەنتینیەدا. ئامادەبوون جزیەی ساڵانە بە بڕی سێ هەزار تا پێنج هەزار دوکا بدات بە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها دانی بە دادگا ئیسلامییەکان دانا لەناو خاکی عوسمانیدا، کە کێشەی نێوان هاووڵاتیانی بوندقیەی دانیشتووی عوسمانی یەکلایی بکاتەوە[2]. سوڵتان پەیمانی ئاشتی لەگەڵ دوورگەکان تەرخبیل وەکو تاکسوس و وابروس[3]،سیاسەتی سوڵتان محەمەد فاتیح لە بەلقان بەمجۆرە بوو کە تازە بەشێوەیەکی ئاشتی یانە کەوتە دەستی موسڵمانان.

سوڵتان دەی ویسست خاکی بەلقان خاڵێکی ئاشتی خواز بێت بەم شێوەیە گەلانی بەلقیان ئامادەی ئاشتی بوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەو ئاشتی یە دەبوایە ئەرکی کردبایە لەسەر هێزەکانی بەلقان هەرگیز دژی دەسەڵاتی عوسمانی نەوەستن بەڵکو هەمیشە پشتیوانی سوپای عوسمانی بن. هەربۆیەش دەسەڵاتی عوسمانی لە بەلقان لەرزۆك بوو، کاتی وا هەبوو بەهێز بوو کاتی واهەبوو لاواز بوو، بەڵام پێویست لەسەر سوڵتان دەسەڵاتی عوسمانی لە بەلقان بچەسپێنێت. ئەو فراوانبونەی دەوڵەتی عوسمانی وای کرد هەندێك وڵات وا گومان بەرن کە دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژێك پەلاماریان دەدات ئەمەش لێرەدا سرب و مەجەڕ و بوندقیەیە کە بوندقیە خاوەن دەسەڵاتی زیاتر لە کەنارەکانی بەلقان لە بواری ئابووری و سەربازیدا.

دیاربوو هۆکاری ئەوەی کە سوڵتان توانی دەست بگرێت بە سەریاندا دووری ناوەندی ئەو وڵاتانە بوو بێ توانایی ئەوان بوو لەسەر کۆکردنەوی سوپا لە یەك شوێندا. ڕێکخستنی هەماهەنگی کاری سەربازی. سربەکان کەوتبوونە نێوان ولایەتەکانی

[1] - محمد فرید بك : ل 165.

[2] - دیل، شارلس : بوندوقیە شارێکی ئەرستۆکراتی یە، ل 137.

[3] - دەربارەی سیاسەتی سوڵتان محەمەد فاتح لەسەر دوورگەکانی ئەرخبیل : سەیری : kritovlous: pp. 87 – 95 – 96 بکە ئەو شاهید حاڵە بەشداری چەندین هێرشی کرد و لەگەڵ عوسمانییەکان بۆ سەر ئەو دوورگانە.

عوسمانییـەوە دەوڵـەتی مەجـەڕ کـە هەنـدێك بـەهێز لـە ژێـر فەرمانـدەیی هۆنیـادی بـوو، هەنـدێك لـە بەشەکانیـشی لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمانیـدا بـوو هەنـدێك شـوێنی تـر لـەژێر دەسەڵاتی مەجەڕدا بوو بە تێبینی کردن لە شوێنی جوغرافیای ئـەو وڵاتـە کـە دەروازەی وڵاتی مەجەڕ بوو[1]. سولتان پێی داگرت کە تەنها خۆی دەبێت دەسەڵاتی بەسـەر سرپدا هەبێت.

هەر لەو نێوەشدا سیاسەتی برانکوفیتش سیاسەتێکی لەرزۆك بوو. دۆستایەتی خـۆی بۆ عوسمانییەکان دەردەبڕی، لەولاشەوە درێغی نەدەکرد لە یارمـەتی هۆنیـادی لـە دژی عوسمانییـەکان کاتێك هۆنیـادی داوای لێبکردایـە، هـەروەها پێویـستی دارایـی دەوڵـەتی عوسمانی وای کرد کە سولتان بیر لە گێڕانەوەی دەسەڵاتی خـۆی بـۆ هـەرێمی نوڤـوبردە بکاتـەوە کـە هـەرێمێکی دەوڵەمەنـد بـوو بـە کانزاکـان و تـا ئـەو کاتـە لـەژێر دەسـەڵاتی برانکوفیتش دا بوو لەبەر ئەمانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مەترسـی ڕوو لـە سـوڵتان نـەکات بڕیاری دا وڵاتـی سـرپ کـۆنترۆڵ بکـات. پـێش ئـەوەی هاوپـەیمانـە دوژمنـەکانی بیکەنـەن بنکەی خۆ ڕێکخستنەوە و هێرش کردن بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی[2].

ناچـار برانکـوفیتش پـەنای بـۆ هۆنیـادی بـرد و سـوپایەکی گـەورەیان پێکهێنـا و لـە سەرەتا هەندێك سەرکەوتنیان بە دەست هێنا دژی سوپای عوسمانی، بەڵام سەیری کـرد بێ هێزترە لەوەی بەربەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات بۆیـە خـۆی تەسـلیم کـردەوە و ڕازی بوو جزیەی ساڵانە بدات بە بڕی سی هەزار دوکا[3]. سولتان کەوتە نـاو وڵاتـی سـرپ شار لە دوای شـار، قـەڵا دوای قـەڵای دەگرت. شـاری نۆڤـۆ کـە شـارێکی دەوڵەمەنـد بـوو ڕزگاری کرد کە شەندین قەڵای سەختی تێدا بـوو تـا وای لێهـات تـەنها شـاری بـەلگراد لـە بـەردەم سـوڵتان مایـەوە کـە شـارێکی یـەکجار قـایم بـوو لـە هـاوینی سـاڵی 1456 دا گەمارۆیدا، بەڵام بێ سود بوو بۆیە ناچار بوو پاشە کشە بکات و بەرەو شاری ئەدرنە[4].

[1] - **camb. Modern Hist : I. p. 68.**

[2] - ڤاتان : بەرگی **1**، ل **128**. kritovoulos : op, cit. p. 98. camb. Modern Hist I: P. 89.

[3] - الرشیدی : محەمەد الفاتح : ل 187.

[4] - سعدالدین : بەرگی **1**، ل **454** – **455**. زادە، صولاق : مێـژووی صـولاق زادە، ل **216**. kritovoulos: pp. 111 – 116.





شـایانی باسـە سـوڵتان لـەو شـەڕەدا برینـداربوو، هۆنیـادیش بـە پارچـەی تـۆپ بـە سەختی بریندار بوو کە بەهۆی برینەکەیەوە مرد، بەڵام بـارودۆخ یارمـەتی دەری سـوڵتان بـوو. کـە لـە 11ی ئـابی سـاڵی 1456 دا هۆنیـادی مـرد برانکـوفیتش دوای ئـەو لـە 24ی کانوونییەکەمی ساڵی 1457 دا مرد. دوای ئەو پەشێوی و ئاڵۆزی شاری بـەلغرادی گرتـەوە بـەهۆی ڕێـك نەکـەوتنی پاشماوەکـانی برانکـوفیتش لەسـەر میراتـی باوکیـان. لەوکاتەدا سولتان بیری لە هێرشێکی کە کردەوە بۆیە سـوپایەکی گـەورەی ڕێکخـست بـە فەرماندەیی (سەدری ئـەعزەم) و مـەحمود پاشـا و سـوپای ڕەوانـەی سرپـستان کـرد بـۆ تەواو کردنی گرتنی ئەو وڵاتە[1].

(سەدری ئەعزەم) توانی لەماوەی دوو ساڵدا کارەکـە جێبـەجێ بکـات لـە (1458 – 1460) توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتی سرپدا بسەپێنێت بێجگە لە شـاری بـەلغراد. شاری سمندریە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی و لیـوای تێـدا دامەزرانـد[2]. بەم شێوەیە سرپیا بوو بە ولایەتێکی عوسمانی.

## ڕزگارکردنی مۆرە

وڵاتی (مۆرە) لە نێوان دوو میری بێزەنتیدا دابەشکرابوو، کە هەردووکیان برابوون بـە نـاوی (تومـاس) و (دیمتریـوس)، یەکـەمیان لـە (بـتراس) دادەنیـشت و دووەمیـان لـە (ئەسـپارتە).[3] ئـەو دوو برایـە لـە نێـوان خۆیانـدا نـاکۆك بـوون و، بۆیـە ئەلبانییـەکان دەستیان خستە نێو کاروباریان، سەرباری ئەوەی ئەو دووانە دەستیان دابۆ ستەم و زەبر و زەنگ، لە دانی سەرانەش، کە بەسەریاندا سەپێنرابوو، چەند ساڵێك دواکەوتبوون.

سوڵتان لە توانایدا نەبوو لە دەست تێوەردانی ئەلبانیەکان لە مۆرە و بێدەنگ بێـت، دیسانەوە لە زۆربوونی بێسەرەوبەرەیی و ستەم کردن لە دانیشتووانیش ناڕازی بوو، بۆیە پێویست بوو بە خێرایی بۆ دانانی سـنورێك بـۆ هـەموو ئـەو شـتانەی ڕوودەدەن، دەسـت بەکاربێت.

[1] - Babinger : p. 188. camb modern hist. I. P. 76. Kritovoulos : pp. 98 – 104.

[2] - دەربارەی کارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەو وڵاتە سەیری

[3] - لە بارەی ڕووداوەکانی ڕزگارکردنی مۆرە بڕوانە : عاشق زادە، ل **149** – **151**.

بێگومــان ســوڵتانیش لــه ســاڵی (1458ز) دا بەســەرکردایەتی خــۆی هێرشــێکی سەربازیی کردە سەر شاری (مۆرە) و، لـه دەربەنـدە (کورنسۆس) چـووە ژوورەوەو، ئـه لبانەکانی ناچارکردن لە ولاتەکە بچنە دەرەوەو، دوو برا بێزەنتی یەکەی ناچارکردن کە ساڵانە (5000) پارچە لیرەی زێرپاج بدەن، چەند شارێکی دیکەشی گرتن و هەموو ناوچەکانی خۆرهەلاتی (مۆرە)ی خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی یەوە[1].

وادیاربێی (توماس) بە ناچاری مل بۆ عوسمانییەکان کەچ بکات و، بەردەوام لە هەلێك دەگەڕا یاخیبوونی خۆی ڕابگەیەنێ.

بەڕاستی ئەو فەرمانڕەوایە دەرفەتی سەرقاڵ بوونی سوڵتانی بەسەرکوت کردنی ئەو پەشێوییەکەی ئاسیای بچووك و خەریکبوونی لە سربیای قۆزتەوە و، پەلاماری دیمتریوسی برای و سوپای پاسەوانی عوسمانی لە (مۆرە)داو، چەند شارێکی گرت. ئسوپای عوسمانی داوای فریاکەوتنی لە سوڵتان کرد کە بۆ مۆرە گەڕایەوە و چۆ ناویەوە، ئەنجا توماس بۆ سەرلەنوێ. یاخیبوونی لە دەستەڵاتی عوسمانی هەڵاتە ئیتالیا، سوڵتان ئەو هەرێمەی خستە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەوە و (دیمتریۆس) بۆ یەك لە دوورگەکانی (ئەرخەبیل) دوور خستەوە و، لەو هەڵمەتەدا شاری (ئەسینا)ی لە ساڵی (1460ز) دا گرت و، ئەمەش لە دوای ڕوودانی کێشەی خێزانی فەرمانڕەواکان لە ناویدا.[2] لە ساڵی (1464ز)شدا دوورگەکانی ئەرخەبیل وە کوتاسۆس و ئەنبروس دگرت، تا ولاتی (یۆنان) کەوتە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەوە، جگە لە هەندێ ناوچە و قەلای سەر کەنارەکانی وەکو: کورون و مودون و ئەربوس و لیباند کە زۆربەی ئی بوندوقیەکان بوون.

## ڕزگارکردنی ئەفلاق و بەغدان

ئەم دوو میرنشینە ڕۆمانیە دەکەونە باکووری ڕووباری دانوب و سێ دەوڵەتی گەورە دەوریان دابوون، کە لەسەر دەست بەسەرداگرتنیاندا ناکۆکییان لەسەری هەبوو

1 - Kiritpvulos . pp : 126,131,150 – 158.

2 - کێشەکانی خێزانی لە ئەسینا، ڕەشیدی : 158، 157 محمد فاتیح .





که : پۆڵنداو مەجەڕ و دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیان، هەرجارە لەگەڵ یەك لەو دەوڵەتانەدا، بەپێی بەرژەوەندییەکانیان هاوپەیمانییان دەبەست، بۆیە سیاسەتی ئەوانە جێگیر نەبوو.

فەرمانڕەوای ئەفلاق (دراکول) لە ساڵی (1460ز)دا پەیمانێکی لەگەڵ سوڵتان محەمەد فاتیح دا بەست و، بە پێی ئەوە بڕیاری دا کە ساڵانە(10000) دوکا سەرانە بدات لە بەرانبەر هێشتنەوەی میرنشینەکەی دا بە خۆ بەڕێوەبەری و پاراستنی لەلایەن عوسمانییەکان لەهەر دووژمنێکی دەرەکی[1]، لەبەرانبەر ئەوەشدا هەوڵی دەدا هاوپەیمانییەك لەگەڵ پاشای مەجەڕدا (ماتیاس کورنن) لە دژی عوسمانییەکاندا ببەستێ. بە ڕاستی ئەم مەبەستەشی گەیاندە جێ و پەلاماری عوسمانییەکانیدا لە بولگاریاداو شار و گوندەکانی سوتاندن.[2]

سوڵتان هەستا سنوورێك بۆ ئەم سنووربەزێنییانە دابنێ. بە سوپایەکی (15000) سەربازیەوە چووە سەری. چووە نێو میرنشینەکە و دەستی بەسەردا گرت. دراکول ڕایکردو پەنای بۆ پاشای مەجەڕ برد. لەساڵی (1464ز)دا سوڵتان ئەوی بەرکەنارکردو (ڕاوول)ی برای، کە لە ولاتی عوسمانی دا گەورە بووبوو لەجێ دانا. بەوەش شارەکانی ئەفلاقی گرت و خستی یە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

بەلام بەغدان، لەلایەن (ئەستەفان)ی مەزنەوە، کە سەرگەرمی شەڕی یەك لە دوای یەك لە ئاسیای بچووك و بۆنا بوو، بەڕێوە دەرا، کە دەی ویست خۆی لە دەستەڵاتی عوسمانیان ڕزگارکات، ئەوە بوو هێرشی کردە سەر میرنشینی (ئەفلاق). بۆیە سوڵتان بڕیاری دا، بۆئەوەی بیخاتەوە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە جەنگ لەگەڵ (ئەستەخان)دا بکات، بەلام هەموو جارێ بەسەر سوپای عوسمانی دا سەرکەوت. عوسمانییەکان تا ساڵی (1554ز) نەیانتوانی ئەو میرنشینەکۆنترۆڵ بکەن.[3]

1- kritovoulos : **p. 178**

2 - سعدالدین : تاج التواریخ، ج1، ل 486.

3 - صولاق زادة : ل 226 – 228.

## ڕزگارکردنی بۆسنە و هرسك

دوای ئەوەی عوسمانییەکان وڵاتی سربەکانیان کۆنترۆڵ کرد، بوونە هاوسێی بۆسنە، کە بە قەلای زۆر و چیای قایم ناوی دەرکردبوو.[1] میری ئەو وڵاتە (ئەستفان توما سیڤیچ) لە هەموو میرەکانی دیکەی سرب مەترسی بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی پتربوو، هاوپەیمانی پاپە و بوندقییە و مەجەڕ بوو، هەوڵی دەدا ئەو شوێنانە بخاتە سەر عوسمانییەکان بۆیە سوڵتان دەستی بەڕزگارکردنی ئەو وڵاتە کرد بۆ ڕێگرتن لەبەستنی هەر هاوپەیمانی بەستنێك لەگەڵ ئەوروپا لە دژی ئەودا.

نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ لای میرەکەی کە خۆی بداتە دەست دەوڵەتی عوسمانییەوە و، دان بە دەستەڵاتی ئەو دابنێ و سەرانەی پێ بدات، بەڵام ئەستفان بە داوای سوڵتان قابل نەبوو، بۆیە سوڵتان لەشکر کێشی کردە سەر ئەو وڵاتە.[2]

(ئەستفان) داوای فریاکەوتنی لە پاشای مەجەڕ و پاپا بیوسی دووەم کرد و، بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەگەر عوسمانییەکان دەستەڵاتی بۆسنە بگرنە دەست، شەڕ لەگەڵ ئیتاڵیا و ڕۆما هەڵدایسێنن، کەچی تەنیا جگە لە پەیمان و بەڵێن، هیچی دەستگیر نەبوو.[3]

لە سەرتاکانی بەهاری (1463ز)یشدا، سوڵتان نێردراوێکی بۆ ئەستەفان ڕەوانە کرد لە نێوان خۆبەدەستەوەدان و جەنگدا سەرپشکی کرد. وەڵامەکەی ئەویش تەنیا ڕەفزبوو. ئەوکاتە قاتیح بەرەو وڵاتی بۆسنە لەشکرکێشی کرد و شارو قەلاکانی ئەوێ ی گرت و ئەستەفانی ناچارکرد خۆبەدەستەوە بدات. مانگی حوزەیران نیوەی نەڕۆی هەتا هەموو بۆسنە بووە ویلایەتێك لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی[4].

---

1 - بڕوانە : هەوڵەکانی عوسمانییەکان بۆ ڕزگارکردنی ئەلبانیا **Kritovoulos , 210 – 215**

2 - الرشیدی : ل 334 .

3 - هەمان سەرچاوە : ل 227.

4 - بۆ دژواری جەنگەکە بڕوانە ئەوەی **kritovoulos , 210 – 215** نووسیویەتی





دوای ئەوە سوڵتان ویستی هەرسك بگرێ، چونکە ڕزگارکردنیئەوێ پێویستییەکی سیاسی و سەربازی بوو و، قەلاکانی سەخت بوون و شوێنە جوگرافیەکەی بەسەر دەریایی ئەدریاتیکیدا دەی ڕوانی.

فاتیح ئەو ڕۆڵەی دایە دەست مەحمود پاشای وەزیری خۆی کە توانی شارەکە کۆنترۆڵ بکات و، سوڵتان کردی بە دوو بەشەوە. بەشی هەرە گەورە و گرنگی خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی و، بەشەکەی دیکەشی بۆ میری ئەوێ دابڕی[1].

## ڕزگارکردنی ئەلبانیا

ئەلبانیا لە بارودۆخێکی وەکو سربدل بوو، دەکەوتە نێوان ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکانی بوندقیە کە بە سەختی دژایەتیی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، چونکە داگیر کردنی بەلقان لەلایەن عوسمانیانەوە، دەبووە هۆی داخرانی هەموو ئەو بوارە گرنگانەی (بوندقیە) تێیاندا هەڵدەسوڕا.عوسمانییەکان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ لە نێوبردنی (ئەسکەندەر بەگ) و گرتنی شاری (کرویا)ی ئەلبانیا،[2]، بەڵام تەنیا دوای مردنی ئەو پیاوە نەبێ لە ساڵی (1467ز)دا نەیانتوانی، دەستەڵات بەسەر ئەلبانییادا بگرن، چونکە پاشەوارێکی نەبوو جێ ی بگرێتەوە تەنیا خزمەت کارێکی ناتەواو نەبێ، لەبەرئەوە پاراستنی وڵاتەکەی بە بوندقیەکان سپارد [3]

شایەنی باسە سوڵتان محەمەد فاتیح لە ساڵی (1461ز)دا پەیمانێکی دەگەڵ ئەسکەندەر بەگدا بەستبوو و، بەپێی ئەو پەیمانە دەستی لە هەردوو هەرێمی ئەلبانیا و ئەبیرۆس هەڵگرت[4]، بەڵام دوای سێ ساڵ ئەسکەندەر بەگ پەیمانەکە شکاند و، لە چەند شەڕێکی سەختدا لەگەڵ سوپای عوسمانیاندا تێکهەڵچوو و، بەسەریاندا سەرکەوت.

---

1 - صولاق زادە : ص **226– 228**.

2 -بگەڕێوە بۆ هەوڵەکانی عوسمانی بۆ ڕزگارکردنی ئەلبانیا.

3 - الرشیدی : ص **334**.

4 - هەمان سەرچاوە : ل **227**.

ئەو پیاوە ڕابەرایەتی جەنگێکی توندی دژ بە بوونی عوسمانییەکان دەکرد وڵاتەکەیدا و، عوسمانییەکانیش لە بەرسەختی شەڕەکانی ئەلبانیا زۆر شپرزە بوون و، تووشی لاوازی هاتن[1].

## ڕزگارکردنی ئەماستریس و سینوب و ترابزۆن

کاتێك سوڵتان محەمەدی دووەم دەستەڵاتی گرتە دەست، لە ئاسیای بچووکدا هەندێ شارو قەڵای ئیسلامی و مەسیحی هەبوون کە لەبن باڵی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوون و، دوژمنایەتی ئەویان دەکرد.

هێندەی پێ نەچوو ئەو هێزانەپیلانیان دژی دەوڵەت گێڕا و، شانشینی ترابزۆن ئەم بزووتنەوەیەی بەڕێوەدەبرد و (یوحەننای چوارەم)ی ئیمپڕاتۆری ئەندێشەی وەدەرنانی عوسمانییەکانی لە تەواوی ئاسیای بچووکدا دەرخست. پەندی لە بەسەرهاتی ئیمپڕاتۆر قوستەنتینیە وەرنەگرت دەستی بە مفاوەزە هەبوو، لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێ و دۆستەکانی دا دروست بکات بەمەبەستی پێك هێنانی هاوپەیمانییەك لە دژی عوسمانییەکاندا، میری تورکی بەرز ڕوان ئوزون حەسەن (حەسەنە درێژ) سەرۆکی قۆینلۆ (مەڕی سپی) وەکو باشترین هاوپەیمان بینی.

بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە، ئەویش حەزنەکردن بوو بە عوسمانییەکان. وە شیرازەی دۆستایەتی نێوان ئەو دو پیاوە بە ژن و ژنخوازیی بەتین تر بوو، ئەوەبوو ئوزون حەسەن کاترین حوشکی یوحەننای هێنا.[2] یوحەننا لە کەمەندکێش کردنی میرەکانی دەوروبەریدا سەرکەوت، ئەوانە میرانی (سینوب) و (قرمان) و (کەرەج) و ئەرمینیای بچووك بوون، هەرچەندە ئەوانە ڕەگەز و ئاینیان لێك جیابوو، بەڵام ڕق بوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی کۆی کردبوونەوە.

یوحەننا هەوڵیدا هێزی (لاتین) لە خۆرئاوادا بخاتە سەر هێزی خۆرهەڵات و چەند دانوستاندنێکی لەگەڵ پاپادا بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دا، بەڵام لەساڵی (1458ز)دا بەر لە تەواوکردنی پڕۆژەکەی. دوای ئەو (داود)ی برای دەستەڵاتی وەرگرت و، لەسەر

[1]- Kritovou lous : 210 – 215.
[2] - **Babinger: op. cit. p.222 kritovoulos : p. 169**





سیفەتەکانی براکەی بوو. هەوڵی دا بۆ تەواوکردنی پێك هێنانی بەرەیەکی یەك گرت و دژ بە عوسمانییەکان، (دوق بورگندیا) پشتگیری کرد و، پاپا داوای کۆمەك و یارمەتی لە دەوڵەتەکانی دیکەی خۆرئاوا کرد.

لەو شوێنانەی (جنوە) لە ڕۆژهەڵات داگیری کردبوون، شاری (ئەماستریس)ی ئاسیای بچووك بوو لەسەر لێواری دەریای ڕەش و، (کەففە) لە نیوە دوورگەی (قرم)، کە ئەو دوو شارە، بە تایبەتی ئەوەی دوایی یان، گرنگترین مەڵبەندی بازرگانیی جەنوە بوون لە ڕۆژهەڵات، بەڵام جنوە، هاوکات لەگەڵ گەشەکردن و فرەوانبوونی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا، تووشی لاوازیی هات و، لەمەڕ ناوچە ژێردەستەکانی ڕرژهەڵاتی خۆی نرسی لێ نیشت.

ئەو دەستگایەش بەهاوئاهەنگیی لەگەڵ (ترابزۆن)ی ئیمپڕاتۆر و بە پاڵپشتی پاپا – کە ئەو شوێنانەی سەر دەریایی ڕەش بە بەشی پێشەوەی مەسیحیەت دەزانین– ڕۆڵێکی بەرچاوی لە تیژ کردن و هاندانی هێزەکان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو.

بۆیە ئەم داگیرکراوانەی دانە دەستی دەستگای بەهێزی بانکی (قیددس جۆرج)،تا بەکەیفی خۆی ئەو هێزە یەك گرتووانە پلانێکی سەربازیان ڕێك خست، کە بریتی بوو لە کردنەوەی دوو بەرە لەیەك کاتدا، بەرەیەك لە خۆرئاوادا، یەکیش لە خۆرهەڵاتدا، بەشێوەیەك عوسمانییەکان لە هەردووك لاوە گەمارۆ بدەن.

فاتیح ئاگای لەو پلانە بوو کە ئیمپڕاتۆر (ترابزۆن) بە هاوبەشی فەرمانڕەوایانی ئەماستریس دژی ئەو دەیانگێڕا. توند هەستا بەو پەڕی خۆڕاگرییەوە بەرەو ڕووی ئەو هاوپەیمانەتییە بۆوە.

دوای دوو ساڵ پێوەندی و ڕاوێژکرن، ئوزون حەسەن بەهۆی فەرمان پێ درانی لەلایەن یوحەننای چوارەمی ئیمپڕاتۆری ترابزۆن کەوتە جوڵەکردن و، داوای لە فاتیح کرد سەرانە لەسەر میرنشینەکەی هەڵگرێ و، جزیەکە بۆ خۆی بێت.[1] ئەوەی ڕاستی بێ فاتیح بڕیاری دا کە بکەوێتە لێدانی نەیارانی خۆی، بۆیە داخوازیی حەسەن ئوزونی پەسەند نەکرد. هەر کە وڵاتی مۆرەی گرت لەبەهاری (1461ز)دا سوپایەکی وشکانی

[1] - الرشیدی : ل 259

تـــەیار کـــرد، کـــە خـــۆی ســـەرکردایەتیی دەکـــرد و کەشـــتیگەلێکی ئامـــادەکرد کـــە سەرکردایەتییەکەی بە مەحمود پاشا سپارد و، بەپەلە کت و پڕ هەڵمەتی بردە سەر ئەماستریس وبێ بەرگری گرتی[1] ئینجا نەوەستا و بەرەو شینوب کەوتە ڕێ کە پڕ بوو لە (کان) و (گەنجینە) چونکە لەوە دەترسا بکەوێتە دەست ئۆزون حەسەن و، هاوپەیمانان بۆ کارەکانی خۆیان بیکەنە بنکەیەکی سەربازیی.[2]

فاتیح نوێنەری ڕەوانەی فەرمانڕەوای میرنسینەکە کرد و داوای لە ئیسماعیل بەگ کرد خۆی و میرنشینەکەی بداتە دەستەوە و، لەبەرانبەر ئەوەدا شارێکی دیکەی بداتێ، هەڕەشەی ئەوەی لێکرد ئەگەر قایل نەبێت بە تۆبزی بچێتە نێوی.[3]

ئیسماعیل زانی ناتوانێ پێش بە سوپای عوسمانی بگرێت، بۆیە داوای پاراستن و خۆبەدەستەوەدانی کرد و، چووە نێو چادری سوڵتانەوە، ئەویش پێشوازی گەرمی لێکرد و، خاکێکی فرەوانی لە ناوچەکانی ڕوسەویەکی شەهرو ئاینەکول دایە، بەم شێوەیە میرنشینی سینوب چووە چەنگی عوسمانییەکانەوە[4].

فاتیح بێ کات لە دەستدان، فەرمانیدا بە کەشتی گەلەکەی بە پەڕینەوە بۆ ترابزون، لە کاتێکدا خۆی و سوپایەکەی بەرەو ئاڕاستەی (ئەرزڕوم) پەلاماری دەست پێکرد و لە ڕێگەی ئەماسیاوە بۆ لێدانی ئوزون حەسەنی کە، بۆ یارمەتی دانی هاوپەیمانی خۆی (داود)ی ئیمپڕاتۆری شارەکە هاتبوو. ئوزون حەسەن زندەقی لەوە دەرکەوتنی خێراو چاوەڕێ نەکراوی فاتیح لەو دەڤەرەدا چوو و، بینی بە تەنیا توانای شەڕ کردن لەگەڵی دانییە، بۆیە دەستی بۆ ئاشتی درێژ کرد، فاتیح مەرجی ئەوەی بۆ دانا کە ئەو میرە تورکە دەست لە یارمەتی دانی ئیمپڕاتۆری ترابزون بکێشێتەوە و دەست لە پەلاماردانی سنورەکان هەڵگرێت. ئوزون حەسەن پێشنیازی فاتیحی پەسند کرد و سوڵحیان بەو جۆرە کرد[5].

[1] - عاشق زادە : ل 153 – 154 .
[2] - kritovoulos . pp 166 – 167
[3] - Ibid . p. 167
[4] - Ibid . pp 165 – 167.
[5]- kritovoulos : pp . 171 – 173.





سوڵتان هەرێمەکەی بەجێهێشت و، بەرەو تەرابزون گەڕایەوە بۆ گرتنی و، کەشتی گەلەکەی گەمارۆیەکی دەریایی توندی خستە سەر. داودی فەرمانڕەوای بە نیگەرانی چاوەڕوانی کۆمەکی ئۆزۆن حەسەنی هاوپەیمانی بوو,چونکە بەسولحی نێوان ئەو و فاتحی نەزانیبوو.

لەگەڵ گەیشتنی سوڵتان بە ترابزون لە وشکانییەوە،داود دەستەپاچە بوو و, ناچار بوو خۆ بە دەستەوە بدات و شارەکە کەوتە ژێر دەستی فاتیحەوە.[1]

[1] - عاشق زادە : ل **159 – 160**   Ibid : pp 173 – 175.

## جەنگی هەرە گەورە لەگەڵ بوندقیەدا

## 1463 – 1479ز

بوندقیە لەکۆتایی سەدەی (14ز) یەوەلە هێزدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە خۆرهەڵاتدا، چونکە بازرگانییەکی فراوانی دامەزراندبوو، زۆر شوێنی داگیرکردبوو، ناوچە و مەڵبەندی گرنگی لە دەریاکانی دا پێکهێنابوو.

وا دیارە دەرکەوتنی بوندقیە بەو شێوەیە، دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی ڕکابەرێك لە بەرانبەریدا کە مەترسی بۆ پەیدا بکات و، جینوەش کە ڕکابەری بوو تووشی لاوازی هاتبوو[1]، لەپووکانەوەدا بوو، ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیش بەرەو پڕبوون دەچوو، دەوڵەتی عوسمانیش لەسەرەتای گەشەی سیاسیدا بوو، بۆیە بوندقیە زۆر بەهەندی هەڵنەدەگرت.

بەڵام لەگەڵ زۆربوونی گەشەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بوندقیە تێڕوانینی خۆی لەبارەوە گۆڕی و، لەوەترسا تەگەرە و ئاستەنگ بخاتە بازرگانییەوە، یان ڕێگای هاتوچۆ کردنی ببڕێ. بۆیە خۆی لێ نزیك خستەوە و چەندان بەڵێنی لەگەڵدا مۆرکرد.

بەڵام ئەم بەڵێنانە کاتی بوون، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام لەگەشەدا دابوو، بوندوقیەش سوور بوو کە شوێنی نایابی خۆی لە خۆرهەڵاتدا دەست پێوەبگرێ. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە پێگەی خۆی لە یۆنان و مۆرە و دەریای ئەرخەبیل بەهێز کرد و، دەستەڵاتی بە سەرجێگە ئیستراتیجییە نوێکاندا گرت لەو وڵاتانەدا تا بتوانێ ئەوەندەی بۆی بکرێ عوسمانییەکان لە فرەوان بوون بێبەش بکات.[2]

ئەوەی لە هەمووی پتر لێی دەترسا ئەوەبوو قوستەنتینیەیان بکەوێتە دەست, چونکە بەوکارە نەك هەر بازرگانییەکەیان دەخستە مەترسیەوە, بەڵکو بوونیشیان لە ڕۆژهەڵاتدا دەخستە بەرخەتەر. بۆیە بوندقیە هەوڵیدا یاریدەی بێزەنتی یەکان بدات بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر گەمارۆی عوسمانیدا، هەروا یارمەتی بزووتنەوەکانی دژ بە دەستەڵاتی عوسمانی لە ویلایەتی عوسمانی وەکو جولانەوەی ئەسکەندەر بەگدا.

---

[1] - جنوه له (المنجد ف الاعلام) به ( Gehova – genes) هاتووه. (وەرگێڕ)

[2] - دیل : سەرچاوەی پێشوو، ل 135.





بەڵام سەرەنجام قوستەنتینییە گیرا و, بوندقیە ناچاربوو کە لەمەڕ هەڵوێستی خۆی دا لە بەرانبەری سوڵتاندااوای لێبوردن بکات.[1]

لەساڵی (1460ز) سوڵتان محەمەدی دووەم نیمچە دوورگەی (مۆرە)ی گرت، کە چەند مەڵبەندێکی گرنگی بوندقیەی لێ بوو، بۆیە هەردوو نەیارەکان بەرەو ڕووی یەکتری بوونەوەو دیاربوو کە پێك پڕژان نزیکە لەبەرئەوە بوندقیە بە سیاسەتی ئاشتەوایی خۆیدا چۆوە لەگەڵ پاپای گەورەدا. بە ڕاستی هەروا بوو جەنگێکی درێژخایەن و خەست لە نێوان هەردوو لا قەوماو، لە مێژوودا بەجەنگی گەورە ناسراوە و، (16) ساڵ دەوامی کێشا (1463 – 1479ز). وادیارە هۆکاری ڕاستەوخۆ لکاندنی ئەو شەڕە مێرنشینی بۆسنە بوو بە دەوڵەتی عوسمانی یەوە، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینە ئەوەبوو کە عوسمانییەکان قوستەنتینییەیان گرت و، گەرووەبەرکانیان (مەزایق) بەرەو ڕووی کەشتیەکانی بوندقیە داخستن، هەرچەندە عوسمانییەکان ئەوەندە توانای سەربازی و ئابوریان هەبوو ڕێگایان نەدەدا هیچ دەوڵەتێ زیانیان لێ بدات، شێوازی عوسمانیە سەرکەوتوەکان مایەی نیگەرانی بوو[2]. ئەمە جەنگێك بوو لە پێناو بەرژەوەندی بازرگانیدا دامەزرا، جەنگەکە بە ڕزگارکردنی قەڵای (ئارغوس) لەلایەن عوسمانییەکانەوە جەنگ دەستی پێکرد[3]،و خولی یەکەمی لە نیمچە دوورگەی مۆرەدا لەنگەری گرت. عوسمانییەکان سەرکەوتنێکی زۆریان هێنایە دی و چوونە شاری ئەسپارتەوە.[4]

لە ئاکامی چەند تێك هەڵچونێکی سەرنەکەوتودا لەگەل دەوڵەتی عوسمانی دا لە مۆرە , بوندقییە بە چاکی زانی پشت بە بیرۆکەی جەنگی دوولایەنە ببەستێ لەگەڵ عوسمانییەکاندا لە یەك کاتدا لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە , چوو بە شوێن هاوپەیماندا بگەڕێ لەناوچەی ئەنادۆڵی خۆرهەڵاتیدا و, هاوپەیمانی خۆشی لەگەڵ خۆرئاوای ئەوروپیدا پشت گوێ نەخست.

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو : ل 137.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 138. أوزتونا : ج1، ل 154.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - جەنگی عوسمانییەکان لە مووره، بڕوانە : الرشیدی : ل 279 – 2852. فاتان : ج1، ل 137 – 138.

ئەو کاتە سێ میرنشین لە ناوچەی ئەنادۆڵدا دادەنیشتن کە بەشێك بـوون لـە ڕەگـەزە تورکومانییەکان , کە میرنشینی قرمانی و(ذي القدر) بوون و, ئەوانە سەر بـە دەسـتەلاتی عوسمانی بون , ئەوەی تریشیان میرنشینی ڕەمەزان بوو، کـە سـەر بـە مـەمالیکی میـسر بوو.

بـەم شـێوەیە بوندقییـە هـانی قرمانیـدا کـە هێـرش بکاتـە سـەر عوسمانییـەکان, بـە تایبـەتی ئـەو میرنـشینەش بـوو لـە ڕابـردوودا بـاری شـێواندبون، بـەلام هـەر لـە سـاڵی (1466ز)دا میرنشینی قرمانییە چووە ژێر دەستەلاتی عوسمانییەوە پاش ئەوەی فاتیح بـە تونـدی لێـی دان و, چـووە نـاو (قونییـە) و دەسـتەلاتی بەسـەر (لارنـدا) گـرت و مـیر موستەفای کوڕی لەسەر تەختی ئەو میرنشینە دانـا[1] , بـەوجۆرە میرنـشینی قرمـانی لـەو هاوپەیمانیە شۆرا کە بتوانێ گورزێك لە هێزی عوسمانی بدات.چاویان لە میسر بـڕی , کـە پێویـستە مەمالیکـەکان بـە هـۆی کێـشە سـنووریەکانی نێوانیـەوە هانبـدرێن لـە دژی عۆسمانییەکان, بەلام قاهیرە ئامـادە نـەبوو هـیچ کارێـك بکـات لەگـەڵ مەسـیحی یەکانـدا دژیدەوڵـەتی ئیـسلامی, چـونکە مـەمالیك موسـڵمان بـوون و, کێـشەشیان لەگـەڵ عوسمانییەکاندا ئەوەنـدە قـوڵ نـەبوبۆوە کـە جـەنگێکی فرەوانیـان لـە دژدا بەرپابکـەن, هەرچەند مەمالیك لـە هەڵوێستی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە بەرانبـەر میرنـشینەکانی نێوان سنوریان نەقایل بوون, چونکە دانانی میر مستەفا لەسەر تەختی میرنـشینی قرمـانی یـان بـە مەترسـی سـەیر دەکرد, کـە هەڕەشـە دەبـێ بۆیـان لـە وڵاتـانی شـامدا.[2] سـەرباری ئەوەش لە لایەن عوسمانییەوە هیچ هەوڵێك نەبینرابوو ئاماژە بۆ ئارەزوی ئەوان بکات کە فورات و چیاکانی تۆرۆس ببەزێنن, بەڵکو هەوڵی خۆیان بۆ سەر ئەوروپا چڕ کردبۆوە.

لەبەر ئەو هەڵوێستە سیاسییانە بوندقییە ڕووی لە میرنشینی ئـاق قوینلـو (مـەڕە سپی) کرد و, هیوای بە ئۆزۆن حەسەن بەست کە ئامـادەیی خـۆی بـۆ هێرشـکردنە سـەر عوسمانییەکان ڕاگەیاند, ئەو میرە تورکیە سەلماندی کە توانایەکی سەربازی زۆری هەیە.

[1] - بڕوانە جەنگی عوسمانییەکان لەگەڵ قیرمانییەکان :الرشیدی، ل: 285–293.

[2] - بڕوانە: هە ڵوێستی مەمالیکەکان لە بارەی میرنشینی قرمان , هەمان سەرچاوە : ل ,288,پەراوێزی ژمارە2.





کـە ئـەنادۆڵی خۆرهـەلات کـۆنترۆڵ دەکـات. ئـەو زۆر ڕقـی لـە سـوڵتانی عوسمـانی بـوو, چونکە میرنشینی ترابزونی لێ زەوت کردبوو کە پێوەندیی خێزانی لەگەڵدا هەبوو.[1]

سەر باری ئەوە میرنشینی قرمانییەکانی ڕووخانـد بـوو، کـە هاوسـەنگی لـە ناوچـەکە تێـك دابـوو، بەرژەوەنـدیی بازرگـانی ئـوزون حەسـەن هانـدەرێکی بـەهێز بـوو کـە لـە عوسمانییەکان بدات، چونکە ترابزونن دەروازەیەك بـوو بـۆ بازرگـانی ئێرانـی و، لـە ڕووی بازرگانییەوە پێوەندیی بە (تەورێز)ی پایتەختی ئێرانەوە هەبوو.

لەوە ترسا کە فراوان بوونی عوسمانی بە ئاڕاستەی باکوور و خۆرهەلات لە داهـاتوودا بەرژەوەندییە بازرگانیەکان لەنێو دەبەن،چونکە عوسمانییەکان دەست بە سەر ڕێگاکانی بازرگانیدا دەگرن و، تەنگ و چەڵەمە بۆ بازرگانە ئێرانیەکان پەیدا دەکەن. بۆیـە هەوڵیـدا ناوچەکانی باکووری فورات بگرێتە دەستەوە کە ڕیگایەکی سروشتی بـوو بـۆ بازرگـانی ی ئێران، کە تۆڕێك ڕێگای بازرگانی کـە تـا بـاکووری شـام درێـژ دەبێتـەوە، بـە ئەنادۆڵـەوە بەستراوە. لە نێوبردنی میرنشینی ترابزون لەلایەن سوڵتان موحەمەدی دووەمەوە، ئاگری جەنگی لە نێوان ئەو دوو سەرۆکدا هەڵگیرساند.[2] میری تورك بیری لەوە کردەوە هاوکات عوسمانی و مەمالیك پێکەوە لە نێو بەرێ تـا لەسـەر دارو پـەردووی دەوڵـەتی ئـەوان ئـەو دەوڵەتە فراوانە دروست بکات کە خۆی خەونی پێوە دەبینی.[3]

بەم شێوەیە ئاشتەوایی و ئاگر بەست لە نێوان بوندقییەوە و ئوزون حەسەن ئـەنجام درا و، هەنـدێك وڵاتـی ئـەوروپی و پاپـای هـێمن و لەسـەرخۆ بەشـدارییان تێـدا کـرد ڕێکەوتنەکە چەند خاڵێکی درستبوو، کە بەم جۆرە نەخشەی دابەشکردنی وەخۆ گرتبوو:

1. مەجەڕ وڵاتی سـرب و بولگاریـا و بۆسـنەو ئـەقلاقی بەردەکـەوێ، چـونکە گـەورەترین هێزی سەربازی لە نێو هاوپەیمانێتی ئەوروپی دا کۆکردۆتەوە.

2. بوندقیـە بەشـێکی گـەورەی بەردەکـەوێ، چـونکە زۆربـەی خـەرجی ئـەو دەیخاتـە سەرشانی، سەرباری بەخشینی کەشتیەگەلی دەریایی بەهێز، سەرچاوەکان ئەم بەشەیان

[1] - أوزتونا : ج 1، ل 155. Kritovoulos. Op. cit. p. 169.

[2] - Allouche. A. The origins and Development of the ottoman safavidconflict. P. 9

[3] - الرشیدی : ل 308 – 309.

دیاریی نەكردووە، بەڵام وێدەچێ نزیكترە كە لە نیمچە دورگەی مۆرە و ئاتیكا و یسالیا و ئەبیروس پێك هاتبێ، چونكە لەو ناوچانەدا بەرژەوەندی گرنگی هەبووە.

3. زیندووكردنەوەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی كە سنوری لە (تراقیا) تێ نەپەڕێ، چونكە دەوڵەتێكی ئەرتۆ دۆكسسە و، وەكو دەوڵەتەكەی بەربەست دەبێت.

4. هاوپەیمانانی ئەوروپی یاریدەی ئوزون حەسەن دەدەن بە تۆپ و چەك و پیاوی پسپۆڕ لە دروستكردنی چەكدا دا، چونكە پیاوانی ئەو، ئەو كەلوپەلە جەنگییانەیان نەبوون.[1]

بەم دابەشكردنە عوسمانییەكان لە ئەوروپادا بە تەواوی وەدەر دەنرێن.

بەڵام ئەو خاكە كوێیە لە ئەنادۆڵ دا بۆ عوسمانییەكان دەمێنێتەوە ؟ بێگومان ئەمە دەكەوێتە سەر سیاسەتی ئوزون حەسەن، كە میرنشینی قرمان و میرنشینی ترابزون دروست دەكاتەوە و، لە ژێر ڕكێفی پاراستنی خۆیاندا دایان دانێت. هەروا خاكی ئەنادۆڵی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە. بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای مەرمەرە و ئیجە و دەریای سپی ناوەڕاستدا كورت هەڵدێ، ڕێگای نادرێ توخنی ئەنادۆڵی ناوەڕاست بكەوێ.[2]

سوڵتانی عوسمان لە ڕێگای سیخوڕەكانییەوە بەو ڕێكەوتننامەیەی زانی كە لە دژی دامەزراوە، بۆیە بە پەلە بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەخۆ كەوت.

بە ئیدی جەنگ لە (3 ی نیسان ی 1463ز) دا هەڵگیرسا، سەرەتا سوپای عوسمانی ڕووی لە مەجەڕ كرد و بەسەر پاشاكەیدا (ماتیاس كورفن) زاڵ بوو، لە كاتێكدا پاپا بیوسی دووەم دوای ساڵێك كەوتە جوڵەو لە (18ی حوزەیرانی 1464ز)دا سەر لە شكری سوپایەكی خاچپەرستی كرد، بەڵام لە ڕێگادا مرد.[3]

ئەم ڕووداوە لە بەرژەوەندی عوسمانییەكان تەواو بوو، چونكە پاپا پۆڵسی دووەم جەنگی عوسمانییەكانی گۆڕی بۆ جەنگ لە دژی (بوهیمیا)ی پاشا بۆ پاراستنی

1 - أورتونا : ج1، ل 155.
2 - هەمان سەرچاوە.
3 - هەمان سەرچاوە : ل 158.





پەیرەوانی هووس لە.[1] بۆیە بوندقییە ناچاربوو بەتەنیا ئەركی شەڕكردن لەبەرەی خۆرئاواوە بگرێتە دەست.

فاتیح زۆری مەبەست بوو بە شێوەیەكی تایبەتی توانای سیاسی و سەربازیی كۆماری بوندقییە لەناو ببات، هەڵی كوتایە سەر دوورگەی (ئەكریبوس) كە دەكەوتە ناوچەی خۆرئاوای دەریای ئەرخەبیلەوە كە مەڵبەندی ناوچە داگیركراوەكانی بوو لە دەریای سپی ناوەڕاستدا و لە ساڵی (1470ز)دا دەستی بەسەردا گرت و سوپاكەی چووە ناو (تساليا) و (ئاتیكا) و دوورگەكانی ترەوە و، گەیشتە میرنشینی ڕەمەزان و، بەوەش دەستەڵاتی تەواوی گرت بەسەر كەنارەكانی دەریای سپی ناوەڕاستدا گرت و، كە نارەكانی ئیتاڵیای بۆ كرانەوە، بوندقییە، بە لە دەستدانی ئەكریبوز زیانی گەورەی لێكەوت، بەڵام هەوڵیدا بەهێز بیگێڕێتەوە، بەڵام كاتێ ئەوەی بۆ نەكرا، هەوڵیدا بەماڵ، بەڵام سوڵتان قایل نەبوو، بە هیچ نرخێك بیداتەوە[2].

ئەوەی ڕاستی بێ بوندقییە دوای ئەو زەبرەی لە ئەكریبوز پێی كەوت دانەمەزرا و گفتوگۆی دیبلۆماسی لەگەڵ هێزی دیكەی ئەوروپی دا ساز كرد، هەتا بەرەیەكی دیكە دژ بە عوسمانییەكان پێك بێنن، لەهەمان كاتدا لەگەڵ ئوزون حەسەن ڕێككەوت كە هێرشێكی هاوبەش بكەن و دوو بەرە بكەنەوە یەك لە خۆرهەڵات و ئەوی دی لە خۆرئاوا[3].

ئەوەبوو كەشتی گەلی بوندوقیە لە ساڵی (1473ز) لە بەندەری لارنكادا جێگیر بوو دەستی بە بۆردومانی قەڵاكانی توركەكان كرد كە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بڵاوبووبوونەوە كرد، بەڵام سەرنەكەوت و لە ناوچەكە پاشەكشەی كرد.

لە هەمان كادا ئوزون حەسەن لە قەڵای خرتبرتەوە بۆ ئەرزنجان كەوتە ڕێ و، دەشی زانی ئەم تێكهەڵچوونە سامناك و یەكلاكەرەوە دەبێت. لەو كاتەدا قاسیدی خۆی نارد بۆ لای شای بوندقییەو ئیمپراتۆری ئەڵمانی و پاشای مەجەڕ كە لە ڕۆیشتنی خۆی ئاگاداریان بكات و هانیان بدات بەرەو قەڵەمڕەوی عوسمانییەكان هێرش بكەن.

1 - الرسیدی : ل 295 – 296.
2 - الرشیدی : ل 302.
3 - Allouche : op. cit , p. 13

کاتێك سوڵتان بە هێرشی ئوزون حەسەنی زانی، بۆ سیواس ڕۆیشت تا بەرەنگاری ببێتەوە. هەر دوولا بەرەو ڕووی یەك هاتن و لە بەرزایی یەکانی ئوتلّق بلی لە دەوری (40 کم) لە خۆرهەڵاتی ئەرزنجان لە (12ی ئاب)دا شەڕ بوخەستی دەستی پێکرد و چەند یەعاتێکی خایاند و، لە ئاکامدا عوسمانییەکان سەرکەوتن و، ئوزون حەسەن ناچار بو ڕابکات.[1] سەرەنجام لەو جەنگەدا سوڵتان دەستەڵاتی خۆی گێڕایەوە بۆسەر ترابزون و میرنشینی قرمان، دوای ئەوەی ماوەیەك بوو ئوزون گرتبووی.

هەرچەندە ئۆزۆن لە ڕووی دەروونییەوە شکستێکی زۆری خوارد، بەڵام هیچ وڵاتێکی ستراتیجی لە دەست نەبۆوە. نامەی بۆ بوندقییە ڕەوانە کرد کە ئەو هێرش دەکاتەوە، بەڵام بە دامرکاندنەوەی ئەو ئاژاوەی لە ساڵی (1475ز) (ئوغۆرلی محەمەد)ی کوڕی و (ئەوویس)ی برازای لە دژی بەرپایان کرد، خەریکبوو، هەروا وڵاتەکەی تووشی نەخۆشی بوو و , زۆرێ لە سەربازەکانی بە تاعون و پەتا لە نێوچوون, هێز و توانای لێك بڵاوبوو.[2]

هەر زوو بوندقیەکانیش بۆیان ئاشکرا بوو کە پشت بەستنیان بە ئوزون حەسەن هەڵە بووە، جا دوای ئەوەی سوڵتان بەسەر ئەو میرە تورکومانەدا زاڵبوو، ڕووی لە بەرەی خۆرئاواکرد و, بە سوپاوە لە ڕووباری دانوب پەڕییەوە و پەلاماری خاکی مەجەڕیدا. لە هەمان کاتدا عوسمانییەکان چەند هێرشێکیان کردە سەر ناوچەکانی بوندوقییە لە باکووری خۆرئاوادا بە تایبەتی ئەلبانیا و سەرکەوتن و، پەلاماری ئیشقودرەیان داو فریولیان گرت، کە دەکەوێتە باکووری کەنداو لە لوتکەی دەریای ئەدریاتیکی و دەشتایی بوندقییە و لای خۆرهەڵاتی ئیتاڵیایان خاپور کرد و، چوونە ناو نەمسا و زەعربیان گرت.[3]

[1] - عاشق زادە : ل 180، 239، 240.لە أوزوتونا دا بە درێژی باسی ڕوودانی ئەو جەنگە کراوە، ج1، ل 163 – 1636.

[2] - الرشیدی: ل,316–317

[3] - الرشیدی : ل 334 – 336.





بوندوقییە لەلایەکە لە ژێر فشاری ئەو ڕووداوە سەربازییانەی شپرزەیان کردبوو و، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی مردنی حەسەن ئوزونی هاوپەیمانی پێشووی لە ساڵی (1478ز)دا و، ناچار بوو لەگەڵ عوسمانییەکاندا بۆ گەیشتن بە ئاشتی دانوستان بکات، بەو مەرجە دژوارەکانی عوسمانییەکان ڕازی بوو لە پەیمانی ئەستەنبووڵ و، لە جەنگی (25یکانونی دووەمی 1479ز)دا لەشەڕ کشایەوە، مەرجەکانی ئاشتەوایی بەم شێوەیە بوون:

- بوندوقییە غەرامەی شەڕەکە بە بڕی (100000) دوکا بدات.
- بوندوقییە ساڵانە (10000) دوکا سەرانە بدات.
- بوندوقییە لە شاری (کەرەویا)یپایتەختی ئەسکەندەر بەگ دەکشێتەوە و، دورگەی لیمنوس و بەشێك لە مۆرە و هەموو ئەو ناوچانەی کاتی جەنگ گرتوونی لێیان دەکشێتەوە و، بێجگە لەچەند شوێنێکی سەر کەنار دەست لە ئارغوس و تەواوی ئەلبانیا هەڵدەگرێ.
- سوڵتانی عوسمانی ئازادی بە بازرگانی بوندوقییە دەدات لە تەواوی قەڵەمڕەوی عوسمانی داو، لە ئەستەنبولیشدا قونسوڵیان دەبێ کە چاودێری کارەکانیان بکات و، لەمەسەلە و کێشە شارستانیەکانیان بڕوانێت[1]. سوڵتان دوایی توانی ئیشقودرە بە ئاشتی لە بەرانبەر هەندێ ئیمتیازی بازرگانی دا بگرێ. بەم ئاشتەوایی یە عوسمانییەکان توانیان دەست بەسەر تەواوی ئەلبانیا و مۆرەدا بگرن.

## ڕزگارکردنی وڵاتی قرم[2]

وڵاتی ڕوسیای خۆرهەڵات و نیمچە دوورگەی قرم و هەموو ئەو وڵاتانەی دەکەونە باکووری دەریای ڕەشەوە کۆمەڵە میرێکی مەگۆلی هەر لە سەردەمی جەنگیز خانەوە حوکمیان تێدا دەکرد و، بەرلەوەی (تەیموری لەنگ) ناوچەکە بگرێ موسڵمان بووبوون[3]

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 344، دیل : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 140.

[2] - لە ( المنجد فی الاعلام) دا : القیرم – او القریم Crimee) یە

[3] - صولاق زادە : ل 252.

دوای ئەوەی وڵاتەکە ڕووی لەکزی و بێ دەستەڵاتی کرد و، جنوییەکان ئەو هەلـەیان قۆزتەوە و بەندەرەکانیان داگیرکردن لەوانـە (ئەزوڤـ) و (کەففـە) و (مەنکـەب) و شـوێنی دیکە و کردیانن بە مەڵبەندی بازرگانی بۆ گۆڕینەوەی شمەکی بازرگانی وەکـو دانەوێڵـە و ئەسپ و قورقوشم و ماسی لەگەڵ ئەورووپادا و، کە قازانجێکی زۆری بە دەست دەکەوت.

ئەنجا دوایی بەرژەوەندی جنوییەکان لە وڵاتی قرمدا کەوتە مەترسـی یـەوە بـە هـۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینی.

سوڵتان محەمەدی دووەم سوور بوو، کە ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: بۆ دەرکردنی هێزە مەسیحی یەکان لەوێ چونکە تا لەوێ بـان دەبوونـە مەترسـی بۆسەر دەستەڵاتی عوسمانی.

دووەم: بۆ گۆڕینی بازرگانی وە دەست دەکەوێ بەرەو قوستەنتینی یە تا دەغـڵ و دان و تەختە و داری.

هەل و مەرجی سیاسـیش یارمـەتی عوسمانییـەکانی دا قـرم داگیربکـەن، لـە کاتێکدا سـەرۆکە موسـڵمانەکان داوایـان لـەوان کـرد فریایـان بکـەون و لـە دەسـت سـتەمی خـان ودەستەڵاتی جنەوییەکان ڕزگاریان بکەن[1].

سوڵتان دەستوری بەسەدری ئەعزەم (ئەحمەد پاشا) دائەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ. کەشـتی گەلێکی دەریایی دایـە کـە (300) کەشـتی بـوون لـەپێش کەففـەدا لـە (1ی حـوزەیرانی 1475)دا لەنگەریان گرت پاشان دەستی بەسەر بەندەرەکە و بەنـدەرەکانی تـری وەکـو سوداك و مەنکەب و ئازوڤـدا گرت.[2]

بەوە عوسمانییەکان بە یەکجاری (قرم)یان (لـە جنوییـەکان) پـاککردەوە و، کـەنارەکانی ئەو ناوچەیە کەوتنە سەر دەوڵـەتی عوسمـانی. ڕزگـارکردنی وڵاتـی قـرم لەلایـەن سـوڵتان محەمەدی دووەمەوە دوای قوستەنتینی یە بە گرنگترین گرتن دادەنرێ، چـونکە پـڕ بـوو لە سامان و قەڵای قایم بۆیە بە قوستەنتینییەی بچووك ناودەبرا.

1 - سعدالدین : ج1، ل 555، عاشق زادە : ل 182.

2 - صولاق زادە : ل 252 – 254، کولز: سەرچاوەی ڕابردوو، ل 35.





خانی قرم ڕازی بوو کە مل بۆ دەوڵـەتی عوسمـانی کـەچ بکـات و سـەرانە بـدات. لـە دەقـی ڕێککەوتنەکـەی نێـوان هـەردوو لادا هـاتبوو کـە پاشـا سـوڵتانێك دیـاری بکـات لـە وڵاتەکەدا کـە لـە نـەژادی جـەنگیزخان بێـت و، نـاوی ئـەو لـە وتارەکانـدا دوای خەلیفـە و سوڵتانی عوسمـانی بهێنـرێ و، لەگـەڵ نـاوی سـوڵتانی عوسمـانی دا نـاوی لەسـەر پـارەو دراوەکاندا بنوسرێ کە خان خۆی سکەکانیان لێدەدات.[1]

عوسمانییـەکان لـە کەففـەدا لیوایـەکیان دانـا کـە پێیوەنـدی بـە میرنـشینی قیرەمـەوە نـەبوو.[2] بەمـەش عوسمانییـەکان بەیـەکجاری لـە دەریـای ڕەشـدا بـاڵا دەسـت بـوون و، دەریاکە کەوتە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە.

## ڕزگارکردنی باشووری ئیتاڵیا – گەمارۆی ڕۆدس

دوای ئەنجامدانی ئاشتەوایی لەگەڵ بوندوقی یەکاندا سوڵتان هەوڵی ڕزگارکردنیوڵاتی (ترانسلڤانیا)ی دا کە لە بن باڵی مەجەڕدابوو، بەڵام لەمەدا سـەرنەکەوت. ئـەنجا ڕووی لـە دوورگـەکانی یۆنـان کـرد کـە دەکەوتنـە نێـوان یۆنـان و ئیتاڵیـاوە تـا بیـان گـرێ و، بـۆ ئیتاڵیاش هەڵبکشێت. لەساڵی (1480ز) دا توانی زەنتا و کورفو وسان موری و کفا لونیا بگرێت و() ڕێگای ڕۆیشتن بۆ باشووری ئیتاڵیای بەڕوودا کرایەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەر لەو کاتەوە کە پێیان نا بۆ ناو ئەورووپای خۆرهەڵاتەوە گرتنی ئەو وڵاتانە ئامانجی سەرەکی بنەماڵەی عوسمانییەکان بوو.

وە لە سەردەمی سوڵتان محەمـەد فاتیحیشدا بـارودۆخ ڕەخـسا کـە عوسمانییـەکان بەرەو ئیتاڵیا هێرش ببەن.

تەواوی سنورەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتەکە بێ شەڕو هەرا بوو، سـەرکردەکان دەیـان توانی لە لایەکەوە هێزیان بەرەو خۆرئـاوا ببـەن، لەلایـەکی دیکەشـەوە نـابولی ڕێـزی لـەو پەیمان نامەیە نەگرت کە لەگەڵ محەمەد فاتیحدا بەستبووی، ئـەوە بـوو هەنـدێك کەشـتی خـۆی نـارد بـۆ یارمـەتی دانـی ڕووس لـەکاتی گـەمارۆدانی دوورگەکـەدا لەلایـەن

1 - سعدالدین : ج1، ل 556 – 557.

2 - أوزوتا : ج1، ل 171.

عوسمانییەکانـەوە، سـەرەڕای ئـەوە ئیتاڵیـا بـەهۆی کێـشەی نـاوخۆی لـە نێـوان دەوڵەتەکانی، لێك ترازا بوو[1] فاتیح ئەو دەرفەتانەی بە هـەلزانی و سـوپایەکی نـارد کـە سـەر لەشـکرەکەی ئەحمـەد شـابوو لـە (28ی تـەممون)دا سـەربازەکانی دابەزانـدە نێـو ئوتنرانتۆ و لە (11ی ئاب) کۆنترۆڵی کرد. ئەنجا دەستیان بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچە ناوخۆیی یەکان کرد.[2]

له هەمان کاتدا سولّتان کەشتی گەلێکی نارد بەسەرکردایەتیی مەسیح پاشا بۆ گرتنـی دوورگەی ڕۆدس، کە مەڵبەندی سوارەکانی قەدیس یوحەننا بوو. ئەو بوونی ئـەو دوورگـە قایمـەی کـە تـەنیا چـەند میلێـك لـە ئاسـیای بـچووك دوور بـوو، بـە مەترسـیدار بـۆ سـەر دەوڵەتەکەی خۆی دادەنا.[3]

کەشتی گەل و ئوستوڵەکانی عوسمانی لە کەنداوی (تریانـدا)ی لـە باشـووری خۆرئـاوای دوورگەکە لەنگەری گرت، کە سوپا لەوێوە توانی دابەزێتـە وشـکایی، توانیـان دەسـتەڵات بەسـەر ئـەو بـەرزایی یانـەدابگرن کـە بەسـەر کەناریانـدا دەڕوانـی[4].ئـەنجا هێزەکـانی عوسمـانی دەسـتیان کـرد بـە تـۆپ بـارانکردنی قـەڵای قـەدیس نیقـۆلا، کـە دەرۆوازەی بەندەرەکە بوو بە کلیلەی شارەکە دادەنرا،[5] دوای ئەوە ئەم هێزە بە چەند پـەلامارێکی بۆسەر قەلاّکە برد، بەلاّم سـەرنەکەوت، چـونکە دانیـشتوانی دورگەکـە بەرهەلسِتی یـەکی خۆمرێنانەیان کرد و، هەموو هەوڵێکی عوسمانییان بۆ چوونە نێوییەوەهەڵوەشاندەوە. لە دوایی دا مەسیح پاشا ناچار بوو بەنائومێدی بۆ ئەسـتەنبوڵ بگەڕێتـەوە سزاشـی لەلایـەن سوڵتانەوە ئەوە بوو کە لە سەرکاری لابردو بۆ (گالیبۆلی) دوور خستەوە[6].

تـرس کەوتـە دڵـی میرانـی ئیتاڵیـاوە و پاپـا (سیکـست)ی چـوارەمیش دڵـی کەوتـە خورپەوە، کاتێكٚ عوسمانییەکان پەلامارەکانیان بۆ سەر ئیتاڵیا و ڕووس دەست پـیٚ کـرد

[1] - له بارەی ئەو کێشانە بڕوانە : الرشیدی، ل 367 – 368.

[2]- Babinger : pp. 418 – 419.

[3] - صولاق زاده : ل 264

[4] - الرشیدی : ل 359.

[5] - هەمان سەرچاوە : ل 360.

[6] - سعدالدین : ج 1، ل 575.





و، پاپا زانی ڕۆماش وەکو قوستەنتینیە دەکەوێتە بن دەستی عوسمانییەکانـەوە، ئـەنجا پاپا داوای لە میرانی ئیتاڵیا و ئەوروپا کرد بـۆ ئاگربەسـت و لابردنـی ناکۆکییـەکان و یـەك گرتن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگـەڵ عوسمـانی یەکانـدا و خـۆی لـەوەدا کردەنموونـەو ڕق و کینەی لە یادی خۆی بردەوە و، لەگەڵ دوژمنانیدا ئاگربەسـتی ڕاگەیانـد و، وەکوسـوڵحی لەگەڵ فلورنسی یە دوژمنەکانی کرد.[1]

لەڕاسـتیدا ئـەوەی عوسمانییـەکانی لـە ئیتاڵیـا گێڕایـەوە ,مردنـی سـوڵتان محەمـەد فاتیح بوو لە (13ی ئایار ی 1481ز)دا کـە بەوهۆیـەوە کشانی عوسمـانی بـەرەو ڕووی ئەوروپای بۆ ماوەیەك ڕاگرت.

## دەسکەوتە شارستانیەکانی سوڵتان محەمەد فاتیح

سوڵتان محەمەدی فـاتیح لـە ڕێکخـستنی شارسـتانیدا و لـەکاروباری سـەربازیدا وەکویـەك بلیمەت بوو, کەئەو بوو لەپێشدا ڕەوشـی دەوڵـەتی ڕێکخـست و چـەند یاسـایەکی تـازەی دانان کەئەوانەی دوای خۆی لەسەریان ڕۆیشتن و,

ناوی لەدەوڵەتی عوسمانی نا (بابی عالی) و چـوار پایـەی بۆدانـان کـە بریتـی یـوون لـە : (وەزیر و قـازی و عەسـکەر و دەفتـەر دار و نیشانـچی)[2]. تـوانی بـە هاوکـاریی (قرمنلـی محەمەد پاشا)ی وەزیری((زادە محەمەد شەلەبی))ی میرزای دەستوورێك دابڕێژن بـەناوی (فاتیح قانوون نامەسی) واتە: دەستورێکی کراوە، کـە تـا سـاڵی (1839ز) لـە دەوڵـەتی عوسمانی دا بەڕێوە دەبرا.[3]

لە ئاکامی پەلهاویشتنی دەوڵەتی عوسمانی لە ئـەوروپادا و، درێـژ بوونـەوەی دەسـتەڵاتی دەوڵەتەکـە ئـەرکی (قـازی عەسـکەری ڕۆمللـی) و قـازی ئـەنادۆڵی دانـا کـە هـەردووکیان لەپلەوپایەی دادوەریی دامەزران، جگە لە هەندێك کاروباری تایبەتی کە بە وەزیری گەورە واتە سەدری ئەعزەم دەسپێرا.

[1] - الرشیدی : ل 369 – 370 .

[2] - الدفتردار : ماسك السجلات المالیه. بگەڕێوە : صولاق زادە : ل 268 – 269، نیشاغبی : کاتب سر السلگان.

[3] - أوزوتا : ج1، ل 180.

فاتیح ئەرکی سوپای ڕێکخست. ئەنجا سەرکردەیەکی تایبەتی بۆ سوپای ئینکشاریە دانا ناوی لێنا (ئاغا) و، سەرکردەیەکی دیکەی تۆپخانە دانا و، سەرکردەیەکیش بۆ کۆکردنەوەی تفاقی سوپا دانا.

بەڵام گرنگترین کارەکانی لە ڕووی شارستانییەوە ئەوە بوو ئەرکەکانی دادگایی ڕێك خست و، پڕەنسپەکانی یاسای شارستانی و یاساکانی سزاداناکانی دانا و، سزای عەینی گۆڕی بە سزای پێ ژماردنی دارایی (غەرامە) و, بایەخی زۆری بە پیاوانی دادگادا و, مووچەی زۆری بۆ بڕینەوە بۆ پێش گرتن لە بەرتیل و فریودان و,ئەوەندە سام وشکۆی بەپلەوپایەکانیان بەخشی,کەس نەتوانێ دەستیات لێ بدات[1]. کارە گەورەکانی دیکەی ئەو دروست کردنی چەند مزگەوتێك بوو لە ئەستەنبوڵ و شارەکانی دیکەدا و، قوتابخانە و خوێندنگاکانی کردنە قۆناغ قۆناغ و، بەرنامەکانی خوێندنی دانان و، تاقیکردنەوەی بۆ دامەزراندن. هیچ قوتابییەك نە دەچۆوە قۆناغێك تا تاقیکردنەوە نەدات و دەرنەچێت. لەبەرنامە زانستی یەکاندا سیستەمی تایبەتمەندی دانا، چونکە خوازیاری زانست بوو ئەو کاتانەی پشووی تێدا دەدا لەمیانی کارەساتەکانی جەنگەکاندا لە ئەستەنبوڵدا کاتی خۆی لە کۆڕە زانستی و فەلسەفییەکاندا بەسەر دەبرد[2]. سەرەڕای قوتابخانە میوانخانە و، گەرماو بازاڕ باخچەی گشتی دامەزراندن. بەهۆی جۆگەی تایبەتی ئاوی بۆ شار ڕاکێشا و، هانی دروست کردنی بیناو باڵەخانە و دوکانی دەدا.

سوڵتان فاتیح لە ڕووناکبیریی و ولاّتگیریی و سیاسەتمەداریدا یەکسان بوو,هەروا بە زیرەکیی خۆرهەلاّتیانە موفاوەزاتی لەگەڵ نەیارانی دا دەکرد. ڕۆژێكْ پرسیار لە پلانەکانی کرا، ئەویش گوتی: (گەر تاڵە موێك لە ڕیشم بەنەخشەو پلانم بزانێ, دەری دەکێشم و دەیخەمە ئاگرەوە)[3]

فاتیح لە پێنچ زمانی : (عەرەبی، فارسی، تورکی، یۆنانی، لاتینی)شارەزا بوو. لە ئەدەب زۆر شارەزا بوو و، لە ماتماتیك و ئەندازەدا بلیمەت بوو، ڕووی لە لێکۆڵینەوەی

[1] - الرشیدی : ل 409.
[2] - الرشیدی : ل **293**، Gibb : op. cit. voi. II. P. 28.
[3] - الرشیدی : ل 260.





فەلسەفەی یۆنانی و شارەزابوون لە ڕێبازە جیا جیا کانی کرد، بە تایبەتی بایەخی بە فەلسەفەی ئەرستۆ و ڕەواقی یەکان دەدا و مامۆستای شارەزای لەزانایانی وریاگرت[1].

هەروا بایەخی بە هونەرە جوانەکانی وەکو شیعر و مۆسیقا و وێنەکێشی و پەیکەرتاشی داوە, مووچەی بۆ(30)شاعیری عوسمانی بڕیوّوە ئەوەش سەیر نییە,چونکە خۆشی دەستی لە شیعر نووسیندا هەبووە و، بەناوی (عەونی) دەینووسین. یەکەم شاعیری سوڵتانی بووە نازناوی بۆ خۆی داناوە. دیوانەکەی بە زمانی تورکی هەیە و بە زۆری غەزەلە.

دیاری شاهانەی بۆ شاعیرەکانی ئێران وهندستان ناردووە و,ئەوەندەی کاری خێر خوازی ئەنجام داوە،کە بە((بابی کارە خێرخوازییەکان)) ناسراوە. ویستویەتی ئاستانە بکاتە جوانترین پایتەختی جیهان و مەڵبەندی زانست و هونەر.

## بایەخی دەستکەوتەکانی سوڵتان موحوممەدی فاتیح

§فایتحزۆربەی ئەو لایەنانەی دڕکی کە کەکەی دەوڵەت بوون, لەنێوی بردن.

§ لەسەردەمی ویدا سنووری دەوڵەتی عوسمانی لەخۆرهەلاّتی ئەورووپادا تائەوپەڕی فرەوان بوو بوو، سەرباری سەرووەریی بە ناو لە ئەفلاق و بەغدان و قیرەمدا.

§سوڵتان بەرەو ڕووی نەیارانی بۆوە کە دەیان ویست لە یەڵقان بەرەو ڕووی ببنەوە و، پێش بە ڕەوتی عوسمانی بگرن.

§ بەرزبوونەوەی جێگای دەوڵەتی عوسمانی دوای ڕزگارکردنیقوستەنتینییەو بلاّوبوونەوەی ئەو ڕووداوە لە ئەورووپادا بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی ئەورووپا بەر لە بەرانبەر عوسمانییەکاندا سیاسەتی دیاری کراو بگرنە بەر، کە بریتی بوو لە نەیاری کردن یان دۆستایەتی کردنێك لەسەر بەرژەوەندیی دامەزرابێ.

§ هەوڵەکانی فاتیح لەوەدا چڕ بووبۆوە کە جیهاد دژ بە مەسیحی یەکان لە بەڵقاندا بکات، ئەوەش سیاسەتی سوڵتانەکانی پێش خۆشی بوو.

[1] - Kritovulos : pp. 206 – 210.

§ چونکە مێژووی عوسمانی تێکۆشانی ئایینی بەخۆوە لکاندبوو، ناوبانگێکی باشی لە جیهانی ئیسلامیدا بە خۆیدابوو. قاهیرە دڵخۆشی خۆی بەو سەرکەوتنە دەربڕی. مەککە پیرۆزبایی لێکرد، بەڵام پاش ڕۆژگاریی کاتێك دەوڵەتی عوسمانی فرەوان بوو, دەوڵەتە ئیسلامیەکان بەتایبەتی مەمالیکەکانی میسرو شام لەگەڵی دا کەوتنە ئیرەیی.

§تێبینی دەکرێ کە سوڵتان محەمەد فاتیح لەگەڵ کرداری سەربازی دا بایەخی بە یاسا و یاسا دانانیش داوە بەو واتایەی دوو هۆکاری سەرەکین بۆ وەگەڕخستنی دەوڵەت بەڕێکی. ئەو یاسایانەی خۆی داینان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی، تا دوای خۆشی کاریگەریان هەر هەبوو و،بوونە هۆی پێشکەوتنی دەوڵەتەکەی، تا لە سەردەمی سلێمانی قانونی دا بوو بە گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی.

§ئەو شاکارانەی بیناسازیی کەلە سەردەمی فاتیحدا دامەزران ,سەلماندیان ئەم سوڵتانە خاوەن بیرکردنەوەیەکی ژیاریی بەرزە , کردنی کڵێسای (ئایا سوفیا) بە مزگەوت، لەسەر بنەمایەکی بیناسازی پێشکەوتنی ئیسلامی، بنیات نانی چەندین لە مزگەوت کە بە عەنتیکەی هونەری بیناسازیی دادەنرێت، دامەزراندنی قوتابخانە و کتێبخانە و گەرماو و خەستەخانەی زۆر کە پایتەخت پێشتر بەخۆیەوە نەدیبوون، کۆشکە جوانەکەی و، قەلاّ حەوت کەلوە شکۆدارەکەی کەبوو بە بەشێك لە زیندانی سوڵتانی، کە ئەو سوڵتانانەی لەناودا بەند دەکران کە وازیان پێ لە دەستەڵات دەهێنرا و تەمەنی دوای یان تێدا دەبردەسەر و، حەوزەکانی بیناسازی کەشتیان و خانەی پیشەسازی، هەموو ئەو شتانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەو دەوڵەتە لە توانایدابووە سوود لە شارستانیەکان وەربگرێ و، چاکسازییان تێدا بکات.





## بایەزیدی دووەم

## 1481 – 1512 ز

## ناکۆکی نێوان هەردووك برا : بایەزید و جەم

سوڵتان محەمەدی دووەم مرد و، دوو کوڕی لە دوای خۆی بەجێهێشت : بایەزید و جەم. یەکەمیان فەرمانڕەوای ئەماسیا بوو[1] و, دووەم فەرمانڕەوایی قرمان بوو لە قونیەدا خۆی دامەزراندبوو.[2] بایەزید پێوەندیی لەگەڵ باوکیدا لاواز بوو، بەلاّم لەگەڵ هەندێ کەسایەتی دیکەی دەستڕۆیشتوودا پێوەندی پتەو بوو، کە تەئسیریان بەسەر هێزەکانی ئینکشارییەوە زۆر بوو,وەکو : (سینان پاشا)ی فەرمانڕەوای ئەنادۆڵ و (ئیسحاق پاشا)ی سەدری ئەعزەم دوژمنی (محەمەد پاشا)ی سەدری ئەعزەمی قرمانی, دەربارەکەی لە ئەماسیا بووبوو بە مەکۆی نەیارانی سیاسەتی سوڵتان محەمەدی دووەم. لەکاتی مردنی سوڵتانیشدا سەدری ئەعزەمی قرمانی (محەمەد پاشا) ناردیە لای بایەزید و پێی ڕاگەیاند کە بابی مردووە، لە هەمان کاتدا ویستی پشگیری لە (جەم)ی برا بچووکی بکات ئەنجا بانگی کردە پایتەخت بۆ وەرگرتنی دەستەلاّت بەر لەگەیشتنی براکەی.[3]

جەم لەگەڵ چەند بەشێکی دیاری کراو لە ڕای گشتی هاوسۆزبوو، بەلاّم ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بۆوە کە باش ڕێکخرابوون و لایەنگری برایەکەی بوون، کە سوپایەکی تەیار و

---

[1] - صولاق زادە : ل 269.

[2] - عاشق زادە : ص220.

[3] - هەمان سەرچاوە : ص221

بنكەیەكی جەماوەری قایمی هەبوو، هەرچی جەم بوو جگە لە (محەمەد پاشا)ی سەدری ئەعزەمی قرمانی لایەنگری نەبوو، كە جەماوەری نەبوو، هەروا چەند هێزێكی توركومان كە هیچ هەست و پەرۆشی یەكیان بۆ دەستەلاتی ناوەند نەبوو.

هەر كە هەواڵی مردنی سوڵتان و كار و چالاكی سەدری ئەعزەمی قرمانی محەمەد پاشا گەیشتە ئینكشاریەكان یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیاند و، لە بۆسفوریان پەڕینەوە و بەرەو پایتەخت كەوتنە ڕێ و سەدری ئەعزەمیان كوشت و ئیسحاق پاشایان لەجێیدان. ئەویش قورقود چەلەبی كوڕی بایەزیدی بە جێگری گشتی بابی دانا، تا باوكی دەگاتە جێ.

لە (22 ی ئایار ی 1481ز)دا بایەزید گەیشتە پایتەخت و دەستەلاتی گرتە دەست[1] لە (ئینكشاریە)كان خۆش بوو بەخششی پێدان ئەم بەخشیشەش لەوكاتەوە بووە نەریتێك بۆ هەر سەرۆكێك كەبێتە سەر تەخت. بەڵام میر جەم چووە پڕوسە و، بە زۆر چووە نێوی و، ناوچەكانی دەوروبەری داگیركردن، لەسەر مینبەرەكان بەناوی ئەو وتار دەدرا و، وەزیر و سەركردەكانی دیاری كردن و، بەناوی ئەوەوە پارە لێ دراو، پاشان بۆ ئاشتەوایی كردن نوێنەری خۆی ڕەوانەی لای براكەی كردن، كە دەبێ دەستەلات لە نێوان هەردووكیاندا دابەش بكرێ و، جەم حەومی ویلایەتی ئاسیا و، بایەزید حوكمی ویلایەتی ئەوروپا بكات.

ئەوەی ڕاستی بایەزید پێشنیازی براكەی ڕەفزكرد و، دەستی كرد بە خۆ ئامادەكردن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیدا و، لە نزیك شاری (بەنی شەهر)دا دەبەرێكڕا چوون و، بایەزید بەسەریدا سەركەوت و، تا سنوری دەوڵەتی مەمالیك ڕاوی نا، چووە نێو شاری قونیە و (عەبدوڵڵا)ی كوڕی خۆی كرد بە فەرمانڕەوا لەوێ دا[2].

(جەم) وەكو میوان لای سوڵتانی مەمالیكی (قایتبای) ساڵێك مایەوە، پاشان بۆ ئاسیای بچووك گەڕایەوە، تا میرەكان دژی حوكمی براكەی هان بدات و، ئەنجا پێوەندی بە قاسم بەگی دوا میر قرمانییەوە كرد و، بەڵێنی دایە كە میرایەتی قرمانی بۆ بگێڕێتەوە

[1] - خیرالله : تاریخ خیالله، ج7، ص 166. صوق زاده : ص 269 – 270,
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 11 – 12، أبراهیم بك حلیم : ل 71.





ئەگەر یارمەتی بدات لەشەڕ كردن لەگەڵ برایەكەیدا.[1] لەڕاستیدا میر قاسم قایل بوو كە یارمەتی میر جەم بدات و پێكەوە كەوتنە ڕێ بۆ تۆق كردنی شاری قونیە، بەڵام نەیان توانی بچنە نێوشار، چونكە عەلی پاشا كە سوڵتان وەكو پاڵپشت بۆ كوڕەكەی خۆی ناردبووی، بەرەنگاریان بۆوە.[2]

دوای سەرنەڕزگاركردنیپلانەكەی، میر جەم هەوڵی دایەوە لەگەڵ برایەكەیدا لێك حاڵی بوونێكئەنجام بدات، بەڵام بێ هوودە بوو، چونكە سوڵتان هەموو جۆرە هەموو ئاشتەوایی یەكی ڕەت كردەوە، ئەوكاتە میر جەم پێوەندی بە سوارەكانی قەدیس یوحەنناوە كرد لە ڕوودس و داوای یارمەتیی لێ كردن.[3]

بەڵام ئەو سوارانە لەوە لاوازتربوون كە بتوانن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەرەو ڕووببنەوە و، (34) ڕۆژ لە ساڵی (1482ز) لە دوورگەكەدا میوانداریی میرجەمیان كرد. بایەزید پێوەندی بەسەركردەی سوارەكانەوە كرد و، بەڵێنی دانێ كە ئەگەر ئەوان میر جەم وەكو بارمتەیەك لای خۆیان بهێڵنەوە و, نەهێڵن پەلاماری دوورگەكە بدات, ساڵانە (45000) دوكایان بداتێ.[4] كاتێكیش هەندێك دەوڵەتی ئەوروپی نەیاری دەوڵەتی عوسمانی بەو كارەیان زانی، هەوڵیاندا سوود لەو دوژمنایەتی یە ناوخۆیییە وەربگرن بۆ هێرش بردنە سەر ئەو دەوڵەتە. پاشای مەجەڕ و پاشای فەڕەنسا و فەرمانڕەوای بوندوقببە داوایان لەو سوارانە كرد، میر جەمیان تەسلیم بكەن تا بیكەنە بیانوو بۆ دەست وەردان لە كاروباری دەوڵەتەكە، بەڵام سوارەكان ڕازی نەبوون، تا ساڵی (1489ز) كاتێك ئەوانە دایانە دەست پاپا ئەنوستی هەشتەم، كە بەڵێنی بە سوڵتان دابراكەی لای سوڵتان بێڵێتەوە لە بەرانبەر ئەو بڕە پارەی دەیدایە سوارەكان.[5]

وادیاربوو سوارەكان وەكو چارەسەرێكی مام ناوەندیی میریان تەسلیمی پاپا كرد، چونكە چەند گوشارێكی توندیان لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە خرابووە سەر، كە ئەیاری دەوڵەتی

[1] - صولاق زادە : ل 279 – 280.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 280 – 281، سعدالدین : سەرچاوەی پێشوو : ج 2، ل 20– 21.
[3] - عاشق زادە : ل 221.
[4] - محمد فرید بك : ل 181.
[5] - صولاق زادە : ل 289.

عوسمانی بوون، ئەوە بوو کاتێ پاپا ئەنوستی هەشتەم مرد و پاپا ئیسکەندەر بورجیا لە شوێنی دانرا، پێشنیاز بۆ سوڵتان کرا دوای ئەوە کە ئەگەر (300000) دوکایان بداتێ، ئەوان برایەکەی پاپا لەنێو دەبەن.[1]

لەوکاتەدا شارڵی هەشتەمی پاشای فەڕەنسا هەڵی کوتایە سەر ئیتاڵیا بۆئەنجامدانی پرۆژە خاچپەرستانەکەی کە ڕزگارکردنی ئەستەنبوڵ بوو، کە دەبوایە سەرباری خاکی ئەلبانی بەو خاکەشدا تێپەڕێ کە کۆماری بوندوقییە دەستی بەسەرداگرتبوو.

بۆیە ئەم پاشایە کەسانێکی نارد بۆ جۆشدانی خەڵك و ئامادەکردن و، ورژاندنیان دژ بە عوسمانییەکان، بەلاّم لەگەڵ بەرژەوەندییە گرنگەکەی پاشای نابولی و فەرمانڕەوایی بوندوقییە تێك گیرا، کە لە زیادکردنی هێزی فەڕەنسیان دەترسان. بۆیە نوێنەری خۆیان ناردە لای سوڵتان کە هەواڵی گەیشتنی سوپای فەڕەنسی پێ ڕابگەیەنن. هەر کە ئەو هێزە گەیشتە ڕۆما، پاپا ناچار بوو میر جەم تەسلیم بکات، بەلاّم بەر لە تەسلیم کردنی، پاپا ژەهر خواردووی کرد، بۆیە لە ساڵی (1495ز)دا لەشاری نابولی ئیتاڵیادا مرد و، لەشاری گاتادا بە خاك سپێرراو، پاشان ڕەوانەی لای عوسمانییەکان کرایەوە و لە پرووسە نێژرا.[2]

### بارودۆخی سیاسی لەسەردەمی بایەزیدی دووەمدا

سوڵتان بایەزیدی دووەم زۆر شەڕانی نەبوو، خولیای زانست و ئەدەب بوو، بەلاّم سیاسەتی دوژمنکارانەی دراوسێکانی ناچاری کردووە ڕوو لەشەڕ بکات.

لەسەردەمی ئەودا هیچ فتوحاتێك ڕووی نەدا، بەڵکو چالاکی سەربازی ئەو تەنیا لە ناوچە سنوریەکاندا بوو بۆیە بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ پەلامارە دەرەکیەکاندا. لە ساڵی (**1491**ز) چەند تێکهەڵچوونێك ڕوویدا لەسەر سنورەکانی باشووری خۆرهەلاّتی ئاسیای بچووك لەگەڵ هێزە مەمالیکەکاندا ڕوویاندا، چونکە هەردووك دەوڵەتەکە لە ئەزنمە و وەتڕوس هاوسنوور بوون، ئەمەش لەکاتێکدا بوو قایتبای سوڵتان بڕیاریدا

---
1 - سرهنگ : ل 59.
2 - سعدالدين : ج 2، ل 40.





دەسەلاّت بەسەر ولاّتی (ذوالقدر)ی شاری (بوستان)دا کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون بگرێ، میری (ذوالقدر)ی دژی دەوڵەت هاندا و، ئەویش دەگەڵ مەمالیکەکان کەوت.[1]

بای تونس بەمەبەستی ناوبژیکردن لە نێوان هەردوولادا، خۆی هاویشتە نێو کێشەکەوە، توانی ڕازیان بکات کە بارودۆخەکە وەکو سەرەتای پێك هەڵ پڕژانەکە بهێڵنەوە.[2] ئەمەش یەکەم ئاماژەبوو بۆ دەبەرێکڕاچوونی عوسمانییەکان و مەمالیکەکان کە لە ئایندەدا کارێکی خراپی بۆ سەر پێوەندی دوو قۆڵی هەردوو لا دەبێ.

بەلاّم دەربارەی ئەوروپا، عوسمانییەکان نەیانتوانی شاری بەلگرادا بگرن[3]، کە چاویان تێ بڕیبوو، هەروا لە وەستاندنی کشانی ئیسپانیا بەرەو باشووری ئەندەلووس سەرنەکەوتن، هێزی دەریاییان لەسەر داوای (أبو عەبدوڵڵا محەمەد)ی پاشای غەرناتە بەندەرەکانی ئیسپانیایان بۆردومان کردن، ئەمەش وای لە ئیسپانییەکان کرد بتوانن ئەو ولاّتە بگرن و، بە تەسلیم بوونی غەرناتە لە کانونی دووەمی (**1492**ز)دا کۆتایی بە حوکمی ئیسلامی تێدا بێنن. بەهۆی زیادبوونی توانای دەوڵەتەکە و فراوان بوونیشی لە ئەوروپادا، ولاّتە ئەوروپی یەکان لە گۆشەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە لێیان دەڕوانی، کە دەوڵەتێکی بەهێزە و دەتوانرێ بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە گرنگەکانی خۆیان، لەسەر حیسابی دەوڵەتی دیکەی ئەوروپی، بەکاربهێنرێت.

لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینە لە پێوەندیی سیاسی دا، دەوڵەتانی ئیتاڵیا و نابولی و میلانۆ و فلۆرنسا و پاپا ئیسکەندەری بورجیا کەوتنە پێشبڕکێ کردن بۆ ڕاکێشانی مەیلی عوسمانییەکان بەلای خۆیاندا و، پشت بەستن بە سەرباز و کەشتی گەلەکانیان دژی دوژمنانی خۆیان. ئەو دەوڵەتانە توانیان پێوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری بوندوقی یەدا واهەڵتەکێنن، کە ڕاگەیاندنی شەڕی لە نێوانیاندا لێبکەوێتەوە. سوڵتان سوور بوو لەسەر بەردەوام بوونی سیاسەتی باوکی خۆی بۆ نەهێشتنی بنکەکانی

---
1 - ابراهيم بك حليم : ل 72، أوزتونا : ج1، ل 190.
2 - محمد فريد بك : ل 182 – 183 . أوزتونا : ج1، ل 191.
3 - ابراهيم بك حليم : ل 72.

بوندوقییە لە وڵاتی یۆناندا کە هۆیەکی دیکەی بۆ هەڵگیرسانی جەنگ پێك هێنا. بوندوقیە بەدەست هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە بۆ سەر ناوچەکانی خۆی دەیناڵاند و، دەوڵەتی عوسمانیش بەو بەد ڕەفتارییەی بوندوقییەکان دەرهەق خەڵکی ئەویان دەکرد، پێوە بوو بوو.

بەڕاستی بوندوقیە هەلی سەرقاڵ بوونی سوڵتانی بە بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ مەمالیکدا قۆستەوە و کەشتی گەلی خۆی ڕەوانەی کەنارەکانی عوسمانی لە نیمچە دورگەی مۆرەدا کرد.

کاتێك سوڵتان لە کێشەی لەگەڵ مەمالیکاندا بۆوە، لە ساڵی (**1498**ز) ڕووی کردە ئەوروپا و لەگەڵ هێرشەکانیاندا بەرەنگاربۆوە کە کەشتی گەلی بوندوقیە ئەنجامیان دەدان و، کەشتی گەلی عوسمانیان توانیان شکەستیان پێ بێنن.[1] لەوکاتەدا سوڵتان بۆ خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی دەکرد لە وشکانییەوە بەرەو ڕووی قەڵای (لیبانت) لە وڵاتی یۆناندا. ئەنجا لە وشکانی و لە دەریاوە گەمارۆی دا، تا لە ساڵی (**1499**ز)دا بەسەری دا زاڵ بوو[2]، عوسمانییەکان بەو کارە دەستەڵاتی کەنداوی کورسنەیان گرتە دەست.

بوندوقیەکان هێرشیان کردە سەر دوورگەی کفالوینا و خستیانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، پەلاماری بەندەری (پەرویزە)شیان داو، هەندێك کەشتی عوسمانییەکانیان سوتاند.کاتێك هەواڵی ئەم هێرشە بە سوڵتان گەیشت، ئەویش پەلاماری هەرێمی (فریول)ی دا و سوپاکەی گەیشتە دەوروبەری شاری بوندوقییە، بەڵام سوپای عوسمانی بەهۆی سەرماوە لەوێ کشایەوە و، لەساڵی داهاتوودا، واتە ساڵی (**1500**ز)دا (سغور) و (مردون) و (کورون) و (ناڤارین)ی وڵاتی یۆنانی ڕزگارکرد کە لەژێر دەستەڵاتی بوندوقیەدا بوو.[3]

1 - بۆ ڕووداوی دەریایی لەو کاتەدا بگەڕێوە بۆ : سرهنك، ل 60 – 61 .
2 - هەمان سەرچاوە : ل 61.
3 - محمد فريد بك : ل 185، أوزوتا : ج1، ل 198.





کۆماری بوندوقییە لەوەترسا شار و قەڵاکانی داگیربکرێن، بۆیە داوای یارمەتی لە میر و پاشایانی ئەوروپا کرد. ئەنجا پاپا و پاشای فەڕەنسا بە فریای کەوت و، ئیسپانیا کەشتی گەلێکی نارد کە لە (**30**) کەشتی پێك دەهات و توانای بوندوقییەی بەهێز کرد.

کەشتیگەلی هاوبەش کفالیلانیا و دەڕاجی گرت و کۆنترۆڵی کردن و، چووە پێشەوە تا گەیشتە گەرووەبەری دەردەنیل و سوپای خۆی لە دورگەی مەدیللیدا مۆڵ کرد لە دەریای (ئیجە)دا کە بەرەو ڕووی دوورگەی ئەنادۆڵە و هاوپەیمانان توانیان قەڵای دورگەکە بگرن، بەڵام عوسمانییەکان توانیان بیگێڕنەوە دەستی خۆیان.[1]

ئەو هەوڵە ئەوروپییە نەیتوانی پێش بە دەوڵەتی عوسمانی بگرێ لە هەوڵی بەرەو پێش چوونی لە ئەوروپادا، چونکە عوسمانییەکان توانیان شاری (ڕۆستۆ) بگرن کە دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیکی و، چونکە بوندوقییەکان پەیوەست بوون بە ئاشتەوایی یەوە ڕاوەستان[2]. عوسمانی و بوندوقی لەساڵی (**1503**ز)دا ڕێکەوتنێکیان مۆر کرد کە ئەمە گرنگترین بەندەکانی بوون :

1. گێڕانەوەی دوورگەی کفالوینا بۆ دەوڵەتی عوسمانی.
2. هێشتنەوەی سەربەخۆیی دوورگەی سان موری.
3. ڕێگەدان بە کەشتی یەکانی بوندوقیە کە لە دەریای ڕەشدا بگەڕێن.
4. قونسوڵی بوندوقییە بۆ قوستەنتینییە دەگەڕێتەوە و هەر بە سێ ساڵان جارێکدەگۆڕێت.
5. بوندوقییەکان سەرانەی ساڵانە دەدەن.[3]

لەسەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەمیشدا پێوەندیی دیبلۆماسی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هەندێك دەوڵەتی ئەوروپیدا، کە لەو دوایەدا لەسەر شانۆی سیاسیدا دەرکەوتبوون، دروست بوو وەکو ئەو پێوەندیانەی لەگەڵ شانشینی پۆڵندا و شانشینی ڕوسیا دا هەیبوون.

1 - ابراهيم بك حليم : تاريخ الدولة العثمانية العلية، ل 75.
2 - محمد فريد بك : ل 185، الصباغ، ليلي : الجاليات الاوروبية ق\في بلاد الشام في االعهد العثمانى في القرنين السادس والسابع عشر، ج1، ل 9.
3 - الصباغ، ليلی : سەرچاوەی ڕابردوو، ج 1، ل 90 – 91.

## کێشەی ناوخۆ لەسەر دەستەلآت – دەست لە کارکێشانەوەی بایەزیدی دووەم

ئـەو پێوەنـدییە ئاشـتیانەی کـە عوسمانییـەکان لـە دوو گرێـی یەکـەمی سـەدەی شـازەدەدا لەگـەڵ ئەوروپییـەکان بـە دەسـتیان هێنـا، زەمینـەی بـۆ خـۆش کـردن کـە یەکلابینەوە بۆ بەرەو رووڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانێکی ترسناک کە بەرۆکی گرتبوون.

لەساڵی (1500ز)دا لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لەگـەڵ بوندوقییـەدا یاخیبوونێك لـە میرنشینی قرماندا سەری هەڵدا لـە ژێر سـەرکردایەتی کردنـی نـەژادێکی دەسـتەڵآتخوازی خۆماڵی بنەماڵەی فەرمانڕەواداو هۆزە تورکومانەکانیش پشتگیرییان دەکردن ئەمەش بێ سەرەو بەرەیی هەراو نا ئارامی لە ئەنادۆڵدا پەیداکرد دیارە ئـەم شۆڕشـە هـۆی دیکـەی قـووڵی لـە پـشتەوە بـوو، دانیـشتوان لەوێـدا دانیـان بـە پێوەنـدی بـوون بـە دەوڵـەتی عوسمانییـەوە نـەدەنا و، هێشتا بـۆ میرەکانیـان دڵسۆزیان مـابوو، ئـەهلی تەسـەووف و تەکیەش پـشتیان دەگرتن، چـونکە چاکسازییەکانی ئـابووری محەمـەدی دووەم بێـزاری کردبوون دەوڵەت ساڵی (1501ز) لـە سەردەسـتی (مەسـیح پاشـا)ی سـەدری ئـەعزەم توانی بەسەر ئەم یاخیبوونەدا زاڵبێت.[1]

لەڕاستیشدا ئەوەی وای کرد ئەم قەیرانە مەیلـەو خەتـەر بێـت، ئـەوەبوو کـە لەگـەڵ سەرهەڵدانی جۆرە دەستەڵآتێکی تازە لە ئێراندا هاوکات بوو، کـە دەسـتەڵآتی سـەفەویی بوو کە وەکو تیرە تورکەکانی ئەنازۆڵ، بە تایبەتی ئەوانی تکە و قرمان و تۆرۆس، کە بـە سەرچاوەی راپەڕینی رێك و پێك لە دژی دەسـتەڵآتی نێوەنـدیی دەژمێـرران، شـیعە بـوو. ئەو تیرانە بوونە پشتیوانی شـا ئیـسماعیلی سـەفەویی دامەزرێنـەری دەوڵـەتی سـەفەویی ئێران و بنکەیەکی بەهێزیان بۆ لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات پێکهێنا.

سـوڵتان بایەزیـدی دووەم لـە نیـازە دوژمنکارانـەکانی شـای ئێـران دڕدۆنـگ بـوو، لەبەرئەوە لەشکرێکی بۆ چاودێری بارودۆخەکە نارده سـەر سـنوور، لـە هـەمان کاتـدا زۆر لەلایـەن گرانـی شـای بـۆ مـۆرە دوورخـستەوە و، بەمەبەسـتی دابڕینـی شـا لـە بنکـە جەماوەرییەکەی لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات، سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی داخـست، بـەلآم

[1] - ابراهيم بك حليم : ل 76 .





ئەو کارە زۆر تەئسیری نەبوو، چونکە پێڕەوانی شا سـوودیان لـە تێپـەڕینی کاروانـەکانی بازرگانی بە ئەنادۆڵدا وەرگرت و بەوێدا بلاوبوونەوە.

جا لەبەرئەوەی سوڵتان بایەزیـدی دووەم کابرایـەکی وریـا و لەسـەر هەسـت بـوو، هەمیشە خۆی لەشەڕ لەو ناوچەدا لادەدا نەبادا یاخیبوونێك سـەرهەڵدات و ببێتـە مایـەی ئـاژاوە و کێـشە، لەبەرئـەوە سـاڵی (1504ز) نوێنـەرێکی نـاردە تـەوریز بـۆ نـاڕەزایی دەربڕین بەرانبەر دەست درێـژیی پێـڕەوانی شـا دەرهـەق موسـڵمانانی سـوننی و، سـاڵی (1505ز)یش پێشوازی لە سەفیرێکی سەفەوی کـرد کـە داوای دانـەوەی تـەرابزۆنی بـە دەوڵەتی سەفەوی دەکرد و، ناڕەزایی بەرانبەر ئەو هێرشانەی میر سەلیمی کوڕی بایەزید بۆسەر هەندێك ناوچەی ژێر دەستەڵآتی شای دەکرد، دەردەبڕی و، ساڵی (1507ز)یش ڕێگای بەهێزەکانی شادا، بۆ بەگژدا چـوونی (ذی القدر) بـە خـاکی دەوڵـەتی عوسمانیـدا تێپەڕن.

لە ئەنجامی چەند تێکهەڵچوونێکی دیکەشدا لـە نێـوان مـیر سـەلیم و سـەفەوییاندا لـە نێوان ساڵەکانی (1501 – 1510ز)دا، شا کە هەمیشە کاری گێچەڵ کارانەی ئەنجام دەدا، سـەرلەنوێ نـاڕەزایی دەربـڕی و، ئـەوەی ڕەوشـەکەی ئـاڵۆزتر کـرد، داواکردنـی یارمەتی لە بوندقیە لەلایەن شاوە بوو!

لێکهەڵوەشانی ئەنادۆڵ کە بەهۆی لاوازیی ئاشکرای سوڵتان بایەزیدی دووەمەوە بوو، بوو بەهۆی تەقاندنەوەی تەنگژەیەکی سیاسیی، ڕق بـە ڕقـەی هـەر سـێ کوڕەکـەی سوڵتان، ئەحمەد و قورقود و سەلیم لەسەر دەستەلآت، تەئسیری خراپـی لەسـەر توانـای دەوڵەت هەبوو کە ڕێی لە بایەخدانی دەوڵەت بە کاروباری دەرەوە دەگرت.

ئەحمەد کەسایەتییەکی خۆشەویستی پیاو ماقووڵ و مـیران بـوو، لەبەرئـەوە بـابی بـە جێنشینی خۆی هەڵیبژارد، بەڵام قورقود حەزی لە زانست و هاونشینی زانیان بوو و سوپا لێی دوورکەوتەوە، هەرچـی سـەلیمیش بـوو، زۆر لـە حـەزی شـەڕ بـوو، لەبەرئـەوە سـوپا بەگشتی و.ـ ئینکشارییەکان بە تایبەتی خۆشیان دەویست.

جا لەبەر لێك جیاوازی حەز و خولیای براکان، بابیـان ترسـا ناکۆکیـان بکەوێتـە نێـو، بۆیە دابەشی کردن، ئەحمەدی کردە والیی ئەماسیا و، قورقودی کردە والیی ساڕووخان و

سەلیمیشی کردە والیی تەرابزۆن و، سلێمانی کوڕی سەلیمی والیی پۆلۆی کردە والیی کەففا لە وڵاتی قرم.[1]

سەلیم لە هەمووان زیاتر لە پاشە ڕۆژ دەترسا و، لە هەمووان پتر ڕقی لە شا ئیسماعیل بوو، هەروا لە گواستنەوەی کوڕەکەشی لە پۆلۆوە بۆ کەففا بێزار بوو، چونکە دەکرێ ئەو کارە ڕێ بۆ ئەحمەدی برای خۆش بکات بێتە گەرا بچێتە نێو پلیتەخت. لەبەرئەوە بەو دامەزراندنە خۆی قایل نەبوو و، بارەگای خۆی بەجێهێشت و چووە کەففا و لەوێ جێگیر بوو و، خەبەری بۆ بابی نارد، کە بیکاتە والیی ویلایەتێکی ئەوروپا، بەڵام سوڵتان ڕازی نەبوو، ئیدی سەلیم هەڵگەڕایەوە و بە لەشکرێکی گەورەوە هاتە وڵاتی ڕۆمللی و، ساڵی (**1511**ز) گەیشتە پێش دەروازەکانی شاری ئەدرنە و بابی ناچار کرد بە داواکاریەکەی ڕازی بێت.[2]

سوڵتانیش کردیە والیی سەمەندەریە و ڤیرین و ئالاجە حەسار و نیقۆپۆلیس،[3] کە پێ ی خۆی لەوێ قایم کردن کە وادیار بوو بە تەمایە دەوڵەتێکی نوێ لە باکوور دامەزرێنێ.

ئەحمەد و قورقودیش لە پایتەخت نزیکبوون بەڵام لە بارێکی لاوازدا بوون، چونکە قورقود لەبەر ئەو یاخیبوونەی لە تەککە بە هاندانی شا ئیسماعیلی سەفەویی کە دەی ویست سوود لە پەرتەوازی ڕەوشی ناوخۆ وەرگرێ، ڕوویدا، بارەگای خۆی لە ئەنتالیا بەجێهێشت و، یاخیبووەکان بە سەرکردایەتی شا قولی دەستیان بەسەر ئەنتالیادا گرت و، چوونە نێو کۆتاهیە و گەیشتنە لێواری پروسە و، ئەحمەد نەی توانی پێشیان پێ بگرێ، لەبەرئەوە (عەلی پاشا خادم)ی سەدری ئەعزەم ڕووبەڕوویان بۆوە و ناچاری کردن پاشەکشە بکەن.

ئەو یاخیبوونە هەڵوێستی سەلیمی بەهێز کرد کە سوودی لە نەبوونی سوڵتان وەرگرت و لە بارەگای خۆیەوە هاتە ئەدرنە و جاڕی دا کە سوڵتانی عوسمانیانە، هەڵبەت

1 - صولاق زادە : ص 320، 324 – 325.
2 - محمد فريد بك : ل 186.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.





ئەو کارە بێ دەنگەی لێ نەدەکرا و، سوڵتان لەشکرێکی کردە سەری و لە جورلی شکاندی و ناچاری کرد بۆ وڵاتی قرم بگەڕێتەوە، هەروا لەشکرێکیشی ناردە سەر قورقود لە ئاسیای بچووك و ئەویشی شکاند، لەو نێوانەدا ئەحمەد وای زانی دەتوانێ پایتەخت بگرێ و سوڵتان بوونی خۆی ڕاگەیەنێ، بەڵام ئینکشارییەکان بە شایان و لێوەشاوەی ئەو کارەیان نەزانی و، لێی هەڵگەڕانەوە و ناچاریان کرد بکشێتەوە.[1]

وادیار بوو بارودۆخ لە بەرژەوەندی شا ئیسماعیلدایە کە لە سەرەتای ساڵی (**1512**ز)دا یاخیبوونێکی دیکەی ڕێکخست، بەوەش ئینکشاریەکان، کە لە تێکشکانی سەلیم و سەرکەوتنی شا نارەحەت بوون، تووڕەبوون، بۆیە جەختیان کرد کە دەبێ سوڵتان لێی خۆش بێت، سوڵتانیش داخوازییەکەی بەجێهێنان و سەلیمی کوڕی کردەوە بە والیی سەمەندەریە.[2]

بەڵام لە دوای گەڕانەوەی هێنایانەوە نێو پایتەخت فشاریان خستە سەر بایەزیدی دووەم دەست لەتەخت بکێشێتەوە ئەویش ناچاربوو لە نیسانی (**1512**ز)دا کاوربار بداتە دەست سەلیمی کوڕی. ئیدی دەستی لەکاری سیاسی کێشایەوە و، بە نیازی تێدا جێگیر بوون بەرەو شاری دیموتیکای ویلایەتی ئەدرنە کەوتە ڕێ، بەڵام لە ڕێگادا بە نەخۆشی مرد.[3]

## کەسایەتی سوڵتان بایەزیدی دووەم و کارەکانی

سوڵتان بایەزیدی دووەم بەوە ناسرابوو کە سوڵتانێکی لاشەڕە و دەیەوێ ناوچەکە لە تەوژمی بەهێزی ئەو شەڕانەی لە سەدەی پازدەدا ناوچەکەیان لوول دا بوو، بپارێزێ... هەرچەندە لەکاتی پێویستدا ئامادەی شەڕبوو، وەکو شەڕی لەگەڵ بوندوقیە و سوڵتانی مەمالیکەکان، بێگومان ئەو بە چاوێکی جیا لە بابی لە ڕووداوەکانی دەڕوانی، بابی وڵاتگرێك بوو ناچاربوو ئەو لایەنانەی دژی دەوڵەتەکەی بوون، لەناوبەرێت، بەڵام

1 – ابراهيم بك حليم : ل 76.
2 - سرهنك بك : ل 63.
3 - سرهنك : ل 63، اوزتونا : ج1، ل 210.

دەوڵەت کە لەسەردەمی بایەزید دا سنوورەکانی فرەوان و جێگیربوو بوون، دەبوو هەوڵی پاراستن و بەهێزکردنی بدات تا ئەو فرەوان بوونە نەبێتە باری سەر شانی.

وادیـارە ئـەوەش وای لێکـردووە لەگـەڵ دراوسـێ دوژمنـەکانی پێـك بێـت و، لەگـەڵ میرەکـانی دەوڵەنتـە ئیـسلامیەکاندا شـێوازی ژن و ژنخـوازیی ڕەچـاو بکـات، ئـەوە بـوو کچێکی خۆی دایە وەلیعەهدی ئێران و، برازایەکی خۆی دا بە سوڵتانی میسر و سەفارەتی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپی یە دراوسێکان ئاڵوگۆڕ کرد.[1]

بایەزیدی دووەم لە هێنانەدی ئامانجی دا لە دوای ئەو ئاشتەوایی یەوە سـەرکەوت و، بە تایبەتی لە وریایدا لە ڕووی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی دا لەگەڵ دەوڵـەتانی هاوسـێ یـدا دیـسان مـاوەی ئاشـتەوایی یـە درێژەکـەی هـەلێ بـوو بـۆ ئاوڕدانـەوە لـە پرۆژەکـانی ئاوەدان کردنەوە و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بـەڵام ئـە سیاسـەتە ئاشـتەوایی یـە لەهـەمان کاتدا هەلێ بوو بۆ دەوڵەتانی نەیاری، بە تایبـەتی سـەرکردەی شـیعی بـەهێز و توانـا شـا ئیسماعیلی سەفەوی، کە بانگەواز خوازانی خۆی ڕەوانەی ئـەنازۆڵ کـرد و زۆر لایـەنگریان پەیداکرد کە لەناو ماڵی خۆیدا هەڕەشە لە دەوڵـەتی عوسمـانی دەکـات. ئەمـەش ئاکـامی ئـەم سیاسـەتە ئاشـتی خوازییـە بـوو، ئـەم هەلپەرسـتیەش لەلایـەنی شـا ئیـسماعیلی سەفەوییەوە بوو، سەرباری بێ دەستەڵاتی و کۆڵەواری بایەزید لە هەمبـەر ئـەو کوڕانـەی دا کە پێشبڕکێ یان لەسەر تەخت دەکرد لە ژیانی خۆیدا، تێوەگلانی سوڵتان لەو جەنگـە بنەماڵەییـەدا، سـەرکەوتنەکە بـە قـازانجی سـەلیمی کوڕیـە تـەواو بـوو، کـە بـەهێز بـوو و،هێزەکـانی ئینکـشاریی لـە پـشتیەوە بـوون و خـستیانە سـەر کورسـی دەسـتەڵات. بەدەسـتەڵات بـە دەسـتەوە ڕزگارکردنی‌سەلیمی یەکـەم لاپەڕەیـەکی نـوێ لـە مێـژووی دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێکرد و دەوڵەتی تـورکی ئیـسلامی، بـەڵقانی بـە دەوڵـەتێکی ئیسلامی گشتی گۆڕی، کە لە باکووری بەڵقانەوە تا کەنـداوی فـارس و سـنوری فارسـی و مەراکیش درێژ دەبۆوە.

[1] - لەمەڕ ئەو پێوەندییە ئاشتیخوازانی سوڵتان بایەزیدی دووەم، بڕوانە : محمد فرید بك : ل 183 – 185 .





ئەوە ماوە باسی بکەین کە سـوڵتان بایەزیـدی دووەم شـوێنەواری ئـاوەدانیش بـەجێ دێڵێ کە سەرنج ڕاکێشابێ بایەخی بە بیناسـازی گـشتی گـەورە داوە و ڕێگاوبـان و پـردی چـاك کردونـەوە کـە بـەر لـەو دروسـتیان کـردوون گـەورەترین بەرهـەمی دەسـت کـردی مزگەوتێکە بەناوی خۆیەوە و، لە نێوان ساڵی (**1497 – 1503**ز)دا دروستی کردووە بەرەو ڕووی باڵەخانـە کۆنـەکان لـە ئەسـتەنبوڵ. ئـەو مزگەوتـە بـەوە جیادەکرێتـەوە کـە کەرەستەی بنیاتنانی گەورەن و لەسەر شـێوازی فارسـی دروسـت کـراون، منارەکـانی لـە بەشێکی سەربەخۆدا دروست کراون نەك وەکو منارەکانی دی لەسـەر گۆشـەکان. ئـەوەی ڕاستی بێت ئاوەدانی دەوری مزگەوتەکە زۆری نەبرد  بەگەڕەکی بایەزید ناسرا، بەڵام ئەم سوڵتانە ئاشتی پارێزە نەی تـوانی سـنورێك بـۆ کێـشەکانی سـەر سـنووری دەوڵەتەکـەی دابـنێ  چـونکە عوسمانییـەکان لەلایەکـەوە هـەبوو مەبەسـتی غـەزەواتیان، لـە لایـەکی دیکەشەوە بارودۆخی دراوسێ کانی لە ڕووی سیاسی یەوە نائـارام بـوو، نەشـی دەتـوانی سنوور بۆ کێشەکانی بنەماڵە دابنێ، لە دوای سوڵتان سەلیمی بە توانا و بەهێز، پـەرەیان ستاند و بنەماڵەیان تێکدا.

## دەروازەی دووەم : قۆناغی پەلهاویشتن بەهێزبوون

## 1512 – 1595 ز

### بەشی چوارەم : سوڵتان سەلیمی یەکەم.

### بەشی پێنجەم : سوڵتان سەلیمی یەکەم : پێوەندیی بە خۆرئاوای ئەوروپاوە.

### بەشی شەشەم : سوڵتان سەلیمی یەکەم : پێوەندیی بە خۆرهەڵاتی ئیسلامی و باکووری ئەفریقیاوە.

### بەشی حەوتەم : سوڵتان سەلیمی دووەم و موڕادی سێیەم.





## بەشی چوارەم : سوڵتان سەلیمی چوارەم

## (1512 – 1520 ز)

**باروذۆخی سیاسی لەوکاتەوە کە سوڵتان سەلیم هاتە سەر تەخت**

**سوڵتان سەلیمی یەکەم لە تەمەنی (40) ساڵی دا هاتە سەر کورسیی دەستەڵات بە یاوەز ناسرابوو چونکە زۆر سەخت و توند و تیژبوو.**[1]

دەبوایە دوای هاتنە سەر کورسی پێ لە کورسی قایم بکات بۆ حوکم کردن و موفاوەزات لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی چالاکدا تا بۆ گەورەترین کێشە لەبەردەمیدا ئامادە بێ لە دوای شەڕی ئەنقەرەدا، کە ئەویش کێشەی ئێران بوو، سەرباری کێشەی بنەماڵەیی کە هەر درێژەی هەبوو.

ئەحمەدی برا گەورەی کە بەردەوام داوای تەختی دەکرد لەسەر کار لابرد، دوای ئەوەی باوکی بەر لەوەی دەست لە کورسی بکێشێتەوە لە جێگای خۆی داینابوو، پیاوانی دەوڵەتیش لەگەڵ ئەم بڕیارەدابوون.[2]

---

1 - سرهنك : ل 65.

2 - دائره المعارف الاسلامیه : ج2، ل 121.

سەلیمی یەکەم، سلێمانی کوڕی لە شوێنی خۆی داناو کردییە فەرمانڕەوای ئەستەنبوڵ و، بە سوپایەکی زۆرەوە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئەحمەدی برای عەلادینی کوڕی بەرەو ناوچەی ئاسیای بچووك لەشکرکێشی کرد، کە شاری پروسەی خستبۆ بن دەستی خۆیەوە و، تا سنوورێك بۆ مەرامە سیاسیەکانیان دابنێت.[1]

تا ئەنقەرە شوێنی براکەی هەلگرت، بەلام نەیتوانی دەستگیری بکات، چونکە بۆ ئاماسیا هەلات.[2] کاتێ سەلیم وەدوای کەوت بۆ مەلتییە رای کرد و، کوڕەکەی دیکەی بۆ تەبریز رەوانە کرد، تا داوای یارمەتی لە شا ئیسماعیلی سەفەوی بکات، کە لە دەرفەتێك دەگەڕا دەولەتی عوسمانی لەنێو بەرێت.

پاشان سەلیم هێرشی بردە سەر پروسە و [3]، چووە نێوی و، دوایی رووی لە ویلایەتی ساروخان کرد، کە بارەگای قورقودی برای بوو، چونکە کاتی خۆی لە ئاکامەکەی ترسابوو بۆ براکەی وازی لە هەموو مافەکانی هێنابوو. سەرباری ئەوەش سەلیم لە براکەی هەر دەترسا، بۆیە لە سالی (1513ز)دا کوشتی.[4] بەلام ئەحمەد سوپایەکی لە لایەنگرانی خۆی کۆکردەوە لە نزیك شاری (یەڵی شەهر)دا کەوتە جەنگ لەگەڵ سەلیمی برای، بەلام شەڕەکەی نەبردەو تەسلیمی سەلیم بوو، بەلام تا کێشەی بۆ پەیدا نەکات و ژیانی لێ تاڵ نەکات لە ترسان کوشتی [5]

ئەحمەدیش دوو کوڕی هەبوو، یەکەمیان بەناوی میر موراد، کە پەنای بردە بەر تەورێز، تا شا ئیسماعیل دالدەی بدات، ئەوەکەی دیکەشیان کە (علاء الدین)بوو پەنای بردە بەر سوڵتان (ئەشرەف و نصوەی غوری) لە میسردا [6] کاتێکیش سەلیم داوای کردنەوە، هیچ کامیان گوێیان نەدایە، ئیدی وسلّتان سەلیم ئەوەی لێ لە دلّی گرتن.

[1] - سعدالدین : تاج التواریخ، ج2، ل 168.
[2] - صولاق زادە : ل 343.
[3] - محمد فرید بك : ل 188.
[4] - صولاق زادە : ل 356.
[5] - سعدالدین : ج2، ل 235– 236. صولاق زادە : ل 352 – 358.
[6] - هەمان سەرچاوە : ل 238.





کاتێك سولّتان لە بەرەی ناوخۆ دلّنیا بوو، بۆ ئەدیرنە گەڕایەوە و لەوێ لەگەڵ بوندوقییە و مەجەڕ و ڕوسیادا چەند پەیمانێکی بەست و، بەو رێگایە سەردەمێکی نوێی کردەوە لە پێوەندیی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەورووپادا، چونکە دەیویست بایەخی خۆی لەسەر بەرەی خۆرهەلات چڕبکاتەوە بۆ تێکهەلچوون لەگەڵ سەفەوییەکان و مەمالیکەکاندا.[1]

## سیاسەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەمەڕ خۆرهەلات

لەسالانییەکەمینی سەدەی (16ز)دا دوو گۆڕانکاری گەورە روویاندا، کە ئاسەوارێکی قوڵیان بۆ رۆژگارێکی دوورو درێژ لەپەرەسەندنی دەولەتی عوسمانی و کۆمەلگەی عوسمانی دا هەبوو. یەکەمیان: دەرکەوتنی هێزیکی نوێ بوو لە ئێران، کە لە نەژادی سەفەوییە شیعەکان بوون

دووەم: ئەوەبوو کە عوسمانییەکان دەولەتە عەرەبیەکانیان داگیرکردن.

ئەوەی راستی لەسەردەمی سولّتان سەلیمی یەکەمدا بە راوەستاندنی هێرشەکانی بەرەو خۆرئاوا گۆڕانێك لە ستراتیژی عوسمانی دا روویدا. ئەم گۆڕانەش لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەلات لەگەڵ کشانی شیعەدا بەرەو رووی خاکی ژێر رکێفی عوسمانییەکان روویدا لە ئەنجامی ئەوەدا سیاسەتی خۆرهەلاتیانەی ئەم سولّتانە لەسەر دوو بنەما دامەزرا :

1. کۆنترۆڵ کردنی رێگاوبانی بازرگانی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوا.
2. پەلهاویشتن خوازی لەسەر حیسابی هێزەکان لە خۆرهەلات.

ئەم سولّتانە هەولّی دا بگاتەهیندستان و، دەستەلاتی عوسمانی بەسەر رێگاوبانی باکووردا بسەپێنێ، بەهۆی کاری پاوان کردنی (الاحتکار)ی بازرگانی بەهارات و ئالات لەلایەن پورتوگالییەکانەوە و دەستەلات گرتن بەسەر رێگای بازرگانی باشووردا لەگەڵ هیندستاندا. بەم رەنگە لەسەرەتای دەستەلات گرتنە دەستیدا پەرەسەندنێکی لە بیرۆقراتی عوسمانیدا هەم لە پیشەو کاری تەکنیکی باودا لە ولاتدا سەری هەلّدا، کە وای

[1] - دائرة المعارف الترکیة : وتاری (سلیم) نووسینی سیناسی التیداغ : ج1، ل 323 – 334.

کرد لەگەڵ پەرەستاندنی ئەم کارانەدا، داخوازییەکانی دەوڵەتیش پتربىن.[1] پاشان بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێڵە و دەغڵ و دان لە ئەوروپادا لەو سەردەمەدا بووە هۆیەکی سەرەکی بۆ گەشە کردنی ناردنە دەرەوەی دەغڵ لە ئەنادۆڵەوە و زۆربوونی دانیشتووان لە ئاسیای بچووکدا، ئەوەش دەری دەخات پەرەستاندنی لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی دا لەگەڵ خۆیدا هێناوە.[2] سەرباری ئەوەش، زۆر بەکارهێنانی بەرهەمەخۆرهەڵاتیەکان لەلایەن ئەوروپاوە بە تایبەتی بەهارات و ئاوریشم، ئەمەش سوڵتانی هاندا ڕێگاکانی بازرگانی باکوور و پاوانکردنی بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاواو داکردنی کۆنترۆڵ بکات.

یەکەم جار هەوڵی دا سەفەوییەکان قەدەغە بکات لە سود وەرگرتن لە کەرەستە خاوەکانی تایبەت بە دروست کردنی چەك و تفاق و کۆگاکان وەکو مس و ئاسن کە لە ناوچەی ئەنادۆڵدا زۆر بوو. دیسانەوە گەمارۆیەکی بازرگانی لەسەر دەوڵەتی سەفەوی دانا، بەتایبەتی بازرگانی ئاوریشم کە بەخاکی ژێر دەستی عوسمانییەکاندا ڕەت دەبوو لە ڕێگای حەڵەب — ئەسکەندەروونەوە کە بۆ خۆرئاوا دەڕۆیشت و لەوێ بە زێڕ دەدرا، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو شتە هێنراوەکانی سەفەوییەکانی کەم کردبۆوە.

پاشان سوڵتان هەنگاوێکی دیکەی هەڵهێنا، ئەوەبوو کە دەستی بەسەر هەموو کاڵا ئێرانییەکانی گشت بازرگانەکاندا گرت، لەبەرئەوەی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بار دەکرا لە ڕۆمەللی (وڵاتی ڕۆمی)دا، ئەوەش کاری کردە سەر جوڵەی بازرگانی ئەو بازرگانانەی بە دۆڵی دۆزێدا بەرەو باشوور دەچوون.[3]

لە کۆتاییدا سوڵتان بڕیاریدا دەست بەسەر ڕێگاکانی بازرگانی باکوور لەگەڵ هیندستاندا بگرێ، کە دەوڵەتی سەفەویی لەمپەربوو لەهەمبەر ئەوەدا بڕیاریدا بیڕوخێنێت.

بنەمای دووەمیش لەسەر ڕێ و شوێنی مەزهەبی و سیاسی و هزری و دادەمەزرێت.

1- In alcik Halil : The ottoman Economic Mind and Asoect of the ottoman Economy. Studies in the Ecomonomic History of the , middle East. M. A. Cook. 1970 . pp. 213 – 214.

2- ئەووین ڕوجەر : الشرق الاوسط العالمي 1800 – 1914، ل 17.

3 - Inolcik : op. cit. p. 214.





لەڕووی مەزهەبییەوە سوڵتان سەلیمی یەکەم زۆر هەستیار بوو لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی بانگەوازی کەرانی (قزلباش)دا کە پاشا لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا بڵاوی دەکردنەوە تا بانگەوازی شیعە گەری لەناو هۆزە تورکومانەکاندا پەرە پێ بدەن، لەوە ترسا هەزاران تورکومان ببنە شیعە، کە مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر دەوڵەتەکەی دروست دەکات، هەروا پەلهاویشتنی سەفەویەکانیش سەفەوییەکان ناڕەحەتی کردبوو.

پەرەگرتنی ئەو جوڵانەوە شیعەگەرییەی شا بە تۆبزی بڵاوی دەکردەوە پەلهاویشتنەکەی بۆ سەقام گیربوونی مەبەستەکانی و ووژانێکی بەرجەستەیی دروست کرد کەنەك بۆ سوننی پارێزەکانی عوسمانی بە تەنیا، بەڵکو هۆکارێکی چالاك بوو لە گۆڕینی ستراتیجیەتی سیاسیدا چاو بڕینیان لە ئاسیای خۆرئاوادا، کەجاران ئەوروپای خۆرهەڵات هۆش و بیری داگرتبوون.

شایانی باسە ئەم سوڵتانە مێژوویەکی هەیە پڕە لە ڕووبەڕووبونەوە و، لە هەڵمەتەکانیدا بۆ سەر سەفەوییەکان لەناو کەرەجدا سەرکەوتووە،[1] بۆ مێژوو نووسان ئەوە دەردەکەوێ کە لەگەڵ سەفەوییەکاندا زۆر نەیار بووە.

بەم هۆیەوە زنجیرەی یەکەمی کێشەی درێژخایەنی نێوان هەردوولا دەستی پێکرد و، هۆکاری مەزهەبی یەکێك بوو لە پاڵنەرەکان.[2] لە ڕووی سیاسیشەوە ئەنادۆڵی تورکی درێژبوونەوەیەکی ئاسایی بوو بۆ خاکی ئێرانی خاکەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بەو مانایەی کە ڕەگەزی تورکی بنامایەکی ئاسایی هەیەو سەردەمێك توانیویەتی زۆربەی خاکەکانی ئاسیای ناوەڕاست تا دەریای سپی ناوەڕاست داگیربکات و دەوڵەتێکی گەورە بنیات بنێت لەو ناوچانەدا. سەلجوقییەکان و ئەنجا دوای ئەوە عوسمانییەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی تورکی پشتیان بە تورکە ڕەوندەکان بەستووە کە لە خۆرهەڵاتەوە (ئەنادۆڵ یان بەلقان) هاتوون.

دروست بوونی دەوڵەتی سەفەویش لە ئێران بەربەستێکی سیاسی پەیداکردبوو پێوەندی نێوان عوسمانییەکان و بنەچەی خۆرهەڵاتیانی قەدەغە کردبوو، سەرباری ئەوە

1 - بۆ جەنگی میر سەلیم لە کەرەجدا، بڕوانە : صولاق زادە : ل 332 – 333.

2 - الجمیل، سیا : العثمانیون وتکوین العرب الحدیث، ل 332 – 333.

پاشا جیهانێکی تـورکی دیکـەی دانـابوو بـەڵام بـە ئاڕاسـتەیەکی مەزهـەبی و کۆمەڵایـەتی جیاواز لە جیهانی تورکومانی عوسمانی[1]، ئەمەش هاندەری بوو بۆ لابردنی ئـەم کۆسـپە و پێوەنـدی دروسـت کردنـەوە لەگـەڵ خۆرهەڵاتـدا. سـوڵتان سـەلیم شـا ئیـسماعیلی بەتایبەتی بە مەترسیدار دادەنـا و، بـە هۆیـەکی دەزانـی بـۆ لێك هەڵوەشانی ئـەنادۆڵی عوسمانی و ڕووەکانی یـاخی بـوون لەسـەردەمی ڕۆژانـی سـوڵتان بایەزیـدی دووەمـدا کـە ڕوویدا ئەوەی سەلماند و، لابردنی کێشەی ئەنادۆڵ بە لابردنی شا ئیسماعیل دەبێت.

ئەو دوو شـتەی ئاماژەمـان بـۆکردن پێوەنـدیان بـە دوو بنـەماوە هەیـە، کـە ئەوەیـە عوسمانییەکان زەویی ژێر دەسـتی مەمالیکـەکان و بەنـدەرەکانی قیلنقیـا بـە خـاکی ژێـر دەستی خۆیانەوە بلکێنن، چونکە لەوانەیە ڕێگایان لە دەریادا بۆ خۆش بکات بـۆ ئاسـان کردنی تفاقی هەڵمەتـەکانیان لـە داهـاتوودا بـۆ لـەناوبردنی سـەفەوییەکان بەشـێوەیەکی هەرەباش.[2]

لەلایەکی دیکەشەوە مەمالیکەکان کە دەستەڵاتداری شـام و میـسر بـوون دەرکـەوتنی دەوڵەتێکی گەورەی ئیسلامی، بە توانا لەسەر سـنوری ئەوانـدا گەشـە کردبـوو ڕێگایـەکی تایبەتی بۆ ئەمە گرتۆتە بـەر دڵـە ڕاوکـێ ی بـۆ دروسـت کردبـوون. کاتێـك لـە پایتـەختی عوسمانییەکانـدا هەوڵـەکان چـالاکتر بـوون بـۆ گـۆڕینی سیـستەمی پێوەنـدیی نێـوان دوو دەوڵەتەکان دڵە ڕاوکێکە زیاتر بوو، دوای ئەوەی بەکەواتەکان پـارێزەرانی سـنور کەشـای ڕۆمەکان بـوون نازنـاوی سـوڵتانیان بـۆ خۆیـان دانـابوو. (أبـن أیـاس) باسـی کـردووە کـە

---

[1] - شـا ئیـسماعیل جیهـانێکی تـورکی نیمـچە لادێـی پێکهێنـا کـە جیهـانی قزلباشـە کـە بـۆ سـەر کورسـی دەسـتەڵاتیان بەرزکردەوە، هەرچەندە فارسـی زانیـوە، بـەڵام بیرێکـی تورکانـەی هـەبووە بـە تـورکیش دواوە. ئەگـەر دام و دەزگـای بەڕێوەبربردنی ئەو پشتی بەکەتیبە ئێرانییەکان بەستووە لە ویلایەتە تورکییەکانی ڕابردووی سەر بە ئێراندا، بەڵام هێزی سەربازی ئەو پشتی بەو هۆزە تورکییانە بەستبوو کە پاڵپشتی یان لە بیر و بڕوای مەزهەبی ئەو دەکرد کە بانگەشەی بۆی دەکرد. لە ڕوانگەی تورکمانە نیمچە لادێ نشنینەکانەوە، ئەنادۆڵیـەکان گـەلی سـوڵتانن و، ئـەو شـایەی بـە زمـانی بـاوی ئەوان دەدوێ و لە ئەزربیجان دەوڵەتێکی تورکی نمونەیی بنیاتناوە باشترە لە دەوڵەتی عوسمانی کـە مـەیلێکی مەرکـەزی هەیە و لە بنەماڵەی دەستەڵات دارەکانەوە ئاوڕی لەوە نەداوەتەوە پەرە بەپێداویـستی یـەکانی ناوەنـد ببـات کـە لێـوەی پەیدابووە، هەروەها لەو سیستەمە ئیدارییە کە نوێنەرانی ئەو خۆجێ ین و لە چەشنە شارستانیەکانەوە هاتوونە خوار کەچی بەلای ئەوانەوە ئەوانە نـامۆن. (بڕوانـە : تـأریخ العثمانیـة بأشـراف مـانتران، الجزء الاول، الفـصل الخـامس (أوج الامبراطوریة العثمانیة) بقلم جان لوی باکی جرامون، ل 210 – 211.

[2] - عماد : ل 21.





محەمەدی دووەم یەکەم سەرکردەیە نازنـاوی سـوڵتان بـۆ خـۆی دادەنـێ و خـۆی لەگـەڵ فەرمانڕەوایانی میسردا هاوشان دەکات.[1]

گرتنی نازناوی سوڵتان ئاماژە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی گـەورە لەلایـەن عوسمانیانـەوە دەکات، مەبەست لـەوە جـەخت کردنـی ڕۆڵـی جیهانییـە بـۆ سـەڵتەنەتی عوسمـانی. ئـەم سیاسـەتە بـووە هـۆی تێك چـوونی تونـدی پێوەنـدیی عوسمـانی و مـەمالیکی، کێـشەی هەیمەنە کردن بەسەر سـەرکردایەتی کردنـی دنیـای ئیـسلامیداهۆی سـەرەکی و بنـەڕەتی نێـوان عوسمـانی و مـەمالیك بـوو، بـەڵام لـەڕووی هزرییـە، ڕۆشـنبیری وڵاتـی ڕۆم درێژبوونەوەیـەکی سروشـتی و ڕۆشـنبیریی تـورکی و فارسـی بـوو، کـە مەڵبەندەکـەی لـە ئێران و ئاسیای ناوەڕاستدابوو. لەڕووی دەستەڵات و کارگێڕیی و، یاساو زانستی ئـاینی و ئـاداب و هونـەردا، سـەلجوقییەکان و عوسمانییـەکان دوای ئـەوان، بەشـێوەیەکی فـراوان پـشتیان بـەو ڕەوەندانـە دەبەسـت کـە لـە خۆرهەڵاتـەوە دەهـاتن بـۆ هەڵـسوڕاندنی کاروبارەکانی حوکمەت و بەڕێوەبردنی.

ئەدەبی ئەنادۆڵی سەلجوقی هەمووی بە زمانی فارسی بوو. کاتێك ئەدەب بە لـە ژێـر باڵی عوسمانییەکاندا بە تورکی دەرکەوت، لەسەرتادا ئەوەی لە بلیمەتانی خۆی لە ئێـران و ئاسیای ناوەڕاست وەرگرت.

هـەر لەوکاتـەوە دەوڵـەتی سـەفەوی لـە ئێرانـدا لـە سـاڵی (**1502**ز)دا دروسـتبوو، تورکیا لە ئێران و ئاسیای ناوەڕاست دابڕا کە هەردووکیان بەشدارییان کرد لەپەرەسەندن و گەشەکردنی ڕۆشنبیری ئـەو تاڕادەیـەکی زۆر، لەوکاتـەوە تـەنیا لـە سەرچـاوە هـزری ئاینی یەکانی خۆی ڕۆشنبیری وەرگرت لە ئەنادۆڵ و ڕومەللی دا.[2]

عوسمانییەکان هەستیان بەو دابڕانە هزرییە لـە بنـەمای ڕۆشـنبیرییاندا کـرد، ئەمـەش هاندانی بوو بۆ کردنەوەی ئەو سەرچاوە هزرییە خۆرهەڵاتییانە.

---

[1] – أبن أیاس : ج5، ل 364. لەوێ باس کراوە خەلیفەی عەبباسی نازنـاوی سـوڵتان بـە بایەزیـدی یەکـەم دەدات دوای سەرکەوتنی لە شەڕی نیقۆپۆلیس، ل 53بڕوانە.

[2] - دوای ئەوە ڕۆشنبیری تورکی لەسەرچاوەیەکی تر و زۆر جیا لەوەی وەرگیرا، ئەمەش دوای ئـەوەی وڵاتـانی عـەرەبی لەباوەش گرت، هەرچەندە بەرلەوە کاریگەری عەرەبی لەسەر هەبوو.

# جەنگی عوسمانی و سەفەوی

## دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێراندا

هەڵو مەرجی دەرکەوتنی دەوڵەتێکی تازەی شیعە لە ئێراندا بەسەرۆکایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ئەنجامی لێکهەڵوەشانی ئیمپڕاتۆرییەتی تەیموری بوو، کە وڵاتی فارس کەوت بۆ بەر بێ سەرە و بەرەیی دابەش بوون لە نێوان شا لاوازەکاندا. لەگەڵ دەست پێکردنی سەدەی شازەهەمدا بنەماڵەی سەفەویش هاتە سەر تەختی ئێران.

بنەمای ئەم بنەماڵەیە لە ئازەربیجانەوە بووە و، دەدرێتە پاڵ شیخ (ئیسحاق صفی الدین) کە لە ساڵی (1334ز)دا مردووە، کە بابایەکی تورکی سوننە مەزهەب و شێخی تەرقەت بووە و، لە باکووری ئێرانەوە کۆچی کردووە بۆ ئەردەبیل.[1] لە ناوی (صفی الدین) بنەماڵەی سەفەوی وەرگیراوە.

یەکێك لە نەوەکانی شێخ (صفی الدین) بە ناوی (جونەید ی 1447 – 160ز)دا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی پەسند دەکات، بەو پێیە قبوڵ ناکات میرانی سوننە مەزهەب دەستەڵات پەیدا بکەن. دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە ئەنادۆڵدا بە تایبەتی و، هەزاران تورکی لێ کۆبۆوە.[2]

ئەوەی ڕاست بێ خاڵی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی سەفەویدا لەسەر دەستی جونەید هاتە دی، دوای ئەوەی بەهۆی لێك هەڵوەشانی ئیمپڕاتۆرییەتی تەیموری لە دوای مردنی شا هرخ دا دۆخی سیاسی هەموار بوو.[3]

جونەید (خەدیجە بیکم) خوشکی ئوزۆن حەسەن گەورەی ئالاق قۆیناڤ (مەڕەسپی) کردە هاوسەری ژیانی. مەبەستی ئوزون لەمەدە ڕاکێشانی شیعەکان بووە بۆ لای خۆی لەوکێشەو ناتکۆکی یەدا کە لەگەڵ قەرەقۆینلو (مەڕە ڕەش)دا هەیبووە.[4]

---

1 - القزويني : حمد الله المستوفي، نزهة القلوب، ل 81، صفا ذبيح الله، تأريخ ادبيات در ايران، ج4، ل 25 – 26.

2 - الشيبي، كامل مصطفى : الصلة بين القوف والتشيع، ج2، ل 360.

3 - هەمان سەرچاوە.

4 - صفاء : ج4، ل 26





لە لایەکی دیکەشەوە ئەم زەماوەندە هێزێکی تازەی دایە جونەید و سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەردەبیل، بەڵام لەڕێگادا لە شێروان کوژرا.[1]

جونەیدیش حەیدەری کوڕی لە جێگای خۆی داناو، خەڵکیش هەر دەهاتنە ناو بانگەوازەکەیەوە تا وای لێهات زۆر بوون. ئەنجا هەنگاوێکی دیکەی هەڵگرت و ڕێگای تەسەوفی سەفەوی بەرەو مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی برد و، دروشمێکی هەڵگرت کە لەکەسانی دیکەی جیا بکاتەوە، ئەوەبوو کڵاوێکی سوری لەسەر دەنا کە (12) ڕیشووی پێوەبوو، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ (12) ئیمامەکان و، بە تاجی حەیدەر ناودەبرا، بۆیە عوسمانییەکان هەرکەسێ تاج حەیدەری لەسەر نابایە پێ یان دەوت (قزلباش) واتە : سەر سوور. دوای ئەوە ڕووداوەکان بەخێرایی بەسەریەکدا هاتن هەتا ئەو کاتەی (ئیسماعیل) کوڕی شێخ حەیدەر کە نەوەی ئوزۆن حەسەن بووە سەرۆکی خێزانەکە، هاتە سەر کار.

لەسەردەمی ئەودا چەوساندنەوەی سەفەوییەکان دەستی ئالاق قۆینلۆپێکرد، چونکە تورکومانەکانی ئەنادۆڵ ملیان بۆ دەستەڵاتی شێخەکانی تەریقەتی سەفەوی کەچ کردبوو، کە بانگەوازی شیعەیان لەناو خۆدا بڵاو دەکردەوە.

شا ئیسماعیل لە تورکومانەکانی ئەنادۆڵەوە پاڵ پشتی پێ گەیی کە هاتبوونە نێو ڕیزی بانگەوازی ئەوەوە و، کرۆکی لەشکری ئەویان پێکهێنابوو.پاشان بزووتنەوەی شۆڕشی خۆی لە (1499ز)دا لە ئەزربیجانەوە دەستی پێکردو، نازناوی شای لە خۆنا و، دەستەڵاتی بەسەر شێرواندا گرت لەساڵی (1500ز)دا و لی ساڵی (1502ز)دا تەورێزی گرت و لەساڵی (1502ز)دا ئاق قۆینلۆی دەرکردن و ئەوێی کردە پایتەختی خۆی. ساڵی (1505ز) ئەسفەهانی لەگەڵ یەزد و کرمان و باشووری خوڕاسان داگیرکردن و، بەناوی خۆیەوە سکەی پارەی لێدا. بەو هۆیەوە ئیسماعیل دەستەڵاتیبەسەر سەرجەم ئێراندا گرت و لەشەش ساڵداو، ئەنجا بەرەو دەرەوە ڕۆیشت.

نهێنی ئیسماعیل لە دینداری و ئازایەتی و بوێریەکەیدابوو، کاتێك ڕایگەیاند مەزهەبی شیعە مەزهەبێکی نیشتمانی و ڕەسمی و ڕەسمی فارسی یە، پاشان توانی گەلەکەی بە

---

1 - هەمان سەرچاوە.

دڵسۆزی یەك بخات کە ناو دەبرێ بە تەقواو وەرع دژی سوننە مەزهەبە موسڵمانەکان کە لە خۆرهەلاتی ئۆبکەوە و خۆرئاوای عوسمانییەکانەوە دەوریئێرانیاندابوو.

دوای ئەوەی دەستەلاتی بەسەر ئێراندا گرت ڕووی لە عێراقیش کرد کە هێشتا لە ژێر دەستەلاتی (موراد کوڕی یەعقوب میرزا)دا بوو کە نەوەیەکی ئوزون حەسەن بوو، چاوبڕینی شا لە عێراق ئاکامی هاندەری مەزهەبی و سیاسی و ئابووری بوو.

لە ڕووی هاندانی مەزهەبییەوە بزوتنەوەی شا پشتی بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی دەبەست و، فارسی بەیەکەم بەرگری کەر دادەنا لەو مەزهەبە و بە بەرپرسیاری لەقەڵەم دەدا، پاشان ڕزگارکردنی نەجەف و کەربەلا گوڕێکی تەواو بە مەزهەبەکەی دا و ئامانجێکی مەزهەبی هێنایە دی.

سەرباری ئەوەش شیعە لە عێراقدا شایان بە پارێزەری خۆیان تەماشا دەکرد و، لەهەر زیان و تەنگانەیەکدا پەنایان بۆ دەبرد. حوکوومەتی فارس گرنگی بەچاك کردنی بیناسازی شوێنەپیرۆزەکان دەدا، کە شیعەی عێراقی گەیاندە ئەو بڕوایە گەر پێوەندیشیان لەگەڵ سوننیەکاندا تێك بچێ، فارسەکان پشت گیریان لێ دەکەن، بۆیە ئاساییە کە بە تەمای ئەو ڕۆژە بن کە فارس حوکمی عێراقی تێدا دەکات.

لە ڕووی هاندانی ساسیەوە زاڵبوونی بەسەر عێراقدا شکۆیەکی بەرزی لەلایەن شیعەی عێراقەوە پێ درا. دیسانەوە مەسەلەی سنوور لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا سەفەوی و عوسمانی و دیار نەبوونی بەوردی هۆیەکی تری سیاسی بوون، بەهۆی بزوتنەوەی شۆڕشی کوردەکان کە سنورەکانیان دەبڕی کێشەکان زۆرتر و ئاڵۆزتربوون. ئەم هاتوچۆیانە زۆرجار دژوار دەبوون، پەلاماری قافڵە و کاروانی سەردان کەران و کاروانە بازرگانییەکان دەدرا. ئەمەش سەفەوییەکانی هاندا عێرأق داگیربکەن کە نیوەی دانیشتوانی شیعە مەزهەبن و، ئەمەش عوسمانییەکانی هاندا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەفەوییەکاندا لەعێراقدا کە نیوەی ئەو وڵاتە سوننە مەزهەب بوون.

لێرەدا هاندەرێکی دیکەی سیاسی هەبووە لە کێشەی نێوان ئەندامانی هەر دوو خێزاندا لەو دوو بنەماڵە دەستەلات دارەدا لە هەریەکیە لە تەورێز و ئەستەنبوڵدا. لە کاتێدا سەفەوییەکان داڵدەی ئەو خانەوادە عوسمانیانەیان دەدا کە لە دەستی سوڵتان





سەلیمی یەکەم ڕایان کردبوو کاتێك تەنگی پێ چنیبوون، ئەوەندە بەس بوو بۆ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ و ئەو کێشە مێژووییە، بە هۆیەکی ڕاستەوخۆ دادەنرێ بۆ تەقینەوەی تەنگ و چەڵەمەکە، کە بەهۆی هاندەری دیکەوە پێگەیشتبوو.

بەلام لە ڕووی پاڵنەری ئابوورییەوە عێراق خاکەکەی کشتوکاڵی و بەپیت بوو، دەیتوانی پێداویستیەکانی خەڵکی ئێران دابین بکات سەرباری ئەمەش شا ویستی ڕێگای بازرگانی نێوان دیاربەکر و موسڵ کۆنترۆڵ بکات کە قولایی دۆڵی دوو زێ دەبڕێ بەرەو کەنداو بەسەر بەغداددا و، موسڵ لوتکەی ئەم ڕێگایەیە و دەروازەی سروشتی باکووری عێراقە و، هەرێمەکانی ئەنادۆڵ و شام پێکەوە دەبەستێتەوە. شایانی باس کردنە ئەو گەمارۆیەی دەستەلاتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەمدا بەسەر بزوتنەوەی بازرگانی فارسدا سەپاندبووی، کاریگەر بوو بازرگانە ئێرانییەکانی ناچار کرد ملی ڕێی باشوور بگرن.

ئەوەی ڕاستی بێ دەوڵەتی عوسمانی بەچاوی گومانەوە لەوەی دەڕوانی کە لە ناوچەکانی خۆرهەلات ڕووی دەدا لە بزوتنەوەی سەربازیی ئاینی ئێرانی بۆ دەستەلاتگرتن بەسەر ناوچە ستراتیجییە گرنگەکان، پاشان تێکهەڵچوونەکانی سەر سنوورەکان بەیەك بینەیی، ئەمەش وایکرد ناکۆکی نێوانیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشە بکات.

عوسمانی وای دادەنا کە دەرکەوتنی بنەماڵەیەکی بەهێزی شیعە لە ئێراندا و چڕ بوونەوەی لە ناوچەی باکووری خۆرئاوادا لە نزیك تخوبی عوسمانی وەکو بەربەستێك لە نێوان هەردوو وڵاتدا، کە نەتوانرێ ببەزێنرێ، بەربەستی بڕواو ترسانە.

سوڵتان بایەزیدی دووەم بە هەوەنتە هەوڵی دا پێش بە ئیسماعیل بگرێت لەوەدا کە مەزهەب و زانیاری ئەو لە ئەنادۆڵدا بلاوببێتەوە و چالاکی فراوانبوونی ڕابگرێ و، خۆ لە شەڕکردن لەگەڵیدا دوورە پەرێز بگرێت، بەلام چاو بڕینی شا لە بەغداد و جاڕسبوونی

عوسمانییەكانی ورژاندو پێوەندیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە گەیشتەخاڵی نەگەڕانەوە و لە ئاسۆی سیاسیدا نیشانەی شەڕ دەبینرا.(1)

موراد‌ی كوڕی یەعقوب میرزا فەرمانڕەوای بەغداد بە مەبەستەكانی شای زانی و، زانی كە لەوە بێ هێزترە بە تەنیا لە بەرانبەر تەماعەكانی ڕاوەستێت. داوای یارمەتی لە میرنشینی (ذی القدر) كرد لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەڵام ئەو میرنشینە پەكی كەوتبوو نەی توانی هیچ یارمەتی یەك پێشكەش بكات.

موراد كوڕی یەغقوب میرزا ڕووی كردە سوڵتانی (قانسوای غوری) كە هەستی بەمەترسی فرەوانبوونی  شیعە كردبوو بۆ سەر ئەو و مل بە ملەی شا لەگەڵیدا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی عەرەبیدا. هەندێك تەقەلای زەمینە خۆشكەری دا بۆ ئامادەكردنی هێرشێكی سەربازی بۆ ئامادەباش بوون بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەی داخوازیەكانی(2)، بەڵام باری سیاسی دژواری ئەو كە غوری ئەوكاتەپێدا ڕەت دەبوو بواری نەدا جگە لەهەندێك مەشقی سەربازی هیچی دیكەی لە دەست بێت.

لە ئاكامی ئەو هەل و مەرجانەدا، شا توانی عێراق بگرێ و شوێنە پیرۆزەكانی ئیمامەكانی شیعە نۆژەن بكاتەوە و، كودەتا لە دژی زانا سوننەكان بكات و، عێراق مۆركێكی شیعەیی پێوە بلكێنێت.(3)

خۆی وەكو گەورەی بەغدا و عێراق بینی، بێ ئەوەی هیچ كام لەو دوو دەوڵەتە سوننییە گەورەیە، كە عوسمانی و مەمالیكن دەنگیان لێوە بێت، ئەوەی هانی دا بۆ دەرەوەی عێراقیش بڕوانێت ئەوە بوو كە هیوا دوورەكەی شیعەكان بێنێتە دی كە دروست كردنی دەوڵەتێكی شیعەی گەورەبوو لەناوچەكەدا و، سیاسەتی پەلهاویشتنی خۆی لەسەر دوو بنەما دانا :

1. هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ هێزانی نەیار بە دەوڵەتی عوسمانی و مەمالیك.

[1] - pitche . D. E: AHistorical , Geography of the otoman Empire from Earliest Times To the End of Sexteenth century . pp. 101 – 105.

[2] - گرنگترین دژواری كە غوری ئەو كاتە  پێیدا ڕەت دەبوو : چالاكی كەشتی گەلی پورتوگالی بوو لە دەوری كەنارە ئیسلامییەكان و داخرانی دەروازەی دەریای سوور و كەنداوی فارس بەمەبەستی گۆڕینی ڕێی بازرگانی لە میسرەوە بۆ (رأس الرجاو الصالح).

[3] - الجمیل، سیاد : ل 332.





2. بڵاوكردنەوەی مەزهەبی شیعە لەو ناوچانەی لە ژێر ڕكێفی ئەوان دابوون.

لەبەرئەوە مفاوەزاتی لەگەڵ دەوڵەت ئەوروپییەكاندا سازكرد بە تایبەتی بوندوقیە بۆ یارمەتی دانی ئەو و خستنە ڕووی ئەو پرۆسەیەی مەبەستیەتی دەوڵەتی عوسمانی لەنێو ببات، ئەو بەسەر دەوڵەتە ئەوروپییەكانی دا سەپاند گەر دەیانەوێ هەندێ دەستكەوتیان چنگ بكەوێ دەبێ لە ڕومەللی یەوە جوڵە بكات هەتا میسری دەست بكەوێ، بەڵام جگە لە حوكمی ئەنادۆڵ حوكمی شامیش بە دەست دێنێت. ئەوكاتە غوری ڕێگای بە پەیامنێری شا دا كە بە ڕێگای شامدا ڕەت ببێت(1).

لەلایەكی دیكەشەوە شا هەوڵی زۆری دا بۆ بڵاوكردنەوەی مەزهەبی شیعە لە ئەنادۆڵی توركیدا، تا بەمە قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی هەڵتەكێنێت و، لە ڕەگەوە هەڵی كەنێت. شیعەكان لە ئاسیای بچووكدا بەسەركردایەتی شا قولی لە دوا ساڵی حوكمی بایەزیدی دووەمدا شۆڕشیان بەرپاكرد و، بۆ ئەمەش پشتیان بە فەرمانڕەواكانی فارس بەست.(2) وەكو پێشتر باسمان كرد.

هەرچەند سوڵتان بایەزیدی دووەم بڕی مەترسی ئەو گۆڕانەی نەزانی بەرەو مەزهەبی شیعە، بەڵام سوڵتان سەلیمی كوڕی زۆر هەستیار بوو بەرانبەر بەم گۆڕانە. بۆیە دانەما لە پەلاماردانی شیعەكان لە ولأتەكەیدا و كوژاندنەوەی واژاوەكەیان، ئەمەش وای كرد بێتە جێی ئومێدی سەركردە سەربازییەكان لەوانە ئینكشارییەكان لە ڕاوەستاندنی كشانی شیعەدا. بەڵكو بەلای ئەوانە بوو بە ڕزگاركەری دەوڵەتی عوسمانی لە دەستی مەترسیی شیعە و فرەوانبوونی سەفەوییەكان.(3)

ئەوەی ڕاستی بێ هێزەكانی خۆرهەڵات بەشێوەیە بۆ سوڵتان سەلیم دەركەوتن كە هێزێكی نەیار و دوژمنن، لەوكاتەشدا شیعەكان هەوڵی لەناوبردنی توانای عوسمانی یان دەداو، ترس و هەریان بۆ دروست دەكرد.

[1] - Inalcik , H, op. cit. pp. 213 – 214.

[2] - الجمیل، سیاد : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 332.

[3] - هەمان سەرچاوە.

سوڵتانی قانسوا (غوری) لە (بلاتا) باوەشی بۆ شۆڕشگێڕان و ڕاکردوان کردبۆوە، کە لە دەستی سوڵتان سەلیم ڕایان کردبوو ئەنجا پێویستە ئەو لەگەڵ شا لە لایەك و، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ غوری دەبەرێکرا بچێت.

## جەنگی چاڵدێران[1]

سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم پێشەکی لە ڕووی سیاسیەوە سەرکەوتنی ئەوبووە لە دڵنیایی کردنی بەرە ئەوروپییەکاندا، بە بەستنی پەیمانی دیبلۆماسییانە لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتە ئەورپی یەکاندا وەکو ڕابردوو باسمان کرد، لە کاتێکدا بە بەستنی پەیمانی ڕەسمی لەگەڵ مەمالیکەکاندا لە میسر دا لە ساڵی (**1513**ز)دا دژ بە سەفەوییەکان سەرکەوتنی بە دەست هێنا هەرچەندە هەردوولا دوژمنایەتی قایمیان لە نێواندا هەبوو.

گومانی مەمالیکەکانی قۆستەوە لەو توندوتیژیەی کە شا ئیسماعیل لە بەغدا دا دژ بە مەزهەبی سوننییەکان بەکاری هێنا، سەرباری ترسانیان لە دەستەڵاتیان لە وڵاتی شام و میسر لە فرەوانبوونی سەفەوییەکان.[2] بەم شێوەیە سوڵتان سەلیمی یەکەم خۆی لە بارودۆخێکدا بینی، کە دێتە پێش تا بە هەموو متمانەیەك بەرانبەر مل بە ملانەی سەفەویی بێتەوە.

شتێکی ئاسایی بوو کە سوڵتان بە شا ئیسماعیل دەست پێ بکات، چونکە مەترسی یەکەمی پێك دەهێنا بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی. شایانی باسە عوسمانییەکان لە ڕۆژی تەیموور لەنگەوە کە ناوچە عوسمانییەکانی داگیرکردبوون لەگەڵ مەترسی ئاوا گەورە بەرەنگار نەبووبوونەوە. گەر عوسمانییەکان شکابان ئەوکاتە سەفەوییەکان مەزهەبی شیعەیان بە ئەنادۆڵدا بڵاودەکردەوەو ئەو ناوچەیان دەخستە سەر ئێران.

[1] - بۆ جەنگی چاڵدێران بڕوانە : دائرة المعرف الاسلامية، ج**6**، ل **242** . دائـرة المعـارف التركيـة : ج**3**، ل **329** – **331**.

Uzun carsili. I. H. Osomanli Tarini, II. P. 246. فلسفی نصرالله . : ئەو باس لە جەنگی چاڵدێران دەکات لە ڕوانینی ئێرانییەکانەوە. فرید و نابك : منشاط السلاتين : ج**1**، ل **396** – **407** . مێژوویێکی درێژی تێدایە لەبارەی هێرش کردنە سەر فارس.

[2] - الجميل : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 332.





هەنگاوی یەکەم کە سوڵتان سەلیم ئەنجامی دا, پاککردنەوەی ئەنادۆڵ بوو لە شیعەکان و، لە ڕقی شا ئیسماعیل کەوتە چەوساندنەوەی شیعەکان لە وڵاتەکەی دا. لە ساڵی (**1514**ز)دا قەسابخانەیەکی ترسناکی بۆ دانان و، زۆری لەوانە خستە ناو زیندانەکانەوە.

پاشان لە مانگیە هەمان ساڵدا بەرەو شەڕ ڕۆیشت و شاری تەورێز کە پایتەختی شا بوو گرتیە بەر. لەسەر کەناری ئاسیادا سوپایەکی (**140000**) سەربازی کۆکردەوە لە دەشتایی یەکی شەهر.

شا ئیسماعیل خۆی بە تەنیا بینی لەبەردەم ئەم سوڵتانە بەهێزەدا چونکە لە ڕاکێشانی بوندوقییە و دەوڵەتانی ئەورووپی دا بۆ ناو شەڕەکە سەرنەکەوت. بۆ لێدانی عوسمانییەکان، چونکە بوندوقییە لە شەڕی لەگەڵ عوسمانییەکاندا ماڵ وێران بوو بوو ئابووری بە دەستەوە نەمابوو، دەوڵەتانی ئەورووپیش سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکان بوون.

جاڕدانی جەنگەکە بەو نامە گۆڕینانەوە دەستی پێکرد لە نێوان شا و سوڵتاندا کە کۆمەڵە نامەیەکی پڕ لە زێدەڕۆیی بوون و وشەی سوکایەتی ورژێنەریان تێدابوون. زۆرجار ئەم نامانە بە کوشتنی قاسید (نامەبەر) کۆتاییان دەهات.[1] سوڵتانیش میری ئۆزبەگی هاندا کە گەورەترین دوژمنی شابوو بۆ شەڕکردن لەگەڵی دا.

سوپای عوسمانی قونییە و قەیسەرییە و سیواسی بڕی و، کەشتیگەلی ئەو بۆ تەرابزون بەڕێکەوت. سوڵتان (**40**) هەزار سەربازی لە نێوان سیواس و قەیسەرییەدا بەجێهێشت بۆ پاراستنی سنوورەکان، ئەوەی دیکەی بۆ تەورێز نارد[2].

شا بە چاکی زانی بۆ پایتەخت پاشە کشە بکات بۆ پاراستنی، بەڵام کۆمەڵەی قزلباش ڕازی نەبوون و، داوای شەڕیان دەکرد، چونکە عوسمانییەکان کە بە ترسنۆك ناوزەدیان کردبوون توڕەبووبوون.[3]

[1] - سەیری فریدون بك بکە : منشات السلاطين : ج1، ل 347.

[2] - دائرة المعارف الاسلامية : ج12، ل 123.

[3] - الجميل : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 335.

هەردوو دوژمن دەستەو یەخەی یەکتری بوون لە دەشتی چاڵدێران لە ئازربیجان نزیك ماکۆ و خۆرهەلاتی تەورێز لە (23ی ئابی 1514ز)دا شەڕەکە سەری هەڵداو، جەنگێکی خوێناوی قەوما، بەلاّم سەرکەوتن یاوەری عوسمانییەکان بوو، هەزاران قزلباش کوژران و، شا خۆشی برینداربوو لەگەڵ پاشماوەی سوپادا ڕای کردە ناوچە نێخۆییەکانی ئێران، دوای ئەوەی زانی شتێکی نەگونجاو و نابەجێیە بەرگری لە تەورێز بکەن , و زۆر لەسەرکردەکانی بەدیل گیران و، یەکێكێ لە ژنەکانیشی (تاج لی خانم) بە دیل گیراو سوڵتان نەی ناردەوە، بەڵکو وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە شای ئێران لەیەکێ لە میرزا (نووسەر)ەکانی خۆی مارەی بڕی.

تەورێز دەروازەی خۆی بۆ سوڵتان لە (5 ی ئاب)دا کردەوە و، سوڵتان بێ وەیی و ئارامی دا بە دانیشتوانی ئەویێ وە دەستی بەسەر گەنجینەی شا داگرت و بردی بۆ ئەستەنبوڵ. دیسان چەند سەد وەستاو پیشەسازی نارد بۆ مەبەستی پیشەسازی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت لە کاتی جەنگدا، بەوو پێیە سوڵتان لەم ڕوانگەیەوە هۆشیاربووە.

پاشان سوور بوو لەسەر مانەوەی لە شارەکەدا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە گیراوەکان و، ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی سوپاکەی، بۆ دەست پێ کردنی پەلهاویشتن لە خاکی ئێراندا.

## سەرەنجامەکانی جەنگی چاڵدێران

جەنگی چاڵدێران ئەم چەند دەستکەوتێکی بەدواوە بوون، کە گرنگترینیان ئەمانەن :

1. لە جەنگەکەدا عوسمانییەکان بەسەر ئەنادۆڵی خۆرهەلات و خۆرئاوادا زاڵبوون، تەنیا بەشی ژێر ڕکێفی مەمالیکەکان مایەوە.
2. میرە کوردە سوننییەکان کە لە ژێر دەستەلاّتی شیعەکاندا بوون هاتنە گەڵ عوسمانییەکان.





3. کێشەی سەفەوی و عوسمانی (20) ساڵی خایاند تا دوایی هات، چونکە سەفەوییەکان بە بەرکەوتنی ئەم گورزە لە نێو نەچوون دژواربو ئێران لەسەرکەوتنی حوکمی شیعەدا بمێنێتەوە و سەفەوییەکانیش لەنێوبچن[1]
4. ئاکامەکانی چاڵدێران هیوای ئینکشاریەی نەهێنایەدی، کە پێشنیازیان کردبوو لەلای سوڵتان سەلیم کە دوای جەنگەکە زستان لە (کراباغ) بەسەر ببەن، چونکە بار ناهەمواربوو.

بەم شێوەیە زنجیرەیەکی نوێ لە پەرەستاندنەکانی هەڵوێستەکە دەستی پێ کرد دوای زاڵ بوون بەسەر تەورێز و هێزی شادا، وە پەلهاویشتنی سوڵتان سەلیم لە داهاتوودا وەکو چەن ئاکامێکی گشتی سەرچاوەی گرت کە ئەم جەنگە بایەخی پێدا.[2]

## ڕووداوە سەربازییەکانی دوای چاڵدێران

سوڵتان سەلیم سەرکەوتنی لە چاڵدێراندا قۆزتەوە و، لە دوای (8) ڕۆژ پشودان و، هەڵمەتێکی ڕاوەدونانی دەست پێ کرد، تا ڕووباری (ئاراس) چوو وەدوای شا کەوت، بەلاّم نەچوونی ئینکشاریەکان بۆ پێشەوە بەهۆی سەرماو کەمیی تفاق و خەرج ناچاریان کرد بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە و زستان لە شاری (ئەماسیا)دا بەسەر ببات. لە ئایندەشدا دوای شەڕی چاڵدێران ئەو ناوچەیە بوو بە بنکەیەك بۆ بزوتنەوەی سەربازی و مەڵبەندێکی سوڵتان.

ئەوەی ڕاستی بێت سوڵتان ویستی بڕواتە نێو قوڵی ئێرانەوە بەلاّم نەی توانی، سەرباری دەرکەوتنی نارەزایی لە ئینکشاریەکانەوە هەل و مەرج بەگشتی و دۆخی سەربازی دژوار بوو. ئەوەبوو تفاق لە بڕان بوو، بەهۆی ڕزگارکردنی ڕێگای حەڵەب لەلایەن غورییەوە دەغڵ و دان گران بوو دیسان شا بەقەستی بەر لە کشانەوەی تفاق و زەخیرەی خۆی سووتاند و، سوپای عوسمانی دوای لە دەست دانی هەندێك لە سەرکردەکانی لەشەڕی چاڵدێراندا ماندوو شەکەت بوو بوون.[3]

---

[1] - أوزتونا : ج1، ل 219 – 220 .pitcher op. cit , p.103

[2] - الجميل : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 336.

[3] - دائرة المعارف التركية : ج 10، ل 432 .

لەنەنجامی ئەو بارودۆخانە کە خۆی تێدابینیەوە، ستراتیجیەتی سیاسی و جەنگی خۆی گۆڕی، زانی بە گەمارۆی ئابووریی خستنە سەر ئێران، ئێران دەڕوخێت. بۆ هێنانەدی ئەمەش پێویستە ولاتی جەزیرەو شام بخرێنە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەنجام دانی گەمارۆ بەسەر شادا لە خۆرئاواوە و باکوور و باشوورەوە.

سوڵتان لە ساڵی (**1515**ز) لە ڕێگای ئەنادۆڵی خۆرهەلاتی کوردستانەوە گەڕایەوە ئێران و ئازربایجانی گرت و چووە ئێریڤانەوە کە پایتەختی ئەرمەنەکان بوو، ئەنجا سەردانی کوردستانی کرد. لەهەمان کاتدا شێخ ئیدریسی بەدلیسی هەڵبژارد بۆ وروژاندنی میرە کوردەکان و سەرۆك هۆزەکان و دەرەبەگەکان لە دژی شا.[1]

بەدلیسی لە ڕۆڵەکەیدا سەرکەوت بەهۆی بێزاریی گشتی لە سەفەوییەکان و، چاوەڕوانبوونی عێراق و ولاتی جەزیرە کە کەسێك لە دەستی دەستەلاتی سەفەوییەکان دەربازیان بکات، سەرباری کاریگەریی ویلایەتی ئاینی کە ئالای ئەویان هەڵگرتبوو و، شێوازەکانی دیبلۆماسی لەگەڵ گەورەکانی کۆمەلایەتی دا. ئەنجا خەڵکی لەو ناوچانەوە دەستیان بە شۆڕش کرد لە دژی حوکمی سەفەویی وەکو : دیاربەکر و بەدلیس و ئەرزن و باڵو و ئەناق و میافارقین و شوێنی دیکە، ڕاپەڕینەکە درێژەی کێشا هەتا کەرکووك و هەولێریشی گرتەوە.

سولتانیش هەڵمەتی خۆی بۆسەر هەرێمەکانی سەفەوی نوێ کردەوەو قەلاکەی (کماخ)ی گرت کە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ و، قەلای بوستان و مەرعشیش کە هەرلەوێ بوو، پاشان بۆ ئەستەنبوڵ گەڕایەوە و، سەرکردەکانی هێشتەوە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی ئێران و تۆکمەکردنی ئەم گرتنانە لە خۆرئاوایدا.

itcher : op. citm p. 103 . Longrigg SH. Four Centuries of Modern Iraq p. 20.

[1] - سعدالدین : ج2، ل 321 – 322.





کاتێك گەیشتە ئەوێ فەرمانی بەکوشتنی هەندێ لە ئەفسەرانی ئینکشاریە دا کە نەیان دەهێشت بچنە نێو ولاتی فارسەوە لەوانە جەعفەر چەلەبی، قازیی سەربازی ئینکشارییە.[1]

سوپای عوسمانی لەساڵی (**1516**ز)دا هاتە نێو کوردستانەوە و دیاربەکر و ڕەهاو ماردین و قەلای کیفا و ڕەققە و نەینەوای گرت. بەمەش کلیلەی باکووری عێراق کەوتە دەست عوسمانییەکان لەکاتێکدا والیی بەغدا ویلایەتی بۆ سوڵتان ڕاگەیاند سوڵتان سەلیمی یەکەم بووبە سوڵتانی عێراقیەکانیش.

بەم جەنگە سەرکەوتووە دانیشتوانی عەرەب لە فوراتی ناوەڕاستدا کەوتنە ژێر باری عوسمانییەکانەوە و، عوسمانییەکان شوێن پێی خۆیان لە خۆرهەلاتی عەرەب نشیندا چەسپاند.

ئەوەی ڕاستی بێت گورزەکە بۆسەر شا کاریگەر بوو، بەلام لەنێوی نەبرد. سەرباری لاوازبوونی تۆقی سەفەوی و زاڵبوون بەسەر ئەو هێزە خۆجێ یەدا کە بەرەو ڕووی عوسمانییەکان قیتی کردبۆوە، ئەو توانی هێز و سوپا و دەوڵەتی خۆی ڕێك بخاتەوە، کە لە ئایندەدا کاردانەوەی بۆسەر پێوەندی عوسمانی و سەفەویی هەبوو.

## کشانی عوسمانی بەرەو ولاتە عەرەبییەکان

## ( پێوەندیی عوسمانی و مەمالیکەکان )

دیاردەی گرتنی ولاتانی عەرەب لە لایەن عوسمانیانەوە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی (**16**)دا، دیاردەیەکی مێژووییە شایانی توێژینەوەیەو، بە ڕاستی ئەم گرتنە (**4**) سەدەی خایاند لە مێژووی تازەدا، هەروەها لە چەند بەشێکی ستراتیجی ئاسیا و ئەفریقیادا. جیهانی عەرەبی یەکێك بوو لەو سێ جیهانە کە هەر لە سەدەی (**16**)وە دەوڵەتی عوسمانی پێکهێنا، بەلام جیهانێکی دیکە جیهانی ئەنادۆڵ و ڕومەللی یە.

ئەوەی ڕاستی بێ هەل و مەرجی ناوخۆ و دەرەوەی ناوچەی عەرەبی عوسمانییەکانی هاندا ولاتانی عەرەبی بگرن. وەك بڵێ ی جیهانی عەرەب ویستی جیهانی مەمالیکی

[1] - محمد فرید بك : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 191.

بگۆڕێ بە دەستەڵاتی تازەی عوسمانی، گەلانی عەرەبی لەسەر شێوازی دەوڵەت و دەوڵەتی بچووکی سوڵتانی مۆرکیان وەرگرتبوو[1]

بەلأم ناوچە عەرەب نشینەکان بەهۆی کێشە هەرێمی یەکانی نێوان سەفەوی و مەمالیك و عوسمانی چڕژابوون، گۆڕەپانێك بوون بۆ هەڕەشەی وڵاتانی ئەوروپی و تەماعی ئەوان، بە تایبەتی پورتوگال، کە هەڕەشەیەکی ڕأستەوخۆی بۆ کەنارەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە بەشی باشووری خۆهەلأت و، لای خۆرئاواشی دروست کردبوو، چونکە بەندەرەکانی دەکەوتنە سەر ڕێگای بازرگانی کردن لەگەڵ هیندستانەوە.

لە ئاکامی ئەوەدا کە عوسمانییەکان هەرێمی دوورگەی فوراتیان گرت ڕێگا لە بەرانبەر عوسمانییەکان والأ بووە بۆ کشان بەرەو نیشتمانی عەرەب بۆ دابین کردنی هێڵە ستراتیجی یە نوێیەکان لە وڵاتی شام دا یان عێراق کە بگاتە زەریای هیندی.

ئەوەی ڕاستی بێ پێوەندیی دەوڵەتی عوسمانی هەتا ساڵی (**1453**ز) پێوەندی ڕووخۆشی و هاوکاری بووە، ئەمەش لە ڕێگای نامە کاری و دیاری و نوێنەر گۆڕینەوەدا. هەتا ڕووخانی قوستەنتینییەش لەم ساڵەدا کاربەدەستانی عوسمانی دانیان بەوەدا دانا کە ئاین و سیاسەتی مەمالیك وەکو دەست ڕۆیشتوو بۆ دنیای ئیسلامی ڕیزی پێشەوە دەگرن و، دەورێکی خاکی یان دەگێڕا بۆ خۆیان کە بریتی بوولە پاراستنی سەر سنورەکان. وە مەمالیکەکان بزوتنەوەی عوسمانییەکانی یان وەکو بەشێك لە مەسەلە ئیسلامییە گشتی یەکان سەیری دەکرد، دیسان گیرانی قوستەنتینییەیان لەلایەن عوسمانییەوە بەسەرکەوتنی بۆ موسڵمانانی دادەنا.[2]

لەهەمان کاتدا عوسمانییەکان سووربوون لەسەر کۆکردنەوەی هێزی موسڵمانان لە ئەنادۆڵدا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێزەنتی یەکان و ئەوروپی یەکان، لەلایەکی دیکەوە ئەوان سووربوون لەسەر بەهێزکردنی شیرازەی برایانەی ئیسلامی لەگەڵ مەڵبەندەکانی دیکەی ئیسلامی دا. هەر لە سەردەمی مورادی یەکەمی عوسمانی دا بایەخێکی تایبەتیان

1 - الجميل : ل **356**

2 - أبن تغرى بردى : سەرچاوەی ڕابردوو، ج16، ل 70 – 71.





بە توند و تۆڵیی پێوەندیی لەگەڵ مەمالیکەکان دا کە گەورەترین سەرکردایەتی ئیسلامی بووە لەوکاتەدا.

بەلأم دوای ساڵی (**1453**ز) بارودۆخەکە بە تەواویی گۆڕا. کاتێك لەو قۆناغەدا دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنادۆڵ و جەزیرەدا لە باکوورەوە تا دەریای سپی ناوەڕاست لە باشووردا هەڵکشا ئەنجا بەرەو تۆڕۆس. هاو کات مەمالیکەکان قیلقیایان کۆنتڕۆڵ کردبوو.

لەگەڵ سووربوونی عوسمانی بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی نێوانیان، بەلأم مەمالیکەکان بە خاوی و ساردی بەرەو پێوەندییەکە دەهاتن دوای ئەوەی زانی یان کە جەماوەری عوسمانی زیادبووە لەنێو موسڵماناندا لە دوای گرتنی قوستەنتینییەدا. زۆری نەبرد مەمالیك ترسی عوسمانییەکان کەوتە کەڵکەڵەیان، لە هەست کردن بەسەر بڵندی یەوە گۆڕا بۆ هەست کردن بە ئیرەیی.

مل بەملانێ کردن لەسەر سەرداریی جیهانی ئیسلامی لەو کاتەدا گەیشتە چڵە پۆپە لە نێوان سێ زل هێزە گەورە ئیسلامییەکان : (عوسمانی و مەمالیك و سەفەویی)، ئەمەش عوسمانییەکنی هاندا لەگەڵ سەفەوییەکاندا دەبەریەك ڕابچن و توانایان ڕاگرت، پاشان ڕوویان لە خۆرهەلأتی عەرەبی کرد بۆ بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ مەمالیکەکاندا. سوڵتان سەلیم ئامادەبوو بۆ ئەنجام دانی نەخشە گەورەکەی لە خۆرهەلأتدا، کە بە خۆڕاگرتن بەرانبەر بە سیاسەتی دوژمنکارانە ناسراوە، چونکە عەرەبەکان لەم پیاوە نامۆیە نوێ یە ئەوەیان دەخواست جارێکی دیکە ڕزگاریان بێتەوە لەسەر دەستی ئەو و دەستەلأتی ستەمکارانەی مەمالیکەکانیان لەسەر هەڵگرێت.[1]

یەکەم ئەزموونی ئاشکرا بۆ پێشبڕکێ ی عوسمانی و مەمالیك بە کارەساتی دیبلۆماسی ساڵی (**1463**ز) دەردەکەوێ، کاتێ بالوێزی عوسمانی یاخیبوو مل بۆ سوڵتان مەمالیکی لە قاهیرە دا دانوێنێت.[2]

کێشە لەسەر ویلایەتی قرمانی و، دەستەلأتی ڕزگارکردنیعوسمانی بەسەریدا لەساڵی (**1464**ز)دا بووە هۆی ڕوودانییەکەم دەبەریەك ڕاچوونی سیاسی گەورە و، بردنە

1 - **Shaw : op. cit. i. p. 82.**

2 - ئیڤانۆف : ل55.

سەری ئەم میرنشینە بۆسەر شانشینی عوسمانی لەساڵی (**1468**ز)دا سەرەتای بۆبەرەو ڕووبوونەوەیەكی فراوان دیاری كرد.

میرنشینی جیا جیا لە نێوان دەستەڵاتی هەردوو لادا وەكو : میرنشینی ڕەمەزان لە قیلقیا و، میرنشینی (ذی القدر) لە (كەبادوكیا)دا گۆڕان بۆ گۆڕەپانێكی سەرەكی مل بە ملەی نێوان هەردوو دەوڵەتەكان، دەوڵەتی عوسمانی میرنشینی یەكەمی داگیركرد و، مەمالیك میرنشینی دووەمی داگیركرد، بەم شێوەیە هەردوو دەوڵەت بوونە دراوسێ ی یەكدی و، ئەمەش وای كرد بەشێوەیەكی ئاسایی كە دەبەریەك ڕاچوونیان لە نێواندا بقەومێ.[1]

ئەوكاتە عوسمانییەكان توانیان ڕێگای بازرگانی داگیربكەن و، دەست بەسەر سەرچاوە خاوە زۆر گرنگەكانی مەمالیكەكاندا بگرێ وەكو تەختەی كەشتی یەكان. هەموو هەوڵێكی دا بۆ لاوازكردنی توانای مەمالیكەكان لە ڕووی سەربازییەوەش تەگەرەی خستە بەر دەم كڕین و فرۆشتنی لاوان لە بازاڕی دەریای ڕەشدا بۆ گواستنەوەیان بۆ میسر. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم كارە هۆیەك بوو بۆ چالاكی عوسمانی لە نیمچە دوورگەی قرم و قەوقاسدا، لەوانەش هەڵمەتی عوسمانییەكان بۆ چیركاسیا لە ساڵی (**1484**ز)دا، كە لەو ماوەیەدا تەواوی مەڵبەندە سەرەكییەكانی لە ڕووی مرۆییەوە كە كۆمەكی و یارمەتییان بۆ مەمالیك دابین دەكرد لەنێو برد.[2]

ئەنجا پێكدادانی چەكدارانە كە لەگەڵ زیلقەدەر دا ڕوویدا لە نێوان ساڵانی (**1483 – 1485**ز)دا بووە هۆی سەرهەڵدانییەكەم جەنگی عوسمانی و مەمالیك لە (**1486 – 1491**ز)دا و، دوای ناوبژیكاری (بای تونس) بە ئاشتەوایی كۆتایی هات.

ئەوەی ڕاستی بێ ئاگر بەستەكە زیاتر لە چارەكە سەدەیەكی پێ نەچوو، چونكە جەماوەری موسڵمانان لەوكاتەدا عوسمانییەكانی زیاتر بە دڵدا چوو، زیاتر پشگیریان لە توانای سەربازیی ئەوان كرد چونكە، وەكو پەرژینێك بۆ موسڵمانان هەیەتی دەركەوت. سەركەوتنی سوڵتان سەلیم لە چاڵدێران بەسەر سەفەوییەكاندا غوری بێزار كرد كە دەی

[1] - دائرة المعارف الاسلامیة : ج9، ل 399 – 401.
[2] - ئیڤانۆف : ل 56.





ویست وەكو نێوبژیوان لە نێوان عوسمانی و سەفەوی دا كاربكات، تا سیاسەتی مەمالیك لە ناوچەكەدا بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی مەمالیكان بێت. بێگومان سەركەوتنی عوسمانییەكان لە چاڵدێراندا كارێكی چاوەڕوان كراو نەبوو بۆ مەمالیكەكان و، میسرییەكان نەیانتوانی جێ هیوای خۆیان بشارنەوە و، مەمالیكەكان بەم سەركەوتنەی ئەوان دڵخۆش نەبوون، هەرچەندە سوننەكان لە دنیادا پێ ی شادمان بوون.

سوڵتانی مەمالیك چاك دەیزانێ، لایەنی سەركەوتوو لەم دووانەدا لە داهاتوو هەڵوێستی خۆی ساغ دەكاتەوە لە خۆرهەڵاتی عەرەبی دا بە شەڕكردن لەگەڵ مەمالیكەكاندا. ئەنجا پێویستە یەكێك لەم سێ ڕێگایانە هەڵبژێرێت لە بەرانبەر ئەم گەشە كردنە سیاسی و سەربازییە خێرایانەدا :

1. یان دەبێ لایەنگریی عوسمانییەكان بكات دژ بەسەفەوییەكان.
2. یان دەبێ لایەنگریی سەفەوییەكان بكات دژ بە عوسمانییەكان.
3. یان دەبێ بێ لایەن بێت.

مەمالیكەكان بینیان ئەگەر ئەوان هاوكاریی عوسمانییەكان بكەن، هاوسەنگی بە تەواوی تێك دەدات و لەبەرژەوەندی ئەوانەدا دەبێت لە كاتێدا بیانەوێ لە خۆرهەڵاتی عەرەبی دا بكشێن مەترسی بۆ ئەوان دروست دەكەن. گەر بچنە نێو سەفەوییەكانیشەوە زۆر ئاستەنگ، بە تایبەتی تەگەرەی مەزهەبی دێتە پێشەوە.

بۆیە بە چاكیان زانی بێ لایەن ڕاوەستن و دەوڵەتی عوسمانی بە تەنیا لێ بگەڕێن بەرەو ڕووی سەفەوییەكان ببێتەوە، بیریان لەوە نەدەكردەوە گەر شا سەربكەوێ چی بە مەمالیك دەكات و، پێوەندی لەگەڵ پورتوگال پتەوتر دەكات و، گویان بەلایەنی مەزهەبی نەدا كە هەردوو لا سوننە مەزهەبن و خۆشی گەورە سوننە مەوهەبێكە دەبێ یارمەتی عوسمانییەكان بدات لەو تەنگژەیەدا.

سەرباری ئەوەش قانسوە غوری ویستی پلانێكی پیس بۆ بە گژیەكداكردنی عوسمانی و سەفەوی دارێژێت، تایەكێك لەو دوژمنانە ئەوی دیكە قەلاچۆبكات، پاشان مەمالیك بەدەوری سەرەوەری سوننەگەری هەڵدەستێ و دەبێ بەڕزگاركەری سوننە و ئیسلام،

بەڵكو میراتی سەڵتەنەتی عوسمانی بۆ ئەو دەمێنێتـەوە، وای زانـی عوسمانییـەكان قـەت بەسەر سەفەوییكاندا زاڵ نابن هو لێی نابەنەوە.

كردارەكانی پەلهاوێژیەكانی عوسمانی دوای چاڵدێران له دیاربەكر و زی القەدر ئاماژە دەكەن كه ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی پێوەندییان به یەكترەوە نابێ تـەنیا بـه سوپانەوە نەبێ بەدەوری نووكی ئەو خاكە دەست بەسەردا داگیراوە نـەبێ كـه لـه وڵاتـی دووزێ دا خۆی دەنوێنێ كه بۆ دەوری عەینتاب و مەڵتییە بەرەو باكووری نێوان سیواس و ئەزربیجان درێژدەبێتەوە. ئەمەش كۆسپێكی ستراتیژی پێك هێنـا دڵـه ڕاوكـێ ی خـسته دڵی سوڵتانی عوسمانییەوە بۆ كاتی هێرشی دیكە له داهاتوودا بۆسەر ئێران. بەوشێوەیە مەسەلەی كێشە لەگەڵ شیعە توندەكاندا گۆڕا بـه كێـشە لـه نێـوان دوو دەوڵـەتی سـوننە مەزهەبدا. وەدەركەوت كه ئەم مەسـەلەیە ئـەو پریـشكە ئـاگرەبوو ئـاگری جـەنگی نێـوان هەردوو لای لێكەوتەوە.

هەرچەندە نوێنەری عوسمانی له ئایاری (1514ز)دا گەیشتە قـاهیرە پێـشنیازێكی تێدابوو بۆ بەستنی هاوپەیمانییەك له نێوان عوسمانی و مەمالیكدا بۆ جەنگ كردن لەگـەڵ سەفەوییەكاندا، بەڵام مەمالیكەكان پێنیازەكەیان پەسند نەكردو، دەستیان به سیاسەتی خۆیانەوە گرت لەگەڵ هەڵبژاردنی هەڵوێستی چاوەڕێ كردندا.[1]

## جەنگی مەرەج دابیق و، گرتنی وڵاتی شام (1516ز)

عوسمانییـــەكان سیاســـەتی مەمالیكـــەكانیان بـــه ڕواڵـــەتێكی دوژمنكارانـــەی ڕووت دەخەمڵانـد و، بـه دوژمنـی سـەرەكییان دادەنـان. سـوڵتان سـەلیم لەپەلـە پـێ كردنـی ڕووداوەكاندا له هەمبەر مەمالیكدا سەركەوت، تا بتوانێ چەند هۆكارێكی سـتراتیژی بـاش دابین بكات و خاكی ژێر دەستەڵاتی مەمالیكەكانیش بخاتەوە سەر خاكی ژێر دەسـتەڵاتی خۆیەوە. ئەمەش به زاڵبوونی بەسەر بەندەری قیلیقیادا، بۆ دابین كردنی ڕێگای ئاوی كه ئەستەنبوڵ به بیاسەوە دەلكێنێت.

[1] - ئیڤانۆف : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 60.





قانسوە غوری لەكاتی جەنگی عوسمانی و سەفەویدا تەنیا هێزێكی بۆ حەڵەب نارد بـۆ پاراستنی ئەو خاكەی له ژێر دەستی ئەودایە. ناردنی ئەو هێزەش و ڕێگا گرتن له سوپای عوسمانی كه بەو ڕێگایەدا گوزەر بكات كه لـەژێر دەسـتەڵاتی مەمالیكەكاندایـە پێوەنـدی نێـوان سـەلیم و قانسوە غـوری تێـك دا. بـه ئاشـكرای دەركـەوت سـەلیم لـه چـاڵدێران بگەڕێتەوە پەلاماری مەمالیك دەدات، چونكه له بوونی دوو دەوڵەتی گەورەی نـەیار، كـه بەسەر سنووری باشووری دا بروانن، دەترسێت.

كـه نەخـشەی جـەنگێكی گـەرم ئەسـتەنبوڵی داگرتبـوو كـه عوسمانییـەكان دژ بـه مـەمالیك كێشابوویان، وەك جـەنگێكی پێویـست لەسـەر هـەموو موسـڵمانان. دیـسانەوە زانایانی ژێر دەستەڵاتی عوسمـانی سـێ فتوایـان دا كـه مـۆركێكی تێكۆشـانی ئـاینی یـان بەجەنگەكەدەدا دوای ئەوەی مەمالیكیان بەوە تاوانبـار كـرد كـه ناپـاكی لەگـەڵ جیهـانی ئیسلامی كردووە.[1]

دیارترینی ئەو ئاراستانە ئەوەبوو كه سـوڵتان سـەلیم دوای گەڕانـەوەی لـه ناوچـەی ژێـر دەسـتەڵاتی فـارس پەلـەی كـرد لـه گرێـدانی میرنـشینی (زولقـەدەر) بـه دەسـتەڵاتی عوسمانییـەوە كـه نـاوبڕێ بـوو لـه نێـوان ئـەو مەمالیكـدا و ئـەوان دەیـان پاراسـت و، فەرمانڕەوایەكەی گرت و سەری بڕی و ڕەوانەی قاهیرەی كردەوە.

وا دەردەكـەوێ كـه هـۆی ڕاسـتەوخۆی ڕووخانـدنی ئـەم میرنـشینەپێوەندی بـەو پەلامارانەوە هەبوو كه بەردەوام دەكرانە سەر كاروانە عوسمانییەكان و كۆمـەكی جـەنگی لـێ قەدەدەغـە دەكـردن كـه بـەرەو بـەرەی خۆرهـەڵات بـڕۆن، سـەلیم و شـای مـەرعش و بوستان و عەینتاب و مەڵتی یە تۆڵـەیان لێكردەوە، مانـای وایـە ڕیگـای بـۆ كرایـەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ مەمالیكەكانـدا. قانـسوە غـوری ئـەم هەڵـسوكەوتەی سـەلیمی بەجاڕی جەنگ وەسف كرد. بڕیاری دا شكۆی خۆی له ناوچەكەدا بگێڕێتەوە و دەستوری ئامادەباشی دا بۆ جەنگ كردن.

وا دەردەكەوێ كه غوری حەزی نەدەكرد پێوەندی نێوان ئـەو و سـوڵتانی عوسمـانی بۆ جەنگ پـەرەبستێنێ و تەقەلای دەدا خۆی لێ به دووربگرێت. ئـەو ئاگـاداری بـارودۆخی

[1] - لەبارەی بێزاری مەمالیك و غوری، بڕوانە : ابن ایاس، ج5، ل89 – 92.

ئەو کاتی دەستەڵاتی مەمالیکان و هاوسۆزیی بەربڵاو لەگەڵ عوسمانیان بوو[1] بەهۆی کاری سەرهەڵدانی یاخی بوون دژ بە ئەو لە میسر و شام و دوورگەی عەرەبیدا، سەرباری ڕاپەڕینی پورتوگالەکان لە دژی لە ئاوی ئیسلامی و ئۆقیانووسی هیندی دا.

هەڵوێستی نەیاری کەوتە لەشکری مەمالیکیشەوە و، ئاستی ڕێك و پێکی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی و، ناڕەزایی سوپا بەرز دەبۆوە و داوای ماڵ وپارە و بەخشیش و گۆشتیان دەکرد و، دەستیان کرد بە یاخیبوون و دەچوون لەشەقامەکاندا دزی و جەردەیی و ڕێگریان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو هۆیانەدا غوری دڵنیا بوو کە ئەو ئامادەسازی تێدا نییە بۆ چوونەوە نێو جەنگێکی گەورەوە دژ بە زل هێزی عوسمانی و، هەوڵی دا بەهەر هۆیەك بێت هەڵگیرسانەکەی دوابخات، بەڵام سەلیم سووربوو لەسەر ئەوە یان شمشێر ناوبژی کەر دەبێ یان دەبێ غوری ملی بۆ کەچ بکات.

سولّتانی میسر هەستی کرد کە سولّتان بە تەنیا ناتوانێت لە بەرانبەر سوپای عوسمانی پڕ چەك و ئامادە دا خۆڕاگرێ. بۆیە لەگەڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی دا داوای هاوپەیمانی کرد دژ بەو دوژمنە هاوبەشە،ڕەنگبێ ئەوەی هانی دابێ ئەم ڕێگایە بگرێ ئەوە بووبێ کە شا دوای چالّدێران بەردەوام دژ بە سولّتان سەلیم کاری دەکرد.[2]

بەلّام حەز نەکردنی شا بەغوری هیچی کەمتر نەبوو لە حەزنەکردنی بەسەلیم. سەرباری ئەوە دوای چالّدێران بیری لە جەنگێکی تازە نەکردبۆوە کە بە ئاشکرای لەگەڵ عوسمانییەکان هەڵی گیرسێنێتەوە، تەنیا بەوەندە وازی هێنا کە حوکمی خۆی لە ئێراندا تۆکمە بکات و دای کوتێ و، بەهەندێك کاری یاخی یانەی کەم هەڵبستێت. بۆیە هەوڵی غوری بۆ هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ئیسماعیل دا ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکو کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو بۆ سەر پێوەندیی ئەو لەگەڵ عوسمانییەکاندا و ئەو هەوڵەیان بەخەنجەرێك زانی کە لە پشتەوە لە عوسمانییەکان بدرێ و، شەڕەکە بوو بە شتێکی مسۆگەر لە نێوان هەردوو لادا.

---

1 - ابن اياس : ج5، ل 89 – 92.

2 - شا جموجووڵی یاخیبوونی ئەنجام دا، کە لە هەڵمەتی سەربازی یانەی ڕێکدا خۆی دەنواند دژ بە مەڵبەندەکانی دەستەلاتی عوسمانی لە بارەی ئەم جموجۆڵانە بڕوانە : الجمیل، سەرچاوەی ڕابردوو، ل 338 – 342.





سەرباری ئەوەش قانسوە غوری هیوای بەرنەدا بۆ موفاوەزاتی ئاشتەوایی. هەوڵی دیبلۆماسیانەی دا لەگەڵ عوسمانییەکاندا بۆ ئەوەی ئەو ئەندێشەیە لە هزریاندا بڕوێنێت و، ئەوە بقۆزێتەوە بۆ خۆی بۆ شێواندنی دوژمن، هێشتنەوەی دەست پێشخەری لە دەستی سەڵتان سەلیم دا کە هەتا ساتی دوایی سووربوو لەسەر دیاری کردنی کات و شوێنی جەنگەکە، لە ئەنجامی ئەوەدا غوری بەر لە دەست پێکردنی هێرشی عوسمانی پێشوازی لە نوێنەرێکی دیکەی عوسمانی کرد و، پێشنیازی ئەوەی لەگەڵدا کرد کە بازرگانی دەست پێ بکەنەوە..[1] بەلّام لە دوا بڕیاردا سولّتان سەلیم سوور بوو کە دەبێ شمشێر ناوبژی کەر بێت. هەریەکەیان چەندان شێوازی گرتەبەر بۆلاوازکردنی هێزەکەی ئەوی دیکەیان. وەکو تاوانبار کردنییەکدی بە ناپاکی کردن لە خەباتدا لەدژی ئەوروپادا. عوسمانییەکان مەمالیکەکانیان بەوە تاوانبار کرد کە ناپاکی یان دژ بە دنیای ئیسلامی کردووە، مەمالیکیش سولّتان سەلیمیان تاوانبار کرد و بە شای ڕۆمیان ناودەبرد[2]، کە لە ئاینی پاکی ئیسلام و سوننەت لای داوە.[3] هەریەکە بۆ خۆی لەناو ئەوی دیکەدا یاریدەدەری بۆ خۆی کۆدەکردەوە. ئەستەنبوڵ و قاهیرە بووبوون بە پەناگایەکی سیاسی بۆ هەر کاربەدەست و سەردارێك کە لەبەر چەنگی سولّتانی خۆی ڕای دەکرد بەلّام سود وەرڕزگارکردنی سولّتان سەلیم لە پەنابەران گەلێك زۆرتر بوو لە سوود وەرگرتنی غوری لە پەنابەرانی عوسمانی بۆلای ئەو و لێکهەلّوەشانی ناوخۆی مەمالیك بواری پتری سود بەخشی دا بە سەلیم، پێچەوانەی بەرەی ناوخۆی عوسمانی توندوتۆڵ.

عوسمانییەکان توانیان هەندێك گەورە پیاوی مەمالیك بۆلای خۆیان ڕابکێشن وەکو : یونس بەگ والی عینتاب و، خەیر بەگ فەرمانڕەوای حەلّەب کە نەیانهێشت لە شام و میسر بەرگریی دابنرێت، کەچی غوری جگە لە سوودی دەروونی هیچ سودێکی لەپەناهەندە عوسمانییەکان نەبینی، ئەمەش بووە هۆی نەمانی وزەو توانستی مەمالیکەکان و لە دەستدانی توانا و چالاکیی.

---

1 - ابن اياس : ج5، ل 60.

2 - هەمان سەرچاوە : ل151.

3 - هەمان سەرچاوە : ل 96 – 101.

سوڵتان قانسوە غوری بە لکاندنی خاکی زولقەدەر بە دەستەڵاتی خۆی زۆر زویر بوو. هەڵوێستی سیاسی شپرزە بوو، کەس نەی دەزانی چی لەمانەوەی سوڵتانی عوسمانی دا ڕوودەدات.

کاتێك هەموو دەروازەکانی جەزیرە و باکووری عێراق (کوردستان) بێ باك بوو بەهۆی کۆنترۆڵ کرانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، سوپای عوسمانی لە بەهاری (**1516**ز)دا بەسەرکردایەتی سوڵتان کەوتە ڕێ، کە (**60000**)(جەنگاوەر و (**300**) تۆپ دەبوون. مەبەستی بوو بەرەو وڵاتی شام بڕوات[1].

کاتێك غوری هەواڵی جموجوڵی عوسمانی زانی، ئەویش لەشکری خۆی لە قاهیرەوە بەڕێخست کە ژمارەیان (**80000**) جەنگاوەر بوو. هەردوو پیاوەکان نامەیان گۆڕییەوە لە (مرج دابق)دا لە باکووری حەڵەبدا کە هەردوو سوپا لەوێدابوون. وادەرکەوت کە پرۆسەیەك بۆ موفاوەزات و بە فیڕۆنەدانی خوێنی موسڵمانان و پاراستنی هەیە. غوری ئەمەی دەویست، بەڵام سوڵتان سەلیم نیازی شەڕ و خوێن ڕشتنی هەبوو[2]، دوای ئەوەی سەرکەوت بە ڕاکێشانی مەمالیك بەرەو مەیدانی شەڕ بە شێوازێکی زیرەکانەو ڕێگای گواستنەوەی لەگەڵ ئەنادۆڵدا بەسەر حەڵەبدا کە شارێکی ستراتیژی یە، بێ ترس کرد.[3]

بۆیە موفاوەزات بێ سوود بوو، هەریەکەیان سووکایەتی بە پەیامنێری ئەوی دیکەیان کرد و، جەنگەکە لەبەرپابوون نزیك کەوتەوە. هەر سەرکردە و سوپای خۆی تەیار و ئامادە کرد بۆ ئەو تێك هەلچوونە یەك لاکەرەوەیە کە لە (**24**ی ئابی **1516**ز)دا دەستی پێکرد. لە نێوان هەردوو سوپادا جەنگێکی توند ڕوویداو کەمتر لە (**8**) سەعاتی خایاند و سەرکەوتنی بەرچاو بۆ عوسمانییەکان بوو مەمالیکەکان لە بەرانبەر ئەو تۆپە بەرزانە خۆیان ڕانەگرت.[4]

---

[1] - ابن اياس : ج5، ل132.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل60.
[3] (3) - Hess Andrew. The ottoman conquest of Egypt 1517 and the Beginning of sixteen the century , word wat international journal of Middle East studies 1973. iv . p. 210.
[4] - ابن اياس : ج5، ل71.





سوڵتان غوری لەکاتی شکانی سوپاکەیدا و کاتێك زانی لە جەنگەکەدا سەرناکەوێت خۆی دەرمان داو کرد و لە ئەسپی کەوتە خوار و دەست بەجێ گیانی لە دەست دا.[1]

شایانی باسە کشانەوەی هەریەکێ لە (خەیر بەگ) فەرمانڕەوای حەڵەب و جان بردی غەزالی فەرمانڕەوای (حەما) لە سوپای غوری دا و چوونە نێو ڕیزی سوپای سەلیم یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کاریان لەئاکامی شەڕەکە کرد.[2] سوڵتان سەلیم بردیەوە و، حەڵەب و حەماو حیمس و دیمەشقی خستەوە سەرخۆی. دانیشتوانی بەگەرمی پێشوازییان کرد، کە لەمەوبەر پێشوازی وا لە سوڵتانی دیکە نەکرابوو.[3] سوڵتان لایەنگرانی خۆی لەسەر کردنە والی. کۆمەڵێك زانای دیمەشق چوونە پێشوازی و ئەویش پێشوازی گەرمی لێ کردن و، بەخشیشی پێدان و، فەرمانی دا بە نۆژەن کردنەوەی مزگەوتی ئومەوی و گۆڕی سەلاحەددینی ئەیوبی و گۆڕی شێخی گەورە (محی الدين ابن عربی) و، مزگەوتێکی بەناوی خۆیەوە بنیات نا. کاتێك نوێژی هەینی یان کرد وتاربێژەکە بەم دەستەواژەیە بۆیان پاڕایەوە : (خادم الحرمين الشريفين)[4].

هەندێك هێزی ناوخۆی دەستەڵاتدار لە شام دا هەڵوێستێکی دوودڵی یان هەبولەم جەنگەدا تا دوای جەنگەکە هەڵوێستێکی لەبار وەربگرن کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەودا کۆك بێت وەکو بنەماڵەی (معن)، بەڵام هەندێك هێزی دیکە لایەنگری مەمالیکیان هەڵبژارد وەکو بنەماڵەی (بەحتر). بەم جۆرە هەڵوێستانە پلەی بنەماڵەی (معن) بەرزبۆوە و، پلەی (بەحتر) هاتە خوارەوە[5].

## هۆی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە جەنگی مەرج دابیقدا

§ سوپای عوسمانی باش چەکدار و ئامادە کرابوو، شێوازی تاکتیکی نوێ ی پراکتیك دەکرد.

---

[1] - ابن اياس لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا باسی کردووە کاتێك غوری بە ئاکامی شەڕەکەی زانی، توشی ئیفلیجی بوو و لە ئەسپ کەوت و لە ڕق و تووڕەییان مرد، ج5، ل69.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - سعدالدين : ج1، ل339 – 342.
[4] - سعد الين : ج2، ل 379. محمد فريد بك، ل 192 – 193، رافق عبدالكريم : العرب والعثمانيون : ل 61.
[5] - محمد کرد علي : خطط الشام، ج2، ل213.

§ ئەم لەشکرە پەنای بردە بەر بەهێزکردنی جێگەکانی بەهۆی قەڵای بزۆکەوە، کە لە گالیسکەی پێکەوە گرێدراو پێکهاتبوو.

§ سوڵتان سەلیم هێز و تۆپی وادابەش کردبوو کە بتوانن خۆیان لە دوای گالیسکە پێکەوە نووساوەکان و، لە دوای بەربەستی دار و درەخت و تەختەوە حەشار بدەن.

§ ئامرازەکانی بەرگری بۆ شاسوارەکان نایاب و باش بوون، وەکو قوڵابی ئاسنینی بەستراوە بە پەتەکانەوە لەو جەنگەدا، سوپای عوسمانی ئەو کەمەندانەیان بۆ سوارە پرچەکەکانی مەمالیك فڕی دەداو لەسەر ئەسپەکانیانەوە ڕایان دەکێشان و فڕێیان دەدانە خوارەوە و بە قوڵینگ و شمشێر دەیان کوشتن.

§ ئەوکات عوسمانییەکان باشترین تۆپیان هەبووله جیهاندا. نوێترین جۆری تۆپی مسییان بەکاردەهێنا لەسەر تایە دانرابوون و دوو گا ڕایان دەکێشان، بەڵام سوپای مەمالیك ئەوەیان نەدەزانی.

§ هەرچەندە سوپای عوسمانی لە زۆر گەل و پێکهاتە پێکهاتبوو و مەزهەبی جۆراوجۆری ئاینی تێدا بوو، بەڵام سوپای عوسمانی ڕێکخراوتر و ورەی بەرزتر بوو لەسوپای مەمالیکەکان کە ناکۆك بوون و کشانەوە و وازهێنان کێشەی بۆ پەیداکردبوو.

§ کشانەوەی هەندێك لە میرانی وڵاتی شام و چوونە گەڵ سوپای عوسمانی لەکاتی دەست پێکردنی شەڕەکەدا وەکو (خەیر بەگ) فەرمانڕەوای حەڵەب و، سەرکردەی لای دەستە چەپ و، جان بەردی غەزالی [1]، کارێکی نێگەتیفانەی کردە سەر هێز و ورەی سوڵتانی غوری.

§ لە کورتی دانی بنکەی ئیسلامی مەمالیك بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵك لە دژیاندا لە گوند و شارە ئیسلامی یەکاندا.

## جەنگی ڕیدانیەوە و لکاندنی میسر (1517ز)

دوای سەرکەوتنی لە مەرەج دابیق، سوڵتان سەلیم ویستی شەڕەکە ڕابگرێ و، لە پەلاماردان بۆ سەر میسر بەردەوام نەبێت، بەڵکو بیرۆکەی یەك پێ ڕزگارکردنی دنیای

1 - ابن ایاس : ج1، ل 76، أوزتونا : ج1، ل 223





ئیسلامی کەوتە سەری، پێشنیازی کرد بۆ تومان بای کە کوڕە خوشکی غوری بوو دوای خاڵی هاتبووە سەر تەخت کە ملی بۆ کەچ بکات[1]، سەلیمیش تەختی میسری پێ دەسپێرێ، بەو مەرجەی سکەی پارە بەناوی ئەو لێبدات و لەسەر مینبەر و دوانگەکان ناوی ئەو بگوترێ و، ساڵانە سەرانەبدات.[2] وادیاربوو تومان بای بیرۆکەی شکست هێنانی پەسند نەکردو، سوڵتان سەلیمیش جەنگی بۆ میسر گواستەوە و، لە پەلامارەکەیدا فەلەستینیشی خستەوە سەر دەوڵەتی عوسمانییەوە. لە مانگی کانوونی دووەمی (1517ز)دا سوپای عوسمانی بەرەو سنورەکانی میسر کەوتەڕێگاو، لە غەززەدا بەسەر مەمالیکدا زاڵبوو،[3] ئەنجا بەرەو قاهیرە هەنگاوی ناو لە دەوربەری دا ئۆردووی هەڵدا.

لەلایەن خۆشیەوە تومان بای ئامادەیی خۆی بۆ جەنگ دەربڕی و، توانی لەماوەیەکی کورتدا هەموو گروپەکانی مەمالیك کۆبکاتەوە و تەیاریان بکات. دیسان چەند تیپێکی لەکرێگرتەکان پێکهێناو، پشتگیری گەورە و پیاو ماقوڵانی لادێیەکانی دەستەبەر کرد. ویستی نوێترین دەستکەوتی سەربازی بە دەست بینێ لەوانەش تۆپی سەر گالیسکەکان. سەنگەری لە دەوری قاهیرەدا لێدان. چاوەڕێی جەنگێکی درێژ و سەختی دەکرد.

تومان بای ستراتیجیەتی جەنگی دانا کە لەسەر لە نێوبردنی عوسمانییەکان لەچەند جەنگێکی کورت خایەندا دامەزرا بێ و، ناچاریان بکات بەرەو بیابان پاشەکشە بکەن و، ئەنجا لەوێشدا ڕاویان بنێن و لە نێویان ببەن و، دوای ئەوەوڵاتی شام بگێڕنەوە، بەڵام توشی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی میسر بوو کە بەخێرهاتنی سوڵتان سەلیم یان کرد و، یارمەتی یان پێشکەش کرد بۆ دۆزینەوەی ئەو مەمالیکانەی خۆیان حەشارداوە و تەنیا ئەو کەسانەی لە پشت مایەوە کە نەمەکداربوون بۆ مەمالیك و، لادێ نشینەکانیش کە لە بەرانبەر هەر کوژراوێکی عوسمانی زێڕیان پێ دەدرا.

1 - هەمان سەرچاوە : ل 85.
2 - هەمان سەرچاوە : ل 124 – 125.
3 - هەمان سەرچاوە : ل129.

لە ئاکامی ئەوەدا تومان ئەوەی بە باشزانی هێزی خۆی بۆ قاهیرە بکێشێتەوە، بۆ نزیک ڕیدانیە کە کەنارێکی باکووری پایتەختی مەمالیك بوو، سەنگەریان لێدا و شوورەبەندی قایم یان کرد و پەناگای دژ بە تۆپەکانیان دامەزراند و، چاڵیان لێدا بۆ بەربەستی ئەسپەکان. گالیسکەیان دروست کردن وەکو بەربەستێك کە تۆپخانەکان کە لەوێ دا دامەزرابوون بپارێزن. دیسان سەنگەری بەگڵیان بۆ پاراستنی ئەوانە هەڵچنیبوون.

سوڵتانی مەمالیکەکان کۆیلە و زیندانیەکانی کرد بە سوپا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە توانستی مرۆییدا پەیدابوو بوو، دەوڵەمەندانیشی چەکدارکرد، بەڵام لەسەرکردەی سەربازی شارەزاو سوپای مەشق پێکراوی کەم بوو. ئەوەی ڕاستی بێ ژمارەی جەنگاوەرانی (40) هەزار کەس دەبوو چوونیەك نەبوون و پێویستیان بە گیانی جەنگاوەری بەرز هەبوو.

لە (22یکانونی دووەم ی 1517ز)دا جەنگ لە نێوان هەردوولادا قەوما، لە یەکێك لە هێرشەکانی سەدری ئەعزەم (سینان پاشا) کوژرا. تومان بای کوشتی وای زانی سوڵتان سەلیمە، بەڵام سوپای مەمالیك نەی توانی بەسەر سوپای عوسمانی دا زاڵبێ کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێنا لە قۆناغێکی جەنگداو تۆپەکانی مەمالیکی لە ناوبردن. سوپای مەمالیك لەژێر گوشارێکی سەربازی ناڕێکدا گەڕایەوە و نزیکەی (25000)کوژراوی بەدوای خۆیدا بەجێ هێشت و پەرتەوازە و پەرش و بڵاو بوو. لە کۆتایی کانوونی دووەم و سەرەتای شوباتدا سوپای عوسمانی چووە نێو شاری قاهیرەوە کە پایتەختی سەڵتەنەتی مەمالیکەکان بوو. مەمالیکەکان لە شەقامێکەوە بۆ شەقامێکی دیکە بەرەنگاری بوونەوە، بەڵام بێ هوودە بوو و لە کۆتایدا قاهیرەی خستە ژێر ڕکێفەوە.

تومان بای لەگەڵ هەندێك لە شوێن کەوتوانی ڕای کردە جیزە و دەستی کرد بە دەبەریەك ڕاچوون لەگەڵ سوپای عوسمانی داو، دوای جیابوونەوەی لادێیەکان لێی چووە باکوور و، پاش ئەوەی دڵنیا بوو بەرەنگاربوونەوە بێ کەڵکە، ئەنجا گەیشتە ناوچەی





(البحیرة). لە (2 ی نیسان)دا دوا جەنگی خۆی تۆمار کرد لە ناوچەی وەردان دا [1]، لە دووریی (50کم) لە باکووری قاهیرەوە و، بە شکەست هێنانی ئەو کۆتای هات. ئەنجا ڕای کردە لای هاوڕێی تایبەتی خۆی (حسن بن مرعی) سەرۆکی یەکێك لە تیرەکانی گوندی (بوتە) بەڵام گوێی بە ڕێزی میوانداری نەداو، هاوڕێی خۆی دایە دەست عوسمانییەکان.[2]

سوڵتان سەلیم سەرەتا هەڵسوکەوتی پیاوانەی لەگەڵدا کرد، بەڵام لە دواییدا کەوتە بەر ڕازی کردنی سووربونی خەیر بەگ و غەزالی و لە(13ی نیسان)دا دەستوری کوشتنی داو لە ژێر پردی دەروازەی قاهیرە لەسەر دەرگای زویلەدا لە سێدارەی دا.[3]

سەلیم (18) مانگ لە میسردا مایەوە و، لەو ماوەیەدا سەردانی مزگەوتەکانی شار و ئاسەوارەکانی ئەوێی کرد و، بەخشیش و دەست خۆشی بەشیەوە بەسەر یارمەتی دەرانی دا و، لە ئاهەنگی بەرزبوونەوەی میردا بەشداری کرد و، ئامادە بوو لە ئاهەنگی قافڵە و بارگەی حاجی یان کە پۆشاکی پیرۆزیان بۆ حیجاز هەڵگرتبوو، کیسەی پارەیان پێ بوو بۆ هەردوو حەرەمە پیرۆزەکان بەمەبەستی دابەش کردنی بەسەر هەژاراندا[4].

## هۆیەکانی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە ڕیدانیەدا

§ هێزی گورز وەشێن لە سوپای مەمالیکدا (133)هەزار سواری ئازابوو، ئەم سوپایە (90)هەزار جەنگاوەری لادێ نشینی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تومان تووشی ناتەواوی بوو لە سوپادا و تەنیا (40) هەزار سەربازی بۆ ئامادەکرا لەوانەش لادێ نشینەکان، بەڵام ئەوانەرێك نەبوون چونکە نەریتی لادێ نشین وایە گوێ بەڕێکی نادات لە جەنگدا.[5]

1 - ابن ایاس : ج5، ل 174.
2 - هەمان سەرچاوە : ج5، ل 174.
3 – هەمان سەرچاوە : ل 176.
4 - هەمان سەرچاوە : ل207.
5 - أورزتونا : ج1، ل 227.

§ هەل و مەرجی جەنگ لەبەرژەوەندی مەمالیکدا بووە کە لەسەر خاکی بن دەستی خۆیان جەنگاون و، گیانیان لە پێناو دا داناوە، بەڵام نەیان توانیوە بیقۆزنەوە.

§ سوپای مەمالیك (**200**) تۆپی هەبووە، بەڵام بزۆك نەبوون و لەگەڵ تۆپی عوسمانی دا بەراورد نەکراون و عوسمانییەکان توانیویانە دوای دەست پێکردنی جەنگ بێ دەنگیان بکەن.[1]

§ یەك جار سوڵتان سەلیم ئەم جۆرە تۆپانەی بەکاردێنێ کە لولەیی ڕوچاڵ و، تۆپی داکوتراوی تازەن بەکارهێنان، سەربازی تۆپی مەجەڕی کە لە ماوەیەکی کورت خایەندا (**5– 10**) تۆپ لێکرا دەهاوێت.[2]

مەمالیك پلان و نەخشەی سەربازی یان لەسەر ئەم بنەمایە دانا کە سوپای عوسمانی لە دەڤەری عادیلەوە دێتە نێو قاهیرەوە، چونکە ڕێگای ئاسایی بوو بۆ چوونە نێو شارەکەوە تۆپەکانیان بۆ سەر ئەو جێگایە چڕکردبۆوە، دەبوایە سوپای عوسمانی ئەو قەڵایانەی مەمالیکیەکان ببڕێت کە لێیان دامەزرابوون.

§ سوڵتان سەلیم لەشکرەکەی لەسەر سیستەمی تەیار کردن و کۆکردنەوە دامەزراند کە مەمالیك پەیڕەوی لێکرد، بەو پێودانگە فەرمانی بەچەند تیپێکی سەربازی دا بەهێرش کردن و خۆشی سەر لەشکری سوپا گەورەکەی بوو بەرە و باشوورو دەوری چیای (مەقتەم)ی تا بکەوێتەپشتەوەی هێزەکانی مەمالیکەوە، بەم تاکتیکە گرەوی جەنگی بردەوە، چونکە تومان بای ناچار بوو ڕوو لە بیابانی کراوە بکات بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی عوسمانییەکان. تۆپخانەی مەمالیك نەی توانی بۆ شوێنی پێچەوانە ئاراستەکانی بگۆڕێ و کارێکی ڕاستەقینە بکات بۆ پێش گرتن بە پەلاماری عوسمانییەکان. بەوهۆیە سوڵتان سەلیم توانی بە لە لەناوبردنی تۆپەکان لەکاریان بخات ئەنجا بەرەو ناوجەرگەی شار بێت و ترس و نیگەرانیی بخاتە نێو شارەوە.

## ماوەی سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم لە هێنانەدی دەستەڵاتە خۆرهەلاتیەکەیدا

[1] - أوزتونا : ج1، ل 227.
[2] - هەمان سەرچاوە.





ئەوەی ڕاستی بێدەستەلاّت ڕزگارکردنی عوسمانی بەسەر بەرەی خۆرهەلاّتدا شان بە شانی تەوەرە هێڵە جوگرافییەکان دێت کە چەند خاڵێکی ستراتیجی یان هەیە. سوڵتانی عوسمانی توانی بە پەیتا پەیتایی بەم شێوەیەی خوارەوە کۆنترۆڵیان بکات:

أ. تەوەرەکانی دوای جەنگی چاڵدێران :

1. هێڵی تەورێز – ئەریڤان – کراباغ، ساڵی **1514**ز
2. هێڵی ئەماسیا – کماخ – **1515**ز
3. هێڵی دیاربەکر – ماردین – موسڵ (کوردستانی باکووری عێراق) **1516**ز.

ب. تەوەرەکانی دوای جەنگی مەڕەج دابیق :

1. هێڵی حەڵەب – دیمەشق – غەززە– خان یونس **1516**ز
2. هێڵی دیدانیا – قاهیرە – ئەسکەندەرییە **1517**ز[1]

سوڵتان سەلیم توانی لە ماوەی دوو ساڵدا دوو زلهێزی گەورە ئاسیای خۆرئاوا تێك بشکێنێت، کە دەوڵەتی سەفەوی و مەمالیك بوون و ناوچە ستراتیجیەکانیان بخاتە ژێر ڕکێفەوە، ئاسیای بچووك بکات بە وڵاتی عوسمانیان.

ئەو توانی بەیەك جاری بە گرتنی قاهیرەی پایتەختیان، یان مەمالیك ڕیشە کێش بکات، بەڵام هێزی سەفەوییەکان لە قوڵایی ئێراندا دەستەڵاتی هەر مابوو، ئایندەش ڕەنگدانەوەی بۆسەر پێوەندی هەردوو دەوڵەت هەبوو، چونکە دوایی سەفەوییەکان خۆیان بەهێز کردەوە و، جموجۆڵ و شەڕ پێ فرۆشتن و یەخە گرتنەکانیان پتر بوون، ئەنجا جەنگەکانیان دەست پێ کرد و بەشێك لە مێژووی عوسمانییان داگیر کرد وەکو لە داهاتوودا دەبینین. لە ئاکامدا عوسمانییەکان دوای سوڵتان سەلیم دەستیان کەوتنەوە بەرخۆ بۆ چارەکردنی ئەو کێشەیان کە لە بەڵقان سەری هەڵدا.

لە ڕوانگەی ئەو تێڕوانینە لە سەرخۆیە بۆ ئەو تەوەرە و هێڵە ستراتیجییانە ئەم کاروبارانەی خوارەوە بەدی دەکەین :

تەوەرەکانی دوای چاڵدێران : بایەخی ئەوەی لەوەدا خۆی نواند کە ئەو میرنشینەکانی زولقەدەری خستە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەوە، ئەمەش ئاستەنگی پەیدا کرد لە

[1] - **الجمیل** : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 345.

بەرانبەر پێشکەوتنی عوسمانییەکانی بەسەر هێڵی یەکەمدا. کەچی هێڵی سێیەم لەوەدا خۆی نواند دەدات کە کوردستانی مەزهەب سوننی خستە سەرخۆی و بەمەش ڕێگا کرایەوە کە عوسمانییەکان لەبەغداوە بۆ کەنداوی فارس بچن.

تەوەرەکانی دوای مەرەج دابیق : بایەخی هێڵی یەکەم لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە بواری دەستەڵاتی عوسمانی درێژ دەکاتەوە بەسەر عەرەبستانی خۆرهەڵاتدا و، هێڵی بازرگانی نێوان حەڵەب و ئیسکەندەروونەی بێ ترس کرد، سەرباری ئەوەش لکاندنی قودس بە دەستەڵاتی عوسمانییەوە ڕۆڵێکی ئاینی بینی و ڕێگای میسری بۆ عوسمانییەکان والآ کرد، باڵی باشووریشی بۆ ئەنادۆڵ بێ ترس کرد و، ڕێگای بە سەفەوییەکان نەدا عەرەبستان بگرن کە لە نێوان ستراتیجی سیاسی یاندا بوو.

بایەخی هێڵی دووەم لەوە دا خۆی دەنواند کە ڕێگای خاکی پیرۆز و یەمەنی لەبەردەم عوسمانییەکاندا دەکردەوە و، بازرگانی عوسمانییەکانی لەو کاتەدا لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئەوسەردا کۆنترۆڵ دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێ سوڵتان سەلیم هەرچی لە توانایدا بوو لە توانستی مرۆیی و ماددی و جوگرافی و ئابووری دژ بە دوژمنانی خۆی خستە گەڕ لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، توانی کار لە هاوسەنگی فارسەکان بکات بۆ بەرژەوەندیی عوسمانییەکان[1].

## گواستنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بۆ عوسمانییەکان

گرنگی لکاندنی میسر بە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەوە لە دەست لەکارکێشانەوەی خەلیفە (محەمەد المتوکل)ی دوا جێنشینی عەبباسی لە میسردا بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم بەرجەستە دەبێت. باس کراوە کە ئەم (متوکل)ە هاوڕێی سوڵتان قانسوە غوری دەبێ بۆ حەڵەب و، ئەنجا دوای مەڕەج دابیق ڕاپێچی زیندان دەکرێت. سوڵتان سەلیم مامەڵەی جوانی لەگەڵدا دەکات و بۆ میسر لەگەڵیدا دەبێت. سەلیم لەچەند بۆنەیەکدا هەوڵی دا سوود لە دەستەڵاتی خەلیفە ببینێ لە موفاوەزەکانیدا لە گەڵ تومان بای دا، بەڵام سەری نەگرت وئیدی بۆ ئەستەنبوڵی نارد. باسکراوە سوڵتانی عوسمانی بەهۆی

[1] – الجميل : ل 346.





ڕەفتارەکانی دەیخاتە زیندانەوەو, تا سەلیم دەمرێ لەوێدا دەمێنێتەوە و دوایی بۆ قاهیرە دەگەڕێتەوە.ئەمە جگە لە مێژونوس(ابن اياس) , کەسی ترباسی لەم خەلیفە(المتوكل)ە نەکردووە.[1] ڕەنگە زێدەڕەوی کردبێ لەوڕۆڵە زۆرەی گێڕاویە بۆ هەڵکوتانە سەر میسر ,کەچی مێژونووسە تورکەکان هیچیان لەمبارەوە باس نەکردووە. باسیان لە وازهێنانی خەلافەت لەلایەن (المتوكل)ەوە بۆ سەلیم نەکردووە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بەسەرهاتە تایبەتە بەدەست لەکار کێشانەوە.

سەرچاوە مێژووییە تورکەکانی تازە باسیان نەکردووەو, دوو سەدەونیو دوای ئەوە باسکراوە و , مێژوونوسە تورکەکان وغەیری ئەوانیش گێڕاویانەوە.

ئاشکرایە ئەم گێڕانەوەیە بۆ مەبەستی پاساوی پڕوپاگەندەی سوڵتانە عوسمانییەکانە کەخۆیان بەخاوەتی خەلافەت زانیوە، چونکە لە واقیعدا بونیان هەبووە. هەرچۆنێك بێ سوڵتان سەلیم بەر لە چوونە نێو میسر نازناوی خەلیفەی بۆخۆی داناوە.

لە دیمەشقدا وتاری خەلافەت بەناوی ئەوەوە بوو لەدوای جەنگی مەڕەج دابیقداو,خۆی (بەسێبەری خوا لە زەوی دا)ناوزەد کردبوو.[2]

## لکاندنی حیجاز

ئاسایی یە حیجاز خاڵی هیوای سوڵتان سەلیمی یەکەم بووبێ و، دەیزانی گرتنی ئەم شوێنە پایەی ئەو لە جیهانی ئیسلامی دا گەورەتر دەکات، دوای ئەوەی دیمەشق و قاهیرە دەخاتە بن چەنگی یەوە و لە مینبەرەکانی بەغداد بەناوی ئەو وتار دەدرا.

هەروا ئاسایشە دوای یەلهاویشتنی عوسمانی لە خۆرهەڵاتدا پیاوێکی وەکو شەریفی مەککە (أبو البركات الهاشمی) دەربکەوێ ڕەزامەندیی سوڵتان وەربگرێ و ببێتە فەرمانڕەوایی مەککە و دەوروبەری. بۆیە شەریف پشتگیریی خۆی دەدات بە عوسمانییەکان و، (ابانمی)ی کوڕی بۆ قاهیرە ڕەوانە دەکات بۆ پیشاندانی گوێڕایەڵی و، کلیلەکانی مەککە و مەدینە و ڕاسپاردە پیرۆزەکانی دیکەی وەکو : ئاڵای پیرۆز و کراسی

[1] – ابن اياس : ج5، ل 135، المجتمع الاسلامي والغرب، جيب بون (الفصل : الخلافة والسلطنة)، ل41 – 57.
[2] – ابن اياس : ج5، ل 190.

گەورە پیاوانیان پێ دەسپێرێ و، پێشنیاز دەکات کە چوونە نێو حیجاز دەبێ لە ژێر پاسەوانیەتی عوسمانی دابێ.[1]

بێگومان ئەم پشتگیرییە سوودێکی ئابوریی و سیاسی گەورەی هەبوو بۆ چاودێری کردن، بەهۆی ئەو دەستکەوتەی بە دەستی یان دەهێنا لە بەردەوامی چوونی حاجیان لە شام و میسر و عێراقەوە بۆ حەج کردن.

لە لایەکی دیکەشەوە شەریف لە مەککەدا نەی توانیێ ئاوا ڕاوەستیێ و گوێ بە گۆڕانە سیاسیەکانی شام و میسر و یەمەن نەدات. لەکاتێدا سەردارانی مەککە تەنیا چەند فەرمانڕەوایەك بوون لە ژێر دەستەڵاتی مەمالیکەکاندا و، مل کەچ نەکردنیان بۆ سوڵتانی عوسمانی سەری گرت و سەرنجی ئەو ڕادەکێشێ بە تایبەتی، وە لە جەدەدا پاسەوانی سەربازی مەمالیکی هەبوو.

سەرباری ئەوەش کۆنترۆڵ کردنی میسر لەلایەن سەلیمەوە وای لێ کرد لەو هێزانە بروانێ کە لەسەر کەنارەکانی دەریای سوردا بڵاوبوونەوە هەر لە جەدەوە بۆ یەمەن، بەمەبەستی ئەوەی ئەو دەریاچەیە بکرێ بە دەریاچەیەکی ئیسلامی و دوور لەهەر ترسێك کە هەڕەشە لە خاکی پیرۆز و گەشەی ئابووری نێوان خۆرهەڵاتی ئەوسەر و وڵاتانی ئیسلامی و ئەورووپا بکات. لەئاکامی ئەوەدا ئامانجەکانی شەریف ئەبو بەرەکات و ئامانجەکانی سەلیمی یەکەم یەکیان دەگرتەوە، کە بارودۆخەکانی سەرکەوتنی لەمەڕەچ دابیق و دیدانیە ئەوەی بەسەردا فەرزکرابوو، سەرباری مەترسیەکانی ئەورووپا کە بەشێوەیەکی گشتی هەڕەشەی لە جیهانی ئیسلام دەکرد و بە تایبەتیش لە دەریای سوورو خاکی پیرۆز. بۆیە بزوتنەوەی بەتاڵوکەی شەریفی مەککە بەرەو ڕووی عوسمانییەکان بەهۆی لێزانی و ڕۆشنبیریی ئەوەوە بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە سەلیمی یەکەم دانی بەسەربەخۆیی حیجاز و باری تایبەتی ئەوێداو، ماق پاشایەتی بەمیرات بۆ خێزانی هاشمیەکان دانا. ئەو توشی هیچ بنیات نانەوەیەکی کارگێڕیی ناوخۆیی نەهات و، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا نەهات.

[1] – هەمان سەرچاوە.





عوسمانییەکان پاسەوانی کەنارە دەریاییەکان و پاسەوانی کاروانەکانی حاجیان و ئازوقەدان بە شوێنە پیرۆزەکان و چاودێری ڕێگاوبانەکان و هاڕینی دانەوێڵەکان و عەمبارە ئاوییەکانیان ئەنجام دەدا.

## گەڕانەوەی سوڵتان سەلیم بۆ ئەدرنە

سوڵتان سەلیم لە (**10**ی ئابی **1517**ز)دا لە ڕێگای دیمەشق و حەڵەبەوە لە قاهیرەوە بۆ ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ[1]، دوای ئەوەی ناوخۆی ئەوێی ڕێکخستەوە و خەیربەگی کرد بەوالی لەسەر ئەو هەرێمە[2]، کە یەکێك بوو لەو میرانەی ناپاکی یان بە غوری کرد. دیسانەوە تیپێکی سەربازی تەواوی لەوێ جێهێشت بۆ پاراستنی ئاسایش بە چاودێری خەیرەدین ئاغای ئینکشاریە. لە (تەممووزی **1518**ز)دا گەڕایەوە پایتەختەکەی کەهەتا ئەوکاتە بارەگای خەلافەتی ئیسلامی بوو، پاشان لەوێوە چووە شاری ئەدرنە.

لە ساڵی (**1519**ز)دا سەلیم بایەخی بە ئامادەکردنی کەشتی گەلدا بۆ پەلاماردانی سوارانی قەدیس یوحەننا لە ڕودسدا، کە ڕێگای حاجیەکانیان دەگرت، سەرباری پەچڕاندنی هێڵی هاتوچۆی دەریایی عوسمانی. لەهەمان کاتدا سوپایەکی دەریایی ئامادەکرد بۆ جەنگ گێڕان دژ بە سەفەوییەکان کە خۆیان بۆ جەنگ ئامادە کردبۆوە، بەڵام ئاواتی نەهاتە دی و، لە (**22**ی ئەیلول ی **1520**ز)دا مەرگ پێشی پێ گرت و مرد.[3]

زۆر لە مێژوونووسان باسیان کردووە کە سەلیم خەسڵەتی تایبەتی هەبووە و توانای سەرکردەیی و جەنگی و چالاکی یە هزری و جەستەیی یەکانی تێدا کۆبۆتەوە. خولیای ڕاوشکار و بیستنی شیعری فارسی و ڕووداو و سەرگوشتە مێژوویی یەکان بووە. هەرچەندە توند و تیژ بووە، لەکاتی دانیشتنی دا لەگەڵ مێژوونووسان و شاعیراندا پشووی دەدا،تەنانەت لە مەیدانەکانی جەنگیشدا، تا هۆگر بێ بە ڕاوێژ و بیری ئەوان.

[1] - ابن اياس :ج 5، ل 206.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 203., سعدالدين : ج2، ل 374 – 375.
[3] - ابن اياس : ج5، ل 360. محمد فريد بك، ل 197.

ئەوەی ڕاستی بێ سەلیمی یەكەم لە ماوەی دەستەلاتی دا كە (8) ساڵ و (5) مانگی خایاند كاری گەورەی ئەنجام دەدا، دەستكەوتیپەلهاویشتنی زۆرتر بوو، لە تەمەنی سەردەمی خۆیدا، ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی كردە دەوڵەتێكی جیهانی كە نەیارانی بترسێنێ. هەوڵیدا وەكو سەلاحەددین لە میسردا، ئەویش لە ئێران كۆتایی بە دەستەلاتی شیعە بێنێت و، وڵاتێكی یەكگرتووی ئیسلامی بنیات بنێ و، بگاتە توركستان و هیندستان، بەڵام ئەم پرۆژانە سەریان نەگرت. كەسایەتی سەلیمی یەكەم دەستەڵات بەسەر هەموو ڕووداوە گەورەكانی سەردەمی خۆیدا گرت و عوسمانییەكانی كردە پاڵەوانێكی نەتەوەیی.





## بەندی پێنجەم : سوڵتان سلێمانییەكەم
## سلێمانی قانونی (1520 – 1566)

### یەكەم : پێوەندیی بە خۆرئاوای ئەوروپییەوە
### بارودۆخی ئەوروپا لە سەرەتای سەردەمی سلێماندا

سوڵتان سلێمانییەكەم جێگای سوڵتان سەلیمی یەكەمی باوكی گرتەوە. لە سەرەتای سەردەمی ئەو چەندان ڕووداوی گەورە قەومان، بە تایبەتی لە ئەوروپادا. ئەوەی ئاشكرایە دیارترین نیشانە لە كەسایەتی سوڵتاندا كە حەزی لە ئاشتی خوازی بوو ئەوەیە كە لە (13) هەڵمەتی سەربازیدا بەشداری كرد (10) یان لە ئەوروپادا و (3)یان لە ئاسیادا. ئەم جەنگانە چەند قۆناغێك بوون بۆ فراوان كردنی دەستەلاتی دەوڵەتی عوسمانی.

سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەكەم و جێگرەكەی سوڵتان سلێمانی یەكەم بەو ماوەیە ناودەبرێ كە دەوڵەتی عوسمانی تێداگەیشتە ئەوپەڕی هێز, جا شتێكی سروشتی بوو كە دەوڵەتانی ئەوروپا , یان نیازی بەربەرەكانیی ئەو دەوڵەتەیان هەبێت , یان

بەگوێرەی ڕەوشی سیاسی و بەرژەوەندییە گرنگەکانیان , پێوەندیی دۆستایەتی لەگەڵدا ببەستن. ئەوەی ڕاستی بێ هەر کە سلێمان لە سەر تەختی دەسەڵات جێگیر بوو, سیاسەتی عوسمانی ڕووی لە خۆرئاوا کرد تا ماوەیەکی دیکە پێوەندی تازە لەگەڵ ئەوروپادا نۆژەن بکاتەوە، بە پەلهاویشتنی لە بەلقان و دەریای سپی ناوەڕاستدا ناودەبرێ.

ئەو سوڵتانە لاوە هەر لەو کاتەوە میر بوو لەسەر بارودۆخی ئەوروپا و سیاسەتەکەی هەڵوەستەی کردبوو. زانی پێشبڕکێ یەکی تاڵ هەیە لە پێناو تاجی ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانی لە نێوان فرانسۆی یەکەم شای فەڕەنسا و چارلی پێنجەم شای ئیسپانیا دا کە لە بنەماڵەی هابسبۆرگ بوو، ئەوەش لە دوای مەرگی ئیمپراتۆر مەکسیمیلیان بوو. شایانی یاسکردنە ئەوەی دووەمیان تەختی ئیمپراتۆری بە دەست هێناو، سەرباری تاجی ئیسپانیا و سەقەڵیە یە وڵاتە نزمەکان و نەمساشی گرتە دەستەوە.[1]

سلێمان بە هیچ شێوەیەك دانی بە چارلی پێنجەم دا نەهێنا وەکو ئیمپراتۆرێك، ئەو واناسرابوو کە دژ بە موسوڵمانان زۆر دەمارگیر و توند بووە. قۆناغی یەکەمی یەك پێخستنی پاشاکان و ڕۆیشتنیان بووە لەسەروی هەموویانەوە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ عوسمانییەکاندا.

بۆیە دەرکەوتنی مەترسی یەکرزگارکردنیمەسیحی یەکان دژ بە عوسمانییەکان لە دوای هەڵبژاردنی چارلی پێنجەم دا دەرکەوت، سەرباری سەرنەگرتنی هەوڵە بەردەوامەکانی پاپا بۆ ئەنجامدانی ئەو یەك پێ گرتنە.

بەڵام سوڵتان لەمە نەترسا،چونکە هێزەکەی توانایەکی جەنگاوەرییان هەبوو، کە دەسەڵاتی دەدایە بۆ زاڵبوون بەسەر تەواوی هێزی ئەوروپیدا، بە تایبەتی کە وڵاتانی ئەوروپا پەرتەوازەو سەرقاڵ بوون بە کێشەی ئاینی یەوە، بەهۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی یەوە.

[1] – الشناوی، عبدالعزیز : أوروبا في مطلع العصور الحديثة، ج1، ل 225 – 235.





بەڵام مەترسی یەکە بەهەر جۆرێك بوو، هەر بەردەوام بوو، گیانی خاچ پەرستیان بەدڵ ودەروونندا ڕۆچووبوو، هەرچەندە میر و شایانی مەسیحی ناکۆك بوون لە نێوان خۆیاندا بەڵام بۆ جەنگ کردن لەگەڵ عوسمانیان هەموویان هاودەنگ بوون. چارلی پێنجەم بۆی ئاشکرابوو کە پەلاماری عوسمانی بەرەو ناوجەرگەی ئەوروپا لە دوای ئەو نێوبڕەی سوڵتان سەلیمی خۆرهەڵات پاڵ پێوەنا، هەر درێژەی دەبێت.

مەترسیەکە بۆ سلێمان خەیاڵێکی ڕووت نەبوو، ئەرکی ئەو وەکو سەرکەوتوێك هانی دەدات بۆ بەرهەڵستی کردنێکی بێ پسانەوە بۆ فراوان کردنی نیشتمانی ئیسلام و دوورخستنەوەی مەترسی خاچ پەرستی کە هەمیشە هەڕەشەی لێدەکات.

چارلی پێنجەمیش بڕیاری دا کە ڕۆڵی بەرگریی لە ئەوروپای ناوەڕاست لە بەرانبەر پەلاماری عوسمانی دا بە فەردینانی برای، کە میراتی مەکسیمیلیانی لەگەڵدا دابەش کردبوو بسپێرێ. فەردیناند مێدی شاژنە (ئەننا)ی کە خوشکی لویس شای مەجەڕ بوو. فەردیناند لە نیازی دا بوو لە ئایندە دا ببێ بە شای مەجەڕ و بوهیمیا، چونکە لویس نەزۆك بوو.

سەرباری ئەم ئامانجەی داهاتوو، چارل بینی خۆی بەرەو ڕووی شۆڕشی وڵاتانی ئیسپانیا لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەرەو ڕووی ئەو ڕووداوانە دەبێتەوە کە بزووتنەوەی چاکسازیی ئاینی پەیدای کردوون، کە وای لێدەکەن ببنە ڕێگر لە بەرانبەر بەشداری کردنی لە جەنگی عوسمانییەکاندا.[1]

لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبینین تەواوی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی نزیك دەکەونە ناو جەنگەوە. بوندوقییە و جینوەش کە هەریەکەیان مشووری خاکی ژێر ڕکێفی خۆیان لە دوور و نزیکدا دەخوارد، خۆیان ڕاستەوخۆ بەرپێوەیان ببەن هەر دووکیان ناچار دەبن کە بەفرۆفێڵ بەرژەوەندیی خۆیان لەو نێوانەدا بپارێزن.

بەڵام فەڕەنسا بەرژەوەندی یەکەی ئەوە دەخوازێ کە هاوپەیمانێکی لە خۆرهەڵاتدا هەبێ کە لە مەترسی ئیمپراتۆری بیپارێزێت.

[1] - الشناوی، عبدالعزیز، اوروبا فی مطلع االعصور الحدیثة : ج1، ل 225 – 235

دیسانەوە میرانی ئەڵمانیای پرۆستانیش دوو دڵ بوون لە نێوان مەیل کردن بۆ قۆزتنەوەی ئەو هاوسەنگیەی تورکەکان دژ بە ئیمپڕاتۆر، فەرزی دەکەن و، نێوان گوێ نەدان بە سوود وەرگرتن لە یاریدەی عوسمانییەکان بەو مانایەی کە ئەوان موسڵمانن.[1]

## ڕزگارکردنی شاری بەلگراد (1521ز)

مەجەڕ لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا دەرکەوت، وەکو نەیارێکی چاولێکەر بۆ عوسمانییەکان، لە دوای نەمانی سیرب و بولگار لە کۆتایی سەدەی (14)دا و، نەمانی بێزەنتی لەپێشدا سەری هەڵدا. ئەو وڵاتانە لە سەردەمی هونیادی و کوڕەکەیدا (ماتیاس کورفن)دا شوورەیەکیان لەبەردەم بەرەوپێشەوە چوونی عوسمانی لە ئەورووپادا دروست کرد. وەك دیارە مەجەڕ دوای ئەوە بە هۆی دەرکەوتنی چینی ئەرستۆکراتی لەسەر حیسابی شانشینی بەهێز و هێزی چەکدار و زیادبوونی فشاری ئابووریی بۆسەر چینی کشتیاری هەژار لاواز و بێ هێز بوو.[2] کە بووە هۆی تێك چوونی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ئاکامی ئەو جیاوازیە ساسیەدا. ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی هاتنە سەر حوکمی چەند پاشایەکی لاواز لە مەجەڕ کە سەرقاڵبوونی عوسمانییەکانیان لە فارس و شام و میسردا نەقۆستەوە بۆ وردبوونەوە لە باری وڵات و ئامادە بوون بۆ شەڕ.

ڕووداوێکی دیکە لە پڕ پەیدا بوو ئاگری شەڕێکی بەر فراوانی هەلگیرساند لە نێوان هەردوولادا، ئەوە بوو شای مەجەڕ هەڵسا پەیامنێری سوڵتان سەلیمی کوشت کە بۆ ئەوە هاتبوو ڕای گەیەنێت ئەو هاتۆتە سەر حوکم وداوای سەرانەی لێکردبوو کە ساڵانە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە، لە بەرانبەر نوێ کردنەوەی ئاشتەوایی دا پێشنیاز کرابوو.[3]

وەك دیارە لویس بە تەمابووەر پەیمانێك کە بەر لە وی بە عوسمانییەکان درابوو،هەڵوەشێنێ. بۆیە تاڕادەی کوشتنی نێرراوی سوڵتان چووەپێش.

[1] - کلواندری، سلێمان القانونی : ل 74 – 75.

[2] - زۆر بوونی فشاری ئابوری بۆسەر جوتیاران و زۆربوونی باجەکان بووە هۆی دابەزینی ڕادەی سەرانە، ئەنجا سەرهەڵدانی شۆڕشەکان کە جوتیاران لە ساڵی (1514ز)دا پێی هەڵسان و، بەهێز سەرکوت کرا . بڕوانە : کولس : ل 83 – 84.

[3] - محمد فرید بك : ل 199.





ئەم جۆرە کارە دەستە و دایەرەی سلێمانی ورووژاند و، بەو کارە زۆر تووڕە بوو. لەو هۆیەش گەورەتر نەبوو بۆ جاڕدانی شەڕ.

زستانی (1521ز) ڕێکخستنی شەڕەکە داوامی کرد و، دوای ئەوە سوپای عوسمانی بە چەك و تەقەمەنی و فرەیی خۆیەوە بەرەو باکوور کەوتەڕێ، ئامانجی هەڵمەتەکە شاری بەلگراد بوو، کە دەروازەیەك بوو بۆ دواوەی ڕووباری دانوب و، کلیلەی ئەورووپای ناوەڕاست بوو، گەورەترین قەڵا بوو بۆ مەجەڕ لەسەر سنوری عوسمانی دا، گەر چارەنووسی ئەو شارە ڕووخان بێ ئەوە ڕێگای بۆ بودابست و ڤییەنا لەبەردەم عوسمانییەکاندا کراوە دەبێت.

مەجەڕیەکانیش زانی یان کە عوسمانییەکان شەپۆلێکی تازە دەهاوێن و هەڕەشەیان لێدەکەن، بۆیە داوای فریاکەوتنیان لە ئەوروپا کرد، بەڵام ئەو دەوڵەتانە سستییان کرد. بوندوقییە موفاوەزاتی لەگەڵ (بابی عالی) کرد لەبارەی گرێبەستێکی بازرگانیەوە. پاپا خۆشی سەرقاڵی کێشەی ناوخۆ بوو، هەروەها شای پۆڵندا و ئیمپڕاتۆر چارلی پێنجەم کە شالویسی دووەمی ئامۆژگاری کرد کە ئاگربەستێك لەگەڵ سوڵتاندا ببەستێ بۆ کات بە دەست هێنان.[1]

سوپای عوسمانی بەخێرایی لە ڕێگای ئەدرنەوە گەیشتە سۆفیا و، ئەنجا پەلامارەکەی لە سێ تەوەرەوە بەرەو باکوور برد: تەوەرەی شا بتس – بەلگراد بەسەرکردایەتی ئەحمەد پاشا، تەوەرەی ترانسلڤانیا – بەلگراد بەسەرکردایەتی محەممەد مەغال ئۆغلۆ، تەوەرەی سۆفیا – بەلگراد بەسەرکردایەتی سەدری ئەعزەم بیر پاشا، کە دەبێ ئەو سوپایانە لە دەوری شاری بەلگراد کۆببنەوە و، پاشان سوڵتان پێوەندیان پێوە بکات.[2] سوڵتان مەبەستی بوو پەلامارەکە لە پشت ئەو تاکتیکە سەربازی یە بشارێتەوە و،سەرنجی مەجەڕیەکان لەمەبەستی سەرەکی ئەو لابدات.

ئەحمەد پاشا لە کاتی چوونە پێشەوەدا توانی شاری شابتس بگرێ، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دانووب و نزیك بەلگرادەوە و، دوای ئەوە پەلاماری ئەو شارەی دوایی دا.

[1] - کلو : ل 77 – 78.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 80.

هەرسێ لە شکرەکە لە دەوری بەلگراد کۆبوونەوە و، پاشان سولْتان پێوەندی پێوە کردن. بەخێرایی تۆپەکانیان لە دەوروبەری دانران و یەکبینە بۆردومانی خۆیان دەست پێ کرد. ئەو خەبات گێڕانە تۆقیان دابوو بە شێوەیەکی ڕێك هەڵیان دەکوتایە سەریان تا توانیان بچنە نێوی، دوای ئەوەی گەورەترین بورجی قایم هەڵتەکێنرا. دوای دوو مانگ و نیو گەمارۆ و بۆردومان و لێدانی هەمیشەیی، سولْتان چووە نێو شارەکەوە و لە نێو یەکێك لە کلێساکاندا نوێژ دەکات دوای ئەوەی کردی بە مزگەوت، نوێژی کرد.[1]

بە ڕووخانی بەلگراد ئەم بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی عوسمانییەکان بەرەو دەڤەرەکانی پشت ڕووباری دانوب تەخت بوو، ڕێگای بەلگرادی یان بۆ بودا لە دانوبی ناوەڕاست لەبەردەم دا کرایەوە.

## پێوەندیی عوسمانی و بوندوقی لە سەرەتای سەردەمی سلێماندا

بە پەلە دەنگ و سەدای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە ئەوروپادا دەنگی دایەوە. پەیامنێرانی بوندوقییە و ڕوسیا و ڕاجوزە یەکەم گرووپ بوون هاتن پیرۆزبایی لە سولْتان بکەن. لە بەرژەوەندیی بوندوقیەدابوو کە دەولەتێکی بازرگانی بوو بەردەوام پێوەندیی باشی لەگەڵ (بابی عالی)دا هەبوو، چونکە سەرچاوەی سامانی بۆ بازرگانی دەریایی دەگەڕایەوە، ئازادیی لە گواستنەوەی دەریاییشدا مەرجێك بوو بۆ گواستنەوە بە دەریا دا، بەبێ ئەوە کۆمارەکە لەنێو دەچوو. هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر ئەو و شانشینەکەی لە دەولەتی عوسمانییەوە بوو، تاکە سیاسەتی دۆستانەش بریتی بوو لە دروست کردنی پێوەندیی باش لەگەڵ (بابی عالی)دا ئەوەی یارمەتیشی دالەو کارە دا ئەوە بوو کە پێوەندیی ئەو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا لەسەر دەمی سولْتان سەلیمی یەکەم و دەست پێکی سەردەمی سلێمانییەکەم دا زۆر ئاڵۆز و گرژ نەبوو. بۆیە هەوڵی دا لە ڕێگای باڵوێزی خۆیەوە لە ئەستەنبووڵ ئیمتیازەکە نوێ بکاتەوە و پەیمان نامەیەك لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا مۆر بکات. بەڕاستی پەیمان نامەکە لەکانونییەکەمی (1521ز)دا ئەنجام درا، کە جەختی لەسەر پەیمانەکانی ڕابردوو دەکردەوە و، هەندێك

[1] - محمد فريد بك : ل 202.





شتی زیادیشی خستبۆسەریان، کە هەل و مەرجی ساسی و ئابووری داخوازی دەکرد. شایانی باسکردنە بوندوقییە ئامادەیی بۆ هەمو شتێك تێدابوو ئەگەربێتو لە بەرانبەر ئەوەدا بازرگانیەکەی لە خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا پارێزراو بێت.

### گرنگترین ئەو بەندانە کە لە (30) بەند پێك دەهاتن بەم شێوەیە بوون[1]

§ ئازادیی بازرگانی بوندوقیە لە هەموو ناوچەکانی دەولەتی عوسمانی دا.

§ دەستە بەر کردنی ئاسایشی بازرگانان.

§ دیاریی کردنی ماوەی قونسوڵەکە لە ئەستەنبوڵدا و هەر (3) ساڵ جارێك گۆڕینی.

§ چاوپۆشی کردن لەهەمووبازرگانەکانی بەندوقییە لە باجی سەرانە.

§ تەگەرە نەخستنە بەردەم بازرگانی بوندوقییە لە دەولەوتانی باکووری ئەفریقیادا.

§ نە گواستنەوەی بازرگانانی بوندوقییە لە شوێنەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا بێ ڕێگە پێدانی قونسوڵ. لە کاتی مردنی هەریەکێکیاندا مەسەلەی میراتەکەی لەلایەن قونسولەوە ڕێك دەخرێت.

§ ئامادەبوونی وەرگێڕ لەبەردەم دادگادا لە کاتی بەرزکردنەوەی سکاڵاکاندا لەو مەسەلانەدا دژ بە ڕەعیەتەکانی دەولەتی بوندوقییە بەرپا دەکرێت.

§ پەیماننامەکە نرخی سەرانەی ساڵانەی دیاری کرد کە حکومەتی بوندوقییە بە حکومەتی عوسمانی دەدات لە بەرانبەر ئەوەدا کە هەردووك دوورگەی قوبڕوس و زانتەی داگیر کردووە بە (10000) دوکا لە بەرانبەر یەکەم و (500) دوکا لە بەرانبەر دووەمیاندا.

بایەخی ئەو پەیماننامەیە لەوەدا بوو کە لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی پێك دەهات و، لەسەر ئەو بنەمایانە ئەو پەیماننامانە ڕێکخران کە لەگەڵ دەوڵەتی دیکەی ئەوروپی دا بەستران و، ئیمتیازەکانی قونسولێش لە وڵاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا هەر لەسەر ئەوانە دامەزرا.

[1] – الصباغ، ليلى : الجماليات الاوروبية في بلاد الشام في العهد العثمانى في القرنين السادس عشرو والسابع عشر، ج1، ل 94 – 95.

## ڕزگارکردنی دوورگه‌ی ڕودس (1522ز)

دوورگه‌ی ڕودس که‌ ده‌که‌وێته‌ به‌شی خۆرهه‌ڵاتی ده‌ریای سپی ناوه‌ڕاست، دوورگه‌یه‌کی لاسار بوو، چونکه‌ مه‌ڵبه‌ندی سواره‌کانی قه‌دیس یوحه‌ننا بوو، که‌ هه‌ر له‌ ڕۆژانی خاچ هه‌ڵگره‌کانه‌وه‌ مه‌ترسی یه‌ك بوون و به‌شێوه‌یه‌کی گشتی هه‌ڕه‌شه‌یه‌ك بوون بۆ موسوڵمانانی خۆرهه‌ڵا ت نشین و، عوسمانییه‌کان به‌ تایبه‌تی، چونکه‌ یارمه‌تی جه‌رده‌ ده‌ریایی یه‌کانی مه‌سیحییه‌کانیان ده‌داو ڕێگای حه‌جیان له‌ حاجیه‌ موسوڵمانه‌کان ده‌گرت، سه‌رباری ئه‌وه‌ش ڕێگای هاتوچۆی ده‌ریایی عوسمانییه‌کانیان ده‌پچڕاند، دیسان په‌لاماری که‌ناره‌کانی ئاسیای بچووك و شامیان ده‌داو هه‌ڕه‌شه‌یان له‌و ڕێگایه‌ ده‌کرد که‌ ئه‌سته‌نبوڵ و ڕودسیای به‌ یه‌کدی ده‌گه‌یاند و، خه‌ریکی تالآن وڕاووڕووتی که‌شتیه‌ بازرگانیه‌ ئیسلامیه‌کان بوون.

بۆ سوڵتان ده‌رکه‌وت که‌ ڕودس بۆته‌ جێگایه‌کی ترسناکی مانه‌وه‌ی بیانیه‌کان له‌ ده‌ریادا، بۆیه‌ به‌رژه‌وه‌ندیی ده‌وڵه‌ت له‌وه‌دایه‌ که‌ ئه‌و دوورگه‌یه‌ش بخاته‌وه‌ سه‌ر ده‌سته‌ڵاتی خۆی.

به‌م شێوه‌یه‌ سلێمانییه‌که‌م بڕیاری دا سنوورێك بۆ هه‌بوونی ئه‌و هێزه‌ دابنێ که‌ له‌ دووریی چه‌ند میلێك له‌ ئاسیای بچووکدا کۆبووبوونه‌وه‌، هه‌تا ئه‌و دوورگه‌یه‌ ببێته‌ زنجیره‌یه‌کی پێوه‌ندی له‌ نێوان ئه‌سته‌نبوڵ و میسر له‌ ڕووی ده‌ریاییه‌وه‌ و، مه‌سحیه‌کانیش مه‌ڵبه‌ندێکی قایم یان نه‌بێ له‌ نێوه‌ندی ده‌سته‌ڵاتی ئه‌ودا که‌ که‌شتی گه‌لی وڵاتانی نه‌یاری ئه‌و له‌ کاتی جه‌نگدا په‌نای بۆ ببه‌ن.

سوڵتانی عوسمانی پێویستی به‌ بیانوو نه‌بوو بۆ هێرش کردنه‌ سه‌ر ڕودس و باری سیاسی ئه‌وکاته‌ی ئه‌ورووپاش یارمه‌تیده‌ر بوو، له‌ گرنگترین ئه‌و یارمه‌تیده‌رانه‌ش:

§ سه‌ر قاڵبوونی ئه‌وروپا به‌ جه‌نگه‌وه‌، که‌ له‌ هاوینی (1521ز)دا له‌ نێوان چارلی پێنجه‌م و فره‌نسۆی یه‌که‌مدا قه‌وما.





§ خه‌ریکبوونی پاپا لیوی ده‌یه‌م به‌ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ڕاهیبی ئه‌ڵمانی (لۆته‌ر) دامه‌زرێنه‌ری ڕێبازی بروتستانتی و، به‌شبوونی ئه‌ڵمانیا له‌ جه‌نگی ئاینی دا.

§ به‌سترانی ئاشته‌وایی له‌ نێوان ده‌وڵه‌تی عوسمانی و بوندوقییه‌دا

§ گه‌شه‌کردنی ده‌ریاوانیی عوسمانی هه‌ر له‌ سه‌رده‌می سوڵتان سه‌لیمی یه‌که‌مه‌وه‌.

§ تێکچوونی وڵاتی مه‌جه‌ڕ به‌هۆی جیاوازیی دوژمنکارانه‌ی نێوانیان، سه‌رباری بێزار بوون له‌ پاشاکه‌یان.

سوڵتان ئه‌و هه‌ل و مه‌رجه‌ سیاسیه‌ی قۆسته‌وه‌ و، په‌لاماری ڕودسی دا که‌ له‌ ده‌ریای سپی ناوه‌ڕاستدا له‌ ته‌واوی قه‌ڵاکان قایم و سه‌ختربوو. په‌لاماره‌که‌ (300 000) سه‌رباز ئه‌نجامی داو و، (300) که‌شتی جه‌نگی پاڵپشتی ده‌کرد. فه‌رمانڕه‌وا پڕه‌که‌ی (فیلیپ دی له‌یل ئاده‌م) پێشنیازێکی سوڵتانی په‌سند نه‌کرد، که‌ ده‌بێ دوورگه‌که‌ چۆڵ بکات و، خۆی و یاریده‌ده‌رانی لێی بکشنه‌وه‌.[1]

گه‌مارۆ چڕو پڕه‌که‌ له‌ هاوینی (1522ز)دا ده‌ستی پێکرد. سوپای عوسمانی چه‌ند ئاسته‌نگێکی له‌کاتی گه‌مارۆکه‌دا هه‌بوون، بۆ چه‌ند جارێك که‌شتی گه‌لی عوسمانی پاشه‌کشێی لێکرد. دانیشتوانی دوورگه‌که‌ش بۆ شکاندنی گه‌مارۆکه‌ به‌رگرییه‌کی گیان به‌خشانه‌یان له‌ خۆیان ده‌کرد. له‌ دواییدا له‌ ژێر گوشاری گه‌مارۆکه‌دا، هه‌م به‌هۆی که‌م بوونی تفاق و ئازووقه‌ی جه‌نگی و قووت ته‌سلیم بوو، به‌ڵام چه‌ند مه‌رجێك له‌به‌رچاو گیرابوون، له‌وانه‌ش :

§ سوارانی دوورگه‌که‌ بێ ترس له‌ ماوه‌ی (12) ڕۆژدا دوورگه‌که‌ چۆڵ بکه‌ن و، (50) بارمته‌ به‌جێ بێڵن، نیوه‌ی سواره‌کان بن و، نیوه‌که‌ی دیکه‌ له‌ دانیشتوانی دوورگه‌که‌ بن و، که‌شتی گه‌لی عوسمانیش له‌ میلێك پتر له‌ دوورگه‌که‌ نزیك نه‌که‌وێته‌وه‌.

§ دانیشتوانی دیکه‌ی دوورگه‌که‌ ئازادییه‌کی ته‌واویان هه‌بێ له‌ ئایندا و (5) ساڵی ڕه‌به‌ق له‌سه‌رانه‌ چاوپۆشیان لێبکرێت. له‌ دوای ڕێکه‌وتنه‌که‌دا سوڵتان دیدارێکی له‌گه‌ڵ سه‌رۆکی بارمته‌کاندا کرد و، دڵنه‌وازیی کرد و، ستایشی به‌رگری ئه‌وی کرد و، چاکه‌ی

---

[1] - کلو : ل 88.

لەگەڵدا کرد.[1] لە سەرەتاکانی کانوونی دووەمی (**1523**ز)دا سوارەکانی قەدیس یوحەننا بۆ دوورگەی کریت پەڕینەوە و دوای (**8**) ساڵان بۆ وڵاتێکی دیکە چۆڵیان کرد کە زیاتر جێگای مانەوە بێت لە ماڵتا. بەو شێوەیە لە خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا دەوڵەتێکی لاتینی هەلکەنرا و، ئەو ناوچەیە کرایە ناوچەیەکی دەریای ئارام.[2] ئەوش جاڕنامەیەك بوو کە جڵەوی دەست پێشخەری لە دەستی دنیای مەسیحیەوە گوازرایەوە بۆ دەستی عوسمانییان.

## پێوەندیی سوڵتان سلێمان بە فڕەنسۆی یەکەمەوە

ئەوەی ڕاستی بێ زەقترین ڕووداوی سیاسی لە سەردەمی سوڵتان سلێمانییەکەم دا ئەو پێوەندییە بوو کە لەگەڵ شای فەڕەنسی فڕەنسۆی یەکەم بەستبووی. ئەم پێوەندییە دوای ماوەیەك گۆڕا بە هاوپەیمانی و سوێندخۆریی. فڕەنسۆی یەکەم بە تەمای تەختی ئیمپراتۆری بوو، کاتێك چارل شای ئیسپانیا خۆی بە ئیمپراتۆر ڕاگەیاند بۆ ئیمپراتۆریی ڕۆمانی پیرۆز و بەناوی چارلی پێنجەمەوە دەستەڵاتی ئەو لە هەموو لایەکەوە دەوری فەڕەنسای دا بوو لەلای دەریاوە نەبێت.

چونکە چارلی پێنجەم بەهۆی دەستەڵاتی نوێوە بووە شای نەمساش، سەرباری ئیسپانیا و، بووە بە ئیمپراتۆر ئەڵمانیا و فەرمانڕەوای بەشێکی فراوانی ئیتاڵیای باشوور و، کۆمارەکانی جینوە و فلۆرنسا و هەرێمی وەهران لە جەزائیر دا و هەر دوو دوورگەی مینورقەو سەقلی یە چوونە ژێر ئالای ئەوەوە و، توانای ئەوەی بۆ پەیدا بوو لە سنووری ئەڵمانیاوە و لە چیاکانی برینیەوە لەیەك کاتەوە هێرش بکات.[3]

ئاشکرایە فڕەنسۆی یەکەم هەستی بەو بێزاریە کرد و هەوڵی بۆ هاوپەیمانی بەستن دا لەگەڵ عوسمانییەکاندا، ئەم بڕیاردانەش ئەوەندە سانا نەبوو،، چونکە سیاسەتی ئەورووپا ئەوکاتە مۆرکی مەسیحی هەر پێوەبوو. ئەورووپا بە دانیشتوان وبە شا و میرەکانیەوە بە نا ئارامی سەیری سەربازگەکانی عوسمانییەکانیان دەکرد لە بەڵقان و، کەشتی گەلی

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 88 – 89.

[2] - Shaw: op. cit. I. p. 89.

[3] - الشناوی، عبدالعزیز : أوروبا في مطلع العصور الحديثة، ج1، ل 236.





موسڵمانان کە بە ئاوی خۆرئاوای دەریای سپی نێوەڕستدا ڕەت دەبوون. لەو بارەوە باس دەکرێ کە ئەم فڕەنسۆیە بۆ شەڕ لە شوباتی (**1525**ز)دا پەلاماری سەر ئیتاڵیادا، بەڵام ئەم جەنگە بە کارەساتێك کۆتایی هات لە بافیادا، کاتێك شای فەڕەنسا بە یەخسیری کەوتە دەستی ئیمپراتۆر ناچاری کرد بەیاننامەی مەدرید مۆربکات بەرلەوەی ئازادی بکات.[1]

لە کاتی دیل بوونی شای فەڕەنسادا چەند لێکۆڵینەوەیەك لە نێوان شاژنە (لویزسڤوا) دایکی فڕەنسۆی یەکەم و وەسی تەختی فەڕەنسا و سوڵتان سەلیم دا ڕوویاندا بە مەبەستی هاوکاری دژ بە دوژمنێکی هاوبەش[2].

شاژن خۆی ئەو بڕیارەی دا بە دوای شکستەکەی بافیا دا، لە کاتێکدا لە ڕزگارکەرێکی بەهێز دەگەڕا بەرەو ڕووی بنەماڵەی هابسبۆرگ بێتەوە، بەڵام لە سوڵتانی عوسمانی زیاتر کەسی دیکەی نەدۆزییەوە.

ئەگەر ئەو توێژینەوانە بەڵگەیەك بن لەسەر شتێك، ئەوە یان بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە هێزدا گەیشتۆتە ئاستێك کە هەبوونی پێویست بۆ پاراستنی هاوسەنگی سیاسی لە ئەورووپادا، پێویست بووە.

سوڵتان سلێمان لە سەرەتای ساڵی (**1526**ز)دا نامەیەکی لە فڕەنسۆی یەکەم پێ دەگات کە دیل بووە و داوای لێ دەکات هێرش بکاتە سەر لویسی دووەم شای مەجەڕ، کە یەکێکە لە هاوپەیمانانی چارلی پێنجەم تا ڕێگای کۆمەکی نێوان و ئەو و ئیمپراتۆردا بگرێ. لە هەمان کاتدا فەڕەنسی یەکان پەلاماری ناوچەکانی ئیمپراتۆریان دا تا ئەوەی لە جەنگی بافیادا لە دەستیان داوە بیگێڕنەوە.[3]

سوڵتان نامەی بۆ شای فەڕەنسی نووسی و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ یاریدەدانی، چونکە دانیشتنی شای ئیسپانیا لەسەر تەختی ئەڵمانیا وەکو برا گەورەیەکی شاژنی

[1] - لە بارەی شەڕی بافیا و پەیماننامەی مەدرید بڕوانە : الشناوی، هەمان سەرچاوە، ل**254** – **255**، **263** – 266

Charriere. E. Negociations de La France Dans L Evant : T. I. P. 112

[2] - محمد فرید بك : ل 209.

[3] - كلو : ل 103.

مەجەڕ، بەشێوەیەكی ترسناك هەڕەشە لە دەوڵەتی عوسمانی دەكات، سەرباری تێكچوونی پێوەندییەكان لەگەڵ ئیسپانیادا بەهۆی مەغریب و ئەنەلوس. ئەو وەڵامەی سوڵتان بە بایەخێكی هەبوو و ئاستی سیاسیانەی بەرزی ئەوەی دەسەلماند.[1] ئیدی سوڵتانی عوسمانی بڕیاری دا وڵاتی مەجەڕ بگرێ بەڵام لە سەرەتاكانی (1526ز)دا شای فەڕەنسا ئازاد كرا، دوای ئەوەی ڕازی بوو بە مەرجەكانی چارلی پێنجەم كە هەندێ لەو ویلایەتانەی لە ژێر دەستەڵاتی فەڕەنسی دان دەستیان لێ بكێشێتەوە. ئازادكرا ئەوەش پرۆژەكەی لەباربرد، بەڵام سوڵتانی عوسمانی بەڕزگاركردنیوڵاتی مەجەڕ پرۆسەی تایبەتی خۆی ئەنجام داو خستیە سەر وڵاتی ئیسلام.[2]

## جەنگی موهاكس (1526ز)

سەلیمی یەكەم لە مێژبوو نیازی گرتنی وڵاتی مەجەڕ ی هەبوو، ئێستا هەلی بە لێك هەڵوەشانی ئەوروپا و هەوڵی لویسی دووەم شای مەجەڕ بۆ هێرش كردنە سەر سنوری دەوڵەت لەلای ڕومەللی یەوە هەلی بۆ ڕەخسا. سوڵتان دەیزانی كە وڵاتی مەجەڕ دابەش بووە و دانیشتوانی لە بێزاریی و نا ئومێدیەكی زۆردا دەژین، تەنات زۆر لەوانە چاوەڕوانی هاتنی عوسمانییەكان بوون و بە ڕزگاری خوازیان دادەنان.

سۆزی گەورە پیاوانیش لە دژی ئەڵمانیادا ئەوەندە گرژ بوو بوو لەوەدا دوو دڵ نەبوون كە داوا لە شا بكەن شار بەدەریان بكات، لەگەڵ ئەوەشدا مەجەڕ پێویستی بە هاریكاری بنەماڵەی هابسبۆرگ هەبوو.

مەجەڕیەكان لە لۆسەر حاڵی بوون كاتێك گوتبووی : (سەركەوتنی توركان سزایەكی دادگەرانەی ئەو خراپە و ستەمە كۆمەڵایەتیەیە كە ڕۆمانەكان كردیان)[3].

[1] – تاریخ جودت : ج1، ل 388 . دەقی نامەكەی سوڵتانی هێناوە كە بۆ شای فەڕەنسی ناردووە، دیسان دەقی هەردوو سەركردە دەبینی لەكاتی. Charriere T. I. PP. 116, 118, 131 , 132

[2] - الشناوی : سەرچاوەی ڕابردوو، ج 1، ل 226 Charriere I. bid . P.112 ئەوەی ڕاستی بێ فڕەنسۆی یەكەم دەستی لەو جێگایانە كێشایەوە كە لە ژێر دەستەڵاتی ئەودابوون بۆ چارلی پێنجەم لەناو بولی و میلانۆ و كەرتەكانی ئەرتواو فلاندەر و، بۆرگۆنیا، بڕوانە : خوری، امیل اسماعیل، عادل : السياسة الدولية في الشرق العربي، ج 1، ل 4.

[3] - كلو : ل 105.





بارودۆخی دەرەكیش لەبارە. بوندوقییەپەیوەستە بەو بەڵێنەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا ئەنجامی داوە و، لە بەرژەوەندی ئەودا نییە بیشكێنێت، شانشینی ڕاجوزەش كە بە دوایدا هەندێ ئیمتیازی نوێ ی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووە، بەڵام (شاتەهماسب)ی سەفەویی هەرچەندە لەگەڵ چارلی پێنجەم دا خەریكی پلانن بەڵام توانای چوونە ناو جەنگی نییە. هەرچی فەلەقەكانیشن مل كەچی عوسمانییەكان بوو. چارلی پینجەمیش كە خەریكی كێشە ئەوروپییەكان بوو، نەیدەتوانی بپرژێتە سەر دەست تێوەردانی خۆرهەڵات.[1]

سوڵتان ئەو بارودۆخانەی ناوخۆ و دەرەوەی بە چاك زانی و، لە نیسانی (1526ز)دا سەرلەشكری (100000) سەرباز و (300) تۆپ و (800) كەشتی كرد لە ڕووباری دانوب كەوتە ڕێ و[2]، لە كاتی هێرشەكەی بە شاری بەلگراد دا گوزەری كرد كە كردی بە بارەگای سەركردایەتی جەنگی بۆ خۆی. دوای ئەوەی چەند قەڵایەكی سەر دەریای دانوبی گرت كە گرنگی یەكی ستراتیجی یان هەبوو، لە هەموویان گرنگتر واردین بوو، گەیشتە دۆڵی موهاكس كە دەشتێكی پڕ لە گۆم و زەلكاو بوو (185)كم لە باكووری بەلگراد و (170)كم لە باشووری بودابستەوە بوو، كە لەوێدا هێزی مەجەڕی هەبوو بە سەركردایەتی لویسی دووەم و خۆی لە (200000)هەزار سەرباز دەدا و، لەوێدا بۆ مەبەستی ڕزگاركردنیڕێگای بودا لە عوسمانییەكان ئۆردویان هەڵدابوو.[3]

لە بەرانبەر ئەو هاتنە پێشەی عوسمانییەكان، لویس دیپلۆماتەكانی خۆی بۆ پایتەختەكانی ئەوروپی ڕەوانە كردن بۆ داواكردنی فریا گوزاریی[4]، بەڵام چالاكی یەكەی لەو سنوورەدا ڕاوەستا، لە كاتێكدا دەوڵەتانی ئەوروپی لەنێو بازنەی بەرژەوەندی خۆیاندا كەوتنە جموجۆڵەوە.

پاپا كلیمنتی حەوتەم فەرمانڕەوا مەسیحیەكانی هاندا یارمەتی دەوڵەتە هەڕەشە لێكراوەكان بدەن، لە كاتێكدا لۆتەر میرەكانی پرۆتستانتی هاندەدا كە لە شوێنی خۆیان

[1] - كلو : ل 103 – 105.

[2] - دیورانت : مجلد 6، ج5، ل 103 . أوزتونا : ج1، ل 270.

[3] - كلو : ل 106، أوزتونا: ج1، ل 270.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 107.

نەجوولێن، چارلی پێنجەم لە ئیسپانیادا مایەوە و توانای پێشکەش کردنی هیچ یارمەتی یەکی نەبوو، چونکە لە ئەوروپا زۆر تەنگ و چەڵەمە یەخەیان گرتبوو. شای ئینگلتەراش بۆ خۆی دانیشت و نەجوولا.[1]

بەم شێوەیە لویس بەتاقی تەنیا بەرەنگاری سوپای عوسمانی بۆوە، شەڕەکە دوو سەعاتی یەك لاکەرەوەی خایاند.[2]

لەو ماوەیەدا هەزاران میری مەجەڕی لەناوچوون، تەنانەت شا (لویش) بۆ خۆی لەکاتی هەڵاتنی لەشەڕ، کوژرا.[3]

دوای بڕانەوەی جەنگەکە سوڵتان پەلاماری بودای داو گرتی و[4] ئاهەنگی سەرکەوتنی لە کۆشکی شادا گێڕا و، جان زابولیای میری ترانسلڤانیای بە میری مەجەڕ دامەزراند.[5] پاشان بۆ ئەستەنبوڵ گەڕایەوە و تالانێکی گرانبەهای برد، لەوانەش ئەو کتێبانەی لە گەنجینەی کڵێسای مەتیاس کورفن دا هەبوون.

## ئەنجامەکانی جەنگی موهاکس

§ بە ڕاستی جەنگی موهاکس ئاکامەکانی بۆ سەر مەجەڕ سەنگین بوون کاری زۆری کردە سەر ئەوروپا.سەرباری لە دەستدانی بەرەنگاریی دژ بە عوسمانییەکان. مردنی لویس زاواکەی فەردیناندی کردە یەکەم داواکاری تەختی مەجەڕی.

ئەرشیدۆڤق فەردیناند شایەکی هەڵبژارد بۆ سەر بۆهیمیا کە بەشێك لە مەجەڕ بوو، دیسان لە کانوونییەکەمی (1526ز)دا شایەکی تری هەڵبژارد بۆ ئەو شوێنانەی لە مەجەڕ ماونەوە. سێ دەوڵەتی لەچنگدا مانەوە: نەمسا و مەجەڕ و بوهیمیا.

چوونە سەر کورسی فەردیناند لە مەجەڕ دا دەستپێك بوو بۆ یەك پێڕزگارکردنی نەمسا و مەجەڕ، کە لە داهاتوو بایەخیی خۆی بۆ ئەو گەشەکردنی ئەوروپا دەبێت.

1 - دیورانت : مجلد 6، ج5، ل 103.

2 - سولاق زادە : ماوەکە بە ماوەی نێوان دوو نوێژ باس دەکات، ل 455.

3 - الشناوی : ج 1، ل 276 . جرامون : هەمان سەرچاوە : ج 1، ل 220. Shaw: op. cit. I. p. 91.

4 - محمد فرید بك : ل 214، بڕوانە : وقائع فتح بودا، سولاق زادە : ل 358 – 359.

5 - أوزتونا : ج 1، ل 271.





§ بە ڕاستی لە مەیدانی موهاکس دا سەرچاوەیەکی دیکە هەڵقوڵی تەمەنێکی درێژی بە ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی وماڵی خانەوادەی هابسبۆرگ دا، چونکە بەرگری کردن لە مەسیحیەت دژ بە عوسمانییەکان گەر موهاکس نەبوایە لەوانەبوو بکەوێتە سەر شانی مەجەڕیەکان و، بە ناچاریی کەوتە ملی فەرمانڕەوایانی نەمسا. ئەو ئیمپڕاتۆریەتە دوای نەمانی مەجەڕ بووە تاکە لەمپەڕ و هێز لە هەمبەر درێژە کێشانی ئەو دەوڵەتە ئیسلامی یە گەورەدا.

§ فەردیناند زانی کە دوای ماوەیەك ئەوەندە ئاسان نییە لە مەجەڕدا بمێنێتەوە چونکە ئەو وڵاتە حەز بە چارەی بیانیەکان ناکات. بۆ بەرهەڵستی کردنی شای نەمسا چینی پیاو ماقووڵان (جان زا بولیا)ی پاڵێوراویان هاتنە پێش، کە دوژمنی بنەماڵەی هابسبۆرگ بوو، کە هەریەکە لەسوڵتانی عوسمانی وشای فەڕەنساپاڵپشتی یان لێکرد.

مەجەڕ دوو شای هەبوون و، وڵاتەکە بۆسێ قەوارەی سیاسی لێکهەڵوەشا : بەشێکی عوسمانییەکان حوکمیات دەکرد و، بەشێکی زابولیا لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا بەڕێوەیان دەبرد و، بەشەکەی دیکە فەردیناند شای نەمسا حوکمی دەکرد.[1]

لە ئەنجامی ئەو ڕق بەرقە (منافسە)ی لە نێوان فەردیناند و زابولیادا ڕوویدا، فەردیناند توانی لە کۆتایی ساڵی (1527ز)دا بەسەر زابولیادا زاڵبێ و، دەری بکات. سوپای ئەڵمانیا هاتە نێو شاری بوداوە کە بوو بەهۆی نیگرانیی سوڵتانی عوسمانی[2].

زابولیا نوێنەری خۆی گەیاندە لای سوڵتان و داوای فریاکەوتنی لێی کرد، ئەویش بەڵێنی دایە کە یارمەتی بدات. کاتێك فەردیناند زانی کاری نەیارەکەی سەری گرتووە، بێ سێ و دوونوێنەری خۆی ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرد، بەڵام دبلۆماسی ئەو وەکو دبلۆماسی زابولیا لێزان نەبوو.بردنسکی سەرۆکی وەفدەکە داخوازیی وڵاتی خۆی خستە ڕوو کە دەبێ هەموو ئەو خاکەی عوسمانییەکان خستوویانە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە لە مەجەڕ، لەوانەش بەلگراد، بگێڕدرێتەوە. یەکم جار عوسمانییەکان لەم داخوازیە

1 - الشناوی : ج 1، ل 278.

2 - محمد فرید بك : ل 215 . أوزتونا، ج 1، ل 272.

ڕاچڵەکین، کە بووە هۆی دەست بەسەرکردنی ئەندامانی شاندەکە بۆ ماوەی (9) مانگ و پاشان ئازادی کران و، سوڵتان هەڕەشەی پێدا ناردن بۆ فەردیناند.()

لە ئەنجامی ئەوەیدا سوڵتان لەشکرێکی زۆر گەورەی بەمەبەستی گێڕانەوەی زابولیا بە شای بودا و، ڕزگارکردنی شاری ڤییەننای پایتەختی فەردیناند ئامادەکرد، لە هاوینی (1529ز)دا بەرەو وڵاتی مەجەڕ کەوتە ڕێ و، گەیشتەشاری موهاکس و لەوێدا لەگەڵ زابولیا کۆبۆوە و، تاجی شایانەی کردە سەر و کردیە فەرمانڕەوای مەجەڕ.[1]

## تێشکانی عوسمانییەکان لە بەردەم ڤییەننادا

ڕەوشی سوڵتانی عوسمانی لە ڕووی دبلۆماسی یەوە بەهێز بوو دەی بینی کە ئەورووپا لە هەموو کاتێك پارچە پارچە ترە، زۆر بە وردی و ورياييشەوە تەماشای پەرەستا دۆخی سیاسی و باری ئاینی لە ئەڵمانیادا دەکرد. ڕەنگە ئاگای لە شۆڕشی پرۆتستانت بوو لە دیات سبیر (1529ز)بووبێ بەر لە هێرش کردن بۆسەر ڤییەننا و دەیزانی کێشە و ناکۆکیی ئایینی چەندە تەئسیر دەکاتە سەر ڕەوشی گشتیی ئەورووپا.

دوای ڕێکخستنی کاروباری مەجەڕ، سوڵتان پەلاماری خۆی بە نیازی شاری "بودا"ی پایتەختی مەجەڕ دەست پێ کرد و، لە ئەیلوول دا گەیشتە ئەوێ و گەمارۆیەکی خەستی خستە سەر.[2]

فەردیناند لە پێش فشاری عوسمانیان خۆی ڕانەگرت و، لەسەر ئەوە سوور بوو کە چارەنووسی بە چارەنووسی موهاکس نەگات. ئەنجا بۆ ڤییەننا ڕایکرد و پاسەوانانی شاریش تەسلیمی عوسمانیان بوون، عوسمانییەکان سپارد و، سوڵتان لەگەڵ زابولیادا چووە نێوشار و لە ئاهەنگێکی بەشکۆدا کردی بە شای وڵات.[3]

سوڵتان زابولیاشی لەگەڵدا بوو هێرشەکەی بە بەرەو شاری ڤییەننا درێژە پێ دا بۆ شار بە دەرکردنی سوپای نەمساوی و تێکشکاندنی، سەرباری ئەوەی پایز زۆر نزیك بوو.

[1]- shaw : op. cit. i. p. 91

[2] - سرهنك : ل 81.

[3] - محمد فريد بك : ل 215 . كلو : ل 117 – 118.





سوپای پارێزگاریشی لە شاری بودادا بەجێهێشت بۆ پاراستنی ئاسایش و توندوتۆڵ کردنی لە (27ی ئەیلوول)دا گەیشتنە شارەکە و گەمارۆیەکی خەستی لەسەر دانا.[1]

دانیشتوانی ڤییەننا شارەکەیان چۆڵکرد و، شا فەردیناندیش لێی کشایەوە و ڕووی لە لێنز کرد تا لە کاتی پێویستدا کۆمەکی و فریاگوزاریی ڕێك بخات و. پێوەندیی بە چارلی پێنجەمی برایەوە نەپچڕێت.

کوانت نیقولاڤون سالم بە (20)هەزار ئەرکی بەرگریی کردن لە شاری گرتە ئەستۆکە دەبوو بەرهەڵستی گەمارۆی (200)هەزار سەرباز بکەن.[2]

لە ئاکامی ئەو چوونەی عوسمانییان بۆ نێو قوڵایی ئەو کیشوەرە، لەسەرجەم ئەورووپادا دەنگوباس بڵاوبۆوەکە سوڵتان سەلیم سوێندی خواردووە هەموو دانیشتوانی ناچار بکاتموسڵمان بن. ئەورووپییەکان زانییان کە ئەم مەترسیە ئەم جارە هەر پەیوەست بە مەجەڕ و شارەکانی دانوبەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەنێوجەرگەی ئەورووپاوە هەیە. پێویست بوو تەواوی توانایان تەییار بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو داگیرکردنە. بۆیە پرۆتستانتی ئەڵمانیا تواناکانیان کۆکردەوە و بەرگری کردن لە شارەکە بە قایمی و تۆکمەیی ڕێکخست و، چارلی پێنجەم هەڕەشەی کردبوو گەر فەردیناند بە تەنیا لەو مەرگە ساتەدا بە جێ بێڵن بەرەو ڕووی سزا دەبنەوە.[3] باری شا فەردیناند پەستی و نائومێدی پێوە دیار بوو، بێ هوودە هەوڵیدا داوای فریاکەوتن لە ئیمپراتۆر بکات. لەگەڵ پاپادا ڕێك کەوت کە بەشێك لە سامانی کڵێسا بکات بە خەرجی جەنگ. ئەوکاتەی بەهەل قۆستەوە کە سلێمان تێیدا بە هۆی بارانی زۆر و لافاوان زیانمەند بوو بوون، تا ئامادەکاریی بەسوود بکات. ئەوە بو دەستی بە چاکردنەوەی شورەکان و ڕماندنی خانوەکانی دەورووپشتیان کرد، بە بڕێکیزۆر زەخیرە وتفاقی داکرد و چەندان مەڵبەندی دژە ئاگرکەوتنەوەی دامەزراندو، بێجگە لە یەك دەرگا، سەر لە بەری دەرگاکانی شاری داخستن.[4]

[1] - محمد فريد بك : ل 216.

[2] - ول ديورانت : مجلد 6، ج 5، ل 103. كلو : ل 119.

[3] - كلو : ل 119.

[4] - كلو : ل 119 – 120.

گـەمارۆی ڤییـەننا (**19**) ڕۆژ بـەردەوام بـوو، لـە (**27** ی ئـەیلول) تـا (**16** ی تشرینییەکەم)، لەو ماوەیەدا عوسمانییەکان ویستیان بچنە نێو شار و هـەموو جـارێ بە هۆی هۆشیاری بەرگری کەران لەوێ دەکشانە دواوە.[1]

ئـەورووپا لـەو کاتـەدا دڵـی لـە مـستیدا بـوو و بـە دڵـە ڕاوکێـوە سـەیری کۆتـایی ئـەو ناکۆکییە ئاینی یەی دەکرد کە چارەنووسی کیشوەرەکەی دیاریی دەکرد. زسـتان هـات. باران وەکو گۆزەی سەرەوژێر دەباری و خۆشـی نـەدەکردەوە، تـا وای لێهـات سـەنگەری گـەمارۆدراوانی پـڕ لـە ئـاو کـردن. ئـەنجا سـەرمای سـەخت هـات و توانـای سـەربازە عوسمانییەکانی شکاند، هێڵی هاتوچۆی دوور و درێژی بۆ دابین کردنی ئازووقـە و ڕۆزی، کە بەرە بەرە لـە کـەمی دەدا لـە کارخـست. ئینکـشاریەکان کەوتنەچـرپە چـرپ و سـرکە کردن لە نێو خۆیاندا، بۆیە نەچوونە مەیدانی شەڕەوە.

سولّتان داوای لە پیاوانی کرد هەوڵی دوایی خۆیان بدەن و، بەڵێنی بەخشیشی پێدان، بەڵام ئەوان بەهۆی بـاری نالـەباری سروشـتی، ئارەزوومەنـدی جـەنگ کـردن نـەبوون. لـە ئاکامدا هێرشەکە بەر پەرچ درایەوە لەگەڵ زیانێکی زۆردا. سولّتان داوای لە پیـاوانی کـرد بۆ پاراستنی گیانیان پاشەکشە بکەن. زۆر نیگەران بوو چونکە یەکەم زەبری شکان بوون توشی بێ، هەرچەندە هێشتا نیوەی مەجەڕی بەدەستەوە مابوو، هەڵمەتەکە (**7**) مانگی خایاند.[2]

بەوشـێوەیە بـەزینی سـوپای عوسمـانی بـەهێز لـە هەمبـەر ڤییـەننادا لـە دەسـپێکی سـەردەمی تـازەدا سـنوور بـۆ ئـەو شـوێنەدادەنێ لـە ئـەورووپادا کـە ئەوشـاڵاوەی لەڕۆژهەڵاتەوە دێ،سەرباری پوختی و ڕێکوپێکیی،دەتوانێ بیگاتێ، .[3]

سوپای عوسمانی بەرەو ئەستەنبوڵ گەڕایەوە و سولّتان تاجی سانت ستیفنی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابوو. بـۆ خەڵکەکـەی ڕوونکـردەوە ئـەو بـێ سـەرکەوتن گەڕاوەتـەوە چـونکە

---

[1] - محمد فرید بك : ل 216 – 217.

[2] - دیورانت : مجلد 6، ج5، ل 104.

[3] - کلو : ل 121.





فەردیناند ئامادە نـەبووە بـۆ شـەڕکردن لەگەڵیدا و بـەڵێنی دانـێ لـە داهـاتوو بـچێتەوە سەری.[1]

خۆرئاوای ئەورووپی هەڕەشەی سولّتانیان بە هەند هەڵگرت. ترس و لەرز شاری ڕۆمـای داگـرت، پاپـا کلیمنتـی حەوتـەم باجـەکانی تەنانـەت لەسـەرکەرلانیش دان تـا سـامانێکی پێویست دابین بکرێ بـە مەبەسـتی قـایم کردنـی ئـەو کەلێنانـەی ڕەنگـە عوسمانییـەکان لێیانەوە بچنە نێو ئیتاڵیا.[2]

بـەڵام فەردینانـد شـاندێکی دیکـەی نـاردە لای کۆشـکی عوسمـانی بەسـەر کردایـەتی نیقولاگوریشیچ بە یـاوەری "کۆنـت لمبـار" کـە پیاوماقوڵێکی ئەسـتریا بـوو بەمەبەسـتی ئاخافتن لەگـەڵ سـولّتاندا[3]، چـونکە بـاری نـاوخۆی ئـەو لەمەجـەڕدا دەسـتی بـە هـەژان کردبوو، دوای ئەوەی ئەو پیاوماقولانەی پشتیان گرتبوو زانییان کە ئەو نە دەتوانێ یـەك پارچـەیی وڵات بگێڕێتـەوە و نـە لـە تواناشـی دایـە، هەرچـەندە هـەوڵیش بـدا، کـە عوسمانییەکان شار بەدەربکات.

ئەم شاندەش لە هێنانەدیی ئامانجەکانی فەردینانـد دا سـەرنەکەوت، چـونکە سـولّتان ئارەزووی لە ئاشتەوایی کردن نەبوو، بەڵکو بۆ چوونی وابـوو کـە ئـەوجار هـەل و مـەرجی گونجـاو بـۆ لێـدانی ئیمپڕاتـۆر چـارلی پێنجـەم و دانـانی ڕادەیـەك بـۆ پـەلاماردانی وڵاتـی موسڵمانان دانێ و، دنیاش تەنیا جێگـای یـەك سـەرکردەی تێدا دەبێتـەوە، بۆیـە دەبـێ شـارل و ئیمپڕاتـۆری جرمـانی پێکـەوە بڕوخێنـرێن. لـە (**25** ی نیـسانی ی **1532**ز)دا سولتـان سەلیم جارێکی دیکە هێرشی خۆی بەرەو خۆرئـاوا دەسـت پێکـرد بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ ئیمپڕاتـۆر چـارلی پێنجـەم دا، سەرلەشـکری سـوپایەکی بـوو بـە (**200000**) سەربازی و (**400**) تۆپ بوو، بەمەبەسـتی گرتنـی شـاری ڤییـەننا و پـڕ کردنـەوەی ئـەو زیانەی لە هێرشی یەکەمیدا لێی کەوتبوو.[4]

---

[1] - دیورانت : مجلد 6، ج 5، ل 104.

[2] - هەمان سەرچاوە

[3] - Hommer : op. cit. II.pp. 3 – 4.

[4] - کلو : ل 142 . محمد فرید بك : ل 217.

له (نـەیش) دوو نوێنـەری فەردیناند هـاتن بـۆ موفـاوەزات بـۆ مەبەسـتی ئاشـتەوایی كردن، بەڵام ئەوانە نەیانتوانی سوڵتان له هەڵوێستی خۆی پەشیمان بكەنەوە.[1]

لەوكاتەدا سوڵتان پێشنیازێكی دیكەی پەسند نەكرد كە ئەوجارە لەلایەن فەڕەنساوە بوو، باڵوێزەكەی ئەوێ ڕانسۆن پێشكەشی كرد كە له شاری بەلگراد دا لەگەڵیدا كۆبـۆوە. نێوەرۆكی پێشنیازەكە هاندانی سوڵتان بوو بـۆ بـەرەو ڕووبوونـەوەی چارلی پێنجـەم لـە ئیتاڵیـاوە نـەك لـە ئـەڵمانیاوە، بـەڵام بـەڵێنی بـە بـاڵوێزی فەڕەنـسا دا كـە فـەرمان بـۆ (خەیرەددین بەر بە ڕوسە) دەنێرێ هێرشێك بۆسەر میلانۆ و جینـوە دەسـت پـێ بكـات، چونكە ئەو ناتوانێ پلانی سەربازیی بگۆڕێت.[2]

دانیشتوانی ڤییەننا چاوەڕوانی گەمارۆیـەكی دیكـە بـوون لەلایـەن عوسمانییەكانـەوە، بۆیە دەوری پایتەختیان قایم كرد و، ئامادەی گەمارۆیەكی دژوار بوون. سوپای عوسمانی كەوتەڕێ و چـەند قەڵایـەكی گـرت، بـەڵام بـەرەو ڕووبوونـەوەی سـەخت لـە پـێش گـونزی شـاری مەجـەڕێ قـایم كـراو ڕوویـدا [3]، كـە عوسمانییـەكان لەگـەڵ تۆپبارانكردنیـشی دا نەیانتوانی بڕۆنە نێوی.

ئەوەی ڕاستی بێ پارێزگارانی شار بە سەركردایەتی نیقۆلاجوریش زیاتر لەوەی تێیـان ڕادەبینرا بەرگرییان لە شـارەكە كـرد. بـەردەوامی گەمارۆیـەكی سـەرنەكەوتوو هێنانـەدی ئامانجی بنەڕەتی هەڵمەتەكەی دواخست. بۆیـە سـوڵتان قایـل بـوو چـەند توێژینەوەیـەك لەگـەڵ فـەرمانڕەوای شـاردا ئـەنجام بـدات، كـە ڕازی بـوو قەڵاكـە بـە سـوپای عوسمـانی بسپێرێ بەو مەرجەی سوپاكە نەڕواتە نێـو شـار. سـوڵتان ئـەو مەرجـەی قبـووڵ كـرد.[4] چارلی پێنجەم هەستی بەو مەترسیە كـرد كـە دەورەی دابـوو، بۆیـە یـەكێك لـە یارمـەتی دەرانی ڕەوانەی لای سەربازگەی سـوڵتان كـرد بـۆ موفـاوەزات بەمەبەسـتی ئاشـتەوایی و

[1] - هەمان سەرچاوە.

[2] - هەمان سەرچاوە، خوری و أسماعیل : ج 1، ل 5 – 6.

[3] - گونز شارۆچكەیەكی زۆر قایمە لە مەجەڕا و (2)كم لە سنوری نەمسا و (100)كم لە ڤێننا دوورە.

[4] - محمد فرید بك : ا 218.





بەشكردنی بەڵقان لە نێوان خۆیاندا، بۆ ئەوەی سوڵتان توانای سەربازی ڕابگرێ تا چـارل بۆ جەنگ كردن لەگەڵ فرەنسۆی یەكەمدا دەست بەتاڵ دەبێ.

وا دەردەكەوێ كە سوڵتان لە بەڵێنی خۆی لەو پەیمانەدا كە لەگەڵ شای فەڕەنسی دا هەیبووە پاشگەز نەبۆتەوە و، ڕازی نەبووە لە بەرانبەر دەسكەوتی مـاددی دا ناپـاكی بـە هاوپەیمانێكی خۆی بكات، مەرجی بۆ چارل دانا كە پێشنیازی ئاشتەوایی پەسند دەكات بەو مەرجەی هەموو خاكەكەی فڕەنسۆ كە زەوتی كردبـوو، هـەموو سـامانەكەی كـە لێ ی ستاندبوو، بیداتەوە.

ئـەو كاتـە چـارل دەسـتی بـە خۆئامـادەكردن بـۆ بەرەنگاربوونـەوە كـرد و، لـە دوای چەندان پاڕانەوەی زۆر، بەخششێكی ئیمپڕاتۆری بۆ سـازكردنی سـوپا قبـووڵ كـرد و، بـە یارمەتی فەردیناند توانی (78000) سەرباز ئامادە بكات، دیسانەوە ئاشتەوایی یـەكی لەگەڵ لۆتەرییەكانداسازدا لە نۆرەنبورگ، كە دەقەكـەی ئـەوەبوو دەبـێ پڕۆتـستانتەكان بەشداریی لە بەرەنگاربوونەوەی عوسمانییەكاندا بكەن، لە بەرانبەرپاشگەزبوونەوەی لەو هۆشیاری دانەیدا كە ئاڕاستەی كردن بە گەڕانەوە بۆ شوورەی كەسلەكە، ئەمـەش هـەلی بۆ ڕەخساند كە بەرەو ڕووی عوسمانییەكان ببێتەوە و، لەبەرەی ناوخۆش دڵنیابوو.[1]

ئەوجارەش سوڵتان بەختی نەبوو. لەبەرئەوەی چارلی پێنجەم بۆ جـەنگ نەهاتـە دەر و، مانەوەی لەنێو شورەكانی ڤییەننادا هەڵبژارد، هەرچەندە سوڵتان هەوڵی خـۆی دا كـە بەرە و مەیدانی شەڕ رایبكێشێیت.

بەمـەش خـۆی لەشـەڕێك بـەدوورگرت كـە بێگومـان دەی دۆڕانـد. پاشـان لـە كـاتی نزیكبوونەوەی سوپای عوسمانی شارەكەی چۆڵ كرد.[2] كاتێك سـوڵتان سـلێمان قـەلایێ گونزی گرت دەیتوانی دەست بەجێ بەرەو ڤییەننا بكەوێتە ڕێ كـە بـە دەمـار گرژییـەكی گـەورەوە ئامـادە بـەرەو ڕووبوونـەوە لەگـەڵ گەمارۆیـەكی تـازەدا بـوو، بـەڵام لەشـكری عوسمانی بەرەو خۆرئاوا بەرەو ئوستریا ڕۆیشت، كە هەموو لایەكی سەرسام كرد كە ئایا دەبـێ سـوڵتان بیـەوێ پلانەكـەی سـەربگرێ كـە دەبەریـەك ڕاچـوونیەتی لەگـەڵ چـارلی

[1] - لە بارەی ئاشتەوایی نورمبرج بڕوانە : الشناوی، سەرچاوەی ڕأبردوو، ج1، ل 414 – 416.

[2] - كلو : ل 145.

پێنجەمدا لە جەنگێکی دژواردا و بەزاندنی ئەنجا ڕوو لە ڤییەننا بکات و دەستی بەسەردا بگرێت !.[1]

بەڵام چارلی پێنجەم پایتەختی نەمسای بەجێهێشت و سوپای عوسمانی تووشی کەمی تفاقی سەربازی هات بە تایبەتی تۆپ، دیسان کاتێکی زۆری لە پێش گونز بەفیڕۆدا و، وەرزی زستان نزیك کەوتەوە و نەیتوانی بەردەوامی بە گامارۆکە بدات و گرتنی شارەکە مسۆگەر بکات. ئیمپراتۆر ویستی سەرکردەی جینوە (ئەندریا) بەکاربینێ بۆ هێرش بردنە سەر کەنارەکانی دەریایی عوسمانی بەمەبەستی کەم کردنەوەی توند و تیژیی بەرەی وشکانی. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم سەرکردە دەریاییەی جینوەیی دەربەندی کاڕۆن و بەتراسی لە نیمچە دوورگەی مۆرە گرت و، دووقەڵای ڕووخاند کە سوڵتان بایەزیدی دووەم لەسەر هەردوو کەناری کەنداوی لیبانت دا لە وڵاتی یۆناندا بنیاتی نابوون.[2]

سوڵتان خۆی وانیشاندا کە هێندە گوێ بەگرتنی ئەو دوو قەڵایە نادات، بەڵام هەڵمەتی ئەوجارەی ئیسپانیا کە دوای ئەوە دەستی پێکرد کە ئیسپانیا بەندەری تەلمسانی داگیرکرد لە باکووری ئەفریقیادا، ئەوەی دەرخست کە چارلی پێنجەم سوورە لەسەر بەرەو ڕووبوونەوەی عوسمانییەکان و تەنگاوکردنیان،بۆ ئەوەی وەکو باسمان کرد فشار لەسەر بەرەی وشکانی سووك ببێت. لە ئاکامی ئەو هۆکارانەدا سوڵتان فەرمانی بە سوپای عوسمانی دا لە ڕێگای بەلگرادەوە بۆ ئەستەنبوڵ بکشێنەوە، بێ ئەوەی بتوانێت گەمارۆی ڤیەننا بدات. هەڵبەت سوڵتان لە (**18** ی تشرینی دووەم ی **1532**ز)دا دوای حەوت مانگ کە ماوەی هێرشەکە بوو گەڕایەوە پایتەختی خۆی.[3]

فەردیناند زانی بەردەوامی دوژمن کاری لەگەل عوسمانییەکاندا بێ سوودە، بۆیە ئارەزووی ئاشتەوایی کرد. ئەنجا نوێنەری خۆی ڕەوانەی لای سوڵتان کرد و هێنانەدیی ئاشتەوایی نێوان هەردوو لای پێشنیاز کرد. سلێمان پڕەنسیپی پێشنیازی ئاشتەوایی

---

[1] - محمد فرید بك : ل 218.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل **218** – **219**. کولز : ل **91** Hammer. Op. cit. II.P.11 .

[3] - کلو : ل **146** – . أوزتونا : ج**1**، ل **275** . Ibid . pp. 10 – 11.





پەسند کرد و، ڕایگەیاند کە ئەو وەکو کوڕی خۆی مامەڵە لەگەل فەردیناند دا دەکات و، لە بەرانبەر ئەوەدا داوای کلیلەکانی شاری (غەران))ی کرد کە بە کلیلەی ڤییەننا دادەنرێن و، هێمای ملکەچی و گوێ ڕایەڵیین.[1]

بەپێ ی ئەو پەیماننامەیەی لە ئەستەنبوڵ لە (**22** ی حوزەیران ی **1533**ز)دامۆرکرا، سنووری عوسمانی و مەجەڕ لەسەر بنەمای سنووری مەجەڕ و نەمسا لە کاتی خۆیاندا دیاریکران. ئەو پەیماننامەیە داننانی حکومەتی عوسمانی تێدا بوو بە فەردیناندا کە پاشای بوهیمیا و ئەوشیدوقی نەمسایە. ئیسپانیاش لە دەرەوەی بازنەی پەیماننامەی ئاشتەوایی یەکە بوو.[2]

فەردیناند  کلیلەکانی غەرانی بۆ سوڵتان نارد و خۆی بە کوڕی سوڵتان ناوبرد و، دانی بە دەستەڵات ڕۆیشتنی ئەو دانا بەسەر زۆربەی خاکی مەجەڕدا هێنا، شاری کۆڕۆن و ماتراشیی وەرگرتەوە.[3]

ئەو پەیماننامەیە بە یەکەم پەیماننامەی نێوان (بابی عالی) و نەمسا دادەنرێت. ئەوەی ڕاستی بێت لێرەدا چەند هۆکارێکی بنەڕەتی هەن کە بوونە هۆی هێنانەدیی ئاشتەوایی نێوان هەردوولا، هەبوو پێوەندی بە عوسمانییەکانەوە و، هەبوو پێوەندی بە نەمساوە هەبوو.

**بەڵام ئەو هۆیانەی پەیوەست بوون بە عوسمانییەکانەوە ئەمانە بوون:**

§ هێرشەکانی ئەوروپا بۆ سەر دوورگەی مۆرە و باکووری ئەفریقیا ئەگەر چی شوێنەواریان کەم بووە، بەڵام لەکاتێکی نالەباردا ڕوویان داوە. هێرشەکانی عوسمانیش بۆ ناوجەرگەی ئەورووپی تا ڕادەیەك سەرکەوتوونەبووە.

§ سوڵتان سلێمان نیازی وابوو سەرلەشکری هێرشێك بکات دژ بە سەفەوییەکان تا نفووزی خۆی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەهێز بکات و ئامادەیی یەك بێ بۆ گرتنیبەغداد، بەڵام پلانی ستراتیجی کە عوسمانییەکان پەیڕەویان لێ کردوو بریتی

---

[1] - محمد فرید بك : ل **219**.

[2] - دیورانت : مجلد **6**، ج **5**، ل **106**. درێژەی ڕووداوەکان کە لەنێوان حکومەتی عوسمانی و نەمسادا ڕوویداوە لە (Hammer. Op. cit . II. pp. 14 – 18)دەبینیت.

[3] - هەمان سەرچاوە : أبراهیم بك حلیم، ل 90.

بوو له جەنگ نـەکردن لـە دوو قۆڵـەوە، سـولْتان ناچـاربوو ئاشـتەوایی پـەسـند بکـات لەگەڵ نەمسادا تا دوژمنانی له ئەوروپادا لەباری ئاشتی دا لەگەڵدا بمێننەوە.

§ سولْتان سلێمان بێ دەیزانـی کـە چـارلی پێنجـەم پێوەنـدیی بەردەوامـە لەگـەل شـا تەهماسبدا بۆ هاوئاهەنگ کردنی ئیش و کارەکانیان له دژی وی له کاتی گونجاودا.

بەڵام ئەو هۆیانەی به نەمساوه پەیوەستن ئەوانەن:

§ هەم چارلی پێنجەم و هەم فەردیناند پێویستیان به ئاشـتی هـەبوو، چـونکه کێشەی ئایینی له بەرزبوونەوەیەکی هەمیشەیی دا بوو. پرۆتستانت له فرانسۆی یەکـەمی شـا فەڕەنسا نزیکبووبۆوه. ئیمپراتۆریش ناچار بوو پاشەکشه بکـات و، شـەڕ لەگـەڵ ئـەو میره پرۆتستانتانەی لێ ی هەلگەڕابوونەوە.

§ بنەماڵەی هابسبۆرگ وەکو عوسمانییەکان پێویستیان به ئاگر بەست هەبوو تـاڕۆژێ دێ جەنگێکی درێژخایەن دەست پێ دەکەن و، که هەردوو لا دەیان زانی تا ئـەو دوو دەوڵەته بمێنن جەنگی نێوانیان کۆتایی پێ نایەت.

## پەیماننامەی ساڵی (1535ز) لەگەڵ فەڕەنسادا

فڕەنسۆی یەکەم وەکو سولْتان سلێمانی هاوپەیمانی، ئەو هەلْوێسته بـێ پـێچ و پەنایـەی نەبوو، بەڵکو سستی و دڕدۆنگیی نواند، کەچی سوپای عوسمـانی لـە قـۆڵی نەمـساوه ده جەنگی و، فڕەنسۆش هەر لـە ولاّتـی خۆیـدا کوشـم هـەلاّتبوو جولْـەی نـەدەکرد، ئەمـەش لەمەڕ نیازیی فڕەنسۆ گومانی خسته دڵی سولْتانی عوسمانی.[1]

بـەڵام کاتێـك بـە تـەواوی فڕەنـسۆ بـۆی ئاشـکرا بـوو لـە چـەنگی چـارلی پێنجـەم دەربازبوونی ناکرێ مەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ سـولْتانی عوسمـانی دا ببەسـتێ، لـە سـاڵی (1535ز)دا باڵوێزێکی تازەی بەناوی (جان دی لافوریـە) بـە ئـەرکێکی سیاسـی بـۆ لای سلێمانییەکەم ڕەوانه کرد، تا قایلی بکات ئاشتەواییەك لەگەڵ پاشـا و میرانـی ئـەوروپادا، بێجگه له ئیمپراتۆر چارلی یەکەم ببەستێ و بەشداری بـە هەڵمـەتێکی سـەربازی لـە دژی بکات و، کەشتی گەلی خۆشی بۆ هێرشی سەقلّی یـە و سـەردینیا بنێرێـت، چـونکه ئەگـەر

[1] - خوری و اسماعیل : ج 1، ل 6.





ئەوەی دواییان پەسند نەکات دەبێ کەرتی میلانۆ بۆ فڕەنسۆی یەکـەم بگێڕێتـەوە و دان به دەستەڵاتی ئەو دا بەسەر (زەوییه نزمەکان)دا بێنێ و، داواشـی لێکـرد ملیۆنێك دراوی زێڕی به قەرز بداتێ.[1]

باڵوێزی فەڕەنسا لەگەڵ سولْتاندا له ئازربیجان له کاتی پەلامارەکەیدا بۆ سەر تـەورێز له جاری دووەمدا کۆبۆوه بەو بەڵێن نامه بازرگانییه بەناوبانگه لەو ئاگربەسته چووه دەر کـە لـە شـوباتی (1535ز)دا رئـەنجام درا، کـە بـە کـە بەسـەر شـار (مـەنطلـق)ی ئـەو ئیمتیازانه دادەنرێ بەهۆیانەوه فەڕەنسا دەیتوانی دەستەڵاتی سیاسیی و ئـایینی خـۆی له ڕۆژهەڵات بسەپێنێت.[2]

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ ئـەوەی لـەو پەیماننامەیـەدا سـەرنج ڕاکـێش و وروژێنـەره جۆرەکەیەتی. دی لافوریه ڕۆڵێکی سیاسی پێ سپێردرابوو، چۆن گۆڕا به پەیماننامەیەکی بازرگـانی؟ بـە شـێوەیەکی نیمـچه دڵنیـایی ڕەنگـە فەرمانـەکانی شـای فەڕەنـسی بـۆ باڵوێزەکەی خۆی کاروباری بازرگـانی تێـدا نـەبووبێ، لـە خۆرهەڵاتـدا، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوه نییـە کـە فەڕەنـسا قـەت بـۆ بـەهێزکردنی بازرگانییەکـەی ڕووی لـە خۆرهـەڵات نەکردووه.[3]

وا دیاره باڵوێزی فەڕەنسا له دوای تێشکان و سـەرنەگرتنی ئەرکـە سیاسـییەکەی لـە بەدەست هێنـانی پـەیمانێکی سیاسـی و سـەربازیی ڕاشـکاوانه لـە سـولْتان، گفتوگۆکـانی بەرەو ئاڕاستەیەکی بازرگانیی بردوون.[4]

پەیماننامەکـە (16) بەنـد وەخـۆ دەگـرێ و، لـە ڕاسـتیدا ڕووی نێوەرۆکـەوه لـە دوو پەیماننامـەی جیـا لـە یـەك پێـك دێـت، پەیماننامەیـەکی بازرگـانی و پەیماننامەیـەکی نیشتەجێ کردن، گرنگترین خاڵەکانیشی ئەوانەن:

[1] - Testa. T. De: Recueil de Traites dela porte ot teottoman avecles puissances Etrangeres . TI .PP. 29 – 33.

[2] - کلو : ل 220.

[3] - الصباغ : ج 1، ل 140.

[4] - هەمان سەرچاوه.

§ ئازادیی هات و چۆی دەریاوانیی كەشتی چەكدار و بێ چەك بۆ پاراستنی خەڵكی هەردوو لا لەلای ئەوی دیكەیان.

§ ئازادیی بازرگانی و بازرگانی پێكەوە كردن بۆ خەڵكی هەردوو دەوڵەت لە وڵاتی ئەوی دیكەیاندا. بەو مەرجەی كە ئەو گومرگەی فەرەنسی یەكان لە دەستەڵاتی عوسمانی دا دەیدەن هەمان ئەو گومرگە بێ كە عوسمانییەكگان دەیدەن. بە پێچەوانەوە باجی گومرگ و باجەكانی دیكە یەك جار بدرێ لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

§ مافی نوێنەرایەتی قونسوڵ لەگەڵ پارێزگاریی قونسوڵی بۆ قونسوڵ و نزیكانی و فەرمانبەرانی لەگەڵیدا.

§ قونسوڵی فەرەنسا مافی خۆیەتی لەمەسەلە شارستانییەكان و تاوانان بكۆڵێتەوە ئەگەر لایەنەكانیان رەعیەتی فەرەنسا بوون و، لەو مەسەلانەدا بەپێ ی یاساكانی فەرەنسی حوكم بدرێ. دەوڵەتی عوسمانی و خۆماڵیی بۆی نییە دەست لەو مەسەلانە وەردات، بەڵكو قونسوڵ بۆی هەیە بۆ ئەنجام دانی حوكمەكانی داوای یارمەتی لە دەستەڵاتی خۆماڵیی بكات.

§ لە مەسەلە تێكەڵاوەكانیشدا كە یەكێك لە لایەنەكان جەماوەری عوسمانی بێ و لایەنەكەی دیكە جەماوەری فەرەنسی بێ، ئەوكاتە خەڵكە فەرەنسی یەكە بەبێ ئامادەبوونی وەرگێڕی قونسوڵی فەرەنسی، بانگی ناكرێت و دادگایی ناكرێت.

§ رِوونكردنەوەكانی خەڵكی فەرەنسا لە مەسەلەكاندا پەسند دەكرێن و، لەكاتی حوكمداندا رەچاو دەكرێن.

§ دابین كردنی ئازادیی خواپەرستی بۆ جەماوەری فەرەنسا لە خاكی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا.

§ قەدەغەكردنی كۆیلە كردنی خەڵكی فەرەنسا.





§ مافی ئاڵا بۆ فەرەنسای، واتە: بازرگانانی دەوڵەتانی ئەورووپی جگە لە بوندوقییە كە حەز بە بازرگانی كردن دەكەن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا، پێویستە لەسەریان لە ژێرئاڵا و چاودێریی فەرەنسادا بە دەریادا گوزەر بكەن.[1]

مێژوونووسان وەكو سیستەمێكی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی یەكاندا و لە رێگەی مامەڵەكردن لەگەڵ بیانیەكاندا سەیری ئەو پەیماننامەیە دەكەن، دیسانەوە زۆربەشیان سەرەتایەكی راستەقینەی سیستەمی ئیمتیاز دەبینن كە بیانیەكانی لە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا پێ ی دەپارێزران و سەرشارێك بوو تەواوی پەیمانەكانی داهاتوو كە لە دەوڵەتی عوسمانیدا مۆركراون، بەگوێرەی وی كێشراون.[2]

بەو شێوەیە فەرەنسا لەنێو دەوڵەتانی ئەورووپادا بە تەنیا هەندێك ئیمتیازی بازرگانی، كە دەكرا پەرەیان پێ بدرێت، وەدەست كەوتن.

## ئاكامەكانی ئەوكاتەی پەیماننامەكەی عوسمانی و فەرەنسی

پەیماننامەی (**1535**ز) كە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فەرەنسادا بەسترا، دەسپێك بوو بۆ ئەنجام دانی هاوپەیمانی یەكی سیاسی و سەربازی لە نێوان هەردوو لا دا، بەندەكانمان پێ نەگەیشتوون، بەڵام بە ئاكامەكانی زانراون، كە شوێنەواریان لە رێك كەوتنەكەدا دەبینین كە بریتی یە لە هێرش بردنە سەر ئیتاڵیا و زۆركردنی هاریكاریی نێوان كەشتی گەلی عوسمانی و فەرەنسی لە دەریای سپی ناوەراستدا[3].

وادیارە ئامانجی سوڵتان لە دوای ئەو پێوەندیی نەێكردنەوە لەگەڵ فەرەنسادا ئەوە بوو كە بۆ ئەو پاشایانەی لە ئەوروپا بە ناوی ئایینەوە دوژمنایەتییان دەكرد، بیسەلمێنی كە دۆستایەتی كردن لەگەڵ ئەودا سودبەخش دەبێ و هەركەس لێ ی نزیك بێتەوە سوود

---

[1] - بڕوانە دەقی پەیمانەكە : De Testa : op. cit. i9 pp. 51 – 53. وەرگێڕاوە عەرەبیەكەی لای محمد فرید بك دەبینی، ل **224 – 229**.

[2] - هەندێك مێژوونووس بۆ ئەوە چوون كە فرەنسۆی یەكەم ویستوویەتی لە دوای پەیماننامەی بازرگانی دا پەیماننامەی سەربازیش بە دوای ئەودا بێنێ ئەوە بوو ساڵی 1536ز پیاوێكی خۆی بەناوی موئلوك ناردە ئەستەنبوڵ لەگەڵ سوڵتان سولەیماندا پەیماننامەیەكی نهێنی یان بەست بەڵام ئەم پەیماننامەیە هیچ سەرە داوێكی نە دۆزراوەتەوە. خوری و اسماعیل، ج 1، ل 7.

[3] - Brown .p .M. Foreigenersing Turkey Their Juridical Statut P. 33 .

و ئیمتیازی زۆر دەچنێتەوە. جگە لەوەش، ئەو پەیماننامەیە ئاوەدانی بەندەرەکانی خۆرهەڵاتی گێڕایەوە دوای ئەوەی بلۆك بوونێکی بازرگانی بینی لە دوای دۆزینەوەی (رأس الرجاء الصالح)دا و، بازرگانی هیندی ڕووی لەوێ کردبوو[1].

بەپێی ڕێککەوتنی ڕابردوو، کەشتی گەلی عوسمانی هێرشی بەهێزی کردە سەر کەنارەکانی شانشینی نابولی. هەر دوو دەوڵەت لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە سوپای فەڕەنسی لە هەرێمی بیدمونتەوە لە باکووری خۆرئاواوە دەڕواتە نێو ئیتاڵیاوە، لە هەمان کاتدا سوپای عوسمانی لە شانشینی نابولی یەوە دەڕواتە نێوییەوە.

عوسمانییەکان لەلایەن خۆیانەوە لە کەژ و دەریاوە ئامادەکاری خۆیان کرد، بەڵام ئاکامێکی زۆری نەبوو، چونکە فرەنسۆی یەکەم لە ژێر فشاری ڕووداوی سیاسی دا وەستابوو، تاکو بەوە تاوانبار نەکرێ کە بە یەکگرتنی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئیسلامی لە شەڕدا لە ئاینی مەسیحی هەڵگەڕاوەتەوە، لە جیاتی پەلاماردانی ئیتاڵیا، پەلاماری ئەرتەوا و بیکردییدا [2]، بەڵام بەنهێنی بە بڕوا پێ کراوی سیاسی خۆی لە ئەستەنبوڵ ڕاگەیاندبوو کە ڕێی دۆستانە لەگەڵ (بابی عالی)دا بگرێتە بەر.

لە لایەکی دیکەشەوە بوندوقییە دژ بەو ڕێك کەوتنە ڕاوەستاو چوو پشتگیریی لەچارلی پێنجەمین کرد و پەلاماری کەشتی یەکانی عوسمانی دا، ئەوەش سوڵتانی توڕە کرد و، بینی ئەمە هەلێکی باشە بۆ گرتنی کۆرفۆ.[3] بەمەش بوندوقییە پەیمانەکەی شکاند کە لەسەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەمدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەستبووی.

ئیسپانیا و بوندوقییە کەشتی گەلی هاوبەشیان بە سەرکردایەتی سەرکردەی دەریایی جینوی (ئەندریا دوریا) بۆ پەلاماردانی کەنارەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی خستە گەڕ. ئەو کەشتی گەلە لەگەڵ کەشتی گەلی عوسمانی دا بە فەرمانڕەوایی (عەلی چەلەبی) دەبەریەك ڕاچوون و، سەرکەوتنێکی نادیاری بەدەست هێنا کە سوڵتان سلێمانی هاندا کە

1 - خوری و اسماعیل : ج 1، ل 7.
2 - هەمان سەرچاوە : ل 222.
3 - سرهنك : ل 86 . أوزتونا : ج 1، ل 276.





ئەرکی بەرەو ڕووبوونەوەی کەشتی گەلی ئەورووپی و گرتنی دوورگەی کۆرفۆ بخاتە سەرشانی (خەیرەددین بەربەروسا).[1]

بەربەروسا بەرەو ئاوەکانی یۆنانی کەوتە ڕێ و لە (**27** ی ئەیلولی **1538**ز)دا لەگەڵ کەشتی گەلی هاوبەش دا لە جەنگێکی دژواردا لە نزیکی بریفیزا لەلای کەنارەکانی یۆنانی خۆرئاوا دەبەریەك ڕاچوو، توانی کەشتی گەلی هاوبەشی ئیسپانیا و بوندوقیە تێك بشکێنێت.[2]

سەرەنجامی ئەم جەنگە دەریاییە گۆڕینی هاوسەنگی هێز بوو لە دەریا دا لە بەرژەوەندیی عوسمانییەکاندا و، بووە هۆی خستنە ژێر ڕکێفی بەشی خۆرئاوای حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست لەلایەن عوسمانییەکانەوە[3] لەچەند ماوەیەکی بەدوای یەکدا.

وادیارە کە شای فەڕەنسا سوور بوو لەسەر بەردەوامیی شەڕ و، دەستی کرد بە ڕگرتنی ساڤوی و، چەند گفتوگۆیەکی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی سازدا و، هەر دوو لا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە نەخشەیەکی جەنگی بکێشن، کە عوسمانییەکان لە خۆرهەڵات و باشوورەوە بچنە نێو ئیتاڵیاوە و، فەڕەنسی یەکانیش لە خۆرئاواوە.[4]

بە ڕاستی سوپای عوسمانی کە سەد هەزار سورباز دەبوون، لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو ئاڕاستەی ئیتاڵیا چووە پێش. هاوکات بەربەروسا لە بەندەری ئوترانت لە باشووری ئیتاڵیادا دابەزی بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ پەلاماردانی ئیتاڵیا لەولایەوە.[5]

ئەوجارەش فەڕەنسا لەژێرفشاری ڕای گشتی مەسیحیدا خۆی گونجاند و، ئەمەش، بووە هۆیەك بۆ سەرنەگرتنی پرۆسەکە، هەرچەندە هێزی فەڕەنسیش کەرتی ساڤو و تۆرینی داگیر کردو دەستەڵاتی خۆی بەسەر بیدمونت دا سەپاند، بەڵکو فرەنسۆی یەکەم لەخۆ گونجاندنیش پتر ڕۆیشت و، ڕێك کەوتنێکی لەگەڵ چارلی پێنجەم دا لە (**18** ی

1 - هەمان سەرچاوە : ل 86 – 87.
2 - ئیڤانۆف : ل 113.
3 - هەمان سەرچاوە
4 - محمد فرید بك : ل 235.
5 - هەمان سەرچاوە.

حوزەیران ی **1538**ز) دا ئەنجام دا كە بە نیس ناسراوە، بۆ دانانی سنوورێك ئەگەر كاتیش بێ بۆ كێشەی هەردوولا[1].

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو كاتە دوو لا شای فەڕەنسایان ڕادەكێشا، ئەو لە لایەكەوە هەوڵی هاریكاریی لەگەڵ عوسمانییەكان دا دەدا، بەو نیازەی بەرژەوەندیی وڵات لەوەدایە، لەلایەكی دیكەشەوە دەی ویست بە یارمەتی دانی عوسمانییەكان بەوە تاوانبار نەكرێ كە لە ئاین چۆتە دەرەوە.

لەهەمبەر شكانەوەی دا بەلای یەكێك لەو دوولایەدا، پاپای خستە سەر هێڵی سیاسی و توانی ڕازی بكات بێتە ناو یەك گرتوویی (نیس)ەوە كە بەهاریكاری ئیمپراتۆر چارلی پێنجەم و بوندوقییە دروستی كرد.[2]

لە ئاكامی ئەوەدا ساردیی كەوتە پێوەندیی نێوان عوسمانی و فەڕەنسی یەكانەوە، وای دەرخست تازە پێوەندیی نێوانیان پچڕا، بە تایبەتی دوای سەردانەكەی چارلی پێنجەم بۆ پاریس، بەڵام دپلۆماسییەتی فەڕەنسی كە لە ئاكامی ئەو سەردانەدا تووڕەی كردبوون، زانی چۆن ترسی عوسمانییەكان هێور دەكاتەوە.[3]

دوای ئەوە ڕووداوەكان سەلماندیان كە چارلی پێنجەم فریودەر بووە، كە فڕەنسۆی یەكەمی بانگهێشت كردبوو بۆ نوێ كردنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ (بابی عالی)دا، بە پەلە سلێمان قبوڵی كرد و، ئامادە بوو بۆ پەلاماردانی وڵاتی مەجەڕ لە دوای مردنی زابولیا دا بە مەبەستی ڕێگرتن لە بنەماڵەی هابسبۆرگ كە داگیری بكات.[4]

بەڵام جەنگ لەگەڵ بوندوقییەدا درێژەی كێشا و عوسمانییەكان دابەزینە نێو ئیتاڵیا و شاری ئوترانتیان لە (**23** ی تەمموز ی **1538**ز)دا گرت. بەرینەدیزی مل كەچی خۆی

[1] - البطريق عبدالحميد و نوار عبدالعزيز : التاريخ الاوروبي الحيث، ل 78 . الشناوی : مرجع سابق، ج 1، ل 299 – 300.

[2] - كلو : ل 222 – 223.

[3] - لە بارەی سەردانی ئیمپڕاتۆر بۆ پاریس و ئەنجامەكەی بڕوانە : الشناوی، ج 1، ل 300.

[4] - محمد فريد بك : ل 236.





بۆ عوسمانییەكان ڕاگەیاند، ئەوانە دوورگەی كۆرفۆیان گەمارۆدا، بەڵام نەیان توانی بیگرن.[1]

پاشان عوسمانییەكان دەستیان لە هەندێك شاری ئیتاڵیا كێشایەوە، لە كاتێك دا بوندوقییە لە كۆتایی یەكانی (**1538**ز)دا داوای ئاشتەوایی كرد و، بۆ دەوڵەت وازی لە ملفوزای و نابولی و دی (بەردەوامبوونی ناكۆكی لەگەڵ نەمسا)و ڕۆمانیا لە وڵاتی موردە دا هێنا.[2]

## بەردەوامبوونی ململانێ لەگەڵ نەمسادا

لە ساڵی (**1537**ز)دا جەنگ لە نێوان عوسمانی و نەمسادا دەستی پێكردەوە و، سوپایەكی عوسمانی سوپایەكی ئەڵمانی تێك شكاند كە دەیەویست دەست درێژیی بكاتە سەر ناوچەكانی دەوڵەتی عوسمانییەكان لە ساڵی (**1538**ز)یشدا میر بەغدان بەفیتی فەردینانی شای نەمسا، یاخیبوون، بەڵام عوسمانییەكان بەسەریاخی بوونەكەدا زاڵبوون. لە ئاكامی ئەو هەڵمەتەدا بۆ سەر بەغدان، ئەو ناوچانەی كەوتبوونە نێوان ڕووباری دەنیستری و بڕووت عوسمانییەكان خستیانە سەر دەوڵەتی خۆیان و، بەو هۆیەوە میرنشینی بەغدان زۆر بچووك بۆوە.[3]

لەوكاتەدا فەردیناند و زابولیا هەردووكیان لەسەر دابەش كردنی وڵاتی مەجەڕ و ڕزگاربوون لەدەستەڵاتی عوسمانییەكان ڕێك كەوتن، كە هەریەكە لەو دووانە لەبەشی ژێر دەستەڵاتی خۆیدا بە دڵنیایی هەڵسوكەوت بكات و، لەكاتی مردنی زابولیاشدا ناوچەكانی ئەو دەدرێنە فەردیناند چونكە هێشتا ئەو سەڵت و بێ ژن بوو.[4]

بەڵام ئەوەبوو زابولیای كچی سیگمۆندی شای پۆڵندای هێنا و، كوڕێكی بەناوی یوحەننا سیگموند پەیدا بوو و، بەوهۆیەوە مەسەلەی مەجەڕ سەرلەنوێ هاتەوە گۆڕێ.[5]

[1] - دەربارەی كرداری دەریایی بگەڕێوە بۆ : سرهنك، ل 87 – 90، أوزتونا، ج 1، ل 277.

[2] - محمد فريد بك : ل 235.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[5] - **سرهنك** : ل 91.

فەردیناند نوسخەیەکی ڕێك کەوتنەکەی لەگەڵ زابولیا بۆ سولڵتان ناردبوو تا پێی ڕابگەیەنێ کە زابولیا گوێڕایەڵی ئەو نییە، بەمەبەستی ئەوەی سەری بەفەتارەت بدات تا بە تەنیا حوکمی وڵاتەکە بکات.[1]

لە ساڵی (**1540**ز)دا، بەر لەوەی دەوڵەتی عوسمانی تۆڵەی لێ بستێنێ، زابولیا مرد و، قەیرانەکە تەواو تەقیەوە،نەمساش ئەو هەلە قۆزتەوە و پەلاماری سەر ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی زابولیایدا تا لە بن دەستی عوسمانییەکانییان دەربێنێتەوە، بەو پاساوەی یوحەننا سیگمۆند کوڕی هەقی زابولیا نییە.

سوپای نەمسا شاژن ئیزابێل و کوڕەکەیان لە شاری بودا گەمارۆدا و شاری بستی یەرانبەریان کە دەکەوێتە سەر ڕوباری دانوب گرت. فەردیناند لە هەمان کاتدا شاندێکی بۆ ئەستەنبوڵ نارد داوای کرد شانشینی ئیزابیلای پێ بدرێت.[2]

لە ئاکامی ئەو پێشکەوتنەی نەمسادا، شاژن ئیزابیلا داوای فریاگوزاریی لە سولڵتان سلێمان کە پەلهاویشتنی بنەماڵەی هابسبۆرگ بێزاری کردبوو، کرد سەرباری ئەوە، ئەو دانی نابوو بە یوحەننا سیگمۆند دا هێنابوو کە پاشای مەجەڕە و سەر بە (بابی عالی) یە، دوای ئەوەی دڵنیا بوو ڕاستە کوڕی زابولیایە.

لەبەرئەوە سوپایەکی بە سەرکردایەتی محەمەد سوقللی پاشای وەزیر ڕەوانەی مەجەڕ کرد تا نەمساوییەکان لەوێ دەربکات، سولڵتان خۆشی چووبووە بەلگراد تا لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکان بێت. کاتێك محەمەد پاشا لە پایتەختی مەجەڕ نزیك کەوتەوە، سوپای نەمساو گەمارۆیی لەسەر هەلگرت و لە ترسی تێکەڵچوونی لەگەڵ عوسمانییەکاندا، پاشەکشەی کرد.[3]

دوای ئەوە سولڵتانی عوسمانی چووە ناو پایتەختی مەجەڕ. لەبەرئەوەی دەوڵەتی مەجەڕ بایەخێکی ستراتیجی بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو و لەبەر بچووکیی یوحەننا و بەتوانینی دایکیشی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتە لەلایەن دایکیەوە، سولڵتانی عوسمانی

---

1 - محمد فرید بك : ل 235.

2 - کلو : ل 268 . ابراهیم بك حلیم، ل 92.

3 - محمد فرید بك : ل 236.





کردیە ویلایەتێك لە دەوڵەتی عوسمانی و والییەکی عوسمانی بەناوی سلێمان پاشا، کە پێشتر والی بەغدا بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك لە فەرمانبەران لەوێ لەسەر کار دانا و، پەیمانی بە ئیزابێلا دا کە ئەو وڵاتە تا کوڕەکەی گەورە دەبێ لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا دەمێنێتەوە و، هەر کە گەورەبوو و پێ گەیشت، بۆی دەگێڕدرێتەوە.[1]

وا دیاربوو فەردیناند خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی عوسمانییەکاندا بەتەنیا دەزانی، پێ ی چاك بوو ئاشتەوایی بکات و، بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرێکی خۆی نارده پایتەختی بودا، بەڵام لەبەر توندوتیژیی لە هەڵوێستەکاندا گفتوگۆی نێوانیان سەری نەگرت.[2]

لەو کاتەدا پێوەندیی نێوان فڕەنسۆی یەکەم و شارلی پێنجەم ساردی تێکەوتبوو. شای فەڕەنسی نوێنەرێکی خۆی بەناوی (ڕاسنۆن) ڕەوانەی لای سولڵتان کرد تا لەسەر چەند ئامادەکارییەکی سەربازیی ڕێك بکەون، بەمەبەستی هێرش بردنە سەر چارلی پێنجەم، بەڵام لە ڕێگا،لەناوچەی میلان لەسەر دەستی جەماعەتێکی ئیمپڕاتۆر کوژرا.[3]

فڕەنسۆ باڵوێزێکی دیکەی بەناوی بولان ڕەوانە کرد تا داوای کۆمەکی لە سولڵتان بکات لە دژی چارلی پێنجەم دا. سولڵتان سەرەتا بەهۆی ناسەقام گیریی شای فەڕەنسا لە جارەکانی پێشوودا دڕدۆنگ بوو، بەڵام لە دواییدا لەبەر پێ داگرتنی باڵوێزی فەڕەنسی و هاندانی بەربەروسا بە تایبەتی ڕازی بوو کە یارمەتی بدات و، هەواڵی بۆ هاتبوو کە چارلی پێنجەم لە ساڵی (**1541**ز)دا پەلاماری جەزائیری داوەو گەڕاوەتەوە.[4]

نەخشەکە بەو شێوەیە ڕێککەوتنی لەسەر کرا کە فڕەنسۆی یەکەم لە فلاندەردا پەلاماری ئیمپڕاتۆریەکان بدات و، بەشێك لە کەشتیگەلەکەشی هێرش بکەنە سەر کەنارەکانی ئیسپانیا، بەشێکی دیکەشی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بەیاریدەی کەشتی گەلی عوسمانی پەلاماری داگیرکراوەکانی ژێر دەستی ئیمپڕاتۆر بدەن. هەرچی عوسمانییەکانیشن لە ئەوروپای ناوەڕاستدا هێرش بەرنە سەر ئیمپڕاتۆریەکان.[5]

---

1 - هەمان سە رچاوە، کولز، سەرچاوەی ڕابردوو، ل 87.

2 - کلو : ل 198.

3 - محمد فرید بك : ل 238.

4 - هەمان سەرچاوە.

5 - کلو : ل 225.

هەڵبەت سوڵتانی عوسمانی بەرەو خۆرئاوا کەوتە ڕێ و شارەکانی ڤالبۆی سەر کەناری لای ڕاستی ڕووباری دانوب و، سکلوس و باك و غەرانی کە پایتەختی گیانی مەجەڕ بوو سوتستولڤایسنبرگی کە گۆڕستانی شایانی مەجەڕی تێدایە، گرتن[1].

هاوکات بەربەروسا بە یاوەریی باڵوێزی فەڕەنسی (بولان) بەنیازی مەرسیلیا دەریای بڕی. دوای تێکدانی کەنارەکانی کلابریا و سەردینیا و کورسیکا و نابولی گەیشتە ئەوێ و، چەند قەڵایەکی سەر کەناری دوورگەی سەقلیەی گرت و، دانیە دەست فەڕەنسی یەکان، پاشان بە دەریادا بەرەو شاری نیس ڕۆیشت و لە (ئابی **1543**ز)دا بەزەبری هێز گرتی. پاشان پەلاماری کەناری کاتالونیای دا و[2] لەوێڕا بۆ بەندەری بۆ بەندەری (مەرسیلیا) ڕۆیی.

وادیاربوو فرەنسۆی یەکەم لەگەڵ ئیمپراتۆر چارلی پێنجەم دا سەرلەنوێ پێکهاتۆتەوە و لە ساڵی (**1544**ز) دا پەیمان نامەی کەرسبی لەگەڵدا مۆر کردبێت[3]، بۆیە یارمەتی کەشتی گەلی عوسمانی نەدا و بەربەروسا ناچار بوو دوای بەسەر بردنی زستان لە بەندەری تۆلۆنەوە بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ.[4]

وە لە ساڵی (**1547**ز)دا، سوڵتان سەلیمی یەکەم، بەهۆی سەرقاڵی ئەو بە جەنگی فارسەکانەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵان شەڕی لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕاگرت. چەند گفتوگۆیەك لە نێوان دەوڵەوتی عوسمانی و نەمسادا ڕوویاندا بەمەبەستی ئاشتەوایی کردن، فەڕەنسا بەمەبەستی سەرنەگرتنی دەستی تێوەردا، تا بە تەنیا خۆی پێوەندیی لەگەڵ عوسمانییەکاندا خۆش بێت، بەڵام مردنی شای فەڕەنسی لەو ساڵەدا، یارمەتی تەواو کردنی ئاشتەوایی یەکەی دا.

لە نێوان هەردوولادا پەیماننامەی ئەستەنبوڵ لە (**19** ی حوزەیران ی **1547**ز)دا بەسترا گرنگترین بەندەکانی ئەمانەبوون:

[1] - پێشی دەوترێ ئەستروگوس : یحوی، ج 1، ل 251 – 254، ابراهیم بك حلیم، ل 92 , سرهنك : ل 90.

[2] - **کولز** : ل 93.

[3] - دەربارەی هەل و مەرجی مۆرکردنی پەیمانی کەرسبی بروانە : الشناوی، اوربا فی مطلع العصور الحیثة، ج 1، ل 301 – 306.

[4] - کاو : ل 227 – 228، 233، کولز : ل 93.





§ دانهێنان بەو وڵاتانەی عوسمانی لە وڵاتی مەجەڕدا گرتبوونی.

§ فەردیناند ساڵانە سەرانە بڕی (**30000**) دوکا دەدات لە بەرانبەر ئەو ناوچەی لەمەجەڕ لە بن دەستیدا ماوە، تا گوزارشت لەوە بکات، لەو ناوچەی سەر بە شانشینی مەجەڕەو لە ژێر دەستی ئەودایە، سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە.

§ وڵاتی مەجەڕ سەر بە یوحەننا سیگمۆندی کوڕی زابولیا یە لە ژێر ڕاسپاردەی باوکی و چاودێری عوسمانیدا.

§ ڕێگا بە جەماوەری عوسمانی و جەماوەری ئیمپراتۆری ڕومانی پیرۆز بدرێ سەردانی هەرێمەکانییەکدی بکەن و، مافی بازرگانی پێکەوەکردن دانی باجی گومرگە.

§ ئەگەر کەسێکی عوسمانی ڕایکردە ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی داوای کردەوە، دەبێ تەسلیمی بکرێتەوە.

§ گەر خەڵکی موسڵمانی ئەڵمانی ڕایکردە لای عوسمانییەکان ناگێڕڕێنەوە، ئەگەر مەسیحی بوون، دوای لێکۆڵینە لەگەڵیاندا، گەر تاوانبار بوون، ئەوکاتە دەدرێنەوە.

§ فەردیناند لە پلەو پایە و ڕێوڕەسمی عوسمانیدا هاوتای سەدری ئەعزەمە و، سوڵتانی عوسمانی وەکو کوڕی خۆی سەیری دەکات و، ئەویش وەکو کوڕ گوێڕایەڵی وی دەکات.

§ فەڕەنسا و بوندوقیە و پاپایی یەکان، پەیمان دەدەن بە چاودێریی ئەو پەیماننامانەیە دەکەن و کە (**7**) ساڵان بەردەوام دەبێت[1].

§ ئەو ڕێك کەوتنە وەکو دان هێنانێك بوو بەوەدا کە ئەو ناوچانەی عوسمانییەکان گرتوویانن و ناتوانرێ لە دەستیان دەربهێنرێ، لانی کەم هەتا تێکچوونی هاوسەنگی هێزی سەربازی لەگەڵ ئەوروپادا، بوونی حوکمی عوسمانیی ڕاستەوخۆ لەو ناوچانەدا، وەکو پارێزەرێکی سەربازی بوو بۆ ئەو شوێنە گیراوانە.[2]

[1] - کلو : ل 201– 202 . محمد فرید بك : ل 238 – 239.

[2] - کولز : ل 88.

## هاریکاریی عوسمانی و فەڕەنسا لە ساڵی (1553ز)دا

دوای مردنی فڕەنسۆی یەکەم لە ساڵی (1547ز)دا (هنری)ی دووەمی کوڕی شوێنی گرتەوە. ئەم شایە هەرچەندە سووربوو لەسەر هاوپەیمانی خۆی دژ بە دوژمنە نەمسابییەکانی لە نوێکردنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا پەلەی نەکرد.

ئەوەی ڕاستی بێ (هنری)ی دووەم زۆر لەوە بێزار بوو کە ئیمپڕاتۆر هاوپەیمانیی بابی لەگەڵ عوسمانییانی خراپ بەکاردەهێنا و، پڕوپاگەندەی داخ لە دڵانەی لە دژی بڵاودەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باڵوێزی خۆی لە ئەستەنبوڵدا هێشتەوە و، پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ سوڵتان دا هەبوو. لەو نامە گۆڕینەوەی نێوان هەر دوو لا ئەوە دەردەکەوێ کە خەمی گەورەی، بەر لە چاك کردنی بارودۆخی بازرگانی لەگەڵ خۆرهەڵاتدا،ئەو هاوپەیمانی سەربازییە بوو[1].

بۆیە لە دەوڵەتی عوسمانی نزیك کەوتەوە بەمەبەستی پاراستنی دۆستایەتی خۆی، تاکو لە کاتی پێویستیدا پشت بەهێزە دەریاییە بەهێزەکەی ببەستێ، سەرباری سوودی ئابوریی و ئایینی، بە تایبەتی بە دانانی سەرجەم مەسیحی یەکانی کاتۆلیکەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی، لە ژێرچەتری پاراستنی فەڕەنسادا.[2]

چەند گفتوگۆیەك لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا ئەنجام درا کە لە (1ی شوبات ی 1553ز)دا بەیاننامەیەکی هاوپەیمانی، مەبەستی یەك پێ گرتنی چالاکی دەریای لێکەوتەوە.[3]

لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانییەشدا هێزی دەریایی عوسمانی و فەڕەنسی لە (1558ز)دا بە هاریکاری یەکدی پەلاماری سەقلّی یە و کۆرسیکا یان دا. سوڵتان کەشتی گەلی خۆی لە ساڵی (1558ز)دا بە چەند یەکەیەکی سەربازی دیکە بەهێزتر کرد، چەند هێزێکی دابەزاندە سەر کەناری نابولی و شاری سورانزۆی گرت.[4]

---

1 - الصباغ : ج 1، ل 145.
2 - کلو : ل **462**.
3 - لە بارەی هاوپەیمانیەکە بڕوانە : De Testa : op. cit. II.pp. 43- 45.
4 - سرهنك : ل 102 – 103، خوری و اسماعیل، ج 1، ل 8.





ئەو هاوکارییە سەربازییە دوا هاریکاریی بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، چونکە بارودۆخی سیاسیی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی گۆڕا تا ئەو کاتەی جەنگی (قیرەم) هەڵگیرسا، کە فەڕەنسا و ئینگلتەڕا شان بە شانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە ڕوسیا جەنگیان کرد. ئەوە بوو شا هنری دووەم لە نیسانی (1559ز)دا پەیماننامەی (کاتوکمبریسیس)یان لەگەڵ ئیمپڕاتۆر فیلیپی دووەمدا کە جێگای چارلی پێنجەمی باوکی گرتبۆوە و، مۆرکرد، بە پێ ی ئەوە چاك کردنی بارودۆخی ئەوروپا و هەموارکردنی هاتە دی.[1]

سوڵتان بانگی سەفیری فەڕەنسی لە ئەستەنبوڵ کرد و پێ ی گوت (بۆ گەورەکەت بنووسە و پێ ی بڵێ ئەگەر زەحمەت بێ دۆس ببنە دوژمن، ئەوە زەحمەتیشە دوژمن ببنە دۆست)[2].

## پەشێویی لە وڵاتی مەجەڕدا

بەتێپەڕبوونی کات بنەماڵەی هابسبۆرگ لە گێڕانەوەی ناوچەرگەی مەجەڕ تەمابڕ بوون، بۆیە ستراتیجیەتی سیاسییان گۆڕی، بە شێوەیەك لە چەند هەوڵێکدا کورت بۆوە بۆ دابڕینی ترانسلڤانیا لە حوکمی عوسمانی. فەردیناندیش لە ساڵی (1551ز)دا هەوڵی دا کە دەستی بە سەر ئەو ناوچەدا بگرێ کە لەوێدا حوکمی ئیزابێلا و سیگمۆندی کوڕی سەر بە بابی عالی بوو، بە پێچەوانەی پەیماننامەی ئەستەنبوڵ کە لە ساڵی (1547ز)دا لە نێوان ئەو و دەوڵەتی عوسمانیدا بەسترا و جۆرجی ڕاهیب بۆ وەدی هێنانی تەماعی خۆی بەکاری هێنا کە لە داهاتوودا دەبێتە ئەسقەفی مەرتینوزی، ئەو کابرایە پیاوێکی تەڵەکەباز و بەرزیخوازبوو وەکو ڕاوێژکاری ئیزابێلا کاری دەکرد و بەڵێنی پێ دابوو کە بیکاتە والی ئەو دەڤەرە.[3]

---

1 - لە بارەی پەیماننامەی کاتوکمبریسیس ئەو ڕێکەوتنەی نێوان هەردوو سەرکردەکە بڕوانە : الشناوی، اوروبا فی مطلعی العصور الحدیثة، ج 1، ل 335 – 341.
2 - خوری و اسماعیل : السياسة الدولية في الشرق العربي، مرجع السابق، ج1، ل 8.
3 - محمد فرید بك : ل 240. کلو، ل 268.

مـەرتینوزی تـوانی قەناعـەت بـە ئیـزابێلا بکـات بـۆ فەردینانـد دەسـت لـە دەڤـەری ترانسلڤانیا و شاری تمسقار هـەڵگرێ. لـە ئاکـامی ئـەوەدا فەردینانـد بـۆ چـوونە نێویـەوە سوپایەکی بەڕێخست، بـەڵام ڕاهیـب بـە تـەمای ئـەوە بـوو بکرێتـە والـی بەسـەر ناوچـەی گۆریندا، دیاربوو فەردیناند لە پەیوەست بوونی بەم دامەزراندنە پەشیمان بوو بۆوە، بۆیە ڕاهیب سوڵتانی لـە حەقیقـەتی بـارودۆخی شـاری مەجـەڕ ئاگـادار کـردەوە و، دڵسۆزی و گوێڕایـەڵی ڕاسـتەقینەی خـۆی پیـشاندا بـەڵکو مەبەسـتی خـۆی لـە ڕێگـەی دەوڵـەتی عوسمانییەوە بێنێتە دی.

ئەو کاتە سوڵتان سوپایەکی حازر کرد و ناردییە وڵاتی مەجەڕ تا ڕەوشەکە بـۆ دۆخـی خۆی بگێڕێتەوە. سوپای نەمسا نەیتوانی لە بەرانبەر پەلاماری عوسمانیدا خـۆی ڕابگـرێ و، پاشەکشەی کرد و، ئەو قەڵاو شوێنە سەختانەی گرتبوونی، بەجێی هێشتن.[1]

وادیاربوو سوڵتان نـاخی ڕاهیبەکـەی ناسـیبوو و، هەسـتی بـە ناپـاکیی کردبـوو، بۆیـە کەسێکی بۆ دیاری کرد بە دزی بیکوژێت و، کوشتی.

بەڵام جەنگ لە نێوان هەردووك لادا لە وڵاتی مەجـەڕدا نەبڕایـەوە. مردنـی فرەنـسۆی یەکــەم و چــارلی پێنجــەم دەســتی فەردینانــدی ڕاکێــشا کــە موفــاوەزات لەگــەڵ عوسمانییەکانـدا بکـات.لـە ئاشـتەوایی براگیـشدا کـە لـە (کـانوونی دووەمـی **1563**ز)دا بەسترا، فەردیناند دانی بە حـوکمی عوسمـانی لـە وڵاتـی مەجـەڕ و مولـداڤیادا داهێنـا و، پـەیمانی دانـی سـەرانەی سـاڵانە بـەبڕی (**30**)هـەزار دوکـا بـدات و، قـایلیش بـوو کـە (**90**)هەزاریش پاشەکی بدات بەومەرجەی ئاشتی یەکە (**8**)ساڵان بخایەنێت.[2]

## گەمارۆی دوورگەی ماڵتا

سوڵتان لەسەرەتاکانی (**1565**ز)دا کەشـتیگەلێکی نـارد کـە لـە (**200**) کەشـتی پێك هاتبوو و (**30**) هەزار سەربازی تێدا بـوو بـۆ گرتنـی ماڵتـا، کـە مەڵبەنـدی ڕاهیبیـی (گۆشەگیریی) قەدیس یوحەننا بوو، چـونکە لـە لایەکـەوە بایـەخێکی سـتراتیجی هـەبوو،

---

1 - تاریخ بجوی : ج 1، ل 285، 287، 291، 293.

2 - کلو : ل 270.





ئەنجا ئەم گروپە بەردەوام چەتەیی دەریایی یان دەکرد دژ بە خەڵك و کەشـتیی دەوڵـەت و، یارمەتی ئیسپانیا و دەوڵەتانی ئەوروپاشی دەدا لە جەنگبیانـدا لەگـەڵ عوسمانییـان. سەرکردەی هەڵمەتەکە وەزیری چوارەم (مستەفا پاشا) بوو، هاوکات (بیالە پاشا) کرابوو بە سەرکردەی کەشتی گەلەکە و (تەرغەد پاشا)ش بەشداری هەڵمکەتەکەی کرد.[1]

گەمارۆکە لـە ئایـاردا دەسـتی پێکـرد و چـوار مـانگ دەوامـی کـرد و، عوسمانییـەکان توانیان (**20**) هەزار سەرباز لـە نێـو دوورگەکـە دابـەزێنن، جـەنگێکی خوێنـاوی ترسـناك قەوما، بەڵام مستەفا پاشا لە کاتی گەمارۆکەدا چـەند هەڵەیـەکی تـاکتیکی کـرد، ئـەوەش بـووە هـۆی جیـاوازیی لـە بۆچـوونی سـەرکردەکاندا و لـە دەسـتدانی ئاکـامی خـوازراو و سەرنەکەوتنی هەڵمەتەکە. تەرغەد پاشاش لە کـاتی جەنگدا کـوژا.[2] بـەهاتنی زسـتان و لەبــەر دژواریــی گرتنــی دوورگەکــەش بڕیــار درا لــە (**11** ی ئــەیلوول ی **1565**ز)دا گەمارۆکە هەڵبگیرێت.[3]

## گرتنی سیجتوار[4]

بــەهۆی دەســتێوەردانی کاروبــاری مەجــەڕ و گرتنــی شــاری (تۆکــای) لەلایــەن مەکسیمیلیانی پاشای نەمسات کەبوو بۆ جێنشینی بـابی، سـەرلەنوێ ئـاژاوە و پەشـێوی ئەو وڵاتەی داگرت.

سـولتان بـەهۆی پێـداگری (سـەدری ئـەعزەم) ناچـار بـوو هەڵمـەتێکی تـەمبێ کردنـی تایبەتی ئەنجام بدات و، نیازی بوو شـکانی ماڵتـا بـەهۆی سـەرکەوتنێکی خێـرا و ئاشـکرا بەسەر مەسیحی یەکاندا لە یـاد خـەڵکی بەرێتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە تووشـی ئـازاری نەخۆشی (نقرس) بوو بوو لە (نیسانی **1566**ز)دا سەرلەشکری سوپای گرتـە دەسـت و بـەرەو وڵاتـی مەجـەڕ کەوتـە ڕێ و، لـە دەشـتایی (زملـن)دا ئـۆردووی هەڵـدا. لـەوێ شـا یوحـەننا سـیگموند شـای مەجـەڕ چـاوی پێکـەوت و چـاکەی لـە دەرهـەق کـرد و ڕێـزی

---

1 - سرهنك : ل **106** – **107** . أورزتونا : ج **1**، ل **320**.

2 - کلو : ل **265**.

3 - محمد فرید بك : ل **249** . أورزتونا : ج **1**، ل **322**.

4 - لە بارەی گەمارۆی سیجتوار بڕوانـە: تـاریخ بجـوی: ج**1**، ل **412** – **420**.  - Hammer : op . cit. II.PP.91 - 98.

ئەمەکداریی گرت و بەڵێنی دایە ئەوەی لە دەستی چووە بۆی بگێڕێتەوە. شای مەجەڕ داوای لێکرد خاکی نێوان نیسا و ترانسلڤانیای پێ ببەخشێ، ئەویش پێی دان.

سوڵتان بەرەو قەڵای (ئارلۆ)ی بەناوبانگ، کە بەسەر دەربەندی سە ڕێ ی ترانسلڤانیای دا دەڕوانی، کەوتە ڕێ، بەڵام لە ڕێگا هەواڵی پێگەیشت کە میر سیگنتوار کونت نیقولا زرینی تیپێکی لە سوپاکەی لەشەڕدا بەزاندووە. بۆیە ویستی بەر لە پەلاماردانی قەڵای ئارلو، وڵاتی ئەو بگرێت. ئیدی سوڵتان لە (**15** ی ئاب)دا گەیشتە ئەو شارە و گەمارۆی دا و چووە نێوی و لە کاتی گەمارۆکەدا مرد، بەڵام سوپای عوسمانی توانی بەزەبری هێز بیگرێت. محەمەد پاشای وەزیر لە ترسی پەشێوی کەوتنە نێو سوپاو، مردنی سوڵتانی شاردەوە، هاوکات کەسێکی نارد کە سەلیمی کوڕی لە کوتاهیە بوو ئاگادار بکاتەوە، داوای لێکرد بە پەلە بێتەوە ئەستەنبوڵ تا ببێتە جێنشینی بابی.[1]

[1] - تاریخ بجوی : ج 1، ل 421 – 423.





# بەشی شەشەم
# سوڵتان سلێمانی یەکەم : قانونی (1520 – 1566)ز

## دووەم : پێوەندیی ئەو بە خۆرهەڵاتی ئیسلامی و باکووری ئەفریقیاوە
## (بێ سەروبەرەیی لە وڵاتی شامدا لە سەرەتاکانی سەردەمی سلێماندا)

غەزالی فەرمانڕەوای شام و مردنی سوڵتان سەلیم و تەمەنی منداڵی سلێمانی بە هەلزانی و لە زستانی (1520 – 1521ز)دا یاخیبوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئەوەی ڕاستی بێت دوای شکانی مەمالیك، وڵاتی شام بە ڕادەیەکی گەورە خود موختاری ناوخۆی ڕاگەیاند. ئەو دوو دەڤەرە کەوتنە ژێر دەستەڵاتی هەمیشەیی سەرکردە سەربازی یەکانی مەمالیك و پاڵیان دایە لای سوڵتان سەلیم. جان بردی غەزالی کردە فەرمانڕەوای شام و، خەیر بەگی کردە فەرمانڕەوای میسر و، نیمچە سەربەخۆی یەکی تەواویان پێ درا، کە هەریەکەیان توانای سەربازیی و دامودەزگای بەڕێوەبەر کاری خۆیان هەبێت.[1]

سەرەتا غەزالی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدا و بزوتنەوەی لادێ نشینەکانی لە نزیك بەعلبەكدا سەرکوت کرد و،دوو هەڵمەتی برد بۆ داگیرکردنی حۆران. لە سەردەمی ئەودا هێورییەکی تەواو وڵاتەکەی داگرت.[2]

وادیارە چینی مەمالیکی کۆن کە لە دەوری غەزالی دا بوون ئاگاداری ئەو دادپەروەری و گەل دۆستی یەی عوسمانیان نەبوون، بەڵکو زۆر ڕقیان لە سیستەمی عوسمانی بوو، هەوڵیان بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتیان و ئەو ئیمتیازەی ڕابردوو هەیان بوو دەدا.[3]

کاتێك سوڵتان سەلیم مرد. هەلی گواستنەوەی دەستەڵات و مێر منداڵی سوڵتان سەلیمیان قۆزتەوە و، یاخیبوونی خۆیان ئاشکرا کرد و، سوێند خواردنیان بۆ سوڵتانی نوێ ڕەفز کرد و، هەوڵی نوێکردنەوەی دەوڵەتی مەمالیکیاندا، جانبردی غەزالی سەرکردایەتی یاخیبوونی کردە کە بە ئاڵوگۆڕێکی خێرا ناوزەد دەکرێت بۆ گەیشتن بە

[1] - ئیڤانوف : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 7. أوزتونا : ج 1، ل 261.
[2] - ابن ایاس : ج5، ل 382 . سعدالدین : ج 2، ل 382 – 383.
[3] - ئیڤانوف : ل 78.

مەبەستەکانی. بەردەوام بوو لە پەرە پێدانی ئەو بێ سەرەو بەرەیەی لە ئەستەنبوڵدا ڕوویدا و لە یارمەتیدانی مەمالیکیشدا لە میسردا. جیابوونەوەی شامی لە دەستەڵاتی عوسمانی ڕاگەیاند و نازناوی مەمالیکی بۆ خۆی هەڵبژارد بە نێوی (مەلیك ئەشرەف)[1]، و فەرمانی دەرکرد کە لە وتاری هەینیدا دوعا بۆ ئەو بکرێ و ناوی ئەو لەسەر سکەی پارە هەڵبکەنرێت و، سوپای پاراستنی عوسمانی لە دیمەشق دا تەفروتونا کرد و عوسمانییەکانی لە بەیروت و تەرابلوس و حومات و شارەکانی دیکەدا وەدەرنا[2].

بەڵام ئەو یاخیبوونە پاڵپشتی ئەو دانیشتوانەی بە دەست نەهێنا کە ئەم کودەتایە سەرسامی کردبوون و، مەمالیك لە میسردا لە ئاستێکدا نەبوون کە جێگای هیوابن، بەڵام حافز خەیر بەگ لەسەر لایەنگری خۆی بۆ (بابی عالی) بەردەوام بوو و، لەوەش زیاتر ئەو و غەزالی نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ سوڵتان دەکرد. لە سەرەتای تشرینییەکەمی (1520ز)دا غەزالی لەشکری خۆی کۆکردەوە و، یارمەتی لە سوارانی قەدیس یوحەننا لە ڕووسدا وەرگرت و، هێرشی کردە سەر حەڵەب. شارەکە توانی تا سوپای عوسمانی لە ئەنادۆڵەوە دەگاتە جێ خۆی ڕابگرێت.[3]

سوڵتان بۆ کۆتای هێنان بەم یاخیبوونەی غەزالی دوو لەشکری ناردن، یەکەم بەسەرکردایەتی عەلی بەگ و، دووەم بە سەرکردایەتی فەرهاد شا. عەلی بەگ دەستوبردی زووتر بۆ قەڵای گەمارۆدراوی حەڵەب کرد. لە بڵاوە پێکردنی سوپای غەزالیدا سەرکەوت، کە ناچار بوو بە سوپاوە بەرەو دیمەشق پاشەکشە بکات. کاتێك لەگەڵ لەشکری فەرهاد یەکیان گرتەوە و ڕوویان کردە دیمەشق و پێکەوە گەمارۆیاندا.[4]

لە (27 ی کانوونی دووەمی 1521ز)دا لە نزیك دیمەشق جەنگی (مەستەبە) لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا، بە شکست هاتنی سوپای غەزالی کۆتایی هات کە ویستی بەجلی دەروێشانەوە ڕابکات، بەڵام بە دیل گیرا و لە (6ی شوبات)دا لە سێدارە درا.[5]

1 - هەمان سەرچاوە : ل 376 . ئیڤانوف : ل 78.
2 - ئیڤانوف : هەمان سەرچاوە.
3 - ئیڤانوف : هەمان سەرچاوە.
4 - سرهنگ : ل 76.
5 - ئیڤانوف : ل 78. أوزتونا : ج 1، ل 261.





عوسمانییەکان چوونە نێو دیمەشقەوە و خودموختاری وڵاتەکەیان هەڵوەشاندەوە و کردیان بە سێ ویلایەت، کە مەڵبەندەکەیان دیمەشق و حەڵەب و تەرابلووس بوو، والی تورکی بۆ هەریەکەیان دانا کە ملکەچی (بابی عالی) بوو.[1]

## ئاوڕدانەوە لە خۆرهەڵات :چوونی عوسمانیان بۆ نێو تەورێز

لە ساڵی (1533ز)دا دوای بەستنی پەیمانی ئاگربەست لەگەڵ بنەماڵەی هابسبۆرگدا کە فەرمانڕەوای نەمسا بوون، سوڵتان سەلیمی یەکەم ئەورووپای بەجێهێشت و ڕووی کردە جەنگی سەفەوییەکان لە فارس و عێراق دا لە گەرکمەی ئەو ململانێیەی لە نێوان هەردوولادا پەرەی سەند بوو.

لێرەدا چەند هاندەرێك بۆ دەست پێکردنەوەی کرداری سەربازی لە نێوان هەردوولادا هەبوون، سەفەوی عوسمانی چالاك بکاتەوە. کاتی سەرقاڵی عوسمانییەکان بە جەنگی نەمساوە پێوەندیەکی نهێنی لە نێوان سەفەوی مەجەڕدا سازکرا دژ بە عوسمانییەکان کە دوژمنی هەردوولایان بوو.[2]

دیسان کێشەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی سەفەوی هۆیەکی دیکەی سەرهەڵدانی ئەو جەنگە بوو لەوکاتەی سەردەمی سەلیم، سەرباری هەلومەرجی نا ئاسایی کە حوکمی ناوچە بچووکەکانی دەکرد کە دەکەوتنە سەر سنووری ژێر دەستەڵاتی هەردوو لا و سیاسەتی یەك لە دوای یەکی فەرمانڕەواکانی.[3]

دەستەڵاتی سەفەوییەکان لە ساڵی (1530ز)دا بەشێوەیەکی مەترسیدار هەڕەشەی لە بەغدا و ڕێگای بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و ئەورووپا کرد، چونکە عێراق ئەو ڕێگایانەی پێکەوە دەبەستەوە.

دیسان عوسمانییەکان لە هەوڵی شا تەهماس بێزار بوون کە هەوڵیدا وەکو شا ئیسماعیل قزل باش لە ئەنادۆڵدا بورژێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئامانجە سەرەکییەکانی جەنگەکە لە ساڵی (1534ز)دا لەو ئامانجانە دەچوون کە سوڵتان سەلیمی یەکەمی هاندا

1 - ئیڤانوف : هەمان سەرچاوە.
2 - رافق . عبدالكريم : العرب والعثمانيون –، ل 66 – 67 . Hammer. Op. cit. vol. II. P. ig .
3 - هەمان سەرچاوە : ل 66.

لەشکرکێشی بکات بەر لە بیست ساڵ بۆ سەر ئێران،(1) ئەمەش شەڕێکی خۆ پارێزی و بازرگانی و ساسی و مەزهەبی هەبوو.

عوسمانییەکان بە ئاڕاستەی خاکی ژێر دەستەلاتی سەفەوییەکان کەوتنە جوڵە کردن و ئەنجا بەرەو بەغدا چوون دوای ئەوەی سەرنجی شەریف بەگی فەرمانڕەوای بەدلیسیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا لە ئەرمینیادا نزیك شاری خەلات باشووری دەریاچەی (وان) لە سەر سنووری ژێر دەستەلاتی سەفەوی و عوسمانی و(2)، لە ساڵی (1530ز) دەستیان بەسەر داگرت.

تا کارەکە گەورە نەبێت، سوڵتان لە ئەیلولی (1533ز)دا سوپایەکی نارد کە ژمارەیان (140000) سەرباز دەبوو بە سەرکردایەتی سەدری ئەعزەم ئیبراهیم پاشا تا لەگەڵ میر شەریف بەگ و سەفەوییەکان پێکەوە شەڕ بکات. لە کاتی گەیشتنی سوپاکە بە قونیە، فەرمانڕەوای ئازربیجانی دێتە گەڵ کە لە ژێر حوکمڕانی سەفەوییەکاندا بووە.(3) تا نیاز پاکی خۆی بۆ عوسمانییەکان نیشان بدات شەریف بەگ دەکوژێ و سەرەکەی بۆ سوڵتان ڕەوانە دەکات. سوپای عوسمانی بەر لە هاتنی وەرزی زستان دەتوانن بەدلیس و ناوچەکانی نێوان ئەرزەڕوم و دەریاچەی وان هەمووی داگیربکەنەوە.(4)

لە بەهاری (1534ز)دا، ئیبراهیم پاشا بەرەو شاری تەورێز کەوتە ڕێ و، هەموو قەلایەکانی دەوروبەری وانی گرتن لە هێڵێکی ئاسۆیدا و، کە وای لێکرد ڕێگای پێش خۆی بۆ بکرێتەوە(5).

سەفەوییەکان لە بەرانبەر پەلاماری عوسمانی پاشەکشەیان کرد و شا تەهماس بەمەبەستی پاراستنی سوپا و دەوڵەتی خۆی وازی لە خاکەکەی هێنا و، سەدری ئەعزەم

---

[1] - عمر عبدالعزیز عمر : تاریخ المشرق العربی، ل 92.

[2]- Hammer. Op. cit. vol. II. P. Ig

[3] - **کلو** : ل 153 .

[4] - **کلو** : ل 154.

[5] - أوزتونا : ج 1، ل 239.





بێ بەرەنگاربوونەوە لە (13 ی تەممونز)دا چووە نێو تەورێزەوە شا تەهماس بۆ قەزوین ڕایکرد.(1)

بەڵام سوڵتان لە (11 ی حوزەیرانی 1534ز)دا بۆ ئەستەنبوڵ ڕۆیشت و کەوتەوە گەڵ سوپای پێشەوەی بەرەو هەمەدان هێرشی برد و، لەوێڕا چووە ناوچە کوێستانییەکانی عێراق و، بەر لەگەیشتنە تەورێز ڕاوەستا.(2)

سوڵتان کاروباری ناوخۆی شارەکەی ڕێکخستەوە. (کوڕی میر شێروان)ی کردە سەرکردەی پاراستنی تەورێز (مزەفەر خان)ی میری گەیلان و میرەکانی دی کە لەبەر شا ڕایان کردبوو، پێشوازیان لێیان کرد و، گوێ ڕایەڵی خۆیان نیشاندا.

سلێمان لەسەر ڕاوەدونانی شا سوور بوو. لە تشرینی یەکەمدا بە سوپاوە بەرەو (زنجان) ڕۆیشت، پاشان بەرەو سوڵتانیە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی گەیلانەوە کەوتە ڕێ ،شا تا خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی عوسمانی بپارێزێ کشایەوە، بەڵام دژواری ئاو و هەوای ئێران و ناخۆشی ڕێگاو بانەکان و نەتوانینی گواستنەوەی تۆپە قەبەکان و گالیسکەکانی گواستنەوەی بەهۆی باران و قوڕەوە، ناچاریان کرد واز لە بیرۆکەی ڕاوەدونان بێنێ و، هەرێمەکەی بەمەبەستی چوونە بەغدا، بەجێبێڵێت.(3)

## لکاندنی عێراق (1534ز)(4)

دەستەڵاتی عوسمانی سەرەنجامێکی ناڕاستەوخۆی جەنگی عوسمانی لەگەڵ سەفەوی و پورتوگالی یەکان بەرپای کرد.(5) ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێۆاق لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکان دا بوون، لە هەمان کاتدا عوسمانییەکان باکووری (کوردستانی – عێراق)یان داگیر کردبوو. فەرمانڕەوایانی بەغدا کە یەك بە دوای یەکدا هاتن مەیلی سەفەوییەکانیان هەبوو، سیاسەتی توند و تیژی مەزهەبیان بەکاردەهێنا(6)و،

---

[1] - محمد فرید بك : ل 222 . أوزتونا : **هەمان سەرچاوە**، ل 240.

[2]- Hammer : op. cit . p. 21.

[3]- Ibid. op. 21 – 22.

[4] - بۆ لکاندنی عێراق بە عوسمانییەکانەوە، بڕوانە : **دائرة المعارف التركية، ج** 3، **ل** 116 – 118، **کة** بەدرێژی ڕووداوەکان باس دەکات.

[5] - ئیڤانوف : ل 83.

[6] - **هەمان سەرچاوە** : ل 86.

چەوساندنەوە و ڕاونان و شت لێ ستاندن کاری وای له دانیشتوان کردبوو کە سۆزیان بۆ عوسمانییەکان نەمێنێ.

عوسمانییەکان له لای خۆیانەوە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەرگیز ئاگر بەست و ئاشتی لەگەڵ سەفەوییەکان ناکەن و، ئەو نامانەی سوڵتان سەلیم لە ساڵی (1525ز)دا بۆ شا تەهماسی دەناردن، پڕ لە هەڕەشە و گاڵتە بوو.

بەڵام له باشور، لە بەسرە و خۆرهەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەب، هاوسۆزی بۆ عوسمانیان پتر بوو. دانیشتوان لەوێ عوسمانییەکانیان بە ڕزگارکەری خۆیان لە دەست پورتوگالیەکان دەزانی، کە یاریدەی سەفەوییەکانیان دەدا و میرنشین و شارەکانی سەر کەنارەکانیان خسبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، دەستەڵاتیان بەسەر تەنگەی هورمزدا گرتبوو، سەرانەیان لەسەر عەممان و قەتیف و بەحرەین و مەسقەت زیاتر کردبوو، چاودێریان بەسەر گومرگەوە دانابوو، لە بەسرەدا دەرکەوتبوون.[1]

بەهۆی دوورکەوتنەوەی شا تەهماس لە بەرەنگاربوونەوەی عوسمانییەکان و زاڵبوونی ئەوانە و بەسەر ڕێگای بازرگانیدا کە میرە خۆجییەکان بۆ گەشەپێدانی سامانیان لە بازرگانی ئاوریشمدا بەکاریان دەهێنا، ئەو فەرمانڕەوایانە دەستیان کرد بە ڕووکردنە ئەستەنبوڵ داوای یارمەتیان دەکردج و، دیسانەوە نامەی فریاکەوتنیان لە بەسرە و بەغداوە پێگەیشت.[2]

لە ساڵی (1529ز)یشدا ڕاپەڕینێکی گەورە لە بەسی ناوەڕاستی عێرقدا دژ بە حوکمی سەفەوی بە سەرکردایەتی (زولفەقار بەگ)ی سەرۆکی هۆزی مۆسلۆی کوردی بەرپاکرا. ئەم میرە مردنی شا ئیسماعیل و بچووکی شا تەهماسی قۆزتەوە و هێرشی بردە سەر بەغدا و ئیبراهیم سوڵتانی فەرمانڕەوای ئەوێی کوشت و سەفەوییەکانی دەرکرد و چووە نێو شارەوە و جەماوەر کە پشتگیری و دەست خۆشیان لێ دەکرد. بە تەواوی دەستەڵاتی خۆی بەسەر عێراقی ناوەڕاست دا سەپاند و، پاشان پچڕاندنی تەواوی

---

[1] - ئیڤانوف : ل 86 – 87.

[2] - العزاوی : تاریخ العراق بین الاحتلالین، ج 4، ل 87. ئیڤانوف : ل 87.





پێوەندیەکانی لەگەڵ سەفەوییەکاندا ڕاگەیاند و کلیلی بەغدای بۆ سوڵتان سلێمان نارد و لەسەر مینبەرەکاندا بانگەشەی بۆ کرد و ناوی ئەوی خستە سەر سکەی پارەی عێراق.[1]

لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا، شا تەهماس سووربوو کە دەستەڵاتی لە بەغدا قایم بکاتەوە و، لە ساڵی (1530ز)دا بۆ ئەو مەبەستە هەڵمەتێکی گەورەی کردە سەر بەغدا و، زولفەقار نەی توانی تا سوپای عوسمانی دەگات دەستەڵاتی خۆی چەپاڵە بدات. شا عێراقی گرتەوە و، بەغدای داگیر کردەوە و، دوای ئەوەی کە براکانی زولفەقار ناپاکیان لەگەڵدا کرد، کوشتیان.[2] ئەنجا والی یەکی نوێی بەنێوی (محەمەد خان تورکمن) کە لە نەژادی قزل باشی تورکی بوو دانا، کە دەستەڵاتی سەفەوییەکانی لەوێدا بنیات نایەوە.[3]

عوسمانییەکان لەو ماوە درێژەدا سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ ئەوروپادا بوون تەنیا دوای بەستنی پەیماننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ بنەماڵەی هابسبۆرگدا، وەکو باسمان کرد، بەرەو خۆرهەلات دەستیان بە جوڵان کرد. سوڵتان سەلیم دوای زاڵبوون بەسەر سەفەوییەکاندا، ڕووی لە بەغداد کرد و، دوای ئەوەی (زولفەقار)ی فەرمانڕەوای ئەوێ کلیلەکانی ئەو شارەی دانە دەستی، خۆی بە خاوەنی ئەوێ زانی و، داگیرکردنی بەغدای بە ململانێ لەگەڵ شادا زانی.

دانیشتوان بە خۆشیەوە پێشوازیان لە لەشکری عوسمانی کرد. لە بەغدادا سەرهەڵدانێکی زانایانی ئایینی بەڕێوەیان دەبرد دژ بە سەفەوییەکان ڕوویدا و تورکمەن لە (28 ی تشرینی دووەم)دا بە فڕوفێڵ بۆ ئێران هەڵات، پاشان سوڵتان بە سەرکەوتنەوە چووە نێوی یەوە.[4] شارە عێراقی یەکان چوونە ژێر دەستەڵاتی (بابی عالی)یان ڕاگەیاند.

باشوری عێراق گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان ڕاگەیاند. لە کاتێکدا سوڵتانی عوسمانی بەسرە و قەتیف و بەحرەینیشی خستە سەر دەستەڵاتی خۆی.[5] بەو هۆیە عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ڕێگایەکی بازرگانی گرنگدا گرت لە خۆرهەڵات دووری

---

[1] - Longrigg Stebhen H: Faur. Centuries of modern Iraq. P. 23.

[2] - ئیڤانوف : ل 88.

[3] - هەمان سەرچاوە : عمر . هەمان سەرچاوە : ل 92 – 93.

[4] - تاریخ بجوی : ج 1، ل 173 – 178 – 179.

[5] - ئەو وڵاتە جگە لە موصڵ نەبێت لە ساڵی (1550ز)دا کەوتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیەوە .

بەهۆی كەندا و بەغدا و نەینەوا و حەڵەبەوە. یان بەهۆی بەغداد و دیمەشق و (سەیدا)وا بە ئەوروپاوە دەبەستێتەوە لە ئاكامی ئەوەدا عوسمانییەكان بەر پرسیاری بەرگری نوێ یان دژ بە پورتوگالییەكان لە كەنداودا دامەزراندا.[1] ساڵی (1534ز) بە سنوورێكی ناوبڕ دادەنرێت لە نێوان دوو چاخی كاملّی ژیانی عێراقدا، كە مێژووی تازەی لەوێوە دەست پێكرد. سوڵتان سلێمان بە دانانی ئەو بەڕێوەبردنە نوێیە، بەردی بناغەی بۆ ئەو مێژووە دانا. بەشكردنی بەڕێوەبردنی هەرێمەكان عێراق بەشێوەیەكی ڕەسمی یاسایی بۆ یەكەمجار لە مێژووی نوێدا دانا، هەروەها سیستەمی نوێی باجی دانا و، كلێشەی سیاسەتی ئابووری بۆ عێراق كێشا.[2]

سوڵتان سلێمان (4) مانگ لە بەغداد مایەوە و لەو ماوەیەدا بەڕێوەبردنی ناوخۆی ڕێكخست و دەستەڵاتی بۆ سوننە مەزهەب گێڕایەوە، شوێنە پیرۆزەكانی سوننییەكانی بنیات نایەوە و، سلێمان پاشای والی دیاربەكری كردە والی بەغداد.[3]

پێویستە دووپاتی بكەینەوە كە سەروەری سوننیەكان هیچ چەوسانەوەیەكی مەزهەبی بە دواوە نەبوو، بەڵكو بە پێچەوانەوە. عوسمانییەكان سیاسەتی لێبوردەیی یان پەیڕەو كرد و، پاراستنیان بۆ شیعەی بەغدا و جولەكە و مەسیحییەكانیشیان دەپاراست بەغداد لە سایەی ئاشتەوایی عوسمانیدا بە خێرایی گەشەكردنێكی نوێی بەخۆیەوە بینی، دوای چەند ساڵێك بەسرە بووە عوسمانگەری و، دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر ئۆقیانووسی هیندیدا ڕۆیشت. شا تەهماس بوونی سلێمان پاشای لە بەغدا بەهەل زانی لە (9 ی كانوونییەكەمی 1534ز)دا تەورێزی گرتەوە، بۆیە سوڵتان ناچار بوو هەڵمەتێكی دیكە بكاتەوە، ئەوەبوو شارەكەی دوای لێچوونە دەرەوەی شا گرتەوە، كە بە ئاشكرا ڕای گەیاند حەز ناكات كێشەی چەكداری لەگەڵ سوڵتاندا بەرپا بكات، سوڵتان لە (5ی تەمموزی 1535ز)دا چووە نێو شارەكەوە. دوای (15) ڕۆژ بۆ ئەستەنبول گەڕایەوە[4]، ئەم هەڵمەتە بایەخی خۆی لەوەدا پەیدا دەكات كە عێراقی

[1] - ڕافق : ل 68.

[2] - عێراق كرا بە چوار ویلایەت: بەغداد، موسڵ، بەسرە، شارەزور. هەمان سەرچاوە.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - كلو : ل 158، محمد فرید بك : ل 223.





خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی دەستی سەفەوییەكانی بە یەكجاری لە جیهانی عەرەبی دوورخستەوە. ویلایەتی ئەرزڕۆمی دامەزراند و سنووری دەوڵەتی لەگەڵ قەوقازدا بێ مەترسی كرد، بەڵام سەفەوییەكان توانیان دوای گەڕانەوەی سوپای عوسمانی بۆ وڵاتیان، پایتەختەكەیان بگێڕنەوە.[1]

ئەوەی ڕاستی بێت، لكاندنی عێراق بە عوسمانییەكانەوە، بە تەواوی كۆتایی بە كێشەی عوسمانی و سەفەوی نەهێنا، بەردەوام كێشەیان لەسەر ئەو وڵاتە هەبوو، بووە كێشەیەكی بەرچاو لە نێوان ئەو دوو هێزەدا لەسەدەی (16)دا.[2]

## پێوەندی یەكانی عوسمانی و سەفەوی لە كۆتاییەكانی سەردەمی سلێمانییەكەمدا

بزوتنەوەی سەفەوی ڕووی چالاكی و جموجۆڵی خۆی كردە ئەنادۆڵ و سوڵتان سلێمانی هاندا بە ڕاستی ئاوڕ لە خۆرهەڵات بداتەوە، ئەوسا ئاشتی لەسەر سنوورەكانی خۆرهەڵات هەر لە ساڵانی (1535 – 1536ز)دا جێگیر بوو بوو، بەڵام پڕوپاگەندەی سەفەوی بۆ بلاوكردنەوەی مەزهەبی شیعە لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا هەر بەردەوام بوو. هەوڵە پێ دلگرەكانی سەلیم جێگای خۆیان نەگرت. هەوڵەكانی سلێمانی یەكەمیش، پێشتر هەر سەرنەكەوتن، بۆیە مەترسی هەڵوەشانی توانای (بابی عالی) لەو كەرتانەدا بەردەوام بوو. پەیدابوونی كێشە و مشتومڕ لە نێوان خانەوادەی سەفەوی دا ڕێی بۆ كەوتنەی خۆی سوڵتان سلێمان خۆش كرد و، بەمەبەستی پاڵپشتی كردنی لە دەستەڵاتی عوسمانی، هێرشی برد.[3]

لە كاتێكدا سەفەوییەكان بە بلاْوكردنەوەی مەزهەبیان لە شێروانی باكووری ئازربیجان و داغستانی خۆرهەڵاتی قەوقازدا جەخت لەسەر ئەوە كرایەوە كە هەڵمەتێكی دی دژ بە سەفەوییەكان پێویستە زۆر و تۆبزییان بەكارهێنا، میری ئەو شارە قیرەم پاشا

[1] - هەندێ سەرچاوە دەڵێن : سوڵتان خۆی ئاشتەوایی لەگەڵ سوڵتان كرد و لە بەرانبەر گوێ ڕایەڵی ئەو بۆ سوڵتان وازی بۆ لە تەورێز هێنایەوە (ابراهیم بك حلیم : ل 91 . ڕافق : ل 68.)

[2] - عمر : ل 9.

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 275 – 277.

داوای کۆمەکی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات.لە هەمان کات (قاس میرزا) برای شا تەهماس داوای یارمەتی لە سوڵتان سلێمان دژ بە براکەی، کە ناکۆکە لەگەڵیدادەکات.[1]

سوڵتان بڕیاریدا پەلاماری ئێران بدات تا سنوورێك بۆ داخوازیەکانی شا دابنێ و، لە ناوی ببات. (قاس میرزا) پێوەندی بە ئازربیجانەوە کرد تا برا هەقەکەی سەرقاڵ بکات، دیسانت چەند هێرشێکی کردە سەر کرمانشان و هەمەدان و قوم و قاشان و ئەسفەهان، کە لەژێر دەستەڵاتی براکەی دابوون، بەڵام ئەم پەلامارانە کاردانەوەی پێچەوانەی هەبوو بۆ سەر ئاکامەکان، کە شا توانی میرزای برای بگرێ و لە قەڵای مردندا زیندانی بکات.[2]

هەرچی سوڵتان بوو، بە چەند کردارێکی سەربازی بەرەو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ هەڵساو، توانی لە ساڵی (1548ز)دا بڕواتە نێو شاری تەورێزەوە، دوای ئەوەی شا لێی کشایەوە و، قەڵای ڤانی ناوداری داگیرکرد و وڵاتی داغستان و شێروانی گرت، بەڵام لەگەڵ شادا هیچ پێکدادانێك نە قەوما دوای ئەوەی بەرەو قەزوین پاشەکشەی کرد. ئەم هەڵمەتە (20) مانگی خایاند و بابی عالی دەستەڵاتی خۆی بەسەر خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا سەپاند[3]، بەڵام ئەم هەڵمەتە ئامانجی ڕاستەقینەی سوڵتانی نەهێنایە دی، کە ڕووبەڕووبوونەوەی شا و لە جەنگێکی گەورەدا و لە ناوبردنی سەفەوییەکان بوو، بۆیە لە ساڵی (1553ز)دا شەڕ دەستی پێکردەوە. لە بەهاری (1554ز)دا کرداری سەربازی دەستی پێکردەوە و، هەڵمەتەکە بەرەو فارس دەستی پێکرد و، هەردوو شاری ڕەوان و نەهجەوانی داگیر کردن کە دەکەونە سەر کەناری باکووری ڕووباری ڕەش کە مەڵبەندی ویلایەتەکە بوو، ئەریڤان و قەراباغی ویران کردن.[4]

عوسمانییەکان دوای ئەوەی ڕووباری ڕەشیان داگیر کرد، بەرەو باشوری ئازربیجان چوون و، شا تەهماسیان تەنگەتاو کرد، ڕەنگ بوو ئەم شەڕە بڕانەوەی نەبێت. بۆیە شا، کە پەی بەمە برد و، ئامادە بوو بۆ دانوستان، بەڕاستی دانوستان لە نێوان هەردوولادا بۆ ئەم مەبەستە ڕوویدا و لە (29 ی ئایاری 1555ز)دا ڕێککەوتنی ئەماسیا مۆرکرا. دیارە

1 - تاریخ بجوی : ج 1، ل 269 – 270. کلو : ل 235.
2 - هەمان سەرچاوە : ل 276 . قەڵای مردن دەکەوێتە سەر چیایەك (16) فەرسەخ لە قەزوین دوورە.
3 - بۆ کردارە سەربازی یەکان لە هەمان سەرچاوە، بڕوانە : ل 270 – 274.
4 - تاریخ بجوی : ج 1، ل 269 – 270 . کلو : ل 235.





هەر دوولا حەزیان بە هەندێك هێور بوونەوە دەکرد تا لەگەڵ ئەو تەنگ و چەڵەمانەن کە هاتوونە پێش هەردووکیانەوە، بەرەنگار ببنەوە.

هەلومەرج بۆ ئاشتەوایی ئەماسیا لەبار بووکە نیازی هەردوولای خستە ڕوو، دەقی ڕێککەوتنەکەشیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- ویلایەتی فارس و قەڵاکانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەست لێ هەڵدەگرێت.
- کێشانی سنووری ویلایەتی شارەزور تا ڕێگە لە هەر ڕووداوێك بگرێت کە ئاگر بەستەکە تێك دەدات.
- هێمن ڕاگرتنی ڕێگاوبان بۆ ئەو فارسانەی سەردانی ناوچە پیرۆزەکانی شیعەکان لە عێراق و خاکی پیرۆزی حیجاز دەکەن.[1] ئەم ڕێککەوتنە کورتە هەندێك لەو هۆیانە دەخاتە ڕوو کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕو کێشە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا.
- دەوڵەتی عوسمانی هەوڵ دەدات سنووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ ئارام ڕاگرێت، قارس قەڵایەکی قایم بوو بوارێکی باشی دەدانێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان بۆسەر سنووری خۆرهەڵاتی.
- کێشە سەر سنوورییەکان هەمیشە شەڕیان لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بەرپا کردووە، ئاڵۆزترین گرفت لە سەرەتادا کێشانی سنووری باکوور بووە لە نێوان هەردوولا دا لە کوردستان.
- دڵنیاکردنی سەلامەتی حاجیە فارسەکان بەشێك بووە لە هۆیەکانی کێشەی نێوان هەردوولا.

چونکە فارسەکان دەستەڵاتی عوسمانییەکان و، سوڵتەی عێراق و هۆزە عێراقییەکانیان بەوە تاوانبار دەکردن کە سامانیان لە حاجی و زیارەتگەرە فارسەکان ستاندووە و هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵدا کردوون، کەچی عوسمانییەکان مامەڵەی باشیان لەگەڵیاندا هەبوو، چونکە سوودی ئابووری بۆ گەنجینەی عوسمانی هەبووە، بەڵام بارودۆخی خێڵەکی عێراق کاروانی حاجییەکان و بازرگانەکانی بێ جیاوازی تەنگەتاو

1 - تاریخ بجوی : ج 1، ل 277 .؟ سرهنك : ل 102.

کردبوو، ئەمەش کارێکی خراپی بۆ فارسەکان هەبوو. بەو شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی (23)ساڵ ئاگربەست لە نێوانیاندا بەردەوام بوو.





## کێشە لە بارەی باکووری ئەفریقیاوە
## (لکاندنی جەزائیر بە دەوڵەتی عوسمانییەوە)

لەکاتێکدا فراوانخوازی عوسمانی لە خۆرهەڵاتی نیشتمانی عەرەبدا لە ئەنجامی تێکهەڵچوونی سەربازی گەورەدا لە چاڵدێران و مەرەج دابیق و ڕیدانیەدا تەواوبوو، سەرباری ئەو جەنگانەی هێزەکانی عوسمانی بۆ لکاندنی عێراق ئەنجامیان دابوو، فراوانخوازی عوسمانی لە ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبدا زۆربەی لە ئاکامی سووربوونی هێزەکانی ئەوێ بووە کە برۆنە ژێر سێبەری عوسمانییەوە بۆ بەهێز کردنی خەباتی ئیسلامی دژ بە مەترسی هێزی ملهوڕی ئەوروپی مەسیحی بۆ سەر وڵاتی موسڵمانان و باکووری ئەفریقیا.

ئەوەی ڕاستی بێت باکووری ئەفریقیا لە لیبیاوە تا مەراکیش لەگەڵ دەستەڵاتی سەربازی ڕاستەوخۆی ئەوروپی و هەڵمەتی کاولکەرانی شاو و بەندەرە گەورەکانی بەرەو ڕوو دەبۆوە، چونکە گرنگیەکی ستراتیجی جێگایەکی جوگرافی مێژوویەکی سیاسی و سەربازی هەبوو، بەمەبەستی خزمەت کردنی مەبەستە بازرگانییەکان.

ئەوروپییەکان داگیرکردنی ئەو کەنارەیان بە پردێك بۆ گەیشتن بە قودس دادەنا و، ئەو تیۆرە سیاسییەشیان لە کاتی جەنگەکانی خاچپەرستیدا لە خۆرهەڵاتدا جێبەجێ کرد.[1] بەڵام عوسمانییەکان بە دوای دۆزینەوەی چەند مەڵبەندێکی سەربازیدا دەگەڕان بۆ خۆیان لەو وڵاتەدا تا سنوورێك بۆ دەست درێژی یەکانی ئیسپانیا و پورتوگال بۆ سەر وڵاتی موسڵمانان دابنێنن. داگیر کردنی غەرناتەیان بە دەستی ئیسپانییەکان و دەرکردنی موسڵمانان لە ئەندەلوسدا لە کۆتاییەکانی سەدەی (15) و سەرەتاکانی سەدەی (16)دا بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان بەهەل زانی.

بە دوای ئەوەدا کردارەکانی دەریایی کە کەشتیوانە موسڵمانەکان لە دەریای سپی ناوەڕاستدا ئەنجامیان دەدا دەستیان پێکردەوە، لەبەر چەند هۆیەك، کە زۆربەیان ئایینی و هەندێکیشیان ئابووری بوون.

[1] - شای فەڕەنسی لویسی نۆیەم لە ساڵی (1270ز)دا بەخۆی و سوپاوە لە قەرتاجەدا ئۆردووی هەڵدا و بۆ داگیر کردنی تونس و لەوێوە بەرەو فەڵەستین چوو.

لــە ڕووی هانــدانی ئایینییــەوە کەوتنــە ژێــر دەســتی غەرناتــە بــۆ بندەســتی ئیسپانییەکان،ئەوەش خـەڵکی بـاکووری ئـەفریقیای بـۆ خـەبات و تێکۆشـان هانـدا بـە تایبەتی لە پێناو ئەو کەسانەدا لە ژێر ستەمی ئیسپانیادا بوون. موسـڵمانە ئاوارەکـان بـە درێــژای کــەنارەکانی بــاکووری ئــەفریقیا چــەند بنکەیــەکی ســەربازیان دروســت کــرد بەمەبەستی هێرش بردنە سەر کەنارەکانی ئیسپانیا و هەرێمی دەوری دوورگەی ماڵتا کـە وەکــو تۆڵەســتاندنەوە پــەلاماری کەشــتی ئەورووپییــەکان بــدەن. ئــەو پەلامارانــە عوسمانییەکانی هاندا شان بە شانی ئەو خەباتگێڕانە بکەونە کار و یارمەتیان بدەن.

لـە ڕوانگـەی پاڵنـەری ئابوورییـەوە، ئیسپانیەکان لـە کـاتی گێڕانـەوەی ئیسـپانیان زۆربەی قەڵاکانی سـەر کـەناری بـاکووری ئـەفریقیایان داگیر کـرد بەمەبەسـتی پاراسـتنی ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆیان لەگەڵ (سەقەلیە)دا کە دەغڵ و دانی دەدانێ.

ئیسپانیەکان دوای گۆتنـەوەی ئیسپانیا، ڕاسپاردەی شـاژنی ئیزابیلیـان بـۆ گرتنـی باکووری ئەفریقیا جێبەجێ کـرد. لەنگەرگـەی گـەورەی خۆرئـاوای جـەزائیریان لـە سـاڵی (1505ز)دا داگیر کرد، لەگەڵ مەلیلە و شاری جەزائیر و، بنکەیەکی قایمی دەریایی یـان لەسـەر دوورگـەی بـەینونیان (ربـاط خیـل)دا دامەزرانـد. لـە سـاڵی (1508ز)دا (حەجـەر بـادیس) و سـاڵی داهـاتووش (بەجایـە)یـان داگیر کـرد. لەسـاڵی (1515ز)دا بەنـدەری تەرابلوسیان داگیر کـرد و دەسـتیان بەسـەر وەهـران و شـارەکانی دیکـەی دوورگەکەشـدا داگرت.[1]

ئیسپانیەکان توانیان بە درێژایی کەناری باکووری ئەفریقیا دامودەزگای سەربازی دابمەزرێن و، بیکەنە شاندێکی خـاچ پەرسـتی. عوسمانییـەکان تـاکو بتـوانن لـە بـاکووری ئەفریقیادا بە ئـاواتی خۆیـان بگـەن، پێوەنـدی تونـد و تۆڵیـان لەگـەڵ ئـەو موسـڵمانانەدا دامەزرانـد کـە لـە ئیسـپانیادا مابوونـەوە، سـەرباری ئەوانـەی پـەنایان بـۆ بـەر بـاکووری ئەفریقیا بردبوو، هەردوولا بۆ تێکۆشان لە دژی ئیسپانیەکان یارمەتی یەکدیاندا.

لـەنێو ڕێزەکـانی دەریاوانـە موسـڵمانەکاندا لـە بـاکووری ئـەفریقیادا، بابـا عـروج دەرکەوت کە نازناوی بەربروسا بوو، چونکە ڕیشێکی سووری هەبوو، ئەوەش لە دوای ئەو

[1] - ئیڤانوف : ل 98 . الشناوی عبدالعزیز : الدولة العثمانیة دولة أسلامیة مفترى علیة . ج 2، ل 901 . مۆنس، حسین : تارخ المغرب و حضارتة : ج 3، ل 157.





ســەرکەوتنە دەریاییانــەی بــوو کــە لــە دژی ئیــسپانییەکاندا بــە دەســتی هێنــان، جەزائیرییەکان بۆ گێڕانەوەی بەندەر و شارە داگیرکراوەکـانی ئیـسپانیا بـە پـیر یارمـەتی دانیانەوە چوون.[1]

یەکـەم سـەرکەوتنی گـەورە کـە (بابـا عـروج) بـە دەسـتی هێنـا ئـازادکردنی شـاری جەزائیر لە دەستی ئیسپانیەکان لە ساڵی (1516ز)دا و، هاتنـە سـە ر تـەخت بـوو دوای کوشتنی شێخ سالم تومی، کە هاوپەیانی ئیسپانییەکان بوو.[2]

(عروج) لەسەر کەناری بەرانبەر دوورگەی (ربات خیل)، کە نەی تـوانی بیگێڕێتـەوە ژێر دەستەڵاتی خۆی حوکمی خۆی دامەزراند. ئەم سەرکەوتنە یارمەتیدا بۆ دروستکردنی حکومــەتێکی عەســکەرتارییەت لــە ژێــر دەســتەڵاتی خۆیــدا و، ســەرۆك هۆزەکــان و دانیشتوانی شار ڕەگەڵی کەوتن، شاری (دەلیس)ی کردە بارەگای نیشتەجێ بوونی خۆی و، پایتەختی ڕۆژهەڵات.

سەرکەوتنی (بابا عروج) دەنگدانەوەیەکی گەورەی لـە تەلمەسـانی پایتـەختی (بنـی زیان) لە خۆرئاوای جەزائیردا هەبوو.

دانیشتوان پەنایان بردە بەر تـا لـە دەسـتی ئـەو فـەرمانڕەوا ستەمکارە دەربازیـان بکـات کـە نـاوی (ئـەبو حـەمود) و هاوپـەیمانی ئیسپانییەکان بـوو[3]. بـە پەلـە بـەدەنگ داوەکەوە چوو توانی تەلمەسان بگرێت، دواتر چووە نێو شار و بنەماڵـەی (عەبـدولواد)ی لەسەر کار لابرد[4].

سەرکەوتنەکانی بابا عروج نیگەرانیان بـۆ حکومـەتی ئیسپانیا دروست کرد، کـە لەوە دەترسا هێرش بکاتـە سـەر وەهـران و بەنـدەری گـەورە، بۆیـە هێرشـێکی گـەورەی کـردە سـەر کـە لـە (15000) جـەنگاوەر پێکهـاتبوو، چـووە نێـو خـاکی جـەزائیر و تەلمەسانی گەمارۆ دا. لە ساڵی (1518ز)دا، لەکاتی دەبەریەك ڕاچوونەکاندا بابـا عـروج کوژرا.

[1] - التر، عزیز سامح : الآتراك العثمانیون في افریقیا الشمالیة، ل 50.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 51 – 53.
[3] - الشناوی : هەمان سەرچاوە، ج 2، ل 907 . مۆنیس : ج 3، ل 161.
[4] - مۆنیس : ج3، ل 161 . ئیڤانوف : ل 103.

دانیشتوان دوای کوشتنی بابا عروج لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە خیزیر بەربەروسای برای عروج بە فەرمانڕەوای نوێ بۆسەر جەزائیر ڕابگەیەنن، نازناوی براکەی هەڵگرت و ناوی بوو بە (خەیرەددین بەربەروسا)[1].

ڕەوشی (خەیرەددین) دوای کوژرانی بۆاکەی و دوژمنایەتی سوڵتانی تونس (حەفسی) لەگەڵیدا، سەرباری دوژمنایەتی ئیسپانەکان و بەنی زیان لە تەلمەسان دا، زۆر دژوار بوو، هەستی بە لاوازی هەڵوێستی سیاسی و سەر بازی خۆی کرد، بۆیە بیری لە دەوڵەتێکی بەهێز کردەوە پشتی پێ ببەستێت، ئەوەش هەر لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەرجەستە دەبوو.

دانیشتوانی جەزائیر بە هەموو ئاستەکانیانەوە لەسەرەتاکانی تشرینی یەکەمی (1519ز)دا نامەیەکیان بەناوی (خەیرەددین بەربەروسا) بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم نارد، خەیرەددین مەبەستی بوو چارەنووسی مەسەلەی جەزائیر بە دەوڵەتی عوسمانییەوە گرێ بدات.[2]

نامەکە ملکەچی و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوونی گرتبۆ خۆی و، داوای لە سەلیم کردبوو جەزائیر بپارێزێت. (بابی عالی) بە چاوی بەزەیی لە هەڵوێستی جەزائیری یەکانی ڕوانی، بەپەلە پێشنیازەکەی خەیرەددینی پەسەند کرد و پلەی بەگلەر بەگی پێ بەخشی و، هەندێك لە سوپای ئینکشاری دایە.

بەوەش مێژووی ئەو پیاوە وەکو سەرکردەیەکی گەورەی عوسمانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا دەستی پێکرد، ئەو بڕیارانەی سوڵتان سەلیمی یەکەم چەند ئاکامێکی گرنگی بۆوان هەبوون لەوانەش :

- چوونە نێو جەزائیر بە ڕەسمی لەژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا لە (1519ز)دا.
- ڕەوانەکردنی کۆمەکی سەربازی عوسمانی لە ئاکامی داواکردنی خەڵك بوو بۆ یارمەتی و فریا کەوتن، چوونی عوسمانییەکان بۆ جەزائیر داگیر کردن یان گرتنێکی سەربازی نەبوو.

[1] - الترِ : سەرچاوەی ڕابردوو، ل 71.
[2] - التمیمی عبدالجلیل : یەکەم نامە لە خەڵکی جەزائیرەوە بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم، 1519ز . مجله التاریخ المغربیه، تونس،العدد 6، تموز 1976ز.





- هەرێمی جەزائیر یەکەم هەرێم بوو لە باکووری ئەفریقیادا، بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەوە.[1]
- سەرەنجامی پارێزگاری ڕەسمی سوڵتان سەلیمی یەکەم، دەستەڵاتی (خەیرەددین)ی بەهێز کرد و هەڵوێستی ئەوی دژ بە ئیسپانییەکان قایمتر کرد و لە لایەکی دیکەشەوە دژ بەهێزەکانی جارانیش دژ کە دەیانەویست هێز و دەستەڵاتی لە دەست چوویان بگێڕنەوە بە تایبەتی بەنی زریان و حەفسییەکان.

(خەیرەددین) بیری لە دەرکردنی ئیسپانییەکان لە کەناری جەزائیر کردەوە و، لەمەش دا سەرکەوتنی بە دەست هێنا. هەر لە ساڵی (1521ز)ەوە قالە و عەنابە و قوستەنتینیە و دوورگەی (ربات خیل)ی ڕزگارکرد.

بەمەش بەردی بناغەی بۆ (وصایە)ی تەختی عوسمانیدا، دیسان ئەمە بەسەرەتای دامەزراندنی نیبابەت (جێگری) بۆ جەزائیر دادەنرێت.[2]

بەڵام لەسەر ئاستی بەری ناوخۆ، (خەیرەددین) زۆر ئاستەنگی هاتە سەر ڕێگا، کە فەرمانڕەوا و گەورە خۆماڵییەکان بۆیان دروستکردن، ئەمەش لە کاتێکدا بوو دەیویست مەغریبی ناوەڕاست یەك پێ بگرێتەوە لەگەڵ پیلانەکانی بەنی زریان و حەفسییەکان و هەندێك لە هۆزەکاندا بەرەو ڕووبۆوە، بەڵام توانی ئەو کۆسپانە تەخت بکات و لەچەسپاندنی دەستەڵاتی خۆی لەتەواوی جەزائیردا سەرکەوت.[3]

(خەیرەددین) بووە پاسەوانی بەشی پێشەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە حەوزی خۆرئاوای دەریای سپی ناوەڕاستدا، پشتگیری لەهێزی ئەو دەوڵەتە و سەرچاوە سامانیەکانی ئەوێ، کە لە سوڵتان سەلیمی وەردەگرتن، دەکرد.

ئیسپانیا دانی بە لکاندنی جەزائیر بە سەڵتەنەتی عوسمانییەوە نەنا، جەنگەکەش نەبڕایەوە، بەڵکو مۆرکێکی توندوتیژی پتری لە دەریادا وەرگرت. ئەو دەوڵەتە زیاتر لە جارێك هەوڵی داگیرکردنی جەزائیریدا تا ئەوەی لە دەستی چووە بێگێڕێتەوە، لە ساڵی (1551ز)دا هێزی سەربازی بۆ سەر کەنارەکە دابەزاند، بەڵام نەیتوانی بە ئاکام بگات،

[1] - النشاوی : ج 2، ل 912. ئیڤانوف : ل 105 . Ibid.
[2] - هەمان سەرچاوە : Gaid. Mouloud: LA Lgerie sous les Turks. P. p. 41 – 47.
[3] - کوران . أرجمند : السیاسة العثمانیة تجاه الاحتلال الفرنسي للجزائر، ل 11 . . Ibid Goid. P . 46.

که ئەمە دوا هێرشی ڕاستەقینە بوو ئیسپانیەکان بۆ گێڕانەوەی جەزائیر ئەنجامیان دا و، دوای ئەوە ئیسپانیا ناچار بوو ملکەچی ئەمری واقیع بێ و لەگەڵ لەدەستدانی ئەو وڵاتەدا هەڵکات.

## کێشە لەسەر تونس

کێشەی ئیسلامی و مەسیحی لە خۆرئاوای دەریای سپی ناوەڕاستدا لە سەرەتاکانی سەدەی (16)دا مۆرکێکی وەرگرت کە توندوتیژییەکەی هیچی لەو توندوتیژییە کەمتر نەبوو کە لە خۆرهەڵاتدا هەبوو. ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسێ گۆشەی تونس و ماڵتا و تەڕابلۆسی خۆرئاوا قورسای خۆی خەست کردبۆوە. دەست گرتن بەسەر ئەو سێگۆشەیەدا بایەخێکی گرنگی بەنسبەت ئاکامەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لەنێوان هێزە ناکۆکەکاندا هەبوون، بەدەست هێنا.[1]

ئەوەی ڕاستی بێت بارودۆخی تونس لە بارودۆخی جەزائیر جیاواز بوو، هەرچەندە ڕووداوەکانی چوونە نێو جەزائیر و تونس لەژێر فەرماندەیی عوسمانیدا دەستی هەبوو لەوە، بەڵکو زۆر ئەستەمك بوو لێك جیابکرێنەوە. تونس و تەڕابلوسی خۆرئاوا بەسشێك بوون لە دەوڵەتی حەفسی یەکان کە لەسەرەتای سەدەی (16)دا خەریکی هەرەس هێنان بوون، سوپای حەفسی توانای نەبوو لەگەڵ کەشتی یەکانی ئیسپانیا و دەوڵەتی ئیتاڵیادا بەرەو ڕووبێتەوە و، نەی توانی جەنگ لە دژی دزە دەریایی یەکانی ئەوروپا کە بەردەوام خەریکی تێکدانی کەنارەکانی مەغریبی خۆرهەڵات بوون، بکات.

یەکێك لە و بەڵگەنامانەی لاوازی دەستەڵاتی حەفسی یەکان دەردەخات ئەوەیە، کە لەساڵی (1510ز)دا کونت دی ناڤاری بەئاسانی بەجایە و تەڕابلوسی خۆرئاوای گرت و پەلاماری دوورگەی جەربەی دا، (ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی پێنجەم حەفسی) هیچ کارێکی وای نەکرد تا شار لە دەست چووەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو دانیشتوان بەرگریان کرد لە کاتێکدا عوسمانییەکان لە جەڕبە بەرگریان دەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەردوولا ببنە هاوپەیمانییەکدی.[2] کە حەسەن حەفسی لەساڵی (1526ز)دا هاتە سەر

[1] - الشناوی : ج 2، ل 912 . ئیڤانوف : ل 105. . Ibid

[2] - ئیڤانوف : ل 180 – 181 .





تەختی تونس هاتە سەر حوکم و، حوکمەکەشی سیفەتی کەمترخەمی و خۆپەرستی پێوە دیار بوو، و مەیلی هاریکاری لەگەڵ ئیسپانەکاندا دەکرد، لەگەڵ (خەیرەددین بەربەروسە) و عوسمانییەکاندا ڕووبەڕبوونەوە، لە ساڵی (1532ز)شدا دیسان لەگەڵ پیاوانی قەدیس یوحەننادا ئاشتی مۆرکرد.

ئاڕاستەی سیاسی بەرەو هێوی مەسیحییەت پێوەندی مەولای ئەلحەسەن و (بابی عالی) ناخۆش کرد. (خەیرەددین) توانی سوڵتان سەلیم کە دەویست شەڕ لەگەڵ یسپانیادا بکات قایل بکات کە یەکەم شت تونس کۆنترۆڵ بکات و پێ ی عوسمانییەکان لەسەر کەناری ئەفریقیادا بچەقێنێ بەر لەوەی دەست بە کردارێکی گەورە دژ بە ئیسپانیا بکات[1].

ئەوەی ڕاستی بێت لە ساڵی (1533ز) دانیشتنێك لە نێوان هەردوو پیاوەکە کرا، بەو پێیە بڕیار درا کە خەیرەددین دەست لە تونس هەڵگرێت و، ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر دەستەلاتی عوسمانیەوە[2]. لێرەدا چەند هۆیەك هەبوون سوڵتانیان ناچار کرد پڕۆسەکە پەسند بکات لەوانە:

- هەڵکەوتنی جوگرافی تونس لەناوەڕاستی باکووری ئەفریقیادا و، لەنێوان جەزائیر و تەڕابلوسی خۆرئاوادا.
- نزیکی تونس لە ئیتاڵیا کەلایەکی ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی پیرۆز پێك دێنێت.
- تونس دراوسێ ی دوورگەی ماڵتایە، کە بارەگای سوارانی قەدیس یوحەننایە، کە هاوپەیمانی ئاسایی ئیمپڕاتۆر شارلی پێنجەمن و، سەر سەخترین پێڕی مەسیحی دوژمنی موسڵمانان.
- ئەو توانا زۆرەی بەندەرەکانی تونس دەیسازێنن لە حوکم کردن بەسەر هات و چۆی دەریایی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا.

(خەیرەددین بەربەروسە) ئەستەنبوڵی بەجێهێشت و سەر لەشکری (800)کەشتی و (8000) سەرباز بوو، ڕاستەوخۆ ڕووی لە تونس کرد و لە ئابی (1534ز)دا لە بەرانبەر بەندەری تونسدا دەرکەوت، کە هاوکات ڕاپەڕینێکی جەماوەری گشتگیر دژ بە حوکمی

[1]- Histoire d Aroudjetde khair edkhair – ed – Din. T, II, P.220.

[2] - کلو : ل 172.

حەفسی لە تونس روویدا و، گەورە پیاوانی گەل نوێنەرێکی خۆیان ڕەوانەی لای (خەیرەددین) کرد، داوایان لێکرد ئامادەی پایتەخت بێت[1].

(خەیرەددین) بە پیر بانگەوازەکەوە چوو دابەزی یە کەناری شار، دواتر ڕووی لە کۆشکی قەسەبە کرد و، حوکمی ئەوانی وەرگرت و، لابردنی بنەماڵەی حەفسی لە دەستەڵات ڕاگەیاند و، تونسی خستە سەر قەڵەمڕەوی عوسمانی و (حەسەن حەفسی) بەرەو (بجابە) ڕای کرد و، پاشان چووە شاری (الجرید) و پەنای بردە بەر وئیسپانیەکان[2].

لکاندنی تونس بەحوکمی عوسمانییەوە دەنگ وسەدایەکی گەورەی لە ئەوروپادا بەگشتی وئیسپانیا بەتایبەتی دایەوە, چونکە ئەو گۆڕینی دەستەلاتە دلەڕاوکێی خستە دلی شارلی پێنجەمەوە , لەبەرئەوەی ئەو ولاتە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ بوو.

ئەو سەرکەوتنەی عوسمانییەکان بە هەڕەشە زانی بۆ ئیسپانیاو بازرگانییەکەی.بۆیە بڕیاری دا ,بەبیانووی یارمەتی دانی حەسەن و سوارانی ماڵتا ,کەداوای یارمەتییان کردبوو,تونس داگیر بکات[3].

هەڵبەت ئەم ئیمپڕاتۆرە لە(2ی حوزەیرانی 1535ز)دا بە کەشتیگەلی گەورەوە ڕووی لە تونس کرد و, لە(21ی حوزەیران)دا ئەو شارەی گرتەوە بەشی باکووری خۆرهەلاتی ئەو ولاتەی بەتەواوی کۆنترۆڵ کرد[4].

(مەولانە حەسەن)لە(6ی ئاب)دا دلخۆشی وسەرکەوتوویەوە بۆپایتەختەکە گەڕایەوە.

لە(8)ی هەمان مانگدا پەیماننامەیەکی لەگەڵ ئیمپڕاتۆردا مۆرکرد و, لەوێدا دانی بەپارێزگاریی ئیسپانیا بەسەر تونسدا نابوو.[5] بەم ئاکامە حەسەن حەفسی بووبەکەسێکی سەر ئیسپانیا.

[1] - التر : ل 93.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 113 . ئیڤانوف : ل 189. مۆنس : ج 3، ل 165.
[3] - الشناوی : ج 1، ل 916 / ل 194.
[4] - التر : ل 118.
[5] - هەمان سەرچاوە : ل 119 – 120.





بەلام (خەیرەددین)بۆ بەرگریکردن پێویستی بەزۆر شت هەبوو, لەمەڵبەندی دەستەلاتیشەوە دووربوو, بۆیە بەچاکی زانی خۆی وسوپاکەی لەوێ بار بکەن و بە کەشتی بڕۆنەوە.[1]

دیارە کە حوکمی ئیسپانی لە تونسدا ڕەگی دانەکوتا لە بەرانبەردا حوکمی حەفسی بەرهەڵستکاری زۆری لەلایەن دانیشتوانەوە تووش هات، پاسەوانانی ئیسپانی تووشی ڕەوشێکی دژوار هاتن و هەولی داواکردنی کۆمەکی سەربازیان لە ئیسپانیادا.

بەرهەڵستکارانی تونسی دژ بە حوکمی ئیسپانی بە یارمەتی فراگوزارانی عوسمانی چەند هەڵمەتێکی توندیان کردە سەر شوێنی پاسەوانانی ئیسپانی. هەڵمەتی ئیسپانی کە لە ساڵی (1538ز)دا بۆ ڕزگارکردنی ڕەوشەکە ئەنجامیدا، سەری نەگرت، دەستەلاتی حەسەن حەفسیش سەرنەکەوت و شاری تونس لە ساڵی (1541ز)دا کەوتەوە ژێر دەستی هێزی نیشتمانییەوە[2]. لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا ئیسپانەکان لە شارەکانی کەنارەکە خرانە دەرەوە. دانیشتوان بە دەستەلاتی عوسمانی ڕازی بوون.

بەلام ئەم ڕازی بوون و دان پێدانانە، بەهۆی هەولی دەولەتی عوسمانی کە دەی ویست ڕاستەوخۆ دەستەلاتی خۆی بەسەر ولاتدا بشکێنێ بە لەقی مایەوە. ئەم دان پێ دانانە ساردی و هەندێك جاریش دوژمنایەتی لێکەوتەوە. بنەماڵەی (حەفس)ی هەندێ ناوچەیان گرتەوە و، هاوپەیمانی کۆن گۆڕانی خێرای بەسەردا هات، ئیسپانیاش هاتە نێو هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە. باری تونس بە درێژایی دەستەلاتی سوڵتان سەلیمی یەکەم ناجێگیر بوو[3].

## تەڕابلوسی خۆرئاوا لە ژێر دەستەلاتی عوسمانیدا[4]

لە ساڵی (1510ز)دا ئیسپانیا دەستەلاتی بەسەر تەڕابلوسی خۆرئاوادا گرت و شارلی پێنجەم لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ولات سوور بوو، بۆ نیشتەجێ کردنی داگیرکەرە ئەورووپییەکان بە گشتی و ئیتاڵییەکان بەتایبەتی، بەلام هەڵبەت داگیرکەران لە بالرمۆ و

[1] - کلو : ل 174.
[2] - ئیڤانوف : ل 206 – 209.
[3] - هەمان سەرچاوە : ل 205 – 209.
[4] - مۆنس : ج 3، ل 434. Guiga. T: Dargouth Rais , Le manifique Seigneur delamer . p. 93

شارانی دیکەدا، سەرباری ئاسانکاری یەکان و پشتگرتن لە نیشتەجێ کردن و باج، کە پێیان دەدرا، بانگەشەی ئیمپڕاتۆریان بۆ کۆچ کردن بۆ ئەفریقا و لێ نیشتەجێ بوونی، ڕەفز کرد.

حوکمی ئیسپانی لەدەڵ هێرش خەبات گیرانـدا بەرەو ڕووبوّوە کە دەستی عوسمانییەکانیان لە پشتوە بو، لە بەرئەوە عوسمانییەکان لە تاجورا و میسراتە و بنغازی و شاری تردا پێشوازیان لێکرا.[1]

تەڕابلوس ماوەی (20) ساڵ کەوتە بن دەستەڵاتی حوکمی ئیسپانی تەنانەت ئیمپڕاتۆری ئیسپانی ئەرکی پاراستنی شاری خستە سەر شانی سواری قەدیس یوحەننا، تا بۆ درێژەدان بەجەنگ دژ بە خەڵکی جەزائیر و تونس دەست بەتاڵ بێت، سەرباری بەرەو ڕووبوونەوەی کێشەی زۆری لەگەڵ سولْتان سەلیمی یەکەمدا، ئیمپڕاتۆر ویستی بایەخی زۆر بە بەرەنگاربوونەوەی بزوتنەوەی مارتن لۆنەریش بدات[2].

ئیسپانیەکان بەبێ بە دەست هێنانی هیچ ئامانجێك، دەست بەرداری شارەکە بوون، بەڵام شارەکەیان بۆ مەسیحییەکان واز لێهێنال، کە زۆر لەوان توندتر بوون.

سوارەکان هیوایان بە سوڵتان بەخشیەوە، پێوەندی دۆستانەیان، تەنانەت پێوەندی سوێند خۆریشیان لەگەڵ (مەولانا حەسەن) دامەزراند[3]، بەڵام مەولانا حەسەن لەکاتی کێشە کردن لەسەر دەستەڵات لە لیبیادا تێشکا. سوارەکان لە شاردا حوکمەتێکی ئایینی مەسیحی توندیان بنیاتنا، کە مەبەستیان لەمە گۆڕینی سیمای ئیسلامی شارەکە بوو، بەڵام ئەوان لەگەڵ هەستی هەڵچووی ئایینی خەڵکی ئەوێدا دەبەریەك ڕاچوون[4]. پاشان ویستیان حوکمێکی توند دابنێن. سیستەمی بارمتە و پێ بژاردن (الغرامات)یان دانا، کە خەڵکی لێ بێزار کردن و، لە ئاکامدا بەرگری چەکداری دروست بوو[5]. لەنێو گەورە پیاوانی ڕووبەڕووبوونەوەدا (خەیرەددین قرمانی) و (دەرغوپ ڕەئیس) و موراد ئاغای

[1] - ئیڤانوف : ل 217.

[2] - الشناوی : ج2، ل 928 . زیلدة، نیقولا، لیبیا في العصور الحدیثة، ل 34 . الشناوی : اوربا في مطلع العصور الحدیثة، ج 1، ل 703 – 712.

[3] - Guiga. Op. cit. p. p. 94 – 95

[4] - الشناوی : الدولة العثمانیة دولة مفتری علیه، ج 2، ل 928.

[5] - بۆ مەسەلی سوارانی تەڕابلوس بڕوانە : مۆنس، هەمان سەرچاوە، ج 3، ل 435 – 439.





سەرکردەی عوسمانی دەۆرکەوتن، کە ڕۆڵی دەرکردنی سوارانیا لە شاری تەڕابلوسی خۆرئاوا خستە سەر شان. هەرچەندە توانای سەربازییان لاوازبوو، سەرچاوەی داراییان کەم بوو، بەڵام لە ساڵی (1550ز)دا داوای یارمەتیان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد و لایەنگریان بۆ سوڵتانی عوسمانی پیشان دا و، چوونە ژێر ڕکێفی عوسمانیەوە.

## لکاندنییەمەن بەدەوڵەتی عوسمانیەوە

ئۆقیانوسی هیندی و دەریاکانی سەر بەو ئۆقیانوسە تا سەدەی شانزەش ناوچەی دەریایی ئیسلامی بوون کەشتیە ئیسلامییەکان هاتوچۆیان پێ دەکرد لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کەلوپەلیان دەگواستەوە، لەسەدەی شازدەدا پورتوغال وەکو دەوڵەتێکی دەریای گەورە دەرکەوت دەستی بەسەر ئەو ئۆقیانوسە داگرت و ئیش و کاری بازرگانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای کەوتە دەست. ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەربازرگانی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، چونکە ئەو پێشتر دەسەڵاتداری دەریا بوو دەستی بەسەر هەمووبەندەرەکاندا گرتبوو کە ئەو بەندەرانەش سەنتەری بازرگانی کردن بوو بەتایبەت کەنداوی عەرەبی گرنگیەکی تایبەتی هەبوو. عوسمانییەکان ڕێگەی وشکانیان بەدەستەوەما کە ئەویش بەخاکی سەفەویەکاندا تێدەپەڕی، ئەوەش کاریگەری خراپی هەبوو بۆبازرگانی دەوڵەتی عوسمانی. لەبەرئەوە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و (مملوکیە) لە ساڵی 1549دا دەستیان دایە دەستی یەکتری بۆدژایەتی کردنی پرتوغالیەکان لە ئۆقیانوسی هیندیدا[1]، بەڵام سیاسەتی عوسمانی لە یەمەن گۆڕا دوای سەرکەوتن بەسەر مالیکیەکان لە میسر و ئەو وڵاتەش کەوتەدەستی عوسمانییەکان کەدوای بەرنامەو کاری بەردەوام بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەڕەشەی پرتوغالیەکان بوو. لە ڕاستیدا بارودۆخی یەمەن لەوکاتەدا ئاڵۆز بوو ، ئەمەش وای کرد ئەو وڵاتە گرنگیەکی تایبەتی هەبێت وەکو خەتی پێشەوەی بەرەو دژی داگیرکاری و زۆرداری پرتوغالیەکان لە ڕاستیدا چەند جارێك هێرشی کرایە سەر. لە هەمان کاتیشدا هێزە ناوخۆییەکانی یەمەن لە ناوخۆیاندا کۆك نەبوون. کێشەی ئایینی و مەزهەبی و تاڵان وبڕۆی کۆچەریەکان و نەبوونی دەسەڵاتی

[1] - عمر : ل 95

حکومەتێکی بەهێزو شەرشی نێوان هۆزەکان هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆ دەست درێژی کردنی پرتوگال بۆ سەر یەمەن.

له سەرەتای سەدەی شازدەدا سەڵتەنەی تاهیری کە سونی بوون(1438 – 1538) پایتەختیان شاری زبیر بوو ئەوانە بەهێزترین دەوڵەت بوو لە باشوری دوورگەی عەرەبیدا. بەناوبانگیش بوو بەوەی کە بنکەی ئایینی و ڕۆشنبیری سەرەکی ولاتە. ئەم دەوڵەتە دەستی گرتبوو بەسەر ناوچە کشتوکاڵیەکان و زۆربەی شارە گەورەکان لە یەمەن وەکو تمزو سەنعا و موخا[1].

هەردوو تایفەی دژ بەیەك زەیدی و ئیسماعیلی دەستیان گرتبوە سەرناوچە شاخەوییەکان باکووری یەمەن و ناوەڕاستی ولات کە هەمیشە ڕقەبەرو دوژمنی سەرسەختی تاهیریەکان بوون[2]. دەسەلاتی مەمالیك دەستی بەهەڵوەشان کرد کاتێك هەواڵی ولاتی شامیان پێگەیشت کە دەوڵەتی عوسمانی لە (مەرج دابیق) سەرکەوتنی بەدەست هێناوە (قانسوە فوری) یش کوژراوە، ئەمەش بووبە هۆی گۆڕانێکی ڕیشەی بارودۆخی باشوری دوورگەی عەرەبی، مەمالیکیەکان سەیریان کرد لەبارودۆخی وادان کە پێشترنەیان دیوە. دوای ڕووخانی دەوڵەتی دایك هیچ شوێنێك نەبوو پەنای بۆ بەرن. بۆیە ناچاربوون هەر لە یەمەن بمێنەوە خۆیان قایم بکەن و هەستان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مملوکی و وازیان لە دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی هێنا. ئەم دەوڵەتە بەسەرکردایەتی اسکندر شرکی دانی نا بەدەسەلاتی بابی عالی لە ناوچەکەدا ، هەربۆیەش سوڵتان سەلیم فەرمانێکی نارد بۆ اسکندرشرکی کەدەبێ والی یەمەن بێت[3].

بەمجۆرە سوڵتان سەلیم مەمالیکیەکانی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی لەیەمەن. ئەمە سەرەتای بوونی عوسمانی بوو لە باشوری نیمچە دوورگەی عەرەبی لە بواری سیاسی و سەربازیدا، کەلەوێوە عوسمانییەکان هەوڵیاندا کە دەریای سوور ڕزگار بکەن لەمەترسی هاتنی پرتوگالیەکان لە ئۆقیاوسی هیندەوە[4]. دوای ئەوە عوسمانییەکان هێزێکی

---

[1] - ایڤانوف : ل 119

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 120

[3] - مێژووی بجوی : بەرگی 1، ل 219

[4] - ایڤانوف : ل 122





سەربازیان ڕەوانەی یبەمەن کرد. بە فەرماندەی حوسێن روحی کە هەوڵیدا دەست بەسەر هەموو ولاتدا بگرێت، بەلام فەرمانڕەوای مملوکەکان و هێزە ناوخۆییەکانی تر بەربەرەکانیان کرد[1]. دیاربو عوسمانییەکان نەیان دەویست کەبەزۆر ئەو ولاتە بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان، یان باوەڕیان وابوو کەهەر سوپای عوسمانی لەیەمەن بوونی هەبێت دەستەبەری ئەوەیە کەدەسەلاتی بکەوێتە دەستە دەست عوسمانییەکان بێ خوێن ڕێژی، بەلام یەمەن بێ زاربو لەهەمو هێزانەی دەورو پشت کەدەیان ویست چارەنوس بگرنەدەست. عوسمانییەکانیش هاتنە سەرئەو هێزانەو ممالیك وا مامبەکان و تاهیریەکان لە عەدەن بوون پرتوغالیەکانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا کە دەسەلاتی خۆیان بەسەر یەمەندا بسەپێنن. هێرشەکەی سوڵتان سلیمانی پاشا خادم والی مسر لەساڵی 1538ز وە هێرشی یەکەمی عوسمانییەکان کە ئامانجی دەست بەسەرگرتنی یەمەن بوو کە هەڵوێستەکە لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان کۆتای پێهات، کەدوای ئەوە عوسمانییەکان یەکلای بوونەوە بۆدژایەتی کردنی پرتوغالیەکان. لە کۆتایدا دەست بەسەرگتنی بازگانی ڕۆژهەلاتی نزیك لەڕاستیدا کارەکەی سلێمان پاشای خادم دەکرا بەدوبەشەوە ڕێ گرتن لە هەوڵەکانی پرتوگال بۆ دەرپەڕاندنی موسڵمانان لە هیند، هەروەها دوبارە ڕێگە گرتنەوەی بازرگانی ڕۆژهەلات لەبەردەم عوسمانییەکاندا [2]. بۆیە سلێمان پاشا لەهەولێ دابوو بۆجێ بەجێ کردنی ئەودوو ئاواتە، بەلام پێویست بوو کە جێ پێی عوسمانییەکان قایم بکات بۆئەوەی لەوێوە بەرەو هیند بڕوات. بەم جۆرە سوڵتان سلێمانی یەکەم، دەسەلاتی یەمەنی گرتەدەست بۆئەوەی پرتوغال و دەوڵەتە ئەوروپیەکانی تر ڕێگەی لێ بگرن، کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو پێش بچێت.

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی مستەفا پاشای کردە والی یەمەن و فەرمانی پێدا کەشاری نعزی گرنگ و ستراتیجی داگیر بکات ، بەلام گرتنی ئەو شارە لەسەردەستی جێگرەکەی (لویس پاشا) تەواوبوو کەهەردوو شاری نعز و زماری ڕزگار کرد، جارێکی دی دەستەلاتی عوسمانی گەیشتەوە شاری سەنعا و لەئەنجامی ناخۆشی لەنێوان کوڕەکانی

---

[1] - عمر :ل 99

[2] - اوزوتا : بەرگی یەکەم ل 328

(ئیمـام)دا ئـەوەش لەسـاڵی 1547دا[1]، بـە ڕزگـاركردنی شـاری سـەنعا دەسـتەڵاتی عوسمانی لە شاری یەمەن پێی خۆی داكوتاو ڕێگای ئـابووری بـۆ كرایـەوە و دەسـتەڵاتی سیاسی و ئابووری لە ئۆقیانوسی هیندیدا بەهێز بوو.

## كەسێتی سوڵتان سلێمانییەكەم

سوڵتان سلێمانییەكەم شاعیر بوو دیوانێكی گەورەی هەبوو. خۆشنووسێكی شـارەزا بوو لەسەر بەرد نەخشی لێدەدا. زمانـە ڕۆژهەڵاتییـەكانی دەزانـی بـە تایبـەت عـەرەبی. هەركاتێك بۆی ڕەخسا بێـت دەسـتی كـردووە بـە كتێـب خوێندنـەوە. لـە خـواترس بـوو قورئانی خوێندبوو بەڵگەمان بۆ ئەو خوا پەرستییە هەشت نسخەی قورئانی نووسـییەوە، كە ئێستا لە مزگەوتی (سلێمانیە) هەڵگیراون. پابەندبوونیشی بە سوننەت لە شیعرەكانی دا دیا و ئاشكرایە كە وەكو غەزەل داینـاون و لـە دیوانەكەیـدا نووسـراون. زۆر حـەزی لـە ڕاوكردن بـوو، كـە سێتیـشی وەكـو فـەرمانڕەوا وێنەكـەی كـەمبوو. لـە ئـەورووپا ببـوو بـە مەسەل و باس ،دەكرا چەندین چیرۆك و بابەتیان لەسەر دروسـت كردبـوو، ڕۆژئاواییـەكان نازناوی (عەزیم) گەورەیان بە سوڵتان بەخشی بوو.

گەلەكەشی بە سوڵتان سلێمان قانونی ناویان دەبرد. ئەویش بەهۆی دارشتنی یاسا و ڕێكخستنی قانونی عوسمانی و جێبەجێ كردنی بە دادپەروەرانە.[2] شوێن دەسـتی دیـار بوو لە بواری پێشكەوتنی سیاسـی و ڕۆشـنبیری. پێـشكەوتنی دەوڵـەتیش لـە سـەردەمی ئەودا دەگەڕایـەوە بـۆ جێبـەجێ كردنـی یاسایەكەی، بـەڵام سـوڵتانەكانی پـێش خۆشـی دەسـتیان هـەبوو لـەو پێـشكەوتنەدا، بـەڵام پێـشكەوتنی دامـەزراوەكانی دەوڵـەت لەسـەردەمی ئـەودا گەیـشتە ڕادەیـەكی بـاش كـەدەتوانین بڵـێین بـوو بـە بنـچینەی پێشكەوتنی دەوڵەت و بناغە دەكوتانی فەرمانڕەوایی. سـوڵتان لەسـەر ڕێ و شـوێنەكانی سوڵتانەكانی پێش خۆی ڕۆیشت هەستا بە دانانی قـانونی عوسمـانی كـە ڕێكخستنەوەی دەوڵـەتیش لەسـەردەمی ئـەودا بـەزۆری ڕێكخـستنی سـوپا و كـەرتی سـەربازی گرتـەوە، هەروەها یاسای موڵكایەتی زەوی پۆلیس كە ئەمانە جۆرێك لە پێشكەوتن بـوون لـە یاسـا

[1] - البطریق : هەمان سەرچاوە، ل 27
[2] - دیورانت : سەرچاوەی پێشوو: بەرگی **6**، ل **124**..cresy : op . cit p. 158





داناندا كە سوڵتان پێش سەردەمی خۆی كەوتبوو دادپەروەری لەنێو هاووڵاتیان جێبـەجێ دەكرد، وەكو ئەوەی لە دەستوردا دانـراوە لەسـەر ئـەو كەسـەی تـاوانی ئەنجامـداوە جـا هەركەسێك بێت و هەر پلە وپایەكی هەبێت. لە ڕاستیدا یەكێك لەو گۆڕانكاریانەی سوڵتان سلێمانی یەكەم كردی گۆڕانی وەزیفەی مـوفتی گـەورەی وڵات بـوو كـە كردی بـە یەكـەم وەزیفەی زانستی هەستا بە دابەشكردنی سوپای (ئینكیشاری) بۆ سێ بەش بەپێی ساڵی خزمەتیان[1]، لەسەردەمی ئەودا ژمارەی سوپا گەیشتە سێ سەد و پەنجا هـەزار سـەرباز، بێجگە لەو مەدەنیانەی لە خزمەتی سـوپادا بـوون، هـەروەها سـوپا هەشـت سـەد تـۆپ و ئستولی دەریای هەبوو كـە بـریتی بـوو لـە سـێ سـەد كەشـتی شـەڕ سـوڵتان سـلێمان زۆر گرنگی دەدا بە ئامادەكاری و ڕێكخستنی سوپاكەی. سوڵتان هـەر هێرشـە سـەربازیەكانی بـۆ فرەوانكردنـی خـاكی عوسمـانی و ئـاوەدان كردنـەوە و، هێـز و دەسـتەڵاتی هـەموو بوارەكانی دی، لە هەموو بۆ گەشەسەندنی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوو، سـپاردنی بـە دوای خۆی بەشێوەیەكی تەواو كە ئەوە لە هیچ دەوڵـەتێكی ئـەورووپی ئـەو كاتـە نـەدەبینرا.[2] لەسەردەمی ئەودا ئازادكاری زۆر كرا لە هەر سێ كیشوەری ئاسای و ئەورووپا و ئەفریقادا، بەڵام سەردەمی ئەو دوا فرەوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو. بەڵكو سـەدەمی ئـەو لـە بوای ئیداریدا گەشەسەندترین سەردەم بوو. ئەو سەركەوتنانەی لە بواری دەوڵەت داری بە دەستهێنا. وای كرد كە وڵاتانی ئەورووپی هیوا براوبن كە ویستیان دەوڵـەتی عوسمـانی لە ئەووپا ودەرنـێن ئـەو پێشكەوتنەی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە نـاوخۆ و دەرەوە بـواری ڕۆشنبیری و پەروەردەشی گرتەوە، كە دەتوانین بڵێین پێشكەوتن لـەو بـوارەدا دەوڵـەتی عوسمانی لە هیچ سـەردەمێكدا بەخۆیـەوە نـەبینیوە، كـە شارسـتانی عوسمـانی سـیمای تایبەتی خۆی وەرگرت لە بواری ئـەدەبی و هونـەردا. ڕۆڵـی سـوڵتان سـلێمای یەكـەم لـەو بوارەدا زۆر بەچاو بـوو، كـە خۆشـی شـاعیر بـوو، بـەڵام لـە بـواری بیناسـازیدا دەوڵـەتی عوسمانی قەرزدای تواناكـانی سـوڵتان سـلێمان كـارە دیارەكـان لـەوبوارەدا دوسـتكردنی چەند مزگەوتێكە لە پایتەختدا لەوانەش مزگەوتی (سلێمانیە). لـەو ولایەتـەكانی چـەندین بینایەی گەورەی دروستكردن، گرنگترینیان دروستكردنی بینایەك بوو لەسەر گۆڕی ئیمام

[1] - محمد فرید بك : ل251.
[2] - دیورانت : بەرگی 6، بەرگی 5، ل 124.

حنیفه له بەغدا و دوستکردنی مزگەوت له نزیك گۆڕی جەلالەددین رۆمی له شاری قوسیا، هەروەها دیواەکانی شای قودسی تازەکردەوە.[1]

سولّتان زۆر بوێرتر و سەختتر بوو له مەسیحییەكان له بواری لێبودنی ئایینی دا، کە مۆڵەتیدا کە مەسیحی و یەهودیەکان به ئازادی ڕێ و شوێنە ئایینیەکانی خۆیان پەیڕەو بکەن.[2] ئەمە لە کاتێکدا ئازادی ئایینی لە هەر یەك لەئسکۆتلەندا و بەریتانیا و ئەڵمانیای لۆسەری (كثكة) تاوان بوو لە ئیسپانیا و ئیتاڵیادا مەزهەبی پرۆستانتی تاوان بوو. لە ڕاستیدا سولّتان سلێمان وڵاتەکەی کردە پەناگەی ئەو جولەکانی کە لە ئیسپانیا لە دەست دادگاکانی (تفتیش) ڕایان کردبوو لە ئیسپانیا و پورتوگالەوە. ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی سولّتان کراون بەزۆری لە بواری خێزانی دابوون بەڵام لەبواری دەوڵەت داری کەس ڕەخنەی لێ نەگرتووە[3]. هەموو مێژوو نوسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە سولّتان سەرەڕای ئەو هەموو شەڕانەی پێیان هەستاوە و کەئەو بەشەڕی بەرگریان دەزانێت لە هەمان کاتدا پیاوێکی لە خواترس و بەبەزەی و سەخی و دادپەروەربوو. بۆیە گەلەکەی پێی سەرسام بوون و زۆریان خۆش ویستووە، کە دەرشۆیشت بۆ نوێژی هەینی خەڵك هەرکەس لەبەرخۆیەوە بێ دەنگ دەبوو ئەویش سڵاوی لێ دەکردن، هەروەها دەڵێن ئەو زۆر لەناوشوێنی تایبەتی خێزانیدا نەدەمایەوە کە بگاتە ڕادەی ئەوەی زیان بە جەستەی بگەیەنێت، بەڵام لەهەمان کاتدا هەست ناسك بووە بەرانبەر خێزانەکەی زۆر هەستی بە بەرپرسیاریەتی باوکایەتی کردوە. دوای هەموو ئەوانە چۆن حوکم بدەین بەسەر سولّتان سلیمانی یەکەمدا کە شایەنی ئەو بێت ؟ سەرچاوە تورکەکان زانیاریەکی بەکەڵك نادەن بەدەستەوە دەربارەی کەسێتی سولّتان، چونکە لەیەك ڕوانگەوە سەیری دەکەن ئەویش زیاد ڕەوی لە پێ دا هەڵگوتنی. سەرچاوە ئەوروپیەکانیش کە زیاتر ڕەخنە دەگرن نابنە مادەیەکی مێژووی و هەندێ جار ڕەخنەکان دەگەنە ڕادەی تاوانبارکردن، بەڵام ئێمە کەبەراوردی بکەین لەگەڵ هاوتاکانی خۆی لە ئەوروپادا. دەبینین لە هەمویان شارستانی ترو ڕۆشنبیرترە هەڵوێستی پاشای فەرەنسا فرانسوای یەکەم گەورە فەرمانڕەوای

---

[1] - سەیری شارستانی عوسمانی بکە لەسەدەمی سلێمانییەکەمدا: کلو: ل 395 – 430.

[2] - دیورانت : بەرگی 6 . ج6، ل 125.

[3]- دوای دەگەڕێینەوە سەرباسکردنی پەیوەندیە خێزانیەکان لە کاتی باسکردنی هۆیەکانی لاوازبونی دەوڵەتی عوسمانی.





ئەوروپا لیچرەدا هەڵوێستەیەکمان پێ دەکات، کەلەهەمو فەرمانڕەواکان پێشکەتوتربوو،دەڵێت : سولّتان سلیمان گەورەو هاوپەیمانی منە، هەمیشە لە ئەوروپا سەرکەوتن هاوڕێ سولّتان بووە لە ماوەی ژیانیدا کە ئیمپراتۆر مەکسی میلیانی دووەم دەستی کردوە بە جزیە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1568 دا. هەرچەندە سوپای شارلی پێنجەم توانی پێش بگرێت سولّتان سلیمان لە نزیك ڤیەنا، بەڵام لەهەمان کاتدا هیچ سوپایەکی مەسیحی نەیتوانیوە نزیك ئەستەمبوڵ بکەوێتەوە. تا ماوەیەکیش (رومە) هەر بە مەسیحێتی ماوەتەوە، چونکە ڕێگەی پێدرابوو فەرمانڕەوای سولّتان سلیمانییەکەم فەرمانڕەوایەکی پاك بوو. دووربوولەجیاوازی نانەوە. فەرمانڕەوایەکی تەواوبوو کەس بەربەرەکانی نەدەکرد. گەلەکەی خۆشیان دەویست، بەڵام لەڕاستیدا هەندێ هەڵەی هەبوون کەدەسەڵاتی ڕهای دابوو بەخۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین سولّتانی دەوڵەتی عوسمانی بوو. بەتواناترین فەرمان ڕەوای سەردەمی خۆی بوو. بە کۆچی دوای سولّتان سلێمان گەشاوەترین قۆناغەکان مێژووی عوسمانی کە هێزو دەسەڵاتی گەیشتە ئەوپەڕی کۆتایی هات.

# بەشی حەوتەم
# هەردوو سوڵتان :سەلیمی دووەم و موراديی سێیەم
## سەلیمی دووەم : 1566 - 1574 ز

### بارودۆخی سیاسی بەگشتی لەسەردەمی سەلیمی دووەمدا

سوڵتان سەلیمی دووەم جێی باوكی سوڵتان سلیمانییەكەمی گرتەوە، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو كە درێژە بە سیاسەتەرفراوانخوازیەكەی باوكی بدات تەنانەت نەیتوانی ئەو دەسكەوتانەش بپارێزێت كەبەدەستی هێنابوو. بەتایبەت لەو بارودۆخە ناهەموارە ناوخۆی و فشاری ڕوداوەكانی دەرەوە سەرباری ئەوە حاكمێكی خاوو بێ توانا بوو تەنیا ئیشێكی چاك كە كردی. كاروباری وڵاتی خستە دەستی وەزیرە بەتواناكەی (سوقللی مەحمود پاشا) كە پیاوێكی بە توانابوو لە بواری سەربازی و سیاسی و ئیداریدا لە ڕاستیدا ئەوبارودۆخەی كە تووشی دەوڵەتی عوسمانی هات دوای ئەو دوای ئەو هێزو توانایەی هەیبوو لە بواری سەربازی و ئابووری وكۆمەڵایەتیدا. دەرەنجامێكی ئاسایی بوو كە خۆی نەگرێت لەبەردەم هێزە ئەوروپیە تازە پێگەیشتوەكاندا، دوای ئەوانەش سوڵتان سەلیمی دووەم لەسەرەتای ژیانی سیاسیدا وەكو سوڵتان فەرمان ڕەوای تووشی بوو. كێشەی یاخی بوونی هێزی (ئینكشاری) بوو كە ئەویارمەتیە وەریان دەگرت پێیان كەم بوو. یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیاندن[1].

سوڵتان گەیشتە نزیك ئەدرنە كە بەرەو ئەستەمبوڵ دەڕۆیشت بۆ وەرگرتنی پۆستەكەی كە (ئینكشاییەكان) ڕێگەیان پێ گرت و نەیانهێشت بەرەو كۆشك بڕوات. تاكو وەعدی ئەوەیان پێ نەدات كە یارمەتیەكانیان زیاد بكات. بە بۆنەی دەسەڵات گرتنە دەستەوە[2].سوڵتان داواكاریەكانی جێبەجێ كرد و لە ئەستەمبوڵ نیشتە جێ بوو، كە سەرگەرمی خۆش ڕابواردنی خۆی بوو ئیش و كاری دەوڵەتی دایە دەستی (سەدری ئەعزەم) سوقللی. لەسەردەمی ئەم سوڵتانەدا هێرشەكانی عوسمانی بۆ سەر ئیمپراتۆری روحانی وەستا، كە ئیمپراتۆر مەكسی میلیانی دووەم ئاشتی كڕی بوو لە ساڵی 1568 م

[1] - محمد فرید بك : ل 253
[2] - سەرهنگ : ل 109





دا لە بەرانبەر جزیەكی ساڵانە كەبڕەكەی بریتی بوو سی هەزار دوكا كە بتوانی پارێزگاری وڵاتەكەی بكات. لەمەجەرو داننان بە لكانی هەردوو ولایەتی ئەفلاق و بەغدان و گوێ ڕایەڵی میر ترانسلڤانیا بۆ دەوڵەتی عوسمانی. هەرلەسەردەمی ئەو سوڵتانەدا ئاگربەست لەگەڵ سەفەویەكان و مەجەرو پۆڵەندا تازەكرایەوە[1].

### پەیوەندییەكانی عوسمانی – فەڕەنسا : ڕێككەوتن نامەی 1569

لەساڵی 1560 دا شارلی یەكەم جێی فراسوا ی دووەمی گرتەوە كەشارلی ئەو كاتە دژی هاوپەیمانیەتی بوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ئەوەش لەسەر قسەی پیاوانی ئایینی كە ئەو هاوپەیمانیەیان بە كوفرو بێ باوەڕی لە قەڵەم دەدا، بەڵام زۆر بوونی دوژمنەكان فەڕەنساو، ئامۆژگاریەكانی باڵوێزی فەڕەنسا لە ئەستەمبوڵ كەداوای دەكرد كەدەبێت پەیوەندییەكان لەگەڵ ئەستەمبوڵ بەهێزبكەین كە لە بەرژەوەندی بازرگانی ڕۆژهەڵاتدایە بۆیەڕازی بو جارێكی ترگەڕایەوە بۆ هاوپەیمانیەتەكە لەگەڵ سوڵتان[2].سەرەڕای ئەمەش بازرگانە فەرەنسیەكان لەئەسكەندەریە كەوتنە گومانەوە دوای ئەوەی چەند كێشەیان بۆدروست دەكرا و كەل وپەلەكەیان لێ دەسەندن لەلایەن بازرگانێكی یەهودی بەوە كە سوڵتان نزیك بو بە ئاوی (میكی)، كە ئەمەش پێچەوانەی بەندی نۆی پەیمانی ساڵی 1535 بوو كە ئەمە وای كرد خێرا نێردراو بنێرێت بۆ ئەستەمبوڵ (كلوددی بوغ) داوای لەسوڵتان كرد كەچارەسەرێك بۆ ئەو كێشە بدۆزێتەوە و ئیمتیازاتی فەرەنسا تازە بكاتەوە. لەساڵی 1569 دا نێراوی فەرەنسا توانی كە سوڵتانی عوسمانی ڕازی بكات توانی (سك)ێك وەربگرێت لە سوڵتان ز كەبریتی بوو لە هەژدە خاڵ كەزۆر لەبەندەكانی ڕێككەوتنی ساڵی 1535 دەچوو بەڵام دوشتی تێدا تێبینی دەكران : یەكەم. فەرەنسا بۆی هەیە كە ئاڵای خۆی ببەخشێتە كەشتیە ئەوروپیەكان دووەم : ماوەی پەیمانەكە پەیوەندی نیە بەژیان و مردنی ئەوانەی بەستویانە بەڵكو پەیوەندی بە دۆستایەتی فەرەنساو عوسمانییەكانەوە هەیە[3].

گرنگیرسن خاڵەكانی :–

[1] - محمد فرید بك : ل **253**– 254 Hammar : cit li . p .158
[2] - خوری و اسماعیل: بەرگی **1** ل **8** – **9** detease opeit t . 1 . pp . 33 - 41
[3] - الصباغ : بەرگی یەك، ل **147** .

- بەخشینی هاوەڵاتیە فەڕەنسیەکان لە ناودەوڵەتی عوسمانیدا لەدانی باجی کەسێتی.
- دەوڵەتی عوسمـانی ئەوکەشـتیانە بگێڕێتـەوە بـۆ فەڕەنـسا لەلایـەن ئـەو (ربابنـە) دا دەستیان بەسەرداگیراوە کەسەربەدەوڵەتی عوسمانی و سزابدرێن لەسەر ئەو کارەیان.
- کەشتیە عوسمانییەکان یارمەتی کەشتیە فەرەنـسیەکان بـدەن کـاتیٚ تووشـی کێشە دەبن لە دەریای سپی ناوەڕاستدا.
- فەڕەنـسا بـۆی هەیـە مـاف و ئیمتیـازاتی بەنادقیـەکان بپارێزێـت، هـەروەها لـەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندی هەردوولا، هەردوولا لەسەر کاندیـدکردنی (هنـری دی ڤـالوا) بـرای شارلی نۆهەم پاشای ڕێککەوتن بەدانانی لەسەر عەرش پۆلەندا، بۆئەوەی ببێتە پشتیوانی هـەردوولا دژی نەمـسا لەسـنووری ڕووسـیاوە. لەئـەنجامی ئـەوەدا پۆڵەنـدا خرایـە ژێـر دەسـتەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی. فەڕەنـسا کـرا بەرپرسـی بازرگـانی لـەددەریای سـپی ناوەڕاست و هەموو ئەو وڵاتانـەی لـەژێر دەسـتەڵاتی دەوڵـەتی عوسمانیـدان[1]. فەڕەنـسا ئەم بەیان نامەی بەهەل زانیی چـەند نێراوێکـی ئـایینی نـاردە هـەموو ئـەو ناوچـانەی کـە مەسـیحی تێـدا نیـشتەجێن بەتایبـەت وڵاتـی شـام، بۆئـەوەی هەسـتێت بـەفێر کردنـی منداڵەکانیان سەربەفەرەنسا بن[2].

بەخشینی ئەوئیمتیازاتانە بە دەوڵەتی فەرەنساو جێبـەجیٚ کردنیـان یـەکێك بـوو لـە هۆیەکانی بیٚ هێـزی دەوڵـەتی عوسمـانی. ئـەویش بـەهۆی رەفتـاررو ئیجرائـاتی نـاوخۆی کونسۆلگریەکان بەبیانوی لابردنی ستەم لەسەرمەسیحیەکان کـە فەڕەنـسا ئـەم هەڵەیـەی بەکاردەهێنا کەجێی خـۆی بکاتـەوە لـەناو دڵـی مەسـیحیەکاندا یـەکێکی ترلەدەرەنجامـە خراپەکانی ئەم کارانەی فەڕەنـسا هانـدانی نەتـەوەکانی تـر بـوو کـە نەتەوەیـەتی خۆیـان بسەلمێنن و پارێزگاری لیٚ بکەن ئامادەبن بۆرشۆڕێك کەدەوڵەتی عوسمانی بیٚ هێز دەبێت و لەوکاتەدا داوای جیا بوونەوە بکەن .

1 - محمد فرید : ل **254** – سرهنگ **111**

2 - هەمان سەرچاوە : ل **254 – 255**





**هێرشی ئستراخان :**

لـە سـاڵی 1569 دا دەوڵـەتی عوسمـانی هێرشـێکی کـردە سـەر شـاری ئـستراخان هەڵکەوتو لەسەرشوێنی هەڵڕژانی ڕووباری (ڤولفا) بۆدەریـای قـەزوین. بـەئامانجی دانـانی ڕادەیـەك بـۆ دەسـتەڵاتی ڕووسـیا کەدرێژنەبێتـەوە لـەلای خـواروو. لەترسـی ئـەوەی ئـەو فـراوان بوونـە نەبێتـە هـۆی ئـەوە کەدەسـتی بەسـەر ڕێگابازرگـانی و بـازاڕە گەورەکانـدا بگرێت ونەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگیربێت لە بازرگانی وڵاتانی ئیسلامی. ئەمەش لەکاتێکدایـە کەدەوڵەتی عوسمانی هـەوڵی دەدا بەبازنـەی گـەمارۆی پورتوغـال بـشکێت لەناوەڕاسـتی ئاسیا. بۆ ژیانەوەی ڕێگای بازرگانی کە ئاسیا بە شاری ئەسترخان و قرم دەبەستێتەوە. سەرەڕای ئەوەش هەوڵی دەدا فارسەکان لـە ئازربایجـان و قـەوقاز دەربکـات، کەئەمـەش دەبێتە هۆی زینـدو کردنـەوەی ڕێگـا کۆنـەکان کاروانـە یازرگانیـەکان کـە بـە ناوەڕاسـتی ئاسـیادا لەرشـوٚژهەڵاتەوەبەرەو ڕۆژئـاوا تـیٚ دەپـەڕین و کردنـەوەی ڕێگـای حاجیـان کەڕووسیادایخستبو بەڕووی حجاجـە موسـڵمانەکاندا[1]. نەخـشەکە تـوانی شـارەکە ئـازاد بکـات و بیکـات بەخـەتی بـەرگری لەناوچـەکەو لێـدانی قـەنات لـەنێوان ڕووبـاری ڤواڤـا و ڕووبـاری دونـدا بـەم جـۆرە دەریـای ڕەش و قـەزوین بەیەکـەوە دەبەسـترێتەوە، بـەڵام لەڕاستیدا هیرش لەپێناوی هەنـدیٚ هۆکـاری ئـابووری و سیاسـی و ئـایینی بـوو کـە قاسـم پاشا فەرماندەی ئەو هێرشەی کردبوو[2]، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو هێرشە ئەوە کە فەرمانڕەوای شاری خواوەزم سکاڵای بـردە لای سـوڵتان سـەلیمی دووەم کـە فارسـەکان هەڵدەسـتن بـە ڕێگـەگرتن لـەو حاجیانـەی لـە تورکـستانەوە دێـن بەسـنووری ئـەوان تـیٚ دەپەڕن ڕووسیاش دوای داگیرکردنی استراخان دەستی بەسـەر ڕێگـای حاجیانـدا گرتبـوو کێشەی بۆبازرگانە موسڵمانەکان دروست دەکرد. بۆیە پێویست بوو کە ئەوهێرشە ئەنجام بدرێت و شارەکە ڕزگاربکرێـت و ڕێگـای حاجیـەکان بگرێتـەوە، هـەروەها لەهـەمان کاتـدا سکاڵای لەوجۆرە لەلایەن فەرمانرشەوای نجاراوسمەرمەنـد ئاراسـتەی سـوڵتان کرابـوو[3]. هێرشـەکە لەبـەهاری سـاڵی 1569 دا دەسـتی پێکـرد و عوسمانییـەکان دەسـتیان کـرد بەجیٚ بەجیٚ کردنی بەیەك گەیاندنی ڕووباری ڤولفاو ڕووباری دون. توانیان لە هەڵکەنـدنی

1 - Lewis . Bernard : The emergence of Moderen turkey :p 24

2 - ابراهيم بك حليم : ل **98**، اوزوتونا : بەرگی **1** ل **367**

3 - مصطفى : ل 144

کەناڵەکە ماوەیەکی باش ببڕن، بەڵام دوای ئەوەوەستان وە نەیان توانی درێژە بەکارەکانیان بدەن. لەبەرئەوەی خانی شاری (قرم) ئامادەنەبوو یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدات. هەوڵیشی دەدا کەخۆی دەست بەسەر ئەستراخان و قازان دابگرێت وای هەست کردبوونی سەربازگەی عوسمانییەکان لەشاری ئەستراخان و بەدرێژای روباری ڤولفا دەستەڵاتی ئەو سنووردارادەکات (1)، هەروەها نەشتوانرا کە بەتەواوی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، چونکە رووسەکان لەخواروی شا قەلایەکیان بەتەواوی نەگیرابوو. لەسەر رێگای سەرەکی شار، کە وای کرد سوپای عوسمانی پێشر شەوی خۆی رابگرێت. هەندێ هۆکاری سروشتیش هەبوون کەکاریگەربوون وەکو ساردی وسەختی ئاو و هەوا کەسەربازە عوسمانییەکانی لە ناودەبرد. لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی کەباسکران فەرماندەی عوسمانی ناچار بوو کە پاشەکشە بەسوپاکەی بکات دوای ئەوزیانە گیانەی کەلێی کەوت(2).

1 - مصطفى : ل 145، ئۆزونا : بەرگی 1 ل 368

2 – ابراهیم بك حلیم : ل 98 .





## تێکچوونی وڵاتی یەمەن

خراپی بەرێوەبردنی وڵات هاووڵاتیانییەمەنی و سەربازەکانی بێئومێد کرد. ناڕازیانی دار و دەستەی دەوڵەت ئەو هەڵەیان بە هەموو شێوەیەك قۆزتەوە لە بەژەوەندی خۆیاندا بەکاریان هێنا و کاربەدەستانی عوسمانی ئەو تێکچوونەیان بە هۆی فراوانی رووبەری یەمەن دەزانی، بۆیە هەستان بە دابەشکردنییەمەن بۆ دوو ولایەت یەکێکیان یەمەنی باکوور پایتەختەکەی سەنعا بوو ئەوی دیشیان یەمەنی خواروو پایتەختەکەی زبیر بوو شاری تمزی ئێستا(1) ئەو دابەشکردنە ئەوەندەی ناکۆکیەکەی زیاتر کرد، ئەویش بەهۆی دابەشکردنییە کە سوپا و دەرامەتی دەوڵەت و موڵکەکانی دەوڵەت و ڕازی نەبوونی گوندە سنوویەکان لەوەی کە بخرێنە سەر کام بەش. ئەو ناکۆکیە بوو بە هۆی دووبەرەکیەکی دوور و درێژ کە دەستەڵات نەیتوانی هیچ هەنگاوێك هەڵ بنێت. توانای خۆی لەدەست دا لە بەرانبەر هێزی ناڕازیاندا(2)زیری یەکان ئەو ئاڵۆزیەیان بەهەل زانی دەستیان کردووە بەشەڕ بە فەماندەیی (ئیمام موتەهەر یەحیا شەرەفەددین) دەسیتان گرت بەسەر شای (سەنعا)دا(3). ئەو ئیمامە ڕای گەیاند کە یەمەن لە ژێر دسەتەتی عوسمانیدا نەماوە ئەویش لە 15 ی ئابی ساڵی 1567ز دا، هەروەها یەکێك لە فەماندەکان دەستی گرت بەسەر شاری تمزدا. عەدەن و مخای داگیر کرد(4)هێرشی بۆ سەر زبیر دەستی پێکرد، بەڵام والی عوسمانی حەسەن پاشا توانی پارێزگاری لە زبیر و ناوچە کەناریەکان بکات دوایش دەستی کردووە بە یەکگرتنەوەی هەردوو ناوچەکە.

خەڵکی ناوچەکەش پێوەندیان کرد بە والی عوسمانی ئامادەی خۆیان نیشاندا بۆ دژایەتی کردنی (ئیمام موتەهەر)(5) زیریەکان. دوای ئەوە عوسمانییەکان وردە وردە دەستیان کردووە بە بەهێزکدنەوەی خۆیان. لە نیسانی 1568دا سوڵتان سەلیمی دووەم

1 – عمر : هەمان سەرچاوە : ل 104. رافق، سەرچاوەی پێشوو، ل 102. اوزتونا : بەرگی1، ل 362.

2 - بطریق : سەرچاوەی پێشوو، ل 29.

3 - رافق : سەرچاوەی پێشوو، ل 94.

4 - رافق : ل 94 . اوزتونا : بەرگی 1، ل 362.

5 -ایڤانوف : ل 144.

عوسمان پاشا بەگلەربەگی کدە والی یەمەنییەکگرتوو، کە ئەو والییە توانی شاری مخا و تمس بگرێتەوە و دەستەڵاتی عوسمانی تێدا بسەپێنێت.[1] بەڵام بەربەرەکانی توندی زبیریەکان وای کرد کە والی یەمەن داوای یارمەتی بکات لە قاهیە بە سەۆکایەتی سنان پاشا کە توانی شاری سەنعا بگرێتەوە و دوای ئەویش عەدنیشی گرتەوە،[2] بەڵام شەڕ هە نەوەستا، عوسمانییەکان ناچا بوون کە شەڕی درێژخایەن بکەن کە هێزەکانیان بەو شەڕە ماندوو بوون، دوای ئەوە ماندوویەتی لە هەردوو لا دەرکەوت و داوای ئاشتیان کرد.[3] لە کۆتایی ساڵی 1567ز دا پەیمانی شاشتی لەنێوان هەدوولا عوسمانی زبیری گرێ درا. دوایش چەند لایەنێکی دی هاتنە ناو بەپێی ئەو پەیمانە سەرۆکی زبیریەکان دانی نا بە دەستەڵاتی عوسمانیدا و لە بەرانبەریشدا عوسمانییەکان ئیمامیان بە گەورەی مەزهەبی زبیریەکان قبوڵ کرد[4].

## ڕزگا کردنی دوورگەی قوبرس 1570ز

مەمالیکیەکانی بووندقیە تا ئێستاش لە دەیای ئیجە پەرش و بڵاوبوون هەمیشە کێشەیان بۆ کەشتی یەکانی عوسمانی دروست دەکرد وهێرشیان دەکردە سە کەشتی یە بازرگانیەکان کە دەبوو بەهۆی پچڕانی ڕێگای نێوان ئەنادۆڵ – میسر دەوڵەتی عوسمانی دەی ویست کە چارەیەك بدۆزێتەوە و ئەو هێشانە کە لە دوورگەی قبسەوە سەرچاوەیان دەگرت بەشێوەیەکی تایبەتی کە قوبرسیش سەر بە بووندقیە بوو. سەباری ئەوەش دەستگرتن بەسەر قوبرسدا گنگیەکی تایبەتی هەبوو بۆ کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی دەرای سپی ناوەڕاستدا، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی دەست گرتنی بەسەر قوبرسدا بە پێویست زانی، چونکە هەر نەخشەیەك دابنێت بۆ دژایەتی کردنی پورتوگال لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وهیندا پێویستی بە دووگەی قوبرس دەبێت، هەروەها جولەکەکانیش دەورێکی باشیان هەبوو لەو داگیر کردنەدا، چونکە جولەکە هەڵاتووەکان لە زوڵم و چەوساندنەوەی ئەوروپا، ینازیان وابوو کە ئەو دووگەیە بێتە نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆیان. بۆیە هەستان

[1] - البطریق : 307 . بەرگی 1، ل362.
[2] - عمر : ل 104 – 105.
[3] - ایڤانوف : ل 147.
[4] - البطریق : ل 31 – 34.





بەیامەتی دانی (سەدری ئەعزەم) سوقللی بەتایبەت یارمەتی دارایی، هەروەها ئالدون جوزیف سەۆکی جولەکەکان هەستا بە شیرین کدنی قوبرس لەلای سوڵتان سەلیمی دووەم، کە دوورگەیەکی کشتوکاڵی بەنرخە بەتایبەت بۆ چاندنی مێوی ترێ کە بەکاردەهێنرێ بۆ دروستکردنی جۆرەکانی خواردنەوە.[1]

سوڵتان سەلیمی دووەم هەستا بە ڕێکخستنی سوپایەك لە ئوستولی دەیای لە ساڵی 1570ز کە سەد هەزار سەربازی لەخۆ گرتبوو لە ژێر فەرماندەیی بیالی پاشا. بەسەرۆکایەتی لالا مستەفا پاشا بۆ ڕزگارکردنی دوورگە کە عەلی پاشا چاودێری هێزی دەریایش بەشداری هێرشەکە بوو[2] لە ئەنجامی پێشڕەوی ئوستوڵی عوسمانی. بووندقیە هاواری بردە وڵاتانی مەسیحی بۆ یارمەتی دانی، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە تەنیا پاپا و پاشای ئیسپانیا نەبێت، پاپا بیوسی پێنجەم گورزی ئستوڵی عوسمانی لەبیر نەچوو بوو کاتێك هێرشیان کردە أنکونا لە ساڵی 1566 دا کە یەکێك بوو لە مەتەرێزە سەبازی یەکانی پاپا لە سەر دەریای ئەدریاتیکی. بەم فلیبی دووەم پاشای ئیسپانیا دەیزانی کە موسڵمانەکانی ناو ئیسپانیا پەنایان بردۆتە بەر دەوڵەتی عوسمانی و ئەویش لە ساڵی 1561 دا بەڵێنی ڕزگاکردنی موسڵمانەکانی داوە و بە گەرمی پێشوازی لە نێردراوی موسڵمانەکان کردووە. بۆیە لە دەوڵەتی عوسمانمی دەترسا هەڵوێستی دبلۆماسی سوڵتان هاوتەریب بوو لەگەڵ هێرشەکەدا. ئیمپڕاتۆر مەکسی میلیانی دووەم بۆی نەبوو بەشداری شەڕ بکات دژی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە تازە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەنکان مۆرکردبوو. لە بەژەوەندی ئەودا نەبوو کە ئەو کارە بکات و پەیمان هەڵبوەشێنێتەوە. فەڕەنسا ناڕازی بوو لە هەر بەرنامەیەك کە لە بەرژەوەندی ئیسپانیا دا بێت یان بەهێزی بکات بۆیە فەڕەنسا پێوەندییەکی توند و تۆڵی هەبوو لەگەڵ عوسمانییەکان بەدژایەتی کردنی ئیسپانیا. بەریتانیاش ترسا لەوەی هاوبەشی ئیسپانیا بکات، چونکە ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بێنێت دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی کاسۆلی یەکان بووندوقیەش هەر خۆی دوو دڵ بوو لە یارمەتی ئیسپانیا، چونکە دەترسا ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەوا هێزەکانی دەگەیەنێتە دەریای ئەدیاتیکی و دەستەڵاتی

[1] - مصطفی : ل 146.
[2] - سەیری ڕووداوەکانی ڕزگاکردنی قبرس بکە لە التاریخ بجوی دا، بەگی 1، ل 486 – 490.

بووندوقیە لەو دەریایەدا کەم دەبێتەوە. هەرچەندە زۆر پێویستی بە یارمەتی دەرەوە هەبوو. لەگەرمەی ئەو بارودۆخەدا بەرەو قوبرس بەڕێ کەوت و سەربازەکانی لە بەندەری لانکا دابەزاند دوایی هێزەکان بەرەو نیقوسیا پێشڕەویان کرد لە 19 ی ئەیلولی ساڵی 1570 دا سەربازەکان گەیشتنە ناو شار. دوای گرتنی پایتەخت.

شارەکانی تیش یەك لە دوای یەك گیران. دوورگە بۆ ساڵی دوایی بە تەواوی کەوتە دەست عوسمانییەکان.[1]

## شەڕی لیبانت و دەرەنجامەکانی 1571

لە کاتێکدا سوپای عوسمانی هێرشی دەکردە سەر دوورگەی قبس. وڵاتانی ئەوروپی خەریکی گفتوگۆ و دانیشتن بوون لە نێوان پاپا بیوسی پێنجەم و فلیبی دووەم پاشای ئیسپانیا و سەرۆك کۆماری بووندقیە کە مەبەستیان پێکهێنانی بەرەیەکی پیرۆز بوو دژی پێشکەوتنی سوپای عوسمانی بەرەو ئەوروپا، بەڵام فەڕەنسا لە دەرەوەی ئەو بەرەیە دا مایەوە، چونکە هاوپەیمان بوو لەگەڵ (بابی عالی)دا ئیمپڕاتۆر مەکسی میلیان خۆی لەو بەرەیە پاراست،چونکە لە دەوڵەتی عوسمانی دەترسا[2].

لە بارودۆخی سیاسی ئەووپا وا دەردەکەوت کە پێویستی بە بەرەیەکی وا هەیە. بەتایبەت کە سوپای عوسمانی بەو زوانە دووگەی قوبرسی ڕزگا کردبوو کەشتی یە عوسمانییەکان چوونە نێو دوورگەی کریت و زانتە، هەروەها هەردوو شاری دەلستین و ئەنتیباری هەڵکەوتوو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی ڕزگارکران. ئەو بەرەی هێزەکانی کۆکردەوە و بەرەو ئیتاڵیا کەوتە ڕێ تاکو پێشڕەوی عوسمانییەکان بوەستێنێت ئەمە لەلایەك گرتنەوەی ئەو ناوچانەی باکووری ئەفریقیا لە دەستی عوسمانییەکان لەلایەکی دیشەوە. هەریەك لە فلۆرنسا و بارماو لوکا و فانا و ئوربینو و جنوە بەکەشتی و بە نەفەرەوە بەشداریان کرد، کە ناپولی دون جوان نەمساوی سەرۆکایەتی سوپای گتە دەست ئەو ئستوڵە زەبەلاحە کە پێکهاتبوو لە دوو سەد و سی کەشتی کە سی هەزار سەربازیان هەڵگرتبوو لە بەندەری مسیناوە بەرەو دووگەی کورفو بە تەیبی خوارووی

[1] - Grousset. R. LE mpire du Liant. P. 359

[2] - mmer: op. cit . II. P. 187.





ئیتاڵیا کەوتنە ڕێ و لە تەنگەی ئاوی ئوترنتو[1] پەڕینەوە. لەهەمان کاتدا هەواڵی ئەو هەموو زیانانەی لە مەسیحییەکان کەوتبوو لە ڕزگار کردنی قوبرسدا. لێرەوە مەسیحی یەکان هاواری سەرکەوتنیان لێدا. دون جوان فەمانی دا کە بەرەو شەڕ بەڕێ کەون سوپای مەسیحی یەکان لە دەریادا لە سوپای عوسمانی دەگەڕان تا هێرشی بکەن سەر. لە حەوتی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1571 ئستوڵی مەسیحی لە ڕێگای کەنداوی بتراساوە بەرەو کەنداوی کۆرنشۆ کەوتە ڕێ خۆی گەیاندە نزیك بەندەری لیبانت کە بەندەرێکی عوسمانی بوو لە یۆنان لەسەر کەنداوی بتراس – کۆرنشو لەو بەندەرەدا سوپای عوسمانی پێکهاتبوو لە دوو سەد و چل و پێنج کەشتی شەڕ و هەشتاو حەوت کەشتی گواستنەوە لە دووری بەندەرەکە لەنگەریان گرتبوو بە فەرماندەیی عەلی پاشا و پەرتویاش بایدەدەری بوو.[2] بەڵام ئەو ئیستۆڵەی عوسمانی کەموکوڕی هەبوو بەهۆی پەرش و بڵاوی کەشتی وانەکان و بەهۆی ساردی زستانەوە زۆر لەئینکشاریەکان لەوێ نەبوون، چونکە هەرگیز گومانیان نەدەکرد کە دوژمنان بەوزستان و سەرمایە هێرشیان بکاتەسەر. پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات فەرماندەعوسمانییەکان کۆبوونەوەیەکیان کرد. بۆداڕشتنی نەخشەیەك تاکو سەرکەوتن مسۆگەربکەن دوای گفتوگۆیەکی زۆر زۆربەی فەرماندەکان بۆچوونیان وابووکە لەناوکەنداوەکەدا شەڕ دەست پێبکەن تۆپخانەش لە کەنارەوە پشتیوانیان لێ دەکات،چونکە لەوکاتەدا هێزیان کەم بوو، بەڵام عەلی پاشا دژی ئەو پەیمانە وەستاودەی گوت دەبێ شەڕ لەدەرەوەی کەنداو دەست پێ بکرێت [3] و لەوێوە هێرش بکرێتە سەرسوپای مەسیحیەکان، کە ئەو نەخشە زۆرهەڵە بو عوسمانییەکان نرخەکەیان دانا. هەردوو ئیستۆڵ هێرشیان کردە سەریەکتری و شەڕێکی دەریای بەهێز دەستی پێکرد، کەبەیەکێك لەشەڕە دەریایە بەناوبانگەکان دەژمێررێت شەرشەکە سێ سەعات بەردەوام بوولە ئەنجامدا سوپای سەلیبی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دەرەنجامی شەڕەکە زیانی زۆری بەدواوە بوو. سوپایسەلیبی دەستی گرت بەسەر سەدوسی کەشتی عوسمانیداو نەوەو سێ کەشتی تری ژێر ئاوخست، سێ سەد تۆپی

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 114.

[2] - تاریخ بجوی : جلد 1، ل 495 – 496.

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 495.

دەست کەوت. زیانی گیانی عوسمانییەکان بیست هەزار کوژراو بوو کە عەلی پاشاو کوڕەکەی لەکوژراوەکان بوون، هێزەکانی مەسیحی سی و دوو هەزار دیلی خۆیان کە پێشتر گیرابوون ئازاد کرد، کە لە بەندەرەکان ئیشیان بۆ سوپای عوسمانی دەکرد.سەلیبیەکان تەنیا هەشت هەزار کوژراو بیست هەزاربریندداریان هەبوو[1]، گومانی تێدا نییە کە شەڕی دەریای لیبانت کە لە هەموولایەك دەنگی دایەوە لەدڵی مەسیحیەکاندا شوێنی خۆی گرت، بۆی هەبوو بەگەورەترین سەرکەوتنی عوسمانییەکان دابنرێت ، هەروەها شەڕێکی یەکلای کەرەوە بوو کەئەگەر لایەنی مەسیحی سەرکەوتوو ئەوهەموو زیانەی لێ نەکەوتبا لەهەمانکاتیشدا بایەکی توندهەڵی کرد،کەپاشماوەی سوپای عوسمانی توانی خۆی ڕزگاربکات. دوای ئەوەش لایەنی سەرکەوت و لەسەر بەشکردنی دەسکەوتەکان کێشەیەکی گەورە کەوتە نێوانیان. لەڕاستیدا ئەم شەڕە زیانێکی گەورەی لەدەوڵەتی عوسمانیدا. زیانی مادی کەم بوو لەچاو زیانی گیانی، کەزیانێکی معنویشی دروست کرد. دەتوانین بەسەرەتای بەرەو دواگەڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانیدابنێین، کە جاران دەوڵەتی عوسمانی وا ناوبانگی دەرکرد بوو کە تێکشکان قبول ناکات. بەوشەڕە ئەو ناوبانگە ڕۆیشت.ئەوسەرکەوتنەی بەرەی سەلیبیەکان نەی توانی کەهێزی دەریای عوسمانی لەناو دەریادا وەدەربنێت، هەروەها سەرکەوتنەکەیان نەلەدەریاونەلەوشکانی بەرهەمێکی وای نەبوو، کەبتوانێ سوپای عوسمانی چاوترسیچن بکات لەناودەریادا، چونکە سوپای عوسمانی ورەی خۆیان لەدەست نەدابوو دەستیان کردەوە بە بەهێزکردنەوەی سوپای دەریای. شەڕی لیبانت هۆکارێك بوو کە بەخۆدابێنەوە جارێکی تر وەکو هێزێکی دەریای خۆیان نیشان بدەنەوە، کەعوسمانییەکان توانیان لەماوەی هەشت مانگدا ئیستولێکی گەورەتر لەوەی لەشەڕی لیبانت لە دەستیاندا دروست بکەنەوە. بیخەنە ناودەریاو بەدوای ئستولی دوژمندا بگەڕێت بۆئەوەی هێرشی بکاتەسەر کە هیچ هێزێك نەی توانی بەرانبەری خۆی دەربخات[2]

دەوڵەتانی ناو بەرەی سەلیبی بووندقیەیان هاندەدا کە شەڕ دژی عوسمانییەکان دەست پێ بکاتەوە، بەڵام کەس ئامادە نەبوو یارمەتی بدات. لەهەمان کاتدا ئستوڵی

---

[1] - هەمان سەرچاوە . جلد 1، ل 496 – 499، محمد فرید بك : ل 257

[2] - محمد فرید بك : ل 258 ابراهیم بك حلیم،ل 100 – 101 .





عوسمانی هێرشی کردە سەر کەنارەکانی ئیتاڵیا کەزۆر لە سەنگەرە دەریاییەکانی تێك شکاند کە لەژێر دەستەڵاتی بووندقیەکاندا بوون لەئەنجامی ئەو فشارە سەربازی یەو مردنی بەرەکەو کۆچی پاپا بیوسی پێنجەم بووندەقیە ئامادەی خۆی بۆ ئاشتی پیشاندا، کەئاشتی لە حەوتی ئازاری ساڵی 1573 لەنێوان هەردوولا بەرقەرار بوو کەبەپێی ئەو بەرنامەی ئاشتییە بووندقیە وازی لەدوورگەی قوبرس هێنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها عوسمانییەکان قەرەبوو لە بری ئەو زیانەی لەو شەڕەدا لێیان کەوتووە کە بریتییە لە سێ سەد هەزار دوکا[1]، بەم شێوەیە عوسمانییەکان جارێکی تر بوونە شێری ناو دەریا. عوسمانییەکان لەشەڕەکەدا زیانیان لێ کەوت بەڵام شەڕەکەیان بردەوە[2]

لەساڵی داهاتوودا دون جوان هەوڵیدا جارێکی تر سەروەری خۆیان زیندو بکاتەوە. ئەویش بەدەست گرتنی بەسەر تونسدا لەبەرژەوەندی ئیسپانیا، کەبۆچوون ی وابوو تەنیا خۆی بەو کارە هەڵستێت و بەرە پیرۆزەکە ئاگادار نەکاتەوە، کەتوانی جارێکی تر (حەسەن حەفسی) بگەڕێتەوە تونس کە پێشتر لەکاتی ڕزگارکردنی ئەو وڵاتەدا پەنای بۆهێنا بوو، بەڵام عوسمانییەکان دوای هەشت مانگ توانیان تونس ڕزگار بکەنەوە ئیسپانیەکان دەربکەن. دەستیان گرت بەسەر ناوچەی (حەلق)دا لە حوزەیرانی 1574دا توانیان ئەو جوڵانەوەیە سەرکوت بکەن کەلە بەغدان سەری هەڵداو داوای جیابوونەوەیان کرد. لە دوازدەی کانونی هەمان ساڵدا سوڵتان سەلیمی دووەم کۆچی دوای کرد لەتەمەنی پەنجاو دووساڵیدا [3].

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ل **258** ئۆزوتونا : جلد **1**، ل **376** .

[2] - دیل : ل 157 NOTEL 361 P . II . t . opcit . detefta 192 – 141 . Pp .II . t :hamme

[3] - تاریخ بجوی :جلد،**1** ل **503** – **504** .

## مورادی سێیەم 1574 – 1595

### پەیوەندییەکانی عوسمانی ـ فەڕەنسی لە سەردەمی مورادی سێیەم دا

سوڵتان مورادی سێیەم جێگای باوکی سەلیمی دووەمی گرتەوە. لەسەرەتای سەردەمی ئەو سیاسەتی (سەدری ئەعزەم) محەمەد پاشا سوقللی سیاسەتێکی ئاشتی خوازانە بوو. کاروبارە ئەوروپییەکانی تازەدەکردەوە و گرنگی پێ دەدان وەکو تازەکردنەوەی پەیمانەکان و دامەزراندنی هاوپەیمانی تازە.

لەساڵی 1575 دا هێنری ڤالوا پاشای پولەندا ئەو وڵاتەی بە جێهێشت و بۆفەرەنسا گەڕایەوە، کە لەوێ پاشایەتی پێ سپێررا لە ژێر ناوی هنری سێیەم. پاشایەتی پولەندا خاڵی بوو، کەدەوڵەتی عوسمانی خۆی لەوکارەگەیاند و میری ترانسلڤانیا. ئەتیەن باتۆری کە هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو هەڵبژاردو کردنی بە پاشای پولەندا. داوای پاشای فەرەنسای ڕەت کردەوە کەدەبێت پاشای هەردوو وڵات بێت کە ئەمە ساردی خستە نێوان پەیوەندییەکانی هەردوولا و هاوپەیمانی نێوانیان خاو بۆوە [3].

بەریتانیا ئەمەی بەهەڵزانی لە ساڵی 1579 دا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ساز کرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بەریتانیا بۆی هەیە کە ئاڵای خۆی لەناو بەندەرەکانی عوسمانیدا هەڵبکات. لەپێش ئەوەدا دەبوایە بەهۆی ئاڵای فەرەنساوە داخلبووبان،[4] هەروەها هەندێ ئیمتیازاتی بازرگانی لە ڕۆژهەڵات دەست کەوت کە پێشتر ئەو ئیمتیازانە هی فەرەنسا بوون، کە ئەم کارە هینری سێیەم پاشای فەرەنسای تووڕە کرد. هەر زووش هەست کرا کە ئەوە سیاسەتێکی هەڵە بوو. لەڕۆژهەڵات داو لە چالاکی بەریتانیا دەترسا. بۆیە پاشای فەرەنسا پیاوێکی جێی متمانەی خۆی نارد بۆ ئەستەمبوڵ و داواکاری ئەوە کە پەیمانەکان تازەبکرێتەوە لەنێوان هەردوولادا. لە پانزەی تەمموزی 1581 دا سوڵتان نامەیەکی بۆ پاشای





فەرەنسا نوسی لەونامەیەدا سوڵتان ئیمتیازاتی فەرەنسای دوپات کردەوە، کە سێخاڵ لە خۆدەگرێت کە فەرەنسا [1] لە وڵاتانی تری ئەوروپی جیادەکردەوە:–

– هەموو بێ گانەکان بێ جگە لە بووندقیەکان دەبێ ئاڵای فەرەنسا هەڵبکەن بەبەریتانیاشەوە. ئەگەربەریتانیا بییەوێت پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دامەزرێنێت دەبێ لەڕێگای فەڕەنساوە بێت.

– باڵوێزە فەڕەنسیەکان بۆیان هەیە لەپێش باڵوێزی پاشاو میرە مەسیحیەکان دابنیشن.

– هەموفەرەنسیەکان لەباجی کەسێتی دەبەخشرێن. هەتا ئەگەر خێزانداریش بێت[2].

پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ بووندقیە زۆر باش بوو کە ئەو کۆمارە هەرزوو پیرۆزبای خۆی نارد بەبۆنەی تاج لەسەرنانی سوڵتان مورادی سێیەمەوە. عوسمانییەکانیش نێرراوی نارد کەبوون بەسوڵتانی سوڵتان مورادی پێ ڕابگەیەنێت پەیمانەکان تازە بکەنەوە[3]. دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ نەمسا بەست بۆماوەی دەساڵ لەکانونی دووەمی ساڵی 1577،هەروەها لەگەڵ ئیسپانیاش پەیمانی ئاشتی بەست[4].

### پەیوەندییەکانی عوسمانی – سەفەوی

لەڕاستیدا گەورەترین ڕوداو لەسەردەمی سوڵتان مورادی سێیەم دا فراوان بوونی وڵات بو لەڕۆژهەڵاتدا. لەسەر حسابی دەوڵەتی سەفەوی. بارودۆخی ئێران ئاڵۆز بوو کە (سەدری ئەعزەم) محەمەد پاشا سوقللی بیری کردەوە کە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی بی قۆزێتەوە. لە مانگی تەممووزی ساڵی 1576 دا شا تەهماسب کۆچی دوای کرد بێ ئەوەی یەکێك بۆ دوای خۆی دیاری بکات. بۆیە دوای ئەو کوڕەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر عەرشی باوکیان ناخۆشی کەوتەنێوانیان. ئێران تووشی پەشێوی و

---

1- Detesta : op .cit . I . pp 137 – 140

2 - الصباغ : جلد 1 ،ل 149 .

3 - Hammer II . p . 205

4 - محمد فريد بك : ل 261 . الترٍ : ل 270 . ابراهيم بك حليم : ل 103 .

كێشەی بنەماڵەی بوو[1]. (سەدری ئەعزەم) ئامادەكاری كرد بۆ ڕێكخستنی هێرشێكی گەورە بۆسەر سەفەویەكان ئەوە بوو توانی زۆرێك لەوڵاتی سەفەویەكان داگیر بكات، سولْتان مستەفا پاشای كردە فەرماندەیی ئەو هێزە بۆ سەر ئێران [2] سوپای عوسمانی پێشڕەوی كرد تاگەیشتە ناوچە سنوورییەكان لەوێ لەگەڵ سوپای سەفەوی بەرەنگاری یەكتر بوونەوە لەنزیك قەڵای جلدیر كە سوپای عوسمانی سەركەوتنی بەدەست هێنا. لە پێشڕەوی بەردەوام بوو تا گەیشتە وڵاتی كەرەج ئەو هەرێمەشی ئازاد كرد خۆی گەیاندە تفلیس پایتەخت ئەوەش لەساڵی 1578 دا[3] دەوڵەت وڵاتی كەرەجی كردە چوار هەرێمی ئیداری ئەویش شیروان و تفلیس.

دوبەشەكەی تریش سێیەم و چوارەم بریتیە لە وڵاتی كەرەج بۆ هەر بەشێكیش فەرمانڕەوایەك دانرا. شاری قارس زۆر توند كرا، چونكە شوێنەكەی شوێنێكی ستراتیجی بوو[4]. سەفەوییەكان لەگەرمەی ناكۆكیەكانیاندا هەوڵیاندا كە پشت بەعوسمانییەكان بگرن. بۆیە چوار تیپ سەربازیان ناردە سەر شیروان بەفەرماندەی همزە میرزا كەوالی ئەوشارە ناچار بوو چۆڵی بكات پەنا بۆشاری دەربەندبەرێت. دوای ئەوەهێزەكانی سەفەوی هێرشیان كردە سەر شاری تفلیس بەڵام بەهۆی بەرەنگاری توند سەربازە عوسمانییەكان نەیان توانی شارەكە كۆنترۆڵ بكەن[5].

دەوڵەت لەوكاتەدا تووشی ڕوداوێكی سیاسی توند بوو دەستەلاّتی (سەدری ئەعزەم) محەمەد پاشا سوقللی كەم بۆوە و دوای ئەوەش كوژرا. ئەو (سەدری ئەعزەم)ە توانی پارێزگاری لە دەستەڵاتی دەوڵەت بكات. سیاسەتی وڵاتی بەسەركەوتوی بەڕێوە برد لە نێوان ئەوگێژەلوكە سیاسیانەی كە تووشی بوون[6]. دوای كوژرانی سوقللی بەهۆی بێ هێزی جێ نشینەكانی ئاڵۆزی كەوتە وڵاتەوە و هێزی (ئینكشاری) یاخی بوو. والی لەسەر پۆستی (سەدری ئەعزەم)ی بەربەرەكانیی

---

[1] - بروكلمان : التاريخ الشعوب الاسلامية : ل 500 .

[2] - محمد فريد بگ : ل 261، أوزوتونا : جلد 1،ل 398 .

[3] - بروكلمان : ل 509 ئوزوتونا : هەمان سەرچاوە،ل 400.

[4] - محمد فريد بك : ل 262 .

[5] - ابراهيم حليم بك : ل 104 أوزتونا : جلد 1 ،ل 404.

[6] - سرهنگ : ل 126 .





یەكتریان دەكرد، بۆ ئەوەی عوسمان پاشا بوێرێ خۆی لەنێوان منافیسەكانی نیشان بدات فەرماندەی سوپایەكی كرد كە لە دووسەدو شەست هەزار سەرباز پێكهاتبوو بەرەو ئازەربایجان كەوتەڕێ و داگیری كرد. دوای ئەوەش ڕووی لە شاری تەورێزنا. دوای سەركەوتنی بەسەر همزە میرزا بەدەست هێنا و شارەكەی گرت. هێزێكی سەربازی گەورەی لە شارەكەدا بەجێهێشت و گەڕایەوە ناو وڵات[1]، بەڵام شەڕ لەنێوان عوسمانی و سەفەوی بۆماوەی شەش ساڵ هەربەردەوام بوو، كە لەو نێوەدا عوسمان پاشا وەفاتی كرد و شەڕ بەپەیمانی ئاشتی لە ساڵی 1590 دا كۆتای پێهات بە پێی ئەو پەیمانە سەفەویەكان وازیان هێنا لە هەرێمی كەرەج و شیروان و لورستان و بەشێك لە ئازەربایجان و شاری تەورێز بۆ عوسمانییەكان لە دەقی پەیمانەكەدا هاتووە كەسەفەوییەكان هەڵنەستن بە سوكایەتی كردنی مەزهەبی و عەقیدەی لەبارمتەی ئەوەشدا دەبێت حیدەر میرزا برای شا لە ئەسەمبوڵ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی شا نەتوانێت پەیمانی بشكێنێت[2].

## شۆڕشی ئینكشارییەكان

سەربازە ئینكشارییەكان هەر بەشەڕ ڕاهاتبوون بەهۆی ئەوەی لە شەڕدا دەست كەوتێكی زۆریان دەست دەكەوت. ئەگەر لەحاڵەتی شەڕدانەبانایە هەمیشە هەڵدەستان بە شۆڕش كردن ئەویش بەهۆی كەمی موچەكانیان كەوەریان دەگرت بۆیە هەمیشە لە شۆڕشدا بوون یان لە شەڕدا. لەسەردەمی سولْتان مورادی سێیەمدا ئاشتی باڵی بەسەر وڵاتدا كێشابوو لە هەردوو سنووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، كە ئینكشاریەكان شۆرشیان هەڵگیرساند لە ئەستەمبوڵ و ولایەتەكانی تر بەهۆی خراپی و كەمی موچەكانیان هەستان بەكوشتنی دەفتەردار محەمەد پاشا فەرمان ڕەوای روملی دوای تاوانباریان كرد بەوەی كە ئەو پارەی خراپی پێ داون. لەولایەتەكانی تریش هەستان بەكوشتنی والی بودین لەقاهیرەو تەورێزیش لە ساڵی 1593ز دا شۆڕشیان بەرپاكرد.

---

[1] - محمد فريد بك : ل 264 .

[2] - سەیری ئەو بابەتە بكە كەپەیوەندی بەو كاتیەوە هەیە كەلەڕۆژی 1590/3/21 لەئەستەمبولْ، هەروەها گفتوگۆكان لەوبارەیەوە أوزوتونا : جلد 1، ل 419 – 522 .

## سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان

سەرهەڵدانی بزوتنەوەجیاخوازەکان ئەوەندەی تر بارو دۆخەکەی خراپ تر کرد. لە ئەفلاق و بەغدان و ترانسلڤانیا بە یارمەتی وهاندانی رودلف دووەم پاشای نەمسا و ئیمپراتۆری ئەڵمانیا ئەو بزوتنەوانەسەریان هەڵدا. هەر لەم نێوەندەدا هێزێکی نەمساوی توانی بەسەر هێزێکی عوسمانی بەسەرکردایەتی حەسەن پاشا سەر بکەوێت لە کرواتیا کە حەسەن پاشا لەوشەڕە دا کوژرا[1]، بەڵام (سەدری ئەعزەم) سنان پاشا توانی بەری ئەو هێرشانە بگرێت هێرش بکاتە سەر نجارست پایتەختی ئەفلاق و بەزۆر چۆ ناوشارەکە، کەلە ساڵی 1595 دا لەبەرانبەر میخائیل میری ئەفلاق تووشی شکستێکی گەورە بوو. میخائیل توانی شاری ترجو ڤیتش بگرێت وە کوشتارێکی زۆر لە سەربازە عوسمانییەکان بکات[2]، کەوای لێهات عوسمانییەکان لە شکان و پاشەکشە دابوون لەپشتی ڕووباری دانوبەوە، کەمیخائیل بەدوایانەوە بوو لەنزیك شاری جورجیو باشوری بوخارست زەربەیەکی کاریگەری لە عوسمانییەکاندا و توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت و دوایش چەند شارێکی تر داگیر بکات کە گرنگتریان شاری نیقوبولیس بوو[3]. لە گەرمەی ئەورووداوانەدا دانان و لابردنی چەندین (سەدری ئەعزەم) بەرچاو کەوت لەناو دەوڵەتدا کە بوو بەهۆی پەشێوی کاروباری ناوخۆ. بەهۆی منافەسەی (سەدری ئەعزەم)ەکان لەسەر دەستەڵات. ئەمەلەکاتێکدا دەوڵەت پێویستی بەیەك پارچەی هەبوو بۆئەوەی ڕووبەڕووی کێشە دەرەکیەکان ببێتەوە. ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد خۆتێ گەیاندنی هاوسەری سوڵتان موراد بوو لە کاروباری دەوڵەت کەپێی دەگوترا(سەفیە) کە دەستی هەبوو لەدانان و لابردنی (سەدری ئەعزەم) ەکان. ئەمەش لەکاتێکدا کە سوڵتان خەریکی خۆش ڕابواردنی خۆی بوو کەمتر ئاگای لە کاروباری دەوڵەت بوو بۆیە هەر لە ئەنجامی زیادەڕۆیی لەو خۆش ڕابواردنەدا لەتەمەنی پەنجا ساڵی مرد[4].

[1] - مێژووی نصی : جلد 1، ل 85 – 86 .
[2] - التاريخ نحيما : جلد 1،ل 129 – 130 .
[3] - هەمان سەرچاوە : ل 135 – 138.
[4] - محمد فريد بك : ل 266 .





### قۆناغی لاوازی و لێکهەڵوەشان

## ماوەی بێ هێزی لەهەردوو سەدەی حەڤدەم و هەژدەهەمدا و بارودۆخی ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی

**بەشی هەشتەم :- بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی حەڤدە وهەژدەدا**

**بەشی نۆیەم :- پەیوەندییەکانی عوسمانی و سەفەوی، پەیوەندییەکانی عوسمانی و نەمساوی و مەجەر**

**بەشی دەیەم :- پەیوەندییەکانی عوسمانی و ڕووسی**

**بەشی یازدە :- پەیوەندی عوسمانی و فەڕەنسی، پەیوەندییەکانی عوسمانی و پۆڵەندی**

## تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانی و گەڕانەوەی بەرەو دواوە لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا

**سەرەتا :–** کورسی دەستەڵاتی عوسمانی و دائرە عوسمانییەکان تووشی گەندەڵیەکی سەرنج ڕاکێش هاتن لە ماوەی کۆچی دوای سولْتان سلێمان قانوونی و چونەسەردەستەڵاتی مستەفای چوارەم لەساڵی 1807دا. لەو ماوەیەدا هەژدە سولْتان دەستەڵاتیان گرتە دەست کە هیچیان لەو ڕادەیەدا نەبوون کە بتوانن کاروباری دەوڵەت بەڕێوەبەرن تەنیا دەبوایە بەهۆی وەزیرەکانیانەوە بێت جا ئەو وەزیرانە جاری وا هەبوو وەزیری دڵسۆز بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی هی واش هەبوو نمونەی گەندەڵی بوو.هەندێکیشیان کاری وایات دەکرد کەگیانیان بەبەر دەوڵەتدا دەکردەوە بۆچەند ساڵێك[1]. بەرانبەر لەگەڵ سەروەریەکانی سەدەی شانزدە لە سەدەی حەڤدە و هەژدە سەروەریەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەمبوون هەرچەند لەو ماوەیەدا هەندێك کەسایەتی هەڵکەوتن توانیان هەیبەتی دەوڵەتی عوسمانی بپاێزن. وەکو هەردوو سولْتان عوسمانی دووەم و مورادی چواەم و وەزیر محەمەد کوپولی و ئەحمەد پاشا و فاضل و مستەفا پاشا کە ئەوانە پۆستی (سەدری ئەعزەم) یان وەرگرت. ئەو نوشستیانەی لە کۆتای سەدەی شانزە و سەرەتای سەدەی حەڤدەدا تووشی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە مەجە و کەرەج و ئازربیجان و جونەوەی یاخیبوونەکان بوون بە تایبەت لە ئەنازۆڵ و وڵاتی ڕۆم. ئەمانە هەمووی بەڵگەی بێ هێزی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

شەڕی دەریای لیبانت وای کد کە ئەوروپا بە جۆرێکی دیکە سەیری دەوڵەتی عوسمانی بکات[2]لە ڕاسیتدا ڕۆڵی بێ هێزکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە دیاردەیەك ئەویش لەبەر چەند هۆیەك. هەندێکیان پێوەندیان بە (بەیت عوسمان) بنەماڵەی عوسمانییەکان و هەندێکیان پێوەندیان بە پێوەندی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبوو لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا. ڕووداوەکانی سەدەی شازدە سەلماندیان کە دەوڵەتی عوسمانی ناتوانێت بەردەوام بێت یان دەبێ هەمیشە لە شەڕ دابێت، لە هەمان کاتیشدا

[1] - نوار عبدالعزیز سلیمان : الشعوب الاسلامیة، ل 153 .

[2] - التاریخ الدولة العثمانیة، فصل الاول . فصل السابع : دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی حەڤدەدا بەرەو ئارامگیری یان بەەو هەڵدێر؟ بەپێنووسی روبیر مانتران،ل343.





دەبوایە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گەشەسەندنی ڕۆژئاوا و خۆشی ئامادە بکات کە بتوانێ لە ئاشتیدا بژیەت. بەم جێگرەکانی سولْتان سلێمانی قانوونی شیاوی ئەوە نەبوون کە لەگەڵ سەردەمی تازەدا ڕووبەڕوو ببنەوە لە ڕاستیدا عوسمانییەکان لەوەشدا بەهەڵە چووبوون کە هەرکەسێك موسڵمان نەبایە یان عوسمانی نەبایە بەکەمیان دەزانی کە ئەمەش بیرو ڕایەکی ئایینی تەقلیدی بوو هەرکەسێکی ئەووپیش بەکاف دادەنرا، ئەوەش کەمتەرخەمی دەوڵەتی دەگەیاند لە پێوەندی دروستکردن لەگەڵ ئەوروپا و خۆ گونجان لەگەڵ پێویستەکانی سەردەمی تازەدا[1]، لەسەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا تێبینی ئەوە دەکا کە سولْتانەکانی عوسمانی گرنگیان بە کاروبای دەوڵەت نەدەدا. هەرچەندە محەمەدی سێیەم و عوسمانی دووەم و محەمەدی چوارەم هەندێك جار فەرماندەیی سوپایان دەکرد لە مەیدانی شەڕدا، مورادی چوارەمیش ئاخیر سولْتانی عوسمانی بوو کە ڕێ و ڕەسمی بنەماڵەی عوسمانی لەشەڕدا زیندووکردەوە.

زۆرێك لەو سولْتانانە پێش ئەوەی بچنە سەر کوسی دەستەڵات زیندانی بوون لە شوێنە تایکەکان کە ئەمە بە خراپی لەسەر ئاکاریان دەشکایەوە لە کاتی دەستەڵاتدا. هەندێك لەوانە زۆر زیادەڕەویان دەکرد لە (الابهە) و کوشتندا هەندێکیشیان دەستیان دەکرد بە خواردنەوە و خۆش ڕابواردن و بە فیڕۆدانی ماڵی دەوڵەت و بەرتیل وەرگرتن و فرۆشتنی پۆستەکان. ژنانی کۆشکیش کاریگەریان هەبووە لەسەر سولْتانەکان لە سەدەی حەڤدەدا هەندێك جار دەستەڵات لە دەست ژناندا بووە.[2]

یان زۆرجار سولْتان دەگەیشتە کورسی دەستەڵات و لە تەمەندا منداڵ بوو کە زۆر ئەو منداڵانە حوکمی وڵایتان کردووە. هەیەك لە سولْتان ئەحمەدی یەکەم و عوسمانی دووەم چوونە سەر حەرشی دەستەڵات و تەمەنیان چواردە ساڵ بوو سولْتان محەکمەدی چوارەم تەمەنی شەش ساڵ بوو. سولْتانی واهەبوو زڕ شێت بوو وەکو مستەفای یەکەم.

بۆیەکەم جار دەوڵەتی عوسمانی شۆڕشی ئینکشاریەکانی بەخۆیەوە بینی و ئەوان هەستان بە کوشتنی سولْتان و دانانی سولْتان و لابردنیان دەستەکانی فەرمانڕەوایی تووشی گەندەڵی بوون، پۆستی گەورە و گرنگ درانە کەسانێك کە هیچ تەجروبەیان

[1] - نوار : ل 154.

[2] - هەمان سەرچاوە.

نەبوو. سولّتانەکان بەستنی کۆبوونەوەکانی دیوانیان پشت گویّ خست و ئیشی دادگا تەنیا بە بەرتیل دەڕۆیشت وای لێهات کەس ئەرکی سەر شانی خۆی جێبەجێ نەدەکرد[1]. لەلایەکی دیشەوە ئەستێەی پیاوانی سیاسی و فەرماندە سەربازیەکان بەزتر بوو لە سولّتانەکان. دەوڵەت لە بوای زەوی و باجدا پەنای بۆ یاسایەکی نەزۆك برد بەناوی (ئیلتیزام)[2]. یاسای فێرکردن تێکچوو، دامەزراوە ئایینیەکان کەمبوونەووە. ژمارەی دانیشتوان ڕووی لە کەمی کرد بەهۆی پەتا بلاّوبوونەوە. ئەو هێرشانەی کە کۆچەریەکان دەیان کردسەر ناوچە کشتوکاڵی یەکان وای لێهات نە پێکهاتەی دانیشتوان و نە شێوەی دەستەلاّت و نە شێوەی ژیان نەیان دەتوانی لە بەرانبەر دوژمنانی ئەوروپی ڕابگرن. لە کاتێکدا ئەوروپا پێشڕەوی دابو بەرەو دروستکردنی نەتەوایەتی تایبەت بەخۆی نیشانەکانی لێکهەڵوەشان لە سەدەی هەژدەدا وردەوردە لەلاشەی دەوڵەتدا دەردەکەوتن. شۆڕەشکان زۆر بوون. بزوتنەوە جیاخوازەکان دەرکەوتن هێزی میرەکانی دەوروبەر زیادی کرد لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانە شوێنەواری گواستنەوەی دەوڵەت بوون لە ڕزگاری و فرەوانخوازییەوە بۆ سیاسەتی ئاشتی لە سەدەی حەڤدەدا. دوایش لە سیاسەتی هێرشەوە بۆ سیاسەتی برگری کردن لە سەدەی هەژدەدا سیاسەتی مەزهەبی و دەمارگیری دەوڵەت یارمەتی دەر بوو بۆ گەشەسەندنی دەمارگیری و پارێزگاری کردنی نەتەوە پەرستی لە نێو گەلەکاندا. عوسمانییەکان هەوڵیان نەدەدا کە نەتەوەکان لە ناو خۆیاندا بتوێننەوە. هەر گەل و ئایینێکیان لە ژێر فەماندەیی سەرکردەیەکی تایبەت بە خۆیان دانابوو، کە ئەو بەرپرسیاری گەلەکەی بوو. بۆیە بنچینە نەتەوایەتییەکان هەروەك خۆیان مانەوە. کاتێك ئەو نەتەوانە هەستی جیابوونەوەیان بۆ دروست بوو بوای نەتەوایەتیان ئامادەبوو توانای ئەوەی هەبوو کە خۆی بناسێت. لەبەردەم هێزەکانی عوسمانیدا گەورەترین دیاردەی ئەو بێ هێزیە دەستەلاّتداریەتی بنەماڵەکان بوو کە وای کرد دەوڵەت دەستەلاّتی لاواز بێت لەو ناوچانەدا و هەمیشەش دەردەسەربوون بۆ دەوڵەت ی عوسمانی چونکە هەمیشە یاخی دەبوون.

---

[1] - نوار : ل 154.

[2] - یاسای پابەندبوون : بریتییە لەوەی کە سەرمایەدار لە باجی ساڵانە نرخی ڕووبەری زەوییەکان دەداتە دەوڵەت ، ئەویش هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئەو نرخە لە خەڵکی هەر بۆیە پابەندبوون بەشێوەی چەوساندنەوە زەوی و جوتیارەکانی دەخستە ژێر ڕکێفی خۆی.





بەلاّم بواری پێوەندییەکانی دەرەوە.کۆمەلێك ڕێگر هەبوون لە بەردەم عوسمانییەکاندا کە بووە هۆی دووکەوتنیان گنگترین ئەوانە:

أ. نەیتوانی ڤیەننا ڕزگار بکات بە ئامانجی ئەوەی ڕێگەی بۆ بکرێتەوە بەرەو ئەووپا کە هێزێکی نەمسا و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز پێشی پێگرتن.

ب. گەشەی ئابووری ئەوروپا و گەشە پێدانی چەك و نەرمی سیاسەتی ولاّتانی ئەوروپا.

ج. وەدەرنانی کەشییە عوسمانییەکان لە ئۆقیانووسی هیندی هەرچەندە عوسمانییەکان توانیان هەندێك سەرکەوتنی دەریایی بە دەست بهێنن دژی پورتوگالی یەکان و ڕادەیەك بۆ پێشڕەویەکانیان دابنێن بەرەو ئاوەکانی ڕۆژهەلاّت.

د. ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ هێزی ڕووسیا کاتێك ویستیان دەست بەسەر هەردوو ڕووباری (دون و ڤولفا)دا بگرن.بۆ ئەوەی بتوانن خۆ بگەیەننە ئاسیای ناوەڕاست و هیند بۆ ئەوەی دەستەلاّتی پورتوگالی یەکان سنووردار بکەن و دوایش درێژە بە پێشڕەوی بدەن لە ناو ئەو قارەیەدا.

ه. نەتوانینی دەوڵەتی عوسمانی لە بەشداری کردنی ئەو بازرگانییەی کە لە ئۆقیانووسەکاندا سەری هەڵدابوو. تەنیا چالاکی بازرگانی عوسمانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بوو کە ئەو دەریایە وردە وردە گرنگی بازرگانی خۆ لە دەست دەدا. دوای کەشف کردنی (رأس الرجاء الصالح) و سوورانەوەی لە دەوری ئەفریقا بەکەشتی چارۆکەدای گەورە بۆ گەیشتن بە ولاّتی هیند، هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی هەتا ئێستاش گەورەترین دەوڵەتی ئەوروپا بوو، بەلاّم سیاسەت مەدارەکانی هەستیان بەهۆی ئەوە نەکرد.لەلایەکی ترەوە ولاّتانی ئەوروپی لەبواری ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی هەنگاوی پێشکەوتنیان هەڵدەهێنا دەستکەوتەکانیان لەو بوارانەدا لەزۆر لەدەسکەوتەکانی عوسمانییەکان باشتر بوون. عوسمانییەکان لەوکاتەدا هەر خەریکی چارە سەرکردنی ئەو کێشانە بوون کەلەڕزگارکاری ناوچەکاندا بۆیان دروست ببوو، بەلاّم لەڕۆژهەلاّت دەوڵەتی عوسمانی چەند کێشەیەکی هەبوو کەنەی دەتوانی چارەسەریان بکات. هەرچەندە لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا بوو، چونکە نەی دەتوانی لە قولاّی خاکی ئێرانیدا بمێنێتەوە ئەویش بەهۆی هێزی ناوەندی سەفەویەکان و بوونی چەندین بیابان لە ناوەڕاستی ئێراندا وەکو بەربەستێکی سروشتی

وابوون و سوپای عوسمانی نەیدەتوانی بیان بەزێنێت. بۆیە پێشڕەوی عوسمانی بەرەو ئەوروپا و ئاسیا و هیندستان وەستا. لەئەنجامی بوونی ئەو هۆکارانە دا کەباس کران، هەل بۆ وڵاتانی ئەوروپی هەڵکەوت هەستن بەڕۆڵی خۆیان بۆ بێ هێز کردنی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو هەلانەش دوچەندانی بوونەوە کە ئەو وڵاتانە توانیان دەست بخەنە ناوکارو باری ناوخۆی عوسمانی و هەستان بە هاندانی نەتەوەکانی عوسمانی هەستی نەتەوایەتی و ئایینیان پەرە پێدا. عوسمانییەکان لە ونێوەدا ئەو هەرێمانەی ئەوروپایان لە دەست کەتا ئێستا لەژێر دەستەڵاتی ئەواندا بوو. لەئەنجامی ئەو تێکهە ڵچونە نەتەوەی و ئایینیانەی کەڕویان دا. بەتایبەتی دوای پەیمانی ئاشتی (بسارو ڤێز).

دوژمنێکی تازەش بۆ عوسمانی سەری هەڵدا کە ئەویش ڕووسیا کە بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی کەهەڵکشانی عوسمانییەکانی وەستان بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵات. چەند شەڕ لەنێوانیاندا ڕویدا کە ڕووسیا هەوڵی دەدا دەست بگرێت بەسەر ناوچەکانی دەریای ڕەش و قرم و دانوب، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی شەڕێکی گەورەی دۆڕاند لەگەڵ کەریم خان لەوڵاتی فارسدا لە ساڵی 1776 دا کە بۆماوەیەکیش شاری بەسرەشی لە دەستدا نەما بوو. سەدەی هەژدەلە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی هێمایە بۆ سەرەتای ڕاستەیەك کە ئەویش هێرشی وڵاتانی گەورەی ئوروپی بوو. هەم لەبواری سەربازی و هەم لەبواری دبلوماسی و ئابووری. سەرباری ئەوەش وڵاتانی ئەروپی سەرەتای پێشکەوتنی زانستی و تفنی و ڕۆشنبیری دا بوون. ئەوسەدەیە شاهیدی ئەوە بوو کە جیهانی عوسمانی تووشی هەڕەشەی جیا جیا بۆوە. ەرکەوتنی گەورەی سەربازیان بەدەست هێنا کە سنوورەکانی عوسمانی بەرتەسك کردەوە. لە بواری بازرگانیدا فەرەنسا و دوایش بەریتانیا و هۆڵەندا توانیان دەستکەوتی باش بۆبازرگانەکانیان بە دەست بهێنن. دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدە دا دەستکەوتی باشی دەستکەوت لەئەنجامی ئەو پەیوەندیە باشەی کە لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنساو هۆڵەندا دروستی کرد بوو. ئەو دەوڵەتانە لە هەموو کێشەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵدەستان بەکاری ناوبژی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دوژمنەکانیدا، چونکە لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە دەوڵەتی عوسمانی بو بەهۆکارێکی چالاك لەسیاسەتی ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییانە کەحەزیان لەفرەوانخوازی بوو، چونکە ئەو





دەوڵەتانە پێویستیان بە وڵاتێکی وەکو عوسمانی بوو. کەوەکو بەربەستێك بو لەنێوان تەنیا دەوڵەتێك کە بتوانێ خاڵی بە یەکگەیشتن بێت لەنێوان ئەو دەوڵەتانە و ڕێگای هیند بێت دەوڵەتی عوسمانی بوو. بۆیە وڵاتە بێگانەکان دەستیان کرد بەدەست تێوەردان لەکارو باری ناوخۆی عوسمانیبەرەو هەڵوەشان چوو. دەوڵەوت سکاڵای ئەوەی بوو کەبارێکی ئابووری گرانی لەسەرشانە کە بێگانەکان ئەو بارەیان دروست کردوە بۆیە دەوڵەت ناچاربو قەرزی دارایی بکات. هەندێك لەسوڵتانەکان هەستیان دەکرد کە دەوڵەت تووشی لاوازی بوو. هەوڵیان دەدا کەچاکسازی بکەن بەتایبەت لەبواری سوپادا. سەلیمی سێیەم هەوڵێکی باشیدا لەوبوارەدا. بەم شێوەیە بێ هێزی ڕووی لەدەوڵەتی عوسمانی کرد لەدوای سەردەمی سوڵتان سلێمان قانونیەوە ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکی ناوخۆی و دەرەوە. ئەوە سیماو بارەکانی قۆناغی ڕابردوی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا.

لەلاپەڕەکانی داهاتودا باسی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی دەکەین لەو دوسەدەیەدا لەبواری ناوخۆو دەرەوە بەشێوەیەکی مەنهەجی ئەویش بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سوڵتان دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست. ئەمە لەلایەك. جا لەوەستان و دوایش بەرەو دوا گەڕانەوە ژیانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە.

# بەشی هەشتەم

## بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا :-

**لەوبەشەدا باسی دەربارەی شۆڕشەکانی ئینکشاری و چاکسازی ناوخۆو کێشەی نەتەوەکان.**

### شۆڕشەکانی ئینکشاری

### ئینکشاری پێش سەدەی حەڤدەو هەژدە :-

گرنگی ئینکشاریەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە توانیان لەشەڕدا و ئازایەتی و زۆری ژمارەیان و ئازایەتی نواندن لەشەڕدا. بۆیە هەمیشە باری گران بوون لەسەردەوڵەت بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا. لەبەرە جیاجیا کاندا. لەڕاستیدا ئازایەتی ئینکشاری دەگەڕایەوە بۆ ئەو وشکی و تەبیعەت توندیەی لەسەری ڕاهاتبوون. لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئاوا پەروەردە دەکران و تەنیا بیریان لەشەڕو ئازایەتی دەکردەوە. دەرەنجامی ئەو پەروەردە وشکەو دورلەباوەشی خێزانی و گەورەبوون بەسەڵتی بۆیە دوربوون لەهەموو سۆزێکی مرۆڤایەتی. هێزی ئینکشاری لەیەکێك لەقۆناغەکانی مێژووی عوسمانی گرنگتر هێزی لێدەری دەوڵەتی عوسمانی بوو کەپشتی پێ دەبەست لەلەشکرکێشیەکانی داو لەبەرگری وخۆڕاگری لەبەرانبەر هاوپەیمانێتی وڵاتانی ئەوروپی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، بەڵام دوایی ئینکشاری وای لێهات کە





بووبەهێزێکی مەترسی بۆسەر گیانی دەوڵەت ئەوەش لەکاتێکدا کەدەستەڵاتی لەناودەولەتدا زیادی کرد هەستیان بەگرنگی و توانای شەڕی خۆیان کرد. بۆیە لەخۆبایی بوون خۆیان تێکەڵ بەسیاسەتی بەرزی دەوڵەت کرد، کەئەوەش پەیوەندی بە پیشەی ئەوانەوە بوو. دەستیان کرد بەخۆ تێگەیاندن وای لێهات خۆیان سوڵتانیان دادەناو سوڵتانیان لادەبرد(سەدری ئەعزەم) ەکانیان دادەناو لادەبردو زۆرجاریش لەنێوان خۆیاندا بەشەڕدەهاتن[1].

لەڕاستیدا ئەو خۆتێگەیاندنەی هێزی ئینکشاری لەکارو باری دەوڵەت لەسەردەمی سوڵتان بایزیدی دووەم دەستی پێکرد (1481 – 1521) لەخەلیفەکانی دوای ئەو زیاتر ئەوەدەرکەوت. لەساڵی 1841 هێزی ئینکشاری یارمەتی میر بایزیدی کوڕی محەمەددووەم (فاتیح) دژی برایەکەی میر جەم وەهەستان بەکوشتنی (سەدری ئەعزەم) فرمانی محەمەد پاشا کەئەو پشتگیری براکەی تری میری دەکرد. کاتێ سوڵتان تازە لەسەر تەخت دانیشت هێزەکانی ئینکشاری لەدەوروپشتی کۆشك سەنگەریان گرتبوو. چەند داواکاریەکیان هەبوو لەسوڵتان لەوانە لابردنییەکێك لەوەزیرەکان کەپێی دەگوترا (مستەفا پاشا) و دانانی وەزیرێکی دیکە بەناوی ئیسحاق پاشا کەگوایە ئەو وەزیرە هاوسۆزە لەگەڵ ئینکشاریەکان. دەبێ بەبۆنەی چونە سەر تەخت دەبێ بەخشیشیان بداتێ، هەروەها بەخشینی گشتی ڕابگەیەنێت بۆئەوسەربازانەی کەبەشداریان کرد بو لەتالان کاری پایتەختدا کەسوڵتان هەموو داواکاریەکانی جێ[2] بەجێ کرد. هەروەکو لەپێشەوەش باسمان کرد کەچۆن ئینکشاریەکان سوڵتان بایەزیدی دووەمیان ناچارکرد کەلەتەخت بێتەوە خوارەوە بۆ کوڕەکەی سەلیمی یەکەم کێشەکە ڕووبەڕووی سوڵتان سەلیمی یەکەم بۆوە (1512 – 1520) هەڵوێستی ئینکشاری بوو بەرانبەری، چونکە سوڵتانیان بە قەرزداری خۆی دەزانی کە ئەوان ئەوتەختەیان بۆجێ بە جێ کردوە. دەیان ویست بارمتەی ئەو یارمەتی دانەوەربگرنەوە بۆیە هەستان بەخۆپیشاندانێکی سەربازی لەپایتەخت. لەکۆتایدا سوڵتان چەند بوو بۆ هەر سەربازێك بڕی پەنجا دوکا بدات[3].

1 - سەیری خراپەکاریەکانی ئینکشاریەکان بکە : بیهم، محمد، جمیل : فلسفة التاريخ العثماني،ل 131– 137.
2 - محمد فريد بك : ل 179 .
3 - هەمان سەرچاوە : ل 188

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆ تێگەیاندنی ئینکشاری لەسیاسەتی دەوڵەتدا پەرەی دەسەند بەتایبەت دوای شەڕی تشالدیران کە سوڵتانیان ناچار کرد کەواز لەشەڕ بهێنێت پاشەکشە بکات لەناوچەکە.

سوڵتان کوژرا دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ پایتەخت، هەندێك لە سەرەکان کەبەشداری بزوتنەوەی یاخی بوونەکەیان کردبوو[1]. سوڵتان سەلیمی یەکەم هەستی کرد کەدەبێ هێزی ئینکشاری سنووردداربکرێت. دوای هەستی بەو فشارانەکرد کەپێی هەڵدەستان. بۆیە هەستا بەدابەشکردنیان بەسەر ناوچە ڕزگار کراوەکاندا. دەستی کرد بە بەهێزکردنی هێزە عوسمانییەکان کەلەمسر و وڵاتی شام جێگیر کرابوون دوای ئەوەی ئەو وڵاتانە بەدەستی ئینکشاریەکان ئازاد کران ئەوانە لەووڵاتانە دەمانەوە بۆ بەرگری کردن لە دەوڵەتی عوسمانی ئەمە لەلایەك. لەلایکی ترەوە بڵاوە پێکردنی هێزی ئینکشاری بوو بۆئەوەی هەموولەپایتەخت کۆببنەوە هەندێك لە هێزەکانیان دەنارد بۆ باکووری ئەفریقا بۆ پشتیوانی هێزەکانی بربرووسیا. ئەو هەڵوێستەی سوڵتان گونجاو بوو لەگەڵ ئەوسیاسەتەی گرتبویە بەربەرەکانی ئینکشاریەکان [2]، بەڵام ئەوان هەستان بەجوڵانەوەیەکی یاخی بوون لەمانگی ئازاری ساڵی 1525 دا لەسەردەمی سوڵتان سلێمانییەکەمدا (1520 – 1566) هەستان بەتاڵان کردنی (سەدری ئەعزەم) ئیبراهیم پاشا. هێرشیان کردە سەر دائیرەی گومرگ و گەڕەکی جولەکە نشین لە پایتەخت و کاری تاڵان و دزیان ئەنجامدا وادیاربوو مەبەست لە شۆڕشەکەیان دەستکەوتنی پارە جا سەرچاوە هەرکوێ بێ. سوڵتانیش خێرا هەڵوێستەکەی قۆزتەوە دەستی کرد بەبەخشیش دابەشکردن بەسەریانداو یاخی بوونەکەی کۆتای پێ هێناو دەستی کرد بەدابەش کردنیان بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا، هەندێك لەسەرکردەکانیان دەستگیر کران و هەندێکیان لێ کوشتن و هەندێکیش لەسەرکار لابران[3]. لەسەرەتایی سەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەم

- [1] - محمد فريد بك : ل 191 جب و بون : المجتمع الاسلامی الغربی .
- [2] - الشناوی : هەمان سەرچاوە، جلد 1، ل 500.
- [3] - محمد فريد بك : ل 208 .





(1566 – 1574) ئینکشاریەکان پێشیان بەکاروانی سوڵتان گرت کاتێك بەرەو پایتەخت کەوتبوەڕێ کەیەکەم جار بوو لەسەر تەخت دابنیشێت. دەستیان کرد بەخۆپیشاندانێکی گەورە داوایان دەکرد کەیارمەتیەکانیان زیاد بکرێت ئنجا ڕێگە دەدەن سوڵتان بچێتە ناو کۆشکەوە. سوڵتانیش بەناچاری وەڵامی داواکاریەکانی دایەوە[1].

سوڵتان مورادی سێیەم (1574 – 1595) یەکێکە لەوسوڵتانانەی کەبەربەرەکانی ئینکشاریەکانی کرد دوای ئەوەی هەستی کرد کەئەوانە زیاد لە پێویست خۆیان ڕاکێشاوە و ئەو کارانەی دەیکەن تایبەت نیە بەوان بەڵکو شەڕ تایبەتی ئەوانە. وای لێهات بوونە هێزێکی ترسناك لە ناو دەوڵەتدا بەتایبەت دوای هەستان بە کوشتنی دوو کەسایەتی گەورەی دەوڵەت کە ئەوانیش دەفتەردار (بکلر بك روملی) بو دوای تاوانباریان کردن بەوەی کەپارەی زیادیان پێداون[2].بۆیە سوڵتان فەرمانیدا کەژمارەیەکی زۆر سەربازی موسڵمان پەیوەندی بکەن بە فەیلەقی ئینکشاریەکان، چونکە ئەو سەربازانە بۆیان نەبو بچنە ناو سوپای ئینکشاریەوە[3]، دوای جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێ شوێنانە لەلایەن سوڵتانەوە داوای لەئینکشاریەکانیش کرد کەژیانی هاوسەری پێك بهێنن کە پێشتر بۆیان نەبوو ژن بهێنن. دوای ئەوە ئینکشاریەکان تێکەڵاوی ژیانی ئاسای بوون و ژیانی هاوسەریان پێکەوەنا و وردەوردە وای لێهات کە هەست بکەن کە ژیانی سەربازی هەموو شتێك نییە، بۆیە توانای شەڕیشیان کەم بۆوە[4]، دوای ئەوەش دەوڵەت هەنگاوێکی تری نا، ئەویش ئەوە بوو کەڕێگای پێدان لەپاڵ کاری سەربازی کاری پیشەگەری و کاری تریش ئەنجام بدەن بەتایبەت لەکاتی ئاشتیدا، کەئەمەش ئەوەندەی تر لەکاری سەربازی دورکەوتنەوە. ئەوەندەی توانیان شەڕیان دابەزی. لەهەمان کاتیشدا دەوڵەت لەکاتی مۆڵەت و ئاشتیشدا ڕێگای نەدەدا کە چەك هەڵبگرن لەترسی ئەوەی کە بەشداری لەکاری

- [1] - سرهنگ : ل109 .
- [2] - مجمد فريد بك : ل 264 .
- [3] - الشناوی : جلد 1 ،ل 501.
- [4] - هەمان سەرچاوە : ل 502 .

تونـدو تیژیـدا بکـەن[1]، بـەڵام سـەرباری پـەیڕەو کردنـی ئـەو کـۆت و بەندانـە لەلایـەن دەوڵەتەوە بۆسەر هێزی ئینکشاری هەربارێکی گران بـوون لەسـەر دەوڵـەت بـەهۆی ئـەو هەموو یارمەتی و مەسرفاتەی کەلێیان دەکرا. هەر توانیان مەرکەزی هێزبن.

[1] - محمد فرید بك : ل 208.





## هێزی ئینکشاری لەنێوان سەدەی حەڤدە و هەژدەدا

سـوڵتان عوسمـانی دووەم لـە (1618 – 1622) لەتەمـەنی منداڵیـدا لەتـەختی سوڵتانی دانیشت، کەهێزی ئینکشاری زۆرۆ بەسوك سەیریان دەکرد. هەسـتان بەشـۆڕش دژی داوایان لێ کرد کە شەڕ کۆتای پێ بهێنێت کـە دژی پۆلنـدا بـەرپای کردبـوو، کەئـەم هەڵوێستەیان پێچەوانەی کاری سەربازی خۆیان بوو چونکە ئەوان سەربازو فـەرمان بـەرن کەسـوڵتان ناچـاربوو واز لەشـەڕبهێنێت و لەگـەڵ پۆڵەنـدا پـەیمانی ئاشـتی ببەسـتێت لـە مانگی کانونییەکەمیساڵی 1620 دا بێ ئەوەی ئامانجەکانی شەڕەکە جێ بەجێ بکرێن [1]، کەلەئـەنجامی ئـەو هەڵوێـستەیان سـوڵتان ڕقـی لـە ئینکـشاریەکان داگـرت بڕیاریـدا کگەپاکسازیان لێ بکات، کەهێزێکی زۆری لە ئاسیاوە هێنـا بۆئـەوەی لێیـان بـدات، بـەڵام ئینکشاریەکان هەستیان بەو کارەی سـوڵتان کرد و شۆڕشـیان بـەرپاکرد لـە سـی مـانگی ئایاری 1622 دا لەسەرکاریان لابرد و کردیانە دیلی خۆیان دوای لێدان و جنێو پیێدان لە سێدارەیان دا[2] کەئەوە بوێریەك بوو کە دەرحەق بـە سـوڵتانەکان کـرا خـاڵی هەلچـونی هێزی ئینکشاری بوو. دەسـتگرتنیش بەسـەر دەسـتەڵاتی مـەدەنی وسـەربازیدا [3]. ئـەم ڕوداوە دەنگێکـی زۆری دایـەوە ترسـی خـستە نـاو دائیرەکـانی حکومەتـەوە هێـزی ئینکشاری سامی زیاد بوو. دەستیان کرد بە دانان و لابردنی وەزیرەکان[3] ئینکشاریەمان لەسەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەمدا (1623 – 1640) هەستان بەکوشتنی (سەدری ئەعزەم) حافظ پاشا لە نۆی مانگی شوباتی ساڵی 1632 دا. بـەهۆی هانـدانی خەسـرەو پاشا کەهاوسۆزی ئینکشاریەکان بوو کەپێشتر سـوڵتان لـە پۆسـتی (سـەدری ئـەعزەم)ی لابرد بـوو، بـەڵام سـوڵتان زۆر بەتونـدی دژیـان وەسـتاو پـەیمانی دا تۆڵـەی حـافظ پاشـا لەسـەرۆکی ئینکـشاریەکان بکاتـەوە. بۆیـە فـەرمانی دا بەکوشـتنی ئەوانـەی دەسـتیلن هەبووە لەو فیتنەیەدا. دوای ئەوتۆڵە سـەندنەوە هـەموو ئەوانـەی گرتـەوە کەلەقسەکەدا بەشداربوون [3]. دەرەنجامی ئەو هەڵوێستە توندەی سوڵتان بەرانبەریان، ئینکشاریەکان پەنایان بۆ تەڵەکە بازی بـرد هەسـتان بەسـازدانی ڕێپێوانێـك، کـە ئامـادەی ڕێـك و پێکـی

[1] - محمد فرید بك : ل 277 – 278

[2] - ابراهیم بك حلیم : ل 123 سەیری ئەو بابەتە بکە کە پەیوەندی بە هۆیەکانی دوژمن کـاری سـوڵتان عوسمـانی دووەم سوپای ئینکشاریەوە هەیە ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 460 – 470

[3] - سرهنگ : ل 146 – 147 ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 469 – 470

سەربازی خۆیان بپارێزن و فەرمانەکان جێ بەجێ بکەن بەڵام لەڕاستیدا شتی تریان لە دڵدا نەبوو، کە دومانگی نەبرد هەستان بزوتنەوەیەکی یاخیبوونیان ئەنجامدا بەفەرمانی ڕەجەب پاشا، بەڵام سوڵتان فەرمانی دا کەبیکوژن و لاشەکەی لە پەنجەرەوە فڕێ بدەن کە ئینکشاریەکان ئەمەیان بینی ترسان وازیان لەشۆڕشەکەیان هێنا بەو هیوایەی لە داهاتودا هەلێکی تریان بۆ هەڵبکەوێت. دیارترین ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە کوشتنی سولتان ئیبراهیمی یەکەم بو(1640 – 1648) بەهۆی هەڵوێستی توندی دژی ئینکشاریەکان . سولتان محەممەدی چوارەمیش هەمان چارەنووسی هەبوو(1648 – 1687) کە ئینکشاریەکان لە هەشتی تشرینی دووەمی ساڵی 1687 لە کاریان لابرد و براکەی سلێمانی دووەمیان دانا لە شوێنەکەی (1687 – 1691)، بەڵام هەستان بەکوشتنی[1].

سولتان سلێمانی دووەم بەخشیشێکی زۆریدا بەئینکشاریەکان لە تاوانەکانیان خۆش بوو، بەڵام ئەو کارەی هیچ ئەرکێکی نەبوو بۆ ئەوان، بەڵکو هەستان دژی (سەدری ئەعزەم) پاشا کوشتیان و جنێویشیان بە خوشك و ژنەکەی دا [2]، دژی سیاسەتی سولتان ئەحمەدی سێیەم شۆڕشیان کرد (1703 – 1730) کە سیاسەتێکی ئاشتی خوازی بو لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بیانوشیان ئەوە بوو کەڕاوەستانی شەڕ لەو دەسکەوتەی دەستیان دەکەوێت بێ بەش دەبن سەرباری تاڵان کردنی شارە گیراوەکان. ئەم شۆڕشە بەسەرۆکایەتی بترونا خەلیل بوو کەداوای لەسولتان کرد کە شێخ الاسلام و (سەدری ئەعزەم) و فەرماندەی هێزی دەریای بکوژێت بەناوی فیودان پاشا. بەبیانوی ئەوەی پشت گیری سیاسەتی سولتان دەکەن، کە سولتان ناچار بوو داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات بە کوشتنی فیودان پاشاو وازهێنان لە شیخی ئیسلام، چونکە دەبێتە هۆی وروژاندنی بیرو ڕای گشتی، کە ئینکشاریەکان خێرا رازی بوون[3]، بەڵام دوای بەدەست نەوەستان دەست درێژیان کردە سەر سولتان و لەیەکەمی تشرینی یەکەمدا لەسەرکاریان لابرد و مەحموودی یەکەم برازای سولتانیان کردە سولتان. (1730 –

---

1 - محمد فريد بك : ل 303 – 304
2 - بیهم : بەرگی 2 ل 135
3 - محمد فريد بك : ل 318 – 319





1754) کە هیچ دەستەڵاتێکی نەبوو هەموو دەستەڵاتێك لەدەست بترونا خلیلدا بوو کە سەرۆکایەتی کودەتایەکی کردبوو، کەئەویش لە مردن ڕزگاری نەبوو کەدەستو پێوەندەکانی خۆی کوشتیان بەبیانوی ئەوەی مافی ئەوان دەخوات[1]. کاتێکیش سوڵتانت مستەفای سێیەم (1757 – 1774) دەستەڵاتی گرتە دەست هەوڵیدا کە دووربێت لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئینکشاریەکان، بۆئەوەی وەکو سوڵتانەکانی پێش خۆی بەسەرنێیەت[2].ئینکشاریەکان هەستان بە شۆڕش کردن و یاخی بوون لە سەرەتایی دەستەڵاتی سولتان سەلیمی سێیەم (1789 – 1807) لەناوچەکانی سرپستان، کەهەستا بەهێرش کردنە سەر دەوڵەتی عوسمانی شەڕیان کردبوو دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ نەمسا مۆر کرد بوو. بەپێی پەیمانامەی زشتویی ساڵی 1790 دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی دابوو کەدەست درێژی نەکرێتە سەر سریەکان. ئەوانەی کەلەشەڕیش بەشداربوون ببەخشرێن. کاتێکیش دەوڵەت یارمەتی ئەوانەیدا. ئینکشاریەکان شۆڕشیان بەر پاکرد. دوای ئەوە یەکسەر (بابی عالی) فەرمانی نارد بۆ دەستەڵاتداری عوسمانی لەبلە غراد کە بە توندی کاری ئینکشاریەکانی ڕیسوا کرد داوای کرد کە ڕێگە چارەی گونجاو بدۆزنەوە، کەلایەنی دەستەڵاتدار توانی ئینکشاریەکان دەربکات، بەڵام دوای ئەوەی کە تاڵان و بڕۆیەکی زۆریان کرد[3].

لێرەدا بەوەندە واز دێنین لە باسکردنی ئەو یاخی بوونانە کە ئینکشاریەکان پێی هەستاون لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا کە ڕوداوەکانی ڕەفتارکردنی سولتان سەلیمی سێیەم لە خۆ دەگرێت قسە لەسەر چاکسازیەکانی ئەو سوڵتانە دەکەین.

---

1 - هەمان سەرچاوە : ل 320
2 - الشناوی : بەرگی 1 ل 519 – 520
3 - محمد فريد بك : ل 383 ل 383 – 384

## چاكسازیەكانی ناوخۆ

### چاكسازییەكانی سوڵتان سەلیمی سێیەم :

سیاسەت و دەستەڵاتی عوسمانی لـە سـەدەی هـەژدەدا بەشـێوەیەكی هێـواش و كەم كەم وەكو مانگ ڕووی لە ئاوابوون بوو. ئەو ئاوابوونە كاتێ هەستی پێكرا كەدەوڵـەت لەكێـشەدا لەگـەڵ نەمـساو بوڵنـدا و بندقیـەو ڕووسـیا. هەربەتـەواوبوونی ئـەو سـەدەیە دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوی لەحاڵەتی هێرشەوە گوازرایەوە بۆ حاڵـەتی بـەرگری كـردن. ئەوەش لەوەدا دەركەوت كەوڵاتانی ئەوروپی هەمیشە پێ داگربوون لەسـەر پاراسـتنییەك پارچەی خاكی عوسمانی. لەڕاستیشدا ئـەو كـەم وكورِیانـەی دەوڵـەت دووچاریان هـاتبوو سكالای بوو لەدەستیان زۆر مەترسی داربـوون كـەوا دەردەكـەوت كەدەوڵـەتی عوسمـانی بەقەد باڵە مێرولەیەك لە نوشستەوەدورە.

یەكـەم سـكالای دەوڵـەتی عوسمـانی لـە گـۆڕانی پیـاوە سیاسـەتمەدارەكان پەیـدابوونی ڕێـڕەوە سیاسـیەكان بـوو، دوای ئەوانـەش نـەمانی نـا ئـەمنی بەئاشـكرا دەركەوت. هەرلەوبەینەدا نزیكەی سێزدە (سـەدری ئـەعزەم) گـۆڕان، كەسوڵتانیش لبـە گـۆڕان ڕزگـاری نـەبوو هـەر لەوكاتـەدا سـوڵتان مـستەفای دووەم ل 1703و سـوڵتان ئەحمـەدی سـێیەم لـە 1730 گـۆڕان[1]. دەوڵـەت لەوكاتـەدا پێویـستی بـە یەكپارچـەی ئیداری هێزی سەربازی هـەبوو.لەوكاتـەدا هەندێكدەستەڵاتداری سـەربازی نـاوخۆ دەیـان توانی دەستەڵاتی سەربازی خۆیان بدەنە كوڕكانیان بی ئـەوەی ڕوخـسەت لەدەسـتەڵاتی مەركەزی وەربگرن. دیارترین نمونەش لەو بارەوە قـەرە عوسمـانی ئـوغلی لـە ئـەنادۆڵ و بازوەند ئولی لە فیدین و عەلی پاشا لە یانینـا، كـە ئـەو جـۆرە كارانـە بەڵگـەن لەسـەر بـێ هێزی دەوڵەت و دەسـتەڵاتی مەركـەزی هەرئەوانـەش خۆیـان بەشـدار بـوون لـەئاواكردنی دەستەڵاتی خۆیان. لەبواری ئابوریشدا بەهۆی خراپی بەڕێوەبەرێتی ئابووری وڵات بـەرەو دواگەڕابۆوە و چەندین دەردی كوشندە بڵاو بوونەوە و ژیان و بواری ڕۆشنبیری خەڵكیش زۆر دواكـەوتوو بـووە. لەئـەنجامی دەركـەوتنی دیاردەكـانی بـێ هێـزی كاربەدەسـتانی عوسمـانی هـەر لەسـەدەی حەڤدەوە هەسـتیان بـەوە كـرد كـەدەبێ چاكسازی بكرێـت.

[1] - ابراهیم بك حلیم : ل 156 – 163 – 164





ئەوڕایە بیرو هۆشی مفكرو سیاسەتمەدارانی عوسمـانی هەرلەسـەردەمی سـوڵتا عوسمـانی دووەم (1618 – 1623) و مـورادی چـوارەم (1623 – 1640) خـەریك كردبـوو. بزوتنەوەی چاكسازی لەوسەردەمە دا لەسەرچاوەی مێژووی عوسمانی سەری هەڵدا بـوو. لە بۆتەی بیری ئیسلامیدا بوو.

ئەوانە هۆی ئەو كێشەو لاوازییەیان بەدوركەوتنـەوە لەفەرمانـەكانی ئیـسلام دەزانـی لـە هەموو بوارەكانی ژیاندا[1] بـەڵام لەسـەرەتای سـەدەی هـەژدەدا یۆچـون و ری و شـوێنی چاكسازی وای لا هات لە شوێنی ترەوە وەردەگیرا. ئەویش ڕۆژئـاواو ئـەوروپابوون، بـەڵام لەگەڵ پارێزگاری كردنی سیمای عوسمانی و بنەڕەتەكانی ئایینی ئیـسلام، كەلەوكاتانـەدا شارستانی ڕۆژئاوا وردە وردە خۆی دەخزانـدە نـاو ژیـانی دەوڵـەتی عوسمـانی بـەڵام زۆر بەهێواشـی. هـەر لـەونێوە هەنـدێك ڕۆشـنبیری عـەلمانی هەڵكـەوتن و هەنـدێك شـارەزای ڕۆژئاوایی ڕویـان لەدەوڵـەتی عوسمـانی كـرد بۆئـەوەی شـارەزاییەكانیان لـەناو دەوڵەتـدا بـەكاربهێنن[2] . چـەندین هەوڵـدران بۆتازەكردنـەوەی لاوەكـان. یەكـەمیان لەسـەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (1703 – 1730) دابوو. بەسەرۆكایەتی (سەدری ئـەعزەم) ئیبراهیم پاشا كەبەیەكەم سەركردەی عوسمـانی دەژمێررێـت كـە گرنگـی دەدا بەناسـینی ئەوروپا. كۆمەلێك لەفەرمانبەرو رۆشـنبیرە عوسمانییـەكان یارمـەتیان دەدا. هـەوڵی دەدا كەڕۆشـنبیری ئیـسلامی عوسمـانی تێكـەلچ بكـات لەگـەڵ ڕۆشـنبیری ئـەوروپا، هـەروەها دروستكردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپیدا. بـاڵوێزە عوسمانییـەكانیان نـارد بۆ پایتەختی وڵاتانی ئەوروپی تا لەنزیكەوە لەشارستانی ئـەوروپی شـارەزابن هەڵبـژاردنی ئەوەی كە گونجاوە بۆ ژیان ڕۆژهەلات[3] ئەوانـەی لـەو بـوارەدا جـێ دەسـتیان دیـاربوو بالچوچز یگرمی ساقز محەمەد بوو كەناردیان بۆ فەڕەنـسا سـاڵی 1720 كاتـێ گەڕایـەوە ڕاپۆرتێكی دەربارەی گەشتەكەی پێشكەش بە سوڵتان كرد[4] ئەوماوەیەش بەسـەرەتای بەئاگا هاتن و كرانەوەی عوسمانی دادەنرێت بـەڕووی ڕۆژئـاوادا. هەسـتان بـەوەر گێڕانـی

[1] - كە دولائیحەی چاكسازی دەگرێتەوە كەبریاری عوسمـانی قـوجی بـك ئاڕاسـتەی سـوڵتان مـرادی چـوارەم و ابراهیمـی یەكەمی كرد . الشوابكە . ئەحمەد فهد بركان : بزوتنەوەی كۆمەلانی ئیسلامی ل 30 22 . Lewis : op cit . p.

[2] - Davison : Reform in the ottman empire . p. 21

[3] - **مستەفا، ئەحمەد عبدالرحیم : بنەڕەتەكانی مێژووی عوسمانی، ل 159**

[4] - unat . faik ostmanli sevrel ve sevaetn anveleri pp 53 – 54

هەندێك دانراوی ڕۆژ ئاوا و ڕێگە درا كە نووسینگەیەك بۆ چاپكردن لە پایتەخت بكرێتەوە بۆیە چەند چاپخانەیەك لە پایتەخت دەستكرا بە دروستكردنیان[1].

ئەو هەوڵانە بەرلگەبوون لەسەر ئەوەی كەدەوڵەتی عوسمانی دانی نابوو بەئەوڕاستیەدا كەناكرێ چاو بپۆشی لەو هەموو پێشكەوتنەی بەسەر ڕۆژئاوادا هاتووە. سوڵتان مەحموودی یەكەم (1730 – 1754) سیاسەتی ئەوانەی پێش خۆی درێژە پێدا. هەستان بەداواكردنی شارەزایانی سەربازی ئەورووپی كە بەناوبانگترینیان (كونت دی بوونڤال)ی فەرەنسی بوو، كە موسڵمان بوو ناوی خۆی نا ئەحمەد و پەیوەندی كرد بەخزمەتی سەربازی یەوە لە سوپای عوسمانیدا. بەرنامەیەكی پێشكەشی سوڵتان كرد دەربارەی ڕێكخستنەوەی خزمەتی سەربازی لە شێوەی فەڕەنسا و دوپات كردنەوەی پێویست بوونی ئەو خزمەتە وەكو پیشەیەكی ڕاستە قینە، بەڵام ئەوەی لەلایەن ئینكشاریەكانەوە رشەت كرایەوە. دوای ئەوە كرا بەتیپی تۆبخانە و خەمبلرچی[2] پاشاكرا بەبەرپرسی هەرلەسەردەستی ئەودا دروستكردنی تۆپ تازەكرایەوە و كارگەی دروستكردنی تفەنگ و كارگەیەكی دروستكردنی باروت دروست كران، هەروەها چەكی تازە هێنرایە تیپی ئەڵغامەوە و قوتابخانەیەك كرایەوە بۆ ئەندازیاری سەربازی[3]، بەڵام وای لێهات كارەكانی دی بوونڤال ئەنجامی وایان نەبوو، چونكە فەترەیەكی ئاشتی بۆدەوڵەتی عوسمانی هاتەپیچشەوە بەهۆی سەرگەرم بوونی ئەورووپا بەشەڕی ئیسپانیاوە و شەڕی حەوت ساڵە، هەروەها جبەخانەیان هەڵوەشاندەوە. ئەو بیروباوەڕ بڵاو بووە كە یاسا عوسمانییەكان دەبنە هۆی خۆپاراستن لە دوژمنان و ڕێ گرتن لەوەی هێرشیان بكرێتە سەر[4]، بەڵام ئەو بارە ئاشتیە زۆردرێژەی نەكێشا، كە چەند تێكشكانێك بەسەر عوسمانییەكاندا هات لەسەر دەستی دەوڵەتی ڕووسیا و چەند پەیمانێكی زۆر دارانەیان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند دوای ئەوە دیسان بیروڕاكان هاتنە سەر ئەوە كەدەبێ كەڵك لەشارستانیەتی ڕۆژئاوا وەربگرین. دیسان پەنایان بردەوە بۆشارەزایانی ڕۆژئاوا. لەو شارەزایانە ئەفسەری فەرەنسی (بارونی دی توت) بوو كە سوڵتان مستەفای

[1] - محمد فريد بك : ل **319** دائره المعارف الاسلامی، بەرگی **1** ل **58**
[2] – خمبره جی : بە توركی بەمانای تۆپ دێت .
[3] - مستەفا : ل **163** دائره المعارف الاسلامیه، بەرگی **4** ل **345** – **346** و بەرگی **8** ل **449** .





سێیەم (1757 – 1774) كردی بەڕاوێژكاری خۆی لە چاكسازی سەربازیدا كەتیپێكی نوێی بۆ تۆپخانە دامەزراند و قوتابخانەی بیركاری وچەند قوتابخانەیەكی سەربازی دامەزراند، بەڵام چاكسازی تەواو لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم دەستی پێكرد (1789 – 1807) كەپێشڕەوەی چاكسازان و تۆماركاری مێژووی عوسمانی دادەنرێت كەئەوانەی دوای خۆشی هەمان ڕێبازیان گرتە بەر. چاكسازیەكەشی هەموو بوارەكانی ژیانی گرتەوە لەناو دەوڵەتدا لەئیدارەو ڕۆشنبیری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و سەربازی ئەو سوڵتانە لەسەرەتای هاتنە سەرتەختی دوچاری چەندین كیچشەی تەقلیدی كۆن بوو. پێشكەوتوی ڕۆژئاواو ڕێڕەوی پارێزگاری گەلەكەی و هەر سروشتی خۆشی وابوو خەزی لە چاكسازی بوو بەشێوەیەك كە دودڵ نەبوو لەوەی كەهەندێك شێوە ژیانی ڕۆژئاوا جێ بەجێ بكات بەتایبەت دوای شارەزای پەیداكرد لەسەردامەزراوە مەدەنی و سەربازیە كانی وڵاتانی ڕۆژئاواو هەست بەهۆیەكانی پێشكەوتنی ئەوان و دواكەوتنی عوسمانییەكان[1]، هەروەها گرنگی دا بەجی بەجێ كردنی هەندێك چاكسازی پێویست كەپێی وابوو بەهۆی ئەوانەوە دەوڵەت هێزی خۆی بەدەست دەهێنەوە. لەسەرەتای دەستەڵاتی دەستی كرد. بەجێ بەجێ كردنی هەندێك یاسای تایبەت بە (نەفەقات) دەركی ئەوەشی كرد كە سوپا پێویستی بە گۆڕانكاری ڕیشەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەربەرەكانی سوپای ئەورووپیەكان بكات. بۆئەو مەبەستە كۆمەڵێك ڕۆشنبیر و ئەفسەری گەورەی سەربازی پیاوانی ئیدارە و زانایانی بانگ هێشت كرد. داوای لا كردن ئایە چ پڕۆژەیەك یان بەرنامەیەك بە گونجاو دەزانن پەیڕەو بكرێت بۆ ڕزگاركردنی دەوڵەت لە دواكەوتنی لە كاروانی شارستانیدا[2] . ئەوانەش هەستان بەئامادەكردنی چەند ڕاپۆرتێك بارودۆخی دەوڵەت و چۆنێتی ڕزگار كردنی زۆربەی ئەوڕاپۆرتانە باسیان لە چاكسازی لەبواری سەربازیدا دەكرد[3]، كەوا دیاربوو لەو هەنگاوەی سوڵتان بۆچاكسازی ز ناڕازیانی ئەو كارەی سوڵتانیش هەروا دانەنیشتن كەئینكشاریەكان و ئەوانەی بەرژەوەندی تایبەتیان لەچاكسازی نەبوو سەرۆكی ناڕازیەكان چاكسازی بوون، بەڵام سوڵتان گوێی نەدانێ هەستا بەدانانی كوچك حسین پاشا وەكو سەركردەی گشتی و فەرمانی پێكرد كە

[1] - مستە فا : ل 173
[2] - Lewis : op cit . pp 56 – 57
[3] - عاصم اسماعيل كوچك : مێژووی اسماعيل غاصم بەرگ **1**، ل **34**

چاکسازی ئەنجام بدات[1]. ئەویش هەستا بەچاککردنەوەی سەنگەرە سنووریەکان و گەلای بەهێزی دروست کردو عارەبانەی شەڕی دروستکرد لەسەرشێوەی عارەبانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا هەستا بەپشت بەستن بەکۆمەڵێك پیشەسازی شارەزاو ماهر لەبواری ئەندازیاریدا. هەستا بەهێنانی شارەزا لە سوید و فەرەنساوە بۆ دروست کردنی تۆپی تازە. لەقوتابخانەی دەریای و قوتابخانەی تۆبخانەو قوتابخانەی ئەندازیاری چاکسازی کرد، هەروەها ژمارەیەك کتێب کەپەیوەندیان بەهونەری سەربازی یەوە هەیە وەری گێڕان لەقوتابخانە سەربازیەکانیدا دەخوێنران، هەروەها یاسایەکی بۆزەربازی پیادە دانا دەستی کرد بەدامەزراندنی تیپی سەربازی تازە لەشێوەی ئەوروپا. لەبۆئەوەی لەداهاتودا دەوڵەت پێویستی بەهێزی ئینکشاری نەبێت کەوای لێهات بوو ببوونە بار بەسەر دەوڵەتەوە. یەکێك لەهۆی دواکەوتنی ئەویاسایەش پێی دەگوترا یاسای (تازە) کەمەرسومێکی هومیونی بۆ دەرچوو لە ساڵی 1793 دا[2]. یەکەم تیپی لە (البستالجیه) دامەزراند بەمەبەستی پارێزگاری کردنی دامەزراوە ئاویەکان لە گوندەکانی بلغراد کوی لەنزیك دەریای ڕەش. تیپێکی تری لە ئەسکوداردروست کرد. لەئەدرنەش تیپێکی دروست کرد. وای لێهات دەبوایە بەشێوەیەکی گشتی هەموو پیاوێك سەربازی بکات. هەستا بەڕێکخستنەوەی تیپی (جبجی)[3] تاساڵی 1806 ژمارەی سەربازانی سوپای تازە گەیشتنە بیست و پێنج هەزار کەس[4] و ژمارەیان هەر زیادی دەکرد گەیشتە شەست هەزار نەفەر[5] ئەوگرنگی دانە هێزی دەریایشی گرتەوە کەڕێگە درا گۆڕانکاری بکرێت لەشێوەی دروست کردنی کەنیساکاندا بەپێی بەرنامەی تازەی دروست کردنی کەشتیا بۆیە حەوزەکانی دروست کرد بەگشتی لەساڵەکانی 1789 – 1798 گۆڕانکاری باشی بەخۆیەوە بینی. هەرلەو کاتەدا چل و پێنج کەشتی دروست کران بەتازەترین شێوە هەروەها قوتابخانەی دەریای گرنگی پێدرا. چاودێری پزیشکی لەناو

1 - دائره المعارف الاسلامیه، بەرگی 7 ل 416 ئوزوتانا بەرگی 1 ل 647
2 - الشوابکه : ل 31 . ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 648
3 - جەبجی تیپێکی بەرپرسیار بوو لەدروست کردن و چاکسازی لە چەك و تەقەمەنیدا بۆسەربازانی پیادەو تۆبخانە .
4 - الحصری ساگح : وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتی عوسمانی . ل 78 مێژووی دەوڵەتی عوسمانی روبیرت مانتزان : بەشی دووەم . فەصڵی یازدە . سەرەتاکانی کێشەی ڕۆژهەڵات ل 13
5- shawes : selim III and the ottamannaway . Pd 217 – 226





هەموو کەشتیەکاندا دانرا.یاسای باری تەندروستی جێ بە جێ دەکرا کەخەریك بوو ئەو باسەیان هەموولایەکی وڵات بگرێتەوە[1]. لەبواری مەدەنیشدا لەڕاستیدا شۆڕشی فەرەنسی کاری کردە سەر سوڵتان سەلیمی سێیەم، بەڵام ئەو چاکسازیانەی پێی هەستا پەیوەندی بەپێویستی ناو وڵات خۆیەوە هەبوو نەك کارتێکردنی شۆڕشی فەرەنسا[2] هەر لەسەر دەستی ئەنو سوڵتانە وەفدەکانی عوسمانی بۆ ئەوروپا زیادکران. قسەش لەسەر ئەوە دەکرا کەدەیەوێت یاسای (پابەندبوون)[3] هەڵوەشێنێتەوە. هەست بەفرەوان کردنی دیوان و خەزێنەی تازەی دامەزراند بۆ دابین کردنی خەرجیەکان. ئەو چاکسازیانە یارمەتی زیادکردنی دەستەکەوتی (اقطاعات) دەدا کە خاوەنەکانیان پەیمانی خۆیان جێ بەجێ نەدەکرد لە بواری سەربازیدا. سوڵتان ئەو فەرمانەی دەری دەکرد بۆچاکسازی و جی بەجێ کردنیان پێی دەگوترا (قانوننامە) یان (نظمات) چاکسازی سوڵتان سەلیمی سێیەم ناسرا بوبە (یاسای تازە)[4].

لەڕاستیدا ئەو چاکسازیانەی ئەو سوڵتانە جێ بەجێی کرد سەرەتای سەدەی تازە بوو. لەچاکسازی و گۆڕانکاری. بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت بوو لەدەست چاو تێبڕینی ئەوروپیەکان و فشارەکانی ئیستعمار. ئەو تیپە سەربازیتازە دروست بوانە بەپێی یاسای تازە ئازایەتی و شەڕکردنی خۆیان سەلماند لەبەردەم شاری عەتا دژی هێزەکانی فەرەنسا. ئەوەش پاڵی نا بە سوڵتانەوە تیپی تۆپخانە لە هێزی ئینکشاری جیا بکاتەوە لەسەر شێوەی ئەوروپی ڕێکی بخاتەوە. هێزی ئینکشاری بە دو دڵی سەیری ئەو چاکسازیەیان دەکرد. لەترسی ئەوەی کە پێشەکی بێت بۆهەڵوەشانەوەی ئەوان. دەستەڵاتدارەکانیش لەوە توڕەبوون کەپیاوە ئازاکان هەمووپاڵ لە سوپا بدەن ئەوان کەسیان بەدەستەوە نەمێنێت و دەستەڵاتیان لاوازبێت، بۆیە هەردوولا ڕێککەوتن کەڕێ لەچاکسازی بگرن، دوایش زانایانیش پشتگیریان بوون بەبیانوی ئەوەی ئەو چاکسازیە لە ڕۆژئاواوە وەرگیراوە، کەوایان دەزانی ئەوە پێچەوانەی شەرعە هەموودەستیان دایە دەستی یەك بۆ ڕێگرتن لە سوڵتان کە ئەرکە چاکسازیەکان جێ بەجێ بکات.

1 - مستەفا : ل 180. مانتران بەرگی 2 ل 13 – 14
2 - جوت احمد : مێژووی جودت بەرگی 1، ل 182 – 183. .55 – lewis : op. cit. pp. 53
3- Davison : op. cit . p. 24.
4 - الحصری : ل 77 Lewis : pp 56 – 58

نارەزاییەکانی شاری درنەیان کردە پێگە و ناوەندی خۆیان، کەسولتان نیازی هەبوو هێزی سەربازی دژیان بەکاربهێنێت، بەلام نەیتوانی ئەوە بکات [1]، کاتێ نارازیان سەرکەوتن لەرێگرتن لەچاکسازی و یاسای تازە[2]. بەوەش نەوەستان لەرۆژی بیست و هەشتی تەمووزی 1807 دا توانیان سولتان لەسەرکار لابەرن مستەفای چوارەم بخەنە شوێنەکەی[3] و هەستان بەکوشتنی ئەو پیاوانەیدەوڵەت کە پشتگیریان لەیاسای تازەدەکرد[4] . لەراستیدا هەڵوەشاندنەوەی چاکسازیەکانی سولتان سەلیمی سێیەم دوای لابردنی لەساڵی 1807 دا بەلگەی ئەوەبوو کەئەوچاکسازیانە پشتگیر و لایەنگری بەهێزی نەبووە. بیری رۆژئاوایش لەناو کۆمەلگەی عوسمانیدا رەگی دانەکوتابوو. تاکوبپێتە هۆی ئەوەی ئەو گۆرانکاریە قبوڵ بکات. سەرباری کۆمەلێك کێشەی ناوخۆ و دەرەوە کەبەشێك لەتواناکەی بەهەدەر چوو بەتایبەت توند رەوی دەرەبەگەکانی ئەنادۆڵ و بەلقان و ولاتانی عەرەبی، بەلام دەتوانین بڵێین کەسەردەمی سولتان سەلیمی سێیەم سەرەتای فێر کاری سەربازی بوو لەرۆژئاواوە وەرگرتنی زانستەکانی تر لە ئەوروپا[5].

## بەردەوامبوونی ناکۆکی دەربارەی یاسای تازە

سولتان مستەفای چوارەم (1807 – 1808) توانایەکی وای نەدایە کەسایەتی خۆی بۆدرێژە پێدانی چاکسازی بەلکو خۆی تەسلیمی داواکاری ناوەندەکانی پارێزگار کرد. خۆی بەقەرزداری ئینکشاریەکان دەزانی کەگەیاندویانەتەسەر تەخت و قەرزداری شێخی ئیسلام عەتاللا ئەفەندی بوو، کەداواکاری ئەوانەی بەجێ هێناو بوبەچارچە لەدەستیان دا. لەراستیدا دەستەلات لە پایتەخت لەدەست ئەوانەدابوو. هەربۆیەش هەستان بەدانانی (قبابچی لوغلی) وەکو فەرمانەدەی گشتی بۆ هەموو سەنگەرەکانی ولاتی بسفور[6].

[1]- Lewis : op cit . p . 20
[2] - Ibid

[3] - محمد فريد بك : ل 393
[4] - هەمان سەرچاوە.
[5] - مستەفا : سەرچاوەی پێشوو : ل 175 – 183.
[6] - محمد فريد بك : ل 394.





یاسای تازە هەڵوەشایەوە کارپێ کردنن بەیاسا کۆنەکان دەستی پێ کردەوە. پۆستەکانیش درایەوە ئەو کەسانەی کە پێشتر لابرابوون. لەهەمان کاتیشدا دەستیان کرد بە وەلانانی چاکسازی خوازەکان لەناوولاتدا پەرش و بلاویان کردن، بەلام یاسای تازە پشتیوانی لایەنگری باش و بەهێزی لەدەرەوەی خۆی کۆکردەوە لە هەندێك لە ولایەتەکان، کەئەوانەلابردنی سولتان سەلیمی سێیەم و رووداوەکانی پێش ئەوو یاخی بوونی ئینکشاریەکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای تازە شەرمەزارکرد. هەرلەئەنجامی ئەوەشدا ولات بو بەدوپارچە.. لەلایەنگرو دژایەتی کردنی یاسای تازە. دوبەرەکی پەرەی سەند لەنێوان هەردوولادا. ئینکشاریەکانیش هەمیشە دەستی ئاژاوە گێریان هەبوو کەلکیان لە پەشێوی بواری سەربازی و سیاسی ولات وەردەگرت بەلام هەندێك لەلایەنگرانی چاکسازی لە روستەجق دانیشتبوون کەناسرابوو بە ناوی روستەجق یارانی یان (خلان روستەجق) کە میتەفا بەیرە قدار سەرۆکایەتی دەکردن کەفەرمانداری ولایەتی سیلستریە و فەرماندەی سەربازی سنووری روباری دانوب بوو. بریاریان دا کەبەرەو پایتەخت بچن بۆئەوەی کارو بارەکان وەکو خۆی لێ بکەنەوە [1] وەبەیرەقدار توانی(سەدری ئەعزەم) مستەفا سەلبی رازی بکات کە شێخی ئیسلام سزابدرێت و قەباقچی ئۆغلی لەناوببرێت کەئەوانە بەرپرسی ئەو یاخی بوونە بوون و سولتان سەلیمی سێیەمیان لەسەرکار لابرد و. قەباق چی کوژ را لەناو کۆشکەکەیدا لەدەرەوەی شاری ئەستەمبوڵ[2]. کاتێ سولتان مستەفای چوارەم ئەورووداوانەی بیست. ترسا کە لەسەرکاری لاببەن فەرمانی دا شێخی ئیسلام عەبدوڵلا ئەفەندی لەسەرکارلاببەن سەربازەکانی قەباقچی چەك بکەن[3]، بەلام مستەفا بەیدەقرار سوور بوو لەسەر گێرانەوەی سولتان سەلیمی سێیەم بۆسەرتەخت.

(سەدری ئەعزەم) مستەفا شەلبی دەستگیر کرد، سولتان مستەفا ی چوارەم هیچی بەدەست نەما کەفەرمانی دا بەکوشتنی سولتان سەلیمی سێیەم. لاشەکەیان فرێدایە بەردەم شۆرشگێرەکان بە هیوای واز لەشۆرش بهێنن بەلام ئەو کارەی

[1] - الشناوی : بەرگی 1 ل 532 ئۆزوتونا : بەرگی 1 ل 662
[2] - محمد فريد بك : ل 396
[3] - هەمان سەرچاوە : Lewis . op . cit p 74

دەرەنجامەکەی پێچەوانە بوو کەشۆڕشگێڕەکانی سوورتر کردلەسەر کارەکەیان و هەستان بەلابردنی سوڵتان و دانانی مەحموودی برای لە شوێنی[1] دانا.

## تێکچونی بارو دۆخی بەلقان

کۆمەڵێك پەشێوی پەیدا بوون لەئەنجامی جیاخوازی نەتەوە بچوکەکانی بەلقان لەدەوڵەتی عوسمانی کە ئەمە سەرپێچی و پێ شێل کردنی یاسا بوو لەلایەن هاووڵاتیانی مەسیحی یەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کێشانە لەوەوە سەریان هەڵدەدا کەدەوڵەتی عوسمانی هەوڵی نەدەدا بەتایبەت دوای شەڕە بەناوبانگەکەی کۆسۆڤۆ کەدەمارگیری ئەو نەتەوانە بتوێنێتەوە، هەروەها هەوڵی نەدەدا کەزمان و داب و نەریتەکانیان لاوازبکات و لەگەڵ گەلانی تری عوسمانی بیان گونجێنێت، بۆیە هەستی نەتەوایەتی ئەوانە هەروەکو خۆی مایەوە. هەرکاتێك هەلیان بۆ ڕەخسابێت هەوڵی جیابوونەوەیان داوە، چونکە قەوارە نەتەوەییەکەیان هەرلەشوێنی خۆی بوو. دەیتوانی کە خۆی بگرێت لەبەردەم هێزەکانی عوسمانیدا. یەکەم بڵێسەی ئاگری شۆڕشلەبەلقان لەلایەن سڕبەکانەوە بوو، کەهەمیشە وڵاتی سڕبستان وڵاتێکی دژە عوسمانی بوو، بەڵام خراپی والییە عوسمانییەکانیش هۆکاری سەرەکی بوو کەئەو گەلانە هەمیشە هەست بە چەوسانەوە و هەمیشە بیر لە خۆڕزگارکردن بکەنەوە، بێ جگە لەوەش پێشتر هەڵسوکەوتی ئینکشاریەکان ئەوەندەی تر ئەو گەلانەی وا لێکرد بوو کەدوژمنی دەوڵەتی عوسمانی بن. ئەوەی کە بارودۆخەکەی خراپ تر کردبوو ئەولەشکرکێشانەبوو کە بازوەند ئۆغلی بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئەخلاق پێی هەڵدەستا، کەئەوەندەی ترس و ڕقی خستە دڵی گەلانی بەلقان بەتایبەت بولگاریا.

بەم شێوەیە زۆرداری و ستەم دژی ئەو خەڵکە پیادەکرا لەناوچەی بەلقان بۆیە ئاگری شۆڕش بڵسێسەی سەند دژی ئینکشاریەکان و دژی گەندەڵی و خراپەکاری و چەتەو ڕێگرەکان. هەرلەوکاتەدا سڕبەکان دونوێنەریان نارد بۆ ئەستەمبوڵ. بۆسکاڵاکردن و داواکردن لە دەوڵەت کەڕزگاریان بکات لەودەست درێژی یانەی دەکرێتە سەریان. دەوڵەتیش وەڵامی داوایەکەی دایەوەو فەرمانی بەوالی بلغراد کرد کە هێزی

[1] - محمد فرید بك :ل **397** ئۆزوتونا بەرگی **1** ل **663**.





ئینکشاری لە وڵاتی سڕب دەربکات، بەڵام ئەوانە توانیان والی بکوژن و دەست بەسەر بلغراد دابگرن دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی خراپەکاری لەوڵاتدا. بۆیە سڕبەکان هەراسان بوون ناچار کران دەست بدەنە شۆڕش بەسەرکردایەتی جورج بژۆڤیتس ناسراو (جورجە ڕەش) توانیان ئینکشاری لە وڵات دەربکەن هەموو لەژێر فەرماندەی چوارچرا کۆبوونەوە کەڵکیان لەبێ هێزی دەوڵەت وەرگرتبوو.

هەوڵی جیابوونەوەیان دەدا، بەڵام دەوڵەت بێ دەنگ نەبوو لەبەردەم ئەودەست درێژیانەی سربەکان دەستی کرد بە ناردنی سوپا بۆسەرکوت کردنی شۆڕشەکەیان بەڵام شەڕ لەنێوانیاندا کەڕو فەڕبوو درێژەی کێشا هەتا هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ڕووسیا و عوسمانیدا، کەدوای باسی دەکەین. دەوڵەتی عوسمانی سەرباری شۆڕشی سڕبەکان دوچاری شۆڕشی هەندێك سەرکردەی ناوخۆبوو لە روملی ئەلبانیا وەکو بازوەند ئۆغلی و عەلی پاشا والی یانینا بەمەبەستی جیابوونەوەی دەوڵەت.

# بەشی نۆیەم

## پەیوندیەکانی عوسمانی – سەفەوی

## پەیوەندییەکانی عوسمانی – نەمساو مەجەر

### پەیوەندییەکانی عوسمانی سەفەوی لەسەدەی حەڤدەدا

پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەدەی حەڤدەدا بەردەوام ئاڵۆز بوو. هەرلەونێوەدا شا عەباسی گەورە (1587 – 1629) لەئێران دەرکەوت وەکو فەرماندەو پیاوی دەوڵەت کەگێڕانەوەی ئەو خاکەی سەفەویەکان لەدەستیان دابوو لەلای سنووری ڕۆژئاوا وڵات خستنە سەرشانی خۆیی بەهێزی سەربازی [1] لەڕاستیدا پەیوەندییەکان لەسەردەمی شا عەباسدا بەسێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕین. قۆناغی یەکەم لەسەرەتای دەستەڵاتی شا عەباس دەستی پێکرد هەتا ساڵی 1602 بەردەوام بوو کە ئەم قۆناغەیە بەوە ناسرا بوو کە عوسمانییەکان پێش کوتن سەفەویەکان بەرەو دواوە گەڕانەوە و لەزۆر شوێن تەسلیم بەعوسمانییەکان بوون، بەڵام قۆناغی دووەم قۆناغی بەربەرەکانی بەردەوام بوو. ئەم قۆناغەش بەوە دیار بوو کەشەڕەکان لەناو خاکی سەفەویەکاندابەردەوام بوو شا لەوقۆناغە هەوڵی دەدا کەئەوخاکەی عوسمانییەکان داگیریان کردبوو بەدەستی بهێننەوە.ئەم قۆناغەش لەساڵی 1602 بۆ 1623 بەردەوام بوو، بەڵام قۆناغی سێیەم ئەم قۆناغەش بەشکستی عوسمانییەکان ناسرابوو ئەو قۆناغە هاوڕێ بوو لەگەڵ هێرشی توندی سەفەویەکان کەتوانیان بەشێکی زۆری عێراق داگیر بکەن.دانینی لەدەستی عوسمانییەکان ئەم قۆناغەش لە ساڵی 1623 دەستی پێ کرد تا مردنی شا ساڵی 1629[2]. شاعەباس لەسەرەتای ژیانی سیاسیدا لەگەڵ دوو دوژمن ڕوبەڕو بۆوە. یەکێکیان ئوزبەکیەکان بوون لەڕۆژهەڵات و عوسمانییەکانیش لە ڕۆژئاوا، کەنەی دەتوانی لەکاتێکدا لە دوو بەرەدا شەڕ بکرێت. بۆیە هەستا بە ئەنجامدانی ئاشتییەکی

---

1 - أوزوتونا : بەرگی 1 ل 448 .

2 - جمعە، بدیع محمد : شا عباسی گەورە ل 201 .





سەرشۆڕانە لەگەڵ عوسمانییەکان لەسەرەتای ساڵی 1590 دا کە وازی هێنا لەئازەربایجان و کەرەج و بەشێك لە لورستان پەیمانی دا کەوازبهێنێت لە جنێودان بە سێ خەلیفەی یەکەم و جنێودان بەحەزرەتی عائیشە، هەروەها حەیدەر میرزای برازای وەکو بارمتە بنێرێت بۆ ئەستەمبوڵ هەروەها هەردوولا ڕێککەوتن کە دیلەکان بگۆڕنەوە[1]. عوسمانییەکان ئەو ئاشتییەیان قبوڵ کرد. لەکاتێکدا دەیانتوانی خاکی زیاتر لەئێران داگیر بکەن. بڵام بەو پەیمانە ئاشتی یە دوو ئامانجیان دەست کەوت. یەکەمیان : دڵنیا بوون لەبەرەی ڕۆژهەڵات و یەکلای بوونەوە بۆ ئەوروپا. دووەمیان : وەستانی ئەو هێرشە دوژمنکارانە بوو کە دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب دژی مەزهەبی سوننە بەڕێوەی دەبرد. بەتایبەت دژی هەرسێ خەلیفەی یەکەمی ئیسلام[2]، دوای نەمانی مەترسی ئوزبەك لەسەر سەفەویەکان. شا ڕووی لە عوسمانییەکان کردەوە، هەوڵێکی زۆریدا بۆبەهێزکردنەوەی سوپاکەی ئامادەبوون بۆبەرەنگاربوونەوەی داهاتوو. دەیویست سوپاکەی لەسەر شێوەی سوپا تازەکان دروست بکاتەوە. تا وای لێهات سوپای فارسی بوو بە سوپایەکی بەهێز توانای شەڕی بەرز بۆوە. شا عەباس هەلی بوونی ئەفسەرێکی بەریتانی لە ئێران بەهەلزانی کەناوی ئەنتونی شبرلی بوو زۆرکەڵکی لەشارەزای ئەو ئەفسەرە وەرگرت بۆ بەهێز کردنی سوپایەکەی [3] کاتێ هەستی کرد کە بەهێزبووە دەستی کرد بەپەلاماردانی سەنگەرە سنووریەکانی عوسمانی. بەتایبەت ولایەتە فارسەکان کەلەدەستی عوسمانییەکاندا بوون، ئەوەشی قۆزتەوە کە دەوڵەتی لەشەڕدایە لەگەڵ نەمسا، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی خەریکی سەرکوت کردنی ئەو شۆڕشانەی کەپەیرەوانی ڕێبازی (جەلالیە) لە ئاسیای بچوك پێی هەستا بوون. بۆیە تەورێزی لە ساڵی 1603 دا دوای قان و شیروان و قارسی داگیر کردووە. دوای ڕووی لە عێراق کرد کەلەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوو. ئێران زۆر دڵخۆش بوو بە لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی

---

1 - هدایت : رضا قلی خان : پەیوەستی مێژوو روضة الصفاء بەرگی 8 ل 258 – 259

2 - جمعە : ل 166 – 167 .

3 - بروکلمان : مێژووی گەلانی ئیسلامی : ل 503

بەتایبەتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سەربەخۆی خوازەکان [1] ، دوای تێکشکانی سوپای عوسمانی لەچەند شەڕێکی یەك لە دوای یەك و کۆچی دوای بەناوبانگترین فەرمانده. دەوڵەت ناچار بوو مل بەئاشتی بدات گفتوگۆ لەنێوان هەردوولایەنی عوسمانی و سەفەوی دەستی پێکرد و پەیمانێکی ئاشتی لێکەوتەوە لە ساڵی 1612 دا کەهەردوولا ڕێککەوتن کەدەوڵەتی عوسمانی ئەو قەڵاو سەنگەرانە چۆل بکات، کە لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە ئازاد کراون[2]. سەفەویەکان ئازەربایجانیان بەدەست هێنایەوە ئەوە یەکەم جارە دەوڵەتی عوسمانی واز لەوخاکە بهێنێت کە پێشتر بەشەڕ ئازادی کردووە. یەکەم زەنگی مەترسی بۆ هەڵوەشانی لاشەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی لەدەوڵەتی عوسمانی ڕوویاندا بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان عوسمانی دووەم (1618 – 1622) پاڵی نا بە شا عەباسەوە کەچەند هەولێك بدات بۆ گێڕانەوەی ئەو خاکەی لەدەستی دابوو بەرانبەر عوسمانییەکاندا هەر لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە، بەڵام دەرەنجام بەپێچەوانەی بەرنامەکانی ئەو بوو. هێزەکانی عوسمانی توانیان هێرشی سەفەوییەکان تێك بشکێنن جارێکی تر شاری تەورێز بگرنەوە. بۆیە شا عەباس ناچاربووکەڕازی بێت بە تازەکردنەوەی پەیمانی ساڵی 1612،بەڵام هەر چاوەڕێی هەلی دەکرد کە ئەو ناوچانەی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی[3].

جارێکی هەلی بۆ ڕەخسایەوە لەساڵی 1622 دا کە چەند ئاژاوەیەکی ناوخۆ ڕویاندا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، لەئەنجامی ئەوەدا سوڵتان عوسمانی دووەم کوژرا. بۆیە یەکێك لەسەرکردە سەربازیی گەورەکان لە بەغدا کە ناوی بەکر سوباشی بوو دوای هەستا بەکوشتنی والی شاری بەغدا، یوسف پاشا لەو شارەدا دەستەڵاتی گرتە دەست و یاخیبوونی خۆی لەئەستەمبوڵ ڕاگەیاند. (بابی عالی) لەو ڕوداوەدا بێ دەنگ

[1] - سەیری ئەو بابەتەبکە کە پەیوەندی بە شەڕی شا عباس هەیە لەگەڵ عوسمانیەکان ( مێژووی نحیما ) : بەرگی 1 ل 340 – 359 – 384 – 389 هدایت : بەرگی 8 ل 346 – 355

[2] – پاروکی، رضا : مێژووی ئێران لە مەغۆلەوە تائەفشاریە ل 328 ز. ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 449

[3] - هدایت : بەرگی 8 ل 44





نەبوو، چونکە بەغدا شارێکی گرنگ بوو، هەروەها شارێکی ستراتیجی بوو، بۆیە حافیز پاشا دەبی بکر تەمبێ بکرێت و بڕوخێت[1].

بەکر هەستی کرد کەناتوانێ لەگەڵ هێزی عوسمانی شەڕ بکات. داوای یارمەتی لە شا عەباس کرد و بەڵێنی پێدا کە شارەکەی تەسلیم بکات کە ئەمە هەلێکی زێڕین بوو شا عەباس قۆزتیەوە و سوپاکەی نارد بۆ عێراق حافیز پاشا سەیری کرد بەغدا شارێکی زۆر قایمە ناتوانێ بەسەریدا سەربکەوێت بۆیە شێوازێکی دیکەی گرتەبەر، ئەویش چارەسەری کێشەکە بووبە ئاشتیانە بۆئەوەی سەفەویەکان لە بەغدا دوربکەونەوە. بەکریش بەوە ڕازی بوو کرایەوە بە والی بەغدان، حافیز پاشاش ناوچەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە[2].

بەکر ڕازی بوو بە والی بەغدا، چونکە فارسەکان نەیاندەکردە والی، بەڵام دەتوانێ لەگەڵ عوسمانییەکان لێك تێ بگەن،کەچی شا عەباس گوێی نەدایە ئەو ڕوداوانەو گەمارۆی بەغدای تونتر کرد، دوای سێ مانگ شارەکەی گرت. ئەویش بەیارمەتی محەمەد سوباشی کوڕی بکر کە پاراستنی قەڵاکانی بەدەست بوو، کەهیوای ئەوەی هەبوو شا عەباس بیکات بە والی بەغدا دوای باوکی بەڵام بەغدای داگیر کردو کوڕو باوکی بەیەکەوە کوشتن لە 1623 م دا [3] .

دوای ئەوە لەساڵی 1629 شا عەباس مردو کوڕەکەی میرزا کە زۆر منداڵ بوو دەستەڵاتی گرتە دەست. دەوڵەتی عوسمانی ئەمەیان بەهەلزانی، هەوڵیاندا خاکی عێراق و ئەوشوێنانەی لەم دواییەدا لەدەستیان چووە بەدەستی بهێننەوە. لەساڵی 1630 دا سوپای عوسمانی شاری هەمەدانی داگیر کرد لەسەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمدا (1623 – 1640)، بەڵام نەیتوانی شاری بەغدا بگرێتەوە بەهۆی هاتنی وەرزی زستان لەبەهاردا هێرشی بۆکردەوە کە هەرسەرکەوتوو نەبوو بەهۆی یاخی بوونی ئینکشاریەکان[4]، بەڵام وادیار بوو کە سوڵتان مورادی چوارەم سوور بوو

[1] - دحلان :احمد زین الدین / ئازادکاری دەوڵەتی ئیسلامی لەدوای ئازادکاریەکانی سەردەمی پێغەمبەر بەرگی 2 ل 131

[2] - دحلان : بەرگی 2 ل 131.

[3] - هەمان سەرچاوە : ل132

[4] - محمد فرید بك : ل 282 ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 477

لەسەر ئەوەی کە وڵاتی عێراق و ئەوناوچانەی لەدەستی چووە هەرلەسەردەمی سوڵتان سلێمانییەکەمەوە داگیر بکاتەوە.

بۆیە لەساڵی 1638 دا [1] بەسەرۆکایەتی سوپا بەگی گەورە رووی لە بغداد کرد و لەهەموو لایەکەوە گەمارەی دا لە کانونییەکەمی هەمان ساڵدا داگیری کرد. سەفەویەکان ناچار بوون کە پەیمانی (قصر شیرین) مۆربکەن لە بیست و حەوتی ئایاری ساڵی 1639 دا.

کەئەو پەیمانە بوبە بنەڕەتی پەیمانی سنووری یەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوی سەفەوییەکان وازیان لەشاری بغدا هێنا لەبەرانبەردا عوسمانییەکان وازیان لەشاری روان هێنا بۆ سەفەوییەکان [2] .

[1] - ئوزوتونا : بەرگی **1** ل **480** – **482** Hammer : op cit II . pp 483 – 484

[2] - هەمان سەرچاوە : ل**483** Ibi : pp 489 – 490 .





**پەیوەندی عوسمانی و سەفەوی لەسەدەی هەژدەدا.**

**سەفەوییەکان لە نێوان عوسمانی و روسەکاندا :-**

لەسەرەتایی سەدەی هەژدەدا فارسەکان دوچاری هێرشێکی توندبوون لەلایەن ئەفغانیەکانەوە. لەڕاستیدا دەوڵەتی فارسی لەسەردەمی شا صنیدا (1694 – 1722) دا دوچاری شکست بوون.

لەئەنجامی ئەوناخۆشی یەی کەهەبوو لەسەر تەختی پاشایەتی کەئەو پاشایانە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی مەزهەبیانەی شیعەگەریان پەیڕەو کرد کەئەوە رقی ئەفغانیە سونیەکانی هەستاند و کەولایەتی قەندەهار بەناو شاوە فەرمانڕەوای دەکرا. کە أویس والی قەندەهار یاخی بوونی خۆی لەفارسەکان راگەیاند و دەستی بەشۆڕشکرد. لەساڵی 1709 سەربەخۆی راگەیاند. لەساڵی 1722 دا. مەحموود کوڕی أویس هێرشی کردە سەر وڵاتی فارس و شاری ئەسفەهانی گەمارۆ دا شا حسینی ناچارکرد کەواز لەتەختی پاشایەتی بهێنێت[1] هەر لەوکاتەشدا چەندین جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی لە گۆشەو کەناری وڵات سەریان هەڵدا بەتایبەت کورد و ئوزبەکەکان عەرەبەکانیش دەستیان گرت بەسەر مسقط و بەحرینە دا. ئەو بارو دۆخە تایبەتیانەی ناوخۆی وڵاتی فارسی وای لە روس بطرس گەورە (1689 – 1725) کرد کەچاو ببڕێتە وڵاتی فارس و دەست بکات بەفرەوان خوازی لە ولایەتی کەرەج و فارس و قەوقاز و دەریای قەزوین بکاتە دەریایەکی روسی. بۆیە هەستا بە پشتیوانی کردنی شا حسین دژی ئەفغانەکان. ئەوبارو دۆخە ئالۆزەی بەهەلزانی دەستی گرت بەسەر تاغستان و قەڵاکانی دەربەندی باکۆی ڕۆژئاوا. پەیمانیشی لەگەڵ شاتەهماسب کوڕی شا حسین بەست کەتەنیا ولایەتی قەزوین و گیلان و مازندران واسترابادی بەدەستەوە مابوو[2].دەوڵەتی عوسمانیش ئەو بارودۆخەی دەوڵەتی سەفەوی قۆزتەوە بەشداری کرد لە پارچە پارچە کردنی دەوڵەتی سەفەویدا. بۆیە سوپایەکەی

[1] - الکرکوکلی، شێخ رسول : دوحة الوزاء فی تاریخ الوقائع بغداد الزوراء : ل **16** بروکلمان : ل **524**.

[2] - البطریق ونوار : مێژووی تازەی ئەوروپا : ل 258 – 259.

دەستی گرت بەسەر ئەرمینیا و وڵاتی کەرەجی هاوسنوور لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. دیاربوو گەیشتنی هێزەکانی روس بۆ قوڵای خاکی سەفەوی وەکو هەرەشەیەك بۆ ئەو ناوچانەی عوسمانییەکان داگیریان کردبوو. سوڵتان ئەحمەد سێیەم (1703 – 1730) م نوێنەری نارد بۆلای بطرس گەورەکەپێی ڕابگەیەنێت کەبەردەوام بوونی پێش ڕەوی هێزەکانی روس لە سەرحسابی دوڵەتی سەفەوی واتای ڕاگەیاندنی شەڕە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی[1]. وەکو ئاشکرا بوو بطرس گەورە پێی باش نەبوو لەسەر خاکی ئێرانی لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو عوسمانی بکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بۆیە وای پێ باشترە کە پێشڕەوی سوپاکەی بوەستێنێت. لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕێك کەوێت بۆیە بەهۆی باڵوێزی فەرەنسا لەئەستەمبوڵ کێشەکانی نێوان خۆیان چارە سەر کرد لەسەر حسابی وڵاتی ئێران[2].

بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا بەپێی پەیمانێك وڵاتی فارسیان لەنێوان خۆیان دابەشکرد لە بیست وچواری حوزەیرانی 1724 دا، کەهەردووکیان پارێزگاری لەو خاکە بکەن کەدەستیان بەسەردا گرتووە لە وڵاتی ئێران هاوپەیمانێکیان بەست دژی هەر هەوڵێك کە تەهماسب پێی هەڵسێت بۆ گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان لەلایەن هەردوولاوە[3]، بەڵام زۆری پێنەچوو کە بطرس گەورە لە 1725 دا مرد، کە دوای ئەو ڕووسیا تووشی چەندین کێشە بوو کە لەئەنجامدا کاترینی دووەم لەسەرتەختی ڕووسیا دانیشت، کەلەسەردەمی ئەودا ڕووسیا چالاکی سەربازی دەست پێ کردەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی.

بەمەبەستی بەهێزکردنی هەڵوێستی سەربازی لەئەوروپا قەیسەری ڕووسیا پەیمانی لەگەڵ نەمسا بەست بۆیە دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو کەسنووری ڕۆژهەلات بەهێز بکات و توندی بکات دژی هێرشی چاوەنکراوی ڕووسیا[4].لەڕاستیدا سەفەوییەکان لەوکاتەدا توانای ئەوەیان نەبوو کەبەربەرەکانی عوسمانییەکان بکەن هەرچەند زۆر

1 - محمد فريد بك : ل 318 .

2 - هەمان سەرچاوە . البطريق وتورا : سەرچاوەی پێشوو : ل 259

3 - سرهنگ : ل 206 دەقی پەیمان نامەکە دەبینی مێژووی اسماعيل عاصم . كوچك جلبي زاده ل 158 – 169

4 - البطريق وانوار : 259





جار هەوڵیان دەدا بۆئەوەی عوسمانییەکان لەوناوچانە دەربکەن کەدەستیان بەسەر داگرتووە. هەرئەو بێ هێزیە وای لە عوسمانییەکان کرد کەجارێکی تر هێرش بکەنەوە و چەندین قەڵاو شاریان دەست بەسەرداگرت وەکو هەمەدان و روان وتەورێز[1] هەر لەسەر دوبەرەکی لەسەر دەستەڵات لەناو دەوڵەتی سەفەویدا شا ئەشرەف کە میر مەحموودی کوشت و دەستەڵاتی گرتە دەست لەساڵی 1725 م دا و پەیمانی بەست لەگەڵ عوسمانییەکان بۆبەربەرەکانی شا تەهماسب لەبەرانبەر وازهێنان لەهەموو ئەوناوچانەی کە کەوتۆتە دەستی عوسمانییەکان لە خاکی ئێران[2].

کاتێك شا ئەشرەف مرد، تەهماسب بۆدەستەڵاتی سەفەوییەکان یەکلای بۆوە بڕیاری دا کەسەروەری سەفەویەکان بگەڕێنێتەوە بۆیە داوای لەدەوڵەتی عوسمانی کرد کەهەموو ئەوناوچانە چۆل بکات کە پێشتر خاکی سەفەوی بوون[3]لێرە دا سوڵتان ئەحمەدی سێیەم دوو دڵ لەوە کەشەڕ ڕابگەیەنێت دژی سەفەویەکان کە هێزی ئینکشاری لێی ڕاپەڕین و لەسەر کاریان لابرد لەساڵی 1730 دا مەحموودی یەکەم کەبرازای بوو لەسەر تەختی دەستەڵات دانا[4]، دەوڵەتی عوسمانی لەوکاتەدا تووشی کێشەی سیاسی ناوەوەی بوو تووشی کێشەی سەربازی دەرەوە بوو.

لەبەر ئەوە ڕۆڵی دەستەڵاتی ناوەند کەمێك بێ هێزبوو ناچاربوو بۆدژایەتی کردنی ئێران پشت بە سەرکردە ناوچەییەکان ببەستێت. لەوبارودۆخە ناسکەی دەوڵەتی عوسمانی شا تەهماسب هێرشی کردە سەر ئەوناوچەو شارانەی کەدەوڵەتی عوسمانی داگیری کردبوون کەتوانی تەورێزو همدان و کرمانشا بگرێتەوە[5]هەروەها نادر شا کەیەکێك لەوالی یە بەهێزەکانی فارس دەستی گرت بەسەر ئازەربایجان و بەشێك لە عێراق بەڵام عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەرو لەعێراق دەریان کردوو تا همدان راویان نا. دوای ئەوە ئەوەندەی نەبرد کە تەهماسب هێرشی دەست پێکردەوە دژی

1 - سرهنگ : **206**

2 - الكركوكلي : هەمان سەرچاوە ل **23**.

3 - هەمان سەرچاوە : ل **25**.

4 - محمد ريد بك : ل **318– 319**.

5 - رەچەکی لە هۆزێکی تورکمان بوو بەناوی ئەفسەر.

ولایەتەکانی عوسمانی لەناو ئێراندا، بەڵام لەساڵی 1732 تووشی شکستی گەورە بوو.

لەبیابانی توریجان لەبەردەم سوپای عوسمانیداو بەفەرماندەی ئەحمەد پاشا والی بغداد. ناچار بۆ بێدەنگ کردنی عوسمانییەکان داوای ئاشتی بکات بەپێی رێککەوتننامەیەك کە دەوڵەتی سەفەوی وازی لەوناوچە ئێرانیانە بێت کە دەوڵەتی عوسمانی داگیری کردوون[1]

گرنگترین بەندەکانی ئەمانە بوون :-

- روباری ئەلرس سنووری سروشتی نێوان خاکی عوسمانی و سەفەوی بێت.
- دەوڵەتی سەفەوی وازبهێنێت لەشارەکانی جانجاوتفلیس و نخشاوند و هەمەدان و لورستان. بەواتایەکی تر لەهەموو ولایەتەکانی رۆژئاوای فارس کەدەوڵەتی عوسمانی دەیویست بیان لکێنێت بە خاکی خۆیەوە.
- ئاسان کاری بازرگانی لەنێوان ئەستەمبوڵ و اسفەهان[2]دانانی باڵوێزخانە لەپایتەختی هەردوولا، بەڵام وادیاربوو نادر شا بەوە رازی نەبوو بۆیە هەستا بەلابردنی شاودانانی کوڕە بچوکەکەی (عەباس) لە شوێنی خۆشی کرد، وەصی پاشای منداڵ. ناونرا تەهماسب قولی. رای گەیاند کەسەرۆکایەتی سوپاکەی دەکات بۆوەرگرتنەوەی مافی وڵاتەکەی لەعێراق[3]، بۆئەوەی بۆئەوکارە یەکلای ببێتەوە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ رووس گرێدا[4]. دوای ئەوە نادرشا بەرەو عێراق بەرێ کەوت و زۆربەی شارە گەورەکانی داگیر کرد. لە نۆزدەی ئازاری 1733 دا شاری بەغدای گەمارۆ دا. والی شار ئەحمەد پاشا داوای یارمەتی لەئەستەمبوڵ کرد[5].

[1] - الكركوكلی : ل 28 Ehcy of islam. II . p 810
[2] - محمد فريد بگ : ل 321 . سرهنگ : 208 – 209، نوار . عبدالعزيز سلێمان : گەلانی ئیسلامی ل 308
[3] - Jones . w . history of the life nadr sha king of persia . p4 كركوكلی : ل 29 ز جودت، احمد : بەرگی 1 ل 73 .
[4] - بروكلمان : ل 525
[5] - الكركوكلی : سەرچاوەی پێشوو . ل 29





- سوپای عوسمانی بەفەرماندەی عوسمان تۆباڵ بەرەو بەغدا کەوتە رێ وەلەگەڵ سوپای نادر شا بەشەڕ هات کە بەسەریدا سەرکەوتو بەسەرکەوتووی گەیشتە شاری بەغدا[1] بەڵام نادر شا دوای چەند هەفتەیەك توانی سوپایەکی تر کۆبکاتەوە جارێکی تر هێرشی بکاتەوە بۆسەر عێراق لەگەڵ سوپای عوسمانی لەنزیك شاری بغدا بەیەك گەیشتن بەڵام لەبیست و شەشی تشرینییەکەم ساڵی 1733 دا سوپای عوسمانی تێك شکاو عوسمانی پاشا لەوشەڕە کوژرا[2]. دوای ئەوسەرکەوتنە نادر شا هەر ئامادەی درێژە پێ دای شەڕبوو، بەڵام هەواڵی هەڵگیرسانی یاخی بوونی پێ گەیشت لە ولایەتی فارس بۆ پشتیوانی کردنی سەفەویە لەسەر کارلابراوەکان. بۆیە ناچاربوو لەساڵی 1736 پەیمانی ئاشتی بەناوی پەیمانی تفلیسی ببەستێت. لەسەر بنچینەی گێرانەوەی کارو بارەکان بۆپێش فرەوان خوازییەکان دەوڵەتی عوسمانی لەناو ئێراندا. دەوڵەتی عوسمانی وازی لەهەموو دەسکەوتەکانی هێنا بەبەغداشەوە[3]. بەم جۆرە هەموو ئەوناوچانەی دەوڵەتی عوسمانی لەئێرانییەکان داگیری کرد بوو. گەڕایەوە بۆ ئێرانیەکا. نادر شا لەوکاتەدا خۆی بەسەرکەوتوودەزانی بۆیە هەندێ مەرجی لەسەر عوسمانییەکان فەرزکرد کەمەرجەکان مەزهەبی و ستراتیجی و قورس بوون. لەئازاری هەمان ساڵدا گەڕایەوە بۆ ئێران بۆئەوەی ئاهەنگی سەرکەوتن و راگەیاندنی خۆی وەکو ئیمپراتۆری ئێران. دوای شا عەباس میرزای لەسەر کار لابرد و خۆی نادرشاه[4]. بەم شێوە ئەو سەرکردە ئەفشاریە کۆتای بەدەستەڵاتی سیاسی سەفەوییەکان هێنا لەناوچەکەدا. بۆئەوەی خۆی ئەرکی بەربەرەکانیە مەزهەبیەکان بگرێتە ئەستۆ. تاکو ئامانجە ستراتیجیە مەزهەبەکانی ئێران، کەشیعەگەری بوو دژی مەزهەبی سوننە کە عوسمانییەکان ئالای ئەو مەزهەبەیان هەڵکردبوو لەناوچەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و عێراق[5].

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 33 – 34 الجميل، سيار : سەرچاوەی پێشوو ل 46
[2] - هەمان سەرچاوە : رافق . سەرچاوەی پێشوو ل **328**
[3] - الكركوكلی : ل **35** . سرهنگ : ل **209**
[4] - هەمان سەرچاوە، ل **37** محمد فريد بك : ل **321** . olson , Robert: the siege od mosil and the ottoman Persian relatioms. 1713 – 1743, pp. 98 – 99.
[5] - Durand , Mortimer: nadir shaq : p. 76.

– نادرشا بۆچوون ی وابوو كەدەتوانێ گۆڕانكاری ڕسشەی لە وڵاتدا بكات. بەتايبەت لەبواری مەزهەبيدا چونكە خۆی نەبەستبۆوە بە سياسەتی بنەماڵەی سەفەوی هەروەها دەركی كرد كەمەزهەبی شيعە هۆكاری سەرەكيە لە وێران بوونی وڵات كەتووشی گۆشە گيری كردووە لەناو دراوسێكانی دا، بەڵام گۆڕانكاری خێراو لەناكاو وەرگرتنی مەزهەبی سوننە كارێكی گرانە و بۆی هەيە شيعەكانی فارس و عێراق شۆڕش بەرپابكەن دژی ئەو كارە ئەوەش كەدەبخاتە ڕيزی سەركردە سوننيەكانی تر كەدەبێتەبەربەرەكانی لەنێوان سەركردەسونيەكانی جيهانی ئيسلامی بۆيە بەدوای چارەسەرێكی مامناوەندی داگەڕا كەئەويش ڕاگەياندنی مەزهەبی جەعفەری بو وەكو مەزهەبی پێنجەمی سونە و كرديە مەزهەبوو كاری پێ دەكردوو داوای لەدەوڵەتی عوسمانی كرد كەدانی پێدا بنێت.

سوڵتانی عوسمانی مەحموودی يەكەم گوێی نەدايە داواكاريەكەی نادرشا و مەرجەكانيشی ڕەتكردەوە. سوڵتان وای بۆچوو كە ئەوانە بيانون بۆهەڵگيرسانەوەی شەڕ سەرلەنوێ. مەجلسی زانايانی شەرعی هەستا بە دەركردنی فتوايەك كەشوێن كەوتوانی مەزهەبی جەعفەری لە دين دەرچوو كەئەو فەتوايانەيان نارد بۆنادر شا بۆئەوەی ڕەتكردنەوەی عوسمانی بزانێت[1]. لەئەنجامی ئەوەدا نادرشا بڕياری دا كەهێرشێكی گەورە بكاتە سەردەوڵەتی عوسمانی و ئەستەمبوڵی پايتەختيش داگير بكات. لەدوورگەی فوارتيە هێرشی كردە سەر ناوچە عوسمانييەكان و شاری بەغدای گەمارۆدا و كەركوكيشی داگيركرد بەرەو مووسڵ كەوتەڕێ كەئامانجی يەكەمی هێرشەكەی بوو، كەلەوێوە دەتوانێت ڕشێگە خۆش بكات بۆدەستگرتن بەسەر ئەنادۆڵ و وڵاتی شامدا. دەوڵەتی عوسمانی سەركەوت و نەبوو لەوەی پێش بەنادر شابگرێت هەرچەندە هێرشێكی توندی[2] كردە سەر سوپای نادر شاه. نادرشاگەيشتە نزيك ئەرزەڕۆم [3] تەسليم بكات. داوای لەدەوڵەتی عوسمانی كرد كە

[1] - الجميل : سەرچاوەی پێشوو ل **418**
[2] - سرهنگ : ل **212**
[3] - الكركوكلی : ل **37**





ولايەتی ڤان و مووسڵ و بەغدا و بەسرەی تەسليم بكات، بەڵام ئەحمەد پاشا والی بەغدا توانی قەناعەتی پێ بكات كەواز لەو داوايانە بهێنێت، كەدەشزانی كەسوپای عوسمانی بەرپۆوەيە بۆی ئەمەلەلايەك. لەلايەكی ترەوە هەندێك ئاڵۆزی لەناو ئيمپراتۆريەتی فارسی ڕوياندا كەكاريان كردە سەرنادر شا كە واز لەشەڕ بهێنێت[1] .

لەساڵی 1746 دا سوڵتان مەحموودی يەكەم سوپايەكی گەورەی ڕێكخست بەفەرماندەيی يكن محەمەد پاشا دوای سەركەوتنەكەی لەشاری ڕەوان. قەناعەتی پێكرد كەدەبی گۆڕانكاری لە سنوورەكان بكرێت لەگەڵ عوسمانييەكان بۆئەوەی سنوورەكان وەكو سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەميان لێ بێتەوە و لەسەر ئەساسی ڕشيچككەوتن نامەی 1639 وازيش بهێنێت لەداواكاری لەدان پێ دانان بەمەزهەبە تازەكەی خۆشی دانانی كەسوڵتانی عوسمانی خەليفەی موسڵمانانە[2].

بەم جۆرە نادر شا بێ ئوميچد بوو لە جێ بەجێ كردنی ئاواتەكانی، بەتێك شكاوی گەڕايەوە و زيانێكی زۆری لێ كەوت[3]. هەرلەوێوە لاشەی دەوڵەتی فارسی بەرەو دواڕووخان ڕۆيشت بەتايبەت دوای مردنی نادر شا. عوسمانييەكان ماوەيەكی زۆر بەئاشتی و ئارامی شادبوون.

## پەيوەندييەكانی عوسمانی و نەمساوی و مەجەری لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا پەيمانی زيتفا تورك[4] 1606 ز

لەڕاستيدا باری گرانی بەرگری كردن لە ئەوروپا دژی پێشڕەوی عوسمانييەكان لەسەرشانی بنەماڵەی هابسبورغی كاتيوليكی بوو. ڕۆڵی نەمسا لە مێژووی ئەوروپادا نمونەی بەرگری و خۆڕاگری بوو لە ماوەی چەند سەدەيەكدا لەپشتی سنوورەكانی

[1] - هەرلەساڵی **1742** م وە كاروبارەكان دژی ئەو لەگۆڕاندابون ئاژاوەو ئالۆزی لەهەمووشارەكانی ئێران دژی ئەو دەستی پێكرد و هەريەك لە توركمان و قاجارەكان وايان دەزانی هۆی تێكشكانەكەيان دەگەڕێتەوە بۆ نادرشا . ئەو حاڵەتەبوو بەسەرەتای كۆتای هاتنی سەردەمی نادری ئەفشاری سەيری كركوكلی بكە ل **51** . Eney of islam . III . p 812 sykes . sir : p : History of persiea II . p .348
[2] - الكركوكلی : دەقی پەيمانەكە باس دەكات ل**75** – **76** سرهنگ : ل **212**
[3] - Shaw : History of the Ottman Empire . I. pp . 245 - 246
[4] - شارێكە دەكەوێتە سەر روباری دانوب .

خواروی ڕۆژهەڵات بەرگری دەکرد لەکشوەری ئەوروپا دژی عوسمانییەکان[1]. نەمسا هەمیشە هەلەکانی دەقۆزتەوە بۆفرەوان خوازی لەسەر حسابی ئەوان. لەسەرەتای سەدەی حەڤدەدا. نەمسا دەستی گرت بەسەر وڵاتی مەجەڕدا ڕەفتاری خراپی دەنواند لەگەڵ ئەوانەی یارمەتی عوسمانییەکانی دابوو.هەربۆیە دانیشتوان شۆڕشیان کرد دژی نەمساوی یەکان، میر بوسکایان کردە میری خۆیان لەساڵی 1605دا میر بۆسکاش پەنای بردە بەردەوڵەتی عوسمانی و داوای یارمەتی لێ کرد دژی نەمساوییەکان[2]. دەوڵەتی عوسمانی دانی نا بە هەڵبژاردنی بوسکای وەکو پاشای مەجەڕ دەستی یارمەتی سەربازی بۆ درێژکرد بە فەرماندەیی (سەدری ئەعزەم) ،محەمەد پاشا کەتوانی بووی قەڵای ئەسترو نمون وەربگرێتەوە و قەڵای نوهزل داگیربکات هەڵکەوت و لەڕۆژهەڵات.

هەروەها شۆڕشەکانی جران و ویسجراد و سیریم بگرێتەوە دەست خۆی[3]. لەساڵی 1606 دا لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی و نەمسابوو کەرێککەوتن و لەیەکگەیشتن مۆر بکەن.سولچتان ئەحمەدی یەکەم لەوکاتەدا تووشی مەترسی دەرکەوتنی شا عەباسی یەکەم فەرمان ڕەوای بەهێزی فارس ببو بۆیە سوڵتان هێزەکانی لەسەر بەرەی ڕۆژهەڵات کۆکردبۆوە و پێویستی بەسارد کردنەوەی بەرەی ڕۆژئاوابوو. نەمساش دەترسا لەهێرش و ئازادکاری ئیسلامی لە ئەوروپادا. گفتوگۆی ئاشتی دەستی پێ کرد لەنێوان هەردوولادا بەپەیمانی زیتفاتورك کۆتای پێ هات.لەو پەیمانەدا نەمسا لەدانی جزیە بۆدەوڵەتی عوسمانی بەخشرا. سنوورەکان ڕێك خرانەوە لەسەر بنچینەی خاڵی وەستانی ئازادکاری ئیسلامی لەئەوروپادا. عوسمانییەکان ئاوانەرم بوون لەگەڵ دوژمنەکانیان. وازیان هێنا لەهەندێك مافی خۆیان[4]، کە ئەوەش بەخۆداهاتنەوەیەك بوو بەرانبەر بنەماڵەی هابسبورغ ئەوەش

---

[1] - فیشر : بنەتەکانی مێژووی ئەوروپای تازە ل 375 .

[2] - محمد فرید بك : ل 272 – 273 .

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 273 سرهنگ : 133–134 ئوزوتونا : بەرگی 1 ل 445

[4] - فیشر : ل 373





یەکەم پەیمان بوو کە عوسمانییەکان لەدەرەوەی ئەستەمبوڵ مۆری دەکەن گرنگترین بەندەکانی ئەمانەبوون:–

– دان نانی نەمسا بەدەستەڵاتی بوسکای لەسەر وڵاتی مەجەرو میری هەرێمی ترانسلڤانیا

–نەمساواز لەهەموو هەرێمەکانی مەجەر بهێنێت کەلەژێر دەستەڵاتی باتوری بوون لەوەو پێش. بەومەرجەی هەرێمەکانی ئەلمانی بچنەوە سەر ئەلمانیا دوای مردنی بوسکای بەتایبەت هەرێمی ترانسلڤانیا.

–نەمسا دەبێت دوسەد هەزار دوکا بدات بەدەوڵەتی عوسمانی لەجیاتی دانی جزیە.

–دەوڵەتی عوسمانی دەست دەگرێت بەسەر شۆڕشەکانی جران و ئورلو و کایشا هەروەها دەستێکی بەناوی دەبێت لەسەر ترانسلڤانیا

–ئەو پەیمانە بۆماوەی بیست ساڵ جێ بەجێ دەکرێت[1]، وا ڕێك کەوت دوای پەیماننامەکە بوسکای مرد، کەوا پێویست بوو بەپێی دەقی پەیماننامەکە هەرێمی ترانسلڤانیا بگەڕێتەوە ژێر دەستەڵاتی ئەلمانیا، بەڵام دانیشتوان بەمەرازی نەبوو وایان پێ باش بوو لەژێر دەستەڵاتی عوسمانی بمێنێتەوە ئەویش لەبەر هۆکاری ئایینی کەپێشتریش دەوڵەتی عوسمانی میری لەسەر دادەنان[2].

## شەڕی سان جوتار 1664

هەمیشە نەمسا ڕێ گر لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانی هەرچەند لەیەکتر گەیشتن لەنێوان هەردوولا هەبوو کەدەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا کەنەمسا سەرشۆڕ بکات لەساڵی 1660 دا لەبواری سەربازیدا هەردوولا وڵات لەیەکتر توند بوون ئەمەش دوای ئەوەهات کە عەلی پاشا والی بودین هەستا بەدەست بەسەراگرتنی شاری جروس – واردین کەسەر بەنەمسا بوو ئەمەش لەلایەن نەمساوە ڕاگەیاندنی شەڕدا بوو هەستا

---

[1] - محمد فرید بك : ل 273 دەقی ڕێك کەوتننامەکە دەبینی لە مێژووی نعیما بەرگی 1 ل 455 – 458

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 273 – 274 فیشر : ل 374

بەدروستکردنی قەڵایەك بەناوی قەڵای سەر بنڤادر لەسەر سنوور بەرانبەر قەڵای عوسمانییەکان. ڕازیش نەبوو کە تێکی بداتەوە.

هەرچەند دەوڵەتی عوسمانی چەند هۆشیاری دایە[1]. لەلایەن نەمساوە دەستکرا بەدەست درێژی کردن[2]. ئەحمەد پاشا کوبرولی هەستا بەبەرپەرچدانەوەیان سەرۆکایەتی سوپایەکی کرد میچژو نوسەکان بەسەدو چل هەزار سەربازیان لە قەڵەم داوە، ڕژانە ناوخاکی عوسمانی و قەڵای نوهزلیان داگیرکرد[3]. داگیرکردنی ئەو قەڵایە لەئەوروپا دەنگێکی گەورەی دایەوە.نەمسا هەستی کرد کە عوسمانییەکان وڵات داگیر دەکەن دوای ڕێگەیان بۆکرایەوە. سوپای عوسمانی لەهەردوو ولایەتی موراڤیا و سیلیزیا جێ گیر بوو چەند شارێکیان داگیر کرد و لە دوو ولایەتدا لەئەنجامی ئەوەدا ئیمپراتۆری نەمسا لیبولد داوای یارمەتی لە وڵاتانی ئەوروپا کرد[4].

کەلویسی چوارهەم پاشای فەرەنسا دوای ئەوەی پاپاش هەوڵی رازی کردنیدا هەستا بەیارمەتی دانی نەمسا[5]، سوپای فەرەنسا کە نزیکەی چوار هەزار سەربازبوو خۆیان گەیاندە سوپای نەمساو هەردوو سوپا دژی سوپای عوسمانی دەستیان کرد بە شەڕێکی سەخت[6]، عوسمانییەکان لەسەرەتا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا و شاری نوڤیجرا و ناوچەکانی دەوروپشتیان داگیرکرد شورەی سرڤاریان داگیرکردو لەڕووباری رابا پەڕینەوە و لەگەڵ هێزی هاوپەیمان بەشەڕ هاتن شەڕێکی گەورەو سەخت لەسان جوتار لەیەکی ئابی ساڵی 1664دا رووی دا، کەهاوپەیمانەکان سەرکەوتنێکی نادیاریان بەسەر سوپای عوسمانیدا بەدەست هێنا بەهۆی ئەوەی کە فەرماندەیی نەمساوی مۆنتیکو کولی نەخشەیەکی ستراتیجی بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە لێدانی هەر کەتیبەیەکی عوسمانی کە دەگەیشتە سەر

[1] - محمد فريد بك :ل **292** . ئوزوتونا : بەرگی **1** ل **506**

[2] - دەربارەی ئەوشەڕە گەورە دوژمن کاریە سەیری سرهنگ : ل**171**

[3] - هەمان سەرچاوە : ل **171 – 172** ئوزوتونا : بەرگی **1** ل **506**

[4] - هەمان سەرچاوە : ل **172** . دیورانت : سەرچاوەی پێشوو، مجلد **8** بەرگی **3** : ل **82 – 83**

[5] - هەمان سەرچاوە : ل **172** . دیورانت، سەرچاوەی پێشوو،مجلد **8** بەرگی **3**، ل **82–83**

[6] - دیورانت، سەرچاوەی پێشوو مجلد **8** بەرگی **3**، ل **82–83**





لێواری ڕووباری (یسری)[1]، لەهەمان کاتیشدا بەرەی هابسوورغ دابەش بوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی[2]، بۆیە هەردوولا مەیلیان بەلای ئاشتیدا بوو، پەیمانێك لەنێوان هەردوولا مۆرکرا کە بریتیە لە:–

= چۆڵ کردنی هەرێمی ترانسلڤانیا لە سوپای عوسمانی و دانانی ئەباخی وەکو فەرمانڕەوای ژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی.

= وڵاتی مەجەر دابەشبکرێت بۆ دوبەشی عوسمانی و نەمساوی

= نەمسا غەڕامەی شەڕەکە بدات.

= پاراستنی پەیمانە کۆنەکان [3].

لەئەنجامی ئەو ئیمزاکردنە دا بەرەی نەمساوی ئارام بۆوە، بەڵام بەشێوەی کاتی بوو.

## جەنگی ڤییەننا 1683

لەڕاستیدا شەڕ دوبارە بۆوە لەنێوان هەردوولا لەساڵی 1682 م دا کەدوژمنایەتی کۆنی نێوان نەمساو فەرەنسا هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆتازەبوونەوەی شەڕ. لەوکاتانەدا ئەوروپا لەبارودۆخێکی پەشێوی سیاسیدا دەژیا، هەروەها بزوتنەوەی نیشتیمانی مەجەریش ڕۆژبەڕۆژ لەپەرەسەندن دا بوو ئەویش بەهۆی دژایەتی کردنیان بۆ کاتۆلییەکان و هاببورغ سەرکردە نیشتمانیەکان هەوڵیان دەدا بەیارمەتی فەڕەنسا ڕووی عوسمانییەکان بەرەو نەمسا وەرگێرن و تووشی شەڕیان بکەن. لویسی چوارهەمیش لەلای خۆیەوە عوسمانییەکانی هەڵدەنا دژی نەمسا و هابسبورغ . خێرا هاتنی ڕووداوە سیاسیەکان هەردوولای بەرەو شەڕ دەبرد هەلاوسانی بارودۆخی ناوخۆی مەجەر بەهۆی ئەو شۆڕشەوە کە هەڵگیرسا دژی هابسبورغ [4]کە پاڵی نا بە سوڵتانی عوسمانی محەمەدی چوارەم (1648 – 1687)، کە خۆیتێبگەیەنێت هەستی بەدانانییەکێك لە دەوڵەمەندەکانی وڵات

[1] - دیورانت، سەرچاوەی پێشوو مجلد **8** بەرگی **3**، ل **82–83**، سەیری روداوەکانی شەڕەکە بکە لە . CREASY OP . CIT PP . 279 – 289

[2]- storey . j ohn the siege of Vienna p . 41

بەبریکاری بۆگەورەی وڵات[1]. ئەویش وەڵامی داواکاریەکەی دایەوە و هەستا بەیارمەتی دانی نەمساییەکان بۆدەرچون لەوکێشەیە کەلەبەرانبەر دەبێ جزیە بدات. سولتان سوپایەکی گەورەی رێکخست کە دووسەد وچل هەزار سەربازێك هاتبوو بەفەرماندەی (سەدری ئەعزەم) قەرەمستەفا پاشا.

حەفتا هەزار سەربازی مەجەریشی هاتەپاڵ سوپای عوسمانی بەفەرماندەی (توکلی)[2] ئەوسوپایە گەورە لەرۆژی سی ویەکی ئازاری 1683 بەرەو فیەننا کەوتەرێ. لەسێ لاوە کەهەمویان لەنزیك شورەکانی شار یەکتر بگرنەوە عوسمانییەکان لەکاتی بەرەو پێش چونی سوپاکەیان بەرەو ڤیەنا تێ گەیشتن کەیەکبوونێکی ئەوروپی هەیە دژیان.

هەریەك پاشای بولندا (جان سوبیسکی) لەگەڵ لیوبولد ئیمپراتۆری نەمسا پەیمانێکی یان بەست دژی عوسمانییەکان هەرچەند فەرەنسا هەوڵیدا کەبولندا بێ لایەن بێت[3]، پاپاش لەلای خۆیەوە لەهەوڵ دابوو بۆئەوەی پاشاو میرەکانی ئەوروپا کۆبکاتەوە بۆپێکهێنانی شەڕی سەلیبی دژی عوسمانییەکان. سوپای نەمسا پێی وابوو کەلایەن ئیسپانیاو پورتوغالەوە یارمەتی پێ دەکات، بەڵام وردە وردە پاشەکشەی کرد بۆ ڤیەننا. هەواڵی پێشڕەوی عوسمانییەکان لەهەموو ئەوروپا دا دەنگی دایەوە. بۆیە ئیمپراتۆر لیو بولد پایتەختی بەجی هێشت و بەرەو شاری تولن رۆیشت.

کەلەوێ چاوە رێی بولەندیەکانی دەکرد بەڵام کە دیارنەبوون بەرەو باشا[4] هەڵهات ئەمەش بەڵگەی ئەوەبوو کە باوەڕی نەبوو پایتەخت خۆی لەبەردەم سوپای عوسمانی رابگرێت. سوپاکەشی کەنزیکەی چل هەزار سەربازبوون کەوتنە ژێر فەرماندەیی شارلی پێنجەم کە (دوقی لورین) بوو. ئەو سەربازانەی کەبەرگریان لەخودی پایتەخت دەکرد نزیکەی سێزدە هەزار سەربازبوون. لەحەڤدەی مانگی

1 - محمد فريد بك : ل 300، كولز : ل 191
2 - محمد فريد بك : ل 300، كولز : ل 191
3 - فيشر : ل 378
4 - ديورانت : مجلد 8 بەرگی 3، ل 85 مێژووی راش بەرگی 3 ل 186





تەمموزی 1683 دا عوسمانییەکان لەنزیك شاری ڤییەننا دەرکەوتن شارەکەیان گەمارۆ دا. سەنگەرەکانی پێشەوەیان داگیر کرد. دوای ناوشاریان تۆپباران کرد.کە گەمارۆدراوەکان ژیانیان لا تاڵ بوو ورەیان دابەزی وایان پێ باش بوو کە وەزیر رازی بکەن کەسوور بوو لەسەر تەسلیم بوونی شارەکە بەبێ هیچ مەرجێك. هەرچەند لەلایەکی ترەوە فەرماندە سەربازییەکان رازی بوون لەسەر بۆچوونی نەمساویەکان، بەڵام لەکۆتایدا عوسمانییەکان کاتیان بەفیرۆدا. نەیانتوانی کاتەکە بقۆزنەوە و کەڵکی لێوەر بگرن کەکات دەرشۆیشت و لەبەرژەوەندی ئەوان نەبوو، چونکە سوپاکانی ئەوروپا لەرێدان بۆ رزگارکردنی ڤیەننا. هێزەکانی سوپای ئیمپراتۆری ئەڵمانی و چەند تیپێکی سوپای بولندە لە ڤیەننا نزیك بوونەوە.

هەندێك لەسوپای ئەڵمانیاش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیان کرد بە سوپای گەورەی ئەوروپا کەنزیکەی شەست هەزار سەربازبوو[1]. لەدوازدەی ئەیلول گەیشتە هانبۆرگ یەکێك لەلێوارەکانی شاری ڤیەننا و سوپای عوسمانیان گەمارۆداو سوپای عوسمانی کەوتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە. لەم کاتەدا مستەفا پاشا گوێی لە ئامۆژگاری فەرماندە سەربازییەکان نەگرت، کە پاشەکشەبکەن، چونکە خۆی بەبەهێز دەزانی کە دەتوانێ لەدوو[2] بەرەوە شەڕبکات. لەنێوان هەردوولادا شەڕێکی گەورە روی دا کەبووبەهۆی لاوازبوونی سوپای عوسمانی. لەوکاتەدا مستەفا پاشا بریاری کشانەوەی دا کەکار لەکار ترازابوو. هێزەکان پەرش و بڵاو بوون هەرسەربازەی بەشوێنێکدا هەڵدەهات کەهەرچی تۆپ و تەقەمەنی و ئازوقەی هەبوو لەمەیدانی شەڕدا بەجێ ما[3]. مستەفا پاشا تێك شکا کەفەرماندەیەکی زیرەك و بەتوانانەبوو دوای تێ شکانە کە گەڕایەوە شاری بودین، کەلەوێش مەلیك سوبییکی لێی وەخۆکەون هەرچی قەڵاو سەنگەرەکان هەبوون هەمووی گرتنەوە بەئاسانی گەیشتە شاری غەران[4]. کاتێ سولتان محەمەدی چوارەم ئەو هەواڵە دڵ تەزێنەی بیست فەرمانی دا بەکوشتنی

1 - ديورانت، مجلد، بەرگی 3 ل 85
2 - الجميل، هەمان سەرچاوە : ل **403** stoye . op . cit . p . 202
3 - محمد فريد بك : ل **301**
4 - فيشر : ل **379**

مستەفا پاشای دەرکرد کەبەهۆکاری سەرەکی تێك شکانەکەی زانی و ئیبراهیم پاشای خستە شوێنەکەی[1].

## هۆیەکانی سەرنەکەوتنی هێرشەکە[2]

کۆمەلێك هۆکار کۆبوونەوە بوونەهۆی تێك شکانی هێرشەکە کەگرنگترینیان :–

= ئامادەکاریە ستراتیجیەکانی کەسوپیسکی لەکاتەکانی کۆتایدا جێ بەجێی دەکردن و گەیشتنی بە ڤیەننا سوپای عوسمانی ناچارکرد کەپاشەکشە بکات .

= هۆکاری غافلگیرکردنی ئەوروپی و خێرا ئەنجامدانی گەمارۆدانی سوپای عوسمانی کە گەمارۆی ڤیەننایان دابوو کەبوو بەهۆی تێکشکانی سوپای عوسمانی.

= باری تێکشکانەکەدەکەوێتەسەرشانی مستەفا پاشا کەنەخشەکەی وردنەبوو دراسەکراو نەبوو چوونە ناو شەڕ لەگەڵ دوژمنێك. بۆچوونەکانی مستەفا پاشا هەڵە دەرچون چونکە باری سیاسی ئەوروپای باش هەڵنەسەنگاندبوو پێش ئەوەی دەست بەهێرشەکە بکات.

= گەمارۆدانی ڤیەننا لەلایەن عوسمانییەکانەوە گەمارۆیەکی توند نەبوو هەرچەند هەندێك دەستکەوتی بەدەست هێنا. سەرباری ئەوەش وەزیری عوسمانی هەلی تەسلیم بوونی شاری لەدەستدا کەلەبەرژەوەندی ئەودابوو.

= ماندوی سەربازی عوسمانییەکان بەهۆی دووری ماوەکەو هۆکارە سروشتیەکان و نەخۆشی و کەنەخۆشی سك چون لەناویاندا بلاوبۆوە و هێزی لا برین.

= هێزەکانی عوسمانی لەیەك کاتدا لەدووبەرەدا شەڕیان دەکرد. یەکێکیان شەڕی گەمارۆدانی شاربوزو ئەوی تریشیان شەڕکردن بوو لەگەڵ دوژمنی هێرشکەر، کە بوو بەهۆی لاواز بوونی سوپای عوسمانی.

= توندی هەڵوێستی وەزیر بەبۆچوون ەکانی و گوێ نەگرتن لە ئامۆژگاری فەرماندە سەربازییەکان.

[1] - محمد فرید بك : ل **301** سەیری روداوەکانی شەڕەکەبکە ئوزوتونا بەرگی **1** ل **529** – **537**

[2] - Barker . Thomas : Pouble Eagle and the crescent : Viennas second . Turkish siege and its historical setting pp . 217 – 227 > shaw . op .cit pp . 217 -22 الجمیل، ل**404**





### دەرەنجامەکانی هێرشەکە :–

لەڕاستیدا نەخشەی سەربازی نەمسا و پۆلەندا و بەهۆی خۆتێ گەیاندنی پاپا ئەنوست یازدەهەم بوو بەهۆی ڕزگارکردنی مەجەر لەدەستی عوسمانییەکان. بووندقیەش هاتەناو ئەو هاوپەیمانیە پیرۆزە، دوای ئەوە سوارەکانی قدیس یوحناش ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند.

= گەمارۆدانی پایتەختی نەمسا بوو بەهۆی ترس لا نیشتنی ئەوروپا. ئاگاداربوونەکە لەچ بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژیەت. وای لێهات فەرمان ڕەواکاری ئەوروپا زیاتر لەیەکتر نزیك دەبوونەوە ناکۆکی لەنێوانیان کەم دەبۆوە. هەمووهەوڵەکڵەکانیان دەکرد بەیەك لیکاتی ناخۆشیدا. هەتا گەیشتە ئەوەی کە لویسی چوارەم زۆر توڕەبوو لە هابسبورغ ناچار بوو لەبەرانبەر هەندێك هەوڵی دبلۆماسیدا ڕەزامەندی پیشان بدات بۆدواخستنی هێرش کردنە سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز[1].

– لەئەنجامی سەرنەکەوتنی گەمارۆکە هەردوو هەرێمی ئەفلاق و بەغدان شۆڕشیان دژی عوسمانییەکان بەرپاکرد ئەودوهەرێمە لایەنگری خۆیان بۆ مەجەڕ نیشاندا.

– هێزو هەیبەتی وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوت لەئەنجامی ئو نسکۆیە گەورە. لەئەنجامی ئەوەدا (بابی عالی) داوای کرد کە مافەکانی لە ئەوروپا پارێز راوبێت.

– رووسیاش خۆی خستە پاڵ ئەو هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاوا. بەمەبەستی پارچە پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام هەوڵەکانی رووسیا بۆ دەستگرتن بەسەر نیوە دوورگەی قرمدا سەرکەوت ونەبوو.

– ئیمپراتۆر لیوبولد بەسەرکەوتوی گەڕایەوە پایتەختەکەی کەلەهەموولایەکەوە پیرۆزبای لێکرا. لەنێوان پیرۆزباییەکاندا پیرۆزبای لویسی چوارەم بوو پیرۆزبایەکەی کورت کردەوە بە وشەی (معجزە روویدا)[2].

[1] - کولر : ل **192**

[2]- Shaw : Op cit . I. pp 221 – 223

– شەڕەکە بێ هێزی دەوڵەتی عوسمانی دەرخست. بۆیە دوژمنەکانی لێی وەتەماع کەوتن. ماوەیەکی تازە دەستی لەپەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپیدا. ئەو وڵاتانە کەوتنە حاڵەتی هێرش کردن دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کەدەوڵەتی عوسمانی چەند بێ هێزە، کەشتیە جەنگیەکانی بندقیە پەلاماری کەنارەکانی وڵاتی یۆنان و المۆرە یان دەدا سەرکەوتبوو لە داگیرکردنی هەموو شارەکان بەتایبەت کورنشە و ئەسینا، هەروەها نەمساش دەستی کردەوە بەهێرش کردن توانیان شاری بودین و لیبا و أوزلو سمندایە قولمباز داگیر بکەن.

هێرشێکی گەورەیان کردە سەرشاری بەلگراد لەئەیلولی 1688 دا ، هەروەها ودین و نیش کەوتنە دەست هێزەکانی نەمسا لەساڵی 1689دا[1].

– هێرشەکەی مستەفا پاشا بۆسەرشاری ڤیەننا دوا زنجیرەی هێرشەکانی عوسمانی بوو بۆناو قوڵای ئەوروپا. لەساڵی 1863دا.

– دەوڵەتی عوسمانی دوچاری فشاری سەربازی بوون کەرزیان بوبەهۆی دوهۆکار کە یەکێکیان دەرەکی بوو ئەوی تریش ناوەکی بوو.

یەکەمیان : بریتی بولە هێرش کردنی فەرەنسا بۆسەرخاکی نەمسا لەئەڵمانیادا کەوای لەعوسمانییەکان کرد هەناسەیەك هەڵبکێشنەوە، بەڵام دووەم خاڵ دامەزراندنی فازل مستەفا کوبرولی وەکو (سەدری ئەعزەم) کە هەستا بەپەیڕەو کرانی هەندێك ڕێ وشوێن لەبواری سەربازی و دارایی دا بۆ دوبارە بەهێز کردنەوەی هێزی چەکداری لەساڵی 1690 دا هێرشی کردەوە سەرنەمسا. توانی شاری نیش و سمندریە و بلگراد و مردین و بگرێتەوە و نەمساوییەکان ڕاوبنێت و دوریان بخاتەوە لەکەناری ئەوپەری روباری دانوب بندقیەش لەژێر فشاری سەربازیدا وازی لەوشوێنانەی لە ئەلبانیا داگیریان کردبوو[2].

## پەیمانی کارلوڤیتز 1699 :-

[1] - أوزتونا : بەرگی 1، ل 547 – 552 محمد فريد بك : ل 302 – 305، 305 – 306 مستەفا ل 55

[2] - سرهنگ : ل 185 . ديورانت : مجلد 8، بەرگی 3 . ل 87





دووبەرەکی لەنێوان نەمساو عوسمانییەکان بەردەوام لەسەر وڵاتی مەجەڕ. لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا ڕووسیا وەکو هێزی توانا هاتەسەر شانۆی دەوڵەتانی بەهێز.

بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کەکەلێنێك بدۆزێتەوە لێ یەوە خۆبگەیەنێتە ڕۆژهەڵات، هەروەها پولەنداش، کەچەندجار دەوڵەتی عوسمانی وڵاتەکەی داگیر کردووە.بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان مستەفای دووەم (1695 – 1703) کە توانیان بگەنە شاری لمبرج[1]، عوسمانییەکان چەندشەڕێکی گرنگیان لەسەر وڵاتی مەجەر و بۆسنە کرد کەلەزۆربەیان سەرکەوت و نەبوون. لەکۆتایدا خەونەکەی پوترسی گەورەهاتەدی کەدەستی گرت بەسەر قەڵای (أزڤ) دا[2]. ئەووشەڕانە کۆتاییان پێ نەهات تەنیا بەگرێ دانی پەیمانێك نەبێت بەناوی (کارلوڤیتز) لەکانونی دووەمی 1699 دا. دوای ناوبژی بەریتانیاو پولەندا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و هەریەك لەنەمسا و ڕووسیا و بندقیە و پولندا لەولایەکی تر بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەی دەوڵەتی عوسمانی وازی لەهەموو خاکی مەجەر تراسلڤانیا هێنا بۆ نەمسا. هەموو خاکیبودولیا و ئۆکرانیا درایە پولەندا. گرنگترین بەندەکانی ئەمانەبوون.

– دەوڵەتی عوسمانی واز لەخاکیمەجەرو هەرێمی ترانسلڤانیا دەهێنێت بۆنەمسا.

– دەوزڵەتی عوسمانی واز لەشاری أزوڤ دەهێنێت بۆڕووسیا.

– دەوڵەتی عوسمانی واز نیمچە دوورگەی مۆرە تاروباری هکساميلون و هەرێمی دلماسیا لەسەردەریای ئەدریاتیکی دەهێنێت بۆبندقیە.

– دەوڵەتی عوسمانی هەریەك لە شاری کامینج و هەرێمی بودلیاو ئۆکرانیا دەگەڕێنێتەوە بۆپۆلەندا.

– دەوڵەتانی ئەوروپی هیچ جۆرە جزیەك نادەن بەدەوڵەتی عوسمانی تەنیا بە پێشکەش نەبێت.

[1] - محمد فريد بك : ل 308

[2] - دەربارەی ئەوشەڕانە سەیری سرهنگ: ل 191 – 192. محمد فريد بك: ل 308 – 309 ئۆزتونا: بەرگی1 ل571 – 578

– ئەو ئاگر بەستە بۆماوەی بیست ساڵ بەردەوام دەبێت[1] .

دەوڵـەتی عوسمـانی بـەپێی ئـەو پەیمانـە بەشـێکی فراوانـی لەخاکەکـەی لـە دەسـتدا دەوڵتانی ئەورو‌پی چاوی تەماعیان تێبڕی دوای ئـەوەی هەسـتیان بـەلاوازی دەوڵتـی عوسمانی کرد.ئاواتی ڕووسیا هاتـەدی کەلەنگەریایـەکی دەسـت لـەدەریای ڕەش کـە وەکـو پەنایـەکی ئـاوی بـەکاری دەهێنـا بـۆ هێرشـەکانی داهـاتووی بـۆ ڕۆژهـەڵات. لەڕاستیدا ئەوە یەکەم تیر بوو بەر لاشەی دەوڵەتی عوسمانیکەون یەکەم هەنگاویش بوو بۆ لێکهەڵوەشانی، کـە بەنـدەکانی ئـەو ڕێکەوتنـە جێبـەجێ کـران. دەوڵـەتانی ئەورووپی هەڵیاندا کەهەموو بەندەکانی ئەو ڕێکەوتن نامانەی کەپێشتر ئیمزا کرابوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەبێ جێبەجێ بکرێن کەدواتر باسیان دەکەین. داننـانی عوسمانییەکان بەیاسای واهێنان لـەو ناوچـانەی کـە بەشـێك بـوون لێـی لەسـەرەتای کـشانەوەی لــە ئــەورووپادا. بەســەرەتا لێکهەڵوەشــانی دەوڵــەتی عوسمــانی دەژمێرێت[2].دوای ئـەو پەیمانـە ئاشـتییە سەرشـۆڕانەیە. سـوڵتان مـستەفای دووەم وازی لەدەسـتەڵات هێنـا لەشـاری ئەدرنـە خـۆی گۆشـەگیر کـردو بـارێکی دەوڵـەتی خستەسەر شانی موفتی فیزوڵڵا ئەفەندی کە چـۆن لـە بەرژەوەنـدی دەوڵەتدایـە جـێ بەجێیان بکات.

[1] - محمد فرید بك : ل 310
[2] - مستەفا : سەرچاوەی پێشوو، ل156.





## پەیمانی پسارڤیتز (1718)

دەوڵەتی عوسمانی ئەوەندەی کە پێویستی بەوە هەبوو کە هەناسەیەکی ئارام هەڵبکێشێت. ئەوەندە پێویستی بە ئاشتی نەبوو. سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (1703 – 1730) بڕیاریدا ئەو ناوچانە لەنیمچە دوورگـەی (مـۆرە) لەدەسـتی داون وەریـان بگرێتەوە. بۆیەش شەڕی دژی بندقیە ڕاگەیاند دوورگەی تینۆسـی ئـازاد کـرد لەگـەڵ شاری کورنشە و ئەرغوس. دوورگەی کریت وەکو خۆی[1] . خستەوە ژێـر دەسـتەڵاتی خـۆی بندقیــە داوای لەنەمــسا کـرد کەیارمــەتی بــدات نەمــساش داوای لەدەوڵــەتی عوسمانی کرد کەواز لەشـەڕ بهێنێـت ئەوشـوێنانەی کـەداگیری کـردن چۆڵیان بکـات ئەگــەر نــاهێز بــەکاربهێنێت، بــەڵام شولــچتانی عوسمــانی ئــەم هەرشەشــانەی عوسمانییەهەند وەرنەگرت و خۆی بۆشەڕ ئامادە کرد. ئوسـتوڵی عوسمـانی دوورگـە کورنۆی گەمارۆدا کەساڵی 1716 دا کەئەمەش دواپێگەی بندقەیە بوو لەوڵاتی مۆرە لەهەمان کاتدا سوپای عوسمانی پێشڕەوی کـرد بـەرەو مەجـەڕ بـەڵام زۆر بەسـەختی تێکشکا لەسەر دەستی سوپای مـیر یـوجین لـە کـروس وادیـن (بیـز ڤـاردین) ئـەوەش لـەپێنجی ئـابی هـەمان سـاڵدا[2].هێزەکـانی نەمـسا ئـەم سـەرکەوتنەیان بەهـەلزانی دەستیان گرت بەسەر تسڤوار دواسەنگەری عوسمانییەکان لەوڵاتی مەجەڕ و زۆربەی خاکی هەرێمی بەغدان و شاری بلگراد. ئوسـتوڵی بندقیـەش هەوڵیـدا دەسـت بگرێـت بەسەر تەنگەی (دەردەنیل)، بەڵام سەرکەوت ونەبوو[3] . سەرکەوتنەکانی میر یوجین بەئاڵۆزترین کێشەی ناوخۆ دادەنرا کەهیچ چارەیەك ئاسان نەبوو[4]. ئـەویش بـەهۆی ئەو ناخۆشیە سیاسی یەو مەزهەبیانـەی لـەنێوان نەمـساو مەجـەڕ داهـەبوون. نەمـسا وڵاتێکی ڕەزا قوڕس و نەزان بوو لەبیرو بۆچوون ی مەجەڕەکاندا) ، بۆیە داوای ئاشتی کرد بۆئەوەی بەرەی گەل عوسمانییەکان سارد بکاتەوە. کۆنگرەیەکی ئاشتی بەسترا لە بساروڤیتز لە سمندەریە لەپێنجی حوزەیرانی سـاڵی 1718 دا لەئـەنجامی ئـەوە

[1] - سرهنگ : ل، 202 ئۆزتونا : بەرگی 1، ل 598
[2] - محمد فرید بك : ل 166 . ئۆزوتونا : بەرگی 1 ل، 599 –600
[3] - جودت : ئەحەمەد . بەرگی 1 ل 68 . سرهنگ 203
[4] - فیشر : ت،380

کۆنگرەیەکی، پـەیمانێکی ئاشـتی ڕێکخـرا لـە بیسـتی تـەمموزدا کەبەنـدەکان بریتـی بوون لە :-

-ولایەتی تمسوڤوار و بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سرب کە بلغراد و بسارڤیتسی گرتــەوە لەگــەڵ بەشیــچکی زۆری ولایــەتی ئــەفلاق. هەنــدێك دەســتکەوتی تــری بازرگامنیشی لەخاکی عوسمانیدا دەستکەوت.

-بندقیە ناوچەیەکی کەمی لەسەر کەناری بەغدان و ئەلبانیا مەتەرێزکانی کەنارەکانی دلماسیا لەدەست دا دەمێنێتەوە لەگەڵ هەندێك دەست کـەوتی بازرگـانی و دەست گرتن بەسەر دوورگەی جوقەدا.

-نیمچە دوورگـەی المۆرە و ناوچـەکانی باشـوری ڕۆژهـەڵات لەهەرسك بـۆ دەوڵـەتی عوسمانی[1].

## پەیمانی زشتوی 1790

لەوکاتـە کـە سـوڵتان سـەلیمی سـێیەم (1789 – 1807) لەسـەر تـەخت دانیشت بوێرانە شەڕی درێژە پێدا دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و هەریەك لە دەوڵەتی نەمسا و ڕووسیا لە لایەکی ترەوە کشانەوەی عوسمانییەکان لە بەلقان بەردەوام بوو. دوای ئەوەی تووشی شکست بوو لەبەردەم هێزەکانی نەمسا. لـە 1یئـەیلولی سـاڵی 1789 دا، هەروەها سوپای هاوبەشی ڕووسیا و نەمسا سـەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر هێزەکـانی عوسمـانی دا لـە 22یکـانوونی دووەمـم لـە رمینیك. لـە ئەنجامـدا ڕووسیا دەستی گـرت بەسـەر شـاری بەنـدەرەدا و هـەموو خـاکی ویلایـەتی ئـەفلاق و بەغدان و بسارییا لە هەمان کاتدا نەمساوییەکان گەیشتنە شـاری بـەلگراد لـە وڵاتـی سرب و دەستیان گرت بەسەر شاری بوخارست دا[2]. ئەنجامی ئەو تێکشکانە یەك لـە دوای یەکانە دەوڵـەت تووشـی مەترسییەکی گـەورە بـوو، کـە زۆربـەی خاکەکـەی لـە دەستدا و دەرکەوت کە خەریکە لە ناوبچێت، بەڵام لـەخۆش بلـەختی عوسمانییـەکان

---

[1] - ســــرهنگ : ل 204– 205 . ئۆزتونا : بەرگی 1، ل 601.

[2] - محمد فرید بك : ل 363.





ئەوروپییــەکان هەمیــشە لــە نێــوان خۆیانــدا لــە کێــشەدا بــوون. بەتایبــەت دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی 1789 دا. فەڕەنسا وای هەست کرد کـە لـە بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی دا پێویستی بە یەکخستنی کارەکـان هەیـە بـۆ دژایـەتی کردنی کاترینی قەیسەری ڕووس بۆ ئەوەی بسفۆڕ نەکەوێتە دەستی ڕووس، هەروەها بڕووسـیاش لـە بـەهێزبوونی ڕووسـیا و نەمسا ناڕەحـەت بـوو کـە دەترسـا ڕووسـیا و نەمسا دەوڵەتی عوسمـانی لەناوبـەرن و بـەرەو ئەسـتەنبوڵ بکشێن، کـە دوای ئـەوە بڕووسیا دەکەوێتە نێوان دوو بەرداش. بۆیە فدریدك ولیامی دووەم بـە هەڵپـە و بـەخ ێرایی لەگەڵ عوسمانییەکان پەیمانی بەست و گۆڕانی کاروباری سیاسی لە نەمسا وای کرد کە[1] جوزفی دووەم ئیمپڕاتۆری نەمسا بێ هێزبێت. هەر لەو نێوەدا ئیمپڕاتۆری نەمسا کۆچی دوایی کرد لـە شـوباتی سـاڵی 1790دا، کـە فـشاری سـەربازی لەسـەر سنگی دەوڵەتی عوسمانی سوك بوو هەروەها هاوپەیمانی بڕووسیا و عوسمانییـەکان. کاریگـەری خـۆی هـەبوو دوای ئـەوەش بـەریتانیا و هۆڵنـداش پـشتگیری خۆیـان بـۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند. هـەر ئـەوەش پـاڵی نـا بـە نەمسا کـە پـەیمانی ئاشـتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا ببەستێت لە شاری نشتوی هەلکـەوتوو لەسـەر ڕووبـاری دانوب لە 4یئابی ساڵی 1790 دا کە ئەو پەیمانە پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانی و نەمسای لە ناوچەی بەلقان ڕێکخست. دیاربوو لە پەیمانەکەدا کە دەوڵەتی عوسمـانی تــەنیا وازی لــە بەشــێك لــە خاکەکــەی هێنــا نەمــساش وڵاتــی ســڕب و شــاری بەلگرادی[2] بۆی دەوڵەتی عوسمانی گێڕایەوە.

---

[1] - لەوکاتەدا ئیمپڕاتۆری نەمسا تووشی شۆڕش بوو لەناو وڵاتدا هـەروەها ئـاژاوە و بـێ سـەرەوبەرەیی لـە وڵاتـی مەجـەڕ بڵاوبۆوە . فەڕەنساش هەوڵی دەدا کە بیرۆکەی شۆڕش لە ئەوروپادا بڵاوبکاتەوە.

[2] - دەقی پەیمانەکە دەبینی : زشتوی لەلای محمد فرید بك : ل 364 – 370.

# بەشی دەیەم
# پەیوەندییەکانی عوسمانی و ڕووسیا

## پەیمانی فلکزن 1711

سیاسەتی ڕووسیا دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەردەمی پوتروسی گەورەوە(1689 – 1725) سیاسەتێکی دیاربوو. هەمیشە هۆکاری ئابووری و سیاسی و ئایینی وایان لە ڕووسیا کردووە کە هەوڵبدات دەست بەسەر تەنگە ئاوییەکاندا بگرێت. لە کۆتایشدا خۆی بگەیەنێتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی. بەمەبەستی دابینکردنی بازرگانی و سەلماندنی بانگەشەکەی کە خۆی بەمیراتگری دەوڵەتی بێزەنتی دەزانی، بەڵام پڕۆژە فراوانخوازی و دابەشکارییەکانی هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی ئەورووپی ڕووبەڕوو دەبوونەوە. نەمسا هەمیشە بەربەرەکانی دەکرد لە دەستگرتن بەسەر بەلقاندا. فەڕەنسا و بەریتانیاش لەبەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری دوژمنایەتی ڕووسیایان دەکرد. لە دەرەنجامی ئەو بەرژەوەندییە جیاجیایانەی وڵاتانی ئەورووپی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی. هەمیشە پەیوەندی ڕووسیا و عوسمانی ئاڵۆز بوو. پاڵنەری ئابووری کە دەسەڵاتی ڕووسیا بەسەر کەناری باکووری دەریای ڕەش لە سەدەی هەژدەدا و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە باشووری ڕووسیا هەروەها گەشەسەندنی کشتوکاڵ و بازرگانی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینی.[1] وای کرد کە گەرووە ئاوییەکان گرنگییەکی تایبەتیان هەبێت. بۆ ناردنە دەرەوەی کەلوپەلەکان بۆ وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەورووپا. بە تایبەتی کە دەریای بەڵتیق لە زستاناندا دەیبەست و نەیدەتوانی کەلوپەل بۆ ئەورووپا بنێرێت.[2]

بەڵام پاڵنەرە سیاسییەکان هەڵکەوتنی ئەستەنبوڵ کە چەند گەروویەکی ئاوی هەیە، کە بوونە ڕێگر لەبەردەم ڕووسیادا بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان کە دەریای بەڵتیق زستان دەی بەست ڕووسیا لە ئەورووپا دادەبڕا. هەموو ئەو هۆکارانە پاڵیان بە ڕووسیاوە دەنا کە بەرەو باشووری دەریای ڕەش بکشێت و لەوێشەوە بۆ تەنگە ئاوییەکان و دوایش بۆ دەریای سپی ناوەڕاست. پاڵنەری ئایینی ئەوە بوو کە ڕووسیا دوای وەرگرتنی

[1] - Anderson. M.: the Easten Question p. 39.

[2] - گۆڤاری (تاريخ العرب والعالم) دوو ژمارەی 33 – 34، تشرینی دووەم، کانوونی یەکەم 1984. پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عوسمانی بەپێنووسی : د. عبدالرؤف ستو.





مەزهەبی ئەرسەدوکسی نوێیان بەمیرتگری ئیمپڕاتۆری بێزەنتی دەزانی دوای ڕووخانی قستەنتینیە. واجبی ئایینی داوای لێدەکرد کە عوسمانییەکان لەوشارە و ئەورووپادا سەروەری بێزەنتی بگێڕنەوە.

هەر لە سەردەمی پوتروسی گەورەوە تاکۆتایی سەدەی هەژدە دەتوانین سیاسەتی ڕووسیا دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی بکەین بە دوو قۆناغەوە:

قۆناغی یەکەم سەردەمی پوتروسی گەورەیە کە توانی سنووری ڕووسیا بگەیەنێتە کەنارەکانی دەریای ڕەش لە باکوور بەڵام قۆناغی دووەم لە سەردەمی کاترین (1762 – 1796) کە دەریای ڕەش بوو بە دەریایەکی ڕووس. ڕێگای تێپەڕینی کەشتی یە بازرگانییەکانی مسۆگەر کرد لە تەنگە ئاویەکانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست توانی مافی پارێزگاری کردنی ئەرسەدوکسییەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانی[1] دا بەدەست بهێنێت.

پوتروسی گەورە توانی هەندێك لە ئاواتەکانی بهێنێتە دی کاتێك توانی شەڕی عوسمانی و نەمسا بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە توانی دەست بگرێت بەسەر قەڵای ئازوف لە ساڵی 1696 دا دەوڵەتی عوسمانی ئەو شارەی دا بە ڕووسیا لە پەیمانی کارلۆڤێز 1699 دا وەکو باسمان کرد.

بەمجۆرە سیاسەتمەدارانی دەوڵەت هەستیان بە ناوەرۆکی سیاسەتی ڕووسیا نەدەکرد کە لەسەر بنچینەی بێ هێز کردنی هاوسێکانی دامەزرابوو و، وەکو سوید و هۆڵند و دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی وجودێکی سەربازی بەهێز لە دەریای بەلتیقدا، لەسەر کەناری باکووری دەریای ڕەش، وەکو پێشەکی بۆ هەنگاوێکی تر بۆ دەستگرتن بەسەر تەنگە ئاویەکان لەوێشەوە بۆ ئاوە گەرمەکان. لێرە ڕەتکردنەوەی چوونە ناو بەیان لەگەڵ سوید و نەتوانینی وەرگرتنی پشتیوانی لەلایەن شارلی دوازدەهەم پاشای سویدمان بۆ دەردەکەوێت لەلایەن سیاسەتمەدارانی دەوڵەتەوە بە تایبەت لە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ڕووسیادا[2]، بەڵام لە کۆتاییدا دەوڵەت ناچاربوو کەشەڕ لەگەڵ ڕووسیا دەست پێ بکات دوای بێ ئەنجام بوونی گفتوگۆکان کە لەگەڵ ڕووسیا ئەنجامی دابوون. دەوڵەتیش لە دانان و دروستکردنی قەڵاو سەنگەر لە سنووری هەردوولا لەلایەن پوتروسی گەورەوە ترسابوو بەتایبەت دوای ئەوەی ڕووسیا فوزاتەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. سوپای

[1] - سنو : سەرچاوەی پێشوو، ل 50.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 64. فیشر : ل 358.

عوسمانی بە فەرماندەیی (سەدری گەورە) محەمەد پاشا سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای ڕووسیادا بە دەست هێنا بە فەرماندەیی گەورە لە شاری هرزیست دوای ئەو سەرکەوتنە هەردوولا دەستیان کرد بە گفتوگۆ و لە ئەنجامدا پەیمانی فلکزنی لێکەوتەوە لە 25ی تەمموزی 1711دا بەپێی ئەو پەیمانە ڕووسیا وازی لە شاری ئازوف هێنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی و هەستا بە ڕووخاندنی هەموو ئەو سەنگەر و قەڵایانەی کە دروستی کردبوون لە سنووری هەردوولا، هەروەها ڕێ نەگرتن لە شارلی دوازدەم لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی[1]. وازهێنان لە کاروباری ناوخۆی قوزاقەکان.

## پەیمانی ئەدرنە 1713

وادیاربوو ڕووسیا هەڵ نەدەستا بەجێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر شانی[2]. بەڵکو هەڵدەستا بە بەهێزکردن و گەشە پێدانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری ئاوزوف لە ڕووی سەربازی و ئابووری، کە ئەمە پاڵی بە سولتانەوە نا، کە لە ساڵی 1712دا شەڕ دەست پێ بکاتەوە. هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا هەستان بە ناوبژیکردن و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و بەمجۆرە شەڕ وەستا لە ترسی ئەوەی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان دووچاری مەترسی بێت. کێشەکە کۆتایی هات بە بەستنی پەیمانی ئەدرنە لە 18ی تەمموزی ساڵی 1713م دا بەپێی ئەو پەیمانە ڕووسیا وازی لە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر کەنارەکانی دەریای ڕەشی باکووری هێنا. ئەوەش لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی نەدانی جزیە بە میرەکانی قرم، کە ئەوانیش پابەندبن بەهێرش نەکردنە سەر کاروانە بازرگانییەکانی ڕووسیا[3].

## پەیمانی بەلگراد 1739

دوای مردنی پوتروسی گەورە، ڕووسیا دووچاری چەند کێشەیەک بوو بەڵام سەرباری ئەوەش لە چالاکییە سەربازییەکانی هەر بەردەوام دژی دەوڵەتی عوسمانی بە مەبەستی پێشڕەوی بەرەو تەنگە ئاویەکان و ئەستەنبوڵ. دوایش گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست لە ڕاستی سیاسەتی خانەکانی قرم گەورەترین بیانوو بوو بە دەست ڕووسیاوە

1 - جودت : بەرگی **1**، ل **64** – **66**. Reddaway, W. F: A History of Europe , 1610 – 1715, p. 437.

2 - هەمان سەرچاوە . محمد فرید بك : ل 314.

3 - محمد فرید بك : ل 314 – 315. أوزتونا : بەرگی 1، ل 597.





بۆ ئەو دوژمنکاریانەی دژی دەوڵەتی عوسمانی. لە ئازاری ساڵی 1736 دا ڕووسیا پەلاماری خاکی عوسمانی دا بە بیانووی تێپەڕینی کاروان و قوزاقەکانی قرم بەناو خاکی ڕووسیادا. توانی بەندەری ئازوف داگیربکات، هەروەها هێزەکانی ڕووسیا توانیان بچنە ناو خاکی هەرێمی بەغدان و پایتەختەکەی داگیربکەن[1]. نەمساش ئەمەی بەهەڵزانی هێزەکانی خۆیان گەیاندە وڵاتی بۆسنە و سرب شاری (نیش)یان داگیر کرد، بەڵام سوپای عوسمانی لێیان هاتنە دەست و ڕاوینان هەتا ئەوبەری ڕووباری دانوب و شاری بەلگرادیشیان لێ ستاندنەوە[2]. نەمسا لەژێر ئەو فشارە سەربازییەدا داوای ئاشتی کرد.

بەدوای ئەویش ڕووسیا ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ ئاشتی. بۆیە کۆنگرەی بەلگراد بەسترا کە نوێنەری هەر سێ لای تێدا بەشدار بوو کە ئیمزا کردنی پەیمانی بەلگرادی لێکەوتەوە لە 18یئەیلولی ساڵی 1739 دا گرنگترین بەندەکانی ئەمانە بوون :

¬نەمسا واز لە هەموو دەستکەوتەکانی بهێنێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە لە پەیمانی بسار و ڤیتز دەستی کەوتبوون.

¬ڕووسیا دەست دەگرێت بەسەر بەندەری ئازوفدا و، پەیمان دەدات بە ڕووخانی هەمو قەڵاکانی خاکی سەر بە شاری ئازوف کە بەربەستێك بوون لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

¬ ڕووسیا لە جیاتی قەرەبوو کردنەوە هەڵدەستێت بە دروستکردنی قەڵایەك لە نزیك دوورگەکەی لەسەر ڕووباری ئالدون لە نزیك شاری ئازوفەوە. دەوڵەتی عوسمانیش قەڵایەك لە نزیك ئازوف دروست دەکات.

¬ڕێگە نادرێت بە ڕووسیا کە هیچ کەشتییەکی لە دەریای ڕەشدا بمێنێت. هاووڵاتیانی ڕووس دەبێت لە ڕێگای کەشتی وڵاتانی ترەوە لە دەریای ڕەشدا بازرگانی بکەن.

¬ڕووسیا هەموو ناوچە داگیرکراوەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەگێڕێتەوە.

¬ ئەو پەیمانە بیست و حەوت ساڵ ئیشی پێ دەکرێت[3].

دیارە کە پەیمانی بەلگراد توانا و هێزی نێودەوڵەتی بۆ عوسمانییەکان گێڕایەوە لەناو ناوەندە ئەوروپییەکاندا کە بەهۆی پەیمانی کارلۆڤیتز لەکەدار ببوو. توانی بەشێکی زۆر لە زەویە لە دەست چووەکەی وەربگرێتەوە پەیمانی بەلگراد کاری پێ دەکرا. زیاتر لە

1 - جودت ، أحمد : بەرگی 1، ل 85. سرهنگ : ل 200.

2 - محمد فرید بك : ل 322 . أبراهیم بك حلیم : ل 168. أوزتونا : بەرگی 1، ل 609.

3 - Hurewitz , J, C: The Middle East and Notrh Africa in World politics , a Documentary Record. I, p. 71.

چارەگە سەدەیەك کە پەیوەندی عوسمانی و ڕووسی ڕەگیان داکوتابوو هەتا بەستنی پەیمانی کوچك قینارچی ساڵی 1774.

## دەست پێکردنەوەی کێشە لەگەڵ ڕووسیا لە سەردەمی سوڵتان مستەفای سێیەم (1757 – 1774)

لە دوای پەیمانی بەلگراد دەوڵەتی عوسمانی لە ئاشتی دا بوو بەهۆی سەرقاڵبوونی ئەوروپا بە کێشە ناوخۆییەکان[1]، هەر بە چوونە سەر تەختی کاترینی دووەم لە ڕووسیا لە ساڵی 1762 دا ئەو دەوڵەتە دەستی کردەوە بە فراوانخوازی لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕووداوێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەقۆزتەوە. سیاسەتی کاترینی دووەم بۆیتی بوو لە دەستگرتن بەسەر هەریەك لە پۆڵەندا و سوید دا و بێ هێزکردنی دەوڵەتی عوسمانی.

لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی کێشەی پۆلەندا وای کرد کە دەوڵەتی عوسمانی جارێکی تریش بەشداری لە چارەسەر کردنی کێشەکانی ئەوروپادا بکات. هەربۆیە لە دوای مردنی ئۆغستی سێیەم پاشای پۆڵەندا لە 27ی ئەیلولی ساڵی 1764 دا کاترینی دووەم هەوڵی دەدا قانونی ئەساسی ئەو وڵاتە دەستکاری بکات بۆ ئەوەی دۆستەکەی خۆی ستانسلاس بوونیاتوسکی لەو وڵاتە دابنێت، کە لەوەدا سەرکەوتو بوو دەستی بەسەر پۆڵەندا گرت[2]و، بەدیارکەوت حیزبی ئیتلافی پۆڵەندی. پەنای برد بۆ سوڵتانی عوسمانتی دوای بێ ئومێد بوونی لە بەریتانیا و فەڕەونسا بۆ وەستاندنی پێشکەوتنی ڕووسیا. وای کرد کە سوڵتان بەرگری بکات لە دەسەلاتەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا بەمجۆرە دەوڵەتی عوسمانی جارێکی تریش لەگەڵ ڕووسیا تووش بۆوە، ئەویش بەهۆی کێشەی پۆڵەنداوە. مەبەستیشی بوو کە بودولیا بە دەست بهێنێت لە بەرانبەر یارمەتی دانی شۆڕشگێڕە پۆڵەندیەکان[3]. لەلای خۆشیەوە ڕووسیا هەوڵیدا کە پەیمانێك لەگەڵ نەمسا ببەستێت بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستی خۆی لە ئەوروپا.

---

[1] - ئەوروپا لەو ماوەیەدا دوو شەڕی گەورەی بەخۆیەوە بینییەکێك شەڕی وارپە ی نەمسا بوو (1740 – 1748) و شەڕی حەوت ساڵەی (1756 – 1763)م سەیری فیشر : هەمان سەرچاوە، ل 395 – 418.

[2] - کامل ، مصطفی : المسالة الشرقية : ل 25.

[3] - محمد فريد بك : ل 330 . سنو : ل 51.





بەڵام نەمسا لە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دەترسا لەسەر دەستی سلاڤەکان هەروەها سیاسەتی ڕووسیا لە پۆڵەندا ناڕەحەتی کردبوو، ئەو دوو دەوڵەتە (بابی عالی)یان هان دەدا بۆ ڕێگرتن لە ڕووسیا کە لەوە زیاتر حەدی خۆی تێپەڕێنێت[1]. دەوڵەتی عوسمانی لەو نێوەدا هەستی بەمەترسی ڕووسیا کرد دوای ئەوەی کە هیچ هەڵوێستی نەنواند لە بەرانبەر لکاندنی پۆڵەندا بە ڕووسیاوە. ڕووخانی ئەو وڵاتە بە دەستی ڕووسیا واتە گەیشتنی ڕووسیا بە دەرگاکانی ئەستەنبوڵ. بۆیە پێویست بوو کە ڕێ لە ڕووسیا بگرێت کە چیتر پێشڕەوی نەکات و ئامانجەکانی نەهێنێتەدی[2]. بابی عالی فەرمانی دا بە (کەریم کرای) خانی قرم کە شەڕ بە ڕووسیا بفرۆشێت، بێ ئەوەی گومان بکەوێتە سەر[3]، ناوبراویش هەستا بەهێرش کردنە سەر قوزاقەکانی سەر بە ڕووسیا، بە بیانووی هاتنی ئەوانە بۆ شاری باڵتەکە کە شارێکی عوسمانییە کە دەکەوێتە سەر سنووری بسارییا کە هەستان بەکاری تالاّن و ڕێگری و سەربڕینی دانیشتووان دوایش شار وێران کردن[4]. لە ئەنجامی ئەو کارانەی قوزاقی سەر بە ڕووسیا موفتی فەتوایەکی دەرکرد کە دەبێت شەڕ دژی ڕووسیا ڕابگەیەنرێت. لێرە دەوڵەت نرخی ئەو زیادە ڕۆییەی سوپای دا، چونکە لەوکاتەدا دەوڵەت لە بارودۆخی خراپ دا بوو ڕووسیا توانی خان قرم تێك بشکێنێ و شاری شوکزیم گەمارۆ بدات. کاتێك (سەدری ئەعزەم) محەمەدامین پاشا هەوڵیدا یارمەتی شارەکە بدات، تووشی زیانێکی گەورە هات لە بەردەم میری ڕووسی غالستین هەر لەو پێناوەدا ژیانی خۆی بەخت کرد لە 13یتشرینییەکەمی ساڵی 1768 دا عەلی پاشا کە لە شوێنی ئەو دانیشت، ئەوەندە خاوەن بەخت نەبوو هەرچەند ئامادەکاری باشتری هەبوو، کە ئەویش تووشی شکان بوو لە ساڵی 1769دا. لە کاتی پەڕینەوەی لە ڕووباری الدنیبر کە بە ڕێگاوە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای ڕووسیا کە لەوبەری ڕووبارەکە جێگیر بوو بوو. لە ئەنجامی ئەوەدا میری ڕووسیا کە گەیشتە شاری شوکزیم درێژەی بە پێشڕەویەکانی دا کە لە پێشی دا بۆشاییەکی سەربازی عوسمانییەکان هەبوو. لە ئەنجامدا دەستی گرت بەسەر هەردوو ولایەتی ئەفلاق

---

[1] - جودت، احمد : بەرگی 1، ل 87. کامل، مصطفی : المسالة الشرقية، ل 25.

[2] - أوزتوان : بەرگی 1، ل 623.

[3] - سرهنگ : ل 217.

[4] - ابراهيم بك حليم : ل 178.

و بەغدان دا لە ساڵی 1770 دا دوای ئەوە لە ڕووباری دانوب پەڕییەوە و دەستی بەسەر کیلیا و بەندەر و برایلا و بوخارستدا گرت.

ستراتیجییەتی سەربازی ڕووسیا ئامانجی دوور و درێژ بوو باش جێبەجێ دەکرا. نیازی وابو هێرش بکاتە سەر عوسمانییەکان لە چەند بەرەیەکدا، بەڵکو لەو شوێنانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە خەیاڵی دا نییە سوپای ڕووسیا بگاتە ئەو شوێنانە شەڕ گەیشتە ولاتی یۆنان و سرب و (چیای ڕەش)، هەتا وای لێهات خەڵکی ئەو ناوچانە بیری شۆڕش کردنیان لا دروست بوو دژی دەوڵەتی عوسمانی، ڕووسیا ئوستوڵێکی دەریایی ناردە نیمچە دوورگەی المۆرە لە ڕێگای دەریای بەڵتیق و تەنگەی چیای تاریقەوە و توانی شاری کوروم داگیر بکات[1]. ئەوەش یەکەمجاربوو هێزی دەریایی ڕووسیا لە دەریای سپی ناوەڕاستدا جێگیر دەبوو ڕووسەکان هەوڵیاندا لە هەمان کاتدا یارمەتی هێزە شۆڕشگێڕەکان بدەن دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بۆ نموونە زاهیر ئەلعومەر لە فەڵەستین و عەلی بەگی گەورە لە میسر و میر مەنسوور ئەلشەهبانی لە لوبنان،بەڵام لەوبارەوە هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوون[2].

والییە عوسمانییەکان توانیان شۆڕشەکانی یۆنان سەرکوت بکەن ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئوستوڵی ڕووسی شاری کورون بەجێ بهێڵێت و بەرەو دوورگەی ساقز کەوتە ڕێ، بەڵام لەگەڵ ئوستوڵی عوسمانی تووشی شەڕ بوو زیانێکی گەورەی بەرکەوت.

دوای شەڕەکە، ئوستوڵی عوسمانی بەرەو کەنداوی جشمە گەڕایەوە لەسەر کەناری ئاسیای بچووک بەڵام فەرماندەکانی ئەو ئوستوڵە چەند هەڵەیەکی تەکنیکیان کرد کە زۆریان لەسەر کەوت، چونکە ئەو کەنداوە زۆر بەرتەسک بوو کەشتی یەکان جوڵەیان کەمبوو، نەیان دەتوانی بەشێوەیەکی سەربازی هەڵسووڕێن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئوستوڵی ڕووسی هەلی باشیان لەبەر دەست بوو ئوستوڵی عوسمانیان گەمارۆ دا لە هەموو لایەکەوە و توانیان بە تەواوی لەناوی بەرن[3] دوای ئەو تێکشکانە دەریاییە ڕێگا بەرەو ئەستەنبوڵ بۆ سوپای ڕووسیا کرایەوە، بەڵام نەیانتوانی کەڵك لەو سەرکەوتنە

1- saul . N. E: Russian and the Mediterranean. Pp. 6 – 8.
2- سەیری بازیلی بکە : سوریا و لوبنان و فەڵەستین لەژێر فەرمانڕەوایی تورکدا : ل 77 – 83.
3- هەمان سەرچاوە : sual : op. cit . p. 8.





وەربگرن بەرەو پایتەختی عوسمانی وەرێکەون فەرماندە (ئەرلوف)ی ڕووسی وای پێ باش بوو کە دوورگەی لمنوس داگیر بکات بۆیە گەمارۆیەکی توندی دا[1].

هەر لەوکاتە کاری خۆقایم کردن دەستی پێکرد لەسەر هەر دوو لێواری تەنگەی (ئەلدەردەنیل) و دەوروبەری پایتەخت ئەوەش لەسەر ڕاوێژی ئەفسەرێکی فەڕەنسی کە لە ئەستەنبوڵ بوو بەناوی (دیتوت) ئەوەش بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی وورەی عوسمانییەکان و، دەستیان کردەوە بەهێرش. فەرماندەی عوسمانی کە فەرماندەیەکی دەریایی بوو بەناوی حوسێن پاشا هەستا بە هێرش کردنە سەر ئوستوڵی ڕووسی کە گەمارۆی دوورگەی لمنوسی دابوو.

ڕووسەکانی ناچار کرد گەمارۆی سەر دوورگەکە بشکێنن لە ساڵی 1771 دا. ساڵی داهاتووش ڕووسەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا, کە دوای هێرشێك بە فەرماندەیی دلغورکی توانیان دەست بگرن بەسەر قەڵای ئیسماعیل کلی و بندر و ئاق کرماخ. ژێر دەست خستنی نیوە دوورگەی قرم، بەڵام نەیانتوانی ترابزون[2] داگیر بکەن دوای فراوانبوونی پانتایی شەڕ وڵاتانی ئەوروپا ترسان کە ڕووسیا دەست بگرێت بەسەر بەلقان و وای لێ بێت سیافەکان زاڵ بن و دەوڵەتی عوسمانی تێك بشکێت و لەبەردەم ڕووسیا چۆکدا بدات. بۆیە فەڕەنسا پشتیوانی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند و نەمسا و برووسیاش هەستان بەناوبژی کردن لە نێوان هەردوو لای شەڕدا[3].

هەرچەندە ڕووسیا دەیویست شەڕ ڕانەگرێت تا هەموو ئامانجەکان دەپێکێت، بەڵام ناچار کرا کە ئاگر بەست لەگەڵ عوسمانییەکان ئیمزا بکات لە شاری جورجی، کە یەکێك بوو لە شارەکانی بولگاریا لە 10 ی حوزەیرانی ساڵی 1772 دا. هەردوولا نوێنەری خۆیان نارد بۆ پەیمانی ئاشتی لە شاری فوکشان لە ولایەتی بەغدان[4].

**داواکاریەکانی ڕووسیا ئەمانەبوون:**

1. دانان نان بەسەربەخۆیی قرمدا.
2. کەشتییە بازرگانییەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەشدا توانای هاتوچۆیان هەبێت و لە هەموو دەریاکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیشدا هەروا.

1- هەمان سەرچاوە.
2- هەمان سەرچاوە، ل 223.
3- کامل، مصطفی : ل 30، 33 – 34.
4- محمد فرید بك : ل 337.

3. ڕووسیا مافی ئەوەی پێ بدرێت کە بەرگری لە مەسیحی یە ئەرسەدۆکسەکان لە وڵاتی عوسمانیدا بکات[1].

دیارە خوێندنەوەیەکی وردی داواکارییەکانی ڕووس ستراتیجییەتی سیاسەتی ڕووسیامان بۆ دەردەکەوێت دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی. دەی ویست هەر زوو بەندی یەك جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی قرم لە دەستی عوسمانییەکان بێتە دەرەوە، تاکو عوسمانییەکان جێ پێیان نەمێنێ لەو هەرێمەی دراوسێ ی ڕووسیا، بەڵام جێبەجێ کردنی بەندی دوەم پەیوەندی بە باری ئابووری و سەربازییەوە هەبوو، چونکە ڕووسیا چالاکی یەکی بازرگانی باشی تێکەوتبوو دەی ویست ڕێگای بۆ بکرێتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ بەربەرەکانی کردنی وڵاتانی ئەوروپی کە بتوانێ لە بەندەرەکانی خوارووەوەدانەوێڵە بنێرێتە دەرەوە.[2] بەڵام ئامانجی ڕووسیا لە بەندی سێ ئەوەبوو جێ پێی خۆی بکاتەوە لە وڵاتی بەلقان و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، هەروەها ڕێگە بە خۆی بدات وەکو فەڕەنسا خۆ لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی وەربدات. دبلۆماسیەتی عوسمانی هەر زوو هەستی بی ئامانجەکانی ڕووسیا کرد، داواکاریەکانی ڕەتکردەوە. کۆنگرەکە لێکهەڵوەشا بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێت بەڵام ئاگربەست درێژ کرایەوە هەر دوولا جارێکی تر لە شاری بوخارست لە 9ی تشرینی دووەمی ساڵی 1772 کۆبوونەوە ڕووسیا لەو کۆبوونەوەیەدا چەند داواکاریەکی زۆر قورسی پێشکەش کرد و هاوپێچ بوو لەگەڵ هۆشیاریدان. داواکارییەکانی بریتی بوون لە:

1− دەوڵەتی عوسمانی واز دەهێنێت لە هەندێك لە سەنگەرەکانی کە دەڕواننە سەر دەریای ڕەش لە ئۆکرانیا وەکو پشتیوانی بۆ جیابوونەوەی قرم.

2−دەوڵەتی عوسمانی هەموو ئەو سەنگەرانە تەسلیم دەکاتەوە بە خانی قرم کە لەدەستی دا ماون، خانی قرمیش لە لایەن ڕووسیاوە دادەنرێت.

3− دەوڵەتی عوسمانی واز لە ئەفلاق دەهێنێت بەو مەرجەی (گریگوار گیکا)[3] وەکو میر دابنرێت لەسەر ئەو هەرێمە دوای خۆشی میراتگرەکانی حوکمی دەکەن.

[1] - کامل، مصطفی : ل 44.

[2]- sorel , Albert : La question d"orient au XVIII sie"cle , le partage dela pologne et le traite" de kainardgi ,pp.17 – 28.

[3] - ئەو ئەمیرە لە ڕووسیا دەژیا کە ئامادەبوو ڕووسیا سیاسەتی خۆی پێ جێبەجێ بکات لە ئەفلاق.





4−دەوڵەتی عوسمانی واز دەهێنمێت لە شاری قلبورن لە تەنگەی ئۆکزاکۆڤ بۆ ڕووسیا، کە دەکەوێتە سەر دەریای ڕەش، سەنگەرەکانی ئۆکزاڤ و کرچی ویمی قەلعە دەڕوخێنرێن.

5−کەشتییە جەنگی و بازرگانییەکانی ڕووسیا ئازادن لە هاتوچوون لە دەریایی ڕەش و ئیجە.

6−مافی پاراستنی مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکان دەبەخشرێت بە ڕووسیا لە وڵاتی عوسمانیدا.

7−نازناوی (پاشا) دەبەخشرێت بە قەیسەرەکانی ڕووس لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و نامە دبلۆماسییەکاندا[1].

لە ڕاستیدا دبلۆماسیەتی ڕووسی بە ئەنقەست ئەو داواکاریانەی پێشکەش کردبوون، بۆ دەرخستنی سیاسەتی ستراتیجی خۆی و زیاتر ئاشکرا کردنی ئەم داواکاریانە و ئەوانەی لە پەیمانی فوکشان پێشکەش کردبوون. سیاسەتی خۆی لە ئەفلاق دەرخست. ڕووسیا زۆر پێویستی بەو هەرێمە هەبوو بۆ ئەوەی خاکی خۆی بەرەو باشور فراوان بکات، بەڵام شاری قلبوڕن و ئەو سەنگەرانەی کە باسکران، هەموویان دەڕواننە سەر قەراغەکانی شاری ئازوف کە دەریایەکی عوسمانی لێ دروست دەبوو کە دەبوو بەهۆی ڕێگرتن لەبەردەم کەشتی یەکانی ڕووسی بەرەو دەریای ڕەش، سەرەڕای ئەوە کە ناوچەکانی دەوروبەری مەترسیان لە ئاسایشی ڕووس دروست دەکرد لە داهاتوودا، بەڵام داوای ڕووسیا کە نازناوی (پاشا) بدرێت بە قەیسەرەکان تا ئەوکاتە دەوڵەتی عوسمانی دانی نەنابوو بە ڕووسیادا وەکو دەوڵەتێك و ئەو نازناوەی بە شایانی فەرمانڕەوایانی ڕووسی نەدەزانی، چونکە بەو نازناوە دێنە ڕیزی سوڵتانەکانی عوسمانی کە دیاربوو ڕووسیا لەسەر ئەو خاڵە پێی دادەگرت، کە دیاربوو دەوڵەتی عوسمانی ئەو داوایانەی ڕەتکردەوە و هەردوولا نەگەیشتنە ڕێککەوتن کە دەست پێکردنەوەی شۆڕشێکی مسۆگەربوو، بەڵام عوسمانییەکان لە ماوەی شەڕ وەستاندا توانیان سوپاکەیان ڕێکبخەنەوە و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن، وای لێهات لە توانایاندا بوو کە هێرشی ڕووسیا لە بەلقان تێك بشکێنن. توانیان کە لە ساڵی 1773 دا لە ناوچەی بەلقان وەدەریان بنێن.

[1] - محمد فرید بك، ل 337 – 338.

## پەیمانی کوچك قینارچی 1774

دەوڵەتی ڕووسیا پەنای بۆ ئاشتی نەبرد، هەرچەند سوپاکەی تووشی شکستێکی گەورە ببوو، بەڵام خۆی بۆ تۆڵە ئامادە دەکرد. لە تەممووزی ساڵی 1774 سوپای ڕووس بە سەرۆکایەتی (ڕومانزوف) بەرەو خوارو پێشڕەوی کرد، هەستا بە نانەوەی بۆسەیەك بۆ سوپای عوسمانی لە نزیك قوزلجق[1] دوای ئەوەش درێژەی بە پێشڕەویەکەیدا بەرەو شاری ڤارنا لەوێ لە ڕۆژئاوای شار لەگەڵ سوپای عوسمانی بەشەڕهات، سوپای عوسمانی بەفەرماندەیی (سەدری ئەعزەم) موحسین زادە بوو کە ناچار بوو داوای شەڕ ڕاوەستان بکات، (سەدری ئەعزەم) دوو نوێنەری ناردن بۆ لای فەرماندەی ڕووس بەمەبەستی بەرپا کردنی ئاشتی لەنێوان هەردوو لادا لەسەر بنچینەی ئەو مەرجانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە بوخارست ڕەتی کردبوونەوە[2]. دوای ئەوە گفتوگۆ دەستی پێکرد لە نێوان هەردوولا لە شاری قینارچی لایەنی ڕووس لەو دانیشتنانە زۆر توند بوو ناچار دەوڵەتی عوسمانی ملیدا بۆ مەرجەکانی ڕووسیا لە 21ی‌ی تەممووزی ساڵی 1774 دا ڕێککەوتنامەکە مۆرکرا، کە لە مێژوودا بەناوی ڕێککەوتنامەی کوچك قینارچی[3] ناسراوە کە بیست و هەشت خاڵ لە خۆوە دەگرێت[4] کە پەیوەندییەکانی عوسمانی و ڕووسیا ڕێك دەخات لە داهاتوودا کە بەندە گرنگەکانی ئەمانەن:

1. لە ناوبردنی دوژمنکاری لەنێوان هەردوولا دا و سەقامگیرکردنی ئاشتی و بەخشینی هەموو ئەو کەسانەی لە هەردوولا تاوانیان ئەنجام داوە[5].
2. ڕانەگرتن و پارێزگاری نەکردنی پەنابەران و ڕاکردووان و خیانەتکارانی هەردوولا ئەگەر ئەوە ڕویدا بۆ یەکتریان بگێڕنەوە بێجگە لەوانەی کە موسڵمان دەبن لەناو دەوڵەتی عوسمانی، ئەوانەی دەبنە مەسیحی لە ڕووسیادا.

[1] - دەکەوێتە ڕۆمانیا. محمد فريد بك : ل 341، پەراوێزی ژمارە 3.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - گوندێکی بچووکە دەکەوێتە سەر لێواری لای ڕاستی ڕووباری دانوب لە نزیك سیلستریا .
[4] - دەقی پەیماننامەکە لە (تاريخ جودت) بەرگی **1**، ل **398** – **411** . بە زمانی ئینگلیزی لە Hurewitz: I, PP. 54 – 61.
[5] - مەبەست لەوە ئەو شۆڕشگێڕە مەسیحییانەن کە دژی عوسمانییەکان شۆڕشیان کردووە.





3. هەردوولا دان بنێن بە سەربەخۆیی وڵاتی قرمدا. دانیشتوان ئازادی تەواویان هەیە لە هەڵبژاردنی خان بۆ خۆیان کەسیش نابێت داوای باجیان لێ بکات دەوڵەتی عوسمانیش کاروباری ئایینیان بەڕێوە دەبات لەبەرئەوەی کە موسڵمانن.
4. دەوڵەتی عوسمانی واز دەهێنێت لە سەنگەرەکانی سەر دەریای ڕەش بۆ ڕووسیا کە ئەوانیش کریچ وینی قلعە و ئازوفن لەگەڵ ناوچەکانی دەوروپشتی لەگەڵ زەوییەکانی نێوان هەردوو ڕووباری ئەلدنیبر وئەلبوغ و قەڵای قلبورن کە دەکەوێتە سەر ڕووباری ئەلدنیبر، بەو مەرجەی ئەو ڕووبارە جیاکەرەوەی سنووری دوو وڵات بێت. هێزی هەردوو لاش لە دوورگەی قرم پاشەکشە دەکەن.
5. هەردوو وڵات ئازادن لە دروستکردنی قەڵا لەناو خاکی خۆیاندا و هەروەها هەستان بە قایم کردنی سەنگەرەکان.
6. دانانی باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ بە پلەی دوو، بۆشی هەیە دەست بداتە کاروباری مەسیحی یەکان ئەگەر پێویست بوو پێویستە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کە پێشنیازەکانی باڵوێزی ڕووس بەهەند وەربگرێت و پارێزگاری لە ئایینی مەسیحی بکات و کەنیسەکان پارێزراو بن.
7. ڕهبانەکانی ڕووس مۆڵەتیان هەیە کە سەردانی قودس و هەموو شوێنە پیرۆزەکان بکەن، دەوڵەتی عوسمانی دەبێتت ئاسانکاریان بۆ بکات و پارێزگاریان بکات لە جزیە و هەر باجێکی تر دەبێ بەخشراوبن.
8. کەشتییە ڕووسییەکان بۆیان هەیە لە دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاستدا کەشتی یەوانی بکەن. بازرگانە ڕووسەکان بۆیان هەیە کاری هەناردە و ئاوردە بکەن لە هەموو بەندەر و شارەکانی عوسمانیدا. دەوڵەتی ڕووس بۆی هەیە لە هەموو شوێنێك کە بە گونجاوی بزانێت کونسولگەریی و نووسینگە بکاتەوە.
9. دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ یارمەتی دانی ڕووسیا ئەگەر ویستی پەیمانی بازرگانی لەگەڵ باکووری ئەفریقیا ببەستێت دەوڵەتی عوسمانی دەبێت دەستەبەری وڵاتانی باکووری ئەفریقیا بێت کە پەیمانەکانیان دەپارێزن.
10. قەیسەرەکانی ڕووس ناوناوی (پاشا)یان پێ دەبەخشرێت لە پەیمانە نێودەوڵەتیەکان و نامە ڕەسمییەکاندا.

11. ڕووسیا بۆ هەیە کە کەنیسە لە ئەستەنبوڵ دروست بکات لەسەر ڕێگای گشتی و گەڕەکی ئوغلی و گەڕەکی غلَطە کە باڵوێزی ڕووسیا سەرپەرشتی دەکات.

12. ڕووسیا ولآتی کرج و منکرلی لەناوچەی قەوقاز بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەگێڕێتەوە و ولآتی ئەفلاق و بەغدان و بساریبا و سەنگەرەکانی ئاق کرمان و ئیسماعیل و بەندەر و دوورگەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بەو مەرجەی لیٚ بوردنی گشتی دەربکات بۆ دانیشتوانەکەی، مافی ئەوەیان هەبێت کەنیسەی تازە دروست بکەن و ڕەهیبەکان ئمتیازاتیان هەبێت و ئازاد بن لە کۆچ کردن و دانیشتوان بەخشراو بن لە بار گرانیەکانی شەڕ و جزیە دان بۆ ماوەی دوو ساڵ. میری ولایەتەکان بۆیان هەیە جێگر لە ڕۆمەکان بۆ خۆیان دابنێن، بەلآم بە ڕەزامەندی دەوڵەت[1].

هەندێك بەندی تریش هەن پەیوەندیان بە پاشەکشە و ئازاد کردنی دیلەکانەوە و دانانی سەفیرەکانەوە هەیە، دەوڵەتی عوسمانی دەبیٚ بڕی پازدە هەزار کیسە پارە بدات بە ڕووسیا لە ماوەی سیٚ ساڵدا وەکو خەرجیەکانی ئەو شەڕە.

بە وردی خوێندنەوەی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنامە، خوینەر هەندێك تێبینی لا دروست دەبێت:

1. ڕووسیا بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە کۆمەڵێك دەستکەوتی گەورەی دەستکەوتووە.

2. کۆتایی هاتنی دەسەڵآتی عوسمانی لە دەریای ڕەشدا و دانانی بنچینەیەکی داهاتوو بۆ دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی عوسمانی، ئەمەش بریتی بوو لە لێدانی زەڕبەیەکی گەورە لە سیاسەتە سەرەکی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە زیاتر پەیوەندییان بە دەسەڵآت و سەروەری دەوڵەتەوە هەیە لەسەر دەریای ڕەش و گەرووە ئاوییەکان، کەشتی یەوانی لەو دەریایەدا بۆ ڕووسیا ئازاد و کراوە بوو کە هیچ مەرجێك نایان گرێتەوە بە ئازادی تەواو دەتوانن هاتوچۆ لە دەریای ڕەشدا بکەن.

3. درێژبوونەوەی سنووری ڕووسیا بۆ ڕووباری بوغی خواروو کە هەرێمی قوبانیشی دەگرتەوە لەسەر ڕووباری دنیبر و بوغاندا.

4. ولآتی قرم سەربەخۆیی وەرگرت، هاوولآتیانی لە بواری ئاییندا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون، ڕووسیا بۆی نەبوو بە تەواوی دەستی بەسەر دا بگرێت.

[1] - جێگرەکان بەناوی (مصلحتکدار یان وکیل یان خاوەن بەرژەوەندی )دەناسران.





5. ڕووسیا بۆی هەبوو لەهەر کوێیەك بیەوێت لەناو خاکی عوسمانیدا کونسولگەری بکاتەوە، سەرەڕای مافی کەشتی یەوانی لە ئاوەکانی عوسمانیدا، کە ڕووسیا ئەوەی دەقۆزتەوە هەرکاتێك بیەوێت دەست وەربداتە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی.

6. ڕووسیا مافی ئەوەی وەرگرت کە بەرگری لە ڕۆمە ئەرسەدۆکسەکان بکات لەناو خاکی عوسمانی دا کە ڕووسیا وای دەزانی کە دەوڵەتی عوسمانی باشترین ولآتە بۆ دەستێوەردانی، چونکە بە ڕاستی ڕووسیا پێشتریش توانی دەوڵەتی سوید سەر شۆڕ بکات و پۆڵەنداش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

7. ئەو پەیماننامە بە کۆتایی هێزی عوسمانی دەژمێردرێت. ئیعتیباری (بابی عالی) زۆر دابەزی لە ئەوروپا گەیشتە ڕادەیەك کە دەرکردنی عوسمانییەکان لە ئەوروپا تەنیا ڕۆژی مابوون. لەلایەکی ترەوە ئەو پەیمانە پلەی دەوڵەتی عوسمانی گەیاندە دەوڵەتی پلە سیٚ و کەوتە دوای بەریتانیا و ڕووسیا.

8. وەکو دەرکەوت کاترینی دووەم کە سەرکەوتوو بوو لەشەڕدا دەستی گرت بەسەر قرمدا. بەهۆی هێزی سوپاکەی کە پێشڕەوی دەکرد لەبەلقانەوە بەرەو ئەستەنبوڵ لەتوانایدا هەبوو کەمەرجی سەختتر بخاتە سەر شانی دەوڵەتی عوسمانی، بەلآم مەرجەکانی ئەو پەیمانە هەرچەند سەخت بوون و هەرچەند لەسەرووی هەموو ئەو پەیمانانەدا بوو کە دەوڵەت بەستبوویانن کەئەوە نموونەیەکی دیار بوو لەو پەیوەندیانە هەتا هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە 1914 دا، بەلآم تاڕادەیەك سووك بوو لەسەر شانی دەوڵەتی عوسمانی, ڕووسیا بۆی هەبوو مەرجی زۆر سەختر بخاتە سەرشانی دەوڵەتی عوسمانی بەلآم هاوسەنگی نێو دەوڵەتی کەئەوکاتە باوبوو لەنێوان دەوڵەتە گەورەکاندا ڕێگر بوو لەوە. بەتایبەت نەمساو بڕووسیا ڕازی نەدەبوون کە ڕووسیا وا بە ئاسانی ولآتی بەلقان قووت بدات و دەست بگرێت بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا. زۆر بەنیگەرانی سەیری ئەو فراوانخوازیەی ڕووسیایان دەکرد. نەمسا پیٚ ی وابوو کە بەلقان یەکەم ڕێڕەوە کەلێیەوە دەتوانێت پەلبهاوێت، بەلآم ڕووسیا داگیری بکات ئەوە دەبێتە ڕێگر بۆی و هاوسەنگی نێودەوڵەتی تێك دەچێت لەهەمان کاتیشدا بڕووسیا ئارامی لەو ناوچەیدا بە بەرژەوەندی خۆی دەزانی. بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لەوەی کە نەمسا لەناوچەکە خۆی تیٚ بگەیەنێت ئەمە لەلایەك و دورخستنەوەی ڕووسیالەو ناوچەیە لەلایەکی ترەوە. بۆ ئەوەی دوربکەوێتەوە لەخۆتێگەیاندنی سەربازی لەگەڵ ڕووسیا دژی

دەوڵـەتی عوسمـانی بـەپێی هـەر دو ڕێكەوتننامـەی سـاڵی(1764 –1766) لەلایـەكی ترەوە ئەمـە لەكاتێكدا كـە كێشەیەكی دارایـی گـەورەی هـەبوو, لێرەدا كـاترینی دووەم هەستی كرد كە بڕووسیا لەبەردەم فراوان بوونی خاكی ڕووسیا ڕیگرە. فەڕەنساش لەهیچ درێغـی ناكـات كـە یارمـەتی دەوڵـەتی عوسمـانی پـێ بـدات. بـەریتانیا ڕێگـرە لـەوەی كـە ڕووسیا دەست بگرێت بەسەر تەنگە ئـاوی یەكانـدا. سـوید بـۆی لەكـەمین دایـە بۆیـە وای بەباش زانی بەرەو بەلقان پێشڕەوی نـەكات لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمـانی پـەیمانی ئاشـتی بەستەوە. هەمو ئەو ناوچانەشی بۆ گێڕایەوە كەداگیری كردبوون.

9. پـەیمانی كوچـك قینارچـی سـەرەتای قۆزتنـەوەی ئـەو پەیمانانـە بـوو كەلەلایـەن دەوڵەتانی ئەوروپی بەسترابوون و هـەموویان پێـچەوانەی بەرژەوەنـدی یـەكانی دەوڵـەتی عوسمانی بوون. لەڕاستیشدا بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی زیـاتر ڕێگـای خـۆش كرد بۆئـەو دەوڵەتانە كە دەسـت بخەنـە كاروباریانـەوە ئـەویش زیـاتر بـەبیانووی پارێزگـاری كردنـی مەسیحی یەكان، هەروەها ڕێگا كرایەوە بـۆ بازرگانـانی عوسمـانی. ئەوانـە بنـچینەی ئـەو كێشانە بوون كە تووشی دەوڵەتی عوسمانی دەهاتن لەسەدەی نۆزدەدا.

## پەراوێزەكانی پە یمانی كوچك قینارچی –پە یمانی یاش 1792

دوای ئیمزاكردنی پەیمانی كوچك قینارچی، دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا كـە چاكسازی لـەناوخۆ بكـات و سـوپاكەی بـەهێز بكاتـەوە بـۆ قـەرەبوو كردنـەوەی ئـەو زیانانـەی لێـی كەوتووە و كوژاندنەوەی ئەو فیتنانەی سەریان هەڵدەدا[1].

ڕووسیاش لەلای خۆیەوە دەی ویست نەخـشە فراوانخـوازی یـەكانی درێـژە پـێ بـدات هەموو كەنارەكانی دەر یای ڕەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی كە هەمیشە بە خاكی خـۆی دەزانـی. دوورگـەی قـرمیش باشـترین نێـچیر بـوو وەهەرچـەند ڕووسـیا دانـی نـابوو بـە سەربەخۆی ئەو وڵاتە خانداره بەڵام هەر لە هەوڵ دا بوو بـۆ ئـەوە بەخۆیـەوە بیلكێنێـت. بۆیە هەمیشە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی هەڵدەنا كـە شـۆڕش بكـەن و ئـاژاوەی دەخـستە نێوانیـــان بـــۆ ئـــەوەی داوای یارمـــەتی لێبكـــەن. ئـــەویش خـــۆ لـــەكاروباریان وەربـــدا سەركەوتووش بوو لە داگیركردنی ئەو دوورگەیەدا لە ساڵی 1783[2].

---

1 - گرنگترینیان شۆڕشی ظاهر احمد بوو لە فەڵەستین.

2 - كامل، مصطفى : سەرچاوەی پێشوو، ل 47. Marriot. J. A. R: The Eastern question, p. 140.





لە ئەنجامی ئەو پەیمان شكاندنەی ڕووسیا بۆ هـەردوو لا دەركـەوت كـە ئـەو پەیمانـە تەنیا شەڕ ڕاگرتنێكە. دەوڵەتی عوسمانی دەی ویست جارێكی تر دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو دوورگەیـەدا بسەپێنێتەوە، چـونكە ئـەو كـارەی ڕووسـیا شـكاندنی ئاشـكرا پـەیمانی ئاشـتی نێـوان هـەردوولا بـوو، لەكاتێكـدا ڕووسـیا دەی ویـست دەسـەڵاتی خـۆی زیـاتر بسەپێنێت بەسەر ئەو دوورگەدا و زیاتر لە بەلقان پێشڕەوی بكات ئەمانـە وایـان كـرد كـە پەیوەنـدی عوسمـانی و ڕووسـیا تێـك بـچێت هـەردوولا لەشـەڕ نزیـك دەبوونـەوە[1] بـەڵام فەڕەنسا داوای لە (بـابی عـالی) كـرد كـە خـۆی لەشـەڕ نـەدات چـونكە ڕووسـیا لـە بـواری سـەربازی دا زاڵـە بەسـەریدا. لەلایـەكی تـرەوە نەمـسا و ڕووسـیا بـەنهێنی ڕێككـەوتوون لەشاری كرسـون كـە دەوڵـەتی عوسمـانی لەناوببـەن خاكەكـەی لـەنێوان خۆیانـدا دابـەش بكەن[2] كە بەندەكان ئەمانەبوون:

1. دەوڵـــەتێك دابمـــەزرێت وەكـــو بەربەســـتێك لـــە ئـــەفلاق و بەغـــدان و بـــساربیا فەرمانڕەوایەكی ئەرسەدۆكسی لەسەر دابنرێت.
2. هـەردوو خـاكی عوسمـانی لـە ئـەوروپادا دابـەش دەكـەن لـە نێـوان خۆیانـدا ڕووسـیا بەندەری ئـوزی و هەنـدێك لـە دوورگـەكانی ڕۆمـی بەربكـەوێت، نەمـساش دەسـت بگرێـت بەسەر هەریەك لە وڵاتی سرب و هەرسك و دلماسیای سـەر بـە بووندقیـە، هـەروەها نیـوە دوورگەی مۆرە و هەردوو دوورگەی كریت و قوبرس بدرێت بە نەمسا.
3. بەشەكانی تریش دەدرێت بە وڵاتانی تری ئەوروپی، كە دوایی لەسەری ڕێك دەكەون.
4. ئەگـــەر هـــەردوو وڵات توانیـــان ئەســـتەنبوڵ داگـــیر بكـــەن، ئـــەوا هەڵدەســـتن بـــە دامەزراندنـــەوەی دەوڵـــەتی بێزەنتـــی و قـــستەنتین كـــوڕی بـــۆلس دەكرێـــت بـــە پاشـــای ئەستەنبوڵ بەو مەرجەی واز لە مافەكانی بهێنێت لە وڵاتی ڕووسیا، بۆ ئـەوەی نەبنـە دوو وڵات[3].

بەم شێوەیە هەواڵی ئەو ڕێككەوتنامـە لـە ناوەنـدە سیاسـییەكانی ئـەوروپا و عوسمانیـدا بڵاوبۆوە، هەر لەهەمان كاتدا ڕووسیا هەستا بە قایم كاری سەنگەرەكانی خـەتی پێـشەوە بـە تایبـەت لەوبـەری سباسـتوبول لـە نیـوە دوورگـەی قـرم. سـەربازگەیەكی گـەورەی

---

1 - أوزتونا : بەرگی 1، ل 636.

2 - كامل، مصطفى : ل **47**. سرهنگ : ل **228**.

3 - محمد فرید بك : ل **359** – **360**.

دروستکرد لەناوچەی خرسون بەمەبەستی تازەکردنەوەی شوێنە دەریایەکانی لەسەر دەریای ڕەش، هەستا بە خزمەت کردنی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە، کە ماڵات و ئێەمیر و تۆوی بەسەردا دابەشکردن بۆ ڕاکێشانی سۆزیان بەلای خۆیدا و هاندانیان دژی عوسمانییەکان. وڵاتی کەرەجیشی خستە ژێر دسەڵاتی خۆی دانیشتوانی یۆنان و بەغدان و ئەفلاقی بۆ شۆڕش هاندا. هەستا بە ئەنجامدانی ئاهەنگێکی گەورە لە قرم لەژێر دروشمی (ڕێگای بێزەنتە) بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیەوە و هێز نەمایی خۆ بکات لەناو دڵی دانیشتوانی هەرێمەکەدا[1].

دیاربوو دەوڵەتی عوسمانی ئامۆژگاریەکانی فەڕەنسای بەهەند وەرگرت وەدانی نا بەلکاندنی قرم[2] بە ڕووسیاوە دوای ئەوە دەوڵەتی عوسمانی چاوی بە سیاسەتەکانیدا گێڕایەوە و ئەو کارانەی ڕووسیای بە گاڵتە پێکردن دەزانی بە پێویستی زانی کە بەرپەرچی بداتەوە نیازی ئەوەی هەبوو کە شەڕ ڕابگەیەنێت دژی ڕووسیا بەریتانیا وای پێ باش بوو کە دەوڵەتی عوسمانی هەر لە هەڵگیرسانی شەڕ زەربەیەکی کوشندە لەناکاو لە ڕووسیا بوەشێنێت، پێش ئەوەی سوپاکەیان ئامادەکاری وەربگرێت، هەورەها بەدرەفتاری باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ هۆکارێکی تری شەڕبوو. بۆیە یاداشتنامەیەکی لە هاوینی ساڵی 1787 دا بۆ دەوڵەتی ڕووسیای نارد ئەم خاڵانەی داوا کرد:

1. تەسلیم کردنەوەی مور کرداتو فەرمانڕەوای ئەفلاق کە یاخی بوە و پەنای بۆ ڕووسیا هێناوە.
2. ڕووسیا دەبێت واز لە پارێزگاری کەرەج بهێنێت چونکە ئەو وڵاتە بە خاکی عوسمانی دادەنرێت.
3. لابردنی هەندێك سەر کونسولگەریەکانی کەتاوانبارن بە گێڕانی فیتنە.
4. دەبێ کونسولگەری بۆ دەوڵەتی عوسمانی دابنرێت لە بەندەرەکانی دەریای ڕەشدا، مافی ئەوەیان هەبێت کەشتی یە ڕووسیەکان بپشکنن کە بە تەنگە ئاویەکاندا تێدەپەڕن بۆ دڵنیابوون داخۆ چەك و تەقەمەنیان هەڵگرتووە یان نا[3].

[1] - **محمد فريد بك** : ل 361.
[2] - كامل، مصطفى : ل 47.
[3] - سرهنگ : ل 228 – 229.





شتێکی ئاشکرابوو ڕووسیا ئەو داواکاریانە ڕەت دەکاتەوە دوای ئەوەش دەوڵەتی عوسمانی شەڕ ڕادەگەیەنێت، هەروەها هەستا بە زیندانی کردنی باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ لە ئابی ساڵی 1787دا[1]. سوپایەکی گەورەی ئامادە کرد کە لە ڕێگای دانوبەوە بەرەو ئۆکرانیا کەوتەڕێ لە هەمان کاتدا سوپای ڕووسیا کە خۆی بۆ شەڕ ئامادە نەکردبوو پەلاماری شاری بەندەر و ئۆزۆیدا و توانی شاری بەندەر داگیر بکات لە 19ی تشرینی دووەمی 1788دا، کە کۆمەڵ کوژی یەکی گەورەیان ئەنجام[2]دا لە 22ی تشرینییەکەمی ساڵی 1790 دا دەستیان گرت بە سەر شاری ئیسماعیلدا لەوێش کاری کۆمەڵ کوژیان ئەنجامدا، هەروەها شاری بەندەریشیان داگیر کرد[3] , ڕووسەکان لەدەریای ڕەشدا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا، بەڵام نەیانتوانی دەست بەسەر ئەناپادا بگرن[4]. هێزەکانی ڕووسی لەژێر فەرماندەیی ڕپنین لەنزیك جالانز لەڕووباری دانوب پەڕینەوە هێزی عوسمانی لە ماتجین تێك شکا. لەهەمان کاتدا کەتیبەیەکی ڕووسی هێرشی کردە سەر ئاق کرمان وداگیری کرد[5].

لەئەنجامی ئەو تێکشکانە یەك لەدوای یەکانە ورە لە ئەستەنبوڵ دابەزی, هەرچەند عوسمانییەکان ئیستولی لەیۆنان تێك شکاندبوو لە دەریای ئیجەدا، کە هەستا بوو بە یارمەتی دانی ڕووسیا[6]. دوای ئەوە هەر یەك لە بەریتانیا و بڕووسیا وهۆڵەندا هەستان بەکاری ناوبژیوانی لە 9ی کانونی دووەمی 1792دا [7].

بەپێی ئەو ئاشتەواییە کە لەشاری یاش مۆرکرا وڵاتی قرم دەبێتە هی ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی هیچ مافێکی بەسەرەوە نامێنێت، هەروەها بەشێك لە وڵاتی قوبان و بسارییاو هەرێمی نێوان هەردوو ڕووباری دەنیبرو بوغ دەدرێتە ڕووسیا. ڕووباری دەنیبر دەبێتە بەربەستی سنووری هەردوولا. دەوڵەتی عوسمانی بۆی هەیە ئەو هۆزانە سەرکوت بکات کە هێرش دەکەنە سەر لێواری باکووری ڕووباری قوبان, هەروەها دەبێت واز لە شاری ئۆزی بهێنێت , بەم شێوەیە ڕووسیا توانی کە خۆی بەهێز بکات و دەست بگرێت بەسەر

[1] - محمد فريد بك : ل 361.
[2] - محمد فريد بك :ل361 . دەربارەی شەڕی ئۆزی : سرهنگ :ل230 –231. اوزتونا : بەرگی 1, ل640.
[3] - هەمان سەرچاوە :ل37 .كامل, مصطفى :ل49. سرهنگ :ل239. اوزتونا ,هەمان سەرچاوە ,ل641.
[4] - سرهنگ: ل234–237، کە درێژەی ڕوبەڕوبوونەوە دەریایی یەکان دەخوێنیتەوە .
[5] - هەمان سەرچاوە: ل238.
[6] - هەمان سەرچاوە : ل235.
[7] - كامل , مصطفى :ل49.

هـەردوو کـەناری ڕووبـاری دەنیـبرو بوغـدا[1]، بەشـێوەیەکی گـشتی پـەیمانی یـاش تـازە کردنەوەی پەیمانی کوچك قینارچی بوو.

## بەشی یازدەهەم
## پەیوەندییەکانی عوسمانی – فەرەنسی
## پەیوەندییەکانی عوسمانی – بولەندی
## پەیوەندییەکانی عوسمانی – فەرەنسی

### پەیوەندییە سیاسیەکان لە سەدەی هەڤدەهەمدا

کاتێ هنری چوارەم لەسەر تەختی فەرەنسا دانیشت لەساڵی (1590) دا سیاسەتی سەرەکی نزیکبوونەوەبوو لە (بابی عالی) کەیەکسەر باڵوێزێکی تازەی نارد بۆ ئەستەمبوڵ. هەروەها ڕێنمونی پێدا کە گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانییـەکان ئـەنجام بـدات بەمەبەستی

[1] - محمد فريد بك :ل**370**. کامل, مصطفى :ل**49** .دەقی پەیمانەکە دەبینی Creasy . E.S: History of the ottoman Turks (Ed London),II,pp. 498 -503.





دەستکەوتنی بازرگانی و پاڵی پێوەبنێت کەشەڕ دژی ئیسپانیا ڕابگەیەنێت و ئستوڵەکەی بنێرێت بۆکەنارەکانی توسکانا بۆئەوەی هەڕەشە بێت بۆهێزەکانی فلیپـی دووەم پاشـای ئیسپانیا کەلەوێ جـێگیر بـوون[1]. دیـار بـوو کـە بـاڵوێزی فەرەنـسا سـەرکەوتوو بـوو لـە کارەکەیدا. توانی پەیمانێك لە مانگی ئایاری 1604 دا لەگەڵ سوڵتان ئەحمەدی یەکەمدا ببەسـتێت دەسـتکەوتە کۆنـەکان تازەکرانـەوەو دەسـتکەوتی تـریش خرایـە سـەری کـە گرنگترینیان ئەمانە بوون :

داننان بەوەی کە پاشای فەرەنسا بۆی هەیە مەسیحی یە کاتۆلیکـەکان بپارێزێت کـە لـەوڵاتی ڕۆژهـەڵات نیـشتەجێن. شـوێن کـەوتوانی پاشـای فەرەنـسا و وڵاتـانی دۆسـتی فەرەنسا بۆیان هەیە هەرکاتێك بیانەوێت سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین بکەن بێ ئەوەی کەس دەست بهێنێتە ڕێگایان. بۆیە کەمجار نـاوی پیـاوانی ئـایینی ئـەوروپایی لـە پەیمانی سیاسیدا لەگەڵ دەوڵەتی ناویان هات، کە بۆیان هەیە ئەگەر ویستیان لـە شـوێنە پیرۆزەکان ژیان بەسەر بەرن. دڵنیابن لە گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تـر[2] ، بەڵام مردنی هنری چوارەم لە ساڵی (1610)دا ئەو پەیوەندییە دۆستانەی تێك دا. هەریەك لە بەریتانیا و هۆڵەندا ئەمەیان بە هـەلزانی و توانیـان هەنـدێك دەسـتکەوتی بازرگـانی لـە دەوڵەتی عوسمانی بەدەست بهێنن. بارودۆخەکە بەم جۆرە مایەوە تا کاردینال ریشلیو لە فەرەنسا دەستەڵاتی گرتە دەست. هەوڵیدا کەپشتگیری پاشـایەتی بکـات لـە فەرەنـسا و نەمـسا و ئیـسپانیا بـێ هێـز بکـات. بۆیـە بەپێویـستی زانـی کـە بگەڕێتـەوە بۆسیاسـەتی فرانسوای یەکەم و هنری چوارەم بەمەبەستی دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ (بابی عالی)دا، بۆیە پێشنیازی کرد کە شەڕ بوەستێت لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بندقیـەدا، هـەروەها هەوڵیـدا کـە شـەڕی نێـوان عوسمـانی و سـەفەوییەکانیش کۆتـای پێبهێنێـت. لەبەرانبەر پێدانی ئیمتیازاتی زیـاتر بـە بازرگانـە فەرەنـسای یـەکان تـا بازرگانـە تەعبانـە هۆڵەندی و بەریتانیەکان، هەروەها فەرەنسا پـشتیوانی لـە سیاسـەتی عوسمـانی کـرد لـە ئـەوروپادا. ریـشلیو دژی نەخـشەکانی ئـال هابـسبورغ وەسـتا کـە دەیویـست دەوڵـەتی عوسمانی لەناوبیات[3]. سوڵتان خۆشحاڵ بوو بەو هەڵوێستەی کاردنیال لە ساڵی 1621 دا ڕازی بوو کە کۆنسۆلگەری لە قودس بکرێتەوە، هەروەها فەرەنسا بـۆی هەیـە کـە گـۆڕی

[1] - خوری و اسماعيل : بەرگی 1، ل 10

[2] - خوری و اسماعيل : ج 1، ل 15

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 15.

پیرۆز تازە بکاتەوە ، ئەم هەڵوێستە دۆستانەی فەرەنسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هیواو ئومێدی وڵاتانی ئەوروپی بەربادا. بۆیە هەوڵیاندا کەوا ئەوانیش لە (بابی عالی) نزیك ببنەوە، سەرگەرم بوونی فەرەنسا بە بەربەرەکانی نەمسا. وای کرد کە پێگەی لە ئەوروپا لاوازبێت، بۆیە کەم تەرخەمی دەکرد لەبەرگری کردن لە دەستکەوتە بازرگانیەکانی. ئەوەش پاڵی نا بەرەهبانە یۆنانیەکان کە هەڵستن بە خزمەت کردنی بیت المقدس. لە کاتێکدا پێشتر ئەو کارە تایبەت بە رەهبانە کاتۆلیەکەکان هەروەها لە سوڵتانەوە بەشێك لە کەنیسەی قیامە درا [1] بە پاشای دووەم. هەرلەئەنجامی کێشەی ئایینی لەئەوروپا هەریەك لە باڵوێزی بەریتانیا و هۆڵندا داوایان لە سوڵتانی عوسمانی محەمەدی چوارەم (1648 – 1687) کرد کە یەسوعەکان لە ئەستەمبوڵ دەربکات بەمەبەستی بێ هێز کردنی دەستەڵاتی کاسۆلیکی فەرەنسا. هەرواش بو دەستەڵاتی فەڕەنسا ڕووی لە کزی بوو هەتا وای لێهات بەشداری پێکردنی بندقیە لە پارێزگاری کردنی لە کەنیسە مەسیحییەکان لە غلطە[2]. پەیوەندی نێوان (بابی عالی) و فەرەنسا ڕووی لەساردی کرد دوای مردنی ریشیلو. بازرگانییەکەشی لە ڕۆژهەڵات ڕووی لە لاوازی کرد. بەریتانیا و هۆڵەندا کەڵکیان لەلاوازی فەرەنسا وەرگرت. خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی نزیك کردەوە. ئەو پەیوەندی یە بەو شێوەیە مایەوە هەتا هاتنە سەرکاری لویسی چواردە لە فەرەنسا لە ساڵی 1643 دا، کە ئەویش بووبەهەڵگری فکرەی لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە درێخی نەکرد لە یارمەتی دانی نەمسا کە هەردووکیان دوژمنی کۆنی وڵاتەکەی بوون.هەر لەساڵی 1663 دا کەتیبەیەکی سەربازی نارد بۆ شەڕی سان جوتار وەکو لەپێشەوە باسکرا. پاشای فەرەنسا بەردەوام بوو لە دوژمن کاری یەکەی. بۆیە یارمەتی باش پێشکەش بە سوپای ئیمپراتۆری نەمسا کرد، کە هێرشی کردە سەر مەجەر لە ساڵی1664 دا.

هەروەها هێرشی کردە سەر ئستوڵی عوسمانی لەشاری جیجل لە جەزائیر[3]. هەستا بەیارمەتی دانی بندقیە لە ساڵی (1668) دا کاتێك هەستان بەبەرگری کردن لە دوورگەی کریت لەبەردەم هێرشی عوسمانییەکاندا[4]. بەم جۆرە دوژمن کاری لە نێوان دوو وڵاتدا گەیشتە ئەوپەری تا وای لێهات فەرەنسا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی

1 - هەمان سەرچاوە : ل 16.
2 - محمد فريد بك : ل 293.
3 - الترا : ل 395
4 - محمد فريد بك : ل 293 سرهنگ . ل 174





پچڕاند و سیاسەتی خۆی گۆڕی، پاشای فەرەنسا وای لێهات کە شەڕی دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنێت لە هەمان کاتدا دەوڵەتی عوسمانیش پەیوەندییەکانی[1] پچڕاند. ئەو شەڕە ڕانەگەیەنراوە بەردەوام بوو لەنێوان دوو وڵاتدا. هەتا ئابووری زانی بەناوبانگ کولبیر لە فەڕەنسا دەستەڵاتی گرتە دەست. ئەو ئابووری زانە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئابووری فەڕەنسا بەتایبەت بواری بازرگانی گەشە ناکات و پێش ناکەوێت تەنیا لەڕێگەی بێ هێز کردنی ئستوڵی بەریتانیاو هوڵەنداوە نەبێت هەروەها فرەوانخوازی لە دەرەوەی قاڕەی ئەوروپا[2] و زیندو کردنەوەی بازرگانی بەرەو ڕۆژهەڵات[3]. بۆچوون ی وابوو کە نەمانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی وەکو کارەساتێك وایە بۆ فەڕەنسا. بۆیە لە ساڵی (1665) وە هەوڵیدا نێوان هەردوو وڵات خۆش بکاتەوە. پەیوەندییەکانی لەگەڵ (بابی عالی) ڕێك بخاتەوە. بەهۆی ئوسلوبی دبلۆماسی و وردبینی خۆی دوای چەند هەوڵێکی بێ ئەنجام لە کۆتایدا توانی بگاتە لەیەك گەیشتنێك لەگەڵ عوسمانییەکان. لەئەنجامدا پەیمانێکی مۆر کرد لەگەڵ سوڵتان محەمەدی چوارەم لە مانگی حوزەیرانی ساڵی1673 فەرەنسا لەوپەیمانەدا چەند ئیمتیازێکی تازەی دەست کەوت. هەدەفی سوڵتان ئەوەبوو کە لەگەڵ فەرەنسا دۆست بێت ئەوەبوو تاکو پشت گیری بکات دژی نەمسا. بەمجۆرە پەیوەندی دوو وڵات کەوتە دۆخی جارانی. هاوپەیمانیەکی توند لەنێوانیاندا دروست بوو[4]. لویسی چوارەم زۆر دڵی بەو پەیوەندیە خۆش بوو لەگەڵ عوسمانییەکان هیوای وابوو کە ئیمتیازانی تری بازرگانی دەست بکەوێت و بتوانێت بەربەرەکانی دوژمنە ئەوروپیەکانی بکات بەڵام بارودۆخی سیاسی تازە هاتنە پێش کە فەرەنسا بێ ئەوەی گوێ لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ عوسمانییەکان و بێ ئەوەی پرسیان پێ بکات لەژێر فشاری سیاسی و سەربازیدا پەیمانی ئاشتی (سویکی لە ساڵی 1698) مۆر کرد. بۆیە سوڵتان مستەفا ی دووەم (1695 – 1703) لەلای خۆیەوە. هەستا بەبەستنی پەیمانی کارلوڤێتز لە کانونی

1 - الصباغ : بەرگی 1 ل 161
2 - فیشر : ل 300
3 - بەپێی بیردۆزی کوبیر ڕۆژهەڵات بازاڕێکی باش بۆ فەرەنسا چونکە گەلانی ڕۆژهەڵات مسرەف دەکەن و دروست ناکرن الصباغ : ل 161
4 - لەڕاستی چەند جار گفتوگۆی نێوان هەردولا شکستی هێنا تا لە ساڵی 1673 دا پەیوەندی دوو وڵات ڕووی لە باشی کرد . لەساڵی 1685 دا . پەیوەندی هەردوولا گەیشتە وە دۆخی جارانی، سەیری الصباغ بکە . بەرگی 1 ل 161، 168، خۆری، اسماعیل : بەرگی 1 . ل 17 – 18

دوەمی ساڵی 1699 دا. بەپێی ئەو پەیمانە وازی لـە هەنـدێك خـاكی عوسمـانی هێنـا بـۆ ڕووسیا و بندقیە و نەمسا وەكو لەپێشەوە باسمان كرد[1].

[1] - سەیری چۆنێتی ئەو بارودۆخە بكە كە پەیمانی ئاشتی ( سیویك ) ی تێدا بەسترا : البطریق و نوار: مێـژووی ئـەوروپی تازە : ل 213 – 215





## پەیوەندیە سیاسییەكان لەسەدەی هەژدەدا گەیشتنی فەرەنسای یەكان بۆ میسر

هەر لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا ئەستێرەی دەوڵەتێكی تازە لـە ئاسمـانی سیاسـی ئـەوروپا دەركـەوت، كەئـەویش ڕووسـیا بـوو بەسـەرۆكایەتی پوترسـی گـەورە كـە خـۆی بەدەوڵەتێكی ئەوروپی بەهێز دەزانی و هەمیشە چاوی بڕی بۆ ئاوە گەرمەكان سەیری كرد كـە سیاسـەتی فـرەوان خـوازی یەكـەی وادە خوازێـت خـۆی بگەیەنێتـە دەریـای ڕەش و بەندەرەكانی بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، بەڵام دەوڵـەتێكی بـەهێزی وەكـو دەوڵـەتی عوسمانی لە پـێش بـوو، كـە هەڵوێـستی سـوڵتان عوسمـانی دووەم (1618 – 1622) لەگەڵ ئاواتەكانی فەرەنسا یەكیان دەگرتەوە كە بازرگانییەكی چالاكی هەبوو لـە دەریـای ڕەشدا، بەڵام دەترسا كە ڕووسیا[1] دژایەتی بكات فەرەنساییەكان وایان هەست دەكرد كە ڕووسیا ڕێگرە لە پێشیان بۆئـەوەی بازرگانیـەكان لـە ڕۆژهـەڵات بـێ كێشە بێـت. شـەڕی وراسی نەمسا (1740 – 1748) وای لێكـردن كـە پـەیمان لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمـانی ببەستێت بۆ بەهێزكردنی هەڵوێستیان لە بەرانبەر نەمسادا فەرەنساییەكان بەڵێنیانـدا بـە بـابی عـالی كـە یارمـەتییان دەدەن لـە گێڕانـەوەی وڵاتـی مەجـەڕ كەئەمـە وای لێ دەكـات كەبەربەرەكانی ڕووسیا بكـات كـە بـەرەو باشـوور بكـشێت. لەسـاڵی (1740) دا لویـسی پانزدەهەم وەفدێكی گەورەی نارده (بابی عالی) بەوردبینی و شارەزایی و دبلۆماسی خۆیان وایان كـرد لـە سـوڵتان مـەحموودی یەكـەم (1730 – 1754) كـە بەرانبـەر ڕووسـەكان بوەستێت كەبیانەوێت بەرەو بەلقان بكشێن، هەروەها ئیمتیـازاتی تازەشـی بـە فەرەنـسا بەخشێ[2] بەڵام فەرەنسا نەیتوانی كە سیاسەت مەدارە عوسمانییـەكان ڕازی بكـات كـە سیاسەتی ئاشتەوایی خۆیان لەگەڵ نەمسا بگۆڕن، بەڵام ئەو پەیوەندیە تازانەی نێوان دوو وڵات زۆر درێژەی نەكێشا چونكە لویسی پانزە هەم دژی پشتیوانی وەزیرەكـەی شـوازول وەستا دەربارەی دەوڵەتی عوسمـانی لـە سـاڵی 1766 دا و بەسـتی پـەیمانی سـەربازی لەگـەڵ عوسمانییـەكان ڕەتكـردەوە. بۆدژایـەتی كردنـی ڕووسـیا چـونكە ئـەو سیاسـەتی كاترینـی دووەمی قەیسەری ڕووسیای دەربـارەی ڕۆژهـەڵات پـشت گـوێ خـست. هەسـتی

[1] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1 ل 19.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 20.

بەمەترسیەکانی نەکردوو دوربینی نەکرد. بۆیە ساردی کەوتە پەیوەندییەکانی هەردوولاوە هەرلەسەردەمی سوڵتان مستەفای سێیەمەوە (1757 – 1774). ئەو ساردییە هەربەردەوام بوو تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی 1789. سەرکردەکانی شۆڕش فشارێکی سیاسی و سەربازی زۆریان خرایەسەر لەلایەن سەرانی ئەوروپاوە بۆیە ترسان کە لەئەوروپا گۆشەگیربن. وەکو هنری چوارەم و فرەنسوای یەکەم پەیمانیان لەگەڵ عوسمانییەکان بەست پشتیان بەدەوڵەتی عوسمانی بەست دژی گەلە کۆمەی ئەوروپی دژی شۆڕشەکەیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گۆڕانکارییەك لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیدا رووی نەدا دەربارەی فەرەنسا هەرچەند سوڵتان سەلیمی سێیەم دانی نا بەکۆماری فەرەنسادا لە ساڵی1794 دا. پیاوانی شۆڕشی فەرەنسا گرنگی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەو لاتانەی کەوتونە سەرلێواری دەریا لە ئەفریقاو رۆژهەڵاتدا دەزانی کە گرنییەکی بازرگانیان هەیە، هەروەها چەند گرنگن بۆرێگای گەیاندنی نێوان هیندۆ ئەوروپی بۆیە بڕیاریان دا کەبەرگری بکەن لە بوونی فەرەنسا لەو ناوچە گرنگەی جیهاندا. هەرلەهەمان کاتدا بەربەرەکانیەکی توند هەبوو لە نێوان فەرەنساو بەریتانیادا. لەونێوە هەردوو دەوڵەت چاویان بڕی یە مسڕ بۆ پاراستنی ڕێگای هیند, بەریتانیا لەهەوڵدابوو ڕێگای هیند بپارێزێت. بۆیە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی میسر دامەزراند. لە ساڵی 1794 دا پەیمانێکی لەگەڵ فەرمانڕەوای میسر موراد بك ئیبراهیم بك بەست. بەپێی ئەو پەیمانە ئیمتیازاتی بازرگانی لە میسر ودەریای سووردا پێ بەخشرا، کە ئەو پەیمانە کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو لەناوەندە فەرەنسیەکاندا، کە سەفیری فەرەنسا لە قاهیرە سەرکەوتوو نەبوو لەبەدەست هێنانی دۆستی لەگەڵ مەمالیکەکاندا. بەریتانیا دوای ئەو ڕێکەوتن نامە لەگەڵ میسر رێگەی بازرگانە فەرەنسیەکانی تەنگ دەکردەوە .ئەمە پاڵی بە فەرەنسا وەنا هەرچۆنێك بێت لەگەڵ مەمالیکەکانی میسر ڕێك بکەوێت. بۆ ئەوەی بازرگانی فەرەنسا نەکەوێتە مەترسیەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. هەر لەو نێوەشدا سوڵتان سەلیمی سێیەم ئەو ڕێککەوتنەی نێوان میسرو بەریتانیای رەت کردەوە. لە ئەنجامی ئەو سەرنەکەوتنەی فەرەنسا باڵوێزی ئەو وڵاتە لەمیسر راپۆرتێکی بەرز کردەوە داوای لە حکومەتی فەرەنسا کرد کە زۆر پێویستە فەرەنسا میسر داگیر بکات، بەڵام هەرچەند مەمالیکەکان ڕێگەیان بۆ بەریتانیا خۆش دەکرد، بەڵام دژایەتی فەرەنسایان دەکرد.





پیاوانی شۆڕش هەستیان کرد کە بارودۆخ گونجاونیە بۆ ئەو کارە چونکە بەو هەنگاوە (بابی عالی) تووڕە دەبوو. پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری فەرەنسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. حکومەتی تازەی فەرەنسا کە لە ساڵی 1795 دا هاتنە سەر دەستەلات وایان پێ باش بوو کە پەیوەندی لەگەڵ (بابی عالی) بەهێز بکەن دژی دوژمنەکانیان کە بەریتانیاو نەمسا بوون، کەتوانیان بەسەر نەمسادا سەربکەون. هەوڵی گفتوگۆیاندا لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام سەرکەوتو نەبوون بۆیە بڕیاریاندا کە زەربەیەکی کاریگەری لێ بدەن بەتایبەت لە هیند بەمەبەستی ڕێگە خۆش کردن بۆئەوکارە سەربازییە ئەفسەرە فەرەنسا نەخشەیەکی سەربازیان دانا. ئەویش داگیر کردنی ئێرلەندا بوو کەبیکەنە بنکەیەکی سەربازی گەورەو لە وێوە هێرش بکەنە سەربەریتانیا لە (رأس رجاء الصالح)دا هێرش بکەنەسەر هیند نەك لەرێگای مسرەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی تێك نەچێت[1]، بەڵام سیاسەتمەدارانی فەرەنسا دڵنیانەبوون لە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، چونکە هێزی دەریایی بەریتانیا دەستی گرتبوو بەسەر دەریای باکوورو دەریای مانش و ڕێگای هیند، بەڵام حکومەتی فەرەنسا سووربوو لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە. بۆیە سوپایەکی تایبەتیان پێك هێنا و فەرماندەیی ئەو سوپایەشیان سپارد بە ناپلیۆن پۆناپارت[2]، بەڵام بوونابرت و شارەزایانی سەربازی باوەڕیان وابوو دوای وردبوونەوە هەڵسەنگاندنێکی ورد لەسەر زەوی بۆیان دەرکەوت کەناکرێ هێرش بکرێتەسەر هێزی دەریای بەریتانیا، چونکە هێزی دەریای بەریتانیا بەهێزبوو ئەوانیش ئەو توانایەیان نەبوو. بۆیە باشترە یان ئاسانترە هێرش بکرێتە سەر ڕێگاکانی گەیاندنی بەریتانیا کە لە جیهاندا شوێنێکی تایبەتی هەبوو. ئەگەر لەو هێرشەدا سەرکەوون ئەوا شوێنەوارێکی خراپ لەسەربازرگانی و سەرچاوەی هێزەکەیدا دەگیرێت. بۆیە پۆناپارت وای پێ باش بوو کە میسر داگیربکات بۆئەوەی ڕێگای هیند لە بەریتانیا بگرێت. ئەوەش ڕێگا لەبەردەم هێزە یاخی بووەکانی هیند دەکاتەوە و بەئاسانی شۆڕش دژی بەریتانیا بەرپادەکەن، کەبۆی هەیە دوایش هیند داگیر بکات دوای ئەوەی دەست بەسەر دەریای سووردا دەگرێت. شایانی باس کردنە کە هیند سەرچاوەی هێزی بەریتانیابوو[3]، بۆیە وادیار بوو هەندێك لە

---

1 - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل57

2 - نوار ونعنی : مێژووی هاوچەرخی . ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنساوە تا شەڕی دووەمی جیهانی : ل 78

3 - هەمان سەرچاوە، فیشر : ل 52 – 53

سیاسەتمەدارەکان وەکو نالیران کە دوایی بوو بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گالوون سەر کۆنسلگەری فەرەنسا لە قاهیرە هەمان بۆچوونی سیاسیان هەبوو داوایان لە حکومەت کرد کە ئەوە بکات، هەروەها نووسینی پیاوانی سیاسەت و گەشتیارە فەرەنسیەکان باسی ناهەمواری میسریان دەکرد، کە بەئاسانی دەکرێت دەستی بەسەردا بگرێت. بۆیە بڕیاریاندا کە نەخشەکە بگۆڕن و میسر داگیربکەن هەرچەند سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا وابوو کە هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی بێت پارێزگاری بکرێت لەقەوارەکەی لەدەست ڕووسیاو نەمسا[1]، ئەمە لەکاتێکدا کە فەرەنسا هیچ هۆیەکی گونجاوی بەدەستەوە نەبوو بۆ داگیر کردنی میسر، هیچ گلەیەکی لە سوڵتان سەلیمی سێیەم نەبوو کە دەستەڵاتداری بەناوی میسر بوو. بەڵکو لە ڕاستی دا هێرشەکە دژی بەریتانیا بوو[2]. ئامادەکاریە سەربازییەکان لە مانگی نیساندا تەواو بوون. حکومەتی فەرەنسی فەرمانێکی نهێنییان دەرکرد کە پێکهاتبوو لە پێشەکیەك و شەش ماددە گرنگی ئەرکی (سوپای ڕۆژهەڵات) ی دیاری کردبوو فەرماندەی سوپایەکەش بە ناپلیۆن پۆناپارت سپێردرا، داوای لێ کرا کە :

1– دەست بەسەر میسر دابگرێت و بەریتانیا لەو وڵاتە دەربکات هەموو وڵاتە ڕۆژهەڵاتیەکانی لە دەست دەربهێنێت تا ئەو شوێنەی لە توانای داهەیە.

2– بنکە بازرگانیەکانی بەریتانیالە دەریای سوور لە ناوبەرێت بە شێوەیەکی تایبەت دەخرێتە ژێر دەستەڵاتی فەرەنسا، هەروەها ڕێگای سویس دەگرێت[3].

3– هەڵکەندنی کەناڵێك لە نێوان هەردوو دەریای سپی و دەریای سوور.

4– کار دەکرێت بۆ چاککردنی بارودۆخی هاو وڵاتیان.

5– پارێزگاری دەکرێت لەسەر ئەو پەیوەندییانەی کەلەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا هەیە[4].

هەروەها فەرمانێکی تریان دەکرد کە پۆناپارت داوای لێ کرابوو دوورگەی ماڵتاش داگیر بکات، هەر لەوکاتەشدا داواکرا لە فەرماندەی دەریای فەرەنسا لە ئۆقیانوسی هیندیدا کە گەورەترین ژمارەی کەشتی بنێرێت بۆ دەریای سوور بۆ یارمەتی دانی پۆناپارت لە کاتی

[1] - سەیری ئەونوسینانە بکە : شکری : محمود فوئاد هێرشی فەرەنساو دەرکردنی فەرەنسییەکان لە میسر : ل 42 – 52

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 70 – 73

[3] - بەریتانیا پێشتر دەستی گرت بوو بەسەر ( رأس الرجاء الصالح ) دا کەشتیە فەرەنسیەکان بۆیان نەبوو لە وڕێگایەوە بەرەو هیند بکەونە ڕێ تەنها لەڕێگەی دەریای سورە وەنەبێت .

[4] - شکری : ل 79 – 80 .





پێویستدا کاتێ حکومەتی ئیدارە دەیویست کە بابەتی ئەو هێرشە بە نهێنی بمێنێتەوە فەرمانیاندا ئەو کارە سەرنجی کەس ڕانەکێشێت[1]، لە 19ی ئایاری ساڵی 1798 دا ناپلیۆن بەخۆی و سی و حەوت هەزار سەربازی و پەنجا و پێنج کەشتی و دوسەدو هەشتا ناقیلە[2] لەشاری شولون دەرچوو لەگەڵ خۆشی چەندین ئەندازیاری شارەزای برد لە بوارەجیا جیا کانی زانست و لێکۆڵینەوەدا بەتایبەت شارەزا لەبواری شوێنناسیدا، چونکە شوێنەواری میسری کۆن خەڵکی هیچی لە بارەوە نەدەزانی تەنیا شتێکی کەم نەبێت.بەرنامەکە جێ بە جێ دەکرا وەکو لەپێشەوە دیاری کرا بوو. دوورگەی ماڵتا لە 12ی حوزەیرانی 1798[3] خۆی دا بەدەستەوە، فەرەنسیەکان لە 1ی تەمووزدا لە کەناری میسر دابەزین لە نزیك شاری ئەسکەندەرییە بە شەڕ دوایی شارەکەیان داگیر کرد. ناپلیۆن سەربازگەیەکی تێدا دروست کرد بە فەرماندەیی کلیبر، لەکاتێکدا ناپلیۆن بەرەو قاهیرە کەوتە ڕێ[4]، فەرماندەی سوپای فەڕەنسا لەکاتی پێشڕەوی یەکەی هەوڵی دەدا کە دانیشتوان ڕازی بکات بەڵام مالیکیەکان بەسەرۆکایەتی مورادبك بڕیاریاندا کە شەڕی سوپای فەڕەنسا هەڵبگیرسێنن بۆ پارێزگاری کردنی قەوارەی خۆیان بەڵام لە شەڕی ئەهرامی بەناوبانگ شکستیان خواردو لە 21 یتەمووز سوپای فەڕەنسا گەیشتە قاهیرەو ڕای گەیاند کەنەهاتوە میسر داگیر بکات بەڵکو هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانیەو بۆ بەهێز کردنی توانای عوسمانییەکان هاتووە. و شۆڕشی مالیکیەکان سەر کوت دەکات. لە کۆتایدا دەستی بەسەر هەموو میسر داگرت[5]، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك هەواڵێکی ناخۆش لە کەناری دەریاوە بە ناپلێۆن گەیشت کە فەرماندەی بەریتانیا نلسن ئستوڵی فەڕەنسا ی لە کەنداوی ابی قیر بەدی کردوەو هێرشی کردۆتەسەر و لەناوی بردووە ل یەکیەمی مانگی ئابدا. بەم جۆرە ناپلیۆن پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا[6] پچڕا. ناپلیۆن هەرزو گرنگی و مەترسی ئەو کارەی هەست پێکرد کە دەبێتە هۆی بەدی نەهاتنی

[1] - هەمان سەرچاوە .

[2] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 81 المعلم نیقولا : باسی خاوەندارییەتی فەرەنسا دەکات بۆ میسر و وڵاتی شام ئەو مێژوو نوسە بۆخۆی شاهید حاڵی ڕوداوەکان بوو دەڵێت . سوپای فەرەنسا لە شەست هەزار سەربازو چوار سەدو پەنجا کەشتی پێکهاتبوو : ل 26 .

[3] - الترك : ل 26 شکری : 94 .

[4] - شکری : ل 92 .

[5] - سەیری درێژەی داگیرکردنی میسر بکە لە شکری. سەرچاوەی پێشوو ل 87 – 90.

[6] - الترك : ل 44 – 45.

ئامانجەکانی لە میسرو داگیر کردنی ڕۆژهەلاّت و گەیشتنی بە هیند، بەلاّم وا خۆی نیشاندا کە کارێکی بەو شێوە نییە، بەلاّم لە ڕاستیدا هێرشی فەڕەنسا سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی زاڵبوونی هێزی دەریای بەریتانیا، بەلاّم پۆناپارت لە هەولّدابوو کەخۆی لەگەڵ میسرییەکان بگونجێنێت لە چوار چێوەی نەخشەیەکی فەڕەنسی تایبەت، کە دەیویست هەستی میسریەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت کە ئەو سیاسەتە بریتی بوو لە :-

1- ڕێزگرتن لە ئایینی ئیسلام.

2- پارێزگاری کردن لە ئاداب و ڕەوشتی میسریەکان.

3- جیا کردنەوەی میسریەکان لە دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی بلاّو کردنەوەی تۆوی دووبەرەکی لەنێوان میسریەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا.

4- بەرپا کردنی پرو پاگەندە لەناو گەلانی دراوسێی میسر کە فەڕەنسییەکان چەندە ڕێز لە ئایینی ئیسلام و موسڵمانان دەگرن بۆئەوەی ڕازییان بکەن کە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ فەرەنسادا دامەزرێنن و چالاکی بازرگانی لە نێوان ولاّتەکانیان و میسر دەست پێ بکات، کە قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێت.

5- پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتیمانی وەکو ئەمیرێك بەکاری بهێنێت بۆ جێ بە جێ کردنی کارو باری میسریەکان وەکو هۆکارێك بەکاربهێنێت بۆ بلاّوکردنەوەی فەرمانەکانی[1].

ئەوکارە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی نیگەران کرد، کەوای کرد دەوڵەت بچێتە هاوپەیمانیەکەوە لەگەڵ بەریتانیا بۆ دژی فەڕنسا بۆبەربەرەکانی فەڕەنساو دەرکردنی لە میسر[2]. لەوکاتانەی کە بەریتانیا و ڕووسیا چاکی دبلۆماسیان چڕ کردبۆوە بۆ ئەوەی پەیمانێك دروست بکەن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بۆ دژایەتی کردنی فەرەنسا (بابی عالی) لەسەرەتا دوودڵ بوو، بەلاّم کاتر بیستی کە ئێستا فەڕەنسا لە ئەبی قیر تێکشکاوە ئەو دودڵ یەی نەما. بەم جۆرە بەریتانیا و ڕووسیا ئاواتەکەیان هاتەدی بەهێنانە ناوی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناو هاوپەیمانەتیەکە و ڕاگەیاندنی شەڕ دژی فەڕەنسا لە ڕێگەی باڵوێزەکەیەوە لە ئەستەمبوڵ هەوڵیدا دڵنیا بکات کە (بابی عالی) کە نیەتیان پاکە لەگەڵ

---

1 - شکری : ل 91 – 92

2 - الترك : ل 49





داگیر کردنی میسردا[1]. لەئەنجامی ئەو هەولاّنەدا لە ساڵی 1798 دا پەیمانێك بەسترا لە ئەستەمبوڵ بۆ بەرگریکردن و هێرش کردن لەنێوان ڕووسیا و بەریتانیا و عوسمانیدا.

هەرسێ لا بڕیاریاندا کە ئەملاکی لایەنەکەی تر بپارێزێت[2]، هەر لەو نێوەدا بەریتانیاو (بابی عالی) لە پێنجی کانونی دووەمی ی 1799 پەیمانێکی تریان بەست. بۆدەرکردنی فەڕەنسا لە میسر، کە بەندەکانی ئەمانەبوون :

1- هەرلایەك بەڵێن بدات کە ئەملاکی لاکەی تر بپارێزێت.

2- پێویستی هاوکاری سەربازی تا دەرکردنی فەڕەنسا لە میسر.

3- هەردوولای پەیمان دەبێ پەیمان بدەن کە هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ دوژمن نەبەستن بەبێ ڕەزامەندی لایەکەی تر[3].

بەلاّم دیاربوو بەریتانیا نیازی لەوە زیاتر هەبوو هەمیشە دەترسا لەوەی کە ڕێگای هیند بکەوێتە دەستی فەڕەنسا. ئەوەندەی بەرژەوەندی خۆی دەویست. گوێی لە لەناوچونە ئەملاکی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو. بەم شێوەیە ڕێگا خۆش بوو کە ئەو دوو ولاّتەی تر پەیمانێکی دەوڵەتی تازە دژی فەڕەنسا پێکبهێنن. ولاّتی ناپلیۆنیش هاتە ناو هاوپەیمانەکەوە ڕازی بوو بە پەیمانی ئەستەمبوڵ کە لە 21ی کانونی دووەمدا مۆرکرا. بەریتانیا فشاری خستە سەر ڕووسیاو نەمسا کە بەشداری ئەو هاوپەیمانەتیە بکەن لە24 ی کانونی دووەمدا، ئەوانیش شەڕیان دژی فەڕەنسا ڕاگەیاند. تەنیا بڕووسیا لە دەرەوەی ئەو هاوپەیمانە نێودەوڵەتیە مایەوە[4]. سوڵتانی عوسمانی لە9 ی مانگی ئەیلولدا بەیاننامەیەکی بلاّو کردەوە ناڕەزایی خۆی لە دژی فەڕەنسا دەربڕی. دوایی باڵوێزی فەرەنسای دەستگیر کرد و لەگەڵ چەند هاولاتیەکی تری فەڕەنسی لە ئەستەمبوڵ زیندانی کران. ئەو کارە لە دابی دبلۆماسی عوسمانیدا واتای ڕاگەیاندنی شەڕ بوو.[5]

---

1 - شکری:ل151 سەیری هەوڵە دیبلۆماسیەکانی فەڕەنسا بکە لە ئەستەمبوڵ خوری و اسماعیل بەرگی 1، ل 96 – 100.

2 - بەندێکی نهێنی زیاد کرا بۆ ئەو پەیمانە کە ڕووسیا لە بواری سەربازیدا یارمەتی عوسمانیەکان بدات، ئەوانیش تەنها بۆ ئەم جارە ڕێگە بە کەشتییە ڕووسیەکان بدەن لە گەرووە ئاوییەکان تێ پەڕن، سەیری : saul . E . Norman : Russia and the mediterrannean pp . 61 – 77 . Harewitz : op . cit . p . 65 .

3 - شکری : ل **123** . خوری و اسماعیل : بەرگی **1** ل **108** – **109** .

4 - شکری : ل **123** . فیشر : ل **54** .

5 - سرهنگ : ل **243** . فیشر : ل **54** .

## جەنگ لە وڵاتی شامدا

دوای ئەوەی فەرەنسا نەیتوانی کەلێن بخاتە پەیوەندی دەوڵەتی عوسمانی و میسر، ناپلیۆن سیاسەتێکی دیکەی پەیڕەو کرد. نامەی نوسی بۆ والیەکانی دیمەشق و عەلاو ئەلبانیا، عەبدوڵڵا پاشا و ئەحمەد پاشا و عەلی بتلسن پێ ی ڕاگەیاندن کە هۆی سەرەکی لە هاتنیان بۆ میسر ویستویانە مەمالیکیەکان ڕاو بنێن، ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی سوڵتان دەکەن و دامەزراندنی پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ (بابی عالی)دا، چونکە ئەو داوای ئەو یارمەتی یە ی لێ کردووە، بەڵام ئەو والی یانە ئەوەیان ڕەتکردەوە کە پشتگیری فەرەنسیەکان بکەن، لەهەمان کاتدا فەرەنسا دەبوایە لە بەرانبەر هاوپەیمانی سیانی لە ئەوروپا بوەستێت. سەرەڕای دوژمنایەتی دەوڵەتی عوسمانی بەمە فەڕەنسا تێگەیشت کە لەو بارو دۆخەوە بچێتە شەڕەوە خەونەکان نایەنە دی لە داگیر کردنی هیند، بۆیە ئەوەی گۆڕی بە هەدەفێکی بچووکتر. ئەویش هێرش کردنە سەر وڵاتی شام بوو پێشێ لە باکوورەوە هێرشی بکرێتە سەر[1]. لەڕاستیدا چەند هۆیەك هەبوون کەویستی وڵاتی شام داگیر بکات. پێش ئەوەی دوژمنەکانی لە میسرەوە هێرشی بکەنەسەر فەڕەنسا پێش ئەوەی هەوڵەکانی لەئەستەنبوڵ فەشەل پێبهێن و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ڕێگای نێوان میسر و فەڕەنسا ببەستن و دەوڵەتە ئەوروپیەکان گەمارۆی بدەن. فەرمانی بە ناپلیۆندا کە لەو سێ ڕێگایە یەکێکیان هەڵبژێرێت :-

1- مانەوەی لە میسر و ڕەگ داکوتان لەو وڵاتە و خۆئامادەکردن بۆ پێش گرتن لە هێرشی عوسمانییەکان.

2- یان ڕۆیشتن بەرەو هیند، کە گەلی هیند دژی بەریتانیا و بۆی هەیە کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن بۆ لە ناوبردنی دەستەلاتی بەریتانیا لەو وڵاتەدا.

3- یان کشان بەرەو ئەستەمبوڵ کەپێش دەگرێت بەو دوژمنانەی کە دەیانەوێت هێرشی بکەنە سەر[2]. هەواڵی گەیشتنی ناپلیۆن کە سوپای عوسمانی بەفەرماندەیی ئیبراهیم بەگ و ئەحمەد پاشا جزار بەرەو سنووری میسر دێن، کەدەستیان گرت بوو بەسەر قەڵای (عریش)دا ئەویش فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد کە کردەیەکی سەربازی ئەنجام بدات[3] و

[1] - فیشر : ل 54 .

[2] - شکری : ل 124 – 125 . خوری اسماعیل : بەرگی 1، ل 112 .

[3] - الترك : ل 66 – 73 .





خان یونس و غەزەو رملە و دویانا. نامەیەکی بۆ ئەحمەد پاشا والی عطا نوس کەواز لە شەڕ بهێنێت و بە ئاشتی لەگەڵ فەرەنسیەکان بژیەت و پشتیوانی لە ئەوان بکات دژی بەریتانیا و مەمالیکیەکان[1]، بەڵام تاعون بڵاو بۆوە لەناو سوپاکەیدا پێش ئەوەی هێرش بکرێتەسەر عەکا.کەبووبەهۆی لاواز بوونی سوپاکەی بەڵام پۆناپارت درێژەی بە هێرشەکەی داو شاری عەکای لە مانگی ئازاری 1799 دا گەمارۆدا، کە سدنی عیشا نەیتوانی بەخۆی و کەشتیەکانیەوە بگات و یارمەتی شار بدات. ئەحمەد پاشا جزار لە لای خۆی یەوە دەتوانی فەرەنسیەکان دووچاری شکست بکات. لەکۆتایدا ناپلیۆن تێکشکا[2]. لەکاتی گەمارۆی عەکا هەواڵ گەیشتە ناپلیۆن کە سوپای هاوپەیمانان بەرەو ڕووس و لەوێوە بەرەو کەنارەکانی شام کەوتەڕێ هەروەها بەریتانیا لە ئەوروپا شەڕی دژی فەرەنسا هەڵگیرساندووە. عوسمانییەکانیش بەرەو میسر بە ڕێ کەوتن و ئستوڵی ڕووسیا دوورگەی کورفۆی داگیرکردووە و فەرەنسیەکانی دەرکردووە. حکومەتی ئیدارەش یارمەتی لەسەر فەرماندەکانی بڕیوە، هەروەها فەرەنسا سەرکەوتوو نەبوو لە ڕاکێشانی سۆزی دەستەڵاتداره ناوخۆییەکان. وەکو شێخ عەباس زاهیر عمرو لە سیداو موراد زادە لە دیمەشق و میر بەشیر شەهابی لە لوبنان[3].لەبەرئەو هۆیانە ناپلیۆن بڕیاریدا گەمارۆی عەکا بشکێنێت و بەرەو میسر بگەڕێتەوە هەرچەند توانی سوپای عوسمانی بشکێنێت کە لە دیمەشقەوە هاتبوون بۆ یارمەتی شاری عەکا [2]، بەڵام هەرهێزی ئەوەی مابوو کەهێرش بکاتە سەر سوپای عوسمانی کە بۆ میسریان ناردبوو. لەشەڕی ابی قیر سوپای عوسمانی تێك شکاو لە 25 ی تەمموزدا فەرماندەیی سوپای عوسمانی مستەفا پاشا بەدیل گیرا[4]، بەڵام ئەوسەرکەوتنە دەستەبەری سەرکەوتن نەبوو لە میسر، کەلەهەمان کاتدا هەواڵی ناخۆش لە ئەوروپاوە دەگەیشتە ناپلیۆن. فەرەنسا تووشی هاوپەیمانیەتێکی تر بۆوە و بە سەختی تێك شکا. بۆیە بەباشی زانی کەمیسر بەجێ بهێڵێت بەرەو فەرەنسا بگەڕێتەوە.

[1] - دەقی کتابە کە دەبینی لە ( الترك) : ل 50 .

[2] - **هەمان سەرچاوە : ل** 76 **شکری : ل** 127 .

[3] - **هەمان سەرچاوە** .

[4] - **هەمان سەرچاوە : ل** 88 – 89، 91 – 93.

## دەرچوونی فەرەنسیەکان لە میسر

ناپلیۆن بە پەنهانی لە ئەسکەندەریەوە لە ڕێگای دەریایەوە لە مانگی ئابدا لەگەڵ هەندێك لە هێزەکان بەرەو فەڕەنسا گەڕانەوە، هەندێك لە سوپایەکەشی بەسەرۆکایەتی کلیبر[1] لەمیسر بەجێ هێشت هێزەکانی فەرەنسا بەهۆی تاعون و شەڕەوە ڕویان لە کەمی کردبوو.ئەوەی کەمابوو بەشی چاودێری کەنارەکان و پاراستنی ڕێگای (سالحیە) وپارێزگاری لەسەر ئاسایشی نەدەکرد، بۆیە هەستی کرد کەبارێکی گرانی خرایە سەرشان. بۆیە کلبیر یەکسەر دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵ عوسمانییەکان بۆگەیشتن بەوێ و شوێنێك بۆدەرچونی فەرەنسیەکان لە میسر. دەوڵەتی عوسمانی ئەوەیان زۆرپێ باش بوو، چونکە میسر دەگەڕایەوە باوەشی دەوڵەتی عوسمانی. سەرەڕای ئەوەش لەبەرژەوەندی عوسمانییەکان نەبوو کە شەڕبکەن لەگەڵ سوپای فەرەنسا، چونکە سوپای عوسمانی لەوکاتەدا بێ سەرەو بەرەییەك ڕووی تێ کردبوو.ئستوڵی ڕووسی بەبیانووی شەڕی فەڕەنساوە بەئارەزوی خۆی بەئاوەکانی عوسمانیدا دەسوورایەوە بۆیە عوسمانییەکان ناچاربوون پەنابەرن بۆ قایم کردنەوەی تەنگە ئاویەکان و گرنگی دان بەمیسر و هەرێمە گرنگەکانی لەخاکی عوسمانیدا. لەمانگی کانوونی دووەم 1800 دا ئەنجامی گفتوگۆکان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فەرەنسا لە (عریش) ئیمزا کرا، کە چۆنیەتی کشانەوەی هێزەکانی سوپای فەرەنسا دیاری کرابوو.کە سوپای فەرەنسا دەتوانی هەموو چەك و تەقەمەنیەکی خۆی لەگەڵ خۆی بەرێتەوە و هەمووکەلوپەلێك بخاتە سەر کەشتیەکانی (بابی عالی) دەیخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. بۆماوەی سێ مانگ لەبەرواری ئیمزاکردنەوە و قابیلی تازەکردنەوەیە هەرکاتێ بابی عالی نەیتوانی کەشتی ئامادەبکات بۆگواستنەوەی ئەو کەل و پەلانەدوای کۆتای هاتنی کاتی دیاری کرا و، بەڵام بەریتانیا لەو کارەدا لایەنی سێیەم بوو، کە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەی ڕەت کردەوە، چونکە هەرترسی لە فەرەنسا مابوو کە مەترسی بێت بۆسەر هیند. هەستیشی بەوە کردبوو گەڕانەوەی سوپای ڕۆژهەڵات بۆ فەرەنسا دەتوانێت مەترسی دروست بکات لەسەر دەوڵەتانی هاوپەیمان. بۆیە سوور لەسەرئەوەی

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 96 – 97 . کاتێ بۆناپرت میسری بەجێ هێشت اینخای دایە فەرماندە کلیر کەبۆخۆی رەفتار لەگەڵ بارودۆخەکەبکات و لەگەڵ عوسمانیەکان پێك بێت و ڕێ و شوێنی دەرچونی خۆی لە میسر فەراهەم بکات . سەیری خوری و اسماعیل بکە : بەرگی 1 ل 123 – 124 .





کە سوپای فەرەنسا بەبێ مەرج دەبێ خۆی بەدەستەوەبدات. سەربازەکان بەدیلی شەڕ دادەنرێن و دەبێ لەناوچەیەکی دیاری کراودا بمێننەوە[1].بەڵام وادیاربوو کە فەرماندەیی فەرەنسی ئامادەنەبوو چەکەکانیان بداتە دەستی بەریتانیەکان شەڕی هەڵبژارد. لە مانگی ئازاردا لەگەڵ سوپای مستەفا پاشا لە نزیك (مەترییە) بەشەڕهات و سوپای عوسمانییەکانی تێك شکاند لەشەڕی هلیوبولیس ، کەلەڕاستی ئەو سوپایەی عوسمانی بڕیاری وابوو میسر لە فەرەنسیەکان وەربگرێت بەپێی ڕێککەوتن نامەی (عریش)[2] . کلبیر دوای سەرکەوتنەکەی گەڕایەوە بۆ قاهیرە. بۆئەوەی خۆی لەناوخۆی بەهێز بکاتەوە. هەوڵیدا کە دۆستایەتی مەمالیکیەکان بەدەست بهێنێت. پەیمانێکی بەست لەگەڵ موراد بەگ فەرمانڕەوای پێشووی میسر. کلبیر دانی نا بەناوی حکومەتی فەرەنسا کە موراد بەگ حاکمی میسر بێت. لەبەرانبەردانی باج بەگەنجینەی میریەی فەرەنسا و دامەزراندنی و پارێزگاری کردنی فەرەنسا لەسەر میسر و بەهاوبەشی لەگەڵ مەمالیکیەکان لە بەندەری (قەسیر)سەربازگەیەك دابمەزرێنن. هەردوولا لەبواری سەربازیدا هاوکاری یەکتری بکەن کە تووشی دەست درێژی بوون[3]، بەڵام ئەو لەدەروونی خۆیدا لەو باوەڕەدانەبوو کە ئەو هاوپەیمانەتیە کاریگەرییەکی وای دەبێت کێشەکە بەشێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەر دەکات، دوای دەرەنجامی شەڕی ملیو بولیس و سەرسەختی کلبیر بەریتانیا هەستی کرد بەهەڵەی خۆی کەسووربوو لەسەر خۆبەدەستەوەدانی سوپای فەرەنسا و سەربازە کان بکرێن بەدیلی شەڕ.بۆیە بەریتانیا چاوی گێڕایەوە بە بڕیارەکەیدا و ڕازی بو ڕێککەوتنامەی (عریش) جێ بەجێ بکرێت[4]، گفتوگۆکانی نێوان عوسمانی و بەریتانیا و کلبیر دەربارەی چۆڵ کردنی میسر لەلایەن فەرەنساوە بەریتانیا دەیویست فێڵ لە عوسمانییەکان بکات، چونکە لەبنەڕەتدا ڕازی نەبوو کە (بابی عالی) ڕێکەوتنی کلبیری مۆر کردبوو. رازی بوونی بەریتانیا بەجێ بە جێ کردنی رێك کەوتننامەی (عریش) لە گومانی (بابی عالی) لەبەرانبەر بەریتانیا کەم نەکردەوە. بۆیە (بابی عالی) هەوڵیدا کە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ فەرماندەی فەرەنسیدا بکات، و میرال حوسێنی نارد بۆ میسر بۆ هەمان مەبەست لێرە کلبیر ویستی ئەو هەلە

[1] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 146 .

[2] - درێژەی ئەو ڕوداوانە دەبینی لە : شکری . سەرچاوەی پێشو، ل 197 – 208 .

[3] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 148 .

[4] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 152 .

بقۆزێتەوە نیازی بەریتانیا بۆ عوسمانییەکان باس بکات.کەئەوسیاسەتە چەند مەترسی دارە بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و بارودۆخی ڕێگاکانی هیند[1].

بەڵام قەدەر وابوو لە 14ی حوزەیرانی ساڵی 1800 دا کلیبر کوژرا لەسەر دەستی کەسێکی حەلەبی بەناوی سلێمان، لەکاتێکدا بارودۆخی سەربازی وسیاسی لە ناسکترین کاتدابوو.هەردوو ئیستولی عوسمانی و بەریتانی لە کەنارەکانی میسر جێ گیربوون.. (سەدر ئەعزەم) یوسف پاشا سەرپەرشتی سوپایەکی گەورەی دەکرد لەسەرسنووری باکووری ڕۆژهەڵات ڕێککەوتن نامەی (عریش) یش لەنێوان ڕەت کردنەوە و قبوڵ کردندا مابۆوە[2]. فەرماندە مەنوفەرماندەیی هێزەکانی فەرەنسای لە میسر گرتە دەست لەجیاتی کلبیر[3]، بەڵام ئەو بۆچوون ی جیاوازبوو لەوەی پێشوو. پێی وابوو کەڕێککەوتننامەی (عریش) لەڕاستیدا خۆتەسلیم کردنە. تەنیا حکومەتی فەرەنسی بۆی هەیە چارەنووسی هێرشەکە لە میسر دیاری بکات[4]. بەو بۆچوونە سیاسیەی هەموو ڕێگایەکی لە عوسمانی و بەریتانیا بڕیەوە چارەنووسی خستەسەرشانی حکومەتی ناوەندی فەرەنسا [5] حکومەتی فەرەنساش بەپشت بەستن بەبارودۆخی سیاسی نێو دەوڵەتی بڕیاریدا کە هێرشەکەی بۆسەرمیسر بەردەوام بێت (منوش) فەرماندەیی هێزەکانیەتی لە میسر. ئەوفەرماندەیە هەستابە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ناوخۆ و دارایی و ئیداریی میسر. بۆئەوەی بیکات بە مستعمرەیەکی دەوڵەمەند و بنکەیەکی بازرگانی بەهێز لەڕۆژهەڵاتدا و لەسەر ڕێگای هیند. لەهەمان کاتیشدا کە پۆناپارت دەستەڵاتی لە فەرەنسا گرتەدەست پێی باش بوو کە بە ڕێگای دبلۆماسی کێشەی میسر چارەسەر بکات. دوای ئەوەی کەفەرەنسا نەیتوانی یارمەتی سەربازی و ئازووقە بگەیەنێتە سوپاکەی لە میسر. دەرگای گفتوگۆی کردەوە لەگەڵ هەریەك لە دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا، بەڵام گفتوگۆکان سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەند لایەنی عوسمانی زۆر نەرمی نیشاندەدا کە حەزی دەکرد لەگەڵ فەرەنسا ئاشتەوای بکات.دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کەبەریتانیا تەنیا بەدوای بەرژەوەندی خۆیەوەیە و بەرژەوەندییەکانی

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 155 .
[2] - شکری : ل 224 .
[3] - هەمان سەرچاوە.
[4] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 150 .
[5] - هەمان سەرچاوە : ل 156 – 157 .





دەوڵەتی عوسمانی لا گرنگ نییە، بەڵام ناچاربوو بۆئەوەی پارێزگاری لە هاوپەیمانەتیەکەی بکات لەگەڵ بەریتانیا هێزەکانی لەسەر سنووری باکووری ڕۆژهەڵات لەحاڵەتی ئامادەباشدا هێشتەوە.تا ئەوکاتەی پەیمانی ئاشتی ئیمزا دەکرێت[1]، لەوکاتەدا پەیوەندی عوسمانی و فەرەنسی بەرەوپێش چوو. تاوای لێهات بۆچوون یان دەربارەی ئاشتی لەیەکتری نزیك بۆوە، هەروەها کۆك بوون لەسەر ڕێگرتنی بەریتانیا و لەکۆتایشدا دابەش کردنی خاکی عوسمانی، بەڵام هەرزوو سوڵتان سەلیمی سێیەم هەستی بەمەترسیەکانی ڕێککەوتننامەی فەرەنسی و ڕووسیا کرد. زۆر بە وریای سەیری پەیوەندییەکانی ڕووسیا و فەرەنسی دەکرد. باش دەیزانی ئەو نزیکیەی ئەو دوو وڵاتە لەیەکتر زیان بە دەوڵەتی عوسمانی دەگەیەنێت.دوای ئەوە بەتەواوی لەنیەتی هەردووڵات گەیشت بۆیە بای دایەوە بۆ لای بەریتانیا[2]. دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا هەستان بە یارمەتی دانی یەکتر و هێرشێکی هاوبەش دژی فەرەنسا لە میسر و دەرکردنیان لەو وڵاتەدا ئەنجامبدەن.توانیان لە مانگی ئازاری ساڵی 1802 دا لەشەڕی ئەسکەندەریە سەرکەوتن بەسەر فەرماندەی فەرەنسا بەدەست بهێنن، دوایی بەرەو قاهیرە کشان و سەربازگەی شارەکە خۆیدا بەدەستەوە، بەریتانیا هەوڵیدا بەهۆی کەشتیەکانییەوە فەرەنسیەکان لە میسر بگوازێتەوە لەمانگی ئەیلولدا[3]، بەم جۆرە شەڕکۆتای هات میسر گەڕایەوە باوەشی دەوڵەتی عوسمانی. لەبیست و حەوتی ئازاری ساڵی 1802 دا پەیمانی ئاشتی (ئەمیان) لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا و اسپانیا و هولەندا بەسترا. کاروباری ئەوروپا ڕێکخرایەوە بەبێ بوونی دەوڵەتی عوسمانی[4].کاتێ سوڵتاتن سەلیمی سێیەم ئەوەی بیست کە گفتوگۆ کراوە بەبێ بەشداری کردنی نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی و هەستی کرد کە دەیانەوێت ناوچە گرنگەکان دابەش بکەن لەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی. هەر لەوکاتەدا بەریتانیا ساردی دەنواند لە کشانەوەی هێزەکانی لە میسر و ڕووسیاش دوورگەکانی یۆنانی داگیرکردبوو. ئەمە پاڵی بە سوڵتانەوە نا کە گفتوگۆ لەگەڵ فەرەنسا دەست پێ بکاتەو و پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا دروست بکاتەوە

[1] - خوری و اسماعیل : بەرگی 1، ل 158.
[2] - سەیری گفتوگۆی فەرەنسا و بەریتانیا بکە، هەمان سەرچاوە، ل 164 – 167 .
[3] - سەیری چۆنیەتی راگواستنی فەرەنسیەکان بکە لە میسر، الترك : ل 152 – 153 – 161 – 164 .
[4] - سەیری گفتوگۆی ئاشتی : خوری واسماعیلبکە، بەرگی 1 : ل 182 – 186، بەڵام دەربارەی بەندەکانی سەیری نوار بکە، مێژووی هاوچەرخ، هەمان سەرچاوە ل 88.

وەکو ساڵە کانی 1789 و تازەکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەبوون. لە25 ی حوزەیرانی ساڵی 1802 دا هەردوولا ڕێك کەوتنێکیان مۆر کرد. دەربارەی چۆڵ کردنی میسر و تازەکردنەوەی ئیمتیازاتەکانی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتدا. گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە ئەمە بوون :—

1— گەڕانەوەی میسر بۆباوەشی عوسمانی و مافەکانی پێشوی لەو وڵاتەداهەبێت.

2— دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ لەدوورگەکانی یۆناندا لەژێرچاودێری (بابی عالی)[1]دا.

3— دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی دا هەموو أملاکی فەرەنسابگێڕێتەوە بۆئەو وڵاتەو ئیمتیازاتەکانی پێشووی پێ ببەخشرێتەوە، کە بەپێی ڕێککەوتنی ساڵی 1740 هەیبوون.

4— کەشتیەبازرگانییەکانی فەرەنسا وەکو کەشتیەکانی ڕووسیا بۆیان هەیە لە ئاوەکانی دەریای ڕەشدا هاتوچۆبکەن [2].

بەریتانیا لەسەر سووربوونی سوڵتان سەلیمی سێیەم و داواکاری فەرەنسا ناچاربوو لە کۆتایی ئایاری ساڵی 1803 دا هێزەکانی لە میسر بەرێتە دەرەوە.

1 - لەسەرئەمە رێککەوتن دوای ڕەزامەندی ڕووسیا .

2 - دەقی ڕێککەوتننامەکە لە لای خوری و اسماعیل دەبینی: بەرگی 1 ل 259 – 261 . . 1. : Hare witz : op cit po 21 -22.





## پەیوەندی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی دوای دەرچوونی فەرەنسا لە میسر

ئاشتەوایی ئەمیان بەدڵخۆشیەوە لەلایەن هەموولایەکەوە قبوڵ کرد. ئەوروپیەکان هیوایان وابوو کەڕەشەبای شەڕ کۆتای پێبێت و ئاشتی و ئارامی هەمووڵایەك بگرێتەوە. ئەم ئاشتەواییە دوو ساڵی نەخایاند کە هەوری شەڕ ئاسمانی ئەوروپای داگیر کرد. زۆری نەبرد کە هاوپەیمانی دەرکەوتن، هاوپەیمانی فەرەنسی — ئیسپانی و هاوپەیمانی بەریتانی — سویدی — ڕووسی نەمساوی کە هەردوولا خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکرد[1]، لەبەرئەوەی هەڵکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی زۆر ستراتیجی بوو هەر هاوپەیمانییەك هەوڵی دەدا بەرەو خۆی ڕابکێشێت. فەرەنسا زۆر هەوڵیدا کە بیخاتە ناو هاوپەیمانی فەرەنسا — ئیسپانیا، بەڵام سوڵتان پێی باش بوو کە بێلایەن بمێنێتەوە. فەرەنسا داوای لە سوڵتان کرد کەدان بنێت بە ناپلیۆندا وەکو ئیمپراتۆر، بەڵام هەڕەشەکانی ڕووسیا ڕێگەیان نەدا کە دان بەوەدابنێت. ئەو نامە تایبەتیانەی ناپلیۆن بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسی نەیانتوانی هەڵویستی سوڵتان بگۆڕن[2].ئەم دان پێدانانە نەکرا هەتا ساڵی 1806.

دوای عوسمانییەکان هاوپەیمانی بەرگریان لەگەڵ تازەکردەوە لەساڵی (1805)[3] دا ناپلیۆن باڵوێزی سبستیانی ڕووسیا خۆی لە ئەستەمبوڵ ڕاسپارد کە سوڵتان ڕازی بکات کە پەیمانی ڕوسی — عوسمانی بکوژێت بە فەرەنسی — عوسمانی دژی ڕووسیا وبەریتانیا. ڕای سپارد کە لەهەنگاوی یەکەم سوڵتان تێ بگەیەنێت کە هاوپەیمانی لەگەڵ فەرەنسا بەواتای وەرگرتنەوەی بساربیا و نیوە دوورگەی قرمە لە ڕووسیا .لەقۆناغی دووەم کە سوڵتان کەمتەرخەمی کرد زمانی هەڕەشەو فشار بەکاربهێنێت. لەکاتی مانەوەی لە ئەستەمبوڵ باڵوێزی فەرەنسا ڕاپۆرتێکی نهێنی بۆ پاریس نارد کە یەکێك لە ڕستەکانی ئەمەبوو (بەشەش هەزار سەرباز دەتوانین میسر داگیربکەین.) لەوەوە دەرکەوت کە فەرەنسا ئێستاش هەرچاوی بڕیوەتە میسر و بەمە

1 - فیشر : ل 77 .

2 - نامەیەکی نارد بۆ بۆئەستەمبوڵ بەباڵوێزەکەیدا جنرال سبستیانی کەلە دەی / ئابی / 1806 م دا گەیشتە پایتەختی عوسمانی، محمد فریدبك : ل 387 .

3 - مەبەست پەیمانی ساڵی 1798 م .

بەریتانیا ترسی لێ نیشت[1]. ژنراڵ سبستیان هەربەردەوام لەکارکردن بۆبەرژەوەندی وڵاتەکەی توانی سوڵتان ڕازی بکات کەهەردوو والی افلاق و بەغدان لەسەر کار لابیات، چونکە لایەنگری رووسیان، ئەوەبوو لە20 یئابی ساڵی 1806 دا هەردووکیان لەسەرکار لابران.بەمە رووسیا زۆر نیگەرانی دەستەڵاتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵات و وای هەست دەکرد دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی ئاوەگەرمەکان بۆیە یەکسەر هەستا بەداگیرکردنی ئەو دو ولایەتە[2]. لەراستیدا رووسیا خەریکی فراوان خوازی خۆی بولەسەر حسابی دەوڵەتی عوسمانی و لەکاتێکدا فەرەنسا خەریکی نەخشە کێشان بوو بۆپەیداکردنی دەستەڵات لەئەستەمبوڵ و قاهیرەدا کەئەمەش مانای لەناوبردنی ئامانجەکانی رووسیابوو. قەیسەر ئەسکەندەری یەکەم (1801 – 1825) هەستی کرد کە شەڕ دژی فەرەنسا تووشی زیانی گەورەی ناکات، چونکە مەیدانی شەڕ دوورە لە خاکی رووسیاوە لەلایەکی ترەوە بەریتانیا ئامادەی یارمەتیدانی رووسیا بو لەو شەڕەدا. لەوکاتەدا لەئەورووپادا هەندێك گۆڕانکاری خێرا رویاندا لەبواری سەربازی وسیاسی لەئەنجامی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆندا[3]، ئەمە یارمەتی سبستیانیدا کە زیاتر نێوانی رووسیا و عوسمانی ناخۆش بکات، هەتا وای لێهات دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە ڕادەی گەیاندنی شەڕ دژی دەوڵەتی رووسیا[4]. بەریتانیاش پشتگیری لە رووسیا کرد، بۆیە ئستولێکی دەریایی نارد بەفەرماندەیی لورود کورت و لە ئیندونووس لەبەردەم دەردەنیللەنگەری گرت[5].

لەهەمان کاتدا باڵوێزی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ یاداشت نامەیەکی ئاراستەی بابی عالی کرد. داوای لێکرد کە هاوپەیمانی بەریتانیا بێت و ئیستولی عوسمانییەکان و سەنگەرەکانی دەردەنیل بخاتە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیا وازیش لە ئەفلاق و بەغدانیش بهێنێت بۆ رووسیا و ژنراڵ سبستیان لە ئەستەمبوڵ دەربکات و شەڕی دژی فەرەنسا رابگەیەنێت.هوشیاریشی دایە ئەگەر ئەم داواکاریانە ڕەت بکاتەوە. ئەوکاتە ئستوڵی

1 - **فیشر** : ل 74 .
2 - محمد فرید بك : ل 387.
3 - **محمد فرید بك : ل** 388. **أوزتونا** : بەرگی 1، **ل** 656.
4 - **الشناوی : بەرگی** 1، **ل** 210.
5 - **محمد فرید بك : ل** 389.





بەریتانیانی دەردەنیل داگیر دەکەن و پایتەخت تۆپ باران دەکات[1] ، بابی عالی داوکاریەکانی بەریتانیای ڕەت کردەوە بەم جۆرە دبلۆماتیەکەی ناپلیۆن سەرکەوت و بوو دەوڵەتی عوسمانی تووشی شەرکرد لەگەڵ رووسیا ساڵی 1806،هەروەها سەرکەوتو بو لەگەڵ بەریتانیا تووشی شەڕی کرد لەساڵی 1807 دا. دیکورت توانی لەدەردەنیل بپەڕێتەوە خۆی بگەیەنێتە ناو دەریای مەرمەرە و بسفور و لەڕێگای خۆی هەموو کەشتیە جەنگیەکانی عوسمانی تێك بشکێنن و خۆی بگەیەنێتە عالبیلولی لە10ی شوباتی ساڵی 1807 دا.هێزەکانی بەریتانیا لەبەردەم پایتەختدادەرکەوتن[2]، کە ترس لەناوشار دروست بوو. دەوڵەتی عوسمانی لە هەڵسوکەوتێکی نالەباردا بوو بەهۆی فشاری بەریتانیا و فەرەنسا. پێویست بوو لەسەری بیرێکی وردبکاتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سیاسی و سەربازی، بۆیە پەنای برد بۆ شێوازە هەمیشەییەکەی، ئەویش دواخستن بو. نەی دەتوانی باڵوێزی فەرەنسا دەربکات بەهۆی هێزی فەرەنسا لەناو ئەورووپادا[3] ، دوای راوێژێکی زۆر هەڵسەنگاندنی هەموولایەنەکانی کێشەکە هاتنە سەر ئەورایەی کە هاوپەیمانی خۆیان بۆ فەرەنسا یەکلای بکەنەوە. یەکسەر بە یارمەتی فەرەنسا دەستیان کرد بەقایم کردنی پایتەخت دوای دیکۆرت هەستی کرد کەمانەوەی لەناو تەنگە ئاویەکاندا کارێکی سەختەو ئامادەنەبوو بەرپرسیاریەتی تۆپباران کردنی شار بگرێتە ئەستۆی خۆی و هەروەها ترسا لەوەی گەمارۆ بدرێت لەو دوو گەرووە ئاویەدا، بۆیە فەرمانیدا بەکشانەوە[4]، دوای ئەوە دیکورت بەرەو میسر کەوتەڕێ، بۆئەوە نەخشەی دووەمی بەریتانیا جێ بەجێ بکات، کە ئەویش داگیر کردنی میسر بوو. لەسەرەتادا هەستا بەداگیرکردنی ئەسکەندەریە. بۆئەوەی بیکات بەخاڵی دەست پێکردنی داگیرکردنی میسر. لەحەوزی دەریای سپی ناوەڕاستدا بەکاری بهێنێت بۆدژایەتی کردنی فەرەنسا و دەوڵەتی عوسمانی[5].هەرچەند لە 17 ی ئازار ئەسکەندەریەی داگیر کرد، بەڵام نەیتوانی بەرەو قوڵای میسر پێشڕەوی بکات.

1 - Douin . g . et MMefaawtier.E.C.L.Angieter.etl Eggpie.Lacammpagne de.1807– pp1-2 .
2 - محمد فرید بك : ل **388** . أوزتونا : بەرگی **1**، ل **656**.
3 - الشناوی :بەرگی **1**، ل **210** .
4 - محمد فرید بك : ل **389** .
5 - Douin . Get . MMefawlie . E.C . Langletere et L  tggpte . La compayne de . 1807 . pp 1-2

بەهۆی بەرگری کردنی ڕەشید لەئەنجامدا سەرکەوتو نەبوو لەبەجێهێنانی ئاواتەکانی لە میسردا. بەتایبەت دوای ئەوەی سەیری کرد کەیارمەتی لەلایەن وڵاتەکەیەوە پێناگات و شەڕیش لەئەوروپا درێژەی هەبوو. بۆیە بەناچاری میسری بەجێ هێشت[1]. لەئەنجامی سەرکەوتنی ناپلیۆن لە فریدلاند بەسەر ڕووسیادا. ڕووسیا شکستی خواردو هەردوو ولایەتی بەغدان و ئەفلاقی چۆڵ کرد [2]، دوای ئەوە پەیمانی ئاشتی لەنێوان ڕووسیاو فەرەنسا مۆرکرا لە تلسیس لە 7ی تەمموزی ساڵی 1807 دا، کە بەشێکی باسی چۆنیەتی پەیوەندی ڕووسیاو فەرەنسای دەکرد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا گرنگترین ئە خاڵانەی پەیوەندیان بەوەوە هەبوو :

1– حکومەتی ڕووسیا شەڕ ناکات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی شەڕ ڕادەگرێت تاناپلیۆن ناوبژیان دەکات.

2– سوپای ڕوسی دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتن نامەکە لەهەردوو ولایەتی ئەفلاق و بەغدان پاشەکشە بکات. سوپای عوسمانیش ناچێتە ئەو ناوچەیە هەتا ڕێ وشوێنی ئاشتەوایی تەواودەبێت. پەیمانێکی نهێنی مۆرکرا لەنێوان ناپلیۆن و ئەسکەندەری یەکەمدا، کە بریتی بوو لە دابڕینی ولایەتە ئەوروپییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی. بێجگە لە ئەستەمبوڵ و دەوروبەری. دوایش دابەشی کردن لەنێوان ڕووسیا و فەرەنسادا لەگەڵ ڕازی کردنی نەمسا کەبەشێکی کەمی بدرێتێ. بابی عالی داوای فەرەنسای ڕەت کردەوە، بۆ دوای هێنانی خۆپیشاندانەکانی پایتەخت دژی ڕووسیا[3].

لەڕاستیدا ئەسکەندەری یەکەم داوای بساریبا و ئەفلاف و بەغدان و ئەفترمان و ئیسماعیلیەی دەکرد. لەگەڵ بەشێك لەکەناری دەریای ڕەش و دروست کردنی ئیمارەتێکی سربی. ناپلیۆن ویستی دڵی قەیسەر نەشکێنێت. ڕازی بوو لەسەر وەرگرتنی ئەفلاق و بەغدان بەرانبەر وەرگرتنی خاکی بڕووسیا و هێشتنەوەی بسیلزیا. لەدەستی فەرەنسادا. ڕوون وئاشکرابوو لەکاتی گفتوگۆکاندا کە ڕووسیا دەیویست فراوان خوازی بکات لەسەرحسابی دەوڵەتی عوسمانی و دەورەی ناوچەکانی بدات وەکو سەرەتایەك بۆ قووت دانیان لەهەموو ئاشکراتر ئەستەمبوڵی پایتەخت بوو، ناپلیۆن هەستی بەوکارەی

1 - سرهنگ : ل 256 – 259 .
2 - محمد فريد بك : ل 394 – 395 .
3 - هەمان سەرچاوە، سرهنگ : ل 262 .





ڕووسیا کرد. بۆیە دەیویست لەخاکی عوسمانی دووری بخاتەوە بەشێوەیەکی گشتی و ئەستەمبوڵ بەتایبەتی، چونکە دەیزانی ئەستەمبوڵ بە گەرووە ئاوییەکانییەوە نەك کلیلی ئەوروپابوو، بەڵکو کلیلی هەموو جیهان بوو، بەڵام سووربوونی ڕووسیا لەسەر داواکاری یەکانی خۆی لەکۆتاییدا دابەش کرنەکە ئاوای لێهات.

1– فەرەنسا وڵاتی بۆسنەو ئەلبانیاو ئەبرس و یۆنان و مقدۆنیای بەردەکەوێت.

2– ڕووسیا ئەفلاق و بەغدانی دەست دەکەوێت لەگەڵ وڵاتی بولگار هەرێمی تاس و کاروباری ماریتزا.

3– وڵاتی سرب بەشی نەمسا دەبێت[1]، بەمەبەستی جێ بە جێ کردنی ئاشتەواییەکە. ناپلیۆن لە 9ی تەممووزدا ژنراڵ جللیمینۆی نارد بۆلای سوپای عوسمانی و سوپای ڕووسیا کە لە شەڕدابوون. دەقی پەیمانە ئاشتەواییەکەی پێ ڕاگەیاندن فەرەنسا هەستا بەئاشتەوای کردن لەنێوان هەردوولا کە هەردوولا ڕازی بوون و شەڕ ڕاوەستا لە 24ی ئابدا بەئامادەبوونی نوێنەری فەرەنسا[2]. دیاربوو ڕووسیا هەمووبەندەکانی ڕێك پەیماننامەی (تلست)ی جێبەجێ نەکرد بەبیانووی ئەوەی لەئەفلاق و بەغدان پاشەکشە ناکات، چونکە باروذۆخی سیاسی لە ئەوروپادا گۆڕانی بەسەرداهات، کەبوبەهۆی مانەوەی هۆیەکانی لەیەکدانی عوسمانی و ڕووسی وەکو خۆی لەلایەکی تریشەوە. ئەوروپا بەربەرەکانیەکی توندی نێوان فەرەنساو بەریتانیای بەخۆیەوە بینی لەبواری سیاسی و سەربازیدا لەمەڕ چاوتێ برینی خاکی عوسمانی، کە لەناکاو بابی عالی هەستی کرد کە کەوتۆتە گەورەترین کێشەوە لەگەڵ ئەوروپای تازەدا.

## پەیوەندییەکانی عوسمانی و پۆڵەندا

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەدا دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ پولەندا تێك چوو بەهۆی خۆتێ گەیاندنی پۆلەندا لەمیرنشینی بەغدان سوڵتانی عوسمانی بڕیاریدا ئەو دەوڵەتە جێ بکات، بەڵام لەوەزیاتر ڕۆیشت و لکاندنی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە، کردیە بەربەستێك لەنێوان خۆی وخاکی ڕووسیادا، کەخەریك بوولەسەرشانۆی سیاسی دەرکەون[3].

1 - هەردو سەرچاوەی پێشوو .
2 - محمد فريد بك : ل 396 .
3 - سرهنگ : ل 140 – 148 . ئوزتونا : بەرگی 1 ل 457 .

سوپای عوسمانی هێرشی كردە سەر پۆڵەندا. سوپای پۆڵەندا تێك شكا لە نزیك شاری شوكزیم دوایی شارەكەی گەمارۆدا، بەڵام گەمارۆكە بێ ئەنجام بوو، بەهۆی باش بوونی هێزی ئینكشاری بە بیانووی وازهێنان لەشەڕ پۆڵندی یەكان داوای گفتوگۆیان كرد دوای كوژرانی فەرماندەكەیان لەو شەڕەدا لە 6ی تشرینییەكەمی ساڵی 1621 [1].

پەیمانی شاتی مۆركرا، گرژی لە پەیوەندی هەردوولا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا تازە بۆوە. بەهۆی دووبەرەكی لەنێوان هەردوولای قوزاقی ناسراو بە (ساری قامش) كە ئۆكرانیاوە هاتبوون و قوزاقی (زابورغ) كە لە شاری ئۆشاكوف و ڕووباری بۆتمەوە هاتبوون. [2]

لەڕاستیدا حاڵەتی تووڕەیی و دوو دڵی باڵی كێشابوو بەسەر قوزاقەكانی ئۆكرانیا بەهۆی هاتنی مژدەرە یەسووعییەكان و هێرش كردنیان بۆ سەر مەزهەبی ئەرسەدۆكسی. بۆیە هەستان بەشۆڕش بەسەرۆكایەتی بوغدان كلمنتس لە ساڵی 1648، دوای ئەوە وایان پێ باش بوو بچێتە ژێر باڵی دەوڵەتی عوسمانی، كە پۆڵەندا ناڕەزایی خۆی لەو كارە دەربڕی چونكە ئۆكرانیان بەشێك بوو لە پۆڵەندا بۆیە هێرشی كردە سەر ئۆكرانیا. فەرمانڕەوای ئۆكرانیان دوروشنكو داوای یارمەتی لە عوسمانییەكان كرد، كە ئەو كارەی پۆڵەندایان پێ كارێكی نەگونجاو بوو، بەڵام عوسمانییەكان داوایان لە پۆڵەندا نەكرد كە واز لە ئۆكرانیا بهینێت تا ساڵی 1672 دڵنیا بوون كە فەڕەنسا خۆ لەو كێشە وەرنەدات بەڵام پۆڵەندا داواكەی ڕەتكردەوە و لە ئەنجامدا شەڕ هەڵگیرسا. [3] سوڵتان محەمەدی چوارەم فەرماندەیی هێرشێكی سەربازی كرد و لە ڕووباری دانووب پەڕیەوە گەیشتە قەڵاكانی كامینیج لە ساڵی 1672 بەزۆری سەربازی شارەكەی داگیر كرد، هەروەها دەستی گرت بەسەر شاری لمبرج و لوبلن. [4] لە ئەنجامی ئەو سەركەوتنەدا میخائیل پاشای پۆڵەندا داوای ئاشتی كرد بەومەرجەی هەرێمی ئۆكرانیا بۆ قوزاقەكان بەجێ بهێڵێت و ولایەتی فراوانی بودلیا لە ڕۆژئاوای ئۆكرانیا بۆ عوسمانییەكان بەجێبهێڵێت. ئەو ولایەتەش بریتی بوو لە هێڵی بەرگری عوسمانی لەلای باكوورەوە، هەروەها پۆڵندی یەكان دەبێ جزیە بدەن بە دەوڵەتی عوسمانی بەبڕی دووسەد و بیست هەزار چەكی زێڕ.

1 - هەمان سەرچاوە : ل 175 – 176.
2 - سرهنگ : ل 175 – 176.
3 – محمد فرید بك : ل299. بروكلمان : ل 519.
4 – سرهنگ : ل 176 . أوزتونا : بەرگی 1، ل 520.





سوڵتان پێشنیازی پاشای پۆڵەندای قبوڵ كرد. پەیمانی ئاشتی مۆركرا لە نێوان هەردوولا لە بۆزكتس لە هەمان ساڵدا. [1]

لە ڕاستیدا پۆڵەندا بە ناچاری ئەو پەیمانەی مۆركرد هەر چاوەڕێی هەلێك بوو كە پەیمانەكە بشكێنێت كە لەساڵی داهاتوودا ئەو هەلەیان بۆ هەڵكەوت فەرماندەی بەناوبانگی پۆڵندی جانسوبیسكی توانی شاری لمبرج لە سوپای عوسمانی وەربگرێتەوە بە فەرماندەیی (سەدری ئەعزەم) ئەحمەد كوبرولی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتدا بەردەوام بوو [2]، لە سەردەمی پاشای تازەی پۆڵەندا بەناوی یوحەنناى سێیەم. تا وای لێهات عوسمانییەكا ناچار بوون واز لە بودلیا بهێنن بێجگە لە قەڵای كامینج هەروەها سێیەكی خاكی ئۆكرانیاشیان بۆ پۆڵەندا ڕەتكردەوە. [3]

دیاربوو كە سوبیسكی خەونی بەشەڕی سەلبی یەوە دەبینی بۆ ڕاونانی عوسمانییەكان لە ئەوروپا بەڵام ئەوروپا هەمووی ئەو بۆچوونەیان نەبوو لە كاتێكدا پاشای پۆڵەندا لە هەموو شوێنێك هەوڵی دەدا ئەوروپا دژی دەوڵەتی عوسمانی هان بدات لە كاتی خۆی لویسی پێنجەم بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند لەو كێشەیەی لەنێوان ئەوان و نەمسادا هەبوو. لەكاتێكدا سوبیسكی تووشی شكستی گەورە هات لە زورائونو كە ناچاربوو مل بۆ ئاشتی بدات لە ساڵی 1676 واز لەبەشێكی زۆری بودولیا و ئۆكرانیا بهێنێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی [4].

لەڕاستیدا پۆڵەندا ئەو پەیمانەی پێ باش نەبوو كە هەندێك هەرێمی دەستكەوتوون لەو كێشەیەی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا بەهۆی هاوپەیمانی قوزاقەكان لەگەڵ ڕووسیادا، كە شەڕ بەردەوام بوو لەنێوان ڕووسیا و قوزاق لەلایەك و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەكی ترەوە تاساڵی 1681 كە كۆتایی هات بە پەیمانی ئاشتی ڕازین بەپێی ئەو پەیمانە بڕیار درا بارودۆخەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە كە تایبەتە بەو خاكەی ڕووسیا دەستی بەسەر داگرتووە بێجگە لەشاری كێیف و ناوچەكانی دەوروبەری. [5]

1 – محمد فرید بك : ل 299. أوزتونا : بەرگی 1، ل 521.
2 – هەمان سەرچاوە.
3 – سرهنگ : ل 176.
4 – بروكلمان : ل 519 . محمد فرید بك : ل 300 . أوزتونا : بەرگی 1، ل 522.
5 - محمد فرید بك : ل 300 . سرهنگ : ل 1777. ابراهیم بك حلیم : ل 145.

3/2 – **سەردەمی چاکسازی و گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوە لەسەدەی نۆزدەدا هەتا دانانی دەستوور لە ساڵی** 1876 **دا**.

**بەشی دوازدەهەم** : **سوڵتان مەحموودی دووەم**

**بەشی سێزدەهەم** : **سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم**

**بەشی چواردەم** : **هەردوو سوڵتان عەبدولعزیز و مورادی پێنجەم**





## بەشی دوازدە
## سوڵتان مەحموودی دووەم 1808 – 1839
## هەوڵەکانی چاکسازی

**چاکسازیی سەربازی و دەست گرتنی بەسەر هێزی ئینکشاریدا :**

کاتێ سوڵتان مەحمودی دووەم هاتەسەر تەختی عوسمانی لەتەمەنی بیست و سێ ساڵی دابوو. توانایەکی سیاسی باشی نەبوو. لەناو کۆشکدا فێربوونێکی نایابی وەگرتبوو کەوای کردبوو لە هەموو گۆڕانکارییە سیاسییەکان و دەرەوەی وڵاتی عوسمانی ئاگاداربێت. لەسەرەتادا هەڵوێستکی لەرزۆکی هەبوو کاتێك لەساڵی 1808 دا دەستەڵاتی گرتەدەست، زانایان و هێزی ئینکیشاری زۆربەهێز بوون کە هەرئەوان سوڵتانی پێش ئەویان لەسەر کار لابردبوو، کە هەمیشە چاودێری کارەکانیان دەکردوو بۆی لە کەمین دابوون و کارەکانی هەمیشە لەژێر فشار دابوون، هەروەها هێزی دەوڵەت لەدەرەوەی پایتەختیش بێ هێز بوو. حکومەتی ولایەتەکان دەستەڵاتێکی باشیان هەبوو زۆر گوێیان لەحکومەتی ناوەندی نەدەگرت. وەکو ئەوەی لە باکووری ئەفریقاو میسر و عێراق و حیجاز ڕوویاندا، کە ئەوروپاشدا ولایەتەکان یەك لەدوای یەك لە لاشەی عوسمانی جیا دەبوونەوە و سەرکردە ناوچەییەکان دەستەڵاتیان دەگرتە دەست وەکو

عەلی پاشا کە دەستی بەسەر ئەلبانیادا گرت. بازوەند ئوغلی دەستی گرت بەسەر بولگاریای باکووردا و جورج تیروڤچ دەستی گرت بەسەر سرِبیادا.

سولْتان لە سەرەتای دەستەڵاتیدا دووچاری هەندێ کێشەی مەترسیدار بوو کە بوونە هۆی ڕودانی هەندێك ڕوداو و گۆڕانکاری گرنگترینیان :

–داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە لەساڵی 1807 دا ئەو گیرو گرفتانەی ڕوویاندا لەو وڵاتەدا لەپێش و دوای داگیرکردنەکە هەتا بەستنی پەیمانی ئاشتی لەساڵی 1809دا.

- ڕاپەڕینە بەردەوامەکانی ناوچەی بەلقان.
- فشارەکانی ڕووسیا کە وەکو شەڕی نەبڕاوە وابوون.
- فشاری فارسەکان لەسەر عێراق.

سەرباری ئەو کێشانە. هەندێك گۆڕانکاری سیاسی لەئەوروپا هاتنە دی لەئەنجامی سیاسەتە فرەوانخوازیەکەی ناپلیۆن و کاردانەوەکانی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی. هەرلەکاتی شەڕەکانی ناپلیۆن لەئەوروپا دەوڵەتی تووشی شەڕ لەگەڵ ڕووسیا لە 1810 بۆ 1812 بوو. دوای ڕووخانی ناپلیۆن چالاکی ڕووسیا زیادی کرد توانی چەند شۆڕشێك لە بەلقان و یۆنان هەڵگیرسێنێت و پشتگیریان بکات.کە لە ئەنجامدا بوو بە شەڕی عوسمانی و ڕووسی کە خراپی ولاوازی بەرەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوادا چاکتر نەبوو، کە فارسەکان فشارێکی توندیان خستە سەر عێراق. تاوای لێهات شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو وڵاتدا دروست بوو لەساڵی 1821 دا کەپەیمانی ئاشتی ئەرزەڕۆمی بەدواداهات لەساڵی 1823 دا. بزووتنەوەی وەهابی بەهێزتربوو لەوەی سولْتان بتوانێت پێشیان پێ بگرێت، بۆیە داوای لە محەمەد عەلی والی میسر کرد کە چارەسەریان بکات. ئەوەندەی نەبرد کێشە کەوتە نێوان عوسمانییەکان و محەمەد عەلی لەسەر داهاتوی وڵاتی شام. لەگەڵ ئەوانەش دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی ترسێنەر بووو دەستەڵاتی هەبوو لە ناوچە فرەوانەکانی جیهاندا، بەلاّم لەڕاستیدا هێزی دەوڵەتی هێزو توانای سەدەی شازدە بوو نەیتوانی خۆی لەگەڵ باری سیاسی و ئابووری ئەم سەردەمەدا بگونجێنێت. ئێستاش هەروەکو سەدەی شازدە بیری دەکردەوە خەونی بەنەمری و توانای کۆنەوە دەبینی وای لێهات لەبەرەکاندا وەستابوو تەنها بەرگری پێدەکرا لەهێرشە دەرەکی و ناوخۆییەکان ئەوانە وایان لە سولْتان مەحموود کرد کە ڕێکخستنی تازەبخاتە ناو سوپاوە و سەربازگیری بەزۆر دابهێنێت بۆئەوەی بێ نیاز بێت





لەو هێزانەی کە بەپارە شەڕیان دەکرد. دەیویست ئەو سوپا تازە بەچەکی سەردەم و تازە پڕچەك بکات. مەشقی سەربازی تازە ببینن، هەروەها دەیویست شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بگۆڕێت و کەڵك لەتەجروبەی ڕۆژئاوا وەربگرێت. بۆئەوەی دەوڵەتی ناوەندی بەهێزبێت و بتوانێت بەربەرەکانی دوژمنە ناوخۆی و دەرەکیەکان بکات و پارێزگاری لەکیانی خۆی بکات لەجیهانێکدا کەوڵاتی ئەوروپایی[1].دەستەڵات تێدا پەیدا دەکەن و فرەوان خوازی تێدا ئەنجام دەدەن و پێش دەکەون بزوتنەوەی چاکسازی لەدوای شۆڕشی یۆنان لەساڵی (1821) دا و سەرکەوتنەکانی محەمەدعەلی پاشای میسر بەسەرهێزەکانی یۆناندا بەهۆی بەکارهێنانی سوپای تازەوە[2]. سولْتان دەستی کرد بەجێبەجێکردنی جوڵانەوە چاکسازیەکان پێش ئەوە چەند گۆڕانکارییەك لەسەرکردایەتی سیاسی و سەربازی ئەوە هەنگاوی سەرەتای بوو.

هەموو پۆستەگرنگەکانی مەدەنی و سەربازی سپاردەپیاوە دڵسۆزەکان. ڕای سپاردن کە سوپا ڕێك بخەنەوە بەناوبانگترین ئەو پۆستانە دامەزراندنی مستەفا پاشا. (بیرڤدار) والی سلستریە وەکو فەرماندەی بەرەی دانووب، هەروەها ڕایسپارد کەتیبە ئینکشاریەکان چاکسازی بکات و لەشێوەی ئەوروپی ڕێکیان بخاتەوە[3]. شایانی باسە ئەو پیاوە زۆر بە پەرۆش بوو بۆئەنجامدانی چاکسازی سەربازی، کە کۆڵەکەی سەرەکی ڕاست کردنەوەی دەوڵەتە. دوایی سولْتان هەستا بەدەرکردنی کە بیرو قرانەکان لەناو جیهازی دەوڵەتدا بەوە پشتگیری زانایانی ئایینی بەدەست هێنا، دوای ئەوەش ڕای گشتی پشتگیرییان لێ کرد. سولْتان بۆئەم مەبەستە زۆر پشتی بەستبوو بە زانا هۆشیارەکان کە کاریگەریان هەبوو بەسەر وشیارکردنەوەی خەڵکی. دوای ئەوەی بارودۆخی گۆڕانکاری گونجا. سولْتان دەستی کرد بەچاکسازی ڕیشەیی لە تیپەکانی ئینکیشاریدا. لەسەرەتا ویستی ئاشتیانە لەگەڵیاندا بخولێتەوە. هەوڵیدا رازییان بکات کە یاسای تازەی سەربازی قبوڵ بکەن لەناو کارەکانیان پەیڕەوی بکەن، بۆئەوەی هاوشانی هێزەکانی ترین لەتازەکردنەوە. لەهەمان کاتیشدا پێشنیازی کرد، کە بۆ هەموو یەکێك لە ئینکیشارییەکان ئەوەی پێی باش نەبێت خانەنشین بکرێت، بە

---

1 - عمر سەرچاوەی پێشوو : ل 245 .

2 - رافق : عبدالکریم : سەرچاوەی پێشوو، ل 378 .

3 - الشناوی : عبدالعزیز : دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، بەلاّم ئفترای لەسەرکرا، بەرگی( 1 )،ل 534 .

موچەوە[1]، بەلأم تیپەكانی ئینكشاری ئەو پێشنیازەیان ڕەتكردەوە. سەرەڕای هەڵوێستی توندیان لە دژایەتی كردنی چاكسازیەكانی سوڵتان، بەلأم سوڵتان هەلێكی تری پێ بەخشین تا جوان بیر بكەنەوە و هەڵوێستیان یەكلا بكەنەوە.

فەرمانی دا بە بەیرەقدار كەئاشتیانە لەگەڵیان خەریك بێت. ئەو پیاوەش هەستا بەبانگهێشت كردنی وەزیر و ناودارەكانی شار و ئەندامانی دەستەی ئایینی و فەرمانڕەوایی ولایەتە نزیكەكانی پایتەخت و بۆ بەستنی كۆبوونەوەیەكی فرەوان بۆ باسكردن و تاوتوێ كردنی.

بەرنامە و نەخشەكانی چاكسازیلەسەرەتای كانوونی یەكەمی 1808 دا و لە كۆشكی سوڵتانی لە ئەستەمبوڵ[2]. (سەدری ئەعزەم) داروخاوی هێزی ئینكیشاری بۆئامادەبوان باس كرد. بۆی ڕوونكردنەوە كە گوێ ڕایەڵی سەربازی پێویستی بەكارهێنانی چەكی تازە لەلایەن سوپاوە و كۆتایی قسەكانی بەم پێشنیازانە هێنا.

1- پێویستە لەسەر ئەندامانی ئینكشاری لەكاتی ئاشتیدا لەسەربازگەكاندا بمێننەوە بێجگە لەوانەی خێزاندارن.

2- یارمەتی وجلوبەرگ نادرێتە ئەو كەسانەی لە دەرەوەی سەربازگەكانن.

3- دەبێ مەشقەسەربازییەكان جێ بەجێ بكەن.

4- دەبێ چەكدار بكرێن بە چەكی تازە و مەشقەكانیان وەكو مەشقی سوپاكانی ئەوروپابێت.

5- فرۆشتنی پۆستەكان قەدەغەبكرێت[3]، هەموو ئامادەبوەكان پێشنیازەكانی (سەدری ئەعزەم) ی یان قبوڵ كردو پێیان باش بوو.

بەلأم ئەو بەوەشەوە نەوەستا. فەتوای (شێخی ئیسلام) یشی وەرگرت. بۆ پێویستبوونی تازەكردنەوەی هێزەكانی ئینكیشاری دوای بڕیارێكی دەركرد بەجێ بەجێ كردنی پێشنیازەكانی[4]. ئینكشاریەكان نە ئارەزوی سوڵتان و نە فەرمانەكانی (سەدری ئەعزەم) یان بەدڵ نەبوو، هەموو ئەو ڕێوشوێنەیان ڕەتكردەوە كە سوڵتان و (سەدری ئەعزەم) دەیانەویست جێ بەجێی بكەن. بۆیە یاخی بوون و شۆڕشیان

1 - هەمان سەرچاوە .
2 - مێژووی شانی زادە : بەرگی (1)، ل 63 .
3 - هەمان سەرچاوە : ل 63 – 66 .
4 - الشناوي : بەرگی (1)، ل 534–535 .





بەرپاكرد. هێزەكانیان لەشاری فیلیبە كۆكردەوە[1]،لەوكاتەدا (سەدری ئەعزەم) هێزێكی وای نەبوو كە بەرەنگاری ئەو تەوژمەی ئینكیشارییەكان بكات. ئەوانیش هەستیان بەوەكرد، بۆیە ویستیان سوڵتان و (سەدری ئەعزەم) بەیەكەوە لەناو ببەن، هەربۆیە هێزە ئینكیشاریەكانی ناو پایتەخت لە چواری تشرینی دووەمی ساڵی 1808 دا بەرەو كۆشكی سوڵتانی لەناوبرا و مستەفای چوارەم كەوتنە ڕێ تابگەڕێتەوەسەر دەستەلأت، بەلأم (سەدری ئەعزەم) فەرمانیدا بیكوژن و لە پەنجەرەوە لاشەكە فڕێ بدەن[2].

دیاربوو ئەو هەڵوێستە زیاتر ئاگری فیتنەكەی خۆش كرد، كە ئینكشاریەكان ئاگریان بەردایە ئەو كۆشكەی كە (سەدری ئەعزەم) تێیدا نیشتە جێ بوو لە ئەنجامدا خۆی و ئەو سەربازانەی لەگەڵیدا بوون لە كۆشكەكەدا سوتان.ئەو یارمەتیانەی فەرماندەیی دەریای رایز پاشا پێی هەستا. بۆڕزگار كردنی سوڵتان هیچ كەڵكیان نەبوو، كەدەستی كرد بەتۆپ باران كردنی سەربازگەی ئینكشارییەكان، هەروەها عەبدولرەحمان پاشا لە وشكانیەوە لە هێزی ئینكشارییەكانی دەدا، بەلأم نەیانتوانی رزگاری بكەن[3].بەلأم سوڵتان سووربو لەسەر لەناوبردنی هێزە ئینكشاریەكان، بەلأم كاتێك زانیان چارەنوسیان مردنە هەستان بەئاگردانی شار لەچەند لایەكەوە بۆیە سوڵتان لەترسی ئەوەی شارە بسوتێت هەستا بەئەنجامدانی گفتوگۆلەگەڵیان. سزادانی ئەوانەی دواخست و مۆڵەتی دان تاكو بەخۆیاندا بچنەوە[4]. چەند ساڵێك بەسەر ئەوەدا تێپەڕی بۆدرێژەدان بە بەرنامەی چاكسازی سوڵتان فەتوای شەرعی (شێخی ئیسلام) قازی زادە تاهیر ئەفەندیشی وەرگرت كەپێویستە گۆڕانكاری بكرێت دەولەت پێشكەوتن بەخۆیەوە ببینێت و سزادانی هەموو ئەو كەسانەی كەپێش دەگرن لەو پێشكەوتنە. لەلایەن پیاوانی سوپاو چەكداران و گەورە فەرمانڕەوان و ناوداران پشتیوانی باشی لێ كرا. ئەم پشتیوانەشیان لە كۆبوونەوەیەكی گەورەدا دەربڕی لەبیست و حەوتی ئایاری ساڵی 1826 دا[5]. لەئەنجامی ئەوەدا سوڵتان بڕیارێكی دەركرد بەناوی (خوا شریف)، كە بریتی بوو لەبڕیاردان بەپێكهێنانی سوپایەكی تازە

1 - محمد فریدبگ : ل 399 .
2 - سرهنگ : ل 65، ئۆزتونا : بەرگی (1)، ل 66 .
3 - مێژووی شانی زادە : بەرگی (1)، ل 80 . ئۆزتونا : بەرگی (1)، ل 666 .
4 - محمد فریدبگ : ل 400 .
5 - سرهنگ : ل290، محمد فریدبگ : ل 429 الشناوي : بەرگی 1 ل 545–546 عمر : ل 266 .

بەپێی ڕێنمونی ئەوروپای تازە کە بە (ئەسکەنجی) ناسرابوو یان (سەربازانی چالاک)[1] ،هەرچەندە ئەمنە ئینکشاریەکان پرۆژەکەیان پێ باش بوو وادیاربوو ئەوان هەمیشە لەسەر یاخی بوون ڕاهاتبوون بۆیە سوڵتان بەرنامەیەکی بۆدانان لە شازدەی حوزەیرانی ساڵی 1826 دا کوشتارێکی گەورەی لێ کردن. ڕۆژی دووەمی ڕوداوەکە فەرمانێکی دەرکرد تیپی ئینکشاری لە جیهازی دەوڵەتدا هەڵوەشاندەوە، هەروەها هەموو تیپە چەکدارەکانی تری کە لەژێر هەرناوێکدابوون و سەربازی نەبوون سەربەسوپای نیزامی نەبوون هەڵوەشاندەوەو. وای لێهات سوپا بوبە سوپایەکی تازەی نیزامی و چەکدار بەچەکی تازە. دوای ئەوە سوڵتان دەستی گرت بەسەر ئەو کەسانەی کە بە چاکسازی نارازی بوون و پشتگیریان لە ئینکشاریەکان دەکرد وەکو کۆمەڵی (یەکتانیە) عوسمانییەکان ڕووداوی لەناوبردنی ئینکشاریان بەڕوداوی خێلا ناو دەبرد، هەروەها سوپای تازەیان ناونا (العساكر المنصورة المعهدية) ئەفسەر و ئەندازیاری فەرەنسی و ئەڵمانیان هێنان بۆ مەشق پێ کردنی سوپای تازە. ئەو سوپا تازە پێویستیەکی زۆری بە ئەکادیمی سەربازی هەبوو. بۆیە سوڵتان ئەو ئەکادیمیەی دروست کرد. لەساڵی 1834 دا هەندێك لەدەرچوانی نارد بۆدەرەوە بۆ ئەوەی خوێندنەکەیان تەواوبکەن.

## چاکسازییە مەدەنیەکان

بۆ تەواو کردنی چاکسازی سەربازی، سوڵتان مەحمودی دووەم هەستا بە گەشەپێدانی جهازی ئیداریی دەوڵەت. دەیویست پرۆژەی تەواونەکراوی پێش خۆی تەواو بکات. دەستی کرد بە چاککاری لەناو حکومەتدا. دەستەڵاتی خۆی فرەوان کرد و پێ داگیری کرد لەسەر توانای پایتەخت بەسەر ولایەتەکاندا. ئەو کارەی سوڵتان گورج و گۆڵییەکی خستە ناو کاربەدەستانی دەوڵەت. سوڵتان هەستا بە نەهێشتنی بەخشینی پۆستە دەوڵەتیەکان وەکو پۆستی (ئیلتیزامات) و پۆستی (ئیقتاعیات) ڕێسایەکی دانا بۆ دامەزراندن و بەرزکردنەوە و یارمەتی و هەستا بە چاپ کردنی پوولی ڕەسمی حکومەت بۆ هەموو ڕۆژێك لەلایەن (سەدری ئەعزەم) و وەزیرەکانەوە، هەروەها کۆتایی هێنا بە یاسای (تیمار) بەمە زەوییە دەرەبەگیەکان بوونە موڵکی دەوڵەت و باجی ئەو زەویانە کۆدەکرایەوە بۆ بەڕێوەبردنی سوپا. ئەمە هەیبەتی دەوڵەتی لە

[1] - عمر : ل 261 – 269 .





ولایەتەکان زیاد کرد [1] و دەستەڵاتی ناوەندی زیاتر چەسپا. لەساڵی 1824 دا سوڵتان فەرمانێکی دەرکرد و ڕای گەیاند کەفێرکردنی سەرەتای لەئەستۆی دەوڵەتدایە. واتا دەستەی ئیسلامی دەستەڵاتی لەسەر فێرکردن نابێت، بەڵام سەرباری ئەوەش قوتابخانەکان هەر لەژێر چاودێری (شێخی ئیسلام)دا مانەوە. ئەو فەرمانە بەتەواوی جێ بەجێ نەکرا. هەتا ئەوکاتەی حکومەت چاکسازی دەست پێ کرد لەبواری فێرکردنی سەربازیدا. قوتابخانەی تازەی دامەزراند کە بە قوتابخانەی ڕوشدیە ناسرابوون. بۆئەوەی ئەو بۆشاییەی پڕبکرێتەوە کەلەنێوان دامەزراوەکانی فێرکاری بەرز و دامەزراوە سەرەتاییەکان هەبوو.

ئەرکی ئەوانە دیاری کرا بەپێشکەش کردنی نموونەیەك بۆئامادەکردنیان بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە قوتابخانە سەربازی و دەریایی و پزیشکی و پۆستەکانی دەوڵەتەوە[2]، لە دواڕۆژدا سوڵتان هەستا بەناردنی قوتابیان بۆدەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپاوە سوڵتان هەستی بەگرنگی زمان و وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ زمانی تورکی کرد. سوڵتان هەربەوەشەوە نەوەستا خۆی سەفەری کرد بۆئەوروپا بۆئەوەی لەنزیکەوە ژیانی ئەوێ ببینێ[3]. لەوبوارەدا دووکەسایەتی گەورە دەرکەوتن یەکێکیان مێژوونووسی عوسمانی شانی زادە بوو کەوەکو (دائیرەی مەعاریف) وابوو. ژمارەیەکی زۆری کتێبی لەئیتاڵیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی، لە ساڵی 1826 کرا بە مێژوونووسی دەوڵەت[4]، بەڵام کەسایەتی دووەم اسحاق ئەفەندی بوو کەچەند زمانێکی ئەوروپی دەزانی چەند کتێبی لە فیزیاو بیرکاری دانا[5]. لەساڵی 1827دا سوڵتان قوتابخانەی پزیشکی دامەزراند و یاسای پاراستنی تەندروستی دانا لەنێوان ساڵەکانی 1831 – 1832 قوتابخانەی مۆسیقای دانا بۆ ئەوەی سوپا چەند مۆسیقارێکی هەبێت[6]، هەوڵیدا کە هەڵسوکەوت و ئادابی خەڵك بگۆڕێت. هەستا بەگۆڕینی (عمامە) بە (تەرپووش) هەستا بە دابین کردنی جلوبەرگی ئەوروپی بۆ سوپا و فەرمانبەرەکان، مەرسومێکی دەرکرد بەناوی مەرسومی

[1] - Lewis: op. cit. pp. 88 – 90.
[2] - عمر : ل 271. Lewis: op. cit. p. 85.
[3] - رافق : ل **379**.
[4] - عمر : ل **272**.
[5] - هەمان سەرچاوە.

[6] - Lewis: p. 81

(افتخار)[1]. ئەنجومەنی بەرزی دوای دامەزراند کەدانانی یاسای پێ سپارد. ئەندامەکانی لەهەموو ئایینەکان بوون. هەر لەو ئەنجوومەنەوە ئەنجوومەنی دەوڵەت پێکهات لەساڵی 1861دا، هەوڵیدا باری ژیانی مەسیحیەکانی ناوخاکی عوسمانی باش بکات و، خۆی کردە هێمای لێبوردەیی[2].

سولتان یاسای بەڕێوەبردنی ولایەتەکانی پایتەخت و دەرەوەی پایتەختی دووبارە ڕێکخستەوە. یاسای خێزانە فەرمان ڕەواکانی هەڵوەشاندەوە کە لەئەنادۆڵ و ناوچەکانی دەریای ئیجە و ڕۆژهەلاتی عەرەبی باوبوو. وای لێ هات والی یەکان لەلایەن سوڵتانەوە دادەنران، کەپێشتر لەدەرەوەی ئیرادەی سوڵتانەوە دادەنران، مافی جێ بەجێ کردنی فەرمانی لەسێدارەدانیان لێ سەنرایەوە، لە سێدارەدان دەبێ بەفەرمانی سوڵتان بێت[3].

ئەنجومەنی ولایەتەکان دامەزرا بەمەبەستی بەستنەوەی ولایەتەکان بەدەوڵەتی ناوەندەوە، و زیادکردنی چاودێری لەسەر ئیش و کاری والییەکان. ئەو ئەنجومەنانەش لەمەسیحی و مسوڵمانەکان پێکهاتبوون بەمە ئیدارەی ولایەتەکان و پایتەخت گەشەی کرد و جهازی ئیداری بەهێزبوو فەرمانبەری زیادبوو. چینی ئەفەندیان سەری هەڵدا. سولتان زۆر بەوردی دژی بەرتیل وەرگرتنی لەدائیرەکاندا وەستایەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا بێ سەرەوبەریەك لەدائیرەکاندا پەیدابوو، چونکە ڕێنمایەکی تایبەت نەبوو لەسەری بڕۆن هەروەها بواری سیاسەتی دەوڵەتیش جێگای تێگەیشتن نەبوو. کارێکی تری گرنگی دەوڵەت کەدەستەلاَتی ناوەندی بەهێزتر کرد ، سەرژمێری گشتی دانیشتوان بوو لەساڵی 1830 دا بەمەبەستی دیاری کردنی ئەو کەسانەی کەسەربازی دەیانگرێتەوە. لەئەنجامی ئەو هەوڵە چاکسازیانە دائیرە و دەوڵەت و سوپا ڕوویان لە گەشەکرد و هێز و دەستەلاَتی سوڵتان زیاتر بەرجەستەبوو، بەلاَم ئەو هەولاَنە بەس نەبوون بۆ گێڕانەوەی هێزو دەستەلاَتی دەوڵەت بەرانبەر دوژمنە دەرەکیەکان، هەروەها سوڵتان تووشی چەند کێشەیەك بوو کەچارەسەرکردنیان ساڵ لە دوای ساڵ نەیتوانی چارەیان بکات، سەرباری ئەوەش ئەو جۆرە هەولاَنە دەرەنجامەکانیان دوای چەندین ساڵێك بەرهەمی دەبێت، بەلاَم جێ دەستی سوڵتان مەحموودی دووەم لە

---

[1] - بەحراوی : محمد عبداللطیف: چاکسازی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم، ل 205.
[2] - صفوت : محمد مصطفی : چەند محازەڕەیەك لە کێشەی ڕۆژهەلاَت، ل 4.
[3] - مصطفی : ل 191.





چاکسازیدا هەر مایەوە بوو بە نموونەی ڕێنموونی بۆ ئەوانەی دوای خۆی، کە هەرگیز دەرگای چاکسازی لە دوای خۆی دانەخرا [1].

## بزووتنەوە جوداخوازەکان

شۆڕشی سربەکان : ناوچەی بەلقان هەمیشە دژی عوسمانییەکان بوو، بەلاَم شۆڕشی سربەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا لەبنەڕەتدا دژی خراپەکاری ئینکشاریەکان و هەستی نەتەوایەتیش یەکێك لەهۆیەکانی شۆڕشەکان بوو. گەلی سرب دوو نوێنەریان ناردە لای سوڵتان و داواکارییەکانی گەلی سڕبیایان خستە بەردەم سوڵتان[2]، بەلاَم (بابی عالی) زۆر گوێی بۆداواکاری سربەکان شل نەکرد کەمتەرخەمی نواند کەوای کرد زیاتر هەستی جیاخوازی لایان بەهێزبێت. سربەکانیش پشتیوانی ڕووسیایان بەدەست هێنابوو، ئەمەش بوبەهۆی تێکچوونی پەیوەندی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا لەلایەك و لەلایەکی ترەوە (سەدری ئەعزەم) یوسف پاشا و دەست بەسەرداگرتنی شارەکانی ئیسماعیل و سلتریە و روستجق و نیقولی و بازاریق بو لەلایەن ڕووسیاوە. لەنێوان ساڵەکانی 1809 – 1810 [3]، بەلاَم عوسمانییەکان توانیان بەسەر ڕووسەکاندا سەرکەون لەساڵی 1811 دا شاری روستجق وەربگرنەوە کە لەساڵی 1812جارێکی تر لەدەستیان دایەوە هەرلەونێوەشدا ساردی کەوتەنێوان ڕووسیا و فەرەنسا بەهۆی جێ بەجێ نەکردنی پەیمانی نکسیت ئەوەندەی نەبرد نەخشەکانی میسر ناپلیۆنی تووڕە کرد، بۆیە ڕووسیا هەوڵیدا پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکاندا ببەستێت بۆئەوەی بۆ فەرەنسا یەکلای ببێتەوە هەرچەندە وەزیرەکانی عوسمانی زانیاریان لەسەر ژیان لە ئەوروپا کەم بوو، کە ئەمەش کورتبینی سیاسییە، ڕازی بوون لەگەڵ ڕووسیا گفتوگۆبکەن، پەیمانی بوخارستیان لە بیست و هەشتی ئایاری 1812 لەگەڵ ڕووسیا ئیمزاکرد [4]. گرنگترین بەندەکانی ئەمانەبوون:

1– هێشتنەوەی ولایەتی بەغدان و ئەفلاق لە دەستی عوسمانیدا.

2– هەرێمی بساربیا لە دەست ڕووسیا بمێنێتەوە لەگەڵ هەندێ شوێنی گرنگ لەسەر ڕووباری دانوب.

---

[1] - نوار، عبدالعزیز : گەلانی ئیسلامی، ل 182.
[2] - أوزتونا : بەرگی 1، ل 655.
[3] - مێژووی شانی زادە : بەرگی 1، ل 344 – 347.
[4] - هەمان سەرچاوە : بەرگی 2، ل 172 – 179.

3- هەردوولا دان بنێن کە ڕووباری (بروت) جیاکەرەوەی سنووری هەردوولایە.

4- گێڕانەوەی وڵاتی سرب بۆ عوسمانییەکان نەیدەویست فرەوانخوازی بکات بەشێوەیەك کە سەرنجی دەوڵەتی عوسمانی ڕابکێشێت، چونکە لەوکاتەدا خەریکی شەڕ بوو لەگەڵ فەرەنسا[1].

نزیکبوونەوەی ڕووسیا و عوسمانی دەوڵەتی فەرەنسای تووڕەکرد، چونکە سیاسەتمەدارانی فەرەنسا ئەو کارەی دەوڵەتی عوسمانیان بەخیانەت دەزانی لە پەیوەندییە کۆنەکانی هەردوولا، کەوای کرد ڕووسیا یەکلا ببێتەوە بۆ پێشگیری کردنی کشانی فەرەنسا بەرەو مۆسکۆ کە سەرکەوتوو نەبوولەبەرنامەکانیدا[2].

دیار بوو سربەکان تووڕەبوون لەوەی کەهاتنەوە سەر دەستەڵاتی عوسمانی کەئەمەوای کرد جارێکی تر بیر لە شۆڕش بکەنەوە، (بابی عالی) سوپایەکی گەورەی نارد بۆئارام کردنەوەیان. دیاربوو کە عوسمانییەکان گرەوی سەرکەوتن لەدەستیاندا بووبەهۆی خەریك بوونی ڕووسیا بەشەڕی فەرەنساوە نەمساش توانی بەرگری کردنی لەسربەکان بەم ئیدارە کردنی سرب کەوتەوە دەست دەوڵەتی عوسمانی.[3]

لەئەنجامی ئەوەدا سەرکردە سربەکان هەستیان کرد کەهیچ دەستەڵاتێکیان نیە و هیچیان لە دەست نایە بۆیە بەرەو نەمسا و مەجەڕ کۆچیان کرد، بەڵام شۆڕشی سرب هەر نەکوژایەوە لەساڵی 1815 دا جارێکی تر شەڕ دەستی پێ کردەوە. بە فەرماندەیی میلوش ئوبرینوفتش کەوڵاتی بەجێ نەهێشت لەگەڵ سەرکردەکانی تر کە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت[4].

دەوڵەتی عوسمانی زۆر بەتوندی لەو شۆڕشەی دا و توانی لەناویان بەرێت، میلۆش بڕیاریدا بە دوو مەرج بێنە ناو باوەشی دەوڵەتی عوسمانی:

1- عوسمانییەکان دەست خەنە ناوکاروباری ناوخۆی وڵات.

2- ئەنجومەنێکی دوازدە کەسی وڵات بەڕێوەبەرن کەلەلایەن گەلەوە هەڵبژێرێن. سوپای عوسمانیش لەسەربازگەکان جێ گیربێت و چاودێری بارودۆخ بکات[5].

[1] - دەقی ڕێکەوتنەکە دەبینی لە : creasy: op . cit . II. P. 503 – 508.

[2] - فیشر، هیربرت : مێژووی ئەوروپای هاوچەرخ . ل 102 – 103.

[3] - مێژووی ئانی زادە : بەرگی 2، ل 260 – 261.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 282.

[5] - محمد فرید بك : ل 403.





(بابی عالی) هەردوو مەرجەکەی قبوڵ کرد کە شۆڕشی سربەکان کۆتای پێ دەهێت ئەگەر بەکاتیش بێت. لەئەنجامی ئەوەشدا سربەکان دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبوو کە میلۆش سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو.[1]

بەڵام دیاربوو کەخەونەکانی میلۆش زیاتر لەسەربەخۆیی ئیداری بوون، چاوەڕوانی ئەوەبوو کە هەلی بۆ هەڵبکەوێت کە دەوڵەتی عوسمانی لاواز دەبێت و سوپاکەی لەبەردەم سوپای ئەوروپادا شکست دەهێنێت و لە کۆتاییدا توانی دانانی دەستوری وڵات بەدەست بهێنێت دانی پێدا بنرێت وەکو میر لەسەر وڵاتی سرب لەساڵی 1831دا کەبوو بە فەرمانڕەوای وراسی، توانای پێکهێنانی دوو مەجلیسی هەبوو، کە وەکو خودمختاری وابوو. ئەمەش سەرەتای جیابوونەوەی سرب بوو لەدەوڵەتی عوسمانی کە لەساڵی 1878دا دەستی کەوتن لەئەنجامی پەیمانی بەرلین.

## شۆڕشی یۆنان

وڵاتی یۆنان تاسەرەتای سەدەی نۆزدە بەشێك بوو لە وڵاتی عوسمانی و فەرمانڕەوا تورکەکان دەستەڵاتداربوون، یۆنان بەم شێوەیە مایەوە هەتا هەڵگیرسانی شۆڕش لەلایەن یۆنانیەکانەوە دژی دەستەڵاتی عوسمانی، کە ئەم شۆڕشانە چوار هۆیان هەبوون :

1- گەشەسەندنی کۆمەڵگای یۆنانی بەهۆی پێشکەوتنی ئابوورییەوە کە لە ئەنجامی شەڕەکانی ناپلیۆن هاتە دی.

2- بڵاوبوونەوەی بیری ئەوروپا بەتایبەت دوای شۆڕشی فەرەنسا.

3- کاردانەوە دژی دەستەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی.

4- خۆ تێگەیاندنی ڕاستەوخۆی ئەوروپا[2].

لەڕاستیدا جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان کۆمەڵەسیاسی و نهێنی و ئاشکراکانی لەوڵاتی یۆنان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە. لەساڵی 1820 و مەترسیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروستکردووە بۆ ئەوەی بەردەوام پەیوەندیان بە وڵاتانی ئەوروپیەوە هەبێت ئەمە لەلایەك و هاواری چەوسانەوەیان بەدەستی عوسمانییەکان بگەیەنێتە دەرەوە لەلایەکی ترەوە.

[1] - هەمان سەرچاوە.

[2] - حسو، علی : عوسمانییەکان و ڕوسەکان : ل **92** . بروکلمان، ل **539**.

بەناوبانگترین ئەو کۆمەڵە نهێنیانە. کۆمەڵەی (فیلکی ایتریا) بوو کەلەساڵی 1814دا ڕووسیا بوو لە ئودیسا بەپشتگیری قەیسەر ئەسکەندەری یەکەم. لەبەرنامەیدا شۆڕشکردن بوو دژی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ[1] بەڵام مەبەستی قەیسەر دروست کردنی کێشەبوو بۆ (بابی عالی) و بۆئەوەی بارەکە گونجاوبێت بۆخۆتێگەیاندن[2].

لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا ناوداران و لاوان و پیاوانی ئایینی ئەندام بوون دەوڵەتانی ئەورووپیش پشت گیریان دەکردن قەیسەر هەندێك لە سەرکردەکانی لەخۆی نزیك کردەوە [3]، هەروەها کەسانی خاوەن دەستەڵات لە ئەورووپا یارمەتییان دەدان[4]. ئەوکۆمەڵەیەش ئیشی دەکرد بەنهێنی هەتا ساڵی 1821 لەناو هەموو یۆنانیەکاندا ئەندامی پەیدا کرد، بەتایبەت لە نیوە دوورگەی مور ژمارەی ئەندامەکان گەیشتە بیست هەزار کەس، کە زۆربەیان گەنج بوون توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو ئامادەی شۆڕش بوون ئەو کۆمەڵەیە لەبەرنامەی داهەبوو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی زیندوو بکاتەوە و عوسمانییەکان لەئەورووپا دەربکات و بەرەو ئاسیا راویان بنێت[5].

لەڕاستیدا شۆڕشی یۆنان بەسێ هەنگاودا تێپەڕی:

1– قۆناغی سەرکەوتنی ناوخۆی ماوەکەی لەساڵی 1821بۆ 1825بوو.

2– قۆناغی ئەو تەنگەژانەی کە لەئەنجامی خۆتێگەیاندنی میسری دەرکەوتن ماوەکەی لەساڵی 1825 – 1827.

3– قۆناغی خۆتێگەیاندنی ئەورووپاو داننانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەربەخۆی یۆنان لە ساڵی 1827 بۆ 1830[6].

---

1 - کامل، مصطفی : کێشەی ڕۆژهەڵات، ل **51**. Miller.W: The ottoman mpire and its successors, p. 65.

2 - سرهنگ : ل 273 – 274. الشناوی، بەرگی 2، ل 837.

3 - یەکێك بوو لە سەرکردەکان یۆنان کردبوویە باوەڕ پێکراوی خۆی و لە سوپادا کردی بە ئەفسەر کە کوڕی ئەمیری پێشووی ئەفلاق بوو.

4 - الرافعی، عبدالرحمن : سەردەمی محمد علی، ل 210. کامل، مصطفی : ل **54**.

5 - محمد فرید بك : ل 412. أوزتونا : ەبەرگی 1، ل 672.

6 - حسون، علی : عوسمانییەکان و بەلقان، ل 200.





## قۆناغی یەکەم

کۆمەڵەی فیلکی ایتریا سەرقاڵ بوونی دەوڵەتی عوسمانی بەبزوتنەوەی عەلی پاشاوە لەیانیا قوزتەوە لە سەرەتاکانی ساڵی 1821دا بزوتنەوەی خۆیان ڕاگەیاند و هێرشیان کردەسەرسەربازگە عوسمانییەکان و شۆڕشەکەیان زۆر بەخێرای بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆوە. البیلبوونیز و ناوەڕاستی یۆنان و دوورگەی کریتی گرتەوە شۆڕشگێڕەکان شاری ئەسینا و تیبس و میسولونجی یان داگیرکرد.[1]

لەهەرێمی المۆرەش باتراس ناسراو جرمانوس سەرۆکایەتی شۆڕشەکەی دەکرد و شۆڕشەکەی مۆرکێکی ئایینی وەرگرت دروشمی (ئیمان، سەربەستی، نیشتمان)[2] یان بەرزکردەوە و دەستیان گرت بەسەر پایتەختدا تریبولستا[3] زۆردڕندانە عوسمانییەکانی دانیشتوی ئەوێیان لەناوبرد[4].

شۆڕشگێڕەکان کۆمەڵەیەکی نیشتیمانیان پێکهێنا لەشەست ئەندام پێکهاتبوو نوێنەری ناوچە شۆڕشگێڕەکان بوو. لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی 1822دا یەکەم دانیشتنی خۆیان ئەنجامدا و سەربەخۆیی و جیابوونەوەی یۆنانیان لەدەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند و دەستووریان بۆ وڵاتەکەیان دانا[5].

ڕووسیا شۆڕشی یۆنانی بە هەلزانی هەردوو هەرێمی ئەفلاق و بەغدانی هاندا بۆشۆڕش و ئەبسلانتی ڕاسپارد کە ئەرکی چاودێری ڕێکخستنی هێزی شۆڕشگێڕەکان بگرێتە ئەستۆ و بەرنامەی بۆدانان کە جێبەجێی بکەن، ئەویش جیابوونەوەی هەموو میرنشینەکانی بەلقان بوو لەگەڵ دەرکردنی عوسمانییەکان لەو ناوچانەدا و زیندووکردنەوەی دەوڵەتی بیزەنتی کۆن[6].

بەڵام ئەبلانتی سەرکەوتوو نەبوو لەئەرکەکەیدا لەبەردەم سوپای عوسمانی شکستی هێناو ڕای کرد بۆ ترانسلڤانیا کەدەوڵەتی نەمسا لەوێ دەستگیری کرد، بەڵام

---

1 - محمد فرید بك : ل 412 . کامل، مصطفی : ل 57.

2 - محمد فرید بك : ل **412 – 413** . أوزتونا : بەرگی **1**، ل **671** . Miller: pp. 66 – 67 , 72. .

3 - أوزتونا : بەرگی **1**، ل **671** . **Ibid.**

4 - کامل، مصطفی : **ل** 63، الرافعی، عبدالرحمن بك : سەردەمی محمد علی، ل211.

5 - هەمان سەرچاوە.

6 - الرافعی : ل **210**. الشناوی : بەرگی **2**، ل **838**. Miller:op. cit. pp. 65 – 66.

لەشۆڕشەکەدا توانی کوشت و کوشتارێکی زۆر دژی موسڵمانەکان ئەنجام بدات لەناوچەی ئەفلاق و بەغدان بەتایبەت لەشاری جالانزویاش[1].

دیاربوو لەهۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕووسیا بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتی لەئەوروپا نەیتوانی کەیارمەتی پێ بگەیەنێت. دارو دەستەکەی هەر لەسەرەتاوە بۆچوون یان وابوو کە شۆڕشەکە سەرکەوتوو نابێت، سەرەڕای ئەوەی سەرکردەکانیان ڕای جیاوازیان هەبوو دەربارەی هەردوو هەرێمی سەرڕووباری دانوب دەترسان کە هیلینیە ئەغریقی یەکان[2] شۆڕش دژیان بەرپابکەن.

دەوڵەتی عوسمانی لە کوژانەوەی ئەو شۆڕشە دووچاری بارگرانیەکی زۆرهات، چونکە ناوچەکە شاخاوی بوو ڕێگاکان پڕ مەترسی بوون و دوورگەی زۆری تێدابوو بەڵام شۆڕشگێڕەکان شارەزای ناوچەکەبوون و کەڵکی ستراتیجیان لەناوچەکە وەرگرت لەهێرش کردنە سەرهێزەکانی عوسمانی[3]، هەروەها لەوهۆیانەی کە یۆنانیەکان توانای سەربازیان بەهێزبوو شارەزایی باشیان هەبوو لەدەریاوانیدا، بەتایبەت لە گۆڕینی کەشتی بازرگانی بۆ کەشتی جەنگی سەرەڕای ئەوەش دەستێکی باڵایان هەبوو لەبەکارهێنانی کەشتی بچووکدا.کەبەمەبەستی دزی دەریای دروستکرابوون[4]. لەبەر ئەوە بوو شەڕ لەدەریا و لە وشکانی دژی شۆڕشگێڕەکان بەردەوام بوو، شەڕەکان زیاتر کوشتاری یەکتر بوو لەنێوان هەردوولادا[5].

شاعیرە ئەوروپاییەکان و نووسەرو بیریارەکانیان تۆڵەسەندنەوەی عوسمانییەکانیان بەجۆرێکی دیکە باس دەکرد و ڕقی شاراوەی خۆیان دژی ئیسلام و موسڵمانان دەردەبڕی. هەستان بەدانانی شیعر کە هەستی گشتی ئەوروپای دەجوڵاند. ڤیکتۆر هۆگۆی فەرەنسی و لورد بایرونی بەریتانی کە هەر لەوێش میسولونجی کوژرا دەستی باڵایان هەبوو لەوبوارەدا[6].

دەوڵەتانی ئەوروپی هەستان بەسازدانی کۆنگرەیەك لەوبارەوە لەڤیرۆنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو یەکخستنی هەڵوێستیان. دەوڵەتی عوسمانی بەرگری

1 - کامل، مصطفى : ل 53.
2 - الشناوی : بەرگی 2، ل 838.
3 - محمد فريد بك : ل 413.
4 - يرهنگ : ل 278.
5 - محمد فريد بك : ل 413.
6 - الشناوی : بەرگی 2، ل 840 . حسون : عوسمانییەکان و بەلقان، ل 203. Miller:op. cit. pp. 87.





لەهەڵوێستی خۆی کرد لە کوژانەوەی ئاگری شۆڕشەکە، بەڵام لەگفتوگۆکانی نێوان لایەنە بەشداربووەکان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو دەربارەی چارەسەری کێشەکە. بەریتانیا بەرگری لەشۆڕشەکە دەکرد بۆئەوەی ڕێگای دەست تێوەردانی ڕووسیا بگرێت و هەرچەند ئاشکرای کرد کەدەبێ یەکپارچەی خاکی عوسمانی بپارێزێت. ڕووسیا زۆر بەتوندی پشتیوانی شۆڕشەکەی دەکرد، بەڵام دەترسا لەو هەڵوێستەیدا بەتەنیا بێت. نەمساو بەریتانیا پشتگیری نەبن، بەڵام مترنیخ وەزیری نەمسا شۆڕشەکەی وادەبینی کەمەترسیە بۆسەر وڵاتەکەی، چونکە نەمسا لەچەند نەتەوەیەك پێکهاتبوو، هەروەها لە هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیاو عوسمانی دەترسا کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەستەڵاتی ڕووسیا لەبەلقان، کە ئەوە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی بوو.[1].

کۆنگرە بەبێ ئەنجام کۆتایی پێ هات، دەوڵەتانی ئەوروپی چاوەڕێی گۆڕانکاری تریان دەکرد بەهیوای ئەوەی یارمەتی دەربێت بۆچارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام ئەو هیوایەی ئەوروپیەکان لەسەرکەوتنی یۆنان. یان توانای دەوڵەتی عوسمانی لەسەرکوت کردنی شۆڕشەکەدا هەر زوو دەرکەوت کەسوڵتان مەحموودی دووەم داوای لە محەمەد عەلی پاشا والی مسرکرد کەهێزەکانی بنێرێت بۆ یۆنان بۆسەرکوت کردنی شۆڕشەکە. پێش ئەوەی مەترسیەکانی دەرکەوێت[2]. کردیە والی دوورگەی کریت و هەرێمی مور[3].

## قۆناغی دووەم

محەمەد عەلی پاشا ئەو فەرمانەی سوڵتانی جێبەجێ کرد، لەبەرئەوەی مەترسی بۆ سەر هەموو موسڵمانان هەبوو، کە لەدەوڵەتی عوسمانیدا کۆبوونەوە دژی ئیسلام و موسڵمانانی خەلیفەی موسڵمانانە هەڵمەتێکی سەربازی ڕێکخست بە فەرماندەیی حەسەن پاشا لەدوورگەی کریت دابەزی و شۆڕشەکەی ئەوێی کوژاندەوە.[4] هەروەها هەڵمەتێکی دیکەی ڕێکخست بەفەرماندەیی ئیبراهیم پاشا بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی مۆرە. توانی لە کەنارەکاندا دابەزێت و شەڕێکی دەریایی سەخت لەگەڵ ئستوڵی یۆنان

1 - کامل، مصطفى : سەرچاوەی پێشوو، ل 52 – 53. نوار : گەلانی ئیسلامی، ل 166 – 168.
2 - محمد فريد بك : ل 414.
3 - نوار، عبد العزيز : بڕوانە بنچینەکانی مێژووی لوبنانی تازە 1517 – 1920، ل 269 – 270. الرافعی : ل 215.
4 - الرافعی : ل 214.

دەست پێکرد لەساڵی 1825 دا [1]،سوپای عوسمانی گەمارۆدراوی لەبەندەری کورەن ڕزگارکرد، هەروەها ناڤارینی گەمارۆدا کەگرنگترین شوێنی نیوە دوورگەکە بوو[2].

ئیبراهیم پاشا توانی بچێتە ناو ناڤارین، هەروەها کلاماتا و تریبولستای لەحوزەیرانی ساڵی 1825دا داگیر کرد شۆڕشگێڕەکانی ڕاونا هەموو شوێنەکانی ئەوانی لە بانزاس داگیر کرد. شاری میسولونجی کەوتە دەستی میسریەکان لە شوباتی ساڵی 1826دا، بەتەنها شاری نوبلی مایەوە کە پایتەختی شۆڕشگێڕەکان بوو. عوسمانییەکان لەساڵی داهاتوودا شاری ئەسینایانڕزگار کرد[3].

ئیبراهیم پاشا خۆی ئامادەکرد دوا بنکەی شۆڕشگێڕەکان داگیربکات لە هیدرا و ئیستبزیا و بەندەری نوبلی، لەئەنجامی سەرکەوتنەکانی سوپای میسر، یۆنانیەکان هەستان بەجوڵاندنی ڕای گشتی ئەوروپا بۆ ڕزگارکردنی شۆڕشەکەیان لەڕاستیدا پێویستی بەپشتگیری ئەوروپا هەبوو بۆبەدی هێنانی ئامانجەکانیان بۆیە کۆمەڵێك شاعیر و نووسەر بەکۆکردنەوە و یەکگرتنی ڕای گشتی ئەوروپا لەسەر شۆڕشگێڕەکانی یۆنان و سۆزی خەڵکی ئەوروپایان ڕادەکێشا بەنووسینەکانیان خەڵکی ئەوروپایان هاندەدا پشتگیری لە یۆنان بکەن بچنە ناو کێشەکەوە دوای ئەوە بەریتانیا و ڕووسیا داوایان کرد کۆبوونەوە بکرێت بۆڕاوێژکردن و گەیشتن بەڕێگە چارەیەك بۆ یۆنان.

بەریتانیا سەرکەوتوو بوو لەوەی کە ڕووسیا ڕازی بکات ڕووسیا جیاوازی بکات لەنێوان بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و کێشەی یۆنان ئەوگفتوگۆیەیان ئیمزاکردن پرۆتۆکۆڵێکی لێکەوتەوە لەسان بوترس بێرگ لەچواری نیسانی ساڵی 1826دا دوای ماوەیەکی کەم فەڕەنساش پەیوەندی کرد بەو گفتوگۆیانەوە ئەو سێ دەوڵەتە داوایان لە (بابی عالی) کرد کە لەگەڵ یۆنانییەکاندا شەڕ ڕابگرێت، حوکمێکی زاتییان بداتێ لەژێر ناوی سوڵتانی عوسمانیدا.[4] تاکو جارێکی تر پەنانەبەن بۆ توندوتیژ، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم شاری میسولوجی لەبیست و دووی مانگی نیساندا کەدواپێگەی شۆڕشگێڕەکان بوو، کەوتەدەستی سوپای میسر[5].

---

1 - دەربارەی ڕووداوە دەریاییەکان سەیری : سرهنگ بکە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 277 – 284 . Miller:op. cit. pp. 89 – 90.

2 - Miller:op. cit. p 89.

3 - الرافعی : ل **225** – **227**. Ibid . pp. 93, 95.

4 - مصطفی : ل **68** . Stavranos, L. S: The Balkan since 1453. p. 288.

5 - هەمان سەرچاوە : ل 73.





سیاسەتمەدارانی ئەوروپا و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی، گیرانی شاری میسولوجی یان زۆر گەورەکرد، کەگیرانی ئەو شارە بابەتی وتاری شانوپریان بوو لەمەجلسی نوێنەرانی فەرەنسا ڤیکتۆر هۆگۆ شاعیری ئەوکاتەی فەرەنسا شیعرێکی بەسۆزی بۆ ئەوبابەتەنووسی. وای لێ هات ئەوروپا ڕاپەڕی بۆڕزگارکردنی یۆنان.

لەئەنجامی بڕیارەکانی سان بوترس بێرگ، قەیسەر نیقۆلای یەکەم کەجێی قەیسەر ئەسکەندەری یەکەمی گرتەوە لەکۆتایی ساڵی 1825. دوو هۆشیاری نارد بۆ دەوڵەتی عوسمانی، یەکەمیان پەیوەندی بەکێشەی یۆنانەوە هەبوو، بەڵام دووەمیان هەڕەشەبوو لەدەوڵەتی عوسمانی کە بەندەکانی پەیمانی بوخارست جێ بەجێ بکات لەماوەی شەش هەفتەدا. مافی ڕووسیا لەهەردوو ولایەتەکەی دانووب کە ئەفلاق و بەغدان بگرێتەوە و سەربەخۆی بدات بە سڕبستان[1].

لەڕاستیدا سوڵتان مەحموودی دووەم ناچاربوو ملکەچ بکات بۆ داواکاریەکانی ڕووسیا دەربارەی هەردوو ولایەتەکەی بەلقان، ئەمەش لەئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ناوخۆ کەدەوڵەتی عوسمانی پێیدا تێ دەپەڕی. لەوکاتانەدا سوڵتان دەیویست زەربەیەکی کوشندە ئاراستەی هێزی ئینکشاری بکات، هەروەها سوڵتان ڕای وابوو ئەگەر وەڵامی ڕووسیا بداتەوە ئەوا هیچ بیانویەکی لەدەستدا نابێت شەڕ دژی عوسمانی هەڵبگیرسێت و پشتگیری بەریتانیاو فەرەنساش بەدەست دەهێنێت. پەیمانی ئاق کرمان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1826 دا لە نێوان هەردوولا بەسترا کەبەندەکانی ئەمانەبوون :

1– کەشتییە ڕووسیەکان مافی کەشتیوانییان هەیە لە دەریای ڕەشدا و بەگەرووە ئاوییەکاندا تێ دەپەڕن دەوڵەتی عوسمانی بۆی نییە بیان پشکنێت. .

2– ڕووسیا فەرمانڕەوا بۆ بەغدان و ئەفلاق هەڵدەبژێرێت بۆماوەی حەوت ساڵ دوای ڕاوێژکردن بەخەڵکی ناوچەکە، کەس ناتوانێ لایان بەرێت تەنها بەڕەزامەندی ڕووسیانەبێت.

3– ڕووسیا دەبێ بەڵێن بدات، کە ئەو قەڵا و سەنگەرانەی لە ئاسیا داگیری کردوون، دەیانگێڕێتەوە بۆدەوڵەتی عوسمانی و جارێکی تر سنوورەکان ڕێك دەخرێنەوە[2].

---

1 - هەمان سەرچاوە : ل 77.

2 - دەقی ڕێککەوتنامەکە دەبینی لە محمد فرید بك، ل **417** – **421**. Miller:p.97.

## قۆناغی سێیەم

لەگۆڕانكاریەكی سەرنج ڕاكێشدا لە یۆنان،دەوڵەتی عوسمانی پێشنیازی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیای لە پێنجی شوباتی 1827دا ڕەت كردەوە، كەدەربارەی كێشەی یۆنان بوو، كەبووبەهۆی ئەوەی ئەوسێ وڵاتە كەشتیەكانیان بەرەو ئاوەكانی یۆنان بنێرن. بۆجێبەجێكردنی داواكاریەكان بەهێزی سەربازی و ڕێگرتن لە كەشتییە عوسمانی و میسریەكان كە بگەنە كەنارەكانی یۆنان و هێنانی كۆمەك و یارمەتی بۆ هێزەكانیان.[1]

لەو ناوچەیە ئستوڵی وڵاتانی هاوپەیمان، ئستوڵی میسر و عوسمانیان گەمارۆدا لەبەندەری ناڤارین بێ ئاگاداركردنەوە هێرشیان كردنەسەر و بەتەواوی لەناویان برد[2].

شەڕی ناڤارین بەسەركەوتنی گەورەی ڕووسیا دەژمێرا، چونكە لەمەوە توانای دەریایی پێش هێزی دەریای عوسمانییەكان دەكەوێت لەدەریای ڕەشدا[3] دەرەنجامی شەڕەكە دەنگێكی گەورەی دایە وە لە ناوەندە سیاسیەكانی بەریتانیادا، دیاربوو ئامانجی سەرەكی بەریتانیا لەوشەڕەدا دانی كوت و بەندی توند بو لەسەر هەردوو ئستوڵی میسری و عوسمانی، فەرماندەی بەریتانی كوردیجنونی وای پێ باش بوو ئەو دوو ئستوڵە لەناوبەرێت بۆئەوەی ڕێگای خۆش ببێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی یۆنان بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی بەریتانیا دابێت، بەڵام فەرەنسا تەنها ئامانجی ئەوەبوو ئیعتباری خۆی لەناو وڵاتانی ئەوروپی پەیدابكاتەوە دوای ئەوەی لەساڵی 1815دا ناچاركرا كەبگەڕێتەوە بۆسنووره كورتەكانی خۆی. لەحاڵەتی كێشەی یۆناندا، بیروبۆچوونی میسر و عوسمانی یەك بوو لە سیاسەتی گشتیدا، بەڵام دوای خۆتێگەیاندنی وڵاتانی ئەوروپی و سەركەوتنیان لەشەڕی ناڤارینی دەریاییدا. بۆچوونەكانیان جیاوازی تێكەوت[4].

محەمەد عەلی ڕای وابوو كە لە درێژەدانی شەڕ هیچ كەڵكێك وەرناگرێت و بێ سوودە، ئستوڵەكەی لەناو چوو و پەیوەندیشی لەگەڵ میسردا پچڕابوو.بۆیە وای بەباش

1 - سرهنگ : ل 292 . الرافعی : ل 228 – 229.

2 - سەیری ئەو بابەتە بكە دەربارەی شەڕی ناڤارینی دەریای . سرهن : ل **292** – **296** . الرافعی : ل **233** – **238**. miller: op. cit, p.89

3 - staviranos: op. cit, p. 289.

4 - الرافعی : ل 239.





زانی سیاسەتی میسر لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی جیا بكاتەوە[1]، زۆر زوو بڕیاری پاشە كشەی هێزەكانی دەركرد و هەر دوای ئەوە هێزی دەریایی فەرەنسا لەدوورگەی مۆره دابەزین و یاداشت نامەیەكی لەوڵاتانی ئەوروپیەوە پێ گەیشت كە وڵاتی یۆنان بەجێ بهێڵێت و سیاسەتی خۆی لەدەوڵەتی عوسمانی جیابكاتەوە[4]، ئەگەرنا هێرشی دەكرێتەسەر، بەڵام بابی عالی دژی داواكاریەكانی وڵاتانی هاوپەیمان لەكۆنگرەی لەندن لە مانگی تشرینی دووەم 1828 وەستایەوە بەسەربەخۆیی مۆره و دوورگەكانی سیكلاند، كە میرێكی مەسیحی حوكمیان بكات لەلایەن وڵاتانی ئەوروپیەوە هەڵدەبژێرێت. حكومەتی یۆنان جزیەی ساڵانە بەبڕی پێنج سەد هەزار قرۆش دەدات بە بابی عالی،[2] ئەو دەوڵەتانە داوای قەرەبووی ئەوزیانەیان كردكەبەر ئستوڵی عوسمانی كەوتوون بەهۆی خۆتێنەگەیاندنی لەكاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی[3].

بەڵام كاردانەوەی دەوڵەتانی ئەوروپی زۆر خێرابوو هەستابەپچڕاندنی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەوكاتەسوڵتان (خواشریف) بەیانێكی دەركرد و تێیدا بەدنیازی وڵاتانی ئەوروپی بەرانبەر دەوڵەت ڕوونكردەوە و بەتایبەت ڕووسیا. كۆتای بەیانەكەش هەڵنانی موسڵمانان بوو بۆجیهادكردنی[4] ڕووسیا ئەو هەلوێستەی دەوڵەتی عوسمانی قۆزتەوە و لەبیست و شەشی نیسانی ساڵی 1828دا شەڕی دژی (بابی عالی) ڕاگەیاند. هێزەكانی پێشڕەویان كرد لە بەلقان و شاری یاشی پایتەختی بەغدان و بوخارست پایتەختی ئەفلاقیان داگیر كردو بەرەو ئەستەمبوڵ كەوتنە ڕێ. دەستیان گرت بەسەرشاری ڤارناداو دوای ئەوەش ئەسكی ئەستەمبۆڵیان داگیركرد سەربازگەكانی عوسمانییەكانیان لەشاری شملا گەمارۆدا. لەمانگی ئابی ساڵی 1829دا شاری ئەدرنەیان داگیركرد. ئەستەمبوڵ كەوتە ژێر لولەی تفەنگەكانی سوپای ڕووسی. لەناوخاكی ئاسیاش هێزەكانی ڕووسی پێشڕەویان كرد بەرەو قەوقازو شاری ئەردەهان و بایزید و ئەرزەڕۆم و قارسیان داگیركرد[5].

سەركەوتنەكانی ڕووسیا بوو بەهۆی نیگەرانی دەوڵەتان دەربارەی چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپا هاتنە ناو كێشەكە، چونكە ترسان

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2 - ڕێكەوتنی ئەو چوار دەوڵەتە ئەوروپییە بۆ ڕزگاركردنی یۆنان بوو، چونكە شۆڕشەكەیان نزیك لەناوچوون بوو.

3 - محمد فرید بك : ل 427 – 428.

4 - هەمان سەرچاوە : ل 428.

5 - محمد فرید بك : ل 431 – 432.

لەکۆتایـدا کاروبارەکـان لەبەرژەوەنـدی ڕووسـیا تـەواوبێت. بۆیـە دەبوایـە ڕێگایـان لـەوفرەوان خوازیـەی ڕووسـیا بگرتایـە. نەمـسا پێـشنیازی کـرد بۆفەرەنـساو بـەریتانیا کەهەوڵبدەن شەڕ کۆتای پێ بێت. کاتێ دەوڵەتی عوسمانی پێشڕەوی خێرای ڕووسیای بینـی بـەرەو ئەسـتەمبوڵ سـەیری کـرد ڕێگرێـك نـەماوە بـۆ داگیرکردنـی ئەسـتەمبوڵ. سوڵتان مەحموودی دووەم ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ ئاشتی، بەتایبەت کـە بـەریتانیاش ئامۆژگاریی کرد کەئاشتی هەڵبـژێرێت. بڕووسیاش ئامـادەیی خـۆی نیـشاندا کـە ناوبـژی هـەردوولا بکـات. دەرەنجامی گفتوگۆکانی هـەردوولا بـوو بـەهۆی ئیمزاکردنـی پـەیمانی ئەدرنە لەچواردەی مانگی ئەیلولی ساڵی 1829دا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن.

1- گێڕانەوی هەموو ئەوناوچـانەی ڕووسیا لەوشـەڕە داگـیری کـردوون بـۆ دەوڵـەتی عوسمانی[1].

2- ڕووبـاری بـرون جیاکـەرەوەی سـنووری هـەردوو وڵات بێـت تـا گەیـشتنی ئەوڕووباره بەڕووباری دانوب.

3- ڕووسـیا هەتاهەتایـە دەسـت دەگرێـت بـە سـەر ناوچـە ئاسـیاییەکەی دەریـای ڕەشـدا، بـەڵام ولایەتـە ڕۆژهەڵاتیـەکان و شـاری قـارس پـێ دەچـێت ڕووسـیا بیـان گەڕێنێتـەوە بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی سنووریـشی ڕێـك دەخرێتـەوە لـەنێوان هـەردوو لایاندا.

4- ڕووسیا ئازادیی بازرگانی دەبێـت لـە دەریـاو وشـکانیدا، ڕووسـەکان و بازرگـان و کەشـتیەکان دەبـێ پارێزگـاری بکـرێن، کـۆنگری ڕووسـیا لـەلای دەوڵـەتی عوسمـانی کاروبارەکانیان جێ بەجێ دەکات.

5- هەموو کەشـتییە بازرگانیـەکانی وڵاتـانی کەلـە حاڵـەتی ئاشـتی دان لەگـەڵ بـابی عالی بەرەو بەندەرەکانی ڕووسیا دەڕۆن ئازادی تێ پەڕینیان پێ دەبەخشرێت.

## جەنگی محەمەدعەلی لەگەڵ وەهابییەکان

1 - مەبەست لێرەدا ئەفلاق و بەغدان و بلغاریا و ناوچەکانی تری خاکی بەلقان و ڕوملییە.





لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە بـێ توانـایی دەوڵـەتی عوسمـانی دەرکـەوت لـە تواندنەوەی ئەو شۆڕشانەی کـە لـە دژی دەکـران بۆیـە پـەنای بـۆ والییـەکانی دەبـرد بـۆ کوژاندنـەوەیان یـەکێك لـەو شۆڕشـانەش کـە خـەوی لـە دەوڵـەت زڕانـدبوو، ئـەوانیش شۆڕشی یۆنـانی بـوو کـە باسمـان کـرد و، بزوتنـەوەی وەهـابی یـەکان بـوو لـە دوورگـەی عەرەبیدا[1]. بانگەشـەی وەهابییـەکان لـە نەجـد سـەرکەوتووبوو، مـیر درعیـە محەمـەدبن سعود لە باوەشی گـرت و پـشتیوانی لـێ دەکـرد، گەیـشتە هەنـدێ ناوچـەی دیکـە وەکـو حیجـاز و یەمـەن و عـسیر و دەوروبـەری عێـراق و وڵاتـی شـام. وەهابییـەکان دەسـتییان بەسەر مەککە و تائیف و مەدینـە گـرت[2]، تـا وای لێهـات مەترسـی یـان لەسـەر دەوڵـەتی عوسمانی دەرکەوت لەو شوێنانەی تێیدا بڵاوبوونەوە، هەروەها لـە ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی و جیهـانی ئیـسلامی و، کاریگەریـەکی گرنگـی هـەبوو لـە گەشەسـەندنی بـیری ئیـسلامی تازەدا.[3] کە بەیەکەم بزوتنەوەی چاکخوازی و سەلەفی دەژمێرێـت لەسـەردەمی تـازەدا و یەکـەم بزوتنـەوەی چـاکخوازی نوێخـوازە کـە لـەناو دەوڵـەتی عوسمانیـدا دەرکـەوت[4]. دەوڵـەتی عوسمـانی هەسـتی بـە مەترسـی ئـەو بزوتنەوەیـە کـرد. بۆچـوونی وابـوو کـە سـەرکەوتنی ئـەوان دەبێتـە هـۆی جیابوونـەوەی حیجـاز و دەرچـوونی لـە دەسـتی عوسمانییەکان[5]، و دوایش دەرچوونی مەککە و مەدینـە و لەدەستـچوونی سـەرۆکایەتی جیهانی ئیسلام، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بۆ زاڵ بـوون بەسـەر ئـەو هۆیانـەی کـە نـاوخۆی دەوڵـەتیان بـێ هێـز کردبـوو، هـەوڵ بـۆ بـەهێزکردنی پێوەنـدی لەگـەڵ هـەموو لایـەکی جیهانی ئیسلامدا، بەو هۆیە کە بنکەی خەلافەتی ئیسلامی لـە دەسـت دایـە. هـەموو ئـەو هۆیانـە وایـان کـرد کـە پاڵنـەر بـن بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی کـە لـە ڕووی وەهابییـەکان ڕادەوەسـتێت و هـەوڵ بـدات بـۆ وەسـتاندنیان و بڵاونەبوونـەوەیان، ئەمـەش یەکـەم

1 - بانگـەوازی وەهـابی لـە دوورگـەی عـەرەبی لـە نیـوەی سـەدەی هـەژدەدا دەرکـەوت لەسـەر دەسـتی شێخ محەممـەد عەبدولوەهاب، ئەو بزوتنەوە بەناوی ئەوەوە ئەو ناوەی وەرگرت و شوێن کەوتووەکانی بـە (وەهـابی ) ناسـران، محەممـەد عەبـدولوەهاب لـە ڕێـچکەی ئـیبن تیمیـە بـۆ بـەهێز کردنـی بانگەوازەکـەی کـەڵکی وەرگـرت بـوو. مەزهـەبی وەهابییـەکان مەزهەبی حەنبەڵی بوو، بەڵام دوایی ڕوویان لە توندڕەوی کرد و وای لێهات هەرکەسێك لەگەڵیان نەبایە بە کافریان دەزانـی لێرەوە وەهابی یەکان بەرهەڵستکارەکانی خۆیان بە مشرك دەزانی . سەیری ڕێنمایی یەکانی محەممەد عەبدولوەهاب بکـە لە کتێبی : كتاب التوحيد أنذى هو حق اللة على العبيد، الرياض، ط 3 . 1400هـ.

2 - رافق : سەرچاوەی پێشوو، ل 341.

3 - هەمان سەرچاوە : ل 339.

4 - عمر : سەرچاوەی پێشوو : ل 211.

5 - هەمان سەرچاوە : ل 216.

كاردانەوەی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە دژی وەهابییەكان، كە بوو بەهۆی زیادبوونی تەنگژە لە هەڵوێستی توسوندا، بۆیە دوای ئەو زیانانە بۆچوونی هاتە سەر ئەوەی كە تەنیا بەرگری بكات، لەو لاشەوە داوای ناردنی یارمەتی لە باوكی كرد.

دوای ئەوە محەمەد عەلی بڕیاری دا كە خۆی بڕوات بۆ حیجاز بۆ درێژەپێدانی ئەو شەڕە و زاڵبوون بەسەر وەهابی یەكاندا و فراوان كردنی دەستەڵاتی میسر لە دوورگەی عەرەبیدا. لە ڕۆژی (**26** ی ئابی **1812**ز)دا میسری بەرەو دوورگەی عەرەبی بەجێهێشت. بە خۆی و سوپایەكی تازەوە خۆی گەیاندە نجد دوایی بەرەو مەككە بەڕێ كەوت. یەكسەر هێرشی كردە سەر بنكە و بارەگای وەهابییەكان، بەڵام سەركەوتوو نەبوو لە فراوانكردنی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی بوو بەهۆی ئەوەی كە ناوچەی (قنفزە)ش چۆڵ بكای دوای ئەوەی داگیری كردبوو كوڕەكەشی توسون لە ناوچەی تربە جارێكی تووشی شكستێكی سروشت بوو دوای ئەو هەموو تێك شكانە یەك لە دوای یەكانە شەڕ ناو بە ناو لەگەڵ وەهابییەكان هەر بەردەوام بو دوای ئەوەش محەمەد عەلی داوای یارمەتی كرد لە میسر و، كاتێ ئەو یارمەتی یانە گەیشتن لە خۆ ئامادەكردن دا بوو بۆ هێرش، دوژمنەكەی سعود بن عەبدولعەزیز لە (**27** ی نیسان ی **1814**ز)دا مرد. كوڕەكەی عەبدوڵڵا بن سعود بوو بە جێنشینی.

پاڵپشتی و یارمەتی دانی سلێمان پاشای گەورە والی بەغدا بوو لە ساڵی (**1797**ز)دا هۆزەكانیش لە دژ یان یەكیان گرت ، بەڵام هەوڵەكەیان بێ سوود بوو. لە ساڵی داهاتوو هێرشێكی دیكەیان ڕێكخست، بەڵام ئەویش بێ سوود بوو لە ساڵی داهاتووشدا هێرشێكی دیكەیان ڕێكخست كە ئەویش سەركەوتو نەبوو، هەروەكو چۆن والی یەكانی دیمەشق سەركەوتوو نەبوون لە بەر پەرچدانەوەی هێرشی وەهابی یەكان بۆسەر فەلەستین و خوارووی وڵاتی شام.[1] لە ئەنجامی تێكشكانی ئەو هێرشانەدا. دەوڵەت محەمەد عەلی والی میسری هەڵبژارد بۆ لەناوبردنی ئەو بزوتنەوەیە. ئەویش خۆی ئامادەكرد بۆ هێرشێكی گەورە بە سەرۆكایەتی كوڕەكەی ئەحمەد توسون كە خەریك بوو لە یەنبەع و بەدر كارەكەی ئەنجامی هەبێ، بەڵام لە (سەفرا) تێك شكا.[2] وەهابییەكان بەری سەركەوتنەكەی (سەفرا)یان نەخوارد و لە شوێنی خۆیان مانەوە،

---

[1] - تاریخ شانی زادە : بەرگی یەكەم، ل 237.

[2] - الرافعی : ل 134 – 135.





كەئەمە هەلی دایە توسون كە جارێكی دیكە ڕیزەكانی سوپاكەی ڕێك بخاتەوە، هەروەها داوای یارمەتی كرد لە قاهیرە وە دەستیشی كردە ڕاكێشانی سۆزی هۆزەكانی (زارییە) لە نێوان یەنبع و مەدینەی پیرۆزدا، ئەویش بە پێدانی پارە و هەویە، كە لەو سیاسەتەیدا سەركەوتوو بوو، بەهۆی ئەوەی كە ڕێگا خۆش بكات بۆ گێڕانەوەی مەدینە و مەككە و تائیف،[1]، بەڵام وەهابییەكان لە (تربە) سەركەوتنیان بە دەست هێنا و ڕێگای هاتوچۆی نێوان مەككە و مەدینەیان بڕی[2]، كە بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو ڕیزەكانی سوپای میسردا بەهۆی كەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە كە بوو بەهۆی زیادبوونی تەنگژە لە هەڵوێستی توسوندا، بۆیە دوای ئەو زیانانە بۆچوونی هاتە سەر ئەوەی كە تەنیا بەرگری بكات، لەو لاشەوە داوای ناردنی یارمەتی لە باوكی كرد.[3]

دوای ئەوە محەمەد عەلی بڕیاری دا كە خۆی بڕوات بۆ حیجاز بۆ درێژە پێدانی ئەو شەڕە و زاڵبوون بەسەر وەهابییەكان دا و فراوان كردنی دەستەڵاتی میسر لە دوورگەی عەرەبیدا لە ڕۆژی (**26** ی ئابی **1812**ز) میسری بەرەو دوورگەی عەرەب بەجێهێشت بەخۆی و سوپایەكی تازەوە خۆی گەیاندە جدە، دوایی بەرەو مەككە بەڕێ كەوت، یەكسەر هێرشی كردە سەر بنكە و بارەگای وەهابییەكان، بەڵام سەركەوتوو نەبوو لە فراوان كردنی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆیدا و بوو بەهۆی ئەوەی كە ناوچەی (قەنفزە)ش چۆڵ بكات، دوایی ئەوەی پێشتر داگیری كردبوو كوڕەكەشی توسون لە ناوچەی تربە جارێكی دیكە تووشی شكست بوو شتێكی ئاسایی بوو دوای ئەو هەموو تێكشكانە یەك لە دوای یەكانە شەڕی ناو بە ناو لەگەڵ وەهابییەكان هەر بەردەوام بوو دوای ئەوەش محەمەد عەلی داوای یارمەتی كرد لە میسر، كاتێك ئەو یارمەتی یانە گەیشتن و لە خۆئامادەكردندا بوو بۆ هێرش.

كاتێك یارمەتییەكان گەیشت دەركەوت كە ئەو میرە توانایەكی سەربازی باشی نەبوو كە بتوانێ بەر بەرەكانی سوپای میسر بكات كە بوو بەهۆی تێكچوونی بەرەی جەنگی سعوودیە، بۆیە ئەو ڕووداوە بە بەرژەوەندی محەمەد عەلی تەواو بوو وتوانی لە

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 136 – 139.

[2] - محمد فرید بك : ل 407. الرافعی، ل 139.

[3] - سەرچاوەی پێشوو : ل 141.

ناوچەی بسل سەرکەوتن بەدەست بهێنێت[1]، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (**1815**ز)دا دەستی بەسەر تربەدا گرت[2]، و بەندەری قنفزە لە هەمان کاتدا کوڕەکەی توسون دەستی گرت بەسەر بەشی باکووری نەجددا[3]. لەو قۆناغەی کێشەی وەهابی یەکاندا، محەمەد عەلی ناچار بوو کە دوورگەی عەرەبی بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ میسر بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو یاخیبوونەی لە میسر ڕوویدا بۆ لەناوبردنی دەستەڵاتی محەمەد عەلی. دوای زاڵبوون بەسەر ئەو یاخیبوونەدا جارێکی دی دەستی کردەوە بەشەڕی وەهابییەکان. هێرشێکی سەربازی گەورەی دیکەی ڕێك خست و بەرەو دوورگەی عەرەبی نارد. ئەمەش بە سەرۆکایەتی کوڕەکەی (ئیبراهیم پاشا) لە (**5**ی ئەیلولی **1816**ز)دا دوای شەڕێکی سەخت ئیبراهیم پاشا توانی لە مانگی نیسانی ساڵی (**1818**ز) خۆی بگەیەنێتە درعیە و گەمارۆی بدات[4]. بۆیە عەبدوڵڵا بن سعود ناچار بوو کە دەرگای وتوێژ لەگەڵ ئیبراهیم پاشا دا بکاتەوە لە ڕۆژی (**9**ی ئەیلول)دا هەردوو لا ڕێککەوتنلەسەر:

1. سپاردنی درعیە بە سوپای میسر بەو مەرجەی خەڵکی مەدەنی هیچ زیانێکیان پێ نەگان.
2. عەبدوڵڵا بن سعود سەردانی ئەستەمبوڵ بکات و لایەنگیری و گوێ ڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕێت.
3. وەهابییەکان (کوکب ئاندری) و ئەوشتە بە نرخانەی کە لە لایانە بیگەڕێنەوە بۆ مەدینەی پیرۆز.[5]

ئیبراهیم پاشا دوای دەست گرتنی بەسەر درعیە دا دەستی کرد بە وێران کردن. بەم جۆرە شەڕ تەواو بوو لە نێوان وەهابییەکان و سوپای میسردا، ئیبراهیم پاشاش گەیشتەوە میسر لە (کانوونی یەکەمی **1818**ز)دا[6].

[1] - دەکەوێتە نێوان تائیف و تربە.
[2] - الرافعي : ل 146.
[3] - هەمان سەرچاوە : ل 153 – 154.
[4] - هەمان سەرچاوە .
[5] - محمد فريد بك : ل 409.
[6] - الرافعي : ل 165.





## جەنگەکانی شام

شەڕی یۆنان تەواو بوو بەبێ ئەوەی محەمەد عەلی پاشا هیچ دەستکەوتێکی هەبێت لەو بەشدارییەی کە لەو شەڕەدا کردنی، بەڵام کاتێ شەڕی وەهابییەکان تە واو بوو دەستی گرت بەسەر دوورگەی عەرەب و توانی سوودانیش بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە بەمە میسر بەشە تەواوکەرەکەی هاتەوە سەر کە سوودان بوو[1]، بەڵام گۆڕەپانی داهاتووی محەمەد عەلی وڵاتی شام بوو.

دەوڵەتی عوسمانی دەیویست کە قەرەبووی محەمەد عەلی بکاتەوە بۆ هەندێ لەو زیانانەی لە شەڕی یۆنان لێی کەوتبوون، بۆیە دوورگەی کریتی پێ بەخشی.

بەڵام ئەو قەرەبووکردنەوە نرخێکی وای نەبوو، چونکە ئاسان نەبوو بۆ میسر کە فەرمانڕەوایی ئەو دوورگەیە بکات و کەڵکی لێ وەربگرێت بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکەکەی لە یاخیبووندا بەناوبانگ بوون.[2]

دوای ئەوە وای بەباش زانی کە وڵاتی شام بخاتە سەر میسر، ئەمەش دوولایەنی ئابووری و سیاسی هەبوون. لایەنە سیاسیەکەی ئەوەبوو کە وڵاتی شام لە داهاتوودا وەکو سەنگەرێك وابوو بەرانبەر عوسمانییەکان[3]، ئەمە لەلایەك، هەروا دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەربی یان دەستەڵاتێکی ئیسلامی بەهێز لە لایەکی دیکەوە کە دوایی ڕوونی دەکەینەوە، هەروەها دەستگرتنی بەسەر ئەو وڵاتانەدا بۆی هەبوو کە سوپایەکی گەورە لە خەڵکی ئەو وڵاتانە دروست بکات بەمەش ژمارەی سوپاکەی زیادی دەکرد. لایەنە ئابوورییەکەی دەی ویست دەرامەت و بەرهەمەکانی وڵاتی شام بخاتە ژێر دەستی خۆی بە تایبەت تەختە و خەڵوز و مس، کە بەشی پێویستی پێ بوو کە لە میسردا کەم بوو. سەرەڕای گرنگییە ئابوورییەکەی شوێنی جوگرافیشی گرنگ بوو کە پەیوەستە بە ئەنادۆڵەوەوە و پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ناوەڕاستی ئاسیا، کە هەمیشە کاروانی بازرگانی پێدا تێ دەپەڕی[4] لە ڕاستیدا محەمەد عەلی لە ساڵی (**1810**ز) هەوڵی دەدا کە شام بخاتە سەر میسر و پێ ی خۆش بوو کە بە ڕەزامەندی سوڵتانی

[1] - الرافعي : ل 244.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - تێبینی دەکرێت ئەو دەوڵەتانەی کە دروست بوون هەرگیز نەیانتوانی کە دەستەڵاتی خۆیان بەسەر شامدا بسەپێنن. سەیری هۆکاری سیاسی بکە ئەوەی کە کلوت بك کە یەکێکە لە پیاوە گەورە ئیداری یەکان لای محەممەد عەلی نووسیویەتی لە کتێبەکەیدا (لمحة عامة الى مصر) بەرگی یەکەم، ل 121 – 122.
[4] - الرافعي : ل 248 . غنام، رياض، ناوچەکانی لوبنان لە ژێر دەستەڵاتی میسر دا، ل 45.

عوسمانی ئەو کارە بکات.[1] هەر بۆیەش داوای لە سوڵتان مەحمودی دووەم کرد لە ساڵی (1813ز)دا، کە فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتانەی پێ بسپێرێت بە بیانووی ئەوەی کە پێویستی بە کۆمەك هەیە بۆ بەردەوام بوون لەشەڕی وەهابی یەکاندا، بەڵام سوڵتانی عوسمانی بەمە ڕازی نەبوو[2]، محەمەد عەلی هەمیشە زۆر گرنگی بە وڵاتی شام دەدا. لە ساڵی (1821ز)دا هەستا بەڕۆڵی بە ناوبژی لە نێوان عوسمانییەکان لەلایەك و هەریەك لە عەبدوڵڵا پاشا والی لەسەر کار لابراوی سیداد و ئەمیر بەشیر شەهابی دووەم میری لوبنان کە پەنای بۆ میسر هێنا بوو لەلایەکی دیکەوە. محەمەد عەلی هەریەك لەو دوو پیاوەی بە دۆستی دڵسۆز و نزیکی خۆی دەزانی لە نێوانیان پێوەندی یەکی دۆستانە دروست بوو بوو بە تایبەت لەگەڵ ئەمیر شەهابیدا، بەڵام ئەو لەو کاتەدا هیچ بڕیارێکی دەربارەی وڵاتی شام نەبوو.[3]

بەڵام لە ساڵی (1825ز)وە ئاواتەکانی بەرجەستە دەبوون، ئەوەش لەکاتی چاوکەوتنی بە ژەنەڕاڵ بوابیە کە بە ئاشکرا دانی بەوە دانابوو کە دوای شەڕی موریە هەوڵ دەدات کە دەست بگرێت بەسەر وڵاتی شام و عەکا و سوپاکەی ناوەستێنێت تا دەگاتە سەر لێواری ڕووباری دیجلە و فوڕات و وڵاتی یەمەن و بەشی ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی.[4]

ئەو بیرانەش لەگەڵ ئەو دەنگۆیانە یەکیان دەگرتەوە کە لەلایەن خۆی و کوڕەکەی ئیبراهیم پاشا بڵاوببوونەوە کە دەیەوێت پارێزەری مافەکانی گەلانی عەرەب بێت کە لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیدا ژیانێکی کولەمەرگی و لاواز بەسەر دەبەن[5] و لەساڵی (1829ز)وە بە تەواوی سیاسەتە ستراتیجیەکەی دەرکەوت کە دەیەوێت دەست بەسەر وڵاتی شام دابگرێت. لەساڵی (1832ز) بارکر کە یەکێکە لە قونسوڵەکانی بەریتانیا دەڵێت: سوپای محەمەد عەلی ئیش لەسەر پڕۆژەی ڕزگارکردنی گەلانی عەرەبی و کۆکردنەوەیان لە ئیمپڕاتریەتێکی ئیسلامی عەرەبیدا دەکات ئامانجی

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 245.

[2] - الرافعی : ل 246.

[3] - عمر : سەرچاوەی پێشوو، ل 315. ضناوی، محمد علی خوێندنەوەیەکیە ئیسلامیانەی مێژووی لوبنان و ناوچەکە : ل 313 – 314.

[4] - أسماعیل و خوری : بەرگی یەك، ل 57 – 60. Hajjar , J : L' Europe et les destinne ' du proshe – orient 1815 – 1848 , p. 103.

[5] - سەرچاوەی پێشوو : ل 60.





سەرەکیش بەهێزکردنی دەستەڵاتەکەیەتی لە عەکا و دیمەشق دوای فراوانکردنی بەرەو حەڵەب و بەغدا و کۆکردنەوەی هەموو ولایەتە عەرەبییەکان.[1]

زۆربەی مێژوونووسەکان وای بۆ دەەچن کە نێوانێك هەیە لە نێوان داواکەی محەمەد عەلی لە سوڵتان لە ساڵی (1813ز) کە بیکات بە والی وڵاتی شام بۆ شەڕی لەگەڵ وەهابییەکاندا و ئەو شەڕەی کە لە ساڵی (1831ز) کردی. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت محەمەد عەلی هەلی ئەوەی قۆستەوە کە وەهابیەکات تێك بشکێنێت و بەرەو وڵاتی شام پەلبهاوێژێت و بیخاتە سەر دەستەڵاتەکەی خۆی، کە (بابی عالی) لەو کاتەدا دوو داوای محەمەد عەلی یان ڕەت کردەوە

یەکەمیان: گێڕانەوەی یوسف کبخ پاشا بۆ ولایەتی شام و دوورخستنەوەی سلێمان پاشا.

دووەمیان: دووەمیان بەخشینی ئەو ولایەتە بەخۆی[2]، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو داوایەی محەمەد عەلی ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە مەترسی دارمان.

هێنانەدی گۆڕان کاری پیشەیی و هێز وەبەرنانێکی تازە بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی[3]. ئەو باوەڕی بەیەك پارچەیی جیهانی ئیسلام و فەرمانڕەوایی سوڵتانی عوسمانی هەبوو. بەو مەرجەی کە هەمیشە خێرا و ئامادەبێ بۆ پارێزگاری موسڵمانان. بە تایبەت داوای کارەساتەکەی ئاڤارین.

وشیاریدانی لەسەر پێویست بوونی تازەکردنەوەی دەستەڵاتی سوڵتان لەسەر بنچینەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز.[4] هەر دوای شەڕی کوتاهیە لەساڵی (1883ز) پابەندبوونی بە پاشەکشە لە ئەنادۆڵ و دەست گرتنی بەسەر وڵاتی شامدا، جارێکی دیکە محەمەد عەلی دووپاتی کردەوە کە هیچ تەماعێکی لە گرتنە دەستی خەلافەتی ئیسلامیدا نییە، تەنیا هەوڵ دەدات کە خەلافەتی عوسمانی لە ڕووخان بپارێزێت.

ئەگەر محەمەد عەلی خەون بە دروست کردنی دەوڵەتێکی عەرەبی جیا لە دەوڵەتی عوسمانییەوە ببینێت یان نیازی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەهێزی هەیە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە لە حاڵەتێکی ئاوا دەوڵەتە ئەوروپیەکان خۆ

---

[1]- Hajjar : op . cit . p 103

[2] - ضناوی، محمد علي خوێندنەوەیەکی ئیسلامی لە مێژووی لوبنان و ناوچەکە : ل 318.

[3] - اسماعیل، عادل خوری، أمیل : سیاسەتی دەوڵەتی لە ڕۆژهەلاتی عەرەبی، بەرگی دوو، ل 57 – 58.

[4] - ضناوی : ل 319.

دەخزێنە ناو کێشەکەوە. نایەڵن هیچ ڕێککەوتنێك دروست بێت لە نێوان محەمەد عەلی و (بابی عالی)دا لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە ڕێگرتنی لە بەدیهێنانی ئاواتەکانی[1]، شەڕەکانی شام بەشەڕی هێرشکردن و بەرگری دادەنرێن لەیەك کاتدا، بەڵام ئەگەر شەڕی بەرگری بن محەمەد عەلی دەیزانی کە دەوڵەتی عوسمانی زۆر هەوڵ دەدات بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتە ناوەندی یەکەی بۆسەر میسر. دەیزانی کە سوڵتان مەحمودی دووەم نیازی باش نییە، بەڵام ئەگەر شەڕی هێرشکردن بن ئاواتی فراوان کردنی پانتایی دەوڵەتەکەیەتی[2]. دەرکەوت کە محەمەد عەلی بڕیاری خۆی دابوو کە دژی (بابی عالی) بوەستێت لەبەر چەند هۆیەك.

دەوڵەتی عوسمانی تووشی پەشۆکاوی بوو لە بەرانبەر ئەو پێشڕەویەی سوپای میسر. بە یاخیبوونی لە قەڵەم دا بۆیە هەست بە خۆ ئامادەکردن بۆ پێشگیری لە پێش ڕەویەکەی میسر. سوپای عوسمانی بە فەرماندەیی عوسمان پاشا والی حەلەب بەشەڕهاتن لەگەڵ سوپای میسر لە دەستی (زراعە)ی خوارووی (حەمس)، بەڵام سوپای عوسمانی خۆی نەگرت و تێکشکا. ئیبراهیم پاشا دەستی بەسەر شارە کەناریەکاندا گرت، کە دانیشتوانی ئەو شارانە خۆشحاڵی خۆیان بۆ فەرمانڕەوایی تازە دەربڕی. دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ عەکا بەمەستی درێژە پێدانی گەمارۆکەی. ئەوەبوو لە ساڵی (**1832**ز) شاری عەکای داگیرکرد و عەبدوڵڵا پاشای بە دیل گرت و ڕەوانەی میسری کرد.

هەستی دەکرد کە سوپایەکی هێزی هەیە و دەوڵەتی عوسمانیش بەرەو بێ هێزیی و هەڵوەشاندنەوە دەچێت و جێی چاو تێ برین و پیلانگێڕی وڵاتانی ئەورووپی بوو[3]، بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی میسر بوو بە بەندەی دوو هۆکار. بەندەی نەفسی خۆی کەوای خەیاڵ دەکرد کە (بابی عالی) زوڵمی لێ کردووە کە ولایەتی شامی نەداتێ و سەرباری ئەو هەموو خزمەتەی کە پێشکەشی عوسمانییەکانی کردووە. بەندەی ئەو بۆچوونەی خۆی کە وای دەزانی زۆر شیاوە والی شامیش بێت.[4]

[1] - سوید، یاسین . مێژووی سەربازی ناوچەکانی لوبنان لەسەردەمی هەردوو ئیمارەتەکە، بەرگی دوو، ل 230
[2] - الرافعی : سەرچاوەی پێشوو، ل 245.
[3] - ضناوی : ل 324.
[4] - هەمان سەرچاوە : ل 325.





شەڕەکانی شام بە دوو قۆناغدا تێپەڕین. قۆناغی یەکەم بە ڕێککەوتنامەی کوتاهیە ساڵی (**1833**ز) کۆتایی پێ هات.

قۆناغی دووەم بە ڕێککەوتنامەی ساڵی (**1840**ز) کۆتایی هات.

قۆناغی یەکەم: هۆیە سەرەکییەکانی شەڕ لە دووبەرەکی ناوخۆدا خۆیان حەشار دابوو کە لە نێوان محەمەد عەلی پاشا و عەبدوڵڵا پاشا والی عەکا هەبوو[1]. بۆیە (**14**ی تشرینی دووەمی ساڵی **1831**ز) سوپای میسر بەرەو فەلەستین کشاو بەبێ هیچ بەرگریەکی ئاوا دەستی گرت بەسەر شارەکانی، بێجگە لە شاری عەکا کە هەستا بە گەمارۆدانی[2]. محەمەد عەلی پاشا ئیبراهیم پاشای کوڕی کردە سەرکردەی ئەو شەڕەی وڵاتی شام[3].

فەرماندەیی میسر درێژەی بە لەشکرکێشیەکەی دا بەرەو باکوور، دوای ئەوەی کە عەکای خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دوای شەڕێك توانی دیمەشقیش بگرێت کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی دانیشتوان ڕووبەڕوو بوو کە خەڵکەکە زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی فەرمانڕەواکەیان بگۆڕێت بێزاربوون لە خراپی والییە عوسمانییەکان.[4] بەهۆی دەرچوونی عەکا و دیمەشق تەواوی خاکی فەلەستین (بابی عالی) ترسێکی گەورەی لێ نیشت، سوڵتان لەوە دەترسا کە بنکەی خەلافەتیش تووشی مەترسی ببێت بۆیە سوپایەکی ڕێك خست بە فەرماندەیی (سر عەسکەر) حوسێن پاشا و فەرمانی پێدا کە پێش ڕەوی میسریەکان بووەستێنێت و ناچاریان بکات کە لە وڵاتی شام پاشەکشە بکەن. وە لە هەمان کاتیشدا فەرمانێکی سوڵتانی دەرکرد و تێیدا محەمەد عەلی پاشا و کوڕەکەی ئیبراهیم پاشای بە خیانەت کار دەرنەچوون لە دەستەڵاتی شەرعی لەقەڵەمدا.[5] سوپای ئیبراهیم پاشا و سوپای عوسمانی لەشەڕی حەمس ڕووبەڕووی یەك بوونەوە. سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە (حوزەیرانی ساڵی **1832**ز)دا لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا دەستی گرت بەسەر شاری حەڵەبدا و حماشی خستە ژێر ڕکێفی

[1] - دەربارەی ئەو دوو بەرەکیە سەیری : سوریا و لوبنان و فەلەستین لە ژێر دەستەڵاتی تورکدا، ل 137 – 138، الرافعی، ل 249 – 250، رستم، أسد : بشیر بین السلطان والعزیز : ل 56 – 58.
[2] - الرافعی : ص 252 – 253.
[3] - بازیلی : ل 138 .
[4] - الرافعی : ل 259 – 260 . مێژوو نووسێکی نەناسراو بیرەوەری یە مێژووی یەکان دەربارەی هێرشی ابراهیم پادشا بۆ سەر سوریا : ل 48 – 49.
[5] - بازیلی : ل 146.

خۆیەوە لە هەمان کاتدا خۆی ئامادەکرد بەرەو باکوور لەشکرکێشی بکات.[1] حوسێن پاشا بەرە و باکوور کشایەوە دوای تێك شکان لەو شەڕەدا، دەربەندی بیلانی کردە بنکەی خۆی کە یەکێکە لەو دەربەندانەی کە وڵاتی شام و ئەنادۆڵ لەیەك جیادەکاتەوە، بەڵام ئیبراهیم پاشا وازی لێ نەهێنا و دوای کەوت و لەوێش بەسەریدا سەرکەوت و خۆی و سوپاکەی ڕاونا تە ناچاری کردن ناوچەکە چۆڵ بیکەن لە ڕێگای بەندەری ئەسکندەرۆنەوە و دەستی بەسەر دەربەندەکەش دا گرت و بەندەری ئەیاسەی باکووری ئەسکەندەرونەشی داگیرکرد و خۆی گەیاندە ولایەتی ئەدرنە و ترسوس[2] سوڵتان مەحمودی دووەم بێئومێد نەبوو لە تێك شکانە یەك لە دوای یەکەکانی سوپاکەی. هەستا بە ئامادەکردنی سوپایەکی گەورەی دیکە بە فەرماندەیی (سەدری ئەعزەم) محەمەد ڕەشید پاشا. (سەدری ئەعزەم) بیابانی ئەنادۆڵی بڕی و لە دەشتی قونیە خۆی گەیاندە سوپای میسر و لەگەڵی بەشەڕ هات. لە ئەنجامی ئەو شەڕەشدا سوپای میسر سەرکەوتنی گەورەیە دەست هێناو، ڕەشید پاشا بە دیل گیرا، ئەوەش لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (**1832**ز)[3] شەڕی قونیە دەرگای ئاوەڵا کرد لە بەردەم سوپای میسردا کە بەرەو ئەستەنبوڵ بکەوێتە ڕێ. لە ئەنجامی ئەوەدا دڵ تەنگی باڵی بەسەر پایەتەختی خەلافەتدا کێشابوو. ئەژنۆی سوڵتان کەوتنە لەرزین لە ترسی ئەوەی کە ئیبراهیم پاشا پایەتەختیشی داگیر بکات، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ دەوڵەتی بەریتانیا کە پەیمانی لەگەڵ ببەستێت بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەرێکی لە ڤییەننا نارد بۆ لەندەن بۆ گفتوگۆکردن و یارمەتی دانی لەو شەڕەدا بەگرتنی ڕێگا دەریاییەکان بۆ ئەوەی کەلو پەل و پیتاك نەگاتە سوپای ئیبراهیم پاشا[4].

## خۆتێگەیاندنی وڵاتانی ئەوروپی – ڕێککەوتننامەی کوتاهیە

سەرکەوتنەکانی سوپای میسر سەرنجی وڵاتانی ئەوروپای ڕاکێشاو ترسان لەوەی کە ئیبراهیم پاشا بەرەو ئەستەنبوڵ پێش بکەوێت. بنەماڵەی بنی عوسمان لەسەر کار

[1] - الشهابی، احمد حیدر : لوبنان لە سەردەمی ئەمیرە شەهابی یەکاندا، بەشی سێهەم، ئەوە بەشی دووەم و سێهەمی کتێبی (الغرر الحصان في أخبار ابناء الزمان) ل 820 – 821، 867 – 868مێژوو نووسی نەناسراو . شەڕەکانی ابراهیم پادشای میسری لە سوریا و ئەنادۆڵ، ل 20 – 21.

[2] - رستم ، أسد : بشیر بين السلطان والعزيز، ل 85 – 86.

[3] - مێژوو نووسی نەناسراو : سەرچاوەی پێشوو، ل **28** – **29**.

[4] - Temperley. H: England and the Near East. The Crimea , P.63





لاببات و خەلافەت تایبەت بکات بەخۆی کە ئەوەش هاوسەنگی ئەوروپا تێك دەدات[1]. ڕووسیا لەو ڕووداوە لەهەموو دەوڵەتەکان زیاتر نیگەران بوو. بەچاوی ترس و نیگەرانیەوە سەیری پێش کەوتنەکانی سوپای میسری دەکرد کە لە ئەستەنبوڵ نزیك دەبێتەوە، لە فراوان بوونی دەستەڵاتی محەمەد عەلی دەترسا کە دەست بگرێت بەسەر تەنگەکانی دەریای ڕەشدا. ئەوکات دەتوانێ دەوڵەتێکی بەهێزی گەورە دروست بکات لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوەش لەگەڵ سیاسەتەکانی نەهاتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لەسەر دابوو لەساڵی (**1829**ز) کە دانی بەوە داناوە کە دەوڵەتی عوسمانی[2] نابێت دابەش بکرێت. دەوڵەتانی ئەوروپاش لەلای خۆیانەوە چاودێری گۆڕانکاریەکانی ئەو کێشەیان دەکرد. بەریتانیا لەگەڵ شۆڕشی بەلجیکا و چاکسازی ناوخۆ سەرقاڵ بوو،[3] هەروەها سیاسەتمەدارەکانی بەریتانیا دوو دڵ بوون کە چ هەڵوێستێك وەربگرن کە لەخزمەتی وڵاتەکەیاندا بێت. لەبەرئەوە لە سەرەتادا هیچ گرنگیەکیان نیشان نەدا دەربارەی ئەو کێشەیە و داوای سوڵتانیان ڕەتکردەوە کە یارمەتی بدەن کە ئەم هەڵوێستەیان لە بەرژەوەندی محەمەد عەلی نزیك بوو تا بەرژەوەندی سوڵتان[4]، بەڵام فەڕەنسا هانی محەمەد عەلی پاشای دەدا کە دەستەڵاتەکەی فراوان بکات لە وڵاتی شامدا هەریەك لە نەمسا و بڕووسیا بێ لایەنی خۆیان ڕاگەیاند.[5]

بۆیە ڕووسیا ئەو هەڵوێستە نێودەوڵەتیەی قۆستەوە لەمەڕ کێشەی میسر بە تەنیا چالاکی دبلۆماسی نیشاندا. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (**1833**ز)دا یەکێك لە فەرماندە دیارەکانی بەناوی موراڤیف نارد کە هەڵستێت بە چالاکی دبلۆماسی سەردانی هەریەکە لە ئەستەنبوڵ و ئەسکەندەریە بکات پێشنیاز بکات بۆ سوڵتان، کە دەتوانێت یارمەتی بدات و داوا لە محەمەد عەلی بکات کە پێش ڕەویەکانی بەرەو ئەستەنبوڵ

[1] - محمد فريد بك : ل **450** – **451**.

[2] - ڕووسیا هەڵوێستی خۆی لە بوونی دەوڵەتی عوسمانی دیاری کردبوو لەو قۆناغەدا، لەو کۆبوونەوە بەرفراوانەی کە قەیسەر نیکولای یەکەم سازیدا لە دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتنامەی ئەدرنە لە ساڵی (**1829**ز) کە حەوت لە گەورە دبلۆماسەکان ئامادە بوون لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە پارێزگاری لە کیانی دەوڵەتی عوسمانی بکرێت هەموو دەست تێوەردانێکی دەرەکی قەدەغە بکرێت. Temer ley: op. cit, pp. 53 – 63.

[3] - سنو : سەرچاوەی پێشوو، ل **55**.

[4] - رستم : بشير بين السلطان والعزيز، ل 92.

[5] - كامل، مصطفى : ل 89.

ڕابگرێت لە قونیە بکشێتەوە.[1] لەسەرەتا سوڵتان مەحمودی دووەم دوو دڵ بوو. بەڕازی بوون بە پێشنیازەکەی ڕووسیا، بەڵام کاتێ بێ ئومێد بوو لەوەی کە بەریتانیا و فەرەنسا یارمەتی نادەن. ئەمەش لە کاتێکدا کە محەمەد عەلی دەستی کردەوە بە پێش ڕەوی و کوتاهیەش داگیرکرد. لەسەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (**1833**ز)دا نامەیەکی نارد بۆ هەڵسوورێنەری کارەکانی ڕووسیا. بەناوی بۆتنیڤ داوای کرد کە ڕووسیا هێزی دەریا بنێرێ بۆ ناوچەی (ممرات) و هێزی پیادەش بنێرێت بۆ پارێزگاری لە پایتەخت[2]، ڕووسیا یەکسەر وەڵامی داواکەی سوڵتانی دایەوە. لەماوەیەکی کەمدا هێزی دەریایی ڕووسیا لەبەردەم کۆشکی سوڵتاندا لەشکری گرت، هەروەها چواردە هەزار سەربازیشی نارد بۆ ناوچەی بۆسفۆڕ[3]. ئەو کارەی ڕووسیاش بوو بە هۆی دروست کردنی نیگەرانی بۆ هەریەك لە بەریتانیا و فەرەنسا و نەمسا کە دەترسان لە بەرژەوەندیەکانیان کە ڕووسیا ئەو بارودۆخەی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوە و خۆی لە ناوچەی (ممرات)دا بەهێز بکات. بۆیە وایان بەباش زانی کە باشترین شتێك کە دەتوانن بیکەن هەستن بە ناوبژی و ئاشتبوونەوەیەك لە نێوان سوڵتان و محەمەد عەلی پاشادا دروست بکەن فەرەنسا ئەو نێوانە خۆشەی خۆی لەگەڵ میسردا بەکارهێنا و بۆ ڕازیکردنی محەمەد عەلی پاشا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ سوڵتاندا، سوڵتانیش بە نۆرەی خۆی لەسەر ڕینومای باڵوێزی فەرەنسا لە ئەستەنبوڵ خەلیل پاشای وەکو نوێنەر نارد بۆ میسر. بۆ ئەوەی زەمینە سازبکات کە زۆر توند نەبێت لە داواکانیدا بە ولایەتی سیداد و تەرابلس و قودس و نابلس ڕازی بێت[4]، بەڵام محەمەد عەلی پاشا ئەو بیرۆکەی فەرەنسای ڕەت کردەوە. سووربوو لەسەر ئەوەی کە دوبێت وڵاتی شام و ولایەتی ئەدنە و شاخەکانی تۆرۆس سنووری جیاکەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو بێت وە فەرمانی دا بە کوڕەکەی کە دەست بکاتەوە بە پێش ڕەوی و فشار بخاتە سەر سوڵتان[5]، فەرەنسا هەوڵێکی زۆریدا کە هەر دوولا ڕازی بکات و لەیەکیان نزیك بخاتەوە لەیەکێك لە کۆبوونەوەکاندا هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر میسر

1 - هەمان سەرچاوە : ل **88 – 89**. Hajjar , op. cit . p. 118.

2 - هەمان سەرچاوە : ل **90 – 91** . رستم : ل **91** Anderson : op. cit. , p 81.

3 - هەمان سەرچاوە : ل 91، سەرچاوەی پێشوو.

4 - کامل مصطفى : ل 90 . بازیلی : ل 164 . الرافعی، ل 289.

5 - هەمان سەرچاوە : ل 90 – 91.





ڕازی نەبێت ئەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ میسر دەپچڕێنێت. لە کۆتایدا هەردووك لا گەیشتنە ئەوەی کە ڕێککەوتننامەی کوتاهیە لە (**4**ی ئایاری **1833**ز)دا مۆر بکەن کە تێیدا (بابی عالی) وازی لە هەموو وڵاتی شام هێنا بوو، کە گرنگترین خاڵەکانی ئەمانەبوون:

**1**. میسریەکان واز لە ولایەتی ئەنادۆڵ دەهێنن پاشەکشە دەکەن بۆ پاش شاخەکانی تۆرۆس.

**2**. میسر دەدرێتە محەمەد عەلی پاشا هەتا لە ژیاندا مابێت دانرا بە والی لەسەر هەر چوار ولایەتەکەی شام عەککا و تەرابلوس و حەڵەب و دیمەشق لەگەڵ دوورگەی کریت.

**3**. دانانی ئیبراهیم پاشا وەکو والی ئەدرنە.[1]

بە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی کوتاهیە قۆناغی یەکەم لە شەڕەکانی شام کۆتایی هات کێشەکە لەلایەن هەردوو لاوە کۆتایی هات.

## لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا : پەیمانی خونکار ئەسکلەسی ( **1833**ز)

وا دەرکەوت کە سوڵتان مەحمودی دووەم بە ڕێککەوتنەکەی کوتاهیە بەناچاری ڕازی بووە هەمیشە هەوڵی دەدا کە هەرکاتێك هەلی بۆ هەڵکەوت هەڵی بوەشێنێتەوە و، زۆر لەبەریتانیا تووڕە بوو بەهۆی ئەوەی کە یارمەتی نەدا و فەرەنساشی بە دۆستی محەمەد عەلی پاشا دەزانی. بۆیە بێجگە لە قەیسەری ڕووسەکان کەسی دیکەی شك نەدەبرد ئامادەبێ پەیمانی لەگەڵ ببەستێت، ئەو هاوپەیمانیەشی لە دوژمنی سەرسەختی خۆی قبوڵ نەدەکرد کە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە نەبایە کەبەسەری هاتبوو. قەیسەری ڕووس کوتت ئۆرلوف تارد بۆ ئەستەنبوڵ کە بۆی ڕوون کاتەوە کە ڕووسیا دۆستی نزیکی دەوڵەتی عوسمانییە کە دەتوانێ پشتی پێ بەستێت لە نێو هەموو دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا. بارودۆخی هەردوولا وا پێویست دەکات کە پێوەندیەکانیان پتەوبکەنەوە، کە ئەو هەوڵانەی ڕووسیا بەرهەمی هەبوو پەیمانی خونکار ئەسکلەسی لێکەوتەوە لە (**8**ی تەمموزی **1833**ز) کە ناوەرۆکەکەی هەریەك لەو دوو دەوڵەتەی ناچار دەکرد ئەگەر کرانە ئامانجی مەترسییەکی دەرەکی یارمەتی یەکتر بدەن (بابی عالی) پەیمانیدا کە ڕێگا دەدات بەو کەشتیەکانی ڕووسیا کە بە دوورگە ئاویەکانی عوسمانیدا تێپەڕ بکەن و لە ڕووی کەشتی هەموو وڵاتەکانی دیکەدا داخراوبێت ئەگەر لە

1 - محمد فرید بك : ل 451 . رستم : ل 93 – 94 . مێژوو نوسی نەناسراو : سەرچاوەی پێشوو، ل 30 – 31.

حاڵەتی شەڕدا بوون لەگەڵ ڕووسیادا. ماوەی ئەو پەیمانەش هەشت ساڵ بوو[1] ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو پەیمانە حەڵقەیەکی بەرگری بوو بۆ هەردوو وڵات ڕووسیا وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند لەو یارمەتیە سەربازییەی کە پێی دەگەیشت لەلایەن عوسمانییەکانەوە ئەمەش بە پێی پەیوەستێکی نهێنی کە دواتر کەم کەم بڵاوبۆوە، ئەمەش لە بەرانبەر داخستنی ڕێگاکانی نێو ئاو لەبەردەم کەشتییەکاندا لە کاتی پێویست[2]، بۆیە لە ڕاستیدا جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە وای پیشان دەدا کە دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکە سەر بە ڕووسیایە. ڕۆژێکیش دێت دەردەکەوێت کە قەیسەر نیکۆلا بە کردەوە دەستی بەسەر (ممرات) و ئەستەنبوڵ و وڵاتی بەڵقان دا گرتووە قسەکانی لەلای (بابی عالی)دا بەهەند وەردەگیرێن[3]. ساڵی (1833ز) ساڵێکی گرنگ بوو لە مێژووی دبلۆماسیەتی ڕووسیادا،چونکە ڕووسیا یەکەم جارە دەستەڵاتی بەسەر ئەستەنبوڵ و گەرووە ئاوییەکانی عوسمانییەکاندا دەبێت[4]. وا دەردەکەوت کە چەند کۆسپێکی گەورە هەبوون لەبەردەم جێ بە جێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، چونکەی گەڕانی کەشتییەکانی ڕووسیا بەناو ئاوەکانی عوسمانیدا واتای شەڕکردنە لەگەڵ بەریتانیا، هەروەها فەڕەنساش چەند هۆکارێکی بەهێزی بەدەستەوە بوون کە پشتی میسر بگرێت هەردووکیان بە گومانەوە سەیری ئەو ڕێککەوتننامەیان دەکرد بەوەی کە دەوڵەتێکی عوسمانی دەبێتە دەوڵەتێکی پارێزگاری لێکراو لەلایەن ڕووسیاوە، هەروەها بەریتانیا پێی وابوو مەترسی یەکی گەورە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی دەکات بۆیە هەردووکیان لە ساڵی (1883ز)دا نامەیەکی ڕەسمی ناڕەزایيان ئاڕاستەی (بابی عالی) کرد[5]. بەریتانیا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی توندی گرتە بەر بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە بواری جی بەجێ کردندا و کاری بۆ ئەوە دەکرد کە کێشەی میسر ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ڕووسیا بە تەنیا نەتوانێ کاری تێدا بکات. لەوەش زیاتر هەنگاوی نا کە بڕیاری دابوو پشتیوانی لە (بابی عالی) بکات دژی میسر، بۆ ئەو مەبەستەش چەند پێشنیازی بۆ (بابی عالی) کرد بەو نیازەی کە لە (بابی عالی) نزیك

[1] - خونکار اسکلەسی : گوندێکی نزیك ئەستەنبوڵە، سەیری دەقی ڕێککەوتنامەکە بکە . Hurewitz. I, pp. 105 – 106. Creasy: op. cit II, P .527 – 529.

[2] - بازیلی : ل 170.

[3] - کامل . مصطفی : ل 92.

[4] - الشناوی : بەرگی یەکەم، ل 220.

[5] - صفوت، محمد : چەند محازەڕەیەك دۆسیەی ڕۆژهەڵات و کۆنگرەی پاریس : ل **18** – **19**. Miller: op. cit. pp. 147 – 148.





دەخاتەوە و ڕووسیاش دوور دەکەوێتەوە[1]. لەولاشەوە هەستا بە هاندانی خەڵکی وڵاتی شام دژی فەرمانڕەوایی محەمەد عەلی و هانی سوڵتانیشی دەدا کە شەڕ بە سوپای میسر بفرۆشن و ناچاری بکەن کە شەڕ دەست پێ بکاتەوە.[2]

قۆناغی دووەم: ئەو چارەسەرەی لە ڕێککەوتننامەی کوتاهیەدا کرابوو تەنیا چارەسەرکردنێکی کاتی بوو، چونکە محەمەد عەلی ڕازی نەبوو کە ئەو ڕێککەوتننامە ئیمزا بکات تەنیا لە ترسی هەڕەشەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان ئەو ئیمزایەی کرد بوو. لە لایەکی دیکەوە سوڵتان مەحمودی دووەم بە ناچاری و لە ژێر کاریگەری ڕووداوە سەربازی و سیاسیەکاندا ئەو ئیمزایەی کردبوو ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بارێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێت شەڕ دەست پێ دەکاتەوە بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی بۆسەر میسر و وڵاتی شام.

جا ئەگەر بۆچوونی سیاسی هەردوولا ئاوابێت دەست پێ کردنەوەی شەڕ شتێکی مسۆگەر بوو بۆ دیاریکردن ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە سوڵتان سیاسەتێکی ستراتیجی پەیڕەو کرد لە دوو لاوە: هەست بە هاندانی دانیشتوانی وڵاتی شام دژی حوکمی محەمەد عەلی لە لایەك و هەست بە کۆکردنەوەی سوپا بۆ لێدانی سوپای میسر[3] و ناچارکردنی وڵاتی شام بەجێ بهێڵێت. ئەوەش بە یارمەتی و پشتیوانی بەریتانیا لەلایەکی دیکەوە. محەمەد عەلی پاشا دوای ئەو گۆڕانە سیاسیانە بۆی دەرکەوت کە هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپی لە بەرژەوەندی ئەودا نییە. نەخشەکانی بۆ جیابوونەوە جێ بە جێ نابێت، بەڵام بێ هیوا نەبوو لەوەی کە دان بنرێت دەستەڵاتی لەسەر میسر بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە پێشتر لە ژێر دەستەڵاتیدا بووم. هەولێدا کە هەر هەلێك هەڵکەوێت بیقۆزێتەوە بۆیە ئەنجام دانی گفتوگۆی تازە بۆیە هەستا بە ئەنجامی دانیشتنێك لەگەڵ نوێنەری سوڵتان صارم ئەفەندی، بەڵام بەهۆی توندی هەڵوێستی هەردوولاوە دانیشتنەکە سەرکەوتوو نەبوو[4]. بەم شێوەیە کاروبارە

[1] - ئەو پێشنیارانەی بەڕیتانیا بۆ (باب العالی) زیاتر بازرگانی و سەربازی بوو لە ڕێککەوتنێکی بازرگانیدا چڕ ببۆوە لە (ئابی 1838ز) بواری سەربازیش دروستکردنەوەی هێزی دەریایی عوسمانی بوو. کامل، مصطفی : ل 92.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 93.

[3] - خەڵکی وڵاتی هەندێ هۆکاریان هەبوون کە نیازی شۆڕشیان هەبوو دژی محەممەد عەلی ، ئەویش بەهۆی ئەو توند و تیژی یەی بەرانبەریان دەکرا.

[4] - گفتوگۆکان لە دۆخێکی ئاڵۆزدا ئەنجامدران، سارم ئەفەندی پێشنیاری کرد کە هەموو وڵاتی شام و دوورگەی عەرەبی بەشێکن جیانابنەوە لە وڵاتی عوسمانی . محەممەد عەلیش سور بوو لەسەر ئەوەی کە جیابوونەوەی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی ڕادەگەیەنێت، سەیری درێژەی ئەو دانیشتنانە بکە : لە (بازیلی )، ل 213 – 214.

سیاسیەکە بەرەو ئاڵۆز بوون چوو. دەرکەوت کە دووبارەبوونەوەی شەڕ لە نێوانیان شتێکی مسۆگەرە لە ئەستەنبوڵ دەستکرا بە خۆ ئامادەکردن بۆشەڕ و دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش چاودێری ئەو مەیلە سەربازی یەی سوڵتانیان دەکرد بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ.

سوڵتان شۆڕشی دانیشتوانی وڵاتی شامی قۆزتەوە کە دژی فەرمانڕەوای میسر[1] بەرپاکرابوو. لە بەهاری ساڵی (**1839**ز)دا پاڵی بە سوپاکەیەوە نا بەرەو شەڕ بە فەرماندەیی حافظ پاشا. دەرکەوتنی لە سنووری نێوانیان بەسبوو بۆئەوەی کە شەڕ دەست پێ بکات، بەڵام ئیبراهیم پاشا دانی بەخۆیدا گرت و چاوەڕێ ی ڕووداوەکان بوو ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی باوکی کە ڕای سپاردبوو هەتا بۆی دەکرێت وەکو دەست درێژی کار و دەست پێشخەر لەقەڵەم نەدرێت[2]. هەڵسوکەوتی سوڵتان دەوڵەتانی ئەوروپای دلگران کردبوو، بۆیە فەڕەنسا و بەریتانیا بڕیاریاندا کە هێزێکی دەریایی هاوبەش ڕەوانەی بوسفۆر بکەن، کە ڕووسیا هەوڵ بدات خۆ بگەیەنێتە ناو خاکی عوسمانییەوە. دواین کاری سوڵتان ئەوە بوو کە پێش مردنی فەرمانیدا بە حافظ پاشا کە هێرش بکاتە سەر ئیبراهیم پاشا لە حەڵەب[3].

دیار بوو محەمەد عەلی دڵخۆش بوو بەوەی کە بەرپرسیاریەتی دەست پێ کردنی شەڕ بکەوێتە ئەستۆی سوڵتان و فەرماندە سەربازیەکەی، بۆیە فەرمانی بە کوڕەکەی دا لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا هێرش بکاتە سەر سوپای عوسمانی[4]. لە شەڕی (نسێبین)دا سوپای عوسمانی زیانێکی زۆری لێکەوت و حافز پاشا بەزۆر توانی خۆی لە هێرشی سوپای میسر ڕزگاربکات. لەلای خۆشیەوە ئیبراهیم پاشا نەی توانی شوێن پێ ی سوپای عووسمانی هەڵگرێت بەرەو مرعش و مەڵتیە[5] لەو شەڕەدا هێزی سەربازی عوسمانی بە تەواوی تێك شکا. سوڵتان مەحمودی دووەم بەوە ڕانەگەیشت کە هەواڵی

---

[1] - سەیری بارودۆخی فەرمانڕەوایی میسر بکە لە وڵاتی شام، سەرچاوەی پێشوو، ل 187 – 201.رستم:ل117 – 136.

[2] - الرافعی : ل 315.

[3] - فەڕەنسا ئەوکاتە لەسەر دوو سیاسەتی جیاواز بوو لە یەکێکیاندا هەوڵی دەدا کە پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکرێت ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی ڕووسیا لە گەرووە ئاوییەکاندا، ئەوی دیکەیان یارمەتی دانی محەممەد عەلی پاشا کە بێ بەش نەکرێت لە بەرهەمی سەرکەوتنەکانی . رستم : ل 158 – 159.

[4] - الرافعی : ل 315.

[5] - لەلای بازیلی درێژەی جوڵانەوە سەربازی یەکانی هەردوو سوپا : ل 231 – 238.





ئەو تێك شکانەی بەرگوێ بکەوێت کە لە ڕۆژی (**30** ی حوزەیرانی **1839**ز) دا کۆچی دوای کرد[1]، هەرچەند ئەو سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوونەبوو کە نەی توانی بەرنامە چاکسازیەکانی جێ بەجێ بکات، بەڵام یەکێکە لە سوڵتانە باشەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

## داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەڕەنساوە ساڵی ( 1830ز )

سیاسەتی فەڕەنساش وەکو سیاسەتی بەریتانیا وا بوو لە داگیرکاری فراوانکردنی موستەعمەرەکانیان، فەڕەنسا دەیویست کە لە باکووری ئەفریقا شوێن پێیەکی هەبێت بۆ ئەوەی بەریتانیا بە تەنیا دەستەڵاتی بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا نەبێت.

بۆیە بۆ هەلێك دەگەڕا کە جەزائیر داگیربکات، کە پێشتریش لەسەدەی هەژدەدا پێوەندییەکی باش لە نێوان فەڕەنسا و جەزائیردا هەبووە، بەتایبەتی لە بواری بازرگانی گەنمدا، بەڵام دوایی لەسەر نرخەکەی کێشە کەوتە نێوانیان کە ئەمەش وای لە والی جەزائیر کرد کە گیرگرفت بخاتە بەردەم کەشتی یەکانی فەڕەنسا و گرفتی بۆ شەریکە بازرگانییەکانی فەڕەنسا لەناو جەزائیر دا دروست دەکرد[2]. فەڕەسا سەیری دەکرد کە هۆکارەکانی دووبەرەکی نێوانیان تاو نا تاو سەر هەڵدەدەن لەو کاتانەدا بیرۆکەی دەست بەسەر داگرتنی جەزائیر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرجەستە تر دەبوو لای کاربەدەستانی فەڕەنسا، تا لە ساڵی (**1830**ز) دا هەستان بە پەلاماردانی جەزائیر[3].

ئەلدای فەڕەنساییەکانی بەوە تاوانبار دەکر، کە دەیانەوێ پلان دژی وڵاتەکە بگێڕن و مافەکانی پێشێل بکەن، هەرچەند پەیماننامەی دۆستی لە نێوانیاندا هەیە کە لە ساڵی (**1801**ز)دا مۆرکراوە کە بە پێی ئەو پەیماننامە دەبێ فەڕەنسا هەموو

---

[1] - کامل ، مصطفی : ل 95.

[2] - الترر : سەرچاوەی پێشوو، ل 625.

[3] - هۆکارەکانی ناکۆکی فەڕەنسا و جەزائیر کورت دەکرێتەوە لەم خاڵانەی خوارەوە کە بوون بەهۆی هێرشی فەڕەنسا بۆ سەر جەزائیر:

1. دامەزراوەی فەڕەنسی – ئەفریقی ناکۆکی هەردوولا لەسەر ئەو باجەی کە دەدرێت بە حکومەتی جەزائیر.
2. فەڕەنسا دەیەویست ڕاوی مەرجان تایبەت بێت بەخۆیەوە .
3. فەڕەنسا سکاڵای ئەوەی هەبوو دەریاوانەکانی جەزائیر هێرش دەکەنە سەر کەشتی یەکانی .

ناکۆکی لەسەر دانە وەی قەرزەکانی جەزائیر لەسەر فەڕەنسا سەیری، الترر : ل 625 – 628. عبدالکریم، احمد عیزت خوێندنەوەیەکم لە مێژووی عەرەبی نوێ: ل 344 – 345.

قەرزەکانی جەزائیر بداتەوە[1]. پێوەندی دوو وڵات وردە وردە بەرەو خراپی دەچوو لە ساڵی (1825ز)دا کێشەی نێوانیان پەرەی سەند تا لە ساڵی (1827ز)دا ناکۆکیەکان گەیشتنە ئەوپەڕی و فەرەنسا بڕیاری داگیرکردنی جەزائیریدا، ئەوەش لە ساڵی (1830ز)دا بوو، بەڵام ئەوەی کە دۆخەکەی تەقاندەوە ڕووداوی باوەشێنی بەناوبانگ بوو کە قونسوڵی فەرەنسا ناوی دیڤال بوو کە ئەلدای جەزائیر بەهۆی دواکەوتنی قەرزەکانی جەزائیری دەزانی. لە ڕۆژی (3 ی نیسانی 1827ز)دا دیڤال بۆ پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان هات بۆلای (ئەلدای) کە موناقەشەیەکی توند لەنێوانیان دا ڕوویدا کە دیاربوو دەربارەی دانەوەی قەرزەکان بوو.[2] کە بوو بەهۆی تووڕەبوونی (ئەلدای)، ئەویش باوەشێنەکەی دەستی لە باڵوێزی فەرەنسا ڕاس کردەوە و بەدەم و چاوی کێشا بۆیە یەکسەر مەجلیسەکەی بەجێهێشت و ئەو ڕووداوەی بە حکومەتەکەی خۆی ڕاگەیاند[3]. حکومەتی فەرەنسا ئەو کارەی (ئەلدای) بە سوکایەتی کردن بە فەرەنسا زانی و ئەو ڕووداوەی قۆزتەوە وەکو هەلێك بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتە داگیرکاریەکەی لە جەزائیر. داوای لە جەزائیر کرد کە بەڕەسمی داوای لێبووردن بکات[4]. لە هەمان کاتدا هێزێکی دەریایی گەورەی نارد و بەندەرەکانی جەزائیریان گەمارۆدا. (ئەلدای)یش بە ئەنقەست داوای لێبوردنەکەی دوا دەخست، بۆیە فەرەنسا شەڕی ڕاگەیاند دژی جەزائیر[5].

فەرەنسا بۆ هەمان مەبەست چەندین وتوێژی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا ئەنجامدا بیانووەکانی خۆی بۆ ئەو کارەی ڕوون کردەوە. ڕووسیا و بڕووسیا ڕەزامەندی خۆیان بۆ فەرەنسا لەسەرەتادا نیشاندا[6]، بەڵام بەریتانیا و نەمسا و بە توندی دژی ئەو پرۆژەی فەرەنسا ڕاوەستان، هەروەها دەوڵەتی عوسمانیش بەو کارەی فەرەنسا ناڕازی بوون بە تایبەت کە جەزائیر پێوەندی یەکی پتەوی لەگەل دەوڵەتی عوسمانی هەبوو. پێویست بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کە ڕێ و شوێنی توند بگرێتە بەر دژی فەرەنسا، بەڵام زیرەکی باڵوێزی فەرەنسا لە ئەستەنبوڵ وای (بابی عالی) کرد کە هیچ

[1] - الترر : ل 578. عبدالكريم، ل 318.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 629 – 630.
[3] - عبدالكريم : ل 347.
[4] - الترر : ل 631.
[5] - هەمان سەرچاوە : ل 632. عبدالكريم، ل 349.
[6] - ڕووسیا و بڕووسیا ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی ئەو پرۆژەیە کرد کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەوروپا .





کاردانەوەیەکیان نەبێت[1]، لە مانگی تەممووزی ساڵی (1829ز)دا ڕووداوێکی دیکە ڕوویدا کە بوو بەهۆی ئەوەی فەرەنسا ڕاستەوخۆ خۆی بگەیەنێت کە فەرەنسا فەرماندەیەکی خۆی بەناوی دوریریە نارد بۆ جەزائیر بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام ئەو گفتوگۆیەشی سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی هەڵوێستی توندی هەردوولا[2]، ئەو فەرماندەی فەرەنسا کاتێ ویستی بەرەو فەرەنسا بگەڕێتەوە لە (3ی ئاب)دا لەسەکۆی بەندەرەکەوە تەقەی لێکرا[3]، ئا لێرەدا فەرەنسا نەی توانی لەوە زیاتر کاردانەوەی نەبێت.

دوای ئەوە وەزیری شەڕی بەناوی (بۆرمون) نارد بۆ جەزائیر بۆ ئەوەی دوا ئاگاداری بدات بە (ئەلدای) و ڕازی بێت بەو مەرجانەی خوارەوە:

1. داوای لێبوردن بکات لەسەر ڕووداوی باوەشێنەکە.
2. ئەو قەڵایانە بڕووخێنێت کە لەسەر خاڵە سنوورییەکان و بەندەرەکانی جەزائیر دروستی کردون و هەرچی چەك و تەقەمەنی هەیە تەسلیمی فەرەنسای بکەن.
3. ئەلدای غەرامەی هەموو ئەو خەرجیانە بدات کە فەرەنسا لە ئەنجامی گەمارۆدانی بەندەرەکانی جەزائیر کردوونی.
4. ئەلدای دان بنێت بە سەروەری ڕەهای فەرەنسا لەسەر بەشێك لە کەنارەکانی جەزائیر کە درێژ بۆتەوە بەرەو کەنداوی عەنابە و سنوورەکانی تونس دەبێ جەزائیر ئەو شارەش بدات بە فەرەنسا.
5. دەبێ (ئەلدای) مافی ڕاوکردنی مەرجان بداتەوە بە فەرەنسا وەکو پێشتر پێی بەخشرابوو وە تایبەت بێت بە فەرەنسا.
6. هێزەکانی فەرەنسا شاری جەزائیر داگیر دەکەن، وەکو دەستە بەرێك بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو مەرجانە تا ئەو کاتەی جەزائیر غەرامەی شەڕەکە دەدات.[4]

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە لە ڕێڕەوی کێشەکەدا، بەریتانیا لە دەستەڵاتی خۆی دەترسا لە دەریای ناوەڕاستدا. ناڕەحەت بوو بەوەی کە فەرەنسا لەو دەستەڵاتەدا هاوبەش بێت. بۆیە ەدژی ئەو پرۆژەی فەرەنسا وەستا، بەڵام کاتی ناڕازی بوونەکەی

[1] - عبدالركيم : ل 350 – 351.
[2] - دوبوریا ڕاسپێردرابوو بە ئەنجام دانی ڕاپەڕین لەگەڵ جەزائیر، لەگەڵ جەزائیر چارەکردنی کێشە لە ڕێگای دبلۆماسییەوە، پێدانی کوتە ئاگاداری لە کاتی سەرکەتوو نەبوونی گفتوگۆکان .
[3] - الترر : ل 635 – 636.
[4] - عبدالكريم : ل 404.

لەلایەن فەرەنساوە گرنگی پێنەدرا. بە (بابی عالی)ی ڕاگەیاند کە فەرمان بە کار بە دەستەکەی لە جەزائیر بکات کە فەرەنسا ڕازی بکات. هەر بۆیەش دەوڵەتی عوسمانی تاهیر پاشای وەکو نوێنەری خۆی نارد بۆ جەزائیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە جەزائیر، هێزی دەریایی فەرەنسا دەستگیریان کرد و ئازادیان نەکرد، هەتا تەواو داگیرکردنی جەزائیر لە (14 ی حوزەیرانی1830ز)دا[1]، فەرەنسا بەکردەوە دابەزینە ناو جەزائیر و خۆیان گەیاندە نزیک جەزائیری پایتەخت. ئەلدای بەرگریەکی سەختی لە خۆی نیشاندا، بەڵام توانای بەر بەرەکانی هێزەکانی فەرەنسای نەبوو، بۆیە جەزائیری پایتەخت کەوتە دەستی فەرەنسایەکان و ئەلدای حوسێنی ناچار بوو کە خۆ بەدەستەوە بدات و مەرجەکانی فەرەنسا قبوڵ بکات و جەزائیر تەسلیم بە فەرەنسایەکان بکات و وڵات بەجێ بهێڵێت[2].

دوای بۆرۆن وەهران و بوچی داگیر کرد و بەرە و قەڵایی وڵات هەنگاوی نا هەتا خۆی گەیاندە (بەلیدە) کە کەوتۆتە سەر لێواری ئەتلەسی بچووک. بەردەوامیش هێزی سەربازی فەرەنسا دەهاتە ناو جەزائیرەوە بۆ قایم کردنی شوێن پێی خۆی و سەرکوت کردنی ئەو شۆڕشانەی کە دژی بەرپاکرابوون[3]. لە ڕاستیدا داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە لە ساڵی (1830ز)دا نیشانەیەکی جیاکەرەوە بوو بۆ بەرە و دوا گەڕانەوەی دەوڵەتی عەوسمانی و بێ هێز و لاوازبوونی هەیبەتە سیاسی یەکەی.[4] ئەو داگیر کاریەی فەرەنسا لە ئەنجامی نەفامی فەرمان ڕەوای جەزائیر بوو.

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 388 – 394.

[2] - هەمان سەرچاوە : ل 410 – 411. الترر : ل 650 – 651.

[3] - سەرچاوەی پێشوو : ل 416، ل 654.

[4] - الجمیل، سیار : سەرچاوەی پێشوو، ل 210.

# بەشی سێزدەهەم
# سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم
# 1839 – 1861 ز

## شەڕەکانی شام

قۆناغی دووەم ی تەواوکاری : سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم بوو بە جێ نشینی سوڵتان مەحموودی دووەم باوکی کە ئەوکات تازە لاو بوو تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ[1]، دەوڵەتیش بەرەو داڕمانی تەواو دەچوو، کە وڵاتێکی بێ سوپا بوو بەهۆی تێکشکانی سوپای عوسمانی لەبەردەم میسریەکاندا و هێزی چەکدار لێکهەڵوەشابوو هێزی دەریایی نەمابوو، ئەحمەد پاشا خۆی دایە پاڵ محەمەد عەلی کە ئەوکات لە ئەسکەندەریە جێگیر بوو[2]. وڵات بێ سوڵتان مابۆوە بەهۆی منداڵی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم ئەوەندەی نەمابوو کە دەوڵەتی عوسمانی تووشی کارەسات بێت ئەگەر هەڵوێستی باشی دەوڵەتانی ئەوروپا نەبایە کە پشتیوانی تەواویان لێکرد[3]، لە

[1] - محمد فريد بك : ل 455.

[2] - ئەحمەد پادشا لای گران بوو نەکرایە (سەدری ئەعزەم)، ترسا لەوەی کە خەسرەو پادشا بکرێت بە (سەدری ئەعزەم)، کە دوژمنایەتیان لە نێواندا هەبوو . بازیلی : ل 242. سرهنك : ل 307.

[3] - جرانت : أ . ج . وتمبرلی، هارولد : ئەوروپا لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، بەرگی یەکەم : ل 411.





ڕاستیدا سەرکەوتنی سوپای میسر لە (نسێبین) مەسەلەی میسری و مەسەلەی ڕۆژهەڵات و مەسەلەی هاوکێشەی ئەوروپا بەگشتی جێی باس و پێداچوونەوە بوو، دەوڵەتانی ئەوروپی زیاتر تەماعیان لە خاکی عوسمانی پەیدا کرد. ئایا هەڵوێستی دەوڵەتانی گەورە چ دەبێت؟ ڕووسیا ئەو هەلەی قۆزتەوە کە دەستەڵات و پارێزگاری خۆی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا بسەپێنێ بە بیانووی بەرگری لێکردنی و جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی خونکار ئەسکلەسی[1]. فەڕەنسا پشتیوانی لە میسر دەکرد، حەزی لەوەبوو کە محەمەد عەلی پاشا وڵاتی شام و دوورگەی عەربی لە دەست دابێ و ڕێککەوتننامەی کوتاهیە جێ بە جێ بکرێت لە ئەنجامی شەڕی (نسێبین) گرێ درابوو بە ئومێدی ئەوە بو کە جۆرێك پارێزگاری میسر بکات بە ئاواتی سەپاندنی فەرمانڕەوایەتی یەکەی لە جەزائیر کە خستبوویە ژێر ڕکێفی خۆیەوە[2]، بەریتانیا دەستی کرد بە دوژمنایەتی کردنی میسر و ڕایگەیان کە دەبێ پارێزگاری لە سەڵتەنەتی عوسمانییەکان بکرێت، بەریتانیا نیگەران بوو لە بەهێزبوونی محەمەد عەلی لە وڵاتی شام و میسردا، هەروەها گومانی لە نەخشەکانیدا هەبوو لە دەریای سوور و کەنداوی عەرەب دا[3]. مترنیخ وەزیری یەکەمی نەمساش وای پێ باش بوو کە دەوڵەتی عوسمانی بەهێز بکرێت لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: ڕێگا نەدرێت بە ڕووسیا کە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربدات و دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەریدا کە ئەمە مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی نەمسا دروست دەکات.

دووەم : ئەو تەماشای شۆڕشی محەمەد عەلی دەکرد وەکو ڕاپەڕینێك دژی دەستەڵاتی ناوەندی. ئەوەش لەگەڵ مەبدەئی بەربەرەکانی ئەو شۆڕشانەی کە بەشیان دەرچوونە لەژێر دەستەڵاتی ڕەسمی حکومەت[4]، بەڵام بڕووسیا هیچ بەرژەوەندیەکی لەو کێشەیەدا نەبوو، هەوڵی دەدا کە خۆ پارێزی هەبێت بۆ خۆ دوورگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕ لە ئەوروپادا، بەڵام شاژنی بڕووسیا لەبەر هۆکاری نەتەوەیی زۆر ڕقی لە فەڕەنسا بو حەزی بە دژایەتی کردنی دەکرد[5].

[1] - ئەو ڕێککەوتننامەیە سەرنجی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕاکێشابوو بەرەو مەسەلەی میسر .

[2] - بازیلی : ل 249.

[3] - هەمان سەرچاوە،ل 249

[4] - الرافعی : ل 331.

[5] - هەمان سەرچاوە،ل 331 .

(محەمەد عەلی)یش لـەو نێـوەدا دەیویـست کـە هـەموو وڵاتـانی عـەرەبی بخاتـە ژێـر ڕکێفی خۆی سـەیری دەکـرد کـە خەریکـە هـەلی بـۆ دەڕەخـسێت. سـوڵتانی عوسمـانیش مـەیلی ئاشـتبوونەوەی هـەبوو لەگـەڵ محەمـەد عەلیـدا، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش نێـردراوی تایبەتی نارد بۆ میسر کە ئەویش عارف ئەفەندی بوو کە هەڵگری نامەیەك بـوو کـە تێیـدا هەسـت و سـۆزی خـۆی بەرانبـەر محەمـەد عـەلی دەربـڕی بـوو داوای لـێ دەکـرد کـە ئـەو ڕووداوانەی ڕابردوو فەرامۆش بکەن و لاپەڕیەکی تـازە بکەنـەوە لـە نێوانیـان دا.[1] بـەڵام تەماعی وڵاتانی ئەوروپا ڕێگرێك بوو کە ئـەو ئاشـتیوونەوەیە ڕوونـەدات، لـە ژێـر پـەردەی هەوڵدانیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بـۆ مەسـەلەی ڕۆژهـەڵات. وە لەسـەرر ڕاسپاردەی دەوڵەتی نەمسا پێنج دەوڵەتی ئەوروپی کە بریتی بوون لە نەمسا و ڕووسیا و ئینگلتەرا و فە ڕەنسا و بڕووسیا[2]. لە (27 ی تەممووزی 1839ز) نووسراوێکیان دایـە سـوڵتان کـە هـیچ بڕیارێـك یـا ڕێککەوتننامەیـەك مـۆر نـەکات بـەبێ ئاگـاداری ئـەوان، وە ئامـادەن کـە ناوبـژی بکـەن لـە نێـوان ئـەو و محەمـەد عـەلی پاشـادا بـۆ چـارەکردنی کێشەکەیان[3].

سـوڵتان بـە یاداشـتنامەی ئەوروپییـەکان ڕازی بـوو، چـونکە زۆر نیگـەرانی دەسـتەڵات خوازی میسری یەکان بوو، کە بەمە محەمەدعەلی تووشی شۆك بـوو کاتێـك گۆڕانکـاری لـە هەڵوێستەکاندا بینی، بۆیە نامەیەکی بۆ خەسرەو پاشا نووسـی داوای لێکـرد کـە خۆیـان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن بێ دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە، بەڵام (بابی عـالی) لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی مایەوە.[4]

بـاڵوێزی وڵاتـانی ئـەوروپا لـە ئەسـتەنبوڵ لـە لای (سـەدری ئـەعزەم) کۆبوونـەوە،دوای گفتوگۆیـەکی بـێ ئـەنجام بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگـا چـارەیەك بـۆ کێـشەی ڕۆژهەڵات، ئەوانە خەریکی ئامادەکردنی ڕەش نووسێك بوون بۆ ئاشتەوایی نێوان سوڵتان و محەمەد عـەلی پاشـادا لـەو کۆبوونەوەیـەدا بیروڕاکـان جیـاوازبوون بـاڵوێزی بـەریتانیا و

[1] - سرهنك : ل 307.

[2] - لەوانە بەشێکی سەیرکە فەڕەنسا بەشداری لە ئامادەکردنی ئەو نووسـراوەدا دەکـات لەولاشـەوە پـشتگیری لـە میـسر دەکات . وا دەردەکەوێت کە سیاسەتی فەڕەنـسا سیاسـەتێکی جێگیر نییـە، ئـەوەش بـە پەیوەسـتە بـە گۆڕانکـاری لـە هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەوروپا لەو کێشەیەدا. سەیری، الرافعی بکە : ل 332 – 334.

[3] - بازیلی : ل 248 – 249.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 249 – 251.





نەمـسا بـە پێویـستیان دەزانـی کـە وڵات بخرێتـەوە سـەر دەوڵـەتی عوسمـانی. ولایـەتی میسریش بدرێت بە محەمەدعەلی بەڵام باڵوێزی فەڕەنسا و ڕووسیا بەوە ڕازی نەبوون. پێ یـان بـاش بـوو کـە میـسر و هەرچـوار پارچـەی وڵاتـی شـام بـدرێت بـە محەمـەد عـەلی و کوڕەکانی. هەردوو ولایەتی ئەدەنە و تورسوس هـەتا محەمـەد عـەلی لـە ژیانـدا مـابێ لـە دەستیدا بمێننەوە. دوای پشتگیری باڵوێزی نەمـسا بـۆ بۆچـوونەکەی بـەریتانیا و نەمـسا بۆچـوونەکەیان پەسـەند کـرا[1]، دوای ئـەوە مترنـیخ داوای بەسـتنی کۆنگرەیـەکی بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەڵات لە لەنـدەن یـان ڤییـەننا کـرد، کـە ڕووبـەڕووی نـاڕازی بوونی ئاشکرای بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا بوون، کە ئەوان سووربوون لەسەر جێ بـە جێ کردنی بەیاننامەی خونکـار ئەسکلەسـی[2]. بـەریتانیا و فەڕەنـسا ترسـان لـەوەی کـە ڕووسیا لەسەر هەڵوێستی خۆی سووربێت، بۆیە داوایان لە (بابی عالی) کرد کە ڕێگا بـدات کەشـتییەکانیان بـە تەنگـە ئاویـەکانی پایتەختـدا تـێ پـەڕن، ڕووسـیاش هەڕەشـەی لـە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە بەو کارە ڕازی نەبێت. نەمساش وای بۆچوو کە ئـەوە دەبێتـە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لە ئەوروپادا ، هەڕەشەی ئـەوەی کـرد کـە لـەو هاوپەیمانییـە دەردەچێت ئەگەر بەریتانیا و ڕووسـیا لەسـەر هەڵوێـستی خۆیـان سـووربن. کـاتێ (بـابی عالی) بەو ناکۆکییانەی دەوڵەتانی ئەوروپای زانی لە ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکە ترسا بۆیـە ئەو داوایەی بەریتانیا و فەڕەنسای ڕەت کردەوە.

ئـەویش بـە بەخـشینی میـسر بـە موحەمـەد عـەلی پاشـا بەشـێوەی میراتـی لەگـەڵ ولایەتی عەککا بێ لە شاری عەککا، بەڵام فەڕەنـسا ئـەو پێـشنیازەی ڕەتکـردەوە لەسـەر بۆچوونی خۆی سووربوو[3].

ڕووسیا ئەو ڕێك نەکەوتنەی بەهەل زانی داوای لـە بـەریتانیا کـرد کـە ڕێگـر نـەبێت بـۆ هەڵوێست وەرگرتن دژی میسر بەو مەرجەی ڕێگەی پـێ بـدات کـە سـوپا لـە نزیـك شـاری (سینوب) لە نزیك پایتەخت دابەزێنێت، بە مەبەستی یارمەتی دانی دەوڵـەت لـەکاتێك کـە ئیبراهیم پاشا هەڕەشە لە وڵاتی شام بکات.

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 250 – 251.

[2] - بازیلی : ل 249 – 250.

[3] - الرافعی : ل 333.

بەریتانیاش بۆ قبولّ کردنی ئەو پێشنیازەی ڕووسیا، داوای کرد کە ڕووسیاش واز لە پەیمانی خونکار ئەسکلەسی بهێنێت، بەلاّم ڕووسیا ڕازی نەبوو.[1]

بەم شێوەیە چەند مانگێکی خایاند تا بیروڕاکان ئاڵوگۆڕ کران بەمەبەستی نزیك خستنەوەی بۆچوونەکان. دوای ئەوە بالمستۆن ڕێگا چارەیەکی مام ناوەندی پێشنیاز کرد کە لەگەل مەرجەکانی بەریتانیادا تێکی دەکردەوە. لە مانگی تەمموزی ساڵی (1840ز)دا لە نێوان بەریتانیا و ڕووسیا و نەمسا و بڕووسیا پەیمانێکی چوار قۆڵی بەسترا کە تێیدا ئەو چوار دەوڵەتە پەیمانیاندا کە یەك پارچەی خاکی عوسمانی بپارێزن،(محەمەد عەلی)یش وادار بکەن کە دەست لە وڵاتی شام هەڵبگرێت، بێجگە لە عەکا و فەلەستینیشی لە ژێر دەست دابێت.

## پەیماننامەی لەندەن (1840ز)

لەسەر بنچینەی پێشنیازەکەی نەمسا کۆنگرەی لەندەن گرێدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەلاّت لە (15 ی تەمموزی 1840ز)دا لە نێوان بەریتانیا و نەمسا و ڕووسیا و بڕووسیا دا دەوڵەتی عوسمانیش ئەو کۆنگرەی پەسەند کرد. ئامانجە سەرەکی یەکان فشار خستنە سەر محەمەد عەلی بوو گرنگترین بەندەکانی ئەمانە بوون :

1. فەرمانڕەوایی میسر دەدرێتە محەمەد عەلی بەشێوەیەکی میراتی دەتوانێ هەتا لە ژیاندا بێ فەرمانڕەوای ناوچەکانی خواروی وڵاتی شام بکات کە ناسراوە بە ولایەتی عەکا کە شاری عەکاش دەگرێتەوە، بەو مەرجەی کە ئەمە قبولّ بکات لە ماوەی (10) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی ئەگەر قبوڵی کرد دەبێ دوورگەی کریت و وڵاتە عەرەبیەکان و هەرێمی ئەدرنە چۆڵ بکات. ئستولَی دەریایشی بۆ عوسمانییەکان بگێڕێتەوە.
2. ئەگەر لە ماوەی ئەو (10) ڕۆژەدا ئەو بڕیارەی قبولّ نەکرد، تەنیا ولایەتی میسری پێ دەدرێت (10) ڕۆژی دیکەش کاتی دەدرێتێ کە فەرمانڕەوایی میراتی تێدا قبولّ بکات ئەگەر لە ماوەی ئەم (10) ڕۆژەدا وەلاّمی نەدایە، سولّتان بۆی هەیە لە ولایەتی میسریش بێ بەشی بکات.

1 - هەمان سەرچاوە : کامل، مصطفى : ل 96.





3. محەممەد عەلی پاشا دەبێ جزیە بدات بە (بابی عالی) کە ڕێژەکەی دیاری دەکرێت بەپێ ی ئەو وڵاتانەی کە پێی دەسپێردرێن.
4. لە میسر و ولایەتی عەکا یاسای عوسمانی حێ بە جێ دەکرێت و محەمەد عەلی و جێنشینەکانی دەبێ بەناوی سولّتانەوە باج کۆبکەنەوە.
5. هێزە دەریایی و وشکانییەکانی میسر بەشێك دەبن لە هێزی سولّتانی عوسمانی.
6. هاوپەیمانان بۆیان هەیە ئەگەر محەمەد عەلی ئەمانەی قبولّ نەکرد هێز بەکاربهێنرێت بۆ جێ بە جێ کردنیان لەسەر داوای سولّتان هەموو ڕێگایەك بگرنە بەر بۆ پارێزگاری لە تەنگە ئاویەکانی عوسمانی لە هەموو جۆرە هێرشێك.
7. بەریتانیا بە هاوکاری نەمسا، بۆی هەیە کە یارمەتی دانیشتوانی وڵاتی شام بدات کە گوێڕایەڵی محەمەد عەلی نەکەن.
8. کەشتییە بەریتانی و ڕووسی و نەمساوییەکانی بۆیان هەیە بچنە نێو گەرووی بۆسفۆر بۆ پارێزگاری کردن لە ئەستەنبوولّ ئەگەر سوپای میسر هێرش بکاتە سەری.[1]

## تا چەند جێ بە جێ کردنی پەیماننامەی لەندەن سەرکەوتووبوو

دوو شتی گران دەورەی جێ بە جێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیان دابوو:

1. بەبێ بوونی فەڕەنسا ئیمزا کراوە.
2. پەنابردن بۆ هێز شتێکی پێوستە بۆ جێ بە جێ کردنی بەندەکانی لەسەر محەمەدعەلی، بەلاّم بالمرستۆن دانامێنێت کە زۆر هێز و توانای خۆی دەربخات بۆ پێشگرتنی لە جێ بە جێ کردنی فەڕنسا ئەو پەیمانە بە سوکایەتی بەخۆی لە قەڵەمدا سەرۆك وەزیران ڕایگەیاند کە ئەو پێوەندییە باشەی لەگەڵ بەریتانیا هەیبوو بەرەو نەمان دەچێت. دەستی کرد بە ئامادەکاری سەربازی و محەمەد عەلی پاشاشی هاندا کە ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕەت بکاتەوە بەڵێنی یارمەتی سەربازی پێدا[2]. (محەمەد عەلی)یشی لەلای خۆیەوە سوورە لەسەر دەست گرتنی بەو ولایەتانەی کە ڕزگاری کردوون لە ڕێککەوتنی کوتاهیە بڕیاری یان لەسەر دراوە. زۆر پشتی بە یارمەتی فەڕەنسا قایم بوو چاوەڕێی شەڕی ئەورووپا بوو سەعات دوای سەعات. بۆیە کاتێك سەڵتەنەتی عوسمانی

1 - دەقی پەیمانەکە لە : Hurewitz : op. cit , I , pp. 116 – 119.

2 - کامل، مصطفى : ل 98.

کونسولگەری دەوڵەتە ئەوروپییەکان ئەو مەرجانەیان پێ ڕاگەیاند لێ گەڕا ئەو (**10**) ڕۆژە دیاری کراوە تێ پەڕین بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی ڕەسمی[1]. ئەو کونسولگەریانە لە ڕۆژی یازدەهەم ئاگاداریەکی دیکەیان دا بە محەمەد عەلی، دە ڕۆژی دیکە ماوەیان دایە، هەروەها پێیان ڕاگەیاند کە هیچ مافێکی لەسەر ولایەتی عەکا نەماوە[2]. دە ڕۆژی دووەمیش تێ پەڕین بە ڕاشکاوی بەندەکانی قبوڵ نەکرد. کونسولگەری وڵاتانی ئەوروپی ئەمەیان بە ڕەفزکردن دانا. لەوکاتەدا سوڵتان فەرمانێکی دەرکرد داماڵینی ولایەتی میسر لە محەمەد عەلی دوای بالمرستۆن[3]،پەنای بۆ هێز برد فەرمانی بە هێزی دەریایی بەریتانیادا کە ڕێگای ئاوی و وشکایی میسر و وڵاتانی شام ببڕن، دەستیشی کرد بە لێدانی بەندەرەکان، پەیامیشی نارد بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ کە خەڵک هان بدات دژی محەمەد عەلی پاشا، هەروەها ئەو چوار دەوڵەتە ئەوروپییەش پێوەندی خۆیان لەگەڵ میسر پچڕاند. محەمەد عەلی پاشا بە خوێن ساردی پێشوازی لە بڕیاری لەسەر کار لابردنی خۆی کرد. هیوا خواز بوو لەو کێشەیە ڕزگاری بێت. کاتێکیش ژەنەڕاڵ نابییە لە ئاوەکانی ئەسکەندەریە بینی پەنای بۆ ئاشتی برد کە دەی زانی بە ئاگر و ئاسن هەڕەشەی لێکراوە. لەوەش دڵنیابوو کە فەڕەنسا ناتوانێت بە بەرەکانی هەموو ئەوروپا بکات. لە ڕۆژی (**27** ی تشرینی دووەمی **1840**ز)دا ئیمزای ڕێککەوتنەکەی کرد لە ژەنەڕاڵی ناوبراودا کە بەڵێنیدا کە ئارەزووی دەوڵەتانی ئەوروپا جێ بە جێ دەکات، وڵاتی شام چۆڵ دەکات بەو مەرجەی میسری بۆ بمێنێتەوە، بەڵام دەوڵەتانی عوسمانی لەسەر داوای بەریتانیا ئەو داویەی ڕەتکردەوە[4]. فەڕەنساش بڕیاریدا کە یارمەتی محەمەد عەلی پاشا دەدات کە گومانی ئەوە هەبوو شەڕ لە ئەوروپا ڕوویدات لەوکاتەدا نەمسا و بروسیا هاتنە مەیدان و بەریتانیا و ڕووسیایان ناچار کرد کە مەرجی محەمەد عەلی و فەڕەنسا قبوڵ بکەن[5]. بۆیە محەمەد عەلی لە تەنگژەی لەسەر کار لابردن ڕزگاری بوو هەرچەند ناچار کرا کە تەنیا میسر هی ئەو بێت. سوڵتانیش فەرمانێکی دەرکرد کە

1 - سرهنك : ل 308.
2 - محمد فريد بك : ل 465
3 - الرافعي : ل 342.
4 - كامل، مصطفى : ل 99 – 100.
5 - هەمان سەرچاوە .





محەمەد عەلی والی میراتی میسر بێت[1]، بەم شێوەیە کێشەی عوسمانی و میسر کۆتایی هات.

## ڕێککەوتننامەی (دەربەندان) 1841ز

پەیوەست بوونی فەڕەنسا بە پەیماننامەی لەندەن لە ڕۆژی (**11**ی ئازاری **1841**ز) دەستە بەرێك بوو بۆ دەستەی هاوکاری ئەوروپی کە تایبەت بوو بە چارەکردنی کێشەی ڕۆژهەڵات. کاتێك قەیرانی عوسمانی و میسر کۆتایی هات. هەر پێنج دەوڵەتە ئەوروپییەکە و دەوڵەتی عوسمانی گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەك لە ڕۆژی (**13** ی تەمموزی **1841**ز)دا کە ڕێککەوتننامەی لەندەنی پێ دەگوترا تایبەت بە (دەربەندان) ئەو ڕێککەوتنە یاسایەکی بۆ (دەربەندان) داڕشت، کە کاری پێ دەکرا هاتە هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم ،ئەو ڕێککەوتننامەیە بریتی بوو لە سێ مادە [2]:

1. قەدەغەکردنی کەشتی جەنگی دەوڵەتانی بێگانە لە چوونە ناوی (دەربەندان) مادام دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی ئاشتی دایە لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەیە کە ئیمزایان کردووە، کە ڕێزی ئیرادەی سوڵتان بگرن و پابەند بن پێ یەوە.
2. سوڵتان بۆی هەیە مۆڵەت دەربکات بۆ تێپەڕینی کەشتی یە بچووکە جەنگییەکان کە بۆ خزمەتگوزاری باڵوێزخانە کونسولگەرییەکان دانراوون.
3. پێویستە لەسەر سوڵتان کە ئەو ڕێك کەتننامەیە بە هەموو ئەو دەوڵەتانە ڕابگەیەنێت کە پێوەندی دۆستانەی هەیە لەگەڵیاندا. هانیان بدات کە ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن.

لە ڕاستیدا ئەو ڕێککەوتنە لەگەل سیاسەتی سەرەکی دەوڵەتی عوسمانی یەکی دەگرتەوە، کە سیادەی تەواوی بەسەر (دەربەندان)دا هەبوو[3]، ئەو دەوڵەت جارێکی دیکە بڕوایەکی نێودەوڵەتی پێ بەخشرایەوە لە بڕیاردان لەسەر (دەربەندان)دا لە کردنەوە و داخستنیان لەبەردەم کەشتییە جەنگییە بێگانەکاندا، ڕووسیا وای دەزانی کە ئیمزا کردنی وەها ڕێککەوتننامەیەك سەرکەوتنی دبلۆماسیەتی بەریتانیا دەگەینێ، لەبەرئەوەی ڕێککەتننامەکە لە ناوەڕۆکدا دژی ڕووسیا بوو، کە بەشێوەیەکی خۆ بە خۆ

1 - - بازیلی : ل 310.
2 - الشناوی : بەرگی یەکەم، ل 222– 223.
3 - الشناوی : بەرگی یەکەم، ل 223 – 224 . بەراوردی کە لەگەڵ سنو : سەرچاوەی پێشوو، ل 51.

ئــەو دەســتکەوتانەی بەدەســتی هێنــا بــوو لــە ڕێککــەتنی خونکــار ئەسکلەســی هەڵدەوەشێنەوە و بەربەستێکیشە لەبەردەم تەماعەکاریەکانی بـۆ وڵاتـی عوسمـانی. لـەو لاشەوە ڕووسیا هەستی بە ڕووناکی ئەوە دەکرد کـە بـەریتانیا ناتوانێـت ڕێگا ئاوییـەکان بەکاربهێنێت لە کاتی شەڕدا.[1]

## دووبـارە ڕێکخستنەوەی وڵاتـی شام

## دۆسیەی لوبنان

لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر کوشت و کوشتار ڕوویـداوە لـە نێـوان موسـڵمان و مەسیحییەکانی ژێر دەستەڵاتی، ئەو دیاردەیەش لە سەدەی نـۆزدەدا زۆر پـەرەی سـەند ئەوەش لەکاتێکدا کە دەوڵەتی عوسمانی لە بێ هێزی دابوو. ئەو کێشەیە زیاتر لە (چیای لوبنان) دەرکەوت کە بێگانەکان هەوڵی دووبەرەکی یان دەدا بە مەبەسـتی خۆتێگەیانـدن لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و پەرت کردن و ماندووکردن و بێ هێـز کردنـی لـە ڕووی سەربازیی و سیاسی و داراییەوە، لە ژێر پـەردەی یارمـەتی دانـی بـۆ کوژاندنـەوەی ئاژاوەکان و یارمەتی دانی بەرەو چاکسازیی لوبنان دابەش ببـوو لـە نێـوان موسـڵمانەکان کە لە بەیروت نیشتەجێ بوون[2]. دروزەکان لە ئیمارەتی شـوف بـوون، شـیعەکانیش لـە (چیای عامل) نیشتەجێ بوون مارۆنییەکانیش لە بەیروت و هەندێ شـاری کـەنار دەریـا و گوندەکانی (چیای دەریا) نیشتەجێ بوون چەند جارێك ناخۆشی و شەڕ لە نێوان مـارۆنی و دروزەکان ڕوویداوە بەهۆی چەند هۆکـارێکی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری کـەلتوری کـە بـوو بەهۆی بێ هێز بوونی دروزەکان لـە بـواری سیاسـی و ئابووریـدا و، دیـار و بەدەرکـەوتنی مارۆنییـەکان، ئـەو دووبەرەکیـیـە درێـژەی کێـشا کـە هەنـدێك لـە دەرەبەگـەکانی دروز هەوڵیاندا ئەو هێزەی جارانیان بەدەست بهێننـەوە لەسـەر حیـسابی هێـزە مارۆنییـەکان. ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەش مارۆنییەکان هەوڵی خۆ فراوانکردنیان دەدا بـەرەو باشـور لەسەر حیسابی گوندە دروزی یەکان، کە کێشەکە هەتا دەهـات ئـاڵۆز دەبـوو هەنـدێکیش

1 - صفوت : سەرچاوەی پێشوو، ل 21 . سنو : سەرچاوەی پێشوو.

2 - الشناوی : بەرگی سێهەم، ل 1488– 1489.





لە میرەکانی بنەماڵەی (شەهابە) لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە بوونە مەسـیحی ئـەوەش ترسـی لای موسڵمانەکان دروست کرد گە مارۆنییەکان بەهێز بن[1].

ئەمەش هاتە ئاراوە لە ئەنجامی کێشانەوەی هێزەکانی میسر لە وڵاتی شـام و (چـیای لوبنـان) کـە جـارێکی دی دوژمنایـەتی ئـایینی لـە نێـوان دروز و مارۆنییـەکان سـەری هەڵدایەوە[2]. کێشەکە ئاڵۆزتر بوو کاتێـك دەوڵـەتانی ئـەوروپی پـشتگیری ئـەم و ئـەویان کرد. فەڕەنسا پشتیولنی سـەرەکی مارۆنییـەکان بـوو. ڕووسـیاش پـشتگیری فەڕەنـسای دەکرد بۆ ئەوەی بیانووی لە دەست دابێت کە لە بولگاریا خۆ تێبگەیـەنێت، بـەریتانیاش پـشتگیری لـە دروزەکـان دەکـرد[3]. لـە ڕاسـتیدا بابـەتی کوشـت و کوشـتاری ئـایینی لـە لوینانداا لە بابەتە ئاڵۆز و حەساسەکانە، مێژوونووسـەکان دەربـارەی بوونەتـە دوو بـەش، کە هـەردووکیان هەسـتی ئـایینی بـە هۆکـار دەزانـن و هـەوادارانی ئایینـەکان بـە تاوانبـار دەزانن، هەروەها زیادەڕۆیش لە باسکردنی ڕووداوەکاندا کراوە.[4] ئەوەی کـە دۆخەکـەی تەقانـدەوە، خۆتێگەیانـدنی وڵاتـانی ئـەوروپی بـوو لـە سـاڵی (**1841**ز)دا لـە کاروبـاری نـاوخۆی دەوڵـەتی عوسمـانی و لوبنانیـدا کـە شـەڕی تایەفەگـەری هەڵگیرسـا، کـە ئـەو دەوڵەتانە بەشـەڕی ئایینیـان لەقەڵـەم دەدا،بـەڵام دوژمنایەتیـە ئایینییەکە کە هۆکـاری سـەرەکیان نـەبوو لـە نێـوان دروز و مارۆنییـەکان و موسـڵمان و مەسـیحییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو شوێنەواری سیاسەتی ئەورپابوو.

کە ئەو دەر ئەنجامەی هەبوو[5]، بەڵام ڕاستی یەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە دەبـێ سەرنجی بدرێت لە کاتی بـاس کردنـی مێـژووی ئـەوروپادا. ئـەویش ئەوەیـە کـە دەوڵـەتی عوسمانی زۆر کەمتەرخەم بوو لە بەرانبەر ئەو ئاژاوانەدا و هەوڵی نەدەدا کە ڕیشەکێشیان بکـات[6]. (بـابی عـالی) لـەو قۆناغـەی کێـشەکە هەوڵیـدا کـە فـەرمان ڕەوایـی عوسمـانی ڕاستەوخۆ بسەپێنێت بەسەر (چیای لوبنان)دا دوای دوورخستنەوەی میر بەشیری دووەم

1 - هەمان سەرچاوە.

2 - لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەربەرەکانی تائیفی لایـەنگری بروزەکـان بـوو، لـە ئـەمیر بەشـیری دووەم و دامرکاندنـەوەی شۆڕشە مەسیحییەکان کە بەرپایان کردبوو دژی بوونی میسڕ لە (جبل)دا ئەمەش بە هاندانی فەڕەنسا.

3 - سەیری ئەو بابەتە بکە کە پێوەندی بە تێکهەڵچوونەکانەوە هەیە، دەوری وڵاتانی ئەوروپی تێیدا. بـازیلی : ل 364 – 367.

4 الشناوی : بەرگی سێهەم، ل 1487.

5 - بازیلی : ل 367.

6 - الشناوی : بەرگی سێهەم ، ل 1488.

لە دوای بەجێ هێشتنی لوبنان لەلایەن هاوپەیمانە میسرییەکانەوە، بێجگە لەوەش کەسێکی لێهاتوو نەبوو بۆ جێ گرتنەوەی[1].

مارۆنییەکان دژی ئەو ڕەوشە بوون کە ئەمارەتی مەسیحی یەکانی هەڵدەوەشاندەوە ئەمەش بە پاڵپشتی فەڕەنسا کە ئامادە نەبوو لە سیاسەتی عوسمانییەکان بەرانبەر مارۆنییەکان چاوپۆشی بکات، بەتایبەتی لەلایەنی باج وەرگرتندا لەگەڵ سۆز نواندنی لە دروزەکاندا کە ئەمانە ترسان تووشی کێشەی تایفی ببن لەگەڵ مارۆنییەکان، بەریتانیاش ئامادە بوو یارمەتییان بدات بە چەك پێدان بە مەبەستی بەربەرەکانی سیاسەتی فەڕەنسا[2]، بەڵام کاتێ نەی توانی فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی هەبێت لە ئەنجامی فشاری مارۆنییەکان و هەڕەشەکردنیان بە هەڵگیرسانی شۆڕش. سوڵتان بە یارمەتی باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ فەرمانێکی دەرکرد بە دانانی قاسم ملحم شەهابی کە ناسرابوو بە بەشیری سێیەم بە فەرمانڕەوای (چیای عامل)، ئەمەش لە (3ی ئەیلولی 1841ز)[3]. میر بەشیری سێیەم کەسایەتی یەکی لاوازی هەبوو. پەیڕەوی سیاسەتی دوو لایەنەی دەکرد لە نێوان دروز و مارۆنییەکاندا، ئەمەش وای کرد کە دروزەکان هەوڵی لابردنی بدەن، دوای پشتی تێکردن و، هەڕەشەی لێ دەکردن لە دەستە و دەرەبەگایەتییەکەیان بێ بەشیان دەکات[4] دەوڵەتە ئەورووپی یەکان هەوڵی خۆیان خستبووە گەڕ بۆ ئاژاوە نانەوەی تایفی بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانیان بەخۆشکردنی ئاگری ئاژاوەیی تایفەگەری ئەوەش لە ژێر پەردەی بەرژەوەندی و پارێزگاری لە (چیای سەروو)،[5] لە ئەنجامی ئەو پیلانە گلاوانەی وڵاتانی ئەورووپی و سیاسەتە چەواشەکاریەکەی بەشیری سێیەم. ئاژاوە و ئاڵۆزی باڵی بەسەر (چیای

[1] - تشرشل، شارلس : دروزەکان و مارۆنییەکان لە ژێر دەستەڵاتی تورکی دا، ل 24. ترحینی، محمد أحمد : بنچینە مێژووی یەکانی ڕژێمی لوبنان ئتایفی، ل 11.

[2] - نسکایا، سمیلیا : بزوتنەوە جوتیاری یەکان لە لوبنان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، ل 107 – 115.

[3] - الحتونی، الخوری منصور : کورتەیەکی مێژووی دەربارەی کەرتی الکسروانیە، ل 237.

[4] - بازیلی : ل 371، تشرشل : ل 25.

[5] - کۆلۆنێل روز نوێنەری بەریتانیا لە بەیروت سێ ئامانجی هەبوو :

یەکەم : لە نێوبردنی دەستەڵاتی فەڕەنسا لە ناوچەی عەرەبی .

دووەم دانانی والی یە عوسمانییەکان لە ژێر چاودێری ئەودا.

سێهەم : هەڵبژاردنییەکێك لە تایەفەکان لوبنان بنچینەی پروپاگەندە بۆ بەریتانیا کە هۆکارێکی باش بێت بۆ خۆتێگەیاندن لە وڵاتدا لەکاتی گونجاودا، بەڵام بازیلی کونسوڵی ڕووسیا لە بەیروت پێوەندی خۆی السوذوکسەکان باش کرد . سەیری : اسماعیل و خوری بکە، بەرگی سێهەم، ل 9 – 15. بازیلی، هەمان سەرچاوە، ل 228 – 229.





لوبنان)دا کێشا، کە بوو بەهۆی شەڕ و پێکدادان لە نێوان دروز و مارۆنییەکاندا لە ڕۆژی (13ی تشرینی یەکەم) دروزەکان خۆیان گەیاندە ناو (دیر قەمەر) کە پایتەختی میرنشینەکەبوو چەندان تاوانی گەورەیان ئەنجام دا[1].

دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر ئەو فشارانەدا ناچار بوو کە خۆی لە کێشەکە بگەیەنێت و هەستا بە لەسەر کار لابردنی بەشیری سێیەم لە ڕۆژی (13 ی کانوونی دووەمی 1842ز)دا عومەر پاشای نمساوی کە پاشایەکی عوسمانی بوو لە جێی ئەو دابنێ[2]. ئەو والییە تازە هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی هەمو ئەو ئیمتیازاتانەی درابوو بە دانیشتوان بەپێی پەیمانەکانی پێشوو، سیاسەتێکی دوو لایەنی پەیڕەو کرد بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا هەوڵیدا کە مارۆنییەکان دژی دروزەکان هانبدات. هەڵنانی هەردوولا دژی یەکدی[3]. دەوڵەتانی ئەورووپی بەمە ڕازی نەبوون و ڕابەرە ئایینییەکانی مارۆنیشس ئەمەیان ڕەت کردەوە[4]، داوا لە سوڵتان کرا کە حوکمی زاتی بەسەر ناوچەکە بسەپێنێت وەکو چارەسەرێك بۆ کۆتایی شەڕی ناوخۆ، سیاسەتی عومەر پاشاش سەرکەوتوو نەبوو لە گێڕانەوەی ولایەتی چیای بۆ عوسمانییەکان. ئەمە پاڵی نا بە (بابی عالی) کە ڕۆژی (1ی کانوونی یەکەمی 1842ز) فەرمانێك دەربکات بە دانانی دوو فەرمانڕەوا لەسەر چیای لوبنان کە یەکێکیان مارۆنی بێت و ئەوی دیکەیان دروزی بێت[5]، کە ئەمە چارەسەرێکی مام ناوەندی بوو بۆ کێشەکە لە نێوان بۆچوونی فەڕەنسا و ئەوانەی کە داوایان دەکرد بە گێڕانەوەی کارپێکردنی نیزامی میرنشینی. گێڕانەوەی میر شهابی بۆ دەستەڵات، کە نەمسا پشتگیری لەو هەڵوێستەدەکرد.

بۆچوونی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەبوو کە سوورە لەسەر ئەوەی لوبنان لە ژێر دەستەلاتی خۆی دابێت، دەستەڵاتی والی سیدا ئەو هەلەی قۆزتەوە لە ئەنجامی دژایەتی کردنی سیاسەتی فەڕەنسا لەلایەن بەریتانیاوە، کە ڕووسیاش ئەو هەڵوێستەی بەدڵ بوو، بۆ دەرچوون لەو کێشەیە مترنیخ ڕاوێژکاری نەمسا پێشنیازی دابەشکردنی لوبنانی کرد

[1] - تشرشل:ل 32 – 34. ابوشقراء،یوسف خطار:بزوتنەوەکانی لوبنان تا سەردەمی المتصرفية، ل8 بازیلی:ل371 – 374.

[2] - تشرشل : ل 42 . بازیلی : ل 375.

[3] - سەیری ئەو بابەتە بکە : کە پێوەندی بە سیاسەتی عومەر پادشای نەمساوی یەوە هەیە هەردوو سەرچاوەی پێشوو : ل 45 – 47، ل 380.

[4] - غرایبە، عبدالکریم : سوریا لە سەدەی نۆزدەدا، ل 99.

[5] - بازیلی : ل 387.

بۆ دوو ناوچەی ئیداری ناوچەی باکوور بدرێتـە دەسـتی جێنـشینێکی مـارۆنی و ناوچـەی باشوریش بدرێتە دەست جێنشینێکی دروزی بەو مەرجەی قـسەی کۆتـایی بـۆ والی سـیدا بێت لە کارە گرنگەکاندا، کـە فەڕەنـسا و بـەریتانیا ئـەم پێـشنیازەیان پـێ بـاش بـوو[1]. (بابی عالی)یش هیچ کاردانەوەیـەکی پیـشان نـەدا، بـەڵام یاسـای دوو جێنـشینی هـەر لـە جێـوە تێکـچوو، لەبـەر کێـشەی دانیـشتووان کـە لەهەنـدێك ناوچـە لـە هـەردوو تایەفـە پێکهـاتبوون. سـەرباری ئـەوەش دەولـەتانی ئـەورووپی دەسـتیان لـەخۆ تێگەیانـدنی ئـەو کێشەیە هەڵ نەدەگرت. بەکرێگیراوەکانیان دەوڵەتی عوسمانی یان بەوە تاوانبـار دەکـرد کە لایەنگیری لەلایەك دەکـات دژی لایەکـەی دی، هـەروەها هەڵـسوورانی تـەواوی نـەداوە بەجێنـشینەکان، هـەروەها ئالیـەتی فەرمانڕەوایەکەشـیان ڕوون نییـە، لـە خۆسـەپاندن و کوژاندنەوەی فیتنە و شەڕە ناوخۆییەکان[2]، بۆیە شەڕ لـە سـاڵی (**1845**ز)دا دەسـتی پێکردەوە،[3] لە کاردانەوەی ئەم دۆخە ئـاڵۆزەدا (بـابی عـالی) وەزیـری دەرەوەی خـۆی شەکیب ئەرسەلانی نارد بۆ لوبنان بـۆ ئـەوەی جـارێکی دی یاسـای دوو جێنـشینی پـشت ڕاست بکاتەوە پشتگیری دەوڵەتی عوسمانی دووبـارە بکاتـەوە بـە باشـترین چارەسـەری بزانێـت. لـە ڕوانگـەی دەولـەتی عوسمانییـەوە بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێـشەی لوبنان[4]. لەگەڵ خۆشی نووسراوێکی هێنابوو بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە. لەگەڵ داننان بە هەموو ئەو ئیمتیازاتانـەی کـە بـە دانیـشتوان دراوە. قەرەبووکردنـەوەی زیانـەکانیان، ئومێدی خواست کە دەوڵەتانی ئەوروپی دەست هەڵگرن لە ئاژاوە نانەوە و خۆتێگەیانـدن تـا دۆخەکـە لـەباربێت تـا دەولـەتی عوسمـانی بتوانێـت کێـشەکە چارەسـەر بکـات. بـەم شێوەیە شەکیب ئەرسەلان لە ئایاری (**1846**ز)دا دەستورێکی تازەی بۆ چیای لوبنـان

[1] - فراوانی دەستەڵاتی جێنشینی دروزەکان لە ڕێگەی شامەوە بۆتە (أغـوار شـهر البيـدر) درێـژ دەبـۆوە تـا سـيدا (بيـت الدين) بنکەی سەرەکی بـوو کـە مـیر ئەحمـەد ئەرسـەلان جێنـشین بـوو. لەکاتێکدا جێنـشینی مارۆنییـەکان لـە سـنوری تەرابلوسەوە بۆ ڕێگای شام درێژ دەبۆوە دوای (بلاد جبيل)یشی پێوە لکێنرا لە (14 / ئـازاری 1843ز)دا ئـەمیر حیـدر أبی لمع کـرا بـە جێنـشین و ڕێگـاری بـەیروت – دیمەشـق خـەتی نێوانیـان بـوو . سـەیری تـشرشل بکـە : ل 49. عمـر، سەرچاوەی پێشوو، ل 365.

[2] - عمر : ل 365.

[3] - بازيلی : ل 395 – 399.

[4] - سـەیری ئـەو بابەتـە بکـە : کـە پێوەنـدی بـە تـەرتیباتی شـکیب أرسـلانەوە هەیـە، هـەمان سەرچـاوە، ل **405** – **413**. De Testa , op . cit , II .pp. 200 – 207. Ismahil, Adel: History du Libam .IV, pp. 280 – 281.
عمر : سەرچاوەی پێشوو، ل **367** – **368**.





ڕاگەیاند کە پاڵپشت بۆ ئـەو بڕیارەی لـە سـاڵی (**1842**ز)دا بڕیـاری لەسـەر درابـوو بـۆ دابەشکردنی لوبنان بۆ دوو بەش و هەردووکیشیان ڕێنمای یـەکانی والـی سـیدا جێبـەجێ بکەن. میر حەیدەر وەکو جاران جێنـشینی مارۆنییـەکان بـوو، براکـەی مـیر ئەحمەدیشی کـردە جێنـشینی دروزییـەکان و سـەلاحیەتی کەمکردنـەوە، ئەنجومـەنێکی بـۆ هـەر جێنـشینێك پێکهێنـا[1]، کـە جێنـشین سـەرۆکایەتی دەکـرد. کـاری ئـەو ئەنجومەنـەش یارمەتیدانی جێنشین بوو لە کارەکانیدا، بـەڵام سیاسـەتی شـەکیب ئەرسـەلان دەربـارەی ئەو گوندانەی کە تێکەڵبوو لە هەردوولا لەسەر ئەم بنچینانە بوو :

1. لایەنە یاساییەکان کە پێ ی دەوترا لایەنە حقوقیەکان.
2. لایەنە ئیدارییەکان کە ناوی بواری سیاسی یە.
3. لایەنی پۆلیس کە پێوەندی بە ڕێك و پێکی یەوە هەبوو[2].

یەکـەمیان پێوەنـدی بـە چـۆنیەتی چارەسـەرکردنی ئـەو کێـشانەوە هـەبوو ، کـە سەریان هەڵدەدا جا ئەو کێشانە لـە نێـوان یـەك تایەفـەدابن یـان لـە نێـوان دوو تایەفـەی جیاواز. ناکۆکی سەرەکی لەسەر مافی شێخەکانی دروزی بوو لای دانیـشتوانی مەسـیحی. ماددەیەکی سەرەکی لای شەکیب ئەرسەلان وەرگرتنەوەی مـاف شـێخەکانی دروز بـوو لـە بواری کشتوکاڵ[3]. مـاددەی دووەم پێوەنـدی دیـاریکردنی چۆنیەتی جێبـەجێ کردنـی فەرمانـەکانی حکومـەت بـوو و کۆکردنـەوەی باجـەکانی، بـەڵام ئـەوەی پێوەنـدی بـە پۆلیسەوە هەبوو لە دەستی جێنشین دا بوو. بەم جۆرە (بابی عالی) ڕایگەیانـد کـە سـوپا دەنێرێت بۆ لوبنان بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە هێمنایەتی وڵات و، جێبەجێ کردنـی یاسای ئیداری تازە، لەهەمان کاتدا دەستی کرد بە کۆکردنەوەی چەك لـە دانیـشتوان[4]. گرنگترین کاری شەکیب دەست بەسەر داگرتنی یاسای دەرەبەگایەتی بوو. دەسـتی کـرد بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەرەبەگایەتی و سەلاحیەتی دایە جێنشینەکان. یاسـای دوو جێنشینی ڕێ و شوێنەکانی شەکیب ئەرسەلان بۆ ماوەیەك بە ڕێکـی دەڕۆیـشت، کـە بـوو بەهۆی کەم کردنەوەی دەستەڵاتی دەرەبەگەکان و سەرۆك هۆزەکـان و (بـابی عـالی)یـش

[1] - لە تایبـەت مەنـدی ئەنجومـەن تێبینـی کردنـی فەرمانـەکانی پێـشوو بـوو کـە فـەرمانڕەواکان دەریـان کردبـوو لەسـەر کۆکردنەوەی باج.

[2] - الشناوي : بەرگی سێهەم، ل 1492 – 1493.

[3] - بازيلی : ل 409.

[4] - هەمان سەرچاوە . عمر : ل 368.

ڕۆلێکی باشی گێڕا، بەڵام هەندێ ڕووداوی ناوخۆ و دەرەکی ڕوویاندا وەکو جەنگی (قرم) کە دەوڵەت ئاگای لە ولایەتەکان نەما. نەیتوانی پەیگیری ئەو چاکسازییە بێت کە دەستی پێکرد لە ولایەتەکان. سەرلەنوێ شەڕ و کوشتار دەستی پێکردەوە.[1]

## گەڕانەوەی نا ئارامی بۆ وڵاتی شام

### کێشەی لوبنان

یاسای دوو جێنشینی یارمەتی دەر بوو کە دروز و مارۆنییەکان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بن. دەوڵەتی عوسمانیش حەزی نەدەکرد کە ساردی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا. بۆیە داوای لە والییەکانی دەکرد کە هەمیشە لەگەل کونسولگەرییەکان باش ڕەفتار بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەو خۆش ڕەفتارییەی عوسمانییەکان. چەند ڕووداوێك لە ساڵی (**1860**ز)دا لە شام ڕوویدا، کە هەلێکی باش بوو بۆ دەوڵەتانی بێگانە کە خۆ لەو ڕووداوانە بگەیەنن لە بواری سەربازی و سیاسی. لە بیرمان نەچێت کە دەوڵەتانی ئەوروپی و کونسولگەریەکان دەستێکی باڵایان هەبوو لە خۆشکردنی ئاگری ناخۆشی لە نێوان دروز و مارۆنییەکان. بەتایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا[2] ،چاکسازییەکانی عوسمانی هەوڵێکی بێ هودە بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمایەتیەکان و پێشگیری لەخۆ تێگەیاندنی وڵاتانی بێگانە[3] ، هەرچەند هەندێ دەستکەوتی لەو بوارە بە دەست هێنا کە ئەمانە بوون:

1. هێڵی – شریف کلخانە دەرچووی ساڵی (**1839**ز).
2. یاسای شەکیب ئەرسەلان دەرچووی ساڵی (**1845**ز).
3. هێڵی همایونی دەرچووی ساڵی (**1856**ز).

---

[1] - الشناوی : بەرگی سێهەم، ل 1495.
[2] - سەیری ئەو بەشە بکە کە پێوەندی بە تایەفەگەری سیاسییەوە هەیە لە یاسای دوو جێنشینیدا . خۆتێگەیاندنی فەڕەنسا و بەڕیتانیا لە ناوچەی (جبل لوبنان) ئەوەی لێکەوتەوە : ضاهر، مسعود : ڕیشە مێژووی یەکانی کێشە تایەفی یەکان، ل 421 – 436 یان ئەوەی پێوەندی بە گۆڕانکاری یە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە لە ژێر سێبەری یاسای گشتی دا ساڵی (1845ز) کە بوو بەهۆی ڕوودانی کارەساتی (1860ز)، سەیری ترحینی بکە : ل 109 – 124.
[3] - أسماعیل و خوری : سیاسەتی دەوڵەت، هەمان سەرچاوە، بەرگی سێهەم، ل 258.





ئەم چاکسازییانە بەشێوەیەکی کارا یاسای دەرەبەگایەتی سیاسی و ئیداری هەڵوەشاندەوە، جوتیارەکانی هاندا کە چەند گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بکەن خۆیان هاوبەشی ژیانی سیاسی بن.

ئەمەش هاوبەشی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی بە دوادا دەهات[1]، کە ئەوانە هەستان بە دروستی نائارامی بەسەرۆکایەتی طائیوس شاهین بە پاڵپشتی پیاوانی ئایینی و بەکرێگیراوانی فەڕەنسا و پاپاکان[4]. هەستان بە ڕاگەیاندنی کۆماری جوتیاران لە (**1858**ز)دا [2]،کە فەڕەنسا پێشوازی لە ڕاگەیاندنی ئەو کۆمارە کرد و وای بۆ دەچوو کە ئەمە پاڵپشتێکی باشە بۆ بەهێزکردنی دەستەڵاتی خۆی لە لوبناندا. هەستا بە جوڵاندنی هەست و سۆزی تایەفە ئیسلامییەکانی دیکە بەتایبەت دروزەکان. ئەم بەربەرەکانییە لە هەردوو جێنشینی مارۆنی و دروزی سەری هەڵدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە زیادی دەکرد بە هۆی ئەوەی کە جونیارەکان مارۆن بوون و دەرەبەگەکانیش دروز بوون، هەروەها لە جێنشینی دروزەکان بەربەرەکانی حزبیش دەستی پێکرد[3]. دروزەکان لەسەرەتایی سەدەی نۆزدەدا هەستیان دەکرد کە لەبواری سیاسی و ئابووریدا بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە و ژمارەی دانیشتوانیان بەرەو کەمی دەڕوات. لە بەرانبەردا ژمارەی تاکەکانی مارۆنی زیادی دەکرد[4]. فەڕەنسا گەشەی دەدا بە باری ئابووری مارۆنییەکان و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی کلتوری باشی دروست کردبوو. بەربەرەکانییە تایەفییەکان کە لە ڕووداوەکانی ساڵانی (**1841 – 1845**ز)دا چڕبۆوە. ئەم ناوچەیە هەتا ئێستاش هەر ئاوایە و دروز و مارۆنییەکان باوەڕیان بەیەکتر نییە. لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە پڕ بوو لە ناهەمواری لەو دوو جێنشینەدا ئاگری فیتنەش بڵێسەی سەند. باری ناوخۆ لە ڕۆژی (**27**ی ئایاری **1860**ز)دا تەقیەوە لە نێوان دروز و مارۆنییەکاندا.

---

[1] - Chevallier, D: Aux Origines de troubles agroires, Liban ais en 1858: pp. 202 – 205.
[4] ئامانجی ئەوان دامەزراندنی حکومەتی ئیکلیریکی بوو بە سەرۆکایەوتی بەتریکی مارۆنییەکان دوایش ئاژاوەنانەوە بۆ حکومە ت و وا نیشان بدەن کە دەوڵەت توانانی کۆنتڕۆلی بارەکەی نییە و ناتوانێت تەوازون ڕابگرێت.
[2] - شۆڕشی جوتیارەکان لە ئەساسدا دژی قائمقامیەتی سوڵتان بەشیر ئەحمەد بەرپا کرابوو، دوایی گۆڕا بۆ یاخیبوون دژی خازن.
[3] - سەرۆکایەتی حیزبی جنبلاطی بە ئەستۆی سەعید جنبلاطەوە بوو، کە کنسولگەری بەڕیتانیا پشتیوانی لێ دەکرد . لەهەمان کاتدا حیزبی یزبکی بە سەرۆکایەتی ال نکت کە کنسۆگەری فەڕەنسا و عوسمانی پشتیوانیان کرد . سەیری ترحینی بکە : سەرچاوەی پێشوو، ل 145 – 146.
[4] - الشدیاق، گنوس : أخبار الاعیان، بەرگی دووەم، ل **245**. Cgevallier, D: La societe du Mont Liban a L E poque dela Revolution Industr ielle en Europe : p . 61.

شـەڕ و كوشـتار پـەرەی سـەند هـەتا گەیـشتە شـەڕی موسـڵمان و مەسـیحییەكان، مەسیحییەكانی ڕاكێشا بەرەو لازقیە و دیمەشق، كە خـەم ساردی دەوڵـەتی عوسمـانیش هۆكارێك بوو كە نەیتوانی ئەو فتنە سەركوت بكات پێش ئەوەی پەرە بستێنێت.

سەرباری ئەوەش هێنانی چەك بۆ لوبنـان لەلایـەن دەوڵـەتانی ئـەوروپاوە[1]، ئـەو ڕووداوانە ناڕەزاییەكی لە ئەورووپا دروست كرد، كە هەواڵنێری ڕۆژنامەكان بە زیادەوە ئەو هەواڵانەیان بڵاو دەكردەوە. وایان پیشانی ڕای گشتی دەدا كە مارۆنییەكان قوربانی ئـەو دەمارگیرییە ئایینییەن كە لەلایەن هاولاتیـانی دەوڵـەتی عوسمانییـەوە ئـەنجام دەدرێـت. فەڕەنسا ئەو ڕووداوانەی بەهەلزانی بۆ ئەوەی خۆی بسەپێنێت بەسەر لوبناندا بەبیانووی كوژاندنەوەی فیتنە و ڕزگاركردنی مارۆنییەكان بەلام هێنان و ناردنی سەرباز بۆ ئەو ولاتە لەگەڵ ڕێككەوتنی پاریسی (**1856**ز) یەكی نەدەگرتەوە كـە تێیـدا قەدەغـە كرابـوو كـە دەوڵەتـە ئەورووپیـەكان لـە كاروبـاری نـاوخۆی دەوڵـەتی عوسمـانی خـۆ تێبگەیـەنن. مەسەلەی لوبنانیش مەسەلەیەكی ناوخۆ بوو. بەریتانیا ناڕەزایی دەربڕی دژی ئەو كارەی فەڕەنـسا پـێ ی وابـوو دەبێـت مـاوە بدرێتـە دەوڵـەتی عوسمـانی بـۆ چارەسـەركردنی كێشەكان وەكو سووربوون لەسەر ئەوەی نەهێڵێت كە فەڕەنسا ئـەو هەلـە بقۆزێتـەوە بـۆ جێبەجێ كردنی ئامانجە ئیقلیمی و بازرگانییەكانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

دوای ئـەوەش سیاسـەتمەدارانی بـەریتانیا هەسـتیان بـەوە كردبـوو كـە سـەركەوتنی فەڕەنـسا لـەو كارەیـدا. دوایـش تـەماع دەكاتـە ولاتـی شـامیش كـە ئەمـەش هاوسـەنگی نێودەوڵەتی تێك دەدات لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتدا لە لایەكی دیكەوە فوئاد پاشا وەزیری دەرەوەی عوسمانی وای بە باش زانی كە سوپای عوسمانی لە ولاتـی شام بەهێز بكرێت[2]، بۆ كوژاندنەوەی ئاژاوەكان پێش ئەوەی ولاتانی ئەورووپی بیر لە خۆ تێوەردانی سەربازی بكەنەوە. بۆیە بەخۆی و بەهێزی سەربازیەوە لە (**14** ی تەمموز)دا گەیشتە بەیروت و دوایش بەرەو دیمەشق ڕۆیشت. هەسـتا بـە پێكهێنـانی ئەنجومـەنێكی سەربازی و دەستی بە دادگای كردنی سەرانی ئاژاوەگێڕ كرد، هەندێكیانی لە سـێدارەدا و

[1] - عەلی، محمد كرد : نەخشەكانی شام، بەرگی سێهەم، ل 82 – 83. الشناوی : بـەرگی سـێهەم، ل 1500. سـەیری ئەو بابەتە بكە كە پێوەندی بەو كوشتارانەوە هەیە لە لوبنان و دیمەشق ڕوویان دا : تشرشل، ل 75 – 111 كە بەدرێژی لەلایەن شاهد حاڵەكانەوە باسكراوە.

[2] - سەیری كاردانەوەی ولاتانی ئەوروپی بكە: الشناوی، بەرگی سێهەم، ل 1503 – 1504. ترحینی:ل150 – 161، 163 – 165.





كـە لـە ڕووداوەكانـدا دەسـتیان هـەبوو، هـەروەها والـی دیمەشقیـشی لـە سـێدارەدا و فەرمانبـەرەكانی دیكـەی عوسمـانی سـزا دا. هەنـدێك هاولاتیـشی نـەفی كـرد[1]، بـەلام لـە لوبنان هەمان شێوازی نەگرتە بەر بەهۆی باری تایبەت و ناوخۆی لوبنان.

چونكە دروز و مارۆنەكان لە لوبنان بەر پرسیار بـوون كـە نـەتوانرا كـەس مەسـئولیەتی تاكە كەسی بگرێتە ئەستۆ، بۆیە سزادانی ئەوانـە دواخـرا بـۆ لیژنەیـەكی نێودەوڵـەتی[2]، بـەلام وادیـار بـوو كـە دەوڵـەتانی ئـەورووپی یمزایـان لەسـەر ڕێككـەوتنی پـاریس كردبـوو سـەرباری ئـەوەش بڕیاریـان دا بـوو كـە یەشـێوەی سـەربازی خـۆ تێبگەیـەنن بـۆ ئـەو مەبەستەش لە (**5**ی ئابی **1860**ز) پرۆتۆكۆلیان ئیمزا كرد بـوو كـە تێیـدا قـەوارەی ئـەو خۆ تێگەیاندنەیان دیاری كردبوو.[3]

لە ئەنجامی ئەوەش فەڕنسا نزیكەی شەش هەزار سەربازی لە (**16** ی ئاب) لە لوبنان دابەزاند. بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ بەفۆر دوتبۆل لە چەند شوێنێكی چیای لوبنـان جـێگیر بوون. دەستی یان كرد بە گێڕانـەوەی مارۆنییـەكان بـۆ گوندەكانی خۆیـان و پارێزگـاری كردنیان[4] سولتان دەستەلاتی تەواوی بەخشی بـوو بـە فوئـاد پاشـا بـۆ چارەسـەركردنی كێشەكان لەلایـەكی دیكەشـەوە دەوڵـەتانی ئـەورووپی لیژنـەیان نـارد بـۆ لێكۆڵینـەوە. تـا لەگـەڵ وەزیـرە عوسمانییەكـە دابنیـشن دەربـارەی هۆیـەكانی ئـەو ڕووداوانـە بـیروڕا ئالوگۆڕبكەن. دەربارەی هۆی ڕووداوەكان و دیاری كردنـی بەرپرسـیارێتی و خەمڵانـدنی زیانەكان و هەندێ كار بكرێت بۆ سوك كردنی ناهەمواری زیـان لێكـەوتووەكان و قـەرەبوو كردنەوەیان. پێشنیازی ئەوەش كرا كە هەنـدێ گۆڕانكـاری تـازە بكرێـت لـە (چـیای) بـۆ پێـشگیری دووبـارە بوونـەوەی ئالۆزییـەكان.[5] دوای مناقەشـەیەكی زۆر بڕیـار درا كـە یاسایەكی تازە دابنرێ بۆ چیای لوبنان كە لەئەستەنبوڵ ئیمزای لەسـەر بكرێـت، بـەپێ ی ئـەو یاسـایە تـازە كـە پـێ ی دەگـوترا (یاسـای بنـچینەیی) كـە لـە (**9** ی حـوزەیرانی **1861**ز) دەرچوو، كە (چـیای) بـوو بـە (سـنجەقێكی عوسمـانی) كـە سـەربەخۆییەكی ناوخۆی هەبێت هەر پێنج دەوڵەت ئەورووپییەكە پارێزگاری لێبكەن بە هاوكـاری دەوڵـەتی

[1] - ابوشقراء : بزوتنەوەكان، ل 135 . تشرشل : ل 125 – 130.

[2] - محمد فرید بك : ل 529 . زیادە، نقولا : ڕەهەندەكانی مێژووی لوبنانی نوێ : ل 106 – 107.

[3] - تشرشل : ل 118 – 119. رستم، أسد : لوبنان لە سەردەمی المنتضرفیە، ل 27 – 29.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 132 – 133. هەمان سەرچاوە : ل 29 – 31.

[5] - عمر : ل 377.

عوسمانی کە بەڕێوەبردنی بدرێتە دەست موتەسریفێکی مەسیحی کاتولوکی کە خەڵکی لوبنان نەبێت و هاونیشتمانی دەوڵەتی عوسمانی بێت. (بابی عالی) پێشنیاز دەکات پێنج دەوڵەتەکەش ڕەزامەندی خۆیان دەربڕن لەسەری کە دەبێ ئەنجومەنێکی ئیداری هەبێ لە (**12**) کەس پێك بێت و نوێنەری هەموو تایەفەکان بن، بەڵام زەوییەکانی (موتەسرفیە) تەنیا ناوچەکانی چیای لوبنان دەگرێتەوە، بێجگە لە لوبنان و بقاع و هەردوو ناوچەی سیدا[1] و ترابلس بەتێکڕای دەنگ داود ئەرمنی دانرا وە کو یەکەم متصرف بەڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی.[2]

بەم شێوەیە ئەو کێشەیە تەواو بوو بە ینەت پاکی و خۆش ڕەفتاری فوئاد پاشا هەرچەند هەندێ مافی خۆی واز لێهێنابوو، بەڵام بەو ڕەفتارە شیاوە و لێبوردەییە توانی ڕێبگرێت لە خۆتێوەردانی وڵاتانی ئەورپی. فەڕەنساش ناچار بوو هێزەکانی پاشەکشە پێبکات لە وڵاتی شامدا[3]، هەستان بەدەستکاری کردنی پرۆتۆکۆڵەکەی پاریس و زیادکردنی پێنج خاڵ کە تایبەت بوون بە دانانی موتەسەرف و ماوەی ولایەتەکەیان بەرپرسیاریەتی (بابی عالی) لە پاراستنی ئاسایش و دەستە بەرکردنی ئازادی یەکان و ڕێگادان بە پارێزگاری ڕێگای بەیروت _ دیمەشق لەلایەن عوسمانییەکان.[4]

## جەنگی قرم

سەرەتای مەسەلەی ڕۆژهەڵات لە کۆتایی سەدەی هەژدە دا شێوەیەکی تازەی بەخۆیەوە گرت[5]، کە بێ توانایی دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوت لە فراوانبوونی بەرەو ئەوروپا. ئەمەش هاوتا لەگەڵ بێ هێزبوونی هێزەکانی سوپای عوسمانی دا بوو لە بەرانبەر دەوڵەتانی ئەوروپادا بە تایبەت لە بەراورد لەگەڵ ڕووسیا و نەمسا.[6] ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك بوو :

**1**. بێ هێزبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دەوڵەتی عوسمانی.

[1] - سەیری درێژەی ئەوە بکە لە : رستم، سەرچاوەی پێشوو، ل 31 – 45.
[2] - خاطر، لحد : سەردەمی متصرفەکان، ل 12.
[3] - تشرشل : ل 133 – 134.
[4] - رستم : ل 44 – 45.
[5] - مەسئەلی ڕۆژهەڵات لەو بۆشایی یە دروست بوو کە دەوڵەتی عوسمانی دروستی کردبوو.
[6] - صفوت : هەمان سەرچاوە، ل 1.





**2**. دەرکەوتنی چەند نەتەوەیەکی مەسیحی لە نیوە دوورگەی بەلقاندا.

**3**. ئەم دوو خاڵەی سەرەوە پێکەوە کاریگەریان دانا لەسەر دەوڵەتە گەورەکان[1]، بەڵام شەڕی قرم کە لەساڵی (**1854**ز)دا دەستی پێکرد، لە مێژوودا بە گرنگترین قۆناغەکانی مەسەلەی ڕۆژهەڵات دادەنرێت[2]، پاڵی بە دەوڵەتانی نا بەرەو ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکان و هاوپەیمانییە سیاسیەکانی گۆڕی.

لەم شەڕەدا بەریتانیا و فەڕەنسا پشتی دەوڵەتی عوسمانییان گرت و بەرگری یان لێکرد خاکەکەیان پاراست لە دەستی ڕووسیا. ئەو شەڕە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و مێژووی ئەوروپا لە چەرخی نۆزدە جێگایەکی دیاری هەیە. دوایین شەڕی بەربڵاو بوو بەبێ پشت بەستن بە زانستی تازە. ئەو کەرەستە سەربازیانەی تێیدا بەکارهاتن کەرەسەی جەنگی سەردەمی ناپلیۆن بوون، هەروەها کەشتی دووکەڵی تێدا بەکارهات (کارەبا) گەیشتە ڤیەننا، بەڵام ئەستەنبوڵ و قرم هەر لێی بێ بەش بوون، بەڵام لۆجستی سوپا و بواری تەندروستی زۆر نزیك شێوەی چاخەکانی ناوەڕاست بوو.[3] لەوانەیە ئەو کەرەستانەی لەو شەڕەدا بەکارهاتن جێی سەرسوورمان بن، بەڵام ئامانج کارە دبلۆماسییەکانی سەیر و سەمەرەتر بوون، ئێمە دەبینی کە لایەنی ئایینی لە شەڕەکانی سەلیبیدا زاڵبوو بەسەر شەڕەکەدا، بەڵام سەرکەوتووی شەڕەکە دەستکەوتێکی وەهای نەبوو[4]. ئەو شەڕەش شەڕێکی سەخت بوو لە زۆر بواردا. نمونەی باشمان دەداتێ لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕەکاندا دەبینین هەڵسوکەوتی کەسەکان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، بەڵام پاڵنەرەکەی شتێکی بێ نرخ بووە.

## هۆیەکانی جەنگی قرم

### هۆکاری سیاسی

بۆچوونی مێژوونووسان دەربارەی هۆیەکانی شەڕی قرم جیاوازە هەندێك دەڵێن ناکۆکی نێوان ڕووسیا و فەڕەنسا بوو لەسەر شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین لە پێشەوەی

[1] - جرانت و تمبرلی : هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل 401.
[2] - سنو، عبدالرؤوف : پێوەندی ڕووسیا و عوسمانی، گۆڤاری مێژووی عەرەب و جیهان دوو ژمارەی 77 و 78. ئازار – نیسان ساڵی (1985ز)، ل 26.
[3] - جرانت و تمبربلی : بەرگی یەکەم، ل 417.
[4] - هەمان سەرچاوە.

هۆکارەکان بوو[1]. هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن کە هۆی سەرەکی شەڕەکە بەرژەوەندی بە ئابووری بازرگانی و سیاسی جۆراوجۆر بوو لە نێون دەوڵەتانی ئەوروپیدا، کە ئەوانە هۆی ناڕاستەوخۆبوون کەمتر نین لە هۆکارە سەرکی یەکان کە هۆکاری ئایینی بوو.

تێهەڵچوونەوەی ڕووسیا بە مەبەستی دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپادا نەبوو[2]. لە ڕاستیدا دیاری کردنی هۆی سەرەکی ئەو شەڕە لە کارە ئاسانەکان نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەربەرەکانی ئایینەکانن تێکەڵ بوو لەگەڵ بەرژەوەندی یە سیاسی و ئابووری یەکان و شەڕی قرمی لێکەوتەوە، بەڵام ئەوەی شەڕەکەی هەڵگیرساند پەشێویەکانی ناوچەی بەلقان بوو. دەستەلاتی عوسمانی گەیشتبووە نیوە دوورگەی بەلقان بێجگە لە یۆنان کە لەم دواییانە لە جەستەی دەوڵەت جیابۆوە. ناوچەی بەلقان چەند ڕەگەز و گەلێکی تێدا دەژیان لەگەڵ بوونی چەندین ئایینی جیاواز، بەڵام فەرمانڕەوایی عوسمانی لەو ناوچانە توندوتیژی بەکارنەدەهێنا دژی هاووڵاتیان، تەها لە هەندێ کاتی مەترسیدار نەبێت. فەرمانڕەوایی عوسمانی بریتی بوو لە چەند سەربازگەیەك کە هەندێ شوێنی دەپاراست و باجی کۆدەکردەوە، دانیشتوانی ئازاد کرد بوو لە ڕەوشی تایبەتی خۆیان دەڕۆیشتن، هەر کەسە و فکر و بۆچوونی هەبوو. هەموو ئازاد بوون لە بواری کۆمەڵایەتی و ئایینیدا، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە کە دەوڵەتی عوسمانی لاوازببوو، هێزی سەربازی سست ببوو، گەندەڵی هەموو دائیرەکانی گرتبۆوە سەرباری ئەوەش پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی دەوڵەتی عوسمانی نەگرتبۆوە وەکو ئەوروپا کە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی لە ئەنجامی ئەوە ئەو نەتەوانەی لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدابوون، هۆشیاری سیاسیان زیادی کردبوو هەستیان بە خۆیان دەکرد، یۆنانی یان کرد بوو بە نموونە کە چۆن توانی خۆی لە عوسمانییەکان جیابکاتەوە، ئاشکرایە کە پەیماننامەکانی پێشوو دانیان بەخود موختاری ئەو ناوچانە دانابوو، بەڵام دانیشتوانەکەیان داوای زیاتریان دەکرد. سڕبییەکان ڕازی نەبوون بەو خودموختاری یەی کە پێ یان درابوو بەڵام خەڵکی (چیای ڕەش) هەتا ئێستاش خۆیان بەسەربەخۆ دەزانی بە پشت بەستن بە شاخەکانی، بەڵام بولگار و

[1] - فیشر : سەرچاوەی پێشوو، ل 219.

[2] - کامل، مصطفی : ل **110** – **111**. Stabiranos: op. cit, pp. 319 – 322. Clayton. G. D. Britain and the Eastern Question, pp. 90 – 92.





ئەلبان و مقدۆنییەکان هەستیان بە جیابوونەوە نە دەکرد و هیچ کیانێکیان نەبوو. ناوچەکانیان هەمیشە نائارامییان تێدا بوو، ئەمەش لە ئەنجامی هەستی دانیشتوان بەرانبەر ئەو جیاوازیانەی کە هەیانبوو لەگەڵ عوسمانییەکان[1]. ئایین هۆکارێکی گرنگ بوو لەو هەڵچونانەی کە ڕوویان دەدا لە ناوچەکە لە کاتێکدا بەلقان موسڵمانێکی زۆری تێدا نیشتەجێ بوو، مەسیحییە ئەرسەدۆکسیەکان زۆربەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا کە قەیسەری ڕووسی سەرۆکی کەنیسەی ئەرسەدۆکسی بوو ئەوە وای کردبوو، کە ئایین لە بەلقان هەمیشە هۆکارێکی سیاسیی بێت کە نائارامی دیاردەیەکی هەمیشەیی وڵات بوو، هەموو کاتێ گومانی ئەوە دەکرا کە شۆڕش بڵێسە بکات و هاوسەنگی نێودەوڵەتی تێك بدات. بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپی بەوردی چاودێری دۆخەکەیان دەکرد. نقولای یەکەمی قەیسەری ڕووس بێ هێزی دەوڵەت بە هەل دەزانێ و نەتەوەکانی بەلقان هان دەدا کە داوای جیبابوونەوە بکەن بۆ جێبەجێ بوونی خەونی ل هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی. پەیامی نارد بۆ دانیشتوانی (چیای ڕەش)کە شۆڕش بەرپا بکەن، بەڵام (بابی عالی) نەخشەکانی کردە بڵقی سەر ئاو کە هەر زوو شۆڕشەکەی دامرکاندەوە[2]. ئەو ڕووداوە کاریگەری باشی هەبوو لە ئەوروپا بەتایبەتی نەمسا کە ئومێدەوار بوو کە ئارامی باڵ بەسەر ناوچەی بەلقاندا بکێشێت. بۆیە داوای لە (بابی عالی) کرد کە کێشەکان چارەسەر بکات ڕێگا نەدات ڕووسیا دەست لەکێشەکانی وەربدات[3]. نەمسا وڵاتێك بوو هەر بۆخۆی وەها کەوتبوو کە داخراوبوو لە ڕووی هەر هێرشکاریەك بەهۆی لێواری ڕووباری دانوبی خواروو و، سەرەڕای ئەوەش هۆی مانەوەی وەستانی بوو لەڕووی هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئێستا ترسی لە دەوڵەتی عوسمانی نەمابوو، بەڵام ترسی لە دەوڵەتێك کە جێی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەوە لە بەلقان[4]. نەمساش هەوڵی دەدا لە بەلقان دەستەڵاتی هەبێ. لە نیازی ڕووسیا دەترسا بەرانبەر بەلقان[5] بە تایبەت کە پەیمانی کۆشك کە لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی گرێ درابوو لە ساڵی (**1774**ز)دا دوو ماددەی تێدابوو جێگەی موناقەشە بوون دەقی یەکێك لە ماددەکان کە ماددەی

[1] - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 419.

[2] - کامل، مصطفی : ل 110 – 113.

[3] - هەمان سەرچاوە: ل 112 – 113.

[4] - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 409.

[5]- Miller: op. cit. p. 209.

چواردەیە کە ڕێگا بە ڕووسیا دەدات کە کەنیسەی مەسیحی لە غلَطە دامەزرێنێت و لەسەری بمێنێتەوە و پارێزگاری لێ بکات.

لە ماددەیەکی دیکەدا دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی داوە بە پارێزگاری کردنی کەنیسەکان و یانە مەسیحییەکان لە خاکی عوسمانیدا چالاکییان هەبێت[1]، باڵوێزی ڕووسیا بۆی هەیە لە جیاتی کێشەی گەڵتە قسە لەگەڵ عوسمانییەکان بکات. ئەو دوو ماددەیە ئەوە بۆ ڕووسیا دەسەلمێنن کە ئەو نوێنەری مەسیحییەکانە لە بەلقان و پارێزگاریان لێدەکات، بۆیە ڕووسیا وای نیشان دەدا کە هەموو کاتێك بۆی هەیە دەست لە کارەکان وەربدات، بەڵام (بابی عالی) سووربوو لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو داوایەی ڕووسیا[2]، بەڵام ڕووسیا بەسەرۆکایەتی قەیسەر نیقۆلا بوارە ئایینییەکەی کردبووە پەردەیەك بۆ ئامانجە سیاسییەکانی هەمیشە خەریکی ئاژاوە گێڕی بوو لە ولایەتەکانی عوسمانیدا وەکو لە چیای ڕەش پێی هەستا. هەمیشە چاوی کرابۆوە و چاودێربوو لەکوێ بۆی دەگونجێت ئاژاوەیەك بەرپابکات. بەمەبەستی دەستگرتنی بەسەر (گەرووە ئاوییەکان)دا و خۆ گەیاندنە پایتەخت و گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست.

قەیسەر هەندێك خۆی لە فەڕەنسا دەپاراست، بەڵام باوەڕی وابوو هەتا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی دژی عوسمانی سەرهەڵدەن لە بەرژەوەندی ئەودایە لەساڵی (**1853**ز)دا نیکۆلا قەیسەری ڕووسیا باوەڕی وابوو کە دەکرێ کۆتایی هێنانی کیشەی ڕۆژهەڵات پێشنیاز بکات بە شێوەیەکی ڕیشەیی، نیازی وابوو کە ولایەتەکانی عوسمانی دابەش بکرێن. لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا ئەو بۆچوونەی خۆی خستە بەردەم سیر هاملتون باڵوێزی بەریتانی، وەکو پڕۆژەیەك بۆ دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی کە بۆخۆی بەرەو داڕمان دەچێت، کە پیاوێکی زۆر نەخۆشە و هەناسەی کۆتایی دەدات. بۆیە وا خێر و ئاشتی یە بۆ جیهان لە ئێستاوە بۆچوونەکانمان بکەینە یەك لەسەر چۆنیەتی دەستگرتن بەسەر وڵاتی عوسمانیدا پێش ڕووداوەکە ، ڕێ و شوێنی گونجاو بگرینە بەر بۆ ڕێگرتن لەشەڕی ئەوروپا لە ئەنجامی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و تێکچوونی هاوسەنگی دەولی، هەروەها بۆ ئەوەی سەرنجی بەریتانیا ڕابکێشێت ڕوونی کردەوە کە ڕووسیا نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ پڕۆژەکانی کاترینی دووەم بە دامەزراندنی وڵاتی یۆنان و

---

[1] - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 420.

[2] - نوار و نعنعی : مێژووی هاوچەرخ، ئەوروپا لە شۆڕشی فەڕەنساوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، ل 232.





چەند کۆمارێکی بچووك لەسەر کەلاوەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوەشی ڕاگەیاند کە دەکرێت بەریتانیا و ڕووسیا کێشەکانیان چارەسەر بکەن پێش ڕوودانی شەڕ.

پێشنیازکردنی پڕۆژەیەك بۆ دابەشکردنی خاکی عوسمانی بەم شێوەیە:

1. سەربەخۆیی وڵاتانی بەلقان، ئەفلاق و بەغدان و سڕبیا و بلغریا لە ژێر چاودێری ڕووسیا.
2. ڕووسیا بەشێوەیەکی کاتی ئەستەنبوڵ داگیربکات بێ ئەوەی بیلکێنێت بەخۆیەوە.
3. هێزەکانی ڕووسیا لە بوسفۆر دامەزرێن و هێزەکانی نەمسا لە دەردەنیل دامەزرێن.
4. بەریتانیا میسر و قوبرس و وردوس داگیربکات و ئەگەر بیەوێت دەست بەسەر دوورگەی کریت دابگرێت[1].

ئەمە پڕۆژەی دابەش کردنەکە بوو کە قەیسەری ڕووس دایڕشتبوو لە نێوان بەریتانیا و ڕووسیادا، هیچ لەو حیسابەدا بۆ فەڕەنسا دانەنرابوو، بەڵام بەریتانیا ئەو پڕۆژەی بەبێ نرخ باس کرد، لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: بەریتانیا تا ئێستاش هەر ئەو سیاسەتە کۆنەی هەیە کە دەبێ پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکرێت و یەك پارچەیی خاکەکەی بپارێزرێت. حەزیشی لە گۆڕینی ئەو سیاسەتە نەبوو، کە ئەم پڕۆژەیەش لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیا نەدەهاتەوە بەرانبەر ڕووسیا، کەپێی خۆش نەبوو ڕووسیا دەستەڵاتی بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا هەبێت کە بەریتانیا بەرژەوەندی زۆری هەیە لەو دەریایەدا. سەرەڕای ئەوەش بەریتانیا بیری لەوە نەکردۆتەوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئەوروپاوە ڕووبدات کە ببێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگییەك یەکڕیزیی و ئاشتی.

دووەمیان : بەریتانیا گومانی هەبوو لە دبڵسۆزی قەیسەر لە پێشنیاز کردنی ئەو پڕۆژەیە. لەبەر ئەوەی دەیزانی کە پێشنیاری کردووە بۆ فەڕەنسا کە دەست بەسەر تونس دا بگرێت بۆ ئەوەی لە مەغریب خۆی بەهێز بکات، هەروەها دوورگەی کریت بگرێتە دەستی خۆی. بۆ چاودێری کردنی جوڵانەوەی بەریتانیا لە دوورگەی ماڵتا[2].

---

[1] - کامل، مصطفی : ل **114** . صفوت : ل **26** – **27**. Miller: op, cit. pp. 203 – 204. Teperely . H : England and the mear east , pp. 253 – 257.

[2] - محمد فرید بك : ل **493** – **494**. Miller : op. cit , p. 204 Creasy . E. S: History of the ottoman Turks . Ed khayat , pp. 534 – 536.

بۆیە وتوێژی قەیسەر و باڵوێزی بەریتانیا گومانی بەریتانیای زیاتر كرد دەربارەی نیەتەكانی ڕووسیا.

## هۆی ئایینی

دوای شەڕی ناپلیۆن ڕووسیا لە هەموو دەوڵەتەكان زیاتر مۆركی شەڕی خاچپەرستی بەخۆیەوە نابوو كە ئەوەش تەنیا لەناو گەلە مەسیحییەكانی بەلقان دا زۆر پێشوازی لێدەكرا، هەروەها گەلانی ئەوروپاش شەڕی خاچپەرستییان پێ خۆش بوو، بەڵام سەرانی ئەوروپا بیریان لێ نەدەكردەوە، بۆچوونی فەڕەنسا و بەریتانیا گۆڕا بوو بە شێوەی (مژدەدەری) و دەست بەسەر داگرتنی بازرگانی و سیاسی.

كە ئەمەش بۆی هەبوو دەستنەڵاتی ڕووسیا لەرزۆك بكات لە ناوچەكەدا[1]، كە لەسیەكانی سەدەی نۆزدەوە بەدەستی هێنابوو ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەموو پارەی بە دەستی هێنابوو بەهۆی زیادبوونی زیارەتگەرە ڕووسییەكان و پڕوپاگەندەكردن بۆ ڕووسیای گەورە، گواستنەوەی (بطريك بيت المقدس) ئەرسەدۆكسی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ قودس[2]، لە كاتێكدا مافێكی پارێزراوی فەڕەنسا بوو كە دەگەڕایەوە بۆ شەڕەكانی خاچ پەرستی كە پارێزگاری لە مەسیحییەكانی ڕۆژهەڵات دەكرد و بەرپرسی پاراستنی زیارەتگەران بۆ شوێنە پیرۆزەكان. دەوڵەتی عوسمانیش لە پەیمانی (**1740**ز)دا ئەو مافەی فەڕەنسای سەلماندبوو كە لە ماددەی (**33**)دا هاتووە مافی فەڕەنسایە كە پارێزگاری مەسیحییە كاتۆلیكەكان بێت لە شوێنە پیرۆزەكان[3]، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا. ڕووسیا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوروپا وەكو دەوڵەتێكی گەورە و خاوەن هێز و بەرەوگەشەسەندن دەركەوت و لەسەر شێوەی فەڕەنسا خۆی بە پارێزگاری مەسیحییە ئەرسەدۆكسی دەزانی. سەركەوتوویی فەڕەنسا و بەریتانیا لە بواری (مژدەدەری) لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا شوێنی بە ڕووسیا لێژ كردبوو، لە كاتێكدا خۆی بە گەورە ترین ئەرسەدۆكسی لە قەڵەم دەدا لە جیهان دا. بۆیە دەستی كرد بە خۆتێگەیاندن لە كاروباری دەوڵەتی عوسمانی بە بیانووی پارێزگاری كردنی هاودینەكانی لە ئەرسەدۆكسەكان. كاتێك لە پەیمانی كۆشك ڤینارچی هەندێك ئیمتیازاتی لەو بارەوە

1 - كامل، مصطفى : ل 111 – 112. نوار : گەلانی ئیسلامی، ل 190.

2 - صفوت : ل 29.

3- Miller : op. cit , p. 200.





دەست كەوت، ئەو دەست كەوتەی بەكاردەهێنا بۆ بەهێزكردنی دەستەڵاتی سیاسی خۆی. بۆیە داوای دەكردە كە لە شوێنە پیرۆزەكان دەستەڵاتی سەرەكی هەبێت، چونكە ئەو مەسیحییانەی لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدان[1] ،زۆربەیان ئەرسەدۆكس نەك كاتۆلیك، بەڵام لە كاتی ڕووداوەكانی شۆڕشی فەڕەنسا، كە ئەو وڵاتەی بە شەڕی ئەوروپاوە خەریك كرد. ئەو دەرەنجامانەی لێكەوتەوە و پشت گوێ خستنی بوارە ئایینییەكان لەلایەن فەڕەنساوەبوو. بۆیە دەستەڵاتی ڕاهیبەكانی ئەرسەدۆكسی لە قودس زیادی كرد ڕاهیبەكانی كاتۆلیك بەرەو دوا گەڕانەوە[2]، ڕووسیا وردە وردە توانی شوێنە پیرۆزەكان بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە و كەڵكی لە لاواز بوونی فەڕەنسا وەرگرت.

لە هاوینی ساڵی (**1847**ز)دا لە كەنیسەی (مەهد) لە (بيت لحم) ئەستێرەیەكی داپۆشراو بە نەخش و نیگاری زیوی ئەرسەدۆكسەكان دزرا، هەرچەند لێكۆڵینەوەكان نەگەیشتنە ئەنجامێكی گونجاو كۆتایی[3]. فەڕەنسا ئەم ڕووداوەی بەهەل زانی دەستی كرد بە بەربەرەكانی كردنی دەستەڵاتی ئەرسەدۆكسی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتدا. بە پشت بەستن بە پەیمانی (**1740**ز). داوای فراوان كردنی مافەكانی لاتینی كرد ، بەڵام ڕووسیا هەڕەشەی لە دەوڵەتی عوسمانی كرد و ئاگاداری كردەوە كە نابێ هیچ گۆڕانێك لە بارودۆخی ئێستادا ڕووبدات لە شوینە پیرۆزەكان دۆخەكە بەوشێوەیە مایەوە[4]، هەتا ساڵی (**1852**ز)، كە ناپلیۆنی سێیەم دەستی كرد بە گرنگی دان بە كاروباری ئایینی لەبەر چەند هۆیەكی سیاسی و ناوخۆیی[5]، بۆیە ئاگاداركردنەوەیەكی بۆ دەوڵەتی عوسمانی نارد كە داوای گێڕانەوەی ئیمتیازاتی پێشووی فەڕەنسای دەكرد لە شوێنە پیرۆزەكان.[6] بەم شێوەیە هەستی ئایینی كێشە نەتەوەیی و سیاسی یەكانی بەهێز دەكرد. دەركەوت كە سوڵتان ڕەزامەندی لەسەر داواكاری یەكەی ئیمپڕاتۆری فەڕەنسا دەربڕی دوای دوو دڵی و دواخستنێكی زۆر بۆ بەخشینی مافە كۆنەكانی ڕاهیبە

1 - صفوت : ل 28 – 29. نوار و نعنعی : ل 233.

2 - نوار و نعنعی : هەمان سەرچاوە.

3 - بڕوكلمان : سەرچاوەی پێشوو، ل 567 – 568.

4 - Mille : op. cit , p. 202.

5 - لویس ناپلیۆن نەخشەی دەكێشا بۆ لێدانی كۆماری یەكان گێڕانەوە و زیندوكردنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی، كە خۆی لە كۆمەڵە كاتۆلیكەكان نزیك دەردەوە لە كاتێكدا ڕادیكالی یەكان هەڵوێستی دژیان هەبوو.

6 - Temperley: op. cit , p. 286 Miller : op. cit , p. 200.

کاتۆلیکەکان بەوەی کە کلیلەکانی تایبەت بە سێ شوێن کە دەرگا سەرەکی یەکانی کەنیسەی (عەزرا) و ژێر زەمینەکانی ژێر کەنیسەی (مەهد) لە بیت لحم بوون، کە بەمە دەستەڵاتی سەرەکی کەوتە دەستی کاتۆلیکەکان و، ڕووسیای قەیسەری ئەم کارەی سوڵتانی زۆر پێ ناخۆش بوو[1]. ڕووسەکانیش ویستیان کە (بابی عالی) ڕازی بکەن فەرمان دەربکات بە داناننان بە هەمو مافەکانی ئەرثە ذۆکسی لە شوێنە پیرۆزەکان لە تۆماری دادگای شارەکان ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە دەستەڵاتی فەرەنسا کەم بکەنەوە و داواکاری لاتینییەکان بەتاڵ بکەنەوە[2]. باڵوێزی فەرەنسا لە ئەستەنبوڵ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە گەمارۆ دەخاتە سەر (دەردەنیل) ئەگەر سوڵتان داواکاری ڕووسیا جێبەجێ بکات، بەڵام (بابی عالی) دانی نابوو بە داواکارییەکانی ڕووسیا، کە ئەمەش سیاسەت مەدارانی فەرەنسای ناڕەحەت کرد.

لە ئەنجامی ئەو ڕقەبەریە ئایینییەدا، هەست و سۆزی ئایینی پەرەی سەند. پێك هەڵپڕژان لە نێوان پیاوانی ئایینی کاتۆلیك و ئەرسەدۆکسەکان لە قودس ڕوویدا. دوایش گۆڕدرا بۆ شەڕێکی گەورە بەناوی ئایینی مەسیحییەوە لە کاتێکدا هۆکارە ئابوورییەکان هۆی سەرەکی بوون.

## هۆکاری ئابووری

ڕووسیا کەڵکی باشی وەرگرت لە ئیمزا کردنی پەیمانی کۆشك ڤینارچی، کە ڕێگا دەدرا بە بازرگانی کردن بە پەڕینەوە لە تەنگە ئاوی یەکانی دەریای سپی ناوەڕاست لەوێشەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەورپا، لە ئەنجامی ئەوەدا ڕێگای بازرگانی گواسترایەوە بۆ بەندەرەکانی دەریای ڕەش کە بەندەری ئۆدیسە گرنگی لە هەموویان زیاتر بوو[3]. ڕووسیا لە دوای شەڕەکانی ناپلیۆن زۆر گرنگی دەدا بە هەناردەکانی بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەت گەنم کە بەزۆری کشتوکاڵی ڕووسیای لەسەر بوو. شایانی باسە کە هەردوو ولایەتی عوسمانی لە بەلقان بەناوی (ئەفلاق) و (بەغدان) منافەسەی ڕووسیایان دەکرد لە ناردن دەرەوەی گەنمدا. لە هەمان کاتیشدا بەریتانیا وردە وردە ڕووی لە بازاڕەکانی عوسمانی کرد. وازی لە بازاڕەکانی ڕووسیا هێنا ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی

1 - محمد فرید بك : ل 492 . برۆکلمان : ل 568.
2 - برۆکلمان : هەمان سەرچاوە.
3 - Anderson: op. cit, pp. 6 – 7, 60.





و ئابووری کە دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە پلەی سێیەم لە هێنانی کەلوپەلی بەریتانی و ناردنی کەلوپەلەکانی بۆ بەریتانیا[1] ، گەنمیش سەرەکی ترین هەناردەکانی عوسمانی بوو بۆ بەریتانیا. لەڕاستیدا لە ئەنجامە سەرەکی یەکانی کرانەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە بواری بازرگانیدا لەگەڵ بەریتانیا، فراوان بوونی بەرهەم هێنانی گەنم بوو. بازرگانە بەریتانییەکان خۆش حاڵ بوون لەوەی کە ڕزگاریان بوو لەو هەموو گرفتانەی کە لە بازاڕەکانی ڕووسیا تووشی دەبوون. سەیریان کرد کە بازاڕە عوسمانییەکان زۆرکراوەتر و بێ کێشە ترن لە بازاڕەکانی ئاسیا، کەئەمە وای کرد بازاڕەکانی ڕووسیا تووشی (شکست) بین[2]. بۆیە قەیسەر نیقۆلای یەکەم هەوڵی دەدا کە دەست بەسەر ئەو دوو ولایە تەدا بگرێتەوە بۆ بەرهەم هێنانی گەنم بکەوێتەوە دەست خۆی و ئابووری ڕووسیا گەشە پێ بدات. ڕووسیا لەگەڵ ئەمانەش هەمان کێشەی هەبوو، کە ئەمیش گەنمی لەو دوو ولایەتەوە بۆ دەهات و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دیکەشی هەبوو لەگەڵ ناوچەکانی عوسمانیدا کە بەڕاڕەوی ڕووباری دانوب و دەریای ڕەش و تەنگە ئاوییەکاندا تێ دەپەڕی.

زیادبوونی داواکاری نەمسا بۆ گەنمی عوسمانی تەنگی بە هەناردەکانی ڕووسیا هەڵچنی بوو. بۆیە ڕووسیا گرفتی دروست دەکردلە ڕووباری دانوبدا لەبەردەم بازرگانی نەمسادا کە ڕووباری دانوب شا دەماری بازرگانی نەمسا بوو. بۆیە لە لای خۆیەوە نەمسا هەوڵی دەدا کە ڕووسیا لەو شا دەمارەی خۆی دووركەوێتەوە[3].

## هۆکاری کەسی

مێژوونووسەکان دەڵێن باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ بەناوی (لۆرد سترانفوردوی ڕوکلیف) زۆر ڕقی لە قەیسەری ڕووسیا بوو[4]، ئەوەش هۆی هەڵگیرسانی شەڕ بوو. لە ڕاستیدا ئەو سترانفوردە زۆر ڕقی لە قەیسەر بوو بەهۆی ئەو سیاسەتە ئاڵۆز و ڕەقەی کە لەسەری دەڕۆیشت[5]. ڕووسیا دەترسا کە ببێتە هۆی لاوازبوونی بیری نەتەوایەتی لە بەریتانیا. لە هەمان کاتیشدا دەیزانی کە ئینگلیزەکان چەندە ڕقیان لە

1 - Clayton: op. cit. pp. 90 – 91.
2 - puryear: Ehgland , Russia and the straits questions , pp. 89, 115.
3 - puryear: pp . 83, 131 – 135.
4 - Miller: op. cit, p. 203.
5 - سەیری ئەو بابەتە بکە کە پێوەندی بە هۆیەکانی ڕق لێبوونی ڕدکلیف بۆ ڕوسەکان : فیشر، ل 220 – 221.

ڕووسیایە. ئەمەش بەهێز بوون و گەشەسەندنی ڕووسیا کە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای خستبۆ مەترسییەوە. هەرچەند خاڵە لاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەزانی، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر پارێزگاری کردنی، هەروەها ڕێزێکی باشی هەبوو لەناو (بابی عالی)دا هەتا وای لێهاتبوو دەیان گوت ئەو سوڵتانە بێ تاجە[1]، باڵوێزی بەریتانیا بۆچوونی وابوو کە زوو دەست بگرین بەسەر هێزی تازە پێگەیشتووی ڕووسیا باشترە لەوەی بەهێز بێ و ئەنجا شەڕ هەڵبگیرسێت. ئامادەبوو کە هەموو بەرپرسیاری یەك بگرێتە ئەستۆی خۆی بێ ئەوەی پرس بە دەوڵەتەکەی بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی. هەرچەند دەیزانی کە ئەو کارانە لەگەڵ سیاسەتی گشتی وڵاتەکەیدا وەکو یەکن. بەوەش وڵاتەکەی پشتیوانی لێ دەکرد[2]. باڵوێز ئەو هەلەی قۆزتەوە دەیزانی لەو بارودۆخەدا فەرەنسا لەگەڵ بەریتانیا کێشەیان نییە هاوکاری بکات دژی ڕووسیا یان نەمسا[3]، کە عوسمانییەکانی هاندا کە ملکەچ نەکەن بۆ ڕووسیای دوژمنیان و پشتی سوڵتانی گرت، هەمیشە وای ئامۆژگاری دەکرد کە لە بەرژەوەندی بەریتانیا بێت.

## قۆناغی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی – ڕووسیادا کاری مەنچیکۆڤ لە ئەستەنبوڵ

لە ئەنجامی ڕەت کردنەوەی بۆچوونی ڕووسیا لەمەڕ دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی. ڕووسیا بە دوو ئاراستە کاری دەکرد، ئاراستەی دبلۆماسی (وفدی مەنچیکۆڤ) و ئاراستەی سەربازی داگیرکردنی هەردوو ولایەتی (ئەفلاق و بەغدان) بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی. قەیسەر پێی باش بوو کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە عوسمانییەوە بکات. بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی لە کۆتایی شوباتی ساڵی (**1853**ز)دا وەفدێکی بە سەرۆکایەتی میر مەنچیکۆڤ سەرۆکی هێزی دەریای ڕووسیا لە دەریای بەلتیقدا ناردە ئەستەنبوڵ بە ئەنجام دانی ئەرکێکی تایبەت بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەردوو کێشەی (چیای ڕەش)

1 - نوار : هەمان سەرچاوە، ل **190**.
2 - بروکلمان : ل 220.
3 - سنو، عبدالرؤوف : پێوەندی یەکانی ڕووسیا و عوسمانییەکان زنجیرەی سێهەم گۆڤاری مێژووی عەرەب و جیهان دوو ژمارەی 77، 78.، ل 31.





و (شوێنە پیرۆزەکان)[1]،بەڵام مەبەستی سەرەکی لەو سەردانە گەیشتن بە ئیمزا کردنی پەیمانێك لە نێوان هەردووم دەوڵەت بوو، کە دەستەبەربێت بۆ ڕووسیا پاساو بێت بۆ داهاتوو لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتی خۆتێبگەیەنێت، ئەمەش واتای دروست کردنی پاساو بوو بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ دژی دەوڵەتی عوسمانی[2]، کە چوار ئامانجی سەرەکی دیاری کردبوو :

1. دەرکردنی فەرمانێك لەلایەن سوڵتانەوە بەگێڕانەوەی دۆخی شوێنە پیرۆزەکان بۆ دۆخی جارانی وەکو ساڵی (**1852**ز).
2. دابین کردنی مافی هاووڵاتیانی ئەرسەدۆکسی مەزهەب لە خاکی عوسمانیدا.
3. دان نانی (بابی عالی) کە ڕووسیا پارێزگاری لە ئەرثە ڕۆکسەکان بکات.
4. گرێدانی هاوپەیمانییەکی نهێنی لە نێوان هەردوولادا کە بەپێی ئەوە ڕووسیا بتوانێت بەرگری لە دەوڵەتی عوسمانی بکات دژی هەر هێرشێکی فەرەنسا.

ئەگەر دژی ئەو ڕێ کەوتنە وەستایەوە و خاڵەکانی بەدڵ نەبوو[3]. نێردراوی ڕووسیا ئەو خاڵانەی خستە بەردەم سوڵتان کە لەسێ خاڵ پێکهاتبوو:

1. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کە بەخشراوە بە ڕاهیبە کاتۆلیکەکان بەخشینی بە ڕاهیبە ئەرسەدۆکسەکان.
2. دان نان بە مافی ڕووسیا بۆ پارێزگاری کردنی لە ئەرسەدۆکسەکان لە هەموو خاکی عوسمانیدا و داننان بە هەموو پەتریکی ئەرسەدۆکسی سەرۆکی ڕووسی سەربەخۆ بێت.دامەزراندنی هەر چوار پەتریکی ئەرسەدۆکسی لە ناو دەوڵەتدا لە ماوەی ژیانیاندا.
3. گرێدانی هاوپەیمانی بەرگری لەگەڵ ڕووسیادا.

سوڵتان ئەو پێشنیازانەی خستە بەردەم هەندێ باڵوێزخانەی بێگانە بە تایبەت باڵوێزی بەریتانیا (دی ڕدکلیف) پێوەندی کردن لە نێوان لەندەن و ئەستەنبوڵ کاتێکی دەویست لە بەرئەوەی هێڵی تەلەفۆن نەبوو لەنێوان ئەو دوو پایتەختەدا، باڵوێزی بەریتانیا خۆی بەرپرسیاریەتی خۆی ڕاگەیاند و بە سوڵتانی گووت کە بەندی یەکەم قبوڵ بکات و دوو بەندەکەی دیش ڕەت بکاتەوە، چونکە داننان بە مافی ڕووسیادا لە

1 - کامل، مصطفی : ل 113.
2 - محمد فرید بك : ل 493.
3 - صفوت : ل 32.

پارێزگاری کردنی ئەرسەدۆکسەکان خۆی لە خۆیدا واتـای نـەمانی سـەربەخۆیی دەوڵـەتی عوسمانی دەگەیاند[1]. دوای ئەوەش ڕووسیا داوای دەکرد سوڵتان مافی لابردن و دانـانی وپەتریکەکانی نەبێت لە کاتێکدا ئەوانە دەستەلاتێکی سیاسی و ئایینی فراوانیـان هـەبوو، کە مەبەستی سەرەکی ڕووسیا لەوە دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووخانی بوو[2]. مەنچیکۆڤ زۆر لـە خـۆی بـایی بـوو، بـەڵام لـە وەزارەتـی دەرەوەی عوسمانیدا پیـاوێکی لێهاتوو و ژیر هەبوو کە بەبەرەکانی داواکارییەکانی دەکرد، ئەویش فوئاد پاشا بوو، بۆیە هەوڵیدا کە ئەو پیاوە دووربخاتەوە کە لە ئەنجامدا توانی لەسـەر کـاری لاببـات و سـوڵتان ڕەفعەت پاشای لە شوێنەکەی دانا[3]. مەنچیکۆڤ هەوڵی دەدا کە سـوڵتان ڕازی بکـات کـە پەیمانی (خونکار ئەسکلەسی) جارێکی دی کاری پێ بکرێتـەوە، بـەڵام سـوڵتان لـە وەڵام دانەوەی دەسـتی پـێ دەکـرد[4]، هـەروەها سـوور بـوو لەسـەر داخسـتنی تەنگـە ئاویەکانی لەبەردەم کەشتی یەکانی فەڕەنسا و بەریتانیادا، و هەڕەشـەی ئـەوەی دەکـرد کە گفتوگۆکان ڕادەگرێت و پاشەکشە دەکـات.[5] سـوڵتان ئـەو داوایـەی ڕووسـیای دایـە دەسـت وەزیرەکـان کـە لێـی بکۆڵنـەوە دەرکـەوت سیاسـەتمەدارە عوسمانییـەکان لـە سیاسەتی ئاشتی خـوازی خۆیـان لادەدا. لـە کۆتایـدا بڕیـاری خۆیانـدا کـە داواکاریـەکانی ڕووسیا ڕەت دەکەنەوە[6]، کە دوای ئەوەی سەیریان کرد لەگـەڵ بەرژەوەنـدی دەوڵـەتی عـسوماني دا نایەتــەوە و پێــچەوانەی ســەربەخۆیی وڵاتــە. مەترسیــشە بــۆ داهــاتوو، پێچەوانەی پەیمانی (تەنگە ئاویەکان)ی ساڵی (**1841**ز)یە[7]، کـە یەکـسەر وەزیرەکـان ڕەتیان کردەوە بەڵام دیوانی سوڵتان وەعدیدا کە فـەرمانێك دەردەکات لـە بەرژەوەنـدی کەنیـسەی ئـەرسـەدۆکسی لـە ئەسـتەنبوڵ و ڕووسـیاش بـۆی هەیـە کـە کەنیـسەیەك و خەستەخانەیەك لـە قـودس دروسـت بکـات. دوای ئـەو ڕەت کردنەوەیـە کـاری مەنـچیکۆڤ کۆتایی هـات لەگـەل ئەنـدامانی باڵوێزخانـەی ڕووسـیا ئەسـتەنبوڵی بەجێهێـشت لـە ڕۆژی

1 - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 423، نوار و نعنعی، ل 234.

2 - صفوت : ل 33.

3 - هەمان سەرچاوە : ل 32.

4 - محمد فرید بك : ل 494.

5 - صفوت : ل 33.

6 - صفوت : ل **33** . محمد فرید بك : ل **494** – **495** . Miller: op, cit, p. 207.

7 - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل 120.





(**21**ی ئایـاری **1853**ز)دا دوای هەفتەیـەك لـە مێـژووی ئـەو دەرچـوونە پێوەندییـە دبلۆماسییەکانی ڕووسـیا و عوسمـانی کۆتـایی هـات[1]. ئـەم کـارەی ڕووسـیا بـەبێ وەڵام نەمایەوە کە فەڕەنسا و بەریتانیا کەشتییەکانی خۆیـان بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژهـەڵات خـستە ڕێ. ئستوڵی بەریتانیا لە ماڵتا جێگیر بوو، ئستوڵی فەڕەنساش لە (سلامین) جێگیربوو لە وڵاتی یۆنان.

## کاردانەوەی ڕووسیا

داگیرکردنی ئەفلاق و بەغدان: دەرچوونی مەنـچیکۆڤ لـە ئەسـتەنبوڵ بـەم شـێوەیە نــاڕەزایی دەربــڕین بــوو دژی بڕیارەکــەی ســوڵتان کــە داواکاریــەکانی ڕووســیای ڕەت کردبـۆوە. ئـەم کـارەش هـەنگاوێکی مەترسـی داربـوو کـە ڕووسـیا ڕایگەیانـد بانگـەوازی ڕووسـیا بـەرگری کردنـە لـە مافـەکانی ئـەرسـەدۆکس و کەنیسەکانی ڕۆژهـەڵات. بۆیـە سوپاکەی نـارد بـۆ ولایەتـەکانی دانـوب، بـۆ ئـەوەی مافـە لـە دەسـت چـووەکان دابـین بکاتەوە. ئەمەش بە هێرشێکی بەرگری کردنی دانا بـۆ کـاتی لێقـەومان.[2] شـەڕی فـەریك هەڵ دەگیرسا، نیشانەکانی لـە ئـاودا دەرکـەوتبوون، سـوپای ڕووسـیا لـە ڕووبـاری بـروت پەڕیەوە لـە مـانگی تـەمموزی سـاڵی (**1853**ز)دا بـە فەرمانـدەیی غورچاکۆف هـەردوو ولایەتی ئەفلاق و بەغدانی داگیر کـرد و چـوونە نـاو شـاری بوخارسـتەوە[3]. ڕووسـیا بـەم کارەی دەیویست لەلایەك فشار بخاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی دیکـەوە وڵاتـانی ئەوروپایی بخاتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە.

ڕووسیا لەو کارەیدا گرەوی لەسەر بێ هێزی دەوڵەتی عوسمانی و نەگونجانی گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا دا دژی ڕووسـیا. دابڕانـی نەمـسا و بروسـیا لـە یەکدی بێ لایەنی ئەو دوو دەوڵەتە دەکرد[4]. سوڵتان ناڕەزایی دژی ئەو کـارەی ڕووسـیا ڕاگەیاند و هۆشیاری دایە قەیسەر کە ئەو دوو ولایەتە چۆڵ بکات، بەڵام ڕووسیا زۆر گوێی

1 - سنو : هەمان سەرچاوە، ل 33.

2 - صفوت : ل **34**. Miller: op. cit, p. 209 . Anderson: op. cit. p. 124.

3 - کامل، مصطفی : ل **118**. محمد فرید بك : ل **496**. Creasy: op. cit, II, P. 471.

4 - کامل، مصطفی : ل 114 ز. سنو : هەمان سەرچاوە : ل 32 – 35.

نەدایە ئەو هۆشیارکردنەوەی عوسمانی، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی شەڕی ڕاگەیاند دژی ڕووسیا لە (**23** ی تشرینی یەکەمی **1853**ز)دا[1]. هەریەك لە فەڕەنسا و بەریتانیا ترسان ڕووسیا خاکی عوسمانی داگیر بکات بە هەستان دژە هەنگاو دژی ئەو کارەی ڕووسیا، فەرمانیاندا بە ئستوڵەکەیان کە بەرەو دەریای ڕەش بکەونە ڕێ بۆ پێشگیری ڕووسیا. لە کەنداوی مسیکا لە دەرەوەی دەردەینل لەنگەریان گرت، کاتێ ڕووسیا داوای کشانەوەی لێکردن کە پاشەکشە بکەن، ئەوان ڕایانگەیاند کە ناکشێنەوە هەتا ڕووسیا ئەفلاق و بەغدان جێ نەهێڵێت[2]، ئەو ڕووداوانە بەهەڵە داچوونی ڕووسیایان سەلماند لەو مەسەلەدا کە وای پێویست کرد دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپا دژی ئەو هەڵوێستەی ڕووسیا بوەستن و ناچاری بکەن هەردوو ولایەتی دانوب چۆڵ بکات. بەریتانیا سووربوو لەسەر هەڵوێستە کۆنەکەی جارانی کە دەبێ پارێزگاری لە خاکی عوسمانی بکرێت، ڕێگە بگیرێت لە گەیشتنی ڕووسیا بۆ دەریای سپی ناوەڕاست[3]. ناپلیۆن هەستی بەوە دەکرد کە ڕووسیا لە دەست بەسەر داگرتنی شوێنە پیرۆزەکان بەبەرەکانی دەکات هەروەها ئەو کێشەی بەکارهێنا لە ئەوروپادا لە بواری دبلۆماسیدا ئامادەیی هەبێت و کاریگەر بێت دوای ڕێککەوتنەکانی کۆنگرەی فەڕەنسا لە ئەوروپا پشتگوێ خرابوون.

بۆیە بەڵێنی بە گەلەکەی دابوو کە ئەو سەربەرزیەی سەردەمی ناپلیۆن زیندوو دەکاتەوە[4] بڕووسیا هیچ بەرژەوەندیەکی ڕاستەوخۆی نەبوو لە ولاتی عوسمانیدا بۆیە بەبێ لایەنی مایەوە.[5]

نەمسا ڕووداوەکانی بە گرنگ وەرگرتبوون بە وردی چاودێری دەکرد لە بەرئەوەی ئەو کێشەیە نزیك سنووری وڵاتەکەی بوو، لەسەر خاکێك بوو کە پێشتر بە هی خۆی دەزانی. بۆیە ڕازی نەبوو کە ڕووسیا ئەفلاق و بەغدان داگیربکات، چونکە جێبەجێ بوونی ئاواتەکانی ڕووسیا لەو ناوچەیەدا دەبێتە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەوەی لێی دەکەوێتەوە سەرکەوتنی بیری نەتەوایەتییە، هەروەها لە زیادبوونی دەستەڵاتی ڕووسیا

---

1 - هەمان سەرچاوە : ل **120**. Creasy: op. cit, p. 537.

2 - Miller: op. cit, p. 210.

3 - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 424.

4 - هەمان سەرچاوە : ل 425 . نوار و نعنعی : ل 235 – 236.

5 - هەمان سەرچاوە : ل 424. صفوت : ل 37.





دەترسا لە ناوچەی بەلقان کە بەرژەوەندی زۆری لەو ناوچەیەدا هەیە،[1] بەڵام هەڵوێستی فرنسواجۆزیڤ هەڵوێستێکی ناخۆش بوو لەبەرئەوە ڕووسیا چاکەی بەسەرەوە هەبوو لە یارمەتی دانی لەسەر کوت کردنی شۆڕشی (**1848**) دا لە مەجەڕ لە هەمان کاتیشدا بەرژەوەندی وڵاتەکەی لەوەدا بوو کە بەشداری شەڕەکە نەکات.[2] هەستا بە پەیڕەوی کردنی سیاسەتێك کە ڕووسیای بێ بەش دەکرد لە هەموو دەستکەوتە سیاسی و هەرێمی یەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا پەنجەی ڕادەکێشا بۆ بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدادژی ڕووسیا،[3] ئەمەش لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنی ڕوسیا و عوسمانییەکان بۆ ئەوەی ئەو کێشەی لێ دوورکەوێتەوە بۆیە داوای کرد کە کۆنگرەی ڤییەننا لە ئابی (**1853**ز)دا ببەسترێت[4]، ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی ئامادەی ئەو کۆنگرەیە نەبوون، کە دوایی بەیاننامەیەك دەرچوو لەو کۆنگرەیەوە لە (**19**ی ئابی **1853**ز)دا کە گرنگترین بەندەکانی پارێزگاری کردنی مەسیحییەکانی بەلقان بوو. بەبێ بڕیاردان بۆ خۆتێگەیاندنی ڕووسیا، لەگەڵ وەرگرتنی پەیمان لە سوڵتان کە پارێزگاری لە گیانی هەردوو پەیمانی کۆشك ڤینارچی و ئەدرنە بکات کە تایبەتە بە پارێزگاری کردنی ئایینی مەسیحی[5]. دەوڵەتی عوسمانی ئەو بەیاننامەیەی ڕەت کردەوە بەڵام ڕووسیا پێی ڕازی بوو لەکاتێکدا تەئویلی کرد وەکو خۆی دەیەوێت و لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بگونجێت[6]، جیاوازی بیر و ڕاکانی وای کرد کە کۆبوونەوەکان بەرەو داخران بڕۆن. کۆنگرەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی هات. هەمووو نیاز خراپی ڕووسیایان بۆ دەرکەوت، هەریەك لە بەریتانیا و فەڕەنسا سوڵتانیان هاندا کە مل بۆ داوایەکانی ڕووسیا کەچ نەکات، ئاسانکاری نەکات لە پارێزگاری مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکان.[7] کە بوو بەهۆی هەڵچوونی سۆزی ئایینی لە هەردوو ولاتدا (بابی عالی) جارێکی دیکە داوای لە قەیسەر کردەوە کە هێزەکانی لە ئەفلاق و بەغدان بکێشێتەوە، بەڵام قەیسەر بە ڕاگەیاندنی شەڕ وەڵامی دایەوە.[8]

---

1 - ڕنوڤان، بییر : مێژووی پێوەندی یە دەوڵەتی یەکان، سەدەی نۆزدە، ل 314.

2 - محمد فریدبك : ل 496.

3 - سنو : ل 35.

4 - محمد فرید بك : ل 496 – 497.

5 - Miller: op. cit. p. 210.

6 - جرانت و تمبرلی : **1**، ل **423**. محمد فرید بك : ل **496** – **497** . صفوت : ل **37**.

7 - محمد فرید بك : ل 497.

8 - هەمان سەرچاوە . Miller: op. cit. p. 210.

# ڕووداوەکانی جەنگی قرم

## بەرەی دانووب

ڕووسیا گوێ ی نەدایە هۆشیاری یەکەی عوسمانییەکان کە ئەمەش وای لە (بابی عالی) کرد کە شەڕ ڕابگەیەنێت دژی ڕووسیا لە (**23** ی تشرینی یەکەم)دا وەکو باس کرا. سوپایەکی گەورەی ڕێکخست و لە ڕووباری دانوب پەڕیەوە لە (**23**ی تشرینی دووەم)دا. لە نزیک ئۆلتانیجە لەگەڵ سوپای ڕووسی بەشەڕ هات، ڕووسەکان تێك شکان[1]، لە هەمانکاتدا سوپای عوسمانی لە ناوچەی قەفقاز سنووری ڕووسیای بەزاند. قەڵای سان نیقولای داگیر کرد.[2] لەو قۆناغەی جەنگدا نیقۆلای یەکەم قەیسەری ڕووسی لەگەڵ فرنسوای جوزیف کۆبوەوە ترسانی خۆی نیشاندا کە فەڕەنسا و بەریتانیا یارمەتی عوسمانییەکان دەدەن داوای لێکرد کە هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستێت، بەڵام ئیمپراتۆری نەمسا ئەو داوایەی قەیسەری ڕەت کردەوە بە بیانووی ئەوەی هیچ بەرژەوەندی یەکی لەو شەڕەدا نییە، بەرژەوەندی وڵاتەکەی لە بێلایەنی دایە.[3] ئەستوڵی فەڕەنسا و بەریتانیا بەرەو تەنگە ئاویەکان کەوتنە ڕێ. بۆ ئەوەی نزیك بن لە دەریای ڕەش بۆ پارێزگاری پایتەخت لە هەر هێرشێکی چاوەڕوان کراوی ڕووسیا. لە کاتێکدا ئەو ئەستوڵانە لە نزیك پایتەخت جێگیربوون، ئەستوڵی ڕووسی پەلاماری ئەستوڵی عوسمانیدا لە (**30** ی تشرینی دووەم) لە بەندەری سنیوب کە بە تەواوی تێکی شکاند.[4]

ئەو ڕووداوە توڕەبوونی ئەستەنبوڵ و لەندەنی بەدواوە بوو فەڕەنسا و بەریتانیا ئەو هەڵوێستەی ڕووسیایان بە سوکایەتی دەزانی چونکە ڕووسیا پەیمانی دابوو کە هیچ کارێکی سەربازی و دوژمنکارانە لە دەریای ڕەشدا ئەنجام نەدات. لە ئەنجامی ئەوەدا کەشتی یەکانیان چوونە ناو دەریای ڕەشەوە[5]، لە گۆڕانێکی سەرنج ڕاکێشدا فەڕەنسا هەوڵیدا ڕووسیا بە چارەسەری ئاشتیانە ئاگادار بکات، بۆیە ناپلیۆنی سێیەم لە (**29** ی

---

[1] - سرهنك : ل **313**. .Ibid: p. 211

[2] - محمد فريد بك : ل **497**.

[3] - كامل، مصطفى : ل **119**. Miller: p. 211.

[4] - سرهنك : ل **314** – **316** . صفوت : ل **39**.Ibid

[5] - سرهنك : ل**320**.





کانوونی دووەمی **1854**ز)دا وەفدێکی نارد بۆلای قەیسەر کە پێشنیازی ئەوەی پێدا کە کۆنگرەیەك ببەسترێت بۆ ئاشتەوایی، بەو مەرجەی ڕووسیا هەردوو ولایەتی دانوب چۆڵ بکات لە بەرانبەریش دا فەڕەنسا و بەریتانیا هێزەکانیان لە دەریای ڕەش دەکێشنەوە، بەڵام قەیسەر ئەو پێشنیازەی فەڕەنسای ڕەتکردەوە.[1] لە ئەنجامی توندی هەڵوێستەکانی بە ئاشکرا هەڵگیرسانی شەڕ دیارکەوت لە (**4**ی ئازاری **1854**ز)دا فەڕەنسا و بەریتانیا ئیعلانی شەڕیان کرد دژی ڕووسیا لە (**12** ی ئازار)یشدا ڕێککەوتننامەی شەڕیان لەگەل دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕووسیا ئیمزا کرد.[2] شەڕ لە دەریای ڕەشدا دەستی پێکرد، دوای گەیشتنی هێزی هاوپەیمانان شەڕەکە توندتر بوو، کە هێزی دەریایی هاوپەیمانان بەندەری ئودیسا و خاڵە سنوورییەکانی ڕووسیان بۆمباران کرد. ئەوەش وای کرد کە ڕووسیاش ئیعلانی شەڕ بکات دژی بەریتانیا و فەڕەنسا لە (**11**ی نیسان) و بانگکردنەوەی باڵوێزەکانی لە لەندەن و پاریس.[3] ئامانجی سەرەکی هاوپەیمانان دەرکردنی هێزەکانی ڕووسیا بوو لە ولایەتی ئەفلاق و بەغدان، بەڵام سوپای ڕووسیا لە ڕووباری دانوب پەڕیەوە و سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای عوسمانیدا بە دەست هێنا و خۆی گەیاندە نزیك شاری سلیستریا بەڵام نەی توانی شارەکە داگیربکات، بەهۆی ئازایەتی سەربازانی عوسمانی و درێژبوونەوەی گەمارۆکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون لە نێو سەربازانی ڕووسدا[4]. دوای ئەوە نەمساش خۆی خزاندە ناو شەڕەکە دوای ئەوەی لە مانگی ئازاردا ڕێ کەوتنی لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا بەست بۆ پارێزگاری لە خاکی عوسمانی هەروەها ڕێ کەوتنی بەرگری لەگەڵ بڕووسیا بەست دژی ڕووسیا.[5]

بڕووسیاش هاتە ناو شەڕەکەوە هۆشیاری دایە ڕووسیا کە هەردوو ولایەتی دانووب چۆڵ بکات، ڕووسیا ناچار بوو لە بەرهەندیێ ڕێ و شوێنی سەربازی لەسەر بنچینەی ئامۆژگاریەکانی پاشای بڕووسیا هەستا بە چۆڵکردنی ئەو دوو ولایەتە، هێزەکانی نەمسا

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 320 – 321 . كامل، مصطفى : ل117.

[2] - جرانت و تمبرلى : بەرگی یەکەم، ل **425** . تجد دەقی پەیماننامەکە . Hurewitz: i. PP. 144 – 145.

[3] - محمد فريد بك : ل**501**. Miller: op. cit. p. 212.

[4] - هەمان سەرچاوە : ل 801 – 802. نوار و نعنعى : ل 237. جرانت و تمبرلى : بەرگی یەکەم، ل 425.

[5] - سنو : ل 37.

شوێنیان گرتنەوە[1]. کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا لە ئەفلاق و بەغدان. دەستکەوتێکی دبلۆماسی گەروەبوو بۆ نەمسا، بەڵام ئەوە دوژمنایەتی نەمسا بوو بۆ ڕووسیا، لەوانە بوو هەموە کاتێك لەگەڵ ڕووسیا بکەوێتە شەڕ، بەڵام ئەوکاتە دەبوایە بە تەنیا ئەو شەڕەی کردبایە. بۆیە بە باشی زانی هێزی سیاسی و سەربازی بەکاربهێنێت. شا کۆتابوونی نەمسا لە ئەفلاق و بەغدان ببێتە شتێکی شەرعی و نەمسا لە (**14**ی‌حوزەیران)دا هەوڵیدا ڕێککەوتنێك پێك بێت لە نێوان هاوپەیمانان‌دا کە شەرعیەتی نەمسا لە داگیرکردنی ئەو دوو ولایەتە بسەلمێنێت.

هێرشەکانی ڕووسیای بۆ ئەو دوو ولایەتە ڕاگرت، بەڵام بڕووسیا کە پێچەوانەی سیاسەتی نەمسا بوو، حکومەتی یەکێتی ئەڵمانیای ڕازی کرد، کە هاوبیری نەمسا نەبێت تەنیا ئەگەر فەڕەنسا و بەریتانیا شەڕەکە ڕابگرن، هێزەکانیان نەچنە ناو ئەو دوو ولایەتەوە، هاوپەیمانانیش ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ڕاگرتنی شەڕ دەربڕی شەڕ لەبەری دانوب ڕاوەستا، ئەو بەرەیە ئارامی بەخۆیەوە بینی.[2]

## بەرەی قرم

هاوپەیمانان ئامانجی ستراتیجی خۆیان نەهێنابۆدی ئەویش لێدانی هێزی دەریایی ڕووسیا و بێ هێزکردنی و وەدەرنانی لە دەریای ڕەش بوو، بۆیە بڕیاریان دا کە شەڕەکە بگوازنەوە بۆ ناو خاکی ڕووسیا. بۆیە بەندەری سباستبولیان هەڵبژارد لەسەر دەریای ڕەش، کە بنکەیەکی سەربازی دەریایی گەورەی ڕووسیای تێدابووە، کە بوو بە ئامانجی سەرەکی هەرچەند نەخۆشی کولێراش لەناو سوپای هاوپەیمانان بلاوبۆوە، کە دروێنەی گیانی سەربازەکانی دەکرد. هێزەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا ئامادەیی تەواویان نەبوو بۆ شەڕێکی گەورە لەگەڵ ڕووسیا[3]، لە ڕۆژی (ی **13** ی ئەیلولی **1854**ز) هێزێکی گەورەی هاوپەیمانان لە دەریاوە بەرە و شار کەتە ڕێ. لە شاری أباتوریای باکوور دابەزی و لەگەڵ سوپای روس کەوتە شەڕەوە.

[1] - کامل، مصطفی : ل 127 . صفوت : ل 41.
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل 126 – 127.
[3] - فیشر : ل **223** . جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل **426**. Miller: op, cit. p. 217.





لە نزیك ڕووباری ئەلما بەسەریدا سەرکەوت. نزیك بوو ڕێگا بکرێتەوە بەرەو شاری سباستبول[1]. لێرەدا هاوپەیمانان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە هێرشەکە ڕاوەستا بەرەو شار نەجولاَن، بۆیە نەیان توانی بەررهەمی سەرکەوتنەکەیان لە ئەلما ببینن، بەلاَم وادیاربوو باوەڕیان وابووە کە فەرماندەیی ڕووسی تودلبین کە بەرگری لە شارەکە دەکرد هەر خاوەنی هێزە، بۆیە هێرشەکەیان دواخست، هەروەها شارەکەش لە هەموو ڕوویەکەوە قایم کاربوو.

بۆیە بڕیاریاندا کە بەرەو خوارووی شار بجولێن کە شوێنی دابەزینی گونجاوتری تێدایە بۆ هێرش کردنە سەر شار[2]، بەڵام لە ڕاستیدا هاوپەیمانان هەلە بەنرخەکەیان لە دەستدا، کە هێزەکانی ڕووسی توانیان لە و ماوەیەدا شارەکە ئەوەندەی دی قایم بکەن و توانیان هێرشەکە لە شوێنی خۆی ڕابگرن. شارەکە لە ئەیلولی ساڵی (**1854**ز) تا (**1855**ز) بۆ ماوەی ساڵێك گەمارۆدرا. وا دیاربوو کە گەمارۆکە زۆر توند و تۆڵ نەبوو کە ئەوە هەلی بۆ سوپای ڕووس خولقاند کە هێز و خواردنیان پێبگات.[3] هاوپەیمانان توانیان دەست بەسەر بلاکلاڤادا لە خوارووی ئۆدیسا بگرن لە (**8**ی ئەیلولی **1855**ز) لە ڕۆژی (**8**ی کانوونی یەکەم) شارەکە کەوتە دەست هاوپەیمانان، بەلاَم سوپای سەرکەوتوو کاتێك چوونە شارەکە بێجگە لە وێرانە هیچیان نەدی.[4]

## ناوبژیکردنی نەمسا

بواری دبلۆماسی چالاکی باشی بەخۆیەوە بینی بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ لەبەرەی قرم، نەمسا سووربوو لەسەر ئەوەی ڕووسیا ناچار بکات کە لەو شەڕە دەرچێت و خۆی بدات بە دەستەوە بۆ ئەوەی مەرجی ئاسانی بخرێتە سەر، نەمسا دەیزانی کە ئەو لە هاوپەیمانان نزیك بێتەوە ڕووسیا بە خێرایی ئامادەی ئاشتی دەبێت. بۆیە پێشنیازی پێشکەشی هەردوولا کرد کە بە بەیانی چوار دەستەبەر دەناسرێت کەتێیدا هاتووە :

**1**. گۆڕینی پارێزگاری ڕووسیا لەسەر هەردوو ولایەتی ئەفلاق و بەغدان و سڕپ بە دەستە بەری ئەوروپا و ڕەزامەندی (بابی عالی).

[1] - صفوت : ل **44** . جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل **427** . Miller: p. 227.
[2] - فیشر : ل 224 . هەمان سەرچاوە.
[3] - صفوت : ل 43 – 44.
[4] - محمد فرید بك : ل **509** – **510** . جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل **431** . Miller, op. cit. p. 229.

**2**. ئازادی کەشتییەوانی بۆ هەموو دەوڵەتان لە ڕووباری دانوبدا.

**3**. دووبـارە پێداچـوونەوەی ڕێکـەوتنی (گـەرووە ئاوییـەکان)ی سـاڵی (**1841**ز) لـە بەرژەوەندی هاوسەنگی ئەورووپی.

**4**. ڕووسیا دەست لە پارێزگاری مەسیحییەکانی بەلقان هەڵبگرێت.[1]

ئەو بەیانە درا بـە هـەردوو دەوڵـەتی عوسمـانی و ڕووسـی کـە عوسمانییـەکان لەسـەر ڕینموونی بەریتانیا ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا، بـەڵام ڕووسـەکان ڕازی نـەبوون کـە وایـان دەبینی مافیان پێشێل کراوە خزمەتی بەرپابوونی ئاشتی ناکات لە ئەورووپادا. بە تایبـەت بەندی سێیەم کـە ئەگـەر جێبـەجێ بکرێـت هـەموو ڕێککەوتنـەکانی هەڵدەوەشێتەوە.[2] هێزی دەریای ڕووسیا لە ناو دەبات و دامەزراوەکانی لە دەریای ڕەش هەڵدەوەشێنەوە. لەگەڵ ڕازی نەبوونی ڕووسیا هاوپـەیمانان فـشاریان لەسـەر زیـادکرد بەتایبـەتی لەبـەرەی قرم. دوای ئەوە  نەمساش هاتە نـاو هاوپـەیمانان لەسـەر بنـچینەی چـوار خاڵـە پێشنیاز کراوەکە لەلایەن نەمساوە لە بەرانبەر داننـانی هاوپـەیمانان بـەو بنکەیـەی کـە لـە ئیتاڵیـا هەیـەتی.[3] هەرچـەند پاشـای بڕووسـیا فریـد ریك گلیـۆم نـاڕازی بـوو کـە لـە دەرەوەی شەڕەکە مایەوە[4]. لە ڕاستیدا بەشداری نەمسا لـەو هاوپەیمانییـەدا تـەنیا بـەناو بـوو کـە ئامادەیی نەبوو بەشداری شەڕ بکات دژی ڕووسیا.

پەیمانیشی بە قەیسەر دابوو کە هیچ ڕێککەوتنێك ئیمزا ناکات کە سەر شۆڕی ڕووسای تێدابێت، فشاریشی لەسەر ڕووسیا کەم کردەوە دوای چۆڵ کردنـی هـەردوو ولایەتەکـەی دانوب[5]، لـە ئـەنجامی دوو دڵـی نەمـسا لـە شـەڕکردن لەگـەڵ ڕووسـیادا هاوپـەیمانان لـە هاوپەیمانێکی دی دەگەڕان لـە ئـەوروپا بـۆ ئـەوەی لـەناو ئـەورووپادا لـە بـواری سـەربازی یارمەتییان بدات، دوایی گوم بووی خۆیان دۆزیەوە کـە سـەردینیا بـوو[6]، کـە بـارودۆخی تایبەت پاڵی پێوەنا بەشداری شەڕ بکات  لە (**26** ی کانوونی دووەمی **1855**ز)دا.

[1] - سەیری درێژەی پێوەندی یەکانی دبلۆماسی چڕ و پڕی نێوان دەوڵەتە گەورەکان و بەیاننامـە بـە ناوبانگەکـە بکـە کـە بەناوی (ضمانات الاربعة) ناسراوە لە .Miller: op, cit. pp. 233 – 242

[2] - سنو : هەمان سەرچاوە، ل 37 – 38.

[3] - سیاسەتی نەمسا بەسترابۆوە بە سیاسەتی ئیتاڵیاوە کە زۆر لە تەماعی فەڕەنسا دەترسا .

[4] - صفوت : ل 44 – 45.

[5] - سنو : ل 39.

[6] - کافور سەرۆك وەزیری بیدموند هەوڵی یەکێتی ئیتاڵیای دەدا حەزی لە یارمەتی دانی هاوڕێ بوو.





بـەم شـێوەیە شـەڕ کۆتـای نـەهاتبوو، سـەردینیاش نـەهاتبووە نـاو هاوپەیمانانـەوە ئەسکەندەری دووەم تاجی قەیسەری ڕووسـیای لەسـەر نـەکرد و وەکـوم جـێ گرتنـەوەی نیقۆلای یەکەم کە لە مانگی ئازاری سالی (**1855**ز)دا مردبـوو، ڕووسـەکانیش دەسـتیان بەسەر قەڵای (قاڕس)دا لە ئاسیای ناوەڕاسـت نـەگرتبوو، شـەڕ بـەردەوام بـوو[1]، بـەڵام گیرانی شاری سباستبوڵ بە دەستی هاوپەیمانان ئەو خاڵە بوو کە ڕێڕەوی شەڕی گۆڕی، دوایی هەڵوێستی دەوڵەتانی هاوپەیمانیشی گۆڕی. نەمـسا هەسـتی کـرد کـە شـەڕ نزیکـە تەواوبێت ترس لەوەیـە کـە فەڕەنـسا وا ئـارەزوو بکـات کـە یارمـەتی سـەردینیا بـدات بـۆ تـەواوبوونی یـەکێتی ئیتاڵیـا بـە هـۆی نزیکبوونـەوەی شـەڕ تـەواوبوون و لەیەکـدی نزیکبوونەوەی فەڕەسنا و ڕووسیا، نەمسا بڕیاریدا کە بەشداری شـەڕەکە بکـات و پـشتی هاوپـەیمانان بگرێـت. بـۆ ئـەوەی ئـەو چـوار خاڵـە بەسـەر ڕووسـیادا بسەپێت، هـەروەها سویدیش هەمان هەڵوێستی نەمـسای وەرگـرت[2]، بـەڵام بـەریتانیا لەسـەر تونـدی خـۆی بەرانبەر ڕووسیا بەردەوام بوو کە سەرۆك وەزیران بالمرشون سوور بوو لەسەر ئەوەی کـە دەبێ ڕووسیا سەر شۆڕ بکات لـە کاتێکـدا فەڕەنـسا هەڵوێـستی پێـچەوانەی هـەبوو دوای ئەوەی ناپلیۆنی سێیەم ئامانجەکانی شـەڕەکەی پێکـا[3]. ئامـادە نـەبوو درێـژە بـە شـەڕ بدات، پێی وابوو کە داگیرکردنی شاری سباستبوڵ خاڵێکە کە لەوێوە گفتوگۆ دەست پـێ دەکات. بۆیە هەوڵی دەدا کە ئاشتی بەرقەرار بکرێت. هەڕەشەی لە بەریتانیا کـرد ئەگـەر شەڕ ڕانەگرێت ئەوە کێشەی ڕزگـاری پۆڵەنـدا زینـدوو دەکاتـەوە[4]، لـە سـەرەتای سـاڵی (**1856**ز) نەمـسا هۆشـیارینامەیەکی ئاڕاسـتەی ڕووسـیا کـرد. داوای لێکـرد کـە چـوار خاڵەکە بەبێ مەرج قبـوڵ بکـات. کاتـێ ڕووسـیا ئـەو هۆشـیاریەی پێگەیـشت شـەڕ تـەواو ماندووی کردبـوو، بۆیـە بـە چـوار خاڵەکـە ڕازی بـوو یەکـەم بانگـەوازی کـرد بـۆ بەسـتنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس[5].

[1] - دەربارەی شەڕ لە بەری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك سەیری : سرهنك، ل 325 – 326. بکە.

[2] - صفوت : ل 48.

[3] - ئامانجی فەڕەنسا ئەوە بوو یەکگرتنی ڕووسیا و نەمسا – بڕووسیا لە ناوبەرێت.

[4] - فیشر : ل 224 – 225.

[5] - محمد فرید بك : ل 512. سنو : ل 40.

## پەیماننامەی پاریس (1856ز)

كۆنگرەی ئاشتی دەستی كرد بەكارەكانی لە پاریس[1] كە لە (25 ی شوباتی 1856ز) دەستی پێكرد تا (30 ی ئازار) بەردەوام بوو. ئامانجی سەرەكی كۆنگرەكە یەك لای كردنەوەی داهاتووی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەو بوارەدا زۆر ئامانجیان پێكا، بەڵام نەگەیشتبوونە ئامانجی كۆتایی[2]، بەشداربووانی كۆنگرەكە لە (30 ی ئازار)دا كۆتایی یان بە كۆنگرەكە هێنا كە ئەم خاڵانەی تێدا بوو :

1. دان نان بە دەستەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر تەنگە ئاویەكاندا.
2. خاڵی كردنی دەریای ڕەش لە چەك، كە ڕێگا نەدرێت هیچ كەشتی یەكی شەڕ بچێتە ناو دەریاكەوە یان دامەرزاندنی دامەزراوەیەكی سەربازی لە دەریاكەدا. واتە بێ لایەنی دەریاكە، هەروەها ڕووسیا بۆی نییە ئستوڵی دەریایی و پیشەسازی سەربازی لەسەر كەناری دەریا دامەزرێنێت.
3. داخستنی تەنگە ئاویەكان لە بەردەم كەشتی یە جەنگی یەكاندا كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە قەدەغەیە كەشتی جەنگی بچنە ناو دەریاوە.
4. بەشداربووانی كۆنگرەكە سوورن لەسەر سەربەخۆیی دەوڵەتی عوەسمانی، نابێ دەوڵەتانی بێگانە دەست لە كاروباری دەوڵەتی عوسمانی وەربدەن، بەڵام دەبێ سوڵتان یەكسانی تەواو بەرجەستەبكات لە نێوان دانیشتوانی مەسیحی و موسڵماندا.
5. دوو بارە ڕێكخستنەوەی سنووری عوسمانی ــ ڕووسی لە بساربیا.
6. لكاندنەوەی ئەو ناوچانەی كە ڕووسیا چۆڵیان دەكات لە ئەفلاق بە دەوڵەتی عوسمانییەوە.
7. گێڕانەوەی قارس بۆ دەوڵەتی عوسمانی.
8. ئازادیی كەشتییەوانی لە ڕووباری دانوبدا و پێكهێنانی لیژنەیەكی نێودەوڵەتی بۆ ئەو كارە.

[1] - پێنج دەوڵەتی ئەوروپی بەشداریان كرد كە فەڕەنسا و بەریتانیا و ڕووسیا و سردینیا و نەمسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا.

[2] - جرانت و تمبرلی : بەرگی یەكەم، ل 433.





9. كۆنگرە دەبێتە دەستەبەری حوكمی زاتی لە ئەفلاق و بەغدان و سڕبیا لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عووسمانیدا.[1]

كۆنگرەی پاریس سەركەوتنێك بوو بۆ فەڕەونسا و بەریتانیا لە پاراستنی خاكی عوسمانیدا[2]، بەشداربووانی كۆنگرە دەیانزانی كە سوڵتان بە نیازە فەرمانێك دەربكات، لە بەرژەوەندی مەسیحییەكانی دانیشتووی دەوڵەتی عوسمانی بە داننان بەیەكسانی تەواو لە نێوان هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە ئایین و بیروباوەڕیان، وەكو تێبینی دەكرێ ئامانجی شەڕەكە بێ هێز كردنی ڕووسیا بوو و هێشتنەوەی دەوڵەتی عوسمانی وەكو بەربەستێك لە نێوان ڕووسیا و دەریای سپی ناوەڕاستدا، بەڵام كۆنگرەكە باسی لە كێشەی (چیای ڕەش) و سڕبیا نەكرد، وەكو سەرەتایەك بۆ جیاكردنەوەی لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی بەكارهێنانی وەكو بەربەستێك لە نێوان ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانیدا. بەم شێوەیە شەڕ تواوبوو دەوڵەتی عوسمانیش ڕزگاری بوو لە مەترسی ڕووسیا كە هەمیشە هەڕەشە بوو بۆی و چاوەڕوانی ئەوە لە دەوڵەتی عوسمانی دەكرا ببێتە دەوڵەتێكی یەك پارچە و بگاتە كاروانی وڵاتانی دەستوری وەكو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پابەند بە كۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ڕێگای فەراهەم كردنی یەكسانییەكان.

## دەرەنجامەكانی جەنگی قرم

دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی قرم ڕزگاری بوو لە حاڵەتێكی پەشۆكاویدا بوو هەرچەند شەڕەكە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو لە قۆناغی یەكەمدا، ئەویش كەم نەبوونەوەی ولایەتەكانی و سوو لێەرگرتنیان ماوەیەكی دی بۆ بەردەوام بوون لە ژیان[3]، بەڵام لە ڕاستیدا شەڕ لە بەرژەوەندی دەوڵەتە چالاكەكان تەواو بوو، دەوڵەتی عوسمانیش وەكو ئەڵقەی پەنجەی ئەو وڵاتانەی لێهات بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسووراند و فێڵ و تەڵەكەیان لێدەكرد بە مەبەستی لاوازكردنی[4] لە كاتێكدا ئەو خەریكی ڕێكخستنەوەی كاروباری ناوخۆی بوو. نەتەوە نا موسڵمانەكانی دژی ڕاپەڕین و كێشەیان بۆ دروست دەكرد، ئەوەش بە پاڵنانی دەوڵەتانی ئەوروپی بەمەبەستی

[1] - دەقی پەیماننامەكە دەبنی : Hurewitz : op. cit. I. pp. 153 – 156.

[2] - سنو : ل 40.

[3] - فیشر : ل 225.

[4] - محمد فرید بك : ل 523.

جیابوونەوەیان، وەکو هاوکارییەك لەگەڵ (بابی عالی)دا فەڕەنسا و بەریتانیا و نەمسا پەیمانێکیان گرێدا. لە (11ی نیسانی 1856ز)دا کە تێیدا پەیمانیاندا ڕێزی سەربەخۆی دەوڵەتی عوسمانی بگرن و یەك پارچەیی خاکەکەی بپارێزن و، لە پەیمانی پارسدا هاتووە هۆشیاریاندا کە هەرلایەنێك کە ئەو پەیمانە پێشێل بکات لەلایەن ئەو سێ وڵاتەوە شەڕی لە دژ ڕادەگەیەنرێت، هەروەها ڕێککەوتن لەگەڵ بابی عالیدا هەندێ دەوڵەتی دی ڕازی بکەن. [1] کە گوێڕایەڵی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی پارس بن، بەڵام دوایی دەرکەوت کە بەستنی پەیمانەکان شتێکە و جێبەجێ کردنیان شتێکی دیکەیە. دەوڵەتی عوسمانی لە پەیمانی پاریس هیچی دەست نەکەوت. بێجگە لە کێشە بۆ نانەوەی لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپی یەوە بەمەبەستی پارچە پارچە کردنی و لکاندنی بە خۆیانەوە بەشێوەیەك کەرەستەی (پارێزگاری کردن لە خاکی عوسمای یەك پارچەیەکەی) هیچ نرخێکی نەبوو[2]. لە ئەفلاق و بەغداندا فەرمانڕەوایی عوسمانی لاواز بوو. دەوڵەت بێ هیوا بوو لە فەرمانڕەوایی ئەو دوو ناوچەیە کە دەستەڵاتەکەی گوازرایەوە بۆ دەوڵەتانی ئەوروپی[3]، کە ڕێکەوتنی پاریس ئەنجامێکی پێچەوانەی بەندەکانی هەبوو کە هەستی نەتەوایەتی لەو دوو ولایەتە پەرەی سەند و بوو بە هۆی یەکگرتنی هەردوو ولایەتەکە و پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، کە بە هاوتای پێکهێنانی حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆ بوو، و میر کوزایان هەڵبژارد و، کردیان بە میری خۆیان و نەتەوەی ڕۆمانیان ڕاگەیاند[4]، و دەوڵەتە ئەوروپیەکان یارمەتی سڕبیا و چیای ڕەش یان دا کە داوای سەربەخۆیی بکەن و لە بۆسنە و هەرسکیش تۆوی دووبەرەکی وای کرد بزوتنەوە جیاخوازەکان سەرهەڵبدەن. لە ڕاستیدا دانیشتوانی ئەو ناوچانە چەند هەنگاوێکی باشیان نا بەرەو سەربەخۆیی میر میلوش ئۆبرینوڤیتش میری سڕب سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند لە ساڵی (1859ز)دا بەبێ فەرمانی سوڵتان دوای خۆشی میخائیل بوو بەجێگری سڕبیا و شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەوروپی وەرگرت. سەرکەوتوو بوو لە پێچانەوەی حامیە عوسمانییەکان

[1] - صفوت : ل 49 . دەقی پەیمانەکە دەبنی :ا.Hurewitz: I , p. 156
[2] - Miller: op, cit. p. 239.
[3] - لە پەیمانی پاریس دا هاتووە لە ( 19 / ئابی 1858ز)دا پارێزگاری هەردوو ولایەتی ئەفلاق و بغدان بخرێتە سەر دەوڵەتە ئەوروپی یەکان بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جیابوونەوەی لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی.
[4] - محمد فرید بك : ل 523 . جرانت و تمبرلی : بەرگی یەکەم، ل 439.





لەسەر خاکەکەی بە شێوەیەك هیچ سیمایەکی دەوڵەتی عوسمانی لەو وڵاتەدا نەما، تەنیا ئاڵای عوسمانی نەبێت کە لە تەنیشت ئاڵای سڕبیا لەسەر شوورەکانی بلگراد هەڵدرابوو[1]. چیای ڕەشیش بەهۆی ڕێگری سروشتی یەوە توانی پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات، هەوڵەکانی (بابی عالی) سەرکەتوو نەبوون لە گێڕانەوەی بۆ ژێر دەستەڵاتی عوسمانی ئەویش لەبەر خۆتێگەیاندنی وڵاتانی ئەوروپی بوو[5].

دەوڵەتانی ئەوروپی کێشەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد لە دروست کردنی ئەو کێشانەدا هەرگیز درێغیان نەدەکرد، بە تایبەت کێشەی دوورگەی کریت[2] و کێشەی جدە[3] باشترین بەڵگەن، بەڵام دەرەنجامی پێوەندیە دەوڵەتییەکان گرنگترینیان بێ هێزکردنی ڕووسیا بوو تێکڕا ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ڕووسیا و نەمسا دا بوو، کە هەر ئەو هاوپەیمانییە کۆنەپەرستانە بوو وایکرد شۆڕشی نەتەوەکانی تەواقە سەرکەتووبێت سەربەخۆیی بەدەست بێنن و ئامانجەکانیان بە دەست بهێنن. سەرباری ئەوەش ئەو بەیاننامەی لە کۆنگرەکە دەرچوو بنچینەیەکی دانا بۆ گەمارۆدانی دەریایی و مەرجەکانی پاراستنی مافی بێ لایەنەکان و قەدەغەکردنی ڕێگریی دەریایی.[4]

## چاکسازی ناوخۆیی

سەرەتا بزووتنەوە چاکسازی و نوێخوازەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا دەستیان پێکرد، بەڵام تووشی زنجیرەیەك ڕێگر بوون، بۆیە نەیانتوانی کە کاریگەری باشیان هەبێت تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە. چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە بنچینەکەی وەرگیرا بوو لە ڕێکخراوە ئەوروپی یەکان بەهۆی دارمانی دەوڵەتی عوسمانی و لەهەمان کاتیشدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ڕاپەڕینێکی گشتگیر و خێرای بەخۆیەوە دەبینی بە تایبەت لەژێر کاریگەری هەردوو شۆڕشی فەڕەنسی و شۆڕشی

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 536 – 537. هەمان سەرچاوە : ل 437.

[2] - سەیری کێشەکان بکە لەگەڵ ئیمارەتی جبل الاسود دا : محمد فرید بك، ل 532 – 535.
[3] - موسڵمانان لە جدە لە ساڵی (1858ز) دژی مەسیحییەکان ڕاپەڕین و هەندێکیان کوشتن کونسولگەری فەڕەنساش بریندار بوو لەو ڕووداوە و ژنەکەشی کوژرا کە دەرگا کرایەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی دەست تێوەربدەن تاوانباری بکەنن بەڕەگەز پەرستی ئاینی و کەمتەرخەمی و هەریەك لە فەڕەنسا و بەڕیتانیا کەشتییەکانی خۆیان نارد بۆ ناوچەکە و هێزی دەریایی بەریتاینا شاری جدەیان بۆمباران کرد . سەیری ئەو بابەتە بکە کە پێوەندی بەردەوامی بە جدەوە هەیە : محمد فرید بك، ل 525 – 526.
[4] - نوار و نعنعی : ل 241 – 242.

پیشەسازی. کاتێك پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی هەستیان بە پێویست بوونی چاکسازی کرد. شارستانیەتی ڕۆژئاوا گەشەی سەندبوو دەوڵەتەکانیان بەهێزبیوون، شتێکی ئاسایی بوو کە ئەوانەش هەوڵ بدەن شوێنیان هەڵبگرن و لێ یانەوە فێربن.

لە ڕاستیدا بزووتنەوە چاکسازیەکان یەکەم جار لە بواری سەربازیدا دەستیان پێکرد وەکو پێشەوە باس کرا، بەڵام چاکسازی بواری ئیداری و شێوەی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید دا دەستی پێکرد هەرچەند ئەوە بریتی بوو لەو چاکسازیەی کە لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم و مەحمودی دووەمدا دەستی پێکرد بوو. سوڵتان عەبدولمەجید یەکەم کەس بوو شێوەیەکی ڕەسمی بەخشی بە زانیاری وەرگرتن لە ڕۆژئاوا[1] گرنگترین کەسایەتی یە ناودارەکان کە لەم بوارەدا یارمەتی سوڵتانیان دا مستەفا ڕەشید پاشا بوو کە یەکێکە لەوانەی نرخی چاکسازی سیاسی دەزانی[2]. لە ڕاستیدا سوڵتان لە ژێر کاری ئەودا فەرمانێکی ئیمزا کرد بەناردنی گەنجانی عوسمانی بۆ پایتەختی ولاتانی ڕۆژئاوا بەمەبەستی فێربوون و ڕاهێنان، بەمەبەستی ئامادەکردنیان بە یارمەتی ئەو وەزیرە ڕەوڕەوەی بەرەو ڕۆژئاوابوون دەستی پێکرد.[3]

چاکسازی بە دوو قۆناغ تەواو بوو. قۆناغی یەکەم قۆناغی (ڕێکخستن) بوو کە لە ساڵی (**1839**ز)وە دەستی پێکرد بە درێژایی سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید و سوڵتان عەبدولعەزیز واتە هەتا ساڵی (**1876**ز) بەردەوام بوو بەوناوە ناوی دەرکرد لەبەر ڕێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەت لەسەر بنچینەی تازە لەهەموو لایەنەکاندا بە تایبەت لایەنی ئیداری و دارایی و یاسایی و فێرکردن.

قۆناغی دووەم بەناوی (مەشروتیە)وە بوو لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید ەوە دەستی پێکرد. ئەو قۆناغە بەوە ناسراوە فەرمانڕەوایی ڕەها هەڵدەوەشێتەوە. دەستەڵاتەکانی سوڵتان سنووردار دەکات و قانوونی ئەساسی جێبەجێ دەکرێت، ئەو (ڕێکخراو) و چاکسازیانە لەسەر بنچینەی دوو فەرمانی سوڵتان جێبەجێ دەکران کە

---

[1] - الشوابكه . احمد فهد بركات : بزوتنەوەی جامعەی ئیسلامی، ل 32.0

[2] - مصطفی ڕەشید پادشا باڵوێزی ولاتەکەی بوو لە پاریس لە ساڵی (**1834**ز) وە لەوێوە ڕاپۆرتی دەناردەوە بەرپرسانی عوسمانی هاندەدا کە کەڵك لە بەرنامەکانی ڕۆژئاوا وەربگرن و لەبەرئەوەی دەوڵەت ناتوانێت بژیەت کە گۆڕانکاری نەکات . سەیری : Lewis . B: the Emergence of Modern Turkey, pp. 103 – 104.

[3] - **Ibid**





یەکەمیان لە (**13** ی تشرینی دووەمی **1839**ز) دەرچوو، کە بەناوی (بڵاوکراوەی گوڵخانە) ناسرابوو، بەڵام دووەم لە (**12** ی شوباتی **18**ی**56**ز)دا دەرچوو بەناوی (بەیانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان) دەناسرا[1].

## بڵاوکراوەی گوڵخانە

مستەفا ڕەشید پاشا کاتێ پۆستی وەزیری دەرەوەی وەرگرت ئاواتی ئەوە بوو کە ولاتەکەی بگاتە ڕیزی ولاتانی ئەوروپا. ئەوەش لە ڕێی دەرکردنی مەرسومێکی دەستوری کە مافی هاووڵاتیان تازە بکاتەوە، دیاردە ناشیرنەکانی ناو دائیرەکانی حکومەت لابەرێت، هەروەها هەوڵی دەدا کە پشتیوانی فەڕەنسا و بەریتانیا بە دەست بهێنێت. لە دوژمنایەتی ڕووسیا دووربکەوێتەوە، کارێکی وابکات کە گەلانی ولاتەکەی شۆڕش بەرپا نەکەن دژی ولاتەکەیان. ئەو وەزیرە توانی بە ئاسانی سوڵتان ڕازی بکات، هەستا بە ئامادەکردنی دەقی دەستوورەکە و، لە (**3** ی تشرینی دووەمی **1839**ز)دا لە بەردەم دانیشتوانی پایتەخت و نوێنەری جالیەی عوسمانی لە ئەوروپا و ئەندامانی بواری دبلۆماسی. لە کۆشکی گوڵخانە دەستوورەکەی خوێندەوە، هەربۆیەش بەو ناوەوە ناسرا لە ئەنجامی ئەوەدا سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد کە پێ ی دەگوترا سەردەمی (ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی عوسمانی)[2]، دیاربوو کە پێوەندی یەك هەبوو لە نێوان ئەو بەیانەو شکانی سوپای عوسمانی لەبەردەم سوپای میسر دا ئەمە لەلایەك و ئارەزووی دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی ولاتانی ئەوروپی بۆ هەڵوێستەکەی لەمەڕ کێشەی میسر[3]، ئەمەش لەلایەکی دیکەوە. لە ڕاستیشدا بزوتنەوەی چاکسازی پێشتر دەستی پێکرد بوو وەکو باسمان کرد، کە دەرکردنی ئەو بەیانەش بەشێك لە بەشەکانی دیکەی چاکسازییە، کە بارودۆخی تێکشکانەکەی وای پێویست دەکرد کە ئەو کارە بکات. هەتا دەرکەوێت کە دەوڵەت شایانی ئەوەیە کە هاوکاری بکرێت لەلایەن دەوڵەتانی پێشکەوتووەوە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی نوێخوازی کە دەوڵەتی عوسمانی بەخۆیەوە بینی هەر لەسەدەی هەژدەوە،

---

[1] - الحصری، صاطع : ولاتانی عەرەب و دەوڵەتی عوسمانی، ل 87.

[2] - الحصری : ل 87.

[3] - Davison: op. cit, p. 38.

وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی عوسمانیدا، کە بە خاڵی دەست پێکردن بەرنامەی فراوانی چاکسازیی کە دوای چەند سەدەیەك گۆڕانێکی ڕیشەیی دروست کردبوو لە بواری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی، بەڵام دەستوورێك نەبوو، بەڵکو هەنگاوێك بوو بۆ دروست کردنی چاکسازی دیاریکراو. وەکو ڕێزگرتنی سەربەستییە گشتییەکانی ماڵ و دارایی خەڵك تاکە کەسەکان، بێ لەبەر چاوگرتنی ئایین و نەتەوە.[1]

لە ڕاستیدا ئەم بەیانە هیچ فکرەیەکی تازەی تێدا نەبوو گرنکییەکی هەبێ لە نێوان کۆن و تازەدا بەمەبەستی مل دان بە داواکاری چاکسازی خوازەکان بێ ئەوەی پارێزەرکاران هەراسان بکەن کە ئەوان ئەو کارەی نوێخوازانیان بەهۆی لێکهەڵوەشانی دەوڵەت دەزانی، ئەویش کارنەکردن بوو ڕێنماییەکانی قورئان[2]. ئەمەش زیاتر لەبەر هۆکارێکی دوولایەنە بوو لەلایەك ڕازی کردنی هەست و نەستی موسڵمانان، لە لایەکی دیکەوە دەست خستنی سۆزی مەسیحییەکان کە لەگەڵ بەرز ڕاگرتنی بەها ئیسلامییەکان نەدەهاتەوە هەمیشە باسیان لێوە دەکرا کە تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی. لە لایەکی دیکەشەوە دەست نیشان کردنی ئەو دەستورە نوێیە بۆ ڕزگاربوونی لەو نامۆیانەی کە لە پشت گوێ خستنی ئەو داب و نەریتانە سەریان هەڵداوە[3]. ئەو بەیانە دەری دەخست کە گوێ نەدان بە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی هۆیەکە کە دەوڵەتی تووشی لاوازی و داڕمان کردووە لە سەدەکانی ڕابردوودا. ئامانجیش لێ ی زیندووکردنەوەی فەرمانە شەرعی و یاساکانیەتی سەرەڕای زیندوو ڕاگرتنی دەوڵەت و گەل[4]. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو بەیانە هەنگاوێك بوو بەرە و پیادەکردنی یاساکانی دانراوی مرۆڤ کە بڕیاری ئەوە بوو کە هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا[5]، کە لەوانە بوو ئەو یەکسانی یە وابکات گیانی جیا خوازی گەلانی غەیرە عوسمانی لاواز بکات، گوێ ڕایەڵی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دووبارە بکەنەوە، کەبەمەش ئەو بەربەستەی هەبوو لە نێوان گەلانی عوسمانیدا نەدەما. دەبوو بەهۆی

[1] - Engelhart, Ed: La Turqyi et le tanzimzt. I pp. 257 – 261.

[2] - سەیری دەقی بەیانەکە بکە : محمد فرید بك، ل **481** – **484**. (بەزمانی عەرەبی و Schopoff, A: Les Reformes et la prote ction des chretiens en Turqui, 1673 – 1904 , pp. 17 – 24 (بەزمانی فەرەنسی). Hurewitz : op. cit , I.pp. 113 – 116. (بەزمانی ئینگلیزی) مصطفی، هەمان سەرچاوە، ل **21**.

[3] - Davison: op. cit, p. 39.

[4] - نوار : هەمان سەرچاوە، ل **185**.

[5] - Davison: op. cit, p. 40.





بەرپاکردنی برایەتی لەنێوان هەموو گەلانی عوسمانیدا. لە کۆتایدا دەبوو بەهۆی بەهێزکردنی دەوڵەت لە ئەنجامی پشتیوانی کردنی مەسیحی و موسڵمانەکان بۆ دەوڵەت[1]. هەر ئەوەش وای کرد کە خزمەتی سەربازی بێجگە لە موسڵمانان گەلانی دیش بگرێتەوە، بەڵام ئەوە نەگەیشتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە زیادبوونی هەستی نەتەوایەتی لە نێوان گەلانی بەلقان ئەو کۆمەڵە گۆڕانکاریانەی بەتاڵ کردەوە گرنگی بەرچاوی نەبوو.[2] هەروەها ئەو بەیانە لە کۆکردنەوەی باجیش یەکسانی پەیڕەو دەکرد بەسەر هەموو تایەفەکان دا کە بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسای گوێ ڕایەڵی(پابەندبوون).[3] کە بەپێی بەیانەکە یەکێکە لەو ئەمیرانەی کە بوو بەهۆی مالۆیرانی دەوڵەتی عوسمانی و لێکهەڵوەشانی. ئەو بەیانە سێ شتی خراپی سەردەمەکانی پێشووی هەڵوەشاندەوە لە ڕاستیدا ئەو بەیانە بەشێوەیەکی یەکجارەکی سێ لایەنی خراپی سەردەمەکانی پێشووی هەڵوەشاندەوە. هەرچەند ئەو شتانە بەزۆرداری باسیان لێوەدەکرا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە (الاحتكارات) و (الصادرات) و دابین کردنی کۆکردنەوەی باج لە ولایەتەکان بۆ ئەو کەسەی نرخێکی زیاتر بدات، بەڵام سزای مردن بەسترابۆوە بە فەرمانی دەرچوو دوای لێکۆڵینەوەی یاسایی[4]. ئەو بەیانە گرنگی دەدا بە یارمەتی فەرمانبەرانی حکومەت و قەدەغەکردنی فرۆشتنی پۆستە دەوڵەتی یەکان و دژایەتی کردنی بەرتیل، هەروەها دانی نا بەمافی مرۆڤدا و ئەمەش پارێزگاری کردنی گیانی خەڵکی بوو، هەروەها پاراستنی ماڵ و ناموسی خەڵك. وادیار بوو باسکردنی ئەو شتانە لەو مەڕسومەدا شتێکی سەیر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ بوو لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا هەتا ئەو مێژووەش لە سێدارەدانی خەڵکی بەبێ دادگای کردن شتێکی ئاسایی بوو. زۆرجاریش دوای لە سێدارەدانەکەش ماڵ و موڵکەکەنی دەستی بەسەر دا دەگریا، هەروەها ناموسی خەڵکی پارێزراو نەبوو لە دەستی پیاوانی ئاسایش و کۆمەڵەی (ئینکشاری)[5]،ئەمەو لە دوای بەیانی گڵخانە زنجیرە یاسایەکی دیکە دەرچوون بەمەبەستی دانانی ڕێ و شوێنێك بۆجێبەجێ کردنیان، هەروەها یاسای داد و

[1] - مصطفی : ل 201 – 202.

[2] - Davison: op. cit, pp. 40 – 41.

[3] - دائرة المعارف الاسلامية، بەرگی پێنجەم، ل 499.

[4] - دائرة المعارف الاسلامية، بەرگی پێنجەم، ل 499.

[5] - الحصری : ل **88**. Davison: op, cit. p. 40.

مەدەنی و تاوان دەرچوون، لە وەزارەتی بازرگانیدا دادگایەك دامەزرا، فەرمان دەرچوو بۆ دانانی بانکی حکومی پارە چاپ کرا و زانکۆی عوسمانی دروستکرا، کە ئەمانە هەموو هێمابوون بۆ ئیرادەی دەوڵەت بەرەو گۆڕان. بەڕاستی مستەفا ڕەشید پاشا ئامانجە دوو لایەنەکەی خۆی پێکا، ئەویش ڕازی کردنی دەوڵەتانی ئەوروپا و توندکردنەوەی باوەڕ بە دەوڵەتەکەی بوو[1]. ئەو بەیانە لە دەرەوەی وڵات کۆمەڵێك ڕەخنەی ئاڕاستەکرا و لافاوێك پشتگیری لێکرا ئەمەش بەپێی بەرژەوەندی هەر وڵاتە بۆ خۆی. سیاسەت مەداری نەمساوی مترنیخ ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی عوسمانی کرد. هۆشیاری دا کە نابێ شارستانی ڕۆژئاوا و شارستانی ئیسلامی تێکەڵی یەکدی بکرێن.

ئەم هەڵوێستەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێی خۆش نەبوو عوسمانییەکان توانای زانستییان پەرەبستێنێت. ڕووسیاش دژی ئەو بەیانەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام بەریتانیا پێشوازی لێکرد و بەهۆیەکی دەزانی بۆ بەرەو پێشچوونی دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی خۆڕاگرتن لە بەردەم ڕووسیادا[2]، بەڵام لە ناوخۆدا تووشی بەربەرەکاریەکی توند بوو بە تایبەت لە لایەنە ئایینیە مەزهەبە توندڕەوەکانی ئیسلامی و مەسیحی هەروەکو چیای لوبنان[3]، لە کاتی جێبەجێ کردن هەندێك کێشە سەریان هەڵدا کە لەیاسایی کوندانە دەبینران خاوەن بەرژەوەدیەکان لە جێبەجێ کردنی ئەو بەیانە چوار جۆر بوون دەبوو گوێ یان لێبگیرێت:

1. دەستە فەرمانبەرە مەدەنی و سەربازی یەکان.
2. هاووڵاتی یە موسڵمانەکان لە سەرووی هەموویان زاناکان.
3. هاووڵاتی یە ناموسڵمانەکان.
4. بەرژەوەندیی بێگانەکان.[4]

دەستەی یەکەم و دووەم ڕێگرێکی وانەبوون لەبەردەم جێبەجێ کردنیدا، چونکە ئەوانە ئیسلام لە نێویاندا هەبوو، هەرچەند هەندێ هەوڵ دەدران بۆ بێ بەشکردنی زانایانی ئایینی لە مافەکانیان لە یاسادانان و ئیدارەدا. سەرە ڕای ئەوەش هەندێ لە نوێخوازەکان

[1] - دائرة المعارف الاسلامية، بەرگی پێنجەم، ل 500.
[2] - نوار : ل 186.
[3] - نوار : ل 186.
[4] - دائره المعارف الاسلامیه، بەرگی پێنجەم، ل 500.





دەیان گوت دەبێ هەندێ یاسای شەرعی هەڵوەشێنەوە، وەك سزای هەڵگەڕاوە لە ئیسلام. وەرنەگرتنی نا موسڵمان لە شاهیدی دان لە دادگاکان[1]، بەڵام لە ڕاستیدا بەخشینی مافی تەواو بە هاووڵاتی یە نا موسڵمانەکان مانای ئەوەیە لەو حوکمە زاتی یەی کە پێ یان دراوە دادەماڵرێن کە هەر لە سەردەمی سوڵتان محەمەد فاتحەوە کەڵکی لێوەردەگرن کە ئەوان ئامادە نەبوون کە ڕۆڵەکانیان بکرێن بەسەرباز، هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە یەکسانی یان لەگەڵ موسڵمانەکان زیانی هەیە بۆیان، دەوڵەتانی بێگانە بەسەر ئەو ناموسڵمانانەدا قسە ڕۆیشتووبوون، ئەویش ڕژێمی (ئیمتیازات)ەوە وڵاتانی بێگانە هەمیشە لە قۆزتنەوەی ئەو بارە ئابووریو ئایینییەدا بوون، ئەویش لە ڕێگای پارێزگاری لەناو موسڵمانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی[2]. لە ڕاستیدا جێبەجێ کردنی زۆربەی بەندەکانی ئەو بەیانە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئیمتیازاتی بێگانە هەمیشە گیانی جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی دەقۆزتەوە. لەو لاشەوە دەوڵەت هەمیشە هەوڵی دەدا کە بەیانەکە جێ بە جێ بکرێت و ڕێگەش لە وڵاتانی بێگانە تەسك بکاتەوە.

بەم جۆرە کۆمەڵێك ئاستەنگ کۆبوونەوە دەربارەی هاووڵاتیان، بۆیە چەندین شۆڕش سەریان هەڵدا لە ولایەتەکان، کە بوو بەهۆی خۆتێوەردانی وڵاتانی بێگانە بەمەبەستی خزکەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان. وا دەرکەوت کە کۆمەڵێك مەترسی بەڕێوەن هەتا وای لێهات بیرکرایەوە لە لابردنی مستەفا ڕەشید پاشا بۆ وەستاندنی بەیانەکەی گڵخانەی (**1841**ز)، هەروەها حیزبێکی گەورە دروست بوو کە بانگەوازی دەکرد کە ئەو بەیانە مەترسی یەکی گەورەیە بۆسەر دەوڵەت[3] لە ڕاستیدا بەندەکانی ئەو بەیانە لە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا جێبەجێ دەکران، کە (سەدری ئەعزەم) تووشی دەردە سەریەکی زۆربوو لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی چاکسازی دا. سەرباری ئەوش گۆڕانکاری زۆر ڕوویدا لە پۆستە بەرزەکانی حکومەتدا. وەکو لابردن و دانانی (سەدری ئەعزەم)ەکان و وەزیرەکان، بەڵام ئەو ڕێگایەی کە مستەفا پاشا دەستی پێکردبوو بەرەو پێش دەچوو و گەڕانەوەی نەبوو، بەهەرحاڵ بزوتنەوەی چاکسازی بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی لابردنی مستەفا پاشا ڕاوەستا. دوای ئەوە هێزی خۆی بەدەست هێنایەوە و

[1] - هەمان سەرچاوە : ل **501**. Davison: p. 43.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل **500**. Ibid
[3] - Lewis: op. cit, p. 109.

دەستی پێکردەوە[1]. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی قرم دەوڵەتانی ئەوروپی مەرجیان دانا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کە بەیانێکی تازە دەربکات دەربارەی چاکسازی کە بەرنامەکەی ڕوون و ئاشکرابێت و بەرفراوان و ورد بێت. باشتربێت لە بەیانی گلخانە ئەمەش بەمەستی وەرگێرانی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆمەڵەی ئەوروپادا. بۆیە لەسەر ئەو بنچینەیە بەیانی (هومایونی) لە ساڵی ("1856ز)دا دەرچوو کە ئەویش بەیانی (ڕێکخراوە خێرخوازەکان)بوو.

هێڵی هومایونی، بەیانی (ڕێکخراو یان چاکسازییە خێرخوازەکان) هێلی هومایونی لە (18ی شوباتی 1856ز)دا دەرچوو لە ژێر دووهۆکاردا:

یەکەمیان : فشاری دەوڵەتانی ئەوروپا بە تایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا دوای تەواوبوونی شەڕی قرم داوایان دەکرد حاڵی مەسیحی یەکان باشتر بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا لە ڕووسیا بگرن جارێکی دی کە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی خۆتێوەر نەدات، لە هەمان کاتیشدا بەردەوامی ئاشتی لە داهاتوودا مسۆگەر دەکات.[2]

دووەم : ڕازی کردنی پیاوانی حکومەت کە لە ئیدارەی وڵاتەکەیان چاکسازیی بکەن و تازەی بکەنەوە لەسەر بنچینەی وەرگرتن لە یاساکانی ئەوروپا و بەبێ دەستکاری کردنی حوکمە شەرعییەکان.

هەروەها یەکێك لە ئامانجەکانی بەیانی گلخانە ڕاکێشانی سۆزی وڵاتانی گەورە بوو بەرەو دەوڵەتی عوسمانی دوای تێکشکانی (نسێبین). بەیانی هومایونیشی ئامانجی ئەوە بوو پشتیوانی دەوڵەتانی ئەوروپی بە دەست بهێنێت بەمەبەستی دژایەتی کردنی ڕووسیا، کە زۆری نەبرد نەمسا بەیانی ئاشتەوایی پاریسی پێکهێنابوو لە مانگی ئازاری (1856ز)دا مەرجەکانی بەیانی هومایونی قبوڵ کرد[3]. سوڵتان دووپاتی کردەوە کە ئەو بەڵێنانەی داویەتی بە ناموسڵمانەکان جێبەجێیان دەکات کە لە بەیانی گلخانەشدا باسکراوە[4]، بەڵام سوڵتان بەندێکی زۆر گرنگی بۆ زیاد کرد کە پێوەندی بە پارێزگاری هاووڵاتیانی نا موسڵمانەوە هەبوو، کە سوڵتان پەیمانیدا موسڵمان و ناموسڵمان لەناو دەوڵەتدا یەکسانن، هەروەها هێشتنەوەی ئەو مافانەی کە بەخشرابوون بە سەرۆکەکانی

[1] - Ibid. Davison: p. 44.
[2]- Davison: op. cit. p. 52.
[3] – الحصری : ل 91. مصطفی : ل 212.
[4] - Lewis: op. cit, p. 114.





میللەتانی ناموسڵمان. وەکو مافی هەڵبژاردنی پەتریك بۆ هەر میللەتێك، دیاری کردنی یارمەتی بۆ پیاوانی ئایینی ناموسڵمان و دامەزراندنی دادگای تێکەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵمان و ناموسڵمان لەو دادگایانەدا.[1] هەروەها لە مەودوا کاروباری مەسیحی یەکان هەر لەسەر شانی پیاوانی ئایینی نابێت، چەند ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە کە تێکەڵ بێت لە موسڵمان و ناموسڵمان هاوکاریان دەکەن.[2] هەروەها ئەو هێڵە دووپاتی کردەوە کە هەر میللەتێك بطریك هەڵدەبژێرێت هەتا مردن. مافی پەرستن بۆ مەسیحییەکان دەستەبەرکرا و ڕێگەدرا کەنیسەکان دووبارە ئاوەدان بکەنەوە و کەنیسەی تازە دروست بکەن بەو مەرجەی کە پێشتر ڕوخسەت لە سوڵتان وەربگیرێت، هەروەها بۆیان هەیە لە پەیمانگە ڕەسمییەکان بخوێنن و ببنە فەرمانبەر لە دائیرەکانی دەوڵەتدا. مافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان قوتابخانەی هونەر و پیشەسازی دامەزرێنن بە مەرجێك کە لە ژێر چاودێری بەرنامەکانی خۆشیدا بێت و دانانی لیژنەیەکی تێکەڵ بۆ چاودێری کردنی پەیڕەوی خوێندن.

هێڵی هومایونی یان بەیانی هومایونی ئەوەی چەسپاند کە نابێ بێ ڕێزی بە مەسیحی یەکان بکرێت و وتار بێژانی مزگەوت دەبێ خۆیان دووربگرن لەوجۆرە وتارانەی کە ئەو هەستە دەوروژێنێت. لەمەو دوا نابێت بێ ڕێزی بەو موسڵمانانە بکرێت کە دەبنە مەسیحی و بەهەڵگەڕاوە لە قەڵەم نەدرێن، لە بەرانبەر ئەوەدا خزمەتی سەربازیان لەسەر پێویست کرا، بەڵام مافی ئەوەیان هەبوو کە (بدل) بدەن[3]. لە ڕاستیدا دەوڵەت نەیتوانی یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا پیادەکە بکات خزمەتی سەربازیش هەر لەسەر موسڵمانەکان بوو چونکە مەسیحییەکان بۆخۆیان (بدل)یان دەدا، هەروەها پۆستە گرنگەکانی ئیداری و قەزا هەر بەدەست موسڵمانەکانەوە بوو[4]. هەر بەپێی ئەو بەیانە ڕێگە درا بە بێگانەکان ببنە خاوەن موڵك بەپێی چەند مەرجێك[5]:

[1] - **دائره المعارف الاسلامیه، بەرگی پێنجەم، ل** 501 – 502 . **نوار : ل** 193.
[2] - مصطفی : ل 211. Davison: p. 57.
[3] - Ibid
[4]- Ibid: p. 53.
[5] - دائره المعارف الاسلامیه، بەرگی پێنجەم، ل 502.

هەروەها پێویستی پێکهێنانی ئەنجومەنی ولایەتەکان دووپات کرایەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەستکرا بە ڕێکخستنەوەی کارەکانی دەوڵەت.[1]

ناوەرۆکی ئەو هێڵە لە زۆر لاوە لێکدرایەوە هەرکەس بەپێی بەرژەوەندی خۆی سەیری دەکرد. زۆربەی زۆری مەسیحی یەکان بە لاوازی و بێ هێزی دەوڵەتیان دەزانی، هەندێك لە سەرۆکەکانیان هەر پێ یان خۆش بوو لەگەڵ ئەوروپا ڕەفتار بکەن لە جیاتی ڕەفتارکردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی چاکسازی. لە بنەڕەتدا پێ یان خۆشبوو هەر مافە کۆنەکانیان هەبێت[2]. بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپا هەمیشە کەڵکیان لەو خاڵە وەردەگرت و باری ئاڵۆزی عوسمانییان بەهەل دەزانی بۆ پارێزگاری کردن لاواندنەوەی مەسیحییەکان ناوەناوە جوڵاندییان، کەئەمەش بوو بەهۆی ئاژاوە خستنەوە لە وڵاتی شام و چیای لوبنان دا، کە ئەوەش بە بارێ:ی تایبەت دا ڕۆیشت چیای لوبنان بوو بە (متصرفیە) کە ئاڕاستەی حوکمی زاتی هەبوو کە ئەمەش پێچەوانەی نەخشەی عوسمانییەکان بوو بۆ یەکگرتنەوەی دەوڵەتی عوسمانی. دوای هێڵی هومایونی کۆمەڵێك یاسای دی دەرچوون بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی عوسمانی گرنگترینیان:

**1**. یاسای زەوی و زار ساڵی (**1858**ز).
**2**. یاسای ولایەتەکان ساڵی (**1864**ز).
**3**. کۆمەڵێك یاسا دەربارەی تاوان و کاروباری بازرگانی ساڵی (**1860 – 1863**ز)[3].

ئامانج لە یاسای زەوی و زار خۆ رزگارکردن لە یاسای (پابەندبوون)ی دەرەبەگایەتی سەربازی و باشکردنی ژیانی جوتیاران بوو، یاسای زەوی حکومی و وازی لێهێنراو پاشکۆی جوتیاران بۆ خاوەن (زەوی نیشتەجێبوون) هەڵوەشایەوە[4]. یاسای ولایەتیش بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ چاکسازیی لە ولایەتەکان لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەت

---

[1] - دەقی (چوأ الهمایونی) کاردانەوەکان لەسەر
Davison: pp. 52 – 80.
Schopof: pp. 48 – 54.
Engelhart, Ed: La Turqyi et le Tanzimat ou Histoire de Reformes Dans L' Empire Ottoman Depuis 1826 Jusqua nos Jours . I , pp. 263 – 270.

[2] - نوار : ل 194.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - مخزوم، محمد : ڕێکخراوە عوسمانییەکان، گۆڤاری مێژووی عەرەب و جیهان، دوو ژمارەی 77 – 78، ئازار – نیسانی 1985ز، ل 18.





ئابووری و کۆمەڵایەتی و، ناچارکردنیان کە گوێ ڕایەڵی دەوڵەت بن، هەروەها ڕێگا چارەیەکیش بۆ دەرەبەگایەتی کۆن دانرا. چاکسازی والی و متصرف و قائم قائیمەکان دەستی پێکرا، کە بۆ ئەو کارە زۆر کەڵك لە یاسای فەڕەنسی وەرگیرا. یاسای (میرات) لەسەردەمی (التیمار) هەڵوەشایەوە. پارەیەکی تایبەت بۆ فەرمانبەران دیاری کرا کە مانگانە لە خەزێنەی دەوڵەت وەری دەگرن. دەستەڵاتی بەرز درایە دەست حکومەتی ناوەند بەشێوەیەك کە والی فەرمانی سەروی خۆی جێبەجێ دەکات و نوێنەری پایتەخت دەبێت. ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی گشتی بەسەردەمی پێشکەوتن و هەستان دادەنرێت لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا. هەرچەند ئەو پێشکەوتنەش شتێکی بەرچاو نەبوو لە چاو ئەو هەموو هەوڵانەی دران. سەرەڕای ئەوەش بەردەوام پیاوانی ئایینی بەمەبەستی پێشگیری لەو پێشکەوتنانە لە هەموو بوارەکاندا، گرفتیان بۆ دەوڵەت دروست دەکرد.

## کۆچی دوایی سوڵتان عەبدولمەجید

سوڵتان عەبدولمەجید لە (**6**ی حوزەیرانی **1861**ز)دا مرد و بەیعەت درا بە براکەی عەبدولعەزیز لە هەمان ڕۆژدا.

# بەشی چواردەهەم
# هەردوو سوڵتان عەبدولعەزیز و موورادی پێنجەم

## عەبدولعەزیز ( 1861 – 1876ز)

### چاکسازی لە سەردەمی ئەودا :

سوڵتان دەستەڵاتەکەی سەرکەوتووانە دەست پێکرد و پێی باش بوو لەسەر ڕێگای ئەوانەی پێش خۆی بڕوات لە چاکسازی ئیداریدا.[1] بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست وڵاتانی ئەورووپی کە دەست وەربدەنە کاروباری وڵات، هەروەها فرە ژنیشی هەڵوەشاندەوە بەهۆی زیادی نەفەقەوە، ڕای گەیاند کە یەك ژن بۆ پیاو بەسە، مسروفاتی دەرباری خۆشی کەم کردەوە[2]. دیارە زۆربەی پایتەخت مسروفیان لەسەر هەرێمی سوڵتان بوو کە سوڵتان نەیتوانی بەبەرەکانی ئەو تەوژمە بکات، کە هەفتەیەکی نەبرد ئەوانەی زیادەڕۆییان دەکرد لە موڵکی دەوڵەتدا جێگایان پێ لێژ بوو[3]. گەنجینەی دەوڵەت ئەوکاتە تووشی کەمی داهات ببوو، کە خەلیفەکانی پێش خۆی قەرزێکی زۆریان بۆ بەجێهێشتبوو، کەمی بودجە لە ساڵی (1861ز) دووسەد ملیۆن لیرەی ئینگلیز بوو[4]، کە دەوڵەت بارێکی گرانی دارایی کەوتبۆ سەرشانی کە لەژێری دەرنەدەچوو، وەکو زنجیرە حەڵقەکانی بەیەکەوە بەسترابوو، سوڵتان لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1861ز)دا فوئاد پاشای کردە (سەدری ئەعزەم) بریکاری کاروباری دارایی و ڕای سپارد کە چاکسازی لەو بوارەدا جێبەجێ بکات.

لیستە داراییەکانی هەڵوەشاندەوە[5]، لە جیاتی ئەوە گۆڕی پارەی زێڕ و پارەی زیو بە نرخی لەسەدا چل و سەهمی بەنرخی لەسەداشەست دادەنا[6]. دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەوکارەش پێویستی بەقەرزکردن بوو. بۆ ئەو مەبەستەش بڕی هەشت ملیۆن جونەیهی ئیستەرلین لە بەریتانیا قەرزکرد[7]، ڕەزامەندیشی دەربڕی لەسەر دامەزراندنی

[1] - Lewis: op. cit, p. 118.
[2] - Davison: op. cit, pp. 110 – 111.
[3] - پاتریك، ماری ملس : سوڵتانەکانی بنی عثمان : ل 75 – 76.
[4] - هەمان سەرچاوە : ل 76.
[5] - پارەی کاغەزە دەوڵەت هەستا بە دەرکردن و چاپ کردنی لەسەردەمی سوڵتان عبدالمجید دا.
[6] - محمد فرید بك : ل 540.
[7] - هەمان سەرچاوە : ل 541.





مفەوەزی دارایی بۆ چاودێری شێوەی صەرف کردنی ئەو قەرزە. دوای ماوەیەکی دیکە سوڵتان ڕەزامەندنی دەربڕی لەسەر دامەزراندی چەند نوێنەرێکی دارایی بۆ وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپی لەسەر پێشنیازی ئەوانە لە ئەستەنبوڵ دیوانی ژمێریاری و بانکی حکومەت دامەزرا، بەڵام ئەو دوو دامەزراوەیە نەیان توانی چاکسازی دارایی گشتی ئەنجام بدەن، لەبەر نەبوونی کارمەندی شارەزا، بۆیە دەوڵەت ناچاربوو کە جارێ قەرزبکات هەشت ملیۆن جونەیهیش لە بانك قەرز بکات[1]، دەرکەوت کە ئەو ڕێ و شوێنانەی کە فوئاد پاشا گرتیە بەر ئەنجامی باشی نەبوو. بۆیە قەرزەکان لەسەر دەوڵەت کەڵەکە بوون، دانەوە و زیادبوونی سوودەکان بوو بە بارێکی گران لەسەر میزانیەی دەوڵەت، دەوڵەت ناچار بوو کە سەهمی تازە دەربکات بەناوی بانکی عوسمانی لە هەریەك لە لەندەن و پاریس لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1865ز)دا بە ڕێژەی سوودی لە (12٪)بەڵام بێ باوەڕی سەرمایەداران بە دارایی حکومەت پاڵی پێوەنا بوو (پارێزکردن لەو بوارەدا)[2]، دەرەنجامی باری دارایی دەوڵەتی عوسمانی فوئاد پاشا تاونبار کرا بە بێ شووری و بێ ئیدارەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1866ز) لەسەر پۆستەکەی لادرا و موحوممەد ڕەشید پاشا خرایە شوێنەکەی، کە دەستی کرد بە دانەوەی قەرزەکان هەر سێ مانگ جارێك لە بەرانبەر وازهێنانی دەوڵەت لە هەندێ لە داهاتەکەی[3]. بەم شێوەیە دەوڵەت توانی ئەو فشارە دارایی یە کەم بکاتەوە باری گرانی سەرشانی دەوڵەت تا ئەندازەیەك سوك بکات. بۆیە کاتێك شۆڕش لە سڕبیا و بولگاریا دەستی پێکردەوە. نەی توانی چالاکی سەربازی ئەنجام بدات بەهۆی ئەو کێشە دارایی یە کە هەیبوو بۆیە هەستا بە کێشانەوەی سەربازگەکانی کە لەوێ مابوون.

گرنگترین کاری یاسا دانان لەسەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز دا ئەو یاسایە بوو لە (16ی حوزەیرانی 1867ز) دەری کرد، کە بەپێ ی ئەو یاسایە بێگانەکان دەیان توانی کە ببنە خاوەنی زەوی و زار و خانوو، هەموو مافێکی دەست بەسەراگرتنی ئەو موڵکانەیان هەبوو و دامەزراندنی ئەنجوومەنی دەوڵەت دامەزراندنی دادگای بەرز لە مانگی

[1] - دەربارەی کاروباری دارایی و قەرزەکانی دەوڵەت . سەیری:أوین، ڕوجر: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئابوری جیهان دا،ل147– 157.
[2] - محمد فرید بك : ل **541**.
[3] - هەمان سەرچاوە : ل 541 – 542.

نیسان دا. هەڵاوێرکردنی یاسای مەدەنی[1]، لە دادگا سەربازییەکان کە لە (14 ی نیسانی 1869ز) دامەزرا. ژیانی زانستی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی دامەزران. یاسایەکی بۆ دانان. هەستا بە دامەزراندنی قوتابخانەی (غلَطه) کە ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاست تێیدا دەیان خوێند، کە بەرنامەی خوێندنی لە یاسای فەڕەنسی وەرگیرابوو. هەر لەسەردەمی ئەودا یەکەم قوتابخانەی کچان کرایەوە.[2]

## نرخاندنی بزوتنەوەی چاکسازی عوسمانی تا کۆتایی سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز

بزوتنەوەی چاکسازی عوسمانی لە کاتی جێبەجێ کردنیدا دووچای کۆمەڵێك ڕێگر بوو کە نەیان هێشت وەکو خۆی بەرەو پێش بچێت لەوانە :

**1**. کەمتەرخەمی ئەو کەسانەی بەکارەکە هەڵدەستان، ئەوانەی کە ئاڵای ئەو بزوتنەوەیان هەڵگرتبوو لە سەدەی نۆزدەدا. ئەوانە باوەڕیان بە پێویستی جێبەجێ کردنی چاکسازی هەبوو لە جیهانی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگەدا، بەڵام هەوڵی ئەوەیان نەدا کەڵك لە شارستانی ڕۆژئاوا وەربگرن. ئەوەی پێویستە لەناو شارستانی ئیسلامی دا لەسەری بڕۆن. داب و نەریتی خۆیان پارێزگاری بکەن. ناوەرۆکی شارستانیەتی ڕۆژئاوا وەربگرن، دیاردەی دەرەوەی واز لێ بهێنن.[3]

**2**. وەستانی پیاوانی چاکسازی لە ناوەڕاستی ڕێگا و نەگەیشتنە کۆتایی ڕێگا[4]، کە چاوەڕوان نەدەکرا موسڵمانان ئەمانە قبوڵ بکەن کە ئەوان بە چاکسازیان نەدەزانی بەڵکو بەشتی داهێنراو و نامۆیان دەزانی، بۆیە بۆشاییەکی دروست کرد لە نێوان لایەنگرانی چاکسازی و واپۆرەی موسڵمانان.

**3**. ئەوانەی کە بە چاکسازییەکە هەڵدەستان شارەزایی تەواویان نەبوو لە جێبەجێ کردنەکەیدا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

**4**. ڕاوەستانی توندڕەوەکانی عوسمانی لە دژی چاکسازی و دروست کردنی ڕێگر لە بەردەمیدا، کە دەیان گوت ئەم چاکسازییە سەرچاوەی جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی

1 - گۆڤاری (الاحكام العدلية) .
2 - پاتریك : ل 66 – 67.
3 - الشناوی : بەرگی چوارەم، ل 1814.
4- Favison: p. 60.





بێگانەکان و مەسیحییەکانی ناو وڵات و ئامانجیشیان جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەکانیانە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی[1].

**5**. هەرچەند دەوڵەت دوو مەڕسومی چاکسازی دەرکردبوو لە ساڵانی (1839ز) و (1856ز)دا[2]، بەڵام نەیتوانی جێبەجێ یان بکات بەهۆی ناڕازی بوونی ناوخۆ و ناچار بوونی سوڵتان عەبدولمەجید بۆ قەرز کردن لە دەرەوە بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی شەڕ.

**6**. کە سوڵتان عەبدولعەزیز هاتە سەر دەستەڵات بە پەرۆشەوە سەیری جێبەجێ کردنی چاکسازی دەکرد، کە ئاواتی چینی ڕۆشنبیرانی عوسمانی بوو، کە بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێك یاسای دەرکرد. بەمەبەستی ڕێکخستنی ولایەتەکانی و دادگاکان و ئەنجومەنی دەوڵەت، بەڵام دوای بەرەو زیادەڕۆیی ماڵی ڕۆیشت. پارەیەکی زۆری لە کۆمەڵێك پڕۆژەی بێ بەرهەم خەرج کرد. پارەیەکی زۆری لە سەفەرەکانی دا خەرج دەکرد، کە ئەمەش هەوڵەکانی چاکسازی پەککخست.[3] ئەمەش بوو بەهۆی ڕووخانی بواری دارایی دەوڵەت و بوو بە هۆی خراپی ناوبانگی دارایی لە ئەوروپا، گومانی دروست کرد لە هەڵسوکەوتی سوڵتان لە بواری چاکسازی سیاسیدا.[4]

**7**. چاکسازی وای لە خەڵکی کرد کە باوەڕیان وابێت کە ئەو بزوتنەوە چاکسازیە کێشەی دارایی ئاڵۆزتر کردووە دەوڵەتانی ئەوروپاش بەریتانیا بە تایبەت باوەڕی وا بوو کە دەوڵەت نەك هەر لە بواری چاکسازی دارایی دا سەرکەوتوو نییە بەڵکو خۆی لەو کارە جدی نییە و کارەکە ناباتە سەر تا کۆتایی، بۆیە ئەو دەوڵەتە توانای مانەوەی نییە بەریتانیا وازی لە سیاسەتی هەمیشەیی خۆی هێنا دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی بۆیە داوای لە وڵاتانی دیش کرد کە دەست بکەن بە هەڵوەشاندنی ئەو دەوڵەتە.

**8**. بزوتنەوەی چاکسازی دەرگایەکی کراوە بوو بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، بوارێك بوو بۆ بێگانەکان بەناوی پسپۆڕی ئابووری و دارایی ڕاوێژکاری دارایی لەناو دەوڵەتدا تەراتێن بکەن.

1 - الشناوی : بەرگی چوارەم، ل1815.
2 - بەیانی گڵخانە و همایونی .
3- Miller: the Ottoman Empire ….. Op. cit, p. 307.
4 - الجميل، سيار : عوسمانییەکان پێکهاتنی مێژووی تازەی عەرەب، هەمان سەرچاوە، ل 157.

**9.** كاربەدەستانی چاكسازی و ڕێكخراوەكانی چاكسازی لە جیاتی ئەوەی هەوڵەكانیان یەكخەن خەڵك و حكومەت بە یەك دەست هەوڵ بدەن، كەوتنە گیانی یەك و بوون بە چەند دەستەیەكەوە، هەندێكیان دەیانەویست شارستانی ڕۆژئاوا لە هەموو بوارەكاندا وەربگرن و دەوڵەت بە یەكجاری ببێتە دەوڵەتی ڕۆژئاوا. هەندێكی دیكە پشتگیریان لە شارستانی ئیسلامی دەكرد و ڕازی نەبوون پشت بە هیچ شارستانییەكی دی ببەسترێت بە مەبەستی چاكسازی پێشكەوتن، هەندێكیش میان ڕەو بوون ڕێگایەكی مام ناوەندیان گرتەبەر نە پشتگیریان لەوان دەكرد نە لەوان.(1)

**10.** هێزی چاكسازی و نوێخوازی دوای لابردنی مستەفا ڕەشید پاشا ساردبوونەوە لەو كارەی خۆیان كە نەیان توانی خۆ ڕابگرن لە بەردەم دەستێوەردانی كونسوڵگەری وڵاتانی ڕۆژئاوا و دەست ڕۆیشتوویی نا ڕازیان و نەبوونی ڕۆژنامەوانی كە كارەكانیان جوان پێشانی خەڵك بدات. بەم جۆرە دەوڵەت كەڵكێكی كەمی وەرگرت لە چاكسازی(2).

---

[1] - الشوابكة : هەمان سەرچاوە، ل 33.

[2] - صفوت : ل 10 – 11.





## كەوتنەوەی ئاڵۆزی لە بەلقان

هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتی: سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز لەچاو سوڵتانەكانی دی شەڕی كەمی تێدا ڕوودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەترەیەكی ترسناك بوو لە مێژووی عوسمانیدا، كە هەموو ولایەتەكانی بەلقان خۆیان ئامادەكرد بە تەواوی لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە. بەشێكی زۆری نیمچە دوورگەی بەلقان هەتا شەڕی قرمیش لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی عوسمانیدا بوو(1).

دوای شەڕی قرم چەندین شۆڕش هەڵگیرسان بۆ ڕزگاربوون لە دەوڵەتی عوسمانی كە بانگەوازی چاكسازی و یەكسانی دەوڵەتی عوسمانی كەڵكی نەبوو لە چارەسەركردنی ئەو كێشانەدا، كە نەی توانی كێشەكان چارەسەر بكات یان سنووریان بۆ دابینێت و نەهێڵێت پەرە بستێنن. هەرچەند باری مەسیحییەكان باش كرابوو.(2)

چەند شتێك هەبوون كە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لەوانە هۆكاری ئایینی و نەبوونییەكسانی خراپی باری ئابووری بە هەمۆی دەرەبەگایەتیەوە و خراپی ئیدارە و بوونی چەند نەتەوەیەك و دەستێوەردانی وڵاتانی گەورە بە تایبەت ڕووسیا كە هەمیشە هەستی نەتەوایەتی دەوروژاند لە ناو گەلانی بەلقان دا دوای لە ئەوەی شەڕی قرم دا سەركەوتوو نەبوو هەولڤی خۆی خستە سەر هەستی ئایینی. چینەكانی كۆمەڵ ناڵەیان بوو لە دەست زوڵمی والی یەكان. بە تایبەتی لە كۆكردنەوەی باج و دەرامەتدا، بەڵام لە ڕاستیدا هەستی نەتەوایەتی هۆكارێكی سەرەكی بوو لەبەرەوپێش بردنی ڕەوڕەوەی شۆڕشەكان.

ئەم هەستەش زیاتر پەرەی سەند كە گۆڕانكاری لە بواری ئیداری هەندێ ولایەت ڕوویدا كە سەركەوتبوون لە جیابوونەوە لە دەوڵەت.(3) لە ئەنجامی ئەوەدا لە بەلقان چەندین تەوژمی نەتەوایەتی سەریان هەڵدا بە تایبەتی (كۆمەڵی سلاڤی) كە ئامانجی جیابوونەوە و خۆڕزگاركردن لە دەستەڵاتی عوسمانی بوو، كە ڕووسیا زۆر دڵی پێ خۆش بوو كە كاریگەریی هەبێ لەسەر گەلانی بەلقان. قەیسەری ڕووسیا ئەسكەندەری دووەم درێغی لە هیچ شتێك نەدەكرد كە گەلانی سلاڤ بكات بە هاوكاری خۆی بە مەبەستی

---

[1] - لەو ناوچانەی كە هەر لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا بوون، بلگاریا و مەقدۆنیا و بۆسنە و هرسك و ئەلبانیا و تسالیا. بە تەنها یۆنان سەربەخۆ بوو. سربیا و ڕۆمانیا (ئەفلاق و بەغدان) حوكمی زاتیان پێدرابوو.

[2] - Davison: op. cit, p. 115.

[3] - جیابوونەوەی یۆنان ساڵی(1830ز). جیابوونەوەی سربیا و وەرگرتنی حوكمی زاتی(1856ز) یەكگرتنی ڕۆمانیا (1862ز).

هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەك و ڕاوەستان لە بەردەم هێزی ماددی فەڕەنسا و بەریتانیا لەلایەکی دی. خۆ دەرخستنی ڕووسیا وەکو هێزێکی بەرچاو لە ناوچەکەدا، کە دەستی کرد بە هاندانی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی یەکان و پشتگیری کردنیان بە کردەوە. لەوانەیە دیارترین کەسایەتی ڕووسی کە پاڵی نا بە گەلانی سلاڤی بۆ جیابوونەوە و شۆڕش، نیقولا ئەجناتبڤ باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ بێت، کە کاری دەکرد بۆ یەکگرتنی سلاڤەکان و کۆتایی هێنانی فەرمانڕەوایی عوسمانی لە بەلقان[1].

چیای ڕەش: هەستی نەتەوایەتی لە چیای ڕەش دەستی پێکرد ڕووسیاش چالاکانە یارمەتی دەدان. بەتایبەت ئەوانەی ئامادەی شەڕبوون. میر دانیال زەحیری چیای ڕەش داوای لە نوێنەری دەوڵەتان لە کۆنگرەی پاریس کرد کە دان بنێن بە جیابوونەوەی وڵاتەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو نوێنەری دەوڵەتەکان ئامۆژگاریان کرد، کە هەر گوێ ڕایەڵی (بابی عالی) بێت. بەلێنییان پێدا کە هەندێ ناوچە لە هەرسك بخەنە سەر چیای ڕەش بۆ زیادبوونی ڕووبەری وڵاتەکەی، بەڵام کاتێ هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو پەنای بۆ نەمسا برد کە یارمەتی بدات لە جیابوونەوە[2]، بەڵام ئاڵۆزی هەر بەردەوام بوو لەو میرنشینەدا لە ساڵی (1858ز)دا چەند شەڕێك لە نێوان سوپای عوسمانی و دانیشتوان ڕوویدا کە کێشەی نەخشەی سنوور بارودۆخەکەی تەقاندەوە، کە شۆڕشگێڕەکان توانیان لە ناوچەی جەراهۆڤۆ بەسەر سوپای عوسمانیدا سەرکەون. دەوڵەتانی ئەوروپی هاتنە ناو کێشەکەوە بۆ چارەسەرکردنی بۆ ئەوەی شەڕەکە پەرە نەستێنێت و بلاونەبێتەوە و لیژنەیەك پێکهات لە وڵاتانی ئەوروپی و دەوڵەتی عوسمانی و نوێنەری دانیشتوانی چیای ڕەش بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە و چارەسەرکردنی لە (13 ی ئابی 1860ز)دا میر دانیال کوژرا[3]،برازاکەی میر نیقولا شوێنی گرتەوە کە ئەویش هەڵگیرسانی شۆڕشی لە هەرسك بەهەلزانی و یاخیبوونی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند کە باوکی دانیشتوانی هەرسکی هاندا بوو بۆ شۆڕش.

بەڵام سوپای عوسمانی بە فەرماندەیی عومەر پاشا شۆڕشی هەرسکی کوژاندەوە و بەرەو چیای ڕەش کشا و لە سێ لاوە گەمارۆی دا. ڕۆژ بە ڕۆژ گەمارۆکەی تەنگ دەکرد تا هێزەکانی نیقولای تێکشکاند. سوپای عوسمانی گەیشتەوە هەرێمەکە و نیقولای ناچار

[1] - Clayton. G. D. Britain and the Eastern Question, p. 127.

[2] - حسون، علی : عوسمانییەکان و بەلقان، ل 221.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل 222.





کرد کە پەیمانی ئاشتی لە (31 ی ئابی 1862ز)دا مۆربکات ، گرنگترین بەندەکانی ئاشتی ئەمانەبوون:

1. نەفی کردنی میر میرکۆ لە وڵاتی (چیا)ەوە لەبەر ئەوەی دەستی هەبوو لە شۆڕشی هەرسك دا.

2. دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەستێت بە دروستکردنی قەڵا و سەنگەر لە ڕێگای نێوان شاری ئیشقودرە و وڵاتی هەرسك کە بە شاخەکانی (چیای)دا تێدەپەڕێت.[1]

دەستێوەردانی وڵاتانی ئەوروپی وای کرد کە ئەو دووو بەندە جێبەجێ نەکرێن بە بیانووی پێشێلکردنی ماف مەسیحییەکان لە ژێر فشاری فەڕەنسا و ڕووسیادا دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو کە بەندی یەکەم جێبەجێ نەکات. دەوڵەتانی ئەوروپی وازیان نەهێنا تا بەندی دووەمیش جێبەجێ کرا. داوایان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە بورج و قەڵا دروست نەکات، ئەوانەی دروستکراون هەڵیان وەشێنێتەوە لە بەرانبەر دا میر نیقۆلا پەیمانی دا کە ئەو ڕێگایە بپارێزێت و قەرەبووی بازرگانە عوسمانییەکان بکاتەوە کە لەکاتی شەڕ تالان کرا بوون.[2]

بەم شێوەیە ئاژاوەی چیای ڕەش کوژایەوە و دانیشتوانی حوکمی زاتی و ئیداریان دەستکەوت.

## سڕبیا

لە نێوان گەلانی سلاڤدا ڕووسیا سڕبەکانی هەڵبژارد کە سەرۆکایەتی شۆڕش بکەن لە بەلقان و هانی دەدان و یارمەتی دارایی پێشکەش دەکردن ئاسانکاری بۆ دەکردن. بەپێی پەیمانی پاریسی ساڵی (1856ز). سربیەکان بوونە میرنشینێکی سەربەخۆ لە بواری ئیداری لە ژێر سەرۆکایەتی و چاودێری (بابی عالی)دا بەو مەرجەی (بابی عالی) بۆی هەبێت کە قەڵا و سەربازخانە دروست بکات، لە شەش شوێندا کە یەکێك لەوانە قەڵای بلغراد بوو کە موسڵمانان لە ناوی نیشتەجێ بن بەڵام ئەو مەرجە جێبەجێ نەبوو، چونکە موسڵمانەکان ئەوەیان پێ باش نەبوو. پێ یان خۆش بوو کە لە دەرەوەی قەڵاکان بمێنەوە، کە دەوڵەتیش پشگیری کردن و چەند بنکەیەکی سەربازی دامەزراند بۆ پارێزگاری کردنیان، کە شۆڕشی هەرسك لە ساڵی (1861ز)دا هەڵگیرسا و دوایی بەرەو

[1] - محمد فرید بك : ل 534.

[2] - سرهنك : ل 336.

چیای ڕەش کشا، بابی عالی ترسا کە ئەو شۆڕشە سڕبیاش بگرێتەوە بۆیە بە خێرایی ئامادە باشی وەرگرت و سوپای بەرەو ناوچە سنووریەکان جوڵاند، بەلقان لە کاتی فەرمانڕەوایی میر میخائیل ئوبرینوڤیتش جوڵانەوەی سەربازی دیاری بە خۆیەوە بینی و، ئەویش بەهۆی یارمەتی دانی ڕووسەوە بوو. ئەو میرە توانی سەربازخانەکانی عوسمانی لە ناوچەی سڕبیا لابەرێت. دانیشتوانی بەلگراد دوژمنایەتی خۆیان دژی عوسمانییەکان ڕاگەیاند و هێرشیان کردە سەر سەربازەکانی عوسمانی کە ئەوەش زیاتر ڕقی سەربازەکانی هەڵستاند، موسڵمانەکانیش پەنایان بۆ قەڵا برد بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان دوای ئاڵۆز بوونی بارودۆخەکە سەربازانی عوسمانی ناچار بوون کە شارەکە تۆپباران بکەن.[1] دوای ئەو ڕووداوانە میر میخائیل نامەیەکی ئاڕاستەی ڕاسل وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد و داوای لێکرد کە هەستێ بە ناوبژی لە نێوان ئەوان و (بابی عالی)دا[2]، ئەمەش لە (9 ی تەمموزی 1876ز)دا، بەڵام دیاربوو بەریتانیا ستراجی یەکی دیکەی هەبوو، بۆیە ئامۆژگاری میری کرد کە گوێ ڕایەڵی سوڵتان بێت لە کاتێکدا ڕووسیا و فەڕەنسا لەگەڵ بەریتانیا ناکۆك بوون لەو بارەیەوە داوای گرێدانی کۆنگرەیەکیان کرد لە ئەستەنبوڵ بە ئامادەبوونی نوێنەری ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێککەوتنی پاریسیان ئیمزا کردبوو بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سڕبیا، کە کۆنگرەکە بەسترا. دوای وتوێژێکی زۆر فەڕەنسا داوای کرد کە سەربازخانەکانی عوسمانی لەو ناوچەیە چۆڵبکرێن بەڵام ئەو داوایە گوێی لێ نەگیرا و دوایی بە زۆرینەی دەنگ ئەم بڕیارانە دران:

1. چۆڵ کردنی دوو قەڵا و هێشتنەوەی چواریان کە بلگراد و سمندریە و فتح السلام و شباتس بوون.
2. نابێ هێزەکانی عوسمانی و والی یەکان دەست لە کاروباری ناوخۆ وەربدەن.
3. موسڵمانانی دەرەوەی قەڵاکان موڵکەکانیان بفرۆشن و لەناو قەڵاکان نیشتەجێ بن بەو مەرجەی حکومەتی سڕبیا قەرەبوویەکی گونجاویان بکاتەوە[3]، بەڵام شۆڕشی سڕبیا

[1] - محمد فريد بك : ل 536.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 536 – 537.
[3] - محمد فريد بك : ل 536 – 537.





دووبارە بۆوە لە ساڵی (1867ز)دا کە دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو لە بەر نەبوونی دارایی ئەو چوار قەڵایەش چۆڵ بکات لەبەرئەوەی نەیتوانی شەڕ بکات[1].

## بۆسنەو هەرسك

شۆڕشی بۆسنە و هەرسك گرنگییەکی تایبەتی هەبوو لە کێشەی بەلقاندا، کە ئەویش بەردەوامی شۆڕشەکانی بەلقان بوو بۆ ڕزگاربوون لە دەستەڵاتی عوسمانی. ئەو کێشەیە پەردەی لەسەر سیاسەتی دوولایەنەی ڕووسیا و نەمسا هەڵدایەوە لە ناوچەکەدا[2]، بەریتانیاش هۆشیاریدا لەخۆتێگەیاندنی ڕووسیا چونکە ئەوە زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر لێواری ئیفلاسیدا بوو کێشەی ناوخۆی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئاگری شۆڕشی هەڵگیرساند دوو هۆ بوون :

یەکەم : هۆی کشتوکاڵی بوو کە لەو ساڵە بەروبوومی کشتوکاڵی زۆر خراپ بوو دەوڵەتیش داوای باجی زیادەی دەکرد.

دووەم : بزوتنەوەی کۆمەڵەی سلاڤی لە بەلقان جارێکی دی لە مانگی تەمموزی ساڵی (1875ز)دا تەپڵی شۆڕشی لێ دایەوە لە ئەنجامی ئەو برسیەتیەی کە ڕوویدا لە ساڵی (1874ز)دا کە هۆکەی زۆری باجی دەوڵەت و زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان بوو.

شۆڕگێڕەکان خێرا یارمەتییان پێگەیشت لەلایەن سڕبەوە. لەکاتێکدا هەریەك لە ڕووسیا و نەمسا بە وردی چاودێری ڕووداوەکانیان دەکرد، کە ڕاستەوخۆ شۆڕش دەستی کونسولگەری ڕووسیا و نەمسای تێدا بوو، شۆڕشگێڕەکان داوایان دەکرد لە بواری ئیداریدا لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە. داوایەکیان پێشکەش بە (بابی عالی) کرد داوایان دەکرد کە باج و (بدل)ی سەربازی کەم بکاتەوە و، لە داهاتووشدا باجی دی نەسەپێنن، هێزێك لە خۆیان پێك بێت بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی وڵات و یەکسانی ڕەچاوبکرێت لە بەجێهێنانی دروشمە ئایینییەکان داوایان دەکرد سوور بن لەسەر ئەوەی کە سێ بەشی زەوی دەرەبەگەکان دابەش بکرێت بەسەر جوتیارەکاندا[3]، دەوڵەت لەو کاتەدا نەی دەتوانی ڕێگە چارە بۆ ئەو جۆرە کێشانە بدۆزێتەوە، بۆیە وەڵامی

[1] - سرهنك : ل 337.
[2] - Barnwell R. G. the Russo Turkish war: p. 380.
[3] - ثاتريك : ل 101، كامل، مصطفى : ل147.

شۆڕشگێڕەکانی نەدایەوە، بۆیە ئەوانیش پەنایان بۆ چەك برد. دەوڵەتیش ناچار بوو کە شۆڕشەکە سەرکوت بکات[1]. دوای ئەوە سوڵتان پاشگەزبۆوە، ئەویش لەسەر ئامۆژگاری ئەجناتیف جەنرال و دبلۆماسی ڕووسی کە حەزی دەکرد تەنیا دەستی هەبێت لە چارەکردنی کێشەکەدا داوایان لە سوڵتان کرد کە هەندێ ئاسانکاری ئیداری و ئابووری بە دانیشتوان ببەخشێت بۆیە لە تشرینی دووەمی (**1875**ز)دا سوڵتان فەرمانێکی دەرکرد بەپێی ئەو فەرمانە باجەکان کەم کرانەوە و ئازادی ئایینیان پێ بەخشرا. لیژنەیەکی چاودێری پێکهات، هەروەها لیژنەیەکی ڕاوێژکاری دامەزرا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە. دوای ئەوەش فەرمانێکی دی دەرکرد لە (**12**ی کانوونییەکەم)دا کە تێیدا هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکار و داد لەیەك جیادەکاتەوە. دامەزراندنی چەند قازییەك لە دانیشتوانی ناوچەکە. بە یەك کردنی یاسای باجەکان و یەکسانی لە نێوان مەسیحی و موسڵمانەکاندا. بەو مەرجەی لە هەموو ولایەتەکانی عوسمانی جێبەجێ بکرێن، بەڵام دانیشتوانن ئەم ئاسانکاریەیان ڕەتکردەوە. بە هاوکاری نەمسا درێژەیا بە شەڕدا[2]. لە ڕاستیدا نەمسا دەیویست کە کێشەکە واچارەسەر بکرێت کە لەگەڵ سیاسەتی ئەودا بێتەوە لە بەلقاندا، بۆیە ئەندراس وەزیری دەرەوەی نەمسا دەی ویست سەرە داوی کێشەکەی بە دەستەوە بێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەیانێکی ئامادەکردبوو بە هاوکاری ڕووسیا، کە بریتی بوو لە داواکردن لە (بابی عالی) کە هەستێت بە ئەنجامدانی چاکسازیی بەتایبەتی یەکسانی ئایینی و هەڵوەشاندنەوەی (پابەندبوون) و چاکسازیی کشتوکاڵی. دەوڵەت ئەو داهاتەی کە لە بۆسنە و هەرسك دەستی دەکەوێ لەو دوو ناوچەیە خەرجی بکات. پێکهێنانی لیژنەیەك لە دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیە کە ئەندامەکانی بە ویژدانەوە لە موسڵمان و مەسیحی یەکان پێك بێت کە ئەو لیژنەیە چاودێری چاکسازی یەکان بکات[3]. سەرباری ئەوەی کە لە بەیانەکەی ئەندراس دا هاتبوو دەوڵەت دەبێ لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە شۆڕشدا بەشداریان کردووە، ئەمەش بۆ سەلماندنی نیەت پاکی دەوڵەت. هەڵوەشاندنەوەی باجی دەیەك بۆ ماوەی ساڵێك و هەموو باجەکانی دی بۆ دوو ساڵ. دەوڵەت دەبێ پەیمان بدات کە هەموو خانوو و کەنیسە ڕوخاوەکان چاك

[1] - محمد فرید بك : ل 602.
[2] - کامل، مصطفی : ل 143. محمد فرید بك : ل 602 . سنور، عبدالرؤف : پێوەندی یەکانی ڕووسیا و عوسمانی، حەلقەی چوارەم، گۆڤاری مێژووی عەرەب و جیهان، دوو ژمارەی 79 و 80، ئایار و حوزەیران، ل9.
[3] - سنو : هەمان سەرچاوە، ل 9 – 10.





بکاتەوە[1]، بەڵام دانیشتوان ئەوانەیان هەموو ڕەتکردەوە و سووربوون لەسەر چۆڵ کردنی ناوچەکانیان لەلایەن سوپای عوسمانییەوە. مانەوەی چەند بنکەیەکی سەربازی لە هەندێ شاردا، و سێیەکی زەوی و زار لە دەستی مەسیحییەکاندا بێت، ماوەی ساڵێکیش باجیان لێ وەرنەگیرێت. دەوڵەتی عوسمانی هەموو ئەو زیانانە قەرەبوو بکاتەوە کە لێ یان کەوتووە.[3] دوایی هەندێ گۆڕانکاری ناوخۆیی لە پایتەختدا ڕوویاندا، کە دەوڵەت دانەوەی قەرزەکانی ڕاگرت کە ئەمەش بە لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز کۆتایی هات و دانانی سوڵتان مورادی پێنجەم لە شوێنی دوای لابردنی ئەویش و دانانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم.

## بولگاریا

ڕووسیا فکرەیەکی باشی بۆ هاتبوو بە مەبەستی پارچە پارچە کردنی دەوڵەتی عوسمانی و دەست بەسەرداگرتنی گەرووە ئاوییەکانی ئەستەنبوڵ، کە تێکەڵی کرد بوو لەگەڵ بیری نەتەوایەتی گەلانی بەلقان و ئامانجی سەرەکی خۆی تێدا شاردبۆوە. ئەویش پەیڕەوکردنی سیاسەتی (گەلانی سلاڤی) بوو، کە لە ساڵی (**1870**ز)دا ڕووسیا هەنگاوێکی گرنگ و بوێرانەی نا. هەتا ئەو ڕۆژە پەتریکی یۆنانی لە ئەستەنبوڵ بوو وەکوسەرۆکی ڕوحی گەلە جیاوازەکانی سلاڤ لە بەلقان وەکو بولگار و سڕبەکان. پیاوانی دەوڵەتی ڕووس باوەڕیان وابوو کە پلەی گەلانی سلاڤ بەرزدەکەنەوە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەگەر پەتریکێکی سلاڤ دابنێنن لە ئەستەنبوڵ لە جیاتی پەتریکی یۆنانی.

ئاواتە خوازبوون کەئەو پەتریکە بولگاری بێت دوای ئەوە ڕووسیا دوای کرد کە کەنیسەیەکی سلاڤی و سەرۆکێکی ڕوحی هەبێت. هەربۆیە سوڵتان لە (**5**ی ئازاری **1870**ز)دا فەرمانێکی دەرکرد بەپێی ئەو فەرمانە سلاڤەکان سەربەخۆیی ئایینی خۆیان دەبێت وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە بواری ئایینیدا سەرۆکی ئایینی تایبەتیان دەبێت سەربەخۆ دەبن لە پەتریکی یۆنانی لە ئەستەنبوڵ. ئەو کەسەش دەبێ بولگاری بێت و نازناوی (ئەکسارك)ی پێ بەخشرا[2]. لە راستیدا سێ هۆکار هەبوون کە سوڵتان، فەرمانێکی لەو جۆرە دەربکات:

[1] - هەمان سەرچاوە.
[3] محمد فرید بك : ل 103.
[2] - حسون، علی : ل 224.

1. دەوڵەتی عوسمانی دەی ویست تۆڵە لە یۆنان بکاتەوە کە لە جزیرەی کریت شۆڕشیان بەرپاکرد دژی عوسمانییەکان.
2. فشاری ڕووسیا.
3. سیاسەتی دەوڵەت دەکاتە تەواوبوو کە دەیویست کێشەی دینی ناو مەسیحییەکان ئالۆز بکات لە بەلقان هەرچەند تووشی بارگرانی دەهات لە یارمەتی دانی هەندێ لایەن لە بەلقان.

دامەزراندنی (ئەکسارکیە)ی سلاڤی هەستی نەتەوایەتی لەناو گەلانی بەلقان زیندوو کردەوە بولگارەکانیش بەو دەستکەوتە ئایینی یە لە خۆبایی بوون بە هاندانی ڕووسیا و نەمسا لە دەوڵەتی عوسمانی یاخیبوون[1]، کە شۆڕگێڕەکان دەستیان کرد بە کوشتنی موسڵمانەکان، ئاگر تێبەردانی هەریەك لە شارەکانی ئەدرنە و فلیپە و بازاڕجق لە چەند گوندێکی موسڵمانیشدا کوشت و کوشتاریان ئەنجام دا. وێنەی ڕووداوەکان لە ئەورووپا بەشێوەی شانۆ نمایش دەکرا بۆ ئەوەی سۆزی ئەورپی یەکان بەدەست بهێنن. تا وای لێهات چەکدارەکان لە ناوچەکانی ڕۆژئاواو باکووری بولگاریا خۆیان پیشان دەدا و هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی پیتاك بۆ دروستکردنی قەڵای سەربازی و سەنگەر بۆ بەبەرەکانی سوپای عوسمانی، بەڵام هێرشی سوپای عوسمانی ڕایماڵین و فەرماندەکانیان لە سێدارە دران. سەرکوت کردنی یاخیبوان، دەنگ و سەدایەکی گەورەی لە ئەورووپا بەرپاکرد. ڕاستیەکانیان هەڵگێڕایەوە. لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویان دەکردەوە بەشێوەیەك کە حەماسەتی ئەورووپی یەکانی هەڵدەستاند. هاواری نووسەر و وێژەرەکانیان بەرزبۆوە وەکو ڤیکتۆر هیگۆ و گلادستون. ڕووسەکانیش هەروا نەوەستان داوایان کرد کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ببەسترێت.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بولگاریا. لە ئەنجامی ڕقەبەری ڕووسیا و بەریتانیا لەسەر کێشەی ڕۆژهەڵات و جیاوازی بەرژەوەندی یەکانی هەردوولا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەست پێشخەری کرد و نامەیەکی خێرای بۆ (بابی عالی) نارد کە دوای کردبوو:

1. قەرەبووکردنەوەی شۆڕشگێڕەکان.

[1] - هۆی یاخیبوونی بلغاریا ئەوە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی هەندێ خێزانی ئاوارەی لە هۆزی شڕاکسە کە لە ڕووسیاوە هەڵاتبون و پەنایان بۆ عوسمانییەکان هێنابوو لەوێ نیشتەجێ کرد. بۆیە بە کرێگیراوانی ڕووسیا بولگاریەکانیان هاندا کە ئەمانە بۆیە هاتوون زەویەکانیان لێ داگیر بکەن و مەسیحییەکان ئاوارە بکەن . محمد فرید بك : ل 605.





2. دروستکردنەوەی خانوو و کەنیسە ڕوخاوەکان.
3. یارمەتی دانی خێزانە هەژارەکان.
4. سزادانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرسی سەرکوت کردنی یاخیبووەکان بوون.
5. دانانی والیەکی دادپەروەر بۆ ئیدارەی وڵات کە دەبێ مەسیحی بێت یان موسڵمان بێت، کە ئەگەر موسڵمان بێت دەبێ ڕاوێژکارەکەی مەسیحی هەبن[1].

## شۆڕشی کریت[2]

شۆڕشی کریت یەکێك لەو شۆڕشانە بوو کە دانیشتوانی ئەو دوورگەیە ئەنجامیاندا دژی دەستەلاتی عوسمانی، لە ساڵی (1886ز) شۆڕشیا بەرپاکرد بە پاڵپشتی ڕووسیا و یۆنان کە ڕووسیا هەرگیز درێغی ناکات لە نانەوەی کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی گێروگرفت دروستکردن لەبەردەم چاکسازیدا، بەڵام یۆنان هەمیشە خەونی بە دەست بەسەرداگرتنی جەزیرەی کریتەوە دەبینی. فکرەی لکاندنی دوورگەی کریت بە یۆنان کاریگەری بەرچاوی دەبێت لە بازرگانی دا لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بەشێوەیەك یۆنان دەستەڵاتی بەسەر ئەو جوڵە بازرگانییەدا دەبێت. ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی گەورەدا نەدەهاتەوە. بۆیە داواکرا کە لیژنەیەکی دەوڵەتی بنێرن بۆ دوورگەکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی دانیشتوان، بەڵام بابی عالی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە پێشنیازی کرد کە نوێنەری تایبەتی خۆی دەنێرێ بۆ چارەسەرکردنتی کاروبارەکانیان کە (بابی عالی) محەمەدپاشا کریدلی نارد و دوای ئەوەش عەونی پاشای نارد بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخی دانیشتوان.

عەونی پاشا سەرکەوتووبوو لە کارەکانیدا و لە سەرەتای ساڵی (1868ز)دا گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام یۆنان هەر سوور بوو لەسەر لکاندنی دوورگەی کریت بە یۆنانەوە، کە ئەمەش پاڵی نا بە دەوڵەتانی بەشداربوو لە کۆنگرەی پاریس کە بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەیەك لە پاریس ببەستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کریت، دوای پرلس و ڕاوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕاکان هاتنە سەر ئەوەی کە داواکاریەك ئاڕاستەی سوڵتانی عوسمانی بکەن کە بریتی بوو لە :

[1] - محمد فرید بك : ل 607. شابانەی باسە کە ئەو نامەیە کاتێك گەیشتە دائیرە ڕەسمیەکانی کە سوڵتان عەبدولحەمید تازە دەستەڵاتی وەرگرتبوو.

[2] - سەیۆی ئەو بابەتانە بکە، کە پێوەندیان بە ڕووداوەکانی شۆڕشی کریتەوە هەیە . محمد فرید بك : ل 542 – 545.

1. هەندێ ئیمتیازات بدرێت بە دانیشتوانی دوورگەکە.
2. بەخشینیان لەو باجانەی لە ماوەی دوو ساڵدا لەسەریان کەڵەکە بووە.
3. بەخشینیان لە خزمەتی سەربازی.

هەربۆیە سوڵتان لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1869ز)دا مەرسومێکی دەرکرد و داوای بەشداربووانی کۆنگرەکەی جێبەجێ کرد. بەم شێوەیە شۆڕشی دانیشتوانی کریت کۆتایی هات بەشێوەیەکی کاتی، بەڵام یۆنان ئامادە نەبوو دەست لەسەر دەست دابنێت و واز لە لکاندنی دوورگەی کریت بهێنێت.

## لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز

سوڵتان عەبدولعەزیز ڕزگاری نەبوو لە گێژاو و فێڵی پیاوانی کۆمەڵەی (تورکیای لاو) کە هەموویان لە قەسردا دەستەڵات دار بوون کە لە ساڵی (1860ز)وە دەرکەوتن، هەروەها لە ئاژاوە نانەوەی بەکرێگیراوانی دەوڵەتانی ئەورووپی هەتا لەسەر کار لابرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕێ و شوێنانەی کە دەوڵەت دەی گرتە بەر بۆ چارەسەر کردنی کێشەی یاخیبوان و جوداخوازان نیشانەی بێ دەستەڵاتی دەوڵەت بوو، هەروەها ئەو دەوڵەتە ئیمکانیەتی خۆی لە دەست دا بوو بەهۆی بێ توانایی لە دانەوەی قەرزەکانی. سوڵتان ڕازی بوو کە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی گەورە ببەستێت کە بوو بە هۆی کردنەوەی دەرگای خۆتێگەیاندنی دەوڵەتان لە کاروباری ناوخۆیی عوسمانی. سەیری کرد ڕووسیا توانی کە شوێنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە وەکو دەوڵەتێکی گەورە لە دوای شەڕی (حەفتا) لە نێوان فەرەنسا و بروسیادا و توانی بەندەکانی پەیمانی پاریس هەڵبوەشێنێتەوە کە پێوەندی یان بە بێلایەنی دەریای ڕەشەوە هەبوو، هەروەها سنووورداری سوپای دەریایی ڕووسیای هەڵوەشاندەوە[1]، کە بەپێی پەیمانی لەندەن لە ئازاری (1871ز)دا ئیمزا کرا بوو کە سوپای دەریایی ڕووسیا سنووردار کرابوو، بۆیە سوڵتان وای بە باش زانی کە خۆی لە ڕووسیا نزیك بکاتەوە و خۆی لە دەوڵەتانی ئەورووپا بە دوور بگرێت، کە (سەدری ئەعزەم) مەحمود نەدیم پاشاش بەو سیاسەتە تازەیە ڕازی بوو، کە دەوڵەتی عوسمانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی ئەنجامدا لەگەڵ ڕووسیا دا کە لە باڵوێزی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵەوە دەستی پێکرد، کە هاوپەیمانییەك لەگەڵ ڕووسیادا

1 - دەقی پەیمانەکە دەبینی .: Hurewitz : op.cit. I, pp. 173 – 174.





گرێ بدات کە پێوەندی یەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە ڕێك بخاتەوە. دەوڵەتی عوسمانی بنچینەیەك دابنێت بۆ سیاسەتی خۆی دەربارەی ئەو ولایەتانەی کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەودان و زۆربەی دانیشتوانی مەسیحین[1]،کاتێ بەریتانیا بەمەی زانی دەستی کرد بەکێشە دروست کردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی، کە سوڵتانی تاوانبار دەکرد بە مەسرەف و ماڵی دەوڵەت بە فیڕۆدان و کەم تەرخەمی لە ئیدارەی وڵاتدا، کە کاسانێك هەبوون ئەو پڕوپاگەندانەیان بڵاودەکردەوە هەڵیان دەگێڕایەوە وەکو خۆیان بیەنەوێت لەگەڵ بەرژەوەمدی یەکانیان بگونجێت[2] هەریەکە لە محەمەدڕەشید پاشا (سەدری ئەعزەم) و حوسێن عەونی پاشا چاودێری جەنگ و ئەحمەد پاشا قەیسەرلی چاودێری هێزی دەریایی و ئەحمەد مدحەت پاشا و شێخی ئیسلام و حەسەن خەیروللا ئەفەندی ڕێککەوتن لەسەر لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز لە (30 ی ئایار)دا[3]، ئەوانە بەرەو کۆشکی زوڵمە باخچە ڕۆیشتن، کە یەکسەر سوڵتانیان بینی بڕیارەکەیان بۆ خوێندەوە و فتوای شێخی ئیسلامیان بۆ خوێندەوە دەربارەی لەسەر کار لابردنی. دوایی بەرەو سەرای توب قیویان برد و لەوێ خرایە ژێر بەزۆر نیشتەجێ کردنەوە. هەر لەهەمان شەویشدا سوڵتان موراديان لە شوێنی دانا[4]. لە (5ی حوزەیران)دا سوڵتان عەبدولعەزیز لە کۆشکەکەیدا مردبوو، کە دیاربوو خۆی کوشت بوو، بەهۆی بڕینی خوێنبەری سەرەکییەوە کە بەمەقەست بڕدرابوو[5].

## سوڵتان موڕادی پێنجەم (1876ز)

دوای لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز لەسەر کورسی سولتانی دانیشت. گەنجێکی کراوە بوو. ڕۆشنبیربوو و خەریکی فێربوونیش بوو، خۆپارێز بوو حەزی لە چاکسازی بوو. حەزی لەیەکسانی بوو. ئابووریانە دەجووڵایەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا و حەزی لە زیادە ڕۆی

1 - محمد فريد بك : ل 575.
2 - هەمان سەرچاوە : ل 575 – 576.
3 - هەمان سەرچاوە : ل 576 . پاتريك : ل 85.
4 - سرهنك : ل 349.
5 - پاتريك كە كارەكەری ماڵی سوڵتان بوو، هاوسەردەمی ئەو ڕووداوە بوو و دەڵێ: بستوومە لە باڵوێزی بەڕیتانیا لە ئەستەنبوڵ ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان سوڵتان ئەو باڵوێزەدا ڕوویدا دەلێت : ڕۆژێك قسەم لەگەڵ سوڵتان کرد دەربارەی ناپلیۆن کە لە دەستەڵات لابراوە ، کە سوڵتان زۆر خەمی خوارد و وتی : چ کەسێك ڕازی دەبێت وەکو ناپلیۆنی سێهەم کە بەم شێوەیە لایان برد نەمردووە، کەواتە پیاوێك ئەو بۆچوونەی هەبێت هەر دەبێت خۆی کوشتبێت. (والله أعلم) پاتريك، ل 91.

و خـۆش ڕابـواردن نـەبوو[1]، بـەڵام پـێش ئـەوەی ببێتـە سـوڵتان بـە ماوەیـەکی کـەم تەندروستی تێکچوو بەهۆی بەردەوامی لەسەر خواردنەوە و زیندانی کردن لـەناو قەفـەزدا کە ئەوکات گەنجێکی تازە پێگەیشتووبوو.[2] ئەوشتانەی کە دەبینی وێڕای چوونە سـەر کورسی دەستەڵات، مێشکی تێکدا، کـەوای لێهـاتبوو ئـەو پیـاوە نـەبوو کـە بەرگـەی ئـەو هەموو ڕووداوە ناخۆشانە بگرێت. بۆیە زیاتر حاڵەتی دەروونی و عەقڵی تێك چـوو. وەکـو شێتی لێهات[3]، کە نـەی دەتـوانی وەزیرەکـان لەیـەك جیـا بکاتـەوە کـەوا پێویـست بـوو لەسـەر کـار لابرێـت. تـا شـێخ الاسـلام فتـوای لابردنـی دا. بۆیـە لـە (**31** ی ئـابی **1876**ز)دا لەسەر کار لابرا. دوای سێ مانگ لە هاتنە سـەر دەسـتەڵات[4]. وەزیرەکـانی کۆمەڵی (تورکیای لاو) کە دەستەڵاتێکی زۆریان هـەبوو پێشنیازیان کـرد عەبدولحەمیـدی برای بکرێتە سوڵتان، ئەویش دوای ئەوەی بێ هیوا بوو لەوەی کە براکەی چـاك نابێتـەوە قبوڵی کرد. لەهەمان ڕۆژی لابردنـی مـورادی پێنجـەم عەبدولحەمیـدی دووەم دەسـتەڵاتی گرتە دەست[5].

---

[1] - پاتریك : ل 94.

[2] - قەفەس وەك زیندانێکی گچکە وابوو لە نێو قەسردا کە ئەمیرەکان تێیدا گۆشەگیر دەکران ، بۆ دوورخستنەوەیان لە خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری دەوڵەت و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سوڵتان، ئەوەش پێی دەگوترا قەفەس.

[3] - پاتریك : ل 99. ئەو کارەکەرە هەندێ شت دەگێڕێتەوە کە بوونە هۆی شێت بوونی سوڵتان مراد، ل 99 – 100.

[4] - محمد فرید بك : ل 585– 586.

[5] - پاتریك : ل **106**. محمد فرید بك : ل **586**.





## 3/3 – ماوەی جێ بەجێ کردنی بیرۆکەی جامعەی ئیسلامی و مشروطیە. لە درێژەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا.

## سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876 – 1909ز)

## بەشی پازدەهەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەو کێشە سیاسیانەی ڕووبە ڕووی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە دوای کۆنگرەی بەرلین. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنیەکان

## بەشی شازدەهەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و بزوتنەوەی جامعەی ئیسلامی. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و چاکسازی. چاکسازییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و ڕێکخستنیان.

**سەرەتا :** سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم لە بارودۆخێکی دەگمەندا دەستەڵاتی گرتە دەست وڵات بە کێشەی جۆراوجۆرو ئاڵۆزدا تێ پەڕی. بارگرانییەکی دارایی گەورە هەبوو. ناوچەی بەلقان ئاڵۆز و پەشێو بوو چەندین شۆڕشی بەخۆیەوە بینی کە نەتەوەکان پێ ی هەڵدەستان بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی، چەندین نەخشەی سیاسی کاریان دەکرد بە ئامانجی بەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە لە ڕاستیدا سولّتان نزیکەی سی و سێ ساڵ دەستەڵاتی بە دەستەوە بوو کە یەکێکە لە درێژترین دەستەڵاتی سولّتانەکانی عوسمانی، سەردەمی ئەو سولّتانە تا ئێستاش جێگای مقۆمقۆی مێژوونووسان بیریاران و سیاسی یەکانە، بەڵام ماوەی دەستەلاتی ئەو سولّتانە هەمیشە هێرشی ڕاگەیاندنی زۆری کراوەتە سەر لەلایەن ڕکە بەرە سیاسییەکان کە بە ڕاست و درۆ باسی ژیانی گشتی و تایبەتی سولّتانی تێدا کراوە. ئەوانەی کە ڕقیان لێ بوو هەرکارێکی چاکسازی کە پێ ی هەڵدەستا ئەوان تەفسیرێکی دڵ ڕەقانەیان بۆ دەکرد. دەیان گوت ئامانجی بەهێز کردنی خۆیەتی دەیەوێ دەستەڵاتی تەواو بەسەر ولایەتەکان دا بسەپێنێت ئەویش ئەو ئارەزووە زۆردارانەی دەسەلمێنێ، دەیەوێت خۆی پیرۆز نیشان بدات لە هەموو ئەو ڕەخانە دوور بوو کە لێی دەگیران. ئەگەر بتەوێت مێژووی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم ڕاست و بابەتییانە بتوێژرێتەوە، دوو بنچینە هەن دەبێ ڕەچاوبکرێت:

یەکەم: سەردەمی سولّتان هاوکات بوو لەگەڵ بەرەو پێش چوونی دەوڵەتە ئیستعماری یەکان و بەهێز بوونیان کە قۆناغێکی سەخت بوو. ئیستعمارەکان هەوڵیداگیرکردنی هەندێ ناوچەی ئاسیایی و ئەفریقایان دەدا کە پێشتر دەستیان نەگەیشتبۆیە، ئەمەش لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی تووشی چەندین هۆکاری لێك هەڵوەشان ببوو کە بیری داگیرکاری دەوڵەتانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەدا کەمتر نەبوو لە کاتەکانی پێشتر لە ناوچەکانی جیهاندا. هەریەك لە ڕووسیا و نەمسا و مەجەڕ و فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیا پێشبڕکێ یان بوو لەسەر دابەش کردنی ولایەتەکانی عوسمانی کە زۆر گران بوو دەوڵەتی عوسمانی بتوانێت بەربەرەکانی ئەو پێنج دەوڵەتە دوژمنکارە بکات.

دووەم: سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم لە کاتێکدا دەستەڵاتی گرتە دەست، بارودۆخ لە تاریکیدا نقوم ببوو. لەڕاستیدا شتێکی دەگمەن بوو کە سولّتانێکی عوسمانی دەستەڵات





بگرێتە دەست. ئەو هەموو بارگرانی و کێشەو ئاڵۆزیە دەورو پشتی گرتبێ کە ناوەندی دەستەڵاتیان هێنابووە لەرزین. بەم شێوەیە لەم دوو بەشەدا هەڵدەستین بە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی لە سەردەمی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم دا بەو ریزبەندییەی خوارەوە :

یەکەم : سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا.

دووەم : گرنگترین ئەو کێشە سیاسی یانەی ڕووبەڕووی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە دوای کۆنگرەی بەرلین.

سێیەم : سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنییەکان.

چوارەم : سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم و بزوتنەوەی جامعەی ئیسلامی.

پێنجەم : سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی چاکسازی.

شەشەم : چاکسازی و ڕێکخستنی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم.

# بەشی پازدەهەم

## یەکەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا
## دووەم : گرنگترین ئەو کێشە سیاسی یانەی ڕووبەڕووی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە دوای کۆنگرەی بەرلین
## سێیەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنییەکان

### یەکەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتانی ئەوروپا

**بەردەوامبوونی ئاڵۆزی لە بەلقان :** سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ڕۆژی یەکەمی دەستەڵاتی دا کە لەسەر کورسی دەستەڵات دانیشت تووشی هەڵوێستێکی ورد و ئاڵۆز بوو،ئەو کێشانە هەڕەشەیان لە قەوارەی دەوڵەت دەکرد و فکرەی جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی هەموو لایەکی گرتەوە. نیشتمان پەروەری واتایەکی تازەی بەخۆیەوە گرت ئەویش جیابوونەوە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی[1] کە ڕۆژ بە ڕۆژ بڵاودەبۆوە و بەهێز دەبوو سوڵتان خۆی لەناو دۆخێکی ئاڵۆزدا دییەوە کە پڕ بوو لە شۆڕش و ئاڵۆزیی. شۆڕش جارێکی دی لە بۆسنە و هەرسك سەری هەڵدایەوە، کێشەی بولگاریا هەر بەردەوام بوو سربەکان و چیای ڕەش لە حاڵەتی شەڕدا بوون لەگەڵ سوپای عوسمانیدا.

1 - پاتریك : ل 109 – 110.





بەم شێوەیە بەلقان ناوچەیەکی گەرم بوو لە کێشە و ئاڵۆزی. سەختی شەڕەکان گەیشتە ئەو پەڕی ئەمە وای لە دەوڵەتانی ئەوروپی کرد خۆتێبگەیەنن و بە دوای بەرژەوەندی یەکانیانەوە بن بە بیانووی جێگیر کردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

بۆیە دەبی تۆڵەی ڕووسیا لە دەوڵەتی عوسمانی تۆڵەیەکی کوشندە بێت لە داخی کێشەی بولگار و بانگەوازکردنی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی گەلانی سلاڤی بە ئاشکرا دیاربوو کاتێکیش لە بۆسنە و هەرسك سیاسەتە دوژمنکارانەکەی سەرکەوتوو نەبوو. دەستی خۆ تێگەیاندنی بۆ سربیا و چیای ڕەش درێژ کرد. میلان و نیقۆلای میری هەردوو وڵاتەکەی هاندا کە شەڕ دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیەنن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت دەستێوەربدات و یارمەتی یان بدات[1]. لە سربیا کۆمەڵێك دەستەلاتیان بە دەستەوە بوو کە هەمیشە لایەنگری شەڕبوون و باوەڕیان وابوو ڕووسیا پشتیوانیان دەبێت دژی دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە ناچاربوو شەڕ ڕابگەیەنێت لە ژێر فشاری ڕووسیادا. هەرچەند نەمسا و بەریتانیا و فەرەنسا ئاگاداریان کردەوە[2]، بەڵام سربیا لە (30 ی حوزەیرانی 1876ز)دا شەڕی دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند لە (2 ی تەممون)یشدا چیای ڕەش هەمان کاری کرد. هەردوو ولایەت پەیمانێکی سەربازیان مۆرکرد[3]. شەڕ لە (چیای ڕەش) کەم بوو لەبەر سەختی شاخەکانی، بۆیە شەڕی گەورە ڕووی نەدا تەنیا هەندێك تۆپبارانی یەکدی نەبێت، کە شۆڕشگێڕەکانی هەندێ سەرکەوتنیان بە دەست هێنا[4]، بەڵام لە سربیا شەڕی گەورە ڕوویدا هێزەکانی عوسمانی و سربەکان کەوتنە شەڕێکی قورسەوە. سوپای عوسمانی بە ئاسانی خوارووی سربیای پاککردەوە و ڕێگا کرایەوە بەرەو پایتەخت (بەلگراد)ئەگەر هۆشیاری ڕووسیا نەبایە پایتەختی داگیر دەکردەوە[5]. ئەو تێشکانەی سربەکان وای کرد کە داوا لە وڵاتانی ئەوروپی بکەون بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە. ئەو دەوڵەتانەش داوایان لە هەردوولا کرد کە شەڕەکە ڕابگرن گفتوگۆ دەست پێ بکەن بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی، بەڵام سوڵتان بۆ ڕاگرتنی شەڕ چەند مەرجێکی هەبوون :

1. میلان میری سرب بۆ بابی عالی مل کەچ بکات.

1 - محمد فريد بك : ل 610.
2 - صفوت، محمد : کۆنگرەی بەرلین، ل **24**. Barnwell: op. cit. p. 399.
3 - Ibid: pp. 400 – 414.
4 - محمد فريد بك : ل **612**.
5 - صفوت : ل 24.

2. بارودۆخی سڕبیا بگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1867ز).
3. سڕبیا هەموو ئەو قەلآیانە بڕووخێنێت کە دوای ساڵی (1867ز) دروستی کردون و ئەو شوێنانەی کە سوپای عوسمانی داگیری کردون هەر لە دەستی عوسمانییەکاندا دەمێننەوە.
4. تیپەکانی ڕدیفی سوپای سڕب هەڵدەوەشێتەوە نابێ سوپای سڕب لە دەهەزار کەس زیاتر بێت.
5. سڕبیایان غەرامەی شەڕەکە دەدات ، یان خەراجی ساڵانە زیاد دەکرێت.

بەلآم دەوڵەتانی ئەوروپی ئەو داواکاری انەی ڕووسیایان ڕەتکردەوە بەگرانیان زانی لەسەر شانی ئوممەتی مەسیحی[1]. لەڕاستیدا شکانی سڕبیا لەشەڕدا.لایەنگرانی کۆمەڵەی سلاڤی تووشی بێ ئومێدی کرد، سەرۆکایەتی ڕووسیا کەوتە هە لۆیستێکی ناخۆشەوە ئەو کێشەیە وای لە ڕووسیا کرد کە یان شەڕ دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنێت، یان دەست بکاتەوە بەنانەوە کێشە ناوخۆی یەکان.[2] ئەمە وای لە ڕووسیا کرد کە بەتەنیا خۆ بخزێنێتە ناو کێشەکە و هۆشیاری دا بە دەوڵەتی عوسمانی و داوای لێکرد کە پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات :

1. لە ماوەی شەش هەفتە یان دوو مانگ بەبێ مەرج شەڕ ڕابگرێت.
2. دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆیی ئیداری بدات بە چەند ولایەتێکی بەلقان.
3. دەوڵەتانی ئەوروپی مافی گەلانی مەسیحی دابین بکەن.[3]

سوڵتان عەبدولحەمید لە ژێر هەڕەشەی ڕووسیا بەمەرجەکان ڕازی بوو. لە (1 ی تشرینی دووەم)ەوە بۆماوەی دوو مانگ شەڕ ڕابگرێت. هۆی سەرەکی لە ڕازی بوونی سوڵتان کەڵك وەرگرتنی بوو لە کات، بۆ ئەوەی ئامادەکاری سەربازی تەواو بکات. لەلایەك و لەلایەکی دیشەوە ڕێ و شوێنی سیاسی گرتەبەر[4]. ئەو کردەوەی ڕووسیا سەرنجی بەریتانیای ڕاکێشا، هەوڵیدا کە ئاسانکاری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا بۆ ئەوەی شەڕ ڕوونەدات لە نێوان عوسمانییەکان و ڕووسیادا، چونکە ترسی لە ڕووسیا هەبوو کە دەستی بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست و ببێتە کێشە لەبەردەم ڕێگای گەیاندن

[1] - کامل، مصطفی : ل 152.
[2] - محمد فريد بك : ل 615.
[3] - هەمان سەرچاوە.
[4] - هەمان سەرچاوە.





لە نێوان هیند و بەریتانیادا، میسریش بە تایبەتی، چونکە بریتی بوو لە ڕێگای سەرەکی خۆی لە ڕۆژی (5یتشرینی دووەمی 1876ز)دا لۆرد دربی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا داوایەکی ئاڕاستەی ولآتان کرد کە کۆنگرەیەك لە ئەستەنبوڵ ببەسترێت بۆ چاککردنی باری ژیانی هاوولآتیانی مەسیحی لە دەوڵەتی عوسمانیدا و، دوورکەوتنەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا.

دانانی هەندێ مەرجی جێگیر ئەگەر بێتو دەوڵەتە گەورەکان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕن ئەوانیش :

1. سەربەخۆیی و پاراستنی سەروەری دەوڵەتی عوسمانی.
2. ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ سڕبەکان بە خێرایی گێڕانەوەی بارۆدۆخەکان لە سڕبیا و چیای ڕەش بۆ پێش شەڕ.
3. بۆسنە و هەرسك و بولگاریا سەربەخۆیی ئیداری وەربگرن.[1]

دەوڵەتانی ئەوروپی بە ساردی پێشوازیان لەو مەرجانە کرد، بەتایبەت ڕووسیا کە ناچار بوو لەژێر فشاری بەریتانیا بەومەرجانە ڕازی بێت، بەلآم قەیسەر هۆشیاری دا کە ئەگەر کۆنگرەکە سەرکەوتوونەبێت ئەوە پەنا بۆهێز دەبات. بۆ ئەوەی هەڵوێستەکەی پشت ڕاست بکاتەوە ، وتارێکیدا لە (12ی تشرینی دووەم)، لە وتارەکەیدا باسی ئازایەتی سڕبەکانی کرد لە بەرانبەر سوپای عوسمانی دا. فەرمانی بە سوپادا کە لە حاڵەتی ئامادە باشی دابن لەسەر شورەکان،بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپی هەستیان کرد کە ڕووسیا توندە لە هەڵوێستەکانی دا و شەڕ نزیکە دەست پێ بکات بۆیە ڕزامەندی خۆیان لەسەر کۆنگرەکە دەربڕی[2]. لە (23ی کانوونی یەکەم)دا نوێنەرانی بڕووسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و نەمسا لە سەرای (جريە) کۆبوونەوە. بە سەرۆکایەتی صەفوەت پاشا وەزیری دەرەوەی عوسمانی، بەشداربووان هەموو ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کە کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکرێن و پارێزگاری بکرێن لەسەلامەتی خاکی عوسمانی[3]، پێش کۆنگرەکە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتایی ئەنجام درا لە باڵوێزخانەی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ لە ڕۆژەکانی (11 – 12 کانوونی دووەم) بەبێ

[1] - محمد فريد بك : ل 614. كامل، مصطفى : ل 153.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 615 – 616 . سنو : هەمان سەرچاوە، ل 13 – 14.
[3] - هەمان سەرچاوە: ل 616.

بانگهێشت کردنی نوێنەری عوسمانی لەم کۆبوونەوەیەدا چەند ڕێ و شوێنێك باسکرا کە لە کۆنگرەکەدا پێشنیازبکرێن[1] لەوانە:

1. دابەشکردنی بولگاریا بۆ دوو ولایەت بۆ هەر ولایەتە فەرمانڕەوایەکی مەسیحی دادەنرێت و هەندی سەربازخانەی عوسمانی لە هەندێ لە شارەکان بمێننەوە.
2. پێکهێنانی هێزێك لە مەسیحییەکان بۆ پاراستنی ئاسایش بەو مەرجەی ئەفسەرەکانی مەسیحی و موسڵمان بن کە دەوڵەتی عوسمانی دایان دەنێت.
3. پێکهێنانی لیژنەیەکی دەوڵەتی بۆ ماوەی ساڵێك بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی چاکسازی کە لە لائحەی (کوند ئەندسی) دا هاتووە.
4. یەکگرتنی هەردوو ولایەتی بۆسنە و هەرسك لەلایەن (بابی عالی)ەوە والی یەکی بۆ دادەنرێت کە دەوڵەتانی ئەوروپی دەبێ پێ ی ڕازی بن، شێوەی فەرمانڕەوایش وەکو بولگاریا دەبێت.
5. دەوڵەتی عوسمانی دوای ئاشتەوایی لەگەڵ سرب و چیای ڕەش واز لە هەندێ زەوی دەهێنێت بۆیان.
6. ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی بەو مەرجانە ڕازی نەبێت ئەوا بەشداربووانی کۆنگرەکە ئەستەنبوڵ بەجێ دەهێڵن و پێوەندی یەکانیان لەگەل (بابی عالی) دەپچڕێنن[2].

دەوڵەتی عوسمانی سەیری بەندەکانی ئەو کۆنگرەی کرد کە مافی پێشێل کراوە و سەروەری لە کەدار کراوە، بۆیە دەی ویست کە ڕەتیان بکاتەوە. نوێنەری فەرەنسا داوای کرد هەندێك گۆڕانکاری بکرێت لە خاڵەکاندا. لەوانە دابەشکردنەوەی بولگاریا و برگەی پێنجەمیش جێبەجێ نەکرێت و دەوڵەتی عوسمانی لە دانانی والی بۆ بۆسنە و هەرسك پێویستی بە ڕاوێژ کردن نەبێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا تەنیا لە پێنج ساڵی یەکەمدا و هێزی پاراستنی ئاسایش تێکەڵ بێت لە مەسیحی و موسڵمان[3]، بەڵام ئامانجەکانی ئەو کۆنگرەیە جێبەجێ نەبوون چونکە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەستوری وڵاتی ڕاگەیاند لە (20ی کانوونی دووەمی 1877ز)دا. بە بەشداربووانی کۆنگرەیان ڕاگەیاند. دەوڵەتی عوسمانی بەردەوامە لە چاکسازیدا و دەستوری وڵاتی ڕاگەیاندووە کە پێویست ناکات داوای لێبکرێت کە مافی هاووڵاتیانی خۆی بدات ، چونکە

[1] - کامل، مصطفی : ل 154 – 155.
[2] - محمد فريد بك : ل 616 . ثاتريك : ل 112 . مصطفی : ل 236.
[3] - کامل، مصطفی : ل 156.





ئێستا ئەو داوا دەکات ئەوان بەشداری دەستەڵات بکەن لە دەوڵەتی عوسمانی دا بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانی بە ڕەسمی داواکاریەکانی وڵاتانی بەشداربووی ڕەتکردەوە[1]. دبلۆماسیەتی سوڵتان وای ویست ئەو ڕاگەیاندنی دەستورە لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بوو، هەر لەو ڕۆژەشدا (مەشروتیەت)ی ڕاگەیاند، کە ڕێگای لە دەست تێوەردانی دەوڵەتانی ئەوروپی دەگرت کە دەست لە کاروباری ناوخۆیی وەربدەن، بڕیاریشی داوە کە هەموو لایەك لە بەردەم یاسادا وەکویەك بن. ئەوش بەڵگەی زیرەکی دبلۆماسیەتی سوڵتان بوو کە فەرمانیدا لەوڕۆژەدا دەستور بە شێوەیەکی ئاشکرا بانگەوازی بۆ بکرێت.

سوڵتان فەرمانی دا لە هەموو قەڵایەك و هەموو تەنگە ئاوی یەکان بیست و یەك گوللە تۆپ بتەقێنرێت.[2] دوای ئەوە داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی بۆ گەورە پیاوانی سیاسی و فکری و ئایینی کرد، کە بە بەشداربووانی کۆنگرە بسەلمێنن کە بەردەوامن لە چاکسازیدا. لەم کاتەدا هنری البوت نوێنەری بەریتانیا بەت ئامادەبووانی گوت ئەی بەڕێزان ئیتر لێرە هیچ کارێکمان نەماوە[3]. بەو نەخشە دبلۆماسی یە تارایە سوڵتان توانی هەل دەست بەشداربووانی کۆنگرە بدات، هیچیان بە دەستەوە نەما و کۆتایی یان بە کۆنگرەکە هێنا بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکیان هەبێت، بەڵام سەرەنجامی ئەو کارەی سوڵتان هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا پێوەندی یەکانیان لە ئەستەنبوڵ پچڕاند هەر دەوڵەتە و بەپێ ی بەرژەوەندی یەکانی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، ڕووسیاش هەڵگیرسانی شەڕی بە کۆتا چارەسەر زانی بۆ دابین کردنی بەورژەوەندییەکانی.

## شەڕی عوسمانی و ڕووسی ( 1877ز)

ڕووسیا پێش ئەوەی کۆنگرەکە کۆتایی پێ بێت دەیزانی کە کۆنگرەی ئەستەنبوڵ هیچ ئەنجامێکی نابێت، بۆیە دەستی بە ئامادەکاری شەڕ کرد لە هەردوو بواری سەربازی و دبلۆماسیدا، یەکەم هەنگاوی دبلۆماسیش بەستنی پەیمانێك بوو لەگەڵ نەمسا لە ڕۆژی (15ی کانوونی دووەمی 1877ز)دا. هەردوولا ڕێککەوتنلەسەر ڕێکخستنی کاروباری بەلقان. ڕێگەدرا بە نەمسا بۆسنە و هەرسك بلکێنێت بە خاکی خۆیەوە لە بەرانبەر ئەوەدا نەمسا لە شەڕەکەدا بێلایەن بێت. ڕووسیاش دەست بەسەر سباریبا بگرێت.

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 157. جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل17.
[2] - پاتريك : ل 112.
[3] - هەمان سەرچاوە.

هێزەکانیشی نەچنە ناو ڕۆمانیا، دەوڵەتێکی سلاڤی گەورەش لە بەلقان دروست نەبێت، لە کاتنی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ئەستەنبوڵ شارێکی ئازاد بێت[1]، بەڵام ئەفسەرە گەورەکان بۆچوونێکی دیکەیان هەبوو، هەتا خۆیان دەگەیاندە ناو قەلایی خاکی عوسمانی، دەبێ سوپاکەیان بەناو خاکی ڕۆمانیادا تێ پەڕی، بۆیە ڕووسیا ناچاربوو کە پەیمانێك لەگەڵ ڕۆمانیا ببەستێت لە (16ی نیبسان)دا ئەمەش پێچەوانەی ئەو پەیمانە بوو کە لە گەڵ نەمسا مۆری کردبوو کە ڕێگە بەهێزەکانی ڕووسیا بدات بەناو خاکی ڕۆمانیادا تێپەڕن.

ڕۆمانیاش پەیمانیدا کە بەشداری شەڕ بکات لە بەرانبەر ڕێزگرتنی ڕووسیا بۆ سەربەخۆیی ڕۆمانیا، لە کاتێکدا لەژێر دەستەلاتی عوسمانیدا بوو[2]. دوایی ڕووسیا بەرەو دەوڵەتانی ئەوروپا جولا. ئەجناتیز وەکو مەندوبی خۆی ناردە پایتەختی ئەو وڵاتانە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ناوچەی بەلقان.[3] لێرەدا هەندێ بۆچوون هەبوو کە بەریتانیا پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات دژی ڕووسیا وەکو لە شەڕی قرمدا ڕوویدا، بەڵام دۆخەکە گۆڕابوو لە بەرژەوەمندی ڕووسیادا بوو. ئەجناتیز هەوڵی خۆی لە لەندەن چڕکردەوە و تعوانی کۆنگر ەیەك لە لەندەن پێك بهێنێت لە (31 ی ئازاری 1877ز)دا دەوڵەتانی بەشداربووی کۆنگرەی پاریسی (1856ز) ئامادەبوون لە بەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە شتێك دەرچوو بەناوی (پرۆتۆکۆڵی لەندەن) کە هۆشاری یەك بوو لە کۆمەڵێ دەوڵەتانەوە بۆ (بابی عالی) داوایان لێکرد هەستێت بە گرتنە بەری ڕێ و شوێنی تازە بۆ باشکردنی ژیانی مەسیحییانی ناو خاکی عوسمانی. ئەنجامدانی چاکسازی لە بۆسنە و هەرسك و بولگاریا دا. گرێ دانی ئاشتی لەگەڵ چیای ڕەشدا بەخهشینی ئەو ناوچانەی کە داوایان دەکات دووپاتکردنەوەی ئەو پەیمانە ئاشتی یەش کە لەگەڵ سربیا ئەنجامیدا بوو. ئەنجام دانی چاکسازی لەو دوو ناوچەیەش بەشێوەیەك دانیشتوان ڕازی بکات، کەم کردنەوەی هێزەکانی عوسمانی لەو دوو ناوچەیەسەدا بەو مەرجەی دەوڵەتعانی ئەوروپا چاودێری ئەو کارانە بکەن لە ڕیگای باڵوێزەکانی وڵاتانی ئەوروپییەوە[4] ، کاتێك ئەو داوایە گەیشتە سولتان، پیشانی ئەنجوومەنی (مبعوثات)ی دا

[1] - کامل، مصطفى : ل 157 – 158. سنو : هەمان سەرچاوە، ل 17.
[2] - محمد فرید بك : ل 629 . کامل : ل 159 . سنو : ل 17.
[3] - کامل : ل 158.
[4] - هەمان سەرچاوە : محمد فرید بك، ل 620 – 621.





لە ڕۆژی (9 ی‌نیسان)دا. ئەو ئەنجومەنە ڕەتی یان کردەوە. بەرپرسیاریەتی ولات کەوتە سەرشانی ئەوان کە وڵاتیان بەرەو ئاگری شەڕ برد بەبێ ئەوەی کە ئامادەیی تەواو هەبێت. سوڵتان ناڕازی بوو کە وڵات بەرەو شەڕ بچێت[1]، چونکە دەیزانی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەوەە گونجاو نییە بۆ دەوڵەتی عووسمانی شەڕ لەگەڵ ڕووسیا دەست پێ بکات، بەڵام هەوڵەکانی بۆ ڕازی کردنی ئەوانە کە خۆ دوور بگرن لە شەڕ بێ کەڵك بوو. لەوکاتەدا (بابی عالی) لە یازدەی هەمان مانگدا بڕیاری ڕەتکردنەوەکەی گەیاندە وڵاتانی ئەوروپی[2]. بەم جۆرە شەڕ نزیکی هەڵگیرسان بوو. ڕووسیا دوای ئەوەی داواکەیان ڕەت کرایەوە لە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی عوسمانییەکان درێغی نەکرد بۆیە لە (24 ی نیسانی 1877ز)دا هێزەکانی ڕووسیا[3] لە خاکی ڕۆمانیاوە بەرەو ڕووباری دانوب بەڕی کەوتن لەو ڕووبارە بپەڕنەوە و بچنە ناو خاکی عوسمانی.[4] دەوڵەتی عوسمانی ئەو کارەی ڕۆمانیای بە یاخیبوون لە قەڵەمدا. بۆیە فەرمانی دا بەهێزی دەریایی لە ڕووباری دانووب دا تۆپبارانی کەنارەکانی ڕۆمانیا بکات ڕۆمانیاش لە کاردانەوەی ئەمەدا سەربەخۆیی خۆی لە (14ی ئایاری 1877ز)دا ڕاگەیاند و بەشداری شەڕی کرد لەگەڵ ڕووسیا دژی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو هێزە هاوپەیمانانە لە ڕۆژی (27 ی حوزەیران)دا[5] لە ڕووباری دانووب پەڕینەوە. ڕووسیا بە پەڕینەوەی لە ڕووباری دانووب گرفتێکی سروشتی گەورەی لە کۆڵ بۆوە. بۆیە نەخشەی دەکێشا بۆ ڕزگاربوون گرفتی دووەم کە ئەویش شاخەکانی بەلقان بوو. بەخت یاوەری ئەو هێزانە بوو چیای ڕەشیش هاتە ناو ئەو هاوپەیمانییەوە کە پاڵی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە نا کە هەندێك لە هێزەکگانی بکێشێتەوە بۆ بەریەرەکانی چیای ڕەش. بەمەش بەرەی دانووب بێ هێز بوو سرپەکانیش لە کۆتایدا هاتنە ناو شەڕەکە.[6] بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بە تەنیا لەڕووی کۆمەڵی دەوڵەتانی مەسیحی ڕاوەستابوو کە بریتی بوون لە ڕووسیا و چیای ڕەش و سرپیا سەرەڕای هاووڵاتیانی مەسیحی لەناو خاکی بەلقان دا. ئەم شەڕە سیمایەکی خاچ پەرستانەی هەبوو هەر لەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرسانییەوە. هاوپەیمانان بە

[1] - نوری، عثمان : عبدالحمیدی دووەم و سەردەمی دەستەڵاتەکەی، ل 218.
[2] - کامل : ل 158 – 159.
[3] - کامل، مصطفى : ل **159** . فیشر : ل **18**. Miller : op. cit. p. 373.
[4] - محمد فرید بك : ل 629.
[5] - هەمان سەرچاوە.
[6] - هەمان سەرچاوە : ل 631 – 632. الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1075.

ئەنقەست لە ناو شارەکان و گەڕەکە موسڵمان نشینەکانیان بۆمباران دەکرد. ڕەشە کوژی دانیشتوانیان دەکرد لە گەرمەی ئەو ڕووداوانەدا شێخ الاسلام دوو فتوای دەرکرد. لە فتوای یەکەمدا جیهادی فەرز کرد لەسەر هەموو موسڵمانێکی پێ گەشتوو و ئاقڵ و بە توانا. دووەمیشیا پێدانی نازناوی غازی بوو بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم. بۆئەوەی لە فێڵی بێگانەکان دڵنیا بێت حکومەتی سەربازی ڕاگەیاند لە (24 ی ئایار)دا[1] سوپای ڕووسیا سەرکەوتنی خێرای بە دەستهێنا، دەستی گرت بەسەر ترنوڤو نیقوبولی و تەنگە ئاویەکانی بەلقان لەسەر ڕێ ڕەوی تەنگەی شبیکای بەناوبانگ هەڵکەوتو لە ناوەڕاستی بولگاریادا. پێشڕەوی سوپای ڕووس درێژەی هەبوو هەتا شاری بلغنە کە شارێکی ستراتیجی بوو[2].

لەو شارەدا ,فەرماندەیی عوسمانی عوسمان پاشا سەرکەوتنی ئەوەی بەدەست هێنانی بەڵێ هاتوویخۆی کە پێشڕەوی سوپای روسی بوەستێت ,بۆماوەی پێنج مانگ هەرچەندەشارەکە لەلایەن فەرماندەی روسی (تورلین) بەتوندی گەمارۆ درابوو[3]. قەیسەری روس لە ئازایەتی عوسمان پاشا زۆوۆر سەری سوورما، کاتێك شارەکە کەوتە دەست ڕووسەکان قەیسەر زۆر ڕێز و تەقدیری هەبوو بۆ فەرماندە عوسمانییەکان.[4] ئاکامی داگیرکردنی شاری بلغنە، سەرەڕای بەشداری کردنی سرب دژی سوپای عوسمانی عوسمانییەکان زۆربەی سوپاکەیان لە پشت شاخەکانی بەلقان جێگیر کردبوو بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر بولگاریا ڕوملی ڕۆژهەلات. بە یارمەتی سوپایی سرب و ڕۆمانی دەربەندەکانی شبیکا گیرا و. شۆڕشگێڕەکانیش دەستیان گرت بەسەر أنتیڤاری هەڵکەوتوو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی. سوفیاش گیرا، سوپای ڕووسی بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ سوپایەکی وانەبوو بەرگری بکات[5]. مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1878ز) نزیك تەواوبوون بوو کە سکوبلیڤ ئازاترین فەرماندەی ڕووس ڕێگای خۆی بەرەو ئەدرنە بڕی لە بیستع و هەشتی مانگدا شارەکەی داگیر کرد. سوپای عوسمانیش لە پاشەکشەدا

---

[1] - الشناوی : هەمان سەرچاوە، ل 1075 – 1076.

[2] - ئەو ڕاڕەوە دەکەوێتە شوێنییەکگرتنی ڕێگا سەرەکی یەکانی بەرەو ڕووباری دانوب و ڕۆژئاوا ڕاڕەوەی شاخەکانی بەلقان .. کامل، مصطفی : ل 159 – 160.

[3] - جرانت وتمبرلی : بەرگی دووەم، ل 18.

[4] - کامل، مصطفی : ل 162.

[5] - محمد فريد بك : ل 639. الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1080.





بوو لە هەموو لایەکەوە.[1] لە سڕبیاش سڕبەکان دەستیان گرت بەسەر شاری نیشدا، کە شوێنێکی ستراتیجی گرنگ بوو، نیقولا میری چیای ڕەشیش دەستی گرت بەسەر شاری سبیزاو دلاسینو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی ڕۆمانییەکان (ڤیدین)یان داگیر کرد[2] و دانیشتووە موسڵمانەکانیان لەو شارە ئاوارەن کرد. یۆنانییەکانیش بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ دەستیان گرت بەسەر تالیا دا. لە ئاسیاشدا ڕووسەکان بە درێژایی ئەو بەرەیەش سەرکەوتنی یان بە دەستهێنا و قەڵا قایمەکان داگیرکران و قارس و أردهان و ئەرزەڕۆم. هەڵکەوتو لە ئەرمینیا کەتنە دەستی ڕووسەکان[3]، لە گەرمەی ئەو ڕووداوانەدا فەرماندە سەربازی یەکانی عوسمانی لەسەر نەخشەی ستراتیجی ناخۆشی کەوتە ناویان. بوون بە دوو بەشەوە، کەس باوەڕی بەکەس نەبوو ئەوەش کاری کردە سەر مەعنەویەتی سەربازەکان.

بۆیە سوڵتان ناچاربوو پێکهاتەی فەرماندەی سەربازی یەکان بگۆڕێت، بەڵام دەرەنجامەکەی پێچەوانە بۆوە[4]. هەر لەو نێوەدا ڕدیف پاشا چاودێری جەنگ لەسەر کار لابراو عەبدولکەریم نادر پاشاش کە فەرماندەی گشتی سوپا بوو ئەویش پۆستەکەی لێوەرگیرایەوە دوای تێك شکانی سوپای عوسمانی لەبەردەم ڕووسەکان دا کەوتە ئەستۆی ئەوان.[5] لە شوێنی ئەوانەش زاوای سوڵتان مەحمود کرا بە چاودێری شەڕ و محەمەد عەلی پاشا بوو بە فەرماندەی گشتی سوپا[6]. دوای داگیرکردنی بلغنە، سوڵتان داوای لە بەشداربووانی پەیمانی پاریس کرد ناوبژی بۆ بکەن لەلای قەیسەری ڕووس و شەڕ بوەستێت وەکو دەستپێك بۆ ئاشتەوایی، بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپی بەئەنقەست کەم تەرخەم یان نواندج تا هەل بۆ ڕووسیا هەڵکەوێت ئامانجە سەربازی یەکانی جێبەجێ بکات[7]. ئەوەی کارەکەی ئاڵۆزتر کرد نزیکبوونەوەی سوپای ڕووسیا بوو لە ئەستەنبوڵ و مەسیحییەکانیش کە پێشتر لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوون دەستیان کرد بە تۆڵە سەندنەوە لە موسڵمانەکان کوشتنیان و ئاوارەکردنیان، ئەمەش بوو بەهۆی

---

[1] - هەمان سەرچاوە .

[2] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 18.

[3] - سەیری ئەو بابەتە بکە کە پێوەندیان بە بەرەی ئاسیاوە هەیە : محمد فريد بك، ل **634 – 638**. Barnwell: op . cit. pp. 462 – 480.

[4] - یاداشتەکانی سوڵتان عبدالحميد، ل 178.

[5] - هەمان سەرچاوە.

[6] - کامل، مصطفی : ل 160.

[7] - محمد فريد بك : ل 638.

ئاوارە بوونی هەزاران موسڵمان لە ناوچە داگیر کراوەکان لەلایەن ڕووسیاوە ڕوویان کردە ئەستەنبوڵ و وڵات و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت. تا وای لێهات دەوڵەت لە توانایدا نەبوو کە خواردن و جێی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین بکات ئەمەش بارگرانی دەوڵەتی عوسمانی زیاتر کرد[1]. لەوکاتە سەختەدا دوو کێشەی دی لەبەردەم سوڵتان سەریان هەڵدا کە هەڵوێستەکە ئەوەندەی دی مەترسی داربوو. کێشەی یەکەم یۆنان بوو ئەو بارودۆخەنی دەوڵەتی عوسمانی بەهەل زانی دەستی کرد بە چالاکی سەربازی و سیاسی بۆ جێبەجێ کردنی فراوان خوازی یەکانی لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی، پشتگیری خۆی بۆ ئەو شۆڕشانە ڕاگەیاند دژی عوسمانییەکان بەرپاکرابوون لە أبیروس و تراقیا لە مانگی شوباتی ساڵی ($1878$ز)دا بڕیاری داگیرکردنی ئەوناوچە یۆنانیانەی دا کە لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدان, بەڵام کاتێ هەواڵی وەستانی شەڕی بیست. یۆنان ئەو جولە سەربازی یانەی ڕاگرت لە ترسی ئەوەی بە تەنیا بمێنێتەوە لە بەردەم سوپای عوسمانی دا. سوپای عوسمانی توانی شۆڕش لە ابیروس دامرکێنێتەوە، بەڵام لە تراقیا شۆڕشەکە پەرەی سەند و دەستەڵات دارانی عوسمانی نەیانتوانی ئەو شۆڕشە خامۆش بکەنەوە بۆیە بەریتانیا لە مانگی ئایاردا خۆی تێگە یاند و پێشنیازی ئاشتی دایە یاخیبووەکان، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی ئیدارەیەکی جیا لەهەریەکە لە ابیروس و تراقیا، (باب العال)یش بەو پێشنیازە ڕازی بوو.[2] کێشەی دووەمیش بریتی بوو لە شۆڕشی دانیشتوانی مەسیحی یەکانی دوورگەلی کریت ئەوانیش شەڕی عوسمانی و ڕووسیا یان بە هەل زانی بوو. شۆڕشگێڕەکان داوایان دەکرد کە هەندێ گۆڕانکاری بکرێت لەلائحەی بنچینەیی ساڵی ($1868$ز). ئەو دوورگەی دابش کرد بوو بەسەر پێنج بەشی ئیداری بە ئامانجی وەرگرتنی بەشی زیاتر، بەریتانیا خۆی گەیاندە ئەو کێشەیەش. داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە هەندێ ڕێ و شوێنی ئیداری پەیڕەو بکرێت بەپێی داواکاریە گونجاوەکان و پێویستی یەکانی دوورگەکە. دەوڵەتی عوسمانی بەو پێشنیازەش ڕازی بوو فتنەکە کوژایەوە.[3] هێزەکانی ڕووسیا لە ئەستەنبوڵ نزیک دەبوونەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ($1878$ز)دا لەسەر وانگەکانی ئەستەنبوڵ و لەسەر منارەی مزگەوتەکانەوە سەربازە ڕووسی یەکان دەبینران. هەموو کاتێك پایتەخت

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 639 – 640.

[2] - Miller: op. cit. pp. 378 – 381.

[3] - Ibid: pp. 314 – 316.





بۆی هەبوو سوپای ڕووسیا داگیری بکات. ڕووسیا ئاگری تێبەر بوو لەتاو گێڕانەوەی پایتەختی دەوڵەتی بێزەنتی ئەمەش لە کاتێکدا بوو دەوڵەتانی ئەوروپی هیچ هەڵوێستیان نەبوو بۆ وەستاندنی سوپای ڕووسیا[1]. لێرەدا سوڵتان سەیری کرد کە درێژەدانی شەڕ بەڵایەکی لەوە گەورەتر دێنێ بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا. بۆیە داوای لە ڕووسیا کرد کە شەڕ ڕابگرێت و ئاگربەست ڕابگەیەنرێت.[2] ئەویش لە وەڵامدا کۆمەڵێك داواکاری هەبوون بۆ شەڕ وەستان :

1. سەربەخۆیی سڕبیا و ڕۆمانیا و چیای ڕەش.
2. دەوڵەت واز لە هەندێ خاکی خۆی دەهێنێ بۆ ڕووسیا.
3. بولگاریا سەربەخۆیی ئیداری هەبێت.
4. ئیدارە لە بۆسنە و هەرسك سەربەخۆ بێت.
5. زیانەکانی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قەرەبوو بکرێنەوە.

بەم شێوەیە ئاگربەست ڕاگەیەنرا لەسەر ئەو خاڵانە لە ڕۆژی ($31$ی کانوونی دووەم)دا لە ئەدرنە.[3] ئاگربەست بە کردەوە لەلایەن هەردووك لاوە جێبەجێ کرا، بەڵام بەربەرەکانی ڕووسیا و بەریتانیا باڵی بەسەر بواری سیاسی دا کێشا بوو. بەریتانیا باوەڕی نەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە سەرسوورهێنەرە تێك بشکێت بگاتە ئەو ڕادە ترسناکە. ڕاستە کە سوپای ڕووسی ئەستەنبوڵی داگیر نەکرد، بەڵام لە دەروپشتی جێگیر بوو. خەتی پێشەوەی بەرەی شەڕ گەیشتە هێڵی بیوك چکمچە و کوچك چکمچە، بەڵام کاتێك ویستی بێتە ناو پایتەخت، نامەی هەڕەشەی لە بەریتانیاوە پێگەیشت کە فەرمانیدا بەهێزیی دەریایی خۆی بەرەو ئەستەنبوڵ بکەوێتە ڕێ لە ترسی ئەوەی ڕووسیا داگکیری بکات. ئەو کات دەوڵەتی عوسمانی دەبێتە دەوڵەتێکی سەر بە ڕووسیا، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لە بەرژەوەندی یەکانی بەریتانی لە ڕۆژهەڵات[4]، کاتێ ئستولَی بەریتانیا گەیشتە بسفۆڕ بارودۆخی سیاسی ناوچەکە تێکچوو، گرژی بواری سەربازی لە نێوان هەردوولا دەرکەوت. ڕووسیا هەستی بە مەترسی یەکی گەورە کرد. لە ڕاستی مافی خۆی بوو کە بترسێت سوپاکەی لێ ماندوو بوو. بە ئاسانی کۆمەکی پێ نە دەگەیشت،

[1] - jelavich: B:The ottoman Empire.The Great Powers and the straits Question 1880 – 1887. p. 97

[2] - الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1086.

[3] - کامل، مصطفی : ل 172.

[4] - صفوت : هەمان سەرچاوە، ل **41**. Jelavich: op. cit, p. 101.

بواری دارایی ڕووخاوبوو، کە زۆر زەحمەت بوو بۆ قەیسەر کە خۆ بخاتە ناو شەڕێکی تازەوە لەگەڵ دوژمنێکیت تازەدا بۆیە وازی لە نەخشەکەی خۆی هێناو قەولی دا کە نەچێتە ناو ئەستەنبوڵەوە هەتا کاتێك کە سوپای بەریتانیا لە وشکانی دا پیادەبێت.

## پەیمانی سان ستیفانو (1878ز)

ڕووسیا لەو بارە ئاڵۆزەدا زۆر حەکیمانە جوڵایەوە، دەستی کرد بە ئاشتەوایی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە شاری ئەدرنە بۆ بڕیاردان لەسەر ئاشتی. دوایی گفتوگۆکان گواسترانەوە بۆ (سان ستبفانو) کە گوندێکی بچووك بوەو لەسەر لێواری دەنریای مەڕمەڕ دە میل لە ئەستەنبوڵەوە دور بو. ئەنجامی ئەوە گفتوگۆیانە ئیمزا کردنی پەیمانی (سان ستیفانو) بوو لە (3ی ئازاری 1878ز)دا. ئاشکرایە کە ڕووسیا هیوای وابوو لەو پەیمانەدا هەموو دەستکەوتەکانی بپارێزێت بێ ئەوەی دڵی بەریتانیا بێشێت. پێشنیازی کرد کە ئەدرنە بەجێبهێڵێت.

ناوەڕۆکی پەیمانەکە ئەمە بوو – ڕووسیا دەست دەگرێت بەسەر هەندێ هەرێمی گرنگ لە ئاسیا وەکو قارس و ئەردەهان، باطوم و بایەزید لەگەڵ زەوی سەر بەو شارانە بەم شێوەیە خاکی ڕووسیا درێژبۆوە هەتا نزیك باکووری عێراق و باکووری شام و ئەنازۆڵ – ڕووسیا دەست دەگرێت بەسەر ئەو بەشەی بساریبا کە لکێنرابوو بە ڕۆمانیاوە ساڵی (1856ز)، پێێش دەکەوێت بۆ ڕووباری دانووب بەجۆرێك سەرەتای یەکگرتنی هەردوو ڕووباری البرون و دانوب بەرەو دەریای ڕەش جیا کەرەوەی ڕووسیا و ڕۆمانیا دەبێت

–دامەزراندنی بولگاریای گەورە کە درێژدەبێتەوە لە ڕووباری دانوبەوە بۆ دەریای ئیجە و ڕوملی ڕۆژهەلات هەمووو مەقدۆنیاش دەخرێتە سەر دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیە نەمێنێت هەموو مەرزە سەربازی یەکان لابرێن لەگەڵ هێشتنەوەی وجودی سەربازی ڕووسیا بۆ ماوەی دە ساڵ. ڕێ و شوێنی تایبەت پەیڕەو بکرێت بۆ پاراستنی موسڵمانانی بولگاریا لەژێر چاودێری ڕووسیا.

– کارمەندانی دەوڵەت و سەربازەکانی دەبێت مەسیحی بن حاکمێکی لەلایەن دانیشتوانەوە بۆ هەڵدەبژێرێت. سوڵتان فەرمانێك دەردەکات بە دامەزراندنی دوای ڕەزامەندی وڵاتانی ئەورووپای بەشداربوو لە ڕێککەوتنی پاریسی (1856ز). حکومەتی بولگاریا جزیە دەدات بە دەوڵەتی عوسمانی.





– سوپای عوسمانی بۆی هەیە بەناو خاکی بولگاریا و لە ڕێگای تایبەتەوە تێپەڕێ بۆ گەیشتن بەو ولایەتانەی کەوتوونەتە دوای بولگاریاوە ئەو تێپەڕینەش دەبێت تەنیا هێزی سوپا بێت.

– سەربەخۆیی دەدرێت بە ڕۆمانیا قەرەبوو دەکرێنەوە بەو ناوچە بە پیشانەی کەلێ ی زەوت کرابوو بەپێدانی سێ بەش لە ناوچەی دووبروجیا.

– بۆسنە و هەرسك حوکمی زاتی وەردەگرن، سربیاش سەربەخۆیی تەواو وەردەگرێت لەسەر دەریای ئەدریاتیکی نامێنێت بەڵام موسڵمانانی سربیا بۆیان هەیە بمێننەوە یان وڵات بەجێ بهێڵن.

– لابردنی هەموو دیاردەیەکی سەربازی لەسەر ڕووباری دانوب و ئاوەکانی ڕۆمانیا و سرب و بولگار.

– سەربەخۆیی دەشتی کەشتی یەوانی بۆ ئەو کەشتی یانەی لە ڕووسیاوە دێن یان بەرەو ڕووسیا دەڕۆن لە تەنگە ئاوی یەکاندا. جا لەکاتی ئاشتی دا بێت یان شەڕ.

بەو مەرجەی ئەو کەشتی یانە سەر بە وڵاتانی بێ لایەن بن لەو شەڕەدا. دەوڵەتی عوسمانی بۆی نییە گەمارۆ بخاتە سەر کەناری دەریاکانی نێوان دەریای ڕەش و ئازوم، بەڵام کەشتی یەکانی ڕووسیا بۆیان هەیە بە ئازادی تەنگە ئاوی یەکان دەبخەن لە کاتی شەڕدا لە بەردەم کەشتی ئەو وڵاتانەی لە حاڵەتی شەڕدان لەگەڵ ڕووسیا.

– دەوڵەتی عوسمانی دەبێت غەرامەی شەڕەکە بدات، ئەو یاسا تایبەتەش بە دوورگەی کریت کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە لەسەر دانیشتوان وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت. دەبێ بەڵێن بدات حاڵی ئەرمەنەکان باش بکات و سنووریش لەگەڵ ئێران دیاری بکات.

– بەنخشینی گشتی دەربکات و گیراوە سیاسی یەکان ئازاد بکات.

– پاراستنی ماف و ئیمتیازی قەیس و ڕاهیە ڕووسی یەکانی دانیشتووی خاکی عوسمانی هەروەها گەشتیارەکانی ڕووس کە سەفەر دەکەن بۆ ناو خاکی عوسمانی. بالوێزی ڕووسی لە ئەستەنبوڵ و کونسولگەری یەکان لە تەواوی شارەکانی عوسمانی دا بۆیان هەیە بەرگری لەوکەسانە و موڵکەکانیان و دێرەکانیان بکات[1].

[1] - دەقی پەیمانەکە دەخوێندرێتەوەیلە لای : محمد فريد بك، ل 652 – 664. كامل، مصطفى : ل 173 – 174. صفوت : ل 42. جرانت وتمبرلی : بەرگی دووەم، ل 19 – 22.

## نرخاندنی پەیمانی سان ستبفانو

خوێندنەوەی نۆزدە بەندەکەی پەیمانی سان ستبفانو. نەخشەی سیاسەتی ڕووس لە بەلقان ڕوون دەکاتەوە وەکو خۆی دەی ویست ئەو پەیمانە گەورەترین زیانی بە دەوڵەتی عوسمانی گەیاند[1]. زیانێك بوون کە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو دەی گەیەنێت بە دەوڵەتی تێکشکاو. تێکشکانەکە چەند گەورەبوو زیانە ماددی و سیاسی یەکانیشی ئەوەندە گەورە بوون ڕووسیا دروستکردنی چەندین کیانی سەربەخۆ و نیوەی سەربەخۆی مەسیحی لەناو ینوری تازەدا سەرەڕای زیادکردنی ڕووبەرەکەیان و هەمووشیان لەدەوری خۆی دەخولانەوە. بە سەر دەوڵەتی عوسمانی دا سوپاند. ڕوخسەتی بە خۆی دا بوو کە لەناو ئەو کیانە دروست کراوانەدا بمێنێتەوە هەتا کاروباری خۆیان ڕێك دەخەن سوپا دروست دەکەن. ڕووسیا دەستی گرت بەسەر چەندین هەرێمی عوسمانی گرنگ لە ئەوروپا و ئاسیا دا. یاسایەکی تازەشی دانا بۆ تێپەڕینی کەشتی یەکان بە تەنگە ئاوی یەکاندا، کە بەرژەوەندی یە جەنگی و بازرگانییەکانی پارێزراو بوون. دەوڵەتی عوسمانیش بارێکی گرانی دارایی کەوتە سەر. ڕووسیا دەستەڵاتی عوسمانی لە ئەوروپادا پێچایەوە. دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپادا تەنیا چوار پارچەی بچووکی بۆ مایەوە کە سێ یان لە چوار پارچەکە هیچ پێوەدی یەکیان لە نێوان دا نەبوو. تەنیا بە ڕێگای دەریادا نەبێت. پێوەندی پارچەی سێ و پارچەی چوار ڕێگایەکی تەسك بوو کە بە چیای ڕەش خاکی سرب دا تێدەپەڕی بە شێوەیەك سوپای هەریەك لەو دوو ئیمارەتە دەتوانن ڕێگا لە سوپای عوسمانی بگرن. پارچەی یەکەم شاری ئەستەنبوڵ و دەروپشتەکەی بوو، پارچەی دووەم شاری سالۆنیك و نیمچە دوورگەی نزیك ئەو بوو، بەڵام سێیەم پێکهاتبوو لە هەرێمی أبیروس و بەشێك لە ئەلبانیا چوارەمیان پێکهاتبوو لە بۆسنەو هەرسك. ئەوەی لە خاکی عوسمانی مابۆوە درایە سڕبیا و حبل ڕەش. بەشێکی دی درایە بولگاریای گەورە کە دەوروپشتی ئەستەنبوڵی گرت بوو لە هەرسێ لایە وشکانییەکەی. ئەمەش لای بەریتانیا زۆر سەخت بوو چونکە کارتی فشاربوو بە دەست ڕووسیاوە. لە توانی دا هەبوو هەموو تەنگە ئاوی یەکان کۆنترۆڵ بکات کە بەرەو ئەستەنبوڵ و سالۆنیك

---

[1] - کامل، مصطفی : ل 173.





دەچن. ئەوەش وەکو بەربەستێك بوو ڕووسیا بەکاری دەهێنا لە دژی ئەستەنبوڵی پایتەختی عوسمانی[1].

لە ڕاستیدا پێوەندی بولگاریا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی موویەك لاواز بوو. هەموو ئەو پێوەندی دانی جزیە و فەرمانی سوڵتان بوو بۆ دامەزراندنی میرێك و سوپای عوسمانی بۆی هەبوو بەناو بولگاریادا تێپەڕێت. بێبەش کردنی سڕبیا لە هەرێمی بۆسنەو لە لایەن ڕووسیاوە ئەوەی دەگەیاند ڕووسیا دەست بەرداری سڕبیا بووە هەرچەند لە پەیمانی سان ستبفانو هەوڵی زیادکردنی خاکی سڕبیا درا شاری نیش درایە سڕبیا. بۆیە سڕبیا پەنای بۆ نەمسا برد داوای یارمەتی دبلۆماسی لێکرد. بەم شێوەیە بەلقان لە دەستی دەوڵەتی عوسمانی هاتەدەر تەنیا دەستەڵاتی لەسەر تراقیا و سالۆنیك و تالیا و شاخەکانی ئەلبانیا مایەوە. بەم جۆرە ڕووسیا زەربەیەکی ئاڕاستەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کرد. لە ناخەوە هەژاندی ئەوکات سالێك و پێنج مانگ بەسەر دەستەڵاتی دا تێدەپەڕی. پەیمانەکە سەرەتایەکی ڕەش و سەرشۆڕی عوسمانییەکانی تێدابوو.

## هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپی دەربارەی پەیمانی سان ستبفانو

ڕووسیا توانی ناوچەی بەلقان ڕێك بخاتەوە بەپێ ی بەرژەوەندییەکانی خۆی. لە کاتێکدا ولاتانی ئەوروپی لە کاتی شەڕدا بێ لایەنی خۆیان پاراست، بەڵام لە قۆناغی دوای شەڕ بێ بەش بوون چونکە پەیمانێك بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا سەپێنراوە بەشەکانی لێکهەڵوەشاند بەشێوەیەك لەوەو پێش ئەوەی بەخۆیەوە نەدیوە. ڕووسیا بێ ئەوە وڵاتانی ئەوروپی بەشدار بکات بەشێکی زۆری وڵاتی عوسمانی بۆخۆی برد. ئەوروپی یەکانیش ئەمەیان بەلاسەنگ بوونی تەرازووی دەستەڵات دەزانی[2]. ئەو پەیمانە بە کۆمەڵێك ڕەخنەوە لە لایەن بەریتانیا و نەمساوە پێشوازی لێکرا. دەوڵەتانی بەلقانیش وایان هەست دەکرد کە تەوازوونی نیمچە دوورگەی بەلقان لاسەنگە و هەموو لە بەرژەوەندی بولگاریادایە، ئەویش لە ژێر دەستەڵاتی ڕووسیا دا یە[3]، بەریتانیا پیێ ی وابوو ئەو پەیمانە دەستەڵاتی باشی داوە بە ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. لەگەڵ ڕێگای

---

[1] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 21 – 22.
[2] - کامل، مصطفی : ل 174 – 175.
[3] - سنو : ل 22.

گەیاندنی بەریتانیا و هندستان نایەتەوە[1]، چونکه دەرکەوتنی بولگاریای گەورە لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی دەبێتە دەست و بازوی ڕووسیا لە ناوچەکەدا هەرکاتێك بجولێت لە بەرژەوەندی ئەودایە دەتوانێت ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی بهەژێنێت، هەمیشه لە ژێر دەستی بەزەیی ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی دایە لە بەلقان. سەرباری ئەوەش ئازادی ڕووسیا لەکەشتی یەوانی لە تەنگە ئاوی یەکاندا وە ڕۆیشتنی بەرەو ئاوە گەرمەکان و داخستنی تەنگە ئاوی یەکان لە کاتی شەڕدا، لە ڕووی کەشتی ئەو وڵاتانەی لە حاڵەتی شەڕدان لەگەڵ ڕووسیا، هەروەها دەستگرتنی ڕووسیا بەسەر چەند شارێکی گرنگی ئاسیا وای لێکرد کە نزیك بێت لە باکووری عێراق و باکووری شام، کە ئەوانەن دوو هەرێمی گرنگن لەبواری سەربازی و ئابووری دا لەلای بەریتانیا ئەوەش وا لە سوپای ڕووسیا دەکات کە بە ئاسانی دەستەلاتی بەسەر کەنداوی عەرەب و هند دا هەبێت، هەرچەند بەریتانیا ڕازی نییە کە ڕووسیا دەستەڵاتی لە بولگاریا پەرەبستێنێت. بێ ئەوەی نەمسا دەستەڵاتی زیاد بکات لە ڕۆژئاوای بەلقان.[2] ئیمپراتۆریەتی نەمسا ڕەخنەی توندی لەو پەیمانە گرت، چونکە باسی ئەوە ناکات کە نەمسا بۆسنە و هەرسك داگیربکات، هەروەها دڕدۆنگ بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی بولگاریای گەورە و فراوانبوونی بەرەو ڕۆژئاوا. نەمسا ئەو پەیمانەی نێوان ڕووسیا و عوسمانی بە پێشێل کردنی ڕێککەوتنامەی هەژدەی ئازاری (1877ز)[3] دەزانی. ئەم کارەی قەیسەری بەقێزەون لەقەڵەمدا، چونکە دوای ئەوەی سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەو بەڵێنانەی دابووی بە نەمسا پێشێلی کرد. لە ڕاستیدا نەمسا بە نیازی داگیرکردنی ئەو دوو ولایەتە بو وەکو قەرەبووی زیانەکانی لە ئیتاڵیا دوای شکانی لە بەردەم ڕووسیادا لە ساڵی (1886ز)دا بۆیە هەڕەشەی کرد کە داگیریان دەکات. حاڵەتی ئامادەباشی گشتی لە دلماسیا و ولایەتەکانی دانوب ڕاگەیاند. بۆچوونی وابوو ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا مەسەلەیەکی ئەوروپی گشتی یە دەبێ هەموو ئەوروپا لەسەری ڕێك کەون. هەربۆیە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نیودەوڵەتی کرد[4]. ئەڵمانیا یارمەتی ڕووسیای دا بەشێوەیەکی ئەدەبی. فەڕەنساش بێ لایەن بوو. بەهۆی ئەو زیانانەی

[1] - صفوت : ل 42.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - کامل، مصطفى : ل 175.
[4] - هەمان سەرچاوە : ل 172 – 173، 175 . جرانت و تمبرلى : بەرگی دووەم، ل 22.





لەشەڕی بڕووسیا لێ ی کەوت. ئیتاڵیاش هەر بێ لایەن بوو، بەم شێوەیە ئەوروپا ناڕازی یە لەو پەیمانە و داوای پێداچوونەوەی ناوەرۆکەکەیانی دەکرد. لەو نێوەدا ڕووسیا هەستی بە گۆشەگیری کرد کە توانیان ڕازی بکەن پێشنیازی پەیمانێکی نێودەوڵەتی بکرێت بەو مەرجەی بڕیارەکانی وانەبێت سەروەری ڕووسیا لەکەدار بکات[1].

## کۆنگرەی بەرلین (1878ز)

لەو کەشە ئاڵۆزە نێودەوڵەتییەدا هەلێکی باش بوو بۆ بسمارك وەکو ڕزگارکەری ئاشتی جیهانی خۆی نیشان بدات داوای کرد کۆنگرەیەك ببەستن کە کێشەکانی ئەوروپا چارەسەر بکات لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی بێ ئەوەی خوێنی ئەوروپی بڕژێت[2]. بەریتانیا و نەمسا ئامادەیی خۆیان بۆ بەستنی کۆنگرە دەربڕی کە لەو کۆنگرەیەدا موناقەشەی بەندەکانی پەیمانی سان ستبفانوی نێوان ڕووسیا و عوسمانی بکرێت. ڕووسیا لە سەرەتا ئەو فکرەیەی ڕەت کردەوە، بەڵام کاتێ سەیری کۆی دەنگی وڵاتانی ئەوروپی لەسەرە ڕازی بوو. هەستی دەکرد کە ناتوانێت شەڕێکی دیکە بکات بەهۆی ئەو بارە ناهەموارە ئابووری و سەربازی یەی تێی کەوتبوو بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی ئەو شەڕەی لە دەست دەرنەچێت هەوڵیدا ناخۆشی بخاتە نێوان نەمسا و بەریتانیاوە. کاتێ ئامادەی کۆنگرەکە دەبن پێشتر هەلی ئەوەیان نەبێت لەسەر شتێك ڕێك کەون. بۆیە لەگەڵ نەمسا کەوتە وتوێژ بەڵام بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی ئیجابی چونکە هەردوولا سووربوون لەسەر بەرژەوەمدی یەکانیان لەولاشەوە لە ڕێگای باڵوێزی ڕووسیا لە لەندەن بۆ ئەوەی بۆچوونی بەریتانیا بزانن ئاخۆ دەیەوێت چ بەندێك گۆڕانکاری تێدا بکرێت، لە (20ی ئایار)دا هەردوولا ڕێککەوتنکە ڕووسیا پەیمان بدات لە بولگاریا درێژ نەبێتەوە بەرەو باشور لەبەرانبەر ئەوە بەریتانیا ڕازی بوو ڕووسیا دەست بگرێت بەسەر باطوم و قارس و باشوری بساریبیا[3]. فەڕەنساش مەرجی ئەوەی دانا دەبێ بەشداربووان ئەوانە بن لە ڕێککەوتننامەی پاریسی (1856ز)دا بەشداربووون. بۆ ئەوی کۆنگرەکە دووربێت لە باسکردنی مەسەلەی میسر و شام و تونس و ماخی فەڕەنسا لە شوێنە پیرۆزەکانی

[1] - فیشر : ل 371.
[2] - مصطفى : ل 245.
[3] - کامل، مصطفى : ل 175. جرانت و تمبرلى : بەرگی دووەم، ل 22 – 23.

فەلەستین[1] وتوێژ دەستی پێکرد لە نێوان نوێنەراندا لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا، ئەو کێشانە یەکلای کرانەوە کە بڕیار بوو باسیا لێوەبکرێت. سالز بۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕەزامەندی خۆی لەسەر بەندە باسکراوەکان نیشاندا بەو مەرجەی دەست هەڵگرێت لە پرۆژەی بولگاریایی گەورە، کە ڕووبەری بولگاریا کەم بکرێتەوە بۆ سێ یەکی ئەوەی دانراوە لە پەیمانی سان ستبفانودا. لە باشورەوە دەکشێت بۆ شاخەکانی بەلقان، مەقدۆنیا و کەنارەکانی خوارووی دەدرێنەوە بە دەوڵەتی عوسمانی بەشی سێیەمیشی کە دەکەوێتە باشوری شاخەکان پێ ی دەوترێت ڕوملل ی ڕۆژهەلات. حوکمی زاتی پێ دەدرێت لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا[2]. ئامانجی ڕاستەقینەی بەریتانیا لەو کارەیدا ستراتیجی یەتێکی گرنگ بوو. ئەویش گەڕانەوەی ڕوملل ی ڕۆژهەلات بۆ دەوڵەتی عوسمانی تا شاخەکانی بەلقان. هێڵێکی بەرگری توند بۆ دەوڵەتی عوسمانی مسۆگەر دەکات بەمەبەستی پاراستنی ئەستەنبوڵ و ئەدرنە لەبەردەم مەترسی پێشڕەوی ڕووسیا لەلای ڕووباری دانوبەوە. دزرائیلی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا باوەڕی وابوو بەو کارە دەوڵەتی عوسمانی پارێزراو دەبێت لەلای ئەوروپاوە لە مەترسی ڕووس لە داهاتوودا. شایانی باسە کە دەوڵەتی عوسمانی هیچ زانیاریەکی لەوبارەوە نەبوو.

بەریتانیا ڕێگای نێوان خۆی و هندستانی مسۆگەر کرد بە وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ڕووسیا ئاگای لەوکارە نەبوو. وای دەبینی مەترسی گەورە لەلایەن ئەرمەنەکانەوەیە کە دەبێ خۆی لێ بپارێزێت دەبێ لە بەرانبەر پێشنیازی ڕووسیا کە دەست دەگرێت بەسەر باطوم و ئەردەهان و قارس دا بە داگیرکردنی دوورگەیەك یان شوێنێك لەسەر کەناری ئاسیای بچووك بەرانبەرە بەبوونی ڕووسیا لە ئەرمینیا سەرەڕای دوورگەی قوبرس کلیلی ڕۆژئاوای ئاسیایە. خاڵێکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە میسر. لەو ڕێککەوتنە نهێنییەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی بەریتانیا، دەوڵەتی عوسمانی ڕوخسەتی دا بە بەریتانیا کە قوبرس داگیربکات، ئەگەر ڕووسیا ئەو هەرێمانەی کە باسکران لە ئاسیادا لکاندی بە خاکی خۆیەوە، یان بیەوێت کە فراوانخوازی دی بکات لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوە بەریتانیا بەهێزی بەرگری لە هەرێمەکانی عوسمانی بکات دژی ڕووسیا. ئەوانەش کە پەیمانی ئەم دوایەسنووری بۆ دیاری کردووە[3]، سوڵتانیش

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 177.
[2] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 22 – 23.
[3] - صفوت : ل 43.





پەیمانی دا بە بەریتانیا لە بەرانبەر ئەوەدا چاکسازی لە ژیانی مەسیحییەکانی هاوولاتیانی دی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجام بدات لەو هەرێمە ئاسیایانەدا. ئەو ڕێککەوتنە لە (4 ی حوزەیرانی 1878ز)دا[1] ئیمزاکرا. بەریتانیا لە کۆتایدا ڕێککەوتنی نهێنی لەگەڵ نەمساش ئەنجام دا، کە وەك ئاشت کردنەوەیەك وابوو بۆ هاندانی لەمەڕ هەڵوێستی نەمسا لە بەرانبەر بولگاریا و ڕوخسەت پێدانی بە داگیرکردنی بۆسنە و هەرسك. بە کورتی ڕێککەوتنی نهێنی هەبوو لە نێوان هەریەکە لە ڕووسیا و نەمسا و دەوڵەتی عوسمانی دا پێش دەست پێکردنی کۆنگرەکە. ئەمە لە کاتێکدایە ڕووسیا و نەمسا بە ڕێککەوتنی نهێنی بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی نازانن دەربارەی قوبرس. دەوڵەتی عوسمانی هیچی نەدەزانی دەربارەی بەڵێنی نهێنی لە نێوان بەریتانیا و نەمسا لەسەر داگیرکردنی بۆسنە و هەرسك. ئەك کۆنگرەیەن کۆنگرەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو چونکە پێش وەخت لەسەر زۆرشت ڕێك کەوتبوون بسمارك پێشنیازی کرد کە بەرلین شوێنی بەستنی کۆنگرەکە بێت. بەشداربووانی کۆنگرەکە لە (23 ی حوزەیرانی 1878ز)دا لە بەرلین بەسەرۆکایەتی بسمارك کۆبوونەوە، ڕێگە درا بەچەند وەفدێك کە بەشداربن وەکو چاودێر لەوانە یۆنان، سربیا، ڕۆمانیا، چیای ڕەش، فارس، ئەرمەن، یەهودی. حەوت دەوڵەتی گەورەی ئەورپا بەشداربوون ئەوانیش دەوڵەتی عوسمانی، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا. قەرە تودری پاشا، مشیر محەمەد عەلی پاشا وە سعدالە بەگ الالجی نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بوو. پێویست بوو لەسەریان بەرگری لە مافەکانی دەوڵەتەکەیان بەرانبەر دەست درێژی ولاتانی ئەوروپی. کۆنگرەکە تەواوبوو چەند بڕیارێکی دەرکرد کە نەخشەی بەلقانی دووبارە داڕشتەوە[2]. هەموو ئەو کارانەش لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی بوون، هەریەك لەو دەوڵەتانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە پارچەیەکی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆیان بەرن جا بەهۆی کارێکی شەڕافەت مەندانەوە بێت یان بە فێڵ بازی. لە ئەورپاشدا بولگاریا کرایە سێ بەشەوە :

[1] - دوو شت بۆ ئەو ئیتیفاقیە زیاد کرا :یەکەمیان لە یەکەم ڕۆژی مانگی تەمموزدا بوو پێوەندی بەستنەوەی ئیدارەی دوورگەکە لەلایەن بەڕیتانیاوە بە بوونی ڕووسیاوە لە هەرێمە ئاسایی یەکاندا کە لەسەرەوە باس کران. هەر یاسایەکیش کە پێوەندی بەو ئیدارەوە هەبێت، بەڵام زیادکردنی دووەم لە چەاردەی مانگی ئاب دا کرا. دەوڵەتی عوسمانی هەموو مافێکی یاسایی دا بە بەڕیتانیا تا ئەو کاتەی لە دوورگەیە بمێنێتەوە. سەیری دەقی ڕێك کەوتننامەکە بکە لە : Hurewitz: op. cit. I. PP. 187 – 189.
[2] - سەیری دەقی پەیمانەکە بکە لە : محمد فرید بك، ل **679 – 697**. Hurewitz, I, pp. 173 – 174.

1. میرنشینی بولگاریا : درێژەبۆوە لە حەوزی دانوبەوە بۆ شاخەکانی بەلقان بەرەو باشور پایتەختەکەی سۆفیا بوو[1]، کە وەکو سەربەخۆ بێت وابوو حکومەتەکی مەسیحی بوو هێزی سەربازیشی لە دانیشتوانی وڵاتەکە بوو. میرێکی مەسیحی هەڵبژێردراو فەرمانڕەوایی دەکرد سوڵتانیش فەرمانی دامەزراندنی دەدا دوای ڕەزامەندی وڵاتانی ئەوروپا. ئەو حکومەتە ساڵانە جزیە دەدات بە دەوڵەتی عوسمانی، دەستەبەری ئازادی ئایینییەکانی دەکات، نابێت سوپای عوسمانیش لەو هەرێمە دا بمێنێتەوە. هەموو سەنگەرە سەربازی یەکانی دەڕوخێنرێن[2].

2. ولایەتی ڕوملی ڕۆژهەلات : دەکەوێتە خوارووی شاخەکانی بەلقان ڕاستەوخۆ لە نێوان مەقدۆنیا و ئەدرنە دایە. پایتەختەکەی شاری فیلیبولیس بوو[3]. خرایە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی، خاوەنی ئیدارەیەکی ناوخۆی سەربەخۆ بوو، قەدەغە بوو سوپای عوسمانی تێدا بمێنێتەوە بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بۆی هەبوو بەرگری لە شورە وشکە ئاوی یەکەی بکات. بۆی هەیە دامەزراوەی سەربازی تێدا دامەزرێنێت و سوپای عوسمانی تێدا بێت. ئەو ولایە تە پیاوێکی مەسیحی حوکمی دەکات هەڵدەبژێرێت و سوڵتان فەرمانی دامەزراندنی دەدات دوای ڕەزامەندی وڵاتانی ئەوروپی، سەر بە دەوڵەت دەبێت لە ناحیەی سیاسی و عەسکەری.

3. مەقدۆنیا و کەناری خوارووی : دەدرێنەوە دەوڵەتی عوسمانی[4]. بەم شێوەیە دەوڵەت کەنارەکانی دەریای ئیجەی دەستکەوتەوە کە دەبێتەن حەڵقەی بەیەکگەیشتنی بۆ ولایەتە عوسمانییەکان لە ئەوروپا و بەندەری توتە.

لە ڕاستیدا دابەشکردنی بولگاریا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ دبلۆماسیەتی بەریتانیا و زیانێك بوو لە ڕووسیا کەوت چونکە دەبێتە نەزۆرك کردنی دەستەڵاتی ڕووسیا لە بەلقان بەڵام ئەو دابەشکرانە زۆری نەخایاند دووبەش یەکەم و دووەم یەکیان گرتەوە دوای حەوت ساڵ. بەریتانیا پشتگیری دەکرد کە ڕووسیا پێ ی ناخۆش بوو[5]. نەمساش دەستکەوتی باشی هەبوو لەسەر پێشنیازی بسمارك و پشتیوانی بەریتانیا هەردوو

1 - کامل، مصطفى : ل 179.
2 - الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1102 – 1103.
3 - کامل، مصطفى : ل 179.
4 - هەمان سەرچاوە : الشناوی، بەرگی دووەم، ل 1103.
5 - Meller: op. cit, p. 389. Jelavich: op. cit, p. 145.





ولایەتی بۆسنە و هەرسکی دەستکەوت و سیاسی یانە داگیری کردن، هەروەها (سنجق نۆڤی بازاڕ) هەڵکەوتو لەسەر ڕێگای سالۆنیك بەشێوەی سەربازی داگیری کرد. بەو مەرجەی شێوە ئیداری یەکەی لەژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا بێت نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی بەن نهێنی ناچار کران ئەو ڕێککەوتنە ئیمکزا بکەن و دان بەوە دابنێن کە ئەوە داگیر کردن نییە و دەستەلاتی عوسمانی پێشێل نەکردووە، بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەوە دەری خست ئەو داگیرکردنە کاتی یە وەکو پێشەکی یەکە بۆ داگیرکردنییەکجارەکی ئەوەش ڕوویدا دوای سی ساڵ لە یمزا کردنی ئەو ڕێککەوتنە ئەوەش لەساڵی (1908ز)دا[1]. بەم شێوەیە نەمسا بوونی خۆی لە ڕۆژئاوای بەلقان سەلماند. لە بەرانبەریشدا ڕویسا لە ڕۆژهەلاتی بەلقان وجودی هەبوو. ئەو داگیرکردنە سرپیا و چیای ڕەشی لەیەك جیاکردەوە. کاتێ نوێنەرانی عوسمانی ناڕازی بوونی خۆیان نیشاندا، بسمارك وەڵامی دانەوە کە کۆنگرەکە بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپی ئەنجام دراوە. نەك بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی[2] کاتێ ئیمارەتی چیای ڕەش ئارەزووی خۆی نیشاندا بۆ ڕووسیا سنوورەکەی کەمتر کرایەوە لەوەی کە لە پەیمانی سان ستیفانوی پێ ی بەخشرابوو. هەرچەند بەندەری ئەنتیپاری دەست کەوت لەسەر دەریای ئەدریاتیکی سرپیا بە شێوەیەکی عەمەلی بەناوچەی ژێر دەستەلاتی نەمسا لە قەڵەم درا، هەروەها سەربەخۆیی هەریەك لە سرپیا و چیای ڕەش و ڕۆمانیا ڕاگەیەنرا، کە بەشێك لە هەرێمی دووبروجای پێ بەخشرا[3]. یۆنانیش بەشێکی زۆری بۆ زیادکرا بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی لە سنووری باکووریدا. لە کاتێکدا بەشداری شەڕیشی نەکردبوو بەڵام هەرێمەکانی دی یۆنان لە ژێر دەستەلاتی عوسمانی دا خرانە ئەستۆی دەوڵەتی عوسمانی. تا ئەو یاسایەی لە ڕوملی ڕۆژهەلات جێبەجێ دەکرا لەوێش بکرێت لە بواری سیاسی و ئیداری دا.[4]

بەڵام حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، بەپێ ی ڕێ و شوێنی کۆنگرەی بەرلین چەند گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تێدا کرا. بەهۆی ئەوکارەی دزڕائیلی دەربارەی قوبرس. بەریتانیا قوبرسی لەبری ئەو پارێزگارییەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات لە داهاتوو بۆ ئەوەی

1 - Ibid: pp. 390 – 391.
2 - کامل، مصطفى : ل 180.
3 - هەمان سەرچاوە : ل 181.
4 - هەمان سەرچاوە : ل 180 – 181.

فەڕەنساش ڕازی بێت داگیركردنی تونسی بۆ پێشنیاز كرد. كاتێ ڕووسیا دەست بەسەرداگرتنی باطوم و صارس و ئەردەهانی دووپات كردەوە. سەرۆك وەزیری بەریتانیاش پەردەی لەسەر ڕێككەوتنی قوبرس هەڵماڵی. فەرمانی دا بە كەشتی یەوانی وڵاتەكەی كە بەرەو قوبرس بكەونە ڕێ. دوای داگیركردنی قوبرس بەرپیتانیا فراوانكاریەكی باشی بەخۆیەوە بینی لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی دا. دەستەڵاتی تەواوی بەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دا هەبوو[1]. لە داهاتوودا ئەو دوورگەیە دەكرێتە خاڵی ڕۆیشتن بەرەو میسر. دەرەنجامی ئەوەش مسۆگەركردنی ڕێگای هندە ئەوەش ئەو ئامانجە ستراتیجی یە بوو كە دەمێكە هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام زیانەكانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیادا بەشداربووانی كۆنگرەكە دا والێكرد كە واز لە باطوم و ئەردەهان و قارس بهێنێت بۆ ڕووسیا، بەو مەرجەی كە بەندەری باطوم ئازاد بێت. بەم شێوەی ڕووسیا دەستەڵاتی لە ئاسیا پەیداكرد. ئەو فراوانخوازی یەودرێژدەبۆوە تا سنووری قەوقاس و سنووری ڕووسیا گەیشتە نزیك سنووری ئەرمینیای عوسمانی لەوێوە ڕووسیا دەی توانی لە ئاسیای بچووك دامەزرێت و بەرەو باكووری شام و باكووری عێراق بڕوات[2]. كۆنگرەكە بڕیاری دا (وادی الاكراد) و شاری بایەزید بدرێتەوە بە دەوڵەتی عوسمانی. لەبەرانبەردا واز لە شاری ختر بهێنێت.[3] بۆ فارسەكان كۆنگرەكە چەند چاكسازی یەكی ناوخۆیی بەخۆیەوە بینی مەبەست لێ ی چاككردنی بارودۆخی مەسیحی یەكان بوو لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا بەتایبەتی ئەرمەنەكان. دەوڵەتی عوسمانیان ناچار كرد بەڵێن بدات بە وڵاتانی ئەوروپی كە ئەو ڕێ و شوێنی چاكسازی یانە جێبەجێ بكات. دەوڵەتانی ئەوروپی بۆیان هەیە چاودێری بكەن. بڕیارەكانی دی خرانە سەر زیانەكانی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا و حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست. لەو كۆنگرەیەدا تەماعەكاری وڵاتانی ئەوروپی زیاتر دەركەوت كە دەیانەوێت دەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچە بكەن و بەسەر خۆیاندا دابەشی بكەن. بەم شێوەیە سەرتای دەستەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاوڕێ بوو لەگەڵ كۆمەڵێك نەهامەتی كە بەسەر دەوڵەتی عوسمانی داهاتن، چەند هەنگاوێكی خێرا بوون بەرەو كۆتایی دەوڵەتی عوسمانی.

[1] - بەڕیتانیا دەستی گرت بە سەر جبل طارق و دوورگەی ماڵطا.

[2] - مێژووی دەوڵەتی عوسمانی : بە چاودێری ڕوبیر مانتران، بەشی دووەم، بەندی دوازدە (ماوەی ڕێكخستنەكان) بە پێنووسی بولدومون، ل 151.

[3] - هەمان سەرچاوە.





### دووەم : گرنگترین ئەو كێشە سیاسییانەی تووشی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوون لە دوای كۆنگرەی بەرلین

بڕیارەكانی كۆنگرەی بەرلین لاوازی دەوڵەتی عوسمانی دەرخست ئەو لاوازیەش هەلێك بوو بۆ قەوارە سیاسی یە نەتەوەی یەكان، دەستیان كرد بە ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی ناوەند بە ئامانجی دەستكەوتنی سەربەخۆیی تەواو[1]. دەوڵەتانی ئەوروپی وازیان لە چنینی فێڵ و تەڵەكە نەهێنابوو دژی دەوڵەتی عوسمانی هەمشە نەتەوەكانیان هان دەدا كە شۆڕش بكەن بۆ پارچە كردنی دەوڵەت، بەم شێوەیە كێشە لە دوای كێشە دروست دەبوون لە ڕووی دەوڵەتی عوسمانی و دوای شەڕی عوسمانی – ڕووسیادا ئەم كێشانەش دەگەڕانەوە بۆ چەند هۆیەك :

أ. گەشەسەندنی گیانی نەتەوایەتی لە بەلقان هەوڵدانی بەلقانی یەكان بۆ فراوانكردنی خاكەكەیان لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی.

ب. هەوڵدانی هەندێ لە گەلانی ئاسیا بۆ سەربەخۆیی بە تایبەت ئەرمەنەكان لە ئاسیا.

ج. تەماعی دەوڵەتانی ئەوروپا بێجگە لە ئەڵمانیا كە دەیانەویست دەست بەسەر ئەو هەرێمانەشدا بگرن كە ماون. لە ڕاستیدا دەركەوتنی چەند لایەنێك لەناو دەوڵەتانی ئەوروپادا وای كرد بڕیارەكانی كۆنگرەی بەرلین وەك خۆی جێبەجێ نەكرێن تەنیا ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە دا بگونجێت.

بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپا لە یەكدی كجیاوازبوون، كارەكان بەرەو ئەوە دەڕۆیشتن فكرەی بەكارهێنانی هێز بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئێستا لەهەر ناوچەیەك لە ناوچەكانیت دەوڵەت دا. لە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپادا بوو، كەلەمەو دوا گرنگترین كێشە سسیاسی یەكان باس دەكەین ئەوكێشانەی خەویان لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەراسان كردبوو.

### داگیركردنی قوبرس لەلایەن بەریتانیاوە

دوای تەوابوونی شەڕی عوسمانی و ڕووسیا بەریتانیا هەستی بە ئاڵۆزی و پەشێوی دەوڵەتی عوسمانی كرد و هیوای نەمابوو كە جارێكی دی هەستێتەوە. لەبەرئەوە بۆچوونەكەی پێشووی گۆڕی كە بریتی بوو لە پارێزگاری كردنی خاكی عوسمانی بڕیاری

[1] - كامل، مصطفى : ل 191.

دا کە بەشداری دەوڵەتەکانی دی بکات لە دابەشکردنی خاکی عوسمانی دا. سالز بۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا خاوەنی ئەو بۆچوونە تازەیە بوو لە سیاسەتی بەریتانیادا[1]. بەریتانیا ترسا کە ڕووسەکان دەست بەسەر ئەردەهان و قارس و باطوم دا بگرن. ئەو سێ هەرێمە قایم بکات بۆ خۆی، کە ڕێگا ئاسان دەکات بۆ ڕووسیا بەرەو دەشتەکانی عێراق و وڵاتی شام و ئەشکەندەرونە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕینی ڕێگای هند لە یەڕیتانیا سیاسەتی بەریتانیا زۆر دەربارەی هند زۆر بە وردی بیری لێ دەکرایەوە. هەوڵی پاراستنی ڕێگاکانی هندیان دەدا. دوورگەی قوبرسیش خاڵێکی گرنگ بوو ستراتیجی بوو یۆ ئەو ڕێگایە، کە دزرائیلی دەی گوت قوبرس کلیلی ڕۆژئاوای ئاسیایە[2]. بۆیە هەر لە زوەوە دەی ویست دەستی بەسەردا بگرێت. بۆیە لەکاتی شەڕی ڕووسیا و عوسمانی دا هەلی زێڕینی بۆ هەڵکەوت پێش ئیمزا کردنی پەیمانی بەرلین. دەوڵەتی عوسمانی کاتێك شەڕ دەستی پێکرد لە بارودۆخێکی زۆر ناسك دا بوو، پێویستی بە دەوڵەتێکی گەورە بوو کە پشتی بگرێت و یارمەتی بدات دژی ئەو دەوڵەتە بێگانانەی کە دەمیان کردبۆوە قوتی بدەن و هەڵی وەشێنن پاشماوەکەی دابەش بکەن، کە بەریتانیای بۆ ئەو کارە بە باش زانی بەریتانیا لەڕوو خۆی بە دۆستی دەوڵەتی عوسمانی پیشان دەدا بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی هەرچەند عوسمانییەکان باوەڕیان بەوە کرد. گومانیان وابوو کە بەریتانیا باشترین پشتیوانە، بەڵام کاتێك کۆنگرەی بەرلین تەواو بوو ڕاستیەکان ئاشکرا بوون بەڕیتانیلش بەشداری دەوڵەتانی ئەوروپا بوو بۆ وەرگرتنی بەشی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی کە ئەویش قوبرس بوو، کە سالزبۆری قوبرسی بە بەشێکی باش زانی چونکە بەداگیرکردنی میسر فەڕەنسا تورە دەبوو، کە ببێتە هۆی کیێشە لە نێوانیاندا کە بەریتانیا لەو کاتەدا نەی دەویست تووشی کێشە بێت، هەروەها دوورگەی کریتیشی بەدوور زانی لە بەر چەند هۆیەکی ستراتیجی، بەڵام قوبرس لە میسر نزیك بوو کە دەتوانێ چاودێری کەناڵی سوێس بکات پێویست بوو لەسەرە سالزبۆری بەهانەیەکی وزا بدۆزێتەوە بۆ ئەو کارەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ڕازی بکات. ئەویش بە پەیمان دان لە کۆنگرەی بەرلین دا کەن پشتی دەوڵەتی عوسمانی بگرێت کە دەبێتە دەستەبەری ئەوەی کە بەرگری لێ دەکات لە کاتی هێرش کردنی ڕووسیا بۆ سەر

[1] - الشناوي :: بەرگی دووەم، ل 1105.
[2] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 23.





ئەستەنبوڵ یان هەر شوێنێکی دی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا لەگەڵ هەندێ هێنانەوەی بیانووی دی.[1]

باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ (لایارد) لە هەمان کاتدا فشاری خستە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە مل بدات بە داگیرکردنی قوبرس لەلایەن بەریتانیاوە. لە (14ی حوزەیرانی 1878ز)دا پەیمانەکە ئیمزا کرا وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، کە پێ ی دەگوترا (ڕێککەوتنی هاوپەیمانی بەرگری) کە دەوڵەتی عوسمانی مۆڵەتی دا بە بەریتانیا کە قوبرس داگیر بکات. لەبری ئەوە کە بەریتانیا بەرگری لە دەوڵەتیت عوسمانی بکات لە ئاسیادا ئەگەر ڕووسیا سوور بوو لەسەر پارێزگاری کردن لەسەر ئەو هەرێمانەی کە باسمان کرد[2]. بەم شێوەیە بەریتانیا خۆی وانیشان دا کە بەرگری لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات لەژێر زمانی هەڕەشەدا قەناعەتی پێکرد کە قوبرس خاکی عوسمانی نەماوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هۆیانەی کە بەریتانیا باسی دەکردن تەنا بیانوو بوون بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پێ هەڵخەڵەتێنێت لە پێناو بەرژەوەندی یەکانی خۆیدا پاراستنی دەستکەوتە ئیستعماری یەکانی بە بەڵگەی ئەوەی لە داهاتوو دەرکەوت کە بەریتانیا ئامانجی چی بووە، دەوڵەتی بەریتانیا یارمەتی عوسمانییەکانی نەدا لە کۆنگرەی بەرلین دا. بەڵکو پشتی نەمسا و مەجەڕ و گەلانی بەلقانی گرت ڕووسیاش هەڵنەستا بە پەلاماردانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵانی دوای کۆنگرەی بەرلین سەرەڕای ئەوەش بەریتانیا داگیرکردنی کاتی کردە داگیرکردنی[3] هەمیشەیی پێچەوانەی دەقێك بوو لە هاوپێچی ڕێك کەتنەکە.

## داگیرکردنی تونس لەلایەن فەڕەنساوە (1881ز)

ئەو ڕێککەوتنەی کە بەریتانیا لەگەڵ عوسمانییەکان گرێ ی دابوو هەر بەنهێنی مایەوە کەس پێ ی نەدەزانی تەنیا ڕاوێژکاری نەمسا نەبێت (سبمارك والکۆنت أندراسی) بەلام ئەوانە پێ یان ناخۆش نەبوو چونکە لەگەل بەرژەوەندی ولاتەکانیان دەهاتەوە، سالزبۆری پەیمانی دا بوو کە پشت و پشتیوانیان لێ بکات لە کۆنگرەی ئاشتی دا هەواڵی

[1] - کامل، مصطفی : ل 177.
[2] - سەیری دەقی ڕێك کەوتننامەکە بکە لە : محمد فرید بك، ل 672.
[3] - کامل، مصطفی : ل 117 . الشناوي : بەرگی دووەم، ل 1108.

ئەو پەیمانە بڵاونەبۆوە هەتا ڕۆژی (7 ی‌تەممووز) کە گۆنگرە نزیك کۆتایی بوو[1]، کە هەڵچوونی فەڕونسای بەدواوە بوو. کاتێك هەواڵەکەی بیست بەڵام سالزبۆری و سبمارك، ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە فەرەنسا ڕازی دەکەن لە پێشنیاز کردنی داگیرکردنی تونس سالزبۆری دەی ویست فەرەنسا ڕازی بکات و گومانەکانی بڕەوێنێتەوە. ترسی بەریتانیای نەبێت. ئامانجیش ئەوەبوو کە فەرەنسا پشتگیری لە ڕووسیا نەکات[2] بسمارکیش دەیەویست کە فەرەنسا بەتونس سەرگەم بکات بۆ ئەوەی چالاکی یە سیاسی و سەربازی یەکانی لە کیشوەری ئەوروپا دوورکەوێتەوە بیر لە گێڕانەوەی هەردوو هەرێمی (الزاس و لۆرین) نەکاتەوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی دی یەوە دووری بخاتەوە لە ئیتاڵیا و تووشی ڕقەبەریان بکات چونکە ئیتاڵیاش چاوی لە تونس بڕی بوو[3]. فەڕوەنسا هەمیشە چاوی لەسەر تونس بوو بۆ ئەوەی بیخاتە سەر ولایەتەکانی خۆی لە قارەی ئەفریقادا. یان پارێزگاری خۆی بسەپێنێت لەسەر تونس بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بیخاتە سەر خۆی، کە بوونی وجودێکی ئیسلامی لە ڕۆژئاوای جەزائیر کە ئەویش مەراکیش بوو لە ڕۆژهەلات و کەدەستی بەسەر تونسیشدا ڕادەگەیەنێ کە ئەوە ترسی خستبۆ نێو دڵی فەرماندە سەربازی یەکانی فەرەنسا و تازە نیشتەجێ بووەکان لە جەزائیر، بۆیە زۆر پەهەلپە بوو بۆ داگیرکردنی تونس.[4] بەم جۆرە ڕێککەوتنی قوبرس لەسەر تونس کە بوو بەجێ ی منافەسە بە بیانووی پارێزگاری کردن لەسەر هاوسەنگەی نێودەوڵەتی لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست دا. فەرەنسا و بەریتانیا دەستیان کرد بە لفیسکۆڵینەوە لەوبارەوە بە دوو قۆناغ قۆناغی یەکەمە لە کاتی کۆنگرەی بەرلین دا بوو، قۆناغی دووەمیش لە لەندەن تەواو کرا دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە و گەڕانەوەی وەفدی بەریتانیا، هەردوولا ڕێککەوتن لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست دا[5] ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان دابەش بکەن. بۆیە یەکسەر فەرەنساش چاوی لە داگیرکردنی قوبرس پۆشی لەلایەن بەریتانیاوە فەرەنساش ڕازی بوو کە تونس داگیر بکات بە بیانووی ئەوەی کە ولایەتێکی عوسمانییەو بەڵام ناتوانێت بەرگری لێ بکات، کە ئەڵمانیاش ڕەزامەندی خۆی پیشان دا

1 - صفوت : کۆنگرەی لەندەن، هەمان سەرچاوە، ل 53 – 54.
2 - الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1110.
3 - کامل، مصطفی : ل 207. جرانت وتمبرلی : بەرگی دووەم، ل 9.
4 - العقاد، صلاح : ڕۆژئاوای عەرەبی، ل 197.
5 - صفوت : ل 55.





و بۆیە ڕای گشتی فەرەنسا ئارام بۆوە.[1] کە پاساوهێنانەوە بۆ ئەو کارەی فەرەنسا زۆر ئاسان بوو. جیل فری سەرۆك وەزیری فەرەنسا سێ پاساوی بۆ ئەو کارە هێنایەوە:

یەکەم : پێوەندی بە ڕووداوەکانی سنوورەوە هەبوو کە لە جولانەوەی هۆزەکانی (کرومیر) خۆی دەنواند، کە لە باکووری ڕۆژئاوای تونس نیشتەجێ بوون.

دووەم : پێوەندی بە باری نێودەوڵەتی یەوە هەبوو کە لە زیادبوونی دەستەڵاتی ئیتاڵیا خۆی دەنواند لە تونسدا.

سێیەم : پێوەندی بە نزیك بوونەوەی تونسەوە هەبوو بە (جامعەی ئیسلامی) کە سوڵتان عەبدولحەمید سەرۆکایەتی دەکرد.

فەرەنسا هەوڵیدا کە داگیرکردنەکە شێوەیەکی تەمبێ کردنی پێوەدیار بێت[2] لە (14 ی‌نیسانی 1881ز) هێزەکانی فەرەنسا سنووری تونسیان بەزاند. لە مانگی ئایاریشدا هێزی دی لە بەندەری بنزرد دابەزاند و لەهەمان مانگدا گەیشتنە کۆشکی الباي محەمەدصادق لە بەندەری بنزرد دابەزاند و لەهەمان مانگدا گەیشتنە کۆشکی الباي محەمەدصادق ناسراو بە کۆشکی (البارود) فەرەنسا دەقی پەیماننامەکەی پیشاندا کە دجیل فری ڕێکی خست بوو دەربارەی پێوەندی تونس و فەرەنسا[3]. کە داگیرکردنەکە بەشێوەیەکی کاتی یە. دەوڵەتی عوسمانی ناڕەزایی خۆی دەربڕی کە تونس بەشێکە لە خاکەکەی و دەستدرێژی کرنە سەری و دەستدرێژی یە بۆسەر بابی عالی. بەیانێکی ناڕەزایی ئاڕاستەی فەرەنسا و دەوڵەتانی ئەوروپی کرد لە (27 ی نیسان)دا بەڵام گوێ نەدرایە ناڕەزایی یەکەی[4] بۆیە فەرەنسا جێ پێ ی قایم بوو لە تونس دا و لەساڵی (1883ز)ەوە زاراوەی پارێزگاری سنووری پێوەندی یەکانی لەگەڵ تونس دیاری کرد ئەلبای تەنیا دەستەڵاتەکەی وەهمی بوو.

## داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە ( 1882ز)

لەن دەست چوونی تونس بۆ دەوڵەتی عوسمانییەکەم لە دەست چوون نەبوو لە ئەنجامی‌ت ڕێککەوتنی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە کۆنگرەی بەرلین. لەو کۆنگرەیەدا فەرەنسا و بەریتانیا ڕێککەوتنکە میسر وەك یەك دابەش دەکەن.[5] بەبێ

1 - الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1112.
2 - کامل، مصطفی : ل 207 . الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1114. العقاد : ل 198 – 199، 201.
3 - سەیری ڕێك کەوتننامەکە بکە : کامل، مصطفی : ل 210 – 211. العقاد : ل 205 – 207.
4 - هەمان سەرچاوە : ل 209 – 210.
5 - صفوت : ل 55.

هیچ گرنگی دانێك بە دەستەڵاتی خدێوی میسر، کاتێکیش ناڕەزایی دەربڕی، هەردووکیان داوایان لە سوڵتان کرد کە لەسەر کاری لابەرێت. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەساڵی (1879ز)[1] فەرمانی لەسەر کار لابردنی خدێوی ئیسماعیلی دا و کوڕەکەی تۆفیق جێگەی گرتەوە. ئەو هەڵسوکەوتەی سوڵتان عەبدولحەمید یەکێك بوو لە هەڵە گەورەکانی، کە بێ هێزی سوڵتانی دەنواند لە بەرانبەر دەوڵەتانی ئەوروپی دا. سیاسەتی سوڵتان دەربارەی میسر سیاسەتێکی لاواز و بێ بەرنامە بوو کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ میسر کە بەئاسانی داگیری بکات و قووتی بدات.[2] حکومەتی میسری دەستەڵاتی ناوخۆیی لە دەست دا، کە خدێوی تۆفیق وەکو داشی دامە بەکاردەهات لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە ئەو هیچ دەستەڵاتێکی نەبوو[3]. هەتا وای لێهات لابردن و دانانی خدێوی یەکان بە دەست بەریتانیا بوو، بە دەستی ئەنقەست لە ساڵی (1880ز)دا زیاتر دەستی خستە ناو کاروباری میسرەوە بەبیانووی ڕێکخستنەوەی سیاسەتی دارایی خۆی کە لەو ڕۆژەدا لەسەر و بەندی ئیفلاسی دا بوو. پەنای بردە بەر بڵاوکردنەوەی دەستەڵاتی خۆی کە دەستەڵاتێکی بێ سنووری بەخۆی بەخشی بوو، کە بوو بەهۆی مل دانی تۆفیق پاشا کە پشتگیری هەستی نەتەوایەتی گەلی میسر بکات و بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی (عرابیە)[4]، بەریتانیا بە تەنیا دەستەڵاتی خۆی سەپاند بەسەر قەناتی سوێس دا کە بریتی بوو لە شا دەماری سەرەکی پێوەندی یەکانی لەگەل بەشەکانی دی ئیمپڕاتۆری یەکەی، کە پاراستنی ئەو دەستەڵاتەی لە میسر بوو بەکۆڵەکەی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیادا، بە تەواوی خۆی بە خاوەنی میسر زانی و دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر شۆڕشی عرابی دا و دوای ئەوەی فەڕەنسا نەی توانی شۆڕشەکە بکوژێنێتەوە. بەو داوایەیت کە ئەوەی لەسەر ئارەزووی خدێوی تۆفیق کردووە بۆ پشتگیری لە دەستەڵاتی ئەو[5] بوو. بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانی دوو گورزی کاریگەری بەرکەوت بە

[1] - کامل، مصطفی : ل 216 . جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 51.
[2] - الشناوی : بەرگی دووەم، ل 1116.
[3] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل 51.
[4] - سەیری ئەو بەشە بکە کە پێوەندی بە شۆڕشی (العرابیە) و مەسئەلەی میسرەوە هەیە : کامل : ل 214 – 281، کە بە درێژی باسی ڕووداوەکان دەکات و سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپا و خدێوی و میللەتی میسر دەکات . سەیری گۆڕانکاری ڕووداوەکان لە میسر بکە لەو فەترەیەدا : عبدالرحمن الرافعی : عصر أسماعیل، بەشی یەکەم و دووەم، قاهیرە، 1948ز، شۆڕشی عرابی و داگیرکاری بەریتانی، قاهیرە، 1949.
[5] - کامل، مصطفی : ل **241 – 242**. Hurewitz: op. cit, I, PP.197 – 199.





لە دەست دانی دوو ولایەتی عەرەبی لە ئەفریقادا، کە لەباکووری ئەو کیشوەرە تەنیا ولایەتی برقە و تەرابلس بە دەستەوە مایەوە.

### لکاندنی روملی بە بولگارەوە

میرنشینی بولگاریا یەکێك بوو لەوکیانە سیاسی یە گرنگانەی کەن لە دەرەنجامی کۆنگرەی بەرلین بە وجود هات. لە سەرەتادا وا دیار بوو کە دەخرێتە سەر دەستەڵاتی ڕووسیا بەڵام لە دوای دا میرێکی بۆ هەڵبژێردرا تاکو فەرمانڕەوایی بکات. لە (28 ی نیسانی 1879ز)دا ئەنجومەنی (الاعیان) میر ئەسکەندەر باتنبترجی وەکو فەرمانڕەوایی بولگارای هەڵبژارد[1]. لەو کاتەدا کە ڕەزامەندی لەسەر دەستور تەواو بوو، فەرمانڕەوا بۆ بولگاریا هەڵبژێردرا ئیدارەی ولایەتی ڕوملی سنووری بۆ دانرا لەلایەن لیژنەیەکی دەوڵەتی وەکو جێ بەجێ کردنی ماددەی دوانزە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین کە بڕیاردرا کە ئەو ولایەتە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بێت، فەرمانڕەوای لەلایەن سوڵتانەوە بۆ دادەنرێت دوای ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و دەبێت مەسیحی بێت، باجی ساڵانە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی هەروەها ئەنجومەنی پەرلەمانی هەرێمەکە دیاری کرا، کە دەبێت لە (36) ئەندام پێك بێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەهێنرێن سەرەڕای (10) ئەندام لەلایەن حاکمەوە دادەنرێت (10) کەسیش دادەمەزرێن بەهۆی شوێنی پۆستەکانیان وەکو دادوەر و پیاوانی ئایینی و چاودێری دارایی کە کراەکانیان لە سنووری مالی و ئیداری دا بمێننەوە، ئەو بڕیارانەی دەری دەکات دەبێ سوڵتان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێ کردن بشێت. مافی ڕەخنەگرتنی هەیە[2]. موسڵمانان زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا هەتا ساڵی (1875ز) دوایی ڕێژەکەیان کەم بۆوە بەهۆی ئەو ڕەشە کوژیەی کە دژیان دەکرا لەسەر دەستی بولگاری یە مەسیحی یەکان کە بوو بەهۆی کۆچی بەکۆمەڵ بەرەو ئەستەنبوڵ وای لێهات کە مەسیحی یەکان زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. چاوەڕوان دەکرا کە موسڵمانەکان جارێکی دی ئەو ڕێژەیەی پێشووی خۆیان بەدەست بهێننەوە بەهۆی ئەوەی کە هەرێمەکە هەر لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی دا مایەوە، بەڵام زۆرداری فەرمانڕەوای مەسیحی یەکان و کەم ترخەمی سوڵتان وایان کرد کە ئەو ئاواتەی موسڵمانان نەیەتە

[1] - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل28.
[2]- Miller: op. cit. pp. 412 – 414. Shaw: II , pp. 197 – 198.

دی. ئەلیکو پاشا یەکەم فەرمانڕەوایی ڕووحی ڕۆژهەڵات بوو[1]، ڕق و کینەیەکی زۆری لە عوسمانییەکان هەبوو، پێ ی خۆش بوو کە ئەو ولایەتە بخاتنەوە سەر بولگاریا. بۆیە خۆی نزیک کردەوە لە پۆستە گرنگەکان دا هەندێ بولگاری دانا و دەستی کرد بە چەوساندنەوەی موسڵمانەکان[2] سوڵتان عەبدولحەمید بێ دەنگ بوو بەرانبەر ئەو پێشێل کاریەی کە دەکرا دژی یاسای بنەڕەتی ولآت لەو ولایەتەدا، کە سوڵتان دەی توانی پێش لەو کارەی فەرمانڕەوای روحی شەرقی بگرێت، کە دوای ئەوەش بزوتنەوەیەک دروست بوو داوای لکاندنی روملی ڕۆژهەڵاتی دەکرد بە بولگاریاوە، دوای ئەوە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کۆبوونەوەیەکی نهێنی یان کرد سەعاتی سفریان دانا بۆ هێرش کردنە سەر کۆشکی فەرمانڕەوای عوسمانی لە (ئەیلولی 1885ز) دا و هەستان بە بە دیل گرتنی سەرۆکی شۆرشکە ستامبلوف بەی ناوی پەرلەمانی بولگاریا. روملی ڕۆژهەڵاتی لکاند بە بولگاریاوە بە سەرۆکایەتی میر ئەسکەندەر تنبرچ[3] ئەم کارە یەکێك لە بەندەکانی کۆنگرەی بەرلینی پێشێل دەکرد، هەروەها کارێکی سەربەخۆ و مەترسی دار بوو کە بۆی هەبوو کێشەیەکی سیاسی گەورەی لێبکەوێتەوە و هەموو وڵاتان بگرێتەوە کە داوا کرا کە کۆنگرەیەك لە ئەستەنبوڵ ببەسترێت لە (تشرینی دووەمی 1885ز)دا و باڵوێزی وڵاتانی گەورە بەشداربوون[4].

هەریەك لە دەوڵەتەکان ئەوەندە پشتگیری یان ناڕازی بوون لە یەکگرتنی ئەو دوو هەرێمە کە لەگەل بەرژەوەندی یەکانیان بگونجێت بەریتانیا پشتگیری یەکگرتنی دوو هەرێمەکەی کرد لە کاتێك دا رووسیا دژی راوەستا بەهۆی سیاسەتی تازەی قەیسەر ئەسکەندەری سێیەم. (1881 – 1894ز) کە وای دەبینی ئەو دەوڵەتە تازە گوێ ڕایەڵی نەمسا و بەریتانیا دەبێت، بەڵام فەڕەنسا هەر سوور بوو لەسەر سیاسەتی هەڵنانی گەلانی بەلقان بۆ جیابوونەوە و شۆڕش کردن بۆیە فەرشەنسا دژی ئەو یەکگرتنە نەبوو[5]، بەڵام هەڵوێستی سوڵتان نزیك بوو لە دوو دڵی یەوە و ناڕەزایی خۆی لەوبارەوە دەربڕی، بەڵام ئەو سیاسەتە کاریگەر نەبوو لەگەل گۆڕانکاری ڕووداوەکانی ئەمڕۆدا نە

1 - کامل، مصطفی : ل 192 – 193.
2 - الشناوی : بەرگی چوارەم، ل 1893 – 1894.
3 - کامل، مصطفی : ل **282**. الشناوی : بەرگی چوارەم، ل 1894 – 1895 . Miller: op. cit, p. 412.
4 - Taylor: A. J. P: The struggle for Mastery in Europe: p. 305.
5 - جرانت و تمبرلی : بەرگی دووەم، ل **28**. کامل، مصطفی : ل **283**. Miller: p. 412. Shaw: II. P.198.





دەگونجا، لەکاتێکدا دەی توانی بە ڕەسمی ناڕەزایی خۆی دەربڕێت ڕێگر بایە لە جێبەجێ کردنی ئەو کارە[1]. لە ڕاستیدا چەند لایەنێك دژایەتی سوڵتانیان دەکرد لەلایەکەوە سوڵتان نەی دەویست تاوانبار بکرێت بەو کوشتارەی دژی بولگاری یەکان کرابوو لەلایەکی دیشەوە هەنگاوی جدی نا بۆ نەهێشتنییەکگرتنی دوو هەرێمەکە. هیوای ئەوەش هەبوو کە دەوڵەتەت گەورەکان هەمان هەنگاو بهاوێژن. لەلایەکی تر ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەو یەکگرتنە ببێتە هۆی هەڵنانی نەتەوەکانی دی بەلقان داوای جیابوونەوە بکەن و ئەوەی کە ڕای کۆتای سوڵتانی دیاری کرد وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سالزبۆری بوو کە پێ ی گوت نابێ بەشێوەی سەربازی کێشەی بولگاریا چارەسەر بکرێت[2]. لە ئەنجامی لکاندنی ئەو دوو هەرێمە سربیا پێی ناخۆش بوو لە ترسی ئەوەی کە ڕووبەری وڵاتی بولگاریا زیاد بکات.

کە هەوڵی جدی دا بۆ ئەوەی کە بەیەکەوە لکانەکە سەر نەگرێت، کە زانی ئەوەی بۆ ناکرێت هەوڵیدا کە مەقدۆنیا بخرێتە سەر سربیا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئیقلیمی، بەڵام لەوەش سەرکەوتوو نەبوو کە شەڕی سربیا داگیرسا[3]. وەزیری دەرەوەی بولگارای هەستا بە ئەنجام دانی گفتوگۆ لەگەڵ (بابی عالی) دا دەربارەی ئەو کێشەیە کە ڕێککەوتنێکی لێکەوتەوە لە نێوان هەردوو لا لە (24 ی ئازاری 1886ز)دا ئیمزا کرا کە بریتی بوو لەم بەندانەی خوارەوە :

1. میر ئەسکەندەر باتنبرج پەیمان دەدات بە حکومەتی روملی ڕۆژهەڵات کە هەتا دەستەلاتی بە دەستەوە بێت لە دەست ئەو فەرمانڕەوایانەی ئێستا دابێت.
2. ڕۆڵی سەرشانی دەوڵەتی عوسمانی دەگۆڕدرێت بلەپێ ی ماددەی پانزە لە پەیمانی بەرلین کە (بابی عالی) بۆی هەیە کە فەرمانی گوندە ئیسلامییەکانی بە دەستەوە بێت لە کەرتی کیردجالی وەکو چۆن فەرمانڕەوایی البوماق دەکات[4].
3. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت کە کاری چاوپێداخشاندنەوەی یاسای بنچینەیی روملی ڕۆژهەڵات دەبێت بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ لکاندی بە بولگاریاوە.

1 – هەمان سەرچاوە : ل 28 – 29 . الشناوی : بەرگی چوارەم، ل **1898**.
2 - هەمان سەرچاوە .
3 - کامل ، مصطفی : ل **284** – **285**. فیشر : ل **391** . Miller: op. cit, p. 417.
4 - بوماق ناوێکە مەسیحی یەکان لە بلغاریا و تراقیا بەو موسڵمانانەیان دەگوت کە بە زمانی بلغاری قسەیان دەکرد هەروەها ئەوانەشەی دەگرتەوە کە لە مەقدۆنیا بە صربی قسەیان دەکرد : دائرة المعارف الاسلامیة، بەرگی چوارەم، ل 338 – 339.

4. بولگاریا دان دەنێت بە فەرمانڕەایی عوسمانی لە بولگاریا و ڕوومللی ڕۆژهەڵات کە هەردوو هەرێمەکە ساڵانە باج بدەن بە عوسمانییەکان باڵوێزەکانی وڵاتە بەشداربووەکان بڕیاریان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە دا. لە (5 ی نیسانی 1886ز)دا کە ئەمە چارەسەرێکی مام ناوەندی بوو.[1]

بەم شێوەیە بارودۆخی بولگاریا ئارام نەبۆوە تا کۆتایی ئەو سەدەیە هەمیشە ئاژاوە نانەوە بەردەوام بوو، ڕەشەکوژی سیاسی بەردەوام بوو بەشێوەیەکی بەربڵاو.

## کێشەی یۆنان

فراوانخوازی قەوارە سیاسی یەکان لە بلقان لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی هەندێکیان ئامانجیان ئەوەبوو کە بەیکجاری لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە، کە ئەمە دیاردەیەك بوو جێی سەرنج بوو لە کۆنگرەی بەرلینی (1878ز)دا و دوای کۆنگرەکەش. گەلانی بەلقان لە کۆنگرەکە ناڕازی بوون کە نەیانی دەتوانی ئاواتە نەتەوایەتی یەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێك سنووری یۆنان کرایە قەزیەکی نێودەوڵەتی بڕیار درا کە سنوورەکەی فراوان بکرێت یەکسەر ڕازی بوو بەو مەرجەی دوورگەی کریت و ولایەتە عوسمانییەکانی هاوسنووری باکووری یۆنان بخرێنە سەر ئەو وڵاتە. وادیار بوو کە کۆنگرە مەرجەکانی یۆنانی قبوڵ کرد. بۆیە داوایان کرد کە وتوێژی دوو لایەنی بکرێت لە نێوان یۆنان و عوسمانییەکان دا بۆ ڕێکخستنەوەی سنوور بە مەرجێك ئەوەی کە دەوڵەتانی گەورە مافی خۆتێگەیاندنیان هەبێت لە نێوان هەردوولا ئەگەر ڕێ نەکەوتن.

دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەکە نوێنەری هەردوولا لە برنمیزا لە ئەلبانیا لە مانگی شوباتی (1879ز)دا کۆبوونەوە، یۆنانییەکان سوور بوون لەسەر ئەوە کە دەبێ دەستەڵاتیان بەسەر تالیا و أبروس دا هەبێت، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی سوورە لەسەر ئەوەی ناتوانێت واز لە بەرژەوەندی یەکانی بهێنێت لەو ناوچەیەدا، ئەمەش لەبەر نەتوانینی یۆنان بوو کە بەگری لە سنووری ئەو وڵاتە بکات کە یۆنان داوای دەکات ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیشەوە ئەو دو ناوچەیە کە یۆنان داوای دەکرد زۆربەی دانیشتوانی موسڵمان بوون، بەڵام دەوڵەت ڕازی بوو واز لە سێ یەکی کەنداوی فولو لە نێو دەریای ئیجە بهێنێت بۆیە گفتوگۆکان سەرکەوتوونەبوون[2]. لەوکاتەشدا وڵاتانی ئەورووپی هاتنە

[1] - Miller: op. cit. p. 417. Tayler: op. cit, p. 306.

[2] - کامل، مصطفی : ل 197 . الشناوی : بەرگی چوارەم، ل 1925. Miller: op. cit. p. 407.





ناو کێشەکەوە بۆ یەکلای کردنەوەی سنووری دوو ولات فەڕەنسا و بەریتانیا هاوکاری بەکدیان کرد بۆ گرێدانی ئەو کۆنگرەیە لە بەرلین لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1880ز)دا کە دەوڵەتانی گەورە ئامادەی بوون. کۆنگرەکە بڕیاری دا کە بەشێك لە تالیا و ئوبیروس یانینا و متزڤۆ و لاریسا بدات بە یۆنان[1]. یۆنان بەو بڕیارانە ڕازی بوو هەرچەند گەلی یۆنان پێ یان خۆش نەبوو. دەوڵەتی عوسمانیش ئەو بڕیارانەی ڕەت کردەوە، چونکە دەستگرتنی یۆنان بەسەر ئەو ناوچانەدا وای لێدەکات هەمیشە توانای ئەوەی هەبێت پەلاماری خاکی عوسمانی بدات و لەلایەکی دیشەوە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە موسڵمان بوون[2]. لە ئەنجامی ڕازی نەبوونی عوسمانییەکان، یۆنان حاڵەتی ئامادەباشی ڕاگەیاند. خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکرد. دەوڵەتانی ئەوروپا ترسان کە شەڕێکی دیکە لە بەلقان ڕووبدات بۆیە خۆیان تێگەیاند و هەوڵیان دا کە کێشەکە چارەسەر بکەن دەوڵەتی عوسمانی داوای کرد کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە ئەستەنبوڵ ببەسترێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکە بەو مەرجەی یۆنان بەشدار نەبێت[3]. دوای گفتوگۆیەکی سەخت ی لە (24 ی ئاداری 1881ز) ڕێککەوتن لەسەر :

1. لکاندنی هەرێمی تالیا بە یۆناوە و بەشێکیش لە هەرێمی ئیبروس هەنتا ڕووباری ئارتا.
2. لکاندنی قەڵای بوونتا و ناوچەکانی دەوروپشتی بە یۆنانەوە[4].
3. تێکدانی سەربازگە و سەنگەرەکانی بریڤیزا.
4. پارێزگاری کردنی بینایەکانی ئەوقافی ئیسلامی لەو هەرێمانەدا کە لکێنراون بە یۆنانەوە موسڵمانەکانی ئەو هەرێمانە ئازادی تەواتویالن هەبێت.
5. دەوڵەتی یۆنان بەشێك لە قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بداتەوە کە بگونجێت لەگەڵ داهاتی ئەو هەرێمانەی کە دەستی بەسەر داگرتوون بەهۆی ئەوەی کە ئەو زەویانە زەوی کشتوکاڵی بەپیت بوون داهاتێکی باش بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

[1] - هەمان سەرچاوە : ل 198.

[2] - هەمان سەرچاوە.

[3] - هەمان سەرچاوە : ل 200. Miller: op. cit, p. 407.

[4] - ئەو قەڵایە دەکەوێتە سەر دەرگای چوونە ژووری ئەمیر کیان بەرانبەر قەڵای بریڤیزا کە دەتوانێ دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو کەنداوە ستراتیجی یەدا هەبێت.

دەوڵەتانی ئەوروپایی خۆشحاڵ بوون بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان یۆنان و دەوڵەتی عوسمانی. بە تایبەت چارەسەرکردنی کێشەی سنووری باکووری یۆنان، بەڵام ئەو خۆشحاڵی بە تەنیا چەند ساڵێك درێژەی هەبوو. یۆنان دەستی کردەوە بە هەوڵدان بۆ لکاندنی دوورگەی کریت و ئیبروس و مەقدۆنیا بە خۆیەوە وەکو بەربەرەکانییەك ی بۆ نە لکاندنی ڕوملی ڕرژهەلات بە بولگاریاوە یۆینان هەمیشە خەونی فراوانخوازی دەبینی بە دامەزراندنی دەوڵەتی یۆنانی – بێزەنتی لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی، کە ڕووبەرێکی فراوانی دەگرتەوە لە بەلقانی ئەوروپا. سەرەڕای بەشێکی زۆر لە ڕۆژئاوای ئەنازۆڵ لە ئاسیا و دەست بەسەرداگرتنی تەنگە ئاوی یەکان داگیرکردنی ئەستەنبوڵ. بۆیە یۆنان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فراوانخوازی یە تەنیا ڕاگەیاندنی شەڕی بە چارەسەری دەزانی و دەوڵەتی عوسمانیش بۆ بەرگری کردن لە خۆی ئیعلانی شەڕی کرد، لە ساڵی (1897ز)دا شەڕ دەستی پێکرد. چەند ڕاپەڕینێك لە دوورگەی کریت دەستی پێکرد کە ددەوڵەت سەرکوتی کردن دوای ئەوە ئاگری شەڕ بڵێسەی سەند و یۆنان سنووری عوسمانی بەزاند لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆخۆی سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی شەڕەکەی دەکرد و نەخشەی کێشا بۆ لێدانی زەڕبەیەکی کوشندە لە یۆنانییەکان بەشێوەیەك دەوڵەتانی گەورە بخاتە هەڵوێستی ناجۆرەوە کە کاتێت خۆی نەیانهێشت دەوڵەتی عوسمانی کێشەکە بۆخۆی چارەسەر بکات.

دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپا یەقینیان هەبوو کە سوپای عوسمانی سوپای یۆنان تێك دەشکێنێت، چونکە سوپای عوسمانی چاکسازی باشی بوخۆیەوە بینی بوو لەسەر دەستی شارەزایامی ئەڵمانی شەڕ سی ڕۆژی خایاند کە سوپای یۆنان تێکشکا و ڕێگا کرایەوە بۆ سوپای عوسمانی بەرەو ئەسینا دوای سەرکەوتنی لە ناوچەی دوومیڤا لە (17 ی ئایاری 1898ز)دا. لە ئەنجامی ئەو تێکشکانەدا یۆنان پەنای بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا برد. بۆ ڕزگارکردنو پاراستنی ئەسینا، قەیسەری ڕووس نیقۆلای سێیەم بروسکەیەکی پیرۆزبایی سەرکەوتنی بۆ سوڵتان نارد و داواشی لێکرد کە هێزەکانی عوسمانی لەوە زیاتر پێشڕەوی نەکەن. دەوڵەتانی ئەوروپیش پشتگیریان لەو داوایە کرد. سوڵتان ناچاربوو کە داواکەیان بگرێتەوە پێشڕەوی سوپا ڕابگرێت، بەمەرجی دەستگرتنی بەسەر هەرێمی تالیا دا و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی شەڕ، بەڵام





سالزبۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەو مەرجە ڕازی نەبوو دەوڵەتی عوسمانی نەی توانی هەرێمی تالیا بە دەست بهێنێتەوە دەوڵەتانی ئەورپی یەکیان گرت بۆ لابردنی مەرجی قەرەبوکردنەوەش. بەم جۆرە لەم شەڕە هیچ فراوانکاری یەك لە هەردوو لا ڕووی نەدا بەڵام سەرکەوتنی سوپای عوسمانی کاریگەری یەکی مەعنەوی باشی لە جیهانی ئیسلامی دا دروست کرد.

## کێشەی ئەرمەن

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە یاداشتەکانی دا باسی باسی کێشەی ئەرمەن دەکات. دەڵێت کێشەی ئەرمەن کێشەی ئەرمەنەکان خۆیان نەبوو دەتوانم بڵێم کە زۆر ڕازیم لە ئەرمەنەکان، ئەرمەنەکان زۆر باشتر بوون لە هەندێ کەس کە خۆیان بە عوسمانی دەزانی خزمەتی شارستانی ئێمەیان کردووە کاریان کردووە بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەمان، بەهۆی ڕاستگۆی و خزمەتی باشیان عوسمانییەکی نایاب بوون هەرگیز گلەیی و سکالایان لە ئێمە نەبووە.

ئەرمینیا بەشێوەیەکی سیاسی بەسەر سێ دەوڵەت دا دابەش ببوو کە ئەوانیش ئێرن و ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی بوون. ئەو بەشەی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو بەسەر شەش ولایەتدا دابەش ببوون ئەوانیش بەدلیس و ئەرزڕۆم و مەحمۆره العزیز و ڤانیون لەگەڵ بەشێك لە دیاربەکر و سیواس. دەوڵەتی عوسمانی نەی توانی ئەرمەنییەکان لەنێو خۆی بتوێنێتەوە بەهۆی هۆگریان بە ئایینی مەسیحی. لە ڕاستیدا شۆڕشی ئەرمەن دەرەنجامە ناڕاستەوخۆکانی کۆنگرەی بەرلین بوو بەبیانووی ئەوەی کە ئەرمەنەکان لەو کۆنگرەیە بێ بەش کراون. تەنیا بەو دوو بەڵێنەی (بابی عالی) نەبێت دەستەبەرکردنی چاکسازی لە ژیانی ئەرمەنییەکاندا و پاراستنی ئاسایش و ئارامیان. دەوڵەتانی ئەورپی بەڵێنیان دا بوو کە چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو دوو بەڵێنەی (بابی عالی) دەکەن.

لەئەنجامی ئەو تەم و مژەی لەو بەڵێنانەدا هەبوو تووشی ئەو هیوایەی بەو کۆنگرە هەیان بەربادبوو. بۆیە لەولاتی ئەرمەن دا ڕاپلاڕینێکی میللی ڕوویدا. هەستان بەپێکهێنانی چەند کۆمەڵێکی تۆقێنەر لە هەموو لایەك دەستیان کرد بە ڕەشە کوژی و جیاوازیان نەدەخستە نێوان موسڵمان و ئەرمەنەکان بۆ هەڵگیرسانی فیتنە لە نێوان موسڵمان و ئەرمەنەکاندا بە دەستهێنانی ڕای گشتی ئەوروپا، ئاڵۆزی کەوتە نێو ئەرمەنەکان، ڕووی دەوڵەتی عوسمانیان ناشیرین کرد لە دەرەوەی وڵات، چونکە

هەواڵەكان بە پێچەوانەوە بڵاودەكرانەوە. كێشەكە بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت، كە گەلاتی وەكو سرب و بولگار لەو كۆنگرەیەدا سەربەخۆیان وەرگرت. ئەمە پاڵی بە ئەرمەنەكانەوە نا وەكو ئەوان ڕاپەڕن و سەربەخۆیی بە دەست بهێنن، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی كێشەی ئەرمەنیان بە مردن و ژیانی خۆیان بەستەوە، چونكە ئەرمەنەكان داوای بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان دەكرد بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئەرمەنی لەسەر دروست بكەن، ئەویش جێگای سەرەكی عوسمانییەكان و دڵی وڵاتەكەیان بوو. بۆیە هەر كشانەوەیەك لەو شوێنە واتای داڕنینی بەشێكی گەورە لە نیشتمانی عوسمانییەو پشت شكانە و دەبێتە هۆی لە ناوچوونی دەوڵەت. سەرەڕای ئەوەش كێشەی ئەوان زۆر جیاوازبوو لە كێشەی گەلانی بەلقان لەبەرئەوە ئەرمەنەكان لە ناوجەرگەی دەوڵەتدا نیشتەجێ بوون.

ئەرمەنییەكان دوای كۆنگرەی بەرلین هەستیان بەوە كرد بەتایبەت لەساڵی (1881ز)دا كە كاتی ئەوە هاتووە ئاواتەكانیان بێتە دی و سەربەخۆیی وەربگرن. دوای ئەوەی كە سوڵتان هیچ هەوڵێكی وای نەداوە كە ژیانیان باشتر بێت وەكو ماددەی (61) دا لە پەیمانی بەرلین باسكراوە. لە كاتێكدا پێوەندی یەكانیان لە جیهان دەكرایەوە و بەرەو فراوان بوون دەچوون، كەوتبوونە ژێر اریگەری نێردراوە مژدە دەرەكانی كاتۆلیكی ئەوروپی و پرۆستانتی ئەمریكی و بەریتانی. لەوخاڵەوە ئارەزوو نەتەوەی و ڕەگەزی یەكان و ئایینی یەكانیان وە جوڵە كەوتن لەنێویاندا بڕیار و لێكۆڵەر و بانگەوازخواز دەركەوتن و بیری ڕەگەز پەرستی لەنێویاندا بلاوبۆوە دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە ئەو باوەڕەی كە هەندێ لە ئەرمەنەكان بوونە بەكرێ گیراوی ڕووسیا و بەریتانیا تا وای لێهات گومان پەیدا بوو كە خۆیان بە هاووڵاتی عوسمانی بزانن دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە ئەوەی كە ئەوانە مەترسی یەكن لەسەر قەوارە و داهاتووی دەوڵەت. دەوڵەتانی خۆیان لەوكێشەیەش وەردا بەمەبەستی جێبەجێ كردنی بەرژەوەندی یەكانیان. بەریتانیا هەستا بەچەكدار كردنی ئەرمەنە پرۆستاتی یەكان و هانی دەدەن كە دژی هاووڵاتیانی موسڵمان بوەستن و بەڵێنی پێدان یارمەتیان بدات بۆ دامەزراندنی وڵاتێكی ئەرمەنی سەربەخۆ بەریتانیا لەو كارەش چەند ئامانجی هەبوو :

1. دروستكردنی ئاژاوە و تێكدانی ئارامی لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا بۆ ناچاركردنی سوڵتان كە گوێ ڕایەڵی داواكانیان بێت.





2. بەوكارەی سوڵتان سوڵتان وڵاتانی ئەوروپی وا لێدەكات مەسەلەی میسریان لە بیربچێتەوە.

3. دەستگرتن بەسەر ئاسیای بچووك بۆ وەستان لەبەردەم ڕووسیادا كە بەرەو كەنداوی عەرەب بكشێت لە ڕێگای عێراق و وڵاتی شامەوە.

4. لاوازكردنی ڕووسیا و فەڕەنسا بە دروستكردنی كێشە لە نێوانیان دا ئەویش لە ڕێگای هەوڵدان بۆ دابەشكردنی خاكی عوسمانی كە بەهۆی یەك پارچەیی ئەو وڵاتە هاوسەنگی دەوڵەتی پلرێزراو دەبێت لە نێوان وڵاتاندا.

لەسەرەتادا ڕووسیا یارمەتی ڕاپەڕینی ئەرمەنییەكانی دا كە دەی ویست ئەو كارتەش لە جیاتی كارتی بولگاریا بەكاربێنێت، بە ئاواتی جێبەجێ كردنی پڕۆژەكەی. بەمەبەتسی دروستكردنی ئاژاوە و كێشە لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانی دا لە پێناوی بێ هێز كردن و هەڵوەشانی، پارچە كردنی بەچەند بەشێك، ئەم پڕۆژەیە لەوەدا خۆی دەبینییەوە كە ئەرمەنەكان هان بدات داوای سەربەخۆی بكەن، یان جێبەجێ كردنی لەسەر حوكمی زاتی بەڵام قەیسەر دوایی تێگەیشت كە هەوڵدن بۆ بێ هێزكردنی دەوڵەتی عوسمانی لەو ڕێگایەوە لەبەرژەوەندی ئەودا نییە، چونكە بۆی هەیە ئەو شۆڕشگێری یە ئەرمەنەكانی نێو ڕووسیاش بگرێتەوە و شۆڕش دژی ڕووسیا بەرپا بكەن و بیریشی لەوە كردەوە كە ئەگەر بەریتانیا خۆی بكاتە خاوەنی كێشەی ئەرمەن. ئەوكات بەرژەوەندی وڵاتەكەی لەگەل بەرژەوەندی بەریتانیا جیاوازی هەیە، كە هەردووكیان دەیانەوێت دەوڵەتێكی ئەمەنی لە ئاسایی بچووك دامەزرێت ئەوكات بۆی هەیە ئەرمەنەكانی نێو ڕووسیا داوای لكاندنی وڵاتەكەیان بكەن بەو دەوڵەتە ئەرمەنییە، بۆیە وازی هێنا لە پشتگیری كردنی ئەرمەنەكان. ئەڵمانیا دژی سیاسەتی بەریتانیا و شۆڕشی ئەرمەن وەستایەوە و پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی كرد. بەرەنگاری ئیمپڕاتۆری ئەڵمانی و لهلمی دووەم. بۆ پشتگیری كردنی، هەوڵەكانی بەریتانیای هەڵوەشاندەوە. سیاسەتی بەریتانیا لە ئاسیای بچووك كۆتایی هات و هیچی دەست نەكەوت. هەستا بە ناردنی دوو نوێنەر بۆلای ئەرمەنەكان دانانی ڕێ و شوێنی بەرگری كردن و هاندانی دانیشتوان بۆ شۆڕش كردن بارودۆخەكەی ئاڵۆزتر كرد. ئاڵۆزی كەوتە ولاتی ئەرمەن و هەموو لایەكی گرتەوە هێرشیان دەكردە سەر ئەوانەی باجیان كۆدەكردەوە هەرچی پێ یان بوو لێ یان دەسەندن، كرێكارەكانی پۆستە و گەیاندنیان دەگرت نامەكانیان دەدڕاند. دادوەر و

كارمەندانی عوسمانیش تووشی ئازاربوون لەسەر دەستی ئەرمەنەكان هەستان بەدروستكردنی چەندین كارەسات لە گوندە ئیسلامییەكاندا كە بە كۆمەل خەڵكەكەیان سەردەبڕی.

دەوڵەتی عوسمانی زۆر بە توندی لە بەرانبەر ئەو توند و تیژی یە كە ئەرمەنەكان پێی هەڵدەستان وەستایەوە، پیاوانی دەرەبەگ توانیان لە ماوەیەكی كورت دا گەمارۆیان بدەن، كاتێ ئەرمەنەكان سەیریان كرد وڵاتانی گەورە پشتگیریان ناكەن، كێشەكەیان لە نێوەندە نێودەوڵەتی یەكان گرنگی پێ نادرێت، زیاتر توند و تیژیان نواند لە بەرانبەر موسڵماناندا. چالاكیان گەنیشتەدەرەوەی خاكی عوسمانی، كە چەندین كۆمەڵی شۆڕش گێڕیان پێكهێنا بەناوبانگترینیان كۆمەڵی (خشاك)، (تاشناك) بوون، یەكەمیان لە جنێڤ ساڵی (1887ز) پێكهاتوو چالاكی خۆی گواستەوە بۆ یۆنان دوایی بۆ لەندەن، بەڵام دووەم لە مۆسكۆ پێكهات لە ساڵی (1890ز)دا. هەردوو كۆمەڵەكە هەدەفیان پێكهێنانی حكومەتێكی نیشتمانی سەربەخۆ بوو لە ئەرمینیا و دەستخستنی ئازادی سیاسی، كە كارەكەیان هێرش كردنە سەر گوندە موسڵمان نشینەكان بوو. ئەنجامدانی چەندین كۆمەڵ كوژی دەیانەویست بی سەلمێنن كە موسڵمان و ئەرمەن ناتوانن بەیەكەوە بژیەن وا لە دەوڵەتانی ئەوروپا بكەن بێنە نێو كێشەكە لە بەرژەوەندی ئەوان، ئەوكارە تۆقێنەرانە چەند ساڵێك بەردەوام بوون هەر لە ساڵی (1890ز)وە گەلیك جار توند و تیژی زۆری تێدا بەكاردەهات مەترسی یەكی گەورەی دروستكرد لەسەر ئاسایشی دەوڵەت. بەناوبلنگترین كۆمەڵ كوژی. كۆمەڵ كوژی ساسون بوو لە ولایەتی بەدلیس لە كۆتایی هاوینی ساڵی (1894ز)دا. دەوڵەتی عوسمانیەت ناچاربوو كە بە توندی بەربەرەكانی ئەرمەنەكان بكات بۆ ڕاگرتنی ئەو كۆمەڵكوژیە. هەستا بە ئەنجام دانی دژە هێرشێك بۆسەر ساسون شارەكە و گوندەكانی دەوروپشتی وێران كرد. فیتنەكەی كوژاندەوە. كاری ڕاگەیاندنی ئەرمەنەكان چالاكی باشی بەخۆیەوە بینی بەبڵاوكردنەوەی هەواڵی ئەو كارانەی كە سوپای عوسمانی پیێ ی هەستاوە، بۆ ڕاكێشانی سۆزی گشتی كارەكانیان زۆر گەورە پیشانی وڵاتانی ئەوروپی دەدا. بۆ ئەوەی كاردانەوەیان هەبێت دژی دەوڵەتی عوسمانی هەربۆ یەش هەریەك لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا ڕوویان كردە (بابی عالی) داوایان لێكرد لیژنەیەكی نێودەوڵەتی پێك بیت بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕاستیەكانی كوشتاری ساسون. (بابی عالی) وەڵامی ئەو داوایەی دایەوە و لیژنەكە





پێكهات، لە ڕاپۆرتێكدا كە ئامادەیان كردبوو ئەرمەنییەكانیان تاوانبار كرد كە ئەوان دەست پێشخەربوون لە هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنەدا.

دەستەڵاتدارێتی عوسمانی، بەپیێ ی یاسا جوڵاوەتەوە بەڵام ئەرمەنەكان بەو بڕیارە كە لیژنەكە دای نابوو، ڕای گشتی لە ئەورپا هاوسۆز بوو لەگەڵیان لە (11 ی ئایاری 1895ز)دا ئەو سێ دەوڵەتە پڕۆژەیەكی ئاشتەوایان پێشكەش بەهەردوولا كرد كە بریتی بوو لە :

1. ئەنجام دانی چاكسازی لەو شەش ولایەتەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.
2. بەخشینی پیاو كوژە ئەرمەنییەكان ئەوانەی كە فەرمان دەرچووە نەفی بكرێن یان زیندانی بكرێن و ئازاد كردنی گیراوەكان.
3. دامەزراندنی لیژنەیەكی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێ كردنی ئەو چاكسازی یانە و هەوڵدان بۆ دووبارە نەكردنەوەی ئەو ئاڵۆزی یە. باڵوێزی فەڕەنسا و ڕووسیا داوایان لە سوڵتان كرد ئەو خاڵانە قبوڵ بكات.

بەشێوەیەكی سەرپیێ ی ڕەزامەندی نیشاندا. بەندی سێیەمیشی ڕەتكردەوە. مەبەستی سوڵتان لەو ڕەزامەندی یە ساردكردنەوەی كێشەكە و ئارام كردنەوەی ڕای گشتی ئەورپا بوو. بۆیە دەوڵەتەكان وازیان لەخۆتێگەیاندن هێنا بەو هیوایەی سوڵتان بەڵێنەكانی جێبەجێ بكات، بەهۆی جیاوازی وڵاتان لە ڕەەی سیاسی یەوە لە نەوەدەكانی سەدەی نۆزدە دا ئەمە لەلایەك، جیاوازی بۆچوونەكانی دەربارەی كێشەی ئەرمەن و ئەوڕووداوانەی ڕوویان دا ئەوروپای وا لێكرد كە گرنگی بە كێشەكە بدەن لەلایەكی دییەوە. كاتێك ئەرمەنەكان سەیریان كرد دەوڵەتانی ئەوروپی وەكو پێشوو گوێ نادانە كێشەكەیان و پشتگیریان ناكەن لە هەمان كاتیشدا سەیریان كرد سوڵتان لە پەیمانەكانی جدی نییە. بڕیاریان دا چالاكی شەڕخوازیان بگوازنەوە تا (ئەستەنبوڵ)ی پایتەخت. دەستیان كرد بە ئاژاغوە نانەوە و بوو بەهۆی كوشتنی چەندین موسڵمان و ئەرمەن لەساڵی (1896ز)دا هێرشیان كردە سەر بانكی عوسمانی و بارەگای (بابی عالی) و بازاڕی كۆن. دەرچوونی سوڵتان عەبدولحەمیدیان لە مزگەوت بەهەل زانی بە قومبەلەی دەستی هێرشیان كردە سەری بەڵام سوڵتان بەسەلامەتی دەرچوو كە دەنرچوونەكەی جێگای سەرنج ڕاكێشان بوو. سەرەنجامی ئەوكارە نابەجێ یانە سوڵتان بڕیاری دا كە

چـەند هێرشـێکی تۆڵەسـەندنەوە دژی ئـەو ئەرمـەنی یانـە ئـەنجام بـدرێت کـە لـەنێو ئەستەنبوڵی پایتەخت نیشتەجێن.

لەهەردوو ڕۆژی (27، 28ی ئابی 1896ز)دا, ئەرمەنـەکان ئـەم ڕووداوانـەیان بەهـەل زانـی یاداشـتێکیان پێشکەش بـە بـاڵوێزی وڵاتـانی ئـەوروپی لـە ئەسـتەنبوڵ کـرد و ئـەم داواکاریانەیان هەبوو:

1. پێکهێنـانی لیژنەیـەکی نێودەوڵـەتی بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕووداوە خوێنـاوی یـەکانی ولایەتەکانی ئەرمەن.
2. دامەزراندنی والی مەسیحی بۆ ولایەتە ئەرمەنییەکان.
3. پێکهێنانی هێزی مەسیحی بۆ ئەوەی شوێنی سوپای عوسمانی بگرێتەوە.
4. بەخشینی هـەموو ئەرمەنـەکان لـە بـاج بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ دوایـش سـوك کردنـی باجەکان.
5. دەرکردنی بەخشینی گشتی بۆ خوێن ڕێژە ئەرمەنییەکان.
6. خزموتگوزاری فراوان بۆ ناوچە ئەرمەنییەکان.

لەتوانی سوڵتان دا نەبوو ئەو داواکاریانە بە تەواوی جێبەجێ بکات، بەڵام بـۆ ئـەوەی کێشەکە سارد بێتەوە دەستی کـرد بـە دامەزرانـدنی کارمەنـدی ئەرمـەنی لـە ئیـدارەکانی دەوڵەت لە ولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ. لە ڕووی ژمارەوە موسڵمانەکان لەو ولایەتانـە زیاتر بوون، بەخشینی گشتی ڕاگەیاند لـەو نێـوەدا هەنـدێ لـە ئەرمەنـە میانڕەوەکـان بـە باشیان زانی (کۆمەلەی سیاسی عوسمانی) بەکاربهێنن کە لە ساڵی (1902ز) لە پـاریس لەلایەن صباح الدین ئەحمەد دامەزرا بوو. یەکێك لەوانەی ئـازاری لـەوەی دەوڵـەتی لـەژێر تاکـە کەسـی سـوڵتان دابێـت، ئـەو کـوڕی زاوای سـوڵتان مـەحمود جـلال الـدین بـوو. ئەرمەنـەکان ئامـادەیی خۆیـان دەربـڕی کـە هاوکـاری ئـەو کۆمەڵەیـە دەکـەن، چـونکە ئەندامەکانی بانگەوازی ئازادی دەکەن، کە هەموو کارێکی هاوبـەش ئامانجەکـەی گـۆڕینی بـارودۆخی ئێـستا بێـت. بۆیـە بەشـداریان کـرد لـە کـۆنگرەی پـاریس، بـەڵام سەرکەوتوونەبوون چونکە لەنێو کۆنگرەکە کەس گوێ ی لێ نەگرتن کە ئەوانە بۆچوونیان وابوو هەر ولایەتێکی عوسمانی حکومەتێکی ناوخۆیی لێ دروست بکرێت لە بواری ئیداریدا جیابێت لە دەوڵەتی ناوەندی ئەستەنبوڵ. لە کۆتایدا سەرکەوتوو نەبوون لـە بـەجیهێنانی ئامانجەکانیان بۆ سەربەخۆی وەرگرتن، جێ بەجێ کردنی حوکی زاتی.





ئەرمەنەکان بێ ئومێد نەبوون لە هکار کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجـە نەتەوایـەتی یەکانیان لەگەل (کۆمەڵەی ترکیـا فتـاة) کەوتنـە هاوکـاری توانیـان بڕیارێـك بـە کـۆنگرەی پاریسی دووەم دەربکەن کە لە (کانوونییەکەمی 1907ز)دا لە پارس بەسترا ئـەو بڕیـارە داوای ڕووخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی دەکـرد و دامەزرانـدنی حکومـەتێکی دەسـتوری پەرلەمانی لە شوێنەکەی، بەڵام ئەوەش دادی نەدان و لەبەرژەوەندی ئەرمەنـەکان نـەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەرمەنەوکان بەشداریت کاری سیاسـی بـوون دوای کودەتـای دەستوری ساڵی (1908ز) بەڵام بەشێوەیەکی کەم لەگەڵ ژمارەیـان دەهاتـەوە. بـوونی نوێنـەرەکانی خۆیـان لەئەنجومـەنی (نێـردراوان) قۆزتـەوە بـۆ دروسـتکردنی ئـاژاوە بـەو هیوایەی لەو شێواویەدا کەلکی سیاسی وەربگرن بـۆ جێبـەجێ کردنـی داواکانیـان، بـەڵام ئەوەی ئاشکرا بوو کە دەستەلاتی عوسمانی ئامادە نەبوو سـەربەخۆیان پـێ ببەخـشێت. بۆیە کاردانەوەی توند لە هەردوولاوە دەستی پێکرد. جارێکی دی دەستیان کـردەوە بـە ڕاپـەڕین دوای ئـەو کودەتایـەی کـە لایـەنگرانی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم پـێ ی هەسـتان لەسـاڵی (1909ز)دا بـەڵام سـەرەنجامی ئـەوە کوشـتاری ئەرمەنـەکان بـوو لەناوچەی قیلیقیا و دوایش بەرەو ئەندرنە و طورِووس کشا. ئەرمەنـەکان بـەردەوام بـوون لە تێکۆشان دوای سەردەمی عبدالحمدی دووەم. بۆ هێنانەدی ئاواتە نەتەوایەتی یەکانیان بـەڵام ئـەوەی توانیـان بیپکـەن تـا هەڵگیرسـانی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی لـە سـاڵی (1914ز)دا بـەدی هێنـانی یاسـای چاودێری ئـەوروپا بـوو لەسـەر ئـەرمینیا هـەروەها دامەزراندنی چەند چاودێرێکی گشتی لە دوو دەوڵەتی بێ لایەنی ئەوروپی ئەوانیش هۆڵەندا و نەرویج بوون، بەڵام لە بێ بەختی ئەرمەنەکان کارکردن بـەو یاسـایە دوای شـەش مـانگ کار پێ کردن وەستا بەهۆی هەفلگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی.

## سەرەداوی ئەو کێشە سیاسییانەی کە ڕووبەڕوو سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە : نزیکبوونەوەی عوسمانی و ئەڵمانیا

دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاری یە سیاسییانەی دەوڵـەتی عوسمـانی بەخۆیـەوە بـینی دوای کۆنگرەی بـەرلین، سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم هەسـتی کـرد کـە زۆر پێویـستی بەهێزێکی ئـەوروپی هەیـە پـشتیوانی لـێ بکـات بـۆ بەربـەرەکانی بـەریتانیا و فەڕەنـسا و ڕووسیا کە ئەو سێ دەوڵەتە هەمیشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لـە بۆسـەدا بـوون، هـەروەها بۆ شکاندنی ئەو گۆشـەگیری یـەی تووشـی بـوە لـە ئـەنجامی کوژاندنـەوەی شۆڕشـەکانی

ئەرمەن پشت بەو دەوڵەتە ببەستێت بۆ جێبەجێ کردنی زۆر لە نەخشەکانی بێ ئەو نەخشانە ببنە بار بەسەریەوە هەروەها دروستکردنی ڕقەبەری نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمتر چاوی تێببڕن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆچوونی وابوو کە ئەڵمانیا بەسەرۆکایەتی قەیسەر و لهلمی دووەم (1888 – 1918) هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان نادات بەمەبەستی داگیرکردن وەکو بەریتانیا و فەڕەنسا. ئەڵمانیاش لەو کاتانەدا بەرەو بەهێزی دەڕۆیشت بەهۆی یەکگرتنی هەموو ولایەتەکانی و بۆیە لە بوارێکی زیندو دەگەڕا کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا دۆزیەوە قەیسەر باوەڕی وابوو کە دەبێت پێوەندی یەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەهێز بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری یەکانی. لە کاتێکدا پیشەسازی ئەڵمانیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بازرگانی ئەڵمانیا بەرەو فراوانی دەڕۆیشت. وای لێهات ئەڵمانیا داهاتووىت ئابووری خۆی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بەست. دەی ویست لە بواری ئابووری دا بەرەو ئاسایی بچووك بکشێت. دوایی بەرەو عێراق و وڵاتی شام. بۆیە چالاکی ئەڵمانیا ڕووی لە زیادی کرد بە تایبەتی لە ناردنىت وەفدی زانستی بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار لەناوچە عوسمانییەکان گەڕان بەدوای نەوتدا کە یەکەم جار لە موسڵ دۆزرایەوە هانی ئەوەی دا سەرمایەی ئەڵمانی لە دەوڵەتی عوسمانی دا بخرێتە گەڕ و بانك و کارگەی جۆراوجۆری دروست کرد. خەتیپێکی دەریایی لە نێوان هامبورج و ئەستەنبوڵ کردەوە ئەو سیاسەتەی خۆی بە سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات پێناسە کرد. سوڵتان ىعەبدولحەمید نزیکبوونەوەی لە ئەڵمانیا زۆر پێ خۆش بوو. ئارەزووی لە هەنگاو نانی جدی بۆ ڕێگرتن لە سیاسەتی ئەو سێ دەوڵەتە ئەوروپی یە، بەڵام زۆر بە وریای هەنگاوی دەنا لە ترسی ئەوەی فێڵی لێ بکرێت ئەو پێوەنمدی یەی لەگەڵ ئەڵمانیا وای لێ نەکرد کە بێ لایەنی خۆی لە دەست بدات. ئەم کارەی سوڵتان لە سیاسەتە بەجێ یەکانی و دوربینییەکانی بوو.

یەکێك لە دیاردە هەرە ئاشکراکانی ئەو نزیکبوونەوەیە سەردانی قەیسەری ئەڵمانیا بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (1889ز) سوڵتان ڕێزێکی زۆری قەیسەری گرت، هاوکاری سەربازی نێوان هەردوولا یەکەم بەرهەمی ئەو سەردانە بوو، سوڵتان قوتابی یە سەربازەکانی نارد بۆ ئەڵمانیا تا لەوێ خوێندنەکەیان لەبواری سەربازیدا تەواوبکەن، دەستەیەك ئەفسەری نارد بۆئەوەی ئامادەی مانۆری سەربازی ئەڵمانیا بن، دەستیشی





کرد بە هێنانی چەك و تەقەمەنی لە ئەڵمانیاوە، گومانی تێدا نییە کە گەورەترین پڕۆژە کە ئەڵمانیا ئەنجامی دایێت لە وڵاتی عوسمانی دا دامەزراندنی ڕێگای ئاسنی نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو تا کەنداوی عەرەب ئەو پڕۆژیە ناونرا (ب. ب. ب) چونکە لە بەرلین دەست پێ دەکات و بە بێزەنتی دا تێدەپەڕێ و دەگاتە بەغداد، هەروەها بەهێڵی ئاسنی بەغداش ناسراوە. ئەو پڕۆژەیە ئەوەندە گرنگ بوو لای قەیسەر وای کرد جارێکی دیش سەردانی وڵاتی عوسمانی بکاتەوە لەمانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی (1898ز)دا لەو سەردانەی دا ئیمزا لەسەر پڕۆژەکە کرا لە (ئازاری 1903ز)دا دەستی پێکرد، ئامانجی سوڵتان لە بەخشینی ئەو ئیمتیازە بە ئەڵمانیا ئەوە بوو، کە دەوڵەتەکىت دەرگای ئەڵمانیای بۆ بکرێتەوە کە لەماوەیەکی کەم دا بۆتە دەوڵەتێکی گەورە و کەڵك لە شارەزایی و سەرمایەی ئەڵمانیا وەربگرێت. لەو نێوەدا چاکسازی بکات و بیکاتە شتێکی هەست پێکراو لەلایەن هاووڵاتیان و وڵاتانی ئەوروپی و بۆ ئەوەی هەموو بزانن کە دەوڵەتی عوسمانی قۆناغێکی تازەی دجەست پێکردووە لە بواری چاکسازی و پڕۆژە بەرهەمهێنەکان سوڵتان دڵنیا بوو ڕێگای ئاسنی (ب. ب. ب) سوودێکی زۆر دەگێڕێتەوە بۆ دەوڵەت لە بوارەکانی ئاوەدانی و ئابووری و سەربازی و سیاسی. ئەڵمانیا لە دروستکردنی ئەم هێڵە ئاسنە ئامانجی ئەوەبوو بەرەو ڕۆژهەڵات بکشێت بۆ ئەوەی ئابووری خۆی بەرجەستە بکات و دەستەڵاتی دارایی خۆی لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا زیاد بکات، کەڵك وەرگتن لە داهاتە سروشتی یەکانی و بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجە سەربازی یەکانی، دیارە جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانە دەبێتە هۆی هەڵکشانی ىدەستەڵاتی ئەڵمانیا بەرەو خاکی عوسمانی لە ڕێگای ناوچەی بەلقان و ئەنادۆڵ و هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە دەستەڵاتی ئەڵمانیا لەو ناوچانە لە هەموو دەوڵەتانی دی ئەوروپا زیاتر دەبێت. بەریتانیا بە بەخشینی ئەو ئیمتیازە بە ئەڵمانیا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە زۆر توڕە بوو، هەروەها ناڕازی بوونی خۆی نیشاندا لەبەرانبەر کێشەی هێڵی ئاسنی بۆ کەنارەکانی کەنداوی عەرەبی، کە بۆتە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەڵمانیا کە بگاتە دەریا. ئەمەش دەبێتە هۆی بێ هێزبوونی دەستەڵاتی بەریتانیا لەسەر ئاوەکانی کەنداوی عەرەب و بەرژەوەندییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

بۆیە بەریتانیا دەستی کرد بە چالاکی دبلۆماسی نواندن بە مەبەستی داخستنی کەشتی یەوانی لە ئاوەکانی کەنداودا لە بەردەم ئەڵمانیا دا بۆیە هەستا بە گرێدانی

ڕێككەوتنێك لەگەڵ شێخ موبارەك سەباح میری كوێت، كە ئەم وڵاتـە گونجـاوترین شـوێنە بۆ ئەوەی بنكەی كۆتایی هێڵی ئاسنی بێت. ئـەو ڕێككەوتنـە لـەنێوان هـەردوولا لـە ڕۆژی (23 ی كـانوونی دووەمــی 1899ز)دا بەســترا. ســەرەڕای تەماعەكاریـەكانی بـەریتانیا ڕوسیاش دەیەویست بنكەیەك لە كوێت دامەزرێنێت بەمەبەستی دروسـتكردنی كۆگایـەكی گەورەی خەڵوز بەمەبەستی دەسـتكەوتنی سـوتەمەنی بـۆ كەشـتی یـەكانی. فەڕەنساش داوای لە دەوڵەتی عوسمانی كـرد كـە ئیمتیـازی دروسـتكردنی هێڵـی ئاسـنی دیمەشـق – جماة – حەڵەب و لقەكانی پێ ببەخشێت. ئیمتیازێكی دیكـەش بـۆ دروسـتكردنی چـەندە بەنداوێك لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست. سـەرەڕای ڕاكێـشانی هێڵـی ئاسـنی حـیمص – بەغدا بۆ بەستنەوەی عێراق بە دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام كوێت قەزایەك بوو سەر بە ولایـەتی بەسـرە بۆیـە دەوڵـەتی عوسمـانی دەیەویـست دەسـتەلاتی خـۆی بەسـەردا بسەپێنێت و قایمی بكات. بۆیە بڕیاری دا كە هێزێكی سەربازی بنێرێـت بـۆ كوێـت، بـەڵام بەریتانیا پێشی كەوت و كەشتی یەكی سەربازی ناردە كوێت و ڕای گەیاند كە ڕێگا نـادات سوپای عوسمانی لە كوێت پیادە بێت لەبەر گرنگی بەرژەوەندی یەكانی لـەكوێت گـوێ ی نەدایە ناڕازی بـوونی دەوڵـەتی عوسمـانی و ئـەڵمانیا بۆیـە ئـەو كێشەیە بـە هەڵواسـراوی مایەوە.

## سێیەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەهیۆنییەكان

هەڵویستی سوڵتان عەبدولحەمید دەربارەی كۆچی جولەكـەكان بـۆ فەڵەسـتین و ئـەو تەماعەكاریەی هەیان بوو و خۆڕاگری سوڵتان لەبـەردەم ئـەو هـەموو هەوڵانـەی سـەرانەی جولەكە دەیاندا بۆ دەست گرتن بەسەر فەڵەستین دا بەسە بۆ ئـەوەی گـەلانی عـەرەبی و گەلـە موسـڵمانەكانی دی ڕۆڵـی سـوڵتان بـەرز بنـرخێنن لـە پارێزگـاری كردنـی خـاكی ئیسلامیدا، كە ئامادە نەبوو یەك بست ببەخـشێت بەكـەس سـەرباری ئـەو هـەموو كێـشە سیاسی و سەربازی و دارایی یانەی كە تووشی دەوڵەتی عوسمانی ببوون لەو كاتـەدا، كـە جولەكەكان ئەو بارەی دەوڵەتی عوسمانی یـان بەهـەل دەزانـی بەهەڕەشـە لێكردنـی كـە ئەگەر سوڵتان دواكاری یەكانیان جێبەجێ نەكات ئەوە لە كورسی دەستەڵات دەی هێنـە خـوار. جولەكـە هـەر لـە كۆنـەوە چـاویان لـە فەڵەسـتین بڕیـوە وەكـو شـوێنێك بـۆ كۆبوونـەوەیان. دروسـتكردنی دەوڵـەتی تایبـەت بـەخۆیان. هەمیـشە لـە فەڵەسـتین ئـەو





داوایەیان دووبارە دەكردەوە لە شەستەكانی سەدەی نۆزدەدا چالاكی یان زیادی كردبوو بانگەوازی كۆچ كردنیان دەكرد بۆ فەڵەستین بۆ ئەوەی لەو پەرش و یڵاوی یەی ئێستایان ڕزگاریان بێت هەوڵیان دەدا دەوڵەت دروست بكـەن، سـوڵتان گرنگـی یـەكی تایبـەتی بـە فەڵەستین دیەدا كاتێ سەیری كرد مەترسی یەك لەلایەن جولەكەوە هەڕەشەی لێدەكات، لـە سـاڵی (1876ز)دا چـەند پێـشنیازێكی حـاپیم غـودیلای بـۆ كـڕینی زەوی و زار لـە فەڵەستین ڕەت كردەوە كە بۆ نیشتەجێ كردنی جولەكە كۆچ كردووەكانیان دەی ویست. سەرباری توندی سوڵتان لەو بارەیەوە بەڵام ئەوان وازیـان نـەدەهێنا و هـەوڵیان دەدا بـۆ ڕازی كردنی سوڵتان بۆ ئەوەی بتوانن كۆمەڵگەی نیشتەجێ بـوون لـە فەڵەسـتین دروسـت بكەن. لابردنی كۆتی كـۆچ كردنـی جولەكـە بـۆ فەڵەسـتین ئەمـەش لـە ڕێگـای دەوڵـەتانی گەورەوە كە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندی یەكانیان دەگونجێت.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا نامەیەكی نارد بۆ باڵوێزەكەی لە ئەستەنبوڵ و داوای لێكرد كە سوڵتان ڕازی بكات كە ڕێگر نەبێت لەبەردەم كۆچـی جولەكـە بـۆ فەڵەسـتین. جولەكـە ڕووسەكانیش پەنایان بۆ باڵوێزی ئەمریكا برد لە ئەستەنبوڵ. بـۆ ڕازی كردنـی سـوڵتان و ڕێگە دان بەكۆچ كردنی جولەكە بۆ فەڵەستین بۆیە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی واجب بـوو، بەربەرەكانی توند بكات لەگەڵ هێزە جولەكەكان و وڵاتانی ئەوروپی هاوسۆز لەگەڵیان. لە ڕاستیدا كۆچی تاكە جولەكەكان بۆ فەڵەستین هربەردەوام بوو. هەرچەند چـەندین كۆچـی بەكۆمەڵ كـراوە لـە نێـوان سـاڵەكانی (1868، 1881، 1882، 1896ز)دا ئـەم كـۆچ كردنەن لە هەموو كۆچەكانی دی بەر فراوانتر و ڕێك و پێكتر بوو كە دامەزرانـدنی هەنـدێك كۆمەڵگـەی نیـشتەجێ بـوونی لێكەوتـەوەن. جولەكـەكان كـاتێكی ناهـەمواری دەوڵـەتی عوسمانیان هەڵبژارد كە پێیدا تێدەپەڕی لەو كاتەدا هەلیان قۆزتەوە و بـەرەو فەڵەسـتین جولان كە دەوڵەتی عوسمانی سەنگێكی سیاسی و سەربازی نـەمابوو لـە ناوچـەكەدا نـەی دەتـوانی بـە ئاشـكرا شـەڕیان لـە دژ یكـات. لـەو نێـوەدا قەیـسەری ڕووس ئەسـكەندەری دووەمك تیرۆركرا لە ئەنجامی ئەوەش دا جولەكەكانی ڕووسیا تووشی كوشتارێكی فـراوان بوون بەهۆی تاوانبار كردنی ڕێكخراوی (خۆشەویستانی سـەهیۆنی) بـە نەخـشە كێـشان و جێبەجێ كردنی ئەو كارە، ناچاربوون داوا لە كونـسولگەری عوسمـانی بكـەن لـە ئۆدیـسا ڕێگایان پێ بدات بەرەو فەڵەستین بڕۆن و نیشتەجێ ببن تێیدا، بەڵام دەوڵەتی عوسمـانی ئەو داوایەی ڕەتكردەوە بەڵام ڕێگەی پێدان كۆچ بكەن بۆ هـەر ولایـەتێكی عوسمـانی كـە

خۆیان پێیان خۆش بێت بەو مەرجەی ڕەگەزنامەی عوسمانی وەربگرن و ببنە هاووڵاتی عوسمانی ئەو بڕیارەن بۆ جولەکەکان بڕیارێکی جەرگ بڕ بوو، بەڵام هەر بەردەوام بوون بۆ گۆڕینی هەڵوێستی سوڵتان. وەفدێکی گەورەیان بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ. بە سەرۆکایەتی لورتس ئۆلیفانت. بۆ بینی سوڵتان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی باڵوێزی وڵاتانی ئەوروپی یەوە یان ئەمریکا بۆ ئەوەی ئەو قانوونی کۆچە بگۆڕێت، بەڵام هەوڵەکانیان هیچ ئەنجامێکی نەبوو لەبەردەم سەر سەختی سوڵتان لە قەدەغەکردنی کۆچی جولەکە بۆ فەڵەستین. دوای ئەوەی سوڵتان هەستی کرد کە جولەکەکان چالاکی یان زیادی کردووە. بە نوێنەری جولەکە (ئۆلیفانت)ی ڕاگەیاندن کە جولەکەکان لەهەر شوێنێکی دەوڵەتی عوسمانی دەتوانن بە سەربەرزانە ژیان بەرنە سەر تەنیا فەڵەستین نەبێت. دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە پێشوازی لە چەوساوان دەکات.

بەڵام ڕێگە نادات کە دەوڵەتێکی ئایینی جولەکە لە فەڵەستین دابمەزرێت، هەندێك لە جولەکەکان ویستیان بڕیاری (بابی عالی) پێشێل بکەن و خۆبگەیەنە شاری یافا لە حوزەیرانی ساڵی (1882ز)دا بەڵام سوڵتانی عوسمانی ڕێگەی لێگرتن و کۆمکەڵێك ڕێ و شوێنی بۆ ئەو مەبەستە پەیڕەو کرد لە یافا و هەندێ شاری کەنار دەریای فەڵەستین، بەڵام کۆچکردن بۆ فەڵەستین بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ و ناڕەسمی هەربەردەوام بوو بەتایبەت بە فێڵ کردن بەرانبەر یاسا و بەرتیل دان بە کارمەندەکانی عوسمانی ئەوانەی کاروباری فەڵەستیمیان پێسپێردرابوو هەروەها کونسولگەری وڵاتانی بێگانەش ڕۆڵی باشیان هەبوو لەوبارەوە. سوڵتان نامەیەکی ئاڕاستەی ڕەئوف پلدشا کارداری عوسمانی لە فەڵەستین کرد داوای لێکرد هاتوچۆی جولەکە رووسی و ڕۆمانی بولگاری یەکان بۆ فەڵەستین قەدەغە بکات. کونسولگەری وڵاتانی بێگانەشی لە قودس ئاگادار کردەوە لەوبارەوە یارمەتی جولەکەکان نەدەن، بەڵام لەژێر فشاری وڵاتانی ئەوروپی دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو کە ڕێگە بدات بە جولەکەکان کە سەردانی فەڵەستین بکەن بەمەبەستی سەردانی شوێنە پیرۆ زەکان بەومەرجەی تەنا مانگێك لە فەڵەستین بمێنەوە دوای سێ ساڵ هەوڵی جولەکە هەربەردەوام بوو بێ پسانەوە لە ساڵی (1887ز)دا بەریتانیا هەوڵیدا بەهۆی تەماع وە بەرنان و بەڵێندانی نهێنی و ئاشکرا بە دەوڵەتی عوسمانی لەپێناو ڕازی کردنی سوککردنی مەرجەکانی نیشتەجێ بوونی جولەکە لە فەڵەستین. سوڵتان لەژێر ئەو فشارانەدا بڕیارێکی دەرکرد لەساڵی (1888ز)دا ڕێگەی دا





بە درێژ کردنەوەی مانەوەی زیارەتکارە جولەکەکان لە فەڵەستین بۆ سێ مانگ، هەروەها فەرمانێکی دی دەرکرد دەربارەی جولەکە بێگانەکان لە خەڵکەی دەرەوەی وڵاتی عوسمانی دەبێت مۆڵەتنامەی سەفەریان پێ بێت کە جولەکە بوونیان بسەلبمێنێت. کاربەدەستانیش ئاسانکاریان بۆ بکەن بۆ سەردانی قودس، کاربەدەستانی مینای یافا داوایان لەو جولەکانە کرد کە دەیانەوێت سەردانی فەڵەستین بکەن دەبێت مۆڵەتی سەفەرلایان مۆر یان سیمای کونسولگەری عوسمانی پێوەبێت.

لەنێو وڵاتی خۆیانەوە چەند بڕیارێکی تازە دەرچوون لەلایەن (بابی عالی)یەوە بەقەدەغەکردنی کۆچی جولەکە بۆ فەڵەستین بەهەر شێوەیەك بێت، یان دانانی سنوورێك بۆ ئەو کۆچەی جولەکە، (بابی عالی) بڕیارێکی دی دەرکرد تەواوکەری بڕیارەکانی دی بوو، ئەویش گۆڕینی شێوەی ئیداری بیت المقدس بوو کە قودس بوو بە ئیدارەیەکی تایبەت سەر بە (بابی عالی) بوو بەشێوەی ڕاستەوخۆ و، دوای ئەوەی کەسەر بە والی دیمەشق بوو. چاودێری یەکی توند پەیڕەوکرا بۆ نەهێشتنی کۆچی جولەکە بۆ فەڵەستین شایانی باسە ئەو چالاکی یە بەرفراوانەی جولەکە ڕووبەڕوو بوو لەگەل دژایەتی کردنی سەختی دەوڵەتی عوسمانی. سەرباری ئەو هەموو ڕێ و شوێنە، جولەکەکان لە دزەکردن بۆ فەڵەستین نەوەستان. دەستیان کرد بە کڕینی زەوی و زار و دروست کردنی کێڵگە ئەویش بەهۆی لاوازی چاودێری کاربەدەستە ناوخۆی یەکان، لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕەئوف پاشا پۆستەکەی خۆی بەجێهێشت لەساڵی (1888ز)دا کە زۆر ئازا و بوێر و دەست پـ4اك بوو، سەرباری ئەوەش دەوڵەتی عوسمانی زۆر کێشەی دی هەبوو لە ناوچەکانی دیکەی عوسمانی دا، دانیشتوانەن موسڵمانەکانی قودس هەستیان بە زیادبوونی کۆچی جولەکە کرد بۆیە یاداشتنامەیەکیان ئاڕاستەی بابی عالی کرد. لە حوزەیرانی ساڵی (1891ز)دا داوایان کرد کە ڕێ و شوێنی توند بگرنەبەر بۆ ڕێگرتنی کۆچی جولەکە بۆ فەڵەستین و کڕینی زەوی و زار لەو وڵاتەدا. بۆیە سوڵتان فەرمانێکی دیکەی دەرکرد لە (30 ی کانوونی دووەمی 1892ز)دا، تێیدا فرۆشتنی زەوی و زاری قەدەغە دەکرد هەتا بۆ ئەو جولەکانەی کە هاووڵاتی عوسمانیشن. لە ڕاستیدا ئەو یاسایانەی دەرچوون هەتا ساڵی (1891ز) نەیانتوانی کۆچی جولەکە بۆ فەڵەستین بوەستێنن، بۆیە هەر بەردەوام بوو توانیان کۆمەڵێك شوێنی نیشتەجێ بوون دروست

بکەن لە ناوچە جیا جیاکانی فەلەستین دا. ئەویش بە یارمەتی دارایی ئەوروپا و جولەکەی فەرەنسی (ئەدمونردی رۆشنید).

لەکۆتایی یەکانی سەدەی نۆزدە دا کەسایەتی یەکی جولەکەی بەهێز دەرکەوت توانی سەرۆکایەتی بزوتنەوەی جولەکە بکات، بەرەو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی بەرێت. ئەو کەسایەتی یەش تیۆدۆر هرنزڵ بوو (1860 – 1904ز) کە رۆژنامە نووسێکی نەمساوی بوو ناسراوبوو بە زیرەکی و شارەزا لە سیاسەت دا و فێڵ بازێکی وریا. ئەو هەوڵیدا کە نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە دروست بکات لەو پەرش و بڵاوی یە رزگاریان بکات، کێشەی بەهڵایی و چەوساندنەوەیان چارەسەر بکات کە هەرکات نا کاتێك لەلایەن وڵاتانی ئەوروپی یەوە تووشی دەبوون، کتێبێکی نووسی بەنێوی (الدولە الیهودیە) لەو کتێبەدا ئەو رێگایانەی دیاری کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە. بۆ هێنانەدی ئەوەش پێویستی بەچەند دەوڵەتێك بوو بۆ پشتیوانی کردنی بزوتنەوەکەی، بەڵام دانی نەدەنا بەوەی کە دەبێ ئەو دەیوڵەتە لە فەلەستین بێت، بەڵام وای پێ باش بوو کە لەوێ بێت، چونکە دەیزانی کە ئەوە ئیمکانی هەی ەبەهۆی نیازی وڵاتانی ئەوروپی بە دابەشکردنی خاکی عوسمانی. بۆیە لەگەڵ سیاسەت مەدارانی ئەوروپی دەستی بە گفتوگۆ کرد بە تایبەت بەریتانیا کە بەرژەوەندی یەکانی لەگەڵ جولەکەدا یەکی دەگرتەوە.

لە هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی دەوڵەتی بچووك بۆ کەمایەتی یەکان هرتزل بۆچوونی وابوو کە کارێکی باش بکات لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، دەبێتە هۆی ڕازی کردنی سوڵتان کە واز لەو هەڵوێستەی بهێنێت رێگە نەگرێت لە کۆچ کردنی جولەکە بۆ فەلەستین و نیشتەجێ بووینان لەوێ. بۆیە کێشە ئەرمەنی بەهەل زانی لەساڵی (1896ز)دا کێشەیەکی دیاری دەوڵەتی عوسمانی بوو. پێشنیازی کرد بۆ سوڵتان کە یارمەتی دەدات بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەرمەن. ئەم پێشنیازەی هرتزل بەلای سوڵتانەوە جێگای گرنگی پێدان بوو.

بۆیە هرتزل داوای لە نیونسکی کرد کە ئەویش رۆژنامە نووی و بەکرێگیراوێکی سیاسی نەمساوی بوو هاورێ ی نزیکی هرتزل بوو، کە پێوەندی بە رێکخراوە ئەرمەنییەکانەوە بکات لە ئەوروپا و ڕازیان بکات گوێ ڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی بن چونکە سوڵتان خەریکە داواکانیان جێبەجێ دەکات، چاکسازی دەهێننە ئاراوە کە هەمیشە سوڵتان ئەو داوایانەی ئەرمەنییەکانی ڕەت دەکردەوە هرتزل و برادەرەکەی





دەستیان کرد بە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیە، بە سوڵتانیان ڕاگەیاند ئەو خزمەتی پێ ی هەڵدەستن دەبێ لە کۆتایدا بۆ کێشەی جولەکەن کەڵکی هەبێت ئەو دوو پیاوە هەستان بە ڕازی کردنی بەرپرسە ئەرمەنییەکان کە واز لە خۆپیشاندان و ئاژاوەنانەوە بهێنن. هەربۆهەمان مەبەست هرتزل پێوەندی کرد بە سیاسەتمەدارانی بەریتانیاوە کە فشار بخەنە سەر ئەمەنەکان بۆ وەستاندنی ئەو دژایەتی یەی سوڵتان پێوەندی کرد بە جولەکەکانی وڵاتانی ئەوروپی کە ئەرمەنەکان ڕازی بکەن و دالوایان لێبکەن واز لە کاری توند و تیژی بهێنن چونکە سوڵتان پەیمانی چاکسازی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بەڵام وا دیسار بوو سەرکەوتوو نەبوو لەو هەوڵەی دا لەبەر دوو هۆ:

یەکەم : بەریتانیا بەدەم داوایەکەوە نەهات چونکە پشتگیری کردنی سوڵتان دژی ئەرمەن واتایی جوڵاندنی ڕای گشتی بەریتانیایە دژی ئەو حکومەتەی کە نابێت بێ ئاژاوەبێت کە ئەویش دەوڵەتی عوسمانییە.

دووەم : زیرەکی سوڵتان بوو کە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی ئەرمەن رێگە بدات جولەکە لە فەلەستین جێگیر بن و خەونەکانیان بێتەدی.

بەهۆی سەرنەکوتنی ئەو هەنگاوەی هرتزل بۆ ڕازی کردنی سوڵتان و ڕێگەدان بە کۆچی جولەکە بۆ فەلەستین و نیشتەجێ بوون لەوێ. هرتزل بڕیاری دا کە خۆی سەردانی ئەستەنبوڵ بکات و لەگەڵ سوڵتان کۆبێتەوە. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پێدانی رشوە و پارەوە وە قۆزتنەوەی باری نالەباری دارایی دەوڵەتی عوسمانی سوڵتان ڕازی بکات.

پێش ئەوەی لەگەڵ سوڵتان کۆبوونەوە بکات چاوی بە چەند کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانی کەوت کە توانی ئەوان بە دروستکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکەکان لە فەلەستین ئاشنا بکات، بەڵام نەی توانی چاوی بە سوڵتان بکەوێت، بەڵام دوایی لە ڕێگەی برادەرەکەی نیونسکی هەڵوێستی سوڵتانی بە نەرێ زانی.

لە ئەستەنبوڵ دەرچوو لە (28 ی 1896ز)دا دوای ئەوەی دە ڕۆژ مایەوە دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ هرتزل جارێکی دی پێوەندی کردەوە بەنێوەندە عوسمانییەکانەوە کە پێشنیازی پرۆژەیەکی یارمەتی دارایی دەکات. پرۆژەکەش بریتی یە لە :

§ پێدانی قەرزێکی بیست ملیۆن جنیەی ئسترلینی بە دەوڵەتی عوسمانی دوایی بەهۆی ڕسوماتی وەرگیراو لە کۆچکەرە یەهودی یەکان قەرەبوو بکرێتەوە لە بەرانبەردا:

ڕێگەدان بە کۆچکردنی جولەکەکان بۆ فەڵەستین بەومەرجی دەوڵەتی عوسمانی خۆی ئەو کارە برەو پێ بدات.

§ کۆچکەرەکان سەربەخۆییەکیان هەبێ لەو زەویانەی بڕیار دراوە دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆی تێدا دروست بکەن.

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوە کە ئەمە هرتزلی زۆر توڕە کرد سەرەڕای هاوچەرخ بوونی لە دایکبوون و پەرەسەندنی بزوتنەوەی جولەکە. دەوڵەتی عوسمانی چەندین کۆنگرەی ئەو بزوتنەوەیەی بەخۆیەوە بینی. بۆ بەدی هێنانی ئاوات و ئارەزووەکانی جولەکە و دروستکردنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان. هرتزل زۆر بەتوندی هەوڵی دەدا و کاری دەکرد بۆ بەهێز کردنی بزوتنەوەی جولەکە دوای کۆنگرەی یەکەم باڵی لە سویسرای یکە لە ڕۆژەکانی (29، 30، 31 ی ئابی 1897ز)دا بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا هرتزل هەستا بەشی کردنەوەی پڕۆژەکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە لە فەڵەستین. لە هەردوو بواری سیاسی و ڕاگەیاندن کاری بۆ دەکرد. هەر بۆ هەمان مەبەست چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی ئەنجام دا بۆ ئەوەوی دووپاتی بکاتەوە دەبنە پشتیوانی دارای دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هەستا بە دەرکردنی ڕۆژنامەیە بەنێوی (العالم) بۆ ئەوەی زمان حاڵی بزوتنەوەکە بێت. کۆنگرەکە چەند بڕیارێکی دەرکرد بەنێوی (بەرنامەکانی بال) یان بەرنامەی جولەکەکان کە بریتی بوو لە :

§ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە لە فەڵەستین.

§ دامەزراندنی ڕێکخراوی جولەکەی جیهانی.

§ بەهێزکردنی گیانی نەتەوایەتی جولەکە.

§ گرنگی دان و خوێندنی زمانی عیبری لەنێو هەموو جولەکەکان دا.

§ دامەزراندنییەمانگایەکی بەرز بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی عیبری لە قودس یان لە یافا.

§ لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری سرودی نەتەوەیی و دروشمی ئالای ڕەسمی بۆ ئەو دەوڵەتە جولەکەیە کە دادەمەزرێت درا.

بەم شێوەیە تەماعەکاری جولەکە پەرەی سەند دوای کاری کۆچ کردن و نیشتەجێ بوون جێبەجێ دەکەن لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی دا دوای کۆنگرەی بالی لە خۆئامادەکردن دا بوون بۆ دەستگرتن بەسەر فەڵەستین دا. دامەزراندنی دەوڵەتێکی





ڕەگەز پەرستی تێیدا. بەم شێوەیە کۆنگرەی بالی دوا پەردەی لەسەر ڕووی خۆیان هەڵماڵی. سوڵتان عەبدولحەمید لە دوای کۆنگرەی بالی هەتا ئەو ڕۆژەی لەسەر کورسی دەستەڵات لابرا لەساڵی (1909ز)دا. بە هەموو شێوەیەك دژایەتی کارەکانی جولەکەی دەکرد، کە هەڕەشە بوون بۆسەر فەڵەستین وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە ئەمە لەلایەك. لەسەر کرا لابردنی ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان. کۆنگرەی جولەکە بوونی سوڵتان عەبدولحەمیدیان بە بەربەستێك دەزانی لە بەردەم خۆیان کە زۆر توند بوو لە بەرانبەر داواکاریەکانی جولەکە بۆیە بە شێوەیەکی نهێنی بڕیار درا کە بوونی سوڵتان لەسەر کورسی دەستەڵات ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە دەگرێت لە فەڵەستین. بۆیە دەبێت سوڵتان لەنێو ببرێت. لە ڕۆژی لە نێوبردنیدا قودسیش دەکەوێتە دەست خۆمان. کۆنگرەکە هرتزلی ڕاسپارد وەکو سەرۆکی ڕێکخراوی جولەکە کە ڕێگە خۆش بکات بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە. سەرۆکی جولەکە جارێکی دی باری ئاڵۆزی و پەشێوی دارایی عوسمانی بەهەل زانی بۆیە دەستی کردەوە بە پێوەندی کردن بە سوڵتانەوە بۆ ئەوەی پێشنیازی یارمەتی دانی جولەکەی بۆ بکات.

ڕێگە بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئاواتە نەتەوەی یەکانیان، سوڵتان عەبدولحەمید چاودێری کۆبوونوەکانیان دەکرد زۆر بە وردی بەتایبەت کۆنگرەی یەکەمی سەهیۆنییەکان ئەو بڕیارانەی کە لێ ی کەوتەوە، هەروەها چاودێری چالاکی سەهیۆنییەکان محفەلە ماسۆنییەکانی نێو وڵاتی دەکرد. هەستی بە مەترسی سەهیۆنییەکان کرد بوو ئەوە وای لێکرد کە یەهودی یەکان لە فەڵەستین جێگیر نە کرێن، یەهودی یە بێگانەکانیشی قەدەغە کرد کە بچنە نێو خاکی فەڵەستینەوە. بزوتنەوەی سەهیۆنی دوای کۆنگرەی بال بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، چالاکیان لە بواری دبلۆماسی و بزوتنەوەیەوە لە ئەوروپا و ناوخۆی فەڵەستین پەرەی سەند.

لە نێوان (21 – 31 ی ئابی 1898ز)دا کۆنگرەی دووەمیشیان لە بال بەست ژمارەیان زیاتر بوون ڕێکوپێکتر بوون لە کۆنگرەی یەکەم. ئەو کۆنگرەیە بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمیان نرخاند. ئەوەشیان بۆ زیاد کرد دەبێ هەوڵ بدەن لەلای دەوڵەتی عوسمانی بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی سەهیۆنی یەت، بەڵام گرنگترین گۆنگرەی سەهیۆنی یەت کە بەسترابی کۆنگرەی پێنجەم بوو کە هەر لە شاری بال بەسترا لە نێوان

(26 – 30 ی کانوونییەکەمی 1901ز)دا کە تێیدا پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی سەعیۆنی ئامادەکرا. لەو ماوەیەدا هرتزل هەوڵیدا چاوی بە سوڵتان بکەوێت. لە (13 ی ئایاری 1901ز)دا بۆ ئەو مەبەستە بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ نیونسکی ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەو کۆبوونەوە لە ڕێگای دبلۆماسیە عوسمانییەکان و بێگانەکان. چاوپێکەوتنەکەن لە ڕۆژی (17ی ئایار)دا ڕوویدا. دوای ئەوەش دووجاری دی چاوی بەسوڵتان کەوت، هرتزل پڕۆژەیەکی پێشکەشی سوڵتان کرد و داوای لێکرد کە ڕێگە بدات بەهودی یە بێگانەکان لە فەڵەستین جێگیربن، ببنە هاووڵاتی ئەوێ. حوکمی زاتیان پێ ببەخشێت. لە بەرانبەر ئەوەدا یەهودی یەکان مەبلەغێکی گەورە بەبڕی سێ ملیۆن جنیەیی دەدەنەن دەوڵەتی عوسمانی لە هەندێ سەرچاوەش دوو ملیۆنە دوای ئەوەش جزیە دەدەن، بەڵام سوڵتان لەوە زۆرزانتر کە وەڵامی هرتزل بداتەوە لە کۆبوونەوەکاندا تەنیا گوێ ی لێدەگرت و کەمتر قسەی دەکرد. وای تێگەیاند کە زۆر گرنگی دەدات بە پڕۆژەکەی بۆ ئەوەی هەرچی لە هەگبەیدایە هەڵی ڕێژێت. گوژمەی کۆبوونەوکان ئەوە بوو کە سوڵتان ڕازی نابێت فەڵەستین بدرێت بەجولەکە.

بەڵام ڕازی بووو کە یەهودی یەکان کۆچ بکەن بۆ ئاسیای بچووك و عێراق لە بەرانبەر ئەوەدا قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بدەنەوە، کە دیابوو هرتزل بەوە ڕازی نەبوو. هرتزل دوای ئەو کۆبوونەوەیە بۆی دەرکەوت کە هەوڵەکانی لەگەڵ سوڵتان گەیشتۆتە ڕێگایەکی داخراو، بەڵام هەر بێ ئومێد نەبوو، نیونسکی ڕاسپارد پێشنیازی بەرتیل بدات بە سوڵتان بە بڕی یەك ملیۆن جنیەی بۆ دەستکەوتنی فەڵەستین دوای ئەوە سوڵتان ویستی هەڵوێستی لەوبارەوە یەکلای بکاتەوە بە (سەدری ئەعزەم) ڕاسپارد ئامۆژگاری دوکتۆر هرتزل بکات کە خۆی بەو پڕۆژەیەوە ماندوو نەکات. من ناتوانم واز لە بستێك خاکی فەڵەستین بهێنم چونکە ئەوە خاکی من نییە بەڵکو موڵکی ئۆمەتی ئیسلامی یە کە لە پێناویدا جیهادی کردووە و خوێنی ڕشتووە. با جولەکەکان ئاگایان لە ملیۆنەکانی خیان بێت، ئەگەر ڕۆژێك هاتوو دەوڵەتی عوسمانی لێك هەڵوەشابا و دەست بەسەر فەڵەستین دا بگرن بەبێ پارە، بەڵام هەتا من زیندووبم پێم خۆشە هەموو ڕۆژێك پارچەیەك لە لاشەم بکەنەوە باشترە لەلام کە ببینم فەڵەستین لە جەستەی دەوڵەتی ئیسلامی بڕاوە. ئەوە کارێکگە لەبوون نایەت ناتوانم ڕازی بم لەشمان پارچە پارچە بکەن و لە ژیانیشدا بین. سوڵتان نەی دەتوانی وەڵامی ئەو تەمکاع وەبەرنانەی سەهیۆنییەکان





بداتەوە چونکە ئەوە لەگەڵ سیاسەتی (جامعە الاسلامیە)دا یەکی نەدەگرتەوە، کە خۆی بانگەوازی بۆ دەکرد. بەشێکی گرنگ بوو لە سیاسەتی دا. هەڵخەڵەتانی بە پارەی جولەکە وەکو خۆکوژی یەکی سیاسی وابوو. پێچەوانەی سیاسەتی جامعەی ئیسلامی بوو ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیشەوە سوڵتان ناڕازی بوو کیانێکی یدیکەی سیاسی بۆ کەمایەتی یەکی دیکەی نێو وڵاتی عوسمانی دامەزرێت. لە کاتێکدا کێشەی کەمایەتی یەکانی بەولقان کۆتایی پێ نەهاتبوو، هەروەها نەی دەویست ئەو عەرەبانەش تووڕە بکاتن کە داوای جولەکەکانیان ڕەت کردبۆوە. ناڕازی بوون بە فرۆشتنی زەوی فەڵەستین بە جولەکەکان و ناڕازی بوون بە کۆچ کردنی جولەکە بۆ فەڵەستینو دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێ ی کشتوکاڵی سەرباری ئەوەی سوڵتان ناڕازی بوون و ڕێ و شوێنی خۆی گرتە بەر بۆ ئەوەی نەهێڵێت جولەکەکان کۆچ بکەن بۆ فەڵەستین بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە جوڵەی سیاسی خۆیان و جێبەجێ کردنی نەخشەی نیشتەجێ بوون لە زەوی یە پیرۆزەکان دا بۆیە دەزگایەکیان دروست کردبوو بۆ کڕینی زەوی و زار و کاری نیشتەجێ کردن. لە مانتگی ئایاری ساڵی (1902ز)دا هرتزل داوای لە سوڵتان کرد ڕێگە بدات کە زانکۆیەکی عیبری لە قودس بکاتەوە بۆ فێربوونی گەنجە تورکەکان لە جیاتی ئەوەی بەگەشت بیان نێرن بۆ ئەوروپا و فکری سیاسی ئەوروپا کریان تێدەکات و گیانی ئازادیخوازی و دیموکراتیانی تێدا دروست دەبێت لە بیروباوەڕی ئیسلامی دووردەکەونەوە. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی یەهودی یەکان لەو پڕۆژەیە ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ لە جولەکەکان لە زانکۆکانی ئەوروپاوە بهێنن بۆ فەڵەستین بۆ ئەوەی ئەو زانکۆیە ببێتە کۆڵەکەیەکی زانستی بۆ ئەو دەوڵەتە یەهودی یەی کە دەیانەوێت دروستی بکەن لە فەڵەستین و ڕێبازێك بێت بۆ هاتنی ڕۆشنبیری جولەکە بۆ فەڵەستین هەرچەند سوڵتان ئەو واقعەی باش دەزانی کە هرتزل باسی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نەبوو کە زانکۆی عیبری لە فەڵەستین بکرێتەوە، چونکە دەیزانی کە ئامانج لێ ی جێنشین کردنی جولەکەیە لە فەڵەستین نەك بڵاوکردنەوەی زانست توانایەك دەبێت بۆ بزوتنەوەی جولەکە لە فەڵەستین لێرەدا ڕووداوێك هەیە بڕیاری سوڵتان دووپات دەکاتەوە لەسەر پارێزگاری کردنی فەڵەستین سوڵتان مردنی خدێوی میسری بەهەل زانی لە (7 یکانوونی دووەمی 1897ز)دا کوڕەکەی عەباس لە شوێنی دانیشت، فەرمانی دامەزراندنی دەرکرد کە دسەتەڵاتی میسر بگرێتە دەست بێ ئەوەی

هیچ ئیشارەتێك بۆ سینا بکرێت ئەو کارەی سوڵتان بوو بـەهۆی نانـەوەی کێشە لـەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا. تا وای لێهات سـوڵتان ناچاربوو داوا لـە خـدێوی عـەباس بکات کە سیناش بخاتەوە سەر میسر. لـە ڕاسـتیدا ئـەو هەڵـسوکەوتەی سـوڵتان لـەوەوە سەرچاوەی گرتبوو لە دەسـتەڵاتی سـەهیۆنی دەترسا کـە دەسـتیان بەسـەر بـەریتانیادا گرتبوو کە بەریتانیا ئاسانکاری دەکرد بۆ نیشتەجێ کردنی جولەکە لە سینا.

دیـارە مەترسـی تـرین شـت کـە چـالاکی جولەکـەی گەیـشتۆتێتیێ کـۆنگرەی سـاڵی (1903ز)بوو کە لەفەڵەستین بەسترا لەسەر شێوەی کۆنگرەی بالی، سوڵتان وریابۆوە کە لەبەردەم مەترسی یەکی گەورەدایە بۆ ئەوەی گرێ دانی کۆنگرەیەکی دیکە لە فەڵەستین دووبارە نەبەسترێتەوە سوڵتان بە ڕاشکاوانە بڕیاری قەدەغە کردنی هەموو جۆرە چالاکی یـەکی سیاسـی جولەکـەی لـە فەڵەسـتین دەرکـرد. ئەمـە بـوو بـەهۆی نەبەسـتنی هـیچ کۆنگرەیەکی دیکە لـە فەڵەسـتین لـە سـەردەمی ئـەودا. سـەهیۆنیەتی جیهانییـەقینی بـۆ دروست بوو دوای ئەو هەموو هەوڵانەی دایان بۆ ڕازی کردنـی سـولتان بـە ڕێگـەدانیان بـە کۆچ کـردن بـۆ فەڵەسـتین، بۆیـان دەرکـەوت کـە بـوونی سـوڵتان بەربەسـتێکی گەورەیـە لەبەردەمیاندا بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجـەکانیان دوای ئـەوە هرتـزل هیـچی بەدەسـتەوە نەما تەنیا هەڕەشە نەبێت.

هرتزل لە ڕۆژی (3 ی تـەمموزی 1904ز)دا مـرد بـەڵام هەوڵـەکانیان هەربـەردەم بـوو سـەهیۆنییەکان توانیـان پـەیمانی بلفـۆڕ بهێننـە ئـاراوە لـە (2ی تـشرینی دووەمـی 1917ز)دا. بەریتانیا لەو پەیمانەدا بڕیـاری پێکهێنـانی نیـشتمانێکی نەتـەوەیی داوە بـۆ جولەکە لە فەڵەستین. سوڵتان بـێ ئاگـا نـەبوو لـە کاریگـەری جولەکـە لەسـەر سیاسـەتی جیهانی و دەوڵەتانی ئەوروپی دا، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو تەنیا لاڕازی نەبوون نەبێت بەو پێشنیازانەی جولەکە دەیانکرد بۆی کە زۆربەیان گۆڕینەوە خاکی ئیسلام بـوو بە پوڵ و پارەی جولەکە. سوڵتان هەتا بۆی کرا بەربـەرەکانی فکـرەی کۆچـی جولەکـەی کرد بۆ فەڵەستین بەردەوام لە بەرگری دا بوو، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی کۆنترۆڵی بکـات. ئـەوەش لـە ئـەنجامی ئـەو هـەموو فـشارانەی کـە دەخرایـە سـەری لـە لایـەن وڵاتـانی ئەوروپاوە، بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە و جولەکە یەکی گرتبـۆوە. دەوڵـەتی عوسـمانیش ئەوەنـدە بـەهێز نـەبوو بتـوانێ بـە تـەواوی ئـەو کـۆچ کردنـەی جولەکـە بـۆ فەڵەسـتین بوەستێنێت. گرنگترین ڕەخنەیەك لەوبارەو ئاڕاستەی سوڵتان بکرێت دەربـارەی کۆچـی





جولەکە بۆ فەڵەستین تەنیا دەرکدنی ئەو فەرمانەیە کە ڕێگـەی داوە جولەکـەکان هەنـدێ زەوی دیاری کراو لە فەڵەستین بکڕن.

جولەکـەکان ئـەو فەرمانانـەی سـوڵتانیان قۆزتـەوە و بـۆ زیـادکردنی کـۆچ کـردن بـۆ فەڵەستین و دروستکردنی کۆمەڵگە، بەڵام هیچ پاسـاوێك نییـە بـۆ سـوڵتان بـە دەرکردنـی ئـەو فەرمانانـە کـە گوایـە فـشاری سیاسـی لەسـەر بـووە لەلایـەن وڵاتـانی گـەورەوە، کـە جولەکە دوای ئەوە کردی بـە بیـانوو. هۆیـەك بـوو بـۆ فـراوان خـوازی لـە زەوی کڕینـدا و دروسـتکردنی کۆمەڵگـەی نیـشتەجێ بـوون و چـاککردنی زەوی و زاری کـشتوکاڵی. لـە ڕاسیتدا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەرچەند هـەوڵی زۆری دا کـە کۆچـی جولەکـە بـۆ فەڵەستین قەدەغە بکات، بەڵام نەیتوانی بەڵکو توانی کە تا ڕادەیەك کەمی بکاتەوە.

# بەشی شانزەهەم

**چوارەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و بزوتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی.**
**پێنجەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی چاکسازی.**
**شەشەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و چاکسازی یاساکان (التنظيمة).**

## چوارەم : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و بزوتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی

بزوتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی پێش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : فکرەی کۆمەڵـەی ئیـسلامی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە دا دەرکـەوت وەك کاردانەیوەکی جیهانی ئیسلامی بۆ داگیرکاری ڕۆشـنبیری و سـەربازی ئـەوروپا هـەروەها ڕەتکردنـەوەی بانگـەوازی بـە ڕۆژئـاوا کـردن و چاکـسازی و دانـانی دەسـتور و چـەندین دروشمی دیکە. گەلانی ئیـسلامی بـەهۆی خراپـی بارودۆخـەوە بـێ هیـوای و بـێ ئومێـدی ڕووی تێکردن.

فەسادی و گەنـدەڵی هـەموو لایـەکی دەوڵـەتی گرتبـۆوە بەتایبـەت لـە کۆتـایی مـاوەی دەستەڵاتیدا. ئـەوەش بـوو بـەهۆی چـاوتێبڕینی دەوڵـەتانی ئـەوروپی. بنکـەی خەلافـەت لاوازبە ە بـەهۆی لاوازی ئـەو سـوڵتانانەی دەهاتنـە سـەر دەسـتەڵات. ئـەو لاوازی یـە بـوو بـەهۆی نـەمانی ئـەو یـەکێتی یـە ئیـسلامی یـە لـەنێوان گـەلانی ئیـسلامی ژێـر دەسـتی





خەلافەتی عوسمانی، کە ساڵانێکی دوورودرێژ ئـەو یـەکێتی یـە بـەردەوام خـۆی ڕاگرتبـوو بەهۆی دەستەڵاتێکی مەعنەوی و پیرۆزی یەك کە لەنێو دڵی موسڵمانانداندا بوو. لـە لایـەکی دیـشەوە چـەندین ڕووداوی خوێنـاوی ڕوویانـدا لـەنێو جیهـانی ئیـسلامی دا وایـان لـە موسڵمانان کرد پەنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەرن بۆ ئەوەی بیـان پارێزێـت. لـە هندسـتان موسڵمانان پەرش و بڵاوبوون دوای داگیرکردنی هیند لەلایەن بەریتانیاوە، لـە ناوەڕاسـتی ئاسیادا لە ساڵی (1891ز)دا ڕووسیا تەشقەند و سـەمەرقەندی داگـیر کـرد و کۆتـایی بـە میرنشینی بخارا هات.خانە تورکەکان پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هێنـا کـە لـە دەسـت ڕووسیا بیان پارێزێت ساڵێ (1881ز) فەڕەنـسا تونـسی داگـیر کـرد. سـاڵێك دوای ئـەو بەریتانیا میسری داگیر کرد. لەساڵی (1891ز)دا ئەڵمانیا دەسـتەڵاتی خـۆی بەسـەر دار سەلامدا سەپاند، لە بەلقانیش هەواڵی چەوساندنەوەی موسڵمانان بەگوێ ی هەموو لایـەك گەیشت لەو لاشەوە پەنجـەی تـاوان بـۆ لای پیـاوانی بزوتنـەوەی چاکسازی ڕاکێـشرا کـە زانایان پشتگوێ خستووە و خۆیان لە ئادابی ئیسلامی دوور دەگرن. موسڵمانان گەیشتنە ئەو ڕاسـتی یـە کـە وڵاتـانی ئـەوروپی بوونەتـە هـۆی ئـەو کێـشە داراییـەی کـە دەوڵـەتی عوسمانی تووشی هاتووە، سەرباری ئەو زیادە ڕۆیـەی دەکـرا لەلایـەن موسـڵمانانەوە بـە بـەکارهێنانی ئمتیـازاتی بێگانـە. بـەم شـێوەیە هەسـت و سـۆزی ئیـسلامی ڕابـوونێکی بەخۆیـەوە بـینی وەکـو کاردانەوەیـەك و دروسـتکردنی پێوەنـدی لـە نێـوان جیهـانی ئیسلامیدا.

بانگەوازی موسڵمانان بکـات بـۆ هاوکـاری چاکسازی و یـەك ڕیـزی بـۆ ڕاوەسـتان دژی شەپۆلی هێرشی ڕۆژئاوا. لە بواری ئەو چاکسازی یەدا سـێ بۆچـوونی فکـری پەیـدابوون : فکرەیەك بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە یاساو ڕێساکانی ڕۆژئاوا وەربگرین و کاریان لەسـەر بکەین و بەبێ هیچ مـەرجێك و کتومـت لـە ەنێـو خۆمـان جێبـەجێ یـان بکـەین. هیـچیش سەیری ڕابردووی دەوڵەتی عوسمانی نەکەین، بە ناوبانگترین کەس کە بانگەوازی بـۆ ئـەو فکرەیـە دەکـرد فوئـاد پاشـا و (1815 – 1869ز) مدحـەت پاشـا بـوون (1822 – 1885ز). فکرەی دووەم داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ ڕیشەکانی ئیسلام و ڕەسـەنایەتی ئیسلام لـەو بوارەشـدا نـامق کـەمال دەرکـەوت (1840 – 1899ز) کـە یـەکێك بـوو لـە گـەورە پیـاوانی سـەدەی نۆزدە لـە بـواری فکریـدا و نازنـاوی (شـاعیری ئـازادی) پێـدرا.

ئەنـدامی کۆمەڵـەی ترکیـا فتـاە بـوو داوای دەکـرد کـە یاسـا و ڕێـسای ڕۆژئـاوا دوای گونجاندنیان لەگەڵ شێوەی ئیسلامی کاریان پێ بکرێت.

ئەو دڵسۆزی ئایین و وڵاتەکەی بوو، داخوازی ئەوە بوو دەوڵەت پابەند بێت بە یاساو بیر و باوەڕەکانی خۆی کە لەسـەری دروسـت بـووە. بۆچـوونی وابـوو کـە دەوڵەتی عوسمانی جڵەوی گەلانی ئیسلامی بگرێتە دەست و بیان پارێزێت لـە بەرئـەوەی گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی یە و گونجاوترە کە سیاسەتی جیهانی ئیسلامی بەرجەستە بکات داوای دەکر کە دەبێت عوسمانییەکان یەك گرن و موسڵمانان ڕێکخات پشتیوانی لـە (جامعەی ئیسلامی) بکرێت بەوەی کە هۆکارێکی باشـە بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشەکانی جیهـانی ئیـسلامی تـاکو یـەکێتی گـەلانی ئیـسلامی دروسـت بێـت لـە ژێـر سـەرۆکایەتی دەوڵەتی عوسمـانی دا. هـەر لـەو بـوارەدا بڕیـاردە رو مێژوونووسـی عوسمـانی (ئەحمـەد جەودەت) دەرکەوت (1822 – 1895ز) ڕاگەیاند کە عوسمانییـەکان لـە گـەلانی دیکـە زیاتر قەرزداری ئیسمن، چونکە ئیـسلام دەرگایـەك بـوو بـۆ ئـەوەی عوسمـانی بچنە نێـو مێژووە. ئیـسلارم بنـچینەی دەوڵەتەکەیانـە و بنـچینەی شارسـتانیەکەیانە هـەر دەتـوانن شانازی بە ئیسلامەوە بکەن.

دوای بەراورد لە نێوان نەتەوەی عوسمانی ڕۆژهەڵات نەتـەوە ڕۆژئـاوا مەسـیحی یـەکان کە چەند دەوڵەتیان دامەزراندن لەسـەر بنـچینەی نەتەوایـەتی. دەبیـنین کـە شـتێك نییـە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرێت و کەڵکی لێ وەرگیرێت لە بواری ژیانی ڕۆژانەیدا سەیری کرد مێـژووی دەوڵـەتی عوسمـانی ڕەسـەنی بنەماڵـەی فـەرمانڕەوا و ئـەو شـارەزاییەی وەری گرتووە لە بواری سیاسی دا. بەهۆی شوێنی لـە دەسـتەڵات و بارەگـای خەلافـەت هـەموو وایان کردووە کـە گونجـاو بێـت بـۆ سـەرۆکایەتی کردنـی جیهـانی ئیـسلامی و پارێزگـاری کردنی لەو مەترسیانەی ڕووی تێ دەکەن، بۆچوونی وابوو کە ئایین نهێنـی و سەرچـاوەی یەکگرتنی موسڵمانانە. بێ هێزی و لاوازی ڕوو لە موسڵمانان ناکات تەنیا کاتێك نەبێت کـە بیر و باوەڕی ئیسلامی بگۆڕنەوە بە بیری نیشتمان پەروەری و نەتەوە پەرستی. هەریەك لـە نـامق کـەمال و ئەحەمـد جـەودەت چـالاکی خۆیـان خەسـت کردبـۆوە بـۆ بانگـەوازی کردنییەکێتی ئیسلامی لە نێو بوتەقەی عوسمانی دا، کەسایەتی دیکـەش کـە هاوچـەرخی ئـەوان بـوون. بانگـەوازی دەکـرد بـۆ چاکسازی ژیـانی موسـڵمانان لـە بـورای ئـایینی و کۆمەلایـەتی و سیاسـی. هەسـتا بـە بلاوکردنـەوەی ئـەو بۆچـوونانەی لـە هـەموو جیهـانی





ئیسلام دا لە ئاسیا و ئەفریسقا و ئەوروپادا ئەو کەسایەتی یەش جـەمال الـدینی ئـەفغانی بوو (1839 – 1897ز). ڕۆشنبیری فـراوان و تەجروبـە لـە سیاسـەت دا و ئاگـاداری لـە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی موسـڵمانان. وای کـرد کـە ئـەفغانی کەسـایەتی یـەکی تـەواو بێت. ڕۆڵی ڕوون وئاشکرا بوو لە شیکردنەوەی هۆیەکانی دواکەوتنی گـەلانی ئـسلامی کـە ئـەویش ناشـارەزایی گـەلان بـوون لـە ئیـسلام. ڕای ئـەفغانی بـۆ چاکسازی دەسـتەبەری هەستانە سەرپێ ی گەلان ئەوەبوو دەی گوت دوورکەوتنەوەی فەرمانڕەوایان لە ئیسلام. خۆ خەریك کردن بە بیری نەتەوایەتی و ڕەگەزی. وای کردووە کە کەلێنێك دروسـت ببێـت لەنێوان گەل و فەرمانڕەوایان ڕەخنـەی تونـدی ئاڕاسـتەی زانایـانی دیـنی کـرد کـە وەکـو پێویست فکرەی جامعەی ئیسلامی بە گەلەکانیان نا ناسێنن.

ڕەخنەشـی ئاڕاسـتەتی تـاك و کۆمـەڵ کـرد. جـەمال الـدین هێرشـی کـردە سـەر موسڵمانان کە خۆیان بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ڕۆشنبیر دەکەن. تەنیا توێکڵەکەی وەردەگرن و تاوایان لێ دێت دەبنە هۆکاری دارمانی لاشەی نەتەوەی خۆیان ئەفغانی دەڵێت : دەبێ یەك حکومەتی ئیسلامی خەبێت، پابەند بێت بە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی یـەوە ئەمەش ناکرێت تەنیا دوای ڕزگار کردنی خاکی ئیسلام لە دەستەلاتی بێگانە، ڕێگە خۆش کـردن بـەرەو هەسـتانەوەی ڕوحـی و مەعنـەوی و فکـری دوای یـەکگرتن لـەژێر سـێبەری خەلیفەی ئیسلام دا و کە ئومەتی ئیسلامی لەسەر یەك دەنگ بن و دانی پێ دابنێن وەکو سـەردەمی زێـڕینی ئیـسلامی، یـەکبوونی موسـڵمانان تاکـە ڕێگایـە بـۆ جێبـەجێ کردنـی فکـرەی جامعـەی ئیـسلامی، دروسـتکردنییەکێتی ئیـسلامی و بەربـەرەکانی ئیـستعمای ئەوروپی بەیەکەوە گرێ دا، کـە ئیـستعمار دەیـەوێت ئیـسلام لـەنێو بـەرێت، دەسـتەڵاتی خۆی بەسەر گەلانی ئیسلامی بسەپێنێت، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بـە دووری دەزانـی کـە گەلانی ئیسلامی هەموویان لە ژێر یەك فەرمانڕەوا کۆببنەوە. بۆیە بۆچوونی وابوو دەبێت گـەلانی ئیـسلامی پێوەمـدی یـەکی بـەهێز لەنێوانیانـدا هـەبێت. ئـەویش قورئـان کۆیـان بکاتەوە. بنچینەشی دادپەروەری و شورابێت و هەڵبژاردنی باشـترین کـەس بـۆ کاروبـاری موسڵمانانی بدرێتە دەست. بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە لە بواری سیاسی دا هـەموویان لـەژێر دەسـتەلاتی یـەك فـەرمانڕەوادا بـن ئـەفغانی لـە بـواری ڕۆشـنبیری دا دەسـتی بـە چاکسازی کرد. دوایی لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی چالاکی دەنواند. بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروباوەڕەکانی چەند ڕێگایـەکی گرتەبـەر وەکـو وتـار بێـژی و نووسـین و چـاوپێکەوتنی

حاکمەکان و پێکهێنانی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی جیا جیا. لە بواری چالاکی ڕۆژنامەوانی ناوی لەگەڵ گۆڤاری (العروة الوثقى)بوو کە لەگەڵ قوتابی یەکەی محەمەدعەبدە لە پارس دەری دەکرد، ڕێکخراوێکی دروست کرد بەنێوی (العروة الوثقى)ی ئەفغانی حیزبێکی نیشتمانی لە میسر لە ساڵی (1889ز)دا دروست کرد.

بانگەوازی دەکرد بۆ چاککردنی بارودۆخی موسڵمانان و دەرکردنیان لەو گێژاوەی تێ ی کەوتوون لە بورای فکریدا. دواکەوتنی شارستانی و نەزانی و نەخوێندەواری کە ئەوانە لە ئیسلامی ڕاستەقینە دورن موسڵمانانی هاندەدا دەست بە شەریعەتی ئیسلامەوە بگرن. لە بواری سیاسی دا حوکمی پەڕلەمانی پێ باش بوو داوای پێکهێنانی حکومەتی پەڕلەمانی دەکرد، چونکە ئەم جۆرە حوکمڕانییە، زۆرداری ڕەتدەکاتەوە. داوای حوکمی شورایی دەکرد لە دەستوردا خی دەنواند دەستەڵاتی ناچار دەکرد کە ئازادی و دادپەروەری جێبەجێ بکات. لە ڕاستیدا فکرەی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی وەکو ئەفغانی داوا دەکات دوو کۆڵەکەی هەیە:

یەکەمیان : حەج کردن بۆ مزگەوتی حەرام و شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی حیجاز.

دووەم : خەلافەت : پێویست بوونی بەرپاکردنی خەلافەت وەکو نیزامێکیە سیاسی ئەو لە بنەماڵەی عوسمانی دا خۆی دەنواند.

سێیەم : لە بورای چاکسازیدا : بۆچوونی وابوو دەبێت هاوتایی هەبێت لە وەرگرتنی زانست لە ڕۆژئاوا لە بورای سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیری و فکردیا. بەشێوەیەکی گونجاو خاوەنی ئەو بۆچوونە، دەیان گوت وەرگرتنی فکری ڕێکخراوەیی لە ڕۆژئاوا وەکو دیموکراتی و یان لە بواری ئازادی تاك و کۆمەڵ دا. لە کۆمەڵگەی ئیسلامی دا شتێکی ناوازە نییە لەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەبوو بڕیاری عوسمانی ضیاء پاشا بوو (1825 – 1880ز).

## سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پاڵپشتی لە بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی دەکات

کاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتە سەر تەختی دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکان، جیهانی عەرەبی دروستبوونی دوو هزری بەخۆیەوە دەدیت، ئەم دوو هزرەش کاردانەوە بوون لەدژی ئیستیعمارو پەرەسەندنی کۆنترۆڵی بێگانە.

یەکێکیان بریتی بوو لەهزری کۆمکاری ئیسلامیی و ئەوی دیکەشیان هزری نەتەوەی عەرەبی و یەکێتی عەرەبی بوو کە لەجیهانی عەرەبیدا بڵاوبوو بەتایبەتی لەنێوان





نەسرانیەکانی وڵاتانی شام[1]، ئەمە لەکاتێکدا جیهانی ئیسلامیی ببووە ئامانجێك بۆ مەرامەکانی داگیرکەران، کە وای لەسەرکردە موسڵمانەکان کرد بیر لەحاڵی موسڵمانەکان بکەنەوەو، لەهۆی دواکەوتنیان بکۆڵنەوە، تا گەیشتنە ئەوەی کە پێویستە بانگەوازی بۆ چاکسازی و حوکمی ڕاوێژکاریانەو کۆکردنەوەی قسەی موسڵمانەکان بکەن لەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا بۆ وەستان لەبەردەم شاڵاوی داگیرکەرانە.

هەروەها بیرۆکەی بوژاندنەوەی یەکێتی ئیسلامیی دووبارە وەئاگا هێنرایەوە بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرامەکانی داگیرکاریانە. ئەوەبوو بیرۆکەی کۆمکاری ئیسلامیی گەشەی کرد کە لەسەر بانگهێشت کردنی موسڵمانەکان بۆ یەکێتی و هاریکاری کردن لەنێوانیان دامەزرابوو ئەویش بۆ چاککردنی حاڵیان و، دروستکردنی گرووپ گەلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلەکانی داگیرکەرانی ئەوروپایی.

هەروەها بارودۆخی ناوەخۆو دەرەوەو، ئەو حاڵەتە نیگەرانیانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا پێیدا تێدەپەڕی وایان خواست کە سەرۆکایەتی بانگەوازییەکەی لەو شوێنەدا بکات کە چاکترین چارەسەری تێدایە بۆ ئەو نەخۆشی و ئێش و ئازارانەی کە دەسەڵاتدارێتییەکەی لەبەریان دەیناڵاند،هەروەها لەو شوێنەی کەوا وەکو پەرژینێك بوو بۆ پارێزگاری کردنی وڵات لەو مەترسیانەی کە بەهۆی مەرامەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە دەوریان دابوو، ئەویش گڵاوکردنی پارچەیەکی بەرفراوان بوو لەزەوییەکانی. سوڵتان عەبدولحەمید دەرکی بەپێویستی کارکردن کرد لەپێناو یەکێتی هێزەکانی ئیسلامییدا بۆ وەستان لەبەرامبەر ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەی کە چاویان بڕیبووە خەلافەت و سەروەت و سامانەکانی، هەروەها بینی کەوا جەنگەکانی خاچ پەرستەکان لەدژی دەوڵەتی عوسمانیدا هەمیشە و بەردەوامە، کەوابوو هەردەبێ لەدوتۆی ئیسلامیدا کاربکرێ لەپێناو یەکێتی ڕەگەزە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکانی وڵات و کۆکردنەوەیان لەیەك بەرەدا. پاشان بۆ دوورتر لەمەش ڕۆیشت کاتێك.

[1] - نەسۆانییەکانی وڵاتانی شام ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستیان بە هیچ لایەنگیریەك نەکردووە لە بەرانبەر حوکمڕانی عوسمانییەکان و، شتێکیشیان بەدی نەکرد، کە پاڵیان پێوەبنێ بۆ چوونە ژێر سایەی کۆمکاری ئیسلامی، بەڵکو کاریان بۆ لەڕوو وەستان و بەرهەڵستی کردنی دەکرد، بۆیە خۆیان ئامادەکرد بۆ وەدی هێنانی ئامانجە سیاسییەکان، کە لەبەرز ئاڵای نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بینیەوە، ئەمەش وەکو ئەلتەرناتیڤێك بوو بۆ ڕابیتەی ئایینی.

که دیتی ئەو یەکێتییەی ناوەخۆ بەس نییە، بۆیە هەردەبێ کاریگەری یەکێتی ئیسلامیی بۆ هەموو موسڵمانێکی جیهان درێژ بکرێتەوە[1].

هەربۆیە سولتان بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی بەخۆیەوە گرت و جێبەجێکردنیشی خستە ئەستۆی خۆی، ئەمە لەدوای ئەوەی کە هەریەکە لە نامیق کەمال لەژینگەی عوسمانیداو جەمالەدینی ئەفغانی لەژینگەی ئیسلامیی و عەرەبیدا ڕێگایان بۆ ئەو کۆمکارە خۆش کرد. لەمەوە باشترین پاڵپشتی بۆ خۆی بەدی کرد بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی لەناوخۆو دەرەوەدا.

جا جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی لەناوەخۆدا واتە پەیوەست بوون بەسنوورەکانی شەریعەتی ئیسلامیی کە بەدیل بوو بۆ ئەو چارەسەریە دەستووریەو چاکسازییانەی کەوا پێشکەش کرابوون[2].

هەروەها لەدەرەوەشدا واتە گردبوونەوەی موسڵمانەکان لەدەوری خەلافەتدا کە لەدەست بنەماڵەی عوسمانییەکاندا بوو، ئەمەش بە چاوپۆشین لەڕەگەزو نەتەوەکانیان، چونکە بەهێزێکی بەستنەوە دادەنرا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و جیهانی ئیسلامییدا و، وەکو پارێزگەرێکیش وابوو بۆ ئیسلام و موسڵمانەکان لەدژی مەرامەکانی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی کە شالاویان بۆیان هێنابوو، هەروەها توندوتۆڵکردنی پەیوەندیش بوو لەنێوان مەڵبەندی خەلافەت و تەواوی ویلایەتەکان[3].

کەوابوو، سولتان عەبدولحەمیدی دووەم خێرا بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی بەخۆوە گرت و بووە جێی هیواو ئاواتەکانی بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی و سەر لەنوێ بووژانەوەی، ئەمە لەدوای ئەوەی کە زۆربەی پارچەکانی زەوی بەلقان لەئەورووپا کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوو لێی دابڕا بوو، هەروەها جەنگ کردنیشی لەگەڵ ڕووسیا شلۆقی کردبوو و مەرامەکانی بەریتانیا و فەرەنساش هەڕەشەیان لێ کردبوو، ئەمەش بەڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی ئیسلامیی بەلای خۆیدا لەنێو ئەو بەڵاو ناخۆشییانەی کە لەسەری کەڵەکە بوون[4]، هەروەها توانی بەیارمەتی ئەمەوە پارێزگاری لەلایەنگیری کردنی ڕەگەزی ناتورکیی بکات لەنێو وڵاتەکەی، هەروەها توانی تەواوی موسڵمانەکانی دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی

1 - حرب محمد : مذكرات سلطان عبدالحميد، ص 22 – 26.
2 - أنيس، محمد : الدولة العثمانية والشرق العربي، ص 238.
3 - هەمان سەرچاوە – حرب : مرجع سابق، ص 145 – 146.
4 - صفوت، محمد : مؤتمر برلين، مرجع سابق، ص 64.





بخاتە پاڵ خۆی، هەروەها سولتان عەبدولحەمید لەوە نزیکتربوو کە ڕایەکانی جەمالەدینی ئەفغانی وەرگرێت وەك لەڕایەکانی نامیق کەمال کە بۆ هێنانەدی بانگەوازەکەی متمانەی کردبووە سەر هۆکارەکانی ڕۆشنبیری زیاتر لەمتمانەکردنی لەسەر هۆکارەکانی سیاسی[1]، هەروەها بۆئەوەی بانگەوازەکەی بەرهەمدار بێ، شتێکی سروشتی بوو کە لەڕوویێکەوە بایەخ بەپارێزگاری کردنی پاشماوەی وڵاتەکەی لەهەرێمەکانی عەرەبی بدات. ئەمە لەدوای ئەوەی کە تونس و میسری لەدەست چوو بوو، چونکە ئەگەرهاتوو وڵاتێکی دیکەی عەرەبی لێ دابڕابووایە ئەمە مانای ئەوەبوو کە بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی لێدانێکی توندی بەرکەوتووە.

لەڕوویێکی دیکەشەوە، دەبووایە ژمارەیەك لەکەسایەتییە ئیسلامی و عەرەبییەکان لەخۆی نزیك بکاتەوە بۆئەوەی لەلایەکەوە لەڕێڕەوەکەیدا پاڵپشتی لێ بکەن و، لەلایەکی دیکەیشەوە ڕاوێژیان پێ بکات و ڕایان وەرگرێت، هەروەها لەلایەکی تریش ئامانجی بەدیهێنانی پەیوەندی گەلێك بوو کە لەپاشەڕۆژ دەکرا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سوودیان لێ وەرگرێت و بەکاریان بهێنێت.

جا لەبواری یەکەمیندا، سولتان عەبدولحەمید ڕازی نەبوو واژووی ئەو ڕێکەوتنامەیە بکات کە تایبەت بوو بەڕێکخستنی تێپەڕینی ئازاد بەناو کەناڵی سوێسداو، دەستەبەرکردنی سەلامەتی، کە لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1887ز ڕێکخرا، هەروەها داوای کرد دوو هەموارکردن لەناو ئەو ڕێکەوتنامەیە ئەنجام بدرێ، کە یەکەمیان خۆی لەوەدا دەدیتەوە کە ئیستسنایەك دابنرێ کە حکومەتی عوسمانی سەرپشك بکات کە مافی ئەوەی هەبێ پەیوەست نەبێ بە کۆت و بەندە تایبەتییەکانی سەربازیی، ئەویش بەدەستەبەرکردنی ئازادی ڕاوەماسی لەو کەناڵەدا، ئەمەش کاتێك دەبێ کە کارەکە پەیوەست بێ بەو ڕێ و شوێنەی کەوا حکومەتی عوسمانی وای دەبینێ کە پێویستە ئەنجام بدرێ بۆ پارێزگاریکردنی موڵك و ماڵەکانی لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سووردا، بەڵام دووەمینیان خۆی لەوەدا دەدیتەوە کە ئەو لیژنە قونسولیانەی کەوا ڕاسپاردراون چاودێری جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە بکەن دەبێ لەلایەن نوێنەرێکی عوسمانییەکانەوە سەرۆکایەتی بکرێن. جا هەردوو حکومەتی بەریتانی و فەرەنسی ڕازی بوون بەوەی کە

1 - الشناوي : ج 3، ص 1203.

پەیوەندی بەهەموارکردنی یەکەمینەوە هەبوو، بەڵام سەبارەت بەهەموارکردنی دووەمین ڕازی بوون بەوەی کە چارەسەریەکی مام ناوەندی بۆ دابنێن[1].

لەڕاستیدا سوڵتان عەبدولحەمید لەپشت ئەمەوە لەڕێکەوتنامەکەدا شوێنێکی نایابی بەتەنیا بەدەوڵەتی عوسمانی بەخشی، وەکو دەوڵەتێك کە خاوەن سەروەری بێ بەسەر وڵاتەکان، هەروەها بەوەی کە سوڵتان خەلیفەی موسڵمانەکانەو سەرۆکایەتی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی دەکات. وە لەبواری دووەمیندا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەرکی بە گرنگیی ڕەگەزی عەرەبی و ڕۆڵە ڕۆشنبیری و شارستانی و ئایینیەکەی کرد و، ئامانجی وڵاتە داگیرکەرەکانیش ئەوەیە کە هەوڵێکی زۆر دەخەنە گەڕ بۆ دروستکردنی کەلێنێکی ڕەگەزی کە دەبووە مایەی دابڕینی عەرەبەکان لەدەوڵەتی عوسمانی. ئەوەبوو سەرکردە عەرەبەکانی نقوومی نێو دیاری و نیشانەکان کردو پلەوپایەی بەرزی پێدان، جا هەندێکیانی لەفەرمانگەکانی دەوڵەت و کۆشکی سوڵتانی دامەزراند، کە ناودارترینیان عیزەت پاشای عابید[2]. و(أبو الهدى الصيادي)[3] و سەلیم پاشا و نەجیب پاشا بوون.

هەروەها سوڵتان بژاردەیەکی لەگرووپە عەرەبییەکان هەڵبژاردو، تیپێکی سەربازی تایبەتی لێ دروست کردن و بردنیە نێو پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆیەوە، هەروەها پارەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی حەرام لەشاری مەککەداو، مزگەوتی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) لەشاری مەدینەداو، مزگەوتی ئەقسا لەشاری قودس، کە ئەمانە شوێنگەلی سەرەکی بوون بۆ پەرستش کردنی موسڵمانەکان و هەر هەمووشیان کەوتبوونە نێو جەرگەی عەرەبەکانەوە[3]، هەروەها بایەخی بەدامەزراندنی کتێبخانە گشتییەکاندا لەنێو شارە گەورەکانی عەرەبییدا کە بەناوبانگترینیان کتێبخانەی عوسمانی بوو لەشاری مەدینەدا[4].

هەوڵ و کۆششکردەکانی سوڵتان بۆ پتەوکردنی بە عەرەبەکان هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو ویستی پەیوەندی ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵدا بکات. ئەوەبوو دوو خانمە شاژنی

1 - هەمان سەرچاوە، ص 1201 – 1202.

2 - کەسایەتیەکی عەرەبی بوو لە وڵاتی شام و دەگاتە پلەی سکرتێری دووەمی سوڵتان.

3 - خەڵکی شاری حەڵەب بوو، لەلایەن سوڵتانەوە پلەیەکی بەرزی پێ بەخشرا، یەکێك بوو لە گەورەترین ەمتمانە پێکراوەکانی و نازناوی شێخی شێخەکانی لە خانووی خەلافەتدا پێدا هەتا بە ڕاوێژکاری پاشا و پاسەوانتی عوسمانییەکان و گەورەی عەرەبەکان ناودەبرا . محمد فريد بك: ص 745.

4 - بن دهيش عبدالطيف : مكتبات المدينة امنورة في العهد العثمانى، مجلة كلية الشريعة والدراسات الاسلامية . جامعة الملك عبدالعزيز بمكة المكرمة . السنة الثالثة 1397 – 1398م، العددالثالث، ص 7 – 14.





بنەماڵەکەی لەدوو گەنجی عەرەبانی مارەکرد ئەوانیش میر عەبدولمەجیدی کوڕی شەریفی عەلی حەیدەرو، ساڵح بەگی خەیرەدینی تونسی بوون[1].

لەگەڵ بایەخدان بەڕەگەزی عەرەبیشدا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بانگهێشتی سەرکردەو بیرمەندە موسڵمانە ناعەرەبەکانی کرد تاکو یارمەتیان لێ بخوازێ و لەبواری پاڵپشتی کردنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامییدا سوود لەبیرۆکەکانیان وەرگرێت، تاکو بۆ جیهانی ئیسلامیی دەرکەوێت کە سوڵتان بایەخ بەزانست و زانایانی موسڵمانان دەدات.

ئەوەبوو لەساڵی 1892 ز جەمالەدینی ئەفغانی بانگهێشت کرد بۆئەوەی سەردانی ئەستەنبوڵ بکات و وەکو میوانێکی ئەو لەوێدا نیشتەجێ بێ. بۆ ئاراستەکردنی ئەو بانگهێشت کردنەش دوو فاکتەربوونە هاندەری:

یەکەمیان: دەرکردنی ڕۆژنامەی (العروة الوثقي) بوو بەزمانی عەرەبی لەپاریس لەساڵی 1884 ز لەلایەن جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەوە کە تیایدا بانگهێشتی بەیەکتر بەستنەوەی وڵاتەکانی جیهانی ئیسلامیان دەکرد، کە ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەچەکەرەکردنی ناوەڕۆکی بیروباوەڕیانەی بیرۆکەی کۆمکاری ئیسلامیی[2].

دووەمینیان: ئەوەبوو کە سوڵتان پێ کەوتبوو کەوا جەمالەدینی ئەفغانی لەپاریس پەیوەندی بەهەندێك لەئەندامانی کۆمکاری (تورکیای فەتات)ەوە کردووەو، بەرنامەکەیانی بەدڵ بووەو، هانی ئەندامەکانی داوە کە لەبزاڤەکەیاندا بەردەوام بن. سوڵتان مەترسی لەوە هەبوو کەوا جەمالەدین بچێتە پاڵ ئەو کۆمکارەوە[3].

جەمالەدینی ئەفغانی دوای دڵ لەدڵ دان[4] بانگهێشتەکەی سوڵتانی قبووڵ کرد، هەروەها هەوڵیدا ئامانجەکانی خۆی لەگەڵ بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی بسازێنێ ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد و پرۆژە چاکسازییەکانی خۆی لەخزمەت دەوڵەتی عوسمانی دانان، هەروەها جەمالەدینی ئەفغانی پاساوی بۆ ئەم وەرچەرخانەی لەسیاسەتەکەی خۆی هێنایەوەو گوتی:((کاتێك من بێداربوونەوەی سوڵتان و، مەترسی زۆری و ئامادەکردنی کەرستەی پێویست بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ئەورووپاو مەرامە چاکەکانی و

1 - محمد فريد بك : ص 746.

2 - بني المرجة : ص 126.

3 - الشناوي : ج3، ص 1211.

4 - جەمالەدینی ئەفغانی بەرهەڵستی ئیستعماری ئەورووپایی لەناوچە ئیسلامییەکاندا دەکرد کە لوژێۆ دەسەڵاتی ئەورووپاییەکاندا بوون، هەروەها دوژمنێکی سەرکەشی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، کاتێك بە داواکارییەکانی ئیسلامی ڕزی بوو پاڵپشتی بزافی کۆمکاری ئیسلامی کرد، بەمە ڕای خۆی گۆڕی و پشتگیری لێکرد.

خۆئامادەکردنەکانی بۆ ڕابوونەوەی دەوڵەت دیت، کە هەستانەوەی گشت موسڵمانەکانی تێدابوو، پاڵیان پێوە نام کە دەستی بۆ درێژ بکەم و وەکو خەلیفەو پاشا بەیعەتم پێی دا، پڕ بەدڵ دەمزانی کە میرنشینە ئیسلامییەکان لەڕۆژهەڵاتدا لەخراپەکارییەکانی ئەورووپاو لەهەوڵدان بۆ لاوازبوون و پارچە پارچە بوونیان سەلامەت نابن تەنیا بەبێداربوونەوەو ئاگاداری گشتی و گردبوونەوەیان لەژێر ئالای خەلیفەی گەورە نەبێ))[1].جەمالەدینی ئەفغانی لەماوەی مانەوەی لەپایتەختدا بایەخێکی زۆری پێدراو ڕێزێکی زۆری لێنرا، کاتێکیش لەنزیکەوە لەگەڵ سولتان کۆبووەوە، سولتان پێی سەرسام بوو لەبارەیەوە دەیگوت: ((دیتم وردەکاری کاروبارە سیاسییەکان و مەرامەکانی وڵاتە خۆرئاواییەکانی دەزانی و، ئەو بۆ هەموو بەربەستێك و نەهامەتیەك کە تووشی پاشا دەبوو دەروازەیەك و ڕێگەچارەیەکی لەلا بوو، هەروەها ئەوەی لەهەمووان زیاتر منی سەرسام کردبوو ئامادەکردنی هۆکارە شاراوەکان و فاکتەرە کاراکان بوو تاکو ئەورووپا لەسەر کارێکی مەترسیدار لەناو میرنشینەکانی عوسمانی ڕێك نەکەون، هەروەها زۆرچاك هەستی دەکرد و دەرکی پێدەکرد کە پارچە پارچەبوونی دەسەڵاتدارێکی عوسمانی ناهێتەدی تەنیا بە وێرانکارییەك نەبێ کە هەموو میرنشینە ئەورووپاییەکان بەتەواوی بگرێتەوە))[2].

هەروەها لەمیانەی نیشتەجێ بوونی ئەفغانی لەئەستەنبوولدا، سولتان داوای لێ کرد کە لەهێرش کردنە سەر (ناصر الدين)ی شای فارس و ناوزڕاندنی بوەستێ، کە لەم دواییەدا لەوڵات دەری کردبوو لەدوای ئەوەی لەپرۆژەکانی بۆ چاکسازی یاساکان ترسی لێی هەبوو[3]. جا ئەفغانیش داواکارییەکەی جێبەجێ کرد، بەڵام ئەوە ڕوویدا کە شا لەساڵی 1896ز تیرۆر کرا جا بەرهەڵستکارەکەی کە ئەفغانی بوو لەناو خەڵکیدا بڵاوی کردەوە کە ئەو هانی تیرۆرکردنی داوەو، پاڵی بە بکوژەکە ناوە کە ئەم کارە بکات کە یەکێ بوو لەشوێن کەوتووانی خۆی[4]، ئەمە وای لە سولتان کرد کە شك و گومانی سەبارەت بە نیەتەکانی ئەفغانی لا دروست بێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، وا بەدیار دەکەوێت کەوا بیروڕا ئازادیخوازەکانی ئەفغانی لەلایەن سولتانەوە نەبوونە مایەی قبوڵ کردن.

1 - المنجرومی محمد پاشا : خاطرات جمال الدين الافغانی : ص 38.
2 - هەمان سەرچاوە : ص 35.
3 - دائرة المعارف الاسلامية : ج7، ص 98.
4 - هەمان سەرچاوە : ص 100.





لەئەنجامی ئەمەشدا، ناخۆشی کەوتە نێوان ئەو دوو پیاوە کە وای لەسولتان کرد سانسۆرێکی توندی لەسەر دابنێ، ئەمە وای لەئەفغانی کرد کە مەترسی لەژیانی خۆی بکات، بۆیە بڕیاری دا ئەستەنبوڵ جێبهێڵێ و بچێتە لەندەن، بەڵام سولتان داوای لێ کرد کە هەر لەپایتەختدا بمێنێتەوە و ئەفغانیش داواکاریەکەی جێبەجێ کرد[1].

ئاشکرایە کە سولتان عەبدولحەمیدی دووەم بەو شکڵە سوودی لەبەهرەکانی ئەفغانی وەرنەگرت کە ڕێگەی پێ بدات پاڵپشتی لەبزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی بکات، هەروەها سولتان گوێی بۆ ئەو درۆو دەلەسەو پلانانە دەگرت کە نەیارەکانی ئەفغانی بڵاویان دەکردەوە لەسەرووی هەموویانەوەش ئەبولهودای سەییادی بوو کە بۆ تێکۆشی بوو کە ئەفغانی لەناو ببات، بەڵام مردن ئەفغانی لەو پلانانە ڕزگار کرد کە لە 9 ی ئازاری ساڵی 1897 ز کۆچی دوایی کرد[2].

هەروەها لەو هۆکارانەی دیکە کەوا سولتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ پاڵپشتی کردنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی پەنای بۆی برد، ئەوەبوو ڕووی کردە بوژانەوەو زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی تاکو سەرجەم موسڵمانان لەهەموو شوێنێکی جیهان بەچاوپۆشین لەڕەگەزو نەتەوەیان لەدەوری گردببنەوەو، هەروەها بەڕاکێشانی ملیۆنەها موسڵمانی ناتورك کە لەنێو دەوڵەتەکەیدا هەبوون گوێڕایەڵی و لایەنگری بۆ کورسیەکەی بەدەست بهێنێ زیاتر لەوەش ڕێزو شان و شکۆ پەیدابکات لەبەردەم ڕەعیەتەکەی و هەروەها لەبەردەم ملیۆنەها موسڵمانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەی کە خەڵکی وڵاتە ئەورووپاییەکان بوو. ئەو ویستی پلەوپایەی خۆی بگۆڕێ لەوەی کە هەر بەناو خەلیفە بێ و بەکردار ببێتە خەلیفەو لەمەڵبەندی خەلافەتەکەی بکاتە هێزێکی پاڵنەر کە بیگەیەنێتە مەرامە سیاسیەکانی، هەروەها سووربوو لەسەر ئەوە کە ناوی خۆی بەنازناوە ئایینیەکانەوە بلکێنێ کە ناوی خەلیفەی پێ نزیك بکاتەوە وەکو میری ئیمانداران، خزمەتکاری هەردوو حەرەمی شەریف و هی دیکەش، ئەمەش بۆ ئەوەی گەلانی موسڵمان لەوڵاتە جیاوازەکاندا بۆ خۆی ڕابکێشێ تاکو لەدەوری دەوڵەتی عوسمانیدا کۆیان بکاتەوە بەوەی کە دەوڵەتی خەلافەتەکە لەئەنجامدا دەبێتە پاڵپشتیکردنی مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر دەوڵەتە ئەورووپاییەکاندا[3].

1 - الشناوی : ج 3، ص 1213 – 1214.
2 - دائرة المعارف الاسلامية : ج 7، ص 100.
3 - أنطونيوس، جورج : يظيه العرب، ص 137 – 138

هەروەها بۆئەوەی ببێتە پێشەنگی موسڵمانەکان، سولڵتان ژیانی تایبەتی خۆی بەزوهدو دنیا نەویستی بۆیە کردو، بەئاشکرا بایەخی بەئەنجامدانی دروشمە ئایینیەکاندا، هەروەها زانا موسڵمانەکانی لەدەوری خۆی گرد کردبوونەوە، هەروەها پەیمانگەیەکی بۆ ڕاهێنانی ئەو گوتاربێژانە دروست کرد کە لەدوای دەرچوونیان بەناو وڵاتە جیاوازەکانی ئیسلامییدا بڵاودەبوونەوە بۆئەوەی هەواڵ و قسەی چاك لەبارەی خەلیفەوە بڵاوبکەنەوەو هەوڵ بدەن پەیوەندییەکانی نێوان سولڵتان و دەوڵەتەکەی بەسەرۆکایەتی میری ئیمانداران و خەلیفەی موسڵمانەکان پتەوو توندو تۆڵ بکەن[1].

هەروەها سولڵتان چەند گۆڤارێکی دەرکردو یارمەتی ڕۆژنامەوانانی دا بۆئەوەی ڕۆڵی خۆی لەخانەی ڕاگەیاندن و ئاراستەکردنی خەڵکان بەرەو سیاسەتە ئیسلامیانەکەی ببینێ، هەروەك چۆن بانگهێشتی ئاراستەی پیاوانی هزرمەندو سەرکردەکانی موسڵمانان کرد کە سەردانی ئەستەنبوڵ بکەن، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵیاندا دروست بکات بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتەکەی، هەتا وای لێهات پایتەختی عوسمانی بووە جێ نزرگەی سەرانی موسڵمانان[2]، هەروەها سولڵتان پارەیەکی یەکجار زۆری تایبەت کرد بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان تاکو بتوانن پەیامی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەروەك چۆن پلەوپایەی زانا موسڵمانەکان و ئیمامی مزگەوتەکان و فەرمانبەرەکانی زیادکرد، هەروەها بایەخی بە ئاهەنگ گێڕانەکاندا کە تایبەت بوون بە جەژن و بۆنە ئیسلامییەکان و هەروەها زمانی عەرەبی خستە نێو بەرنامەکانی خوێندن لەپەیمانگەو هانی بەکارهێنانی ئەو زمانەشی داو وای پێشان دا کە حەز دەکات ئەو زمانە وەکو زمانێکی فەرمی هاوتای زمانی تورکی دابنێ[3].

ئەنجامی ئەو ڕێ و شوێنانەی کە گرتبوویە بەر، سولڵتان خەریك بوو مافی خۆی وەکو خەلیفەیەك بگەڕێنێتەوە لەدامەزراندنی فەرمانبەرە ئایینیەکان لەنێو ویلایەتەکانی عوسمانیدا کە کەوتبوونە چنگی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە[4].

لەوانەیە سەرسوورهێنەرترین دەسکەوت لەسەروبەندی سەدەی بیستەمدا کە سولڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ پاڵپشتیکردنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی وەدەستی هێنابێ

[1] - الشناوی : ج3، ص 1205. برو : مرجع سابق، ص 48 – 49.

[2] - هەمان سەرچاوە.

[3] - مصطفی : هەمان سەرچاوە، ص 251.

[4] - کشك، محمد جلال : القومیة والغزو الفکري، ص 219.





دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەری حیجاز بێ کە لەدیمەشقەوە بەرەو مەدینەوە دەڕۆیشت[1]. ئەمەش بەئامانجی خزمەتکردنی حیجازبوو بەهێنانەدی هۆکارێکی سەفەرکردنی هاوچەرخ کە ئاسایش و حەسانەوەو خێرایی تێدا فەراهەم بێ. ئەو هێڵە ئەستەنبوڵی بەمەدینەوە بەستەوە. ئەو پڕۆژەیە سەبارەت بە عەرەب و موسڵمان و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە ڕووداوێکی پڕ بایەخ بوو، کە ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەر بلیمەتی عەبدولحەمیدی دووەم لەجێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەدا[2]، بێگومان خزمەتگوزارییەکی دیاری لەڕووی ئایینی و ئابووری و سیاسی و هزری و سەربازییەوە پێشکەش بەجیهانی ئیسلامیی کرد. لەڕووی ئایینیەوە ئەو پڕۆژەیە حەماسەتی ئایینی لەتەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیی بزواندو، موسڵمانەکانی لەشوێنە جیاوازەکاندا بە خەلیفەوە بەستەوە، هەروەها موسڵمانەکان بەهۆی ئەو پڕۆژەیەوە پێشکەوتنێکیان لەهۆکاری گواستنەوە بۆ شوێنەکانی حەجکردن و ئاسانکاری بۆ سەفەرکردنی حاجیەکانیان بەرچاو کەوت بەوەی کە پێشتر لەچوون و هاتنەوەیان بۆئەوێ تووشی کۆسپ و ناخۆشییەکی زۆر دەبوونەوە[3]. لەوانەشە هەر شوێنەوارو کاریگەرییەکانی ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی کە مەڵبەندی ئەو خەلافەتە لەسەرجەم پلانەکانی سولڵتانەکانی دیکە جێگیرتر بێت[4].

هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە، مەڵبەندو ئەو شارانەی حیجاز کە ئەو هێڵەی بەناودا ڕەت دەبوو بە ڕووی وڵاتانی شام و ئەنادۆڵ و ئەستانبوڵ کرانەوەو، بووە هۆکارێکی گەیاندنی بایەخدار لەنێوان نیمچەدوورگەی عەرەبی و کەنارەکانی وڵاتانی شام و دانیشتوانەکان بۆ گەشتەکانیان و گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و بۆ شارە گەورەکان بەکاریان دەهێنا، هەروەها گوندو شوێنە ئارامگەکان بەدرێژایی هێڵەکە وەدەرکەوتن و زەویەکان چاك کران و خەڵکەکە هەندێ چالاکی کشتوکاڵیان ئەنجامدا، هەروەها ژمارەی

[1] - ئەم پڕۆژەیە لەساڵی 1900ز دەستی پێکرد و لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی 1908ز گەیشتە شاری مەدینە. باتریك:ص141.

[2] - خاوەنی ئەم بیرکەبە عیزەت پاشای عابید بوو کە لە دوایدا بووە سەرۆکی لیژنەی پڕۆژەکە، لەواقیعدا بیرکردنەوە لە دانانی ئەم هێڵە لە ساڵی **1880**ز دەستی پێکرد، کاتێك وەزیری کاروباری عوسمانی بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیەی پێشکەشی حکومەتی عوسمانی کرد، کە ئەو کاتی نەبوونی و سەختی دارایی بوونە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێ کردنی، بگەڕێوە بۆ: Pionon , pinon , Rene : Leuro peet lenpive. Ottoman pp.385 – 388. کرد عەلی : هەمان سەرچاوە، ج **5**، ص **188**.

[3] - الشوابکة : ص 185.

[4] - انطونیوس : ص 142.

دانیشتوانی هەندێ لەو شارە سەرەکیانەی کە ئەم هێڵەیان بەناودا تێدەپەڕی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد(1).

هەروەها لەلایەنی سیاسییەوە، دەوڵەتی عوسمانی وەکو دەوڵەتێکی هاوچەرخی پێشکەوتوو خۆی نیشاندا کە هێڵە ئاسنییەکانی بەنێو جەرگەی بیابانەکاندا دەڕۆیشت بۆ دامەزراندنی گەیاندنی خێرا، ئەمە پاش ئەوەی کە نەیارەکانی بە مەنگ و دواکەوتوو تۆمەتباری دەکرد، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بە زەبرێکی شارەزاییانە لەسیاسەت دادەنرێ(2).

هەروەها لەلایەنی هزرییەوە، ئەو هێڵە ئاسنییە یاریدەی خێرا بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانیدا ئەویش بەگواستنەوەی ڕۆژنامەو چاپکراوەکانی بۆ هەرێمەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە کە بووە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوونەکان لەنێوان هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامیی لە ئاسیا، هەروەها لەڕووی سەربازیشەوە، هێڵی شەمەندەفەری سەرەکی و ئەو لقانەی کە لێی دەبۆوە، وڵاتانی شامی بەیەکەوە گرێدا، هەروەها بەتەواوی ناوچەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبیشی بەستنەوەو، ئەمەش بەدەنگەوەچوون و گواستنەوەی هێزەکانی عوسمانی کە لە فەڵەستین و حیجازو یەمەن جێگیربوون ئاسان کرد، کە پێشتر لەڕێگەی دەریاوە بەڕێی کەناڵی سوێسەوە دەگوازانەوە(3)، هەروەها گرنگی ئەو پرۆژەیە لەمیانەی جەنگی جیهانییەکەم بەدیارکەوت(4).

هەروەها وا بەدیار دەکەوێت کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەپشت دامەزراندنی ئەو هێڵە کاروبار گەلێکی دیکەی بەئامانج گرتبوو، ئەمە سەرباری پاڵپشتیکردنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی، ئەو دەیویست لەپاڵ ئەمەوە سێ ئامانجی دیکە بەدەست بهێنێ کە ئەمانەن:

---

1 - کرد علی : ج 5، ص 193.

2 - انطونیوس : هەمان سەرچاوە، ص 142، الشناوی : ج3، ص 1330.

3 - انطونیوس، ص 142.

4 - باتریك : ص 140، الافغانی، سعید : چیرۆکی هێڵی ئاسنی حیجازیی – مجله العربی، ژمارە 280، ئازاری ساڵی 1982ز، بگەڕێوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەسودەکانی هێڵی ئاسنی حیجازەوە هەیە. حرب : هەمان سەرچاوە، ص 217 – 221. الشناوی : ج3، ص 1330 – 1332.





1- بەستنەوەی بەشەکانی وڵاتە دوورەکان بەیەکەوە کە یاریدەی سەرکەوتنی بیرۆکەی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمکاری ئیسلامیی و کۆنترۆڵکردنی تەواوی ویلایەتەکان دەدات کە پێویست بوو بۆئەوەی دەوڵەت بتوانێ بیانخاتە چنگی خۆیەوە.

2- ناچارکردنی ئەو ویلایەتانە کە بەدەوڵەتەوە بلکێن و ملکەچی یاسا سەربازییەکانیش ببن کە لەدەقەکەیدا هاتبوو کە لەسەری پێویست دەکردن کەوا بەپێشکەشکردنی سەروماڵ هاوبەشی لەبەرگری کردن لەخەلافەتدا بکەن.

3- ئاسانکردنی کردەی بەرگریکردن لەدەوڵەت کە لەهەر ڕووێکەوە بێ کە ڕووبەڕووی کاری دوژمنکارانە دەبێتەوە، چونکە ئەم هێڵە گواستنەوەی هێزەکان و بەهانا هاتنەکان ئاسان دەکات بۆئەو دەوروبەرەی کە پێیدا تێپەڕدەبێت، سەرباری دوورگەی عەرەبی و یەمەن، لەبەرئەوەی سەختی ڕێگاکانی گواستنەوە فاکتەرێك بوون بۆ لاوازکردنی ملکەچی بوونی ئەم ویلایەتانە بۆ دەوڵەت.

## پانتایی سەرکەوتنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی

بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا، بەڵام لەنێوان بەهێزبوون و لاوازبوون دابوو. لەواقیعدا ئەو بزاڤە زایەڵەیەکی دووری لەنێو جیهانی ئیسلامیی و جیهانی عەرەبییەوە هەبوو(1) بە بەڵگەی ئەوەی:

- دەوڵەتە ئەوروپاییە مەزنەکان کەوتنە کێبەرکێ بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات، هەروەها زنجیرەیەك لەدەستدرێژی کاری بۆ سەر گەلانی ئیسلامی و عەرەبی ڕوویاندا. ئەوەبوو فەڕەنسا دەستی وەردایە ناو کاروباری مەراکیشەوە، هەروەها ئیستیعماری ئەوروپایی چووە نێو وڵاتە ئیسلامییەکانی ئەفریقایی وەکو سوودان و نێجیریا و هی دیکەش، هەروەها ئەم دەوڵەتانە بەتایبەتی فەڕەنسا و بەریتانیا مەترسی خۆیان پێشاندا لەوەی کە ئەو چالاکییە ئیسلامییە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر پێشڤەچوونی ڕووداوەکان لەنێو ویلایەتە عەرەبییەکاندا دروست بکات کە داگیریان کردبوو بەتایبەتی لەمیسرو باکووری ئەفریقادا(2).

---

1 - بگەڕێوە سەر ئەوەی کە پەیوەندی بە دەنگدانەوەی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەیە. الشوابکە : ص 199–263، 269 – 301.

2 - العقاد : ص 198.

ـ لەدرێژەی باسەکەی کە لەکۆنگرەی ئەستەنبووڵ کە لە بیست و سێی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1882 ز بەسترا بۆ بەدواداچوونی پێشهاتەچوونەکانی شۆڕشی عورابی، بابەتی هەناردنی هێزەکانی عوسمانی بۆ میسر ورووژێنرا، ئەویش بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام نوێنەری فەڕەنسابییەکان ڕەخنەی لەمە گرت لەترسی ئەوەی نەبادا دەسەڵاتی ئیسلامیی لەباکووری ئەفریقیا زیاد بکات و پاڵپشتی لەبزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی بکات، کە دەبووە هۆی لاوازکردنی پێگەی فەڕەنسا لەو ناوچەیەدا[1].

ـ بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی فاکتەرێکی پاڵپشتیکردنی پێکهێنا بۆ هەڵوێستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەو حیسابەی کە نوێنەری موسڵمانەکانەو، هەڵگری ئاڵای کۆمکارەو هەستی ئیسلامییانەی بێدار کردۆتەوەو، هانی موسڵمانەکانی داوە کە کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمکارێکی ئیسلامیی دابمەزرێت بۆئەوەی موسڵمانەکان یەك بخات لەبەرامبەر دەست درێژییەکانی ڕۆژئاواو دەبێ وەکو پەرژینێك وابن[2].

ئەورووپا دیتی کە سوڵتان توانیویەتی کەڵك لەهەستەکانی ئاینی لەلایەن خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی بەتایبەتی و لەلایەن موسڵمانەکان بەگشتی وەربگرێت و بەیارمەتی ئەو کەڵك وەرگرتنە دەتوانێت هەڕەشە لەهێزو دەسەڵاتەکانی ئەورووپاییەکان بکات لەناوچەکانی عوسمانی و ئەو ناوچە ئیسلامییانەی کە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوروپاییەکانەوە. هەر واش بوو سوڵتان دەستی بەهەڕەشەکردنی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانە کرد ئەویش بە کەڵك وەرگرتن لەبزاڤی کۆمکاری ئیسلامییەوە. ئەوەبوو بەیارمەتی موسڵمانەکانی ئەلبانیا هەڕەشەی لەنەمسا کردو، بەیارمەتی تەتارو کوردە موسڵمانەکان هەڕەشەی لەڕووسیا کردو، لەبەریتانیا بەیارمەتی موسڵمانەکانی هیندو، لەفەڕەنساش بەیارمەتی موسڵمانانی مەغریب[3].

گەورەترین بەڵگەش لەسەر هۆشیاربوونەوەی هەستی ئیسلامییانە، ئەو بایەخدانە بەرفراوانە بوو کە لەسەرجەم ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیی بە هەواڵی جەنگی نێوان عوسمانی و یۆنانییەکان درا، ئەو جەنگەی کە لەساڵی 1897 ز لەسەر دوورگەی کریت هەڵگیرسا کە دەوڵەتی عوسمانی تێیدا سەرکەوت، دوای کۆتایی هاتنی ئەم جەنگەش بۆ خۆشی و شادی دەربڕین لەجیهانی ئیسلامییدا دەستکرا بە ئاهەنگ گێڕان، هەروەها

[1] - کامل، مصطفى : ص 232 – 233.

[2] - أنیس، محمد : هەمان سەرچاوە، ص 243.

[3] - سەرچاوەی پێشوو.





موسڵمانەکان ئەم سەرکەوتنەیان بەسەرکەوتنی ئیسلام تەماشا کرد. گەلانی ئیسلامییش بەهۆیەوە بۆ ڕزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی ئەوروپاییە مەسیحییەکانەوە متمانەیان بۆ دروست بوو کە لەخۆ پیشاندان و مان گرتن و نووسینی لەڕۆژنامەکان لەسەرجەم ناوچە جیاجیاکانی ئیسلامییدا بەرجەستەبوو[1].

پاڵپشتی کردنی ئەڵمانیا بۆ بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی بەسەرۆکایەتی ئیمپراتۆر (ولهلم)ی دووەم. ئامانجی ئەڵمانیا لەوکاتەدا بەدەستهێنانی پایەیەکی تایبەت بوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ئامانجیشی لەمەدا هەڵکشان بوو بەرەو خۆرهەڵات، جا سەردانی کردنی ئیمپراتۆر بۆ زەوییەکانی عوسمانی بەتایبەتی بۆ قودس و دیمەشق و بەشان و باڵ دا هەڵگوتنی سەلاحەدینی ئەیوبیدانانی بوو بە بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی و بە سوڵتانی عوسمانی کە خەلیفەی جیهانی ئیسلامییە[2]. ئەم داننانەشی سەنگ و بایەخی سیاسی خۆی هەبوو، چونکە لەئیمپراتۆرێکەوە بوو کە شای بەهێزترین دەوڵەتی ئەورووپا بوو لەوکاتەدا. وە سوڵتان عەبدولحەمید پێشوازی لەو داننانە کردو، شانازی پێکرد لەپێناو قۆستنەوەی بانگەوازکردن بۆ خۆی و، لەپێناو زیاتر چەسپاندنی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی[3].

شاڵاوی سەربازییانەی ئیستیعماری ئەوروپایی بۆ سەر ئەو ویلایەتە عەرەبیانەی کە سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوون لەدوای داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانییەکانەوە لەساڵی 1882 و هەتا کۆتایی هاتنی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وەستێنرا[4].

بەشێوەیەکی ڕێژەیی یاریدەی پێشهاتەچوونی هۆیەکانی گواستنەوەو بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەوانی لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا، ئەویش بەهۆی پەخشبوونی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامییەوە، بەمەش جیهانی ئیسلامیی پەیوەندی زیاتریان بەیەکەوە دەکرد[5]، بەڵام بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی تووشی چەندین کۆسپ و تەگەرە بۆوە کە بوونە لەمپەر

[1] - Lewis: op. cit. p. 334.

[2] - انطونیوس : ص **146** – **147**.

[3] - pinon : op. cit , p. 388.

[4] - الشناوی : ج3، ص 1221.

[5] - بنی المرجة : ص 112.

لەڕێگەی بە ئاکام گەیاندنی یەکێتی ئیسلامیی و بەردەوام بوون لەڕێڕەوەکەی[1]، لەوانەش:

- جیهانی ئیسلامی لەوکاتیدا بەحاڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشان و دواکەوتوویی و نەفامێتی دا تێدەپەڕی، کە سەخت بوو ڕێزەکانیان یەك بخرێن و سەرکردەکانیان کۆبکرێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلان گەلە ئیستعماریەکان.

- سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە ڕێژەییەی کە لەوکاتیدا لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا هەبوو، بەڵام نەزانراوە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گەیشتبێتە تەواوی ناوچەکان و مەدینەو کەعبەوە، هەروەها ئەو ئامۆژگارو ڕێنمونکارانەی کە سوڵتان دەیناردنە ناوچەکانی ئیسلامیی نەیاندەتوانی بگەنە سەرجەم ئەو گرووپ و کۆمەڵە ئیسلامییەی میللییانەی کە لەئاسیاو ئەفەریقادا پەرش و بڵاوببوونەوە.

ـ دەسەڵاتی وڵاتە ئیستیعمارە ئەوروپاییەکان بەسەر ئەو هەرێمە ئیسلامییانەی کە کەوتبوونە ژێر چنگیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەهێز بوو کە ڕێی بە بزاڤی سیاسییانە نەدەدا بەرهەڵستکاری بکەن.

- سەرهەڵدانی بانگەوازگەلێك کە وەکوو هزرێکی ئایینی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی ڕەت دەکردەوە، بەتایبەتی لەجیهانی عەرەبی و تەنانەت لەنێو خودی تورکیاشدا، بەڵکو لەئەورووپاش بەهەمان شێوە. ئەمە وەکو بزاڤێکی نەتەوایەتی عەرەبی بوو کە بەشێوەیەکی تایبەتی عەرەبە مەسیحییەکانی وڵاتی شام هەڵگری ئاڵاکەی بوون، لەپاش ئەوەی کە مەترسی ئەوەیان لەلا پەیدابوو کەوا ئەگەر بێ و یەکێتییەکی سیاسییانەی گەورە دروست بوو ئەوا هەڕەشە لەقەوارەی ئەوان دەکات و تیایدا بەهۆی کەمی ژمارەیان لەنێو نێوەندێك کە زۆرینەی ئیسلامییە هێندەی تر لەبەرچاوان ون دەبن. بۆیە داوای بزاڤی نەتەوایەتی عەرەبیان کرد وەکوو ئەلتەرناتیفێکی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی[2].

بەڵام لەتورکیا بزاڤی تورانیەت دروست بوو کە لەدواییدا پیاوانی (ئیتیحادو تەرەقی) بوونە دەمارگیری و کردیانە دینگەیەك لەدینگەکانی سیاسەتەکەیان، لەدوای ئەوەی

[1] - بگەڕێوە سەر ئەوەی پەیوەندی بە دەستکەوتەکانی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی هەیە : الشناوی، ج 3، ص 1227.

[2] - انطونیوس : ص 155–159.





جڵەوی حوکم کەوتە دەستیان[1]، هەروەها ئەو بزاڤە بناغەکانی لەسەر نوێکردنەوەو گەڕاندنەوەی سەرجەلەی گەلی تورکی عوسمانی بۆ بنچینەکانی تورانیەت دامەزرابوو[2].

بەڵام لەئەورووپا ئاسایی بوو کە ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەی کە حوکمڕانی خەڵکە موسڵمانەکەیان دەکرد، هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانە لەبەرامبەر بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی وەرگرن، ئەمەش بۆ پارێزگاریکردنی ئەو بارودۆخەی کە لەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوو یاخود لەژێر دەسەڵاتیاندا بوو. لەپاشانیش کاریان بۆ ئەوە کرد کە ئەو بزاڤە کۆمکارییە ئیسلامییە لەبەر گوێچکەی موسڵمانەکان بشێوێنن، کە ملکەچی ئەوان بوون و هەروەها مەترسیان لەبەرامبەر ئامانجەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەلا دروست بکەن و وایان لێ بکەن کە بترسێن لەوەی کە تووشی حوکمێکی داپلۆسێنەرانەی ستەمکاران ببنەوە.

نابێ بەرلەوەی کۆتایی بەباسی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی بهێنین، لەیادمان بچێ کە ئاماژە بەڕۆڵی یەکێك لەمەزنترین هزرمەندانی عەرەب و موسڵمانان و، یەکێك لەپێشەنگانی بیرۆکەی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی لەسەردەمی نوێدا بکەین لەڕەگاژۆکردنی ئەم بیرۆکەیە کە ئەویش عەبدولڕەحمانی کەواکبییە، کە ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە لەگەڵ ئەو بزاڤەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کاری بۆ کرد جیاوازە.

کەواکبی کتێبێکی تایبەت کرد بەبزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی کە ناوی نا (ئوممولقورا) کە هزری ئایینی و سیاسییانەی خۆی تێدا ڕەنگ ڕێژ کرد. لەگەڵ بیروباوەڕی خۆی لەبارەی پێویستی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیی کە موسڵمانەکان بەگشتی لەژێر باڵی کۆببنەوە، کە بڕوای وابوو دەبێ خەلیفە عەرەبێکی قوڕەیشی بێ و مەڵبەندەکەشی مەککەی پیرۆز بێ و، عەبدولحەمید و بنەماڵەکەشی لێ وەدوور بخرێتەوە لەدوای ئەوەی کە متمانەی موسڵمانەکانیان لەدەست دا[3].

لەڕاستیدا هەڵوێستی کواکبی لەبەرامبەر عوسمانییەکان و ئەو دەسکەوتە سیاسی و سەربازی و ژیاریانەی کە بەدرێژایی مێژوویان پێشکەشیان کرد خۆلادان بوو لەفەزڵ و

[1] - هەمان سەرچاوە : ص 181 – 183 . بوو : هەمان سەرچاوە : ص 96 – 97.

[2] - هەمان سەرچاوە.

[3] - بگەڕێوە بۆ کتێبی (أم القری) : ص 159 – 160، 171، 168–172، کە تێیدا کەواکبی گوزارشت لە هەڵوێستەکانی لەبارەی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی و عوسمانییەکان دەکات.

ڕۆڵیان لەسەرۆکایەتی کردنی ئوممەتی ئیسلامیی بۆ چەند سەدەیەکی دووروودرێژ، کە لەمیانەیدا هەڵسان بەکاری جیهادکردن و پەخش کردنی ئیسلام و پارێزگاری کردن لەیەکێتی موسڵمانەکان لەژێر ئاڵای ئەو خەلافەتەی کە ئەوان ناودێریان کردو گیانیان بەبەرداکردەوە کە لەدوایی وەکو کەلەپوورێکی لێهات[1].

ئەمە هەندێك بوو لەو کارانەی کەوا سولڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەپێناوی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامیی دا کردی، کە بێگومان کارگەلێکی مەزنن، بەڵام بەئەندازەی ئەوەی کە ئەو سیاسەتە سەرکەوتوو و بەسوود بوو بۆ توندوتۆڵکردنی پایەکانی دەوڵەت، بەزەنگێکی ترسناکیش دەچوو بۆ وڵاتە خۆرئاواییەکانی ئەورووپایی کە سەرگەرمی کارکردن بوون بۆ لادانی سولڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی.

## پێنجەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی چاکسازی:

## چاکسازییە دەستوورییەکانی پێش سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم:

سەرەتای ژیانی دەستوور لەدەوڵەتدا بۆ ساڵی 1808 دەگەڕێتەوە کە ئەو ساڵە بوو کەوا سولڵتان مەحموودی دووەم هاتە سەر کورسی دەسەڵات و لەبەشی پێشوودا لەڕوانگەی ڕێکخستنەوە لەبارەی ئەو چاکسازیانە دوایین کە ئەو سولڵتانەو ئەوانەی کە لەدوای ئەودا هاتن پیادەیان کرد. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لەڕوانگەی دەستوورییەوە چارەسەریان بکەین. لەبەراییەکانی سەردەمی سولڵتان مەحموودی دووەمدا، سەدری مەزن مستەفا پاشای بێرقدار بانگهێشتی بەستنی کۆبوونەوەیەکی لەئەستەنبووڵ دا کرد بۆ شرۆڤەکردنی باری شلەژاوی دەوڵەت و دانانی چارەسەرگەلی سەرکەوتووانە بۆ ڕاستبوونەوەی، هەروەها داوەت نامەی ئاراستەی حاکمی ویلایەتەکان لەئاسیاو ئەورووپادا کرد. شیاوی باسە کە ئەو حاکمانە لەوکاتی دا پەیڕەوی جۆرێك لەخودموختاریان دەکرد و پاسەوانیان هەبوو هێزی سەربازیشیان هەبوو هەروەها ناوی گەورە پیاوان و بەگزادەکانیان بەسەردا دەبرا[2].

ئەوانە کۆڕێکی ڕاوێژکاریان لەپایتەختدا بەست کە سەدری مەزن سەرۆکایەتی دەکردو، کە تیایدا شێخی ئیسلام و سەرۆکی یەکەکانی سەربازی و گەورە فەرمانبەرەکانی حکومەتی ناوەندی ئامادەبوون، هەروەها لەبەردەم ئامادەبووانـدا



---

1 - الشناوی، عبدالعزیز : الوحدة العربية في التاريخ الحديث والمعاصر : ص 14.

2 - أوزتونا : ج3، ص 655.



بەرنامەیەکی چاکسازی پێشکەش کرا کە هەڵسانەوەی دەوڵەتی کردبووە ئامانج. سەرجەم ئامادەبووان بە بەرنامە چاکسازییە پێشکەش کراوەکە ڕازی بوون و پابەندبوونی خۆیان بەپیادەکردنی تۆمارکرد، هەروەها ئەنجامێك بۆ ئەم پرۆژەیە دانرا کە ئەویش (سەنەدی ڕێکەوتن) بوو واتە ڕێکەوتنێکی لەشێوەی گرێ بەست[1]، هەروەها سولڵتان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1808ز دا ڕەزامەندی لەسەر پێشاندا.

ئەو سەنەدی ڕێکەوتنە لەدەسپێك و حەوت ماددەو کۆتاییەك پێك هاتبوو[2]. دەستپێکەکە ڕاڤەکردنێکی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و پێویستی کارکردن بۆ هەڵسانەوەی و ڕەگاژۆکردنی بیروباوەڕی ئیسلامیی لەنێو دڵی خەڵکە موسڵمانەکەی و هۆکارگەلی کردارانە بۆ هێنانەدی ئەو شتانەی لەخۆ گرتبوو[3].

ڕێککەوتنامەکە بڕیاریدا کە ئەو فەرمانڕەوایانە ئەرکە لەسەریان، ئەگەر شۆڕش لەپایتەخت بەرپابوو و ڕژێمی گشتی تێکدا، یارمەتی سولڵتان بدەن، هەروەها ئەو فەرمانڕەوایانە پابەندبوون بەدانی باجەکان و ڕسووماتەکانی دیکەش بەپێی ئەو لیستانەی کە دەوڵەت دایان دەنێت.

مانای دەستووریش بۆ ئەو ڕێکەوتنە، لەتایبەتمەندییەکانیدا بەم شێوەیە بوو گوزارشتی لەگرێ بەستێك دەکرد کە لەئەنجامی دانو ستانی نێوان نوێنەرەکانی سولڵتان و کۆمەڵێك لەشوێن کەوتەکانی کە گەورە پیاوەکان و بەگزادەکانی تێدا بەدیارکەوتن، وەکو ئەوەی ئەوانە لایەنی سەربەخۆبن و لەماف و ئیمتیازاتەکان هاتنە خوارێ. لەدوای ئەوەی کە سولڵتان گرێ بەستەکەی مۆرکرد پەیوەست بوو پێی و بە حوکمەکانی پابەندبوو[4].

ئەو ڕێکەوتن نامە دەکرا ببێتە بنچینەیەکی دەستووری ڕاستەقینەی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لەکۆتاییدا لەکاریگەرییەکی دیاریکراو بەولاوە چی دیکەی نەبوو، چونکە لەڕووێکەوە هیچ بەندێکی تایبەت بەچاکسازی سوپای لەخۆنەگرتبوو، لەڕووێکی دیکەشەوە سولڵتان بەناچاری مۆری کرد کاتی خۆی بینی کە ناچارە دەبێ بەکردار

---

1 - الشناوی : ج4، ص 1715. أوزتونا : ج1، ص 665.

2- Lewid : op , cit , p.75.

3 - Mardim. S: The Genesis of young ottoman thought p. 145. تاریخ شانی زادە : ج**1**، ص **73**، دەقی پرۆژەی سەنەدی ئیتیفاق تیادا بەدی دەکرا.

4- lewis : op. cit. p. 75.

تەسدیقی بکات، ئەو بە کەمکردنەوە لەشان و شەوکەتی دەسەڵاتەکەی ئەژماری کردو بڕیاریدا کە لەهەر هەڵێکدا ڕێککەوێ ڕەتی بکاتەوە.

هەرواش بوو سەنەدی ڕێکەوتن ماوەیەکی درێژی نەخایاند، کە سوڵتان توانی لەدوای کوژرانی بێرقدارو، لەماوەی چەند ساڵێکدا ویلایەتەکان بۆ حکومەتێکی ناوەندی بەهێز ملکەچ پێ بکات، هەروەها لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا چەندین یاسای چاکسازی دەرچوون کە مۆرکێکی نیمچە دەستووریان هەبوو. ئەوەبوو لەسێی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1839ز بڵاوکراوەی (کەلخانە دەرچوو، هەروەها لە هەژدەی مانگی شوباتی ساڵی 1856ز بڵاوکراوەی (ڕێکخستنە خێرخوازیەکان) (الرِیَکخستن الخيرية) دەرچوو. هەندێ لەمێژوونووسەکان وەکو دوو بەڵگەنامەی دەستووری تەماشای ئەم دوو بڵاوکراوەیان کردووە، ئەویش لەبەرئەوەی پرەنسیپە گشتییەکانی حوکم و بەڕێوەبردن لەخۆدەگرن، وەکو ڕاگەیاندنی یەکسانی لەنێوان سەرجەم خەڵکەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەبەردەم یاسا لەماف و ئەرکەکانداو قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدانی لاشەیی و حەرام کردنی موڵك و ماڵەکان و دانانی بودجەی ساڵانە بۆ دەوڵەت[1]، بەڵام ئەم دوو بڵاوکرایەوە بەدەستووری یاسایی دانانرێن، لەبەرئەوەی ئازادی سوڵتانی کۆت و بەند نەکردووە، یاخود سنوورێکیان بۆ ڕادەی دەسەڵاتی دانەناوە، هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی یاخود دادگاییان دانەمەزراندووە، تەنیا ئەوەنەبێ کە جەختیان لەسەر کاری ئەنجوومەنی هەقانی دادوەری کردۆتەوە کە لەپێشدا لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم دامەزرابوو، هەروەها تایبەتمەندبوون بە شرۆڤەو گفتوگۆکردنی هەندێ دۆزگەلی تایبەت بە مافە مەدەنییەکان و باجەکان و دەرکردنی ڕاسپاردە بەبڕیارەکانیان واتە سەفقەیەکی ڕاوێژکارانەیان هەبوو[2].

هەروەها لەساڵی 1856ز سوڵتان عەبدولمەجید ئەنجوومەنێکی دامەزراند کە بە (ئەنجوومەنی پیرانی ویلایەتەکان) ناسرا کە لەدوو ئەندام لەهەر ویلایەتێك پێکدەهات کە لەنێوان کەسانی شارەزاو بەڕێز هەڵدەبژێردران. ئامانجی لەمەدا ئەوەبوو ڕای خۆی بدات لەبارەی ئەو چاکسازیانەی کە دەبوو بیانخاتە نێو دام و دەزگاکانی دەوڵەت بۆئەوەی هەریەك لەو ئەندامانە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە دەرببڕن[3].

1 - نوری، عثمان : عبدالحميد ودور سلطنتى، ج**1**، ص **35** .

2 - Davison : op. cit. p. 41.
3 - Davison : op. cit. p. 41.





ئەمە یەکەمین ئەزموون بوو لەو جۆرە لەمێژووی ژیانی نوێنەرایەتی لەدەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام لەبەر بێ توانایی ئەندامەکان لەوەرگرتنی تەواوی گیروگرفتەکان، هەروەها هەبوونی گومان لەناویاندا بەرامبەر نیازەکانی حکومەتی ناوەندی، ئەم ئەنجوومەنە فەشەلی هێنا[1].

هەروەها سوڵتان عەبدولعەزیز لەساڵی 1876 ز ((شوڕای دەوڵەت))ی دامەزراند کە ناوی ((ئەنجوومەنی دەوڵەت))ی بەسەر دابردرا کە بەمۆرکی نیمچە دەستووری جیادەکرایەوە. لێرەدا حکومەت ئەندامەکانی خۆی لەنێو ناوی ئەو پاڵێوراوانە هەڵدەبژارد کە سەرۆکی هەرێمەکان دیاریان دەکردو سوڵتانیش بۆ دامەزراندنیان فەرمانێکی دەردەکرد[2].

پسپۆرییەکانی ئەو ئەنجوومەنە هەردوو لایەنی ڕاوێژکاری و یاسایی دەگرتەوە. پرۆژەگەلی یاساکانیشی بۆ دەوڵەت دادەناو ڕای خۆی لەبارەی ئەو مەسەلانە دەدا وەزارەتەکان کە تایبەت بوون بەپیادەکردنی یاساکان هەروەها لەبڕی دادگا چاوی بەگیروگرفتە کارگێڕییەکاندا دەخشاندو مەحکەمەی ئەو فەرمانبەرانەشی دەکرد کە بە لاوان تۆمەتبارکرابوون[3].

ئەوا ئەنجوومەن بەو شێوەیە وەسف کرا کە خاڵی دەستپێکردن بوو بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامەکانی بەڕێگەی دامەزراندن لەپۆستەکانیان لەکار دەخران لەوەی کە پسپۆرییەکانی لەشرۆڤەکردنی ئەو پرۆژانە کورت هەڵدێنا کە پێشکەشی دەکران[4].

هەروەها سەرەڕای ئەو هەوڵە هەژارانەی کە دران بۆ دەستگرتن بە هۆکارەکانی شارستانیانەی خۆرئاواو سەرکوتکردنی حوکمی تاکڕەویانە، بەڵام دەسەڵاتی ڕەهای حکومەت هەر لەزیادبوون دابوو، هەروەها زۆربەی زۆری تاکەکانی گەل گرنگی بزاڤی دەستووریان پێ قبوڵ نەکرا تەنیا کەمێك نەبێ کە پشتگیریان کرد کە بووە هۆی ئەوەی ئاوا وەسف بکرێ کە تەنیا ((چاکسازی کاغەزی)) (اصلاحات ورقيه)یە[5].

1 - Lewis : op. cit. pp. 112 – 113. ibid.
2 - Shaw: op. cit, II. Pp. 80 – 81.

3 - الشناوی : ج4، ص 1722.

4 - سەرچاوەی پێشوو.

5 - miner : op. cit. p. 298.

## چاکسازییە دەستوورییەکان لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا :

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەوە ناوی دەرکردبوو کە حوکمی دەستووری بەمانا خۆرئاواییەکەی بەچاك نەدەزانی، چونکە ڕای وابوو کە هۆیەکانی ئەو حوکمەو کاریگەرییەکانی ناگونجێ لەویلایەتەکانی عوسمانی پیادە بکرێت، چونکە ئەوانە بناغەیەکیان بۆ گەلانی ئەوروپایی داناوە کە بارودۆخی ژیانیان جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. پاشان قەناعەتی بەوە هاتبوو کە پیادەکردنی دەستوورێکی لەم جۆرە نەك تەنیا بە دەوڵەت دەگەیەنێ، بەڵکو زیان بە گەلانی عوسمانیش دەگەیەنێ، هەروەها سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای هاتنە سەر حوکمی بەڵێنی دا ژیانێکی دەستووری دابمەزرێنێ، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە بەهاتنی ئەو بۆ سەر کورسی دەسەڵات دەورەیان دا و متمانە نەکردنی بەدەست پاکیی و لێهاتوویی سەرانی عوسمانی، لەگەڵ ئەو تەنگژەو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە ڕووبەڕووی بوونەوە، پاڵیان پێوەنا کە جڵەوی دەسەڵات لەدەستی دا وردە وردە جێگیربێت و ئیدارەش بە مۆرکی حوکمی ڕەها ڕەنگ ڕێژ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وا خۆی دەبینی کە یەکەم سوڵتانی دەستوورییە لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانی کە بێتە سەر کورسی دەسەڵات[1] .

لەواقیعدا ژیانی دەستووریانە بەواتا سەردەمیانەکەی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو بوو، چارەنووسی پاشەگەردانی بوو، هەروەها بەدوو قۆناغدا تێپەڕی:

قۆناغی یەکەم بەدەرچوونی دەستوور لە بیست و سێی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1876ز دەستی پێکردو بە هەڵوەشاندنەوە پەرلەمان و ڕاگرتنی کارکردن بەدەستوور لەچواردەی مانگی شوباتی ساڵی 1878ز کۆتایی پێهات. قۆناغی دووەمیش لەوساتەوە دەستی پێکرد کە سوڵتان لەمانگی تەمموزی ساڵی 1908 ز بڕیاری دا دووبارە کار بە دەستوور بکرێتەوەو هەتا دوای سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بەردەوام بوو، کە لەهەژدەی مانگی ئازاری ساڵی 1920ز کۆتایی پێهات، کاتێك پەرلەمان بڕیاریدا کە دانیشتنەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو دوابخات. پاشان سوڵتان محەمەدی شەشەم لەیازدەی مانگی نیساندا بڕیارێکی دەرکرد پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە.

[1] - یادەوەرییەکانی سوڵتان عەبدولحەمید : هەمان سەرچاوە : ص 80، مصطفى : ص 241.





### قۆناغی یەکەم:

لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیندا لاوانی ڕۆشنبیری عوسمانی بەهزرەکانی شۆڕشی فەڕەنسی کاریگەربوون، کە حوکمێکی دیموکراتیانەیان لەفەڕەنسادا هێنایەدی، هەروەها بانگەوازی بۆ هزرگەلی نەتەوایەتی و سکۆلاریزم و ئازاد بوون لەحوکمی تاك ڕەوانە دەکرد، لەگەڵ کاریگەربوونیان بە بزاڤی نەتەوایەتی ئیتالیایی کە ماتزینی سەرۆکایەتی دەکرد. کۆمەڵێك لەو لاوانە بەسەرۆکایەتی میدحەت پاشا کە ناویان لە کوتلەی خۆیان نابوو (ڕێککەوتنی دەمارگیرانە) (اتفاق الحمية) توانیان برەو بەبیرۆکەی حوکمی دەستووری بدەن، هەروەها چالاکییەکی چڕو پڕیان نواند بۆئەوەی ئەو بیرۆکەیە بخزێننە ناو دەوڵەتی عوسمانی، چونکە لەڕوانگەی ئەواندا تاکە چارەسەر بوو بۆ وەستاندنی ڕووخانی دەوڵەت. وا بەدیار دەکەوێت کە ئەو داواکارییە داواکارییەکی جەماوەریانە بێ کە سوڵتان نەیدەتوانی لەبەردەم ئەو شەپۆلە ڕاوەستێ، ناچار هاتە سەر خواستی جەماوەرو دەستووری ڕاگەیاند[1].

ئامانج لەدەرکردنی دەستوور، کۆت و بەندکردنی دەسەڵاتی ڕەهابوو، کە سوڵتانەکانی بنەماڵەی عوسمانییەکان پیادەیان دەکرد، لەگەڵ دانانی مەرج و سنوورگەلێك کە ڕێیان پێی نەدەدرا لێی دەرچن کە خۆی لەوانەی خوارەوە دەبینییەوە:

1ـ دانانی سانسۆرێك لەسەر سوڵتان، کەوا لەوەزیرەکان بکات لەبەردەم ئەنجوومەنی میللی بەرپرسیاربن لەوەی، کە نابێ جیاوازی چینایەتی یاخود ئایینی لەنێو ئەندامەکانیدا هەبێ.

2ـ هێنانەدی ناوەندێتی لەحوکم و دانانی سانسۆر لەسەر فەرمانڕەوایانی ویلایەتەکان لەلایەن دام و دەزگایانی ناوخۆیی[2] .

هەروەها لێژنەیەکی گشتیی و لێژنەگەلێکی فەرعی بەسەرۆکایەتی میدحەت پاشا دامەزرا، بۆ شرۆڤەکردنی پرۆژەی دەستوور بەر لەدەرچوونی. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتە ئەوروپاییەکان لەبیست و سێی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1876ز بانگهێشتیان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەئەستەنبوڵ کرد، بۆ چاوخشاندن بە بارودۆخی مەرجەکانی ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سربییەکان و چاککردنی باری گوزەرانی

[1] - یاداشتەکان:هەمان سەرچاوە، ص**82** . باتریك : سوڵتانەکانی بنەماڵەی عوسمانی: هەمانم سەرچاوە، ص **72** – **73**.

[2] - Lewios : op. cit , p. 164.

دانیشتوانە مەسیحییەکانی ویلایەتەکانی عوسمانی لەئەورووپا، هەروەها بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام گەلێك بۆ چاکسازی[1]، ئەمەش بۆئەوەی جەنگ لەنێوان عوسمانییەکان و رووسیا بەرپا نەبێ.

میدحەت پاشا ئەم ڕووداوە نێودەوڵەتییەی قۆزتەوە بۆئەوەی قەناعەت بە سوڵتان بهێنێ دەستوور دەربکات بەوەی، کە ئەگەر بێ و ئەو کارە جێبەجێ بکات، وا لەدەوڵەتە ئەوروپاییەکان دەکات کە لەدەست خستنە نێو کاروباری ناوخۆی دەوڵەت لەژێر دروشمی داواکردنی چاکسازی کردن لەویلایەتە مەسیحیەکان لەئەورووپا بوەستن.

سوڵتان ویستی بەر لەدەرکردنی دەستوور ئەو فەرمانبەرانە لەدەوری خۆی خڕبکاتەوە کە متمانەی بە لایەنگیری و دڵسۆزیان بۆ ئەو هەبوو، بۆئەوەی لەڕووداوەکانی تیرۆرکردن یاخود ڕفاند یاخود لابردن پارێزگاری لێ بکەن. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی دروست بوو کە هەر حاکمێکی زیرەك بیری لێ دەکاتەوە[2].

لێژنەکە لەدوای هێنان و بردنێکی زۆر گەیشتنە ئەوەی کە هەیکەلێك بۆ سیستەمی پەرلەمان دابنێن، کە لەسەر دوو ئەنجوومەن دامەزرا بوو: ئەنجوومەنێکی پیران کە بە (ئەنجوومەنی ئەعیان) ناودەبرا و، ئەنجوومەنێکی نێردراوانیش کە بە (ئەنجوومەنی مەبعوثان) ناودەبرا.[3]

هەروەها سوڵتان ماددەیەکی خستە ناو کە مافی ئەوەی پێدەدا کە سەرپشك بێ لەڕەتکردنەوەی هەر کەسێك کە بینیبای هەبوونی مەترسی لەسەر سەلامەتیی دەوڵەت دروست دەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ ماددەکانی دیکەی دەستوورەکە تێك دەگیران، بەڵام لێژنەکە ڕازی بوو کە ئەو ماددەیە بۆ دەستوورەکە زیاد بکات[4].

کاتێکیش لێژنەکە لەدانانی دەستوورەکە بۆوە، سوڵتان میدحەت پاشای سەرۆکی لێژنەکەی وەکو (سەدری گەورە) دامەزراند[5].

---

1 - رامزور، أرنست : تركيا الفتاة وثورة 1908، ص 43.

2 - الشناوی : ج4، ص1758.

3 - محمد فريد بك : ص 590.

4 - الشناوی : ج4، ص 1761.

5 - باداشتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید : ص77.





## ناوەڕۆکی دەستوورەکە :

دەستوورەکە لەیەکەم ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەی ئەستەنبووڵ لەبیست و سێی مانگی کانونییەکەمی ساڵی 1876ز لەنێو ئاگری تۆپەکان ڕاگەیەنراو ناوی (مەرجدارکردنی یەکەم)ی لێنرا، ئەمەش لەبەر کۆت و بەندکردنی دەسەڵاتە ڕەهاکانی سوڵتان بەسنوورێك کە دەستوورەکە دیاری دەکرد، هەروەك لەهەندێ لەدیکۆمێنتەکانی عوسمانی بە (یاسای بنچینەیی) ناوی هاتووە.

لەواقیعیشدا دەرکردنی ئەو دەستوورە، درێژە پێدەرەوەی ئەو پرۆژە چاکسازیانە بوو، کە دەوڵەت لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەخۆیەوە بینی بوو، کە بەناوی (ڕێکخراوە خێرخوازیەکان) ناسرا، کە لەلایەنی ڕواڵەتییەوە لەدەستوورەکانی ئەورووپاییەوە نزیکترە وەك لەناوەڕۆکەکەی. دەستوورەکە لەدوازدە بەش پێکهاتبوو، سەدو نۆزدە ماددەی لەخۆی دەگرت، کە دیارترینیان ئەوەبوو کە سنووری دەوڵەتی دیاری کردبوو، ناوی پایتەختەکەی هێنابوو، هەروەها ماف و ئیمتیازاتەکانی سوڵتان و خێزانەکەی و میراتگری کورسی حوکمڕانی ئاشکرا کردبوو. وە بڕیاری دابوو کە دەوڵەت ئیسلامییەو ئایینی فەرمیشی ئیسلامەو پایتەختەکەشی بارەگای باڵای خەلافەتی ئیسلامییە، هەروەها سوڵتانیش کە پارێزەری ئایینی ئیسلامییە، کەسایەتییەکی ڕێزدارو پیرۆزی دەبێ و لەبەردەم هیچ کەسێك سەبارەت بە ڕەفتارەکانی بەرپرسیار نییە[1].

هەروەها دەستوورەکە مافی گشتی بۆ هاوڵاتیان دیاری کردو هەموویانی بەچاوپۆشین لەئایین و ڕەگەزیان بە (عوسمانییەکان) ناوزەد کرد، هەر هەمووشیان لەبەردەم یاسادا ئازادو یەکسانن و لەبەرامبەر دەوڵەتدا هەموو مافێکیان هەیەو هەموو ئەرکێکیشیان لەسەرە، هەروەها ئازادی پەرستشکردنی بۆ ناموسڵمانەکان دەستەبەرکرد و، بڕیاریدا کاری ڕۆژنامەوانی ئازاد بێ و، دەست بەسەرداگرتنەکانی موڵك و ماڵ و ئەشکەنجەدان و کارکردن بەسوخرەی پووچەڵ کردەوە[2].

دەستوورەکە زۆری لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی سەدری ئەعزەم کەمکردەوەو بەسوڵتانی بەخشی وەکو دامەزراندنی وەزیرەکان و لەکارلادانیان و وای لێ کردن کە

---

1 - محمد فريد بك : ص 590 – 591 . مصطفى : ص 234.

2 - هەمان سەرچاوە : ص 591.

لەبەردەم سوڵتان بەرپرسیارین. وە ئەگەر (ئەنجوومەنی نێردراوان) بڕیاری دادگایی کردنی یەکێ لەوەزیرەکانی دا، ئەوا دەبوایە لەدادگاییکردنەکە ڕەزامەندی سوڵتانی لەسەر وەرگیرابوایە.

ئەگەر ئەنجوومەن پرۆژە یاسایەکی ڕەت کردباوە، سوڵتان بۆی هەبوو وەزارەتەکە لەکار لابدات، یاخود ئەنجوومەنی نێردراوان هەڵبوەشێنێتەوەو، داوای هەڵبژاردنێکی نوێ بکات. هەروەها دەستوورەکە ناوی (ئەنجوومەنی بریکارەکان)ی بەسەر ئەنجوومەنی وەزیران دا برد، کە بە بانگهێشتی سەدری گەورە کۆدەبوونەوە کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانیانی دەکرد[1].

ئەنجوومەنی گشتی بەپشکداری سوڵتان، دەسەڵاتی یاسادانان پێکدەهێنێ، کە وەکو باسمان کرد لەدوو ئەنجوومەن پێکدەهات: ئەنجوومەنی پیران کە بۆ هەمیشە سوڵتان ئەندامەکانی دیاری دەکردن بەمەرجێك تەمەنی ئەندامەکانی لە چل ساڵی کەمتر نەبێت و، ئەنجوومەنی نوێنەران کە ناوی ئەنجوومەنی نێردراوان لێنرا ئەندامەکانی لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتییەوە دیاری دەکران.

هەردوو ئەنجوومەن ساڵێ جارێك لەخولێکی ئاساییدا کۆدەبوونەوە، کە لەیەکی مانگی تشرینی دووەمدا دەستی پێدەکردو لەکۆتایی مانگی شوباتدا کۆتایی پێ دەهات. سوڵتان بۆی هەبوو کە کاتی خولەکە پێش بخات یاخود ماوەکەی کورت بکاتەوە. حکومەتیش خۆی پێشنیازی یاسا نوێیەکانی بۆ پەرلەمان دەکرد.

بەڵام پێشنیازەکانی ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنەکە دەبوایە پێشکەشی سوڵتان بکرابوایە. جا ئەگەر ڕازی بوو لەسەریان لەڕێگەی ئەنجوومەنی دەوڵەتەوە کە ڕەزامەندی لەسەریان وەردەگرت پێشکەشی پەرلەمانی دەکردن و، کارەکە بەدەرچوونی ڕەزامەندی سوڵتان کۆتایی پێ دەهات، بەڵام ئەگەر یەکێك لەئەنجوومەنەکان پرۆژە یاسایەکی بەرز بکردایەتەوە، ئەوە لەهەمان خولدا چاوی پێ دانەدەخشێنرایەوە[2].دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەدوو ڕێگەوە پیادە دەکرا، لەڕێگەی دادگا شەرعیەکانەوە کە پەیوەندیان بە هاوولاتییە موسڵمانەکانەوە هەبوو، لەگەڵ دادگا میللییەکان کە پەیوەندییان بە هاوولاتییە ناموسڵمانەکانەوە هەبوو، هەروەها لەڕێگەی دادگا مەدەنیەکانەوە کە تایبەت

[1] - الشناوي : ج4، ص 1763.
[2] - الشناوي : ج4، ص 1763.





بوون بە یاسا دەستکردەکانەوە، نەشدەبوو دادوەرەکان لابەردرێن، مەگەر هۆیەکی شەرعی هەبووایە، هەروەها کارگێڕی ویلایەتەکانیش بەرژێمێك تەواو دەبوو کە لەسەر ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکانەوە لەسەر ئاستی ویلایەتەکانەوە وەستابوو، کە ڕادەسپێردرا بە چاوخشاندنەوە بەو بابەتانەی کە سوودی گشتییان بۆ ویلایەتەکان هەبوو، هەروەها دەستوورەکە لەسەر سیستەمی میللەتەکانی عوسمانی مایەوە کە تایبەت بوو بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی کارگێڕی و مەدەنی. هەرچی کاروباری ئایینیش بوو، حکومەت ئازادی بەخشیبووە هەموو شوێن کەوتووانێکی ئایینێك یاخود مەزهەبێك کە مومارەسەی کاروباری ئایینی خۆیان لەژێر سەرۆکایەتی سەرۆکە ئایینیەکەیاندا بکەن[1].

## پاڵنەرەکانی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ دەرکردنی دەستوور

لەواقیعدا ڕاگەیاندنی دەستوور زەبرێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە، کە باوەڕی بەدروستی ئەم هەنگاوە نەبوو، هەروەها ئەم ڕاگەیاندنە وەکو مانۆڕێك وابوو کە گەردوو تۆزو خۆڵی پرژاندە چاوی سەرانی وڵاتە ئەوروپاییەکانەوەو، شکست پێ هێنانی نەخشەو پیلانەکانیان لەدەست وەردانە نێو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەبیانووی چاککردنی بارودۆخی ئەو مەسیحییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی دابوون.

ئەو سوڵتانە بارودۆخی دەرەکی قۆزتەوە بۆ ڕزگاربوون لەو کەندو کۆسپە سیاسییانەی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە. ئەوەبوو کە لەوکاتیدا بانگهێشتێك لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە گەیشتە بەر دەرگای خاوەنشکۆو، بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی هاوولاتییە مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەکو هەوڵدانێك بۆ بەرپانەبوونی جەنگ، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە تیایدا ڕووسیا خۆی سازو ئامادە دەکرد، بۆ دەستگرتن بەسەر هەرێمەکانی بەلقان و خۆرهەڵاتی ئەنادۆل لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی بەریتانیا لەدابەشکردنی زەوییەکانی عوسمانی.

بەر لەکۆبوونەوەی کۆنگرە بەپێنج ڕۆژ سوڵتان میدحەت پاشای لەنۆزدەی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1876ز وەکو سەدری گەورە دەسنیشانکردو، دەستووریشی هەر

[1] - الشناوي : ج4، ص 17864 – 1766.

لەپرۆژەی یەکەمی کردنەوەی کۆنگرە لەبیست و سێی مانگی ناوبراودا[1] ڕاگەیاند، بۆئەوەی بۆ دەوڵەتە ئەورووپاییەکان بەدیاربخات کە حکومەتی ناوەندی دەیەوێ بەشێوەیەکی ڕیشەیی کاروبارەکانی ناوخۆی چاك بکات.

بەمەش سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەڕواڵەت وەکو حاکمێکی دەستووری لەبەرچاوی جیهان بەدیارکەوت. ئاشکرایە کە دەرکردنی ئەو دەستوورە لەژێر ئەو فشارە سیاسییەی ناوەخۆ، کە عوسمانییە ئازادیخوازەکان پیادەیان کردو، لەسەرووی هەمووشیانەوە میدحەت پاشا لەژێر فشاری سیاسی دەرەکی کە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان پیادەیان کرد هاتە تەواوبوون. ئەو کەسە عوسمانیانە خۆیان بە خاوەن فەزڵ دانا بەسەر سوڵتانەوە چونکە ئەوان ڕێگەی گەیشتن بە کورسی دەسەڵاتیان بۆ خۆشکرد، ئەوەبوو چوونە سەرتەختی مەرجداربوو بەوەی کە دەستوور دەربکات.

[1] - سەرچاوەی پێشوو : ص 1766 – 1770.





### دەستوور لەجێبەجێکردنی کرداریانەدا :

میدحەت پاشای باوکی دەستوور لەیەکەمین قوربانییەکانی بوو، ئەو پیاوە چێژی لەئەنجامی کارەکەی

وەرنەگرت، چونکە سوڵتان دوومانگ دوای دەرچوونی یاسای بنەڕەتی بەوە تۆمەتباری کرد کە نەخشەی بۆ کودەتایەك دەکێشێ کە سەردەنێ بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی لەدەسەڵاتی دونیایی واتە جیاکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی لەدەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەشێوەیەك کە سوڵتان نابێتە خەلیفەی سەرجەم موسڵمانەکان لەسەر زەویدا، بەڵکو دەبێتە سوڵتان بەسەر ئوممەتی عوسمانییدا، هەروەها بەوەش تۆمەتباری کرد کە کار بۆ گەڕاندنەوەی سوڵتان موراد دەکات بۆ سەر کورسی دەسەڵات بەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەو خاوەن ئاوەزو ژیریەکی بەهێزەو، لابردنیشی بەناهەق بوو[1].

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو دوو تۆمەتە درۆ هەڵبەستانێکی ڕووت بوو، چونکە سوڵتان هەوڵی لەناوبردنی میدحەت پاشای دەدا نەك سەروماڵی بپارێزێ. بێگومان ئەو پیاوە لەدوای سەرکەوتنی لەهەوڵدان بۆ دەرکردنی دەستوور بووە خاوەن جەماوەرێکی زۆر[2]، هەروەها ڕەفتارەکانی سوڵتانیان نیگەران کرد، لەوانە دەستەبەرکردنی سەرچاوە ماڵیە تازەکان بۆ دانەوەی قەرزەکان، ئەوەی بەو دوایەش کە سوڵتانی زیاتر نیگەران کرد پەیوەندی پتەوی میدحەت پاشا بوو بەتورکیای فەتاتەوە، هەروەك چۆن سوڵتان ئامادە نەبوو متمانە بەپیاوێك بکات کە لەکرداری لادانی حاکم بەشداری کردبێ[3].

هەڵوێستی میدحەت پاشا نالەبار بوو لەدوای ئەوەی کە پارێزگارە سیاسییەکان، ئەوانەی کەوا بەرهەڵستی پرۆگرامی چاکسازی و، کۆمەڵەی ئازادیخوازەکانیان دەکردو، لەسەرووی هەمووشیانەوە نامیق کەمال و عەبدولحەمید زیاد ئەوانەی کە ڕێ و شوێنەکانی ئەویان بەهەنگاوێکی نەگونجاو دەدیت[4]. بەپشت بەستن بەمانە، سوڵتان لەپێنجی مانگی شوباتی ساڵی 1877ز دا فەرمانێکی دەرکرد کە بەپێی ئەو فەرمانە میدحەت پاشای لە

[1] - رامزور : ص 43.
[2] - محمد فريد بك : ص 593.
[3] - یاداشتەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : ص 70 – 71.
[4] - هەمان سەرچاوە : ص 75 – 76. رامزور : هەمان سەرچاوە ، ص 44. محمد علي، أورفان : سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ژیانی و ڕووداوەکانی سەردەمی، ص 120 – 121.

سەدارەی گەورە لاداو، بۆ ئەورووپا دووری خستەوە[1]. بەهانەیەکی دەستووریشی بۆ ئەو فەرمانەی لادان و دوورخستنەوەی لەبەرچاوی دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا دیتەوە بەپشت بەستن بەو ماف سەرپشکەی کە بەپێی ماددەی 113 لەدەستووردا هەیبوو[2].

لەدوای ماوەیەك سوڵتان ڕێی پێدا بۆ وڵات بگەڕێتەوە و، کردیە والی وڵاتی شام، پاشان کردیە والی ئەزمیرەوە، بەڵام بە کوشتنی سوڵتان عەبدولعەزیز تۆمەتباری کردو بۆ تایف دووری خستەوە کە دوای ماوەیەك لەوێدا کوژرا.[3]

یاسای بنەڕەتی خرایە واری جێبەجێکردنەوەو هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دراو دانیشتوانەکانی سەر بەویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەشداریان تێدا کرد. لەنۆزدەی مانگی ئازاری ساڵی 1877ز دا ئەنجومەنی نوێنەران لەئاهەنگێکی گەورەدا لەهۆڵی ئاهەنگ گێڕان لەکۆشکی زوڵمە ـ باشی بەبێ ئامادەبوونی میدحەت پاشاو بەئامادەبوونی سوڵتان کۆبووەوە لە گوتارێکیدا کە تیایدا ڕاڤەی ئەو هۆیانەی کرد کە بوونەتە هۆی دارمانی دەوڵەت و دواکەوتنی و وەسفی ئەو دەرمانەی کرد کە چارەسەری ئەو دارمانەی دەکرد وەکوو پەخش کردنی فێرکردن و هێنانەدی یەکسانی لەنێوان هەمووان و دادگەری لەحوکمەکاندا[4].

ئەوەی ئاشکراشە کە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نێردراوان هیچ ئەزموونێکی پێشینەییان لەبارەی ژیانی نوێنەرایەتییەوە لەلا نەبوو. لەچەند هەرێمێك و داب و نەریت و زمان و ئاینی جیاواز هاتبوون، کە بەلێکدانەوەی خۆی وا لەسوڵتان دەکات کە بەو تەرزە نوێنەرانەی کە ناتوانن ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکەن کە دەوڵەت ڕووبەڕوویان دەبۆوەو، کارێکی دژواریش بوو کە کار بۆ یەکگرتنی چەند گرووپێکی جودا بکات کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەبوونەوە، بەڵکو تەنیا کردنیە ڕووکارێکی دەرەکی کە مۆرکێکی دیموکراتیانەیان بە حکومەتەکەی ئەو دەدا[5].

پاشان وا ڕوویدا کە هەردوو ئەنجومەن لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1877ز دا دوابەدوای جەنگی عوسمانی ـ رووسی بۆ کۆبوونەوە بانگکران، ئەمەش بۆ چاوخشاندن

1 - یاداشتەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : ص 81.
2 - هەمان سەرچاوە
3 - محمد فريد بك : ص 593.
4 - یاداشتەکان : هەمان سەرچاوە : ص 88 – 92. * الشناوي : ج4، ص 1780 – 1781.
5 - بگەڕێوە سەرەدەقی وتارەکە لای محمد فريد بك : ص 594 – 600.





بەکاروبارەکانی دەوڵەتدا. جا یاسای ڕۆژنامەوانی لەو بابەتانە بوو کە لەنێو ئەنجوومەنی نێردراوان دەمەقاڵێ و مشت و مڕێکی توندی نایەوە. و ئەو ئەنجوومەنە نەیتوانی یاسایەك لەشێوازە تازەکەیدا دەربکات، لەکاتێکدا توانی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ هەڵبژاردنی گشتی دەربکات، بەڵام ئەم یاسایە ڕووناکی بەچاوی خۆیەوە نەدیت، کاتێك گەیشتە قۆناغی جێبەجێکردن لەلای سوڵتانەوە، ئەمەی دوایی بڕیارێکی دەرکرد کە پەرلەمان هەڵبوەشێتەوەو کارکردن بەژیانی نوێنەرایەتیشی ڕاگرت[1].

هەروەها ئەنجوومەن گفتوگۆی لەسەر هاوکێشەی گشتی حکومەت بۆ ساڵی 1876ز ـ 1877 ز کرد کە لەناو هاوکێشەی دەوڵەتدا تووشی ئیفلیجییەکی گەورە هاتبوو و چارەسەری گونجاو بۆ ڕێ پێ گرتنی دانرا[2].

لەئەنجامی ئەو کارەساتە سەربازییانەی کە لەبەلقان و خۆرهەلاتی ئەنادۆلدا تووشی سوپاکانی دەوڵەت هاتبوو، لەناو ئەنجوومەندا بەرهەڵستکاری نوێنەرایەتی سەری هەڵدا، کە ئامانجی دادگایی کردنی ئەوانەبوو کە بەرپرسیاربوون لەبەرامبەر ئەو قەیرانانە، لەسەرووی هەمووشیانەوە موحەمەد نەدیم پاشای سەدری گەورەی پێشوو، هەروەها دانیشتنەکانی دیوانی جەنگیان بەئاشکرا ئەنجام دا، هەروەك چۆن لایەنی بەرهەڵستکار هیوای خواست کە ئەنجوومەن ڕای خۆی لەبارەی ئەو مەترسییە دەربڕێ کە ئەدهەم پاشای سەدری گەورەو چوار لەوەزیرەکانی لەسەر سەلامەتی حوکم دروستیان کردووە[3].

هەروەها پێشەکییەکانی بەرهەڵستکاری دیکە سەریان هەڵدا کە قوتابیانی قوتابخانە ئاینیەکان ئەنجامیاندا کە داوایان دەکرد عەسکەر ڕەدیف پاشا دەست لەکار هەڵبگرێت، بەڵام سوڵتان بەرپەرچی ئەو خۆپێشاندانانەی دایەوەو فەرمانی دەرکرد کە سەرانی خۆپێشاندانەکان دەستگیر بکرێن و بەپێی دەستوور لەوڵات دووری خستنەوەو ئاشکرای کرد، کە ئەو بارودۆخە گشتییەی کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت بەرگەی ئەو خۆپێشاندانانە ناگرێت[4].

1 - الشناوي : ج4، ص 1782. محمد فريد بك : ص 642.
2 - هەمان سەرچاوە : ص 1785.
3 - نوري، عثمان : هەمان سەرچاوە : ج1، ص 339 – 340.
4 - الشناوي : ج4، ص 1785 – 1786.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم قەناعـەتی بەدروسـتی جێبـەجێکردنی ژیـانی دەسـتووری لەوڵاتـدا نـەبوو، بـەڵام بەسـتنی خـولی یەکـەمی ئەنجوومـەن لـەمانگی حوزەیرانی ساڵی 1877ز دوابەدوای درێژکردنەوەی لەلایەن سوڵتانەوە کۆتایی پێهات و، لەپاشانیـشدا هەڵبـژاردنی نـوێ ئەنجامـدرا. ئەمـەش دیاردەیـەکی دیکـە بـوو ئەگـەر بـە ڕواڵەتیش بێ سووربوونی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی پێشان دەدا لەبەردەوام بوونی ژیانی نوێنەرایەتی لەوڵاتـدا. پەرلـەمانی نـوێ لەسـێزدەی مـانگی کـانونی سـاڵی 1877ز لەکاتێکی سەخت و دژواردا کرایەوە کە شکستەکانی بەلقان دروستی کردبوو[1].

لـەم خولـەی دووەمـدا بەرهەڵـستکارەکان بـەهێزو تونـدتربوون، هـەروەها خڕبوونـەوەی نوێنەرایەتی بەرهەڵستکار سەری هەڵدا کە خەریك بوو هێرشیان دەکردە سەر دەسـەڵاتی جێبەجێکردن کە سوڵتان تیایدا بـوو، کاتێـك بـەرگری لەبەرژەوەندیـە باڵاکـانی دەوڵـەتی دەکـرد، هــەروەها خــستنە پــاڵی تۆمەتــەکان زۆربــوون هــەتا خــودی ســوڵتان و دارو دەستەکەی و ئەو پیاوانەی کە حوکمیان بەڕێوە دەبرد گرتەوە[2].

هــەروەها لەســێزدەی مــانگی شــوباتی ســاڵی 1878ز دا قــەیرانی نێــوان ســوڵتان و ئەنجوومەنی نێردراوان گەیشتە خاڵێکی ئەوتۆ کە گەڕانەوەی بۆ نەبوو، ئەوەشی کـە ئـەو ناکۆکییەی نایەوە ئەوەبوو کە سـوڵتان داوای لەهـەردوو ئەنجوومـەنی پـیران و نێـردراوان کـرد کـەوا ڕای خۆیـان دەربـڕن، سـەبارەت بـەوەی کـە داوا لەحکومـەتی بـەریتانی بکـەن کەشتییە جەنگییەکانی خۆی بنێرێتە دەریای مەڕمەڕەوە بـۆ بـەرگری کـردن لەپایتـەخت لەدژی هێرشە چاوەڕوانکراوەکانی ڕووسیا بۆ سەری.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بەو بابەتە گفتوگۆیەکی یەکجار توند بەڕێوەچـوو، هـەروەها هەندێ لەئەندامەکان زمان درێژیان کردە سەر سوڵتان کە سوڵتان ئەو ڕەخنە لێ گرتنـەی بە لەکەدارکردنی کەسایەتی خۆی لەقەڵەمیدا. بۆیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلـەمان و خۆ ڕزگارکردن لەو کۆت و بەندەدا کە ئازادیخوازەکان کردبوویانە دەستی.

جا لەچواردەی مـانگی شـوباتی سـاڵی 1878ز فـەرمانێکی دەرکـرد کـە کۆبوونـەوەکانی ڕابگرێـت و کەوتــە ڕاوەدوونــانی زۆربــەی ئەندامــەکانی و فــەرمانی بەدوورخــستنەوەی

[1] - برو : هەمان سەرچاوە : ص 44 – 45. أورخان : ص 136 – 137.

[2] - الشناوی : ج4، ص 1786 – 1787.





ژمارەیەکیانی کرد[1]. لەواقیعدا چەند فاکتەرێك پاڵیان بەسـوڵتانەوە نـا کـە ئەنجوومـەنی نێردراوان هەڵبوەشێنێتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

1ـ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە سروشتی خۆی مەیلی بە لای حوکمی تـاك ڕەوانـەی ڕەهاوە بوو.

2ـ بڕوای وابوو کە ئوممەت هێشتا نەگەیشتۆتە پێگەیشتنی پێویست[2].

وە گەل گەرم و گوڕ نەبوون بۆ ئەو تەرزە حوکمە سیاسییە ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە گەلانی عوسمانی بەهێمنییەوە لەکارخستنی ژیانی نوێنەرایەتیان قبوڵ کرد.

هــەروەها هــیچ کاردانەوەیــەك لەویلایەتــەکانی عوسمــانی پەیــدا نــەبوو، چــونکە ژیــانی دەسـتووری لەوکاتیـدا نـە بـە ڕای گـشتییەکی هۆشـیار پاڵپـشتی کرابـوو نـە بەچـینێکی بەهێزی هزرمەندان، بەڵکو هەر بەتەنیا کاری میدحەت پاشا لەگەڵ کۆمەڵێکی دیـاریکراوی هزرمەندان بوو[3].

ئەو تـەنیا سـوودەکانی حـوکمی مەرجـداری لەئـەورووپا دیتبـوو بـەڵام نـە هۆیـەکانی ئـەو مەرجدارییەی شرۆڤە کردبوو نە کاریگەرییەکانی دیکەش، وە ئەو لەو بڕوایە دابوو کـە ئـەو جۆرە حوکمە بۆ هەموو گەلێك و هەموو پێکهاتەیەکی نەتەوایەتی دەگونجێت[4].

3ـ ئـەو مەترسـییانەی کـە بـەهۆی جەنگـەکانی بـەلقان و جـەنگ کـردن لەگـەڵ ڕووسـیا پەیدابببوون دەوڵـەتیان پەشـۆکاو کردبـوو، بارودۆخەکـەش وای دەخواسـت کـە حکومـەت بەتەواوی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان یەکلا بکاتەوە[5].

هــەروەها بــە لەکارخــستنی دانیــشتنەکانی ئەنجوومــەنی نێــردراوان، بەشــێوەیەکی ئۆتۆمــاتیکی ئەنجوومــەنی نوێنەرایەتییەکــەی دیکــەش کــە ئەنجوومــەنی پــیران بــوو لەدانیشتنەکانی وەستا.

[1] - نوری، عثمان، هەمان سەرچاوە : ج 1، ص 343 – 346.

[2] - یاداشتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید : ص 196.

[3] - الحصری : ص 98.

[4] - یاداشتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید: ص 80.

[5] - باس دەکرێ کە گەڕانەوە بۆ حوکمی ڕەوا کارەساتە جەرگ بڕەکانی قەدەغە نەکرد کە دەوڵەتیان سەرگەردان کردبوو، کە خۆی دەستە وەستان دیتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا. لە میانەیاندا داگیرکردنی دوورگەی قبرس و میسڕ لەلایەن بەڕیتانیا و داگیرکردنی تونس لەلایەن فەڕەنسا و لکاندنی ڕومللی خۆرهەڵات بە بولگاریا و فەڕزکردنی چاودێری کردنی ماڵی نێو دەوڵەتی بەسەر دەوڵەتدا لەگەڵ کێشەکانی دیکەش .

لەڕاستیدا ئەو فەرمانەی کە سوڵتان دەری کرد بۆ لەکارخستنی ژیانی دەستووری، لەکارخستنی ژیانی نوێنەرایەتی بوو لەدەوڵەتدا، ئەگەرچی دەستوور بەشێوەیەکی فەرمی ڕەت نەکرابۆوە. جا تەنیا یاسای بنەڕەتی مابۆوە کە لەساڵنامەی فەرمیدا دەهات، کە هەموو ساڵێك دەردەچوو و ناودەبرا بە (ساڵنامەی دەوڵەتی باڵای عوسمانی)، بەڵام بەشێوەیەکی کردارانە حوکمەکانی بە فەرامۆشکراوی مایەوە. وە کارەکە گەیشتە ئەوەی کە قسە لەبارەی یاسای بنەڕەتی و ئەنجوومەنی نێردراوان دا بکرێ لەو کارە زیان بەخشانەی کە ئەنجام دەرەکانیان بەهۆیەوە تووشی گرتن ودوورخستنەوە بوونەوە[1].

لەکارخستنی ژیانی دەستووری نزیکەی سی ساڵان بەردەوام بوو لەو کاتەوەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەخۆی مەشروتیەتی دووەمی لەساڵی 1908ز دا ڕاگەیاند.

بەم جۆرە ئەنجوومەنی دەستووری لەژیانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەهەمیندا هەرەسی هێنا.

### ژیانی سیاسی لەدوای لەکارخستنی دەستوور:

لەدوای لەکارخستنی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی و هەڵپەساردنی یاسای بنەڕەتی، دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕژێمی حوکمی ڕەها گەڕایەوە، بەڵام ئەوە هەبوو کە ئەم ڕژێمە لەسەر حاڵەتی پێشووی نەمایەوە، بەڵکو وردە وردە بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوەخۆ توندو بەهێز دەبوو و، بەتێپەڕینی چەند ساڵێك بەرهەڵستکاری ئەم تەرزە حوکمە ڕەهایە زیادی کرد، لەسەرەتادا لەنێوەندەکانی کۆمەڵی ڕووناکبیرەکان قەتیس مابوو، ئەوانەی کەوا ڕیزەکانی خۆیان بۆ هەڵوێستێکی نوێ یەکخستبوو. پاشان خەریك بوو بۆ چینەکانی دیکە دەگوازرایەوە بۆ نێو نێوەندەکانی کۆمەڵگە کە نەك تەنیا داوای کارکردن بەدەستووری دەکردو بەس، بەڵکو بەهەمان شێوە داوای ڕووخاندنی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی دەکرد.

قوتابخانەکانی (حەمیدیە) یەکەمین ژینگە بوو کە هەستەکانی حەزکردن بەئازادی لێ ڕوا، بەتایبەتی ئەو لیستانەی کە لەنێو پایتەختی ویلایەتەکاندا بوو، ئەمەش بەهۆی

[1] - الحصری : ص 98 – 99.





دووریان لەسانسۆری حکومەتەوە، پاشان پەلی هاویشت بۆ قوتابخانەکانی دواناوەندی سوڵتانی، کە لەناوچەی (غەڵتەی سەرای) بوو لەئەستانبووڵ کە ناودارترین قوتابخانەی دەوڵەت بوون[1]. دەسەڵات هەستی بەتوندی فشاری ڕەوتی بەرهەڵستکار کرد، بۆیە چەند ڕێ و شوێنێکی کرداریانەی گرتەبەر بۆ دانانی سنوورێك بۆ نەش و نماکردنی. ئەوەبوو فەرمانی قەدەغەکردنی دیراسەکردنی کتێبەکانی نامیق کەمال و زیاد پاشاو هزرمەندەکانی دیکەی لەقوتابخانە پاشایەتی و پەیمانگە سەربازیەکان دەرکرد، ئەوانەی کە داوای ئازادیان دەکرد. پاشان دەستی کرد بەدوورخستنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە خاوەن ڕای ئازادیخوازانە بوون لەقوتابخانە پاشایەتیەکان و دانانی ئەو مامۆستایانە لەشوێنیان کە بەشێوەیەکی تەواو بەپرۆگرامی بڕیار دراو پابەندبوون[2]، هەروەها لەمانگی ئابی ساڵی 1896ز دا هەوڵێك بۆ لادانی سوڵتان لەسەر کورسی درا بەسەرۆکایەتی کازم پاشای سەرکردەی یەکەمی سوپای عوسمانی کە لەنێو پایتەختدا جێگیربوون، بەڵام دەسەڵاتدارانی فەرمان ڕەوا توانیان هەوڵەکە لەبار ببەن و بەشداران و تۆمەتبارانی کە دەستیان تێدا هەبوو دەستگیرکران و لەدادگای سەربازییدا دادگایی کران[3]. هەر چۆنێك بێ، هەموو لایەنەکان لەو قۆناغەدا بەدیدی خۆیان لەبارەی پرەنسیپەکانی حوکم پابەندبوون، جا سوڵتان دەستی بەحوکمی تاك ڕەوانەو حکومەتی ناوەندیدا گرتبوو و بەژیانی دەستووری قەڵس بوو. هەرچی ئۆپۆزسیۆن بوو دەستیان بە وەرگرتنی پرەنسیپەکانی شارستانیەتی ئەورووپایی و چەسپاندنی حوکمی دەستووری و پراکتیزەکردنی خود موختاری لەویلایەتەکانەوە گرتبوو.

### قۆناغی دووەم :

### مەشروتیەتی دووەم و باری یاخی بوونی گشتی ساڵی 1908ز:

قۆناغی دووەمی ژیانی دەستووری لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا کاتێك دەستی پێکرد کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەبیست و سێی مانگی تەممووزی ساڵی 1908 ز بڕیاری بەدووبارە کارکردن بەدەستووری کرد، دوابەدوای ئەو یاخی بوونەی کە لەو مانگەدا لەدژی حوکمەکەی ڕوویدا. وە ئەو قۆناغە هەتا یازدەی مانگی نیسانی ساڵی

[1] - Lewis : op. cit. p. 195.
[2] - Ibid : p. 196.
[3]- ibid : pp. 198 – 199.

1920 ز بـەردەوام بـوو، کاتێـك سـوڵتان محەمـەدی شەشـەم (وەحیـدەین) بڕیـاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیدا.

قۆنـاغی دووەم لـەژیانی دەسـتووریدا هاوشـان بـوو لەگـەڵ ڕوودانـی پێـشڤەچوونە سیاسـییە سـەخت و دژوارەکـانی نـاوخۆو دەرەوە، کـە خـۆی لەدروسـتبوونی حیزبـە سیاسـییەکان و دروسـتبوونی بەربـەرەکانی حیزبـی لەنێوانیانـدا و، زۆری کودەتـا سەربازییەکان و، زاڵ بوونی حیزبی ئیتیحاد وتەرەقی بەسەر سیاسەتی گشتی لەدەوڵەتدا کـە زۆربـەی موڵـك و کەرسـتە جەنگییـەکانی خـۆی لەبۆسـنەو هەرسـکدا لەدەسـت دابـوو دەدیتەوە، ئەمە جگە لەدەستدانی دوورگـەی کریـت و ویلایـەتی (تـەرابلوس)ی خۆرئـاواو موتەسـەڕفیەی بەرقـەو، هـەروەها بەشـداریکردنی لەجـەنگی یەکـەمی جیهـانی کـە ئەنجامەکانی سەخت و دژوارو نێگەتیڤانە بوو.

بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو پرۆگرامە زانستییەی کە لەو توێژینەوەیەدا گرتوومانەتـە بـەر دەڕۆین و چارەسەری ئەو ڕووداوو پێشڤەچوونانەی قۆناغی دووەم دەکەین، کـە لـەژیانی دەسـتووری لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا ڕوویانـدا. ئـەوەی شـیاوی باسکردن بێ ئەوەیە کە لەدوای ئەمە سێ هێـز لـەکارکردن بـۆ دووبـارە زیندووکردنـەوەی ژیانی دەستووری و لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا هاریکاری یەکتریان کردو یەك ئامانجیش کۆی کردبوونەوە ئەویش دژایەتی کردنی ڕژێمی دەسەڵات دار بوو.

یەکـەمیان خـۆی لەهەنـدێك هێـزی نـاوخۆی کاریگـەر بـەهزرەکانی خۆرئاواییـدا دەدیتەوەو، دووەمیـان خـۆی لـەڕەوتی جوولەکـەدا بەرجەسـتە کـرد، بـەوەی فەڵەسـتین لەدەوڵەتی عوسمانی دابڕن بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی جوولەکە لەو وڵاتەدا. هی سێیەمیشیان خۆی لـەوەدا دەدیتـەوە کـە پـەرە بـە داواکاری دەوڵەتـە ئەورووپاییـە گـەورەکان بـدرێ بـۆ دابەشـکردنی میراتـەکانی پیـاوە نەخۆشـەکە. لـەنیوەی دووەمـی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند گرووپگەلێکی ئاشکرا لـەو عوسمانیانـەی کـە دوورخرابوونـەوە لـەدەرەوەی سـنووری دەوڵەتـدا. دروسـتبوونی کـە حـوکمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمیان کردبووە ئامانج، هەروەها گرووپ گەلێکی نهێنی لەناوخۆی وڵاتـدا پێکهـاتن کـە دەستیان بەدەرخستنی خراپەکارییەکانی حوکمی تـاك ڕەوانـە کـردو خـەڵکیان دنـەدا بـۆ





نارەزایی دەربڕین و داواکردنی حوکمی دەستووری لەڕێگەی دووبارە کارکردن بـە یاسـای بنەڕەتی[1].

جا لەسـاڵی 1865ز دا هەنـدێ لەگەنجـە عوسمانییـەکان هاوشـێوەی گرووپێکـی ئیتالیایی ((کاربۆناری)) (ئیتالیای فەتات) گرووپێکـی نهێنیـان دروسـت کـرد، بـەئامانجی برەودان بەهزرە نوێیەکان. لەواقیعشدا ئەو گرووپـە خێـرا نـاوی (گەنجـە عوسمانییـەکان) (العثمـانین الـشبان) یـان بەسـەر دابـڕاو ئەورووپاییـەکانیش نـاوی (تورکیـای فـەتات)ی بەسەردا بردن، خۆشخوانی ئـەو ئەدیبانـەی کـە گرووپەکـەیان پێکهێنـایوو، کـردە چـەکی سەرەکی گرووپەکەیان لەنێو ئەندامەکانیشیدا نـامیق کـەمال و ئایـەتوڵڵا بـەگ هـەبوون و لەکاتێکی زووش میر مستەفا فازڵ زربرای خدێوی ئیسماعیل هاتـە پاڵیـان, ئـەو گرووپـە خـۆی لـەبزاڤێکی نەتەوایـەتی عەلمانیـدا دەدیتـەوە کـە پـشتی دەبەسـت بەچـینی ڕۆشنبیرەکان و بەدەستهێنانی چوار پرەنسیپی کردە ئامانجی خـۆی، کـە ئەوانـە بـوون: ئازادی تاکەکەس، دامەزرانـدنی سیـستەمی دەسـتووری، لـەناوبردنی چینی دەرەبـەگ و ئازاد بوون لەژێر دەستی بێگانە. دروستبوونی ئەم گرووپە بەڵگەیە لەسەر گڕوتینی چینی ڕۆشنبیرانی دەوڵەتی عوسمـانی بـۆ بـەدیهێنانی هێزێك لەکەسـانی نیشتمان پـەروەر کـە چاکسازی بەسەر دەوڵەتـدا بسەپێنن، هـەروەها ئـەو گرووپـە دەسـتێکی بـاڵای لـەلادانی سوڵتان عەبدولعەزیز و دانانی سوڵتان موارادی پێنجەم لەشوێنی و پاشان لادانی و دانـانی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم لەجێگـەی ئـەودا هـەبوو[2]. لەسـاڵی 1889ز دا، کـە ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی بوو، کۆمەڵێك لەقوتابیانی قوتابخانەی (پزیشکی سوڵتانی سەربازی) لەئەستەنبووڵدا ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی (ئەلتەرەقی وەلئتحـاد). دروست کرد کە ئامانجی لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دووبارەکردنەوەی ژیانی دەستووری لەدەوڵەتدا یوو. لەپـشت دروسـتکردنی ئـەو ڕێکخـراوە نهێنییەشـدا پیـاوێکی ماسۆنی ئەلبانی بوو کە ئیبراهیم تەیمۆ یاخود هەندێ جار ئەدهەمیان پێ دەگوت[3]. ئەو گرووپـە بـەنهێنی دەسـتی بەپەخـشکردنی بانگـەواز و بڵاوکردنـەوەی هزرەکـانی خـۆی لەڕێگەی سوپاوە کـرد[4]. لـەنێو پێـشەنگەکانیدا عـەرەبی مەسـیحی و ئـەلبانی و کـورد و

[1] - رامزرو : ص 138 – 139، مصطفی : هەمان سەرچاوە : ص 258.

[2] - Lewis : op. cit , pp. 152 – 174.

[3] - لە پاشان گۆڕا بۆ لیژنەی ئیتیحاد و تەرەقی . رامزور : ص **49**.

[4] - شیاوی باسە هونەری سەربازی و پزیشکی نوێنەرایەتی دوو کەرت لە کەرتەکانی دەوڵەتیان، Siyasi Partilar. P. 180 – Tunay T: Turkiyede – دەکرد، کە هەر لەسەدەی هەژدەهەمەوە کەوتنە بەر چاکسازی تازەگەری یەوە.

تورکەکانی نموونەی ئیسحاق سکوتی و شرکس محەمەد رشید و عەبدوڵلا جەودەت بەدیارکەوتن. وە لە (جنێف)دا گۆڤاری (عوسمانلی)ی دەرکرد بۆ پەخشی هزرەکانی و سەرنج ڕاکێشانی لایەنگرەکانی، هەروەها ئەم گرووپە بەهزرەکانی شۆڕشی فەڕەنسایی کاریگەربوون[1]. دوابەدوای سەرەتا گەلێکی سادەو ساکار هزرەکانی ئەو گرووپە خەریك بوو لەنێو قوتابییەکانی قوتابخانە باڵاکانی پایتەختدا بڵاودەبوونەوەو، ئەندامی لەکارگەرانی نێو ڕیزەکانی ئەفسەرو زاناکان بۆ پەیدا دەبوون، هەروەك چۆن لەدەرەوەی وڵاتیش لەنێو ڕیزەکانی تورکە دوورخراوەکانی پاریس و جنێف و قاهیرەدا بڵاوبوونەوە. لەساڵەکانی 1895ز – 1897ز بە پەرەسەندنی خێرای بزاڤی تورکیای فەتات لەناوخۆو دەرەوەی وڵات جیادەکرێنەوە، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی بەرهەڵستکاری کردنی ڕای گشتی ئەوروپایی بۆ سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەدژی ئەرمەنەکان، کە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و ڕێکخراوە یەهوودی و ماسۆنیەکان لەئامێزیان گرتن بۆئەوەی لەدژی حوکمی سوڵتان بەکاریان بهێنن. جا چەند کۆبوونەوەیەك لەمەحفەلەکانی ماسۆنیەتی بەستران[2].

هەروەك چۆن باڵیۆزخانەکانی بێگانە دەرگاکانی خۆیان لەبەردەم هەموو نەیارێکی ڕژێم ئاوەڵا کردو کەسانی هەڵهاتوو لەحوکمی سوڵتانیان لای خۆیان گلدایەوە، بەتایبەتی هەردوو باڵیۆزخانەی ئینگلتراو فەڕەنسا، هەروەها ڕێیان پێدان کە بەئازادی کاربکەن و جووڵانەوە بکەن. زایۆنیزم لەو هێڵەوە هاتە ژوورەوە کە ئەو تورکانەی لەپایتەختەکانی ئەوروپایی بوونیان هەبوو لەگەڵ هەندێ لەتورکەکانی ناوەخۆ لەخۆی نزیکیان بخاتەوەو، نەخشەو پلانیشی بۆ لادانی سوڵتان لەسەر کورسی دەسەڵات دەکێشا. وە ئەندامانی ئەو بزاڤە کە لەناوەخۆدا هەبوون دەستیان بە پەیوەندی کرد لەگەڵ هاوڕێیانیان لەدەرەوە بەئامانجی هاوئاهەنگی و پلان داڕشتن بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو. لەو کەسە سلانیکیانەش نازم و ئەمین ئەرسەلان و خەلیل غانم بوون[3].

ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە ئەو دوو کەرتە لە باقی کەرتەکانی یدکە لە پێشتر بوون و زەمینەیەکی لەباریان هەبوو بۆ قبوڵ کردنی هزر گەلێ نهەیاری حوکمی تاك ڕەوانە و پەرەپێدانی.

[1] - حلاق : ص **288**.

[2] - حلاق : ص 288.

[3] - غانم خەلیل کاتێك لە پاریس بوو لە چەندین ڕۆژنامەی ئەوروپاییدا کە لەلایەن جولەکەوە تەمویل دەکران شتی لە دژی سوڵتان دەنووسی.





ئەو بڵاوکراوانەی کە دژی دەسەڵاتداربوون لەدەرەوە چاپ دەکران، پاشان لەڕێی باڵیۆزخانە بێگانەکانەوە دەهاتنە ناوەوەو زۆر بەنهێنیش بەسەر ئەندامەکانی گرووپەکانی ناوەخۆ دابەش دەکران.

لەپاریسدا کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی دروست بوو کە لەو لاوانەی لەپایتەختی فەڕەنسادا هەبوون و لەگرووپی تەرەقی و ئیتحادو گرووپی ئەحمەد ڕەزا بوون[1]، هەروەها لاوانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانیش هاتنە پاڵیان و ئەوانە حەزنەکردن بە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کۆی کردبوونەوە[2]. دووەمیش نییە کە ئەو کۆمەڵانە لەنێو باوەشی ماسۆنیەت دروست بن بەتایبەتی لەو مەحفەلەی کە ناو دەبرا بە (ماکدۆنیا ڕێزتۆرا) کە (قرە سۆ)ی جوولەکەی سالۆنێکی دایمەزراندبوو[3].

هەروەها ئەو کۆمەڵەیە لەساڵی 1896ز داوای بەستنی کۆنگرەکیان لەڤییەنا کرد کە هەموو نەیارانی فەرمانڕەوایی سوڵتان لە ئەرمەن و یۆنان و مەقدۆنییەکان و عەرەب و جوولەکە و هی دیکەش لە کەمینە نەتەوایەتیەکان بەشداریان تێدا کرد. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار درا کە ڕژێمی حوکم بگۆڕن و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش لەسەر دەسەڵات لا ببەن[4].

ئەو پێشڤەچوونانەی نەیاران خەریك بوو سوڵتانیان سەغڵەت دەکرد. دەستی کرد بەوەی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ لەپێناوی بەربەست کردنی ڕێگەی بەرهەڵستکارەکان لەدەرەوە.

ئەوەبوو بە باڵیۆزەکانی خۆی لەپایتەختەکانی ئەورووپا ڕاگەیاندن کە فشار بخەنە سەر ئەو حکومەتە ئەوروپاییانەی کەوا یارمەتی کۆمەڵە دەدەن، هەروەها چەند کەسانێکی لەلایەن خۆیەوە نارد بچنە پاڵیان، بە ئامانجی ئەوەی پەرتەوازەیی لەنێو

[1] - ئەحمەد ڕەزا خۆی وەزیفەی بەڕێوەبەری فێرکردن بوو لە شاری برۆسا . بۆ سەردانی پێشانگا نێودەوڵەتی یەکەی چووە پاریس . تیایدا پەیوەندی بە ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی یەوە کرد، کە لە دوایدا بڕیاریدا لە پایتەختی فەڕەنسادا بمێنێتەوە و خەریکی کارکردن بێت بۆ دووبارە زیندووکردنەوە ژیانی دەستووری . لە پاریسەوە تابلۆگەلێکی چاکسازی نارد سوڵتانیش فەرامۆشی کرد. لە کۆتای یەکانی ساڵانی 1895ز ڕۆژنامەی (مەنشورات)ی بە هاوکاری خەلیل غانم و ژمارەیەك لە دوورخراوەکان دەرکرد بۆ پەخش کردنی هزرەکانی کۆمەڵەکە و دەستی کرد بە ڕەخنە گرتن لە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم . ژمارەیەك لە دانەکانی ئەوم ڕۆژنامەیە بە نهێنی دەناردرانە ئەستەنبوڵی پایتەخت.

[2] - هەمان سەرچاوە0.

[3] - أتلخان الحطر المحيط بالاسلام، الصهيونية وبروتوكلاتها : ص 150.

[4] - سەرچاوەی پێشوو، ل 150.

ڕیزەکانیان دروست بکەن، پاشان چەند هاریکاری کردنێك دامەزراو گەلێکی پێشکەش بە بەرهەڵستکارەکان کرد بەمەبەستی چاوڕاکردنیان و توانی ئەو ڕەوتانەی کە داوای دەستووریان دەکرد ڕیشەکێشیان بکات[1].

وا بەدیار دەکەوێت کە ئەو کۆمەڵەیە زۆری پێ نەچووبێ کە دووبارە زیندوو بوویەوە. ئەوەبوو لەساڵی 1900ز پشتگیری کردنێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا، کە لەمەحموود پاشای زاوای سوڵتان و هەردوو کوڕەکەی (صباح الدين و لطف الله)ەوە بوو، کەوا هەرکە لەدوای ڕاکردنی لەئەستەنبووڵەوە گەیشتە پاریس، تی0ایدا پەیوەندی بەسەرانی ئازادیخوازانی عوسمانییەوە کردو، کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵیاندا، چووە نێو بزاڤێکی مقاوەمە کردنەوە لەدژی سوڵتان عەبدولحەمید، پاشان نامەیەکی پڕ لەهەڕەشەو گوڕەشەی بۆ نارد، کە تیایدا زۆر بەتوندی هێرشی کردە سەری و پەردەی لەسەر تەواوی خراپەکاریەکانی و ئەو کاروکردەوە پڕ لەشەرمەزاریانەی کە دەرهەق بە گەلەکەی دەکرد هەڵدایەوە[2].

ئامانجی لەم کارەی سەرنجڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان بوو بۆ ئەوەی بێنەپاڵ کۆمەڵەکە بۆئەوەی بەوانەوە بەهێزی بکا بۆ دروست کردنی کودەتایەك لەپایتەختدا، هەروەها پشتگیری لەلایەن ڕەوتە نەیارەکانی دەسەڵاتدار هەر لەحکومەتەکان و کۆمەڵە ئەوروپاییەکان و ڕێکخراوە جوولەکەو ماسۆنیەکانەوە پێ گەیشت.

ئەو کۆمەڵەیە لەهەندێ لەو ویلایەتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماری دابوون بڵاوبوویەوە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دابوون لەدوای ئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا لەوە قەڵس بوو کە نووشستی هێنا لەوەدەستهێنانی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا ـ میسریش لەمەڵبەندە گرنگەکان بوو کە ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵ ئەوانەی دەترسان لەوەی کە بکەونە بەردەستی لایەنی دەسەڵاتدار، ئەمەش لەبەر دووری لەپایتەخت و کەوتبووە ژێر قەڵەمڕەوی بەریتانیاشەوە، بەڵام شاری سالۆنیك لەمەقدۆنیا بووە مەڵبەندی بنەڕەتی بۆ چالاکی کۆمەڵە سیاسی و سەربازیەکان ئەویش بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری جوولەکە تیایدا

[1] - بیهم : هەمان سەرچاوە، ج2، ص 165.

[2] - نوری : ج3، ص 1087





لەوانەی کە زۆرترین دەسەڵاتیان لەئەورووپادا هەبوو هەروەها لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە (دۆنمە)[1] ی تێدابوو.

هەروەها ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە ڕوویان لەسوپا کرد بۆئەوەی بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە لەدوای ئەوەی لەڕێگەکانی دیکە فەشەلیان هێنا لەوانە گرتنەبەری ڕێگەی تۆقاندن و پەنابردنەبەر دەوڵەتە ئەورووپاییەکان. ئەوەبوو لەساڵی 1906ز ئەحمەد ڕەزا نامیلکەیەکی لەبارەی ئەم بابەتەوە لەژێر ناوی ((ئەرك و بەرپرسیارێتی سەربان)) (الواجب والمسؤوليه الجندى) لەقاهیرەدا دەرکرد کە تیایدا ڕاڤەی ئەو ڕۆڵەی کرد، کە دەبوایە سوپا بیگێڕێ لەبەرگری کردن لەدەوڵەت و پێشڤەچوونی بە حیسابی ئەوەی کە ئەفسەرەکان لەهەموو ڕۆڵەکانی ئوممەت ئامادەباشیان هەیەو نیشتمان پەروەرترن، هەربۆیە لەسەریان پێویست دەبێ ژیانی سیاسیانە لەوڵاتدا لەدژی ڕژێم ئاراستە بکەن ئەو ڕژێمەی کە بەداپلۆسێنەر وەسفی کرد.

ڕووداوەکانی مەقدۆنیان (1902زـ 1903ز) هەلی بۆ دەوڵەتە ئەورووپاییەکان ڕەخساند کە پیادەی سیاسەتی فشارخستنە سەر دەوڵەت بکەن ئەویش لەمیانەی سەپاندنی سیستەمی سانسۆری دارایی بەسەر ویلایەتەکانی مەقدۆنی، هەروەها دەستەوەستانی دەوڵەت لەئاقار چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دەوڵەتە ئەورووپاییەکانی بەدەست بەسەر داگرتن پێشوازی لێ کرا، بەتایبەتی لەلایەن ئەو ئەفسەرانەی کە ئەرکی سەرکوتکردنی کەمینە نەتەوەییەکانیان پێ سپێردرابوو، لەکاتێکدا ئەوانە پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ هزرە کراوەکاندا هەبوو ئەوان لەمەقدۆنیان وا خۆیان دیتەوە کە لەبەرژەوەندی فەرمانڕەوایەکی داپلۆسێنەر شەڕ لەگەڵ بزاڤە نەتەوەییەکان دەکەن. ئەو ناڕەزاییە بۆ دەرەوەی مەقدۆنیاش پەڕیەوە ئەوەبوو لەدیمەشق کۆمەڵە لاوێکی ئەفسەر لەساڵی 1906ز کۆمەڵەیەکی نهێنییان دامەزراند، کە بریتی بوو لەلێژنەی نیشتمان و ئازادی کە لەنێو ڕیزەکانیاندا مستەفا کەمال هەبوو کە لەداهاتوودا ڕوو لەپەیوەندی دروستکردن دەکات لەگەڵ نێوەندە

[1] - دۆنمە ناوێکە تورکەکان بەسەر شوێن کەوتووانی ساباتای جولەکەیان دەبرد و، سیفەتێکە بە مانای گەڕاەمەوە دێت واتە ئەو کەسەی موسڵمان بووە لە دوای ئەوەی کە پێشتر لەسەر ئاینی جولەکە بوو، ڕێچکەی ساباتای گرتۆتە بەر . پاشان ئەو وشەیە وەکو زاراوەیەك بەکارهات بەمانای بە ڕواڵەت موسڵمان و لبەناخ و کرداردا جولەکە دێت . باسی ئەو گروپە بخوێنەوە لە : حرب، محمد : العثمانيون في التناريخ الحضارة . ص 107 – 118.

ئۆپۆزسیۆنەکان لەسالۆنیك کە بواری بۆ پەخشکردنی هزرگە لەشۆڕشگێڕیەکان خۆش کرد[1].

ئەو لێژنەی کە لەشانەگەلێك پێکهاتبوو زۆر بەخێرایی لەناو مەقدۆنیا پەرەی سەند، ئەمەش لەمیانەی بەشداریکردنی و پاڵپشتیکردنی ئەو ئەفسەرانەی کە شانەگەلیان لە شارە حامیەکانی وەکوو مۆناستیرو سکۆتاری و سێریس پێکدەهێنا. وەکو بەدیاردەکەوێت کە هەندێك لەڕێچکە سۆفی گەریەکان ڕۆڵی خۆیان بینیبێت لەبلاوکردنەوەی هزرگەلە شۆڕشگێڕیەکان ئەویش لەڕێگەی والاکردنی تەکیەکانیان لەبەردەم کۆبوونەوەکانی ئەندامانی لێژنە شۆڕشگێڕیەکان، بەڵام مەحفەلە ماسۆنیەکان لەسالۆنیك کەناڵێکی کاراتر بوون بۆ برەودان بەهزرگەلی ئیتحادیەکان. هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی وێنەی تەڵعەت و میدحەت شکور سەر بەماسۆنیەت بوون.

هەروەها لەوێدا هێنانە ناوەوەی هزرگەلێکی دیاریکراو هەبوو لەنێوان کۆمەڵەو ماسۆنییەکانەوە بەتایبەتی بیری ئازادیخوازانەو ڕق لێبوونەوەی داپلۆساندن[2].

بەم شێوەیە دەتوانین باسی کاریگەرێتی ماسۆنیەت بەسەر کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بکەین ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی مەحفەلە ماسۆنیەکان لەلایەن ئەندامانییەوە بۆ تەراتێن کردن لەنێو سالۆنیکی. وە هەردەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە ئەندامانی کۆمەڵەکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ جوولەکەدا هەبوو ئەویش لەڕێگەی ئەو مەحفەلانەی کە ئینتمایەکی فەرەنسیان هەبوو. بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەش ئەو دوولایەنەی بەیەکەوە کۆکردبۆوە، کە بریتی بوو لەلادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و، هێشتنەوەی مەقدۆنیا لەچوارچێوەی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتدا، چونکە دەروازەیەکی بۆ چالاکییە ئابوورییەکانی جوولەکە دروست دەکرد. هەروەك چۆن فەرمانگەکانی زایۆنیزم لەدوای فەشەل هێنانی لەدابڕینی فەلەستین یاخود ڕێدان بەجوولەکە کە بۆ ئەوێ کۆچ بکەن، کەوتنە هاریکاریکردن لەگەڵ مەحفەلەکانی ماسۆنیەت بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکم. ئەوەبوو لەسالی 1900ز مەحفەلی خۆرهەلاتی

1 - TT. Cermieti : Tarih. II, P. 298.

2 - رامزرو : ص 126.





گەورە بڕیاریدا کە سوڵتان لابرێت و هەوڵیدا بزاڤکارەکان و ئیتحادیەکان باڵا دەست بکات[1].

هەر لەسالی (1905ز)ەوە گۆڕەپانی ناوەخۆ پێشبڕکێ کردنێکی ڕووداوەکانی بەخۆیەوە دیت، کە بووە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر نا ئارام بێ. ئەوەبوو سوڵتان تووشی هەوڵێکی تیرۆرکردن بوویەوە لەسەر کەسێکی ئەرمەنی، هەروەها شۆڕشێك لەئەنادۆڵ بەرپابوو کێشەی مەقدۆنیاش زیاتر ئالۆز بوو، هەروەها دەوڵەتە ئەوروپاییەکان فشاری خۆیان بۆ سەر حکومەت توندتر کرد ئەوەبوو هەندێ هێزی نێودەوڵەتی بۆئەوەی هاوشان لەگەڵ هێزە عوسمانییەکان پارێزگاری لەڕژێم بکەن. وە باری ئابووری و کۆمەلایەتی لەهەموو سووچێکی ولات تێکچوو.

بزاڤە یاخیبووەکانیش لە ئەنازۆڵ سەرلەنوێ دروستبوونەوە، کە ئەندام گەلێك لە چینەکانی مام ناوەندی و ئەفسەر و فەرمانبەرەکان ەبەشداریان تیادا کرد.

هەروەها تۆڵە ستێنەکان داوای لابردنی باجە تازەکان و، هەڵوەشاندنەوەی یەکەکانی حەمیدییە و، دووبارە کارکردن بەدەستووریان دەکرد، هەروەها ڕاپەڕینی دیکەی سنووردار لە ئەنادۆڵی خۆرهەلات بەرپابوون کە لە ڕێگەی قەوقازەوە کارگەریان کردە سەر بزاڤە شۆڕشگێڕیەکانی ڕووسیای ساتلی 1905ز.[2]

زستانی سالی 1906 – 1907 زۆر سەخت و دژوار بو، ئەوەبوو بەروبوومەکان خراپ بوون و، نرخەکان بەرزبوونەوە و، کەرەستە خۆراکیەکان و کەرەستە پێویستیەکانی گەرمکردنەوە کەمبوون، هەروەها قەیرانی هەڵئاوساوی ئابووری لە ماوەی سالی دوایدا بەردەوام بوو کە بووە هۆی زیادبوونی توڕەیی لەنێو چینەکانی کۆمەڵگەدا ئەم توڕەبوونە بەهۆی دواکەوتنی موچەی سەربازەکان، دامەزراوە سەربازییەکانیشی گرتەوە. وە ئەو تەنگژە ئابووری و کۆمەلایەتیان بە نیمچە ڕاڤەکردنێك بۆ ئەو دەرچوونە فراوانەی عوسمانییەکان لە دژی ڕژێم لێکدەدرێتەوە.

هەروەها ئەو پێشڤەچوونە سیاسیانەی ئەوروپاییەکان خەمە گشتییەکانی زێدەتر کرد. وە یەۆپابوونی زنجیرەیەك لە ڕووداوەکانی دەرەکی دەنگ و سەدایەکی قوڵی لەنێو کۆمەڵگەی عوسمانی دا دروستکرد. ئەوەبوو ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بەهزرەکانی خۆرئاوایی

1 - جورجو : ج 2، ص 238.

2 - جورجو : ج 2، ص 238.

کاریگەربوون سەرکەوتنی یابان لە ڕووی سەربازیەوە لەساڵی 1905ز دا[1] بەسەر ڕووسیای قەیسەریان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە وا یابان دەوڵەتێکی دەستووری یە لەکاتێکدا ئەو شکست خواردنە قەوارەی ڕووسیای شڵەژاند کە پشتی بە حوکمی تاك ڕەوانە بەستبوو کە ئەمە وای لێدەکات کە لە دوایدا ناچاربێت ڕێ و شوێنی چاکساز یەکانی دەستووری بگرێتە بەر، ئەمەش ئەوە بۆ ئیتحادییەکان دەچەسپێنێ کە بە ئاڕاستەیەکی دروست کاردەکەن.[2]

هەروەك چۆن لە یەك نزیك بوونەوەکەی نێوان ئینگلیز و ڕووسەکان سەبارەت بە فارس و تبیت و ئەفغانستان کە مەشخەڵەکانی لەساڵی 1907ز دا بە دیارکەوتن، ڕوخسارێکی دیاری کراوی وەرگت کاتێك نیقولای دوەم لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1908ز دا لە ڕیڤال بە ئیدواردی حەوتەم گەیشت[3] کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی مەترسی ئەوەی کە ئینگلتەرا وازی لە بەهەڵستی یە تەقلیدیەکەی لە دژی خواستەکانی ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی نزیك هێناوە، هەروەها حوکمی عوسمانیش لە مەقدۆنیا و لە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا هەڕەشەی نەمانی لێدەکرێ ئەوەی کە ئەو مەترسیانەی زێدەتر کرد ئەو پێشڤەچوونە دبلۆماسیەی نێوان ئەڵمانیا و نەمسا بوو کە بۆ چەند مەرامێکی سیاسی بۆ یرەودان بە هەواڵ گەلێك بوو کە پوختەکەی ئەوەبوو تەوەرەی گفتوگۆیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەر دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بووە. زیاتر لەوانەش کەشتی گەلە ڕووسییەکان دوای بە یەکگەیشتنەکەی ڕیڤال بە چەند ڕۆژێکی کەم چەند مانۆڕێکیان لە نزیك کەنارەکانی عوسمانی کە کەتبوونە سەر دەریای ڕەش ئەنجامدا.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کۆمەڵانەی کە لە دەرەوە دروست ببوون دوو کۆنگرەیان لە پاریس بەست بۆ گفتوگۆکردنی سەرکەوتووترین ڕێگا بۆ دووبارە ژیاندنەوەی ژیانی دەستووری. کۆنگرەی یەکەم لە 4 تا 9 ی مانگی شوباتی ساڵی 1902ز دا[4] بەسترا، ئەوەی دووەمیش لە 27 تا 29ی مانگی کانوونییەکەمی ساڵی 1907ز دا بەسترا.[5]

---

[1] - بگەڕێوە بۆ ئەو باسەی کە پەیوەندی بەوجەنگەوە هەیە : جرانت و تمبرلی . هەمان سەرچاوە، ج2، ص 87 – 88، 93 – 94، 106 – 107.

[2] - بگەڕێوە بۆ ئەو باسەی کە پەیوەندی بە ڕاپەڕینەکانی ڕووسیاوە هەیە : جرانت و تمبرلی، ج 2، ص 107.

[3] - هەمان سەرچاوە : ص 130 – 132، 134.

[4] - بگەڕێوە سەر ئەو باسەی کە پەیوەندی بەو کۆنگرەوە هەیە : رامزور : ص 93 – 116 کە زانیاریەکی پوخت و تەواوی لە بارەی ئەو هزرانەی تیادابە کە لەم میانەی دانیشتنەکانی ئاڵوگۆڕ کران و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

[5] - هەمان سەرچاوە : ص 140 – 142.





لەم دوو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی هەندێ لە گەلانی مەسیحی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون بەژداریان تیادا کرد. وە کۆنگرەی کۆتایی ئەو بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

- ناچار کردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە واز لە دەسەلأت بهێنێت.
- گۆڕانکاریەکی ڕیشەییانە لە ئیدارەکەی بکرێت.
- دیاریکردنی بنچینەکانی مەشروتیەت و مەشورەت.
- هەروەك چۆن کۆنگرەکە شێوەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی دیاریکرد کە دەکرا لە دژی سوڵتان بوەستنەوە، ئەوانیش :
- مقاومە کردنی چەکدارانە بۆ ستەمکاریەکان.
- مقاوەمەکردنی نێگەتیڤانە بۆ مانگرتنە سیاسی و ئابورییەکان لەوانەش مقاوەمەکردنی گەل و گروپە شۆڕشگێڕەکان.
- هۆیەکانی دیکەی کار کە بارودۆخ دەیان هێنێتە ناوەوە.[1]

ئەو پێشڤەچوونانەی ناوخۆ و دەرەوە هەلی بۆ ئیتحادیەکان ڕەخساند کە بگوازنەوە بۆ ڕۆڵی کرداریانە لە پێناو دووبارە کارکردن بە دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەکان بەبێ ئەوەی دەوڵەت تووشی لێك ترازان بێت.

هەروەها دروشم گەلی ئیتحادیەکان کە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بوو هەندێك گروپ گەلی عەرەبی کە بەرهەڵستکاری سوڵتان بوون بەرەو خۆیانیان ڕاکێشان، ئەویش بەو حیسابەی کە ئەو مەبەستانەن کە عەرەب بۆیان هەوڵ دەدەن و خوازیارن کە لەڕێگەیانەوە ئامانجەکانی خۆیان بهێنە دی.[2]

هەربۆیە ئەو گرووپانە داوای ئەنجامدانی چاکسازیی پێویستیان کرد بۆلابردنی ستەم لەسەر عەرەبەکان و لە ناوبردنی گەندەڵی و هەروەها پشتگیری ئیتحادیەکانیان کرد بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکمڕانی.

ئیتحادیەکان دیتیان کە کۆتای هاتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نزیك بووە بۆیە بڕیاریان دا لە مانگی تەمموزی ساڵی 1908ز دەست بە جوڵانەوە بکەن. وە لەپێشەوەی ئەو هێزانە ڕاوەستان کە دەیانتوانی پەنایان بۆ ببەن کە بریتی بوون لە هەردوو فەیلەقی دووەم و سێیەم کە سەربازگەکانیان لە ویلایەتەکانی سالۆنیك و

---

[1] - رامزور : ص 142.

[2] - حلاق : هەمان سەرچاوە، ص 292.

مۆناستیر و کۆسۆڤۆ بوو لەگەڵ فەبلەقی چوارەم کە سەربازگەکەی لە ئەرزەڕۆم بوو. ئنجا شۆڕشیان ڕاگەیاند.

له 23ی تەممووزدا سوپای سێیەم له سالۆنیك به سەرۆکایەتی ئەحمەد نیازی، کە سەرکردەی قەڵای ڕسنه یوو، یاخیبوو، وە شۆڕشی ڕاگەیاند و هەڕەشەی شاڵاو هێنانە سەر پایتەختی کرد، هەروەها لە بەیانی هەمان ڕۆژدا خەڵکەکە لەسەر بانگهێشتی ئیتحادیەکان لەناو شار کۆبوونەوە ه بۆ ڕاگەیاندنی یاسای بنەڕەتی و ئازادی و هەموویان به یەك دەنگ هاواریان دەکرد (یان ئازادی یان مردن).

سەرانی ئیتحادیەکان فرەلایەنی و فرە ئارەزووەکانی ئەم ئاپۆڕەیان قۆستەوە و گوتاریان بۆدا. ئەو گوتارانه بەوە جیا دەکرانەوە کە بە چەند زمانێکی جۆراوجۆر بوون، که هەریەك له غالب ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی گوتاریان به زمانی تورکی دا و مانۆیل قرەصوی جولەکەش بە زمانی جولەکەی – ئیسپانیای و ڕۆسۆ ئەفەندیش بە زمانی فەڕەنس دوا.[1]

هەروەها هەریەکە لە ئەنوەر پاشا و مستەفا کەمال و سەرکردە سەربازیەکانی دیکەش لەگەڵ تیپەکانیان هاتنە پاڵ بزاڤە یاخیبوونەکەوە، هەرخێرا دەستیان بەسەر شاری مۆناستیر دا گرت که بارەگای سوپای یەکەمی تێدابوو.[2]

بروسکە لەسەرجەم یەکە کارگێڕی و سەربازیەکانەوە ئەوانەی کە لە ویلایەتەکانی مەقدۆنیا هەبوون بۆ پایتەخت کرا کە داوای مەشروتیەتیان دەکرد، وەهەڕەشەی شاڵاو هێنانە سەر پایتەختیان دەکرد ئەگەر بێ و سوڵتان دەستوور ڕانەگەیەنێت.[3]

ئەنجامی ئەم پێشڤەچوونانەش شتێکی ئەستەم بوو کە سوڵتان فەیلەقی یەکەم کە سەنگەریان لە نێو ئەستەنبوڵ دا بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستوور خوازەکان بنێرێ، چونکە نەدەبوو پایتەخت لەسەربازەکان دابماڵدرێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەفسەرانی ئەو فەیلەقە سەر بە بزاڤی دەستووری بوون.

دەستوور خوازەکان لە بەرانبەر کەم تەرخەمنی سوڵتان بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریەکانیان جوڵانەوەی کرادریانەیان دەست پێکرد. ئەوبو گروپ گەلێکی

1 - هەمان سەرچاوە : ص **296** – **297**.

2 - Lewis : Emergency , op, cit, p. 203.

3 - محمد فريد بك : ص 707.





تیرۆرستیان بۆ مقاوەمەکردنی کارەکانی حکومەتی ناوەندی دروست کرد[1]، لەوانە گروپی نیازی و گروپی ئەنوەر گروپی رائیف بوون، پاشان پلانێکیان بۆ جوڵانەوە داڕشت، سوڵتانیش ڕووبەڕوویان بۆوە بەوەی کە شەمسی پاشای بۆشوێن هەڵگرتنی شوێنکەوتوانی نیازی و، دامرکاندنەوەی شۆڕشی مەقدۆنیا نارد،[2] بەڵام ئەو بەرلەوەی چالاکی یەکەی دەست پێ بکات کوژرا. ئەو کاتەش سوڵتان سی تیپی لە تیپەکانی ڕەدسف نارد، بەڵام ئەوانیش چوونە پاڵ دەستوور خوازەکان و ڕیزەکانیان بەهێز کردن کە بەوەرچەرخانێك لە ڕێڕەوی یاخیبوونەکە دادەنرێ.

وە لەبەر ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی کە دەوری بزاڤی یاخیبوونەکەی دابوو، سوڵتان هیچی بۆ نەمابۆوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دووبارە کار بە دەستوور (یاسای بنەڕەتی) و ژیانی نوێنەرایەتی بکات ئەوەش لە 24ی مانگی تەممووزی ساڵی 1908ز بوو، وە ئەم یاخیبوونە سەربازیەش بە (کودەتای دەستوری) ناوی برا.

بەم شێوەیە ئیتحادیەکان لەڕێی هەندێ لە یەکەکانی سوپاوە مەرامەکانی خۆیان بەدەست هێنا لەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی سەر لەنوێ ببێتە دەوڵەتێکی دەستووری، بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر توندو تیژی. جا ئەندامانی کۆمەڵەکە لەناوەوەو دەرەوەدا لە پایتەختی وڵاتدا گەیشتنەوە یەك، وە سەربازی و مەدەنییەکان بەپێ ی داڕشتنی دەستکەوتەکان ڕۆیشتن و، کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقیش لە ڕوانگەی گەلەوە نوێنەراغیەتی هێزێکی مەزنی دەکرد.[3] هەروەها بەند کراوە سیاسیەکان ئازاد کران و کۆت و بەندە سەپێنراوەکان لەسەر دوورخراوەکان هەڵگیران و هەندێ کەسی سەردەمی حوکمی تاك ڕەوانەش دەستگیر کران.

لە ڕاستیدا ئەو مەشروتیەتەی دووەمە لە دایکبووی مەنگیەکی دوور و درێژ و بزاڤێکی بەرفراوان بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرە مەدەنیەکان و سەربازیەکان بەشداریان تێدا کرد و، ڕای گشتی لەسەرجەم ویلایەتەکان قبوڵیان کرد، سەرەڕای ئەوەی کە دەستوورەکە بە کەموکوڕیەکان داپۆشرابوو، بەڵام لە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ بەهۆی پێشڤەچوونی کات و گەشەسەندنی هەستی نیشتمانپەروەریەوە ڕونبۆوە.

1 - گوران، مصطفى : اسرار الانقلاب العثمانى : ص29.

2 - رامزرو : ص 148.

3 - برو : ص 69.

هەروەها لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە لەناکاو خێرایە، هەندێ لە سەرکردەکانی ئیتحاد وایان دەبینی کە لەگەڵ بەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی لە بەرنامە بزاڤیەکە، لەسەر لیژنەکە پێویست دەبێت کە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

بەڵام زۆرینەیان لەگەڵ ئەو پێشنیازە نەبوون و لە کاری سیاسی خۆی هەر بەدرەوام بوو، هەروەها داوای لە هەندێ کەرتەکانی سوپا لەسەرجەم شوێنە جۆربەجۆرەکانی وڵات کرد کە رووبکەنە سالۆنیك تاکو ژمارەی یەکەکانی نەیاری سولتان زیادبکات و ئامادەباسی بۆلابردنی بکرێ ئەو کاتەی کە بارودۆخ رێ بەم کارە دەدات.

وا بە دیاردەکەوێت کە هاتنە پێشەوەی سولتان بۆ دووبارە کارکردن بە دەستوور دووبارە جەماوەری بۆ گەڕاندنەوەو پێگەی بەهێزکردەوە و نەدەتوانرا لابېردرێت. لە لایەکی دیکەشەوە لەنێو ڕیزەکانی ئیتحادیەکان کەسایەتیەکی قیادی لێهاتوو شارەزا لەکاری سیاسی بەدی نەدەکرا و هەروەها ڕێگەیان بۆ ڕام نەدەبوو کە تۆڕەکەیان بگەیەننە ئەنازۆڵ و بەلاوازی لە ئەستەنبوڵ دەهاتنە بەرچاو لە بەرئەوەی سەرکردەکانیان نیمچە نادیار بوون. بەمەش ئەندامانی ئیتحادیەکان، کە گروپێکی کودەتاچی بوون و لە سوڵتە دەترسان، ناچاربوون کە بەلایەنی کەم بۆ ماوەیەکی کاتی لەپەراوێزی دامەزراوەکان بمێننەوە. وە کەسایەتیە قیادیە تەقلیدیەکان لەپلە و پایە گەورەکاندا کاریان دەکرد. ئەوەی ڕووشی دا کودەتا بو بەڵام بەبێ ئەوەی بەهەقیقی دەسەڵات بگوازرێتەوە.(1)

لەو کەشو هەوایەی کە پڕبوو لە خۆشی، هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی بۆ هەردوو ئەنجومەنی مەبعوسان ئەنجام درا. لیژنەی ئیتحاد و تەرەقی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کرد کە هەوڵیدا بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوەی پاڵێوراوەکانی و، بەدیهێنانی بەرزبوونەوەی ڕەگەزی تورکی لەسەر حیسابی ڕەگەزەکانی دیکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕەگەزە لە ڕووی ژمارەوە زۆرینەی پێك نەدەهێنا.(2)

پەڕلەمان یەکەمین دانیشتنی خۆی لە 17 ی مانگی کانوونییەکەمی ساڵی 1908ز دا بە ئامادەبوونی سوڵتان ئەنجام دا کە گوتاری تەختی پاشایەتی دا. وە کەش و

[1] - مێژووی دەوڵەتی عوسمانی . بەسەرپەرشتی ڕۆبێر مانتران. بەرگی دووەم . پاژی چواردەهەم . مردنی ئیمپڕاتۆریەت: بە پێنووسی پۆل دۆمۆن و فرانسووە جۆجو، ص 245 – 246.

[2] - بگەڕێوە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە سیاسەتی ئیتحادیەکانەوە هەیە لە بەرانبەر هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە : برو، ص 102 – 107.





هەوایەکی نالەبار دانیشتنەکەی داپۆشی ئەمەش لەبەر فەشەل هێنانی ئیتحادیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی دەرەکی بە تایبەتی کاتێك بولگاریا لە 5 ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1908ز دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و، نەمسا – مەجەڕیش بۆ ڕۆژی دواتر بەخۆوە لکانی بۆسنە و هەرسکی ڕاگەیاند، هەروەها کریتیش چوونە پاڵ یۆنانی ڕاگەیاند. بەمە ئیتحادیەکان ناچاربوون کە واز لە زەوی گەلێك بهێنن زیاتر لەوەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وازی لێهێنابوو، بەمەش متمانە پێکردنیان درزی تێکەوتوو لەت و پەت بو سەیریش نیە کەوا بەڵگە گەلە یەکەمینەکانی دژە بزاڤێك دوا بە دوای ئەو قەیرانە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدەن.

هەر لە ڕۆژی یەکەمی مومارەسە کردنی دەسەڵات لەلایەن ئیتحادیەکانەوە نیشانەکانی بێزاری و وەڕەس بوون لەلایەن سوڵتانەوە بە دیار کەوتن کە لەلایەکەوە بچووکبوونەوەی ڕۆڵی و، لەلایەکی دیکەوەش سەرکەوتنی ئیتحادیەکان لە ڕاکێشانی ژمارەیەك لە ئەندامانی پەڕلەمان بۆنێو ڕیزەکانیان کە ئەحمەد ڕەزایان لەنێو دا هەبوو کە کەسێك بوو زۆر ڕەخنەی لێدەگرت، سەغڵەتیان کردبوو، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ئیتحادیەکان و کامل پاشای سەدری گەورە تێك پێك چوو ئەو کەشەی کەوا نوێنەرایەتی نەزعەی کۆنی دەکرد، کە هەوڵیدا بۆ پتوکردنی دەسەڵاتی خۆی سوود لەو قەیرانە سیاسیە وەرگرێ. ئەوەبوو پیاوانێك لە شوێن کەوتووانی خۆی لە هەردوو وەزارەتەکانی جەنگی و دەریایی دامەزراند، بەڵام ئەوە بوو ئەو لە دوای ئەوەی متمانەی لێ سەندرایەوە لە دەسەڵات لادرا. جا سوڵتان حوسێن حیلمی پاشای لە شوێنی ئەو دامەزراند کە خاوەن ئابڕوویەکی چاکبوو لەنێو ئیتحادیەکان.

## دژە بزاڤ و ئەنجامەکانی – لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

دەوڵەت لەو ماوەیەدا لاوازی لە دوای لاوازی ڕووی تێدەکرد. پاشان کەش و هەوای پڕ لە خۆشی زۆری نەبرد دووبارە ناخۆشی ڕووی تێکردەوە بەهۆی تووشبوونی ڕژێمی حوکمڕانی نوێ بەچەندین نسکۆوە لەوانەش گرنگترینیان بزاڤی (13) سێزدەی نیسانی ساڵی 1909ز بێت.[1]

لە ڕاستیدا ئیتحادیەکان لە ماوەی مومارەسەکردنی حوکمیاندا چەند هەنگاوێکیان هاویشت کە بوونە هۆی دژوار کردنی ژیانی سیاسەتی نوێ و، هەلیشیان ڕەخساند بۆ ڕوودانی دژە بە بزاڤێك لەو هەنگاوانەش:

- ئیتحادیەکان بڕیاری لێبووردنی گشتی و ئازادکردنی تەواوی زیندانیەکانیان دا کە لە نێوانیاندا بکوژ و دز و جەردەشی تێدابوو[2] کە ئەم کارە بێزاربوونێکی گشتی لەنێو ناوەندەکانی گەلدا دروست کرد.
- ئیتحادیەکان ژمارەیەك لە گەورە ئەفسەرانیان لە خزمەت مەرەخەس کرد ئەوانەی کەوا بەهۆی درێژی ماوەی خزمەتیان و قوربانیدانیان پلەیان بەرزبێوە ئەمەش بە بیانووی ئەوەی پلەی زانستیان بەدەست نەهێناوە. ئەوانە مەرەخەس کران بەبێ ئەوەی قەرەبوو بکرێن یاخود مووچەیان بۆ ببڕێتەوە کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕقیان هەڵسێ و بچنە پاڵ ڕیزەکانی ئەوانەی دژایەتی ڕژێمیان دەکرد ئەمەش بووە هۆی دابەش بوونی سوپا.[3]
- ئیتحادیەکان یاسای بە سەربازکردنی زۆرەملێ یان بەسەر قوتابیانی قوتابخانە شەرعیەکاندا سەپاند لە دوای ئەوەی کە ئەوانە لە سەربازی کردن بووردرابوون کە بووە هۆی تووڕەبوونیان و چوونە پاڵ ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.[4]
- سەرجەم ئەوەی ئیتحادیەکان لەماوەی نۆ مانگی دوای کودەتاکەیان ئەنجامیان دا خۆئامادەکردن بوو بۆ لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دوورخستنەوەی. وە نوێنەرێکی ئیتحادیەکان لە سالۆنیکەوە هاتە پایتەخت و،

[1] - ئەو بزووتنەوەیە بە بزوتنەوەی سی و یەکی ئازار ناوبرا چونکە لە کۆتایی ئەو مانگەدا بەپێ ی ڕۆژمێری ڕرمی (خۆرهەلاتی) بەرپابوو کە لە ڕۆژمێری زاینیدا بەرانبەر 13 ی نیسانە.
[2] - طوران : هەمان سەرچاوە، ص 30 – 31.
[3] - هەمان سەرچاوە.
[4] - طوران : ص 35.





چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرانی کۆمەڵەدا گرێ دا و هەر دوا بە دوای ئەم کۆبوونەوانەش بڕیاردرا کە کار بکرێ بۆ دروستکردنی بەرهەڵستی یەکی چەکدارانە بۆ لابردنی سوڵتان و محەمەد ڕەشادی وەلی عەهد لە شوێنی ئەو دابنرێت.[1]

- ئیتحادیەکان هەستان بە تیرۆرکردنی حەسەن فەهمی ڕۆژنامە نووس لە مانگی نیساندا کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەربەستی بەرهەڵستکار بوو ئەمەش لەبەر بەژداری کردنی لەهەڵمەتێکی دژە ڕاگەیاندن کە جۆش و خرۆشێکی گشتی لەنێو ناوەندەکانی گەلی بەرهەڵستکاردا دروستکرد.[2]

لەواقعیشدا ناڕەزایی کۆتایی بە گرژیەکان نەهێنا، وە هەر لەسەرەتاوە ڕەوتێکی ڕوون و ئاشکرای ئایینیانەی گرتبووە بەر. ئەوە بوو قەیرانی دبلۆماسیانەی[3] تشرینی یەکەمی ساڵی 1908ز لە مانگی ڕەمەزاندا ڕوویدا ئەمە لە کاتێکدا حەماسەتی ئایینی تیایدا بە لوتکەی بەهێزی دادەنرێ. وە لە حەوتی هەمان مانگدا ئاپۆرەیەك لە خەڵکان بەسەرۆکایەتی یەکێ لە دەروێشەکان ڕوویان کردە کۆشك بۆ ئەوەی داوا لە سوڵتان بکەن شەریعەتی محەمەدی زیندوو بکەنەوە، هەروەها پڕوپاگەندە لە دژی ئیتحادیەکاندا بڵاوبۆوە لە دوای ئەوەی کە تۆمەتی ئەوەیان درا پاڵ کە قەوارەی ئایینیان تێکداوە و پیاوانی ئایینیان زیندانی کردووە کە تا ئەو کاتەش کاریگەری بەهێزی لە دڵەکاندا هەبوو، هەروەك چۆن پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبۆوە کە وا بزوتنەوەکەی ساڵی 1908ز هۆیەکەی بۆ دەستێوەردانی وڵاتە بێگانەکان دەگەڕێتەوە و هەروەها هەندێ لە وڵاتە ئەورووپاییەکانیش دەستیان تێدا هەبووە.

بەرهەڵستکارە ناتورکەکانی ناو پەرلەمان ئیتحادیەکانیان بە فەرزکردنی دکتاتۆریەت و کاریگەریان لەسەر سوپا تۆمەتبار کرد بەوەی وازیان لە نموونەی باڵای نەزعەی عوسمانی بە تەنیا بۆ حیسابی تورکەکان هێنا، هەروەها موراد بەگ لە ڕۆژنامەی ((میزان))دا هەستەکانی ئایینی وروژاند و داوای یەکسانی لەگەڵ ناموسڵمانەکان و ئازادی ئافرەتی دەکرد بەو وەسفەی کەوا لەگەڵ داب و نریتەکان ناگونجێن، لەولاوەش بزووتنەوەی یاخیبوون بە فیتی جولەکە لە مەقدۆنیا دەستی پێکرد، وە لەوانەشە ئەو

[1] - هەمان سەرچاوە : ص 42.
[2] - نوری، عثمان : هەمان سەرچاوە، ج1، ص 1181، الاعظمی، أحمد عزت، القضیة العربیة، ج 1، ص 84.
[3] - الازمة السیاسیة الناتجة عن استقلال بلغاریا وضحی لنمسا – المجر للبوسنة والهرسك والضمام کریت الی الیونان.

دیاردانە بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە عەرەبکان داوای پشتگیری کردنی سولّتان عەبدولحەمیدی دووەم بکەن.

هەروەها هێزی دژکار لە سەرەتاکانی نیسایندا خۆی ڕێکخستەوە و کۆمەڵەی یەکێتی موحەمەدی لەسەر دەستی دەروێش وەحدەتی دا دروست کرد کە لەژێر پەردەی غیرەت جووڵان بۆ ئایین کاری دەکرد. وە ڕۆژی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێ)ی لە پێنجی مانگی نیساندا هەڵبژار بۆ وادەی ڕاگەیاندنی بەرنامەی کۆمەڵەکەی کە بانگەوازی بۆ نموونە هەر باڵاکانی ئیسلامی دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیتحادیە عیلمانییەکان.

هەروەها لە دوای پێگەیشتنی فاکتەرەکانی بزاڤی دژە کار لە شەوی 12 لەسەر 13ی نیسانیساڵی 1909ز دا خۆپیشاندان لە پایتەخت دا ئەنجام درا کە دەروێشەکان پێش نوێژی مزگەوتەکان کۆمەڵێك لە زانا ئایینییەکان پێشەوایەتیان دەکرد، هەروەها هەندێ لە پیاوانی سەربازی و شێخەکان و قوتابیانی پەیمانگا ئایینیەکان و کۆمەڵە کەسێکی زۆر لە تێکەڵاوی خەڵکان ئەوانەی کەوا تازە لە زیندانەکان ئازاد کرابوون بەژداریان تێداکرد. خۆپیشاندەرەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی مەشروتیەت و، ڕاگەیاندنی شەریعەتی محەمەدی و، پارێزگاری کردنی سولّتان و، ڕووخاندنی ئەو حکومەتەی ئێستا و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرایان دەکرد. وە بەگژ ئەنجومەنی مەبعوسان دا چوون کە بە دوای ئەحمەد ڕەزای سەرۆکەکەی دا دەگەڕان و هەروەها نازم پاشای وەزیری دادیان کوشت. وە ئەو بزاڤە دەست بەجێ لەلایەن گەلەوە پشتگیری کرا کە هەموویان بەیەکەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستووریان کرد ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە پرانسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامیی کەتوونەتە مەترسی یەوە.

هەروەها دەروێش وەحدەتی توانی سەربازە سەنگەر گرتووەکانی ناو پایتەخت ئیغزا بکات کە بێنە پاڵ بزاڤی دژە کار و ئەوەی خستە خەیاڵ و مێشکیانەوە کە مەشروتیەت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییەو و لە ژێر ناچار کردن و فشارەوە ڕاگەیەندراوە و، خەلیفەی موسڵمانانیش بەو قۆناغە تازەیە ناڕازی یە و، هەروەها ئەرکی ئایینی دەخوازێ کە یاسای بنەڕەتی هەڵبوەشێتەوە و شەۆیعەتی موەحەممەدی ڕابگەیەنرێ[1].

[1] - برو : ص 119.





خۆپیشاندەرەکان لەناو خۆیاندا شاندێکیان پێکهێناو چوونە دیدەنی سولّتان و داوای ئەوانەی خوارەوەیان لێکرد:-

- زینووکردنەوەی شەریعەتی محەمەدی.
- لابردنی سەدری گەورە و هەردوو وەزیری جەنگی و دەریایی.
- دەرکردنی ئەحمەد ڕەزای سەرۆکی ئەنجوومەنی مەیعوسان و دوورخستنەوەی حوسێن جاوید و ڕەحمی و تەڵعەت و ئیسماعیل حەقی و هی دیکەش لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە.
- بڕیاری لێبووردنی گشتی دەربکرێ بۆ ئەو کەشانەی کەوا بەژداریان لەو بزاڤە دژە کارەدا کردووە.[1]

ئەو بزاڤە دژەکارە قەیرانێکی سیاسی مەترسیداری دروست کرد، چونکە کاری پەڕلەمانی ئیفلیج کرد و، وەزیری جەنگیشی دەستە وەستان کرد لە گرتنە بەری هەر ڕێ و شوێنێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو خۆپیشاندەرانە، هەروەها حیلمی پاشا خێرا لە دەست لەکار هەڵگرتنی خۆی پیشکەش کرد.

هەروەها سولّتان لە قەیرانەدا هە لێکی بەدی کرد بۆ گەڕاندنەوەی توانا و دەسەڵاتەکانی بەڵام ئەو خواستەی لە قۆزتنەوەی بۆ لەناوبردنی دەسکەوتەکانی دەستووری بە ئاشکرا وەدەر نەخست[2] وە وەکو وەلامدانەوەیەك بۆ داواکاری خۆپیشاندەرەنکان فەرمانێکی بۆ پەڕلەمان دەرکرد کە ڕێز لە شەۆیعەتی ئیسلامی بگرن.

لە ئەنجامی ئەو پێشڤەچوونانەش ئەنجوومەنی مەبعوسان کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایان گرێدا کە تیایدا بڕیاریان دا بەدەنگ داواکاریەکانی بزاڤ کارەکانەوە بچن و شاندێکی نوێنەرایەتیان پێکهێنا ئەم بڕیارەیان بەو سولّتان ڕاگەیاند. وە بەکردار سولّتان وەڵامی ئەو داواکاریانەی دایەوە، هەروەها وەزارەتێکی نوێ ی بە سەرۆکایەتی تۆفیق پاشای سەدری گەروە پێکهێنا و ئەدهەم پاشاشی کردە وەزیری جەنگ و هەروەها بڕیاری لێبووردنیشی بۆ ئەوم سەربازانە دەرکرد کە پشکداری خۆپیشاندانەکانیان کردبوو[3]، وە ئەنجوومەن دووبارە کۆبۆوە و لە میانەیدا دەست لەکار هەڵگرتنی ئەحمەد ڕەزای سەرۆکی قبوڵ کرد.

[1] - نوری، عثمان : ج 3، ص 1181. محمد فرید بك : ص 707.
[2] - برو : ص 121.
[3] - محمد فرید بك : ص 707 . برو : ص 120.

ئەوەی ئاشکرایە بزاڤی دژەکار ئامانجی گەڕانەوە بۆ حوکمی تاکڕەوانەی پێشوو نەبوو ئەگەرچی هەندێ کەس لەنێو ڕیزەکانیدا هەبوون کە پشتگیریان لەو ڕەوتە دەکرد بەڵکو دژایەتی مومارەسەکانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی و زوڵم و زۆریەکەیان دەکرد کە شوێنی حوکمی تناك ڕەوانەیان گرتبۆوە.

دیارە کە لەدواوەی ئەو بزاڤە دژەکارەوە چەندین گروپی خاوەن ئامانجی جۆراوجۆر هەبوون کە یەك ئئامانج کۆی دەکردنەوەن ئەویش لەناوبردنی ئیتحادیەکان بوو، لەوانەش:

- کۆمەڵێ حیزبی ئازادیخواز ئەوانەی کەپێشتر سەر بە بزاڤی تورکیای فەتات بوون، کە چالاکیان ئیفلیج ببوو، وەکو سەباح ئەلدین، یاخود لە دەسەڵات دوورخرابوونەوە، وەکو کامل پاشا. وە ئەو کۆمەڵە خێرا توانیان ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە ئیتحادیەکان چۆڵیان کردبوو.
- کەمینەگەلێکی مەسیحی کە لە پەیڕە و پڕۆگرامی ئیتحادیەکان مەترسیان زیادی کردبوو.
- ئەلبانیەکان کە مەترسیان لە ڕەوت گەلی ناوەندی و نەتەوەیی ئیتحادیەکان پەیدا کردبوو.
- ئەفسەرانی ڕژێمی پێشوو کە لە مانگی تەممزی ڕابردووەوە لە خزمەت مەرەخەس کرابوون.
- ئەو بیرۆکراتیانەی کەوا لە دەسەڵات وەدوور خرابوونەوە.

بەڵام سولڵتان ڕۆڵێکی کارای لە چالاککردنی بزاڤە تازەکە نەبوو، بەڵکو تەقینەوەی شۆڕش پالی پێوەنا بۆ هەوڵدان بۆ سوودمەندبوون لە بارودۆخە تازەکە ئەم کارەشەی دەبووە هۆی تۆمەتبارکردنی لەلایەن ئیتحادیەکانەوە کە لە دوایدا ڕووخاندیان.[1]

ئەوە ماوەتەوە باسی بکەین ڕۆڵی هەریەکە لە جولەکە و ئیتحادیەکانە لەو بزاڤەدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بزاڤە لە دژی حوکمی ئەوان دروست بوو بێ گومان ئامانجی جولەکە ڕووخاندنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، چونکە بووە کۆسپێك لە بەردەم بەدی هێنانی مەرامەکانیان، لەکاتێکدا ئیتحادیەکان ویستیان چنگیان بەسەر کورسی دەسەڵات بەهێز بکەن و نەیارەکانیشیان ەلەناو ببەن، هەروەها چاویشیان لە ئاست

[1] - دومون و جورجو : هەمان سەرچاوە، چ2، ص 251 – 252.





لابردنی سوڵتان بنوقێن و حوکم بە تەنیا بۆ ئەوان بێت. هەر بۆیە هەروو لایان بارودۆخە شلەژاوەکەی پایتەختیان قۆزتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان لە ڕێگەی دەست تێوەردانێکی ئیتحادیانەی سەربازی ڕاستەوخۆ بهێنەدی. بۆ یە گرفتەکەیان بەرەو قەیران پاڵنا بەوەی کە شوێنکەوتووەکانی کەوتنە کوشت و بڕ کردنی هاووڵاتی یەکان لەناو شەقامەکاندا و هەروەها گاڵتەیان بە پیاوانی ئایینی کرد و دەستیان بەسەر کۆشکەکاندا گرت و تالانیان کردن.[1]

لەواقیعدا سەرکەوتنی نەیاری ئیتحادیەکان بەسەرکەوتن لەقەڵەم نادرێ چونکە ئەو بارودۆخە تازەیە کە لە تەقینەوەی قەیرانەکە دروستببوو هەر لە پایتەختدا پەنگی خواردبۆوە. هەرچی ویلایەتەکانی مەقدۆنی بوو کە لانکەی مەشروتیەتی دووەم بوون، هەر لەسەر پشتگیری کردنی سەردەمی نوێ مابوونەوە ئەوەی کە حوکمی سوڵتانی بە حوکمی ئیتحادیەکان گۆڕیەوە.

ئیتحادیەکان بەکارێکی سەربازی خێرا و یەکلاکەرەوە ڕووبەڕووی ئەو بزاڤە دژە کارەی حوکمیان بوونەوە. ئەوە بوو جووڵەیان بە سوپای سالۆنیك بە سەرۆکایەتی مەحمود شەوکەت کرد کە ئەم بزاڤەی بەهەڕەشە کردنێك بۆسەر بناغەی سەرەکی دەوڵەتە تازەکە دەبینی. بۆیە شالاوی بردە سەر پایتەخت بۆ لەناوبردنیان. وە ئەم سوپایە بە (بزاڤە سوپا) (جيش الحركة) ناسرا[2] جا لە 24ی مانگی نیسانی ساڵی 1909ز گەیشتە پایتەخت و کۆشکی (یەڵدز)ی گەمارۆدا و حوکمی عورفی ڕاگەیاند و دادگای تایبەتی بۆ دادگای کردنی بکوژەکان دامەزراند.

هەروەها ئەندامانی ئیتحادیەکان کە جولەکەشیان تێدا بوو لە (سان ستیڤانو) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا سوڵتان عەبدولحەمدیی دووەم لاببەن لە دوای ئەوەی کە بە بەر پرسیاری تەقینەوەی بزاڤی دژەکاریان دانا. وەەفشاریان خستە سەر (محەمەد زیائەلدین)ی موفتی ئیسلام بۆ ئەوەی فەتوایەك بۆ لادانی دەربکات. پاشان شاندێکیان ناردە کۆشکی یەڵدز کە دەستەیەکیان پێکهێنابوو بە سەرۆکایەتی عارف حیکمەت پاشاو بە ئەندامیەتی هەریەك لە ئەسعەد تووتبانی پاشا و غالیب پاشا و ئارام ئەفەندی ئەرمەنی و قرەسووی جوولەکە بۆ ئەوەی بڕیاری لادانی پێ ڕابگەیەنن.

[1] - أتلخان : الخطر المحيط بالاسلام : هەمان سەرچاوە، ص137 . الاسلام وبنواسرائيل : هەمان سەرچاوە، ص 172.
[2] - یادەوەریکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : ص 194.

سوڵتان ڕقی هەڵسا کاتێك قرەسووی لەنێو ئەندامانی شاندەکەدا دیت و ئامادەبوونی ئەوەی بە سوکایەتی پێکردنی پایەی خەلافەت دانا. جا چاوی تێبڕی و گوتی (ئەو جولەکەیە لە نێو پایەی خەلافەتدا چی دەکا و، بە چ مەبەستێك ئەو پیاوەتان هێناوەتە بەردەمم).

وەهەرچۆنێك بوو ئیتحادیەکان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە و پاشان بۆ سالۆنیك[1] دووریان خستەوە و لە جێگەی ئەودا محەمەد ڕەشادیان دانا.

جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێچرایەوە و گۆڕەپانەکە بۆ پیاوانی ئیتحاد و تەرەقی چۆڵ بوو ئەوانەی کە کۆمەڵەکەیان لە ڕیکخراوێکی نهێنییەوە بۆ حیزبێکی سیاسی ئاشکرا گۆڕی و، بە تەنیا جڵەوی حوکمیان گرتە دەست و، سوڵتان محەمەدی پێنجەمیش ڕێگەی پێدان کە بەناوی ئەوەوە حوکمڕانی بکەن.

شەشەم: چاکسازیەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەڕووی ڕێکخستنەوە:

ولاَتانی عوسمانی لەماوەی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا چەندین چاکسازیان بەخۆیانەوە بینی هەرلەبوژانەوەی کشتوکاڵ و, نویێ کردنەوەی پیشەسازی و,چالاك کردنی بازرگانی و,چاکسازی کردنی دادگاوفێرکردنی مەدەنی وهونەری وسەربازی و,بەهێزکردنی سوپاو کەشتی گەلییە جەنگی یەکان و, دامەزراندنی زانکۆی ئەستەنبوڵ و,بایەخدان بەتەندروستی گشتی و,ڕێگەکانی گەیاندنی هێڵی ئاسنی وبروسکەو پۆستەو دەریاییەوە بگرە,هەتا دەگاتە چاکسازیەکانی دیکەش.ئاشکرایە کەچاکسازیەکانی ئەو سوڵتانە لەبوار گەلەچاکسازیەکانی ناوخۆدا گەیشتە لوتکە ,وە ئەوچاکسازیانە سەلماندیانکەواسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پیاوێکی چاکسازی بەتواناو کارگێڕێکی کارامە بووە ,هەروەها لەکاروبارەکانی حوکمڕانیش دووربین بووە.ئێستاش ئاماژەیەکی کورت بە هەندێ لەو چاکسازیانە دەدەین :—

[1] - بگەڕێوە سەر ئەوەی پەیوەندی بە ڕووداوی هێنانە خوارەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەیە : یادەوەریەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ص 201 – 210. بادەوەریەکانی ئەمیرە عائیشە : ص 235 – 251. باتریك : هەمان سەرچاوە، ص 141 – 145.





## فێرکردن:

لەنێو چاکسازیەکاندا فێرکردن بە قۆناغە جۆراوجۆرەکانییەوە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە زۆرترین بایەخی پێدرا. وەلەمیانەی مومارەسەکردنی حوکمڕانیەکەی دا ئەو سوڵتانە ڕووبەڕووی گرفتێك بوویەوە ئەویش بریتی بوولە وەلانانی ژمارەیەك لەو ڕۆشنبیرانەی کە شیاوی ئەوەبوون وەزیفە مەدەنییەکانیان پێ بسپێردرێت ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە دەوڵەت هەرلە بنەڕەتدا گرنگی بە دامەزراندن و بەهێزکردنی سوپا داومۆرکێکی سەربازیانەی ڕووت بەسەر دام ودەزگاکانی دا زاڵ ببوو.وە پیاوەسەربازەکان هەروەك چۆن لەپۆستە سەربازیەکاندا کاریان دەکرد ئاواش لەپۆستە مەدەنییەکانی دەوڵەتدا بەتەواوی کاریان دەکرد.

لەڕاستی دا دەوڵەت لەماوەی قۆناغەکانی مێژووی دا چالاکی فێرکردنی مەدەنیی فەرامۆش کردبوو تەنیا لە چوارچێوەی ئەو قوتابخانانە نەبێ کەسەربە دەزگای ئایینی ئیسلامیی بوون کە پرۆگرامەکانیان بەبۆیەی ئایینی ئیسلامیی بۆیەکرابوو[1].وەلەپاڵ ئەو قوتابخانانەش قوتابخانەی گەلانی دیکە هەبوون کەگرووپە ئایینییە نائیسلامیەکان یاخود نێردە موژدەدەرەکانسەرپەرشتیان دەکردن,بەلاَم زۆر دوور بوو لەوەی خزمەتی دەوڵەت بکەن.

لەبەرانبەر ئەو ناڕێکییەی کە لە فێرکردندا هەبوو سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کاری کرد بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی هەردوو فێرکردنەکەی مەدەنی وسەربازی.بۆئەم مەبەستە قوتابخانەکانی ناوەندی وبالاَو پەیمانگا هونەریەکانی دامەزراند بۆئەوەی لاوانی عوسمانی تیایاندا دەربچن وئامادەیان بکات بۆ وەرگرتنی پۆستە حکومیەکان وبوژانەوەی دەوڵەت[2]. ئەمە لەپاڵ گرنگی دانی بە فێرکردنی سەربازی و, هێنانی نێردەی سەربازی لە دەرەوە بۆ ڕێکخستنی سوپاو پەرەدان بەدامودەزگاو چەکەکانی.

هەروەها سوڵتان بایەخێکی یەکجار زۆری بەو قوتابخانەیەدا کەلە ساڵی 1859ز لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمدا دامەزرا بووکە ئامادە کردنی فەرمانبەرە مەدەنییەکانی پێ سپێردرابوو بۆ کارکردنیان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت.جائەو بەپێی نەخشەیەکی زانستی سەر لەنوێ ڕێکی خستەوە و بە پرۆگرامە دیراسە تازەکان کردیە قوتابخانەیەکی سەردەمیانەی نوێ. وە دەزگاکانی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە پایتەختدا

[1] - Findaley . Vaughn Carter : ottoman civil off icialdom : pp. 132 - 133.
[2] - Shaw: op. cit, II, p. 249.

دادەنیشتن خستە سەر پشت و هەروەها بۆ ئەوانەشی کە لە هەرێمە جیاجیاکانی عوسمانی بۆی دەهاتن، هەروەها سوڵتان هەموو ئاسانکاریەکی پێشکەش کردن بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی دەوڵەت لەناو ئەو قوتابخانەیەدا بمێننەوە تا هاتنی ساڵی 1885ز ئەو قوتابخانەیە بووە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری گرنگ.

هەروەها سوڵتان لەساڵی 1877ز دا قوتابخانەیەکی سوڵتانی بۆ کاروبارەکانی دارایی دامەزراند، هەروەها قوتابخانەیەکی مافیشی دامەزراند کە قوتابی گەلێك بۆ وەزیفە کارگێڕیەکانی لێ دەردەچوون، لەپاڵ ئەمانەش قوتابخانەی دادوەران و، قوتابخانەی هونەرە جوانەکان و، قوتابخانەی بازرگانی و، قوتابخانەی هەندەسەی مەدەنی و، قوتابخانەی پزیشکی بەیتەری و، قوتابخانەی پۆلیس و، قوتابخانەی گومرگەکانی دامەزراند، هەروەها لەساڵی 1898ز دا قوتابخانەیەکی پزیشکی نوێ ی دروستکرد.[1]

هەروەها سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەوڵ و کۆششەکانی خۆی لە خانەی فێرکاریدا خستەگەڕ ئەویش بەپەرەدان بە قوتابخانەی ئەستەنبوڵی گەورە کە لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی فاتیح دا دامەزرابوو، کە لە دوایدا بووە زانکۆی ئەستەنبوڵ. وە لەسەرەتای کاریدا چوار کۆلێژی بەخۆوە گرت کە ئەوانە بوون: کۆلێژی زانستە ئایینییەکان و وەرزشییەکان و، زانستە سروشتییەکان و زانستە ئەدەبییەکان، هەروەها هەردوو قوتابخانەی ماف و پزیشکی بە دوو کۆلێژی پاشکۆی زانکۆکە دانران.[2]

بەم شێوەیە دەوڵەت بووە خاوەن زانکۆیەکی نوێ کە لەسەر بنچینە گەلێکی زانستیانەی نوێ دامەزرابوو قوتابی گەلێکی لە پسپۆڕی یە جیاجیاکاندا دەرچواند، هەروەها بە یەکەم زانکۆی نوێ ی جیهانی ئیسلامی دانرا لەسەردەمی تازەدا.[3]

هەروەها قوتابخانە میرییە مەدەنییەکان بەدەوری خۆیان داوای دروستکردنی ژمارەیەك لە خانەی مامۆستایانی کرد بۆ ئەوەی مامۆستای لێهاتوویان لێ دەربچێ کە وانەی تێدا بڵێنەوە. وە یەکەمین خانەی مامۆستایان لە دەوڵەتدا لەساڵی 1848ز لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم دامەزرا، وە لە ساڵی 1908ز دا ژمارەیان بووە 38 خانە کە لە پایتەخت و شارەکانی ویلایەتەکان و سنجقەکاندا پەرش و بڵاو ببوونەوە.

[1] - Ibid : p. 248.

[2] - حرب : العثمانیون في التاریخ والحضارة، ص **104**. Lewis : p. 182. Findly : p. 100

[3]- Shaw: II, p. 257.





هەروەها سوڵتان ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی (ئەلڕوشدیە) (پێگەیشتووەکان)[1] ی دامەزراند کە هاوشێوەی قوتابخانە ناوەندیەکان بوو.

لەپاڵ بایەخدانی بە فێرکردنی مەدەنی، فێرکردنی سەربازیش زۆرێك لە بایەخدانەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی پێ بڕا. ئەوەبوو پاڵپشتی لەو کۆلێژە جەنگیانە کرد کە هەبوون و هەروەها قوتابخانە گەلێکی سەربازی دیکەی لەناو ژمارەیەك لە شارەکانی ویلایەتەکان دامەزراند وەکو قەتابخانەی ئەدیرنە و مۆناشێر و دیمەشق و بەغدا و هی دیکەش هەروەها قوتابخانەیەکی سەربازی دەریایی و یەکێکی دیکەش بۆ بازرگانی دەریایی دامەزراند. وە چەندین کتێبخانەی گشتی دا مەزراند و هاریکاری چاپخانەشی کرد بۆ چاپکردنی هەزاران کتێب.[2]

## دادگا :

ئاشکرایە ئەو چاکسازیە داداگایەی کەوا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پیادەی کرد هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا تان پونی کرد ئەویش لە میانەی کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی بیانی کە تا ئەو کاتەش لە دەوڵەتی عوسمانی دا پەیڕەو دەکرا. شیاوی باسیشە کە هاووڵاتیانی دەوڵەتە بیانییەکان کەوا لەسەر زەویەکانی عوسمانی دەژیان، تا ئەو کاتەش لەژێر سایەی ئەو ڕژێمەدا لەمل کەچ بووونی بۆ یاساکانی عوسمانی و دادگای عوسمانی بەخشرابوون.

لە ڕاستیدا چاکسازی دادگایی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا داواکاریەکی تازە نەبوو، ئەم داواکاریە هەر لەسەردەمی ڕێکخستنەکانەوە ورژوێنرابوو ئەو کاتی وایان دەبینی کە پێویستە کار بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێن بۆ چاکسازی و پاڵپشتی کردنی دام و دەزگای دادگایی بکرێت کە فرە جۆری هەبوو هەروەها لە پسپۆڕیەکانی و هەندێ جاریش بە نزیکبوونەوە تێکەڵاو ببوون لە پیادەکردنی یاساکان و

[1] - ئەو ناوەی بۆیە لێنراوە چونکە قوتابی یەکانی لە تەمەنی پێگەیشتن نزیکبوون. قۆناغەکانی فێرکردن لە دەوڵەتی عوسمانی دا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەم جۆرە دابەش کرابوون: قوتابخانە سەرەتاییەکان (قوتابیانی منداڵ)، قوتابخانە سەرەتاییە باڵاکان (الروشدیة)، قوتابخانە ناوەندیەکان(ئامادەییەکان) زانکۆ (خانەی هونەرەکان) بگەڕێوە بۆ **.** Finfley : p. 145

[2] - الشناوی : ج**3**، ص **1162** . . Shaw : II, p. 249.

جێبەجێ کردنی ڕێ و شوێنە یاساییەکان.[1] ئەو مەحاکمانەی هەبوو لەو کاتی دا ئەوانە بوون دادگای نیزامی[2] و دادگای قونسوڵی[3]، دادگای بازرگانی تێکەڵاو[4]،

دادگای شەرعی بۆ موسڵمانەکان و[5] دادگای میللی، ئەو دادگایانەش یەپێ ی پشپۆڕیان سەر بە وەزارەت گەلی جۆراوجۆر بوون[6].

هۆکاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ بەدیهێنانی چاکسازی داداگایی خۆی لە دەرکردنی باسا گەلێکی دادگایی تازەدا دەدیتەوە کە وای لێدەکرد دوورکەوێتەوە لە هەموو ڕەخنەیەك لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە. ئەوەبوو قوتابخانەی مافی سوڵتانی لە ساڵی 1878ز دا بۆ ئامادەکردنی پیاوانی یاسا دامەزراند. لە ساڵی 1900ز دا هەروەکو باسمان کرد بە زانکۆی ئەستەنبوڵەوە لکێنرا، هەروەها دەوڵەت پشتی بە دەرچووەکانی ئەم قوتابخانەیە بەست و لە دادگای نیزامیدا دای مەزراندن. وە دووبارە وەزارەتی دادی ڕێکخستەوە، جاخۆی سەرپەرشتی قەزاییە مەدەنی و جینایەتەکانی دەکرد جگە لە دادگای شەرعی نەبێ کە سەر بە شێخی ئیسلام بوو.

هەروەها سوڵتان بەرنامەیەکی بۆ چاکسازی دادگایی داناو داوای لە وەزارەتی داد کرد کە ڕێ و شوێنێك بگرێتە بەر بۆ دانانی یاسا گەلێك کە کاری دادگای مەدەنی بگرێتەوە و پسپۆڕیەکانی دیاری بکات، وەلیست گەلێك ئامادە بکات بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمە دادگاییەکان و، دامەزراندنی دوو سەرپەرشتیاری دادوەری لەسەرجەم ویلایەتەکاندا و، لەگەڵ دوو داواکاری گشتی لە دادگایەکانی تێهەڵچوونەوە لە ویلایەتەکاندا و، هەروەها جیاکردنەوەی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە دادگاکانی بەرایی لە ویلایەتەکاندا.

هەروەها سوڵتان دادگای پێداچوونەوە (االتمیيز) و چەندین دادگای نیزامی و بازرگانی دامەزراند بە تایبەتی لەو ویلایەتانەی کە چالاکی بازرگانیان تێدا گەرم و گوڕ بوو. وە یاساگەلێکی جێبەجێ کردنی دەرکرد کە پەیوەندی بە دادگاوە هەبوو وەکو ئەو یاسایەی کە مەرجە سەپێنراوەکانی بۆ وەرگرتنی پۆستی دادوەری و دیاریکردنی ماف و

---

[1] - الشنالوی : ج3، ص 1165.

[2] - تایبەت بوو بە کێشە جینایەتەکان و مەدەنیەککان لە نێوان هاووڵاتیانی عوسمانی دا.

[3] - چاوی بە کێشەکانی تایبەت بە هاووڵاتیانی دەوڵەتە بیانییەکاندا دەخشاند.

[4] - تایبەت بوو بەناکۆکی کردنە بازرگانیەکان کەلەنێوان هاووڵاتییە عوسمانیەکان وهاووڵاتیەکانی وڵاتانی بیانیدا یاخود لە نێوان هاووڵاتییە عوسمانییەکانی کە سەر بەڕەگەزی جۆراوجۆر بوون دروست دەبوو.

[5] - چاوی بە باری کەسێتی هاووڵاتییە موسڵمانەکاندا دەخشاند.

[6] - سەیری درێژەی ئەو باسە یکە لە لای شناوی : هەمان سەرچاوە : ج3، ص 1165 – 1166.





ئیمتیازاتەکانی دادوەرانی دیاری دەکرد، هەروەها وەکو ئەو دوو یاسایەی کە لە ساڵەکانی 1880ز و 1881ز دا دەرکابوون کە تایبەت بوون بە ڕێ و شوێنە دادوەریەکان لە دادگاکانی جینایەت و بەراییەکان. وە دەقی یاسای یەکەم ئەوەبوو کە ڕێگەی بە هیچ یەکێك لەوان نەدەدا کە پێشکەشی دادگا بکرێت مەگەر دوای لێکۆڵینەوەیەکی یەرای نەبێت.

هەروەها دوا بە دوای ئەوانە یاساگەلێکی نوێ دەرچوون کە هەندێکیان ئەرکەکانی پارێزەرانیان دیاری کرد و هەندێکی دیکەیان جێبەجێ کردنی حوکمە دادگاییەکانیان بە پیاوانی پۆلیس بەخشی و، بەشی سێیەمیشیان قەدەغەی دەستگیر کردنی تۆمەتبار یاخود پشکنینی ماڵەکەیانی دەکرد تەنیا دوای نووسراوێك نەبێ کە لەلایەن لێکۆڵەرەوە ڕێ ی پێدرابێ. لەگەڵ یاساکانی دیکەش کەوا کاری دادگاییان ڕێکدەخست. بێگومان ئەو یاسایانە ئاستێکی بەرزیان لە دادپەروەری و پاك و خاوێنی لەنێو لاشەی دادگایی دا بەدی هێنا کە پێشتر دەوڵەت هاوشێوەی ئەمەی بەچاوی خۆی نەدی بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە پیادەکردنی ئەو یاسا چاکسازیەدادوەریانە دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەمووان دەستەبەر کرد، بەڵام ئەو بیانیانەی کەوا لە زەوی عوسمانییەکاندا دادەنیشتن و، لەگەڵ ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لە ویلایەتە جۆربەجۆرەکانی عوسمانی دا هەبوون، بەهۆی پاڵنەری دەمارگیری ئایینی و حەزکردن بە تەگەرە خستنە بەر چاکسازی، ڕەخنەیان لەو یاسا و لیستانە گرت. ئەوەبوو ڕەتیان کردەوە کە لەبەردەم دادگاکانی عوسمانی دادگایی بکرێن یاخود چاو بە کێشەکانیاندا بخشێنرێت، بۆ ئەم کارەشیان پشتیان بە دوو پایەی بنەڕەتی دەبەست، ئەوانیش ئیمتیازاتەکانی بیانی و، پشتگیری کردنیان لەلایەن حوکمەتەکمانیان بوو. بەمەش دادگا بۆ دوو بەش دابەش کرا، دادگایەکی عوسمانی و دادگایەکی تێکەڵاویش کە تایبەت بوو بەکێشەکانی بیانی.

لە ئەنجامی ئەمەش دا، ئەوم چاکسازیە دادوەریەی کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا ئەنجام درا لەو لایەنەوە بەروبوومی نەبوو کەوا سەرجەم دانیشتوانی دەوڵەت بگرێتەوە.

## هۆیەکانی گەیاندن

### هێڵە ئاسنینەکان:

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم باسیەخێکی یەکجار زۆری بە فراوانکردنی هێڵە ئاسنینەکان دا. لە واقعیشدا دەوڵەتی عوسمانی تۆڕێکی هێڵە ئاسنینەکانی نەبو کە لەگەڵ پایەکەی وەکو دەوڵەتێکی گەورە بگونجێت. بۆیە بەر لە جەنگی قرم هێڵە ئاسنینەکانی دامەزراند. وە ئینگلیزەکان ئیمتیازی یەکەمیان پێ بڕا لە ساڵی 1852ز وەڕاکێشانی هێڵێکی شەمەندەفەر بەدرێژایی 452کم لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید دا هاتە تەواو کردن، کە هەر هەمووی لە ئەورووپا بوو.[1] وە لەساڵی 1861ز دا (بابی عالی) گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی فەڕەنسی – بەلجیکی مۆرکرد بۆ ڕاکێشانی هێڵە ئاسنینەکان لەناو زەویەکانی دەوڵەتدا، بەڵام ئەوکارە لە دوای دۆڕانی فەڕەنسا لە جەنگەکەی لە حەفتاکاندا (1870 – 1871)ز لە دژی ئەڵمانیا بە تەواوی پەکی کەوت.[2]

زۆربەی ئەو هێڵە ئاسنینانەی کە دامەزرا بوون بۆ بەیکەوە بستنی ویلایەتەکانی عوسمانی بە ئەستەنبوڵەوە کەتبوونە ئەورووپا و، کەمێکیشیان لە خۆرئاوای ئەنازۆڵ دا بوون[3]، ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەت هیچ هێڵێکی لە ویلایەتە عەرەبیەکانی خۆی ڕانەکێشابوو.

کاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست درێژی هێڵە ئاسنینەکان لەچەند میلێك ڕەتی نەدەکرد، بەڵام ئەو بایەخێکی زۆری بە فراوانکردنی ڕاکێشانی تۆڕی هێڵە ئاسنینەکانی دا چونکە هۆکارێکی خێرا و کاریگەری تیایاندا دیت بۆ هەستاندنەوەی دەوڵەت تا ئاستی دەوڵەتە ئەورووپاییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی دەڵەت خاوەنی شارەزاییەکانی هونەری و سەرمایەی پێویست نەبوو، ناچار سوڵتان پەنای بردە

[1] - غرايبة، عبدالكريم محمود : تاريخ العرب الحديث : ص 277. Shaw : op. cit , II, p. 226.
[2] - باتريك : سلاطين آل عثمان : ص 71.
[3] - غرايبة : ص 277.





بەر ژمارەیەك لە کۆمپانیا بیانی یە تایبەتەکان کە زۆربەیان لە کۆمپانیا ئەڵمانیەکان بوون.[1]

لە ساڵی 1885ز درێژی هێڵە ئاسنینەکان گەیشتە چەند هەزار میلێك هەروەها کاتێك ئەستەنبوڵ بە ڤیەنناوە گەیەنرا یەکەم شەمەندەفەر لە وێستگەی پایتەختی نەمساوی لە 12ی ئابی ساڵی 1888ز بەرەو ئەستەنبوڵ بەڕێکەوت کە دەوڵەتی بەناوەڕاستی ئەورووپا گەیاند کە ناونرا بە (شەمەندەفەری خێرای خۆرهەڵات)[2].

لە کۆتاییەکانی سەدەنی نۆزدەهەمدا بایەخی جدی درا بۆ بەستنەوەی ویلایەتە عەرەبیەکان بە ئەستەنبوڵەوە بەڵکو بە ئەورووپاوەش ئەویش لە ڕێگەی بایەخە پێدانی ئەڵمانیا بە ناوچەی خۆرهەڵاتەوە. پرۆژەی هێڵی بەغدا: ب. ب. ب بە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێ لە ماوەی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا. لەوانەشە پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری حیجازی گرنگترین پرۆژە بێت لەسەردەمی سوڵتانی ناوبراودا، بەڵام ئەو پرۆژەیە لە سیاسەتی کۆمکاری ئیسلامییەوە نزیکتر بوو.

بەکورتی درێژی هێڵە ئاسنینەکان لە دەوڵەتدالە کاتی حوکمڕانی سوڵتا عەبدولحەمیدی دووەمدا ڕووی لە زیادبوون کرد کە لەساڵی 1907 – 1908ز دا گەیشتە 5883کم واتە زیاتر لە سێ هەندی درێژی سەرەتای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتی بوو[3]

### بروسکە:

بروسکە بەر لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتە ناو بواری عوسمانییەکان کاتێك ئەندازیارە ئینگلیز و فەڕەنسی یەکان هەستان بەڕاکێشانی تەلەکانی بروسکە ڕاستەوخۆ دوای جەنگی قرم لەناو دەوڵەتدا[4].

لەسەرەتاوە بەکارهێنانی بروسکە تەنیسا بۆ نامەکانی حکومی خزمەتی مەرامەکانی سەربازی بەکاردەهێنرا. وە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا بۆ خزمەتی ئاسایشی

[1] - Shaw: op. cit, II, p. 227.
[2] - Lewis : op. cit . p. 184.
[3]- Shaw : op . cit . II, p. 228.
[4] - Ibid.

گشتی و گەیاندنی هەواڵەکانی مانگرتن یاخود شۆڕشەکان لە ویلایەتە عوسمانییەکان بەکارهێنرا.

لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا چالاکی لە بەکارهێنانی بروسکە زیادی کرد و بەکارهێنانی فراوانتر بوو، هەروەها وە نەبێ هەر بۆ کارەکانی حکومی بەکاربێ، بەڵکو چووە نێو ژیانی خەڵکەکەش بەتایبەتی ئەوانەی ڕوویان لە بەکارهێنانی کرد کە لەم کێڵگە تازەیەدا بووە هۆی زیادبوونی توانستەکانی حکومەت، هەروەها دەسەڵاتداوڕانی عوسمانی چەند نێردەیەکی زانستیان بۆ دراسەکردنی بەکارهێنانی تازەترین ئێەمیرەکانی بروسکە نارده پاریس وە فەرمانبەرانی بروسکەی عوسمانی شوێنی فەرمانبەرە ئەوروپاییەکانیان گرتەوە. وە هێشتا سەدەی نۆزدەهەم کۆتایی نەهاتبوو تۆڕەکانی بروسکە زۆربەی زەویەکانی دەوڵەتی داپۆشی و هەمووشیانی بە ئەستەنبوڵەوە بەستەوە.





## 3/3 – ماوەی بەرپابوونی شۆڕش و کۆتایی هێنان بە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی:

### بەشی حەڤدەهەم : سوڵتانەکان : محەمەد ڕەشاد – محەمەد وەحیدەدین و عەبدولمەجیدی دووەم.

### بەشی هەژدەهەم : هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی.

## بەشی حەڤدەهەم :
## سوڵتانەکان : محەمەد ڕەشاد – محەمەد وەحیدەدین و عەبدولمەجیدی دووەم.

**محەمەد ڕەشاد. محەمەدی پێنجەم :** 1909 – 1918ز

سوڵتان محەمەد ڕەشاد لە دوای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتە سەر کورسی دەسەڵات، لەوکاتەدا دەوڵەت لە حاڵەتی ئاوزینگدان دابوو بەڵام هێشتا هەر بە یەکگرتوویی مابۆوە. وە بارودۆخی ڕەفتار کردنی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لەوزانەی پێش خۆی باشتر نەبوو. بەجۆرێك کە ئەم دەوڵەتانە خەریکی پیلان گێڕان بوون لە دژی سوڵتان و دەوڵەتەکەی.

دەوڵەتەتیش بە تەواوی دەستەوستان بوو، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی دەست بەرداری زۆرێك لە زەویەکانی بوو بەشێوەیەکی تایبەت لە ئەوروپا ئەویش لە ئەنجامی هەر دوو پەیماننامەی (سان ستیڤانو و بەرلین)، هەروەها نەتەوەکانیش خەریکبوون لاسەیان کلۆڵ دەکرد و، خەزێنەشی داڕمابوو لەحاڵەتی ئیفلاس دا بوو، بەهۆی جەنگە





یەك لە دوای یەکەکان و دەست بەسەر داگرتنی ئەوروپاییەکان بەسەر ماڵ و داراییەکەی بە بیانووی ستاندنەوەی قەرزەکانیان.[1]

حیزبی ئیتحاد و تەرەقی کە کودەتای لە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەنجام دا، لە بارودۆخێکی ئەوتۆ جڵەوی دەسەڵاتی وەرگرت کە دام و دەزگاکانی دەوڵەت تەواو شپرزە ببوون ئەوە بوو فەرمانبەرەکان مووچەیان وەرنەدەگرت و، قەرزە دەرەکیەکانیش بەشە قەرزەکانی لە کاتی خۆیدا نەدەدایەوە و، گەلیش هۆیەکانی ئاسایشی لەدەست دا بوو، ئاگری فیتنە و ئاژاوەکان لە ویلایەتەکاندا گڵپەیان سەند و، نەتەوەکانیش لە ئامادەباشی دا بوون بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، جا دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش ئەو بارودۆخە ناجێگیرانەیان قۆزتەوە بۆ دابڕینی پاشماوەی زەویەکانی دەوڵەت. ئەوەبوو نەمسا بەرەو دەریای ئیجە هەنگاوی نا و، دەوڵەتەکانی بەلقانیش سەر لەنوێ ڕاپەڕینیان ئەنجام دا و، ئیتاڵیاش بەرەو لیسبیا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

حیزبی ئیتحاد و تەرەقی دوا بە دوای دەسەڵات گرتنە دەستی بایەخی بە گشتاندنییەکسانی دا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ پاشان هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دا کە ڕووبەڕووی دەوڵەت ببوونەوە لە جێ بەجێ کردنی یاساکان دا، بەڵام ئەو پێشڤەچوونانەی کە وا لە دوای ئەمەدا ڕوویاندا ئەنجام گەلێکی ئەوتۆیان لێکەوتەوە کە مەزندەکانیان سەرتاپا ئاوەژوو کردەوە. ئەوەبوو پیاوانی کۆمکاری ئیتحاد و تەرەقی بۆ قەومییەتی تورك گۆڕان هەوڵی بە تورك کردنی وڵاتیان دا. جا لەگەڵ نەتەوە جۆربەجۆرە تازە پێگەیشتووەکان بەریەك کەوتن لەوانەش لەگەڵ بزاڤی عەرەبی و بزاڤی نەتەوەکان لە بەلقاندا.[2]

هەر ۆنێك بێ، دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی محەمەد ڕەشاد تووشی سێ قەیرانی مەترسی داربۆوە کە لە کۆتایدا بووە هۆی ڕووخانی و هاتنە ئارایی تورکیای نوێ.

وە ئەو قەیرانانەش ئەمانەبوون: داگیرکردنی تەرابلوسی خۆرئاوا لەلایەن ئیتاڵیا و، جەنگەکانی بەلقان و جەنگی جیهانییەکەم.

---

[1] - محمد فريد بك : ص 711.

[2] - بگەڕێوە سەر ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئیتحادیەکان و ئەقڵیەتەکانیانەوە هەیە : برو، ص 194 – 198.

## داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتاڵیاوە

(تەرابلس)ی خۆرئاوا خۆی ویلایەتێکی عوسمانی بوو[1]، کاروبارەکانی وەکو سەرجەم ویلایەتە عوسمانییەکانی دیکە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو، هەروەها لەگەڵ ویلایەتەکانی دیکە هیچ جیاوازیەکی نەبوو نە لە رووی پێکهاتەی کارگێڕییەوە و نە لە رووی سیستەمەکانی دارایی و دادوەرییەوە، هەروەها بەنغازی کە موتەسەرفیەی عوسمانی پێکهێنابوو.[2] جیاوازی نەبوو لە کاروبارێك لە کاروبارەکانی کارگێڕی لەگەڵ سەرجەم موتەسەرفیەکانی دیکە. وەوالی بەرقە کە بە (متصرف) ناوزەد دەکرا و مەڵبەندەکەی لە بەنغازی بوو لە بەردەم ئەستەنبوڵەوە بەرپرسیار بوو، بەڵام لە کاروبارە دادگەری و سەربازی و باجەکان بە ویلایەتی تەرابلسەوە بەسترابۆوە.[3]

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی لەم ویلایەتەدا بەکارێکی ئەوتۆ هەڵنەستا کە واشسیاوی باسکردن بێ، جا ئەم کارە چ لە پێناو تەواو کردنی هۆکارەکانی بەرگری لێکردنی بێ، یاخود لە پێناوی فەراهەم هێنانی هۆکارەکانی ئاوەدانکردنەوە بێ تیایدا. خۆی ویلایەتێکی دوور لە ئاوەدانی ئاخێنراو بوو لە نێوان میسری داگیر کراو لەلایە ن بەریتانیەکانەوە، لە نێوان تونس دا کە فەرەنسی یەکان داگیریان کردبوو، وە لە رێگەی دەریاییەکی پێچا و پێوە نەبێ گەیاندن لە نێوان ئەو و ئەستەنبۆڵەوە ئەنجام نەدەدرا، ئەوەش بە جۆرێك بوو کە دەوڵەت تاکە هێڵێکی دەریایی دانەمەزراند بوو کە وا ئەو گەیاندنانە مسۆگەر بکات. ئەمە وەکو ئەوەی کە وەکو ناوچەیەکی ونبوو سەیری تەرابلسی خۆرئاوا بکات.

ئیتاڵیا هەر لە بیست ساڵەی دوایی سەدەی نۆزدەهەمەوە مەرامی داگیرکردنی ئەم وڵاتەی هەبوو، وە چەند پاڵنەرێك وایان لێکرد کە ئەم هەنگاوە بنێ لەوانەش :

- ئیتاڵیا لە دوای بەدەستهێنانییەکێتی یە سیاسی یەکەی بەرفراوانکردنی ئیستعماریانە بووە یەکێ لە ئامانجە سەرەکیەکانی.
- زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی کۆچکردنیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر و بۆ ئەمەریکا.

[1] - غرايبة، عبدالكريم محمود : تاريخ العرب الحديث : ص 197.
[2] - هەمان سەرچاوە.
[3] - بگەڕێوە بۆ : عبدالكريم : الغرب والعثمانيون : ص 461.





- دەست بەسەر داگرتنی میسر و تونس لەلایەن هەریەکە لە بەریتانیا و فەڕەنساوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئیتاڵییەکانیان لە خۆ گرتبوو.
- لەودوای تەواوبوونی هاوپەیمانێتی دۆستایەتی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا لە ساڵی 1904ز، هەردوو دەوڵەت رێیان بە ئیتاڵیادا کە بە ئازادی کار لە لیبیادا بکات.[1]

ئیتاڵیا کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ دەست بەسەر داگرتنی تەڕابلسی خۆرئاوا و لەم پێناوەشدا چەند دانووستانێکی لەگەڵ دەوڵەتە مەزنەکانی ئەوروپایی کرد و ڕەزامەندی لەسەر بەدەست هێنا.[2] واش بە دیاردەکەوێ بە دەستهێنانی داننان بە مافی لە تەڕابلسی خۆرئاوا لەلایەن بەڕیتانیاوە لە بری میسر بێت و لەلایەن فەڕەنساوە لە بری تونس و مەراکیش بێت و، لە رووسیاش لە بری گەروەکانەوە بێت، بەڵام بەبێ قەرەبووکردنەوەیەکی دیاری کراو دان پێدانانی لە ئەڵمانیا و نەمسا بە دەست هێنا بەڵکو ئەمە لە رێککەوتنێکی گشتی بوو کە پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەگرتەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئیتاڵیا لەو کاتەی کە گفتوگۆی تێدا دەکرا بۆ گرێدانی رێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، لە هەوڵدان بۆ کشانی دەسەڵاتی بەسەر ئەو وڵاتەدا دوورنەکەوتەوە ئەویش لە رێگەی فراوان کردنی پەیوەندی یە بازرگانیەکان لەگەڵیدا و هەروەها لە رێگەی دامەزراندنی دامەزراوە رۆشنبیری و ئابووری یەکان تیایدا، بە تایبەتی لە رێگەی (بەنکودی رۆما)[3].

لە سەرەتای ساڵەکانی 1911ز، ئیتاڵیا تەماشای کرد کە کاتی ئەوە هاتووە کەوا دەست بەسەر تەڕابلسی خۆرئاوا و بەنغازیدا بگرێت، چونکە فەڕەنسا لە دانوستان و موساوەمەکردن لەگەڵ ئەڵمانیا سەبارەت بە مەڕاکیش بوویەوە و، کەوتە بەر داگیرکردنی شارەکانی مەراکیش، هەروەها ئیسپانیاش کەوتە بەر داگیر کردنی ناوچەی (ریف)[4] ئەوکاتە بەپێی رێکەوتنەکانی پێشووی ئیتاڵیا بووە مافێکی خۆی کەوا دەست بەسەر لیبیادا بگرێت. ئەوەبوو خۆی ساز و ئامادە دەکرد بۆ چوونە ناو لیبیا.

[1] - بگەڕێوە بۆ هەمان سەرچاوە : ص 462، بەڵام ئەوەی پەیوەندە بە هاوپەیمانە دۆستایەتیەکەوە هەیە بگەوڕێوە بۆ : العقاد، صلاح : المغرب العربی، ص 241 – 246.
[2] - جرانت و تمبرلی : هەمان سەرچاوە ، ج2، ص 157.
[3] - بگەڕێوە بۆ : ص 462.
[4] - بگەڕێوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەمەسەلی مەڕاکیشەوە هەیە : العقاد، ص238 – 272.

هەروەها شۆڕشەکەی تورکیا لە ساڵی 1908 – 1909ز و گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لە ئەستەنبوڵ لەلایەن ئیتحاد و تەرەقی یەوە پاڵیان بە ئیتاڵیاوە نا کە پەلە بکات لە داگیر کردنی لیبیا بەوەی بڕوای وابوو کەوا ئەو شوسیانەی کە تیایدا کۆنترۆڵی لایەنەکانی ژیانیان کردبوو ڕقیان لە تۆڵە ستێنەکان هەڵدەستێ لە دژی سوڵتان عەبدولحەمید و هەرگیز تیایدا بەرگری لە حوکمی عوسمانی ناکەن.[1]

ئیتاڵیا ناڕەزایی خۆی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەربڕی سەبارەت بە تەنگ پێ هەڵچنینی هاووڵاتیەکان لە تەڕابلسی خۆرئاوا لەلایەن لقێکی کۆمکاری ئیتحاد و تەرەقی یەوە، دوا بە دوای ئەمە لە 28ی مانگی ئەیلولی ساڵی 1911ز ئاگادارکردنەوەی ئاڕاستە کرا کە بڕیارێکی لەخۆ گرتبوو ئەویش داگیر کردنی تەڕابلسی خۆرئاوا و بەنغازی بوو بەمەبەستی پارێزگاری کردنی هاووڵاتیەکانی و، هەروەها داوای لێکرابوو کە ئاماژە بە سوپا سەنگەر گرتووەکانی لە هەردوو شاردا بکات کە کۆسپ نەخەنە بەردەمیان.

بەڵام ئەو بیانووانەی کە هەیبوو بۆ داگیر کردنی لەوەدا پوخت دەبێتەوە کەوا حکومەتی عوسمانی ئەو وڵاتانەی لە دواکەوتنێکی گەورە جێ هێشتووە.وە ئەمە سەرنجی ئیتاڵیای بۆلای خۆی ڕاکێشا، چونکە پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە لەلایەنی شارستانێتی یەوە بەشێوەیەکی تایبەت مایەی بایەخ پێدانی ئیتاڵیایە، ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی کورتی ئەو ماوەیەی کە لە نێوان ئەو و کەنارەکانی ئەو وڵاتانەدا هەبوو، هەروەها بە کاروبارێکی زیندەگیش بۆ ئەو دادەنرێت. هاوشانی ئەمانەش، حکومەتی عوسمانی کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم کارەکان و خزمەتگوزارە کۆنەلایەتی و مرۆییەکانەوە کەوا ئیتاڵیەکان لە لیبیا ئەنجامیان دەدا، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەك وەڵانی ئەو بیانووانەی دایەوە کە بەهانەکانی ئیتاڵیتای پووچەڵ کردەوە.

حکومەتی ئیتاڵیا ئەو وەڵامەی حکومەتی عوسمانی بەوە لەقەڵەم دا کە قەدەغەی ئەو داواکاریانەی کردووە کەوا لە یاداشتەکەی ئاگادارکردنەوەکەدا هاتبوو، وە لە 29ی مانگی ئەیلولی ساڵی 1911ز جەنگی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند.

لەڕاستیدا هۆیەکانی جەنگان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەروەك ئیتاڵیا باسی دەکرد تەنیا بیانوێك بوون کەوا دەرکردنی بڕیارێك و، پیلانێکی خۆی پێیان پەردە پۆش

[1] - بگەڕێوە بۆ : ص 463.





دەکردن بۆ دەستگرتن بەسەر بەشێك لە موڵکی دەوڵەتێکی دیکە کەوا هیچ خراپەیەکی لە بەرانبەردا ئەنجام نەدابوو، وە ئیتاڵیا هیچ مافێکی لەو جەنگەدا نەبوو.

وە لە 5ی مانگی تشرینییەکەمدا هێزەکانی هاتنە ناو خاکی لیبیاوە، وە ئەرکی بەرگری کردن کەوتە ئەستۆی نیشتمان پەروەر و پارێزگاری عوسمانییەکانەوە، هەروەك چۆن ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی عوسمانی گەیشتن بۆ ڕێکخستنی کرداری مقاوەمە کردن وەکو ئەنوەر پاشا و مستەفا کەمال پاشا و عەزیزی میسری[1].

هەروەها سەرەڕای توندی مقاوەمەی کردن، لە کۆتایدا ئیتاڵیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و، کەنارەکانی تەڕابلسی خۆرئاوا و، بەنغازی و، دوورگەکانی دودیکانیزی لە دەریای ئیجە داگیر کرد[2] کە هەڵگیرساندنی جەنگەکانی بەلقان دەوڵەتی عوسمانی ناچار کرد کە پەیماننامەی ئۆشی (لۆزان) لەگەڵ ئیتاڵیا لە 17ی مانگی تشۆینییەکەمی ساڵی 1912ز ببەستێت.[3] هەروەها ئەو دەستکەوتانە کە بەڕێگەیەکی نامەردانە بەدەست هێنابوو بۆ ئەو بەجێیان بهێڵێت و سوڵتانی عوسمانی مافی ئەوەی هەبوو کە فەرمانبەرانی ئایینی لەم وڵاتانەدا دابمەزرێنێت.[4]

## جەنگەکانی بەلقان

هیچ ڕووداوێك ئەوەندەی جەنگەکانی بەلقانی 1912 – 1913ز کاریگەری نەبووە لەسەر هەڵگیرسانی جەنگی جیهانییەکەمی ساڵی 1914ز. وەتیایدا سڕب و بولگاریا و یۆنان و ڕۆمانیا وەکو دەوڵەت گەلێکی سەربازی شالاوهێن بەدیار کەوتن، هەروەها تیایدا سوپای عوسمانی کە ئەڵمانیا مەشق پێکردنیانی گرتبووە ئەستۆی خۆی شکستی هێنا، هەروەها لە میانەیدا سڕب ملیۆنێك لە دانیشتوانی خۆی زێدەتر کرد و شەرمەزاری دەست بەسەر داگرتنی نەمساشی لە ساڵی 1909ز بۆ سەر بۆسنەی ڕەشکردەوە.

هەروەها شان و شەکەتی خۆشی لەنێو بزاڤێکدا دووپات کردەوە کە بانگەشەی بۆ کۆمکاری سڕبی و دەوڵەتی سلاڤیی گەورە دەکرد.[5]

[1] - غرايبة : ص 199 – 200.

[2] - جرانت و تمبرلی : ج 2، ص 158.

[3] - غرايبة : ص 200 . مصطفى : هەمان سەرچاوە، ص 277.

[4] - باتريك : هەمان سەرچاوە، ص 152.

[5] - جرانت وتمبرلی : ج2، ص 163.

ئەو شان و شەوکەت و پلە و پایەی کە هەریەکە لە یۆنان و ڕۆمانیا و سرب بەدەستیان هێنا ڕێی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە چاوەڕوانی ئەو ساتە بکەن کە تیایدا ڕۆڵەکانی هۆزەکەی لە بەلقان کۆدەبنەوە بە تایبەتی ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانیدا دەژیان، بەڵام ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو جەنگانەی بەلقان بریتی بوو لە زیادبوونی بەردەوامی بزاڤی نەتەوایەتی هەریەکە لە نەمسا و مەجەڕ و تورکیا.(1)

بەڵام هەرچی هەڵوێستەکانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپایی لە بەرانبەر ئەو گرفتەدا بە پلەیەکی ئەوتۆ بەریەك کەتبوون کە ئەستەم بوو دۆست و دوژمن لەو وڵاتە بەلقانیانە دەست نیشان بکرێن و، هەروەها ئەستەم بوو دیاری بکرێ کە لەو وڵاتە گەورانەی ئەوروپایی کامەیان دوژمنە.(2)

لە ڕاستیشدا هەڵگیرسانی جەنگەکانی بەلقان زۆرر ئاسایی بوو ئەوەبوو ڕووسیا بەشێوەیەکی کاتی سڕب و بولگاریای ئاشت کردەوە بەڵام هەر زوو ئەم دەوڵەتە بچووکە ئاشکرایان کرد کەوا ڕووسیا ئامادە نییە لە نەخشە و پلانە نەتەوایەتی یەکەیاندا تا کۆتایی پاڵپشتیان بکات ئەمەش بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەراسان نەکات و دواتریش مەرامەکانی لەم دەوڵەتدا ڕووبەڕووی هەڕەشە ببنەوە، بەهەمان شێوەش دەوڵەتە زلەکانی ئەوروپایی زۆر کەمتر سۆزیان بۆیان هەبوو.

هەر لەبەر ئەمەش، هەردوو دەوڵەت چوونە نێو هاوپەیمانێتی یەکەوە کە لە مانگی ئازاری ساڵی 1912ز دا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتی زەویەکانی هەریەکەیان و سەربەخۆییان و، یارمەتیدانییەکتری ئەگەر هاتوو یەکێ لەو وڵاتە گەورانە هەوڵی دەست بەسەر داگرتنی هەر بەشێك لە مولکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەلقان. وە لە پاشکۆیەکی نهێنی دا هەردوو دەوڵەت کارێکی هاوبەشیان لە دژی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێکخست بەو مەرجەی ڕووسیا ڕەزامەندی لەسەر بێت.(3) وە لە 29ی مانگی ئایاردا هەریەکە لە بولگاریا و یۆنان هاوپەیمانێتی یەکی بەرگریان لەگەڵ یەکتردا مۆرکرد کە لەپاشاندا ڕێککەوتنێکی سەربازی لەمانگی ئەیلولدا بەدواداهات. بەمەش کۆمەڵەی بەلقان دروست بو، کە لەدوایدا ئەلئەعزەم ڕەشیش چووە پاڵی.(4) وە

1 - جرانت وتمبرلی : ج2، ص 164.
2 - نوار ونعنعی : التاریخ المعاصر، أوروبا من الثورة الفرنسیة الی الحرب العالمیة الاولی، ص 357.
3 - Jelavich . B. History of the ottoman . Balkans . voll II . P. 97, Ibid.
4 - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 166.





وڵاتانی ئەو کۆمەڵەیە هەستیان کرد کەوا بەرژەوەندیان لە مەترسیدایە ئەمەش لە ئەنجامی پڕۆژەی دەوڵەتی عوسمانی کە دەی ویست بەشێوەیەکی تۆکمەتر مەقدۆنیا بەخۆی ببەستێتەوە ئەویش بە یارمەتی بزاڤی جێنشینی تازەی ئیسلامیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتی ئازادیخوازانەی ئەو ناوچەیە کە چالاکی بەکرێگیراوەکانی نەمسا و ئەو کارە تیرۆرستیانەی بەخۆیەوە دیت کەوا بولگارییەکان ئەنجامیان دەدا ئەوانەی کە ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە مەقدۆنیا بۆمبایان دەهاویشت و ترس و بیمیان دەنایەوە.(1) وە ئاشکرایە کە ڕق لێبوونەوەی عوسمانییەکان بیەشێوەیەکی گشتی و ڕۆق هەڵگرتنیان لە بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانان بەشێوەیەکی تایبەتی ئەو کۆڵەکەیە بوو کە کۆمەڵەی بەلقانی لەسر یەکێتی کۆکردبۆوە.(2) هەروەها خراپی جڵەو گیری کۆمەڵی ئیتحادیەکان لە ەکاروباری وڵاتەکەیان یاریدەدەر بوو بۆ پتەو و توند و تۆڵ کردنی.

وا بەدیار دەکەوێ نەخشەو پیلانەکە بەهێرش کردنە سەر زەویەکانی عوسمانی جێبەجێ دەکرا لە کاتێکدا کە ڕووسیا و فەرەنسا تیایدا نەمسا — مەجەڕ و ئەڵمانیایان قۆڵبەست کرد بوو. هەروەك چۆن سڕبیەکان ڕێگەیان بە بانگەشەیەکی بەهێزدا بۆ کۆمکاری سڕبیایی و دەوڵەتی سلاڤیای گەورەی لەنێو نەمسا و مەجەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵێ لەکاتی هێرشکردنی وڵاتەکانی کۆمەڵە بۆ زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەجواب بێن. شیاوی باسیشە نەمسا بە دوای هۆکارێك دا دەگەڕا کە بۆ هەتا هەتایە دەم کوتی بانگەشە چالاکەکان بۆ سڕبیای گەورە بکات ئەمەش بۆ ئەوەی تاکو ئیمپراتۆررییەتی نەمسا تووشی لێکترازان نەبێت بەهۆی فرە نەتەوەییەکەی.(3) وە لە 7ی مانگە تشرینی یەکەم بە وڵاتانی کۆمەڵە ڕاگەیەنران کە دەوڵەتە گەورەکان دژایەتی هەر پارچە پارچە کردنێکی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و، هەرگیز ڕێگە بەوە نادەن کە ئەو بارودۆخە هەنووکەییە لە بەلقان گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

وە لە 8ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1912ز دا ئەلئەعزەم ڕەش جەنگی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هیچ یەکێ لە هەڕەشەکانی ئەوروپایی بکات. پاشان پاشاکانی بولگاریا و سڕب و یۆنانیش لە دوای ئەودا لە 18ی

1 - مصطفی : ص 278.
2 - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 166.
3 - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 165.

هەمان مانگدا جەنگیان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند.[1] بەمەش ئاگر لە بەلقان دا بڵێسەی سەند و سەرجەم پارچەکانی گرتەوە.

ئەو کردە سەربازیانەی کە سوپاکانی کۆمەڵە ئەنجامیاندا سەرکەوتوو بوو، توانیان لە هەموو ئەو جەنگانەی کە تیایدا بەرەو ڕووی عوسمانییەکان بوونەوە شکست بە عوسمانییەکان بهێنن، بەڵام ئەو کردە سەربازیانە بەشێوەیەك ئەنجام دران کە بوونە هۆی وەرچەرخانی بارودۆخە سیاسی و ستراتیژیەتیەکانی نێو دەوڵەتی.

هەرچی بولگاریا بوو کە لە شوێنەن ستراتیژیەکەی خۆیدا بایەخی خۆی و ئامادەباشی یەکەوی بۆ جەنگ کردنی پەنهان کردبوو، لە تەراقیا و، کیرك کلیسی دا لە 22ی مانگی تشرینی یەکەم و، پاشان لە لول بورگازدا لە 28ی هەمان مانگدا بەسەر عوسمانییەکاندا سەرکەوت، کە بەهۆیانەوە سوپای عوسمانی ڕامالّی هەتا بردنیە پشت هێڵەکانی شەتلەجە.[2]

هەرچی سڕبیا بوو لە کۆمانۆڤۆ لە مانگی تشرینی یەکەمدا شکستی بە سوپای عوسمانییەکان هێنا. بەمەش ڕێگە لەبەردەمی والاّ بوو بۆ گەیشتن بە مەقدۆنیا و پاشانیش بە دەریای مەڕمەڕە هەروەك چۆن دەستی گرت بەسەر مۆناستیر و واسکۆب (کەپکی سڕبیای کۆن) وە گەیشتە دۆراز و لەسەر کەناری ئەلبانیا و گەمارۆی خستە سەر چەندین شاری دیکە. لێرەوەش نەمسا ڕقی هەڵسا کە هەڕەشەی ئەوەی کرد کەوا ڕێگە بە سڕبیەکان نادات کە هیچ پارچەیەکی ئەلبانیا بۆ خۆی دابڕێت.[3]

هەرچی یۆنانیش بوو، ڕێگەیان بەرەو سالۆنیك گرتە بەر و سەرەڕای سەرکەوتنی سوپای عوسمانی لە وەستاندنی شالاّویان لە فلۆرینا، بەلاّم ئەی‌و سەرکەوتنە ەکاتی بوو، ئەوە بوو خۆ دۆزینەوە و ڕاکردنی سوپای عوسمانی بینی کاتێك ویستی دووبارە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت لە 8ی تشرینی دووەم بەرەنگاری بۆوە و چووە ناو شاری ناوبراو کە شوێنی چاو تێبڕینی ئەوان و مەرامی بولگاریا بوو، هەروەها سوپای ئەلئەعزەم ڕەشیش شاری مسیۆی لە مانگی تشرینی دووەم داگیر کرد. بەمەمش هاوپەیمانێتی بەلقانی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەسەر عوسمانییەکان بەدەست هێنا ئەمەش بەهۆی لاوازی هێزەکانی عوسمانی.

1 - فیشر : تاریخ اوروبا في العصر الحدیث، ص 452.
2 - هەمان سەرچاوە.
3 - فیشر : ص452.





لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی 1912ز دا هێشتا سێ قەلاّی مەزنی عوسمانییەکان هەر بە خۆڕاگری مابوونەوە، ئەوانیش ئەشقۆدەرە لە ئەلبانیا لە بەرانبەر هێزە هاتوبەشەکانی سڕب و ئەلئەعزەم ڕەش و، یانینا لە ئیبرۆس لە بەرانبەر یۆنان و، ئەدیرنهە لە تراقیا لە بەرانبەر بولگاریا بوون، بەلاّم سەرجەم زەویەکانی عوسمانی لە ئەوروپا کەوتبوونە ژێر دەستی کۆمەڵە هەتا هێڵەکانی شەتلەجەش کە تەنیا 30کم لە ئەستەنبوڵەوە دوور بوو. بولگاریەکانیش لەو ناوچەیە بەسەر گەورەترین سوپای عوسمانی سەرکەوتن کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلّوێستەکەو ئامادەکرابوو. وەشتێك شالاّو هێنانەکەیانی نەوەستاند تەنیا ئاگادار کردنەوەی ڕووسیا نەبێ بەوەی کە هیچ کەس بۆی نییە بچێتە ناو پایتەختی عوسمانی.[1]

دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو لەژێر فشاری ڕووداوە سەربازیەکان پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵەی بەلقان دا لە 3ی مانگی کانوونییەکەمی ساڵی 1912ز دا ببەستێت.[2]

لە بەرانبەر ئەو واقیعەدا و، بەهۆی تێك گیرانی سیاسەتەکانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە بەرانبەر ئەو کێشەیەدا، کۆنگرەیەك لە مانگی کانوونییەکەم لە لەندەن دا بەسترا بۆ دانانی نەخشەیەکی تازە بۆ بەلقان. وە سیاسەتی نەمسا وابوو دەی ویست سڕبیا بێ بەش بکات لە دەروازەیەکی ڕاستەوخۆی کە هەیبوو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی دا، لەکاتێکدا ڕووسیا موکوڕ بوو لەسەر ئەوەی ئەو دەروازەیەی پێ ببەخشێ. وە لە بەرانبەر تێك گیران و بەریەك کەوتنی بەرژەوەندیەکاندا، هەریەکە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا دەستیان خستە نێو مەسەلەکەوە یەکەمیان داواکاریەکانی نەمسای لاپەسندبوو، ئەوەی دووەمیشیان داواکاریەکانی ڕووسیای لاپەسند بوو، هەروەها گرفتەکە بەوە چارەسەر کرا کە ئەلبانیا دەوڵەتێکی سەربەخۆی دروستکرد کە میرێکی ئەلبانیایی حکومڕانی بەسەردا دەکرد. بەمەش تواندرا جەنگێك دووربخرێتەوە کە نزیکبوو ڕووبدات.[3]

پەیماننامە ئاشتی یەکەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و وکۆمەڵەی بەلقان هەتا 3ی مانگی شوباتی ساڵی 1913ز بەردەوام بوو لەوکاتەی کە مەترسی مل ملانێی نێوان دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی نەمسا و ڕووسیا بەدیار کەوت، بەلاّم وا ڕوویدا کە ئەنوەر

1 – هەمان سەرچاوە : ص 452.
2 - هەمان سەرچاوە : ص 167.
3 - فیشر : ص 452 – 453. مصطفی : ص 279.

پاشا کەیەکێ بوو لە سەرکردە سەربازییەکان لە دوای کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی رووخاند و، سەرکردەی گشتی عوسمانییەکانیشی لە ئەستەنبوڵ کوشت و، بووە دیکتاتۆرێکی سەربازی.

وە ئەنوەر پاشایە یەکێ بوو لە جەنگ خوازەکان لە دژی سرپەکان، وە سوکایەتی بە ئەنجامدانی ئەو رێکخستنانە دەکرد کە کۆنگرەی باڵیۆزەکانی دەوڵەتە گەورەکان لە مانگی کانوونییەکەمی ساڵی 1912ز پیادەی کردن بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرکردنێك. وە دووبارە کردارە جەنگییەکان لە دژی کۆمەڵەی بەلقان دەستی پێکردەوە.

دوا رۆژێکی دژوار تووشی دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەوە بوو یۆنان دەستی بەسەر دوورگەی کریت و قەڵای یانیان و، قەڵای ئەبیرۆس و، باشوری مەقدۆنیادا گرت. وە ئەشقۆدرەی شاری ئەلبانیش کەوتە دەست نیقۆلای یەکەمی پاشای ئەلئەعزەم رەش، هەروەها شاری ئەدیرنەش لە دوای هەوڵدانێکی هاوبەشی سرپی – بولگاری خۆیدا بە دەستەوە. وە هێزەکانی عوسمانی ناچاربوون تەنیا بەرگری لە هێڵەکانی شەتلەجە بکەن و بەس. هەوڵەکانی ئەنوەر پاشاش تووشی فەشەلێکی گەورە بوونەوە.[1]

بەڵام دەستوەردانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپایی بۆ ئەم کێشەیە نەخشەی زەویەکانی جوگرافیایی گۆڕی وەکو چۆن جەنگەکانی بەلقان دیاریانی کردبوو. ئەوەبوو ئەو دەوڵەتانە بڕیاریان دابوو کە سەرجەم ئەو هەرێمانەی کە کەتبوونە خۆرئاوای ئەو هێڵەی کە لە نێوان ئینۆسدا لە سەر دەریای ئیجە و، نێوان میدیا لەسەر دەریای رەش درێژدەبۆوە لە دەوڵەتی عوسمانی دایبڕن و پاشان بیئاخنە نێو گۆشەیەکی تەسکەوە کە بە ئەستەنبوڵ کۆتایی بێت وەدابەشکردنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

1. سەربەخۆیی ئەلبانیا.
2. ئەلئەعزەم رەش بەشێکی لە سنجقی (نۆڤی بازاڕ)ی پێ بڕا و سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ سرپدا پێکهێنا بەوەی کە هێزەکانی لە ئەشقۆدرە بکێشێتەوە.
3. دوورگەی کریت بە یۆنان درا و دوا رۆژی دوورگەکانی دیکەی عوسمانیش وەکو ساموس و لیمۆس هی دیکەش بۆ بڕیاری دەوڵەتە گەورەکان بەجێ هێڵدرا.
4. یۆنان سالۆنێك و کاڤالا و، بەشێکی گەورەی کەناری مەقدۆنیای دەست کەوت.

[1] - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 172.





5. سرب باکوور و ناوەڕاستی مەقدۆنیای دەستکەوت.
6. بولگاریا تراقیا و کەناری دەریای ئیجەی دەستکەوت.
7. رۆمانیا بەشی باشوری دووبرجەی بە دەستکەوت کە لە دانوب حوککمی دەکرد بولگاریا لە بەرانبەر سلستریە بۆی بەجێهێشتبوو لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکەکەشی بولگاری بوون.[1]

لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانە و ئەو دەستێوەردانانە لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپایی بەمەبەستی بەرپاکردنی ئاشتی، دەوڵەتی عوسمانی پاش ناڕەزایی دەربڕینێکی زۆر ناچاربوو کە پەیماننامەی لەندەن لەگەڵ کۆمەڵەی بەلقان لە سی مانگی ئایاری ساڵی 1913ز دا مۆرکات، بەڵام لە پاشاندا هەر زوو بەهۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان هەموویان هەڵوەشاندەوە.[2]

هەرچی دەوڵەتی عوسمانی بوو، نکۆڵی لە پەیماننامەی لەندەن کرد. ئەوەبوو ئەنوەر پاشا بەسەرۆکایەتی کردنی سوپای عوسمانی هێڵەکانی شەتلەجەی بڕی و ئەدرنەی گەڕاندەوە و پارێزگاری لێکرد کە پێشتر بە پێ ی بڕیاری دەوڵەتە گەورەکان بەشی بولگاریا بوو بە هەمان شێوە سوننیەکان سەرجەم بڕیارە نێودەوڵەتیەکانیان کە پەیوەست بوون بە چارەنووسی دوورگەکان رەت کردەوە.[3]

هەرچی بولگاریاش بوو بەو گەیشتن بە رێگا چارەیە زۆر پەست بوو بەوەی کە فردیناندی پاشای بولگاریا بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو واتز لە سالۆنیك بهێنێت بۆ یۆنان، هەروەها ئامادە نەبوو واز لەو ناوچەیە بهێنێ بۆ سرپەکان کە لە مەقدۆنیای ناوەڕاست مل ملانێی لەسەر دەکرا کە لەلایەکی دیکەوەش هەریەك لە یۆنان و سرپ رووبەرێکی بەرفرەوانیان بە دەستهێنا کە هاوولاتی یە بولگاریەکانی لە خۆگرتبوو. وە لەناوبردنی ئەوانەش تەواو نابێت مەگەر بەهێز نەبێت، بۆیە سرپ پشتی بەهێرشێکی توندی لەناکاو بەست بۆ ئەوەی دەست بگرێ بەسەر مەقدۆنیا، بەهەمان شێوە سوپایەکەی دیکەشی رەوانەی سالۆنیك کرد، بەڵام سرپەکان لێك حاڵی بوونیان لەگەڵ یۆناندا هەبوو لە دژی

[1] - رۆمانیا چاودێری پێشڤەچوونی بارودۆخە سەربازی و سیاسی یەکانی دەکرد و بە چاوێکی رقاویەوە سەیری دابەشکردنی بەش گەل و تاڵانەکانی دەکرد، بۆیە شاڵاوی بردە سەر بولگاریا و دەستی بەسەر هەندێ شوێنە ستراتیژیەکانی داگرت و هەرەشەی لە سۆفیاش کرد. وە لە دەی مانگی ئابدا بولگاریا پەیماننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ سرپەکان و یۆنان و رۆمانیا مۆرکرد. jelavich : op . cit II, p100.

[2] - jelavich : op . cit II, p. 99.

[3] - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 172 – 173.

بولگاریا، بۆیە هەردوو دەوڵەت لە جەنگەکەدا هاریکاری یەکتریان کرد و سوپای بولگاریایان شکاند.[1]

هەرچی یۆنان بوو، بڕیاری دەوڵەتە گەورەکانی سەبارەت بە چارەنووسی دوورگەکان ڕەتکردەوە، وە ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی چەند پێکدادانێك لەگەڵ عوسمانییەکان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان.

## ئەنجامی جەنگەکانی بەلقان

1. دەوڵەتی عوسمانی مەیلی بەلای ئەڵمانیا دا دەچوو، وە لە دوای جەنگەکانی بەلقان دا مەیلی بۆی زۆرتر بوو هەروەها زیاتر ئامادەبوو کە هێزە چەکدارەکانی خۆی بەیارمەتی شارەزاکانی ئەڵمان ڕێکبخات. وە بە فیعەلی سەرەڕای ناڕازی بوونی ڕووسیا هاریکاری لە نێوان هەردوو دەوڵەت بەڕێوەچوو.
2. ئەو کەم و کوڕیەی کە لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان تووشی دەوڵەتی عوسمانی بوو گەورە بو ئەوەبوو مەسیحی یەکانی بەلقان لە ژێر حوکمڕانی ئەودا دەرچوون، بەڵام ئەوە زەرەرێکی زۆری بۆ دروست نەکرد، چونکە بەهیچ جۆرێك ڕێ ی پێ نەدەدان کەلێن لە سوپای عوسمانی دا دروستکەن، بەڵام سەربەخۆیی ئەلبانیا دەوڵەتی لە داهاتێکی مەزن لە سەربازەکان و پیاوانی کارگێڕی بێ بەش کرد.
3. شکست هێنان لە گۆڕەپانی جەنگدا دەستکەوتێکی پۆزەتیفانە بوو، چونکە عوسمانییەکان بەجدی کەتنە کار بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپاکەیان کە دیوارەکانی لە جەنگی جیهانییەکەمدا چەسپابوو. وە گێڕانەوەی ئەدیرنەش گیانی نیشتمانپەروەری تیایاندا ژیاندەوە. وە لەوساتە وەختەدا ڕاستیەکیان بۆ بەدیار کەوت ئەویش ئەوەبوو کە دەوڵەتەکەیان لە ئەوروپا تەنیا متمانەی کردبووە سەر ڕەگەزی تورکی.
4. بولگاریا بە باڵ شکاوی لە جەنگەکانی بەلقاندا هاتە دەرەوە و ڕووسیاش بۆ یارمەتی دانی لە شوێنی خۆی نەبزوا، بەڵکو نەمسا بوو تاڕادەیەك لە پاڵی وەستا کە بووە هۆی سارد و سڕ بوونی پێوەندیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و بولگاریا کە لە دوای ئەمەدا سەری نا بۆ دوژمنکاری.

[1] - فیشر : ص **455**. Je;lavich : op0, II, P.99.





5. جەنگەکانی بەلقان بوونە هۆی زۆربوونی کێشەکانی نەتەوەیی لەو ناوچەیەدا، کە پاڵی بە نەمساوە نا زیاتر گرنگی بەم ناوچەیە بدات، وە دوا بە دوای ئەمەش پارێزگاری کردنی سوپایەکی گەورە کە چاودێری هەڵوێستە خێرا گۆڕاوەکانی وڵاتانی بەلقانی دەکرد. ئەمەش بووە هۆی درزبردنی هێزە سەربازیەکانی کە لەپاشە ڕۆژدا لەکاتی بەرپابوونی جەنگ لەنێوان ئەو و ڕووسیادا هەڵوێستی سەربازیی لاواز دەکات.
6. جەنگەکانی بەلقان بوونە هۆی زیاتر لێك نزیکبوونەوەی وڵاتانی سیانی ڕێککەوتوو کە بریتی بوون لە ئینگلتەڕا و فەڕەنسا و ڕووسیا.
7. لەوانەیە مەترسی دارترین ئەنجامەکانی جەنگی بەلقان گەشەکردنی سڕبیا بێت لە ڕووی زەوی و دانیشتوان و توند بوونی بزاڤی سڕبیەت لەناو سڕبییەکان و ئەو کەمینە سڕبیانەی کە لەژێر حوکمڕانی نەمسا دا بوون.
8. لەواقیعدا هیچ یەکێ لە بەشەڕهاتووانی دۆڕا و سەرکەوتو باوەڕیان بەوە نەبوو کە بڕیارەکانی دابەشکردنی ناوچەکانی بەلقان بەردەوام دەبێ، بەهەمان شێوە دەلالەتەکانی هەقیقەتی وەرچەرخان لە تەرازووی هێزەکاندایە لە ئەوروپا، ئەو وەرچەرخانەی کە لە جەنگەکانی بەلقان پەیدا بوو کە خێرا پاڵی بە ئەوروپا نا بەرەو پێکدادانێکی بەرفرەوان لە جەنگی جیهانییەکەمی ساڵی 1914ز دا.[1]

## جەنگی جیهانییەکەم

دەوڵەتی عوسمانی لە پاییزی ساڵی 1914ز دا لەپاڵ ئەڵمانیا و نەمسا و بولگاریا لە دژی بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا و ئیتاڵیا چووە نێو جەنگی جیهانییەکەم و ئامانجیشی لەناوبردنی دەسەڵاتی بەهێزی بەڕیتانی و فەڕەنس لە خۆرهەڵات.[2]

سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای جەنگەکەدا تای تەرازوو بەلای دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی بوو، هەروەها عوسمانییەکان توانیان لەژێر سەرکردایەتی حیزبی ئیتحاد و تەرەقی چوار ساڵان لە دژی دوژمنێکی زۆر لە خۆیان سەروتر مقاوەمە بکەن، بەڵام دوا بە دوای ئەمە جەنگەکە لە ساڵی 1918ز دا بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی هات، بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی لە جەنگەکەدا دۆڕان و،

[1] - بگەڕێوە بۆ ئەوەی پێوەندی بە ئەنجامەکانی جەنگەکانی بەلقانەوە هەیە : نوار ونعنعی، هەمان سەرچاوە : ص 378 – 387.

[2] - جرانت و تمبرلی : ج2، ص 225.

عوسمانییەکانیش لە سی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1918ز لە دوای پەیماننامەی واشتی مۆدروس لە جەنگەکە هاتە دەرەوە. وە محەمەدی پێنجەم چەند مانگێك بەر لە کۆتای هاتنی جەنگەکە کۆچی دوای کرد و محەمەد وەحیدە دین شوێنی گرتەوە.[1]

### محەمەد وەحیدە دین : محەمەدی شەشەم : 1918 – 1922ز

لە ڕاستیدا زەبرەکە زۆر تونـد و بـەئێش بـوو. وە ئاشـکرا بـوو کـە لـە دوای ئـەوەی دەوڵەت تەفروتونا بـوو، وەزارەتەکـە کـە تەڵعـەت پاشـا سـەرۆکایەتی دەکرد دەست لـە کاربکێشێتەوە و، ئەندامەکانی لەبەر چاوان بزربن، وە وەزارەتێکی تازە بـە سـەرۆکایەتی ئەحمەد عیزەت پاشا دروست بووکـە مـۆرکردنی ڕێککەوتنامـە ئاشـتی یەکـەی لـە شـاری مۆدرۆس و لە دوورگەی لیمنوس خستە ئەستۆی خۆی.

ڕێگە چارەکە کە پەیماننامەکەی لێ پەیدا بوو سێ بەشی گرتبووە خۆ:

یەکەم : دۆزینەوەی ڕێگەچارە لە ئەوروپا بە تایبەتی لە تراقیا.

دووەم : دەسـتەو دەسـت کردنـی گـەروەکان و ئەسـتەنبوڵ و دانانیـان لـەژێر ئینتـدابی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکایی، بەهـەمان شـێوەش ئـەرمینیا خرایـە ژێـر ئـەو ئینتدابەوە.[2]

بەشـی سـێیەمیش تایبـەت بـوو بەکێـشەکانی ئاسـیای بـچووك و عێـراق و فەلەسـتین و سووریاو دوورگەی عەرەبی یەوە.

دەوڵـەتی عوسمـانی لـە دوای چارەسـەر کردنەکـەو دوابـەدوای ئـەوەی سـوپای بەریتانیایی عێراقی هەتا موسڵ و شام و حەلـەبی داگیر کرد، تـەنیا تورکیـای لەدەست مایەوە، و هێزەکانی هاوپەیمانان گەرووەکانیان کۆنترۆڵ کرد و دووبارە بـەڕووی کەشـتی گەلەجەنگییەکان داخرایەوە، هـەروەها پـەیمانی سیڤەری لـە 10 ی مـانگی ئـابی سـاڵی 1920 بەسەر تورکیادا سەپاند. وەگرنگترین ئەو خاڵانەی کەلـەو پەیماننامەیـە هـەبوون ئەمانەن :

[1] - باتريك : ص 196. محمد فريد بك : ص 716 – 717.

[2] - ئەو پرۆژەیە لە ئەیلولی ساڵی 1949ز بووە گەرد و چوو بە ئاسمانەوە پاشان سەرجەم ئەو شوێنانە تایبەت کران بە تورکیا.





1. دابڕاندنی ویلایەتـە عەرەبیـەکان لـە دەوڵـەتی عوسمـانی یـەوە بـەوەی کـە سـووریاو لوبنان خرانە ژێر ئینتدابی فەڕەنساییەوە و، عێراق و فەلەستین و خۆرهەڵاتی ئـوردونیش خرانە ژێر ئینتدابی بەریتانیاییەوە.
2. یۆنان دوورگەکانی دەریای ئیجەو ناوچـەی تـەراقیای، تـەنیا بەشـێکی بـچووك نـەبێ، دەست کەوت.
3. بەخشینی سـەربەخۆییەکی نـاوخۆیی بـە ئـەزمیرو ئەو بەشە ناوخۆییانـەی کـە سـەر بەئەوبوون لەژێر سەرپەرشتی یۆنان.
4. دانانی ناوچەی (ئەزالیا) لەژێر سەرپەرشتی ئیتاڵیا.[1]

لە ئەنجامی ئەو پەیماننامەیە یۆنان تەنیا چەند میلێك لـە ئەسـتەمبوڵەوە دوور بـوو، بە هەمان شێوەش بووە شوێن پێیـەك بـۆی لەسـەر کـەناری ئاسـیای بـچووکدا، کـە بـۆی بووە دەروازەیەك لەسەر دەریاکە بۆ ئەوەی لێیەوە لە بزاڤی بـەرفراوان کردنـی نـاوخۆیی دەربچێ تاکوو دەست بەسەر ئەنادۆڵی خۆرئاوایی دا بگرێت.

سوڵتان محەمەدی شەشـەم ئـەو پەیماننامەیـەی مـۆر کـرد، ئەمـە لـە کاتێکدا بزاڤـی نـشتمانیی بەسـەرۆکایەتی مـستەفا کـەمال ئـەو پەیماننامـەی ڕەتکـردەوە. وە سـوڵتان کارەکـەی بـەو سـپاردبوو بـۆ ئـەوەی وڵات ڕزگـار بکـات، بـەڵام مـستەفا کـەمال بـەپێی نەخشەیەکی تایبەت کاری دەکرد کەبەدوور لەسوڵتان بۆ ڕزگارکردنی تورکیا داینابوو.

وە لـەدوای کۆشـشێکی زۆرو چـەندین پێکـدادان لەگـەڵ یۆنـان تـوانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهـێنێ. ئـەوە بـوو لـە 9ی مـانگی ئـەیلولی سـاڵی 1922ز دا ئـەزمیری گەڕاندەوەو، یۆنانیەکانی لەکەناری ئاسیای بچووك وەدەرنا، بەهەمان شێوە تراقیـای لـە 11ی مانگی تشرینی یەکەم دا گەڕاندەوەو پەیماننامـەی مودانیاشـی مـۆرکرد کـە بـەپێی ئەو پەیماننامەیە یۆنان وازی لە تراقیا هەتا مەریج هێنا.[2]

مستەفا کەمال لـە دوای سـەرکەوتنەکەی لـە وەدەرنـانی یۆنانییـەکان و گەڕاندنـەوەی ئـەو شـوێنانەی کـە تورکیـا بـە بەشـێکی سـەرەکی لـە قـەوارەی خـۆی دایـدەنان، بـووە پاڵەوانێکی نەتەوەیی و لە گۆڕەپانی سیاسی دا بە دیار کەوت لە کاتێکدا سوڵتان هەر لـە

[1] - بگەڕێوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە پەیماننامەی سیڤەرەوە :جرانت و تمبرلی :ج2، ص299–301 .

[2] - مصطفى : ص310.

تارمایی دا مایەوە. بەو هۆیەش چی بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ساڵی 1922ز دا وازی لە کورسی دەسەڵات هێنا[1].

## عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز : عەبدولمەجیدی دووەم : 1922 – 1924ز

لە دوای وازهێنانی سولڵتان لە کورسی دسەڵات محەمەدی شەشەم جلەوی دەسەڵاتی گرتە دەست.[2] سەردەمی ئەو بە زیاتر درەوشانەوەی ئەستێرەی مستەفا کەمال جودا دەکرێتەوە کە چارەنووسی دەوڵەتی کەتبووە دەستی و، بووە حاکمێکی بەهێز بەتایبەتی لە دوای بە دەست هێنانی پەیماننامەی ئاشتی لە لۆزان لە 24 ی تەممزی ساڵی 1923ز کە بەپێ ی ئەوم پەیماننامەیە تورکیا سەرلەنوێ دەسەلاتی بەسەر تەواوی ئاسیای بچووك و ئەستەنبوڵ و تراقیای خۆرهەڵاتدا کێشاوە.

کۆمکاری نیشتمانیی لە 29 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1923ز دا کۆماری تورکیای ڕاگەیاند و مستەفا کەمالیشی وەکو سەرۆکێك بۆ ئەو کۆمارە هەڵبژارد. وە ڕەوتی باو ئەوە بو کە دەبوایە پارێزگاری لە خەلافەتدا بکرێ سەرەڕای ئەوەی کە سولڵتان عەبدولمەجیدی دووەم بەشێوەیەکی جدی هەوڵی نەدا کە وەکو کەسێك مومارەسەی دەسەڵات بکات، بەڵام هەر خێرا مستەفا کەمال هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە مانەوەی پێشەوایەکی ئایینی موسڵمانەکان لە تەواوی وڵاتە ئیسلامی یەکاندا لە دەوری گرد دەبنەوە ئەمەش خاڵی بە یەکگەیشتنی هزر گەلی دواکەوتوو، هەروەها خۆزگە و ئاواتی دواکەوتووەکان دروست دەکات وەکاتێك بڕیرای دا ئەو دەوڵەتەی کە دای مەزراند بوو ڕەگەڵ کاروانی شارستانێتی خۆرئاوایی دا بڕوات، ئەوەی هەڵبژارد کە واز لەو سوودانە بێنێت کە دەوڵەتەکەی پێە دەبڕا ئەگەر بهاتایە پارێزگاریی لە مەڵبەندی خەلافەتی ڕوحی بکات.

وە کۆمکاری نیشتمانی لە 3ی ئازاغری ساڵی 1924ز دا بڕیارێکی دەرکرد کە کۆتایی بە ڕۆڵی خەلافەت بهێنێ و خەلیفەش لە وڵات وەدەرنێ و، لە دوای ئەمەش لە 20ینیشاندا دارشتنێکی نوێ ی دەستووری تورکیای ڕاگەیاند.

1 - حقی، احسان : اواخر سلاطين بني عثمان : ذيل على كتاب تاريخ الدولة العلية، محمد فريد بك،ص718.

2 - مصطفى : ص 310 – 311.





وە بە کۆتایی هاتنی ڕۆڵی خەلافەت و کەوتنی سولڵتانەکانی ئالی عوسمانی، سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان کۆتایی پێهات کە زیاتر لە شەش سەد ساڵ حوکمڕانی کرد.

# بەشی هەژدەهەم
# هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی

ئەگەر هەندێك بیردۆزی کۆمەڵایەتی تەمەن گەلێك دەبەخشنە دەوڵەتەکان وەکو تەمەنی کەسەکان ، هەروەها دەڵێن کە دەوڵەتەکان بەهۆی تێپەڕینی کاتەوە پیر دەبن و بە ساڵدا دەچنە و سروشتی نەوەکانیشی دەگۆڕێن، بەڵام دەوڵەتەکان بە تازەبوونەوەی پیاوەکانی ئەوانیش تازە دەبنەوە، وە هەتا ئەوان بەهێزبن دەوڵەتەکانیش بەهێز دەبن و بەلاوازبوونی ئەوان، ئەوانیش لاواز دەبن، هەتا دەگاتە ئەوەی بە نەمانی ئەو پیاوانە ئەوانیش نامێنن تاکو لە دڵی کەسانی دیکەدا بژین ئەوانەی کار بۆ ژیان دەکەن کەوا بوو دەوڵەتەکان بە مردنی خەڵکەکانیان ئەوانیش دەمرن و، دەبێ هەر کۆتاییەکیش چەند هۆکارێکی هەبێ.[1] بەڵام ئەو هۆکارانەی کەوابوونە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و، پاشانیش ڕووخان و لە ناوچوونی زۆرن، هەیانە ناوخۆییەو، هەشیانە دەرەکییە کە بۆ چەند ساڵێکی یەك لە دوای یەك

[1] - حقی : ص 730.





ئێسکی دەوڵەتی عوسمانیان کڵۆڵ دەکرد. وا ئێمەش بە کورتی ئاماژە بە گرنگترینیان دەدەین:

## یەکەم : لە خۆبایی بوونی عوسمانییەکان و خۆ بەرزگرتنیان بەسەر ئەو گەلانەی کە لەژێر دەستیاندا بوون

دەوڵەتی عوسمانی بە درێژایی مێژووەکەی هەوڵی نەدا ئەو گەلە جۆر بە جۆرانەی کەشوێن کەوتەی بوون بە بۆیەی عوسمانی بۆیە بکات و لە نێو یەك بۆتەقەدا بیانتوێنێتەوە. لە واقیعدا سیاسەتی عوسمانی لە بەرانبەر ئەمەدا ڕێگەیەکی نێگەتیڤانەی گرتبووە بەر. وە ئەو ڕێگە نێگەتیڤانە سێ فاکتەری هەبوو:

یەکەم : سادە و ساکاری حوکمی عوسمانی.[1] دەوڵەتی عوسمانی لە بازنەیەکی تەسك و دیاریکراو و سەرەتاییانە مومارەسەی حوکمی دەکرد کە پایەکانی لەسەر چەند بنچینە گەلێکی سەرەتاییانە ڕادەوەستا و[2]،لە چەند کەرتێکی وەکو پارێزگاری کردنی ئاسایشی ناوخۆ و، کۆکردنەوەی قباجەکان و ڕێکخستنی دادگایی تێ نەدەپەڕی، هەروەها توند و تۆڵ کردنی پێوەندییەکانی نێوان خۆی و ویلایەتە ئازادکراوەکانی پشت گوێ خستبوون کە بووە بەربەست لە بەردەم حوکمی عوسمانی چوونە نێو ژیانی ئەو گەلانەی کە دەوڵەتی عوسمانیان لێ پێکهاتبوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوەش وای لەو گەولانە کرد کەوا هەست بە پێویستییەکانیان نەکەن بۆ پێوەندی کردنی ڕاستەوخۆی ڕۆژانە بە دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن. ئەوە بوو هەر تاکێك پەنای دەبردە بەر ئەو گروپەی کە ئینتمای بۆ هەبوو کێشەکانی خۆی بۆ سەرۆکەکەی باس دەکرد و جا هەر شێخێکم یاخود هەر سەرۆکێکی گروپەکانیش کاریان بۆ چارەسەر کردنی دەکرد جا بۆ خۆی بووایە یاخود پێوەندی کردن بە کاربەدستەوە بووایە. لە ئەنجامی ئەمەشدا دەوڵەت هەوڵی نەدا دەستەڵاتی لە ویلایەتە ئازاد کراوەکاندا لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە و وە بەرهاتوو

[1] - الشناوی : ج1، ص 321.

[2] - بیهم، محمد جمیل : فلسفة التاریخ العثماني، ج2، ص142.

هەڵبسەنگێنیٚ. هەتناغ کاتێك کە عوسمانییەکان لەو ویلایەتانەدا ڕاماڵدران لەن هەندێك مزگەوت و قوتابخانە بەولاوە هیچ شوێنەوارێکی ئاوەدانی یاخود شارستاینان لە دوای خۆی بەجیٚ نەهێشت.[1]

دووەمیان : خۆبەزل زانی لە سیفەتەدیاغرەکانی عوسمانییەکان بوو بە چینە جۆربەجۆرەکانییەوە. وە خۆ بەزل زانینی سوڵتانەکان گەیشتبووە ڕادەیەك کە وای لێکردبوون خۆیان بەرزتر بزانن کە بەنازناوەکانیان لەگەڵ گەورە و پاشاکانی ئەوروپا گفتوگۆ بکەن، چونکە وا سەیریان دەکردن کە ئەوانە هاوشانی ئەوان نینە و هەروەها دەوڵەتە ئەوروپایەکانیشیان وەکو میرنشینێك یاخو ویلایەت گەلێك حیسابیان بۆ دەکردن. وە هەرکگەسێك سەرنجی وەڵامەکەی سوڵتان سلێمان قانوونییەکەم بۆ نووسراوەکەی فرەنسوای یەکەمی پاشای فەڕەنسی بدات کە داوای یارمەتی لە سوڵتان کردبوو بۆ هێرش کردنە سەر مەجەڕ، بۆی بە دیار دەکەویٚ کە ئەو وەڵامەی کە لە دەرونێکی خۆ بەزل زانییەوە دەرچوو بو، لەسەرۆکێکەوە بۆ گە دایەك هەناردراوە.[2] هەروەها جیٚبەجیٚ کردنی ڕیککەوتنەکان لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بە ئاشکرا خۆ بەزل زانینی بەسەر پاشاکاندا پێوەدیاربوو.

سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ ماوەیەکی درێژ ڕەتیان دەکردەوە کە بالیۆزی دەوڵەتەکەیان لەلای دەوڵەتە ئەوروپاییەکان دابمەزرێنن، بە بڕوای خۆیان پێویستیان بە هیچ دەوڵەتێکی جیهانی نییە، وە لەسەر پیاوانی ئەو دەوڵەتە بێگانانەی کە پێویستیان بە یارمەتیان هەیە پێویستە بێنە ئەستەنبوڵەوە لە بەرئەوەی کە پایتەختی جیهانە. ئەم کارە ئاوا مایەوە هەتا سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم.[3]

لەسەر بالیۆزەکانی دەوڵەتەکان پێویست بوو کە هەموو ساڵێك دیاری گەلێکی بە نرخ وەکو سەرانە پێکەش بکەن، بەڵام ئەو نێردانەی کەوا پاشاکانی ئەوروپا بۆ

[1] - بیهم : ج2، ص 148.

[2] - دەقی نامەکە لەمەدا دەدۆزییەوە : Charrier. E: ne'gociations De La France Dans LeLeveant : Tome I, pp. 116 – 118.

[3]- veloy , A. D: Essaisur L' histoire Finaciere de la Turquie : p. 83.





دەوڵەتی عوسمانیان دەناردن دەبوایە ئەندامەکانیان دیاری بەنرخ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. بۆ سوڵتانەکان ئەمەش وەکو هێمایەك بۆ بەرزیان بەسەر ئەو پاشاینە وە بە نەریتێك چاویان بە دسەڵات داران دەکەوت کە سوکایەتی بە کەرەماتیان دەکرا.

ئەو نەریتە بەردەوام بوو هەتا سوڵتان موورادی سێیەم هەڵی وەشاندەوە. وە پەیماننامەی (زیتفا توروك) کە لە 11یتشرینی دووەمی ساڵی 1606ز کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و نەمسادا بەسترا زۆربەی ئەو نەریتانەی لە ناو برد.

لە ڕاستیدا خر بە بەروتر زانین نهەزعەیەکی سروشتی بو لەلایەن عوسمانییەکانەوە چونکە سەیری خۆیان دەکرد کە لەلایەکەوە جەنگاوەر بوون و، لەلایەکی دیکەوەش بنەچەی ڕەگەزیان لە بنەچەی ڕەگەزی گەلانی دیکە بەرزترە، جا بە چاوی سووك و بیٚ ڕێزییەوە سەیری گەلانی ئەوروپاییەکانیان کرد و بە چاوی بەرزیشەوە سەیری گەلانی ئیسلامیان دەکرد.[1] ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژن و ژنخوازی لە نێوان عوسمانییەکان و دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئازاد کراوانە لە ئەوروپا ڕوونەدات بەمەش تێکەڵاوی لە نێوان هەردوولایان ڕووی نەدا، هەروەها هەڵوێستی نێگەتیڤانەی عوسمانییەکان گەیشتە گەلانی ئیسلامیش کە لەژێر دەستیاندا هەبوون. ئەوە بو هەوڵیان نەدا ویلایەتە ئیسلامییەکان بە بۆیەی عوسمانی بۆیە بکەن و هیچ ژنە و ژنخوازیەك و تێکەڵاویەك لەنێوان عوسمانییەکان و خەڵکی وڵاتە ئازادکراوەکان ڕووی نەدا و ئەگەر لەبەر ئەو پێوەندییە ئایینییە نەبووایە کە هەردوولایان بەیەکەوە گریٚ دەدا، وە ئەگەر لەبەر ئەو مەزهەبە سوننییە نەبووایە کە کردبوونیە یەك، ئەوە بە یەکجاری لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە. جا ئایین فاکتەرێك بوو بۆ کاڵ کردنەوەی ئەو لە یەکتر دوورکەوتنەوەیە ئەویش بەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە ئیسلامین. وە بەهێزترین بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو کاتە بوو کە عوسمانییەکان میسریان خستە پاڵ خۆیان، جا بەهۆی ئەو خستنە پاڵە عوسمانییەکان کەوتنە مارەکردنی بێوەژنەکانی

[1] - الشناوی : ج1، ص 352.

مەمالیکەکان و کاتێکیش سوڵتان سەلیمی یەکەم بەم کارەی زانی بڕیارێکی دەرکرد کەواز لەم کارە بهێنن.[1]

ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەی عوسمانییەکان پاڵی بە وڵاتە عەرەبیەکانەوە نا کە پارێزگاری لە زمانەکەیان بکەن و، زمانی تورکی بە کار نەهێنن تەنیا لە فەرمانگە میرییەکان نەبێت. وەهیچ کەسێك بە زمانی تورکی نە دەدوا تەنیا تورکەکان لە نێوان خۆیاندا نەبێ. وە دەسەڵات دار بڕیارەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی تاکو گەل تێیان بگات هەروەها دەوڵەت هاتبووە قەناعەت بەو سەرانەی کە ساڵانە لە سەرجەم ویلایەتەکان، تەنیا هەرێمی حیجاز نەبێت، بۆی دەنێردرا، هەروەها بەناو هێنان و پاڕانەوە بۆ سوڵتان لەسەر مینبەرەکان و بەدراویش کە بەناوی ئەو لێ بدرێت و، بەوالییەکی عوسمانیش بێتە جێگری سوڵتان و، بەهێزێکی سەربازیش یۆ پاراستنی ئاسایش. جگە لە مانە تەریب بوون دروست بوو دوورکەوتنەوە لە نێوان هەردوولایان لە یەکدی بە ئاشکرایی دەستی پێکرد.

سێیەمیان : ئەو چەق بەستنەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی عوسمانی و دام و دەزگای دەوڵەتدا کێشابوو. ئەوە بو لە پاش ئەو ئازادکردنانهەی کە عوسمانییەکان لە ماوەی قۆناغ گەلی مێژوویان بە دەستیان هێنا و گەیشتنی دەوڵەت بو پلە و پایە بەرزە لە ئەنجامی ئەمەدا، عوسمانییەکان لەگەڵ ئەو پیێکەوتنە تازەیە نەڕۆیشت کە بەسەر ئەورپادا هات و خەریك بوو بەرەو ئاڕاستەیەکی چاکتر گەشەی دەکرد. وە لەوانەیە ئەمە بۆ ئەو هۆیە بگەڕێتەوە کە عوسمانییەکان ئەو پێشکەوتنە شارستانیەیان بەکاری دوژمنەکان دانابوو، هەروەها دەمارگیری و نەفامی ئەوەی بۆ ئارایشت دابوون کە خۆچوواندن بە ئەوروپاغییەکان کوفرە و ئایین دانی پێ دانانێت. بۆیە لێی دوورکەوتنەوە. ئەمە لەپاڵ ئەو نەزعە لەخۆ بایبوونەو خۆ بەزل زانینەی کەهەیانبووعوسمانییەکان واگومانیان برد کە ئەوان پلەو پایەیان لە ئەوروپاییەکان بەرزترەو، شارستانیەتی ئەوروپایش لەگەڵ هەبوونی پڕەنسیپە ئیسلامییەکان هیچ

[1] - ابن اياش : برائع الزهور . مصدر سابق : ج5، ص 184 – 187.





سوودێکی بۆیان نابێت، بەهەمکان شێوە ترسان لەوەی کە ئەگەر بێت و دەرگایان بەڕوو والا بکەن دەسەڵاتی ئەوروپاییەکان دزە بکاتە نێو وڵاتەکەیان و بەمەش زاڵبوونیان بەسەر ئەوروپاییەکان لە دەست بدەن.[1]

لە ئەنجامی ئەو بەکەم سەیر کردنەو خۆ بەزل زانینەدا گۆشەگیریەکی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە و عوسمانییەکان خۆیان دیتەوە کە دوور لەو گەلانەی کە مل کەچ بوون بۆیان بە موسڵمان و مەسیحی یەوە دەژین، هەروەها کەمی ژمارەی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی وڵاتە ئازاد کراوەکان بەهەند هەڵنەگرت، بەهەمان شێوە هەوڵیان نەدا کە زمانی تورکی خۆیان بەناو ئەو گەلانەدا بڵاو بکەنەوە کە بوە هۆی ئەوەی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ پەخش بوونی ئەو زمانە نەڕەخسێ، بەمەش ئەو گەلانەی کە مل کەچیان بوون، پارێزگاریان لە زمان و ڕۆشنبیری و داب و نەریت و ئایین و بنەماکانی دیکەی شارستانێتی خۆیان بکەن.

لە ڕاستیدا عوسمانییەکان هیچ کێشێکیان بۆ شارستانێتی ئەوروپاییەکان دانەنا و ڕۆژێك لە ڕۆژانیش دەرکیان بە نرخ و بەهاکەی نەکرد ئەمە سەرەڕای ئەو هەوڵە بچووکانەی کە هەندێك لە سوڵتانەکان دایان بۆ وەرگرتنی ڕژێم و یاساکانی ئەوروپاییەکان. بۆیە عوسمانییەکان بەنامۆیی لە ئەوروپادا ژیان هیچ پشکێکی لە داب و نەریتیان نەبوو هەروەها هزرکردنیش لە حوکمدا لە پڕنسیپەکانی حوکمی کەمینهەی لە خۆبردوو بە دەرنەبوو کە پڕەنسیپ گەلێکە پشت بە کۆیلە دەبەستێ و وا سەیری گەلەکانی دەوروبەری خۆی دەکات کە بۆ دیل و کۆیلە کردن دووکەوتەیی نەبێت بۆ هیچ کارێکی دیکە دەیت نادەن.

لەپاڵ ئەو نەبوونییەکبوونی شارستانیەتە، یەکبوونی دوورشم و جەژن و داب و نەریت و نموونەکانو هی دیکەش لەوانەی کە ڕواڵەتی یەکبوونتی کۆمەڵایەتی بوون لەوێدا بەدی نەدەکران، هەروەها ڕەگەزەکانی شارستانێتیش کە عوسمانییەنکانی بەو گەلانە دەبەستەوە بەدی نەدەکران. لەبەرئەوە ئەو گەلانە بەپیر لایەنگیری سوڵتانەکانی عوسمانی نەدەچوون، بەمەش حوکمی عوسمانییەکان دەستەوەستان

[1] - تاريخ جودت : ج1، ص 75، 137.

بوو لەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی چەند تۆوێك لە خاکی ئەوروپاییەکان بچێنێت کە خۆی پێیانەوە بگرێت و کاتێك کە لاوازی دزە دەکاتە ناو لاشەی سارمەتی بدەن.[1]

**دووەم : سوڵتانەکان :**

بەپێی دابو نەریتی عوسمانییەکان، دەبووایە ئەو کەشەی دەبێتە سوڵتان و دەچێتە سەر کورسی دسەڵات یەکێك لە میرەکانی بنەماڵەی عوسمانی حوکمڕان بێت. وە ئەو سوڵتانەش کۆنترۆڵی هەردوو دەزگای سیاسی و سەربازی دەکرد ی، چونکە ئەو سەرۆکی وڵات و سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی دەستەی دەسەڵاتداری ئایینی و مەدەنیش بوو. ئەو دوو دەستەیە دەسەڵاتیان لە دەوڵەت و لە کەسێتی ئەو زیاتر بوو، هەروەها دەسەڵاتی بەسەر سەرۆکی گەلە جۆربەجۆرە نائیسلامییەکانیش هەبوو لە دەوڵەتدا و سەرۆکی حوکمڕانی ویلایەتەکان و پارێزەر و پیادەکاری شەریعەتی ئیسلامی و، بەرگری کاری بوو، دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا هەبوو، وە مومارەسەی دسەڵات گرتن بەسەر تەواوی داهاتەکانی دەکرد و گواستنیەوە بۆ خەزێنە تایبەتیەکانی خۆی کە ناسراوبوو بە (خەزێنەی حەوت تاوەرەکە)وە وە دەسەڵاتێکی ڕەهای یەسەر هاووڵاتییەکانی دا هەبوو وەشتێك لەناو دەسەڵاتی بەدی نەدەکرا جگە لە پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی نەبێ.

لە واقیعدا بوونی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایانە بۆ ژینگە بنەڕەتیەکە دەگەڕێتەوە کە تورکە عوسمانییەکان لبێوەنی هاتوون، پاشانیش بۆ ئەو ژینگەیەی کە دەوڵەت تیایدا گەشەی کرد، هەروەك چۆن بۆ هەندێك داب و نەریتیش دەگەڕێتەوە کە عوسمانییەکان خوویان پێوەی گرتبوو ئەویش گوێ ڕایەڵی کردنی کوێرانە بۆ سەرۆك.[2]

[1] - بگەڕێوزە بۆ ئەوەی پێوەندی بە پێوەندییە کۆمەلأیەتییەکانی عوسمانی و هاوسێکانی هەیە. الشناوی : ج1، ص 321 – 327.

[2] - الشناوی : ج1، ص 344.





وە حاکمی عوسمانی نازناوی سوڵتانی بۆ خۆی دانا. ئەوەبوو بایەزیدی یەکەم ئەم نازناوەی لە ڕێگەی خەلیفەی عەباسی لە قاهیرەدا بە دەست هێنا ئەمەش لە پاش سەرکەوتنی لە جەنگی نیقۆبۆلیس[1]، هەروەها مورادی یەکەم نازناوی خەلیفەی خوای بۆ خۆی دانا ئەمەش لە دوای دەستگرتن بەسەر ئەدیرنە و کردنی بە پایتەختی دەوڵەتەکەی لە ساڵی 1366ز دا، بەڵام ئەوەی ڕیوایەت کراوە کە سەلیم لەسەر خەلیفەی عەباسی کردووە لە قاهیرە کە لە ساڵی 1517ز دا کە بۆ ئەم نازناوە تەنازولی بۆ بکات، تەنیا لە ڕیوایەتێکی ئەو دواییەدا هاتووە[2]. وەکاتێك عوسمانییەکان قوستەنتینەیان ئازاد کرد محەمەدی دووەم نازناوی سوڵتانی هەردوو وشکایی و هەردوو دەریای بۆ خۆی دانا[3]. وەکاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەم دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر حیجازدا پەخش کرد نازناوی (هەردوو حەرەمی شەریف)ی خستە سەر نازناوەکانی دیکەی، پاشان سوڵتانەکان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەمدا لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی دەستیان بە نازناوی خەلیفەوە گرت، بەڵام نازناوی (خنکار) و (پاشا) و (پاشای ئیسلام) لەنێو خەڵکی دا زیاتر بڵاوبوون[4].

ئەمەو مێژوونووسەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دوو کۆمەڵە دابەش بکەن، سوڵتانەکانی سەردەمی یەکەم کە ژمارەیان دە سوڵتانە کو یەکەمیان عوسمانە و دواهەمینیان سوڵتان سلێمان قانونییەکەمە. وەئەوانە بۆ ماوەی 267 ساڵ حوکمڕانیان کرد(1299 – 1566ز) و مەزنێتی دەوڵەتیان لە ڕووی بەرفراوانکردنی هەرێمەگەری و دانانی سیستەمەکانی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی کەوتبووە سەر شانیان[5].

[1] - حیلم، ابراهیم بك : تاریخ الدولة العثمانیة العلیة : ص 48.

[2] - بروکلمان : ص 472.

[3] - هەمان سەرچاوە.

[4] - هەمان سەرچاوە.

[5] - جب و بون : المجتمع الاسلامي والغرب، ج**1**، ص **53**. lewis, op. cit, pp. 22 – 23.

هەرچی كۆمەڵەی دووەم بوو ناوی سەردەمی دووەمی بەسەردا دەبڕێ و، ژمارەیان 27 سوڵتان بوو یەكەمیان سوڵتان سەلیمی دووەم بوو، دواهەمیشیان سوڵتان عەبدولمەجیدی كوڕی عەبدولعەزیزە، وەئەوانە ماوەی 358 ساڵ حوكمڕانیان كرد(1566 – 1924ز). وە لەسەردەمی ئەوانەدا بزاڤی ئازادكردنی وڵاتان وەستا سەرەڕای ئەوەی هەندێكیان سنووری دەوڵەتیان بەرەو ڕووبەرێكی نوێ برد بەڵام بەڕێژەیەكی كەم، بەڵام شكستە سەربازییە یەك لە دوای یەكەكانی كە هێزەكانی عوسمانی تووشی بو لە بایەخی ئەمەی كەم كردەوە كە بووە هۆی پاشە كشە كردن لەو هەرێمانەی كەوا دەوڵەت كۆنترۆڵی كردبوون. وەسوڵتانەكانی سەردەمی دوەم لەناوچون و تێكچوون و ڕووخانی دەوڵەتیان بەچاوی خۆیان دیت.

لەواقیعدا هۆكارەكانی ئەو پاشاگەردانیە لەماوەی قۆناغی سوڵتانەكانی سەردەمی دوەمدا بۆ چەند فاكتەرێك دەگەڕێتەوە:

1. ئەو سوڵتانانە بەرفراوانبوونی ئیستعماریەكانی لە دژوارترین قۆناغەكانی گەمارۆدا. بەوەی كاتێك دەوڵەتی عوسمانی چووە قۆناغی لەناوچوون دەوڵەتە ئەوروپاییەكان بۆیان ئاشكرابوو كە سوپاكانی عوسمانی لەخۆڕاگرتن لەبەردەم هێرشی ئیستعماری دەستەوەستان ماوەتەوە، ئەوەبوو هەرێمەكانی عوسمانی لە ئاسیا و ئەفریقیا بە تایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەكانی دا تووشی پەلاماری ئیستعماری مەسیحی ئەوروپایی بۆوە، هەروەها ئەو پەلامارە هەرێمە عەرەبیەكانی دیكەی نا ئیسلامیشی گرتەوە. وەفەڕەنسا دەست پێشخەرترین دەوڵەت بوو لە هێرش هێنان و كۆنترۆڵ كردنی هەرێمە عەرەبیەكان، ئەوەبوو لە ساڵی 1830ز دا جەزائیری داگیر كرد و لە دوای ئەویش ئینگلتەڕا هاتوو لەساڵی 1882ز میسری داگیر كرد.

2. ئەو سوڵتانانە هەرگیز بیریان لە پێشخستنێكی حەقیقی یاساكانی دەوڵەت نەدەكردەوە بەوەی كە لەگەڵ ئەوم بارودۆخە تازەیە بڕوات كە بەسەر ئەوروپای خۆرئاوا هاتبوو. وەهەندێك كەسیان قەناعەت پێهێنابوو بەوەی كە چەند فەرمانێكیان بۆ چاكسازی دەركرد كە تەنیا ڕواڵەتیان گەرەك بوولایەنی پراكتیكی كارەكانیان فەرامۆش دەكرد.





3. ساز و ئامادە نەكردنی میرەكان بۆ وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات. ئەوەبوو كە میر لەماوەی شەو و ڕۆژێكدا خۆی دەدیتەوە كە بۆتە سوڵتان.

4. زێدەڕەوی كردنیان لە خەرج كردنی پارە لە كۆشك و ڕۆژە خۆشەكان و كاروبارە تایبەتیەكانیان بەبێ هیچ چاودیرییەك یاخود سانسۆرێك هەر بۆ نموونە خەرجیەكانی سوڵتان محەممەدی سێیەم لە ئاهەنگ گەلێك كە بەبۆنەی خەتەنە كردنی كوڕەكەی گێڕابووی كە بۆ ماوەی دو مانگ لە پایتەختدا بەردەوام بو كە بووە هۆی قورسبوونی باری بودجەی دەوڵەت. ئەمە بێجگە لەوپارانەی كە لە بودجەی دەوڵەتدا بە سوڵتانەكان تایبەت كرابوو كە دەگەیشتە ژمارەیەكی بەرز لەگەڵ خراپی باری دارایی نەدەگونجا كە خەریك بوو لەسەر یەك كەڵەكە دەبوو[1].

5. لاوازی كەسێتی ئەو سوڵتانانە، ئەمەش لە ئەنجامی سەرگەرم بوونی هەندێكیان بەخۆشی و ئارەزووەكان و چۆك دادانی هەندێكیان لەژێر كاریگەری ئافرەتان. جا پۆسە باڵاكانی دەوڵەتیان خستە ژێر دشەتی ئەو وەزیرانەی كە هەندێكیان شیاوی ئەو پلە و پایە نەبوون. بەو هۆیەش سوڵتانەكان هەڵسووراندنی كاروباری دەوڵەتیان لەدەست دەرچوو.وەوابەدیار دەكەوێت كە هۆیەكانی لاوازی كەسێتی ئەو سوڵتانانە ئەو شێوازە بو كە هەر لە كۆتاییەكانی سەدەی شانزەیەمەوە لە پێگەیاندنی میرەكانی عوسمانی گرتبوویانە بەر. ئەوەیو هەر میرێكیان لە كۆشكێكدا نیشتەجێ كرد كە ئەو كۆشكەیان بەقەفەس ناو دەبرد و ژمارەیەك كەنیزە و خەساوەكانیشیان لە دەورویان دا كۆدەكردنەوە و پەیوەندی كردنیان بە دونیای دەرەوەشسان لێ قەدەغە دەكردن. بەمەش بەتەواوی ئاگایان بڕابوو لەوەی كە لە دەوڵەتدا ڕوودەدات و ئەو گۆشە گیربوونەیان ژیانیانی تەفروتونا كردن و تووشی هەرەس هینانی دەروونی مەیلی پێش وەخت بۆ ئافرەتان بوون[2].

---

[1] - بگەڕێوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەزێدە ڕۆیی و سەرە ڕۆیی سوڵتانەكانەوە هەیە : بیهم : هەمان سەرچاوە : ج2، ص24 – 30. كو خشتەیەكی تێدایە كە وا خەرجیەكانی سوڵتان محەممەدی چوارەم بەدیار دەخات.

[2] - جب و بون : ج1، ص55.

ئەو ڕژێمە بەسەر ئەو میرانە جێبەجێ کرا کە بۆ هاتنە سەر کورسی دەسەلات هەڵبژێردرابوون، جا ئەو میرە کە وەلی عەهد بوو لەو قەفەسە بە دەرونێکی ڕووخاو و هزرێکی لاوازەوە[1] دەهاتە دەرەوە و دەی ویست ژیانە گۆشەگیرانەکانی خۆی بەژیانێکی زیاتر ئازادانەی پڕ لە خۆشیەکانی ژیان قەرەبوو بکاتەوە.

بەڵام پشێوڕیەتی خۆی وەکو سوڵتانێك هیچی لەبارەوە نە دەزانی. لێرەوە دەست بەردانی لە مومارەسەی کاروبارەکانی دەوڵەتدا دەستی پێ کرد و، بە ئاسانی دایکی یان خوشکی یان (قادینەکان)[2] کاریگەریان لەسەری دەکرد لە دەرکردنی بڕیارە دیاری کراوەکان. وە هەریەکێك لەوانە چاوی لەوەبو کە دەسەلاتی لەوی دییکە زیاتر بێت.

لەڕاستیدا ئەو سوڵتانانە قوربانی ئەو ڕژێمە گەندەڵە بوون کەوا باوانیان هێنابوویانە ئاراوە کە حەریس بوون لەسەر دوورخستنەوەی دەستی کوڕەکانیان لەو ڕژێمە و، پارێزگاری کردن لە پلە و پایەکانیان کە تەختی پاشایەتی بوو ئەمەش ئامانجی هەموویان بوو[3].

6. هاتنی هەندێك لە سوڵتانەکان لە تەمەنێکەی زۆر بچووك بۆ سەر کورسی دەسەلات، کە تەمەنیان لە نێوان حەوت سالاّن و چواردە سالاّن دا بو. ئەوەبو هەردوو سوڵتان ئەحمەدی یەکەم و عوسمانی دووەم لە تەمەنی چواردە ساڵی و سێزدە ساڵی هاتنە سەر کورسی دەسەلات و سوڵتان مورادی چوارەمیش لە تەمەنی یازدە ساڵی هاتە سەر کورسی و هەروەها سوڵتان محەممەدی چوارەم لە تەمەنی حەوت ساڵی یەوە هاتە سەر حوکم[4].

[1] - محەممەد جەمیل لە بارەیانەوە نموونەیەکی زیندوو دەهێنێتەوەو، کە بۆخۆی هەڵسوکەوتە دووڕدۆنگی یەکەی میر سەلیمی وەلی عەهدی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی بەچاوی خۆی دیوەو، سەرەخۆشی لەو ماوە درێژە لێکردوە کە ئەو ئەمیرە ژیانی تێدا بردۆتە سەر . بگەڕێوە بۆ فەلسەفەی مێژوی عوسمانی : ج2، ص 21.

[2] - القادینات، کۆی (قادین)ە، قادین ئەو کەنیزەیە کە سوڵتا دوای مارە بڕینی ئازادی دەکرد . جا پلە و پایەکی بەرزی پێ دەدا و، باری کۆمەڵایەتی پلە و پایی یاسایی لە تەنبا کەنیزەیەکی سوڵتانەوە بۆ خانمێك دەگۆڕی کە پێی دەگوترا (قادین) واتە ئەو خانمەی کە خاوەنی پلە و پایەکی تایبەتی یە . شیاوی باسیشە کە سوڵتان چوار قادینی لەلابوو.

[3] - جب وبوون : ج1,ص54.

[4] - حليم, ابراهيم بك :التاريخ الدولة العثمانية العلية :ص113, 120–126, 141.





7. زۆربەی سوڵتانەکان لە ماوەی دووەمدا وازیان لە مومارەسەی کاروباری حوکم هێنا، ئەوان جگە لە موحەمەدی سێیەم و عوسمانی دوەم و مورادی چوارەم نەبێت لەگەڵ سوپادا بۆ جەنگ کردن نە دەچووونە دەرەوە لە ئەنجامی ئەمەشدا گەندەڵی کەوتە نێو لاشەی سوپای ئینکشاری چونکە سەۆوکایەتی کردنی سوڵتان بۆ سوپاکە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە بڕیاری چارەنووس[1]، هەروەها ئەو سوڵتانانە لە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی دیوانی هەمایۆن بەندواکەوتن و، تەنبەڵیان لە چاودێری کردنی کارەکانی و گوێ گرتن لە گفتوگۆکانی کرد، چونکە ئەوان کۆشکیان بەجێ نەدەهێشت و شوێنیان لەنێو باوەشی حەریمەکانی سوڵتانی بۆ چێژ وەرگرتن خۆش کردبوو، هەروەها زێدەڕەویان لە خواردنەوەی ئارەق دا کرد و تاوانە گەورەکانیان ئەنجام دا ئەمەش لە ڕێگەی قۆستنەوەی ئەو دووره پەرێزیەی کە تایدا بوون هەتا وای لێهات لە زانینی حەقیقەتەکان لە کاروباری حوکم دا وە دوورکەوتنەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دەورووبەریان بوون بە ئەنقەست وایان دەکرد کە تەنیا ئەوەی ئەوان گەرەکیانە بەرگوێ سوڵتانەکان بکەوێت. ئەوا سوڵتان گەلێك بوون کە نە هیچ کەسێك لە هاوڵاتییەکانیان چاویان پێ دەکەوتن و نە شتێکیشیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و ڕەفتاری حاکم و ولایەتەکان دەزانی.هەروەها نغرۆ بوونیان لەنێو ئارەزووەکان لەگەڵ قادینەکان و کچە کەنیزەکانی ژوورەکان سەر گەرم و بێ ئاگای کردبوون[2].

وە لەئەنجامی ئەمەشدا هەندێ لە سوڵتانەکان دووچاری لابردن دەبوونەوە بەهۆی یاخی بوونێکی سەربازی یاخود فەتوایەك کە لە لایەن شێخی ئیسلامەوە دەردەچوو ئەمەش لەبەر نەتوانینیان لەبەردەوام بوون لەحوکمڕانی. وەکو نەریتێکیش لابردنیان کوژرانیشیان بەدوادا دەهات، بەڵام دووانیان بەهۆی ڕەفتارەکانیان گیانی مقاوەمەیان لەلا دروست بوو. وە پاشەڕۆژی ئەوانە ئاگادار کردنەوەیەك بوو بۆ گۆڕانکاریەکانی داهاتوو کە بەڕاستی لە ڕێڕەوەکانی کارگێڕی و

[1] - بیهم :هەمان سەرچاوە: ج2 ,ص22–23.

[2] - هەمان سەرچاوە.

کۆمەلآیەتی و سیاسی وسەربازی ڕوویاندا. ئەوە بوو سوڵتان عوسمانی دووەم لەساڵی 1622زدا لادراو پاشان کوژرا چونکە بیری لە لەناوبردنی ئینکشاری کرد، هەروەها سوڵتان ئەحمەدی سێ یەم لەساڵی 1730زدا ناچارکرا کەواز لە کورسی دەسەلآت بێنێ ئەمەش لەئەنجامی ئەوەی کە دەکرێ بەوە وەسف بکرێ کە شۆڕشێکی کۆمەلآیەتی بوو کە دیارترینیان پڕکردنی کۆشکەکەی لە پیاوانی لووت بەرزو لەخۆبایی , هەروەها ئەوەی وای کرد کەهاولآتیەکانی ڕقیان لێی بێتەوە، کاریگەربوون کۆشکەکەی بو بە شارستانێتی ئەوروپاییەوە.

وە لە ڕاستیدا پلە و پایەی سەڵتەنەت لە ماوەی حوکمڕانی سوڵتانەکانی ماوەی دووەمدا لە ڕوانگەی سوپا و فەرمانبەرانی دەوڵەت و سەرجەم دامەزراوەکانی میللی و دونیای دەرەوەش تووشی لەرزین هات. وەلایەنی نێگەتیڤانەی ئەو سوڵتانانە گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندییەکانی سوڵتان بە سەدری گەورەوە لە ڕێگەی یەکێك لە بەندە خەساوەکانەوە جێبەجێ دەکرا.

## سێیەم نەریتی کوژرانی میرەکانی کوڕانی سوڵتانەکان

دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی حوکمی دە سوڵتانە یەکەمەکاناد یاسایەکی بەدی نەکرد کەوا میراتی کورسی دەسەلآت ڕێك و پێك بخات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کوڕانی سوڵتانەکان و براکانیا لەسەر ئەم کارە ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان. لە واقیعدا سوڵتان مافی خۆی بوو کە یەکێك لە کوڕەکانی لە دوای خۆی هەڵبژێرێت بەبێ ئەوەی پابەند بێ بە هەڵبژاردنی کوڕی گەورەی[1].

وەمافی سوڵتانەکان لە هەڵبژاردنی کەسێك لە دوای خۆی دەروازەیەك بوو کە پیلانەکانی تێدا جێبەجێ کرا بۆ دوورخستنەوەی میر لە کورسی دەسەلآت و هاتنییەکێکی دیکە. وە ئەو پیلانانەش زۆربەی جاران لەلایەن خێزانی سوڵتانەکانەوە

[1] - الشناوی : ج1، ص346 – 347. محەممەدی کوڕی جەیمیا بەیهەم لە کتێبەکەی (فەلسەفەی مێژووی عوسمانی لە بەرگی دووەم ) دا باس دەکات کە ڕژێمی میراتگری عوسمانی هەتا سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم (1603–1617ز) دا لەسەر بنچینەی گواستنەوەی تەخت لە بچووکەوە بۆ گەورە ئنجا کوڕە گچکەی سوڵتانەوە وەستابوو، ص 17.





ئەنجام دەدرا. وەهەریەك لە کوڕەکان خۆی بە هەقتر دەزانی لەوی دیکە کە لە دوای مردنی باوکی بچێتە سەر کورسی دەسەلآت، هەروەها باوەڕی وابوو کە ئەم دەستگرتنەی بەو مافە لە کوشتنێکی سەد دەر سەد ڕزگاری دەکات. بەواتای ئەوەی ژیانی لەسەر دەستگرتن بەسەر کورسی دەسەلآتەوە وەستاوە. بۆیە هەریەك لەوان پبتر دەستیان بەو باوەڕبوونەی خۆیان گرت.

وەنەریتی سوڵتانەکان کەوتە گەڕ، بەتایبەتی لەسەرەتاکانی سەردەمی دەوڵەتدا کە ئەو سوڵتانەی دەچووە سەر تەخت بڕیاری دەدا هەموو مونافیسەکانی بکوژێت. وە بازنەی ئەو مل ملانییە خێزانییە فراوانبوو، توندیەکەی زیاتر بوو، وەکوڕەکانی خێزانی حوکمڕانی گرتەوە هەتا ئەوانەی ئاگاشیان لە تەختی حوکمڕانی نەبوو. مێژوو دەوڵەتی عوسمانی بە گەرماوەکانی خوێن (حمامات الدم) وەسف دەکات[1].

وەسوڵتانەکانی بەرایی وەکو پیشەی حوکمڕانە پێشووەکانی دیکەی تورك بەتایبەتی سەلجوقییەکان کەوتنە دامەزراندنی کوڕەکانیان بە حوکمڕان بەسەر هەندێك لە ولایەتەکان. وەمیر لە بارەگای حوکمڕانی خۆیدا وەزیرێك هاوەلێتی دەکرد و دەبووە یاریدەدەری دەستە ڕاستی، لەڕاو بۆچوونەکانی دا ڕاوێژی پێدەکرد و، دەست و پێوەندەکانیشی بە دەوری دا گرد دەبوونەوە و هێزی سەربازیش پارێزگاریان دەکرد و ئاسایشیان دەپاراست. وەوابەدیار دەکەوێ کە ئامانج لە گرتنە بەری ئەو ڕێ وشوێنە لابردنی مەرامی میرەکان بوو بۆ تەخت یاخود لایەنی کەم بۆ کاڵکردنەوەی تیژی مەرامەکانیان بوو، بەڵام لەبری ئەوەی گرتنەبەری ئەو ڕێ و شوێنە ببێتە هۆی تێربوونی مەرامەکانی ئەوانە دەبینین هانیان دەدات بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتنە سەر تەخت، ئەویش بەهەڵگرتنی ئاڵای شۆڕش هەتا وای لێهات هیچ یەکێك لە سوڵتانەکان لە نەخشەی پیلانەکانی کوڕەکانیان ئەمین نەبوون، ئەمە جگە لە مەرامەکانی برا و برازاکان[2].

[1] - زیادة، محمد مصطفى : نهاية السلاطين المماليك في مصر : ص 227 – 228.
[2] - الشناوی : ج1، ص 347 – 348. جب و بوون: ج1، ص 54.

هەروەها سوڵتانە بەراییەکان عادەتیان گرتبوو بەشێوەیەکی تایبەتی بە حەرەمی سوڵتانییەوە کاریگەربوون[1] بۆ هەڵبژاردنییەکێك لە کوڕەکانی بۆ بە میراتگرتنی تەخت، بۆ ئەم مەبەستە لە هەرێمێکی نزیك لە پایتەخت ئەو کوڕەی بە وەلی عەهد دادەمەزراند، هەتا کاتێك کە سوڵتان دەمرێت بە پەلە خۆی دەگەیاندە پایتەخت و دەچووە سەر تەخت. وەلەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ لە مونافەسە و دژایەتی کردنیان بۆی سەلامەت بێت. وەلەم حاڵەتەدا مل ملانێیەکی خوێناوی لە نێوان هەردوولا بەرپێوە دەچوو، زۆربەی جارانیش تیپ گەلێکی ئینکشاری لەبەرژەوەندی یەکێکیان بەرانبەر دەست خۆشانەیەك دەهاتە ناوەوە و کێشەکەی یەك لایی دەکردەوە[2].

ئەوەی ڕاستیێ کردەکانی برا کوژی بە سیفەتێکی یاسایی مومارەسە نەکرا تەنها لەسەردەمی سوڵتان محەممەدی فاتیحی دووەم نەبێ. ئەوەبوو ئەو سوڵتانە یاسایەکی دەرکرد کە لەناوەرۆکەکەیدا ڕێی بە سوڵتانی نوێ دەدا کە دەهاتە سەر تەخت کردەی برا کوژی ئەنجام بدات بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی[3].

وەلەوانەیە دیارترین سوڵتانەکانی ئالی عوسمان کە بەندەکانی ئەو یاسایەی جێبەجێ کردبێ، سوڵتان محەممەدی سێیەم بێت (1595 – 1603ز) کە فەرمانی بە کوشتنی تەواوی براکانی کرد کەوا ژمارەیان نۆزدە ئومیر بوو، ئەمەش تەنیا بۆ دڵنیا بوونی لە تەخت و کورسی یەکەی[4].

وە لە بیانووانەی کەوا سوڵتانەکانی دەیانهێنایەوە ئەوەبوو کە قوربانی دان بە میرێك یاخود بە ژمارەیەك لە میر بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت دووچاری مەترسییەك ببێت کە ببێتە هۆی ئەوەی لە دەستدانی بەشێك لە موڵکەکانی، ناکا هیچ. وە ئەو کردەیە زیانێکی زۆری بە دەوڵەت گەیاند

---

[1] - فرە ژنی ڕۆڵێکی گەورەیی هەبوو لەهەستیار کردنی ڕق لە یەکتربوونەوەی خێزانی حوکمڕان

[2] - الشناوی : ج1، ص 348.

[3] - جب و بوون : ج1، ص 54. کلو، أندری : سليَمان القانونی، ملحق عدد 4، ص 448 – 449.

[4] - بیهم : ج2، ص 16.





بەوەی کە بووە هۆی دروستبوونی مل ملانێ یەکی خوێناوی کە هەبوونی چینێك لە میرەکانی مەحرووم کرد کە لە دەوری تەختدا گردببنەوە.

وەلەسەدەی چواردەهەمەوە هەتا سەرتای سەدەی پازدەهەم، دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕەکەی دەگوازرایەوە، بەڵام کاتێك سوڵتان ئەحمەدی یەکەم (1603 – 1617ز) کۆچی دوایی کرد هیچ یەکێك لە کوڕەکانی نەگەیشتبوونە تەمەنی خۆناسین و، پێشتریش هیچ کەم تەمەنێك جڵەوی دەسەڵاتی نەگرتبووە دەست. بۆیە ئەم سوڵتانە بەر لە کۆچی دوایی کردنی دەست پێشخەری لە دەکردنی یاسایەك کرد کە فەرمانی دەرکرد بەوەی کە برای سوڵتان لە بری کوڕەکانی بێتە سەر کورسی دەسەڵات و، دوایش مستەفای برای پێش خست چونکە گەیشتبووە تەمەنی خۆناسین هەرچەندە شێتیش بوو[1].

وە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەم یاسایەکی دیکە دەرچوو کە میراتی کورسی دەسەڵاتی ڕێك و پێك خست بەوەی کە کردەی کوشتنی بەهێشتنەوەی میرەکانی خێزانی حوکمڕانی لەناو کۆشکدا گۆڕییەوە. وە دەقی ئەم یاسایە ئەوەبوو کە واجبی کردبوو کاتێك کە تەختی حوکمڕانی چۆڵ دەبێت بدرێتە گەورەترین کوڕی ئالی عوسمان ئەوانەی کگە بەشێك لە ژیانی لە گۆشەگیری دا بەسەر بردووە. وە ئەمە لەماوەی ئەو سەدەیە و نیوەی سەدەکەی تر بووە هۆی ئەوەی کە برا و مامەکان و برازاکان ئەوانەی کە لە قەفەسەکانیاندا زیندانی کرابوون تەختی دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و ڕاستەوخۆش کوڕەکان دووربخرێنەوە تەنیا لەیەك حاڵەت نەبێت، ئەویش ئەوەبوو کە محەممەدی چوارەم لە ساڵی 1645ز دا لە تەعەمەنیە حەوت ساڵی دا لە دوای باوکی چووە سەر تەخت چونکە تاکە میری عوسمانی بوو کە لە ژیاندا مابوو[2].

وە لەگەڵ ئەوەشدا مل ملانێ لەسەر کورسی هەر لە ئارادا بوو کە شەپۆلی هەوا و ئارەزووەکان بە جوڵەی دەنخست، هەروەها نەریتی کگوشتنیش بە یەکجاری کتایی

---

[1] - جب و بوون : ج 1، ص 55.

[2] - هەمان سەرچاوە : ص 55 – 56.

پێ نەهات لە دوای دەرکردنی ئەو یاسایە بەڵکو هێدی هێدی بەرەو کزی چوو هەتا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا لە سەردەمی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمدا بە یەکجاری نەما[1].

بێگومان نەریتی برا کوژی لەلایەن سوڵتانەکانەوە و لەگەڵ نەبوونی ڕێکخستنی میرات گرتنی کورسی دەسەلات، دەوڵەتی عوسمانی لاواز کرد و لە بەهرە پێویستیەکان بۆ بەردەوام بوونی گەشەکردنی و پاراستنی لە دزەکردنی بێ هێزی و لاوازی بۆ ناو لاشەی مەحرومیان کرد.

## چوارەم : سەدرە گەورەکان

عوسمانییەکان پۆستی وەزیریان دیاری کردبوو کە لەسەرەتای سەردەمی دەوڵەت بە (ئەلبراونە) ناوزەد دەکرا، کە ئەمە نازناوێکی فارسی یە لە سەلجوقییەکانی ڕۆمیان وەرگرتبوو. وە ئەم زاراوەیەش بەمانای سەرکرلادەیەکی پارێزەر یاخود پشکێنەر یان خاوەن بەرائەت یان بروانامەی مولکیەت، وەیەکەمجار بەسەرکردەیەکی سەربازی دابڕا[2].

بەڵام سەبارەت بە سەلاحیاتی تەفویزی بوو واتە ئەو وەزیری بریکاربوو ئەمەش لەبەر سەرقاڵبوونی سوڵتانە بەراییەکانی عوسمانی بە ڕزگارکردنی شوێنەکان لەبەر ئەو هۆیە دەسەلات گەلێکی هەمەجۆر و فراوانیان بۆ ئەو (براونانە) جێ هێشت بوو کە لە جیاتی ئەوان مومارەسەی دەکردن. وە لەبەر ئەوەی نوێنەری ڕەهای سوڵتان بوون ئاماژەیان بۆ دەکرا. ئەو حجوکمڕانە گشتی یە تەنیا وەزیرەکانی ئەو سێ سوڵتانە ناگرێتەوە ئەوانیش (محەممەدی فاتیح و سەلیمی یەکەم و سلێمان قانوونی یەکەم)ن، ئەوانەی کە توانیان قورساییەکانی باری حوکمڕانی کردن و سەرۆکایەتی کردنی سوپاکان بەیەکەوە کۆبکەنەوە، هەروەها لە سەردەمی ئەواندا وەزیر، وەزیری جێبەجێ کردن بوو. وە ئەم کارە هەر لەسەر ئەو حاڵە مایەوە هەتا کۆتایی

1 - بیهم : چ2، ص 17.

2- Encycl opedia of Islan : iv, p. 1136.





ساڵەکانی حوکمی سوڵتان سلێمان قانوونی یەکەم کاتێك ڕوکسلانەی ژنە ڕووسیایی هێنا و زۆری خۆشویست. ئەمە وای لێکرد لە ژیانی گشتی دووربکەوێتەوە و وەزیری یەکەمی هاتە پێشەوە و وەزیری تەفویز هاتە ئاراوە. وە هەر لەو وەختەوە و بەدرێژایی حوکمی سوڵتانەکانی فەترەی دووەم، تەنیا لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت، دەنا وەزیرەکان هەر وەزیری تەفویز بوون[1].

وەکاتێك پانتایی دەوڵەت فراوان بوو بایەخی پۆستی وەزیر زیاتر بوو، هەروەها پسپۆڕێتی یەکانیشی هەمەجۆر بوون. بەمە فەرمانگەکانی میری کۆنتڕۆڵ کرد و، چیدی بە براونە ناو نەدەبرا ئەمەش لەبەر ئەم تایبەتمەندێتی یەی کە وەکو پایەیەك بە وازارەتەوە گرێدرابوو[2]. بەمجۆرە پۆستی وەزیری یەکەم، یاخود سەدری گەورە دامەزرا ئەمە دوا بە دوای ئەوەی کە عوسمانییەکان پێشتر نازناوی وەزیریان بەسەر چەندین کەس برد ئەمەش نەریتی حاکمی ولایەتە گەورەکان و ئەفسەرە گەورەکان بوو[3].

ئەوانەی کاریان لە پۆستی وەزیری یەکەمدا دەکرد هەتا فەتح کردنی قوستەنتینیە موسڵمانە ئازادەکان بوون، پاشان سوڵتان محەممەدی فاتیح وای پێ چاك بوو کە دەبێ ئەو پۆستە تەنیا بەندەکان وەری بگرن، ئەمە لە دوای ئەوەی لەو دەسەڵاتەی فراوانەی کە خێزانی (جاندارلی) پێی گەیشتبوون ترسا کە چەند ئەندامێکی ئەم خێزانە ئەو پۆستەیان گرتبووە دەست بە تێپەڕینی کات و بۆ ماوەی چوار نەوە. هەروەك چۆن گومانی لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێك کرد لە نێوان خەلیل پاشی جاندارلی وەزیری و سەرکردەکانی بێزەنتی ئەنجا بە خیانەت کردن تۆمەتباری کرد و، لە هەمان ئەو ساڵەی کە قوستەنتینیەی تێدا فەتح کرا لە سێدارەی دا. زیاد لەوەش دامەزراندنی موسڵمانێکی ئازاد لە پۆستێکی سەرەکی لە ڕژێمی حوکمدا بەکارێکی

1 - الشناوی : ج1، ص 358 – 359.

2 - جب و بون : ج1، ص 156.

3 - هەمان سەرچاوە : ص 163. الشناوی : ج1 : ص 359.

ڕیز پەڕ دادەنرا، ئەمە لە دوای دامەزراندنی خزمەت کردنی کۆشکەکانی سوڵتان و سوپا کە هەردووکیان لە سەر بەندەکان وەستابوون[1].

هەروەها سوڵتانی ناوبراو ڕژێمی وەزیرەکانی قوببەی داهێنا، کە بریتی بوون لەو وەزیرانەی کە بۆ سەدری گەورە مل کەچ دەبوون و، لە تەنیشتی دادەنیشتن لە ژێر یەك بنمیچ دا یاخود یەك قوببەدا. وە ئامانج لەمەش سنووردار کردنی دەسەڵاتەکانی سەدری گەورە بوو.

وەتێپەڕینی کات بوونە توخمێکی بەهێز لە توخمەکانی پیلانەکان. ئەوانە هەوڵیان دا لە میانەی هەوڵەکانیاندا لە ڕێگەی نەخشە و پیلانەکان دەسەڵاتی خۆیان فراوان بکەن و، دەسەڵاتی سەدری گەورەش لەرۆژك بکەن، هەروەها لە هەندیچك ماوەدا بە مەترسی گەلێکی گەورە هەڕەشەیان لە ئاسایشی دەوڵەت کرد. وەڕژێمی وەزیرەکان قوببە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم (1703–130ز)دا هەڵوەشایەوە[2].

هەر لەسەردەمی سوڵتان محەممەدی فاتیحەوە پلە و پایەی سەدری گەورە لە دەوڵەتدا بەرزکرایەوە. وە لە دوایشدا ئیمتیازی هەڵگرتنی گوستیلەی سوڵتانی بەدەست هێنا ئەمەش وەکو نیشانەیەك بۆ ئەو متمانە زۆرەی کە سوڵتانەکان بەویان هەبوو، کە بەوگوستیلەیە فەرمانەکانی سوڵتانی پێ واژۆ دەکرا و، مافی بەپێشخستنیشی هەبوو بەسەر تەواوی فەرمانبەرەکانی دەوڵەتدا. ئەو جێگری سوڵتان و وەسی کرداری بوو بەسەر دەوڵەتدا و سەلاحیاتی ڕەهای هەبوو، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی بەسەر هیچ یەکێك لە دەستەی ئیسلامی و خزمەتکارەکانی کۆشکی سوڵتانی دا نەبوو[3]. وە دەسەڵاتەکانی گەیشتنە کارگێڕی ناوەندی دەوڵەتع و کارگێڕی ولایەتەکان. وە ئەو خۆی سەرۆکی دیوان بوو بەسەر کاروبارەکانی سوپاشدا زاڵبوو، هەروەها لەکاتی پێویستیدا سەرۆکایەتی جەنگەکانی دەکرد و،

1 - Donsson . M: VII, p. 152.

2 - الشناوی : ج1، ص370 – 371.

3 - جب و بوون : ج1، ص **159**.





سەرۆکایەتی دادگای باڵاشی دەکرد و، بۆ بەسەر کردنەوە و لێپێچانەوەی بازاڕەکانی بەناو پایتەختدا گەشت و گەڕانی دەکرد[1].

پۆستی سەدارەی گەورە، لە سەرەتاکانی سەردەمی دەوڵەتدا دەدرایە پاڵ ئەو وەزیرانەی کە شارەزایی و لێهاتووی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی خۆسان دەسەلماند ئەوانەی پایەکانی پۆستە حوکمیەکانیان دەبڕی، بەڵام سوڵتان سلێمانییەکەم لەو قاعیدەیە دەرچوو، کاتێك پۆستی سەدارە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی ژووره تایبەتییەکەی خۆی کرد. وەجێنشینەکانیشی شوێن پێی ئەویان هەڵگرت لە دامەزراندنی هەر پیاوێك کە ئارەزووی بکەن لەو پۆستەدا هەتا ئەگەر ئەوانەش بن کە شارەزاییان نەبوو[2].

هەروەها هەندێك لە سوڵتانەکان کچی یاخود خوشکی خۆیان لە سەدرە گەورەکان مارە کرد و لەو حاڵەتەشدا نازناوی (داماد) بەناوی سەدری گەورەوە دەلکێنرا کە وشەیەکی تورکی بو مانای (زاوا)ی دەگەیاند[3].

سەرەڕای ئەو چاکسازیانە و، ئەو ڕواڵەت کاریانەش، سەدری گەورە کەوتبووە ژێر باڵی نەخشە و پیلانەکانی حەریمی سوڵتانی و خەساوەکانی نێو کۆشکەکانی سوڵتانی، ژیانی تاڕادەیەك بە ڕەزامەندی یاخود تووڕەبوونی سوڵتانەوە بەستراوە، هەروەك چۆن بەسەر ئیبراهیم پاشای سەدری گەورە هات، کاتێك بەوە تۆمەتبار کرا کە چاوی برییووەتە تەختی مەجەڕ و، یەڕنوو بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەختی عوسمانی دا دابگرێت، ئەمەش بە پشت بەستن بەو ژن و ژنخوازیەی کە بنەماڵەی حوکمڕانەوە هەبوو. لە ئەنجامی ئەمەدا لە 5ی ئازاری ساڵی 1536ز دا بە فەرمانی سوڵتان سلێمانییەکەم تیرۆر کران[4].

لەسەر پۆستی سەدارەتی گەورە مەدەنی و سەربازی سزا دەدران، لەوانەی کە توانستی پێشەوایەتیان وەك یەك نەبوو. بێگومان مێژووی دەوڵەتی عوسمانی

1 - Donsson.M: OP. cit , VII, P. 158.

2 - جودت : ج1، ص 103.

3 - دائرة المعارف الاسلامیة : ج9، ص 46 – 47.

4 - هەمان سەرچاوە : ج1، ص 46 – 47.

کۆمەڵێك سەدری گەورەی بەخۆوە گرتبوو کە خاوەن بەختێکی گەورە بوون لە دڵسۆزی و دەست پاکی. هەندێکیان دەوڵەتیان هەڵساندەوە سەر پێیان و هەندێکی دیکەشیان لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و دواتر دەوڵەتیان لە ڕووخان پاراست. وەبنەماڵەی (کۆپەروەلی) بە دیار کەوتن کە ژمارەیەك لە سەدرە گەورەکانی هێنایە بەرهەم کە ڕۆڵێکی دیاریان لە هەڵسانەوەی دەوڵەت و، پاراستنی لە ڕووخان گێڕاوە، لەم بارەیەوە باسی مستەفا پاشای بەیرەقدار دەکرێ کە وەکو (هەورە بروسکەیەك بوو لە نێو تاریکایەکی ئەنگوسە چاو).

وەئەگەر مێژووی دەوڵەتی عوسمانی پڕی بێ لەو تەرزە سەدرە گەورانە، بەڵام بە هەمان شێوەش ژمارەیەکی دیکەشیان کە بەشی هەرە گەورەیان پێك هێنابوو[1] کە ناسرابوون بەوەی لانەزان و نەفام بوون، یانیش بە ڕێگەیەکی لار و لەوێر و نادروست گەیشتبوونە پۆستی سەدارەی گەورە. هەندێکیشیان ژیانیان وەکو خزمەتکارێك لە کۆشکەکانی سوڵتانی دەستی پێکرد و، یان پەروەردەکاری سوڵتان بوون، باخود باخەوان بوون، بانیش داربڕی کۆشکەکانی سوڵتان بوون[2]. وەگومانی زۆریش لەبارەی ناپاکی یەوە لە ژمارەیەکیان دەکرا. توانا و دەسەڵاتەکانی ئەو پۆستە گەورەیان قۆزتبۆوە و فرو فێڵیان بۆ داهێنانی هۆکار گەلی بژێوی نا مەشروع بەکاردەهێنا ئەمەش بەمەبەستی خۆ دەوڵەمەند کردن.

وەهەر بۆ نموونە باسی محەممەد پاشای سوقللی دەکەین کە لە پۆستی سەدارەی گەورە لە کۆتاییەکانی سەردەمی سوڵتان سلێمان قانوونی یەکەم دا کاری کردووە. وەلەو پۆستەدا ماوەی نێوان سێزدە ساڵ تا پازدە ساڵ لەو پوستەدا بەردەوام بوو تا لە ساڵی 1579ز دا لە سەردەمی سوڵتان موورادی سێیەم کوژرا. جا سەڕای ئەوەی کە ئەو لە دەوڵەتدا جێگەی ڕێز و، لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بوو، بەڵام بەوە وەسف کراوە کە ڕەزیل بووە و دیاری گەورەی وەرگرتووە کە بۆتە هۆی زیادکردنی

---

[1] - بیهم : ج2، ص 31.

[2] - محەممەد جەمیل بەیهەم خشتەیەکی بۆ ناوی ئەو سەدرە گەورانە داناوە کە خزمەتکاری کۆشکەکانی سوڵتان بوون بەر لەوەرگرتنی پۆستی سەدارەی گەورە . بگەڕێوە بۆ فەلسەفەی مێژووی عوسمانی : ج2، ص 34 – 35.





داهاتی و کردوویەتی یە دەوڵەکەندترین کەس. لەسەر حاکمی ولایەتەکانی فەڕز کرد بوو کە هەموو ساڵێك کڕینەوەی پۆستەکانیان دووبارە بکەنەوە،ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەم کڕینە یەکجار ڕوویدەدا لە کاتی دامەزراندن لەو پۆستەدا بۆ یەکەمجار وە کرداری نوێکردنەوەی والییەتی بە پێشکەش کردنی دیاریەکان لەلایەن والیەکانەوە بۆ سەدری گەورە دەبەسترایەوە، بەڵام ئەگەر والییەکە مرد و پۆستی حاکمی ولایەتەکە چۆڵ بوو، ئەوە سوقللی کێی زۆرترین نرخی بۆ فەرمانبەرێتی ببەخشیبا ئەو لە شوێنی وی دادەمەزراند[1]. وەکو چۆن ڕەخنەی ئەوەشی لێ دەگیرێ کە خزم و کوڕانی شارەکەی خۆی زۆر خۆش دەویستن ئەوانەی کە لە بۆسنەدا بە پێشی خستبوون.

بەڵام لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە،ـ ئەوە محەممەد پاشای سوقللی بەرتیلێکی لە بووندقیەوە بە دەست هێنا بۆ کڕینی کاڵایەك کە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت نەبوو کە نرخەکەی گەیشتە پازدە هەزار دوکا[2].

ئەمەو هەندێك لە سەدرە گەورەکان لە سەرووی گومانەکانەوە بوون ئەوەبوو دەنگۆی ئەوە هەبوو کە سەدری گەورە محەممەد پاشای بەڵتەجی[3] لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم کاتێك سوپای عوسمانی لەسەر ڕووباری (بروت) ئابڵوقەی دا بوو، بەرتیلی لە پەنرۆسی گەورە وەرگرتبێ و ناچاری کرد کە داوای سوڵح بکات. سەدری گەورەش بە دەنگی یەوە چوو، وەپەیماننامەی (بروت) یاخود (فالکزن)ی لەگەڵدا بەست. وە لەدواییدا ڕوون بۆوە کە ئەو سەدرە گەورەیە دەی توانی قەیسەر ناچار بکات لەبەر سەختی هەڵوێستە سەربازیەکەی دا هەموو داواکاریەکانی دەوڵەتی عوسمانی قبوڵ بکات، هەروەها گومانەکانی لەبارەی محەممەد پاشای بەڵتەجی دروست بوون بەوەی کە قەیسەر کاترینی یەکەم کە هەواڵێتی پەترۆسی گەورەی دەکرد، وازی لە هەموو زێڕ و زەبەرەکانی خۆی هێناوە و داوای لە قەیسەری ڕووسیا کرد پێشکەشی ئەویان بکات و، لەبەرئەو بابەتە تەفرەدارە لاواز بوو و، فەرمانی

---

[1] - بروکمان:مرجع سابق .ص475.

[2] - هەمان سەرچاوە،ل 485.

دەرکرد گەمارۆی سەر سوپای ڕووسیا هەڵگیرێت و ڕووسەکانیش بە قەیسەر و ژن و ماڵییەوە دان پێداهێناوە کە ئەگەر گەمارۆی لەسەر مابایەوە، زۆر لە ڕووداوە مێژوویەکانی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیای دەگۆڕی[1]

ئەو گۆڕانکارییە خێراییە لەنێو ئەو پیاوانەدا سیمایەکی دیاری لە هەندێك لە ماوەکانی مێژووی عوسمانی دا هەبوو، ئەوەبوو لە میانەی حوکمی سولڵتان مورادی سێیەم دا (1574 – 1595ز) لە دوای تیرۆر کردنی محەممەد پاشای سوقللی لە ساڵی 1579ز دا نۆ سەدری گەورەی دیکە لەو ماوەی کە مابۆوە لە سەردەمی سولڵتانی ناوبراودا یەك لە دوای یەك ئەو پۆستەیان وەرگرت کە بریتی بوو لە شازدە ساڵ. وەنەبێ کەسایەتیەکی بەهێز ئەو پۆستەی وەرگرتبێ تەنیا لە دوای تێپەڕینی سەدەیەك نەبێت ئەویش بە دامەزراندنی محەممەد کۆپرولی پاشا بوو.

ئەمە لە ماوەی حوکمی دووەمی حوکمڕانی سولڵتان مستەفای یەکەم دا (1622 – 1623ز) شەش سەدری گەورە یەك لە دوای یەك ئەم پۆستەیان وەرگرت لە کاتێکدا ماوەی حوکمی دووەمی لە پازدە مانگدا تێپەڕی نەدەکرد واتە هەر سەدرێك دوو مانگ و نیوی بە بەر دەکەوێت[2].

زۆربەی ئەو سەدرە گەورانەی کەوا پۆستی سەدارەی گەورەیان وەرگرت کەسایەتیان لاوازبوو، وە دامەزراندیان و لابردنیان بە پێی خواستی خانمەکانی کۆشك بوو، ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن سولڵتانەوە دەستیان لە کاروبارەکان وەردەدا. بۆیە هەریەکێك لەوان ئامرازێك بوون بەدەست ئەو خانمانەوە، لەبەر ئەوە کارگەلێکی نایاسایی و، هەندێك جاریش بێ ئابڕوییان ئەنجامن دەدا، هەروەك چۆن ئامانجیان دەبووە خزمەتکردنی دۆست و نزیکەکگانی خەڵکی شارەکەی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە لەسەر حیسابی کەسانی شایستە و موستەهەق وەزیفەکانیانیان پێ دەدان[3].

[1] - بیهم : ج2، ل 36، دائؤة المعارف الاسلامیة : ج14، ل 385.
[2] - سولڵتان مستەفای یەکەم لە دوای لابردنی سولڵتان عوسمانی دووەم دا لە 20/ ئایاری ساڵی 1622ز هاتەوە سەر حوکم و لە 11/ئەیلوولی ساڵی 1623ز لابرایەوە . محمد فرید بك : ص278 – 279.
[3] - بیهم : ج2، ص 37.





وەلەو ماوەیلا سەدەی شازدە و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم بۆ هەڵبژاردنی سەدرەکان ڕەچاوی چەند ئیعتیبارێکیان دەکرد کە دژایەتیان لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتدا دەکرد لەنێوانیاندا لاوازی کەسایەتی و، ژن و ژنخوازی لەگەڵ سولڵتانی فەرمانڕەوا و، بەساڵاچوون و نەشارەزایی لە هەڵسووراندنی کاروباری دەوڵەت بوو، هەتا وای لێهات ئەو دەوڵەتە دژایەتیەکانی تێدا کەڵەکە بوو. سولڵتانێکدەهاتە سەر تەخت و تەمەنی بچووك بوو، وە سەدرێك پۆستی سەدارەی گەورەی لە دوا دواکانی تەمەنی ناشارەزاییەکی تەواو وەردەگرت، ئەم دووانەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە فراوانە و سنوور هەڵکشاوە نەدەگونجان.

وەهەندێك لە سەدرە گەورەکان ببوونە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵکان وەکو داماد ئیبراهیم پاشای سەدری گەورە کە لە سەردەمی سولڵتان ئەحمەدی سێیەمدا پۆستی سەدارەی گەورەی وەرگرت، وە لە دوای ئاشووبێك کە گەل لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1730ز دا بەرپای کرد بە دوای ئارەزووەکانی کەوت و دوا بە دوای ئمە لە سێدارە درا[1].

وە وەزیرەکانیش هەر لەسەر هەمان شێوەی سەدرە گەورەکان بوون، کە کەسانی دڵسۆز و ناپاك و نێرەموك و بەرتیل خۆریان تیادا هەبوو کە کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕووخانی دەوڵەت لە ناوەوەدا.

**پێنجەم : ژنە خانمەکانی ( حەریمی ) سولڵتانی**[2]

سولڵتانی دەوڵەتی عوسمانی سیستەمی حەریمی سولڵتانیان لە کۆشکەکانیاندا پەیڕەو دەکرد. ئەوە بوو باڵێکی تایبەتیان لەکۆشکدا بۆ تەرخان کرابوو. وە حەریمی سولڵتانی لە دایکی سولڵتانی حوکمڕان, ژنەکانی, پاشان کچ و منداڵە بچووکەکانی و

[1] - دائرة المعارف الاسلامیة : ج1، ص 50.
[2] - لەوانەیە چاکترین شت کە لەسەر حەریمی سولڵتانی نووسرابێ ئەوەبێت کە (دوسۆن) لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرگی حەوتەمدا لەلاپەڕە (63) و بەدواوە نووسیبێتی . و ئەو مێژوونووسە زانیارەکانی لە ژمارەیەك لە خێزانەکانی سولڵتانەکان وەرگرتووە کە لەدوای مردنی مێردەکانیان کۆشکیان بەجێهێشتبوو. هەروەك چۆن پەیوەندیشی بەو کچانەوە کردبوو کە پێشتر لە کۆشکدا نیشتەجێ بوون . و زۆربەی مێژوونووسەکان پشتیان بەوە بەستووە کە ئەو مێژوونووسە نووسیوویەتی.

هەروەها چەند کۆمەڵە کەنیزەیەك پێك دەهات کە لەناو کۆشکدا ژیانیان بەسەر دەبردو هەندێکیان وەزیفەی گەورە یاخود بچووکیان لەناو کۆشکدا هەبوو[1].

ناوچەی حەریم بەچەند دیوارێکی بڵند دەورە درابوو، زۆر بەتوندی پاسەوانی دەکران، وە بەناوچەی قەدەغە کراو دادەنرا جگە لە سوڵتان و خەساوەکان نەبێ ڕێگە بەهیچ کەس نەدەدرا بچێتە ژوورەوە یاخود لێی نزیك بێتەوە یاخود سەیری دانیشتوانەکەی بکات. هەروەك چۆن ڕێگە بە هیچ خانمێك نەدەدرا هەر لەژنەکانی سوڵتانەوە بگرە تا دەگاتە ژنە خزمەتکارەکان لە کۆشك بچنە دەرەوە تەنیا لە چەند حالەتێکی زۆر دەگمەن نەبێ[2]، هەروەها سوڵتانیش کۆشکێکی بچووکی لەنێو باڵی ئەو حەریمەدا هەبوو[3].

هەروەها ئەو ژیانە تایبەتەو کەسایەتی سوڵتان و حەریمی سوڵتانی شوێن پەنجەی بەهێزیان لەسەر چارەنووسی دەوڵەتدا بەجێ هێشت، هەروەك چۆن سوڵتانەکان هەڵوێستی تایبەتیان بەرامبەر فرەژنی و منداڵ نانەوە لە کەنیزەکان و ژن نەخواستن لەئەهلی کیتابدا هەبوو.

هەروەها سوڵتانەکان شوێن پڕەنسیبی فرەژنی کەوتبوون هەروەك لەئایینی ئیسلامدا هاتبوو، ئەوە بوو شاژنە ئازادەکانی موسڵمانانیان یاخود مەسیحیان بە گرێبەستی مارەبڕینی شەرعیان هێنا. وە حەوت سوڵتانە یەکەمینەکان ئەو پرۆگرامەیان پیادەکرد کەلە عوسمانییەکەمەوە دەست پێدەکات و بەسوڵتان محەممەدی فاتیح کۆتایی دێت. شیاوی باسیشە ژن هێنان لە ئەهلی کیتاب پاڵنەری سیاسی و سەربازی هەبوو، بەلام لەدوای ئەمەدا وا ڕوویدا کە سوڵتانەکانی دوای محەممەد فاتیح بە تەواوی هێنانی ژنە ئازادەکان بەگرێ بەستی شەرعیان هەڵوەشاندەوە، چوون بەلای ئەو کەنیزانەی کەلەنێو کۆشکی سوڵتانی دا دەژیان، هەروەها دادپەروەریان لەنێوان ئەنجام نەدەدا، ئەوەبوو جیاوازیان دەکرد لە نێوان

1 - جب وبوون : ج1، ص 106.
2 - باتريك هەمان سەرچاوە : ص 45.
3 - جب وبوون :ج1، ص 110.





ئەو ژنەی کە منداڵی کوڕی ببوایەو، ئەو ژنەشی کەمنداڵی کچی دەبوو. وە ئەو خانمەی کە منداڵی کوڕی ببوایە چاودێریەکی باشتری پێ دەبڕا بەوحیسابەی کە سبەی ڕۆژێ کوڕەکەی دەبێتە وەلی عەهد[1].

لەئەنجامی مارە بڕینی کەنیزەکان لەلایەن سوڵتانەوە ، ئەوەی لێ کەوتەوە کەئەوانە لەدوای منداڵ لێ کەوتنەوە پارێزگاریان تەنیا لە چوار ژن لەوانە دەکرد لەکاتێکدا پێشتر پارێزگاریان لەتەواوی کەنیزەکان دەکرد. وەهەریەك لەسوڵتانەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کەپلەو پایەی ئەو چوار کەنیزەیە لەدوای ئازادکردنیان بەرزبکەنەوە، ئەوە بوو باری کۆمەلایەتی و پایەی یاسایی هەریەك لەوانە گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەوەی تەنیا کەنیزەیەکی پاشابن بۆ خانمێك کە ناوی(قادین) یان بەسەردا دەبڕا[2]. وەئەو قادینانە لەڕووی ڕێز لێنانەوە مامەڵەی شاژنەکانیان لەگەڵدا دەکرا.

ئەمەو بەهۆی فرەژنی و قادینەکان، کێشەیەکی مەترسیداری لێ کەوتەوە، کە شوێنەواری نێگەتیڤانەی لەسەر دەوڵەتدا هەبوو، چونکە فرەژنیان بووە هۆی دروست بوونی فرەدایکی کەغیرەو ڕق و کینەو کێبەرکێی لەنێوانیاندا بلاوکردەوە. بوەی کەهەر دایکێك هەوڵی ئەوەی دەدا کە کوڕەکەی ببێتە وەلی عەهد ئەگەرچیش تەمەنی ڕێگر بووایە لەبەردەم گرتنە دەستی ئەو پۆستە. لەدوایشدا پیلانەکان لەناو کۆشکدا پەنگی دەخواردەوە، وەخەساوەکان و سەرۆکەکانیان لەجێ بەجێ کردنی ئەو پیلانانە بەژداریان دەکرد، ئەمە جگە لە سەدری گەورە کە هاوسۆزی قادینەکان بوو بەهۆی هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا، و لەو حاڵەتەدا قادینەکان پایەیەکی هێزی ترسناکیان لەدەوڵەتدا بەڕێوە دەبرد، کەدەبینرا سوڵتان گوێ لەمستی ئەوان بوو، و ئەو پیلانانە وەکوو باوبوو بۆ چوونە سەرتەخت لەدوای ئەودا. هەروەك چۆن ئەوفرەییە بووە هۆی پەیدابوونی ڕکابەرییەکی توند لەنێوان سوڵتان و ئەو کوڕانەی کەلە دایکێکی دیکە بوون و ئەوانەی کەلە میراتی کورسی بێ بەش

1 - جب وبوون :ج1، ص 107.
2 - هەمان سەرچاوە : ص 106.

کرابوون. وە ئەو ڕکابەرییە هەندێك جار دەگەیشتە پێکدادانی سوڵتان و ئەو کوڕانەی, پاشان لەنێوان برایەکان, بەتایبەتی زڕ برایەکان.

هەروەها خانمەکانی کۆشك لەدایکی سوڵتان و ژنەکانی ڕۆڵێکی ترسناکیان گێڕا لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی باڵا لە دەوڵەتدا, وە هەندێکیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا هەتا لەبەدەست هێنانی حوکمڕانی کردنی ئەو ویلایەتانەی کەلە ڕێگەی مەندوبوکانەوە, کە بێگومان نەیان دەدیتن, بەڕێوەیان دەبردن. وە دەسەڵاتی ئافرەتان لەکاروباری گشتی دا لەسەردەمی سوڵتان ئیبراهیمە شێتدا گەیشتبووە چڵەپۆپە[1].

خانمەکان کاریان بۆ هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ دەکرد لەنێوان وڵات و دوژمنەکانی, هەروەك چۆن دەستیان لەکاری دامەزراندنی گەورە فەرمانبەرەکان و لابردنیان, یاخود کوشتنیان وەردەدا, هەروەها دەستیان لەکاروباری سوپاش وەردەدا.

ئەو دیاردەیە بەو شێوە فراوانە لەنیوەی سەدەی شازدەهەم و سەدەی پاشی بۆ دوو هۆیان دەگەڕێتەوە :

یەکەم : لاوازی کەسایەتی ئەو سوڵتانانەی کەلەو ماوەیەدا حوکمڕانیان دەکرد.

دووەم : زۆری ژمارەی سەدرە گەورەکان کە لەو ماوەیەدا یەك لەدوای یەك هاتنە سەر حوکم و, لێنەهاتوویيان لەسەرۆکایەتی کردن, تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێ کە لێهاتوو بەتوانا بوون و لەسەردەمی خۆیاندا دەسەڵاتیان زاڵ بوو بەسەر حەریمی سوڵتانی[2].

سوڵتان سلێمان قانونییەکەم, دیاردەیەکی ناوازەی لەو بوارەوە پێك دەهێنا. لەگەڵکەئەو لەو گەورەسوڵتانانە دادەنرا کە دەوڵەت لەسەردەمی ئەواندا گەیشتبووە چڵەپۆپەی هێزو مەزنێتی و دەسەڵاتی سیاسی لەکۆڕی نێو دەوڵەتی دا, بەڵام ئەو لەیەك لایەن هاو وێنەی سوڵتانەکانی ماوەی دووەم بوو, ئەویش ئەوەبوو کەلە دوا

1 - جب وبوون : ج1، ص 111.

2 - الشناوی : ج1، ص 598 – 602.





دواکانی تەمەنی دا, خەریك بوو بەتەواوی مل کەچ و زەبوونییەکێ لە قادینەکان دەبوو کە کەنیزەیەکی بە ئەسڵ ڕووسیایی بوو ناوی ڕوکسلانە بوو , ڕوییێکی خەندە ئامێزی هەبوو زۆریش جوان بوو, کەوتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە و منداڵ گەلێکی لێ نایەوە و, ناوی ئەو ئافرەتەی نا(خوڕڕەم) واتە ڕووخۆش, وەپلەوپایەی لەکەنیزەوە بۆ قادین بەرز کردەوە.

ڕوکسلانە بەدیارترین نموونە دادەنرێ لە کارابوونی دەسەڵاتی حەریمی سوڵتانی[1]، کە دڵ و ئاوەزی سوڵتانی کۆنترۆڵ کردبوو, وەببووە ڕاوێژکاری یەکەمی لەکاروبارەکانی دەوڵەت و خانمی یەکەمینیش لەکۆشکی حوکمی عوسمانی دا. وەسوڵتانی لەنێو کۆشکەکەیدا ئالوودە کردبوو چونکە نەیدەتوانی لێی دوورکەوێتەوە, هەروەها وازی لە سەرۆکایەتی کردنی شالآوە سەربازیەکان هێنا.

ڕوکسلانە ویستی سەلیمی کوڕی لەجیاتی میر موستەفا ببێتە وەلی عەهد, کەکوڕە گەورەی سوڵتان سلێمان بوو لەژنێکی دیکە کە(شەرکەسی) بوو. ئەوەبوو پیلانێکی تۆکمەی بۆهێنانەدی ئەو ئاواتەی داڕشت و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. وای لەسوڵتان کرد کەکوڕەکەی خۆی کەوەلی عەهدی خۆی بوو بکوژێ و سەلیمیشی کردە وەلی عەهدی خۆی. ئەنجامەکانی ئەو پیلانە نەگریسەش ئەمانەی لێ کەوتەوە:

¬ بێ بەش کردنی دەوڵەت لە سوڵتانێکی چاوەڕوان کراو کە میر مستەفا بوو کە هاوسەردەمەکانی کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویەکی نایاب بوو.

¬ هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە وڵاتدا بەهۆی بەچاو کەم سەیر کردنی سوڵتان سەلیمی دووەم ئەویش بەهۆی ڕەفتارە نا بەجێ یەکانی.

¬ هەڵایسانی شەڕێکی ناوخۆ لە دەوڵەتدا بەهۆی ئەوەی کە ئینکشاریەکان لەبەر ڕەفتارە دزێوەکانی، ڕقیان لە سەلیمی دووەم بوو و، هەڵگیرسانی شۆڕش لەلایەن (بایەزید)ی کوڕی سوڵتانی ه9ەرێمی (قەرمان)، کە دەیویست براکەی فەرمانڕەوا نەبێت و بۆ خۆی فەرمانڕەوا بێت، بابیشیان هاوکاری سەلیمی کوڕی کرد و لە دژی بایەزید و، یزاکەی ئەوەبوو کە لە ساڵی 1561ز دا لەگەڵ پێنج کوڕەکانی کوژرا.

1 - بگەڕێوە بۆ ئەو باسەی کە پەیوەندی بەفێڵ و تەڵەکە بازیەکانی ئەو خانمەوە هەیە : کلو، أندری : سلێمان قانونی : ص 232 – 243.

¬ گواستنەوەی تەختی حوکمڕانی بەستەم و غەدر بۆ میر سەلیمی دووەم لە دوای مردنی بابی، ژیانی تایبەتیشی هەموو بێ ڕەوشتیی بوو، سەرباری زێدەڕۆیی کردنی لە ئارەق خواردنەوەدا هەرچەندە لە سەردەمی ئەودا هەندێك سەرکەوتنیان وەدەست هێنان[1].

پووکانەوەی دەست ڕۆیشتوویی سوڵتانەکان و سەدری ئەعزەمەکان، لەگەڵ زیاد کردنی دەست ڕۆیشتوویی بنەماڵەی سوڵتاندا، بەپێچەوانەوە دەرۆیشت.

لەسەردەمی سوڵتان موڕادی سێیەمدا (1574 – 1595ز)، چوار ئافرەت وەکو کۆڵەکە و ڕاگری دەوڵەت وەدەرکەوتن.

یەکەمیان: (نووربانوو)ی دایکی سوڵتان کە مەڵبەندێکی گرنگی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت بوو.

دووەمیان: (سەفییە)ی یەکەم ژنی سوڵتان، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی (ڤینیسیا) و لە بنەماڵەی (بافۆ) بوو، کە دوای ئەوەی گەیشتە مەڵبەندێکی گرنگی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی بەرەو بەرژەوەندیی وڵاتی یەکەمی بەڕێ خست و، باسی ئەوە دەکرا کە ویستوویەتی بە بنیاتنانی چەند پرۆژەیەکی خێرخوازیی ئیسلامی، ئەو خواروخێچییەی ڕەوشت و سیاسەت پەردە پۆش بکات.

سێیەمیان: (ئەسمات)ی خوشکی سوڵتان، کە ژنی (سۆقللی محمد پاشا)ی سەدری ئەعزەم بوو.

چوارەمیان: پیرەژنێك بەناوی (جانفید خاتوون)، کە بەسەر کەنیزەکانی کۆشکی سوڵتان ڕادەگەیشت[2].

ئەو ئافرەتانە، بۆ دەست بەسەرداگرتنی مەڵبەندەکانی هێز و دەسەڵات، چۆن ڕەفتاریان دەکرد؟

ئەوی ڕاستی بێ، نووربانووی دایکی سوڵتان بۆ هەڵتەکاندنی ژیانی سەفییەی ژنی سوڵتان پەنای بۆ چەکێکی مەترسیدار برد.

ئەوەبوو چەندان کەنیزەی زۆر جوانی لە کوڕەکەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی دڵی لەسەر ژنەکەی ڕەش بێت و پشتی تێکات، تاکو بەو هۆیەوە لە مەڵبەندی دەسەڵاتی

[1] - الشناوي : ج1، ص 618 – 620.
[2] - بيهم : ج2، ص 60. الشناوي : ج1، ص 623 – 626.





دوورخاتەوە و، بۆ خۆی دەستی بەسەردا بگرێ. سەفییەش دەیویست دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت و، دەست بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوە بە ئاراستەی کۆماری ڤینیسیای وڵاتی یەکەمی خۆی بخاتە ڕێ و، سەرەنجام هەرواشی لێهات و دەوڵەت لەبەر ڕێزی ژنی سوڵتان، دەستدرێژییەکانی ئەو کۆمارەی قبوڵ کردن و چەندان خەڵات و ئیمتیازاتی دایە و پەیماننامەی لەگەڵ نوێکردنەوە[1].

بەڕاستی لەسەردەمی ئەو سوڵتانەدا، دەسەڵاتی بنەماڵەی سوڵتان سنووری بەزاند و، هەواڵی دەست ڕۆیشتوویی ئەو ژنانە گەیشتە دەزگاکانی دەوڵەتانی ئەورووپا[2].

ئەو بارودۆخانە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر مەڵبەندی دەوڵەت لە ئەورووپادا ڕەنگی دایەوە و، چەند تێکهەڵچوونێك لەسەر سنووری نەمسا ڕوویدا و، شەڕ لەگەڵ مەجەڕ هەڵایسا و، ولایەتەکانی (دانوب) و (بەلقان)یش دەستیان دایە شۆڕش و عوسمانییەکان شکان و، لە چەند شوێنێکی گرنگ پاشە کشەیان کرد و، لەگەڵ سەفەوییەکانیش شەڕ دەستی پێکردەوە و، چەندان ساڵی خایاندا کە لەو ماوەیەدا چەندان جار بەهۆی دەست ڕۆیشتوویی بنەماڵەی سوڵتان و دەست وەردانیان لە دامەزراندنی سەرکردە گەورەکانی سەربازیدا، سەرکردە سەربازییەکانی سوپای عوسمانیی گۆڕان.

کاتێك سوڵتان موڕادی سێیەمیش مرد، محمدی سێیەمی کوڕە گەورەی (1595 – 1603ز) بوو بەجێنشینی و، ئەو کاتە سەفییەی دایکیشی هەرمابوو و، لەسەر بەکارهێنانی دەسەڵاتی فرەوانی خۆی لە دەوڵەتدا هەر سوور بوو، ئیدی دەستی بە پێشکەش کردنی بە کوڕەکەی کرد،چونکە دەیزانی لایەنی لاوازی، تامەزرۆیی بێ ڕادەی بۆ ئافرەتی جوانە و، لەو ڕووەوە (مووی لە بابی وەرنەگێڕاوە)، بۆیە کاری بۆ داگیرساندنی غەریزەی زایەند (جنسی)ی کرد و لە نەخشەکەشی دا سەرکەوت، چونکە کوڕەکەی رووی کردە ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی بۆ دایکی بەجێهێشت و، ئەو ژنەش بەردەوام لە مەڵبەندی دەسەڵاتدابوو، دەستی بەسەر توانا و دەسەڵاتی دەوڵەتدا گرت تا کوڕەکەی مرد و ئەحمەدی یەکەمی کوڕی

[1] - Lowisse et Rambaud Historic du Quatrieme Siecled Mosjours, v. p. 846.
[2] - Ibid.

(1603 – 1617ز) جێی گرتەوە و، هەوڵیدا دەستەڵات لە دەست نەنکی دەربێنێ[1].

دەستەڵاتی بنەماڵەی سوڵتان بەشێوەیەکی بەهێز لە سەردەمی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمی نەقوستاندا (1640 – 1648ز) هەر بەردەوام بوو و، ئەو سوڵتانە لە توند و تیژی و بەدکاری و بێ ئەخلاقیدا لە موڕادی سێیەمیش تێپەڕی، (کۆزەم)ی دایکی ڕۆلێکی گەورەی لەپاڵ پێوەنانی بەرەو ئەو ڕێگایەدا دیت و، ئیدی سوڵتان خۆی بۆ ژنان یەکلاکردەوە و، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی بۆ دایکی و ژنە خزمەتکارەکان دەست لێ هەڵگرت تا گەیشتنە لوتکەی دەستەڵات، تەنانەت دایکی هەر لەبەر ئەوەی ڕقی (قەرەمستەفا پاشا)ی سەدری ئەعزەم بوو وای لە کوڕەکەی کرد ساڵی 1643ز بێکوژێت، هەر بەفیتی دایکی (یوسف پاشا)ی سەرکردەی هێرشی دوورگەی کریتی کوشت بەبێنووی ئەوەی گوایە لەتالان و دەستکەوتی شەڕ بەشی سوڵتان و دایکی نەداوە[2].

ئیدی ئەو سوڵتانە لەسەر کوشتنی سەدری ئەعزەمەکان یەك لە دوای یەك ساڵی 1647ز فەرمانی کوشتنی ساڵح پاشای دەرکرد، لەلایەکی دیکەشەوە (محەممەد زادە پاشا)ی سەدری ئەعزەم هەستی کرد ناتوانێ وەك پێویست دەستەڵاتی خۆی بەکاربێنێ و پێش بە حەز و ئارەزووی ئەو هەموو کەنیزە و ئافرەتانەی دەوری سوڵتان بگرێ کە هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە و، خەریکن دەوڵەت بگەیەننە هەڵدێری هەرەسهێنان.

ئەو ڕەوشانە لە مەڵبەندی دەستەڵاتدا ڕەنگیان دایەوە و، قۆزاقەکان پەلاماری لێوا رەکانی دەریای ڕەشیان دا و ڤینیسیاش بەسەر بۆسنە و دەلماسیا و دوورگەکانی پیلۆ بۆنیزی دادا و، باری ناوخۆ بەرەو خراپتر ڕۆیشت[3]، چونکە سوڵتان هەر لەسەر بەرەڵڵاییەکەی بەردەوام بوو و، لەبەر دەستی یار و گراوییەکانی دا وەك بوکە شوشەی لێهاتبوو.

ئیدی شۆڕشێك هەڵایسا و بوو بەهۆی وەلانانی سوڵتان ئیبراهیمی یەکەمی نەقوستان و محەممەدی چوارەمی کوڕی (1648 – 1687ز)، کە منداڵێکی حەوت

[1] - بیهم : ج2، ص 61.
[2] - الشناوی : ج1، ص 630 – 631، دائرة المعارف الاسلامیة :ج1، ص 30.
[3] - تاریخ جودت : ج1، ص 56.





ساڵە بوو، کرایە سوڵتان[1] و، شتێکی ئاسایی بوو کە لەبەر منداڵی وی، دووبەرەکی لەنێو بنەماڵەی سوڵتاندا لەسەر مەڵبەندی هێز، پەرەبستێنێ و، دوو ئافرەت لەسەر دەست بەسەرداگرتنی لوتکەی دەستەڵات لە ڕق بەڕقە (منافسە)دا بوون، کە (کۆزم)ی نەنکی – دایکی بابی (تەڕخانە)ی دایکی بوون[2].

(کۆزم) بەهاوکاری ئینکشاریەکان پیلانی کوشتنی (تەڕخانە)ی خەنیمی داڕشت, بەڵام سەرنەکەوت و, قیامەتیان لێ داهێنا, ئەوەبوو ساڵی 1651ز لە سەردەستی پاسەوانان کوژراو, لەدوای ئەو ڕووداوە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، کە هەر ڕوو لە داتەپین و تێکچوون بوو بۆ تەڕخانە یەکلابۆوە[3].

سوپایەکان، بەتایبەتی ئینکشارییەکان، کە وڵاتیان پڕ لە گەندەڵی و تاڵان کرد بوو کەوتنە سنوور بەزاندن و دەست درێژی و، تا ساڵی 1651ز هەشت سەدری ئەعزەم یەك لە دوای یەك گۆڕان، کە زۆربەیان بەهۆی پیلان و تەڵکەی بنەماڵەی سوڵتان و ستەم دەست درێژی ئینکشارییانەوە ئیعدام کران.

سوڵتان محەممەدی چوارەمیش ڕێ و شوێنی پێشنیانی خۆی ڕەچاغو کرد و، بوو بەگوێ لە مستی ئافرەتە گراویەکانی و، دایکی لە مەڵبەندی هێز و وەدوور خست و لە ئەنجام دا دەستەڵاتی لەکەمی دا، بەڵام تەما بڕ نەبوو و، خۆی بە ئامادەکردنی سلێمان و ئەحمەدی کوڕیەوە خەریك کرد تا ببنە سوڵتان و، سوڵتانیش هەر خەریکی بەڕەڵڵایی و رابواردن بوو و، کات و ئەرکی خۆی لە ڕاودا دەبردە سەر و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی بۆ بنەماڵەی سوڵتان بەجێهێشتبوو[4].

سوڵتان ئەحمەدی دووەمیش (1691 – 1695ز) وەکو پێشینانی خۆی، ئەوپەڕی ئارەق خۆر و کەسایەتی لاوازبوو و، دەوروبەرەکەی دەستیان بەسەردا گرتبوو و، لەسەردەمی ویدا دەوڵەت هەندێك شوێنی بن دەستی خۆی لە ئەوروپای لە دەستدان[5].

[1] - حلیم، ابراهیم بك : سەرچاوەی پێشوو، ص 141.
[2] - الشناوی : ج1، ص 643.
[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو .
[4] - حلیم، ابراهیم بك : ص 146
[5] - بیهم : ج2، ص 61.

سوڵتان ئەحمەدیـە سـێیەمیش (1703 – 1730ز) لـەوانی پێشیٚ چـاتر نـەبوو چونکە سەر مەشقێکی چاك نەبوو، ملی لە ژیانی بەڕەڵڵایی و بیٚ ڕەوشـتی و گاڵتـە و گەپ و بەدکاری و لەگەڵ کەنیزان ناو، دوو کەسی سەر بـە مەڵبەنـدی دەسـتەڵاتی لـە خـۆی نزیـك کـردەوە : ئـەوانیش یـەکیان دایکـی و، ئـەوی دیکـەش سـەرۆکی خواجـە (خەسیو)ە ڕەشەکان بوو[1].

دەوڵـەتانی بێگانـە دەسـت ڕۆیـشتوویی بنەماڵـەی سـوڵتانیان قۆزتـەوە و، ئـەو ئافرەتانەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا، ئەوەبوو دوای شەڕی (بالتاقا)، سوید ویستی بە شەڕ هەڵایساندن لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی دا، تۆڵەی خۆی لە ڕووسیا بکاتەوە و، بۆ ئەو کارەشی بێجگە لە بنەماڵـەی سـوڵتان، ڕێگایـەکی دیکـەی شك نەبرد.

بەرکـدەوەش، سـەرۆکی جاریـەی پۆڵەنـدیی لـە ئەسـتەنبوڵ، کـە نـاوی (بانیاتوسکی)بوو، توانی ئافرەتێکگی جوانی جولەکە بخاتە نێو بنەماڵەی سوڵتان و، ئەو ژنەش توانی سۆزی دایکی سوڵتان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و، ببێتە خۆشەویستی یار و گراویەکانی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم و، ئەوەنـدە بـە شـێوازێکی دلگیر باسـی ئازایـەتی پۆڵەنـدیان و کـەتن و بـەدکاری ڕووسـانی بـۆ کـردن، تەئـسیری تێکـردن و ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان ئەوەندە تەئسیریان لە سوڵتان کرد کە سـەرەنجام جـاڕی شەڕی لە دژی ڕووسیا دا[2].

دەسـتەڵاتی بنەماڵـەی سـوڵتان، تـا کۆتـایی سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم لە ئاستی جیا جیادا هەر بەردەوام بوو[3].

ئیدی بەوجۆرە پەیدابوونی مەڵبەندەکانی هێـز و دەسـتەڵات لـە دەوڵەتـدا لەلایـەن بنەماڵەی سوڵتانەوە، یەك لە گەورەترین هۆیەکانی داڕووخان و هەرسهێنانی دەوڵەت بوو.

---

[1] - هەمان سەرچاوە : ص 62.
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل 62.
[3] - محمد جـەمیل بەیهـەم دەلـیٚ : مـن لـە سـەردەمی کیـانی دەسـت ڕۆیـشتوویی ئافرەتـان دا لـە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دا ژیاوم و دەنگوباسوم بیستوون. چ2، ل 53.





## شەشەم : خواجەکان ( خەسیوەکان )

هەرچەندە لە شەریعەتی ئیسلامدا مەسـەلی خەسـاندن حەرامـە، بـەڵام دەوڵـەتی عوسمانی لە کۆشکی سوڵتانەکانی دا، پێڕەوی لـە یاسـای خەسـاندن دەکـرد و، ئـەو کارەشی لەوبارودۆخە دەگمەنانە بوو دەوڵەت تێیاندا پێچەوانەی شـەریعەتی ئیـسلام ڕەفتناری دەکرد.

دوو پێـڕ (تـاقم)ە خەسـیو هـەبوون، خەسـیوە ڕەشـەکان، کـە بـە تـەواوی دەخەسێنران و، خەسیوە ڕەشەکان، کە بەشێوەی هەندەکیی (جزئی) دەخەسێنران و سەرۆکی ئەو خواجانە (قەبوو ئاغاسـی)ی پـیٚ دەگـوترا[1]، بـەڵام سـەرۆکی خواجـە ڕەشـەکان، کـە سـەرۆکی هـەرە گـەورەی کۆشـکەکانی سـوڵتانیش بـوو، (قیزلـەر ئاغاسی)ی پیٚ دەگوترا، کە ماناکەی (ئاغای کچان)ە، هەروا (ئاغادار و سسعادە)[2] شی پیٚ دەگـوترا و، دەوڵـەت چـەند یاسایەکی تایبـەتی لەمـەڕ خزمـەت کردنیـان لـە کۆشکەکانی سوڵتاندا دانابوو.

جائەو دوو پێڕە ڕق بەڕقە (منافسە) یەکی توندیان لەنێواندا بوو لەسـەر ئـەوەی کـە هـەر کامیـان دەیەویـست دەسـتەڵاتی هـەرە بـاڵا لـە کۆشـکەکانی سـوڵتان و لـە کاروباری دەوڵەتدا بۆ خۆی بێت. شـایانی باسـە کـە سـەرۆکی خواجـە ڕەشـەکان لـە دوای سـەدری ئـەعزەم و شـەیخول ئیـسلام، پایـەی سـێیەمی لـە دەوڵەتـدا هـەبوو، پلەکەی وەکـو پلـەی سـەدری ئـەعزەم و خـدێوی وابـوو[3] و، لـە ئـەنجامی پێوەنـدی بەردەوامی بە سوڵتان و حەرەمی سوڵتانەوە، پلـە و پایـەی ئەوەنـدە بـەرزبوو بـۆوە گەیشتبووە ئاستی هەڵوەشاندنەوە و گرێدان (الهل والعقد) لە دەوڵەتدا، وای لێهاتبوو تەنانەت وەزیرەکانیش و ئەوانەی بەتەما وەزیریش بـوون، ماسـتاویان بـۆ دەکـردن و خۆیان لـیٚ نزیـك دەخـستنەوە[4]. خواجـەکان ژنـەکانیان کـردە نێـو زۆربـەی ئـیش و کارەکـانی کۆشـکەکانی سـوڵتان و، بـە کـەیفی خۆیـان حـەرەمی سـوڵتانیان هەڵدەسووراند[5] و، بەو هۆیەوە لەخۆباییبوون و، چاویان لەوەبوو بە تـەواوی دەسـت

---

[1] - بیهم : چ2، ل 58.
[2] - جب و بوون : چ1، ص 111. مذكرات الاميرة عائشة : ص 165 – 166.
[3] - بیهم :چ2، ص 58. هەمان سەرچاوە، ل 166.
[4] - هەمان سەرچاوە.
[5] - باتریك : ص 46.

بەسەر مەڵبەندی دەستەڵات دا بگرن، لەبەر ئەوە قورساییەکی زیاد لە پێویستیان بەخریاندا.

جا لەبەر ئەوەی ئەوانە پێوەندیان بە حەرەمی سوڵتانەوە هەبوو و، بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ئەوان یەکیان دەگرتەوە، ئەوە بەشی زۆری دەستەڵاتی باڵا بوو بوو بەهی ئەوان، چونکە حەز و ئاواتی ئەو ئافرەتانەیان بە کاربەدەستانی پێوەندی داری بابی عالی و دائیرە بەرزەکانی دیکەی دەوڵەت دەگەیاند، سەرەڕای ئەوە، ئەو خەسیوانە لەجێبەجێ کردنی ئەو پیلانانەی لەنێو کۆشکدا بۆ وەدی هێنانی ئارەزووی حەرەمی سوڵتان دەنرانەوە، بەشداربقوون و، ئیدی بوونە مەڵبەندێکی دەستەڵات لە دەوڵەتدا کە سامیان لێدەکرا و حیسابیان بۆ دەکرا[1].

ساڵی 1716ز لە سەردەی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم دا بە فەرمانی (جورجیل دامـاد عەلی پاشا)ی سەدری ئەعزەم (1703 – 1730ز) هەوڵی نەهێشتنی بەکارهێنانی خەسیوان لە کۆشکەکانی سوڵتاندا درا و، لە ئیشەکەشی دا سەرکەوت، بەلأمن هەر لە دوای مردنی، یەکسەر شتەکە وەك خۆی لێهاتەوە[2].

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی مستەفای سێیەمیشدا (1757 – 1774ز) هەوڵێکی دیکە بۆ کەم کردنەوەی دەستەڵاتی خەسیوان بەسەر ئەوقاف دا لە دەرەوەی کۆشسکەکانی سوڵتان دا درا، بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت و، چالاکی خەسیوان لە دەرەوەی کۆشکان لە جارانی بەهێزتر بۆوە، ئیدی باروۆدخەکە زیاتریش تێکچوو، چونکە سەرۆکی خەیوان وای لێهات تەنانەت لای سوڵتانەکانیش دەستەڵاتێکی زۆریان پەیدا کرد و، بوو بە یەك لە گەورەترین مەڵبەندەکانی دەستەڵات لە دەوڵەت دا[3].

لەڕاستیشدا پەرە گرتنی دەستەڵاتی خەسیوان و سەرکەوتنیان لە دەست بەسر ەداگرتنی مەڵبەندەکانی دەستەڵاتدا، هۆیەك بوو لە هۆیەکانی پووکانەوەی دەوڵەت و هەرەسهێنانی و، پاشان نەمانیشی.

[1] - الشناوی : ج1، ص 669.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 668.
[3] - هەمان سەرچاوە.





## حەوتەم : سیستەمی دەرەبەگایەتی و جەنگی و یاسای پابەند بوون

دەوڵەتی عوسمانی دەولبەتێکی دەرەبەگی لە جۆرێکی تایبەتی بوو، کە مۆرکە دەرەبەگیەکەی لە دوو سیستەم دا بەرجەستە دەبوو : سیستەمی دەرەبەگایەتیی جەنگی و سیستەمی پابەند بوون. جا بەگوێرەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی جەنگی، سوڵتان چەند زەویەکی کشتوکاڵیی دەدایە چەند کەسێك لە سوارە چەکدارەکان کە لێیان نیشتەجێ دەبوون و بە بەکری گرتنی چەند جوتیارێك، کاروباری کشتوکاڵەکەیان بەڕێوە دەبرد و، ئەو زەویانە پێیان دەنگوترا: دەرەبەگیی. شایانی باسە خاوەنی ئەو زەویانە مووچەی پارەی لە حکومەت وەرنەدەگرت، بەڵکو بۆ گوزەرانی خۆی پشتی بە بەرهەمی زەویەکانی دەبەست و، نێوە بەرهەمەکە بۆ خۆی و نیوەکەی دیکەش بۆ جوتیارەکە دەبوو، هەروا پشتیشی بە باجی (دەیەك) و چەند باجێکی دیکە دەبەست کە لەسەر جوتیاران دادەنرا[1]. لە بەرانبەر ئەو شتانەدا، ئەو سوارە دەرەبەگانە دەبوو لە کاتی شەڕدا، بە وڵاخ و چەکەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە مسکێنەکانیان ئامتەدەی شەڕبن و، ژمارەی ئەو مسکێنانەش ڕاستەوانە لەگەڵ ڕووبەری زەوی و زارەکان و داهاتەکەیان دەگونجا[2].

بێ گومان ئەو سیستەمە دەرەبەگییە چەند سیفەتێکی چاکی هەبوو، بەڵام هەندێك عەیبیشی تێدا بوون کە توانای سەربازی دەوڵەتیان کگز کرد، چونکە پێوەندی خاوەنهی زەویەکان بەو زەویانەوە وای لە هەندێکیان کردبوو کە حکومەت لە کاتی هەڵایسانی شەڕدا داوای ڕەگەل کەوتنی سوپای لێ دەکردن، خۆ بگنخێنن و زەویەکانیان بەجێ نەهێڵن. تەنانەت ئەگەر چووبانە نێو سوپاش، بیریان هەر لای زەویەکانیان بوو[3] و، هەندێك لە خاوەنانی ئەو زەویانەش چ بۆ خۆیان، چ مسکێنەکانیان مەشقی ئامادەکاری شەڕیان پشتگوێ دەخست، ئەمەش لێهاتوویی جەنگیی دادەبەزاندن. عەیبێکی دیکەی ئەو سیستەمە ئەوەبوو جوتیارانی دەچەوساندەوە و لە کاتی ئاشتی دا وەکو کۆیلەی بەردەستی سوپاییەکان بوون[4].

[1] - جب و بوون : ج1، ص 69.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 73 – 74. الشناوی :ج1، ص 131.
[3] - هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو : ل 77، 139.
[4] - الشناوی :ج1، ل 139.

دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونییەوە سیستەمی پابەند بوونی لەو هەرێمانەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی جەنگ نەی دەگرتنەوە، جێبەجێ دەکرد، ئەو سیستەمەش زۆر لە خەسڵەتەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی تێدابوون و، کاتێك لە سەردەمەکانی دواتردا دەوڵەت زۆر پێویستی بە سامان بوو، ئەو سیستەمی پابەندبوونەی زۆر فرەوان کرد چونکە بوو بوو بە سەرچاوەی داهاتی خەزێنە[1].

بەگوێرەی ئەو سیستەمە، دەوڵەت کەسێکی دەوڵەمەندی دەست ڕۆیشتوویی پابەند دەکرد ئەو باج و سەرانە تایبەتییەی لەسەر زەوی کشتوکاڵی بوو کە دەبوو جوتیاران لە گوندێك یان زیاتر لە ماوەیەکی دیاری کراودا بیدەن، کۆبکاتەوە، لە پێشدا ئاوابوو، بەڵام دوایی لەگەڵ تێکچوونی باری دارایی دا، دەوڵەت لەخۆڕا پابەند بوونەکەی نوێ دەکردەوە و، بابای پابەند هەر سیفەتێکی هەبا، گوێی نەدەدایە و، پێش ئەوەی ماوەی پابەندبوونییەکەم تەواو بێت، بە چەند مەرجێك کە زۆر گران لەسەر خەزێنە دەکەوت، نوێی دەکردەوە.

ئەوجار دەوڵەت هەنگاوێکی دیکەشی هەڵهێنا، هەتا مردن مافی پابەند بوونی بە کابرای پابەند دەدا، چونکە سوڵتان مستەفای دووەم (1695 – 1703ز) هەستی کرد سیستەمی پابەند بوون چ زیانێك لە دەوڵەت دەدا، لەبەر ئەوە فەرمانی دەرکرد کە هەر کەسە تەنها یەك جار دەتوانێ بەشداری ئەو سیستەمە بکات و، مەبەستیشی ئەوەبوو بابای پابەند بزانێ لە بەرژەوەندی خۆیدایە بە دادپەروەریی ڕەفتار لەگەڵ جوتیاران بکات، چونکە داهاتەکەی هەمیشەییە، بەڵام ئەو کارە ئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە، چونکە بۆرژوا پابەندەکان، پابەندیەکەیان بەتەنێ کردە ئی خۆیان و، ستەم و مل هوڕییان زیادی کرد و، لە ستەم و دەست درێژی دا زێدە ڕۆییان دەکرد و دەوڵەتیان بە هیچ نەدەزانی[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت هەنگاوێکی دیکەی هەڵەی هەڵهێنا و پابەندبوونی کردە پشتاوپشت[3].

بابای پابەند لەسەری بوو پێش دەست بەکاربوونی بڕێك پارە بدات کە بەقەدەر باجی ساڵێکی ئەو زەوی و زارانە بێت کە دەخرانە بەردەستی و، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەی دەبوو وەکو گرەنتی جێبەجێ کردنی کارەکانی سەرشانی بەرتیل بۆ ئەو

[1] - بیهم : ج2، ل 47.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 48.
[3] - الشناوی : ج1، ص 166.





کەسانەی وایان کردووە پابەند بوونی پێ بکرێ، بیدات، دەبوو بە سوودێکی زۆر لە بانکەکانی پایتەخت سولفە بکات، جا ئەو کاتەی ئیشی خۆشی دەدیت و زەویەکانی پێ دەسپێرران، جۆرەها هونەری لە دزینی ساماندا دەنواند.. ئەو زەویانەی بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکرد، هەریەکەیان بەپێی توانا لە کشتوکاڵ کردندا و، دەبوو جوتیارەکان ئەو بڕە پارەی لەسەری لەگەڵ کابرای پابەند ڕێك دەکەوتن، بدەن و، بەزۆریی یەکجار لەوبڕە پارە زۆرتر بوو کە لەسەر زەویەکە دانرابوو و، هەندێك جار دەگەیشتە چەندان قاتی ئەو پارەیە و، جوتیاریش لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا نەدەبۆ خاوەنی ئەو زەویەی ڕەنێوی دەهێنا، بەڵکو تەنها مافی چاندنی هەبوو نەك فرۆشتن و ڕەهن کردنی[1].

کابرای پابەندیش، بەهۆی ئەو فەرمانبەرانەی بۆ هاوکاریی خۆی دایدەمەزراندن و، ئەو هەموو پسپۆڕی و ئیش و کارەی قانون و عورف پێی دابوون، لە جوغزی پابەندبوونەکەیدا دەستەڵاتنیسێکی فرەوانی بەسەر جوتیاراندا هەبوو و، بۆ جوتیارەکان حکومەتێگکی تەوابوو و، فەرمانەکانی حکومەتی بەسەردا دەسەپاندن و، لە ماوەی سەدەی هەژدەدا وای لێهات هەردەتگوت خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو زەوی و زارانەیە مافی پابەندبوونی بەسەردا جێبەجێ دەکردن[2]، سیستەمی پابەندبوون لەکاتی جێبەجێ کردندا تووشی بێ سەرە و بەرەیی تێکچوون بوو، زیانەکانی لە ژیانی ئەو جوتیارەدا ڕەنگیان دایەوە کە چ لەلایەن کابرای پابەندەوە، چ لەلایەن هاوکارانیەوە، لە ڕادە بەدەر زوڵم و ستەمی لێدەکرا و، دەبوو لەو بڕە پارەی بە ڕەسمی لەسەری ڕێککەوتبوون، زۆرتر بداتە پابەندەکە، هەروا جوتیارەکان گوند و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان لەلایەن میرەکان و شوێن کەوتوانیانەوە تاڵان دەکران و، مافی شکایەت کردنیان نەبوو و،ژیانیان ئەوەندە سەخت و ناخۆش و دەست کورتانە بوو، ناچاربوون گوندەکانیان بەجێبێڵن[3].

دەرەبەگ و پابەندەکانیش لەڕادە بەدەر ستەم و دەست درێژیان دەکرد و، حیسابیان بۆ دەوڵەت نەدەکرد و، لەگەڵ هەندێك لە والییەکان ڕێك دەکەوتن پێکەوە لە حکومەت یاخی بن و، ئەرکەکانی حکومەت پێی سپاردبوون، ئەنجامیان نەدەدا،

[1] - الشناوی : ج1، ص 162.
[2] - هەمان سەرچاوە : ل 160 – 161.
[3] - تاریخ جودت : ج1، ص 117.

سەرباری ئەوە ئەو دو سیستەمە وڵاتیان وا لێ کردبوو زیاتر لەچەند میرنشینێکی یەکگرتوو بچێت تا دەوڵەتێك[1].

لە کۆمەڵی عوسمانی دا چینێکیش لە پابەندانی دەیەك پەیدابوو کە زوڵمیان لە جوتیاران دەکرد و، ناچاریان دەکردن بۆ ئاغا و (بەگ)ان دەست لەبەشێکی زەوی زاراکانیان هەڵگرن تا لە ستەمەکەیان بیان پارێزن و ئەوەش هەلایسانی چەند شۆڕشێکی لێکەوتەوە. شایانی باسە ئەو پابەندانە خەڵکی دەست ڕۆیشتوو شەریکی هەندێك لەو دەستەلاتدارانە بوون کە پشتیان دەگرتن[2].

وێڕای پابەندانی دەیەك، چەند پێڕێکی دیکە پەیدابوون کە کاریان پەیداکردنی خواردن و پۆشاکی سوپا و گومرگ بوو، کە ئەوەندەیان قانون شکێنی و زوڵم و ستەم ئەنجامدا، حکومەتی نێوەندیی خستە لەرزەو دەستەلاتی سوڵتانی لاواز کرد و، سەرەنجام دەوڵەتیشی بێ هێز کرد[3].

دەوڵەت لە بەرانبەر ئەو لا ڕێ بوونانە ڕاوەستا و، بۆ کەم کردنەوەی بەدکاریەکانی هەردووك سیستەمەکە چەند ڕێ و شوێنێکی گرتە بەر، بەلام ئەنجامەکان یان خراپ یان پێچەوانە دەرچوون و، بوونە هۆی زیادبوونی دەستەلاتی دەرەبەگ و پابەندەکان لەو ڕێ و شوێنانەی حکومەت گرتنیە بەر، لێستاندنەوەی زەویەکە لە دوای مردنی دەرەبەگی جەنگی یان پابەند بوو، بەلام سیستەمی پابەند بوون لە زۆربەی ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەر بەردەوام بوو تا لە ساڵی 1839ز دا بەگوێرەی خەتی گوڵخانە هەڵوەشێنرایەوە و، خەتی هومایۆنیش کە لە 18ی 2 ی1856ز دت جەختی لەسەر بڕیارەکەی خەتی هومایۆنی کرد وم، وەکو هەنگاوێك بۆ لەنێوبردنییەکجاریی ئەو سیستەمە، قەدەغەی کرد فەرمانبەران و ئەندامامنی ئەنجوومەن لە هیچ پابەندبوونێك بەشداربن[4].

دوای ئەوەش هەوڵەکانی حکومەت بەو ئاڕاستەیە هەر بەردەوام بوون و لە هەوڵێکی شێلگیرانەی دەوڵەتدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی زەوییەکانی ساڵی 1858ز یاسای زەویی و زار دەرچوو.

---

[1] - بیهم : ج2، ص 50.
[2] - هەمان سەرچاوە .
[3] - بیهم : ج2، ص 50.
[4] - الشناوی : ج1، ص 181.





لە ڕاستیدا هەم سیستەمیت دەرەبەگایەتیی و شەڕ و هەم و سیستەمی پابەندبوون، بوونە هۆی ئەوەی دەرەبەگ و پابەند زەویی ڕاپاڕن و تلپاتی تەڕێ تێدا نەهێڵن و تەنگە بە جوتیار هەڵبچنن بۆ ئەوەی تا لە دەستیان دێت پارە و سامان کۆبکەنەوە، ئەوەش هۆیەك بوو بۆ لاوازبوونی پووکانەوەی دەوڵەت.

## هەشتەم : ئیمتیازەکانی بێگانە

دەوڵەتی عوسمانی لە مێژوی دوور و درێژیدا پەیتا پەیتا چەند پەیماننامەیەکی لەگەڵ هەندێك دەوڵەتی ئەورووپی دا بەستووە، کە بە (پەیماننامەی ئیمتیازەکانی بێگانە) ناسراوە، ئەم دەوڵەتە ئیمتیازی بە هەندێك دەوڵەت دا کە لە لوتکەی هێزدا بوو بەبێ گوێدان بەو ئەنجامانەی کە لەپاشە ڕۆژدا گرفتی بۆ ساز دەکەن، کە لاوازبوو بەگوێرەی چەند پەیماننامەیەك ئەو ئیمتیازانەی لێ سێندرانەوە و، ئەم ئیمتیازانەش ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتە ئەورووپییەکان بۆ جێگیر کردنی دار و دەستەکانیان لەسەر زەویەکانی عوسمانی بە تایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان و بۆ دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی پشتیان پێ بەستووە.

ئەو ئیمتیازانە لەچەند پەیماننامەیەکی ئاسایی نێوان دوو دەوڵەتەوە گۆڕان بۆ چەند ئیمتیازێکی وا کە لەنێوان یەکێك لە دوو دەوڵەتە هاوپەیمانەی خاکی دەوڵەتی دووەم و پاشان بۆ چەند ڕێ پێدانێکی ڕەسمی کە ڕێ بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەدات دەست لە کاروباری دەوڵەتی دیکە وەربدەن. ئەو بەڵگەنامانە هەروەك لە توێژینەوەکەماندا ڕوونمان کردەوە ڕێی بە ئەورووپییە بێگانەکان دا بێنە نێو خاکی عوسمانییەکان بەبێ هیچ فشار و ناڕەحەتی یەك تێیدا جێگیربن و بازرگانی لە شار و شوێنەکانیان بکەن و تێیدا بێن و بچن، هەروا ئەو پەیمانانە بارودۆخی ئەو بازرگانیەشییان ڕێکخستبوو. لە بواری شەخسیشدا دەوڵەتی عسومانی ئازادی کەسایەتی بۆ ئەو بێگانانە دابین کرد کە لە خاکەکەیدا دەمێننەوە، لەسەرانە بەخشینی و ئازادی ئەنجام دانی دروشمە ئایینییەکانی پێدان.

ئەو ڕێککەوتنامانە ڕێیان بەو دەوڵەتانە دا کە لەگەڵی هاوپەیمانن، لە ئەستەنبوڵ و شارەکانی دیکە بەناوی سەفیر نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و لە پایتەخت و سەفارەتیش لە شارەکانی دیکە بکەنەوە.

هەروەها ڕێی بەوانە دا سەرپەرشتی هاووڵاتیان بکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ناکۆکیان لەنێواندا نەهێڵن بەرگیان لێ بکەن. بۆیە بێگانەکان گوێ ڕایەڵی کاربەدەستە ناوخۆییەکان نەبوون و، ئەوروپییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی دا پارێزراو بوون و ملکەچی دەستەڵاتی عوسمانی نەبوون و وای لێکردن ببن بە چینێکی سەربەخۆ کە خۆیان لە پشت یاساوە ببین و وایان لێهات دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا پێك بێنن. ئەو ئیمتیازانەی کۆسپیان خستە بەردەم دەوڵەت بەبێ جێبەجێ کردنی پرۆژە گەلێکی چاکسازی و بەدەستهێنانی داهاتی مالّیی تازە بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕی. کاتێك ئەو نیشانانە دەرکەوتن بۆ زەبر وەشاندن لە دەوڵەت دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەستیان لە کاروباری ناوخۆیی وەردا و، پەیماننامەی ئیمتیازەکانی بێگانە، دەرگایەك بوو بۆ هاتنە ناوەوەی دەوڵەتان و هێنانەدی ئامانجەنکانیان.

دەست ڕۆیشتووی دەوڵەتە ئەوروپیەکان و دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئاکامی خراپی لێکەوتەوە و، ئەو دەوڵەتانە ئەو پەیماننامەیان کردە بەڵگە و پشتیوانێك بۆ خۆ تێخزاندن لە دەوڵەت و ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەتی عسومانی لەگەڵ سوپای ئەوروپیەکان تووشی شکستی کرد بە تایبەتی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا. ئەو تێشکانانە بوونە هاندەری ئەوروپییەکان بۆ زیاتر دەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەگوێرەی پەیماننامەکان کە لە بنەڕەتدا بۆ ئالّوگۆڕی ئەرك و مافی نێوان ئەوروپیەکانی نیشتەجێی دەوڵەت و عوسمانییەکانی ناو دەوڵەتە ئەوروپییەکان دانرابوو، ئەو پەیماننامانە بوونە هۆی دانی باج لەلایەن دەوڵەت و دەسکەوت و تالّانیش بۆ بێگانەکانی نیشتەجێی خاکەکەی، ئەوانەی بە بەخشران لە باج قایل نەبوون، بەڵکو لە بەرانبەر دەستەڵاتی دادوەری و یاسا دانان و ڕاپەڕاندن خاوەن ئیمتیاز و حەصانە بوون کە لەو سنوورەی بۆیان دیاری کرابوو لایان دەدا و مافی تازەیان بەدەست دەهێنا کە لە پەیماننامەکاندا نە هاتبوون، بەجۆرێك دەوڵەتیان دەستەوستان کردبوو لە پاراستنی مافەکانیان و بوو بوە هۆی بەرپابوونی ئاشوب لە دەوڵەتی عوسمانی دا.

دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە جیاتی ئەوەی ئەو پەیماننامانە بە ئیمتیاز گەلێك بزانن کە سوڵتانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێی بەخشیوون، وایان لێکدایەوە کە چەند مافێکن





لە دەستەڵاتدارێکی لاواز، یان دەوڵەتێکی تیکشکاو ستاندوونی و، ئەو پەیماننامانە بوونە هۆی زەلیلی و سەر شۆڕیی عوسمانییەکان، تا بووە هۆی ڕووخاندنیان دوای جەنگی جیهانییەکەم.

دەوڵەتی عوسمانی دوای شەڕی (قەڕەم) و پێش بەستنی کۆنگرەی پاریس لە 25ی شوباتی 1856ز هەوڵی زۆریدا تا یاسای ئیمتیاوە بێگانەکان لابەرێ تاکو چەند چاکسازییەك بکات کە لە نووسینی هومایۆنی دا هەبوو کە لە 18یشوباتی 1856ز دەرچووە، بەلاّم دەوڵەتە ئەوروپییەکان هیچ وەلاّمێکیان نەدایەوە. ئەندامانی کۆمەڵی (أتحاد و ترقی) ساڵی 1908 دوای کودەتا بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەولّیاندا، ئەو ئیمتیازانە نەهێڵن، بەلاّم بە هۆی توند و تۆڵی دەوڵەتە ئەوروپییە نەیارەکان، شکستیان خوارد.

دوای بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی 1914ز دەوڵەتی عوسمانی لە 19یئەیلولی هەمان ساڵدا چەند بلاّوکراوەیەکی نارد بۆ سەفیرانی دەوڵەتان لە ئەستعەنبەوڵ پێی ڕاگەیاندن کە دەیەوێت ئیمتیازە بیێگانەکان بسڕێتەوە. سەفیرەکانیش بە یاداشتێك نارەزایی یان دژی بڕیاری حکومەت دەربڕی ڕایانگەیاند کە حکومەتەکانیان پابەندی مانەوەی ئەو ڕژێمەن بەوجۆرە.

کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی تەواوبوو، دەوڵەتی عوسمانی شەڕەکەی دۆڕاند، بەریتانیا و سوێند خۆرەکانی وەك سزایەك بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە پەیمانی سیڤەردا یاسای ئیمتیازە بێگانەکانی هێشتەوە.

بەهۆی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالیەکان پەیمانی سیڤەر گۆڕا بە پەیمانی لۆزان، کە 24یتەمموزی 1923ز دەرچوو، کە بڕیاری دا ئیمتیازە بێگانەکان نەهێڵی بیە تورکیا لە فشاری ئەو یاسایە ڕزگاری بوو. ئیمتیازەکانی بێگانە ئۆباڵێك بوو لە ئەستۆی سوڵتانەکان دا بوو لە هەمو بوارەکانی ژیاندا، وای کرد گەلی عوسمانی لە وڵاتی خۆیان خۆ بە غەریب و نامۆ بزانن و وایان لێهات زەبوون و بێ دەستەڵات بوون و ئەو ئیمتیازانەش یەك لە هۆکارەکانی لاوازبوونی دەوڵەت بوون.

## نۆیەم: نێردراوەکانی بەمەسیحی کردن[1]

نێرراوەکانی بەمەسیحی کردن هەر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەڕا، ناخاسمە ساڵی 1625ز لە چەند ولایەتێکی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەتاییبەتی لە ولایەتەکانی ولاتی شامدا، چالاکی یەکی دینی بەربڵاویان ئەنجام دەدا.

ئەو نێرراوانەی بەدیان کردن، سەر بە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، ئەوانە کە کاسۆلیك و پرۆتستانت و ئەرسۆزۆکس بوون و، ئەندامەکانی لە فەرەنسا و ڤاتیکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و پرووساوەداهاتن.

ئەندامانی ئەو نێرراوانە خەریکی هەڵسووران و چالاکی چڕ و پڕی ئایینی بوون کە بە پەردەی چالاکی بەربڵاوی زانستیی و ڕۆشنبیریی کە لە دروستکردنی مەکتەب و پەیمانگا و زانستگادا لە هەموو لایەکانی وڵاتانی شامدا، بەرجەیتە دەبوو و، هەندێکیشی دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی ئەدەبی زانستی مەسیحیەت ئامێزی دەگرتەوە.

ئەو نێرراوانە بە نیازی بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی مەسیحی لەنێو مخوسڵمانانداهاتنە ڕۆژهەڵات و، هەر پێرێکیش لەو دیانانە حەزی دەکر مەسیحیەکان لە ڕێبازەکانی دیکەی مەسیحیەتەوە بۆ سەر ڕێبازی خۆی وەرگێرێت.

ئەو نێرراوانە بەشێوەیەکی تایبەتی قورسایی هەولەکانیان خستبۆ سەر وڵاتی شام، ئەوەش سەبارەت بەم هۆیانە بوو:

¬ زۆری ژمارەی دیانان لە وڵاتی شام.

¬ ئەو دیانانە بەزۆری زمانێکی بێگانەیان دەزانی شارەزایی داب و نەریتی خۆماڵی بوون و بە ئاسانی دەیانتوانی کار بکەن، بەتایبەتی لە بواری وەرگێراندا.

فەرەنسا باڵی پارێزگاری خۆی بەسەر کاسۆلێکەکان دا کێشا و، ڕووسیاش بەسەر ئەرسۆزۆکس و، بەریتانیاش بەسەر دەروزەکان دا.

لەڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای ژیانی سیاسی خۆی کە سەردەمی بەهێزیی بوو، گوێی نەدایە ئەو چالاکییە چڕ و پڕەی بە دیان کردن، چونکە ئەو کاتە

[1] - دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە کتێبی (التبشير والاستعمار في ابلاد العربية)، نووسینی : د. مصطفى الخالدي. و د. عمر فروخ.





یەکگرتوو و تۆکمە بوو و، پێی وانەبوو ئەو نێرراوانە بتوانن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بۆ گەلەکەی مەترسی داربن.

بەڵام دوای ئەوە، کە ئەو نێرراوانە بوونە داردەستی وڵاتانی ئەوروپا و، لە سەپاندنی دەستەڵاتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئایینیی خۆیاندا بەسەر ئەو وڵاتانەی داگیریان کردبوون، یان چاوی تەماعیان تێ بڕیبوون، پشتیان پێ دەبەستن و، چالاکی بەدیان کردن بوو بەیەك لە بنەما هەرەن بەهێزەکانی ئیمپریالیزم، ڕەوشەکە وەکو خۆی نەما و گۆڕا.

مەترسیی نێرراوەکانی بەدیان کردن بۆسەر ولایەتەکانی شام لە سەدەی نۆزدەدا زیادی کرد و، چەندان شۆڕشی کوشندەی ناوخۆ و کێشەی تایفەگەریی سەریان هەڵدا و، بوونە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە دەوڵەت لە سەردەمێکدا کە لەوپەڕی کزیدابوو و، بەرەو پوکانەوە ملی لێنابوو و، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتانی بێگانە بەبێنووی پارازتنی کەمایەتییەکان، دەستیان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەت وەردەدا، تووشی چەندان هەژان و لەرزین سەخت هاتوو، ئەو دەوڵەتانە توانیان چەندان شوێنی بەربڵاوی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقای لێ دابڕن و، دەوڵەت بەکردەوە لە بەرانبەر شالاوی بە دیان کردن لە ولایەتەکانی، دەستەوستان بوو. ئیدی دەوڵەت، بەتایبەتی لەقودس، بەدەست ناکۆکییە توند و تیژەکانی نێوان کاسۆلیك و ئەرسۆزۆکسەوە دەی ناڵاند و، نەی دەتوانی دڵی هەردووك لایان ڕابگرێت، ئەوەش بوە هۆی هەڵایسانی شەڕی (قرم) کە عوسمانییەکان زیانێکی زۆریان تێدا کرد، هەروا بە تەئسیری خراپ کرای ئەو نێرراوانەی بەدیان کردن گیرۆدە بوو بوو، کە چ بە قەستی و چ بێ مەبەست دەوریان لە تیژ کردنی دەمارگیری ئایینی نێوان پێڕە مەسیحیەکان لەلایەك و، نێوان پێڕە مەسیحیەکان و موسڵمانان لەلایەکی دیکەوە هەبوو. لە ڕاستیشدا دەوڵەتی عوسمانی دەرهەق بە چالاکی نێرراوەکانی بەدیان کردن کە بەهۆی زیادبوونی پەشێوی تایفی و مەزهەبی سیاسیی، بەتایبەتی لە وڵاتی شام دا، چەند سەرەنجامێکی زۆر خراپی لێکەوتنەوە، نە ئیرادەی ئازادی هەبوو، نە ڕەفتار و هەڵسووڕانی ئازاد و، ئەوەبوو بێ توانایی لە قایل کردنی ئەو هەموو ئاپۆڕەی مەزهەب و نەتەوە زۆرانەدا وەدەرکەوت، ئەوەش پاڵی بە دەوڵەتانی ئەوروپاوە نا بە دیان کردن بکەنە هەنجەتێك بۆ دامەزراندنی چەند مەڵبەندێکی دەستەڵات و هێز لەنێو

ولایەتەكانی دەوڵەتی عوسمانیدا، كە هۆیەك بوو لە هۆیەكانی هەرەس هێنان و ڕووخانی عوسمانیان.

## سەرچاوەكان

**أولا :المصادر والمراجع باللغة العربية**

**أ- المصادر:**


- ابن اياس،محمد بن احمد : بدائع الزهور في وقائع الدهور. الهيئة المصرية العامة للكتاب. القاهرة 1984.
- ابن تغري بردي، جمال الدين ابي المحاس يوسف : النجوم الزهرة في ملوك مصر والقاهرة. دار الكتب المصرية. القاهرة.
- ابن عربشاه، ابي العباس شهاب الدين احمد بن محمد الدمشقي : عجائب القدور فينوائب تيمور. تحقيق احمد فايز الحةمسي. مؤسسة الرسالة. بيروت ط1، 1986.
- ابو شقرا، يوسف خطار : الحركات في لبنان الى عهد المتصرفية. تحقيق عارف ابو شقرا. بيروت 1952.
- اتلخان، جواد رفعت : الخطر المحيط بالاسلام. الصهيونية وبروتوكولاتها. تعريب وهبي عزالدين. بغداد 1965.
- الافغاني،جمال الدين وعبده، الشيخ محمد : العروة الوثقى. دار الكتاب اللبناني. بيروت 1970.
- باتريك، ماري مايلز : سلاطين ال عثمان. مؤسسة عزالدين للنشر. بيروت ط 1986.
- بازيلي، قسطنطين ميخائيلوفيتش : سووريا ولبنان وفلسطين تحت الحكم التركي من الناحيتين السياسية والتاريخية. ترجمة يسر جابر. دار الحداثة. بيروت ط 1988،1.
- الترك، المعلم نيقولا : ذكر تملك جمهور الفرنساوية الاقطار المصرية والبلادالشامية: تحقيق ياسين سويد. دار الفارابي. بيروت 1990.
- تشر شل، تشارلز : الدروز والموارنة تحت الحكم العثماني. منشورات دار لحد خاطر. بيروت1986.
- جودت، احمد : تاريخ جودت. الجزء الاول. ترجمة عبدالقادر الدنا. بيروت 1308هـ.







- الحتوني، الخوري منصور : نبذة تاريخية في المقاطعة الكسروانية. بيروت 1884.
- حليم، ابراهيم بك : تاريخ الدولة العثمانية الغلية. مؤسسة الكتب الثقافية. بيروت ط1. 1988.
- دحلان، احمد بن زين الدين: الفتوحات الاسلامية بعد مضي الفتوحات النبوية. القاهرة 1323هـ.
- الرسنة، احمد نيازي : خواطر احمد نيازي. ترجمة ولي الدين يكن. القاهرة 1946.
- رفيق بك، محمد و بهجت بك، محمد : ولاية بيروت. منشورات لحد خاطر. بيروت ط2، 1987.
- سرهنك، المير الاى ئيسماعيل : تاريخ الدولة العثمانية. دار الفكر الحديث. بيروت 1988.
- الشدياق، طنوس : اخبار الاعيان في ضياى لبنان. منشورات الجامعة اللبنانية. بيروت 1970.
- شةهابى، احمد حيدر : كتاب الغرر الحسام في اخبار انباء الزمان. لبنان في عهد الامراء شهابين. تحقيق اسد رستم و فؤاد البستاني. منشورات المكتبة البولسية. لبنان، ط2، 1984.
- طوران، مصطفى : اسرار الانقلاب العثماني. ترجمة كمال خوجة. مطابع المختار الاسلامي. القاهرة.
- الحسقلاني، الحافظ بن حجر : انباء الغمر في انباء العمر. تحقيق حسن حبشي. القاهرة 1969 – 1972.
- الخزي، نجم الدين محمد بن بدر الدين محمد : الكواكب السائرة في اعيان المائة العاشرة. بيروت 1945 – 1959.
- فريد بك، محمد : تاريخ الدولة العلية العثمانية. تحقيق احسان حقي. دار النفائز. بيروت، ط2، 1983.
- فؤاد باشا : وصية فراد باشا. تحريب جميل معلوف. مطبعة المناظر. سان باولو 1908.
- القرماني، ئةحمةد : تاريخ صلاطين ال عثمان. تحقيق بسام عبد الوهاب الجابي. دار البصائر. دمشق 1985.
- كامل، مصطفى : المسالة الشرقية. قاهرة. ط. 1898.
- الكركوكلي، الشيخ رسول : دوحة الوزراء في تاريخ الوقائع بغداد الزوراء. ترجمه عن التركية. موسى كاظم نورس. دار الكتاب العربي. بيروت.
- الكواكبي، عبد الرحمان : ام القرى. مطبعة التقدم. القاهرة، ط4.
- مذكرات الئةميرة عائشة عثمان اوغلي : تعريف صالح سعداوي صالع. دار البةشير. عمان. ط1، 1991.
- مذكرات السلطان عبدالحميد الثاني : ترجمة محمد حرب. دار القلم. دمشق. ط3، 1991.
- المقريزي، تقي الدين احمد بن علي : كتاب السلوك لمعرفة دول الملوك. تحقيق محمد مصطفى زيادة وسعيد عاشور. دار الكتب المصرية. قاهرة 1939 – 1972.
- مؤرخ مجهول : حروب ئيبراهيم باشا المصري في سووريا والاناضول. تحقيق اسد رستم. منشورات المكتبة البولسية. لبنان ط2، 1986.
- مؤرخ مجهول مذكرات تاريخية عن حملة ئيبراهيم باشا عةلى سووريا. تحقيق ئةحمةد غسان سبانو. دمشق. دار قتيبة.
- النهر والي، الشيخ قوتب الدين : الاعلام باعلام بيت الله الحرام. اخبار مكة المشرفة. تحقيق فرديناند و يستنفلت. خياط. بيروت 1964.

- يوميات هرتزل : اعداد انيس صايغ. تحريب هيلدا صايغ. بيروت 1973.

**ب- المراجع :**

- ابو غنيمة، زياد : جوانب مضيئة في تاريخ العثمانيين الاترك. دار الفرقان. ط2، 1986.
- استارجيان، ك. ل : تاريخ الامة الارمنية. المووصل 1951.
- امين، احمد : زعماء الاصلاح في الحصر الحديث. مكتبة النهضة المصرية. قاهرة ط4، 1979.
- انطونيوس، جورج : يقظة العرب، تحريب ناصر الدين الاسد و احسان عباس. دار العلم للملايين. بيروت 1964.
- انيس، محمد : الدولة العثمانية والشرق العربي 1514 – 1914، القاهرة.
- اوزتونا، يلماز : تاريخ الدولة العثمانية. ترجمة عدنان مةحمود سليمان. المجلة الاول منشورات مؤسسة فيصل للتموين. استانبول 1988.
- اوين، روجر : الشرق الاوسط في الاقتصاد العالمي 1800 – 1914. ترجمة سامي الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية. بيروت ط1، 1990.
- الاعزمي، احمد عيزت : القضية العربية. بغدادة 1931 – 1936.
- الافغاني، سعيد : قصة الخط الحديدي الحجازي. مجلة العربي. العدد 280. اذار 1982.
- ايڤانوف نيقولاي : الفتح العثماني للاقطار العربية 1516 – 1574. ترجمة يوسف عطاالله دار الفارابي. بيروت 1988.
- البحراوي، محمد عبد اللطيف : الاصلاح العثماني في عصر محموود الثاني، قاهرة 1978.
- برجاوي، احمد يعبد : الامبراطورية العثمانية. تاريخها السياسي والعسكري. الاهلية للنشر والتوزيع. بيروت 1993.
- برو، توفيق : العرب والترك في العهد الدستوري العثماني 1908 – 1914. دار طلاس. دمشق ط1، 1991.
- بروكلمان، كارل : تاريخ الشعوب الاسلامية. تحريب نبية فارس ومنير البعلبكي. بيؤوت. ط11، 1988.
- البطريق، عبدولحميد : من تاريخ اليمن الحديث 1517 – 1840. معهد البحوث والدراسات العربية. القاهرة 1969.
- البطريق، عبدولحميد ونوار، عبد العزيز : التاريخ الاوروبي الحديث. دار النهضة العربية. بيروت.
- بن دهيش، عبداللطيف : مكتبات المدين المنورة في العهد العثماني، مجلة كلية الشريعة والدراسات الاسلامية. جامعة الملك عبد العزيز بمكة مكرمة. السنة الثالثة 1397 – 1398هـ. العدد الثالث.
- بني المرجة، موفق : صحوة الرجل المريض او السلطان عبدالحميد الثاني واخلافة الاسلامية. مؤسسة صقر الخليج للطباعة والنشر. الكويت 1984.
- بيهم، محمد جميل : فلسفة التاريخ العثماني : بيروت، 1954.
- الـتر، عزيز سامح : الاتراك العثمانيون في افريقيا الشمالية. ترجمة مةحموود علي عامر. دار النهضة العربية، بيروت ط1.
- ترحيني، محمد احمد : الاسس التاريخية لنظام لبنان الطائفي. دار الافاق. بيروت ط1، 1981.







- التميمي، عبد الجليل : اول وُسالة من اهالي مدينة الجزائر الى الساطان سليم اول سنة 1519. المجلة التاريخية المغربية. العدد 6. تموز 1976.
- جب، هاملتون وبوون هارولد : المجتمع الاسلامي والغرب. ترجمة احمد عبد الرحيم مصطفى. دار المعارف. مصر.
- جرانت، ا. ج وتمبرلي هارولد : اوروبا في القرنين التاسع عشر والعشرين. ترجمة محمد علي ابو درة ولويس اسكندر. مؤسسة سجل العرب. القاهرة 1967.
- الجميل، سيار : العثمانيون وتكوين العرب الحديث. مؤسسة الابحاث العربية، ط1، 1989.
- حتي، فيليب : تاريخ سووريا ولبنان وفلسطين. ترجمة كمال اليازجي. دار الثقافة، بيروت، 1972.
- حرب، محمد : العثمانيون في التاريخ والحضارة. دار القلم، دمشق ط1، 1989.

  السلطان عبد الحميد الثاني اخر السلاطين العثمانين الكبار. دار القلم. دمشق 1990.
- حسون، علي : العثمانيون والروس. المكتب الاسلامي، بيروت ط1، 1982.
  – العثمانيون والبلقان. المكتب الاسلامي. بيروت.
- حصري، ساطع : البلاد العربية والدولة العثمانية. دار العلم للملايين. بيروت ط1965،3.
- حلاق، حسان علي : موقف الدولة العثمانية من الحركة الصهيونية 1897 – 1909. الدار الجامعية، بيروت 1986.
- حلاق، حسان وفواز، مصطفى نجيب. وحسي، عبد السيد وقانصو، عبدالعزيز : دراسات في المجتمع العربي. دار بيروت المحروسة 1991.
- خاطر، لحد : عهد التصرفين في لبنان 1861 – 1918، بيروت 1982.
- الخالدي، مصطفى وفروخ عمر : التبةشير والاستعمار في البلاد العربية، بيروت 1953.
- خوري، اميل وئيسماعيل، عادل : السياسة الدولية في الشرق العربي. الجزء الاول. دار النشر للسياسة والتاريخ، بيروت 1990.
- داهموس، جوزيف : سبع معارك فاصلة في العصور الوسطى. ترجمة محمد فتحي الشاعر. الهيئة المصرية العامة للكتاب. القاهرة ط2، 1992.
- ديل، شارلز : البندقية جمهورية ارستقراطية. تعريب احمد عزت عبدالكريم وتوفيق اسكندر. دار المعارف، مصر 1948.
- ديورانت، ويل : قصة الحضارة. الهيئة المصرية عامة للكتاب. القاهرة.

  المجلد السادس الجزء الثاني ترجمة عبد الحميد يونس

  المجلد السادس الجزء الخامس ترجمة محمد علي ابو درة

  المجلد السابع الجزء الثاني ترجمة فؤاد اندراوس

  المجلد الثامن الجزء الثالث ترجمة فؤاد اندراوس
- الرافعي لا، عبد الرحمن : عصر ئيسماعيل. القاهرة، 1948.
  – الثورة العرابية والاحتلال الانكليزي. القاهرة 1949.
  – عصر محمد علي. النهضة المصرية. القاهرة. ط3، 1951.
- رافق، عبدالكريم : العرب والعثمانيون 1516 – 1916، دمشق. ط1، 1974.

- رامزور، ارنست : تركيا الفتاة وثورة 1908، ترجمة صالح احمد العلي. مكتبة الحياة بيروت، 1960.
- روستم، اسد : بشيؤ بين السلطان والعزيز 1804 – 1840، منشورات المكتبة البوليسية. بيروت، ط2، 1985.

لبنان في عهد المتصرفية. منشورات المكتبة البوليسية. بيروت، ط2، 1988.

الروم في سياستهم وحضارتهم ودينهم وثقافتهم. منشورات المكتبة البوليسية. بيروت. ط2، 1988.
- الرشيدي، سالم : محمد الفاتح. مكتبة الارشاد. جدة. ط3، 1989.
- رنوڤان، بيير : تاريخ العلاقات الدولية. القرن التاسع العشر 1815 – 1914. تعريب جلال يحيى. القاهرة 1980.
- زيادة، محمد مصطفى : نهاية السلاطين المماليك. مجلة الجمعية المصرية للدراسات التاريخية. القاهرة. المجلد الرابع العدد الاول. ايار 1951.
- زيادة، نيقولا : ليبيا في العصور الحديثة. القاهرة 1966.

ابعاد التاريخ البناني الحديث. معهد البحوث والدراسات العربية. القاهرة 1972.
- سنو، عبد الرؤوف : العلاقات الروسية – العثمانية 1867 – 1870. مجلة تاريخ العرب والعالم. الاعداد:

33 – 34 تشرين الثاني – كانون الاول 1984.

77 – 78 اذار – نيسان 1985.

79 – 80 ايار – حزيران 1985.
- سوسة، ئه‌حمه‌د : العرب واليهود في التاريخ. العربي للطباعة والنشر والتوزيع. دمشق. ط7.
- سويد، ياسين : التاريخ العسكري للمقاطعات اللبنانية في عهد الامارتين. الجزء الاول. الامارة المعنية. المؤسسة العربية للدراسات والنشر. بيروت ط1، 1980.
- الشاذلي، محمود ثابت : المسالة الشرقية. دراسة وثائقية عن الخلافة العثمانية 1299 – 1923. مكتبة وهبة. القاهرة. ط1، 1989.
- شكري، محمد فؤاد : الحملة الفرنسية وخروج الفرنسيين من مصر. دار الفكر العربي. القاهرة.
- الشناوي، عبدالعزيز : الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها. مكتبة الانجلو المصرية. القاهرة.

الجزء الاول 1984.الجزء الثاني 1986 ط2.

الجزء الثالث 1983. الجزء الرابع 1986.
- اوروبا في مطلع الحديثة. الجزء الاول.مكتبة الانجلو المصرية.القاهرة.ط5 , 1985.
- الوحدة العربية في التاريخ الحديث والمعاصر.مجلة مراة العلوم الاجتماعية.المجلد السابع ,العدد الاول كانون الثاني 1963 ص13–56.
- شهاب ,مظهر :تيمور لنك. عصرة ,حياتة واعماله.اطروحة دكتوراه لم تنشر بعد.جامعة القديس يوسف. بيروت 1985.
- الشوابكة ,احمد فهد بركات : حركة الجامعة الاسلامية. مكتبة المنار. الزرقاء. الاردن. ط1 ,1984.







- الشيبي , كانل مصطفى : الصلة بين التشيع والتصوف. دار الاندلس. بيروت ط3, 1982.
- صياغ، ليلي : الجاليات الاوروبية في بلاد الشام في العهد العثماني في القرنين السادس عشر والسابع عشر. مرسسة الرسالة. بيروت. ط 1، 1989.
- صفوت، محمد مصطفى: مؤتمر برلين 1878 واثره في البلاد العربية. معهد الدراسات العربية ئةلعالى ة. القاهرة 1957.
- محاضرات في المسالة الشرقية، ومؤتمر باريس. معهد الدراسات العربية العالية. القاهرة 1958.
- الضناوي، محمد علي : قراءة اسلامية في تاريخ لبنان والمنطقة من الفتح الاسلامي ونشأة المارونية حتى سنة 1840. دار الايمان. لبنان. ط 1، 1985.
- طربين، احمد : فلسطين في خطط الصهيونية والاستعمار. 1897 –1922. معهد البحوث والدراسات العربية. القاهرة 1970.
- عبدالكريم، احمد عزت : دراسات في تاريخ العرب الحديث. دار النهضة العربية. بيروت.
- العزاوي، عباس : تاريخ العراق بين الاحتلالين 1935–1956،بغداد.
- العقاد، صلاح : المغرب العربي. الانجلو المصرية. القاهرة. ط 2، 1966.
- علي، محمد كرد : خطط الشام. بيروت. ط 2، 1969.
- عماد، عبد الغني : السلطة في بلاد الشام في القرن الثامن عشر. دار النفائس. بيروت. ط 1، 1993.
- عمارة، محمد : الاعمال الكاملة للافغاني. بيروت، 1972.
- عمر، عمر عبد العزيز : تاريخ المشرق العربي : 1516–1922. دار النهضة. بيروت.
- غرايبة، عبد الكريم محمد : تاريخ العرب الحديث. الاهلية للنشر والتوزيع. بيروت ط 2، 1987.
- فيشر، هربرت : اُصول التاريخ الاوروبي الحديث. ترجمة زينب عصمت راشد واحمد عبد الرحيم مصطفى. دار المعارف بمصر، 1965.
- تاريخ اوروبا في العصر الحديث. ترجمة احمد نجيب هاشم ووديع الضبع. دار المعارف بمصر، ط 7.
- كاري، وليم غي : اُحجارعلى رقعة الشطرنج. تعريب سعيد الجزائرلي. دار النفائس. بيروت. ط 13، 1991.
- كشك، محمد جلال : القومية والغزو الفكري. دار الارشاد. بيروت. ط 2، 1970.
- كلتي، برناردين :فتح القسطنطينية. ترجمة شكري محموود نديم. مكتبة النهضة. بغداد 1962.
- كلو، اندري : سليمان القانوني. تعريب البةشير بن سلامة. دار الجيل. بيروت.ط1991،1.
- كوبرلي، محمد فواد : قيام الدولة العثمانية. ترجمة احمد السعيد سليمان. الهيئة المصرية العامة للكتاب ط 2، 1993.
- كوران، ارجمند : السياسة العثمانية تجاه الاحتلال الفرنسي للجزائر. ترجمةعبد الجليل التميمي. تونس 1970.
- كولز، بول : العثمانيونفي اوروبا. ترجمة عبد الرحمن عبدالله الشيخ. الهئة المصريةالعامة للكتاب 1993.

- لسترينج، كي : بلدان الخلافة الشرقية. ترجمة بشير فرنسيس وكوركيس عواد. موسسة الرسالة. بيروت ط 2، 1985.
- لطيف الله خان، ميرزا : جمال الدين الاسدابادي المعروف بالافغاني. ترجمة صادق نشات وعبدالنعيم حةسةنين. الانجلو المصرية 1957.
- لويس، برنارد : استانبول وحضارة الامبراطورية العثمانية. ترجمة سيد رضوان علي. منشورات جامعة بنغازي.
- مانتران، روبير: تاريخ الدولة العثمانية. ترجمة بشير السباعي. دار الفكر للدراسات والنشر. القاهرة 1992.
- مانويل، فرانك : بين اميركا وفلسطين. تعريب يوسف حنا. عمان 1967.
- محمد علي، اورخان : السلطان عبد الحميد الثاني. حياته واحداث عصره. العراق. مكتبة الانبار. ط1987،1.
- مخزوم، محمد : تنظيمات العثمانية. مجلة تاريخ العرب والعالم. العددان 77 و78. اذار – نيسان 1985.
- المخزومي، محمد باشا : خاطرات جمال الدين الافغاني. بيروت 1965.
- مصطفى، احمد عبد الرحيم : في اصول التاريخ العثماني. دار الشروق. القاهرة. ط2، 1993.
- منسى، محموود صالح : تصريح بلفور. القاهرة 1970.
- مؤنس، حسين : تاريخ المغرب وحضارته. العصر الحديث للنشر والتوزيع. بيروت.ط1، 1992.
- نسكايا، سيميليا : الحركات الفلاحية في لبنان في النصف الاول من القرن التاسع عشر. تعريب عدنان جاموس. دار الفارابي. بيروت 1972.
- نوار، عبدالعزيز سليمان : الشعوب الاسلامية. دار النهضة العربية. بيروت 1973.
- وثائق اساسية من تاريخ لبنان الحديث 1517–1920.منشورات جامعة بيروت العربية 1974.
- نوار،عبدالعزيزسليمان ونعنعي، عبد المجيد : التاريخ المعاصر. اوروبا من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الاولى. دار النهضة العربية. بيروت.
- وايزمن، حاييم : التجربة والخطأ. تعريب يوسف حنا. القدس.

دائرة المعارف الاسلامية.

مجلة تاريخ العرب والعالم.

مجلة العربي

مجلة كلية الشريعة والدراسات الاسلامية.

مجلة الجمعية المصرية للدراسات التاريخية.

مجلة مراة العلوم الاجتماعية.


**ثانيا : المصادر والمراجع باللغة التركية**


- افندي، خيرالله : تاريخ خيرالله افندي. استانبول 1856–1875.
- التيداغ سينساسي : مقالة ((سليم)) دائرة المعارف التركية الجزء العاشر.
- بجوي، ئيبراهيم : تاريخ بجوي. مطبعة عامرة. استانبول، 15 صفر،1283 هـ.







- راشد، محمد بن مصطفى : تاريخ راشد. استانبول.
- رشاد علي : تاريخ عمومي.
- زادة، صولاق : تاريخ صولاق زادة. استانبول 1297 هـ.
- زادة، عاشق باشا : عاشق باشا زادة تاريخي. استانبول مطبعة عامرة 1332 خ.
- سعد الدين، محمد : تاج التواريخ. استانبول 1862–1863.
- شاني زادة، محمد عطا الله : شاني زادة تاريخي. استانبول مطبعة سي 1290 هـ.
- عاصم، ئيسماعيل كوچك چلبى زادة : تاريخ ئيسماعيل عاصم. استانبول 1282.
- فريدون بك، احمد : مجموعة منشات السلاطين. استانبول 1287 هـ.
- كامل باشا، محمد السةدرى اعزمم : تاريخ سياسي دولة علية عثمانية.
- نعيما، مصطفى : روضة الحسين في اخبار الخافقين المعروف بتاريخ نعيما. مطبعة عامرة. استانبول 1283 هـ.
- نوري، عثمان : عبدالحميد ودور سلطنتي. حيات خصوصية وسياسة سي. الاستانة 1909.
- دائرة المعارف التركية.
- Kaplan ,Mehmet : Namik Kemal.Hayati ve Eserleri.Istanbul,1948.
- Midhat , Ahmad : Ussi Inkilab. Istanbul , 1249-1295.
- Tunay ,Tarek ,Z: Turkiyede Siyasi partilar 1859-1925.Istanbul 1952.
- Unat , Faik Racid : Osmanli Seferleri ve Sefartnameleri.Ankara,1968.
- Uzuncarsili, I.H: Osmanli Tarihi. Ankara 1954-1956.


**ثالثا :المصادر والمراجع باللغة الفارسية**


- ابرو،حافظ عبدالله بن لطف الله بن عبد الرشيد :زبدة التواريخ. بايسنقري. بسعي واهتمام فلكس تاور. براغ 1956.
- پازوكى، رضا : تاريخ ايران ازمغول تا افشارية. چاپ اول. تهران 1334شمسي هجري.
- صفا، ذبيح الله : تاريخ ادبيات در ايران. تهران 1368، شمسي هجري.
- فلسفي، نصرالله : چنك تشالديران.چاپ دانشكاه تهران 1332، شمسي هجري.
- القزويني، حمد الله مستوفي : نزهة القلوب. تحقيق كي لسترينج. تهران.
- هدايت، رضا قليخان : ملحقات تاريخ روضة الصفا. ناصري. جلد هشتم، 1339،شمسي هجري.
- يزدي، مولانا شرف الدين علي : ظفرنامة. اشراف وتصحيح محمد عةباسي 1335 شمسي هجري.


**رابعا : المصادر والمراجع باللغات الاوروبية**


- Amin, A: Turkey in the world war, U.S.A, 1930.
- Anderson, M: The Eastern Question, 1774 – 1923. London 1966.
- Babinger ,F:Mahomet , II, Le Conquerant Et son Temps 1432-1481. payot-paris 1954.

¬ Barnwell , R.G:The Russo – Turkish war. California 1877.
¬ Barker , T.M:Double Eagle and the crescent:Vieena's second siege and It Historical Setting. Newyork 1967.
¬ Bre'hier, L: Le Monde Byzantine :Vie et Mort de Byance. Paris 1927.
¬ Brown,P.M: Foreigners in Turkey,Their juridical statut, Princeton,oxford, 1914.
¬ Cantacuzenus, J: Historia. In C.S.H.B.Bonn 1836.
¬ Cambridge Medieval History: vol IV.
¬ Cambridge Medieval History: Byzantine Empire.
¬ Cambridge Modern History:Vol I.
¬ Charrier,E:Ne'gociation De la France Dans L'Evant. Newyork.
¬ Chevallier, D: Aux origins des troubles Agrairs. Libanais en 1858.
Annales F.S.C,XIV, 1949.
La Socie'te' du mont Liban a'L'Epoque de la Re'volution Industrielle en Europe, Paris 1971.
¬ Chronique Arabe du XVIe'me sie'cle, Paris, 1837. Histoire d'Aroudj etde khair- Ed- Din Fondateurs de la Re'gence d'Alger.
¬ Clayton ,G.D: Britain and the Eastern Question: Misolongi to Galipoli. London 1971.
¬ Cohen I: A short History of zionizm. London 1951.
Theodore Herzel the Founder of political zionizm. London 1959.
¬ Creasy , E.S: History of the ottoman, Turks from the Beginning of their Enpire to the present Time (khayats.Beirut 1961) and vol II, London 1878.
¬ Davison, R.H: Reform in the ottoman Empire : 1856- 1876. Princeton 1963.
¬ Diehle ,C:Europe orientale de 1081 a' 1453. Paris 1945.
¬ D'ohsson, I.M:Tableau Ge'ne'rale de I'Empire ottoman ,Paris 1788 -1824.
¬ Douin,G Et Mme Fawtier, E.C:L' Angleterre et L' Egypte – La campagne de 1807.Le Caire, 1928.
¬ Durand, M:Nadir Shah.London 1908.
¬ Engelhart, Ed: La Turqui Et le Tanzimat ou Histoire de la Re'formes dans L'Empire ottoman Depuis 1825 Jusqu'a jours.
¬ Encyclopedia of Islam :
¬ Findley, V.C: Ottoman civil officialdom.Princeton 1989.
¬ Gaid, M: L'Alge'rie saus les Turks.Alger 1974.
¬ Gibb, E.J.W: History of the ottoman poetry. London 1902.
¬ Gibbons, H. A: The Foundation of the ottoman Empire 1300 - 1403. oxford 1916.







¬ Grammont, H.D: Histoire d'Alger saus la Domination. Turque: 1515 -1830. Paris 1887.
¬ Grousset, R: L'Empire du Livant Historie de la Question D'orient. Paris 1946.
¬ Guiga, T: Darouth Rais, Le Magnifique seigneur de la Mer.Tunis 1974.
¬ Hajjar, J: L'Europe et les Destine de proche' orient: 1815 - 1848.Tournai 1970.
¬ Hammer. J: Histoire de L'Empire ottoman, 3 vol. Paris 1835 - 1846.
¬ Hasluck.F.W: Christianity and Islam under sultans. Oxford 1929.
¬ Hess, A: The ottoman conquest of Egypt 1517 and the Beginning of sixteenth Century world war.International Journal of Middle East Studies. IV, 1973.
¬ Hurewitz, J.C: The Middle East and North Africa in world politics.A Documentary Record. I(1535 -1914).II(1914 - 1956).Princeton 1956.
¬ Inalcik,H: The ottoman Economic Mind and Aspect of the ottoman Economy studies in the Economic History of the Middle East. by M.A,cook 1970.
The ottoman Empire. The classical Age 1300 -1600. trans. by Norman Itzkowitz and colins Imber. London. 1973.
¬ Ismail, A: Histoire du Liban Redressement de De'clin du Fe'odalism Libanais 1840 -1861.Beyrouth 1958.
¬ Jelavich, B: The ottoman Empire. The Great powers and the straits Question 1870 -1887 Indiana 1973.
History of the Ottoman Balkans. camb 1983.
¬ Jones, W: History of Life of Nadir shah king of Persia. London 1773.
¬ Kritovoulos: History of Mehmed the conqueror. Trans. from Greek by Charles, T.Riggs Greenwood 1970.
¬ Lanepoole, S: Turkey. Khayat. Beirut 1966.
¬ Lavise, E et Rambaud, A: Histoire Ge'ne'rale du Quatrie'me sie'cle a' Nos jours. Paris 1922.
LeRoulx, J Dela ville: La France En Orient. Au XIV Siecle, Paris. 1886.
¬ Lewis, B: The Emergence of Modern Turkey. Oxford 1962.
¬ Longrigg, S. H: Four centuries of Modern Iraq. Oxford 1925.
¬ Mardin, S: The Genesis of Young ottoman thoughts. Princeton 1926.
¬ Marriot, J. A. R: The Eastern Question. London 1965.

- Miller, W: The Ottoman Empire and its successors 1801 -1927. London 1966.
- Olson, R: The siege of Mousil and the ottoman – Persian Relations 1718 -1743. Indiana 1975.
- Ostrogorsky, G: History of the Byzantine State. Trans, by Hussuy. Oxford 1956.
- Pietri, L: Le Monde Et son Histoire. Tome IV X et XV sie'cles. Collection par Maurice meleau. France 1967.
- Pinon, R: L'Europe et L'Empire ottoman. Paris 1907.
- Pitcher, D.E: A Historical Geography of the ottoman Empire from Earliest times to the end of sixteenths century –Leiden 1972.
- Puryear, V. J: England, Russia and the straits Questions Connecticut 1965.
- Reddaway, W.F: A History of Europe. 1610 -1715. London 1967.
- Saul, N.E: Russian and the Mediterranean : 1797 -1807. Chicago –London 1970.
- Schopoff, A: Les Re'formes et la protection des chre'tiens en Turqui: 1673 -1904. Paris 1904.
- Shaw, S.J: Selim III and the ottoman Navy. oxford 1969.

History of the ottoman Empire and Modern Turkey vol I Empire of Gazis, the Rise and Decline of the ottoman Empire 1280 -1808. canb 1988.

- Shaw, S.J and Kural, E: History of the ottoman Empire and Modern Turkey bol II, Reform, Revolution and Republic, The Rise of Modern Turkey 1807 -1975 :camb 1988.
- Sorel, A:La Question d'orient au XVIII sie'cle. Le partage de la pologne et le traite' de kainardji. Paris 1889.
- Staviranos, L.S:The Balkans since 1453. London 1958.
- Stoye, J:The siege of Vienna. London 1964.
- Stripling , G.W.F: The ottoman Turks and the Arabs : 1514 -1574.Illinois, 1942.
- Taylor, A.J.P:The struggle for Mastery in Europe 1848 -1918. oxford 1954.
- Temperley, H: History of Serbia. London 1959. England and the Near East, the crimea. London 1964.
- Testa, T.D: Re'cueil de Traite's de la porte ottomane avec les puissances Entrange're. Paris 1901.
- Thauraud, J et J: L'Histoire de Juifs. Paris 1927.
- Toynbee, A.J: A study of History. Vol I,oxford 1934.
- Vasiliev, A.A: History of the Byzantine Empire. Wiscounsin 1971.







- Velay, H.D : Essai sur L'Histoire Financiere de la Turqui. Paris, 1903.
- Venead, M: Le Monde et son Histoire. V, XVI et XVII siecles. collection par Maurice Melau. France 1967.
- Wittek, P: The Rise of the ottoman Empire. oxford 1965.


